ئیلیادە: هۆمیرۆس

پێشەکی و گۆڕینی حەمە کەریم عارف

پێشکەشە بە (لاس)

*-ناوی کتێب: ئیلیاده
*-بابەت: داستان
*-نووسەر: هۆمیرۆس
*-وەرگێڕ: حەمە کەریم عارف
*-چاپی یەکەم: ٢٠٠٩
*-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

پێشەکی

حەمە کەریم عارف

(١)

دیارە ئیلیادەو ئۆدیسە وەکو دوو شاکاری هونەری بە درێژایی مێژوو، کاریگەریان بەسەر کارێن ئەدەبی و هونەری نەوە یەك لە دوای یەکەکان هەبووە. ئەم دوو داستانە، لە کۆنەوە تاکو رۆژگاری ئەمرۆ بە رەمزو هێمای هونەری نەمر دانراون و هەر ئەم نەمرییە پاراستوونی و کردویەتە کارێك کە بگەنە دەستی ئێمەی خەڵکی سەدەی بیست و یەکەم و لەزەتە ئەستاتیکییەکەی خۆیان بپارێزن. جا ئیلیادە و ئۆدێسە چەند مایەی سەرسامی بوون و چەند کاریگەریان هەبووە، ئەوەندەش مایەی جیاوازی بیرو بۆچوونی ئەهلی قەڵەم بوون لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا.. هەندێ کەس پێیان وایە هومێرۆس ئەم دوو قەسیدەیەی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو کۆمەڵە کورتە قەسیدەیەکی لەسەر جەنگی تەرواده خڕکردۆتەوە، رێکی خستوون و داونیەتە دەم یەکەوەو پاشان کردویەتی بە دوو بەشەوە، یەکێکیان دەربارەی تۆران و توڕەبوونی ئەخیلەو دووەمیان لەسەر گەرانەوەی(ئودوسیوس)ە ئیدی لەگەڵ تێپەڕ بوونی رۆژگاردا بەشی یەکەم ناوی ئیلیادەی وەرگرتگە و هی دووەم ئۆدیسە. هەندێکی دی لایان وایە هومیرۆس تەنیا ئیلیادەی هۆنیوەتەوە، هۆنەرێکی خۆوێژی دیکە ئۆدسەی هۆنیوەتەوەو پاشان بە هەڵەو ناڕەوا ئەویش دراوەتە پاڵ هۆمیروس.. هەندێکی دی پێیان وایە هۆمیرۆس، شایەرێکی خۆوێژی گۆرانی بێژی هۆنراوانی فۆلکلۆری بووەو پاشان ئەو هۆنراوە فۆلکلۆریانە لەلایەن خەڵکانی دیکەوە کۆ کراونەتەوەو بە هەڵە دروانەتە پاڵ هۆمیرۆس.. هەندێکی دی هەر بەوەندەوە ناوەستن، بەڵکو لە ناوی (هۆمیرۆس)ش بە گومانن.. وشەی هۆمیرۆس مانای کۆرە دەگەیەنێ، گوایە (کۆرە) ناز ناوی ئاشق و شاعیرێکی نابینا بووەو مێژوو ناوە راستەقینەکەی بۆ تۆمار نەکردوین و ئیدی ئەو نازناوە جێگەی ناوە راستەقینەکەی ئەو ئاشقو شایەرەی گرتوەتەوە، هەندێکی تر بە گومانن کەسێك بە ناو یان نازناوی هۆمیرۆس هەبووبێ، واتە هۆمیرۆس

کەسایەتییەکی خەیاڵییەو پاشان وەکو کەسایەتییەکی راستەقینە خۆی بەسەر زانایان و مێژوونووسانی ئەدەبیاتدا سەپاندووەو بووە بەم ناوە زندووەی کە ئێستا لە سەرانسەری گێتی دا فرە ناسراوە، بەهەر حاڵ وێرای جیاوازی ئەو بیروبۆچوونانەی لەمەڕ هۆنەری ئیلیادەو ئۆدیسە هەیە، وێڕای جیاوازی ئەو پرسیارانەی کە: لە کوێندەر لە دایك بووە، ژیانی چۆن بووە، لە چ سەردەمێکا ژیاوە، رادەی پەیوەندی هۆنەر بە بوپەرو رووداوەکانی ناو داستانەکان... و زۆر شتی دیکەش، بە هەرحاڵ بیروباوەڕو بۆچوونەکان چەند زۆربنو جیاوازبن، بە تۆزقاڵیش لەو حەقیقەتە ناگۆڕن، کە دوو دانە گەوهەری دانسقە بەناوی ئیلیادە و ئۆدیسە گەییونەتە دەستی خەڵکی ئەم سەردەمە و پەساپۆرتی ئەم گەشتە دوورو درێژەشیان تەنیا هونەرییەتی خۆیان بووە، جا خوای دەکرد لە بنی خاوەنیان نەدەبوو. چونکە ئەوەی بۆ خوێنەر گرینگە دەقی داستانەکانە وەکو چۆن هەن، نەك هۆنەرەکەیان.

(٢)

وەکو دەزانین، هەر یەکێك لە ئیلیادەو ئۆدیسە بە سەر بیست و چوار پاژدا دابەش بوون، کە رەخنەوانانی کۆن ناوی سردوویان لێناون، واتە هەر یەکێکیان بریتییە لە بیست و چوار سروود، دیارە ئەم تەقسیمبەندییە لە سەرەتای پەیدا بوونی ئەو جووتە داستانەدا نەبووە، دواتر لەلایەن ئەهلی ئەدەب و قەڵەمەوە ئەم تەقسیمبەندییەی بۆ کراوە.. هەر یەکێك لەم بیست و چوار سروودە لە ژێر پیتێکی ئەلفبایی بیست و چوار پیتەی گریکیدا دانراوە، سروودەکانی ئیلیادە بە پیتی گەورە (کەپیتال) و ئەوەکانی ئۆدیسە بە پیتی بچووك (سمۆڵ) دیاری کراون، بۆ نموونە سروودی یەکەمی ئیلیادە بە پیتی ((A))ی دەست نیشانکراوەو هی ئۆدیسە بە پیتی ((a)). دیارە دەبێ ئەم تەقسیمبەندییە دوای گۆڕان و پەرەسەندن و جێگیر بوونی ئەلفبای گریکی و گیرسانەوەی لەسەر بیست و چوار پیت، ئەنجام درا بێ، زانایان لەو باوەڕەدان کە ئەم کارە لەسەردەمانی پێش زایندا لەلایەن (زینودو توس)ەوە ئەنجام دراوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٥ پ.ز لە دایك بووە، لە ساڵی ٢٨٤ پێش ز بە یەکەم بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی ئەسکەندەر دامەزراوە. یەکەم کەس بووە هەوڵی ڕێکخستن و ساغکردنەوەو بلاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆسی داوە..

ئیلیادە لە (١٥٦٩٣) بەیت پێك هاتووە و ئۆدیسە بریتییە لە (١٢٢١٠) بەیت، ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئیلیادە لە نێوان (٤٦١– ٩٠٩) بەیت دایە. سروودی یەکەم (٤٦١) بەیتە، سروودی سێیەم (٩٠٩) بەیتە. ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئۆدیسەش لە نێوان (٣٣١– سروودی شەشەم، و ٨٤٧– سروودی چوارەم) بەیت دایە... سەرەتاو پەیدا بوونی ئەم دوو داستانە کەی بووەو چۆن بووە، ئەمە مشتو مڕی زۆری لەسەرە، بەڵام پێدەچێت لەسەردەمێکا پەیدا بووبن کە نووسین و تۆمار کردن هەبووبێ، جا ئەگەر هۆمیرۆس بەخۆی یەکەم کەس نەبووبێ کە نووسینی بۆ تۆمار کردنی هۆنراوەکانی بەکار هێنابێ ئەوا لە سەردەمێکا هۆنیونیەتەوە کە نووسین و تۆمار کردن لە باوو بڕەودا نەبووە، چونکە شەقڵی زارەکی بە داڕشتنی هەردووك داستانەکەوە دیارە، بە هەر حاڵ ئەم بۆچوونانە ئەوە ناسەلمێنن کە

هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لەگەڵ پەیدا بوونیانا، ئیدی لە ئاستێکی بەرین و بەربلاودا تۆمارو بلاوکراونەتەوە. بەڵکو کەوتۆتە سەر زاری ئاشقان و شایەران و نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوەو دەماو دەمی کردووە، ئەمەش کردوویەتێ کارێك کە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ئاستێکی بەربلاودا بلاوببێتەوە و لە کۆنەوە بووە بە مایەی سەرنج و مشتو مڕی زانایان و دانایان و هزر ڤانان و فەیلەسوفان و هەر کەسەو لە گۆشە نیگای خۆیەوە ڕاڤەو شرۆڤەی کردوون و کە ئێستا بوون بە سەرچاوەی باش بۆ لێکدانەوەی ئەو جووتە داستانە... بە هەر حاڵ کۆنترین چاپی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ساڵی ١٤٨٨ی زدا لەلایەن (دیمتریوس خالکوندیلوس)ەوە بلاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٥٠٤دا جارێکی دی لەلایەن (ئالدین)ەوە چاپکرانەوە.. ئیدی زۆر چاپی دیکەی بە دودا هاتووە. بەڵام لە رۆژهەڵاتی عەرەبیدا، هیچ زانایەك بیری لە بلاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس نەکردۆتەوە هەر چەندە، چەند بەشێکی زۆری بە نووسراوی لەسەر لەبان، لە لەمەڵانەکانی میسردا لە ژێر ئەرزا دۆزراونەتەوە... تا ئێستا ئەم جووتە شاکارە لەلایەن چەند نووسەرو ئەدیبێکی وەکو سلێمان البستانی، دریني خشبە، (امین سلامە)ەوە کراون بە زمانی عەرەبی، کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام هیچیان پابەندی ئەمانەتی وەرگێڕان نەبوون... هەروەها لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەند باسکارێکی عەرەب هەندێ لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ جووتە داستانی گۆڕین نووسیوە، لەوانە کتێبی: ((هۆمیرۆس– شاعیری نەمری)) دانانی دکتۆر محمد صفر خفاجە، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لەلایەن وەشانخانەی (نهضة مصر) لە قاهیرە چاپ و بلاوبووەتەوە، کە باسی ژیانی هۆمیرۆس و کاریگەریی هۆمیرۆس بەسەر نووسەرانو ئەدیبانی کۆن و نوێدا دەکات، و هەندێ پەرەگرافی پەراگەندەشی لە هەر یەکێك لە داستانەکان وەرگێڕاوە، کتێبی دووەم لە ژێر سەر ناڤی "هۆمیرۆس– مێژووی ژیانی سەردەمێك"ـە، لەساڵی ١٩٦٨دا لە ئەسکەندەرییە چاپ و بلاوبووەتەوە، بە کورتی باسی ژیانی هۆمیرۆسو دیاردەی هۆمەری دەکات و ئیدی بابەت و ناوەڕۆکی جووتە داستانەکە و رادەی پەیوەندییان بە مێژووەوە خراوەتە بەر وردەبینی ڕاڤەو لێکۆڵینەوەوە.

(٣)

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی بواری داستاننناسی ئەوەیان ساغکردۆتەوە کە شاعیر بابەتەکەی لە رووداوێکی مێژوویییەوە وەرگرتووە، بەڵام لە مالیجەی ئەو رووداوەدا، دەرهەق بە قارەمانانی داستانەکەو کات و رووداوەکان ئەوپەڕی ئازادی بە خۆی داوەو دەستکاری هونەرییانەی کردووە.

دیارە زانایان سەبارەت بە رووداوەکانی ناو داستانی ئیلیادە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەیە پێی وایە کە رووداوەکانی ئیلیادە، زادەو ئافەریدەی خەون و خەیاڵی شاعیرێکی بلیمەتی خەیاڵپەروەرەو فڕیان بە راستییەوە نییە، بگرە شەڕی تەروادەش ئەفسانەیەو هیچ پاشخانێکی مێژوویی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە متمانەی پێ بکرێت... لێ هەندێ زانای دی جەختی تەواو لەسەر ئەوە دەکەن کە جەنگی تەروادە، بویەرێکی مێژوویییەو دەکرێ لە رێگەی لێکۆڵینەوە

ئارکولوژی و ئەدەبییە هەرە کۆنەکانەوە بسەلمێنرێ. ئەمانە پێیان وایە بابەت و نێوەرۆکی ئیلیادە، وێنەی کێشەی نێوان ئاخاییەکان و (گریکەکان)– کە ئەوسا دوڕگەی رۆدۆس مەڵبەندی سەرەکیان بووە– پەیمان و بەرەی ئەسوا، کە شاری تەروادەش لەو بەرەیەدا بووە، وێنە دەگرێت، ئەو شەڕو کێشەیەش لەو سەرو بەندەدا قەوماوە کە ئەستێرەی دەسەلاتی دەوڵەتی حیتی لە لێژی دا بووە... بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەم بابەتە زۆر روون نییە، و ئەو زانیارییانەی لەمەڕ هەزارەی دووەمی پێش ز لە ئارادان هێشتا زۆر کەمن.. دیارە زانایانی مەیدانی ئارکۆلۆجی هەوڵێکی زۆریان داوە هەندێ تیشك بخەنە سەر مێژووی تەروادەو شوێنی شاری تەروادە دیاری بکەن. گوایە (شلیمان) شوێنی شارەکەی دیاری کردووەو هەندێ شوێنەواری خانووبەرەی دۆزیوەتەوە، پاشان (دوربفیلد) هاتووە لەئیشەکانی (شلیمان)ی کۆڵیوەتەوە، دوای ئەوان (بلجن) هاتووەو هەندێ سەرچاوەی دیکەی بە دەست هێناوەو بە وردی لە کارەکانی ئەوانی کۆڵیوەتەوە.. هەوڵ و تەقەللای ئەم سێ زانایە، رۆشناییەکی زۆریان خستوەتە سەر رادەی پەیوەندی نێوان بابەتی داستانی ئیلیادەو حەقیقەتی مێژوویی شاری تەروادە... دۆزینەوە ئارکولوجیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە شاری تەروادە لە جارێك پتر بینانراوەو لە جارێکیش پتر وێران و تەخت کراوە..دەگێڕدرێتەوە کە شاری تەروادەی ناو ئیلیادە لە سالّی ١١٨٤پ.زدا رووخاوەو وێران بووە.. (بلجن) لە لێکۆڵینەوە بە پێزەکەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە شاری تەروادەی حەوتەم لە دەوروبەری سالّی ١٢٠٠ (پێش زاین) رووخاوەو شاری تەروادەی شەشەم لە سالّی ١٣٠٠ پ.ز وێران کراوە. بە گوێرەی ئەمە دەبێ تەروادەی ناو ئیلیادە، شاری تەروادەی حەوتەم بێ... بەڵام دەستە زانایەکی دی بەلای ئەوەدا دایدەکێشن کە تەروادەی ناو ئیلیادە تەروادەی شەشەم بێ، بەڵگە مێژوویی و ئارکۆلوجیەکانیش وای نیشان دەدەن کە تەروادەی شەشەم بە هۆی بومەلەرزەوە وێران بووە، جڵەوداری بومەلەرزەش بە گوێرەی ئەفسانەو باوەڕێن گریکی، خواوەند (پۆسیدون)ـە.

بە گوێرەی ئیلیادە، تەروادە لە رێگەی ئەسپەدارینەوە وێران کراوە، هەر چەندە ئەسپەدارینەکە، بەگوێرەی ئیلیادە، ئەتینای یەزدانخانم ناردی، بەڵام بە پێی ئەفسانەو باوەڕێن گریکی، رەمزی خواوەند پۆسیدون بووە، بە هەر حاڵ تەروادەکەی ناو ئیلیادە، تەروادەی شەشەم یان حەوتەم بێ، لە رووی ئارکۆلۆجی و مێژوویییەوە، ئەوە ساغ بووەتەوە کە شارێك بووە، هەبووە، لە ئاسیادا و لە دووری چوار میلی دەوازەی دەردەنیل بووە، کە ئەو ناوچەیە ئەمڕۆ (حەسارلیك)ی پێ دەڵێن، هەروەها بەڵگە مێژوویی و ئارکولوجیەکان ئەوەشیان ساغکردوەتەوە کە شەڕی خوێناوی و کوشندە لە نێوان شاری تەروادەو دراوسێ ئاسیایی و ئەوروپاییەکانیان بەرپا بووە، بە گوێرەی ئیلیادە هێزی فرە رەگەز بەشداری ئەو شەڕەیان کردووە... شاری بولوس مەڵبەندێکی گرنگی شارستانیەتی موکینیایی بووە. سەیر دەکەین لە ئیلیادە شوێنەواری میتولۆژیای موکینیایی بەدی دەکرێت، وەکو شەڕی ئەرکادیاییەکان لە سرووی حەوتەمی ئیلیادەداو هەروەها شەڕی ئاییان لە سرووی یازدەیەمدا.هەروەها نە ستور، کە یەکێکە لەو شیرەتکارو فەرماندانەی بەشداری گەمارۆی تەروادەی کردووە، خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. لە باری

سەرنجی مێژوویی‌یەوەش ئەوە دیارە کە موکینیاییەکان، کۆلۆنیان لە دوڕگەی رودوسدا دامەزراندووەو پەیوەندییان لەگەڵ لوکییەکاندا هەبووە، ئەم حەقیقەتە مێژوویانە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیلیادەدا تەواو تێک دەکەنەوە، بۆ نموونە گەلێک لە قارەمانانی لۆکیایی وەک گلاوکوس و پنداروس و سارپیدون بەشداری شەڕی تەروادەیان کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە زانایانی کۆن پێیان وایە پەیوەندی لە نێوان پاریس و ناوچەی تسالیا، و لە نێوان هیکتۆرو ناوچەی ناوەڕاستی نیمچە دوڕگەی گریکدا هەبووە... کەواتە داستان و چیرۆکی گەمارۆی تەروادە، وەکو چۆن لە ئیلیادەدا هاتووە، وێنەی جەنگێکی خوێناوی و کوشندە دەگرێت کە سوپاو لەشکری زۆربەی ناوچەکانی دنیای کۆن لە هەردوک کیشوەری ئەوروپاو ئاسیا بەشداریان تێدا کردووە، ئەو لەشکرانەش وەکو نوێنەری گەلانی ئەو دەڤەرانە بوو بوون بە دوو ئۆردوگای گەورەی هەڤدژ و ماوەیەکی زۆر شەڕی نێوان ئەم دوو ئۆردوە بەردەوام بووە.

هەڵبەتە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە کوشندەیە بە تەواوەتی روون نییە. بەڵام ئاشکرایە ئەو مەملەکەتانەی کەوتبوونە ئاسیای بچووکەوە زۆر دەوڵەمەندبوون و خودانی زێڕێکی زۆر بوون و ئەمەش کردبوویە کارێک گەلانی دەرو دراوسێ چاوی تەماحی تێ ببڕن، بۆیە پێدەچێت هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئابووری بوو بێ... بەڵام ئیلیادە هۆی شەڕەکە دەگێڕێتەوە بۆ رفاندنی (هیلین)ی ژنی (مینیلاوس) کە یەکێک بوو لە پاشاکانی گریک، لەلایەن پاریسی جوان خاسی کوڕی پریامۆسی پاشای تەروادە... بە هەر حاڵ شەڕو کێشەی نێوان هەردوو ئۆردووی تەروادەیی و گریکی زۆر کۆن و بە رەگ و ریشەیە، هۆیەکەشی یا ئابوورییە یان شەخسیە یان هەردووکیانە، بەڵام کە هومیرۆس هاتووە چیرۆکی هەڵگرتن و ڕەڤاندنی (هیلین)ی کردووە بە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکە، رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پایەیەی ئەم چیرۆکە لە میتولۆجیای گریکی دا هەی بووە، راستەوخۆ پەیوەست بووە بەکۆمەڵگەی خوداوەندانیەوە، وەکو چۆن خەیاڵی گەلانی موکینیایی و گەلانی دیکەی گریکی بەرجەستەیان کردووە.

سەیر لەوەدایە خوداوەندان لە ئیلیادەدا دەورێکی یەجگار گەورە دەبینن، جا بەڵگە مێژوویی و ئارکۆلۆجیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لێکچونێکی زۆر لە نێوان سیستەمی جیهانی خوداوەندانی زادەی خەیاڵی موکینیاییەکان و سیستەمی جیهانی خوداوەندانی ناو ئیلیادەو ئۆدیسەدا هەیە. کاریگەریی دیانەتی موکینیایی لەنۆڕینی هۆنەری ئیلیادە و ئۆدیسەدا بۆ خواوەندان زۆر بەزەقی دیارە... هەندێ لە زانایان پێیان وایە هەندێ کاریگەری رۆژهەڵاتیانەشی پێوە دیارە، بە تایبەتی کاریگەریی دیانەتی حیتی کە بە خۆیشی لە ژێر کاریگەریی دیانەتی بابیلیدا بووە... جگە لە چیرۆکی جەنگی تەروادە، گەلێک ئەفسانەی دیکەی وەکو ئەفسانانی موکینیایی و ئەفسانانی تیبە، ئەفسانەی نیوبی کە ئەخیل لە سروودی بیست و چوارەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها ئەفسانەی ملیاگر کە فوینیکس لە سروودی نۆیەم دا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دەقی ئیلیادەدا کەم و زۆر رەنگیان داوەتەوە.

(٤)

بەهرەوەری و توانای هۆنەری ئیلیادەو ئۆدیسە هەر لەوەدا نییە کە کەرەستەی داستانەکانی لە چەندین سەرچاوەی کۆنەوە هەڵێنجاوە، بەڵکو زیاتر لە وەدایە کە چۆن بەو کەرەستانە ئیلیادە و ئۆدیسەی بنیادناوە.

هۆنەری ئیلیادە نەهاتووە هەموو چیرۆکەکەی جەنگی تەروادە وەربگرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکات، بەڵکو یەك رووداوی ئەو جەنگەی هەڵبژاردووە، ئەویش بریتییە لە تۆران و تورە بوونی ئەخیل و کاریگەریی ئەم تۆڕە بوونە بەسەر لەشکرو هێزی گریکەکانەوە کە دژی تەروادە دەجەنگی.... تورە بوونی ئەخیلی کردووە بە تەوەری سەرەکی و هەموو بویەرو رووداوە سەرەکیەکانی دیکە بە دەوری ئەودا دەسورێنەوە. رووداو لە ئیلیادەدا پەنجا رۆژ دەخایەنێ، بەڵام ئەگەر ئەو ماوانەی کە شەڕی تیا وەستاوە، وەکو ئەو نۆ رۆژەی پەتای تیا بڵاوبووەوە، ئەو دوانزە رۆژەی خواوەندان لە ولاتی ئەتیوبیاندا بەسەریان دەبرد، و ئەو دوانزە رۆژەی گریکەکان بە شێواندن و سوکایەتی کردن بە جەنازەکەی هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەو دوانزە رۆژەی پریام و تەروادەییان بە رێورەسمی پرسەو ناشتنی هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەگەر ئەو ماوانە لە پەنجا رۆژەکە دەربکرێ، چەند رۆژێکی زۆر کەم دەمێنێتەوە کە دانەری ئیلیادە رووداوەکانی شەڕی تەروادەی تیادا دەگێڕێتەوە.. وێڕای کورتی ماوەی شەڕەکە، شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی زۆر جوانو پوختەی چیرۆکی شەڕی تەروادە بە دەستەو بداتو بەرجەستە بکات. شاعیر بۆ ئەو مەبەستەی دوو رێگەی گرتۆتە بەر، یەکەمیان، هاتووە کێشەو ململانێی نێوان فەرماندە گریکییەکانی بەکۆمەڵێك دیمەنی پڕ لە وردەکاری ئاوێتە کردووەو بە جۆرێ ناو کێشی گێڕانەوەی ئیلیادەی کردووە کە هێندەی دی وێنەی شەڕی تەروادە بەرجەستە دەکات... بە تایبەتی ئەو دیمەنانەی کە هەست و سۆزی سەربازەکان لە کاتی شەڕدا بەرجەستە دەکەن، بەمجۆرە هۆنەری ئیلیادە ئەوەمان پیشان دەدا کە چۆن شەڕی تەروادە نۆ ساڵی تەواو درێژەی کێشاوە. چۆن گریکەکان لە شەڕ بێزار بوونو خوا خوایان بووە شەڕ تەواو بێ‌و ئاشتی بەرپا بێ.وچۆن فەرماندە گریکەکان ناچاربوون پەنا وەبەر شێوازی تازە بەرن تا وەری سەربازەکانیان بەرز بکەنەوەو بە جۆرێ جۆشیان بدەن کە هەمدیس بەرەو پیری شەڕ بچن.... رێگەی دووەمی ئەوەیە شاعیر هاتووە لە زۆر شوێنی داستانەکەدا ئاماژە بۆ هەندێ رووداوی گرنگ، بەر لە رووداندیان دەکات. ئەمەش لە رێگەی کەسایەتیانی ناو داستانەکەوە دەکات، نەك لە رێگەی گێڕانەوەی راستەوخۆوە. وەکو ئەمەی لەگەڵ ئەخیل دا کردووە، هەروەها لەگەڵ خەڵکی تەروادەدا، کە هەردوولایان تەرەفن لە کارەساتەکەدا، بۆ نموونە لە سروودی چوارەمدا ئاگا مەمنون، لە ئەنجامی خیانەتی پنداروسدا، دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە تەروادە تیا دەچێت و گومان لەمەدا نییە... هەمان ئەنجامگیری لە سروودی شەشەمدا لەسەر زاری هیکتۆر دووبارە دەبێتەوە، هەروەها (دیومیدوس)ش لە سروودی حەوتەمدا ئەگەری وێران بوونی تەروادە دووپات دەکاتەوە... نیوەی دووەمی داستانەکە پڕە لە ئاماژە و هێمایان کە چارەنووسی هیکتۆر بەندە بە چارەنووسی تەروادەوە و گومانیش لە فەوتانی هیکتۆر نییە... خۆ ئەوەش هەر لە سروودی یەکەمەوە لای خوێنەر خۆیایە کە ئەخیل لە بەردەم هەڕەشەی تارمایی مەرگدایە، و

ئەمە لە سروودەکانی هەژدەیەم، نۆزدەیەم، و بیست و یەکەم و بیست و دووەم دا زیاتر روون دەبێتەوە.

بەو جۆرە دانەری ئیلیادە، بایەخی تەواو بە هەندێ لە کاراکتەرەکان دەدات و زۆر بە باشی دەتوانێ سەرنجی وەرگرو خوێنەر رابکێشێت و وای لێ بکات بە تاسەوە پەیگیری رووداوەکان بکات... جا ئەم جۆرە کاراکتەرسازییە دواتر بوو بەنموونەیەکی پەسندی ئەوتۆ کە گریکەکان لە هەموو جۆرە شیعرەکانیاندا لاساییان دەکردەوە، و لە زۆر کارێن ئەدەبی هاوچەرخیش دا لاسایی کراوەتەوە.

(٥)

دنیای ئەم جووتە داستانە دنیایەکی غەریب و سەیرە، نە بە تەواوەتی دنیای قارەمانێتی باوی سەردەمی موکینیاییەکانە، نە دنیای پاشایەتی باوی سەردەمی هومیرۆس، نە دنیایەکی رووتی خەیاڵیە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵە دنیایەکی جیاواز و هونەرمەندانە لەگەڵ یەکتردا گونجێنراون، بەر لە هەر شتێك دنیایەکی ئینسانیە، هۆمیرۆس هاتووە پشت بە تواناو بەهرەی رەنگینی خۆی دنیایەکی زۆر تایبەتی دروست کردووەو شەقڵی تایبەتی خۆی پێ بەخشیوە، تانوپۆی دنیایەکەی، کاراکتەرسازییە هەرە جوان و پەسندەکەیەتی. زۆربەی کاراکتەرەکانی خەڵکانی خانەدان و رەسەنن، زۆر جار بۆ زیاتر بەرجەستە کردنی خانەدانی و رەسەنایەتیان بە خواوەند یان خواوەندئاسا، نیمچە خواوەند وەسفیان دەکات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ، هەندێ کاراکتەری بۆرەکی–ش قوت دەکاتەوە، کە لە هەر شوێنێ ناویان دێ بە بێ قەدری ناو دەبرێن و مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ... بە هەر حاڵ دنیای ئەم جووتە داستانە زیاتر پاشایەتییە تا دنیای خانەدان و ئەرستوکراتان. کۆڵەکەو تەوەری کۆمەڵگە پاشایە، هەر چەندە لە ئیلیادە ئاگامەنون سەردارو شای شایەکانە، بەڵام ئەمە بە هۆی بارودۆخی شەڕەوەیەو بارودۆخەکە وای خواستووە جڵەوی رابەرایەتی بە یەك کەس بسپێردرێت و کەس فەرمانی لە زەوی نەدات، دەنا هەموو پاشاکان لە یەك ئاستدان، کەس لە کەس نەزیاترە و نە کەمتر.

قارەمانانی ئیلیادە و ئۆدیسە بە پیاوەتی و نێراتی بەناوبانگن، هەموو شەڕڤان و جەنگاوەرن، وا دیارە شەڕ یەکێکە لە پێوەرو پێوانەکانی رادەی توانای پیاوەتی و تەبیعەت و ئەخلاق و بەردەباری قارەمان... بۆیە سەیر دەکەی قارەمانانی ئیلیادە لە شەڕدا زۆر بە توانان، لە رادەبەدەر بە توانان... چونکە شەڕ پێوەری مێرایەتیە، جا کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئیلیادە و ئۆدیسە میناکی ئەخیل، هیکتۆر، ئەجاکس و پاتروکلۆس، لە شەڕدا زۆر سەرکێش و کەڵەمێرد، رێسکبازن.. هەر قارەمانەو بە جۆرێ خۆی دەنوێنێ، ئیدی بە هێزی بازوو بێ، بەلەزگینی و گورج و گۆڵی و خۆشبەزی بێ، یان بە بەردەباری و خێرایی قەراردان بێ، یا بە دانانی نەخشەو پلان بێ، یان بە رادەی سەبرو حەوسەڵەی بێ سنوور بێ، یان بە هێرش و پەلاماری بێ روحمانە بێ. جا ئەوانەی لە شەڕدا قارەمانن، لە کۆمەڵگەشدا هەر پایەیان بەرزە و لە رووی رواڵەتی بەدەنیشەوە قۆز و جوانن، لە باری ئەقڵی و هۆشیاریشەوە، دەم راست و ئەهلی راوتەگبیر و بەردەبارن... ئەمەش دەکاتە کارێك هێندەی دیکە خانەدان بنوێنن و لەلای خەڵکی بە هەیبەت

بن... به زۆری کۆشك و بارەگاکانیان پڕە لە زێڕو سەروەت و سامانی زۆرو خولاّم و کەنیزەکی زۆریان لە خزمەتدایە..تەویلّەو ئاغەلّەکانیان پڕن لە میگەلە پەزو رەوە بەرازو، لە بۆنەو دەعوەتاندا، خوانیان رازاوەو بە هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بەلەزەت ئاوەدانە. لە شەڕدا شانازی بە چەك و ئەسلەحەکانیان دەکەن، کە لە برونز دروست کراوەو بە زێڕو زیوو عاجان نەخشێنراوە. لە کۆڕو مەجلیساندا نەك هەر حەکیم و بردەبارن بەلّکو بە دەم و زمان و قسەزانیشن... میوان پەروەرن، دالّدەی دالّدەخوازان دەدەن، سەخاوەتمەندانە لە کاتی سرووتی ئاینیدا، لە کاتی نوێژو نزاو پاڕانەوەدا، قوربانی و نەزر پێشکەش بە خواوەندان دەکەن... ئیدی دەبینی هۆمیرۆس لەو جووتە شاکارەدا دنیایەکی دەولّەمەندتر لەو دنیایەی خۆی تیایدا ژیاوە، وێنەدەگرێت... هاتووە ئەم چیرۆکە ئینسانیەی لە چوارچێوەیەکی قارەمانێتی دا دارشتووەتەوە. دیارە دەیتوانی رابردوو بکاتە دەستاوێژێك بۆ هەلّاتن لە واقیع، یان چوون بەرەو رۆمانسیەت... بەلاّم ئەمەی نەکردووە، بەلّکو رابردووی کردووە بە هۆیەك تا لە رێگەیەوە وێنەیەکی بالاّی ئەو جیهانە بە شەریە نیشان بدات کە خۆی ویستویەتی وێنەی بگرێت.

سیفەتی قارەمانەکانی هۆمیرۆس زیاتر لە رێگەی گوتارو کردارەکانیانەوە بە دیار دەکەوێ نەك لە رێگەی هزرین و هەستەکانیانەوە، دیارە کرداریش زادەو رەنگدانەوەی تەبع و تەبیعەتیانە.. هەموو دەزانین ئیلیادە بە تۆران و تۆڕە بوونی ئەخیل دەست پێدەکات، ئەم تووڕە بوونە دەبێتە مایەی شکستی گریکەکان، شکستەکەش کوژرانی پاتروکلۆسی لێ دەکەوێتەوە، هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە بوونی ئەخیلەوە هەیە، بەو گیانە بەرزە فرە لە خۆ باییەوە هەیە کە دەکاتە کارێك ئەخیل وەکو پیاوێکی دڕو دڵڕەق و ئازاو مێرخاز بێ هاوتاو بێ هەڤرك بنوێنێ، یان ئۆدیسیوس، ئەوەندەی بە زیرەکی و فەندو فێڵان و بەردەباری بەناوبانگە ئەوەندە بە مێراتی و ئازایەتی بەناوبانگ نییە، بە هۆی بوێرییەکەیەوە تووشی زۆر ئاستەنگان دەبێت و تەنیا زیرەکییەکەی فریای دەکەوێ و رزگاری دەکات... کە دەبینین هیکتۆر شەڤانێکی بە دیمەن و مێردێکی خۆشەویست و بابێکی میرەبانە، لەبەر ئەوەیە شتێکی هەیە کە لە پێناویدا دەخەبتێ، شەڕ دەکات، ئەویش خێزانەکەی و شارەکەیەتی. یان کە دەبینرێ ئاگامەنون بوێرێکی دوو دڵ و بە سام و هەیبەت و لووتبەرز و خۆپەسندە، لەبەر ئەوەیە کە لە فەرماندەکانی دیکەی گریك پتر بەرپرسیارەو هەست بە باری قورسی مەسئوولیەتەکانی سەرشانی دەکات.. بە هەر حاڵ ئەو قارەمانانەی هۆمیرۆس وێنەی کێشاون زیاتر لە رێگەی کردارەکانیانەوە خۆ دەناسێنن و بوونی خۆیان دەسەلّمێنن.

هەلّبەتە قارەمانانی هۆمیرۆس، ئافرەتیشیان تێدایە، و بوونی ئەو ئافرەتانەش زادەی پێداویستییەکانی خودی داستانەکانەو لە خۆڕاو بە بێهودە قوت نەکراونەتەوە. بۆ نموونە هیلین، هیلینی جوانە ژنی دڵڕفێن، کە هۆکاری هەلّگیرسانی شەڕی تەروادەیە، زەروورەتی پەرەسەندنی داستانەکە سەپاندوویەتی نەك حەزو ئارەزووی هۆمیرۆس. دیارە هیلین تایبەتمەندی خۆی هەیە، هۆمیرۆس دەیتوانی بە جۆرێ وێنەی بگرێ کە نەك هەر سەرچاوەی شەڕ بێ بەلّکو خودی شەڕ بێ... بەلاّم هۆمیرۆس هاتووە بە جۆرێ وێنەی گرتووە، کە

جەماوەری گوێگر یان خوێنەر هەست بە هیلین بکەن و هاوبەشی هەستەکانی بکەن.... ئەوەتا کاتێ کە هیکتۆر دەکوژرێ بۆی دەگری و شینی بۆ دەکات هیچی لە گریان و شینی ژنەکەی و دایکی کەمتر نییە، بەڵکو بەوپەڕی خەمباریەوە، بەدڵی پڕ کەسەرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن بە بەردەوامی هاوسۆزی لەگەڵدا کردووەو دڵی راگرتووە.. راستە کاراکتەرەکانی هۆمیرۆس بە پێی هەڵوێست و بارودۆخ و ژینگەی خۆیان نەشونما دەکەن، بەڵام زۆر جار لەو هەڵوێست و بارودۆخەی کە تیایدان، زندووتر و گەورەتر دەنوێنن، هۆمیرۆس لە کاراکتەرسازی ژناندا، چوارچێوە مرۆڤانیەکانی لەبەر چاو گرتووە، سەلبیات و ئیجابیاتی وەکو هەر بە شەرێك وێنەگرتوون، بۆیە کاراکتەری ژن لەئیلیادەدا، بودەڵەو سووك و خوێڕیلە نییە، مرۆڤەو لە دنیا بەشەریەکەی ناو داستانەکەدا نمودو دیمەنی خۆی هەیە... جا با بێینە سەر کەسایەتی پریسیس، هەر چەندە بوونی ئەم کاراکتەرە بۆ داستانی ئیلیادە پێویستە، چونکە ئەخیل لەسەر ئەو تۆرە دەبێت، کاتێ کە ئاگامەمنون تەماحی تێدەکات و بە تۆبزی لێی دەستێنێ، ئیدی ئەخیل تۆرە دەبێ و دەتۆرێ، پریسیس لەو سەروبەندەدا دیار نییە، نە دەنگی هەیەو نە رەنگ، نە هیچ شتێك دەڵێت و نە هیچ شتێك دەکات کە کار لە رووداوەکە بکات.... تاقە وشەیەك نالێت، پێدەچێت هۆمیرۆس بۆیە ئەمەی کردبێ تابەوە تاوانبار نەکرێ کە لە رێگەی قسەکانی ئەو کیژەوە رای خۆی لەمەڕ کێشەی نێوان ئەو دوو قارەمانە دەربڕیوە.. بەڵام دواتر کە جەنازەکەی پاتروکلۆس دەهێنرێتەوە بۆ بەر خێوەتەکان، دەست بە گریان دەکات و باسی ئەوە دەکات کە بەر لە کوشتنەکەی چەند لەگەڵیا باش بووە.. هیکتۆریش هاوسەرو دایکی هەیە، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی و واقیعی خۆیان هەیە، هەر یەکەیان کول و کۆڤانی تراجیدیانەی خۆیان هەیە. ئەندروماك، هاوسەری هیکتۆر، ژنێکی منالکارە، لە هەموو شتێکدا پشتی بە مێردەکەی بەستووە، زۆری خۆش دەوێ، بە رادەیەك دەترسێت لە دەستی بچێت، یانی لە خۆشەویستیدا پێشبینی مردنی دەکات. کە بە مردنەکەی دەزانێ و جەنازەکەی بە دوای گالیسکەکەی ئەخیلەوە دەبینێ، ئیدی لە کۆتایی و نەمانی خۆی و منداڵەکەی دڵنیا دەبێت، ئیدی وەرە بەر دەدات و دەبێت بە نموونەی بێوەژنێکی نائومێدی خەمبار. بەڵام هیکۆبای دایکی هیکتۆر، پیرەژنێکی کارەساتدیدەی جەرگ سووتاوە، ژمارەیەك لە کوڕەکانی کوژراوەو بە بەردەوامی لەترس و نیگەرانی و دوو دڵیدایە... لە هیکتۆر دەپارێتەوە کە شەڕی ئەخیل نەکات، لە پریامۆسی مێردی دەپارێتەوە ریسك بە ژیانی خۆی نەکات و نەچێ بۆ لای ئەخیل تا داوای جەنازەکەی هیکتۆری لێ بکاتەوە.. ئیدی لە ئاکامدا دەوری دایکێکی پیر، دایکی پاڵەوانێکی گەورەو ناودار دەگێڕێت، بەڵام کەسایەتی و هەست و سۆزو تەبع و تەبیعەتی تایبەتی خۆی هەیە.

(٦)

هەر چەندە، هۆمیرۆس زیاتر بایەخی بە کەسایەتی پاشایان و خانەدانان داوە، بەڵام پەی بەوەش بردووە کە وێنەی هونەری شیعرەکانی، بەبێ هەندێ دیمەنی میللی و خەڵکانی عەوام نوقستان دەبێت.. جا کە هاتووەتە سەر ئەو دیمەن و تابلۆیانە، بە تۆبزی لە دەقەکەی بار نەکردوون و هەرگیز وەکو پینەی زەق نانوێنن، بەڵکو بوون بە تەواوکەرێکی زۆر ئاسایی رەوتە

گشتییەکەی رووداوی سەرەکی داستانەکە.. لە وانە بۆ وێنە چۆن دژمنان پەلاماری شوانکارانی بێ دەسەلآت دەدەن و مەڕو مالآتیان بەتالآن دەبەن.. دیمەنی شەڕ، دیمەنی ئاهەنگی زەماوەندو بەزم و گۆرانی، دیمەنی زەوی کێلآنو جووتکاری، درووێنە و حاسلآت خڕ کردنەوە، میوەچنی و بە ڕەزو باخا راگەییشتن، ... هتد، دیارە هۆمیرۆس ئەم تابلۆ و دیمەنانەی بۆیە هێناوەتە ئاراوە، تا دنیا بەشەرییەکە بەو جۆرە وێنە بگرێ و بەرجەستە بکات کە لە خەیاڵی خۆیدا هەیە... دیارە هۆمیرۆس بۆ وێنەگرتنی ئەو دیمەن و تابلۆیانە ڕێگەیەکی دیکەشی گرتۆتەبەر، ئەویش ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی هونەری و سنعەتە ڕەوانبێژیەکانە، لەو بوارەدا کۆمەڵێك وێنەو هونەرو سنعەتی ڕەوانبێژی زۆر جوانی بەکار هێناوە کە دواتر بووە بە یەکێك لە شەقڵ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شێوازە دەگمەن و بێ وێنەکەی.. ڕەنگە هۆمیرۆس ویستبێتی بەمە، ئەو باوەڕەی خۆی بسەلمێنێ کە جیهانی قارەمانێتی بە تەنیا هەموو شتێك نییە، بەڵکو زۆر شتی دیکەی ئاسایی و باو هەیە دەبنە تەواوکەری لایەنەکانی جیهانی قارەمانێتی و جۆرە زندوویەتیەکی زیاتری پێ دەبەخشن.. دەست ڕەنگینی هۆمیرۆس لەوەدایە کە هاوسەنگیەکی زۆر جوانی لە نێوان کارەکتەرەکانیدا دروست کردووە، و سیمای هەر یەکێکیان، سیمای ئەویتر بەرجەستە دەکات و تیشکی دەخاتە سەر. بۆ نموونە لە ئیلیادەدا دوو دنیا، یان دوو لایەن هەن، کە هەر یەکێکیان تیشك دەخاتە سەر ئەویتریان، دنیای یەکەم، دنیای نێرینە، کە بیریتیە لە هێزو لەشکری گریکەکان، دنیای دووەم، بریتییە لە کۆمەڵێك جەنگاوەر، ژنان، پیران، ژن و منداڵ و پەککەوتوان، کە هەموو شاری تەروادەیە... دیارە، ئەم بەرانبەرێن کردنەی ئەم دوو دنیایە، بەڵگەی ئەوەیە کە شەڕ بە تەنێ هەموو لایەنەکانی ژیان نییە، بەڵکو لایەنی دیکەش هەیەو ئەگەر جۆرە هاوسەنگیەك لە نێوان ئەو لایەنانەدا نەبێ ژیان سەنگەلا دەبێت... بۆیە ئەگەر هۆمیرۆس ئەمەی نەکردبا رووداوی سەرەکی ئیلیادە دەبوو بە زنجیرە شەڕێکی هۆڤیانەی دوور لە هەستە مرۆڤانیەکان.

خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەو بۆچوون و چەمکەوە سەیری کەسایەتی ئەخیل بکەین، دەبینین نموونەی ئەو قارەمانەیە کە بۆ خۆی کار دەکات و شکۆو سەرفرازی خۆی مەبەستە، ڕاستە کۆمەڵە هەست و سۆزێکی مرۆڤانی هەیە، بە تایبەتی دەڕهەق بە پاتروکلۆسی هاوڕێی، کە لە جیاتی ئەم چووە شەڕەوەو کوژڕاو، مردنەکەی بووە مایەی ئەوە کە ئەخیل ڕق لە هیکتۆر هەڵگرێ.. ڕاستە ئەخیل هەست بە دۆستایەتیەکی بتەو دەکات لەگەڵ فەرماندە گریکییەکانی دیکەی میناکی ئودیسیوس و دیومیدوس و نەستورو ... هتد، بەڵام وێڕای ئەوەش گۆشەگیری و دوورە پەرێزی بەسەر ئەخیلدا زاڵە، هێشتا بابی لە ژیاندایە، بەڵام هەرگیز نایبینێ، چونکە دەریاو ئۆقیانووسی بەرین دە ساڵە لێکدی دابڕیون.هەندێ جار دایکی دڵخۆشی دەداتەوەو ئامۆژگاری دەکات، بەڵام چونکە لە پێڕی خواوەندانە، و بەشەر نییە، هەرگیز پابەندی ئەو پەیوەندییە بەشەریانە نابێ، کە هەقە لە نێوان دایك و فەرزەندا هەبێ، هۆمیرۆس هاتووە هەردوو لایەنی خراپەو چاکەی ئەخیلی وێنەگرتووە، بەمەش شەقڵێکی مرۆڤانی ئەوتۆی پێ بەخشیوە، مەگەر تەنیا لە چەند قارەمانێکی ڕاستەقینەی کەمدا هەبێ، بەڵام ئەخیل، لە هەموو حاڵێکا دەستبەرداری بەها بەرزو

ئایدیالیەکانی خۆی لە مەڕ مێرایەتی و سەرفرازی نابێت و ئامادەیە لە پێناوی ئەو بەها بەرزانەدا خۆی بەکوشت بدات.. واتە ئەخیل نموونەیەکی ئایدیالی قارەمانێتی زاتیە، بەڵام لە بەرانبەریا قارەمانێکی جیاوازتر هەیە، کە ئەویش هیکتۆرە، کە بەڕاستی زێدەباری سەرکێشی و کەڵەمێردی و بوێرییەکەی، لایەنێکی مرۆڤانی گەلەك کاریگەریشی هەیە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دڵخۆشی ژنەکەی دەداتەوە و کوڕە ساواکەی دەلاوێنێ.. زۆر چاك دەزانێ کە دایکی چەندی هەق بەسەرەوە هەیە، زۆر بە نەزاکەت و ئەدەبەوە مامەڵە دەگەڵ هیلین دا دەکات.. هەر ئەو پشت و پەناو کۆڵەکەی مقاومەت و بەرگری تەروادەیە، ئەو رابەری لەشکر دەکات و هێرش بۆ سەر کەشتی گریکەکان دەکات، ئەو پاریس سەرزەنیشت و سەرکۆنە دەکات... چاك دەزانێ دەبێ بەرەنگاری ئەخیل ببێتەوەو لەسەر دەستی ئەویش دەکوژرێ.. کەچی کڕو کپ و مەنگ ، بێ دوو دڵی بەرەو پیری مەرگ دەچێت، و وا دیارە تەروادەش لە دوای ئەو تیا دەچێت، جا بەم پێودانگە دەشێت ئەخیل بە نموونەی پاڵەوانێتی زاتی دابنرێ، بەڵام هیکتۆر نموونەیەکی پێشکەوتووترو فرە لایەنتری قارەمانیەتیە، قارەمانێکە، بەرپرسە بەرانبەر بە خێزان و نیشتمانەکەی.. واتە وەفاداری بەرانبەر بە خێزان و نیشتمان مەرجێکی ئەو قارەمانیەتیەیە... ئەگەر ئەخیل نموونەیەکی کۆن و کلاسیکی قارەمان و قارەمانێتی بێ، ئەوا هیکتۆر نموونەیەکی تازەتری قارەمان و قارەمانێتییە، ئەو نموونەیەیە کە خودی هۆمیرۆس گەرەکیەتی.

هۆمیرۆس، لەم جووتە داستانەدا، بایەخێکی زۆر بە ئینسانیەتی بەشەر دەدات، وەکو خۆی چۆنە ئاوها مامەڵەی لە تەکدا دەکات، کاری نائاسایی و موجیزەیی نەداوەتە پاڵ هیچ بەشەرێك.. خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا وا پێویست بوو بێ بە شەرێك کارێکی نا ئاسایی و موجیزەیی بکات، خێرا هاتووە بە شێوەیەکی هونەری داویەتە پاڵ خواوەندان. وەکو چۆن پاریس بە موعجیزە لە شەڕی مینیلاوس رزگار دەبێت، هەڵبەتە بە فەزڵی ئەفرۆدێت رزگار دەبێت... یان کاتێ ئەسپەکانی ئەخیل دێنە قسە و پێشبینی مردنی ئەخیل دەکەن، دیارە هیرا بە حەولوقوەتی خوایانەی خۆی زمانیان دەپڕێنێ و ئەو قسانەیان دەخاتە سەر زار.بەو جۆرە دەبینین هۆمیرۆس شەقڵێکی ئینسانی بە هەموو کاراکتەرەکانی بەخشیوە، تەنانەت لە وێنەگرتنی ئافەریدەێن خوراق و گیانلەبەرانیش دا ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، ئەمەش کردویەتە کارێك کە چیرۆکەکەی وەکو یەکەیەکی یەککگرتووی هونەری شەقڵێکی ئینسانیانە وەربگرێت.

(٧)

جگە لە بەشەر، بەشێکی تەواوی قارەمانانی هۆمیرۆس خواوەندانن، لێ مامەڵەی هۆمیرۆس لەگەڵ ئەم تاقمە قارەمانەدا جیاوازەو بە روالەت ناکۆکییەك لەم بوارەدا بەدی دەکرێت. رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی هەڵوێستی گریکەکان لەمەڕ خواوەندەکانیان. هەر هەموو خوداوەندە گریکیەکان شێوەو جەوهەری ناسوتییان هەیە، رەفتارو هەڵس و کەوتیان وەکو رەفتاری بەشەرانە، جیاوازیەکەیان ئەوەیە کە خواوەندان نە پیر دەبن و نە دەمرن، هێزو دەسەلاتیان لە بەشەران زۆر زیاترە و (هۆمیرۆس)ش جەختی تەواوی لەسەر ئەمە کردوەتەوە..

خواوەندان هێزو دەسەڵاتێکی نا ئاساییان هەیە، دوورن لە هەڕەشەی پیری و مردن، خۆش رادەبوێرن، مشت و مڕیان دەکەوێتە ناو، هەموویان یەك ماڵبات پێك دێنن و بارەگای سەرەکیان ئۆلیمبۆسە. هەمیشە کێشەو گەنگەشەیان لە نێوان دایە، تەنانەت زۆر جار زیوسی گەورەو سەروەریان بەزەحمەت دەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و جڵەویان بگرێ. بۆ نموونە کاتێ زیوس ئەمری پێکردن خۆ لە شەڕی بەینی گرێك و تەروادەییان هەڵ نەقورتێنن، هیرا دەسەڵاتی مێوینەیی خۆی دەخاتەگەڕ، لەگەڵیا دەخەوێ و شەرابی دەداتێ، مەست دەبێ، هەر لە بیری نامێنێ لەسەر زەوی شەڕ هەیە... خواوەندەکان هەندێ جار لە هەموو شتەکان ئاگادار نین، هەندێکیان ئاگاداری وردەکاری شەڕی تەروادەو لەشکری گرێك نین، بۆ نموونە کاتێ پەڵە هەورێکی زێڕین لە خواوند ئەریس دەئاڵێ، نازانێ (سکالافوس)ی کوڕی لە شەڕگەدا کوژراوە، ئەمە بۆ خۆی لایەنێکە لە لایەنەکانی لێکچوونی خواوەندان و بەشەران. کاتێ خواوەندان بەشەریانە رەفتار دەکەن و لایەنە بەشەرییەکەی تەبیعەتیان دەردەکەوێ هەموو سەنگ و ویقارێکی خواوەندانە لە دەست دەدەن و زۆر کۆمیدیانە دێنە بەرچاو... بۆ نموونە ئەو رێگەیەی هیرا بۆ خەڵەتاندنی زیوس بەکاری هێناو شەڕی تەروادەی لە بیر بردەوە بە راستی کۆمیدیانەیەو مایەی پێکەنینە... یان بەشداری خواوەندان لە شەڕدا... وێرای نیعمەتی پیر نەبوون و نەمریان، هەندێ جار رەفتارو هەڵوێستیان زۆر لە هی بەشەر بچووکترە. کاتێ دیومیدوس ئەریسی خواوەندی جەنگ لە شەڕا بریندار دەکات، خواوەندی شەڕ لە تاو ئازار هاوار دەکات، یان کاتێ ئەفرۆدێت هەندێك جار هەست بە نائومێدی دەکات لە هۆڕژنی گریان دەداو پەنا بو (دیونی) دایکی دەبات، یان لە یەکێك دەگەڕێ دڵخۆشی بداتەوە، جا رەنگە ئەم لایەنە کۆمیدیەی رەفتاری خواوەندان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەمن و ئەمانە رەهایەی هەیانە، بۆ دووریان لە پیری و مردن... بۆ نموونە بەشداری خواوەندان لە شەڕدا ناکاتە سەرکێشی و ڕیسك، چونکە پێشوەختە دەزانن نامرن، با شەڕەکە زۆر ئەستەمیش بێ، بۆیە لە هیچ شتێکدا پەلەیان نییە، چونکە بێ خەمن... هەر چەندە هۆمیرۆس بە روالەت گاڵتە بە خواوەندانی گریکی دەکات، بەڵام خواوەندان پایەو دەسەڵاتی خۆیان هەیەو ئاکام و ئەنجامی هەموو شتێك بەندە بە ویست و ئارەزووی ئەوانەوە... هەندێ لە شارەزایان ئەم دیاردەیە وەها لێك دەدەنەوە کە ئیلیادە و ئۆدیسە بەو حاڵەیانەوە لە سەردەمێکا پەیدا بوون کە گریکەکان وردە وردە نۆڕێنیان بۆ خواوەندان گۆڕاوە و ویستویانە بایەخ بە کارو بارو رەفتارو چارەنووسی بەشەران بدەن. لە ئیلیادەدا خواوەندان راستەوخۆ دەست دەخەنە کاروباری بەشەران... بۆ نموونە لە جەنگی تەروادەدا ئەتیناو هیرا دژی تەروادەییەکان دەوەستن، کەچی ئەفرۆدێت تەرفداریان لێدەکات، هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاریس خەڵاتی جوانیی، دا بە ئەفرۆدێت و جووتە خواوەندەکەی تری لێ بێبەش کرد. سەیر دەکەی ئەم سێ خواوەندە، ئەتینا، هیراو ئەفرۆدێت وەکو هەر مێوینەیەکی بەشەری رەفتار دەکەن،ئەمەش بە گوێرەی تێگەیشتنی گریکەکان لە قارەمانێتی، دەچێتە خانەی قارەمانێتی زاتییەوە... هەر لەو پێودانگەوە خواوەند ئەرتەمیس، نیوبی دەکوژێت هەر لەبەر ئەوەی بەمنالەکانیەوە دەنازێ... خواوەند پۆسیدون، ئودیسیوس دەچەوسێنێتەوە چونکە

ئۆدیسیوس کوڕەکەی ئەوی کوشتوە... هەروەها دەبینین خواوەندەکان ڕێزو حورمەتی ئەو بەشەرانە زیاتر دەگرن کە بە سرووتی تایبەتی قوربانیان پێشکەش دەکەن و نەزریان بۆ دەکەن... لەم حاڵەتەدا خواوەندان خۆیان بە قەرزاریاری ئەو کەسانە دەزانن و لە تەنگانەدا فریایان دەکەون... بۆ نموونەن کاتێ (خروسیس)ی کاهین دەیەوێ، کیژەکەی، کە ئاگامەمنون بەدیلی بردویەتی، وەربگرێتەوە، پەناوەبەر ئەپۆلۆ دەبات و لێی دەپارێتەوەو بیری دەخاتەوە کە چۆن نەزرو قوربانی بۆ کردووە، ئەپۆلۆش غەزەب لە گریکەکان دەگرێ و پەتا لە نێو لەشکرەکەیان بلاودەکاتەوە. لە ئیلیادەدا تووشی دیمەنی دیکەی لەو بابەتە دەبینەوە... بە هەر حاڵ هۆمیرۆس هەمیشە بیری لە بەشەر کردۆتەوە، لە گەرمەی مامەڵەی خۆیدا لەگەڵ گروپی خواوەندان، بەشەری هەر لەبیر بووە.

هۆمیرۆس لە نزیکی کۆتایی ئیلیادەدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەڵگیرسانی جەنگی تەروادە لە سۆنگەی ئارەزووە سێکسییەکانی پاریسەوە بوو، ئەوەبوو لە کاتی داوەری لە نێوان هەر سێ یەزدانخانمی نێو براودا، تەماحی جوانی و دڵڕفێنی هیلین، کە ئەفرۆدێت خستیە بەری، گرتی و، داوەرییەکەی بەلای ئەفرۆدێتدا داشکاند.. ئەوە بوو تەروادە لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەوە، تووشی شکست و وێرانی بوو.

هەرچەندە خواوەندەکانی هۆمیرۆس یەجگار بە دەسەلاتن، هەر چییەکیان بوێ دەیکەن، دەست لە هەموو کاروبارێکی بەشەر وەردەدەن، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەندێ جار بەشەر، لە ڕێگەی توانا بەشەرییەکانی خۆیەوە، چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، بەشەر لەلای هۆمیرۆس کار بۆ شکۆ و سەربەرزی خۆی دەکات و خواوندانیش هەندێ جار ڕێی لێناگرن، بەڵام چ خواوەندان و چ بەشەران بەگوێرەی بەڕەی خۆ پێ ڕادەکێشن. قارەمانی راستەقینە کەسێکە نەچێتە ئاقاری خواوو بەگژا خواوەندانداندا نەچێتەوەو هەوڵنەدات لە سنووری تەبیعەتی بەشەریانەی خۆی دەربچێت و تەبیعەتی خواوەندانە وەربگرێت.. ئەرکی قارەمانەکانی هۆمیرۆس لە ژیاندا ئەوەیە کە ئەوپەڕی سوود لە بەهرەو توانا بەشەرییەکانی خۆیان وەربگرن... جا وەکو چۆن خواوەندان ڕێگەی تایبەتی خۆ دەگرن و مومارەسەی خوایەتی خۆیان دەکەن، بەشەریش لەسەریانە ڕێچکەو ڕێبازێك بۆ خۆ بدۆزنەوە کە لەگەڵ بنەماو توانا بەشەرییەکانی خۆیاندا بگونجێ جا چونکە تەمەنی بەشەر زۆر کورتە، دەبێ لە خەمی ئەوەدا بێ کاری گەورەی تیائەنجام بدات. ناوێکی زندوو یان نیمچە زیندوو پەیدا بکات و بەجێ بێلێ، هەر بۆیە دەبینین هیکتۆر و سارپیدۆن داوا لە هێزەکانیان دەکەن ئەوپەڕی توانای خۆ لە شەڕدا بەکار بێنن و گوێ بە مردن نەدەن، و ئازایەتی و بوێری و وەرە بەرزی خۆیان بسەلمێنن... قارەمانی هۆمیرۆسی هەمیشە لە مردنەوە نزیکە، بەڵام ئەمە ژیانیان لەبەر چاو ناخات، و بە جۆرێ دەچنە شەڕەوەو بەشداری شەڕ دەکەن لە تۆ وایە هەتا هەتایە دەژین... بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرۆکەی مردن، هێندە قارەمان سەر سەخت و دڕو دڕندە دەکات تا بەزووترین کات بگاتە ئاواتەکانی، ئەمە لە ڕوانگەی هۆمیرۆسەوە جیاوازی جەوهەری نێوان خواوەندان و بەشەرانە، هەڵبەتە بە گوێرەی ئیلیادە و ئۆدیسە. خواوەندان سەرسەخت و سەختگیر و دڵڕەقن بەڵام بیر لە مردن ناکەنەوە، بەشەران هەمان

خەسڵەت وسیفەتیان هەیە بەڵام هەمیشە بیر لە مردن دەکەنەوە.. بەڵام وێرای ئەمەش بەشەر لەکن هۆمیرۆس باوەڕیان بەدنیای پاش مردن نیە، لە دوای مردن بەشەر تارماییەکی کز ولاوازی بێ ژیان و گیانە. واتە مردن لە خودی خۆیدا تەواو دەبێ، پردی پەڕینەوە بۆ جیهانێکی جیاتر و باشتر نیە.. چونکە ژیانی بەشەر کورتە، قۆناغێك نیە کە بیگەیەنێتە ژیانێکی چاکتر، جا سیحری ژیانی بەشەر لە مەدایە، بۆ یە لە سەرێتی، هیچ دەمێکی ژیانی خۆی بەفیرۆ نەدات و لە رێگەی کارو کردەوەکانیەوە ناوبانگ و شۆرەت و سەرفرازی و شکۆو نەمری بە دەست بێنێ و هەرگیز بە زەبوونی وملکەچی و سەرشۆڕی قاییل نەبێ، و مردنی سەربەرزانەی پێ باشتر بێ لە ژیانی سەر شۆڕی. قارەمانی راستە قینە ئەوەیە رووبەرووی مەترسیان بێتەوە و لە پای سەربەرزی خۆیدا، ژیانی لا هەرزان بێ و لە مردن نەترسێت.. جا بە شەڕی ناوئیلیادە و ئۆدێسە لە سەرێتی قارەمانانە بژی، قارەمانانە بمرێ، ئەگەر وا نەکات بە قارەمانی راستەقینە نا ژمێردرێت، جا بەم پێودانگە خواوەندان، نەك هەر قارەمان نین، بەڵکو هەرگیزیش نابن بە قارەمان، وەکو چۆن قارەمانانیش هەرگیز ناتوانن رۆژێ لە رۆژان ببنە خواوەندان، ئا ئەمەیە پەیوەندی و جیایی نێوان قارەمانان و خواوەندان لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا.

(٨)

هۆمیرۆس، لە هەردوو داستانەکەیدا، لایەنی چاکەو خراپەی جەنگی بەرجەستە کردووە، ئەو لەزەتە روحی و ئۆخژنە دەروونیەی سەرکەوتن لە شەڕا بە بەشەری دەبەخشێت، هونەرمەندانە لە پاڵ هەموو مەینەتی و خەم و کارەساتەکانی شەڕدا وێنەگیراوەو بەرجەستە کراوە، ئەمە زۆر بە زەقی لە وێنەگرتنی هاوسەرەکەی هیکتۆر و ئەندامانی ماڵباتەکەیدا دەردەکەوێت، ئەگەرچی ئەمانە ناتوانن ببن بە شەریکی شکۆو سەرکەوتنەکانی، بەڵام سەلامەتی و مانی خۆیان بە سەلامەتی و مانی ئەوەوە بە ستووە، ئەندرۆماکی ژنی سوور دەزانێ هیکتۆر دەکوژرێ، هیکتۆر باسی ئەمەی لەگەڵدا ناکات چونکە هەردوکیان بە دڵنیاییەوە ئەمە بەسەرچاوەی کڵۆڵی و نەگبەتی منالّە ساواکەیان دەزانن... هەر چەندە هۆمیرۆس بەر لە رووخان و وێران بوونی تەروادە کۆتایی بە ئیلیادە دێنێ، بەڵام بیرۆکەی روخانی تەروادە و ئاکامە خراپەکانی ئەو رووخانە، وەکو تاپۆیەك، لە سەرانسەری پاژەکانی ئیلیادەدا، بەسەر سەری تەروادەییەکانەوە لە باڵەفڕەدایە... لە ئیلیادەدا تەروادە تاقە شار نییە کە بەسەر پاشاکەیدا وێران دەکرێت، بەڵکو پێشتریش، تیبەی زاگەی (ئەندروماك)ش بە دەستی ئەخیل وێران دەکرێ و بابی ئەندروماك و هەر حەوت براکەی دەکوژرێن. هەروەها (پریسیس)ش بە چاوی خۆی کوژرانی مێردەکەی وسیان لە براکانی بە یەك رۆژ، دەبینێ..جا هۆمیرۆس لەم بارەیەوە هونەرمەندانە ئەوەی نیشان داوە کە گەورەترین شکۆو سەربەرزی، لەسەر حیسابی نەگبەتی و ماڵوێرانی خەڵك و خەڵکانی دی دەبێت. ئەوەتا هۆمیرۆس لە ئاخرو ئۆخری ئیلیادەدا، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکات و بەزمانی (ئەخیل)ەوە دەڵێت دوو گۆزە لە مەڵبەندی (ئولیمبۆس) دا هەیە، یەکێکیان خێری تیایە و ئەویتریان شەڕ، زیوس بەخۆی قرێر دەدات چۆن دابەشی دەکات، کێ خێری بەردەکەوێت و کێ شەڕ! جا باشترین بەش ئەو بەشەیە کە تێکەڵەیەك بێ لە هەردوو گۆزەکە، کە ئەمە زۆر

بەکەمی روو دەدات. و ژیانی بەشەر بەزۆری هەر شەڕو شوومییە، ئەگەر چی دەوری خۆیشی تێدایە.

راستە هۆمیرۆس لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا بایەخی زۆری بە شەڕو دژمنایەتی و کوشتار داوە، لێ ئاشتی و دۆستایەتی و خۆشەویستیشی فەرامۆش نەکردووە... چونکە دنیای هۆمیرۆس، بەر لە هەر شتێك جیهانێکی بەشەرییە، بەشەریش تێکەڵەیەکە لە بوغزو کینەو ڤیان و خۆشەویستی و شەڕ و ئاشتی... رەنگە گەشترین نموونەی دۆستایەتی، دۆستایەتی نێوان ئەخیل و پاتروکلۆس بێ، کاتێ پاتروکلۆس دەکوژرێ، ئەخیل یەجگار خەمین و خەمبار دەبێت، بەڵام هەر بە خەمبارییەوە ناوەستێ، بەڵکو زۆر شێتانە تۆڵەی هاوڕێکەی دەکاتەوە، هەر بەوەش داناسەکنێ کە بکوژی هاوڕێکەی بکوژێتەوە، بەڵکو هەر کاتێ خەم دایدەگرێو هاوڕێکەی بیر دەکەوێتەوە، جەنازەی بکوژەکەی دەخاتە دوای عەرەبانەکەی و بە عاردی دا رایدەکێشێت و بە دەوری قەبرەکەی (پاتروکلۆس)دا دەیگێڕێ. بە هەر حاڵ ئەوەش چاری خەمی دڵی ناکات، و تەنیا مەرگ فریای دەکەوێت و لە خەمی رەها دەکات و دەحەوێتەوە.

هەروەها هۆمیرۆس، بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ ئاماژە بۆ بنەماکانی دۆستایەتی نێوان دوو کەس دەکات. سەبارەت بە ئەخیل و پاتروکلۆس دەبینین هەموو هیواو ئاوات و خۆزیاکانیان چوون یەکە، داخوازییەکانیان لە ژیاندا وەکو یەکە. لە یەکدی حاڵی دەبن، متمانەی تەواویان بە یەکترە. ئامادەن لە پێناوی یەکدیدا خۆ بەخت بکەن. ئەوەتا پاتروکلۆس خۆی لە پێناوی ناوبانگی ئەخیلدا بەخت دەکات. چونکە دووەم پەڕێزی ئەخیل لە شەڕ دەبێتە مایەی شکستی سوپای گریک، بەڵام ئەو دووەم پەڕێزییە، جۆرە ناڕەزاییەك بوو دژی ئەو سوکایەتییەی ئاگامەمنون بە ئەخیلی کردبوو. بۆیە بەشداری پاتروکلۆس لە شەڕدا، بە چەکی ئەخیل و بە جەنگاوەرانی ئەخیل، سوپای گریکەکانی کڕییەوەو هەستاندەوە لەلایەکەوەو گیانی ناڕەزایەتی (ئەخیل)یشی رازی کرد... دیارە پەیوەندی نێوان کلاوکوس و سار پیدون)ش لە بەرەی تەروادەییەکاندا نموونەیەکی دیکەی دۆستایەتییە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێك ئەرکی دۆستایەتی ئەنجام نەدات ناشێت بە قارەمانی راستەقینە بزانرێ.. دیارە هۆمیرۆس لە مەسەلەی دۆستایەتیو ڤیاندا، خۆشەویستی نێوان پیاو و ژنیشی فەرامۆش نەکردوە، ئەو خۆشەتویستییە لە روانگەی هۆمیرۆسەوە دوو جۆرە، خۆشەویستیەکی نا بەجێ و سەرڤەسەرڤەی رەوتەنی. کە لە هەلومەرجێکی ناڕەواو نا شەریفدا چێدەبێت، خۆشەویستییەکی خاڵیسە و پەسند و حەڵاڵ و زوڵاڵی زادەی ڤیان و دڵسۆزی نێوان ژن و مێرد... خۆشەویستی بازاڕی و رەوتەنی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ماشوق و لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، نموونەی ئەمەش، خۆشەویستی پاریس و هیلینە... هەر چەندە هۆمیرۆس نەهاتووە هیلین وەکو ژنێکی خەتاکارو سووك و بازاڕی نیشان بدات، بەڵام وای لێکردووە بۆ بەختی رەشی خۆی دەگری و پەشیمانە لەو ژیانەی کەتێی کەوتووە. هەروەها(پاریس)ش لە ئیلیادەدا ئەو خۆشەویستە نیە، بەڵکو زۆر جار لە لایەن هیکتۆری برایەوە سەرکۆنە دەکرێت و بەوە تاوانباری دەکات کە دەورێکی پیاوانە لە شەڕەکەدا نابینێ. نموونەی خۆشەویستی پاك و بێگەرد، خۆشەویستی

نێـوان هیکتـۆرو ئەندروماکـە.. هـەردووکیان تـا رادەی پەرسـتن یـەکتریان خۆشـدەوێ و رێـزو حورمـەتی یەکـدی دەگـرن..هـۆمیرۆس هـاتووە لـە سـرووی شەشـەمدا، چـەند وشـەیەکی کـەمی خسـتۆتە سـەرزاری ئەنـدروماك و رادەی خۆشەویسـتی و دڵسـۆزی ئەنـدروماکی بـۆ هیکتـۆر نیشانداوە کە دەڵێت: ئەی هیکتۆر تۆ بۆ من هەموو شتێکی، بابی میهرەبان، دایکی جوان، بـرای دڵسـۆز، و مێـردی ئـازاو سـەنگینی... هیکتـۆریش هـەر چـەندە لـە پێنـاوی تـەروادەو خـەڵکی تەروادەدا دەخەبتێ، بەڵام هەندێ جار ئەوەش دەردەبڕێ کە ئەندروماك بـە تـەنێ هاوتـای هـەموو تەروادە و خەڵکی تەروادەیە بۆ ئەو...

بـەو جـۆرە دەبینین لـە دنیـای ئیلیـادەو ئۆدیسـەدا شـان بەشـانی شـەڕو دوژمنایـەتی و کوشـتار، دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڤیانیش هەیـە. خۆشەویستی رەگـەزو تـوخمێکی هـەرە سـەرەکییە لە ژیانی مرۆڤدا... رەفتاری نەرم و نیان دەکات، باری مەینەتیەکانی لەسەر شان سووك دەکات. لـە تونـدو تیـژی دوور دەخاتـەوەو پـتر بـەلای بونیادنـانی ژیانـدا دەڕوات تـا وێرانکردنـی. چـونکە تەنیا خۆشەویستی ژیان لە دڵی بەشەردا شیرین دەکات.

(٩)

خوێنەر لەم داستانە نەمرەدا تووشی شێوازێك دەبێت رەنگـە جیـاواز بـێ لـە هـەموو ئـەو شێوازە ئەدەبیانەی لە کارێن ئەدەبی دیکەدا تووشی بووە، لـە شێوازی ئیلیـادەدا دووبـارە کردنـەوەیـەکی زۆر، دەربڕین و دەستەواژەی ناساز، هزریـنی سـادەو سـەرەتایی، هەڵبـەتە پڕ بـە پێسـتی ئەقڵیـەتی باوی سـەردەمی هۆمیرۆس بـەدی دەکرێت، هزریـن و ئەقڵیـەتێك کـە حـەقیقـەت و خـورافـات، واقیـع و خەیاڵ ئاوێتە دەکات، خواوەند لە شێوەی بەشـەردا وێنـە دەگرێت ، خـواوەنـدان زەماوەنـد لەگـەڵ بەشـەران دەکـەن، بەشـەران یـەزدانخانمان دەخـوازن، قارەمانـانی داسـتانەکە هەنـدێکیان منـاڵی بەشەری و هەندێکیان منالّی ئاسمانی و خواییان لێدەکەوێتەوە!...

هەندێ نموونەی ئـەم دەستەواژە سـەیرو ناسـازانە کـە لـە زۆربـەی لاپـەڕەکانی ئیلیـادەدا دووبـارە دەبێتەوە، دەستەواژەی (ئەخیلی لەزگین، یان گورج و خۆشڕۆ، ئەپۆلۆی دوور ئەنگێوە، گریکانی سـەراپا چـەکدار، هیرای باسك سپی، ئاخیـانی چـەك برونـزین.. زیوسـی هـەورەوان، پۆسیدونی زەوی هەژێن... هتد)

ئیلیادە، بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەدە، داستانێکی زارەکی بـووەو شایـەران بـەگیتارو گۆرانیـەوە گوتویانەتەوەو دەماو دەم هاتووەو لەوەیشومەی رۆژگار پارێزراوە، تا لـە سـەدەی پێنجـەمی پ.ز (پێش زایین) بیزیستراتوس لیژنەیەکی تایبەتی بۆ تۆمار کردنی پێك هێناو لیژنەی ناوبراو دوای گەڕان و پشکنێکی ورد، بە ئەمانەتێکی زۆرەوە تۆماری کردو لە ئاهەنگێکی نیشتمانی گـەورەدا، بـە دەنـگ و ئـاوازەوە خوێنرایـەوەو ئیـدی بـوو بـەم ئیلیادەیـەی کـە ئەمڕۆکـە بـە هـەموو زمانـە زندووەکانی جیهان هەیـەو تـا رۆژگـاری ئـەمڕۆ دەخوێنرێتـەوەو ئیلهامبەخشـی دەیـان و سـەدان شاکاری ئەدەبی جیهانیە.

گوتمـان قارەمانـان و کاراکتـەرانی ئیلیـادە، تێکەڵەیەکـە لـە بەشـەرو خواوەنـدان. لـە بەشـەرەکان: پاریس و هیکتۆر، کوڕانی شای تـەروادە... مینیلاوسـی دوژمنیـان، شـای سپارتە، ئاگامـەمنونی

برای مینیلاوس، که سەرداری سوپاکەی بوو... لە خوداوەندەکانیش: زیوس، سەردارو گەورەی خواوەندان، ئەتینا، کیژی زیوس.. ئەوجا ئەخیل، دیارترین قارەمانی سوپای ئاگامەمنون، و هیلین، هاوسەری شای سپارتە، کە شەڕی تەرواده لەسەر ئەو هەڵگیرسا... جا ئێستا و بەر لەوەی بکەوینە خوێندەوەی دەقەکەی هۆمیرۆس با بەسەر چڵی گەشتێکی بلەز بە جیهانی ئەفسانەیی ئەو قارەمانانەدا بکەین و بەسەر کێشییەکانی ئەوان چ لە واری ڤیان و خۆشەویستی و چ لە واری شەڕو کاولکاریدا، ئاشنا ببین.

پوسیدون، خواوەندی دەریا، پەرییەکی دەبێت بە ناوی (تیتیس)، (زیوس)ی سەردارو گەورەی خواوەندان دەیبینێ و دڵبەندی دەبێت.. لێ لە قەدەرو غەیبەوە ئەوە دەزانێ کە ئەم پەرییە کوڕێکی دەبێت زۆر لە بابی خۆی گەورەتر دەبێت.. ئیدی زیوس لەترسی پایەو شوێنەکەی خۆی ناوێرێ تۆخنی تیتیس بکەوێ!... ئیدی بڕیار دەدات دەستبەرداری بێ و نایخاتە ریزی ماشوقەکانی خۆیەوە... بەڵکو دەیدات بە پاشای شارێکی دراوسێ.. بەڵام شایی و زەماوەندێکی یەجگار گەورە و بەرەونەقی بۆ ساز دەدا، زیوس بە خۆیشی بەشداری ئاهەنگی زەماوەندەکە دەکات، هیرای ژنیشی دەگەڵ خۆدا دەبات، هیرا خواوەندی کاری خێرێیە (ژن و ژنخوازی)... خواوەندانی دیکەی (ئۆڵەمپ)ش بەشداری دەکەن... خواوەندی دەریا، بابی بوکێ، بە ئانقەست یەزدانخانمی فیتنە و دووبەرەکی بۆ زەماوەندی کیژەکەی دەعوەت ناکات، بەڵام ئەو نێرەنگبازە خۆی دەگەیەنێتە زەماوەندەکە، لێ لە هەڕەمەی ئاهەنگەکەدا، سێوێکی زێڕ هەڵدەداتە ناوەندی ئاهەنگ گێڕان، کە لە سەری نووسراوە: ئەمە دیارییە بۆ جوانترین مێوینەی ناو ئەم زەماوەندە!.. سێ کەس لەسەر سێوەکە لێیان دەبێ بە کێشە: هیرا، خواوەندی کاری خێرێ، ئەتینای کیژی، خواوەندی هۆشمەندی و ژیری، ئەوجا ئەفرۆدێت،خواوەندی ڤیان و خۆشەویستی. هەر یەکێك لەوانە خۆی بە شایستەتر دەزانێ و پێی وایە دەبێ سێوەکە بۆ ئەو بێ!... هەر یەکێك لە یەزدانخانمەکان دەکەونە بەرەیەك و موریدانی خۆیان لێ خڕ دەبێتەوە، زۆری نامێنێ شایی ببێ بەشین و مەیدانی شەڕێ! ئەوە بوو ئامادە بووان پێشنیازیان کرد ئەم شەرعە ببڕێتە دەف شوانکارەیەکی قۆزو جوان، ناوی پاریسە، لەو نزیکانە و لەبناری چیای ئیدادا خەریکی لەوەڕاندنی پەزەکانیەتی.

راستە پاریس بە شوانکارەیی دەژیا وشوان بوو، بەڵام کوڕی گەورەترین شاو شابانۆی ئەو دەورو زەمانە بوو، کوڕی پریام و هیکۆبای شاو شابانۆی تەرواده بوو!.. کاتی خۆی کە منداڵ دەبێ، فاڵچییەك پێشبینی ئەوە دەکات کە دەبێتە مایەی وێرانی وڵاتەکەی، ئیدی داك و بابی، لێدەبڕێن لە پێناوی تەروادەدا پێ لە جگەرگۆشەکەیان بنەن، لە قەد پاڵی چیای لیموتدا فڕێی دەدەن... بەڵام تەگبیر لەگەڵ تەقدیرا تێك ناکاتەوەو شوانکارەیەکی هەژاری بێنەوا دەیدۆزێتەوەو هەڵیدەگرێتەوەو دەیکات بە کوڕی خۆی و بەخێوی دەکات!... پاریس گەورە دەبێ، هێندە قۆزو جوان دەبێ، هەر هەموو پەریانی دەریاو ئافرەتانی شوان، دڵبەندی دەبن.. بەڵام پاریس حەز لە پەرییەك دەکات بە نێوی (ئوینون)، هەردووکیان زۆر بە خۆشی لە بناری چیای ئیدادا رادەبوێرن...

رۆژێك هەر سێ یەزدانخانم، کە لەسەر سێوەکە کێشەیان بوو، دێنە لای، سێوەکەی دەخەنە بەردەست و داوای لێدەکەن بە عەدالەت شەرعیان بکات و سێوەکە بدات بەو کەسەی شایستەیەتی... ئەوجا یەزدانخانمەکان بێ هیچ شەرم و شکۆیەك کەوتنە هەوڵی ئەوەی تەماحی بخەنە بەرو هەر کەسەو بەلای خۆیدا رایکێشێت تا سێوەکە بدات بەو، ئەوە بوو هیرا بەڵێنی دایە کە دەسەڵات و دەوڵەمەندی دەداتێ.. ئەتینا بەڵێنی شۆرەت و ناوبانگی جەنگی دایە... لێ ئەفرۆدێت بەڵێنی دایە کە جوانترین ژنی سەر رووی زەوی بکات بە هاوسەری... ئەوە بوو تەماحی ژن گرتی و سێوە زێڕینەکەی (سێوی جوانی)دا بە خواوەندی ڤیانو ئاشقێنی.

لەو سەرو بەندو رۆژگارەدا شای سپارتە ژنێکی دەبێ بەناوی (لیدا)، زیوس، سەردارو گەورەی خواوندان تەماحی تێدەکات، ئیلاقەی دەکات،کیژو کوڕێکی ئاسمانی لێدەخاتەوە، کچ و کوڕێکی بەشەریشی لە مێردەکەی خۆی دەبێت... وختێ ئەم چوارە گەورە بوون کیژە بەشەریەکە شوو بە ئاگامەمنون ، پاشای (مسینا) دەکات و دەبێتە مایەی کارەساتێن گەورە بۆ مێردەکەی.. بەڵام کیژە ئاسمانیەکە (خواییەکە) کە(هیلین)ی ناو دەبێت، مینیلاوس، بۆ ئاگامەمنون دەیخوازێت، و لە هەمان کاتدا دەبێ بە میراتگری عەرشی سپارتە، واتە لە یەك کاتدا هەم دەبێ بە خودانی دەسەڵات و هەم ژنی جوان!

ئیدی پاشای سپارتە کە پیاوێکی پیری دنیادیدە دەبێت، هەست دەکات کە مێردی هیلین، کە جوانترین ژنی سەر رووی زەمین دەبێت، بەهۆی ئەو هەموو جوانیەی ژنەکەیەوە، حەسوودی پێدەبرێت و تووشی گێچەڵ و کێشە دەبێت... بۆیە بەر لەوەی هیلین بدات بەشوو، هەر هەموو ئاشقانی هیلین کۆ دەکاتەوەو پێشنیاز دەکات، کە هەر هەموویان سوێندی گەورە بخۆن و لە قسەی ئەم دەرنەچن، سوێند بخۆن کە ئەگەر هیلین بە نسیبی هەر کەسێکیان بوو، ئەوانی دی بە هیچ جۆرێ شەڕی پێ نەفرۆشن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەگەر ئاشقێکی حەسودیش رفاندی و هەڵیگرت ئەوا هەمووان بەگوێرەی ئەم سوێندە بچنە هیمدادی و ژنەکەی بۆ وەربگرنەوە!.. وەکو دیارە هەر ئەمەش مایەی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە بوو!.

ئەوە بوو هیلین شووی بە مینیلاوس کرد، کە بوو بە پاشای سپارتە، ئەم ژن ومێردە سالانێکیان بە خۆشی رابوارد... رۆژێك میرێکی گەنج لە میرانی تەروادە دەبێ بە میوانیان... تومەز ئەم میرە (پارس)ە کەی لەمەڕ خۆمان دەبێ، ئەوەی کە سێوەکەی (سێوی جوانی) دابوو بە ئەفرۆدێت، کە بەڵێنی جوانترین ژنی سەر رووی زەمینی دابویە.. ئافرۆدێت، بۆ وەی قسەی خۆی بەرێتە سەر، پێی دەڵێ کە بگەڕێتەوە بۆ کۆشکەکەی بابی لە تەروادە و خۆی پێ بناسێنێ و چەند کەشتییەکی لێوەرگرێ تاسەفەری دەریایی بەرەو یۆنان بکات، کە هیلینی جوانترین ژنی سەر رووی زەوی لەوێندەر نیشتەجێیە..بۆ نەگبەتی، ئەو ژنە جوانەی کە ئافرۆدیت بەڵێنی دابوو، بە مێرد بوو!.. بەڵام خۆ یەزدانخانمێك ناچێت بۆ تەگەرەیەکی ئەوها بچووك خۆی بە درۆ بخاتەوە!.. ئیدی بەو جۆرە میری تۆلاز، پاریس، بە هاندانی خواوەندی ڤیان و ئاشقێنی، لە دەرفەتێکدا کە مینیلاوس لە کۆشك و سەراکەی نابێ، حیزفرسەتانە ژنەکەی هیلین بۆ تەروادە دەرفێنێو رەدووی دەخات!.

هەڵبەتە ئەمە خیانەتێکی نا مەردانە بوو، چونکە خانەخوێیەکەی زۆر بە گەرمی میوانداریەکی شایستەو بەشکۆی کردبوو، زۆری حورمەت و ڕێزگرتبوو!.. کاتێ لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە، بە هەواڵی هەڵاتنی ژنەکەی دەزانێ، خێرا تەتەران بەڕێدەکات بۆ لای هەموو کۆنە ئاشقان و خوازبێنیکەرانی هیلین و سوێندەکانیان بیردەخاتەوە کە چۆن دەبێ لەم حاڵەتەدا بەهانایەوە بێن و بەرگری لێبکەن!.. هەموو بەلەز لێی خڕبوونەوە... دەم سپی و ردێن سپی و شیرەتکارانی خێڵو عێڵان کۆکرانەوە، تا ڕاو تەگبیری خۆیان لەمەڕ ئاکام و ئاقیبەتی ئەم شەڕە دەربڕن کە لەو کێشەیە دەکەوێتەوە... ئیدی هەموو بەیەک دەنگ بڕیار دەدەن کە ئاگامەمنون، مێردی خوشکی هیلین، و برای مێردی هیلین، واتە مینیلاوس بکرێ بە سەرداریان، لەو شەڕەدا کە لە ڕێیانە... بەڵام یەکێك لە ئامادەبووان، کە (ئودیسیوس)ی بەردەبارو ئاقڵ، پاشای هەڕێمێکی دراوسێیان دەبێ، پێشنیاز دەکات، کە (ئەخیل)ی قارەمان و نەبەزیش لە بیر نەکرێو بهێنرێتە ڕیزەوە، ئەخیل کوڕی ئەو پەرییە بوو کە پێشتر باسی زەماوەندەکەیمان کرد.. ئەخیل ئەو کەسە بوو، کە بەپێی قەدەر و چارەنووس لەبابی گەورەتر دەبوو!.. جا ئەخیل لە زۆر ئەفسانەندا ناوی هاتووەو ڕەنگە گەورەترین کاراکتەری چیرۆکانی خەیاڵی بێ. بەپێی ئەفسانان، کاتێ قەدەر لە زەماوەندی داك و بابیدا ئامادە دەبێت، پێشبینی ئەوەیان بۆ دەکات کە کوڕێکیان دەبێت شەڕی تەروادە دەکات، کوڕانی تەروادەیی بە زەبری ڕم و شیری ئەو دەکوژرێن، وەکو گەڵای دار لەبەر هێرش و پەلاماری ئەودا هەڵدەوەرن!.. حەسارو قەڵای شاری تەروادە لەبەر هێرشی ئەودا خۆ ناگرن و شار دەگیرێت، بەڵام لە ئەنجامدا لە بن حەسارو دیوارەکانی تەروادەدا دەکوژرێت و گیانی لە دەست دەدات.

ئەم پێشبینییە لە هزرو بیری پەری خانم، تازە بووکدا، (تیتیس) هەر مایەوە. کە ئەخیلی بوو، لە خەمی ئەوەدا بوو چۆن جگەر گۆشەکەی لە قەدەران بپارێزێ و نەمری بۆ مسۆگەر بکات.. کە هەفتەی چوو، بردی بۆ ڕوباری پیرۆزی (ستیکس)، تا لە ئاوی ڕووباری هەڵکێشێ، چونکە هەر بەدەنێك لەو ئاوەی بەربکەوێ ئیدی نەمر دەبێت و بۆ هەتا هەتایە لە مەرگ دەخەلەسێت!.. لەوێ، لە پشتەوە هەردوو پێی منااڵەکەی گرت و لە ئاوەکەی هەڵکێشا... ئیدی بەدەنی مەناعەی دژی هەر جۆرە فەوتانێك پەیدا کرد... تەنیا پاژنەی پێی نەبێ کە بە دەستی دایکییەوە بوو، و ئاوی ڕووبارەکە تەڕی نەکرد، واتە ئەگەر مەرگ زەفەری لێ بێنێ، تەنیا لە پاژنەی پێیەوە لێی دێنێ.

کاتێ منااڵە، پارچەڵە بوو، لەسەر دەستی یەکێك لە زەبەالحەکان مەشقی شەڕو کوشتار دەکاتو مۆخی بە قوەترین شیری دڕندەی دەرخوارد دەدرێت!.. بەڵام دایکی هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەبێت و هەر چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە دەکات، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەقەومێ و سەری کوڕەکەی، ئەخیل دەخوات!.. لە ئەنجامی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە، جلی ژنانەی لەبەر دەکات و بەگەڵ کارەکەران و کەنیزەکانی دەرباری پاشایەتی دەخات!.. بەڵام ئەم فێڵە بەسەر شا (ئودیسیوس)ی بەردەبارو زەین تیژدا تێ ناپەڕێ.. ئەویش خۆی دەکات بە چەرچی و شتەکانی، لە بازنگ و مووچەوانە و گواڕە، کە خەنجەرو شمشێرێکیانیش بە فێڵ بەگەڵ دەخات، دەخاتە

بەر دەستی کارەکەرو کەنیزەکان... بەڵام ئەخیلی لاو، کە خۆی گۆڕیوەو جلی ژنانی لەبەرە، هەر کە چاوی بەخەنجەرو شمشێرەکە دەکەوێ، رەفتارێکی وەها دەکات، ئەوە دەردەخات کە شارەزای هونەرێن جەنگیە! بەو جۆرە کەشف دەبێ، ئۆدیسیوس لەگەڵ خۆیدا دەیبات تا بەشداری شەڕی تەروادە بکات، تا هیلین، شابانۆی ئەسپارتە وەربگرنەوەو تۆڵە لەوانە بکەنەوە کە رفاندوویانە!.

بەو جۆرە سوپای گریک بەرابەرایەتی ئاگامەمنون سازو تەیار بوو، بە دەریادا بەرەو کەنارێن ئاسیای بچووک – کە شاری تەروادە کەوتووەتە ئەوێندەرەوە– وەرێ بکەوێ و شەوکەتی شاری تەروادە بشکێنێ... بەڵام لەو دەمەدا کە ئەمان دەیانەوێ بکەونە رێ، دەیکات بە گێژەلوکەو باهۆزێکی ئەوتۆ نەتوانن لەجێی خۆ بجوڵێن.. گێژەلوکەو باهۆز هەر نەبڕایەوە، ئیدی ناچار بوون بچنە دەف غەیبزان و پێشگۆیان تا تەگبیرێکیان بۆ بکات و رێنوێنیان بکات کە چ بکەن تا خواوەندان رازی بکەن و ئەم غەزەبەیان لەسەر لابچێ!.. کابرای لێزان پێیان رادەگەیەنێ کەهیچ چارێکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کیژە گەورەکەی ئاگامەمنون لەسەر سەکۆی قوربانی، لە پێناوی نیشتماندا بکەنە قوربانی! ئەمە حوکمی قەدەرەو لە ئەرزی نادرێ، بۆیە بابی کڵۆڵ ناچار دەنێرێ بە شوێن ژنەکەیدا کە لەگەڵ کیژەکەیدا بێت بۆ ئەنجوومەنی راوێژکاری، بەبێ ئەوەی پێی بڵێ بۆچی بێت!..

کچ و دایک هاتن... کیژێ دەزگیرانی قارەمانی گەنج، ئەخیل بوو، کاتێ بە فتوای لێزانەکەی زانی بوو، بێهودە هەوڵی دابوو دەزگیرانەکەی لەو چارەنووسە دڵتەزێنە رزگار بکات.. بەڵام خەڵکەکە لێی هاتنە دەم و نزیکترین دۆستانی خۆی بە خیانەتی نیشتمانی تاوانباریان کرد!.. خەریک بوو شەڕێکی دژواریان لە نێواندا بقەومێ.. لێ کیژە فریاکەوت و کێشەکەی یەکلاکردەوەو هاواری لە دایکی کرد: ((دایکە، من بیرم لە کارەکە کردوەتەوە، بڕیاری خۆم داوە، بە دڵ و بەگیان، بە خوایشتی خۆم بەرەو پیری مەرگ دەچم، هەموو ترسێکم لە دڵی خۆدا سڕیوەتەوە! ترسم لە دڵی خۆدا نەهێشتووەتەوە... خواوەندان ژیانی منیان گەرەکە.. داوای خواوەندان رەت دەکرێتەوە؟!... کەواتە ژیانی من با فیدای نیشتمانەکەم بێ... هەڕنەپێش بەرەو گرتنی تەروادە... بەو جۆرە کیژی ئاگامەمنون بەرەو پیری مەرگ دەچێت... ئیدی رەوت و ئاراستەی گێژەلوکە و باهۆزەکە دەگۆڕێت، هەزار کەشتی، بەسەر نشینانی گریکییەوە، بەناو ئاوی رەشباوی بادە ئاساوە، بەرەو شەڕی تەروادە دەکەونە رێو جەنگە بەناوبانگەکەی تەروادە دەست پێدەکات!.

(١٠)

یەکێک لە لایەنە هەرە جوان‌و هونەرییەکانی ئیلیادە، بێلایەنی مامەڵەی شاعیرە دەگەڵ بابەتەکەیدا.. بەسەرهەڵدانی ئیلیادە، رەگەزی بێلایەنی نۆڕینی شاعیر بۆ مرۆڤ و ژیانی بەشەر، بە تەواوەتی و بۆ هەمیشە وەکو بنەمایەکی هونەری چەسپی... هەر شیعرێک ئەو رەگەزەی (بێلایەنی شاعیر) تیا نەبێت، لەشیعرییەت دەکەوێت‌و دەبێ بە ئامرازێکی سواو بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێکی میناکی: بانگەشە، سەرگەرمی، یان فێرکاری... بەڵام ئەگەر ئەو رەگەزەی

تیابێ. توانایەکی وەها پەیدا دەکات کە سنووری رۆژگاران ببڕێ و بگاتە هەموو شوێن و کاتێك و بە زمانی هونەر سەر لەبەری تیرەی بەشەر بدوێنێ و ئۆخژن بە ناخ و روحی ببەخشێت وەکو چۆن ئەمە لە ئیلیادەو ئۆدیسەدا خۆیایە.

بە هەر حاڵ ئیلیادە، لە زمانی ئەسڵی خۆیدا، بە شیعر هۆنراوەتەوە، شیعریش بوونەوەرو ئافەریدەیەکی هونەری گەلەك تایبەتەو رەنگە خەڵکانێکی پسپۆڕو شارەزای واری شیعر هەبن پێیان وابێ کە وەرگێڕانی شیعر، بە شیعر مەحاڵ بێ، یان ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، یەجگار سەخت و ئەستەمە و کوڕم گەرەکە کە زات بکات و خۆی لە قەرەی بدات، جا لە وەرگێڕانی شیعردا، وەرگێڕ چەند زەبەردەست و تەنانەت شاعیریش بێ، وەرگێڕانەکەی چوون دەقە ئەسڵیەکە دەرناچێت، وەکو چۆن جمکانەیەك چەندیش لێکدی بچن، هەر فەرقێکیان هەیە، ئەسڵی دەقیش لەگەڵ وەرگێڕانەکەیدا ئاوایە.

هەڵبەتە ئیلیادە بۆ سەر زۆربەی زمانە زندووەکانی دنیا وەرگێردراوەو تا ئێستاش بەردەوامە، ئەدیب و نووسەرانێکی زۆری گێتی خۆیان تیا تاقیکردۆتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕانەکان بە پەخشانە، نەك شیعر. رەنگە هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو باری سەرنجەی لەسەڕێ را ئاماژەمان بۆ کرد... بە هەرحاڵ وەرگێڕانی باشی ئەم جووتە داستانە زۆرن، بەڵام هیچ وەرگێڕانێك کامڵ و لە کەم و کوڕی بەدەر نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شکۆو جادووی ئیلیادە هەر دیارە.

هەڵبەتە پێتقیە ئەوەش بگوترێ هۆمێرۆس ئەم شیعرانەی بۆیە هۆنیوەتەوە، بە دەنگو ئاواز و مۆسیقاوە بگێڕدرێتەوە، بۆیە هەندێ دەستەواژەو رستەو پەرەگرافان، بەزەقی و لە زۆر شوێنی جووتە داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەدا بەدی دەکرێن، هەروەها هەندێ بۆشایی و دژبێژیش لێرەو لەوێ بەدی دەکرێن، کە هەر هەمووی زادەو بەرەنجامی ئەو واقیعی زارەکیەتەی داستانەکانە، رەنگە خوێنەری تازە ئەوانە بە عەیب و خەوشێك بزانێ کە لە پایەی ئیلیادەو ئۆدیسە کەم بکەنەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بەپێوەری ئەمڕۆکە، دەقی شاکارێکی ئەدەبی، بەر لە نزیکەی سی سەدە، نایەتە هەڵسەنگاندن.. بەهەرحاڵ ئیلیادە و ئۆدیسە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەفسونی خۆیان لەدەست نەداوەو خوێنەرێکی یەجگار فرەیان هەس، ئیلهامبەخشی زۆربەی شاکارە تازەکان و ئەدیبە گەورەکانی جیهانە و سیحری ئەم جووتە داستانە لەوەدایە راستەوخۆ مامەڵە لە تەك تیرەی بەشەرو تەبع و تەبیعەتی بەشەردا دەکەن، بەشەریش لە هەر سەردەم و شوێنێکدا هەر بە شەرە.

جا خوێنەری هێژا، ئەم پێشەکییە هەر چییەك و هەر چۆنێك بێ، ئەلتەرناتیڤی دەقەکە نیە، ناتوانێ هەمان سوودو لەزەتی خوێندنەوەی راستەوخۆی دەقەکەت بداتێ، بۆیە لەوەی پتر لەسەری ناڕۆم، و لە لەزەتی خوێندنەوەی دەقی ئەم داستانە ئەدەبییە نەمرە مەحرومت ناکەم، کە لە ساڵی نۆیەمی گەمارۆی تەروادە لەلایەن ئارگۆسیەکانەوە (گریکەکان) دەست پێدەکات، فەرموو ئێوەو دەقەکە....

حەمە کەریم عارف، سلێمانی
٢٠٠٨/٩/٢٤

تێبینی:
بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- هـومر، چسـپرگریفین، ترجمـه: عبدالله كوثري، **چـاپ اول: ١٣٧٦، مامۆسـتای ئـەدیب جەلال زەنگابادی ئەم سەرچاوەیەی دامێ سوپاسی دەکەم.**

٢- هـۆمیرۆس، شـاعر الالیـاده والاودیسـا، بقلـم الـدکتور عبـدالمعطي **شـعراوی، الهیئـه المصریه العامه للتالیف والنشر، ١٩٧١.**

٣- ئەلیادە و ئۆدیسە، و: شاکیر فەتاح، بەغدا، ١٩٨٣.

٤- فرهنگ اساطیر **یونان و رم، ژوئل اسمیت ترجمه: شهلا برادەران خسروشاهی، ١٣٨٣.**

٥- اساطیر **یونان، ف. ژیران، ترجمه: دکتر ابو القاسم اسماعیل پور، ١٣٨٢.**

٦- قهرمانان یونان باستان، ڤیرا سمیرنوڤا، مترجم: روحی ارباب تهران، ١٣٨٢.

٧- الالیاده: هومیروس، ترجمها عن الاصل الیونانی المقارن: امین سلامه.

٨- ایلیاد، شاهکار، هومر، ترجمه: سعید نفیسی، چاپ سوم: ١٣٨٥.

٩- هومیرۆس، الالیاده، ترجمه حنا عبود، دار الحقائق، ط١،.٢٠٠٧

١٠- ایلیاد، هومر، ترجمەی میر جلال الدین کزازی، چاپ پینجم ١٣٨٥.

١١- ئەفسانەێن گریکی و رومانی، گـریس . ھ. کوپف. و: حەمە کەریم عارف کتێبفرۆشی سۆران، چاپی یەکەم: ٢٠٠٤.

١٢- زارۆکستان، پێنج کتێب له یەك بەرگدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، و: حەمە کەریم عارف.

ناوی کاراکتەرە سەرەکییەکانی داستانی ئیلیادە

١- گروپی گریکەکان:

ئەمانە لە داستانەکەدا بە (ئاخیایی، ئارگۆسی، دانیایی)ش ناوبراون.

ئوترایدس (کوڕی ئوتریوس) :ناوی مالّباتی (ئاگامەمنوون ومینیلاوس)ە.

ئاگامەمنوون:فەرماندەی سوپای گریکە.

ئەخیل:کوڕی بیلیوسە.دایکی (تیتیس)ی ناوە، لە خواوەندان و پەرییانی دەریاییە. ئەخیل ئازاترین جەنگاوەری ئاخیاییەکانە.

ئودیسیوس (عولیس،ئولیس) : پاشای ئیتاکیایە لە یونان.

ئیدومینیوس: یەکێکە لە فەرماندەکانی ئاگامەمنوون.

مینیلاوس: (کوڕی ئوتریوس) :پاشای ئەسپارتەیە. میّردی هیلینە، برای ئاگامەمنوونە.

هیلین: کیژی زیوسە، ژنی مینیلاوس بوو، خوشکی (کلوتمنسترا)ی ژنی ئاگامەمنوونە.

٢- گروپی تەرواەییەکان:

ئەندرۆماك (ئەندرۆماخی) :ژنی هیکتۆری کوڕی پاشای تەرواەیە.

پاریس (ئەلکساندەر) :کوڕێکی دیکەی پاشای تەرواەیە.

پریام: پاشای تەرواەیە.

هیکتۆر: کوڕی پاشای تەرواەو سەرداری سوپای تەرواەیە.

٣- گروپی خواوەندان :

ئەپۆلۆ :(کوڕی زیوس)ەو لە (لیتو)یە. هەندێ جار (فویبوس ئەپۆلۆ)شی پێدەگوترێ. خواوەندی پێشبینی وشیعرو مۆسیقایە. بە تیرەندازی و دوورئەنگێوەیی بە ناوبانگە.

ئەتینا: کیژی زیوسە. خواوەندی حیکمەت و هونەرانە.

ئەریس: خواوەندی جەنگە.

ئەفرۆدێت: خواوەندی ڤیان و جوانییە.

بوسایدون (پۆسیدون) : خواوەندی دەریایە، کوڕی کرونوسە، برا بچووکی زیوسە.

تیتیس: کیژی پوسیدونە، دایکی ئەخیلە.

زیوس: سەردارو گەورەی خواوەندانە، کوڕی کرونوسە، دایکی نێوی (ریا) یە

کرونوس: بابی زیوس، پوسیدون، هادیس،وهیرایە.جاران پاشاو گەورەی ئاسمان بوو،زیوسی کوڕی دەریکردو خۆی چووە شوێنی!.

لیتو: کیژی کرونوسە، ماشوقەی زیوسە،و دایکی ئەپۆلۆیە.

هادیس: کوڕی کرونوسە،خواوەندی مردووانە، پاشاو مەزنی جیهانی ژێرینە (دۆزەخ).وەختێ لەگەڵ هەردوو براکەی تریدا (زیوسی خوای ئاسمان و پوسیدونی خوای دەریادا) گەردوونیان دابەش کرد ،جیهانی ژێرین بەر ئەو کەوت.

هیرا: خواوەندی دایکایەتی وکاری خێزڕێیە، کیژی کرونوسە، خوشك و ماشوقەی فەرمی زیوسە، وشابانۆی ئۆلیمبۆسە.

سروودی یەکەم

شەڕی نێوان ئاگامەمنون و ئەخیل

حیکایەتەکە:

گریکەکان، لە کاتی گەمارۆی شاری تەراوەدەدا، پەلاماری شارانی تەراودییەکانیان دەدا، و تالانیان دەکردو ژنیان بە دیلی دەبردن لەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکرد. بریسیسی شۆخ Briseis بەر ئەخیلی فەرماندەی مەرمیدونەکان (گریك) دەکەوێت، و کریسیس chryseisش بەر ئاگا مەمنونی سەرکردەی گشتی لەشکران دەکەوێ. لێ کریسیس، کیژی خرییس chrysesە کە فالبین و غەیبگۆی ئەپولۆی خواوەندە لە شاری خریسی chryse؛ کە بە دەست و سەربەهایەکی گەورەوە هاتووە بۆ لەشکرگەکانی گریك تا کیژەکەی وەربگرێتەوە. ئاگامەمونون بە دەستی بەتاڵ وەدەری دەنێ، و ئەویش لە ئەپولۆی خواوەند دەپارێتەوە، ئەپولۆ دوعاکەی گیرا کرد و تاعونی لەنێو لەشکرانی گریك دا بلاوکردەوە ،خەڵکێکی فرەیان لێ مرد. گریکەکان هۆی ئەم تاعونەیان نەزانی، چوون بەدووی (کالخاس)ی لێزان دا، ئەویش داوای لە ئەخیل کرد کە بییارێزێو کەس ئەزیەتی نەدات، ئەخیل بەڵێنی دایێ کە ئەوەی ئەزیەتی دەدا هێشتا لە دایك نەبووە، ئیدی لێزانەکە (عەڕاف) گوتی هۆی تاعونەکە ئەوەیە کە ئاگامەمنون کریسیسی بۆ باوکەکەی نەگێڕاوەتەوە. جا بۆ ئەوەی تاعونەکە نەمێنێ پێویستە کیژەکە بگێڕدرێتەوەو سەد گاو بزنان بکرێ بە قوربانی. ئاگامەمنون توڕە بوو و هاواری کرد "ئەی لێزانی شوم، پێشبینیەك ناکەی زیانیی منی تیا نەبێ" ناچار ملی بۆ داواکە دا، بەڵام داوای بریکاری بریسیسنی کرد، ئیدی ئەخیل شێتو هار بوو، لێ لە ئەنجامدا ملیدا تا خەڵی لەم تاعونە کوشندەیە بخەلەسێنێ. زۆری سوو خوارد و کەناری گرت و کەوتە هاوار بۆ دایکی، واتە بۆ تیەتیس (thetis) ئەو خواوەندەی نیشتەجێی ئاوە قوڵەکانی ئۆقیانووسە، ئەو دایکەی دەزانێ تەمەنی کوڕەکەی کورتە، بەرەو پیری هاتو لە حاڵی پرسی، ئەویش سکاڵای کارەکەی ئاگامەمنونی لەلا کرد، داوای لێکرد ئەم سکاڵایە بگەیەنێتە زیوس، و داوای لێبکات کە پشتیوانی لە تەروادەییەکان بکات تا بەسەر ئاخییەکاندا سەربکەون و توندترین کوشتاریان لێبکەن و لە نێوان لمەڵانی کەنارەکان و کەشتییە بلاوەکانیان لە بەندەرەکانی پشتیانەوە گەمارۆیان بدەن. پێی گوت زیوس و خواوەندان لە ئاهەنگێکی دوورن لە ئەسیوبیا، و تا دوانزە ڕۆژان ناگەڕێنەوە.

لەوکەینو بەینەدا ئاگامەمنون دوو تەتەری نارد و کیژەکەی لەمەڕ(ئاخیل)یان لە خێوەتەکەیەوە هێنا. گاڤێ زیوس گەڕایەوە، تیەتس لە جەرگەی ئۆقیانووسەوە وەدەرکەوت و چوو بۆ ئۆڵەمپ و قسەی دەگەڵ زیوس دا کرد. زیوس بەڵێنی دایێ. ئەویش گەڕایەوە. کاتێ خواوەندان کۆبوونەوە، هیرای ژنی زیۆس کەوتە دواندنی و تاوانبار کردنی بەوەی کە دژی ئاخییەکان دەوەستێ، ئەو ئاخییانەی ئەم بە بارتەقای ڕقی لە تەروادەییەکانی خۆشی دەوێن، کەوتە هەڕو گیڤ لێی، هیفستوتسی کوڕیان کە ئاسنگەرێکی مەعلان بوو کەوتە بەینەوە و بە دایکی گوت کە ئەگەر زیوسی خواوەند غەزەبی لێ بگرێ. هیچ کەسێك لە ئاسمانا زات ناکات فریای بکەوێ، بەخۆی لە بیریەتی ئەو ڕۆژەی کە هیفستوس تەدەخولی کرد چۆن لەلاقی نەوی و لە ئاسمانێڕا بەرەو دوڕگەی لیمنوس–ی تووڕداو لەنگی کرد. و داوای لە دایکی کرد کەمدارای بکات و دڵخۆشی بکات، و پەرداخێك شەرابی نکتاری دایێ، ئۆڵەمپ نقومی بادەنۆشی و خواردنەوە بوو، ئەپولۆ کەوتە ژەنینی گیتارەکەی، خواوەندانی هونەر بە نۆڕە کەوتنە ستڕین تا ئێوارە داهات، و هەر خواوەندێك چوو بۆ ئاسایشگەی خۆی، ئەو ئاسایشگانەی کە هونەرمەند هیفیستوس، ئاسنگەری خواوەند، لێهاتوانەو وەستایانە دروستی کردبوون.

کات: سروودی یەکەم ٢٢ ڕۆژ دەخایەنێ: کارەساتی تاعون نۆ ڕۆژی خایاند، کۆبوونەوەی سەرکردەکان یەك ڕۆژی خایاند، لەو ڕۆژەدا هەردوو سەرکردە ئەخیلو ئاگامەمنون بەشەڕ هاتن. مانەوەی خواوەندان لە ئەسیوبیا دوانزە ڕۆژی خایاند. و مەبەست لە کات، ماوەی گێڕانەوەکەیە.

شوێن:

ڕووداوەکانی ئەم سروودە لە لەشکرگەی گریك دا ڕوودەدەن، پاشان لە شاری خریسی کە (خرییس) ی غەیبگۆ (فاڵچی) سرووتی قوربانی بۆ ئەپولۆ سازکرد. و لە دواییدا دێتە ئۆڵەمپ، کە دایکی ئەخیل لە دەریاوە بۆ ئەوێ سەردەکەوێت، پاشان ئاهەنگی بادەنۆشی کە خواوەندان دوای ئاشتبوونەوەی زیوس و هیرا سازیان کرد، دەست پێدەکات.

(١) بستڕینە، بێژە خواوەندی شیعری جوان، لەمەڕ تووڕەبوونی ئەخیلی کوڕی بیلیوس بێژە، ئەو تووڕەبوونەی پەتای زۆری خستە نێو لەشکری ئاخییەکان. ڕوحی چەندین و چەندین جەنگاوەرانی عەگیدی ڕەوانەی هادیس، خانەی مردووان کرد، و جەستەی چەند قارەمان بوو بە خۆراکی کسوك

(٥) و دالاّن، بەمجۆرە، ویستی زیوس، سەرداری خواوەندانی ئۆڵەمپ، هاتەدی، لەو ڕۆژەوە کە شەڕ لە نێوان ئاگامەمنونی کوڕی ئەتریوس، سەرداری لەشکران، و فەرماندەی مەزن ئەخیل، هەڵگیرسا. کام خواوەند ئەو شەڕەی لە نێویاندا نایەوە؟ ئەپۆلۆی کوڕی زیوسو لیتو بوو، چونکە لە سەرداری لەشکران تووڕە بوو.

(١٠) تاعونی نارد ناو لەشکرو پەتا لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەوە، چونکە کوڕەکەی ئەتریوس، خریسیسی فاڵچیو غەیبگۆی ئەپولۆی تەوهین کردبووو نهو خریسیس هاتبووە لای کەشتی ئاخییەکان تا کیژەکەی بە زێڕ و زیوان ئازاد بکات، سەربەهایەکی مۆڵ و گەورەی لەگەڵ خۆدا

هێنا بوو: سەوڵەجان ودارعاساکەی ئەپۆلۆی بەدەستەوە گرتبوو، کە چەپکە ڕیشوی پێدا هاتبووە خوارێ،
(١٥) دەکەوێتە پاڕانەوە لە ئاخییەکان، بەتایبەتی جووتە کوڕەکەی ئەتریوس: مینیلاوس و ئاگامەمنون، کە سەردارانی لەشکرەکان بوون. هاواری کرد: "ئەی کوڕانی ئەتریوس، و هەموو ئاخییان، چەند حەز دەکەم خواوەندانی ئولەمپ بە هاناتانەوە بێن و بەسەر تەروادە، شاری پریام پاشادا سەربکەون، و بەساغ و سەلامەتی بۆ نیشتمانی خۆ بگەڕێنەوە،
(٢٠) بەڵام کیژەکەم ئازاد بکەن، و ئەم سەربەهایەم لێ قەبوڵ بکەن، لەبەر خاتری ئەپولۆی کوڕی زیوس" لەم کاتەدا هەموو ئاخییەکان بەیەک دەنگ هاواریان کرد کە ڕێزی غەیبگۆکە بگیرێت و سەربەهاکەی لێ وەربگیرێت، لێ ئاگامەمنون قابیل نەبوو،
(٢٥) بە تووڕەیی وەدەری ناو هاواری بەسەرا کرد "ئەی پیرەمێرد نامەوێ لە نێو کەشتیەکانماندا بت بینم، و جارێکی دی نەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە. نە سەوڵەجان و دار عەساکەی ئەپولۆی خواوەندت و نە تاجە بە ریشوە چەپکە گوڵ ئاساکەی دادت نادەن. کیژەکەت ئازاد ناکەم،
(٣٠) لە ماڵەکەی منداا، لە شاری ئارگوس دا، دوور لە ولاتی خۆی پیر دەبێت، سەرقاڵی تەشی ڕێسی خۆی دەبێت، و دێتە ناو جێگای منەوە، بەڕێی خۆتا بڕۆ و تووڕەم مەکە ئەگینا خراپت پێ نیشاندەدەم". کابرا لێی ترسا و بەگوێی کرد. بێ هیچ قسەیەک، ڕووی کردە کەناری دەریایی بەگێژەنگ وگێژاو و خرۆشا و
(٣٥) لەلایەکەوە کەوتە نوێژ بۆ ئەپولۆی خواوەند، ئەو ئەپۆلۆیەی لە لیتو، دایکە جوانەکەی بوو بوو. هاواری کرد "گوێ لە من بگرە ئەی خواوەندی زیوین کەوان، تۆ ئەی پاریزەری خریس و سیلای پیرۆز، ئەی فەرمانڕەوای تینیدۆس، گوێم لێبگرە ئەی خواوەندی سمیشی، بیکە بەخاتری ئەو تاجە سەرووەی پەرستگەکەتم پێ ڕازاندەوەتەوە، بیکە بەخاتری ئەو ئێسکە گاو بزنە قەڵەوانەی کە بۆم سوتاندویت، ئەم نوێژەم لێ قەبوڵ بکەو پاڕانەوەم بژنەوە، با تیرەکانت تۆڵەی فرمێسکەکانم لە دانایەکان بسەننەوە. بەو ئاوایە نوێژی کرد و ئەپۆلۆ نوێژەکەی لێ قەبوڵ کرد و بەتووڕەیی لە لوتکەی ئۆلەمپەوە دابەزی،
(٤٥) بەخۆو کەمانەکەی و تیردانەکەی سەرشانی، و زرینگەی تیرە جوانەکانی سەر پشتییەوە کە نیشانەی تووڕەیی بوو، لە دووری کەشتییەکان دانیشت، ڕوویی تاریک وەکو شەو، کەمانە زیوینەکەی لەگەڵ هەر تیرێکدا تاعون و مەرگی دەهاویشتنێ.
(٥٠) هەوەڵین تیرانی گرتە هێسترو گاکانیان، ئەوسا ڕووی تیرەکانی کردە خەڵکەکە، ئاگردانان داخرا تا هەموو ڕۆژێ سرووتی جەنازەوپرسەی کوژراوانی دەستی ئەپۆلۆ ئەنجام بدرێت. نۆ ڕۆژی خشت خەڵکی بەر تیران دا، بەڵام لە ڕۆژی دەیەمدا ئەخیل کۆبوونەوەی پێکردن.
(٥٥) هیرای خواوەند، ژنی زیوس بۆ ئەمەی هاندا بوو، کە بینی بووی ئاخییەکان چ قوربانییەکیان داوە، بەزەیی پێیاندا هاتبووەوە. کاتێ هەموویان خڕبوونەوە ئەخیل هەستاو گوتی: "کوڕی ئەتریوس، بە پێویستی دەزانم هەر ئێستا.

(٦٠) بۆ ولاتی خۆ بگەڕێینەوە مادامێکی لە وێرانی رزگار بووین، چونکە ئێمە کەوتینە نێوان جەنگ‌و پەتاوە. با راوێژ بە غەیبگۆیەك یان لێزانێك، یان لێکدەرەوەیەکی خەونان بکەین (خۆ خەونانیش هەر لەلایەن زیوسی گەورەی خواوەندانەوەیە)و پێمان بڵێ بۆچی ئەپۆلۆی خوای هەتاو لێمان تووڕە بووە، و پێمان بڵێ

(٦٥) ئاخۆ قەراری نەزرێك هەیەو فەرامۆشمان کردبێ، یان قەولی قوربانیەکی سەد گایی دراوەو نەمانکردبێ، و یان قایل دەبێ پەزەکانمان بەسەلامەتی دەرباز بکەین، و ئەم پەتایەمان لەسەر هەڵگرێ." ئەم قسانەی کرد و لە جێی خوێ دانیشتەوە، کالخاس–ی کوڕی تیستور، باشترین غەیبگۆو فاڵبین،

(٧٠) کە ئەوەی چوو بوو، ئەوەی لە ئێستادا هەبوو، و ئەوەی لە ئایندەدا دەبوو هەمووی دەزانی، هەستاو کەوتە قسان. کالخاس ئاخییەکانی بە کەشتییەکانیانەوە بەرەو ئیلیون (تەروادە) ڕێنوێنی کردبوو، هەڵبەتە بەزەبری ئەو پێشبینیانەوە کە ئەپۆلۆی خواوەندی هەتاو ئیلهامبەخشی بوو، بە هەموو ویقار و سامێکەوە پێی گوتن: "ئەی ئەخیل، ئەی ئەو کەسەی ئاسمان خۆشی دەوێی، داوات لێکردم هۆی

(٧٥) تووڕەبوونی ئەپۆلۆ، ئیزەد پاشات بۆ ڕوونبکەمەوە، ئەمەت بۆ دەکەم، بەڵام بەر لەوەی قسە بکەم سوێندم بۆ بخۆ کە بە قسەو بە کردار دڵسۆزانە پشتیوانیم لێبکەی، چونکە دەزانم من کەسێك دەهاڕوژێنم کە بەهێز حوکمی گریکان دەکات، و ئاخییەکان گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەون

(٨٠) پیاوێکی روتە خۆی لەبەر غەزەبی پاشادا پێ ناگیرێ، پاشایەك ئەگەر ئێستاش پەشم و غەزەبی خۆی قووتبداتەوە، هەر تۆڵەی لێدەکاتەوە. بۆیە لە ئێستاوە پێم بڵێ جەناب، دەمپارێزیت یان نا" ئەخیل وەڵامی دایەوە:

(٨٥) ترست نەبێ، قسەی خۆت بکە وەکو چۆن لە ئاسمانەوە بۆت هاتۆتە خوارێ، کالخاس، بە و ئەپۆلۆیەی، کە نوێژی بۆ دەکەی، بەو خوایەی سەرۆ و سروشی ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، سوێندت بۆ دەخۆم، کە هیچ کەسێك لە داناییەکانی نێو کەشتییەکانمان، تا من لەم دنیایە بمێنم دەستی ئازارت بۆ نەبات–

(٩٠) تەنانەت ئاگامەمنونی سەرداری هەموو ئاخییەکانیش". ئیدی غەیبگۆیەکە زاتی پەیداکرد، و گوتی: "خواوەند لە نەکردنی نەزر و نیاز و قوربانیان تووڕە نییە، بەڵکو لەبەر ئەو کاهینەی، کە ئاگامەمنون سوکایەتی پێکردووە، تووڕەیە،

(٩٥) چونکە نە کیژەکەی ئازاد کرد و نە سەربەهاکەی لێوەگرت، بۆیە بەڵاو مسیبەتانی بۆ ناردین، و بەڵای دیکەش دەنێرێت. ئەم تاعون و پەتایە لەسەر داناییەکان هەڵناگرێت تا ئاگامەمنون بێ هیچ سات‌و سەودا و سەر بەهایەك کیژێ بۆ بابی نەگێڕێتەوە، و تا سەد سەرگا

(١٠٠) بۆ خریسی، لە نزیکی تەروادەدا نەکرێتە قوربانی.

ڕەنگە بەم ڕێگەیە دڵی نەرم بکەین" ئەو قسەیەی کرد‌و دانیشت، ئاگامەمنون بە تووڕەیی هەستا. دڵی ڕەش بوو، پڕ بوو لە تووڕەیی، چاوانی ئاگریان لێدەبووەوە.

(١٠٥) گرژومۆن دەیڕوانییە کالخاس، و گوتی: "ئەی فالچی شووم، ئەی ئەو کەسەی تەنیا پێشبینی شتێك دەکەی کە بە زیانی من بێ، هەرگیز پێشبینی شتێکی جوانت بۆ من نەکردووە، هەمیشە پێشبینی شتی شومو شڕندەم بۆ دەکەیت، تۆ نەك دڵی منت خۆش نەکردووە، ئەوەتا هاتوی لەنێو داناییەکاندا پێشبینی دەکەیتو دەڵێیت

(١١٠) ئەپولۆ بۆیە تاعونی بۆ نازڵ کردوین چونکە من سەربەهای ئەم کچەی خریسیس–م وەرنەگرتووە. من لێڕام لە ماڵی خۆمدا گلی بدەمەوە، چونکە لە کیلیتمنستڕای خێزانم، زیاترم خۆش دەوێ کە هاوتای ئەوە،

(١١٥) لە شێوەو سوخەتان، لە فامیدەیی و کاردا. بەڵام بەنیازم ئەگەر لەم پەتاو بەڵایە ڕزگار بم، ئازادی بکەم، چونکە سوورم لەسەر ئەوەی ئەم خەڵکە بژی و بمێنێ، بەڵام دەبێ لەبری ئەو دیاری و دەسکەوتێکی دیکەم بۆ پەیدا بکەن، دەنا لە نێو هەموو ئارگوسییەکاندا تەنیا من بێ دیاریی و خەڵات و دەسکەوت دەبم و ئەمەش ڕەوا نییە؛

(١٢٠) چونکە هەمووتاان دەزانن، کە دەسکەوتەکەی من لێم دوور دەکەوێتەوەو بۆ شوێنێکی دیکە دەچێت". ئەخیل وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی ئوتریوسی خانەدان، تەماعی تۆ لەسەرووی تەماعی بەشەرانەوەیە، ئاخییەکان چۆن دکارن خەڵات و دیارییەکی دیکەت بۆ پەیدا بکەن؟ ئێمە عەمارمان نییە تا لەوێندەرەوە خەڵات و دیاریت بۆ بێنین.

(١٢٥) ئەوانەمان لەشارە گەمارۆدراوەکانەوە بەناوی پاداشت وەرگرتوون، ناتوانین ئەو پاداشتانە ڕەفز بکەین کە پێشکەشمان کراوە. کەواتە، ئەم کیژە بەخوا ببەخشە، ئەگەر زیوس دەستی داین و شاری تەراوادەمان گرت، سێ قاتو چوار قات تۆڵەت بۆ دەکەینەوە.

(١٣٠) ئاگامەمنون لەم کاتەدا هەڵیدایێ: "ئەخیل، چەند ئازا بی، لە هۆش و بیرا نامگەیەتێ، بە بیانوان قەناعەتم پێ ناکەی. گەرەکتە تۆ دەسکەوت و خەڵاتی خۆت هەبێ و من بەدەستی بەتاڵ دانیشم و لەسەر داوای تۆ دەستبەرداری کیژەکە ببم؟

(١٣٥) بە ئاخییەکان بڵێ لە جیاتی خەڵاتە خۆشەویستەکەم، خەڵاتێکی دیکەم بۆ پەیدا بکەن، دەنا خەڵاتەکەی تۆ بۆ خۆم دەبەم، یان خەڵاتەکەی ئاجاکس یان ئەوەی ئودیسیوس، یان هی هەر کەسێکی دی، و ژێوان نابمەوە.

(١٤٠) با دوایی بیر لەمە بکەینەوە، باجارێ کەشتییەك بە دەریاوانەکانیەوە بۆ دەریا ڕەوان بکەین، و ئاگردانێکی بەشی سەد سەرگای لەسەر دابنەین، و کریسیس–ش ڕەوانە بکەین، هەنگێ لە نێو خۆمانا فەرماندەیەکی بۆ هەڵبژێرین،

(١٤٥) ئیدی ئاجاکس بێ یا ئیدومینیوس یان تۆ بەخۆت بی کوڕی بیلیوس، هەر تۆ قارەمانی بەسامی، قوربانییەکە پێشکەش دەکەینو غەزەبی خواوەند دادەمرکێنینەوە)). ئەخیل لێی هاتە دەمو وەڵامی دایەوە: "زۆری لەسەر ڕۆییشتیو هەر چاوت لە دەسکەوتە.

(١٥٠) بە چ غیرەتێکەوە ئەمر بە ئاخییەکان دەکەی، ئیدی ئەمری غەزو کردن بێ یان ئەمری جەنگی کراوە؟ من لێرەدا کە دەجەنگم لەبەرئەوە نییە تەروادەییەکان بەرپرسن لەو خەتاو

هەڵەیەی پێمەوە لکاوە. من دژمنایەتیم لەگەڵ کەسیاندا نییە. نە پەزیان دزیومو نە گەلە ئەسپیان داگیرکردوم،
(١٥٥) بەروبومی دەشتی بەپیتی بیتیا–یان نەبردوم، مەودایەکی زۆر لەنێوان منو ئەواندا هەیە، دەریایەك لە چیاو لمەڵان. ئێمە دوای تۆ کەوتووین، ئەی سەروەری تەوهینو سوکایەتی! لە پێناوی شادی تۆدا هاتووین نەك شای خۆمان– ئێمە بۆ پشتیوانی تۆ و تۆڵە لە تەروادەییەکان هاتین بەهۆی خودی عەیبدارتەوەو بەهۆی مینیلاوس–ەوە کە هیلینی ژنی ڕفێنراوە.
(١٦٠) ئەمەت لە بیرکرد، و هەڕەشەی ئەوەت کرد کە ئەو دیارییەم لێ بدزیت کە شایانی منە، ئەوەی کوڕانی ئاخیایی دایانمێ. ئاخییەکان هیچ دیارییەکیان لەو شارانەی کە گەمارۆمان دان لە چاو دیارییەکانی تۆدابەمن نەداوە،
(١٦٥) هەرچەندۆستانی من لە ریزی پێشەوەی شەڕدا بوون. کەچی کاتێ دەستکەوتان دابەش کران بەشی هەرە گەورە هی تۆ بوو، کەواتە من دەبێ بۆلای کەشتییەکانم بگەڕێمەوە، ئەوەی بەخۆم بەدەستم هێناوە بیبەم، کە کاری خۆم ئەنجام دەدەم لە سوپاس زیاتریان لێ نابینم. بۆیە دەبێ هەر ئێستا بۆ بیتیا بگەڕێمەوە، بۆ من باشترە.
(١٧٠) لەگەڵ کەشتییەکانما بگەڕێمەوە، من لێرە بەبێ ڕێزی دانانیشم کە زێڕو کاڵا بۆ تۆ کۆبکەمەوە. ئاگامەمنون وەڵامی دایەوە: "ئەگەر حەز دەکەی خێراکە، خۆ قوربانیت بۆ ناکەم تا لێرە بمێنییەوە. خەڵکانی ترم لێرە هەن.
(١٧٥) ڕێزم دەگرن، و لەسەرویانەوە زیوسی خودانی ئەنجومەنی خواوەندان. هیچ پاشایەك لێرەدا بەقەد تۆ نام بوغزێنێ، تۆ کەسێکی ناساز و شەڕانی و مگێز نەخۆشیت. ئێ چییە کە ئازایت؟ ئاسمان ئازای نەکردویت؟ بڕۆ بۆ ولاتی خۆت، بە کەشتی و هاوڕێکانتەوە بڕۆ.
(١٨٠) لەوێ حوکمڕانی میرمیدۆنەکان بکە. من گوێ بە تۆ و توڕەبوونی تۆ نادەم، بڕیارێکەو داومە: مادامێکی ئەپولۆی خواوەندی هەتاو کریسیس لە من دەسەنێتەوە، بە کەشتییەکەی خۆم و پیاوەکانما دەینێرمەوە، بەڵام بەخۆم دێم بۆ سەرا پەردەکەی تۆ.
(١٨٥) و خەڵاتە جوانەکەت ،پریسیس، لێ دەبەم، تا بزانی چەند لە تۆ بەسامترم، و ئەوانی تریش بترسن و خۆیان بەهاوتاو هاوسەنگی من نەزانن". کوڕی بیلیوس هەستی بەتوڕەیی کرد، هەستی کرد کەدڵی لە سینەیەوە دەرپەڕی.
(١٩٠) تیاما بوو ئایا هەڵکێشێتە شمشێر یان نا، کوڕەکەی ئەتریوس بکوژێ یان جڵەوی توڕەییەکەی بگرێ، لەم کاتەدا ئەتینا
(١٩٥) لە ئاسمانەوە دابەزی (هیرای ژنی زیوس ناردبووی چونکە هەردوو پاڵەوانەکەی: ئەخیل و ئاگامەمنون–ی بەیەك ئەندازە خۆشدەویست) ئەتینا لە پشتەوە قژە زەردەکەی کوڕی بیلیوس–ی ڕاکێشا، جگە لەو کەسی تر نەی بینی، پیاوەکانی دیکە نەیانبینی. ئەخیل سەرسام بوو، بەگڕی چاوەکانیا زانی ئەمە خواوەند
(٢٠٠) ئەتینایە گوتی: "بۆچی لێرەی ئەی کیژی زیوس، ئەی هەڵگری قەڵغانی زیوس؟ تاگو ساخیو غروری ئاگامەمنونی کوڕی ئەتریوس بدینی؟ دەبا منیش پێت بڵێم– کە بە ئەکیدی

(٢٠٥) گیانی خۆی لە پێناوی ئەم خۆپەسندییەدا دادەنێت".
ئەتینا گوتی: "لە ئاسمانێرا هاتووم، گوێ لە من بگرەو ڕقەکەت بخۆوە، هیرا ناردومی، هیرا بەیەک ئەندازە بایەخ بە تۆو بە ئاگامەمنون دەدات.
(٢١٠) کەواتە دەستبەرداری ئەم شەڕە ببە، شمشێر هەڵمەکێشە، بەڵکو حەز دەکەی بیبێزرێنە، بێزرانەکەت بێ سوود نابێ، چونکە من پێت دەڵێم- ئەوەی پێتی دەڵێم بێگومان دێتەدی- تۆ پاشان بەهۆی ئەم بێزکاڵیەوە کە ئاراستەی کردی سێ هێندەی ئەو دیاری و خەڵاتت پێ دەبڕێت، کەواتە دەستبەردار و گوێڕایەڵ بە."
(٢١٥) ئەخیل وەڵامی دایەوە: " خوداوەندا، پیاو چەندیش توڕەبێ، دەبێ گوێڕایەڵی داوای تۆ بێ. ئەمە باشترە، چونکە خواوەند هەمیشە نوێژی ئەوانە قەبوڵ دەکەن کە تاعەتیان دەکەن". دەستی لەسەر دەسکی زیوینی شمشێرەکەی ڕاگرت.
(٢٢٠) ئەوسا وەکو چۆن ئەتینا ئەمری پێکرد خستییەوە ناو کێلانەکەی و هەنگێ گەڕایەوە بۆ ئۆڵەمپ و بۆ لای خواوەندەکانی تر و بە قەڵغانەکەی بابیەوە خۆی بە ماڵی زیوس-ی بابیا کرد. بەڵام کوڕەکەی بیلیوس جارێکی دی کەوتەوە قسەی سارد و سووک بەکوڕی ئەتریوس، چونکە هێشتا ڕق و توڕەیی بەری نەدابوو.
(٢٢٥) هاواری کرد: "تۆ ئەی عەرەقخۆر، ئەی ئەوەی چاوەت لە چاوەی سەگ و دڵت لە دڵی ئاسک دەچێت، تۆ نەزاتی ئەوەت هەیە لەگەڵ لەشکرا بچیتە جەنگ، نە لەگەڵ جەنگاوەرە دلێرەکانماندا کەمین بۆ دوژمن بنەیتەوە. تۆ خۆت لەمە دەدزییەوە وەکو چۆن خۆت لە مردن دەدزییەوە. تۆ تەنیا لەوە دەگەڕێی
(٢٣٠) کە خەڵاتی هەر جەنگاوەرێک کە لە گەڵتا ناسازە بدزی. تۆ گەلی خۆت دەخۆیت، چونکە پاشای گەلێکی لاوازی، دەنا، ئەی کوڕی ئەتریوس، سوکایەتیت بەپیاو نەدەکرد. بۆیە دەڵێم، گەورەترین سوێند دەخۆم- نەخێر، بەم دارعەسایەم کە نە گەڵایەک و نە شکۆفەیەک،
(٢٣٥) و نە چرۆیەکی تازەی دەرکردووە لەو ڕۆژەوە کە لە دارێکی سەرچیا کراوەتەوە، چونکە تەورەکە لە گەڵا و تۆێکلانی ڕوتەڵ کردەوە، و نهۆ ڕۆڵەی ئاخییەکان وەکو فەرمانڕەوا و پاسەوانانی یاساێن ئاسمان هەڵیدەگرن- لە ناخی دڵەوە سوێند دەخۆم
(٢٤٠) کە بە تاسەوە لە ئەخیل دەگەڕێن و نایدۆزنەوە. لە ڕۆژی خەمباریتا، ڕۆژێ کە جەنگاوەران بەدەستی هیکتۆری مەردم کوژی، کوڕی پریام دەکوژرێن، و تۆش وێڵ و سەرگەردان دەسوڕێیتەوە و نازانی چۆن یارمەتیان بدەی، ئازارێکی توڕەی دەرونی دڵت دەگرێت، چونکە سوکایەتیت بە باشترین کەسی ئاخییەکان کردووە".
(٢٤٥) کوڕی بیلیوس بەو جۆرە قسەکەی تەواو کرد و دارعەسا زێڕینەکەی نایە سەر زەوی و لە جێی خۆی دانیشتەوە. کەچی کوڕەکەی ئوتریوس لەو بەرەوە لە جێی خۆی کەوتە هەستان. هەنگێ نەستوری شیرین زمان، وتەبێژ بە ناوی بیلیانییەکانەوە هەستا، واژەو پەیڤان شیرینتر لە هەنگوین لە زارییەوە دەڕژان.

(٢٥٠) دوو نەوە لە جەنگاوەران لە بیلوس لەدایك بوون و پەروەردە بوون و حوكمی ئەویان دیتوە، ئەمێستا حوكمی نەوەی سێیەم دەكات. بۆیە بە دڵێكی پاك و بێگەردەوە پێی گوتن: "ئەوی راستی بێ كۆستێكی گران بەسەر خاكی ئاخییەكاندا هاتووە.

(٢٥٥) بێگومان پریامو كوڕەكانی خۆشحاڵ دەبن، تەروادەییەكان ئەگەر ئەم شەڕەی نێوان جووتە قارەمان بژنەون زۆر خۆشحاڵ دەبن، ئەم جووتەی كە لە دلاوەری و راوێژكاریدا لە نێو جەنگاوەرەكانمانا بێ وێنەن. من لە هەردوكتان گەورەترم، بۆیە لە سەرتانە بەگوێم بكەن.

(٢٦٠) وێڕای ئەوەی كە من دۆستی پیاوانی لە ئێوە بەهێزتر بووم و لە قسەم دەرنەچوون. من ئێستا شەرم دەكەم سەیری پیاوانی وەكو بیرتیوس‌و دەریاس–ی پاشای جەنگاوەران بكەم، یان پیاوانی وەكو ئیكسادیوس‌و پولیفیموس–ی نیمچە خواوەند،

(٢٦٥) وتیسیوسی كوڕی ئیگوس كە وەكو خواوەندان نەمر بوون. ئەوانە بەهێزترین پیاوان بوون كە لەسەر ڕووی زەوی لە دایك بوو بوون: زۆر بەهێز بوون، كاتێ شەڕی تیرە هۆڤییە چیاییەكانیان كرد بەسەریاندا زاڵ بوون. لە بیلوسەوە لە دووری دوورەوە هاتم، و دامە پاڵیان،

(٢٧٠) چونكە داوایان لێكردم بدەمە پاڵیان، وەكو پێویست جەنگیم. لە نێو زیندووانی ئەمڕۆدا كەسێك نیە هاوتایان بكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گوێیان لە قسەكانم دەگرت، قەناعەتیان بە تەگبیرەكانم دەكرد. ئێوەش واهی بن لەگەڵ خۆتاندا چونكە ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەكی شایستەو دروستە،

(٢٧٥) بۆیە، ئەی ئاگامەمنون، پایەت هەرچییەكە، ئەو كێژە مەبە، چونكە ئاخییەكان بە ئەخیلیان بەخشیوە، تۆش ئەی ئەخیل، لە بیری ئەوەدا نەبی بەگژ پاشادا بچی، چونكە هیچ كەسێك لەوانەی زیوس دارعەسای فەرمانڕەوایی پێ بەخشیون لە ئاگامەمنون سەرفرازتر نین.

(٢٨٠) تۆ ئەگەر لەو بەهێزتری، دایكت ئیزەد خانمە، بەڵام ئاگامەمنون لە تۆ بەسامترە، چونكە حوكمی ڕەعیەتێكی فرەتر لە ڕەعیەتەكەی تۆ دەكات. جا تۆ ئەی كوڕی ئوتریوس، پشم و غەزەبی خۆت جڵەو بكە، تكات لێدەكەم، سنوریێك بۆ ئەم شەڕە لەگەڵ ئەخییل دا، دابنە، چونكە ئەخیل لە شەڕدا قەڵایەكی بەهێزە بۆ ئاخییەكان".

(٢٨٥) ئاگامەمنون وەڵامی دایەوە: "جەنابی پیر، هەموو ئەوەی گوتت دروستە، بەڵام ئەم پیاوە دەخوازێت ببێ بە فەرماندە و سەردارمان: سورە لەسەر ئەوەی كە فەرماندەی هەموان بێ، پاشای هەموان و سەروەری هەموان بێ،و زەحمەتە ئەمە بێتە دی.

(٢٩٠) من دان بەوەدا دەنەم كە خواوەندن كردویانە بە جەنگاوەرێكی گەورە، بەڵام ئاخۆ ئەو هەقەیان داوەتێ كە جنێوان بدات؟" ئەخیل لەلای خۆیەوە هاواری كرد: خوێڕی و ترسنۆكم ئەگەر هەموو شتەكانت بۆ بسەلمێنم

(٢٩٥) ئەم فرمانانە بە خەڵكانی دی بدە، نەك بە من، لە ئێستا بەدواوە بە فەرمانی تۆ ناكەم. بەڵام قسەیەكی ترم هەیە –ئەم قسەیەم بخە قوڵایی دڵتەوە– نە جەنگی تۆ و نە جەنگی هیچ كەسێكی دی لە سەر ئەم كێژە ناكەم، چونكە تۆ بەخۆت پێشكەشت كردم، و ئەوەتا هەر بە خۆت لێمی دەسەنییەوە.

(٣٠٠) بەڵام هەرگیز ناتوانی بە تۆبزی هیچ شتێك لەو شتانەی سەر کەشتی یەکەم داگیر بکەی. ئەگەر ئازای هەوڵبدە ئەمە لەبەرچاوی خەڵکی بکە. بزانە شمشێرەکەم لە خوێنتا هەڵدەکێشم یا نا". هەردوو قارەمان پاش ئەوەی شەرە قسەیان گەییە ئەم ڕادەیە

(٣٠٥) هەستان، کۆبوونەوەکەیان کە لای گەلە کەشتی ئاخییەکان بەسترابوو، هەڵوەشاندەوە کوڕەکەی بیلیوس لەگەڵ کوڕی مینویتیوس و یاوەرەکانیا بۆ لای ئۆردوگا و کەشتییەکانی گەڕایەوە، کەچی ئاگامەمنون فرمانیدا کەشتییەکەی بخەنە دەریاەوەو بیست سەوڵ لێدەری بۆ هەڵبژارد.

(٣١٠) کریسیسی سەرخستە سەر کەشتییەکەو سەدگای بۆ خودا کردە قوربانی. ئودیسیوس بوو بە فەرماندە، ئەمانە بەڕێگەی دەریایی خۆیاندا کەوتنە ڕێ. کوڕی ئوتریوس فەرمانی بە جەنگاوەرەکان دا خۆیان پاك بکەنەوە، خۆیان پاك کردەوە و پیسییەکانیان تووڕایە دەریاوە.

(٣١٥) ئەوجا سەد سەرگا و بزنیان کردە قوربانی و پیسییەکانیان تووڕایە دەریاوە، دووکەڵی قوربانییەکەیان بە پێچ و دەورە بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە. بەو ئاوایە لە ناوەندی لەشکردا خۆیان مژول کرد. لێ ئاگامەمنون هەڕەشەکەی ئەخیلی لە بیر نەکردبوو،

(٣٢٠) هەردوك تالتیبیوس و یوریباتیس–ی تەتەر و هاوڕێی دڵسۆزی خۆی بانگ کردن. پێی گوتن: "بچن بۆ خێوەتەکەی ئەخیلی کوڕی بیلیوس و بریسیس هەڵگرن و بۆ ئێرەی بێنن، ئەگەر ئەخیل ملی نەداو تەسلیمی نەکرد ئەوا بەخۆم

(٣٢٥) لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دێم و لێ دەستێنم– ئەم کارە پتر ئازاری دەدات". یەکسەر ناردنی، و دەست بەجێ کەوتە تاسەیان، هەردووکیان بەخەمینی و بەدەم بڕینی ڕێگەی کەناری دەریاوە لە ئۆردوگا و گەلە کەشتی میرمیدونەکان نزیك بوونەوە. سەیریان کرد ئەخیل لە نزیکی خێوەت و کەشتییەکەی خۆی دانیشتووە،

(٣٣٠) بەدیتنیان خۆشحاڵ نەبوو. بەترس و ڕێزەوە لە بەردەمیا وەستان و هیچ قسەیەکیان نەکرد، بەڵام ئەخیل پەی بە حاڵیان برد و گوتی: "سڵاو ئەی نێردراوان، ئەی پەیامبەرانی خواوەندان و بەشەران،

(٣٣٥) وەرنە پێشەوە، شەڕی من لەگەڵ ئێوەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئاگامەمنون دایە کە ئێوەی ناردووە تا بریسیس لەگەڵ خۆتانا بەرن. کەواتە جەنابی پاتروکلوس، ئەی هاوڕێ و دۆستی ئازیز کیژەکە بێنەو بیدە دەستیان، بەڵام ئێوە لە حوزوری خواوەندانی موبارەك و بەشەردا شایەتیم بۆ بدەن،

(٣٤٠) لە بەردەم تووڕەیی ئاگامەمنون دا شایەتیم بۆ بدەن، کە من ناچار نابم خەڵکی لە تەنگانە و مااڵوێرانی ڕزگار بکەم، و ڕۆژێ دێ هانام بۆ دێنن و نامبینن. ئاگامەمنون شێت و شێر بووە، حیسابی ئەوەی نەکردووە کە ئاخییەکان ناچاری جەنگ دەبن تا بەرگری لە سەلامەتی کەشتییەکانیان بکەن".

(٣٤٥) باتروکلۆس فەرمانی فەرماندە ئازیزەکەی بەجێ هێنا. بریسیسی لە خێوەتەکەوە هێنا و دایە دەست دوو تەتەرەکە، ئەوانیش لەگەڵ خۆدا بۆلای کەشتی ئاخییەکانیان برد–و کیژە ناچار کرا کە سەربکەوێ. هەنگێ ئەخیل بەتاقی تەنیا چوو

(٣٥٠) بۆ کەناری دەریای کەفچەڕیوو، چاوی بڕییە شەپۆلانی بێ کۆتایی دەریا، هەردوو دەستی بە پارانەوە بۆ دایکە نەمرەکەی هەڵبڕی، هاواری کرد: "دایکە تۆ کە منت هێناوەتە دنیا، لێم گەڕێ با بژیم، ئەگەر ژیانێکی کورتیش بێ، بێگومان زیوسی سەرداری خواوەندان، کە لە ئۆڵەمپەوە هەورە تریشقان دەنێرێ، ئەویش ڕێزی لێناوم، بەڵام

(٣٥٥) ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس سوکایەتی پێکردوم، بەزۆر خەڵاتەکەی لێ سەندوم." بەم شێوەیەو بەدەنگی بەرز گریا. دایکی لە بنەبانی دەریاوە کە خەریکی بابە پیرەکەی خۆی بوو، گوێی لە دەنگی بوو. لە جەرگەی شەپۆلانەوە، وەکو پەڵە هەورێکی چڵکن وەدەرکەوت،

(٣٦٠) و لە بەردەمیا دانیشت، ئەویش بەپێوە وەستابوو و دەگریا، ئەوسا لە هەمێزی گرت، و گوتی: "بۆچی دەگریت کوڕی خۆم؟ چ شتێ خەمباری کردووی؟ ڕێك و ڕەوان قسە بکە. هیچ شتێکی دڵت مەشارەوە، تا بە هەردووکمان چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە" ئەخیل هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:

(٣٦٥) تۆ بە خۆت خەمەکە دەزانی، ئیدی بۆچی شتێکت پێ بڵێم کە خۆت پێشوەختە دەیزانی؟ چووین بۆ شاری تیبەی ئیتیونی سەخت و قایم، وێرانمان کرد و بەتالانی و دەسکەوتانەوە هاتینەوە. کوڕانی ئاخایی ئەم دەسکەوتانەیان لە بەینی خۆیاندا دابەش کرد، کریسیس–یان بە ئاگامەمنون پێشکەش کرد؛

(٣٧٠) لێ خریسیس–ی کاهینی ئەپولۆ، خۆی گەیاندە گەلە کەشتی ئاخییان تا کیژەکەی ئازاد بکات، سەربەهایەکی گەورەو زۆری لەگەڵ خۆدا هێنابوو: ئەمە جگە لەوەی دارعەسا زێڕین و تاجەکەی ئەپولۆشی بەدەستەوە بوو، و کەوتە پارانەوە لە ئاخییەکان،

(٣٧٥) بەتایبەتی لە مینیلاوس و ئاگامەمنون، کوڕانی ئەتریوس، کە سەرداری ئاخییەکانن. کە ئاخییەکان گوێیان لە داواکەی بوو و بەیەك دەنگ داوایان کرد ڕێز و حورمەتی کاهینەکە بگرن، و ئەو سەربەهایەی لێ وەربگرن کە هێناویەتی؛ لێ ئاگامەمنون لێی توڕە بوو، وەدەری نا.

(٣٨٠) پیرەی زویر ڕێو ڕێ گەڕایەوە، ئەپولۆی خواوەند کە زۆری خۆش دەویست، دوعا و پارانەوەکەی قەبوڵ کرد. هەنگێ ئەپولۆ تیرە کوشندەکان بۆ ئارگوسییەکان نارد، خەڵکەکە بڕ بڕ مردن، چونکە تیرەکان لە هەموو شوێنێکەوە بەسەر لەشکری ئاخییەکاندا دادەبارین. ئەنجام فاڵچی و لێزانێك هات

(٣٨٥) بەو حوکمەی خواستی خواوەندان دەزانێ، مەبەست و خواستی ئەپولۆی بۆ ڕوونکردینەوە، و من یەکەم کەس بووم ووتم دەبێ ئەپولۆ ڕازی بکەین. لێ کوڕی ئوتریوس توڕە بوو، و هەستاو کەوتە هەڕو گیڤ و هەڕەشەکەی خۆی بردە سەر. ئەوەتا ئاخییەکان کیژێ لە کەشتییەکدا دەبەن

(٣٩٠) بـۆ خریسـی، و دیـاری و قوربـانی بـۆ خواوەنـد دەنێـرن، لێ دوو تەتەرەکـە هـەر ئێسـتا بریسیس–یـان لێ سەندم، جا ئەگـەر دەتـوانی فریـای کوڕەکـەت بکـەوە، بچـۆ بـۆ ئۆڵـەمپ، ئەگـەر بەقسە بووە یان بە کردەوە دڵی زیـوس بەدەست بێنـە، لەبـەری بپـارێوە و داوای یارمـەتی لێبکـە. زۆرجار لە ماڵی بابمدا گوێم لێت بووە شانازیت بەوە کردووە کـە تـەنیا تـۆ لـەنێو نەمراندا کـوڕی کرونوس–ت لە مردن رزگار کردووە، پاش ئەوەی ئەوانی دی

(٤٠٠) لەگـەڵ هـیرا و بوسـیدون و ئـەتینا پالاسـدا ویسـتویانە کـۆت و بەنـدی بکـەن. تـۆ ئـەی یـەزدانخانم رزگـارت کـرد، چـونکە لەبـەر ئۆڵـەمپی زەبـەلاحی پـەنجا سـەر و سـەد بـازوو کـە خواوەندان (بریاروس) ی پێ دەڵێن، واتە "بەهێز"و بەشـەران (ئیجیـون)ی پـێ دەڵـێن، چـونکە لە بابی بەهێزترە، پاڕایتەوە؛

(٤٠٥) و کاتێ لایەنی زیوسی کوڕی کرونوسی گرت، خواوەندەکانی دی ترسان کـۆتو زنجیری بکـەن. کەواتـە بچـۆ بـۆڵای، و هـەموو ئەمـەی بـیر بخـەرەوە و دەسـەوداوێنی بـە، داوای لێبکـە کۆمـەکی تەروادەیـەکان بکات، تـا ئاخییـەکان بخزێننـە پاشـەڵی کەشتیەکانیانەوە، و لـە کـەناری دەریادا بمرن،

(٤١٠) تا ئەوە بدورنەوە کە پاشاکەیانی شادو دڵخۆش دەکرد، و تا ئاگامەمنون لەو سوکایەتییە ژێوان ببێتەوە کـە ئاراستەی دلێرترین ئاخیـانی کـرد".(تیتیس)ی دایکـی بـە گریانـەوە وەڵامـی دایەوە: "زۆر بەداخەوەم کوڕی خۆم لەوەی کە هێنامیتە دنیاوە و بەخێوم کردی.

(٤١٥) دەبوایـە تـۆ دوور لـە خـەم و پـەژارە لـە پـاڵ کەشتیەکانتا بمایتایـەوە، چـونکە تەمـەنی تـۆ کورتە، بەداخەوەم لەوەی کە تەمەنێکی کورت و خەمێکی دوور و درێژ لـە ژیانتا بەسـەر دەبـەی: من خەمباری ئەو ساتەم کە تۆم تیا فرێدایە ئەم جیهانە؛

(٤٢٠) لەگـەڵ ئەمەشـا دەچـم بـۆ ئۆڵـەمپ، ئۆڵـەمپی سـەر بـە بـەفر، و ئـەم چیرۆکە بـۆ زیـوس دەگێڕمـەوە، بـزانم داخـوا دوعـام قـەبوڵ دەکـات: جـا لـەم کاتـەدا تـۆ لـە شـوێنی خـۆت، لای کەشتییەکانت بمێنە، رق و کینەت دەرهەق بە ئاخییـەکان جڵـەو بکـە، خـۆت لـە شـەڕ دوور بگـرە، چـونکە زیـوس دوێنـێ چـووە بـۆ ئۆقیـانوس تـا لەگـەڵ ئەسـیوبییەکاندا جـەژن بکـات، هـەموو خواوەندەکان لەگەڵیا ڕۆییشتوون.

(٤٢٥) تـا دوانـزە ڕۆژی دی ناگەڕێتـەوە، هـەنگێ دەچـم بـۆ کۆشـکە برونـز ڕێژکـەی و لێـی دەپاڕێمەوە، ئەگەر بەقسەم نەکات، باوەڕ ناکەم بتوانم قەناعەتی پێ بکەم." بەم قسـەیە کوڕەکـەی بەجێ هێشت، کە بە کەسەرو داخی لە دەستدانی کیژە جوانەکەوە دەتلایەوە

(٤٣٠) ئەو کیژەی بەزۆر لێی سەندرا. لەم کاتەدا ئودیسیوس بەسـەر کەڵەگای قوربانیـەوە گەییـە خریسـی، کـە گەییشـتنە نـاو بەندەرەکـە بادەوانـەکانیان لـە سـتونی کەشـتیەکەوە ئاڵانـد، و ستونەکانیان هێنایە خوارێ

(٤٣٥) کەشتییەکەیان بە سەوڵ لێدان بۆ لەنگەرگە بـرد، لـەوێ کندرەکانیان لـە تـاوێران بەسـت و لەنگـەریان گـرت. ئـەوجا دابـەزین و سـەد قوربانییەکـەیان پێشکەشـی ئـەپولۆ کـرد؛ هـەروەها کریسیس لە کەشتیەکە دابەزی،

(٤٤٠) و ئودیسیوس بەرەو قوربانگەکەی برد تا بیداتە دەستی بابی، و گوتی: "ئەی خریسیس، ئاگامەمنون شا ناردمی تا کیژەکەت بۆ بگێڕمەوە، و بەناوی دانایيەکانەوە قوربانی بۆ ئەپولۆ بکەم، بەڵکو خواوەند رازی ببێ،

(٤٤٥) ئەو خوایەی کە ئارگوسییەکانی دوچاری ئاسیو وپەرێشانی کرد." ئەمەی گوت و کیژەی بۆ لای بابی پاڵدا، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە وەریگرتەوە، ئەوجا لە دەوری قوبانگەکەی خواوەند کۆبوونەوە تا ڕێوڕەسمی سەد قوربانییەکە بۆ خواوەند ئەنجام بدەن. دەستیان شۆرد و بادەیان هەڵبڕی تا بیکەن بەسەر قوربانییەکاندا،

(٤٥٠) خریسیس–ش هەردوو دەستی هەڵبڕی و بەدەنگی بەرز لە بەردەمیانا کەوتە دوعا و پاڕانەوە: "گوێم لێ بگرە ئەی ئەپولۆ، ئەی خودانی کەوانی زیوین، ئەی ئەو کەسەی کە خریسی و سیلای پیرۆزت پاراست و حوکمڕانی دوڕگەی(تینیدوس)ت بەهێزی خۆت کرد. وەکو چۆن جارەکەی پێشوو دوعات گیرا کردم و ئاخییەکانت دوچاری کۆستو بەڵاو ئاسیو کرد،

(٤٥٥) ئەمجارەش دوعام گیرا بکە، و ئەم تاعونە لەسەر دانایيەکان هەڵگرە". بەو جۆرە دوعای کرد، و ئەپولۆ دوعاو نزاکەی گیرا کرد. دوای نوێژ و دوعا بادەیان ڕشت و سەری قوربانییەکانیان راکێشا و کەولّیان کردن.

(٤٦٠) ئێسکی ڕانیان بڕی و لە هەردوو دیوەوە لە پیویان گرت، چەند پارچە گۆشتێکی خاویان نایە سەر، ئەوجا خریسیس نایە سەر ئاگرەکە و مەی بەسەردا کرد، لەم کاتەدا پیاوانی لاو لە پاڵ ئەودا وەستابوون و شیش کەبابی پێنج لقەیان بەدەستەوە بوو، کە ئیسقانی ڕان سوتا، و هەستیان بە ژەمێن روحی کرد،

(٤٦٥) باقی گۆشتەکەیان ورد کرد، و پلەکانیان بە شیشەوە کرد، و برژاندیان تا پێگەیی، ئەوجا کشانەوە: کاتێ کارەکەیان تەواو کردو خوانەکە ئامادەبوو، هەموو لێیان خوارد، هەر کەسە و بەشی خۆی برد، تا تێر بوون. کە لە خواردن و خواردنەوە، تێر بوون

(٤٧٠) خزمەتکاران جامیان لە مەی و ئاو تەژی کرد وگێڕایان بەسەریاندا، هەر کەسە و بەشی خۆیان دایێ، بەو جۆرە لاوانی ئاخایی باقی ڕۆژەکەیان بە بەزم و گۆرانی و تالیلەی شادی بەخشەوە بۆ ئەپولۆ بەسەر برد، خواوەندش کە گوێی لە ستایشی ئەوان دەبوو، بە دڵ شاد دەبوو،

(٤٧٥) بەڵام کە خۆرئاوا بوو، دنیا تاریك بوو، لەلای گوریسی پێشەوەی کەشتییەکە نووستن، و کاتێ سپێدە بە قامکە سورەکانییەوە دەرکەوت، بادەوانەکانیان بەرەو لەشکری ئاخییان هەڵکرد. ئەپولۆ بایەکی لەباری بۆ کۆمەکیان نارد،

(٤٨٠) بورجەکەیان دامەزراند و بادەوانە سپییەکانیان بە بەرزییەوە هەڵکرد. بادەوانەکان پڕ بوون لە هەواو کەشتیەکە بەناو ئاوە قوڵە گەرمەکە کەوت، و شەپۆلی کەفچەڕینی دەریا خۆی لە نوکی کەشتیەکە هەڵدەسوو، و کاتێ گەییشتنە ئۆردوی پان و پۆڕی ئاخییان،

(٤٨٥) کەشتییەکەیان ڕاکێشایە کەنارەوە و لە بەرزاییدا، پایەکانیان بەدرێژی لە ژێریا دانا، و بەرەو خێوەت و کەشتیەکانیان کەوتنە ڕێ. لێ ئەخیل لەلای کەشتییەکەی مایەوە و هەر پیشی دەخواردەوە و توڕە و توڕەتر دەبوو.

(٤٩٠) نە بۆ کۆبوونەوە بە شکۆکە چوو، و نە بەشداری شەڕی کرد، بەڵکو هەر خۆی دەخواردەوە و قینی دڵی دەشاردەوە، و گوێی بەجەنگ و هاوار و قریوەی جەنگ نەدەدا، ئێستاش دوای دوانزە ڕۆژی خشت هەر هەموو خواوەندەکان بۆ ئۆڵەمپ گەڕانەوە،

(٤٩٥) زیوس لە پێشیانەوە بوو،(تیتس)ی دایکی ئەخیل ڕاسپادەی کوڕەکەی لە بیر نەکرد، بەدڵ کاری بۆ وەدیهاتنی کرد، لە ژێر دەریاوە ڕابوو، بەنێو تەم و مژا و لەگەڵ سپێدەی زوودا، بە ئاسمانی بەشکۆدا بەرەو ئۆڵەمپ ڕۆیی، لەوێ زیوسی بەتوانای کوڕی کڕونوسی لەسەر بەرزترین لوتکەی ئۆڵەمپدا بە تەنێ بینی.

(٥٠٠) لە بەردەمیا دانیشت، دەستی چەپی خستە سەر ئەژنۆکانی، و دەستی ڕاستی نایە ژێر چەناگەی، و بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: "ئەی زیوس، ئەی باوک، ئەگەر هەر خۆم لەنێو نەمراندا بە قسە یان بە کردەوە خزمەتێکم کردبی، ئەوا ئەم تکایەم لێ قەبوڵ بکە،

(٥٠٥) کوڕەکەم سەرفراز بکە، ئەو کوڕەی کە بە گەنجی دەمرێ. ئاگامەنوونی پاشای جەنگاوەران سوکایەتی پێکردووە و کەنیزەکەی لێ سەندووەتەوە و بۆ خۆی داگیری کردووە. سەرفرازی بکە ئەی گەورەی ئەنجومەنی ئۆڵەمپ، تەراوەدەییەکان زاڵ و باڵادەست بکە تا

(٥١٠) تا ئاخییەکان قەرەبووی کوڕەکەم دەکەنەوە و هەقەکەی دەدەنەوە." زیوس بۆ دەمێک بە بێدەنگی دانیشت، تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتەدەر، لێ تیتس هەر باوەشی بە ئەژنۆکانیا کردبوو، بۆ جاری دووەم تکای لێکرد نیاز و نزاکەی بێنێتە دی. گوتی: "بە جوڵەیەکی سەرت ڕەزامەندی بنوێنە و پەیمانی ڕاستیم بدەیە،

(٥١٥) یان داواکەم ڕەت بکەوە –خۆ تۆ باکت بە هیچ نییە– هەنگێ بێزاری تۆم لە خۆم بۆ دەردەکەوێ". "هەڵبەتە نارەحەت دەبم ئەگەر لەگەڵ هیرای ژنما بەشەڕم بدەی و تووشم بکەی، هیرا لایەنگری گریکەکانە، بە قسە سارد و سڕ و تەوسامێزەکانی دەمڕەنجێنێ و زوێرم دەکات؛

(٥٢٠) تاکو ئێستا لەبەردەم خواوەندەکانی دیکەدا گەڕم پێدەکات و بەوە تاوانبارم دەکات کە یارمەتی تەروادەییەکان دەدەم. جا ئێستا بگەڕێوە، تا پێکەوەی نەدیووین. بە خۆم تەگبیری مەسەلەکە دەکەم، و بەدڵی تۆی دەکەم.

(٥٢٥) تەمەشا، من سەر دادەنەوێنم تا تۆ باوەڕ بکەی. هەر ئەم کارەم لە دەست دێ دەرهەق بە هەر خواوەندێک، من کە سەر دادەنەوێنم نیشانەی ئەوەیە نە لە قسەی خۆم پاشگەز دەبمەوە، نە پشتگوێی دەخەم و نە ناکام دەبم لە جێبەجێ کردنی وەعدەکەم." کوڕی کرونوس (زیوس) ئەوەی گوت و برۆ چڕ و پڕەکانی وێک هێنانەوە، و پرچە بۆندارەکانی

(٥٣٠) بەسەر سەر نەمرەکەیەوە لەرییەوە و، ئۆڵەمپی مەزن لەگەڵیا لەرییەوە. کە لە دانانی پلانەکەیان بوونەوە، لێکدی جیابوونەوە، زیوس چوو بۆ کۆشکەکەی، بەڵام تیتس لە ئۆڵەمپی

بەشکۆوە، بۆ بنکی دەریا داگەڕا. هەموو خواوەندەکان بەر لەوەی بگاتە جێ لە شوێنی خۆیانەوە لەبەری هەستان. کەس نەبوو زاتی ئەوە بکات کە

(٥٣٥) لەبەری هەڵنەستێ، زیوس لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت. بەڵام هیرا هەر کە بینی، زانی لەگەڵ(تیتس)ی زیوین پێ، کیژی کۆنترین و پیرترین خواوەندی دەریادا، پلانێکی خراپی داناوە، یەکسەر لێی ڕابوو و کەوتە سەرزەنشتکردنی.

(٥٤٠) هاواریکرد: "ئەی خاپینوک، لەگەڵ کام یەزداخانم دا راوێژو تەگبیرت دەکرد؟ تۆ هەمیشە پلانەکانت بەدزیەوە دادەنەی، لە پشتی منەوە، لە هیچم ئاگادار ناکەی، ئەگەر بەخۆت بتوانی چارەسەری بکەی، تەنانەت بە وشەیەك لە نیاز و مەبەستەکانت ئاگادارم ناکەی".

(٥٤٥) گەورەی خواوەندان و بنیادەمان وەڵامی دایەوە: "هیرا، تۆ بەتەما مەبە لە تەگبیر و راوێژەکانم ئاگادارت بکەمەوە. تۆ ژنی منی، بەڵام بە خۆت دەبینی زۆر زەحمەتە لێم تێبگەی. هەر کاتێ شایستەیی ئەوەت هەبێ لێم حاڵی ببی، گوێم لێ بگری، ئەوا دڵنیابە بەر لە تۆ چ کەسێك، نە خوا و نە بنیادەم ئاگادار ناکەمەوە، بەڵام کە دەمەوێ مەسەلەیەك بۆ خۆم و لای خۆم بپارێزم،

(٥٥٠) نابێ خۆتی تێهەڵقورتێنی و پرسیاران بکەی." هیرا وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی کرونوسی سامناك، ئەوە تۆ باسی چ دەکەی؟ خۆم هەڵقورتێنم و پرسیاران بکەم؟ نا، هەرگیز. دەبێ لێت گەڕێم ئازادانە بڕیار لەسەر هەموو شتەکان بدەی.

(٥٥٥) تا ئێستاش هەر وام کردووە، بەڵام گومانێکی بەهێز لە گۆڕێیە، چونکە تیتس، کیژی پیرترین و کۆنترین خواوەندی دەریا، قسەی لەگەڵ کردووین، ئەم بەیانیە هەردوو ئەژنۆی لە باوەش گرتبووین. بۆیە پێموایە بەڵێنت دایێ کە شکۆ و ئیحتوبار بۆ ئەخیل بگێڕیتەوە، و خەڵکێکی زۆر لای کەشتیی ئاخییەکان بکوژیت."

(٥٦٠) زیوس گوتی: "ژنەکە، من هیچ شتێ ناکەم، بەڵام تۆ گومانم لێدەکەی و کارەکانم کەشف دەکەی. هیچ شتێکێت لەمە دەستناکەوێ، تەنیا ئەوە نەبێ زیاتر خۆت لەبەرچاوی من بخەی. ئەمەشت زۆر لەسەر دەکەوێ، باوەڕ بکە، من ئەوە دەکەم کە تۆ بیری لێدەکەیەوە،

(٥٦٥) کەواتە بە گوێم بکەو بەبێدەنگی دانیشە، دەنا ئەگەر بەم دوو دەستەم تێت بەربم، هەموو خواوەندانی ئاسمانیش بەهاناتەوە بێن بێسودە." ئیدی هیرا ترسا، ئارەزووە چەموشەکانی خۆی جڵەو کرد، و بە بێدەنگی دانیشت.

(٥٧٠) لە ماڵی زیوس دا، نیگەرانی باڵی بەسەر خواوەندە ئاسمانییەکاندا کێشا، تا سنعەتکاری مەعلان و کارامە هیفیستوس، ی ئاسنگەری خواوەندان، کەوتە دڵدانەوەی هیرای دایکی: "زۆرم پێ ناخۆشە ئێوە ئاوا بەشەڕ بێن

(٥٧٥) و لە ناو خواوەندانی ئاسمانا، لەسەر بەشەرانی فانی و مردەنی هەرا و هەنگامە بنەنەوە. ئەگەر ئەم قەرقەشە و گەنگەشە شوم و خەمناکانە بەردەوام بێ، ئیدی هیچ لەزەت و خۆشییەك لە ئاهەنگ و بەزمەکەمان نابینین. ئەوەی لەسەر منە ئەوەیە دایکم ئامۆژگاری بکەم –کە دەبێ

خۆی ئەمە لە من باشتر بزانێت– کە لەگەڵ بابی ئازیزم زیوس دا نەرم و نیان بێ، تا بابم نەی بوغزێنێ و ئاهەنگەکەمان لێ نەشێوێنێ.

(٥٨٠) چونکە گەر خوای بروسکانی ئۆلۆمپایی بیەوێ لە شوێنی خۆماندا بەر بروسکانمان بدات، لە دەستی دێت، چونکە لە هەموومان بەهێزترە.کەواتە قسەی خۆشی لەگەڵ بکە، با لەگەڵمانا میرەبان و باش بێ." پاش ئەوەی قسەکەی تەواو کرد، دوو جامی پڕ لە نکتاری، ئەو شەرابەی نەمری بۆ خواوەندان دێنێ، هەڵگرت،

(٥٨٥) لە دەستی دایکی نزیکی خستنەوە. گوتی: "هەڵگرە، هەرچیت لە توانادایە بۆی بکە. من زۆرم خۆشدەوێی، پێم ناخۆش دەبێ ئەگەر لەبەرچاوی من رەفتاری دزێوو ناشیرینت لەگەڵ بکەن، زۆر خەمبار دەبم، لێ ناتوانم یارمەتیت بدەم، کەس ناتوانێ لەڕووی زیوس بوەستێ.

(٥٩٠) ئەوە بیر خۆت بێنەوە کە جارێکیان هاتم یارمەتیت بدەم، هەر لە قاچم نەوی و لە ئاستانەی ئاسمانەوە تۆڕی دام، بەدرێژایی ڕۆژەکە، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ، هەر هاتمە خوارەوە تا لای ئێوارێ لە دوڕگەی لیمتوسدا گەییمە سەر زەوی، و لەوێندەر گیرسامەوە و بەحاڵ هەناسەم تیا مابوو، تا سنتیانیون–ەکان هاتنو فریام کەوتن".

(٥٩٥) هیرا بۆ قسەکەی گرژییەوە، و بەدەم بزە و گرژینەوە یەکێك لە جامەکانی لە دەستی کوڕەکەی وەرگرت، هەنگێ هیفیستوس لە جامێکی تردا نکتاری لە چەپەوە بۆ ڕاست بەسەر خواوەکاندا گێڕا، خواوەندە پیرۆز و موبارەکەکان بەدەنگی بەرز پێکەنین و ستایشی ڕەفتارەکەیان کرد

(٦٠٠) کە تێ بەو چالاکییە لە کۆشکە ئاسمانیەکەدا دیتیان. ئیدی بەدرێژایی ڕۆژەکە و تا خۆرئاوا بەزم و ئاهەنگیان گێڕا، هەر هەموان بەوپەڕی خۆشی و شادی بەشداریان کرد، هەموان ئاسودە و کەیفساز بوون. ئەپولۆ کەوتە ساز ژەنین، خواوەندانی هونەریش بەدەنگە خۆشەکانیان، یەك لەدوای یەك هەڵیان کردە گۆرانی چڕین.

(٦٠٥) بەڵام کە تیشکی درەخشانی هەتاوی بەشکۆ کەوتە تاریکی، هەر کەسە و چووەوە بۆ ماڵی خۆی و پەنای بردە ناو جێگە و نوێنی تایبەتی خۆی، ئەو جێگە و بانەی کە هیفیستوسە لەنگ بەوپەڕی کارامەیی و لێهاتوویییەوە بۆی دامەزراند بوون. بەمجۆرە زیوس پەلەی لێکرد کە دەیەوێ بچێتە جێگەوە

(٦١٠) ئەو جێگەیەی هەمیشە تیای دەخەوێ، و کاتێ ئەو ڕۆیی، زیوس هەستا و دەیویست بنوێ و هیرای زێڕین عەرش لە پاڵیا بێ.

سروودی دووەم

تاقیکردنەوەکەی ئاگامەمنون و ئامادەکردنی لەشکر

حیکایەتەکە:

زیوس سەرداری خواوەندان ئەو شەوە لە ئۆڵەمپدا هەر بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەو وەعد و بەڵێنە بەڕێتە سەر کە بەتیتسی خواوەندی دەریا، و دایکی ئەخیلی دابوو. فێڵێکی دۆزییەوە کە گریکەکانی پێ بخاپێنێ، "خەونە شەوانەیەکی" نارد خەوی ئاگامەمنون، وای تێبگەیەنێ کە

سەردەکەوێ ئەمما سەرکەوتن. ئاگامەمنونیش بیری لەمە دەکردەوە، دەیەوێ بەسەر تەروادەییەکاندا سەربکەوێ، تا ئەخیلی تورە و تۆراو و دەستبەرداری جەنگ، بەهۆی ئەو کیژەوە کە ئاگامەمنون لێی زەوت کرد، پێی خۆش نەبێ. چونکە دۆراندنی هەر شەڕێك ناچاری دەکات. بچێ بۆ لای ئەخیل و تکای لێبکات بێتە مەیدانی جەنگەکە و بەشداری شەڕ بکات. جا لەبەر ئەوەی گریکەکان تالاوێکی زۆریان بەهۆی تیرەکانی ئەپولۆوە کە تاعونی لەناویاندا بلاوکردەوە چەشت، ئاگامەمنون لێبڕا بە فەندێك تاقیان بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە پێیان بڵێ پێویستە بۆ ولاتی خۆ بگەڕێینەوە، کۆبوونەوەیەك بە فەرماندەکان بکات و لە تەگبیرەکەی ئاگاداریان بکات، و رایان بسپێرێ لەنێو سەربازەکان بلاوببنەوە و بۆ شەڕەیان هانبدەن و بیریان بخەنەوە کە گەڕانەوە بۆ هەموو گریك زەلیلی و سەرشۆڕییە، ئیدی دەخرۆشێن و بەورەیەکی یەجگار بەرزەوە ئامادەی شەڕ دەبن. کاتێ هەڵدەستێ و دوای ئەم نۆ ساڵە بێوەرە مەسەلەی گەڕانەوە ڕادەگەیەنێ، سەربازەکان زۆریان کەیف دێت و بەرەو کەشتییەکان دلەزینن.
ئالێرەدا فەرماندەکان لەناویاندا بلاو دەبنەوە، ئۆدیسیوس لە ئاگامەمنونی فەرماندەی گشتی نزیك دەبێتەوە و دارعەسای فەرمانڕەواییەکەی لێوەردەگرێت و بەسەرزەنشتەوە بەسەر سەربازەکاندا دەگەڕێ، نستورس هەوڵدەدا قەناعەتیان پێبکات کە زیوسی خواوەند هێمایەکی ناردووە کە ئاماژەیە بۆ ماوەی خۆ راگرتنی تەروادە، ئەویش بریتییە لە ئەژدیهایەك کە پەرەسێلکەیەك و هەر هەشت بێچووەکەی دەخوات و دەبێ بەکەڤر، ئەمە بەو مانایەیە کە تەروادە لە ساڵی دەیەمدا دەکەوێ. زۆربەی هەرە زۆری ساڵەکان بوریون، و ماوەیەکی زۆر کەم ماوە، و شانازی ڕوخان و وێرانکردنی تەروادە لەسەر دەستی ئەوان دێتە دی، جا چ شانازییەك لەمە گەورەتر. و ئودیسیوس وتەیەکی بەجۆش دەدات، لێ تیرسیتیسی سەربازی لاق خواری، لەنگی سەرتیژی، کەچەڵ، لێی هەڵدەستێ و بەناڕەزاییەوە هاوار دەکات هەموو کارێکی ئاگامەمنون لە جەنگدا ئەوەیە لە خێوەتەکانیا. برونز و ئافرەتێن یەخسیر کۆبکاتەوە، ئێمەش هیچمان پێنابڕێ، ئاگامەمنون هەر بەوەوە نەوەستاوە و کەوتۆتە زەوتکردنی دیاری و دەسکەوتی خەڵکی دیکەش، خۆ ئەگەر ئەخیل–یش بەکردەوەی ئەوەی کردبا لەناوی دەبرد و ئێستا نە دەمانبینی و نە بەگوێی ئەوەمان دەکرد، ئودیسیوس هیچ چاری نەما ئەوە نەبێ بە سەوڵەجانەکەی سەری بشکێنێ. ئیدی فەرماندەکان بەکۆمەکی ئەتینای خواوەند توانیان قەناعەت بەسەربازەکان بکەن و بۆ ناو کۆبوونەوەکە بگەڕێنەوە و ئامادەی جەنگ بن، دوای پێشکەشکردنی کۆمەڵێك قوربانی بەم بۆنەیەوە. هۆمەر لەدوای ئەوەی باسی بەشدارانی جەنگەکە و فەرماندەکانیان و ئەو ولاتانەی لێوەی هاتوون و باسی هەسپ و قاترەکان و ژمارەی کەشتییەکانیان دەکات...هتد لە دیمەنی دووەمدا زیوس دێتە سەر تەروادەیەکان، و ئایریس–ی خواوەند و پەیامبەری ئاسمانیان بۆ دەنێرێ، ئایریس لە شێوەی کوڕەکەی پریامدا دەردەکەوێ، دەکەوێتە هۆشیارکردنەوەیان لە هێرش و پەلاماریکی نزیك و چۆن گریکەکان دەشتەکەی بەردەم کۆشەکەی بریام–یان داپۆشیوە. بە بریامی گوت هێشتا بەجۆرێ قسان دەکات وەك ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێ، کەچی گریکەکان خۆ بۆ هێرشێکی ترسناك و گەورە ساز دەدەن. و

ئامۆژگاری هیکتۆری کوڕی پریامی کرد، کە هاوپەیمانەکان بەگوێرەی ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن ڕێك بخات تا سەربازەکان لە فرمانەکانی فەرماندەکەیان تێبگەن، هیکتۆری کوڕی بریام فەرماندە و گەورە قارەمانی ناو ڕیزی تەروادەییەکان بوو. هۆمەر لێرەدا باسێکی ژمارەی سەربازان و ئەسڵ و فەسڵ و ووڵات و فەرماندە و هەسپەکانیان دەکات، بەڵام نەك بەو وردی و دیقەتەی کە لە باسی هێزی گەورەی گریکەکاندا دەیبینین.

کات:

سەربوورەکانی سروودی دووەم تەنیا لە بەشێکی ڕۆژی بیست و نۆیەمدا رووەدەن: دوا بەتڵی شەو، کە ئاگامەمنون ئەو خەونە دەبینێ کە زیوس نادرویەتی، ئەوجا بەشێکی ڕۆژەکە.

شوێن:

رووداوەکان لە دوو شوێندا روو دەدەن: لە کەناری دەریا کە گریکەکان لەوێندەر لەبەردەم کەشتییە لەنگەر گرتووەکانیان دان، ئەوجا لە تەروادەدا کە دوای هاتنە خوارەوەی ئایریسی یەزدانخانم خۆ بۆ بەرەنگاری تەیار دەکەن.

(١) هەموو خواوەندەکانی دیکە و جەنگاوەرە چەکدارەکانی دەشتەکە لە نێو هەنگامە و هەراو زەنادا لێی خەوتن، بەڵام زیوس هەر بەخەبەر بوو، بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەخیل سەربخات و خەڵکێکی فرە لە ئاخییەکان بەلای کەشتییەکانیانەوە لەنێو ببات.

(٥) لەسەر ئەو بیرە گیرسایەوە کە باشتر وایە شەوانە خەونێك بۆ شا ئاگامەمنون بنێرێت؛ یەکێك لەو خەونانەی گازکردە نك خۆی و پێی گوت "ئەی شەوانە خەون، هەڕە بۆ دەف کەشتی ئاخییەکان،

(١٠) خۆت بەسەراپەردەکەی ئاگامەمنوندا بکەو چ ئەمرێکت پێدەکەم وشە بەوشە بۆی بگێڕەوە. پێی بڵێ یەکسەر هەموو ئاخییەکان بخاتە ژێر چەکەوە و تەیاریان بکات، چونکە کاتی ئەوە هاتووە بەسەر تەروادەییەکاندا سەربکەوێ. و ئێستا خواوەندەکان ناکۆك نین؛

(١٥) هیرا دڵی هەموویانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و سورن لەسەر وێران کردنی تەروادەییەکان. "خەونەکە" هەر کە گوێی لە پەیامەکەی بوو، ڕۆیی، و یەکسەر گەییشتە دەف کەشتی ئاخییەکان. لە ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس گەڕا، لە خێوەتەکەی خۆیدا بینییەوە کە خۆی لە لیفەکەیەوە ئاڵاند بوو و خەوێکی قوڵی لێکەوتبوو.

(٢٠) لە شێوەی نستوری کوڕی نیلیوسدا، کە ئاگامەمنون لە گشت شیرەتکارەکانی پتر ڕێزی دەگرت، بەسەر سەریا زۆڕی و سوڕایەوە:" ئەوە تۆ نووستووی ئوتریوسزادە؛

(٢٥) خەو بۆ کەسێك نەهاتووە کە خێری سوپاکەی و سوپاکانی دیکەی گەرەك بێ. گوێم لێبگرە، چونکە من لەلایەن زیوسەوە بۆ لای تۆ نێردراوم، خواوەند زیوس، ئەگەرچی لێتەوە نزیك نییە، بەڵام دەخەمتدایە و دڵی لەلاتە. ئەمرت پێدەکات کە یەکسەر ئاخییەکان تەیار بکەی تا لە ژێر چەکدا بن، چونکە

(٣٠) تەروادە دەگریت. هیچ ناکۆکییەك لەنێو کۆڕی خواوەندانا نەماوە، هیرا هەموویانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، لەسەر دەشتی زیوس کارەسات و مالوێرانی بەسەر تەروادەییەکانا دێت. ئەمەت لەبیر بێ، و کە لە خەو رادەبی هیچ شتێك فەرامۆش نەکەیت."

(٣٥) خەونەکە ئەوەی گوت و بەجێی هێشت. بیری لە رابردوو کردەوە، بیری لەو شتانە کردەوە کە هێشتا نەیکردوون. قەناعەتی وابوو هەر ئەو ڕۆژە بەسەر تەروادەدا سەردەکەوێ، بەڵام نەیدەزانی چی لە مێشکی زیوسدایە، چەند

(٤٠) شەڕی دژواری بۆ دانایيەکان و تەروادەییەکان شاردۆتەوە. ئاگامەنون لە خەو ڕابوو، هێشتا ئەم پەیامە پیرۆزە لە گوێیدا دەزرنگایەوە، دانیشت، کراسە نەرمە جوان و تازەکەی لەبەرکرد، پاڵتۆ قورسەکەی بەسەریا کرد. قەیتانی پێڵاوەکانی بەسەر پێیە جوانەکانیا بەست،

(٤٥) شمشێرە دەسکزیونیەکەی لە شان کرد، ئەوجا دارعەساکەی بابە نەمرەکەی هەڵگرت، ئەوجا بەرەو کەشتی ئاخییەکان بەدەریادا وەڕێکەوت. ئیدی خواوەندی سپێدە بەرەو لوتکەی ئۆڵەمپ هەڵگەڕا تا مژدەی هەڵاتنی ڕۆژ بەزیوس‌و باقی نەمرەکان بدات،

(٥٠) ئاگامەمنون جارچی ناردن کە خەڵکەکە بۆ کۆبوونەوە بانگ بکەن، جارِی خۆیان داو خەڵکەکەیان لەوێندەر کۆکردەوە. بەڵام لێبڕا یەکەمجار کۆبونەوەکە لە کەشتییەکەی (نستور)ی گەورە و پاشای بیلوس دا بکرێ،

(٥٥) کاتێ کە هەموو کۆبوونەوە، لەبەردەمیانا وەستا و پەردەی لەسەر نیازی خۆی لادا و گوتی: "ئەی دۆستان! لە شەوی تاریکدا خەونێکم بینی کە لە ئاسمانەوە بۆم هاتبوو، پەیامبەرەکە تەواو دەشوبهایە سەر نستور. بەسەر سەرما سوڕایەوە و گوتی:

(٦٠) ئەوە تۆ خەوتووی ئەی ئوتریوس زادە، خەو بۆ پیاوێکی وەکو تۆ کە مەسئولیەتی سوپای خۆت و سوپای دیکەت دەستۆیە، نەهاتووە. باش گوێم لێبگرە، چونکە من پەیامبەرم و لەلای زیوسەوە هاتووم، ئەو زیوسەی هەرچەند لێتەوە نزیك نییە. بەڵام دەخەمتدایە و دڵی پێت دەسوتێ

(٦٥) زیوس ئەمرت پێدەکات یەکسەر ئاخییەکان بانگ بکەی بۆ ژێر چەك، چونکە تۆ بەسەر تەروادەدا سەردەکەوی و دەیگریت. خواوەندەکان چیتر ناکۆك نین، هیرا هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، و تەروادەییەکان کارەساتیان

(٧٠) لەسەر دەستی زیوسدا بەسەر دێت. "ئەمەت لەبیر بێ" ئەوسا خەونەکە لێیدا و ڕۆیی. لەخەو ڕاپەڕیم، جا با ئێستا ئاخیەکان تەیار و چەکدار بکەین. بەڵام باشتر وایە جارێ هەر بۆ تاقیکردنەوە بانگیان بکەم و پێیان ڕابگەیەنم کە بە کەشتیەکانیان هەڵێن.

(٧٥) بەڵام ئێوە بەوانی دی بڵێن کە بەناو لەشکرەکەدا بسوڕێنەوە و قسەیان بۆ بکەن کە ئامادەی شەڕ بن" ئاگامەمنون دوای ئەم قسەیە دانیشت. نستوری پاشای بیلوس بە هەموو ویقار و سام و حیکمەتێکەوە هەستاو ڕووی دەمی تێکردن و گوتی: ئەی دۆستانم، ئەی میٚران و شیرەتکارانی ئارگوسییان،

(٨٠) ئەگەر پیاوێکی دیکەی ئاخییان ئەم خەونەی بۆ بگێڕابایناوە، دەمانگوت خەونە درۆینەیەکی بێ بناوانە، و هیچ کارێکمان نەدەکرد. بەڵام ئەوەی ئەم خەونەی دیتوە پێشەنگی هەموومانە، کەواتە دەبێ داوا لە خەڵکی بکەین کە چەك هەڵگرن". قسەکەی تەواو کرد و لە کۆبوونەوەکە کشایەوە،

(٨٥) پاشا گۆچاندارەکانی دیکەش لەگەلیدا هەستان و بە فرمانی ئاگامەمنونیان کرد، بەڵام جەماوەرەکە یەکسەر هاتنەبەرەوە تا گوێیان لە قسەکان ببێ. وەکو پوورەی هەنگ بن و پەیتا پەیتا لە کلۆرە کەڤرانەوە بێنە دەرێ، و لە گۆڵین بەهار بووڕوکێن، بڕێکیان لێرەو بڕێکیان لەوێندەرێ،

(٩٠) ئا بەو شێوەیە ئاپورای هاڕوژاو لە کەشتی و خێوەتەکانەوە رووی کردە شوێنی کۆبوونەوەکە، و لە کەنارە پان و بەرینەکەدا ڕیز بوون، لەولاشەوە جارچییەکە، پەیاماوەری زیوس، کەوتە سوڕانەوە بەناویاندا و هانی دەدان بچنە پێشەوە.

(٩٥) ئیدی بەجۆرێکی پڕ هەرا و زەنا و ترس کۆبوونەوە، کاتێ جەنگاوەرەکان لەجێی خۆ دانیشتن زەوی لەژێر پێیاندا هاتە ناڵین، نۆ جارچی کەوتنە هاوار تا بێدەنگ بن و بەگوێی خۆیان قسەی پاشاکان بژنەون، لە ئەنجامدا شوێنی خۆیان گرت و ئارام بوونەوە.

(١٠٠) هەنگێ ئاگامەمنون ڕابوو، گۆچانەکەی بەرزکردەوە. ئەم گۆچانە (سەوڵەجان= دارعەسای فەرمانڕەوایی) دەستکردی هیفیستوس بوو، کە پێشکەشی زیوسی کوڕی کرونوسی کردبوو زیوس دابووی بەهرمسی پەیامبەری خواوەندان، کە ئارگۆسی هۆڤی پێ کوشبتوو، هرمس دابووی بە بیلوبسی ئەسپەوان،

(١٠٥) بیلوبس دابووی بەئوتریوسی شوانی گەلەکەی. و کە ئوتریوس مردبوو بۆ(تیستیس)ی خودان مێگەل و پەزانی فرەی بەجێهێشتبوو، وتیستیس–ش لەلایەن خۆیەوە دابووی بە ئاگامەمنون، بەو حەساوەی دەبێت بەسەردار و فەرمانڕەوای شاری ئارگۆس و دوڕگەیێن فرە. جا ئاگامەمنون خۆی دا بەسەر گۆچانەکەیدا، بەمجۆرە ڕوویکردە ئارگۆسییەکان:

(١١٠) دۆستانی من، قارەمانان، ئەی هاوڕێیانی ئەریسی خواوەندی جەنگ، زیوسی کوڕی کرونوس جەزرەبەیەکی تۆندی لە منداا. ئەم خواوەندە زاڵمە بەڵێنی دامێ کە بەر لەوەی بۆ ولاتی خۆ بگەڕێمەوە، تەرواده، شارەکەی بریام وێران دەکەم، لێ درۆی دەگەڵ کردم، و ئێستاش فرمانم پێدەکات.

(١١٥) کە دوای لە دەستدانی گەلێك لە جەنگاوەرەکانم بۆ ئارگۆس بگەڕێمەوە. ئەمە ویستی زیوسە، ئەو زیوسەی زۆر شاری بەفەوتان داو لەگەڵ زەویدا یەکسانی کردن، و زۆر شاری دیکەش وا لێدەکات، چونکە توانای ئەو لەسەرووی هەموانەوەیە. ئیدی ئەم چیرۆکە خەمناکە دەکەوێتە سەرزاران

(١٢٠) کە چۆن سوپای ئاخییان، بەهەموو گەورەیی و هێزێکیەوە، بێهوده دژی دژمنێکی بەژمارە کەم دەجەنگێ، و شەڕەکەش یەك لایی ناکاتەوە. بەڵام ئەوە بیر خۆتان بێننەوە کە

ئاخییەکان و تەروادەییەکان بمانەوێ سەرژمێرییەکی دروستی خۆمان بکەین و درۆ لەگەڵ یەکتردا نەکەین

(١٢٥) ئەگەر تەروادەییەکان بەپێی ئاماری دانیشتوان بێنە بەرەوە، هەر تەروادەییەك بکەین بە ساقی و مەیگێڕی دەستەیەکی سوپاکەی خۆمان، ئەوا گەلێك لە دەستەکانمان بەبێ مەگێڕ دەمێننەوە، ئێمە بەژمارە گەلەك لەوان پترین.

(١٣٠) بەڵام لەناو تەروادەدا هاوپەیمانانێکیان هەن کە لە شوێنانی ترەوە هاتوون، ئەمە کۆسپە و نایەڵێ شاری دەوڵەمەندی تەروادە وێران بکەم. ئێستا نۆ ساڵ بەسەر بەڵێنەکەی زیوسدا تێپەڕیوە

(١٣٥) ئەوەتا تەختەی کەشتییەکانمان ڕزی، خواوەندان دەنگیان لێوە نایەت، ژن و منداڵەکانمان لە ماڵەوە چاوەڕوان و نیگەرانی گەڕانەوەمانن، بەڵام تا ئێستا ئەو کار و ئەرکەمان ئەنجام نەداوە کە بۆی هاتووین. بۆیە دەبێ ئەوە بکەین کە پێتانی دەڵێم:

(١٤٠) با سواری کەشتیەکانم ببین و بەرەو ولاتی خۆمان هەڵێین، چونکە ناتوانین تەروادە بگرین." بەم قسانە ئاپوراکەی هاڕوژاند، تەنانەت ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی بە کۆبوونەوە فەند ئامێزەکەی ئاگامەمنونیان نەزانی بوو. دەهاتن و دەچوون وەکو شەپۆلی

(١٤٥) دەریای ئیکاری، کاتێ بای ڕۆژهەلات و باشوری هەلقولاوی هەورێن ئاسمان ڕای دەدا، یان وەکو تەبارە گەنمێك لە گوڵ و بۆقدا بەدەم بای ڕۆژاواوە کەرویشکە بکات، جا ئاپوراکە بەدەم هاتوهاواری بەرزەوە هڕیان دەکرد

(١٥٠) بەرەو کەشتیەکان، تەپوتۆزی ژێر پێیان گەییە ئاسمان. بەدەم پاڵنانی کەشتییەوە بۆ ناو دەریا سلاویان لە یەکدی دەکرد،ڕێگەی بەردەم کەشتیەکانیان پاك کردەوە، لە خۆشی گەڕانەوەدا، هات و هاواریان ئاسمانی پڕ دەکرد.

(١٥٥) ئارگۆشییەکان دڵنیابوون کە دەگەڕێنەوە، بەڵام چۆنیەتی گەڕانەوەکەیان دیاری نەکرا بوو. بەڵام هیرا بە ئەتینای گوت: "ئەی هەڵگری سوپەری زیوس، ئەی ئەو کەسەی کە نە بێزار دەبێ و نەماندوو، ئایا ئارگۆسییەکان بەدەریای پان و بەریندا بۆ ولاتی خۆ دەگەڕێنەوە،

(١٦٠) و دەستبەرداری بریام و تەروادەییەکان دەبن کە شانازی بە زەوتکردنی هیلینەوە بکەن، ئەو هیلینەی کە گەلێك لە ئارگۆسییەکان لەڕای ئەودا لە تەروادەدا، و دوور لە وولاتی خۆ مردن؟ هەر ئێستا بڕۆ و بەناو لەشکرەکە بکەوە و جەنگاوەر بە جەنگاوەر بیانگرە و بەقسەی خۆش بیاندوێنە

(١٦٥) داوایان لێبکە کەشتییەکانیان نەجوڵێنن". ئەتینا هەر زوو بەزوو فرمانەکەی هیرای بەجێهێنا. لە لوتکە بەرزەکانی ئۆڵەمپەوە داگەڕ، و لە چاو تروکانێکا گەیشتە لای کەشتی ئاخییەکان. بینی ئودیسیوس، کە لە ژێریو تەگبیرکاریدا هاوتای زیوس بوو، لەوێدا،

(١٧٠) بەتاقی تەنیا وەستاوە. هێشتا دەستی بۆ کەشتییەکەی نەبرد بوو، چونکە داخ و کەسەر دایگرتبوو، لێی نزیك بووەوە و گوتی: "ئودیسیوس، ئەی کوڕە نەجیبەکەی ئیرتیس،

(١٧٥) تۆش بەتەمای بچی بۆ لای کەشتییەکانت و بەم شێوەیە بۆ ولاتی خۆ بگەڕێیتەوە؟ دەستبەرداری بریام و تەروادەییەکان دەبێت بەو ئاسانیە هیلین بۆ خۆ گل بدەنەوە، ئەو هیلینەی گەلێك لە ئاخییەکان لەبەردەم شورەکانی تەروادەدا و، دوور لە ماڵی خۆیان، لە پێناویدا مردن؟ برۆو بەسەر لەشکرەکەدا بگەڕێ

(١٨٠) یەك بەیەك قسەیان بۆ بکە و بڵێ با کەشتیەکانیان نەخەنەوە ناو دەریا". ئودیسیوس یەکسەر دەنگی یەزدانخانم ئەتینای ناسییەوە: عەباکەی تووڕدا و بەپەلە بۆی دەرچوو. بەڵام یوریباتسی ئیتاکەیی، خەڵکی شارەکەی ئودیسیوس، کە یار و هاوڕێی بوو، عەباکەی هەڵگرتەوە،

(١٨٥) ئودیسیوس بەپەلە و یەکسەر چوو بۆ لای ئاگامەمنون، گۆچانەکەی ئاباد و ئەژدادانی نەمری لێوەرگرت، ئەوسا بەپەلە بەناو کەشتی ئاخییەکان کەوت. هەر پاشایەك یا فەرماندەیەکی دەبینی لە بەردەمیا دەوێستا و بەزمانی خۆش دەیدوان:

(١٩٠) جەناب، ئەزبەنی، ئەم هەڵاتنەتان تەنیا ترسنۆکی و زەلیلییە. لە شوێنی خۆت بوەستە و داوا لە خەڵکەکەیش بکە لە جێی خۆ نەجوڵێن. تۆ هێشتا نیاز و مەبەستی ئاگامەمنونت بەتەواوی نەزانیوە؛ ئاگاداری دەکردینەوە، بەم زووانە سەری ئاخییەکان دەدات تا بزانن چەند تووڕەیە، خۆ هەموومان لە کۆبوونەوەکە نەبووین تا گوێمان لە قسەکانی بووبێ؛

(١٩٥) وریابە تووڕە نەبێ و خراپەیەکمان لەگەڵدا بکات، چونکە ڕۆژگاری شاهان مەزنە، و دەستی (زیوس)یان لەگەڵە. هەر کە جەنگاوەرێك بە بۆڵە بۆڵ بەنزیکیدا ڕەتبوایە، گۆچانێکی پێدا دەماڵی و سەرزەنشتی دەکرد و دەیگوت:

(٢٠٠) خوتە و بۆڵەی چیتە؟ خۆ بگرە و گوێ لە کەسانی لە خۆت باشتر و شایستە تر بگرە . تۆ نە لە شەڕا دیاری و نە لە کۆڕی تەگبیر و ڕاوێژان؛ خۆ ناشبێ هەموومان هەر سەردار و سەروەر بین، فرە سەرداری باش نییە. دەبێ هەریەك کەس سەردار بێ.

(٢٠٥) کوڕەکەی کرونوس گۆچانەکەی و یاسا پیرۆزەکانی داوە بەیەك سەردار تا حوکمڕانی هەموتان بکات." بەم ژیرییەوە بەناو لەشکر کەوت، خەڵکەکە بەپەلە لە خێوەت و کەشتییەکانیانەوە بەرەو کۆبوونەوەکە دەهاتنەوە و دەنگە دەنگیان دەتگوت هاژەی شەپۆلە و خۆ بەکەناردا دەکێشێت.

(٢١٠) دەریا هەر هاژە هاژی بوو. هەموو جێی خۆیان گرت و بێدەنگ بوون، تەنیا تیرسیتیس نەبێ کە زمانی لێ بەرەڵا کرد بوو– جنێوی بەهەموو پاشا و سەرداران دەدا، ئەوانەی کە گوێیان نەدەدایێ،

(٢١٥) تەنانەت هەموو ئاخییەکانی هێنایە پێکەنین. لە هەموو ئەوانەی کە بۆ تەروادە هاتبوون ناشیرین تر بوو.. هەردوو لاقی خوار بوون، یەکێکیان دەلەنگی، شانەکانی کەوانەیی بوون و بەسەر سینگیدا چەمی بوونەوە. تەنیا چەند داوە مویەك بەتەپڵی سەرە تیژەکەیەوە بوو.

(٢٢٠) ئەخیل و ئودیسیوس (ئولیس) لە هەموو کەسێك پتر دەیانبوغزان، چونکە هەمیشە جنێوی دەدانێ و گەڕی پێدەکردن، بەڵام ئێستا بەدەنگێکی زیقن ئاگامەمنونی جنێوباران

دەکرد. ئاخییەکان لێی تورە بوون و بوغزاندیان، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر جنێودانی خۆی بە کوڕەکەی ئوتریوس.
(٢٢٥) هاواریکرد: "ئاگامەمنون ئێستا تۆ لە چی تورەی، لەوەی پتر چیت گەرەکە، خێوەتەکانت پڕن لە برونز و ژنانی جوان، هەر کە شارێك دەگرین ژنی دنیات دەدینێ. ئەو هەموو زێڕەی کە تەروادەییەك
(٢٣٠) لە پێناوی ئازادی کوڕە دیلەکەیدا دەداتێ بەس نییە، ئەو کوڕەی کە من یان کەسێکی دیکە بەدیلی هێناویەتی؟ یان گەرەکتە کیژێکی دیلی جوانت بۆ بێنن لەگەڵیا رابوێری؟ تۆ کە فەرمانڕەوای ئاخییەکانی، بۆت نییە ئەم هەموو کڵۆڵیو بەدبەختییەیان بەسەرا بێنی.
(٢٣٥) ئەی ترسنۆکانی بودەڵە، ئێوە لە ژن کەمترن، وەرن باسواری کەشتیەکانم ببین و بۆ وڵاتی خۆ بگەڕێینەوە و ئەم پیاوە لێرە، لەلای تەروادەییەکان بەجێ بێڵین و مژوڵی دیاری و دەسکەوتەکانی خۆی بێ، بۆی دەربکەوێ کە ئێمە خزمەتمان دەکرد یان نا. سەیری ئەخیل بکەن، کە لەو شایستە تره، چتۆ مامەڵەیەکی لە تەکدا کرد.
(٢٤٠) دیارییەکەی، کیژە جوانەکەی لێ سەندەوە و بۆ خۆی داگیری کرد. ئەخیل بەنەرمی مامەڵەی لەتەکدا کرد، و پەنای نەبردە بەر شەڕ، ئەگەر بەگژتا چووبایە، جارێکی دی سوکایەتیت پێنەدەکرد ئەی کوڕی ئەتریوس". تیرسیتیس بەو جۆرە لەسەری ڕۆیی، بەڵام ئودیسیوس لێی ڕابوو
(٢٤٥) بەتوندی سەرزەنشتی کرد. گوتی: "زمانە هەڵەوەڕەکەت بگرە، و فزە نەکەی. بە تەنیا بەگژ پاشایاندا مەچۆ. من دڵنیام لەناو ئەوانەدا کە لەگەڵ جووتە کوڕەکەی ئوتریوسدا بۆ تەروادە هاتوون، لەتۆ تورە هات تریان تیا نییە،
(٢٥٠) واز لەم چەنەبازییە بێنە و چیتر جنێو بەپاشایان مەدە و باسی گەڕانەوە بۆ نیشتمان مەکە. ئێمە جارێ نازانین چ ڕوودەدات، نازانین ئایا ئاخییەکان بەسەرکەوتنی سەربەرزانە دەگەڕێنەوە یان بە ناکامی و بەدبەختی. چۆن زات دەکەی جنێو بە ئاگامەمنون بدەی
(٢٥٥) هەر لەبەرئەوەی داناییەکان بەم دەسکەوتانە پاداشتیان داوەتەوە؟ قەیدی نییە ئێستا من تێت دەگەیەنم و قسەی خۆیشم دەبەمە سەر– ئەگەر جارێکی دیکە بەم چەنەبازییەوە بت بینم، یا سەری خۆم دەبڕم
(٢٦٠) و خۆم بەبابی تلیماخوس دانانەم، یان سوك و چروکت دەکەم و لە کۆبونەوەکە وەدەرت دەنێم و تێر و پڕت تێهەڵدەدەم، و بەگریان بۆ لای کەشتیەکانت دەنێرمەوە".
(٢٦٥) بەگۆچانەکەی بەربووە پشت و شانی تا کەوتە سەر زەوی و دەستی بەگریان کرد. شوێنی گۆچانەکە بەسەر پشتییەوە خوێنی لێدەچۆڕا، بەدەم ئازارەوە دانیشت، گەوجانە کەوتە سڕینی فرمێسکەکانی.
(٢٧٠) خەڵکەکە بۆی ناڕەحەت بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لە دڵی خۆدا پێی پێدەکەنین، یەکێکیان ئاوڕی لە هاوسێکەی دایەوە و گوتی: "ئودیسیوس تا ئێستا زۆر کاری چاکی لە بواری شەڕ و تەگبیران دا کردووە، بەڵام باشترین کاری لەنێو ئارگوسییەکاندا ئەمە بوو

(۲۷۵) کە دەمی ئەم پیاوەی داخست و نەیهێشت لەوەی پتر هەڵوەڕی بکات. جارێکی دی سوکایەتی بە پاشایان ناکات." خەڵکەکە ئەو قسەیەیان دەکرد. ئەوسا ئودیسیوس گۆچان بەدەست هەستا، و ئەتیناش

(۲۸۰) لە شێوەی جارچیدا ئەمری بە جەنگاوەران دەکرد کە بێدەنگ بن، تا ئەوانەی لە دوور و نزیك وەستاون، گوێیان لە ئودیسیوس بێ و ئامۆژگارییەکەی بگرنە گوێ. هەنگێ ئودیسیوس بەدڵێکی پاك ڕووی تێکردن و گوتی: "جەنابی ئاگامەمنون، ئاخییەکان

(۲۸۵) شۆڕەت و ناوبانگی جیهانیان پێ بەخشیت. کە لە شاری ئارگۆسەوە دەرچوون، بەڵێنی ئەوەیان دایتێ تا شاری تەرواده نەگیرێت، نەگەڕێنەوە، کەچی ئێستا لە وەعدەکەی خۆیان ژێوان بوونەتەوە، ئەوەتا وەکو منداڵ و بێوەژنان

(۲۹۰) بەگوێی یەکدا دەچڕێنن و باسی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکەن. ئەوی ڕاستی بێ زۆر ماندووبوون. پیاو کە بۆ تەنیا مانگێك بەسەر کەشتییەوە لە دەریادا گیرۆدەی زریان و شەپۆلان دەبێ، و لە ژنەکەی دادەبڕێ تووڕە دەبێ، چ جای سااڵن

(۲۹۵) ئەوە نۆ دانە ساڵە ئێمە لێرەین، بۆیە لۆمەی ئاخییەکان ناکەم گەر لە دڵی خۆدا بێزار و تووڕە بن؛ بەاڵم ئەگەر دوای ئەم هەموو ساڵە بەدەستی بەتاڵ بۆ واڵت بگەڕێینەوە، دەبین بەگەپجارِ وگازەندەمان دێتە سەر، جا دۆستان سەبرۆکەیەك بکەن، تا بزانین

(۳۰۰) ئاخۆ پێشبینییەکەی کالخاس ڕاستە یان درۆ. ئەوانەی تا ئێستا ماون، وا دەزانن دوێنێ و پێڕێ بوو کە کەشتی ئاخییەکان لە مینای ئولیسەوە بەڕێ کەوتن بۆ شەڕی بریام و تەروادەییەکان

(۳۰۵) هەموو لە دەوری کانییەك خڕ بووبووینەوە تا قوربانی سەدینە لەسەر قوربانگە پیرۆزەکان پێشکەش بە خواوەندان بکەین، بەو ناونیشانەی دار سنۆبەرێك لەوێ بوو کە ئاوێکی زوااڵی لەژێردا هەڵدەقوااڵ. هەنگی هێمایەکی خواییمان بینی، چونکە زیوس ئەژدیهایەکی ترسناکی لەژێر ئەرزەوە نارد، پشتی سوری سوور بوو،

(۳۱۰) لەژێر قوربانگەکەوە بەرەو دارسنۆبەرەکە هات. پەرەسێلکەیەك لەسەر لقێکی بەرز هێلانەی کردبوو، چەند بێچوویەکی بچووکی هەبوو، لەژێر گەاڵکانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، نۆ بێچو بوون، بەدایکیانەوە دەیانکردە نۆ دانە. ئەژدیهاکە بێچووە بچووکە بەستەزمانەکانی خوارد،

(۳۱۵) دایکەکەیان هەندێ کشایەوە و بۆ بێچوە بچووکەکانی دەگریا، بەاڵم ئەژدیهاکە کلکی تێوە ئااڵند و باڵەکانی گرت و کەوتە هاوار. کاتێ ئەژدیهاکە هەموویانی بەبێچوو دایکەوە خوارد، ئەو خوایەی کە ناردبووی تا بیکات بە هێما و ڕەمز، لەبەرچاو ونی کرد، چونکە زیوسی کوڕی کرونوس، کە خوایەکی فرە تەگبیر بوو، کردی بە کەڤر،

(۳۲۰) هەموو بە واقی وڕەوە تەمەشای ئەو ڕووداوەمان کرد، بەچاوی خۆ دیتمان چۆن ئەم نیشانە ترسناکە بەسەر سەد قوربانیەکەوە تێکشکا، کالخاس پێی ڕاگەیاندین کە ئەمە وەحی و

سروشی ئاسمانە. گوتی: "ئەی ئاخییان بۆچی واقتان وڕماوە، ئەمە ڕەمز و نیشانەیەکە کە زیوس بۆی ناردووین،
(٣٢٥) زۆر بەر لە وەدیهاتنی بۆی ناردوین، بەڵام شۆڕەتی هەرگیز لەبیر ناچێت. جا چۆن مارەکە هەر هەشت بێچووەکەی خوارد و بەدایکیانەوە کردیانی بەنۆ، ئێمەش بەو جۆرە نۆ ساڵان لە تەروادەدا دەجەنگین، لێ لە ساڵی دەیەمدا شارەکە دەگرین.،
(٣٣٠) ئەمە پێشبینیەکە بوو، جا ئێستا لەسەرتانە ڕووبەڕووی حەقیقەتەکە ببنەوە، بۆیە سەبر بکەن و بمێننەوە تا شارە گەورەکەی بریام دەگرین." ئارگوسییەکان بە یەك دەنگ هاواریان کرد، هاواریێکی وەهاکە کەشتیەکان لە دەنگی هاوارەکەیان لەرزین.
(٣٣٥) هەنگێ نەستوری سوارچاکی جیرینی هەڵیدایێ و هاواری کرد: "شەرمە بۆ ئێوە کە وەکو منداڵان قسە دەکەن، لە کاتێکا دەبێ وەکو پیاوان بجەنگن. ئەدی کوا پەیمان و بەڵێنەکانمان، ئەو سۆزەی دامان کێوە چوو؟
(٣٤٠) باشە وەعد و بەڵێنەکانمان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان، لەگەڵ ئەو بادانەی خواردمانەوە و ئەو دەستە ڕاستانەی کە سوێندی هاوڕێیەتی و دڵسۆزیمان پێ خوارد تۆڕ بدەینە ئاگرەوە؟ ئێمە کاتی خۆمان بەقسەوە بەفیڕۆ دەدەین، و بەم قسانە هیچ بەهیچ ناکەین. بۆیە ئەی کوڕی ئوتریوس، تۆ سوربە لەسەر ئامانجی بتەوی خۆت،
(٣٤٥) پێش ئارگۆسییەکان بکەوە بۆ شەڕ، و ئەم چەند جەنگاوەرە بودەڵانەی کە چەنەچەنی ئەوەیان، بەر لەوەی بزانین کە ئاخۆ زیوس ڕاست دەکات یان درۆ، بۆ ئارگۆس بگەڕێنەوە، بەجێبهێڵە.
(٣٥٠) چونکە کوڕە هەرە بەهێز و تواناکەی کرونوس، کاتێ ئێمەی ئارگۆسی بەسواری کەشتی، مەرگ و وێرانیمان، بۆ تەروادەییەکان دەهێنا، بەڵێنی داینێ کە سەردەکەوین. ئاماژەی خێری داینێ، کردیە کارێك بروسەکەکەی بەسەر دەستی ڕاستماندا بڵاچە بدات، بۆیە هەڕنە پێش، نابێ کەس پەلە لە ڕۆشتنەوە بکات،
(٣٥٥) تا هەریەکەمان ژنی پیاوێکی تەروادەیی نەگێ، و تۆڵەی ئەو هەموو عەزاب و ژانە نەکەینەوە کە لە پێناوی هیلین دا چەشتمان.
بەهەرحاڵ هەر کەسێك دەیەوێ زوو بۆ وڵات بگەڕێتەوە، لێیگەڕێن با بەس دەستی بگەیەنێتە کەشتییەکەی، بزانە چۆن بەبەرچاوی هەمووانەوە مەرگی خۆی دەبینێ.
(٣٦٠) بەڵام ئەی پاشا، بیربکەوە و گوێ لە ئاموژگاری من بگرە، چونکە ئەو قسەیەی دەیکەم بە ئاسانی لە بیر ناچێت. ئاگامەمنون جەنگاوەرەکانت بەپێی تیرە و تایفە جۆرا و جۆرەکانیان دابەش بکە. چونکە تیرە و تایفە پشتیوانی لێکدی دەکەن. ئەگەر ئەمەت کرد و، ئاخییەکان بە گوێیان کردی
(٣٦٥) هەنگێ فەرماندە و جەنگاوەرانت بۆ دەردەکەوێ، ئازایان لە ترسنۆکان جیادەکەیەوە، چونکە هەڤرکی یەکتر دەکەن. بەو جۆرە دەشزانی کە ئاخۆ ئەمە ویستی ئاسمانییە یان ترسنۆکی جەنگاوەرانە کە ناتوانی شارەکە بگری." ئاگامەمنون وەڵامی دایەوە:

(٣٧٠) "نەستور، ئەی جەنابی پیر، بە تەگبیرەکانت بۆڕی هەموو ئاخییەکانت دا. بەزاتی بابە زیوس، و ئەتینا و ئەپولۆ، ئەگەر من لەناو ئاخییاندا دە شیرەتکار و تەگبیرکەری وەکو تۆم هەبا، ئێستا دەمێ بوو شارەکەی بریام شا کەوتبووە دەستمان، و ویرانیشمان کردبوو.
(٣٧٥) بەڵام کوڕەکەی کرونوس ڕووبەڕووی قەرقەشە و شەڕم دەکاتەوە، من و ئەخیل لەسەر ئەم کێژە بەشەڕ هاتین، و لەم مەسەلەیەدا بەوە تاوانبار کرام کە من دەست پێشکەر بووم؛ ئەگەر جارێکی دیکە ئاشت بووینایەتەوە و هەڵوێستمان یەک بخستایە
(٣٨٠) ئەوا تەروادەییەکان بەرگەی تاقە ڕۆژێکیان نە دەگرتین. جا ئێستا نانی بەیانی بخۆن، ئەوسا سوپاکەمان بۆ شەڕ کۆ دەبێتەوە، نێزەکانتان تیژ بکەنەوە، قەڵغانەکەنتان ڕێکبخەنەوە، و ئەسپەکانتان باش ئالیک بدەن، بە وردی عەرەبانەکان سەح بکەنەوە،
(٣٨٥) لەوەیە بچینە شەڕێکەوە تا ئێوارێ بخایەنێ، بۆ ساتێکیش پشووی تیا نابێت، تا شەو دادێ و لێکمان جیا دەکاتەوە، قایشی قەڵغانەکانتان بەسەر شانتانەوە ئارەقە دەکەنەوە، دەستان لە گرتنی نێزەکانتان ماندوو دەبێ،
(٣٩٠) و بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن ئەسپی ژێر عەرەبانەکانتان لە ئارەقەدا هەڵدەکشێن، جا هەر کەسێک لە شەڕ هەڵبێ، یان بگەڕێتەوە بۆ لای کەشتییەکان، نابێ ئومێدی ئەوەی هەبێ کە نەبێ بە نەچیروخۆراکی کسۆک و سەر گەڕان". ئاگامەمنون بەو جۆرە قسەی کرد. ئاخییەکان قسەکانیان پێ پەسەند بوو، و هورایەکی وەهایان کێشا، لە تۆ وایە شەپولانەو بەدەم بای باشورەوە بەرز دەبێتەوە و خۆی بەکەناراندا دەدات و باهۆز بەهەموو لایەکیدا دەبات. ئاخییەکانیش بەو ئاوایە هەستان و لە هەموو قۆڵێکەوە بەپەلە بەرەو کەشتییەکانیان ڕۆییشتن. و لەوێ و لە خێوەتەکانا ئاگریان کردەوە و نانەکەیان خوارد،
(٤٠٠) و هەر جەنگاوەرێک قوربانییەکی بۆ یەکێک لە خواوەندەکان کرد، نوێژیان بۆ کردن و لە بەریان پاڕانەوە کە بە سەلامەتی لە شەڕ بگەڕێنەوە؟ ئاگامەمنونی سەرداری جەنگاوەرەکانیش گایەکی پێنج ساڵانی بۆ کوڕەکەی کرونوس کردە قوربانی، فەرماندە و ردێن سپیانی لەشکرەکەی بانگ کرد
(٤٠٥) هەوەڵجار ڕاوێژی بە نەستور و ئیدومینویوس شا، ئەوجا برایان ئیاکس، و کوڕەکەی تیدیوس، و شەشەمین میوان ئودیبوس بوو، کە هاوتای زیوس بوو لە ڕاوێژ و تەگبیردا، لێ مینیلاوس دوایی بەخۆی هات، چونکە دەیزانی کە برایەکەی چەند مژول و سەرقاڵە.
(٤١٠) هەموو بە جامی بادەوە لە دەوری گایەک وەستان، ئاگامەمنون بەدەم نوێژ و نزاوە گوتی: "ئەی زیوس، ئەی هەرە بەتوانا، ئەی ئاکنجی ئاسمان، ئەی خوای هەورانی گەواڵ گەواڵ، خواوەندا وەعدمان بدەیێ کە هەتاو ئاوا نەبێ و شەو دانەیەت تا کۆشکەکەی بریام هەرەس نەهێنێ،
(٤١٥) و تا دەرگاکانی نەبنە خۆراکی ئاگر، وەعدم بدەیە کە شمشێرەکەم قەڵغانەکەی هیکتۆر لە ئاستی دڵییەوە دیواودەربکات، و هاوڕێکانی بەچواردەوریا لە گڵ بگەوزن و بەدەم ئازاری

مەرگەوە قەپ بەزەویدا بکەن." بەو جۆرە پاڕایەوە و نزای کرد، بەڵام کوڕەکەی کرونوس حەزی نەدەکرد جارێ دوعاکەی گیرا بکات.

(٤٢٠) قوربانییەکەی لێ قەبوڵ کرد، بەڵام گرفت و سەریەشەکانی زیاتر بوون. دوای ئەوەی پارانەوە و قوربانییەکەیان بە بادە ئاوڕشێن کرد، سەری گایەکەیان هەڵبڕی‌و، سەریان بڕی، و کەوڵیان کرد، ئێسکی ڕانەکانیان بڕی، دوو چین چەورییان تێوە پێچا، و چەند پارچە گۆشتێکی خاویان خستە سەر قوربانییەکە.

(٤٢٥) بەدار ئاگریان کردەوە، گۆشتی خوانەکەیان لە شیشدا و خستیانە سەر ئاگرەکە تا ببرژێ، و کاتێ ئێسکی ڕانەکان سوتا، و شیشەکان برژان، باقی گۆشتەکەیان بڕی و لە شیشیاندا، و برژاندیان تا پێگەیی، و ئەوجا دایانماڵی؛

(٤٣٠) ئەوجا کە لەکار بوونەوە و دەعوەتەکە ئامادە بوو، خواردیان و هەر کەسە و بەشی تەواوی خۆی درایێ، تا هەمووان تێر بوون. کە لە خواردن و خواردنەوە بوونەوە، نەستوری، سوارچاکی جیرینی، کەوتە قسان و گوتی: "ئەی ئاگامەمنون، ئەی پاشای جەنگاوەران،

(٤٣٥) با بە قسانەوە مژول نەبین، و تازووە ئەو کارەی کە ئاسمان پێی سپاردوین ئەنجام بدەین، فرمان بدە کە جارچیان، سوپای ئاخییان ئاگادار بکەنەوە کە لەلای کەشتیەکانیان کۆببنەوە، ئێمەش بڕۆین و بچینە ناو سوپاوە و،

(٤٤٠) و یەکسەر دەست بەشەڕ بکەین". بەو جۆرە قسەی کرد و ئاگامەمنون قسەکانی بەهەند وەرگرت، دەستبەجێ جارچی ناردن کە داوا لە خەڵکەکە بکەن کۆببنەوە. جەنگاوەرەکان زوو بەزوو خڕبوونەوە.

(٤٤٥) فەرماندەکانی کوڕی ئوتریوس، جەنگاوەرانی خۆیان هەڵبژارد و فەرماندەیی مەیدانییان پێ سپاردن، ئەتینا بەخۆی و مەتاڵەکەیەوە لەناویانا دەسوڕایەوە، ئەو مەتاڵەی کە نەکۆن دەبوو و نە دەمرد. و سەدان ریشوی زێڕی خاڵیسەی پێدا شۆڕ بووبووەوە، ئەو ڕیشوانەی باش ڕێسرابوون، و هەر ڕیشویەکی سەد سەرگای دێنا

(٤٥٠) ئەتینا بەم مەتاڵەوەوە و بەجۆش خرۆشەوە، بەناو لەشکری ئاخییاندا دەسوڕایەوە و هانی دەدان کە پێشڕەوی بکەن، زات و جورئەتی دەخستە دڵی یەکە بەیەکەیانەوە، بەو ڕادەیەی یەکسەر و بێ وەستان بچێتە شەڕەوە. بەو جۆرە تا وایان لێهات شەڕیان پێ خۆشتر بێ، لە سواری کەشتی و گەڕانەوە بۆ وڵات.

(٤٥٥) وەکو چۆن ئاگرێکی گەورە لەسەر ترۆپکی چیایەك هەڵگیرسێ و بڵێسە بسەنێ و لە دوورەوە شۆق بداتەوە، بەو ئاوایە بەدەم پێشڕەوییەوە بروسك و هوڕی قەڵغانەکانیان گەییە حەوت تەبەقەی ئاسمان. وەکو چۆن پۆڵی بێ شوماری

(٤٦٠) قازان یا قەتاری قورینگان بەسەر مێرگ و دەشتی چواردەوری ڕوباری کیستەردا، لێرەو لەوێ بەپەلە و خێراخێرا دەڕۆن، و بەهێزی باڵەکانیانەوە دەنازن، بەدەم قاوقیژەوە دەنیشنەوە، و دەنگیان لە زۆنگاواندا دەنگ دەداتەوە، بەو ئاوایە تیرەو تایفەکان لە کەشتی و خێوەتەکانەوە بەرەو

(٤٦٥) دەشتی سکاماندروس هوروژمیان هێنا، زەوی لەژێر پێی جەنگاوەران و ئەسپاندا، لەرزی. وەکو مەزرایەکی چڕ کە لە بەهاری گوڵ و گەڵادا بێ، وەستان. وەکو چۆن پورەی مێش

(٤٧٠) بەدەوری ماڵی شواندا لە وەرزی بەهارا کە ئامانان تەژی شیر دەبن، دەسوڕێنەوە و دەگرمێنن، بەو ئاوایە ئاخییەکان بەسەر دەشتەکەدا دابارین تا ڕووبەڕووی تەروادەییەکان ببنەوە و تەفر و تونایان بکەن. سەرکردەکان، جەنگاوەرەکانیان جیا کردەوە تا بۆ شەڕ سازیان بدەن، هێندە بە ئاسانی جیایان کردنەوە

(٤٧٥) وەکو چۆن شوانکارەیەک پەزە تێکەڵاوەکانی لەکاتی لەوەڕدا دەناسێتەوە و جیای دەکاتەوە. ئاگامەمنونی سەرداریش بەسەروچاوی چوون سەروچاوی زیوسی خودان بروسکە، بەکەمەری چوون کەمەری ئەریسی خوای جەنگ، و بەسینەی چوون سینگی خوای دەریا (بوسیدون)ەوە کەوتە ناویان

(٤٨٠) وەکو گایەکی مەزن و پێشەنگ و دیار لەناو گاڕان دا، زیوس بەو جۆرە کوڕەکەی ئوتریوسی لەنێو ئاپورای قارەماناندا قوت کردەوە، جا ئێستا ئێوە ئەی خواوەندانی هونەران، ئەی ئەوانەی لە ئۆڵەمپ نیشتەجێن، پێم بڵێن

(٤٨٥) چونکە ئەنگۆ خواوەندن و لە هەموو شوێنێ هەن، بەچاوی خۆ هەموو شتان دەبینن و دەزانن، بەڵام ئێمە تەنیا بانگەشان دەبیستین و هیچ نازانین —پێم بێژن کێ رابەر و سەروەرانی داناییەکانن؟ بەڵام سەبارەت بە عەوامی جەنگاوەران، ئەوەندە زۆرن ئەگەر دە زمانم هەبوایە،

(٤٩٠) هەرگیز دەنگم نەکەوتبوایە و دڵێکی ئاسنم هەبوایە، ناوی تاقە یەکێکیانم نەدەزانی، ئەگەر ئێوە ناویانتان پێ نەگوتبام، ئەی خواوەندانی ئۆڵەمپ، کیژانی زیوسی قەڵغاندار، بەهەرحاڵ ناوی کەشتیوانەکان و هەموو کەشتیەکانتان پێکەوە پێدەڵێم. بینیلیوس و لیتوس

(٤٩٥) و ئەرکیسیلاوس و بروتونور و کلونیوس فەرماندەی بوتیەکانن. ئەمانە ئاکنجی وڵاتی ئولیسی کەڤڕۆکن، کەسکونیوس و سکولوس و شاخەکانی ئیتونوس دەگرێتەوە، لەگەڵ تیسالیا وگرایا و شارە جوانەکەی میکالیسوس. هەروەها هارما و ئیسلیسیوم و ئەریترياش دەگرێتەوە

(٥٠٠) ئەمانە خاوەنی ئیلون و هیلی و بیتیو و ئۆکالا و دارستانە گەورەکەی میدیون و کوبیا و یوتریسیس و تسبی پڕ لە کۆترە باریکەن، و کورونیا، و پاوەنەکانی هالیارتوس و بلاتیا و گلیساس،

(٥٠٥) و دارستانی تیبە و ئونشیستوس و ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی بوسیدون، و هەروەها ئەرنی بە ناوبانگ بەڕەزوترێ؛ و میدیا و نیسای موبارەک و پیرۆز، و ئەنیتدونی سەر دەریا. لەوێندەرەوە پەنجا کەشتی هاتوون، و هەر کەشتییەک

(٥١٠) سەد و بیست لاوی بوتیی تیابووە. ئاسکالافوس و ئیالیمینوس، کوڕانی ئەریس، رابەری ئەو گەلەیان کرد کە لە ئەسبلیدون و ئورخومینوس ئاکنجی بوون. ئەم دوانە لە پاکیزەیەکی خانەدان لە ماڵی ئوکتوری کوڕی زیوس لە دایک بووبوون، چونکە ئەو پاکیزەیە لەگەڵ ئەریسی خواوەندی جەنگدا بەدزییەوە چوو بووە ژوورێکی سەرەوە

(٥١٥) لـەوێ لەگـەڵیا خـەوتبوو. سـێ دانـە کەشـتی لەگـەڵ ئەوانـەدا هـات. سـکیدیوس و ئیبستروفوس، کوڕانی(ئیفتوس) ی بەتوانای کوڕی توبولوس ڕێبەرایەتی فوشییەکانیان کرد، ئەو دووەی کە سیباریوس، و بیتوی کەڤرۆکیان گرتبوو،

(٥٢٠) هـەروەها کریسـای پـیرۆز و دولـیس و بـانوبیوس، هـەروەها ئەوانـەی لـە ئـەنیموریا و هامبولیس و لە دەوروبەری ئاوی ڕوباری کیفیسوس، و لیلای نزیکی سەرچاوەکانی کیفیسوس ئاکنجی بوون، لەگەڵ فەرماندەکانیاندا بەچل کەشتی هاتبوون،

(٥٢٥) هێزی فوشییەکانیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، کە لە نزیکی بوتییەکاندا، بەدەستە چەپیاندا هـەواریان هەڵـدابوو. ئەجاکسـی کـوڕی ئویلیـوس ڕێبـەرانی لوکرییـەکانی کردبـوو. ئەمـە وەکـو ئەجاکسی کوڕی تیلامون گەورە نەبوو، پیاوێکی بچووک بوو. قەڵغانەکەی کەتان بوو، بەڵام

(٥٣٠) لە بەکارهێنانی نێزەدا لەهەر هەموو هیلینی و ئاخییەکان باشتر بـوو. ئەمانە لـە سینوس و ئوبوس و کالیاروس و بیسا و سکارفی و ئوجیای جوان و تارفی و ترونیومی نزیکی ڕوباری بوگریوسدا دەژیان. لەگەڵیا چل کەشتی

(٥٣٥) لـە لوکرییـەکانی بەرانبـەر یوبویا هاتبوو، و ئەبانیتسـە سامدارەکان کـە یوبویـا و هـەموو شارەکانی یوبویا و خالکیس و ئیریتریا و هیستیای پڕ ڕەز و تریێ، و(سیرنتوس)ی سەر دەریا و شـارە کەڤرۆکەکـەی (دیـون)یـان گرتبـوو، و جـەنگاوەرانی کارسـتوس و (سـیترا)ش لەگـەڵیان هاتبوون

(٥٤٠) ئیلفینو ڕابەرایەتی ئەمانەی دەکرد، ئیلفینو لە خانەدانی ئەریسی خواوەندی جەنگ بوو، کوڕی خالکودون، و سەرداری هەموو ئەبانتیفەکان بوو. لەگەڵیا هاتن و یەك ئوستوڵ خواردنیان لەگەڵ خۆدا هێنا بوو، قژە دریژەکانیان بەپشتیانا بەر بوو بووەوە، ئەمانە جـەنگاوەری ئازان، و دەیانەوێ بەنێزەکانیان، کە لە دار بەڕوو دروستکراوە کەمەری دژمنەکانیان بشکێنن.

(٥٤٥) چل دانـە کەشتی لەگـەڵ ئـەم فەرماندەیـەدا بـوو. بـەڵام لەوانـەی کـە لـە شـارە بەهێزەکـەی ئەتینادان، ئەوانە گەلی (ئیریختوس)ن، کە لە هەمان گڵ و خاك لە دایك بووە، کە کیژەکـەی زیـوس ئەتینا پەروەردەی کردو، لـە ئـەتینا، لـە پەرستگـە ئاوەدان و دەوڵەمەندەکەیـدا ئاکنجی کـرد. جـا لەوێ لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان و سالّ لەدوای سالّ ئەتینییەکان کەوتنە پەرستنی

(٥٥٠) و قوربانی کردن بۆی لـە گـا و بـەرانان. مینیسـیتوس–ی کـوڕی فیتیـوس کـە فەرماندەیان بوو. لە ڕابەرایەتی گالیسکان و سەربازانی پیادەدا بێ هاوتا بـوو، هـیچ جـەنگاوەرێکی زیندوو نەبوو شان لە شانی بدات.

(٥٥٥) تەنیا نەستور، کە لەو بەتەمەنتر بوو، هاوتای دەکردەوە. ئەم فەرماندەیەش پەنجا کەشتی بـەدواوە بـوو. ئـەجاکس دوازدە کەشـتی لـە سالامیسـەوە هێنـا و لـە پـاڵ کەشـتی ئەتینییـەکانا ڕایگرتن. بەڵام جەنگاوەرانی ئارگوس، ئەوانەی کەشورە و قەڵاکانی (تیرینیس)یان گرتبوو

(٥٦٠) لەگـەڵ هیرمیـونی و ئەسـینی سـەرکەنداودا، و لەگـەڵ تـرۆزین و ئیـونی و وڵاتـی ڕەز و مێـوان لـە ئەبیـدوروس، و لاوانـی ئاخییـانی کـە لـە ئیجینـا و ماسیسـەوە هـاتبوون، ئەوانـە کـە

سەرکردەکانیان دیومیدسی شێری نەپە لە جەنگاو، ستینیلوسی کوڕی کابانیوسی بەناوبانگ بوون

(٥٦٥) ئەمانە یوریالوسی فەرماندەشیان لەگەڵ بوو، کە کوڕی شامیکیستیوسی کوڕی تاولاس بوو، بەڵام دیومیدس سەرکردەی هەر هەموویان بوو. ئەمانە هەشتا کەشتیان بەدواوە بوو. ئەوانەی کە شارە بەهێزەکەی مسینا و کورنتەی دەوڵەمەند و کلیونیا و ئورنیا و ئەریتیریا و لیسون) یان کە تا ماوەیەکی زۆر لەژێر حوکمی ئەدراستوس دا بوو، و هیبیرسیا و گونوسای ژوورو و بیلینی و ئیجبیوم

(٥٧٥) و هەموو ولاتە کەناریەکانی دەوری هیلیکی–یان لەژێر دەستدا بوو، ئەوان سەد کەشتیان لەژێر فەرماندەیی شا ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوسدا نارد بوو. باشترین و زۆرترین لەشکرییان لەگەڵ ئەمدا بوون، پاشا بەخۆی و مەتالە برونزییە بریقەدارەکەیەوە لە ناوەڕاستا و لەناو هەموو قارەمانەکاندا دیار بوو،

(٥٨٠) چونکە مەزنترین پاشا بوو، و زۆربەی جەنگاوەران لەژێر ئەمری ئەودا بوون. ئەوانەی کە لە لاسیدیمون دادەنیشتن، ئەوانەی نێوان هەردوو بانی فاریس و ئەسپارتە، لەگەڵ میسی مەڵبەندی کۆتران، و بریسیا و ئوجیا و ئەمیلیکا، و هیلوسی سەر دەریا

(٥٨٥) و هەروەها لا س و ئویلیلوس، (مینیلاوس) ی دەنگ دلێری شەڕ و برای ئاگامەمنون فەرماندەیی دەکردن، ئەمانە شەست کەشتیان پێ بوو، دوور لە کەشتییەکانی دی ڕێگەی خۆیان بڕی،(مینیلاوس)ی دلێر و دلاوەر بەخۆی بەناویانا دەگەڕا و جەنگاوەرەکانی بۆ نەبەرد هان دەدا، چونکە لەهەر کەسێك پتر تاسەمەندی

(٥٩٠) ئەوەبوو کە تۆڵەی ئەو هەموو خەم و ناڕەحەتیە بکاتەوە کە بەبۆنەی رفاندنی هیلینی ژنییەوە دووچاری بوو بوو، ئەوانەی لە بلیوس و ئەرینی و (ترۆیۆم)ی سەر بواری ڕوباری فیوس، و ئیبی بەهێز دەژیان، و ئەوانەی ماڵیان لە سیباریسیس، و ئەمفیجینا، و تیلیوم و هیلوس و دوریوم بوو، و خواوەندانی هۆزان

(٥٩٥) لەوێندەر تووشی تامیریس بوون، و بۆ هەتا هەتایە کۆتاییان بەشیعر و ئاوازخوانی ئەو هێنا، تامیرسی لە ئوخالیاوە، لە ماڵی (یوریتوس)ی حوکمڕانی ئەوێوە دەهاتەوە و بەوەوە دەفشی کە خواوەندانی هۆزان، کێژانی زیوسی قەڵغاندار دەبەزێنێ ئەگەر لە گۆرانی و ئاوازخوانیدا هەڤڕکی بکەن، لەبەرئەمە لێی توڕە بوون و عەیبداریان کرد

(٦٠٠) بەهرە پیرۆزەکەی ئاوازخوانیان لێ ستاندەوە، گیتارژەنیان لەبیر بردەوە. ئەمانە لەژێر فەرمانی نەستوری، سوارچاکی جیرینیدا بوون، و نەوت کەشتی لەگەڵدا هاتبوو. ئەوانەی خەڵکی ئارکادیای بناری چیایە بەرزەکەی سیلینی، نزیکی مەزارەکەی ئیبیتوس بوون و جەنگاوەرانی لێهاتووی جەنگی دەستەو یەخەیان تیابوو،

(٦٠٥) و ئەوانەش کە لە فینیوس و ئورخیمینوسی بەپەزان بەناوبانگ، و ریبی و ستراتی و ئینیسبی باگر دەژیان، و ئەوانەی لە تیجیا و مانتینای جوان، و لە ستیمفیلوس و باراسیادا بوون، و هەموویان لەژێر فەرمانی شا ئاگابینوری کوڕی ئەنکایوسی فەرماندەی بالادا بوون

(٦١٠) شەست دانە کەشتیان پێ بوو. گەلێك لە ئارکادییەکان، جەنگاوەرانی مەزن، ئامادەبوون، بەلام ئاگامەمنون بەخۆی کەشتی بۆ ئامادەکردن و پێی لە دەریا پەڕینەوە، چونکە ئارکادییەکان سەروساختیان لەگەڵ ئاو ودەریادا نەبوو

(٦١٥) هەروەها جەنگاوەرانێکی فرە لە بوراسیون و ئیلیسەوە هاتبوون، ژمارەیان هێندە زۆر بوو نێوان هیرمینی و میرسینوسی کەناری دەریا و ئولینی کەڤرۆك و ئەلیسیومیان گرتبوو، ئەمانە چوار فەرماندەیان هەبوو، و هەر فەرماندەیەك دە کەشتی هەبوو، و هەر کەشتییەك ژمارەیەکی زۆری لە ئییانییەکان هەڵگرتبوو.

(٦٢٠) هەندێکیان لەژێر فەرمانی ئەمفیماخوس و تالیبیوسدا بوون –یەکەمیان کوڕی کتیتوس و دووەمیان کوڕی یوریتوس بوو– و هەردوکیان لە ڕەچەڵەکی ئەکتور بوون. و هەندێکی تریان لەژێر فەرمانی هەردوو فەرماندە دیوریس–ی کوڕی ئەمارینکیس، و بولیکسینوس–ی کوڕی شا ئوگاسیتنوسی کوڕی ئوجیاس دا بوون.

(٦٢٥) و ئەوانەی لە دولیخیومەوە لەگەڵ خەڵکی دوڕگە پیرۆزەکانی ئینحنییەوە هاتبوون. ئەوانەی ئاکنجی ئەودیوی دەریای ئیلیس بوون، ئەوانە لەژێر فەرمانی میغیس–ی هاوتای خواوەندی جەنگ ئەریس، و کوڕی شێرە پیاو فیلیوسی، ئازیزی دڵی زیوسدا بوون، ئەو میغسەی کە لەگەڵ بابیا بەشەڕ هات و ڕۆیی تا لە دولیخیوم نیشتەجێ ببێ.

(٦٣٠) و چل دانە کەشتی لەگەڵدا هات. ئودیسیوس، ڕێبەرایەتی سفالینیە ئازاکانی دەکرد، ئەوانەی لە ئیتاکا و نیریتومی پڕ دار و دارستاندا ئاکنجی بوون، لەگەڵ ئەوانەی کە لە کروسیلیا و ئیجیلیبس ی هەزار بەهەزار و ساموس و زاکینتوس،

(٦٣٥) و ناوچە سەرەکییەکانی بەرانبەر دوڕگەکان ئاکنجی بوون. ئەمانە(ئودیسیوس)ی هاوتای زیوس لە تەگبیر و ڕاوێژان، ڕێبەری دەکردن و دوانزە کەشتی لەگەڵدا هات. تاوس، ڕێبەرایەتی ئیتولیانییەکانی دانیشتووی بلیرون و ئولینوس و بیلینی،

(٦٤٠) و خالکیسی نزیکی دەریا و کالیدونی کەڤرۆکی دەکرد، چونکە شای مەزن و ئینیوس ئێستا منالّی زیندووی نەبوو، بەخۆشیی مردبوو، هەروەها میلیغری قژ زەردیش کە چوو بۆلای ئیتولییەکان تا ببێ بە پاشایان مرد بوو. جا چل دانە کەشتی دەگەڵ تاوس دا هات.

(٦٤٥) فەرماندەی کریتانییەکان ئیدومینیوس، نێزە هاوێژی بەناوبانگ بوو، هەروەها فەرماندەی خەڵکی کنوسوس و شاری غورتیسی شورەدار بوو، هەروەها فەرماندەی لیکتوس و میلیتوس و لیکاستوسی کەڤرۆکی سپی ئاخ بوو، هەروەها هەردوو شاری پڕ دانیشتووانی فیستوس و ریتیوم، زێدەباری دانیشتوانی کریت بەهەر سەد شارەکەیەوە.

(٦٥٠) هەر هەموو ئەمانە ئیدومینیوس، (میریونیس ی هاوتای ئەریسی خواوەندی جەنگ ڕێبەرایەتی دەکردن و هەشتا کەشتیان لەگەڵدا هات. تلیبولیموسی کوڕی هیراکلیس، قارەمانی کەڵەگەتی ڕەشید و جوامێر، نۆ کەشتی پڕ لە جەنگاوەرانی دڕی (رودس)ی لەگەڵ خۆدا هێنا

(٦٥٥) ئەو رودسەی دابەش دەبێ بەسەر سێ شاردا: لیندوس و ئیالیسوس و کامیروس، کە دەکەوێتە سەر تاوێرانی سپیواژەوە. هەموو ئەمانە لەژێر فەرمانی تلیبولیموسی کوڕی

هیراکلیسی بەتوانا بوون، کە لە ئەسیتوخیا بوو بوو، کە لە ئیفرای سەر ڕووباری سیلیس بەدیلی هێنابووی

(٦٦٠) دوای وێران کردنی زۆر شاری جەنگاوەرانی بەهێز. کاتێ تلیبولیموس گەورە بوو، لیکیمنیوسی مامی بابی، کە لە کاتی خۆیدا جەنگاوەرێکی ناودار بوو، کوشت، ئەو کاتە پیر بوو. ئیدی خێرا بڕە کەشتییەکی بۆ خۆی دروست کرد و دوایی لایەنگرانێکی زۆری لەخۆی خڕکردەوە.

(٦٦٥) بە دەریادا هەڵات، چونکە کوڕ و کوڕەزاکانی هیراکلیس، هەڕەشەیان لێدەکرد، دوای گەشتێکی دەریایی پڕ لە ناڕەحەتی و دژواری گەییە رودس، خەڵکەکە بەسەر سێ تیرەدا دابەش بوون، و زیوسی خودانی خواوەندان و بەشەران مەحەبەتی چووە سەریان؛

(٦٧٠) و کوڕەکەی کرونوس، سەروەت و سامانێکی زۆری بەسەردا ڕشتن. نیریوس ڕابەری سێ کەشتی لە سومییەوە کرد –و نیریوس لەدوای کوڕەکەی بیلیوس لەهەر هەموو ئەو دانایانەی بۆ تەروادە هاتبوون قۆزتر بوو–

(٦٧٥) چونکە دەوڵەمەند نەبوو، چەند لایەنگرێکی کەمی لەگەڵ بوو. بەڵام دانیشتوانی نیسیروس و کارباتوس و کاسوس، لەگەڵ کوسی شاری یوریبیلوس، و دوڕگەکانی کالودینا، ئەمانە لەژێر فەرمانی فیدیبوس و ئەنتیفوس ی کوڕانی ساتیسالوسی کوڕی هیراکلیس دا بوون.

(٦٨٠) سی کەشتیان لەگەڵ بوو. هەروەها خەڵکانی ئارگوسی بیلاسجیا و ئەلوس و ئەلوبی و تراخیس و خەڵکانی بتیاوهیلاس، ولاتی ژنانی جوان، ئەوانەی پێیان دەگوترا مەرمیدون و هیلینی و ئاخیەکان،

(٦٨٥) بەهەر پەنجا کەشتییەکەیانەوە ئەخیل ڕابەرایەتی دەکردن. ئەمانە ئێستا بەشداری شەڕیان نەدەکرد، چونکە کەس نەبوو ئەمریان پێبکات، چونکە ئەخیل کونجی کەشتیەکەی گرتبوو، و توڕە بوو لەوەی کە(بریسیس)ی لێ زەوت کرابوو، ئەوکێژەی کە بە خەتەربازییەکی زۆرەوە لە لیرنیسوسەوە بەدیلی هێنابووی

(٦٩٠) کاتێ کە پەلاماری لیرنیسوس و تیبی، دابوو، و مینیس و ئیبیستروفوسی، کوڕانی شا ئیونوری کوڕی سیلبیوسی ریسوا کردن. لە سوێی ئەو کێژەدا خەمین و لیۆ بەباربوو، بەڵام پاشان بەگەڵ جەنگاوەرەکان کەوت.

(٦٩٥) دانیشتوانی فیلاکی و میرگوزارەکانی بیراسوس، و پەرستگەکەی دیمیتر، و ئیتونی فرە پەزومالات، و ئەنترومی سەر دەریا، و بتیلیومی باوەشی سەوزە گیایان، هەموو ئەمانە فەرماندەی عەگید بروتیسیلاو–یان تا لە ژیانا بوو، بەسەرەوە بوو، بەڵام ئێستا لەژێر خاکدا بوو.

(٧٠٠) ژنێکی لە فیلاکیدا لە پاش خۆی جێهێشت تا لە حەژمەت و داخانا ڕوومەتی خۆی بڕنێ، و ماڵەکەی بەنیوەچڵی بەجێهێشت، چونکە لە کاتێکا پێشی ئاخییەکان کەوتبوو بۆ سەر خاکی تەروادە، لەسەردەستی جەنگاوەرێکی داردانی کوژرا بوو. هەرچەندە، بۆ فەرماندەکەیان خەمبار

بوون، بەڵام بەبێ فەرماندە نەمانەوە، چونکە بودارکسی نەتیرەی ئەریسی خوای جەنگ، بوو بەسەر گەورەیان،

(٧٠٥) چل دانە کەشتی لەگەڵ بوو. دانیشتوانی فیرای نزیکی دەریاچەی بوبیبیە، وبوبیبی و گلافیریا،و شارە قەرەباڵغەکەی ئیولکوس، هەموویان بەیازدە کەشتییەکەیانەوە لەژێر فەرمانی یومیلوسی کوڕی ئەدمیتوس دا بوون،

(٧١٠) یومیلوس لە ئەلسیست بوو، کە جوانترین کیژی ناو بیلیاس بوو. دانیشتوانی میتونی و توماکیا، و دانیشتوانی میلیبونا و ئولیزونی کەڤرۆك، ئەوان لەژێر فرمانی تیر هاوێژی مەعلان فیلوکتیتس دا بوون، ئەمانە حەوت کەشتیان پێ بوو، هەر کەشتییەك پەنجا سەوڵەوانی تیابوو،

(٧١٥) و هەموویان تیرەوان بوون، بەڵام فیلوکتیتس بەدەم ژان و ئازارەوە لە دوڕگەی لیمنوس مایەوە، کوڕانی ئاخییایی لەوێندەر بەجێیان هێشت، چونکە ماریٚکی ئاویی ژەهراوی پێوەی دابوو. لەوێندەر بەدەم ئازارەوە مایەوە.

(٧٢٠) یەکسەر ئارگوسییەکان هەستیان بە بایەخی کرد، بەڵام هێزەکەی هەرچەند هەستیان بەخەسارەتی ئەو کرد، بەڵام بەبێ فەرماندە نەمانەوە، چونکە میدون، کە کوڕی بیژوی ئولیوس و لەرینی بوو، خێرا کەوتە سەرپەرشتی و رێکخستنیان. خەڵکانی تریکا و هەرێمی بەردەڵانی ئیتومی،

(٧٢٥) و دانیشتوانی ئوخالیا، شارەکەی لەمەڕ وریتوسی ئوخالی، ئەمانە لە مەعیەتی دووان لە کوڕانی ئەسکلیبیوس دا بوون، ناویان بودالیریوس و ماخاون بوو، لە هونەری خۆراکپەزیدا مەعلان و کارامە بوون. ئەمانە سی دانە کەشتیان لەگەڵ بوو. بەڵام دانیشتوانی ئورمینیوس، و دەوروبەری کانی هیبیریا،

(٧٣٠) و دانیشتوانی ئەستیریوس، و لوتکە چەرموەکانی تیتانوس، هەموویان لەژێر فەرمانی یوریبیلوسی کوڕی یومون دا بوون، و چل کەشتیان پێ بوو، ئەوانەی لە ئەرگیسا و جیرتونی و ئیلونی و شارە سپییەکەی ئولوسن دا دەژیان،

(٧٣٥) بولیبویتیس رابەریان بوو، ئەمە کوڕی بیریتوس بوو، کە کوڕی خودی زیوس بوو، چونکە هیبودامیا بەئەم سکی لە بیرتیوس پڕ بووبوو، لەو ڕۆژەدا کە تۆڵەی لە کەنتورانی چیا کردبووەوە و لە لوتکەی بیلیونەوە دەری کرد بوون بۆ ئیتیکیس.

(٧٤٠) بەڵام بولیبویتیس بەتەنیا ڕابەرایەتی نەدەکرد، لیونتیوسی نەتیرەی ئەریسی خواوەندی جەنگی لەگەڵ بوو، ئەمە کوڕی کورونوسی کوڕی کاینیوس بوو. ئەمانش چل دانە کەشتیان لەگەڵ بوو. گونیوس–ش لە سیفوسەوە بیست و دوو کەشتی هێنا بوو، و ئینیسون و بیرابیونە عەگید و جەزرەبەکانیش دوای کەوتن،

(٧٤٥) ئەمانە لە دودونای سارد وکۆجاڕدا دادەنیشتن و لە دەوروبەری ڕوبارە جوانەکەی تیتاریسیوس دا دادەنیشن، کە جۆگەلە مەنگەکانی دەڕژێنە بینیوسەوە. ئەم جۆگانە تێکەڵاوی شەپۆلە زیوینەکانی بینیوس نەبوون، وەکو زەیتی زەیتون بەسەرییەوە دەمایەوە،

(٧٥٠) چونکه تیتاریسیسو لقێك بوو لە ئورکوسی ترسناك و لەڕوباری ستیکسی جیهانی ژێرین. بروتوسی کوڕی تینتریدون ڕێبەرایەتی ماگنیتیەکانی دەکرد، کە لە دەوروبەری ڕوباری بینیوس و لوتکەی بیلون دادەنیشتن و فەرماندەکەیان بروتوسن بوو، کە چەندین پاپۆڕە خۆراکی ئامادە کرد بوو، چل دانە کەشتی لەگەڵ بوو

(٧٥٥) ئا ئەوانە فەرماندە و سەردارانی داناییەکان بوون. بەڵام ئەی خواوەندی هۆزان پێم بڵێ کێ لەوانەی شوێنی کوڕانی ئوتریوس کەوتن لە هەموو ئەمانە دلێرتر بوو؟ لە هەسپاندا هینەکانی فیریس چاکترین بوون. یومیلوس ڕابەری دەکردن، کە وەکو پۆلی مەلان خێرا بوون

(٧٦٠) لە یەك تەمەن و ڕەنگ دابوون، هەموو باڵا بەرز بوون، بەو ئەسپانە ئەپولۆی، زیوین کەوان، تیرەکانی خستە بیریاوە- پەشێوی کەوتە ئۆردوەکەوە، وەکو چۆن خواوەندی جەنگ ئەریس، وا دەکات لە شەڕدا. لە نێو جەنگاوەراندا ئاجاکسی کوڕی تیلامون-یان لەگەڵدا بوو، کە دوای دامرکانەوەی پشمو غەزەبی ئەخیل دەرکەوت، چونکە ئەخیل زۆری ستایش کرد

(٧٦٥) هەروەها ئەسپی باشی هەبوون، بەڵام ئەخیل ئێستا لە ئاگامەمنون تووڕە بوو، و کونجی کەشتییەکانی گرتبوو، جەنگاوەرەکانی لە کەناری دەریادا کاتی خۆیان بەهەڵدانی دیسك و نێزە و تیرهاویشتن و نیشانە نانەوە ڕادەبوارد

(٧٧٠) ئەسپەکانیان، هەریەکەیان لەبەر عەرەبانەکەی خۆیدا وەستابوو، و لۆتس و گیایان دەخوارد. عەرەبانەکان داپۆشرا بوون، بەڵام خاوەنەکانیان، بێکار لێرە و لەوێ بە دەوری لەشکرەکەدا دەسوڕانەوە و نەدەچوون بۆ شەڕ چونکە فرمانی فەرماندەکەیان پێ نەبوو.

(٧٧٥) بەم جۆرە سوپا وەکو چۆن خودانی بروسکانی ئاسمانی، تووڕە دەبێ و زەوی دەوروبەری تیفویوسی نزیکی ئەریمی بەر قامچی دەدات، کە دەڵێن تیفویوس لەوێدا نێژراوە، بەو ئاوایە زەوی لەژێر پێی جەنگاوەرەکاندا ،

(٧٨٠) کە بە دەشتەکەدا پێشڕەویان دەکرد پتر دەینالاند، ئیدی ئایریسی خواوەندی پەلکە ڕەنگینە، نوێنەر و پەیامبەری ئاسمان، وەکو با بۆ لای تەراودەییەکان دایکێشا، چونکە زیوس ناردبووی، تا هەواڵی ناخۆش بە تەروادەییەکان بگەیەنێ.

تەروادەییەکان لەبەر دەروازەکانی کۆشکەکەی بریامدا، بە گەنج و پیرەوە مژوڵی کۆبوونەوە بوون.

(٧٨٥) ئایریس لە بریام نزیك بووەوە، بە دەنگی (بولیتیس) ی کوڕی بریام قسەی بۆ کرد، بولیتیس کە کەسێکی تیژڕەو بوو، وەکو دیدەوان لەسەر گۆڕەکەی(ئیسیتیس) ەوە چاودێری تەروادەییەکانی دەکرد، تا لە هەر جموجۆڵێکی ئاخییەکان ئاگادار بێ.

(٧٩٠) دوای ئەوەی چووە پێست و شێوەی (بولیتیس) ەوە، بەبریامی گوت: "ئەی بریامە پیر، تۆ ئێستاش وەکو جاران، وەکو زەمانی ئاشتی سوێرە قسەیت، کەچی شەڕ بەردەرکەی پێ گرتووی من زۆر شەڕم دیوە و کردووە، بەڵام من هەرگیز سوپای وەك ئەم سوپایەی کە بەرەو ئێوە پێشڕەوی دەکات، گەورەم نەدیوە. ئەوەتا وا دەشتەکە دەبڕن تا پەلاماری شار بدەن

(٧٩٥) ئەوەندەی گەلّای دار و لمی دەریا زۆرن. جا هیکتۆر من بەر لە هەمووان پرووی دەمم لە تۆیە، تا بەگویّم بکەی، هاوپەیمانانیّکی فرە لە هەر چوار نکالی شارەکەی پریام دا بلّاوبوونەتەوە، خەلّکی دەڤەرێن دوور و جیاوازن، بەزمانانی جیاواز دەپەیڤن

(٨٠٠) با هەر فەرماندەیەك فەرمانەكانی بەزمانی گەلەكەی خۆی دەربكات، یەك بەیەك رێكیان بخە و بەرەو شەڕ رابەرایەتیان بكە." بەو ئاوایە قسەی كرد بەلّام هیكتۆر ناسییەوە كە خواوەندە، و دەم و دەست كۆبوونەوەكەی هەلّوەشاندەوە. جەنگاوەرەكان پڕیان دایە چەكەكانیان، و هەموو دەروازەكان خرانە سەر پشت، و ئاپوراكە،

(٨٠٥) بەسواره و پیادەوە هاتە بەرەوە، بەقەوغایەكی گەورە وەڕێكەوت. گردێكی بەرز لەبەر شاردا هەبوو، كە دەڕوانییە سەر دەشتەكە. خەلّكی پێیان دەگوت بانی باتیا (دڕك)، بەلّام یەزدان خانم دەیزانی ئەمە گۆڕی میرینی سەماكاری بەژنزراڤە.

(٨١٠) تەروادەییەكان و هاوپەیمانەكانیان لێرەیا هێزەكانیان دابەشكرد. هیكتۆری مەزن، كوڕی بریام، خودانی كلّاو خودی بریقەدار، سەركردایەتی تەروادەییەكانی دەكرد، و زۆرترین و دلێرترین جەنگاوەرانی لەگەلّدا بوو. دەردانییەكانیش لەژێر فەرمانی

(٨١٥) ئیناس–ی قارەمانی عەگیدا بوون، كە ئەم قارەمانە زادەی، هاو باخەلّی ئەفرۆدێتی خوای جوانی بوو لەگەلّ ئەنخیسدا، هەرچەند خواوەند بوو، لە بنارەكانی چیای ئیدادا. ئەم قارەمانە هەر خۆی نەبوو، بەلّكو ئەركیلوخوس و ئەكامس)ی كوڕانی (ئەنتینور)یشی لەگەلّ بوون، كە هەردوكیان شارەزای هەمووهونەرەكانی جەنگ بوون. بەلّام ئەوانەی لە تیلیای بنارە نزمەكانی چیای ئیدادا دادەنیشتن،

(٨٢٠) ئەو دەولّەمەندانەی، ئاوی زولّالّی ڕوباری ئیسیوس دەخۆنەوە، كە لە نەژادی تەروادی بوون –ئەوانە لە ژێر فەرمانی باندارووسی كوڕی لیكاوندا بوون، كە ئەپولۆ بەخۆی فێری بەكارهێنانی كەوانی كرد. ئەوانەی لە ئەدراستیا و دەڤەری بیتیا و چیا بەرزەكەی لیتریادا ئاكنجی بوون–

(٨٢٥) ئەوانە ئەدراستوس و ئەمفیوس، كە سوپەری كەتانیان لەبەربوو، ڕێبەرایەتیان دەكردن. ئەم دووە كوڕانی میروبس ئەلبیركوتی بوون، كە لە هەموو جۆرە فاڵبینی و پێشبینییەكدا بالّادەست بوو. ئاگاداری كردنەوە كە بەشداری شەڕ نەكەن، بەلّام بەگوێیان نەكرد، چونكە چارەنووس بەرەو مەرگی ڕادەدان

(٨٣٠) ئەوانەی لە دەوروبەری بیركوتی و براكتیوس، و سیستوس و ئەبیدوس و ئەریسبی دەژیان، ئەسوسی كوڕی هیرتاكوس، كە فەرماندەیەكی عەگید بوو –ڕێبەرایەتی دەكردن. ئەسپە كوێتە بەهێزەكانی كە لە نەژادی ڕوباری سیلیس بوو، لە ئەریسبییەوە هێنابوویان.

(٨٣٥) هیبوتوس ڕێبەرایەتی تیرە نێزەچییەكانی بیلاسیجییانی دەكرد، كە خەلّكی لاریسای بەپیت و بەرەكەت بوون– و هیبوتوس و بیلایوس لە نەوەی ئەریس بوون، كوڕانی لیتوسی بیلاسجینی كوڕی تیتاموس بوون، ئەكامس و بیروس، جەنگاوەرانی بەهێز ڕێبەریی تەراقییەكان

(٨٤٠) و هەموو ئەوانەی لە پشت سەرچاوە گەورەکەی (هیلیسبونت) ەوە هاتبوون، دەکرد. و یوفیموسبن ی کوڕی تروزینوس، کوڕی لیوس، فەرماندەی نێزەچییە سیکونییەکان بوو. بیریخمیس–ش ڕێبەرایەتی نێزەچیانی بونیاییانی خەڵکی ئەمودونی، نزیکی ئاوی بەرینی ڕوباری ئەکیوسی دەکرد،

(٨٤٥) جوانترین ڕوباری سەرڕووی زەوی. بافلاگونییەکانیش لەلایەن بیلیامینیسی خەڵکی ئینیتیای مەڵبەندی گەلە ئەسپی کێوییەوە، ڕابەری دەکران. ئەوانە ئاکنجی سیتوروس و دەڤەرەکانی دەوروبەری بیساموس، و شارەکانی سەر ڕوباری بارتینیوس،

(٨٥٠) و کرومنا و ئجیالوس و ئیریتینو–ی بەرز بوون. و ئودویوس و ئیبستروفۆس ڕابەرایەتی هالیزونیانی خەڵکی ئەلیبی، مەڵبەندی کانە زیویان دەکرد. کرومیس و ئیوموسی لێزانیش ڕابەرایەتی میسیانییەکانیان دەکرد، بەڵام لێزانیەکەی لە مردن ڕزگاری نەکرد

(٨٥٥) چونکە بەدەستی نەوەکەی ئیکوس کەوتە ڕوبارەوە، کە زۆری لە تەڕوادەییەکانش کوشت. فورکیس و(ئیسکانیوس)ش ڕابەری ئەو فریجیبیانەیان دەکرد کە لە دەڤەری دوری ئەسکانیاوە هاتبوون، و هەردوکیان ئاشقە جەنگ بوون. میسنتلیس و ئەنتیفوس فەرماندەی میونیانەکان بوون،

(٨٦٠) ئەمانە کوڕانی تالامینیس بوون، و لە دەریاچەی غیاغانیە بووبوون. ئەو جووتە ڕابەری ئەو میونیانەش بوون کە لە بناری چیای تمولوس دەسەکنین. ناستیس ڕابەری کاریانینەکانی، کە زمانێکی نامۆیان هەبوو، دەکرد. ئەوانەی کە نیشتەجێی میلیتوس و چیای بتیریسی چڕە دارستان، و قەراخ ڕوباری میاندیر و لوتکە بڵندەکانی میکاڵی بوون

(٨٦٥) ئەوانە ناستیس و ئەمفیماخوس، کوڕانی ڕەشیدی نومیون ڕابەرییان دەکردن. ناستیس وەکو کچێکی ڕازاوە بەخشڵ و زێڕان هاتبوو بۆ جەنگ، بەڕاستی کەودەن بوو، زێڕەکەی هیچ دادێکی نەدا، و ڕزگاری نەکرد، چونکە بەدەستی نەوە چاپوکەکەی ئیاکوس کەوتە ڕوبارەکەوە،

(٨٧٠) ئەخیل دەستی بەسەر زێڕەکەیدا گرت. ساربیدون و گلوکوس ڕابەرایەتی ئەو لیشییانەیان دەکرد کە لە دەڤەرێك دووڕەوە، لە نزیکی ئاوە بەگێژەنگەکانی زانتوسەوە هاتبوون.

سروودی سێیەم

ئارگربەست و دوئێل

حیکایەتەکە:

پاش ئەوەی سەرانی گریك لەشکرەکانیان جۆشدا، بڕیاری جەنگ درا و لەشکر بەرەو دەشتەکەی بەر کۆشکەکەی بریام کەوتە پێشڕەوی. کە لە تەروادەییەکان نزیك بوونەوە ئەلکساندر (پاریس) هاتە دەرێ و داوای دوئێلی لەگەڵ بەهێزترین قارەمانی یۆنانیدا کرد، تا جەنگ نەقەومێ، مینیلاوس بۆی هاتە مەیدان، پاریس ترسا و پاشەکشەی کرد، بەڵام هکتۆری برای، قارەمانی گەورە ،سەرزەنشتی کرد کە ترسنۆکە و بەکەڵکی هیچ نایەت جگە لە خۆ ڕازانەوە و ڕاوە ژنان لە وڵاتانی دوورا تا شەرمەزاری بەسەر خۆی و کەسوکاری و وڵاتەکەیدا بێنێ، ئیدی زاتی هاتەوە بەر و گەڕایەوە و داوای لە براکەی کرد کە پێیان ڕابگەیەنێ کە کێ سەرکەوت هیلین و

سەروەت‌و سامانەکەی بۆ ئەو دەبێ، هەنگینێ گریکان بۆ ولاتی خۆ دەگەڕێنەوەو تەروادەییەکان بەئاشتی بۆ خۆ دەژین. هیکتۆر ئەمە بەتەروادەییەکان و بە گریکەکان ڕادەگەیەنێ و هەموو قاییل دەبن، ئیدی بۆ جەزرەبەی یەکەم تیرو پشک دەکەن، و بۆ پاریس دەردەچێ. دەنێرن بەدووی بریامدا تا ئامادەی سوێند خواردن و پەیمانەکە ببێ. لەو بەینەدا ئیریس–ی یەزدان خانم، دەچێتە شێوەی قەرەواشەکەی هیلینەوە و لە وەزع و حاڵی پاریس ئاگاداری دەکاتەوە، ئیدی لە ژوورەکەی وەدەردەکەوێ و بەرەو تاوەری تەروادە دەچێت، کە بریام و هەندێ لە یاوەرەکانی لەوێ دەبن، ئامادەبووان واقیان لە جوانیەکەی وڕدەمێنێ. بریام پرسیاری قارەمانانی یۆنانی لێدەکات، یەک یەک وەسفیان دەکات، و قاسیدان ئامادە دەبن و داوا لە بریام دەکەن ئامادە بێت و ئەویش دەگەڵ ئەنتینوری هاوڕێیدا دەڕوات و پەیمانەکە دەبینێ. و بەر لە دەستپێکی دوئێلەکە لەگەڵ هاوڕێکەیدا دەزڤرێتەوە چونکە تەحەمولی ئەوە ناکات کوشتنی کوڕەکەی بدینێ. دوئێلە بەردەوام دەبێ و نێزە و شمشێران دەشکێن، مینیلاوس هێرش دەبات و کلاوخودەکەی پاریس دەگرێت و پاریس رادەکێشێت، لێ خواوەندی جوانی و ڤیان ئەوە دەبینێ و خێرا فریا دەکەوێ و قایشە چەرمەکەی کلاوخودەکە دەبچڕێنێ و پاریس لە هەورێکی چڵکنەوە دەپێچێ و بۆ ژوورەکەی خۆی دەباتەوە و ئەوجا بیچمی خۆی دەگۆڕێ، دەچێت بۆ سەر بورجەکە و کراسە بۆنداڕەکەی هیلین رادەکێشێت، و ئاگاداری دەکاتەوە کە مێردەکەی لە ژووری نووستندا چاوەڕوانی دەکات، دەڕوات و زۆر بەتوندی سەرزەنشتی پاریس دەکات، دوای ئەوەی تەواو دەبێت، پاریس داوای لێدەکات بێتە ناو نوێنی ژن و مێردایەتییەوە، چونکە لە هەر هەموو کاتێک پتر ئارەزووی دەکات و تاسەمەندیەتی، ئیدی تورەبوونەکەی ژبیر دەکات و وە ژوور دەکەوێ. لێ لە مەیدانی دوئێلدا گریکەکان رایانگەیاند کە ئەوان سەرکەوتوون، تەروادەییەکان لەسەریانە هیلین و هەموو سەروەت و سامانەکەی هیلینیان تەسلیم بکەن. ئاگامەمنون ئەمە رادەگەیەنێ و هورای لەشکر بەرز دەبێتەوە.

زەمەن:

قەوماوەکانی ئەم سروودە هەمووی لە ڕۆژی بیست و سێیەمدا روو دەدەن.

شوێن:

زۆربەی رووداوەکان لە دەشتەکەی بەردەم کۆشکەکەی بریارم دا ڕوودەدەن، کە هەردوو لەشکرەکە وەستاون و مەیدانێکیان بۆ دوئیلی نێوان مینیلاوس و پاریس هێشتۆتەوە، بەڵام هەندێ دیمەن لەناوجەرگەی تەروادەدا رووەدەن، هەر لە ژووری نووستنەکەی هیلینەوە تا دەروازەکان. پاش ئەوەی ئەفرۆدێت فریا دەکەوێ و پاریس لە مەیدانی دوئێلەکەوە دەفڕێنێ تا لە مردن ڕزگاری بکات، دیمەنەکە جارێکی دی بۆ کۆشکەکەی ناو تەروادە دەگەڕێتەوە.

(١) کە لەشکر ڕیزی بەست، هەر دەستەیەک لەژێر فرمانی فەرماندەی تایبەتی خۆیدا، تەروادەییان وەکو پۆلە مەڵی کێوی بە هەرا و هەنگامەوە کەوتنە پێشڕەوی، لە تۆ وایە قەتاری قورینگانن و بەدەم قریوە و هاوارەوە لە زستان و باران هەڵدێن، و بەرەو ئۆقیانوس کۆچ دەکەن

و مەرگ بۆ بێگمییەکان (کورتە باڵاکان) لەگەڵ خۆدا دەبەن. بەڵام ئاخییان، مات و بێدەنگ، بە وردی بەرزەوە، ڕیزەکانیان بەتەنیشت یەکترەوە ڕێکخست.

(١٥) هەردووک لەشکر لێکدی نزیک بوونەوە، پاریسی بۆ هیکتۆر، وەکو قارەمانی تەروادەییەکان ڕابوو و چووە پێشێ. کەولە پلنگێکی بەڵەکی دابوو بەشانیا، لەگەڵ کەوان و شمشێرەکەیدا، دوو نێزەی برونزی نیشاندەدا و داوای دەکرد ئازاترین ئاخیایی بێتە مەیدانی. کە مینیلاوس بینی بەو جۆرە دێتە پێشەوە، زۆری پێ خۆش بوو، وەکو شێرێک برسی بێ و کەوتبێ بەسەر کەلاکی بزن یا کەڵە کێوییەکدا و بێ سڵەمینەوە لەو تانجی و ڕاوچیانەی بەدیاریییەوەن سەری تێ بژەنێ، مینیلاوس کە چاوی بە ئەلکساندر (پاریس) کەوت، بەو ئاوایە شادمان بوو، چونکە پێی وابوو ئێستا تۆڵەی خۆی دەستێنێ.

(٢٧) بۆیە، بەتەواوی جلی جەنگەوە، لە عەرەبانەکەیەوە خۆی هەڵدایە خوارێ

(٣٠) وەختێ پاریس، مینیلاوسی بینی دێتە پێشێ، لەترسی ئەوەی لە بەرچاوی جەنگاوەرەکانیا بکوژرێ چۆیەوە قاوغەکەی خۆی و کشایەوە، وەکو چۆن یەکێک لەپڕ لە قڵیشی چیاکەدا پێ دەنێ بەماڕیکا، لە ترسا دەلەرزێ و ڕەنگ دەبوێرێ، (پاریس)ش کە بەبەردەم جەنگاوەرە تەروادەییەکاندا دەڕۆیی، وەختێ کوڕەکەی ئەتریوسی بینی، بەو ئاوایە لە ترسا ڕاجفری.

(٣٩) هەنگێ هیکتۆری بۆ کەوتە سەرزەنشتی. گوتی: "پاریس، ئەی بەدفەڕ، ئەی جوان خاس، ئەی مێبازی، بەدزمان، خۆزیا لە دایک نەدەبووی، یان ژنت دەهێنا و دەمردیت. ئەمەت باشترە لەوەی بەسەرشۆڕی بژی و خەڵکی بەقێزەوە مۆڕەت لێبکەن. باشە ئاخییەکان گاڵتەمان پێناکەن، نالێن ئێمە کەسێکمان ناردووە کە ببێ بە قارەمانمان، بەڕواڵەت قۆزە بەڵام زەڕەیەک دلاوەری و غیرەتی نییە؟ باشە ئێستا، کە تۆ لەم هەڵوێستەدایت باشتر نییە کۆمەڵێک لە هاوڕێکانت خڕ بکەیەوە و بەرەو ئەودیوی دەریایان سەر هەڵگرن؟ باشە تۆ لە ولاتێکی دووری دوورەوە، جوانترین ئافرەتی شودارت نەفڕاندووە، لە گەلێکت نەفڕاندووە کە هەموویان جەنگاوەرن، _ژنێ کە ببێ بەمایەی خەم و ماڵوێرانی بۆ بابت، و بۆ شارەکەت، و بۆ هەموو گەلەکەت، ببێ بە مایەی شادی دژمنەکانت، و ببێ بەمایەی شەرمەزاری خۆت؟ ئێستاش ئایا ڕووبەڕووی مینیلاوس دەبییەوە، و تابەلای کەمەوە بزانی پیاوی ژن هەڵگیراو چۆنە؟ کاتێ لە بەردەمیا لە عاردی گەوزای هیچ شتێک دادت نادات، نە گیتارەکەت،ونە دیاریییەکانی ئەفردێت ، و نە فێڵ و فەندی ئاشقێنی، و نە پرچ و قژەکەت؟ تەروادەییەکان هیچ نین، خۆشباوەڕن، دەنا دەبوایە بەهۆی ئەو هەڵانەوە بەسەرت هێناون، کراسی بەردیان لەبەرکردبای، بەرد بارانیان کردبای".

(٥٨) ئەلکساندر (پاریس) وەڵامی دایەوە: "برام هیکتۆر، سەرزەنشتەکەت لە شوێنی خۆیەتی. تۆ سەختی، وەکو تەوری دەستی کەشتی ساز، کە بەئارەزووی خۆی تەختەی پێ شەق دەکات. وەکو چۆن تەورەکەی دەستی ئەو تیژ و بڕندەیە، ئەقڵی تۆش بڕندە و تیژە. ئاگادارببە، باسی ئەو دیاریانە مەکە کە خواوەندی زێڕینی جوانی، ئەفرۆدێت پێی بەخشیوم، دیاری خواوەند

رەت ناکرێتەوە، با کەس گاڵتەی پێنەکات، چونکە خواوەندان هەر کاتێ بیانەوێ دەیبەخشن، و کەسیش هۆی ئەمەی لێنەپرسیون. ئەگەر دەتەوێ بچمە دوئێلی مینیلاوس، ئەمر بە تەروادەیی و ئاخییەکان بکە با لە شوێنی خۆ دانیشن، و منیش لە ناوەڕاستا لە ڕای هیلین و هەموو سەروەت و سامانەکەیدا، دوئێلی لەگەڵ بکەم.

(٧١) ئەوسا کێ سەردەکەوێ و شایستەیی خۆی دەسەلمێنێ با ژنە و هەموو سەروەت و سامانەکەی بۆ ئەو بێ و بۆ ماڵی خۆیی بەرێتەوە، بەڵام با ئەوانی دی سوێند لەسەر پەیمانێکی ڕاستەقینەی ئاشتی بخۆن، کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە تەروادەییەکان لێرە بمێننەوەو، هەموو ئەوانی دی بۆ ئارگۆس و ولاتی ئاخییان بژڤرنەوە."

(٧٦) هیکتۆر کە ئەمەی گوێ لێبوو زۆری کەیف هاتێ، نێزەکەی لە ناوەندەوە گرت و بەبەردەم تەروادەیەکاندا سوڕایەوە تا بیانداتە دواوە، بەگوێیان کرد و هەموویان دانیشتن: لێ ئاخییەکان هەر بەردیان تێدەگرت، تا ئاگامەنون هاواری لێکردن و گوتی: بوەستن ئەی ئارگوسییەکان، بەردە فڕکێ مەکەن کوڕانی ئاخیایی، هیکتۆر دەخوازێ قسە بکات."

(٨٥) دەستیان لە بەردەفڕکێ هەڵگرت، هیکتۆر کەوتە قسان و گوتی: "ئەی تەروادەییەکان و ئەی ئاخییان گوێ لە داوای ئەلکساندەر بگرن، ئەو داوایەی ئەم شەڕەی لەسەر دەکرێ. داوا لە تەروادەیی و ئاخییەکان دەکات کە قەڵغان و کەرەستەی جەنگەکانیان لە عاردی دابنەن، ئەو و مینیلاوس لە ناوەڕاستاندا لە پێناوی هیلین و سەروت و سامانەکەیدا دەجەنگن. جا هەر کەسێ سەربکەوێ و شایستەیی خۆی بسەلمێنێ ژنە و سەروەت و سامانەکەی دەباتەوە و بۆ ماڵی خۆیی دەبات، بەڵام با ئەوانی دی پەیمانێکی ڕاستەقینەی ئاشتی ببەستن و سوێندی لەسەر بخۆن."

(٩٥) بەو جۆرە قسەی کرد، و هەموو پابەندی ئاشتی بوون، تا مینیلاوسی مەعلان لە جاڕی جەنگدا، هەستاو گوتی: "ئێستا گوێ لە منیش بگرن، چونکە خەم و کول و کۆڤانی من لە هی هەمووتان گەورەترە، پێم وایە یەکلابوونەوەی شەڕی ئاخییان و تەروادەییان نزیکە، دوای ئەو هەموو کول و کۆڤانەی چەشتم، دوای ئەو غەڵەتەی ئەلکساندەر دەرهەق بەمن کردی، ئیدی دەبێ یەکێکمان بمرین، جا ئێوە لەسەرەتانە شەڕی یەکتری نەکەن، هەڕن دوو کاوڕ بێنن، یەکێکیان بەرانێکی سپی و ئەوی تریان مەڕێکی ڕەش بێ، بۆ خواوەندانی زەوی و خۆر بیانکەن بە قوربانی، هەنگێ ئێمەش کاوڕی سێیەمیش دێنین بۆ زیوسی دەکەین بەقوربانی. جا لەسەرتانە داوا لە بریامی بەتوانا بکەن و بۆ ئێرەی بێنن تا بەخۆی سوێندەکە بخوات، چونکە کوڕەکانی ڕێزی ڕەئی خەڵکی دی ناگرن، و جێگەی متمانە نین، چونکە نامانەوێ پەیمان و سوێندێکی پیرۆز بە زیوس، بەخیانەت و درۆ هەڵوەشێتەوە. چونکە گەنجان هەندێ بادی هەوان و ئەقڵیان وەکو هەوا سووکە، بەڵام کە پیاوێکی پیر ئەمە بکات، سەیری ڕابردوو و ئایندە دەکات و قەرارێك دەدات کە نە شیش بسوتێ و نەکەباب."

(١١١) تەروادەیی و ئاخییەکان بەم قسەیە خۆشحاڵ بوون، پێیان وابوو، بەمە شەڕ و کوشتاری لە کۆڵ کردنەوە، عەرەبانەکانیان لە ڕێزا دانا، دابەزین، مەتاڵ و کەرەستەی جەنگیان لەخۆ

کردەوە و لە عاردیان دانا. هەردوو لەشکرەکە زۆر لە یەکترەوە نزیك بوون. هیکتۆر دوو قاسیدی بۆ شار نارد تا جووتە کاوڕەکە بێنن و داوا لە بریام بکەن بێت. ئاگامەمنونیش ئەمری بە تالتیبیوس کرد بچێ لە کەشتییە قوڵەکاندا کاوڕێك بێنێ، ئەویش بەفرمانی ئاگامەمنونی کرد.

(١٢١) لەو کات و دەمەدا خواوەندی زەرینە و سیمینە ئیرس، قاسیدی زیوس، چوو بۆلای هیلین، خۆی خستبووە شێوە و هەیئەتی دشەکەی هیلینەوە، واتە شێوەی ژنەکەی کوڕی ئەنتینۆرەوە، چونکە هیلیکاونی کوڕی ئەنتینور، لاودیکی جوانترین کیژی بریامی خواست بوو. ئیریس هیلینی لە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیدا بینی پارچەیەکی گەورەی ئەرخەوانی دەچنی، وێنەی جەنگەکانی نێوان تەروادەییان و ئاخییانی لەسەر دەچنی، و ئەوەی نیشان دەدا کە چۆن ئیریسی خواوەندی جەنگ، لەسەر ئەو (هیلین) کردبوونی بەگژ یەکا، هەنگێ ئیریس لێی چووە پێشێ و گوتی: "وەرە ئێرە ئەی ژنی جەوان،تا پروداوە سەیر و عەنتیکەکانی نێوان تەروادەیی و ئاخییان بدینی، تا ئێستا شێتانە شەڕی دەشتیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، کەچی ئێستا وازیان لەشەڕ هێناوە و شانیان بەسەر مەتاڵەکانیانا داداوە، و دانیشتوون نێزەکانیان لە تەنیشتی خۆ داناوە. و ئەلکساندەر و مینیلاوس حازر و ئامادەی شەڕی دوو قۆڵین لەسەر تۆ، و کیهەیان سەربکەوێ، دەبی بەژنی ئەو".

(١٣٩) یەزدانخانم بەو شێوەیە قسەی خۆی کرد، دڵی هیلین بۆ میٚردەکەی جارانی، و شارەکەی و داك و بابی کەوتە لێدان، سەرپۆشێکی سپی بەسەردا داو، بەلەز بەدەم گریان و هەنگاوی هەراوەوە لە ژوورەکەی وەدەرکەوت، هەر بەتەنێ نەبوو، دووان لە کارەکەرەکانی لەگەڵدا بوو، ئیترای کیژی بیتیوس، و کلیمینی، و بەپەلە گەییشتنە دەروازەکانی سکای.

(١٤٦) هەردوو پیری دانا، یوکالیگون و ئەنتینور لە نزیکی دەروازەکانی سکایدا، لەگەڵ بریام و بانتوس و تیموتیس و لامبوس و کلیتیوس و هیتکتاونی ئیریس زادەدا دانیشتبوون. ئەمانەش خەڵکانێکی بەتەمەن بوون، نەدەچوونە شەڕەوە، بەڵام قسەزان و بەدەم و زمان بوون، لەسەر بورجەکە و بەدەم قسەوە دانیشتن، لە تۆ وایە زیکزەکەن و لەنێو لق و پۆپی درەختێکی بەرزی ناو دارستانێکەوە ناسکە زەمزەمە دەکەن. کاتێ هیلینیان بینی بەرەو بورجەکە دێت.

(١٥٦) بەم شێوەیە کەوتنە چپە دوو: "تەروادەیی و ئاخییەکان ناهەقیان نییە، کە ئەم هەموو شەڕە دوور و درێژ و سەخت و تاقەتبەرە، لەسەر ئەم ژنە، کە لە ئەفسون و جوانیا لە یەزدان خانمانی نەمر دەچێت، تەحەمول بکەن. لەگەڵ هەموو ئەم جوانیەشدا وا چاکە ڕێیان بدەین لەگەڵ خۆدا بیبەن و بڕۆن، دەنا دەبێ بەمایەی داخ وکەسەر بۆ خۆمان و بۆ منالەکانمان لەدوای خۆمان."

(١٦١) بەڵام بریام–ی پاشای تەروادە گازی کردە نك خۆی. گوتی: "کیژی خۆم وەرە ئێرە، لەبەردەم منا دانیشە تا کۆنە میٚردەکەت، کەسوکار و دۆستەکانت بدینی. من خەتای تۆ ناگرم، خەتای خواوەندانە، ئەوان ئەم جەنگە سامناکەیان لەگەڵ ئاخییەکاندا دژم هەڵگیرساندووە. کیژەکەم، پێم ناڵێی ئەم قارەمانە زەلامە بەشان و شەوکەت و قۆزە کێیە؟ جەنگاوەرانم دیوە لەو بالابەرزتر، بەڵام کەسم نەدیوە بەم قۆزی و شان و شەوکەتەوە، هەر لە پادشا دەچێت."

(۱۷۱) هیلین وەلامی دایەوە: "ئەزبەنی، بابی مێردەکەم، تۆ لە چاوی منا ئازیز و ڕێزداری، چەندم حەز دەکرد مردنم هەڵبژاردایە و لەگەڵ کوڕەکەی تۆدا بۆ ئێرە نەهاتبام، و ژووری بووکێنییەکەم و کەسوکار و کێژە ئازیزەکەم، و هەموو دەستە خوشکەکانی منداڵیم لەو دووڕە بەجێنەهێشتبا. بەڵام مەخابن ئەوەم نەکرد، بۆیە ئێستا بەشم هەر فرمێسک و ژانە. جا سەبارەت بە وەلامی پرسیارەکەت، ئەو قارەمانەی لێی دەپرسیت ئەوە ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوسە، پاشایەکی خانەدان و جەنگاوەرێکی بەجەرگە. کوڕی خەزورم بوو، پیاوێکی سەربەرزە، لە دڵەی کڵۆڵ و بێزراوی منەوە نزیکە."

(۱۸۱) بریامی پیر پێی سەرسام بوو، گوتی: "ئەی کوڕی ئەتریوس، ئەی منالّی بەختەوەری جوان، دەبینم ئاخییان بەخۆ و لەشکری فرەیانەوە لەژێر فرمانی تۆدان.. کاتی خۆی کە لە فریجیا بووم جەنگاوەرانم بینی، لایەنگرانی ئوتریوس و میگدون، کە لە کەناری ڕووباری سنگاریوس دا هەڵیاندابوو، من هاوپەیمانیان بووم، کە ئەمازونەکان، هاوتایانی پیاو، بەگژیاندا چوون، من لەگەڵیاندا بووم، بەڵام بەم زۆرییەی ئێستای ئاخییەکان نەبوون."

(۱۹۱) ئەوسا پیرەمێر ڕوانییە (ئودیسوس)، گوتی: "پێم بڵێ ئەمە کێیە، ئەمەی کە بستێك لە ئاگامەمنون کورت تڕە، بەڵام سینگ و شانی پانترە؟ مەتاڵەکەی لە عاردی دانراوە، بەبەر ڕیزەکاندا دەڕوات، و دەڵێی بەرانێکی گەورەیە و دووی مەڕان کەوتووە."

(۱۹۹) هیلین وەلامی دایەوە: "ئەوە ئودیسیوس–ە، کوڕی لابرتیس–ە، لە دەڤەری ئیتاکای کەڤڕۆك لە دایك بووە، لە هەموو شێوازێکی ستراتیژی و فەند و فێڵێکدا باڵادەسە، زیرەك و کازرانێکی گەورەیە.

(۲۰۳) لێرەدا ئەنیتنور هەڵیدایێ: "ڕاستت کرد خانم، چونکە جارێکیان ئودیسیوس، وەکو نوێنەر بەکارەکەی تۆوە بۆ ئێرە هاتبوو، مینیلاوس–شی لەگەڵ بوو. من لە ماڵەکەی خۆما پێشوازیم کردن، بۆیە من هەردوکیان بەدیتن و بەقسان دەناسم. کاتێ کە لە ناو تەروادەییەکاندا وەستان، شانەکانی مینیلاوس پانتر هاتنە بەرچاو، بەڵام کە دانیشتن ئودیسیوس لەو بەهەیبەت تر و بەسامتر بوو، دوای کەمێك پەیامەکەیان پێشکەش کرد، کە مینیلاوس کەوتە قسە، زمانی زۆر پاراو نەبوو. زۆری لەسەر نەڕۆیی، پیاوێکی کەمدوو بوو، بەڵام بەڕوونی لە ئەسڵی مەبەست دووا، هەرچەندە لە هاوڕێکەی بچووکتر بوو، بەڵام کاتێ ئودیسیوس هەستا قسە بکات، هەرچەند لە هەوەڵەوە بێدەنگ بوو، هەردووك چاوی بڕینە عاردی، گۆچانەکەی نەجوڵان، بەڵکو ڕەڕو ڕاست بەدەستەوەی گرت، وەکو پیاوێك بێ ئەزموونی قسەکردنی نەبێ –بەڵام کە زمانی کرایەوە و دەنگی بەرزبووەوە وشە و پەیڤان لە ناخی دڵییەوە وەکو بەفری زستانی بەر لە هەڵکردنی با هەڵقوڵی، پێم وانییە کەسێك لە دنیادا هەبێ شان لە شانی بدات."

(۲۲۵) ئەوسا بریام چاوی بە ئەجاکس کەوت و پرسی: "ئەدی ئەو جەنگاوەرە قۆز و گەورەیە کە بەژن و باڵای لە ئارگوسییەکانی دی کورت تڕە کێیە؟"

(۲۲۸) هیلین وەلامی دایەوە: "ئەوە ئەجاکسی مەزنە، سەنگەر و مەتەرێسی ئاخییانە. ئەوەی بەرانبەریشی، کە لەناو کرینییەکان وەستاوە ئیدومینیوسە وەك خوا وەستاوە و فەرماندە

کریتییەکان دەوریان داوە، هەر جارێ لە کریتەوە دەهات بۆ سەردانمان مینیلاوس لە ماڵی خۆماندا میواندارى و پەزێرایی دەکرد. ئێستا زۆری دی لە ئاخیەکان دەبینم و دەتوانم ناوی هەموویانت پێ بڵێم، بەڵام دووانی دیکە هەن کە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نین، ئەوانیش کاسترى ڕامکەرى ئەسپانى تۆسن و بولوکسى بۆکسبازى مەزنن، ئەو دووانە براى دایك و بابى منن، یا هەر لە لاسیدیمونەوە لەگەڵ سوپاکەدا نەهاتوون، یان لە ڕێگەى دەریاوە بەکەشتییەکانیان هاتوون، و زات ناکەن بەشدارى شەڕ بکەن، لە ترس و شەرمى ئەو قسە دزێو و جنێوە ناشیرینانەى خەڵکى بەمنى دەدەن.

(٢٤٣) نەیدەزانى ئەو جووتە قارەمانە لە لاسیدیمونى ولاتى خۆیانا وان لەژێر خاکدا.

(٢٤٥) لەو بەینەدا قاسیدەکان قوربانییە پیرۆزەکانیان بەناو شاردا دەهێنا، دوو کاوڕ و بادەیەك، لە بەخششى خاك،(ئیدوایوس)ش تاسێکى بریقەدار و چەند پەرداخێکى زێڕى هێنا. چوو بۆلاى بریام و گوتى: "ئەى کوڕى لاومیدون، فەرماندانى تەروادەیى و ئاخییان داوات لێدەکەن بچییە خوارێ بۆ دەشتەکە و سوێندى پەیمانى ڕاستەقینە بخۆیت. چونکە ئەلکساندەر و مینیلاوس لەسەر هیلین دوئێل دەکەن، بەخۆى و سەروەت و سامانەکەیەوە دەبێ بە هى ئەو کەسەى سەردەکەوێ. لەسەرمانە سوێندى پەیمانى ئاشتى ڕاستەقینە بخۆین، و بەپێى ئەو سوێندە ئێمە لێرەدا، لە تەروادەدا دەمێنینەوە، و ئاخییەکان بۆ ئارگۆس و ولاتى ئاخییان دەگەڕێنەوە."

(٢٥٩) بریام کە گوێى لەو قسەیە بوو راجفرى، لێ فرمانى بە پیاوەکانى دا کە عەرەبانەکەى لە ئەسپان ببەستن، بەپەلە فرمانەکەیان بەجێهێنا، سوارى عەرەبانەکەى بوو، بەدەستى خۆى جڵەوى ئەسپەکانى گرت، ئەنتینور–ش لە تەنیشتییەوە سواربوو، لە دەروازەکانى سکاییەوە بەرەو دەشتەکە دەرچوون. کاتێ گەییشتنە ناو تەروادەیى و ئاخییەکان لە عەرەبانەکە دابەزین، و بەرەو مەیدانە چۆڵەکەى نێوان هەردوو لەشکرەکە چوون.

(٢٦٧) ئاگامەمنون و ئودیسیوس بەپەلە بەپیریانەوە چوون. خزمەتکاران قۆچى قوربانى سوێندەکەیان هێنا، شەرابەکەیان لە بادیەدا تێکەڵ کرد، ئاویان بەدەستى فەرماندەکاندا کرد، و کوپەکەى ئوتریوس، خەنجەرەکەى هەڵکێشا و خورى سەرى کاوڕەکانى بڕى، و خزمەتکاران بەسەر فەرماندە تەروادەیى و ئاخییەکاندا دابەشیان کرد. ئەوسا ئاگامەمنون هەردوو دەستى بەرزکرد و بەدەنگى بەرز کەوتە نزا: "ئەى بابە زیوس، ئەى ئەو کەسەى لە لوتکەى ئیداوە حوکم دەکەى، ئەى هەرە سەرفرازو هەرە مەزن، هەروەها تۆش ئەى خواوەندى خۆر، ئەى ئەوەى هەموو شتێ دەبینى و دەبیستى، ئێوەش ئەى خواوەندى زەوى و خواوەندانى ڕوباران، ئێوەش ئەى حوکمڕانانى دەڤەرانى ژێر زەوى، ئەى ئەوانەى کە سزاى ئەو کەسە دەدەن بەدرۆ سوێندى خواردبێ، گەواهى ئەم سروورتە بن و بیپارێزن، و نەیەڵن بەفیڕۆ بچێ. ئەگەر ئەلکساندەر مینیلاوسى کوشت، با هیلین و هەموو سەروەتەکەى بۆ خۆى هەڵگرێ، و ئێمەش سوارى کەشتییەکانمان دەبین و بۆ ولاتى خۆ دەگەڕێینەوە، بەڵام ئەگەر مینیلاوس ئەلکساندەرى

کوشت، کاریکی وا بکەن تەروادەییەکان هیلین و هەموو سەروەتەکەی بگێڕنەوە، و باج و قەرەبوویەکی ئەوتۆ بەئاخییەکان بدەن، کە نەوەکانی دوای ئێمە هەمیشە باسی بکەن.
(٢٨٧) بەڵام ئەگەر بریام و کۆڕانی بریام، لەدوای کوشتنی ئەلکساندەر، ئەم باج و قەرەبووە رەفز بکەن، ئەوا بەخۆم لێرەدا دەمێنمەوە و شەڕ دەکەم تا جەنگەکە تەواو دەبێت."
(٢٩٢) کە لە قسەکەی بووەوە هەڵیکێشایە کێردەکەی و لە ملی قوربانییەکانی نا، و لەسەر ئەرزەکە کەوتنە لەقە فرتێ و دوا هەناسە، چونکە کێردەکە هێزی لەبەر بڕین. هەنگێ خەڵکەکە پەرداخەکانیان لە بادیە شەرابەکە تەژی کرد و لێیان پرژاندە سەر زەوی و کەوتنە نوێژ و نزا بۆ خواوەندە نەمرەکان، تەروادەیی و ئاخییەکان پێکەوە و بەیەک دەنگ هاواریان کرد: "ئەی زیوس، ئەی هەرە شکۆدار، ئەی مەزنی مەزنان، ئەی خواوەندە نەمرەکانی دیکە، ئێوە ڕازی بن کە ئەوانەی ئەم پەیمان و سوێندە دەشکێنن، مێشکی خۆیان و منداڵیان، وەکو ئەم شەرابە ئاڵە بڕژێتە سەر زەوی، و ژنەکانیان ببنە دیل و یەخسیری بێگانان."
(٣٠٢) بەو جۆرە نوێژ و نزایان کرد، بەڵام هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو کە زیوس نوێژ و نزاکەیان قەبوڵ بکات، هەنگێ بریام، نەوەی داردانوس رابوو، هاتە ناو خەڵکەکە و گوتی: "ئەی تەروادەیی و ئاخییان گوێتان لە من بێ، من بۆ شارەکەم دەگەڕێمەوە، بۆ ئیلیون (تەروادە)ی بە گێژەڵوکە و باهۆزان: من چاوم بەرایی نادات شەڕی نێوان کوڕەکەم و مینیلاوس بدینم، چونکە هەر زیوس و خواوەندەکانی دیکە بەخۆیان دەزانن کە مەرگ لە چارەی کیهانیان نووسراوە."
(٣١٠) ئەوجا هەردووک کاوڕەکەیان هەڵدایە عەرەبانەکەیەوە و بەخۆی سەرکەوت، و جڵەوی ئەسپەکانی بەدەستەوە گرت، هەنگێ ئەنتینور لە تەنیشتیەوە دانیشت و بەدوو قۆڵی بۆ ئیلیون (تەروادە) گەڕانەوە، هیکتۆر و ئودیسیوس مەودای مەیدانەکەیان پێواو ئەوجا قورعەکانیان لەکلاوخوێکدا دانا، و کەوتنە بادانی تا بزانن کێ لە پێشا نیزەکەی بهاوێژێ. هەنگێ هەردوو لەشکر دەستەونزا هاواریان کرد: "ئەی بابە زیوس، ئەی ئەوەی لە لوتکەی ئیداوە حوکم دەکەی، ئەی ئەوەی ئاگات لە ئێمەیە، ئەی شکۆدارترین بەشکۆ، ئەی مەزنی مەزنان، هەر کەسێک لەم دووە مایەی ئەم جەنگەی نێوانمانە بیکوژە، با بمرێ، با بچێتە هادیسەوە و ئێمە بەئاشتی بژین و پابەندی سۆز و پەیمانەکەمان بین."
(٣٢٤) هیکتۆری مەزن ڕووی وەرگێڕا و کەوتە بادانی کلاو خودەکەی، هەر زوو پشکەکەی پاریس دەپەڕییە دەرێ و بەخت بوو بەیاری. ئەوانی دی شوێنی خۆیان گرت، هەر کەسەو لە نزیکی ئەسپ و عەرەبانەی خۆی، لەو شوێنەی چەکەکانی دانابوو، ڕۆنیشت، ئەلکساندەری میردی هیلینە جوانیش، باشترین بەتەدارەکی جەنگی لە خۆدا.
(٣٣٠) هەوەڵجار لاقبەندە قایمەکانی لەپێ کرد و بەگیرەی زیو قایمی کردن، ئەوجا زرێیەکەی (لیکاون)ی بۆ هێناو لەبەری کرد و جوان لە بەدەنی خۆی چەسپاند، شمشێرە برونزنیشانەکەی کردە شانی، ئەوجا مەتاڵە قایمەکەی. ئەوسا کلاوخودێکی قایمی لەسەر نا کە چەپکە یاڵێکی ئەسپی بەسەرەوە دەجولا، ئەوجا نێزەیەکی سەختی پڕ بەدەستی هەڵگرت. (مینیلاوس)ش بە هەمان شێوە تەدارەکی جەنگی لە خۆیدا.

(٣٤٠) دوای ئەوەی ئەو جووتە، هەر کەسە و لەناو گەلی خۆدا، تەدارەکی جەنگیان لەخۆدا، بەدیمەنێکی سامناکەوە چوون بۆ مەیدانە چۆلەکەی نێوان هەردوو لەشکرەکە، تەروادەیی و ئاخییەکان کە بەو شێوەیەیان بینین ترسیان لێ نیشت. هەردوکیان لە شوێنی دیاریکراو ڕاوەستان، هەر کەسە بە هەڕەشەوە نێزەکەی بادەداو، لەوی دی دەترسا. ئەلکساندەر هەوەڵجار نێزەی خۆی هاویشت، بەر مەتاڵە بازنەییەکەی مینیلاوسی کوڕی ئوتریوس کەوت، بەڵام نەیبڕی، و نوکی ڕمەکە لەسەر مەتاڵەکە چەمی. هەنگێ نۆرەی مینیلاوس هات، ڕووی نێزەکەی تێکرد و بەدەم وێرد و نزاوە لە بابە زیوس دەپارایەوە: "خواوەندا، شاها، ئەی زیوس دەستم بدە با تۆڵەی خۆم لە ئەلکساندەر بکەمەوە، ئەو ئەلکساندەرەی نمەك حەرامی لەگەڵ کردم، بخە بەر دەستم، با ببێ بە پەند بۆ نەوەکانی داهاتوو، و کەس نەوێرێ خراپە دەرهەق بە خانەخوێی دڵپاکی خۆی بکات."

(٣٥٥) بەدەم قسەوە نێزەکەی گرتە مەتاڵەکەی ئەلکساندەر. مەتاڵەکە و زرێکەی بەری بڕی، و لە نزیکی کەمەرییەوە کراسەکەی دڕی، بەڵام ئەلکساندەر بەپەلە خۆی لادا و لە مردن دەرباز بوو. هەنگی مینیلاوس هەڵیکێشایە شمشێر و کێشای بە قەراخی کڵاوخودەکەیدا، کەچی شمشێرەکە بوو بە سێ چوار پارچەوە و لە دەستی کەوتە خوارەوە، ڕووی کردە ئاسمان و هاواریکرد: "ئەی بابۆ، ئەی زیوس، هیچ خوایەك لە تۆ ڕق ئەستورتر نییە، وامزانی تۆڵەی خۆم لە ئەلکساندەر کردەوە، کەچی شمشێرەکە بەدەستمەوە شکا، و نێزەکەم بە خۆڕایی لە دەست چوو، و نەمکوشت."

(٣٦٩) ئەوەی گوت و بەرەو ئەلکساندەر (پاریس)، چوو گرتی بە چەپکە یاڵەکەی سەر کڵاو خودەکەیدا، و بەرەو ئاخییەکان ڕایکێشا، قایشی کڵاوخودەکە لەژێر چەنەی چەقی و خنکەخنکی پێخست، چی وای نەمابوو مینیلاوس بە ئاواتی خۆی بگا، ئەگەر ئەفرۆدێتی کیژی زیوس، خواوەندی جوانی، ئەم دیمەنەی نەدیبا و قایشەکەی نەبڕیایە، ئەو قایشەی لە چەرمی گا دروست کرابوو، مینیلاوس کڵاوخودێکی بۆش و بەتاڵی بەدەستی خۆیەوە بینی. ئیدی بۆ هاوڕێکانی هەڵدا و لەناو ئاخییەکاندا کەوتەوە، و بۆ جاری دووەم پەلاماری ئەلکساندەری دایەوە تا بەنێزە جەستەی دیواودەربکات، بەڵام ئەفرۆدێت لە چاوتروکانێکدا (هەر خواوەندان ئەمەیان پێدەکرێ) ڕفاندی و لە پەلە هەورێکی تاریکییەوە پێچا و گەیاندییەوە ژووری نووستنەکەی.

(٣٨٣) ئەوسا چوو هیلین بانگ بکات، لەسەر بورجە بەرزەکەدا بینی لە کۆمەڵە ژنێکی تەروادەیی بەدەورەوە بوو. خۆی خستە بیچمی ئەو پیرەژنەوە کە ئەوسای هیلین هێشتا لە لاسیدیمون بوو، جلی ناسکی خوری بۆ دەچنی، هیلین زۆری خۆشدەویست. بەو شێوەیە خۆی لێگۆڕی و چمکی کراسە بۆنداڕەکەی گرت و ڕایکێشا و گوتی: "وەرە بۆ ئێرە، ئەلکساندەر دەڵێ با بێتەوە بۆ ماڵێ، لە ژوورەکەی خۆیدایە و پاڵ کەوتووە، خۆی ڕازاندووەتەوەو پرشنگی جوانی دەدا. کەس ناڵێ ئێستا لە شەڕ گەڕاوەتەوە، دەڵێی بۆ ئاهەنگی سەما دەچێت، یان ئێستا لە سەما بووەتەوە."

(٣٩٥) بەم قسانە ڕقی هیلینی هەستاند. بەڵام کە گەردنی بەرز و بەرۆکی جوان و چاوانی گەشی خواوەندی بینی، دڵی داخورپا و گوتی: "ئەی یەزدانخانم، بۆچی تەفرەم دەدەی؟ دەتەوێ جارێکی دیکە وێڵی دووی پیاوێکم بکەی، کە لە فریجیا یان لە میونیای جواندا پێی سەرسام بووی؟ ئا ئێستا مینیلاوس، ئەلکساندەری لەناو برد، منی قێزەون هەڵدەگرێ و لەگەڵ خۆیم دەباتەوە. هاتووی بۆ ئێرە تا فریوم بدەیت. هەڕە بۆ خۆت بەدیار ئەلکساندەرەوە دانیشە، و دەستبەرداری خوایەتی ببە و بالاقەکانت جارێکی دی بۆ ئۆڵەمپت نەبەنەوە، ئەوەندە لە خەمی پاریس دا بەو ئەوەندە پەرۆشی بە تا دەتکات بەژنی خۆی، یان دەتکا بەکەنیزەکی خۆی. بەڵام من؟ من ناچم، من جارێکی دی جێگەی ئەو ڕێك ناخەم و گەرم ناکەم، ئیدی دەبم بەگەپجارِی هەموو ژنانی تەروادە. دەردی دڵم کەم نییە."

(٤١٤) ئەفرۆدێت لە قسەکانی توڕە بوو گوتی: "توڕەم مەکە ئەی داوێن تەڕی بێ شەرم و حەیا، ئەگەر توڕەم بکەی دەستبەردارت دەبم و چەندم خۆشویستوی بەهەمان ئەندازە دەتبوغزێنم. و کەرب وکینێکی پیس دەخەمە بەینی تەروادەیی و ئاخییانەوە، هەنگێ بە چارەنووسێکی خراپ لەناو دەچیت."

(٤١٨) هیلین کە گوێی لەم قسانە بوو ترسی لێنیشت، خۆی لە عەباکەیەوە پێچاو بە بێدەنگی و بێ ئەوەی ژنە تەروادەییەکان هەستی پێبکەن دووی خواوەندەکە کەوت.

(٤٢١) کە گەییشتنەوە ماڵی ئەلکساندەر، کارەکەرەکان یەکسەر. چوونە سەر کاری خۆ، بەڵام هیلین چوو بۆ ژوورە تایبەتیەکەی خۆی، ئەفرۆدێتی خەندە شیرین، کورسییەکی هەڵگرت و لە هەنبەر ئەلکساندەر داینا. هیلین، کیژی زیوسی قەڵغان بەشان، لەسەر ئەم کورسییە ڕۆنیشت، و بەمۆڕەوە کەوتە سەرزەنشتی میێرەدەکەی.

(٤٢٨) گوتی: "کەواتە لە شەڕهاتیەوە، خۆزی بەدەستی ئەو کەڵەمێرە، کۆنە میێردەکەم دەکوژرای. خۆ تۆ جاران فشەت دەکرد کە هەم بەهێزی بازوو، و هەم بەنێزەکەت لە مینیلاوس بەهێزتری، ئەمجارەش بچۆوە و تەحەدای بکەوە –بەڵام من ئامۆژگاریت دەکەم کە نەچیت، شێتانە ڕووبەڕووی نەبێتەوە، چونکە دەترسم زوو بەزوو بەنێزەی ئەو بکوژرێی!"

(٤٣٦) باریس وەڵامی دایەوە: "ئافرەت، بە سەرزەنشتەکانت توڕەم مەکە. مینیلاوس ئەمجارە بەکۆمەکی خواوەند ئەتینا بەسەرما سەرکەوت، بەڵام جارێکی دی من ئەو دەبەزێنم، چونکە منیش خواوەندانێکم هەن کە پشتیوانیم لێدەکەن. وەرە با تێك ئاڵێین و دۆستایەتییەکەمان تازە بکەینەوە، لە ژیانما وەکو ئەم ساتە ئارەزووم نەکردووبێت– تەنانەت ئەو کاتانەش کە یەکەمجار لە لاسیدیمونەوە ڕەدووم خستی و بە دەریادا ڕفاندمیت– تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە دوڕگەی کرانیادا بووین بەشەریکی نوێنی ڤیان، ئەم ئارەزوو تامەزرۆییەی ئێستام لە خۆدا نەدەبینی." دوای ئەم قسانە چوو بۆ سەر جێگەکەی، و ژنەکەشی دوای کەوت.

(٤٤٧) بەو جۆرە ئەوان بەدوو قۆڵی چوونە ناو جێگاو تێکهاڵان. کوڕەکەی ئەتریوس–ش بەناو ئاپورای خەڵکەکەدا کون بەکون لە ئەلکساندەر دەگەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە، نە لەناو تەروادەییەکاندا دیار بوو، نە لەناو هاوپەیمانەکاندا. خۆ ئەگەر بیاندیبا لێیان نەدەشاردەوە،

چونکه هەمووان چەند لە مردن بێزار بوون، ئەوەندەش ڕقیان لەوە بوو. ئەوسا ئاگامەنونی، شای جەنگاوەران، ڕووی دەمی کردە ئاپوراکە و گوتی:

(٤٥٦) "گوێ بگرن ئەی تەروادەیی و داردانییەکان، گوێ بگرن ئەی هاوپەیمانان. ئێستا ئاشکرایە کە مینیلاوس سەرکەوتووە، بۆیە هیلین و سەروەتەکەیمان پێ بسپێرن، و قەرەبوویەکی ئەوتۆشمان بدەنێ، کە ببێ بەعیبرەت بۆ نەوەکانی ئایندە."

(٤٦١) کوڕی ئوتریوس بەو جۆرە قسەی کرد، و هەموو ئاخییەکان بەیەک دەنگ قسەکەیان پەسند کرد.

سروودی چوارەم

پێشێل کردنی ئاگربەستەکە و یەکەمین شەڕ

حیکایەتەکە:

خواوەندان کۆبوونەوە تادەربارەی جەنگی نێوان تەروادەیی و ئاخییەکان گفتوگۆ بکەن. زیوس ویستی هیرا و ئەتینا کە لایەنگری گریک بوون، تووڕە بکات، پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئاشتی لەنێوان هەردوولادا بەرپا بکرێت. هەردوو خواوەندەکە تووڕەیی خۆیان شاردەوە، لێ هیرا نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، و کەوتە گازاندە لە زیوس چونکە گوێ بەحەز و ئارەزووی ئەو نادات، و هەرچییەکی لە توانادا بوو کردی بۆ ئەوەی ئاخییەکان دژی تەروادەییەکان تەیار بکات. زیوس و هیرا مامەڵە و سەودایەک دەکەن، هیرا پێی دەڵێت کە زۆر شاری هەیە، خۆشەویست ترینیان لە دڵی ئەودا ئارگوس و ئەسپارتە و میسینایە، کامیانی دەوێ با وێرانی بکات، لە هەنبەر ئەوەی کە ڕێی بدات تەروادە وێران بکات، چونکە ڕەدووخستنی هیلین لەلایەن تەروادەییەکانەوە کارێکی حەیا بەرەیە. زیوس لەگەڵیا ڕێکەوت و ڕێگەی بەئەتینادا کە دابەزێ بۆ سەر زەوی و کار بۆ تێکدانی ئاگربەستەکە و هەڵگیرسانەوەی جەنگ بکات. ئەتینا دابەزییە ناو تەروادەییەکان و باندارووسی هەڵبژارد و لە شێوەی برادەرێکیدا خۆی لێ ئاشکرا کرد و کەوتە دندەدانی تا ئاگربەستەکە پێشێل بکات، وای حاڵیکرد کە ئەگەر تیرێک باوێتە مینیلاوس ناو وشۆڕەت دەردەکات، و تەروادە هیلین و سەروەت و سامانەکەی بۆ خۆ هەڵدەگرێت و گریک بۆ وڵاتی خۆ دەگەڕێنەوە. ئیدی میر ئەلکساندەر (پاریس) ڕێزت لێ دەنێت و لە مااڵ دیارییانت دەگرێت، ئەگەر مینیلاوس بەسەر ئاگری جەنازەوە بدینێ. باوەڕی کرد و تیرێکی هاویشتێ، لێ زامەکەی مینیلاوس سووک بوو. ئاگامەمنوونی برای وایزانی برینەکەی کوشندەیە و سووی لە بێ بەختی ئەو هات، لێ لوقمان نووکی تیرەکەی لێ دەرهێناو بەگیا سپی برینەکەی چارە کرد. پاش ئەوەی ئاگامەمنون دڵنیابوو لەوەی برینەکە سووکە، کەوتە گەڕان و جەولە بەناو لەشکرەکانی گریکدا و فەرماندەکانی جۆشدەدا و ئاگاداری دەکردنەوە چۆن تەروادەییەکان ئاگربەستەکەیان پێشێل کردووە، و هیچ چاریان نییە تەنیا پەلاماردانی شورە و قەاڵکانی تەروادە و سەندنەوەی هیلین و سەروەت و سامانەکەی نەبێ. سوپاکان دەخرۆشێن، پیزەکانیان ڕێکدەخەن، سواران (ئەوانەی بەعەرەبانە شەڕ دەکەن) دەخەنە پێشەوە، و ترسنۆکان دەخەنە ناوەڕاستەوە، و دلێر و ئازایان دەخەنە دواوە.

دوای خۆسازدانی تەواو جەنگ دەست پێدەکات و خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن و زەوی لە خوێنا سور دەبێ.

زەمەن:

ئەم ڕووداوانە لە بەشێکی ڕۆژی بیست و سێیەمدا ڕووددەدەن.

شوێن:

هەمان شوێنی سروودی پێشووە، دەشتەکەی بەینی تەروادە و ئەو کەنارەیە کە کەشتییەکانی گریکەکانی لێ وەستاوە.

(١)نهـو خواوەنـدەکان لەگـەڵ زیـوس دا دانیشـتوون، و لەسـەر زەوی زێڕینـی بارەگاکەیانـدا کۆبوونەتـەوە و ڕاوێـژان دەکـەن. هیبـی مـەیگێڕی خواوەنـدان بـە بـادەی نکتـارەوە بەسـەریاندا دەسـوڕێتەوە، هـەر کـە یـەکێکیان بەسـەلامەتی ئـەویتریان پێکـە زێڕینەکـەی هەڵـدەدا، دەڕواننـە خـوارێ، سـەیری تـەروادە دەکـەن. ئەوسـا کـوڕی کڕونـوس هـەر بـۆ وەی هیرا تـوڕە بکـات، کەوتـە قسـان، قسـەیەک لێـرە و قسـەیەک لـەوێ. پێـی گـوت: "مینـیلاوس لـەنێو یـەزدان خانمانـدا دوو دۆسـتی هەیـە، هـیرای ئەرگۆسـی و ئـەتینای ئـەلکومینی، ئـەم جووتـە بەبێـدەنگی دانیشـتوون و تـەنیا دڵیـان بـە تەمەشاکردنی دیمەنەکـە خۆشـە. کەچـی خواوەندی ڤیـان و جـوانی، ئـەفرۆدیت هەمیشـە لـە ئەلکسـاندەرەوە نزیکـە تـا بـەدڵ بـەرگری لێ بکـات، ئـەوی ڕاسـتی بـێ هـەر ئێسـتاکێ، دوای ئـەوەی دڵنیـابوو دەمرێـت، فریـای کـەوت و ڕزگـاری کـرد –چـونکە گومـان لەسـەرکەوتنی مینیلاوس نەبوو– جا ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چ بکـەین، ئایـا وازیـان لێ بێنـین شـەڕێکی دی بکەنـەوە یـان لـە بـەینی خۆیانـدا ئاشـت ببنـەوە؟ ئەگـەر ڕاتـان لەسـەر چارەسـەری دووەمـە، ئـەوا مینیلاوس دەتوانێ هیلین بەرێتەوە و شاری تەروادە بەئاوەدانی دەمێنێتەوە."

(٢) ئـەتینا و هـیرا کـە بـەلای یەکـەوە دانیشـتبوون، و زۆر داخ لـە دڵ بـوون دەرهـەق بەتەروادەییەکان، بەگوێی یەکتریاندا چپاند، ئەتینا لە هەنبـەر بابیدا چارەی بەیەکدا دا، چونکە زۆر لێـی پەسـت و تـوڕە بـوو، بـەڵام هیچـی نـەوت، لێ هـیرا خـۆی پێنـەگیرا. گـوتی: "ئـەی کـوڕی کرونوسی سامناک، تکایە پێم بڵێ ئەمە چییە؟ ڕەنج و ماندووبوونەکەم بەفیڕۆ بچێ

(٢٧) ئـەو هـەموو ئارەقـەی کـە ڕشـتم لـە ڕای کۆکردنـەوەی خـەڵکی دژی بریـام و کوڕەکـانی بەخۆڕایی بڕوات؟ تۆ هەرچی دەکەی بیکە، بەڵام ئێمەی خواوەندان بەم تەگبیرەی تۆ ناکەین."

(٣٠) زیوس تـوڕە بوو و وەڵامی دایەوە: "ئازیز، بریام و کوڕانی بریام چ زەرەرێکیان لێ داوی، تا ئەوەندە بەجۆش بی بۆ وێرانکردنی شاری ئیلیون؟ هیچ شتێك تامەزرۆییت ناشکێنێ ئەوە نـەبێ قوله و قەڵاتەکانی بریام بڕوخێنی و لەگەڵ کوڕەکانیا بیخەیتە ژێر پێیان؟ چی دەکەی بیکە، من نامەوێ ئەم مەسەلەیە ببێتە مایەی پەشێوی نێوانمان. دەمـەوێ ئەوەشت پـێ بڵـێم، ئـەم قسـەیەم بکە بەگواڕە و لە گوێی بکە، ئەگەر وێستم شارێکی دۆستانی تۆ وێران بکـەم، نابێ دەست بێنیتە ڕێگـەم، دەبـێ ڕێـم بدەی ئـەو کارە بکـەم، چـونکە من ئـەمجارە بەکەسـەرێکی زۆرەوە و بەناچاری تەنازولم بۆ تۆ کرد لە هەموو شارانی ژێـر هـەتاو و ئـەستێرانی ئاسماندا، ڕێـز و حورمـەتی هـیچ شارێکم هێندەی ڕێز و حورمەتی ئیلیون و بریام و گەلەکەی لەلا نییە. هەرگیز قوربانگەی منیان

بێ خواردن و داوەت نەکردووە، هەرگیز قوربانگەکەی منیان بێ ئاورودوو نەکردوە، بەڕێزەوە سروتەکانیان لەڕای مندا ئەنجام داوە."

(٥٠) هیرا هەڵیدایێ: "شارانی دڵگیری من بریتین لە ئەرگوس، و ئەسبارتە و میسینا. هەر کاتێ یاخی بوون وێرانیان بکە، نە بەرگرییان لێدەکەم و نەگوێیان دەدەمێ. خۆ ئەگەر بشمەوێ ڕێگەت لێبگرم. بەهیچ ناچێت چونکە تۆ لەمن بەهێز و تواناتری، بەڵام حەز ناکەم کارەکەم لێ تێکبدەیی، من لەم سەر زەمینەدا هەر لەبەرئەوە ڕێز ناگیریم کە خواوەندم، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە ژنی تۆم، تۆش سەروەری خواوەندانی. ئەمر بە ئەتینا بکە هەر ئێستا بڕوات بۆ مەیدانی جەنگەکە، و بەهەر فێڵێك بووە کارێکی وەها بکات تەروادەییەکان دەست پێشکەری بکەن و ئاگربەسەکە بشکێنن و بەسوێندەکەی خۆیان نەکەن و پەلاماری ئاخییەکان بدەن."

(٦٨) سەروەری خواوەندان و بەشەران قسەکانی بەهەند وەرگرت و بەئەتینای گوت: "هەر ئێستا خۆت بگەیەنە لەشکرانی تەروادەیی و ئاخییەکان، و بەهەر فێڵێك بووە کارێکی وەها بکە تەروادەییەکان ئاگربەسەکە بشکێنن و سوێندەکەیان بەدرۆ بخەنەوە و بەریانبدە ئاخییەکان."

(٧٣) ئەتینا تامەزرۆی ئەم کارە بوو، یەکسەر لەبەرزترین لوتکەی ئۆڵەمپەوە داگەڕا.

لەگەڵ خۆیدا هەندێ بەردەستێری (نیازك) پرشنگداری هاویشت، بەو بەردەستێرانەی کە کوڕی کرونوس وەکو نیشانەی شوم یان مژدەی خۆشی بۆ دەریاوانان و هەندێ گەورە لەشکرانی ڕادە خۆشاندن و گڕیان لێدەبووەوە. تەروادەیی و ئاخییەکان کە ئەم بەردەستێرانەیان بینی ترسان، ئاوڕیان لێکدی دایەوە و گوتیان: "یان لێمان دەبێتەوە بەشەڕ، یان زیوسی داوەر و سەرداری جەنگان، ئاشتیمان لەنێواندا بەرپا دەکات."

(٨٥) تەروادەیی و ئاخییەکان ئاوایان دەگوت. هەنگێ ئەتینا چووە بیچمی لاودوکۆسی کوڕی ئەنتینور و بەناو تەروادەییەکاندا گەڕا تا باندارووسی کوڕە بەهەیبەت و ساماکەی لیکارونی دۆزییەوە. سەیری کرد لەنێو ئەو جەنگاوەرە عەگیدانەدا وەستاوە کە لە کەنارەکانی ڕووباری ئیسیبوسەوە دووی کەوتبوون. لێی نزیك بووەوە و گوتی: "ئەی کوڕە ئازاکەی لیکاون، قسەیەکت پێ بڵێم بەقسەم دەکەی؟ ئەگەر تیرێك بگریە مینیلاوس دەبی بەمایەی ڕێز و ستایشی هەموو تەروادەییەکان، بەتایبەتی میر ئەلکساندەر– ئەگەر ببینێ مینیلاوس خراوەتە سەر لێژنە داری جەنازە، و بەتیری تۆ کوژراوە، خەڵاتێکی گەورەت دەکات. دەی خۆت یەك دڵ بکە، و لەبەر ئەپولۆی تیر ئەندازی بەناوبانگ بپارێوە و سوێندی بۆ بخۆ کە بۆ ماڵی خۆت لە شاری زیلیا. گەڕایتەوە سەد سەر بەرخە کۆرپەی وەکو ڕێز بۆ بکەیتە قوربانی."

(١٠٤) زووبەزوو باوەڕی کرد، کەوانەکەی داگرت، ئەم کەوانە لە شاخی کەڵە کێوییەك دروست کرابوو کە بەخۆی کوشتبووی، لە کاتێکا لەو تاوێرەوە بۆ ئەو تاوێر بازی دەدا، تیرێکی لە دڵیدا بوو و کوشتبووی. شاخەکانی شەش بستان درێژ بوون، کەوانسازێکی مەعلان کەوانێك لە هەردوو شاخەکەی دروست دەکات، کەوانێکی یەجگار خۆشدەست. و هەردوو سەری لە زێڕ دەگرێت. کاتێ باندارووس کەوانەکەی ئامادەکرد زۆر بەوریایی لە عاردی دانا، یاوەرە ئازاکانی قەڵغانەکانیان لە پێشیا ڕاگرت لە ترسی ئەوەی نەبادا ئاخییەکان، بەرلەوەی تیرەکەی ئەم

مینیلاوس بپێکێ، تیربارانی بکەن. ئەوجا سەری تیردانەکەی لاداو تیرێکی باڵداری دەرێنا کە هەرگیز بەکاری نەهێنا بوو، تا ئاە و ناڵەی مەرگ لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ.

(١١٨) تیرەکەی لە کەوان ناو لەبەر ئەپولۆی تیر ئەندازی ناودار پاڕایەوە و سوێندی خوارد هەر کە بۆ ماڵەکەی خۆی لە شارە بەهێزەکەی زیلیا، گەڕایەوە سەد بەرخە کۆرپەی بۆ بکات بەنەزر و قوربانی. شەقی تیرەکەی نایە سەر ژێی کەوانەکەی کە لە چەرمی گا دروست کرابوو، شەقی تیرەکە و ژێی کەوانەکەی بەرەو سینگی خۆی ڕاکێشا، تا سەری تیرەکە تەواو لە کەوانەکە نزیک بووەوە، کە کەوانەکە شێوەیەکی نیوەبازنەیی وەرگرت و تیرەکە بەسەر سەری ئاپوراکەدا هاژەی کرد.

(١٢٩) بەڵام خواوەندە موبارەکەکان لە بیریان نەکردیت مینیلاوس. ئەتینای کیژی زیوس، و سەرپەرشتیاری وێرانی و وێرانکاری، یەکەم کەس بوو خۆی دایە بەردەمت و لەو تیرە بڕندەیەی پاراستی. لە جۆرێ تیرەکەی لێ لادا، وەکو چۆن دایکێک مێشێک لە منداڵەکەی کە لە شیرینی خەودا بێ بتارێنێ، کارێکی وەهای کرد تیرەکە ڕووبکاتە ئەو شوێنەی کە لۆی پشتێنەکەی دەکەونە سەر یەک و بەمەش زرێی سەر کەمەری بوو بە دوو لۆی لەسەریەک، بەڵام تیرەکە ڕێک بەر پشتێنەکەی قەدی کەوت. پشتێنە کەو زرێ مەحکەمەکەی ژێریشی بڕی، هەروەها ئەو پشتێنەی ژێریشی بڕی، کە پشتێنەکە ڕاستەوخۆ لەسەر گۆشتەوە دەبەستریێ، و دژی نێزە و تیرانە، ئەمە خزمەتێکی زۆری مینیلاوسی کرد، و بەر باشترین شوێنی مینیلاوس کەوت، و کە تیرەکە سمی، زامێکی سەرڤەسەرڤەی سووکی کردە جەستەی، و دەم و دەست خوێنێکی ڕەش لە زامەکەی هات

(١٤١) وەکو چۆن هەندێ ژنانی میونیایی یان کاریایی بەرەنگی سوور پارچە عاجێک دەڕەنگێنن بۆ چاوبەندی ئەسپان، و لە عەماردا دادەنرێ –زۆر سوارچاکیش چاویان لە دویەتی، ئەوەی بەدەستی دێنێ شازادەیەکە، وەکو توحفەیەک کە هەم ئەسپەکە بڕازێنێتەوە و هەم خاوەنەکەی شانازی پێوە بکات– بەو ئاوایە ئەی مینیلاوس هەردوو ڕان و لاقەکانت تا بنی هەردوو پاژنە جوانەکەت خڵتانی خوێن بوون.

(١٤٨) ئاگامەمنون کە بینی خوێن لە زامەکەوە فیچقە دەکات، ترسا، هەروەها (مینیلاوس) ش شڵەژا، بەڵام کە بینی سەری نێزەکە گۆشتی پێوە نییە، هەنگێ هێدی بووەوە، لێ ئاگامەمنون هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، دەستی مینیلاوسی گرت، و گوێی لێبوو و هاوڕێکانیشی دەیان نالاند، هاواریکرد:

(١٥٤) پێدەچێ من ئەو قوربانیەم بۆ مەرگی تۆ کردبێ، و بەتاقی تەنیا وەپێشم خستی تاوەکو قارەمانی مە بەگژ تەروادەییەکانا بچی. تەروادەییەکان سوێند و پەیمانەکەیان پایەماڵ کرد و بریندارییان کردیت، وێڕای ئەوەش سوێند و پەیمانەکە و خوێنی بەرخەکان و شەرابە پرژاوەکە و دەستی ڕاستمان کە بۆ ئاشتی و دۆستایەتی درێژمان کرد بەفیڕۆ ناچێ.

سەردار و فەرمانڕەوای ئۆڵەمپ ئەگەر لێرە و لە ئێستادا ئەم سوێند و پەیمانە نەیەنێتە دی، بێگومان دوایی هەر دەبهێنێتە دی، و بەهای ئەم پەیمانشکێنییە لەسەرخۆیان و ژن و منداڵیان

زۆر دەکەوێ، بێگومان هەر ئەو ڕۆژە دێ کە ئیلیونی هێزدار، لەگەڵ بریام و گەلەکەی بریام دا دەکەوێ، کاتێ کوڕی کرونوس لە عەرشە بەرزەکەی خۆیەوە، سزای سامناکی ئەم خیانەتەی ئێستیان بۆ نازڵ دەکات. بێگومان ئەمە دێتەدی، بەڵام ئێستا ئەی مینیلاوس، ئەگەر ئەمڕۆکە. ئەجەلت هاتبا، خەمی گەورە بۆ من دەمایەوە، ناچار دەبووم بۆ ئارگوس بگەڕێمەوە، چونکە ئاخییەکان بۆ ماڵی خۆ دەگەڕانەوە. هەنگێ بریام و تەروادەییەکانمان بەجێدەهێشت و خۆیان بەزەوتکردنی هیلینەوە بادەدا، و تۆمان بەجێدەهێشت و ئێسکەکانت لە خاکی تەروادەدا دەڕزین بێ ئەوەی بەئاواتی خۆت بگەی. ئەوسا تەروادەییەکی لەخۆ ڕازی گۆڕەکەتی بەر پێلەقان دەدا و دەیگوت: "ئاگامەمنون ئاوها تۆڵە دەکاتەوە، لەشکرەکەی بەبێهودە بۆ ئێرە هێنا، بەکەشتی بەتاڵ بۆ ولاتی خۆ گەڕایەوە و مینیلاوسی لە پاش خۆی بەجێهێشت" خەڵکانێك قسەی وا دەکەن، ئەوسا هێڤیدەکەم زەوی بقڵەشێ و قووتم بدات."

(١٤٨) بەڵام مینیلاوس دڵنیای کردەوە: "خەمت نەبێ، ئاخییەکان مەترسێنە، تیرەکە شوێنی کاری نەگرتووم، چونکە ئاسنی پشتێنەکەم بەری گرتووە، لەژێر ئەمەشەوە زرێ و پشتێنێکی گوللە نەبڕم لەبەرە کە برونزگەران بۆیان دروستکردوم."

(١٨٨) ئاگامەمنون وەڵامی دایەوە: "من دڵنیام لەمە مینیلاوسی ئازیزم، بەڵام دەبێ لوقمان سەیری برینەکەت بکات و گیاسپی لێ بنێ تا ئازارەکەت سووك ببێ."

(١٩٣) ئەوسا ڕوویکردە تالتیبیوس و گوتی: "تالتیبیوس، هەڕە ماخاون–ی کوڕی دکتۆری گەورە ئەسکلیبیوس ئاگادار بکە کە بەپەلە بێت مینیلاوس معایەنە بکات. بڵێ کەواندارێکی تەروادەیی یان لیشی تیرێکی لێداوە، کە ناوی بۆ خۆی دەرکردووە و خەم و پەژارەی بۆ ئێمە هێناوە."

(١٩٨) تالتیبیوس بەگوێی کرد، و ڕۆیی و کەوتە گەڕان لە ماخاون، سەیری کرد لەنێو جەنگاوەرەکانیا، ئەو جەنگاوەرانەی لە تریکاوە لەگەڵی هاتبوون، وەستاوە. لێی نزیك بووەوە و گوتی: "ئەی کوڕی ئەسکلیبیوس، ئاگامەمنون شا دەڵێ با بەپەلە بێ و مینیلاوس معایەنە بکات، کەواندارێکی تەروادەیی یان لیشییە تیرێکی لێداوە، تا هەم ئێمە بترسێنێ و هەم بۆ خۆی ناوبانگێکی گەورە دەربکات."

(٢٠٨) هەر کە ئەو قسەیەی کرد ماخاون کەوتە ڕێ. بەدوو قۆڵی بەناوجەرگەی سوپای پان و بەرینی ئاخییاندا ڕێیان کرد تا گەییشتنە ئەو شوێنەی مینیلاوسی لێی بریندار بووبوو، ڕاکشابوو و گەلێك لە فەرماندەکان ئەڵقا و ئەڵق بەدەوریەوە بوون. ماخاون خۆی گەیاندە ناوەندیان و یەکسەر نێزەکەی لە پشتێنەکە دەرهێناو، بەهەمان قوەتەوە کە دەریهێنا، دڕکەکانی بۆ پشتەوە چەمانەوە. ئەوجا پشتێنە لوسەکە و زرێکەی ژێری و پشتێنە گوللە نەبڕەکەی کە برونزگەران بۆیان دروست کردبوو، هەمووی کردنەوە، ئەوجا دوای ئەوەی برینەکەی بینی، خوێنەکەی سڕی و هەندێ لەو داو و دەرمانە هاڕاوەیەی کە قەنتور کاتی خۆی بەنیازی پاك دابووی بە ئەسکلیبیوسی بابی، لە برینەکە نا.

(٢٢٠) لەو دەکەدا کە سەرقاڵی مینیلاوس بوون، تەروادەییەکان هێرشیان هێنا، ئاخییەکانیش جلی حەربیان لەبەرکرد و خۆیان بۆ شەڕ تەیار کرد.
(٢٢٣) لەم دەمەدا ئاگامەمنونت نەدەبینی خەواڵو بێ یان بترسێ، یان ئارەزوی کوشتار و شەڕی نەبێ، بەڵکو زۆر تاسەمەندی شەڕ بوو. ئەسپەکانی و عەرەبانەکەی کە بەبرۆنز ڕازابووەوە بۆ پاسەوانەکەی، واتە یوریمیدونی کوڕی بتولیمایوسی کوڕی فیرایوس بەجێهێشت و ئەمری پێکرد کە ئامادەبێ بۆ ئەو کاتەی کە ئەم لە گەڕان و دەرکردنی فرمانان ماندوو دەبێ، چونکە بەپێیان بەسەر ڕیزەکانی لەشکرەکەدا دەگەڕا. کە بینی جەنگاوەرەکان بەپەلە بۆ پێشەوە تاو دەدەن، لە نزیکیانەوە هاواری کرد: "ئەی ئارگۆسیان، بەئەندازەی داوە مویەک لە هێرش و پەلامار سارد نەبنەوە، بابە زیوس پشتیوانی ڕیاکاران و دەغەڵبازان ناکات؛
(٢٣٦) تەروادەییەکان دەست پێشکەریان کرد و سوێندەکەیان پێشێل کرد و پەلاماریان داین، بۆیە دەبن بەخۆراکی قەل و داڵان، دەست بەسەر شارەکەیاندا دەگرین و ژن و منداڵەکانیان لە کەشتی دەنەین و لەگەڵ خۆدا دەیانبەین."
(٢٤٠) بەڵام زۆر بەتوندی سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە خۆیان دەدزییەوە و وازی شەڕیان نەبوو، هاواریکرد: "ئەی ئارگوسییان، ئەی مەخلوقاتە ترسنۆک و کڵۆڵەکان، شەرم لە خۆ ناکەن کە وەکو ئاسکانی ترساوی پەلوپۆ شکاوی دەشتان، لە دەوری یەک خڕبوونەتەوە و ناجەنگن؟ ئێوە دەڵێی ئاسکانی حەپەساوی بێ باشارن. چاوەنۆڕی ئەوەن تا تەروادەییەکان بگەنە سەر کەشتییەکانمان، و ئێوەش لە کەنارەکەدا پاڵ بدەنەوە و چاوەڕوان بن کە ئاخۆ کوڕەکەی کرونوس لەسەرتان دێتە جواب؟"
(٢٥٠) ئاو بەو جۆرە دەسوڕایەوە و ئەمری بۆ جەنگاوەران دەردەکرد، بەنێو ڕیزەکاندا ڕەت دەبێ و دەگاتە کریتییەکان، باسکی لە قەدی ئیدومینوبوس وەردێنێ، ئیدومینوبوس بەچەشنی ورچێکی کێوی لە پێشیانەوە وەستابوو، میریونیس–ش سەرپەرشتی و سەرکردایەتی هێزەکانی دواوەی دەکرد. ئاگامەمنون بەدیتنی خۆشحاڵ بوو، بەخۆشەویستی و سۆزەوە قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی: "ئیدومینیوس، تۆ لە دڵی منداً لەهەر ئاخییەکی دیکە جیاوازتری، بەڕێزتری، ئیدی لەجەنگدا بێ یان لە شتی دا، یان لەسەر خوانی نانخواردن بێ. کاتێ فەرماندەکان بادە نایابەکانم لە بادیەدا تێکەڵ دەکەن، هەریەکەیان بەشی تایبەتی خۆی دەبات، لێ پەرداخەکەی تۆ هەمیشە وەکو پەرداخەکەی من تەژی دەبێت، بۆت هەیە هەموو کاتێ بخۆیتەوە. کەواتە هەستە و بڕۆ بۆ شەڕ، بیسەلمێنە کە ئەو پیاوەیت کە هەمیشە شانازیت پێوە کردووە."
(٢٦٥) ئیدومینیوس وەڵامی دایەوە: "من هاوڕێی وەفاداری تۆ دەبم، وەکو چۆن لە هەوڵەوە سۆزم دایتێ. هەڕە و ئاخییەکانی دی جۆشبدە، تا هەموو پێکەوە بچینە شەڕ، چونکە تەڕوادەییەکان پەیمان و بەڵێنەکانی خۆیان شکاند. لە ئێستا بەدواوە بەشیان هەر مەرگ و وێرانی دەبێت، چونکە ئەوان سوێند و پەیمانەکەیان شکاندوە و پەلاماریان داوین."

(٢٧٢) کوڕی ئوتریوس بەدڵی خۆشەوە لەسەر جەولەکەی بەردەوام بوو، تا گەییە نزیکی دوو کەس لە ئەیانتینەکان کە لە ناوەندی کۆمەڵێك سەربازی پیادەدا تەدارەکی جەنگیان لەخۆ دەدا. جا وەکو پەزەوانێك لە شوێنێکی بەرزەوە هەور و هەڵایەکی توند بدینێ، بەدەم بای سەباوە زۆر بەخێرایی

(٢٧٧) وەکو قیرێکی ڕەش بەسەر دەریاوە بەرەو ئەو بێ و هەڕەشەی تۆفانی پێ بێ، ئەوجا بترسێت و پەزەکەی بۆ شکەفت و ئاغەڵێك بەرێ –ئاواو بەو جۆرە ئاپورەی لاوانی خورت و ئازا ڕەش دەچوونەوە و لەژێر فرمانی ئەم جووتە ئەیانتینەدا، کە مەتاڵ و نێزە و جەنگەوزارەکانیان سامیان دەخستە دڵەوە، بەرەو جەنگ دەچوونە پێش. ئاگامەمنون بەدیتنیان شادبوو. هاواری کرد: "من فەرمان بۆ فەرماندە ئارگوسییەکان دەرناکەم، چونکە ئێوە خۆبەخۆ ئەمرتان بە جەنگاوەرەکانی خۆ کردووە کە ئامادەی شەڕ بن.ئەی بابە زیوس، ئەتینای یەزدانخانم، ئەی ئەپولۆ، خۆزیا هەموو کەسێك وەکو ئەم جووتە بوایە، ئەوسا شارەکەی بریام زووبەزوو دەکەوتە دەستمان و هەموویمان وێران دەکرد."

(٢٩٢) ئەو قسانەی کرد و ڕۆیی بۆلای نەستوری وتاربێژی بەتوانای بیلییەکان، کە جەنگاوەرەکانی بۆ هێرش و پێشڕەوی هاندەدا و لە دەوری بیلاجون و ئەلاستور و کرومیوس و هیمون و بیاسی فەرماندەی سوپا خڕی دەکردنەوە، سوارەکانی بەعەرەبانە و ئەسپەکانیانەوە، لە ڕیزی پێشەوە دانا، بەڵام هێزی پیادە و جەنگاوەرە ئازاکانی لەدوای دواوە دانا. ترسنۆکەکانی لە ناوەڕاستەوە دانا، بۆ ئەوەی ناچاری شەڕ بن، یەکەمجار فرمانی بۆ هێزی سوارە دەرکرد، ئەمری پێکردن کە ئەسپەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، تا لەهەر شڵەژان و پەشۆکانێ بەدوور بن. گوتی: "ڕێگە مەدەن هیچ جەنگاوەرێك بەپشتیوانی هێزی خۆی یان عەرەبانچییەکەی بەتەنیا بچێتە شەڕی تەروادەییەکان، و ڕێگەشی مەدەن بگەڕێتە دواوە دەنا هێرشەکەتان سست دەکەن، هەر سوارەیەك ڕووبەڕووی عەرەبانەی دژمن دەبێتەوە دەبێ لەناو عەرەبانەکەیەوە نێزەکەی بهاوێ، ئەمە زۆر باشترە، بەم شێوەیە پێشینان شار و قوللە و قەڵاتیان دەگرت و بەم ئەقڵیەتەوە بیریان دەکردەوە."

(٣١٠) ئا بەو جۆرە ئەم پیاوە پیرە، ئەم قاڵبووەی بۆتەی شەڕان، و شارەزای هونەرەکانی شەڕ جەنگاوەرەکانی هاندەدا، کە ئاگامەمنون بینی دڵی خۆش بوو، و پێی گوت: "خۆزیا لاقەکانت وەکو بیرکردنەوەت گورج و چالاك بوایەن، هێز و شنگت وەکو ئەقڵت مسۆگەر بوایە، بەڵام تەمەن، دژمنە هاوبەشەکەی تیرەی بەشەران، چۆکی پێداداویت، خۆزگە لە جیاتی تۆ چۆکی بەکەسێکی تر دابدایە، و تۆی بەلاوی بۆ دەهێشتینەوە."

(٣١٧) نەستوری شۆڕەسواری جیرینی وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی ئوتریوس، منیش تەمەنام دەکرد پیاوەکەی ئەوسا بام کە ئیریوتالیونی مەزنم سەربڕی، بەڵام خواوەندان لە یەك کاتدا هەموو شتێکمان نادەنێ. ئەو ڕۆژگارە گەنج بووم و ئەمڕۆ من پیرم،

(٣٢٢) بەڵام ئێستاش لەگەڵ سوارەکانمدا دەڕۆم و بەتەگبیر و قسان هانیاندەدەم. ئەمە ئەرکی پیرانە، نێزە و ڕمان گەنجان هەڵیدەگرن، ئەوانەی شنگ و توانای زیاتریان هەیە."

(٣٢٦) ئاگامەمنون بەدڵی خۆشەوە کەوتەوە ڕێ، مینیستیوسی کوڕی بیتیوسی، بینی کە بە تەمەڵی لە شوێنی خۆی وەستاوە و ئەتینییەکان، سەروەرانی جاڕی شەڕ، لە دەوری خڕ بوونەتەوە. و ئودیسیوس لە نزیکی ئەوەوە و لەناو سیفاڵییە ئازاکاندا تەمەڵ و دەسەوەستان وەستاوە، هێشتا جاڕی شەڕەکەیان نەبیستبوو، چونکە لەشکرانی تەروادەیی و ئاخییەکان لە ئان و ساتا بوو کە بجمێن، لەبەرئەوە لە شوێنی خۆ ڕەق ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی لەشکرەکانی دیکەی ئاخییەکانیان دەکرد تا پەلاماری تەروادەییەکان بدات و دەست بەشەڕ بکەن. کە ئاگامەمنون ئەمەی بینی، سەرزەنشتی کردن و گوتی: "ئەی کوڕی بیتیوس، ئەدی تۆی دلێر و بەئاوەز، بۆچی وا دوورە پەرێز وەستاون و چاوەڕوانی ئەوانی دیکە دەکەن؟ دەبووایە ئێستا لەڕیزی پێشی پێشەوە لە جەرگەی ئەم شەڕە سەختەدا بووایەن، چونکە کە ئێمەی ڕاوێژکارانی ئاخییان وەختێ دەعوەتێك بەڕپا دەکەین، ئێوە لە پێشی هەموو کەسێکەوە دەعوەت دەکرێن. هەنگێ بە ئارەزووی خۆتان گۆشت دەخۆن و بادە هەڵدەدەن و کەیف دەکەن، کەچی ئێستا بەبەرچاوی خۆتانەوە دەیان لەشکری ئاخییایی پەلاماری دژمن دەدەن و ئێوەش گوێتان لێ نییە".

(٣٤٩) ئودیسیس مۆڕەیەکی لێکرد و وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی ئوتوریوس، ئەوە تۆ چ دەڵێی، باسی چ دەکەی؟ چۆن دەڵێی ئێمە کەمتەرخەمین؟ با ئاخییەکان بەتەواوەتی لەگەڵ تەروادەییەکاندا تێك بگیرێن، هەنگێ ئەگەر خۆت مەبەستت بێ، دەبینی بابی تلیماخۆس چۆن دەچێتە شەڕەوە و خۆی بەبەرایی تەروادەییەکاندا دەدات، قسەکانت لە قسەی کەسێك دەچن کە بییەوێ کات بەسەر بەرێ و ڕاوبوێرێ."

(٣٥٦) کە ئاگامەمنون ئودیسیوسی بەو توڕەییە بینی، بزەیەکی بەرووپدا داو، لە قسەکەی خۆی ژێوان بووەوە و گوتی: "ئودیسیوس، ئەی کوڕە خانەدانەکەی لایرتیس، ئەی پیاوی تەگبیر و ڕاوێژان، من فەرمانت پێنادەم، چونکە من ڕاستگۆیی دڵت دەناسم، تۆ و من خودانی یەك ئەقڵیەتی پایەدارین، لە قسەکەم ببورە، ئەگەر ئێستا قسەیەکی خراپم بەزاردا هات،لە خواوەندانم داوایە کە بەسوعبەتێکی ئاسایی و بێ غەرەزی حەساو بکەن."

(٣٦٤) ئەوانی بەجێهێشت و ڕۆیی. سەیری کرد کوڕەکەی تیدویوس، دیومیدسی خانەدان بەدیار عەرەبانە و ئەسپەکانییەوە وەستاوە، و ستینیلوسی کوڕی کابانیوس–شی بەلاوە وەستاوە. کەوتە سەرزەنشتی و گوتی: "ئەی تیدیوس زادە، بۆچی بەم ترسنۆکییە لە دووری شەڕەکە وەستاوی؟ تیدیوس، ئاوا خۆی دوور نەگرتووە، بەڵکو پێشەنگی جەنگاوەرەکانی بووە لە شەڕدا –ئەمە قسەی ئەوانەیە کە لە شەڕدا دیتویانە، چونکە من قەت نەمبینیوە. دەڵێن لەنێو پیاواندا بێ وێنە و هاوتا بووە. جارێك وەك میوان نەك دژمن بۆ مسینا هات، لەگەڵ بولینیسکس دا دێ تا هێزەکانی خڕ بکاتەوە، چونکە خۆیان بۆ شەڕی دژ بەشاری تیبەی بەهێز ئامادە دەکرد، هانایان بۆ گەلی ئێمە هێنا تا کۆمەکیان بکەن و هەندێ جەنگاوەریان بەگەڵ بخەن، پیاوانی میسینا ویستیان هەندێ جەنگاوەریان بدەنێ، بەڵام زیوس ژێوانی کردنەوە و هەندێ ئاکامی نەحس و شومی پیشاندان. بۆیە تیدیوس و بولینیکس بەدەستی بەتاڵ زڤرینەوە. کاتێ

دوورکەوتنەوەو گەیشتنە ڕووبار و بێشەکانی ئیسیبوس، ئاخییەکان تیدیوس–یان وەکو وەفد بەدواییاندا نارد، سەیری کرد کوڕانی کادیموس لە ماڵی ئیتیوکلیس دا سەرگەرمی دەعوەت و ئاهەنگن. هەرچەندە غەریب بوو، بەڵام کە خۆی لەنێو تەحەدای ئەم هەموو خەڵکەدا بینییەوە، نەترسا، بەڵکو تەحەدای یەکە بەیەکەیانی کرد و چووە مەیدانی هەر یەکێکیان و هەموویانی بەزاند، ئەتینا لەمەدا پشتیوانی بوو. کادیموّسەکان لەبەر سەرکەوتنەکانی ڕێزیان گرت، پەنجا گەنجیان لەگەڵ هەردوو فەرماندە–مایونی کوڕی هایمون، قارەمانی خوا ئاسا، وبولیفونتیس ی کوڕی ئولوفوسدا نارد تا لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بیخەنە بۆسەوە، لێ تیدیوس هەر پەنجایانی سەربڕی بێجگە لە مایۆن، کە دوای ئەوەی هەندێ نیشانانی ئاسمانی بینی بەسەلامەتی بەرەڵڵای کرد. ئەمەکاری ئەو پیدیوسە بوو کە لە ئیتولیاوە هاتبوو. بەڵام کوڕەکەی لە شەڕ و جەنگدا ناگا بەتۆزی پێی بابیدا."

(٤٠١) دیومیدس، وەڵامی نەدایەوە، چونکە شەرمی لە سەرزەنشتەکانی ئاگامەمنون کرد، بەڵام کوڕەکەی کابانیوس وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس درۆیان مەگێڕەوە، مادامێکی دەتوانی ڕاست بڕۆیت، ئەگەر حەز بکەی.

(٤٠٤) ئێمە بەخۆمان دەفشین و بگرە لە بابمان باشترین، ئێمە شاری تیبەی حەوت دەرگامان گرت، هەرچەند شورە و قەڵای دژمن قایمتر و ژمارەی لەشکرمان کەمتر بوو،.. ئەمە لەبەرئەوە بوو کە باوەڕمان بە نوقڵانەی خواوەندان و کۆمەکی زیوس هەبوو. بەڵام باوانمان بەهۆی گەوجێتی خۆیانەوە مردن، لەبەرئەوە باوانمان بەئێمە مەشوبهێنە و لەیەك ئاستا دامان مەنێ."

(٤١١) دیومیدس موّڕەیەکی لێکرد و گوتی: "ئەی دۆست زمانی خۆت بگرە و ئەمری من جێبەجێ بکە. ئاگامەمنون هەقی خۆیەتی ئاخییان بۆ پێشڕەوی هانبدات، ئەگەر شارەکە بگرین شانازییە بۆ ئەو، خۆ ئەگەر بکوژرێین خەم و خەمینی بۆ ئەوە. لەبەرئەوە ئێمە، تۆ و من دەبێ بیرمان تەنیا لای شەڕ بێ."

(٤١٩) ئەوەی گوت و خۆی لە عەرەبانەکەی هەڵدایە خوارێ، و قەڵغان و تاقمەکەی کەوتە تەق و هوڕێکی وەها پیاوی ئازا گوێی لێبوایە هەترەشی دەچوو.

(٤٢٢) وەکو چۆن شەپۆلێکی گەورەو تووڕەی دەریا پەیتا پەیتا بەدەم ڕەشەباوە سەری خۆی بەکەنارا دەکێشێت– لە پێشا بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و ئەوجا بەرز دەبێتەوە و خۆی بەتاوێڕێکی بەرزا دەدات و ئەوجا لەسەر کەنارەکەدا پەرت دەبێ و کەف و خوێواو بەهەموو لایەکدا دەنێرێ –بەو ئاوایە لەشکرانی دانایی ریز لەدوای ڕیز، دلێر و ئازا بەرە و جەنگ دەجمان.فەرماندەکان هەریەکە و فرمانی بۆ جەنگاوەرانی خۆی دەرکرد، بێ ئەوەی جەنگاوەرکان ورتەیەکیان لێوەبێت، خامۆش و گوێڕایەڵ لە تۆ وایە لاڵ و بێ زمانن، بەدەم ڕێکردنەوە چەك و تاقمەکانی قەدیان لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە. بەڵام تەروادەییەکان، دەتگوت هەزاران سەر پەزن و چاوەڕوانی ئەوەن لە حەوشەی پەزدارێکی دەوڵەمەندا بێنە دۆشین، و هەر کە گوێیان لە باڕەی بەرخەکانیان دەبوو، یەکسەر وەڵامیان دەدایەوە، چونکە نوتق و زمانیان نەبوو. زمانی تەروادەییەکان جیاواز بوو، چونکە لە دەڤەرانی جیاوازەوە هاتبوون. ئەریسی خواوەندی جەنگ

ئیلهامبەخشی تەروادەییەکان بوو، بەڵام ئاخییەکان ئیلهامیان لە ئەتیناوە وەردەگرت—و لەگەڵ ئەو جووتەدا ترس و ئازاوە و ئیریس ،خوای دووبەرەکی هاتن، ئەو خوایەی کە شەڕ هەڵدەگیرسێنێ و کۆتایی پێ نایەنێ، ئەمە خوشکی خواوەندی جەنگی قڕکەر ئەریسە، ئەم یەزادنخانمە لە سەرەتادا کورتە بالأ بوو، کەوتە نەشونما و گەورە بوو گەورە بوو تاسەری گەییە ئاسمان، دووبەرەکی خستە ناو خواوەندەکانەوە، بەڵام لاقەکانی هێشتا لەسەر عاردین. ئەو گەڕا وسوڕایەوە و دووبەرەکی لە بەینی ئاخییان و تەروادەییاندا نایەوە، دەیەوێ لەو دەمەیدا کە لە جەنگا دەکوژرێن گوێی لە نالە و هاواریان بێ.

(٤٤٦) کە هەردوو سوپا گەییشتنە یەک، هەر قەڵغان و نێزان بوون لە گەرمەی شەڕدا بەریەکدی دەکەوتن. ئیدی هەراو زەنایەک بوو مەپرسە، نالەی مەرگ و هاواری سەرکەوتنی بکوژ و کوژرا و تێکەڵ بوو، لافاوی خوێن زەوی گرت، وەکو چۆن سێلاوی زستان لە چیاکانەوە، لەسەرچاوە گەورەکانەوە دێتە خوارێ تا لە خاڵی یەکانگیری دوو دۆڵدا کۆببێتەوە و ئەوجا گوڕ ببەستێتەوە تا بڕژێتە دۆڵێکی قوڵەوە و، شوان لەسەر چیایانەوە و لە دوورەوە گوێی لە هاڕە و هاژەی ببێ، هەرا و زەنا و هاوار و هاڕەی هەردوو سوپاکە کە دایان بەیەکدا بەو شێوەیە بوو،

(٤٥٧) هەر لە سەرەتاوە ئەنتیوکوس، جەنگاوەرێکی چەکداری لە تەروادەییەکان کە ئەخیولوسی کوڕی تالیسیوس بوو، کوشت. ئەم جەنگاوەرە لە ڕیزەکانی پێشەوە دەجەنگی. نێزەیەکی لە کلاوخودەکەی دا و نێزەکە چوو بەنێوچەوانیا، سەرە تیژەکەی نێزەکە ئێسکەکەی بڕی، چاوانی تاریک بوون، وەکو قەڵایەک لە جەرگەی شەڕەکەدا هەرەسی هێنا و کەوتە سەر زەوی، هەنگێ ئیلفینوری کوڕی خالکودون و سەرداری ئوبانتیە دلێرەکان ڕایکێشا و لە مەودای ئەو تیر و نێزانەی لە دەوروبەری دەکەوتنەوە دووری خستەوە و دەیویست بەزووترین کات قەڵغان و تاقمەکەی لێ دامالێ. بەڵام ئەم هەوڵەی زۆری نەبرد، ئەجینور بینی کە جەنازەکە دوور دەخاتەوە، و بەدەم دانەوینەوە قەبرغەی لەژێر قەڵغانەکەوە دەردەکەوێ، بەنووکی نێزە برونزییەکەی قەبرغەی پێکا و کوشتی. ئیدی شەڕی نێوان تەروادەیی و ئاخییەکان لەسەر جەنازەکەی گەرم بوو، وەکو گورگ پەلاماری یەکیان دەدا، یەکتریان دەکوشت و بەسەر یەکدا دەکەوتن.

(٤٧٣) ئیدی ئەجاکس، کوڕە جوان و قۆزەکەی تیلامون، سیمویسیوسی کوڕی ئەنتیمونی کوشت، سیمویسیوس، کاتێ دایکی لە چیای ئیداوە، کە لەگەڵ داك و بابیدا پەزی دەلەوەڕاند، داگەڕا ئەوی لە کەناری سیمیوس بوو بوو. لەبەرئەوە ناونرا بوو سیمویسیوس، بەڵام ئەم کوڕە نەژیا تا جێگەی داك و بابی بگرێتەوە، چونکە بەنێزەی ئەجاکسی پاڵەوان کوژرا. کاتێ پێشڕەوی دەرکرد و دەهاتە ڕیزی پێشەوە، نێزەیەکی خێواندە سینگی و نزیکی مەمکی ڕاستی پێکا.

(٤٨١) نێزەکە لە شانییەوە دەرچوو، وەکو سپیدارێکی درێژی ڕاستی سەر بەچڕە لق و پۆپانی ناو میرگێکی نزیکی دەریاچەیەک بێ، و ئەوجا عەرەبانە سازێك بێ و بەتەوران بەر بێتە ڕەگو ڕیشەی بەو تەمایەی عەرەبانەیەکی جوانی لێدروست بکات، بکەوێتە خوارێ و لە کەناری

ئاوەکەدا تەخت بێ، بەو ئاوایە ئەجاکس، سیمویسیوسی کوڕی ئەنتیمونی تەختی عاردەکە کرد.

دوای ئەوە و لە گەرمەی شەڕدا ئەنتیفۆسی درەخشان زرێ، کوڕی بریام، نێزەکەی خێواندە ئەجاکس کە لە ناوەندی ئاپوراکەدا بوو، نێزەکە سەری کرد و بەرلیوکس، هاوڕێ ئازاکەی ئودیسیوس کەوت، بەدەم ڕاکێشانی جەنازەکەی (سیمویسیوس) ەوە بەرەو ئەوبەر، هاواری لێ هەستاو زیڕاندی، بەو جۆرە جەنازەکەی کەوت بەسەر جەنازەکەدا. ئودیسیوس کە بینی لیوکوس کوژرا، زۆر تووڕە بوو، بەتەواوی چەك و تاقمەکەیەوە، بەناو ڕیزەکانی پێشەوەدا تێپەڕی تا تەواو نزیك بووەوە، ئەوجا هەڵپرووانییە دەوروبەری خۆی تا هەدەفەکەی خۆی بینی، کە تەروادەییەکان ئەمەیان لێ بینی پاشەکشەیان کرد. ئەمجارەیان نێزەکەی سەری نەکرد، بەڵکو دیموکون، کوڕە حەرامزادەکەی بریامی پێکا کە لە ئەبیدوسەوە هاتبوو، لەو شوێنەوە کە ماینانی خۆشبەزی تیا بەخێو دەکرد.

ئودیسیوس لە داخی هاوڕێکەی نێزەیەکی بەلاجانگیا کرد، و سەری دیواودەرکرد. چاوەکانی تاریك بوون، زرێکەی وەکو ئەوەی لە بەرزییەوە بکەوێتە سەر زەوی بە تەق و هوڕ غل بووەوە. بەدیتنی ئەم ڕووداوە ئەو جەنگاوەرانەی هاتبوونە پێشەوە لەگەڵ هکتۆردا پاشەکشەیان کرد. ئارگۆسییەکان بەدەم هاوار و بانگی بەرزەوە لاشەی مردووەکانیان ڕاکێشایە لاوە و لە جاران پتر بەرەو تەروادەییەکان هڕوژمیان هێنا. بەڵام ئەپولۆ کە لە شاری برگاموسەوە دەیڕوانێ، پەست بوو و هاواری لە تەروادەییەکان کرد، و گوتی: "ئەی تەروادەییان پەلاماری دژمنەکەتان بدەن لەبەر ئەرگوسییان نەڕەڤن. خۆ گۆشتی وان لە بەرد و ئاسن نییە کە بەرگەی نێزان بگرێ.. با ئەوەشتان پێ بڵێم کە ئەخیلی قۆز، کوڕەکەی تیتس لەم شەڕەدا بەشدار نییە، بەڵکو لەلای کەشتییەکانە و بەدەم تووڕەیی خۆیەوە دەسوتێ."

(٥١٤) ئا بەو جۆرە خواوەندی توانا لە شارەوە تێی خوڕین و هاواری لێکردن لەولاشەوە ئەتینای سامناك، کیژەکەی زیوس، بەسەر سوپای ئاخییەکاندا دەگەڕاو، هەر کە دیبای ڕەخاوەتی دەکەن، هانیدەدان کە هەڕنەپێشێ و پەلامار بدەن.

(٥١٧) لەم کەین و بەینەدا (چارەنووس) دیوریسی کوڕی ئەمارینکیوسی خستە داوەوە، چونکە بەردێکی تیژ و زبر بەر پاژنەی پێی ڕاستی کەوت. بیروسی کوڕی ئیمبراسوس، فەرماندەی تەراقییەکان کە لە (ئینوس)ەوە هاتبوو بەردەکەی تێ سرەواند بوو، ئەم بەردە دوابڕاوە گۆشت و ئێسقانی بەسەریەکدا جنی. بەپشتا کەوتە سەر زەوی، لەتاو ئازاری مەرگ هەردوو دەستی بۆ هاوڕێکانی درێژ کرد. بەڵام بیروس کە زاماری کردبوو پەلاماریداو ڕمەکەی کرد بەسکیا، ورگ و ڕیخۆڵەی ڕژایە سەر ئەرزەکە، و چاوانی تاریك بوون. وەختێ لەسەر جەنازەکە هەستایەوە، تاوسی ئیتولی پڕی دایێ و خێرا نێزەیەکی لە ئاستی مەمکیا کرد بە سینگیدا، نووکی نێزەکە لە سییەکانی چەقی. تاوس لێی چووە بەرەوە، ڕمەکەی لە سینگی دەرهێنا، ئەوجا شمشێرەکەی هەڵکێشا و کردی بەسکیا تا زوو بمرێ، بەڵام زرێکەی لێ نەکردەوە، چونکە هاوڕێ تراقیەکانی، ئەوانەی قژە درێژەکانیان لەسەر تەپڵی سەریان دەبەست، دەست بەڕم و نێزە دەوریاندا، وێڕای

زەبلاحی و بەهێزی، بۆ دواوە دەڵەکیان داو لە خۆیان دووریان خستەوە، بەلایا هات و کەوت. ئا بەو جۆرە هەردوکیان بە پاڵ یەکەوە لە خاك و خوێن گەوزان، یەکێکیان فەرماندەی تراقیەکان بوو و ئەوی تر فەرماندەی ئیبییەکان، و زۆر کوژراوی دیکەش بەدەوریاندا کەوتبوو.

(٥٣٩) دوای ئەوە هیچ جەنگاوەرێکی تر نەیتوانی بچێتە شەڕەوە و گاڵتەی بەشەڕ بێت، هەر کەسێك کە بەتیر بریندار نەبوو بوو، و بەر سەرە نێزان نەکەوتبوو، بەرەو ناوەڕاست دەگەڕایەوە و (ئەتینا)ی یەزدانخانم دەستی دەگرت و لە تیرانی دەپاراست. بەو جۆرە ئەو ڕۆژە گەلێك لە تەروادەیی و ئاخییەکان بەتەنیشت یەکەوە کەوتن و سەروچاویان لە خاك و گڵ چەقی.

سرودی پێنجەم

دیومیدس، شەڕی خواوەندان دەکات

حیکایەتەکە:

ئەتینای لایەنگری ئاخییەکان دەتوانێ ئەریسی خواوەندی جەنگ لە مەیدانی کوشتار بەرێتە دەرێ، ئیدی دیومیدس بەئارەزوی خۆی هێرش دەکات، دێ و دەچێ، دەکوژێ و دەبڕێ و ئەتیناش زۆری کەیف بەو کارانەی دێ، کە ئینیاسی قارەمانی ناودار دەبینێ زامداری دەکات. هاواریێکی قایم دەکات و دایکی، ئەفرۆدێتی قوبرسی، یەزدانخانمی جوانی و ڤیان گوێی لێدەبێت، خێرا خۆیی دەگەیەنێتێ و هەڵیدەگرێت و لە هەمێزی دەگرێت تا تیمار و چاکی بکاتەوە، کە دیومیدس (ئەتینا بەهرەی جیاکردنەوەی خواوەندان و بەشەرانی دابوویێ) ئەفرۆدێتی بینی ناسییەوە و تیرێکی هاویشتێ و پێکای، خواوەند خانم کەوتە زیقەزیق و هاوار، دەستی لە ئاستی مەچەکیا بریندار بوو، ئیدی ئینیاسی کوڕی کە لە ئەنخیس بووبووی بەجێدێڵێ و دەکەوێ و بەلەز بۆ ئاسمان هەڵدەکشێ تا زامەکەی خۆی تیمار بکات. ئیدی ئەپولۆ فریای ئینیاس دەکەوێ و لە پەڵە هەورێکی ڕەشی دەگرێ و لە چاوان ونی دەکات. ئاخییەکان پێشڕەوی دەکەن و دیومیدس گەلێك لە تەروادەییەکان دەکوژێت، بەڵام بە تیرێکی کوڕی لیکاون بریندار دەبێت، داوا لە کوڕی کابانیوس دەکات تیماری بکات و تیرەکە لە شانی دەربێنێ. ئەتینا دەتوانێ دیومیدس تیمار بکات و هانی بدات، ئەویش چاك دەبێتەوە و گەلێك لە تەروادەیی و هاوپەیمانەکانیان دەکوژێت. لەم کاتەدا هیکتۆر دەردەکەوێ و پەلاماری جەنگاوەرێکی ڕیزەکانی پێشەوە دەدات، دوای ئەوەی هەندێ لە براکانی لە شەڕدا کوژرا بوون. عەرەبانە جەنگی و ئەسپەکان بەردەوام لە شەڕ و پێکادانابوون. ئەوجا ئەریسی خواوەندی جەنگ، دوای ئەوەی ئەتینا خەڵەتاندبووی و لە مەیدانی شەڕ دووری خستبووەوە، گەڕایەوە مەیدان. ئالیێردا ئاگری شەڕ هەڵایسا و هەردوو لەشکرەکە کەوتنە شەڕێکی سامناکەوە و کوشتار و بریندارێکی فرەی لێکەوتەوە، دیومیدس داوا لە هاوڕێکانی دەکات پاشەکشێ بکەن، بەڵام چاویان لە دژمن بێ دوای ئەوەی دڵنیا دەبێ کە ئەریس کەوتوەتە سەروکاری شەڕەکە. لە ئاسماندا هیرای ژنی زیوس لەگەڵ ئەتینای کچیا قسان دەکەن، ئەوجا باسی ئەو کارە دزێوانە بۆ زیوس دەکەن کە ئەریسی خواوەندی شەڕ دەیانکات، و ئیزنی لێدەخوازن کە بچن بۆ ئەرز و ئەم کارە دزێوانەی ئەریس ڕاگرن، پێدەکەنێ و ڕێگەیان دەدات، عەرەبانە جەنگییە ئاسمانیەکە ئامادە دەکەن و بۆ

سەر زەوی دادەبەزن و دیومیدس کە لە ئەریس دەترسا، دنە دەدەن. دوای ئەم دنەدانە هەڵدەکوتێتە سەر ئەریس و نێزەیەك لە حانای ناوکییەوە دەکا بەسکیا، خواوەند هاواڕێکی وەها دەکات لە تۆ وایە هەزاران جەنگاوەر تیری دەهاوێ، بەگلەییەوە بەرە و ئاسمان هەڵدەگەڕێ، بابی گازەندەی لێدەکات و بەوە سەرزەنشتی دەکات کە ئەم تەبیعەتە شەڕانیەی لە هیرای دایکییەوە وەرگرتووە، ئەگەر کوڕی خواوەندێکی دیکە بووایە ئێستالەگەڵ تیتانە زەبەلاحەکاندا لە زیندانا دەبوو. وێڕای ئەوەش پێی دەڵێ هیچ چاری نییە ئەوە نەبێ کە شەفای بدات چونکە کوڕیەتی، دەنێرێ بەشوێنی بایوندا و زامەکەی تیمار دەکات، و بەلای بابیەوە ڕۆدەنیشێت. دوای ئەوەی هەردووك یەزدانخانم هیرا و ئەتینا ئەریسی خواوەندی جەنگیان لە مەیدانی شەڕەکە وەدەرنا، بە عەرەبانەکەیان بۆ ئۆڵەمپی بەرگوشاد گەڕانەوە.

زەمەن:

ڕووداوەکانی ئەم شەڕانە لە بەشێکی ڕۆژی بێست و سێیەمدا ڕووەدەن، ئەمە تەواوکەری سروودی پێشووە.

شوێن:

شوێن هەمان شوێنی سرودی پێشووە، مەیدانی شەڕەکانی ئەم سروودە مەودای نێوان کەنار و تەروادەییەکانە. هەڵبەتە ئۆڵەمپیشی دێتە سەر، ئۆڵەمپی بارەگای خواوەند و شوێنی کۆبوونەوە و ڕاوێژ و پلان و خواردنەوە و بەزم و سەرگەرمیان.

(١)ئەوسا ئەتینا باڵاس، زات و جورئەتێکی وەهای خستە دڵی دیومیدسی کوڕی تیدیوسەوە، کە بتوانێ لە هەموو ئارگوسییەکانی دیکە پتر دەربکەوێ و ناوبانگ دەربکات. زرێ و کڵاو خودەکەی بەتیشك و گڕێکی هەمیشەیی ئەوتۆ درەخشانەوە لەتۆ وایە ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و لە هاویندا، لە ئاوی ئۆقیانوسدا دەدرەوشێتەوە –بەڵکو ئەو تیشك و گڕەی لەسەر و هەردوو شانی هەڵایساند و ئەوجا بۆ ناوەندی ئاپورای جەنگاوەرەکانی مەیدانی شەڕ ناردی.

(٩) داریس ناوێك لەنێو تەروادەییەکاندا هەبوو، ئەمە دەوڵەمەندێکی بەڕێز بوو، کاری فاڵبینی بۆ هیفایستوسی خواوەندی ئاسنگەر دەکرد. دوو کوڕی هەبوو بەناوی: فیجیوس و ئیدایوس، هەردووکیان لە هەموو هونەر و سنعەتێکی جەنگدا مەعلان بوون. ئەم جووتە لاوە لە قۆشەنی سەرەکی تەروادەییەکان نزیك بوونەوە و هێرشیان بۆ دیومیدس کرد، دیومیدس بەپای پیادە دەجەنگی، بەڵام ئەوان لە عەرەبانەکانیانەوە دەجەنگین. کاتێ لێی نزیك بوونەوە، فیجوس دەست پێشکەری کرد و نێزەیەکی تێ سرەواند، بەڵام نێزەکە بەسەر شانی چەپی دیومیدس دا تێپەڕی و نەیپێکا. هەنگێ دیومیدس نێزەی خۆی هاویشت، ڕێك بەر سنگی فیجیوس، لە بەینی هەردوو مەکیدا، کەوت، لە عەرەبانەکەی کەوتە خوارەوە. ئیدایوس نەیوێرا بەسەر لاشەی براکەیدا بڕوات، لە عەرەبانەکەوە بازیدایە خوارێ، هەڵیگرت تا لەگەڵ خۆیدا بیفڕێنێ، خۆ لە مردنیش ڕزگار نەدەبوو

(٢٣) ئەگەر لەو دەمەدا هیفیاستوس فریای نەکەوتبا و لە پەڵە هەورێکی تاریکییەوە نەپێچایە، چونکە نەیدەویست بابە داماوەکەی بەخەمی کوڕەکەیەوە سەر بناتەوە. بەڵام کوڕەکەی تیدیوس

ئەسپەکانی کردەوە و فەرمانی بەهاوڕێکانی دا کە بیانبەن بۆ کەشتییەکی بەتاڵ. تەروادەییەکان کە دیتیان جووتە کوڕەکەی داریس یەکێکیان لە ترسانا شڵەژاوە و ئەویتریان لە عەرەبانەکەدا مردووە ترسیان لێ نیشت. لەدوای ئەوە ئەتینا دەستی خواوەندی جەنگ (ئەریس)ی گرت و گوتی: "ئەریس، ئەریس، ئەی مایەی کلۆڵی بەشەران، ئەی وێرانکەری شار و قەڵاتان، کاتی ئەوە نەهاتووە واز لە تەروادەیی و ئاخییەکان بێنین، شەڕی خۆیان بکەن، و چاوەڕوان بین تا بابە زیوس لایەکیان سەر دەخات؟ دەی با لاکەوین و خۆ لە غەزەبی زیوس دوور بگرین."

(٣٥) بەو قسانە (ئەریس)ی لە مەیدانی شەڕەکە دوورخستەوە، و لەسەر کەنارە هەڵدێرەکەی (سکاماندروس)دا داینیشاند. ئەوسا دانایییەکان پاشەکشەیان بەتەروادەییەکان کرد، هەر فەرماندەیەك هاوتایەکی خۆی لە دژمن کوشت. هەوەڵجار ئاگامەمنون هەڵیکوتایە سەر (ئودیوس)ی بەهێز، فەرماندەی (هالیزونیس)ەکان، لە عەرەبانەکەی خستییە خوارەوە، ڕێك لەو کاتەدا کە دەیویست هەڵێ نێزەکەی ئاگامەمنون تەختی پشتی، لە بەینی هەردوو شانیەوە پێکاو لە سنگییەوە دەرچوو، بەتەقوهوڕی جەنگەوزارەکانییەوە کەوتە خوارەوە.

(٤٣) ئەوجا ئایدومینیوس (فایسوس)ی کوڕی بوروسی میونونی کوشت کە لە دەڤەری (فارنی)یەوە هاتبوو. وەختێ کە سواری عەرەبانەکەی دەبوو. ئایدومینیوس ڕمێکی لە شانی ڕاستی دا، تاریکی مەرگ پێچایەوە و تەپ لەسەر عەرەبانەکەیەوە کەوتە خوارێ.

(٤٨) ئەوجا پیاوانی ئایدومینیوس بەپەلە کەوتنە دامااڵینی چەك و تەدارەکەکەی، (مینیلاوس)ی کوڕی (ئوتریوس)ش سکاماندیوس)ی کوڕی (سترونیوس)ی، ڕاوچی کارامە و شەیدای ڕاوی کوشت. (ئەرتیمس)ی خواوەندی لێڕ و جەنگەاڵن بەخۆی فێری کردبوو کە چۆن هەر جۆرە نێچیرێکی کێوی ناو جەنگەاڵ و بێشە چیاییەکان چ لە دوورەوە و چ لە نزیکەوە وەکو ڕاوچییەکی کارامە ڕاو دەکات. بەاڵم بۆ ئێستا نەخواوەند و نە تیر ئەندازییە بێ هاوتاکەی فریای نەکەوتن، چونکە لەو دەمەدا کە ڕایدەکرد، نێزەکەی مینیلاوس لە پشتەوە و لە بەینی هەردوو شانییەوە پێکای و لە سینگییەوە دەرچوو، بەدەما ڕما و تەدارەکەکەی بەتەق و هوڕ بەسەریا غل بووەوە.

(٥٩) ئەوجا (میریونیس)، فیریکلوسی کوڕی تیکتونی کوڕی هارمونی کوشت. فیریکلوس کابرایەکی مەعلان و شارەزای هەموو جۆرە شێوازێکی کەشتی سازی بوو، گشت جۆرە کەشتییەك، چونکە ئەتینا باالس زۆری خۆش گەرەك بوو، و بەخۆی ئەم پیشەیەی فێرکردبوو. هەر ئەو کەشتی بۆ ئەلکساندەر دروستکرد، ئەو کەشتییەی بووە سەرەتا و سەرچاوەی هەموو ئەوبەدبەختی و نەگبەتی و ئازار و ماڵوێرانیەی بەسەر تەروادەییەکان و بەسەر ئەلکساندەر و خودی خۆیدا هاتن، چونکە گوێی بەیاسا ئاسمانیەکان نەدا. میریونیس، دوای دەکەوێ و نێزەیەکی تێدەسرەوێنێ، بەر سمتی دەکەوێ و ئێسکەکەی دەبڕێ و دەگاتە میزڵدانی، ئەجەل دەگاتە سەری، بەدەم هاواریکی بەرزەوە بەچوکا دێت.

(٦٩) هەروەها میجسی کوڕی فیلیوس (بیدایوسی کوڕی ئەنتینور)ی کوشت، هەرچەندە بیدایوس کوڕێکی بیژ بوو، بەاڵم ئیزەد خانم تیانو لەبەر خۆشەویستی مێردەکەی وەکو کوڕێکی

حەلّلزادەی خۆی پەروەردەی کردبوو. کوڕی فیلیوس لێی نزیك بووەوە، نێزەیەکی بەپشتی ملیا کرد؛ لە بنی زمانییەوە و لە بەینی هەردوو کاژێرەیەوە دەرهات، بەمردویەتی کەوتە سەر عاردی، و ددانەکانی لە برونزە ساردەکە گیر کردبوو.

(٧٦) هـەروەها یوریبیلوسـی کـوڕی ئیویمـون، (هیبسـینور)ی کـوڕی دولوبیـونی خانـەدان و بەجـەرگی کوشت، ئـەو پیـاوەی کـە وەکـو کـاهین و پێشـگۆی ڕوبـاری سـکاماندروس دانـراو، خەڵکەکـە وەکـو خوایـەك ڕێزیـان دەگـرت. کاتـێ بـە بـەردەم یوریبیلـوس دا هـەڵات، دوای کـەوت. شیرێکی لـە باسـکی دا، باسـکە بەهێزەکـەی شـۆڕبووەوە، بـەخـۆێن وخـوڕەوە کەوتـە سـەر عـاردی، سـێبەری مـەرگ و ئەجـەلی نـەگـۆڕ نیشـتە سـەرچـاوەکانی،(٨٥) ئـا بـەو جـۆرە شـەڕێکی ترسـناك لەنێوان هەردوولادا گەرم بوو. بـەڵام سـەبارەت بەکوڕەکـەی تیـدیوس، نەتـدەتوانی بڵێـی کـە ئـاخۆ پـتر لـەنێو ئاخییەکاندا سـوڕایەوە یـان لـە نێـو تەروادەییـەکان، سـەر بـەئوردوی ئاخییەکانـە یـان ئوردوی تەروادەیەکان. بەمەیدانی شەڕەکەدا وەکو لافاوی زستان ملی نا، لافاوێکی بـەهێز کـە نـە بەربەسـتان بەرگـەی دەگـرن و نـە شـووڕە و پـەرژینی ڕەزانـی شـکۆفە کـردووە، دەتوانـێ ڕێگـە لـە هاتنی بگرێ ،کاتـێ بەبارانی ئاسمان تەژی و ئاوس دەبـێ، لەچاو تروکانێکا دێ و هـەموو شـتێك لەبـەردەم خۆیـدا ڕادەمالّـێ، و گـەلێك لـە کێڵگـە و مـەزاریان وێـران دەکـات و بەژمارەیـەکی زۆری خـەڵك نـەبێ چـاك ناکرێتـەوە، ئـا بـەو جـۆرە هێـزی زۆر و زەبەنـدی تـەروادەییان بەشـڵەژاوی و پەرێشانی لەبەر پەلاماری کوڕەکەی (ئیدیوس)دا هەڵات، و هەرچەندە ژمارەیـان زۆر بـوو، خۆیـان لەبەری نەگرت.

(٩٥) بەڵام کە لیکاون بینی دەشتەکە دەبڕێ و تەروادەییـەکانی تەرتـەو وەرتـە کـردووە و ڕاویـان دەنـێ، تیرێکـی خێوانـدێ و بـەر ڕووی پێشـەوەی زرێکـەی سـەر کەمـەری لـە نزیکـی شـانییەوە کەوت: تیرەکە زرێکەی سمی و لە گۆشتی لەشی چەقی، و تەنانەت زرێکەی لە خوێنا سور بوو. ئـەوجا کوڕەکـەی لیکـاون بـەدەنگێکی دلێـر هـاواری کـرد: "ئـەی جـەنگاوەرانی تـەروادە، هەڕنـە پـێش، دلاوەرتـرین ئاخیـایی زامـدار بـووە، و پـێم وایـە ماوەیـەکی زۆر بـەم زامـەوە نـاژی، مەگـەر ئەپولۆ، لە لیساوە بۆ ئێرەی نەهێنابم."

(١٠٦) بەو شێوەیە کەوتە خۆهـەڵنان، لێ دیومیدس بەتیرەکـەی ئـەو نـەهاتـە کوشتن، عـەرەبانـە و ئەسپەکانی ڕاگرت و بەستینیلوسی کوڕی کابانیوسـی گـوت: بـرادەری ئـازیز، کـوڕی کابـانیوس، لە عـەرەبانەکـەت وەرە خوارێ و ئـەو تیرە لـە شـانم دەربێنـە."

(١١١) ستینیلوس خۆی لە عارەبانەکەیەوە هەڵدایە خوارێ، و تیرەکەی لە زامەکە دەرهێنا. خوێن لـەو شـەبەقەوە کـە کـەوتبووە زرێکـەی فیچقـەی کـرد. ئـەوجا دیومیـدس کەوتـە نـزا و پـارانـەوە: "گوێم لێبگرە ئەی ئەتینای کیژی زیوس، ئەی هەمیشە بێدار، ئەگـەر بابت خـۆش ویسـتووم و لـە گـەرمـەی شـەڕدا کـۆمـەکت کردووە، ئێستاش ئـەوە لەگـەڵ منـدا بکـا، کـارێکی وەهـا بکـە ئـەو پیـاوە بێتـە بـەر تیرەسـی من و بیکـوژم، ئـەو پیـاوەی فرسـەتی لێهێنـام و زامـاری کـردم، و ئـەوەتـا خـۆی هەڵدەنـێ و لافی ئـەوەم بەسـەرا لێدەدا کـە جـارێکی دیکـە هـەرگیز تیشکی هـەتاو نابینم."

(١٢١) بەو تەرحە پاڕایەوە و لالایەوە و ئەتینا بالاس گوێی لێ بوو، لاقەکانی ڕاستکردنەوە، هێز و شنگی وەبەر دەست و لاقانی خست. ئەوجا لێی هاتە بەرەوە و گوتی: "ئەی دیومیدس، لە ئێستا بەدواوە ترست نەبێ و شەڕی تەروادەییان بکە، چونکە من هەمان هێزی بابتم وە بەراکردویت، ئەو هێزەی کە لە شکان نایەت. هەروەها تەمەکەی سەرچاوم ڕەواندویتەوە، تا خواوەندان و بەشەران لێکدی جودابکەیەوە. جا هەر خواوەندێك هاتە مەیدان و ویستی تاقیت بکاتەوە، ئامان شەڕی ئەو خواوەندە نەکەی، بەڵکو هاوار بکە ئەی ئەفرۆدیت، ئەی کیژی زیوس وەرە، هەر کە دەرکەوت بەنێزە تیژەکەت زامداری بکە."

(١٣٣) ئەتینا ئەو قسەیەی کرد و ڕۆیی، کوڕی ئیدیوس دووبارە لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا شوێنی خۆی گرت، هەستی کرد سێ هێندەی جاران بەهێزە، دەتگوت شێرێکە و بەدەم پەلاماری پەزانەوە، شوانێکی چیایی زامداری کردووە، بەڵام نەیکوشتووە.

(١٣٩) کابرای شوان تەنیا شێرەکەی وڕوژاند، بەڵام نەیتوانی بەرگری لە پەزەکەی بکات، خۆی لە ئاغەڵەکەدا دایە پەناو، بەڵام مەڕە ترساوەکان، بەبێ خاوەن، بڕ بڕ سەریان دەکرد بەیەکاو، شێری توڕەش خۆی هەڵدەدایە سەر دیوار و پەرژینی ئاغەڵەکە. دیومیدسی توڕە و هاڕوژاو بەو ئاوایە خۆیدا بەتەروادەییەکاندا

(١٤٤) ئەوجا ئاستینوس و هیپرونی شوانی جەنگاوەرانی کوشت، یەکەمیانی بەنێزە کوشت، نێزەیەکی سرەواندێ ڕێك سەروی مەمکی گرت، دووەمیانی بەشمشێر کوشت، شمشێرێکی دا بەلاملیا، شانی لە لاملییەوە تا پشتی شەق کرد. ئیدی ئەم دووەی بەجێهێشت و دوای ئەباس و بولیدوس)ی کوڕانی (یوریداماس)ی پیرە شڕۆڤەکاری خەونان کەوت: کە جارێکی دی ناگەڕێنەوە تا خەونەکانیان بۆ شڕۆڤە بکات، چونکە دیومیدس کۆتایی بەو خەونەیان هێنا، ئەوجا دووی زانتوس و تون، کوڕانی فینوبس کەوت، کە هەردووکیانی لە دڵا شیرین بوون، چونکە پیر بوو بوو، و مندانی دی نەدەبوو تا موڵك و ماڵەکەی بەمیرات بەرن، بەڵام دیومیدیس هەردوکیانی کوشت و خەم و پەژارەیەکی تاڵی بۆ بابیان بەجێهێشت، چونکە جارێکی دیکە بەچاوی خۆی نایانبینێ، بەزیندوویەتی لە مەیدانی شەڕەوە بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، و خزم و کەسوکارەکانی سەروەت و سامانەکەی دابەش دەکەن.

(١٥٩) ئەوجا هێرشی بردە سەر هەردوو کوڕەکەی بریام: ئیخمون و کرومیوس، هەردوکیان لەیەك عەرەبانەدا بوون، وەکو چۆن شێرێك پەلاماری گاگەلێکی ناو مێرگی دارستانێك دەدات و ملی مانگایەك یان گوێرەکەیەك دەشکێنێ، بەو ئاوایە کوڕەکەی تودیوس، درندانە هەڵیکوتایە سەر ئەم دووە و بەزۆر لە عەرەبانەکەوە خستیانییە خوارێ و تەدارەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵین. ئەوجا ئەسپەکانی دایە دەست هاوڕێکانی تا بیانبەن بۆ لای کەشتییەکان.

(١٦٦) وەختێ ئینیاس بینی بەوجۆرە بەربووەتە ناو لەشکرەکان، بەژێر بارانی تیر و نێزاندا ڕۆیی تا باندارووس بدۆزێتەوە. وەختێ کوڕە ئازاکەی لیکاونی دۆزییەوە گوتی: "ئەی باندوراس کوا کەوانەکەت، کوا تیرە پەڕ پەڕ و باڵدارەکانت، کوا ناوو ناوبانگی تیرەندازیت، کە چ کەسێك

نه لێره و نه لەوێ (لە لیسیادا) نایگاتێ؟ دەی دەست لە زیوس پان بکەوە و تیرێك بگرە ئەم پیاوەی کە مااڵی تەروادەییەکان وێران دەکات،
(١٧٥) بەناو تەروادەییەکان کەوتووە و جەنگاوەرانێکی زۆری لێ کوشتوون– کێ دەزانێ لەوەیە خوایەك بێ و لە یەکێك لە ڕێوڕەسمانی قوربانیدا غەزەبی لە تەروادەییەکان گرتبێ، و پشم و غەزەبی خواوەندش ترسناکە."
(١٧٩) کوڕەکەی لیکاون وەاڵمی دایەوە: "ئەی ئینیاس من بەکوڕەکەی تیدیوس نەبێ بەکەسی ناشوبهێنم، بە زرێکەی و بەکاڵوخودەکەی و بەئەسپەکانیا دەیناسمەوە. دەشێت خواوەندێك بێت، بەاڵم ئەگەر ئینسانیش بێ بەبێ کۆمەکی ئاسمان ئەم هەموو وێرانکارییەی پێناکرێ، هەڵەبەتە دەبێ خواوەندێکی لە پشت بێ، و خۆی لە تووێی پەڵە هەورێکی تاریکدا مەاڵس دابێ، وا تیرە تیژەکەی منی لێاڵدا، من بەڕاستی تیرەکەم سڕەواندە ئەو، ڕێك بەرشانی ڕاستی کەوت، تیرەکەم چوو بەزرێکەیدا، من دڵنیابووم کە بۆ ئەو دنیام نارد، بۆ (هادیس)م نارد. بەاڵم وادیارە نەمکوشتووە. هەبێ و نەبێ خواوەندێکم لێ چووە بەقینا. ئەمە جگە لەوەی من لێرەدا نە ئەسپ شك دەبەم و نە عەرەبانە. لەوێ، لە تەویلەکەی بابمدا یازدە عەرەبانەی زۆر چاك و تازە هەیە کە تازە لای وەستا هاتوونەتەوە، و پەردەیان پێدا دراوە، هەریەکەیان جووتێ ئەسپی قەڵەوی تێر جۆ و ئالیکی لەاوە بەستراوەتەوە. بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە بابە پیرەکەم، لیکاون، داوای لێکردم کە عەرەبانە و ئەسپەکان لەگەڵ خۆدا بەرم، تا لە ڕیزی پێشەوەی تەروادەییەکاندا، بکەومە جەنگ، لێ بەندە بەگوێم نەکرد، بریا بەقسەی ئەوم کردبا، بەاڵم من بیرم لە ئەسپەکان دەکردەوە، کە فێرە ئالیکی تەواو بوون، دەترسام لەم شارە جەنجاڵ و ئابڵوقە دراوەدا ئالیکی باشیان بەرنەکەوێ، بۆیە لە ماڵەوە بەجێمهێشتن و بەپێیان بۆ ئیلیون هاتم، و پشتیوانم تەنیا تیرو کەوانەکەم بوو. بەاڵم وا دیارە تیرەکانم بێ سوودن، چونکە من دوو فەرماندەم پێکا، کوڕانی ئوتریوس و تیدیوس، خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیی، بەاڵم من هیچم نەکرد، زیاترم وروژاندن.
ئەو ڕۆژەی کەوانەکەم لە عەمار دەرێنا و بەرەو ئیلیون پێش جەنگاوەرە تەروادەییەکان کەوتم، تا بەهانای هیکتۆرەوە بچم کارێکی باشم نەکرد.
(٢١٣) بەاڵم ئەگەر جارەکی دی بۆ ماڵەکەی خۆم گەڕامەوە و چاوانم بەدیداری وااڵت و هاوسەر و کۆشك و تەاڵرە بەرزەکەم ڕوون بووەوە، سەرم بەبڕین بچێ ئەگەر ئەم کەوانە نەشکێنم و نەیخەمە ئاگرەوە. ئەم کەوانە جوانێکی بێ هونەرە، و لێرەدا، ئاڵەم ئاخەدا بەکاری هیچ نایەت."
(٢١٨) ئینیاس وەاڵمی دایەوە: "نا، ئەم قسانە مەکە. ئا من و تۆ، هەردووکمان بەئەسپ و عەرەبانەوە نەچینە مەیدانی ئەم پیاوە و چەکەکانمانی لێ تاقی نەکەینەوە هیچ گۆڕانێك ڕوونادات. دەی وەرە، سەرکەوە سەر عەرەبانەکەی من تا بزانی ئەسپانی (تروس) چتۆ ئەسپێکن، چۆن دەتوانن لە دەشتا، بەوپەڕی خێرایی پەاماری دژمن بدەن یان خۆ لە چنگی دژمن دەرباز بکەن. خۆ ئەگەر ویستی (زیوس)ش ئەوە بوو جارێکی دیکەش دیومیدسی کوڕی تودیوس سەربکەوێ، ئەم ئەسپانە بەسەاماەتی دەمانگەیەننەوە شار، دەی وەرە و ئەم قامچی و

هەوسارە درەخشانانە بگرە و ئەسپەکان لێخورە و من لەسەر عەرەبانەکەوە شەڕ دەکەم، یان تۆ شەڕ بکە و من ئەسپەکان لێدەخوڕم.

(٢٢٩) کوڕی لیکاون وەڵامی دایەوە: "ئەی ئینیاس بەخۆت هەوسارەکان بگرە و عەرەبانەکە لێخورە، چونکە ئەگەر لەبەر تیدیوس هەڵاتین، ئەوا ئەسپەکان بۆلای خاوەنی خۆ دەچن، خۆ ئەگەر دەنگت نەناسنەوە ڕەنگە جەنە ببەستن و بەپەلە لە مەیدانی شەڕ دەربازمان نەکەن. هەنگێ کوڕی تیدیوس هەردووکمان دەکوژێت و ئەسپەکان بۆ خۆی دەبات، کەواتە دەی بەخۆت عەرەبانە و ئەسپەکانت باژۆ، و من خۆ سازدەدەم کە بەنێزە تیژەکەمەوە پەلاماری بدەم."

(٢٣٩) سواری عەرەبانەکە بوون و بەلەز بەرەو کوڕی(تیدویوس)یان هاژوت. کاتێ (ستینیلوس)ی کوڕی کابانیوس بینیانی نزیك دەبنەوە بە (دیومیدس)ی گوت: "ئەی دیومیدس، کوڕی تیدیوس، ئەی ئازیزەکەی دڵی من، جووتێ جەنگاوەر دەبینم زۆر بەلەز بەرەو تۆ دێن، و هەردووکیان لە ڕادەبەدەر بەهێز و توانان، یەکێکیان کەوانکێشێکی مەعلانە و (باندارووس)ی کوڕی لیکاونە، ئەویتریان ئینیاسی کوڕی ئەنخیسە، و دایکی ئەفرۆدێت)ی خواوەندی جوانییە. رابە عەرەبانەکەت باژۆ و با بگەڕێینەوە. تکات لێدەکەم ناچاری پێشڕەویمان مەکە، نەبادا بکوژرێی.

(٢٥١) دیومیدس، بەتوڕەیی تێپڕوانی و گوتی: "باسی هەڵاتن مەکە، گوێت لێناگرم: من لە ڕەگەز و نەژادێکم هەڵاتن و ترس لە مەزەبیا نییە. لاقەکانم هێشتا ماندوو نەبوون. بەتەمانیم سواری عەرەبانە ببم، دەمەوێ هەر بەم شێوەیە ڕووبەڕوویان ببمەوە. ئەتینا ئەمری پێکردوم لە هیچ پیاوێك نەترسم، و خۆ ئەگەر یەکێکیش لەو جووتە ڕزگار بێ، ئەوا ئەسپەکان هەردووکیان نابەنەوە.

(٢٦٠) جا قسەیەکت بۆ دەکەم، بیکە گوارە و لە گوێی بکە –ئەگەر ئەتینا بەڕەوای زانی و شانازی کوشتنی هەردوکیانی پێ بەخشیم، هەردوو ئەسپەکەت لێرە ڕاگرە و بیانبەستە بەعەرەبانەکەوە،خێرا فریا بکەوە هەردوو ئەسپەکەی ئینیاس لەبەری تەروادەییەکانەوە بۆ بەری ئاخییەکان ببە. ئەمانە لە ڕەگەز و تیرەی ئەو ئەسپە ڕەسەنانەن کە زیوس، دانی بەتروس لەبری ڕفاندنی گانیمیدی کوڕی کە بوو بەمەیگێڕی خواوەندەکان، بۆیە باشترین ئەسپن کە ڕوناکی سپێدە و تیشکی هەتاویان پێ کەوتووە. ئەنخیسی بابی ئینیاس ئەم ڕەگەزەی دزی، دوای ئەوەی بەدزی (لاومیدون)ەوە ماینەکانی خۆی لەگەڵدا جووتکردن و شەش جوانویان بوو. چواریان هێشتا لە تەویلەکانی خۆیدان، و دووانەکەی دیکەشی داون بەئینیاس کە ئەگەر بتوانین بیانگرین سەربەرزی و شانازییەکی گەورە بەدەست دەهێنن."

(٢٧٤) لە کاتێکا بەو جۆرە قسانیان بۆ یەکتر دەکرد، جووتەکەی دی زیاتر لێیان دەهاتنە پێشێ، هەوەڵجار کوڕی لیکاون هاتە قسان و گوتی: "ئەی ڕۆڵە مەزن و بەجەرگەکەی (تیدیوس)ی خانەدان، ئەگەر تیرەکەم لە پەلوپۆی نەخستی، ئەوا ئێستا نێزەکەمت پێ تاقی دەکەمەوە."

(٢٨٠) بەدەم قسەوە ژەهری لە نێزەکەی داو هاویشتی. بەر سوپەرەکەی کوڕی تیدیوس کەوت و تاسەر سنگی بڕی. کوڕەکەی لیکاون هاواریکرد و گوتی: "سەری نێزەکەم سکتی دیوا و دەرکرد، و زۆرت لەم دنیایەدا نەماوە، و سەرفرازی و شانازی جەنگ بەمن دەبڕێت."
(٢٨٦) بەڵام دیومیدس وڕەی بەرنەدا و گوتی: "خەیاڵت خاوە، نەت پێکاوم، پێم وایە ئێوە واز ناهێنن تا هەردووکتان یا یەکێکتان بەخوێنی خۆی زرێکەی خوای جەنگ نەڕەنگێنێ."
(٢٩٠) ئەوەی گوت و نێزەکەی هاویشت، ئەتینا ئاڕاستەی لوتی (باندراوس)ی کرد و ڕێك لە نزیکی چاوییەوە، نێزەکە بەبەینی ددانە سپییەکانیا ڕۆیی و نوکی بڕونزینی نێزەکە زمانی لە بن و بێخەوە بڕی و لەژێر چەناگەیەوە دەرچوو، تەدارەك وئە سەلەحەکەی کەوتە تەق و هوڕ و تەپ کەوتە خوارەوە. ئەسپەکان لە ترساندا خۆیان لادایە لاوەو، ژیانی لەبەر بڕا.
(٢٩٧) ئینیاس بە زرێ و چەك و ئەسلەحەکەیەوە خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خوارێ، ترسی ئەوەی لێنیشت کە ئاخییەکان جەنازەکەی لێ بفڕێنن. وەکو شێری نەڕی متمانە بەخۆ لاشەکەی خستە بەینی هەردوو لاقی و زرێ و ڕمەکەی بۆ پێشەوە برد و هاواری کرد کە هەر کەسێك لە جەنازەکە بێتە پێشێ دەیکوژێت. لێ کوڕەکەی تیدیوس گرتی بە بەردێکی گەورەدا، کە بە دوو زەلامی بەهێزی ئەمڕۆ هەڵنەدەگیرا، و بەئاسانی و بێ کۆمەکی چ کەسێك بەرزی کردەوە و هاویشتییە ئینیاس و بەر جومگەی نێوان ڕان و سمتی کەوت. بەردەکە جومگەکەی ورد و خاش کرد و گۆشتەکەی دەوری جنی. جەنگاوەرەکە بەچۆکا هات، خۆی بەدەستەکانی گرتەوە و کەوتە سەر زەوی و بەرچاوەکانی تاریك بوون، ئیدی ئینیاسی قارەمان، شای جەنگاوەران کەوتە حاڵی مردن، و ئەگەر ئەفرۆدێتی دایکی فریای نەکەوتبا دەمرد، ئەفرۆدێت ئەم کوڕەی لە ئەنخیس ی شوان بوو بوو، کە کوڕەکەی بەو حاڵەوە بینی باسکە سپییەکانی لە جەستەی کوڕە ئازیزەکەی وەرینا و بەلایەکی کراسە جوانەکەی دایپۆشی، تا یەکێك لە دانایییەکان نێزەیەك بە سینگیدا نەکاو نەیکوژێ.
(٣١٨) بەو جۆرە کوڕە ئازیزەکەی هەڵگرت و لە مەیدانی شەڕەکە دووری خستەوە. بەڵام کوڕەکەی (کابانیوس)ش فەرمایشتەکانی (دیومیدس)ی لەبیر نەکردبوو. بەپەلە جووتە ئەسپەکەی خۆی لە مەیدانی شەڕەکە دوورخستەوە و دەستە جڵەوەکانی بەعەرەبانەکەوە بەستن. ئەوجا خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکانی ئینیاس و عەرەباکەی لە بەری تەروادەییەکانەوە بۆ بەری ئاخییەکان برد. لەوێ دانییە دەستی هاوڕێی ئازیزی خۆی (دیبیلوس)ەوە کە لە هەموو هاوڕێکانی دیکەی پتر ڕێزی دەگرت و داوای لێکرد بیانبات بۆلای کەشتییەکان. ئەوجا گەڕایەوە و سواری عەرەبانەکەی بوو، جڵەوی ئەسپەکانی گرتە دەست و بەپەلە کەوتە گەڕان بەدووی کوڕەکەی (تیدیوس)دا
(٣٣٠) بەڵام کوڕی تیدیوس چنگ لەسەرشان و نێزە بەدەست دووی خواوەندی قوبرسی، دوای ئەفرۆدێت کەوتبوو، چونکە دەیزانی نەرم و لاوازە، و لەو خواوەندانە نییە کە زاڵ بێ بەسەر شەڕ و کوشتاری جەنگاوەراندا. نە ئەتینا بوو، و نە (ئینیو)ی خوای شەڕ و خوشکی

(ئەریس)ی خواوەندی شەڕ) وێرانکەری شار و ئاوەدانیان، دوای تاقیب کردنێکی زۆر هەر کە گەییە ئاستی،

(٣٣٥) خێرا پەلاماریداو قەمەکەی کرد بەدەستە ناسکەکەیدا. قەمەکە جلە بۆندارەکەی بڕی، ئەو جلەی کە خواوەندانی هونەر بۆیان چنی بوو، پێستی نێوان مەچەك و ناولەپی بڕی، خوێنی نەمر (یان ئیکور– ئەو خوێنەیە کە تەنیا بەدەماری خواوەندانداا دێ و دەچێ) لە زامەکەوە فیچقەی کرد، چونکە خواوەندان هەمان ئەو نان و شەرابەی ئێمە ناخۆن و ناخۆنەوە، بۆیە خوێنیان وەکو خوێنی ئێمە نییە، نەمر و جاویدانن. ئیدی ئەفرۆدێت لەتاو ئازار هاواریێکی قایمی کرد، و کوڕەکەی لە دەست کەوت، بەڵام ئەپولۆ لە باسکەکانی نەوی و لە پەڵە هەوریێکی تاریکییەوە پێچا، چونکە لەوە دەترسا یەکێك لە داناییەکان بگاتە سەری و نێزەیەك بەسینەیدا بکات و بیکوژێت. هەنگێ دیومیدس وازی لێهێنا و هاواری لێکرد: "ئەی کیژی زیوس، خۆت لە هەرا و هەنگامەی جەنگ و شەڕان دوور بگرە، بۆچی خەریکی ئەفسونکرن و لە خشتە برنی ژنانی ساویلکەی خۆت نابی؟ ئەگەر خۆت لە کاروباری شەڕان هەڵقورتێنی، شتی وا دەبینی کە لە دووریشەوە ناوی شەڕ بژنەوی لەرزت لێ بێ."

(٣٥٢) خواوەند خانم بەبێزاری و بێتاقەتی دوورکەوتەوە، (ئایریس)ی قاسیدی ئاسمان وەکو با فریای کەوت و لە ئاپوراکەی دوورخستەوە، ئازاری زۆر بوو، پێستە نەرمەکەی شین هەڵگەڕا.

لەپڕ خواوەندی جەنگ، ئەریسی سامناکی بینی کە لە دەستی چەپی مەیدانەکەدا وەستاوە و شانی داداوەتە سەر ڕمەکەی و عەرەبانە و ئەسپەکانی لە نزیکیا وەستاوە.هەنگێ لەبەردەم براکەیدا چۆکی دادا و تکای لێکرد ئەسپەکانی بەئەمانەت بداتێ. هاواریکرد: "ئەی برا ئازیزەکەم، فریام کەوە، ئەسپەکانتم بدەیێ تا پێیان بچمەوە بۆ ئۆڵەمپ، بارەگای خواوەندان. بەشەرێکی فانی بریندار کردوم و ئازارم زۆر زۆرە، ئەو بەشەرە کوڕەکەی (تیدیوس)ە کە بەجۆرێ دەهری بووە دەتوانێ بەگژ بابە (زیوس)شدا بچێ."

(٣٦٣) ئاوا قسەی کرد، ئەریس ئەسپە یاڵ زێڕینەکانی دایێ، ئەفرۆدێت بەدەم نەخۆشی و ئازارێکی زۆرەوە سواری عەرەبانەکە بوو، (ئیریس)ش لە تەنیشتییەوە سوار بوو و جڵەوی ئەسپەکانی گرتە دەست. قامچییەکی بەئەسپەکانا کێشا، ئیدی وەکو با بۆی دەرچوون، و بەچاو تروکانێك گەییشتنە نیشتمانی خواوەندان، ئۆڵەمپی هەزار بەهەزار. ئیریس، ئەسپەکانی ڕاگرت، لە عەرەبانەکەی کردنەوە، ئالیکی خوایی دانێ، لێ ئەفرۆدێت خۆی هاویشتە ئامێزی (دیونی)ی دایکی، کە ئەویش لە باوەشی گرت و دەستی پێدا هێناو گوتی: "ئەوە کامە بوونەوەری ئاسمانی بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ کردویت؟ وەکو ئەوەی بەئاشکرا و بەبەرچاوی هەمووانەوە خەتاو هەڵەیەکت کردبێ؟."

(٣٧٥) ئەفرۆدێت کە پرشنگی جوانی دەدا، وەڵامی دایەوە: "ئەوەی زامداری کردوم (دیومیدس)ی لەخۆبایی کوڕی(تیدیوس)ە، چونکە ئینیاسی کوڕم، کوڕە ئازیزەکەم، ئەوەی لە هەموو بەنی بەشەرم خۆشتر دەوێ، هەڵگرتبوو، و دەمویست لە مەیدانی شەڕی دوور بخەمەوە.

شەڕەکە لەوە دەرچووە تەنیا شەڕی بەینی تەروادەیی و ئاخییان بێ، چونکە دانایییەکان ئێستا کەوتونەتە شەڕی خواوەندانش."

(٣٨١) دیونی وەلامی دایەوە: "تەحەمول بکە کیژەکەم، ئارامت بێ. گەلێك لە ئێمەمانانی دانیشتووی ئۆلەمپ، ئازاری دەستی بنیادەمانمان چەشتووە، کاتێ ئوتوس و ئیفیالتیسی، کوڕانی ئەلویوس، (ئەریس)یان کەلەپچە کرد و بۆ ماوەی سیازدە هەیڤان لە گۆزەیەکی برونزیدا حەپسیان کرد دەبوایە تەحەمول بکات. خۆ ئەگەر ئیریبویای جوان، واتە ژنی ئەلویوس فریا نەکەوتبا و (هەرمس)ی ئاگادار نەکردباوە کە (ئەریس)ی ڕفاند ئەوا ئەریس لە زندانـدا تیا دەچوو. هەروەها (هیرا)ش کاتێ کوڕە فیلەتەنەکەی ئەمفیترون بەتیرێکی سێ سوچ سەروی مەمکی ڕاستی پێکا و بریندار کرد ئازارێکی زۆری چەشت، ئازارێکی بێ دەرمان.

هەروەها شتێکی واهیش بەسەر هادیسی مەزن هات، کاتێ هیرکلی کوڕی زیوس لای دەروازەکانی دۆزەخەوە تیرێکی لێداو گەیاندییە شەرای مەرگ. ئەوسا هادیس بەدڵی پڕ خەم و جەستەی بەئازارەوە چوو بۆ ماڵی زیوس لە ئۆلەمپی بەرز،تیرەکە چووبوو بە شانی بەهێزو پانیدا و زۆری ئازار دەدا، تاپایون فریای کەوت و گیا و دەرمانی لە زامەکەی ناو چارەی کرد. چونکە هادیس لە ڕەگەز و تیرەی بەشەڕ نەبوو، بەڵکو خواوەندێکی سەرکێش بوو، لە هیچ کارێکی توند و تیژ نەدەپرینگایەوە، تەنانەت بەتیرەکانی ئەو خواوەندانەی ئۆلەمپیشی تووڕە کرد. ئێستاش ئەتینا ،(تیدیوس) لە تۆ هاندەدا، گەوج ئەو کەسەیە نەزانێ کە هەر پیاوێك شەڕی خواوەندان بکات زۆر ناژی و گوێی لە گڕوگاڵی منااڵەکانی نابێ لە باوەشیا، چونکە لەشەڕ ناگەڕێتەوە. جا با کوڕی تیدیوس چاك بزانێ نەچووە بەگژ کەسێکی لەتۆ بەهێزترا،

(٤١٢) زۆری پێ ناچێت کە ژنە ئازاکەی، (ئیگیالە)ی کیژی ئەدراستوس، بەشیوەن و گریان بۆ (دیومیدس)ی مێردی، بۆ نازاترین پیاوی ناو ئاخییان، هەموو خەڵکی ماڵەکەی لەخەو هەڵدەستێنێ.

(٤١٦) ئەوەی گوت و ئیکورەکەی (خوێنی خوایی) بەهەردووك دەستان لە مەچەکی کیژەکەی سڕی و ئازارەکەی دامردەوە و دەستی چاك بووەوە. بەاڵم ئەتینا و هیرا کە ئەوەیان بینی، کەوتنە تەوس و توانج لە زیوس، ئەتینا لە پێشا قسەی کرد. گوتی: "بابە زیوس، لێم تووڕە مەبە، بەاڵم پێم وایە ئەفرۆدێتی کوبرسی هەق وابوو ژنێکی ئاخییایی بێنێتە ڕەداو ڕەدووی یەکێك لەو تەروادەییانەی بخستایە کە زۆریان پێ سەرسامە، و چاوەڕوانی بکردایە تا هەردووکیان غەرقی ڕاموسان دەبوون، و دەبوایە دەستە جوانەکەی بەدەرزیلەی زێڕی ئەو ژنە ئاخیاییە بڕوشایە."

(٤٢٦) سەرداری خواوەندان و بەشەران بزەیەکی کرد، و ئەفرۆدێتی زێڕینی بانگ کردە لای خۆیەوە. گوتی: "کیژەکەم تۆ بۆ جەنگ و جەنگاوەری نەخوڵقاوی. تۆ خەریکی کارە دڵگیرەکانی خۆت بەو پەیوەندی زەماوەندان خۆش بکە، شەڕ و شۆڕ کاری ئەریس و ئەتینایە، بەوانی بسپێرە.

(٤٣١) له کاتێکا ئەوان بەو جۆرە قسەی خۆیان کرد، دیومیدس بەهەموو هێزێکییەوە پەلاماری (ئینیاس)ی دا، دەشیزانی کە لە ژێر باڵی ئەپوڵۆدایە، و زەرەیەك لەم خواوەندە بەدەسەڵاتە نەترسا، و دەیویست ئینیاس بکوژێت و چەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵێت. سێ جاران پەلاماریدا تا بیکوژێ، و هەر سێ جارەکە ئەپۆلۆ بە قەڵغانە پرشنگدارەکەی بەرپەرچی دایەوە. کاتێ جاری چوارەم وەکو خواوەندێك هێرشی هێنا، ئەپولۆ بەدەنگێکی سامناك تێی خوڕی و گوتی: "ئاگادارببە کوڕی تیدیوس، بگەڕێوە، بیر لە شەڕی خواوەندان نەکەیەوە، چونکە بەشەری فانی، ئەوانەی سەر زەوی ناتوانن بەربەرەکانی خواوەندانی نەمر بکەن."

(٤٤٣) کوڕەکەی تیدیوس بۆ ئەوەی خۆی لە پشم و غەزەبی خواوەند بپارێزێ، تۆزێك کشایەوە و ڕێگەیەکی بچووکی کردەوە، ئەپولۆ (ئینیاس)ی لەنێو ئاپورای خەڵکەکە هەڵگرت و لە (برگاموس)ی پیرۆزا کە پەرستگەکەی لەوێندەر بوو، داینا. لەناو قوربانگە گەورەکەدا، جووتە خواوەند لیتو و ئەرتەمیس تیماریان کرد و ڕوناکی و جوانییەکەی جارانیان بۆ گێڕایەوە، کەچی ئەپولۆی زیوینکەوان تاپۆیەکی هاوشێوەی (ئینیاس)ی دروستکرد، و تەدارەك و ئەسلەحەیەکی وەکو هینەکەی ئەوی لەبەرکرد، ئیدی تەروادەیی و ئاخییانی مێرخاز بەدەوری ئەم تاپۆیەدا بەربوونە یەکتری و قایشی زرێ و قەڵغانی یەکترییان هەڵدەبڕی. ئەوجا ئەپولۆ بەخواوەندی جەنگی گوت: "ئیریس، ئەی ئیریس، ئەی بەڵای گیانی بەشەران، ئەی وێرانکەری شاران، ئەی ئاوێتە بەخوێن و مەرگان، بۆچی ناچی بۆلای ئەم پیاوە، ئەم کوڕەی (تیدیوس)ە، کە وەها گەرم بووە دەیەوێ بەگژ (زیوس)شدا بچێت، بۆچی ناچی و لە شەڕەکەی دوور ناخەیتەوە؟ تەعەدای لە کوبرسی (ئەفرۆدێتی خواوەندی جوانی) کرد و مەچەکی بریندار کرد، دوای ئەوە وەکو ئەوەی خوا بێ پەلاماری منیشیدا."

(٤٦٠) ئەوەی گوت و چوو لەسەر لوتکەی برگاموس لێی دانیشت، بەڵام (ئەریس)ی وێرانکەر بەناو لەشکری تەروادەییەکان کەوت، خۆی خستە شێوەی (ئاکاماس)ی ڕابەری تراقییەکانەوە و گوتی: "ئەی کوڕانی بریام، چۆن غیرەتتان قەبوڵ دەکات گەلەکەتان بەدەستی ئاخییان بێتە سەربڕین؟ چاوەڕوانی ئەوەن تا دەگەنە بەر دەروازەکانی تەروادە؟ ئەوەتا (ئینیاس)ی کوڕی ئەنخیس لەو گۆڕە کەوتووە، ئەو ئینیاسەی بەئەندازەی هیکتۆر لامان گەورە و بەڕێزە. کەواتە خێراکەن، یارمەتیم بدەن با هاوڕێ مێرخاز و جوامێرەکەمان لە تونی شەڕ دەربێنین."

(٤٧٠) بەو پەیڤانە هانیدان و هێنانیە جۆش. ئەوجا ساربیدون هات و زۆر بەتوندی سەرزەنشتی هیکتۆری کرد. گوتی: "ئەی هیکتۆر کوا ئازایەتیەکەت؟ خۆ تۆ فشەت دەکرد کە بەتەنێ، بەبێ گەل و بەبێ یاوەر و هاوپەیمانان، بەتەنێ لەگەڵ براکانتا، لەگەڵ زۆر براکانتا تەروادە پا سدەکەن. کەچی من کەسیان لێرەدا نابینم، وەکو سەگی ترسنۆکی دەوری شێرن. ئێمە نەبێ کەسی دی شەڕ ناکات، ئێمەی هاوپەیمانت. من لە بنی دنیاوە، لە لیسیا و کەنارەکانی ڕوباری ئیکسانتوس)ەوە هاتووم، ژنەکەم و کوڕە چکۆلەکەم و سەروەت و سامانێکی زۆر و جێ تەماحی ئاتاج و دزان–م بەجێهێشتووە، و پێشی لایەنگرەکانم، جەنگاوەرانی لیسیایی کەوتووم و هەر کەسێك بێتە ڕێم شەڕی دەکەم بێ ئەوەی لێرەدا هیچ

شتێکم هەبێ کە ئاخییەکان بتوانن لێمی بدزن، کەچی تۆ ڕەق وەستاوی بێ ئەوەی داوا لە سەربازەکانت بکەی خۆ ڕاگرن و بەرگری لە ژنەکانیان بکەن. ئاگادارببە نەوەك خۆت و خەڵکەکە بکەونە داوێکی تەنگەوە و گیرۆدەی دژمنان ببن، دژمن دژمنە، یەکسەر شارە جوانەکەت وێران دەکەن، شەو و ڕۆژ بیر لەمە بکەرەوە، هانا بۆ فەرماندە ناوداڕەکانی هاوپەیمانەکانت ببە، تا بەبێ ترس بەرگری بکەن، تەنیا بەمە لە لۆمە و گازاندە دەخەلەسی."

(٤٩٣) ساربیدون بەو قسانە گیانی هیکتۆری تەزاند. یەکسەر بەجلی جەنگەوە خۆی لە عەرەبانەکەی هەڵدایە خوارێ، بەدەم بادانی هەردوو ڕمە تیژەکەیەوە بەناو سوپاکەی کەوت و بەدەنگی بەرز جەنگاوەرەکانی بۆ شەڕ هاندەدا و جارێ شەڕێکی ترسناکی دەدا. ئیدی تەروادەییەکان گەڕانەوە و پەلاماری ئاخییەکانیاندا، بەڵام ئارگوسییەکان یەکڕیز لەجێی خۆی وەستان و لەبەریان هەڵنەهاتن. وەکو چۆن کاتێ شەنکەران خەرمانەکانیان شەنە با دەکەن و شەماڵ کایەکە دەبات، و (دیمتر)ی قژ زەرد هەڵدەکاتە باو دانەکە لە کا جیا دەکاتەوە و کایەکە زیاتر سپی دەبێ، ئا بەو جۆرە ئاخییەکان سەر و شان و ملیان لە تەپوتۆزی ژێر سمی ئەسپەکانیاندا سپی بوو، ئەو تەپوتۆزەی گەییە کەشکەڵانی ئاسمانی برونزین، وەختێ دەستیان بەشەڕ کردەوە و گالیسکەڕانەکان بەعەرەبانەکانیانەوە دەسوڕانەوە و گوشاریان دەخستە سەر دژمنەکانیان. جا (ئەریس) خواوەندی شەڕ کە لایەنگری تەروادەییەکان بوو، پەردەیەکی تاریکی بەسەر شەڕەکەدا دادا تا کۆمەکی تەروادەییەکان بکات، بەمەش فەرمانەکانی ئەپولۆنی ئەنجام دەدا، کە پێی گوتبوو هەر کاتێ بینی ئەتینا بالاس دەست بەرداری شەڕ بوو، بەناو تەروادەییەکان بکەوێ و زاتیان بخاتە بەر و وڕەیان بەرز بکاتەوە –چونکە ئەتینا یارمەتی داناییەکانی دەدا. وێڕای ئەمەش ئەپولۆ بەخۆی (ئینیاس)ی لە پەرستگە پیرۆزەکەیەوە نارد و وڕەیەکی زۆری خستەبەر، ئینیاس شوێنەکەی خۆی لەناو هاوڕێکانیا گرتەوە و کە دیتیان زیندووە و ساغ و سەلامەتە و وڕە و ئازایەتی لێ دەچۆڕێ زۆریان لاخۆش بوو، بەڵام هیچیان لێنەپرسی، چونکە بەدەردی ترەوە گیریان خواردبوو، ئەو گرفتاری و نیگەرانیانەی ئەریس و خوشکەکەی (ئیرس)ی خواوەندی تەفرەقە و دووبەرەکی، بۆیان دروست کردبوون، هەرا و هەنگامەیەکی گەورەی لەناویاندا نابووەوە.

(٥٢٠) جووتە ئەجاکسی؛ ئودیسیوس و دیومیدس ،داناییەکانیان بۆ شەڕ جۆش دەدا، ئەوانیش وەکو ئەو هەورانەی کوڕی کرونوس لە دەمانی کپی و خامۆشی هەوادا لە لوتکەی کۆساراندا ڕای دەگرت، لەو دەمانەدا کە (بوریاس)ی خواوەندی ڕەشەبا لەگەڵ بایەکانی دیکەدا نووستبا، ئەو بایانەی بەگڤ و هوڕ هەوران بەهەموو لایەکدا پەرت دەکەن. داناییەکان وەکو ئەو هەورانە لە جێی خۆ وەستان و لەبەر تەروادەییەکان هەڵنەهاتن. ئاگامەنون بەناویان کەوت و پەیتا پەیتا هانی دەدان و دەیگوت: دۆستان، پیاوەتی و مەردایەتی خۆتان بسەلمێنن، سەرشۆڕی لە خۆتان دوور بخەنەوە و بچنە ناو جەرگەی شەڕەوە.

(٥٣١) ئەوانەی سەرشۆڕی قەبوڵ ناکەن، ئەگەری ژیانیان زیاترە تا مردن، بەڵام ئەوانەی دەڕەڤن نە ژیانیان ڕزگار دەکەن و نە ناویان."

(٥٣٣) ئەو قسانەی کرد و خێرا ڕەکەی هاویشت و بەر یەکێك لە پێشەنگەکان کەوت، ئەویش (دیکون)ی کوڕی پرگاس، و هاوڕێی ئینیاس بوو، کە بەلای تەروادەییەکانەوە هاوتاو هاوپایەی کوڕانی بریام بوو، کە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا دەجەنگی و نێزەکەی ئاگامەمنون مەتاڵەکەی بڕی و لێوەی چووە ژوورەوە، کەمەربەندەکەی لەخوار سکییەوە دیوا و دەرکرد، و تەپ کەوتە سەر زەوی و تەدارەك و ئەسەلەحەکەی بەتەق و هوڕ بەسەر لاشەکەیدا کەوت.

(٥٤١) ئەوسا ئینیاس دوو قارەمانی لە دانایيەکان کوشت، کریتون و ئورسیلوخۆس. بابیان پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، خەڵکی شارە قایمەکەی فیری بوو، لە توخم وتۆوی ئەلفیوس، خواوەندی ڕوباری ئەلفیوس بوو، ئەو ڕوبارەی کە ئاوەڕۆیە بەرینەکەی بەخاکی بیلیانیەکاندا دەڕۆیی. ڕوبار (ئورسیلوخوس)ی بوو کە حوکم و فەرمانڕەوایی زۆر گەلانی کرد، ئەمە بابی دیوکلیس بوو، کە ئەمیش دوانەیەکی لێکەوتەوە بەناوانی کریتون و ئورسیلخوس، کە شارەزای هەموو فەند و هونەرێکی شەڕ بوون. ئەم دووانە کە گەورەبوون، لەگەڵ گەلە کەشتی ئورگوسییەکاندا و لەبەرخاتری مینیلاوس و ئاگامەمنونی کوڕانی (ئوتریوس)دا چوون بۆ ئیلیون (تەروادە) و لەوێندەر مەرگ بردنییەوە و کۆتاییان پێهات. ئەمانە وەکو جووتە شێرێك دایکیان لە لێڕ و بێشەلانێکی چیاییدا بەخێوی کردن، ئیدی پەلاماری ماڵانیان دەدا، بەرخ و پەزانیان دەفڕاند تا لەسەر دەستی پیاوێکدا کوژران. ئەم جووتە لاوە واهی بوون، ئینیاس کۆتایی بەژیانیان هێنا، و وەکو دوو درەختی سنۆبەر کەوتنە سەر زەوی.

(٥٦١) مینیلاوس کە مەرگی ئەوانی بینی دڵی هاتە ژان، بەخۆ و زرێ بریقەدارەکەیەوە و بەدەم بادانی ڕەکەیەوە بەرەو ڕیزی پێشەوە تاویدا، چونکە ئەریس دنەی دا کەواهی بکات تا بەدەستی ئینیاس بێتە کوشتن، بەڵام (ئەنتیلوخوس)ی کوڕی نەستور بینی، لە ترسی ئەوەی نەبا پاشا ئاسیوێکی بگاتێ و ڕیسەکەیان ڵێ ببڕێتەوە بەخوری، خۆی گەیاندە ڕیزەکانی پێشەوە، ڕێك لەو دەمەدا کە ئینیاس و مینیلاوس نێزەکانیان بەرانبەر بەیەکدی هەڵبڕی بوو و تامەزرۆی دەست پێکردنی شەڕ بوون، ئەنتیلوخوس دایە پاڵ مینیلاوس.

(٥٧٢) ئینیاس، وێڕای مێرخازی و ئازایەتی، کە بینی دوو پاڵەوان ڕووبەڕووی وەستاونەتەوە، پاشەکشەی کرد، ئیدی هەردوو جەنازەکەی کریتون و ئورسیلوخوس)یان بۆ ناو سوپاییانی ئاخییایی بردەوە و ئەو جووتە کڵۆڵەیان دایە دەستی هاوڕێکانیان. ئەوسا بەخۆیان گەڕانەوە تا لە ڕیزەکانی پێشەوە بجەنگن؛

(٥٧٦) دوای ئەوە (بیلامینیس)ی هاوتای (ئەریس)ی خواوەند و رابەری پافلاگونیاکانیان کوشت. لەو کاتەدا کە بەسەر عارەبانەکەیەوە وەستابوو، مینیلاوس ڕێك چۆڵەمەی گەردنی پێکا، و ئەنتیلوخوس)ش بەردێکی سرەواندە (میدون)ی کوڕی (ئەنتیمنیوس)ی عەرەبانچی و گاردی بیلامینیس، لەو کاتەدا کە پێچی بەئەسپەکان دەکردەوە تا هەڵێ. بەردەکە ڕێك بەر ئانیشکی کەوت، هەوسارە عاج نیشانەکە کەوت، دەستەکانی خاو بوونەوە و کەوتە سەر زەوی. ئەنتیلوخوس پەلاماریدا و شێرێکی بەلاجانگیا کرد، لەسەر عەرەبانەکەوە بەسەرا کەوتە

خوارەوە. لە عاردەکە چەقی. چونکە عاردەکە لمەڵان بوو، ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە مایەوە، تا وەختێ ئەنتیلوخوس ئەسپەکانی بەر قامچی دان و بەرەولای ئاخییەکان ئاژۆتنی، بیلامینیس بوو بەژێر دەست و پێیانەوە و کەوتە سەر زەوی.

(٥٩٠) هیکتۆر لەنێو ڕیزی سوپاییەکاندا بەدی کردن، هاواری کرد وبەرەو ڕوویان تاویدا، و هێزی جەنگاوەرانی تەروادەیی بەدوویا جمان. ئەریس و خوشکە سامناکەکەی (ئینو) پێشیان کەوتبوون، ئەم خانمە بەهەرا و هەنگامەی شەڕ بارگاوی بوو، ئەریس بەنێزە سامناکەکەیەوە و بەدەوری هیکتۆردا دەسوڕایەوە، جارێ دەکەوتە پێشی و جارێ دەکەوتە پاشی.

(٥٩٦) کە دیومیدس بەو جۆرەی دیتن لەرزی لێ نیشت. وەکو چۆن پیاوێك بەبیابانێکی بەریندا بڕوات و لەپڕ خۆی لە کەناری ڕوبارێکی بەخوڕا ببینێتەوە کە بەرەو دەریایەك بکشێ، دەحەپەسێ و دەگەڕێتەوە، بەو جۆرە کوڕەکەی تیدیوس گەڕایەوە. ڕوویکردە لەشکرەکەی و گوتی: "دۆستان، چۆن پێمان سەیر بێ کە هیکتۆر ڕمبازێکی کارامەیە؟ مەگەر نابینن کە هەمیشە خواوەندێکی ها لەتەکا، و دەیپارێزێ؟ ئێستاش ئەوەتا ئەریس خۆی گۆڕیوە بەبەشەر و ها لە تەکیا. جا ڕووتان بکەنە تەروادەییەکان و، پاشە و پاش بۆ دواوە بگەڕێنەوە. چونکە ناوێرین شەڕی خواوەندان بکەین.

(٦٠٧) دیومیدس بەو جۆرە قسەی کرد. لێ تەروادەییەکان زیاتر و زیاتر تەنگیان بەئاخییەکان هەڵدەچنی. هیکتۆر دووانی لێکوشتن، کە هەردوکیان لەیەك عەرەبانەدا بوون، ئەو دووە مینیتیس و ئەنخیالوس بوون، جووتە جەنگاوەرێکی زۆر ناوداری مەیدانی جەنگ بوون. ئەجاکسی کوڕی تیلامون کە بینی کەوتن دڵی پێیان سووتا، نزیك بووەوە و بەڕمەکەی نیشانەی لە (ئەمفیوس)ی کوڕی سیلاگۆس گرتەوە، ئەمفیوس دەوڵەمەندێکی حێلی، خەڵکی بایسوس بوو، زەوی و زارێکی فرەی گەنم و دانەوێڵەی هەبوو، لێ بەخت بۆ ئێرەی هێنابوو و هاتبووە هیمدادی بریام و کوڕەکانی. ڕمەکەی ئەجاکس ڕێك بەر کەمەربەندەکەی کەوت و نێزەکە بەشی خوارەوەی سکی بڕی، ڕمبەی لێ هەستاو کەوتە سەر زەوی. هەنگێ ئەجاکس غاریدا تا تەدارەك و ئەسەلەحەکەی لێداماڵێت، بەڵام تەروادەییەکان ڕمبارانیان کرد، بەڵام مەتاڵەکەی زۆری لەو ڕمانە گێڕایەوە. ئەوسا پاژنەی نایە سەر لاشەکەی و ڕمەکەی دەرهێنا، بەڵام بارانی تیر بەجۆرێ بەسەریا دابارى نەیپەرژا زرێکە لە شانی دامالێ. هەروەها سەرانی تەروادەیی بەجۆرێ دەست بەنێزەوە کەوتنە پەلامار، کە نەیوێرا لەوەی پتر وەمێنێ، هەرچەندە کابرایەکی مێرخاز و عەگید بوو، بەڵام ڕاویان ناو، و بەناچاری و بەزیوی گەڕایەوە..

(٦٢٦) ئا بەو جۆرە لەشەڕێکی گەرمەوە گلان. بەڵام چارەنووس و قەدەری بەهێز وای خواست کە (تلیبولیموس–ی کوڕی هرکلی) بالابەرزی مێرخاز، شەڕی ساربیدون بکات، ئیدی ئەم جووتە، کوڕ و نەوەی زیوس ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە، لە یەکتری نزیك بوونەوە، هەوەڵجار تلیبولیموس قسەی کرد و گوتی: ئەی ساربیدون، ئەی دەمڕاست و ڕاوێژکاری لیسیان تۆ پیاوی شەڕ نیت، چ شتێك تۆی ڕەوانەی ئێرە کردووە تا لێرەدا بمری؟ درۆ دەکەن ئەوانەی پێت دەڵێن تۆ کوڕی زیوسی قەڵغان بەشانی، چونکە تۆ لە هەموو ئەو جەنگاوەرانەی کە لە کۆنا لە

زیـوس کەوتونەتـەوە بچـووکتر و کـەمتری. تـۆ زۆر دووری لـە خـەڵکانی وەکـو بـابم، هـەرکوڵی مێرخازی شێردڵ، ئەو هەرکولەی هات بۆ ئێرە تا ئەسپەکانی لاومیدون بەتاڵان بـەرێ. هەرچـەند تەنیا شەش کەشتی و چەند پیاوێکی کەمی لە مەعیەتدا بوو، بـەڵام تـوانی شاری ئیلیـون وێـران بکات و ڕێگا و بانەکانی تێکبدات. تۆ ترسنۆك و زەبوونی، و پیاوەکانت لە ترساندا هەڵدەلەرزن و لێت بێزارن. نە هەموو هێزەکەت و نە هاتنت لە لیسیاوە بۆ ئێرە، دادی تەروادەییەکان نادات، چونکە بەدەستی من دەکوژرێیت و ڕوحت بەرەو ئەو دنیا، بەرەو دەروازەکانی هادیس دەفڕێ."

(٦٤٧) ساربیدونی ڕابەری لیسیان وەڵامی دایەوە: "تلیبولیموس، بێگومان هەرکوڵی بابت بەهۆی حەماقەتی(لامیدون)ەوە ئیلیونی وێران کرد، چونکە لاومیدون پەیمانشکێنی لەگەڵ پیاوێکدا کـرد کـە دڵسـۆزانە خزمـەتی کردبـوو. بابـت لـە ڕێگایـەکی دوورەوە بـۆ ئـەو ئەسـپانە هـاتبوو، لاومیدون ئەسپەکانی نەدایێ. بەڵام سەبارەت بەتۆ، ئەوا تۆ بـەنێزەی من دەکوژرێیت، تۆ دەبیتـە مایەی سەربەرزی و ناوداری من، و ڕوحت بۆڵای هادیسی خودان ئەسپانی ڕەسەن دەڕوات."

(٦٥٥) ساربیدون ئەو قسـەیەی کرد و تلیبولیموس نێزەکەی بـەرز کردەوە. نێزەی هـەردوکیان لەیەك کاتدا دەڕپەڕین، ساربیدون ناوەندی گـەردەنی خەنیمەکـەی پێکاو، سـەرە نێزەکـە گـەردنی دیواودەر کرد و تـاریکی مـەرگ بـاڵی بەسـەر چاوەکانیا کێشا. نێزەکـەی تلیبولیمـوس بـەر ڕانـی چـەپی سـاربیدون کـەوت، هـەموو گۆشـتەکەی بـڕی و گەییـە سـەر ئێسـقان، بـەڵام زیوسـی بـابی ئەمجارەش لە مەرگ ڕزگاری کرد.

(٦٦٣) هاوڕێیانی ساربیدون هاتن، هەڵیانگرت و لە شـەڕگەکەیان دوورخسـتەوە. سـەری نێزەکـە کە چەقی بووە زامەکەی زۆری ئازار دەدا. لەبەر پەلەپەڵی خۆیان کەس بیری ئەوەی نـەبوو نێزەکـە لە ڕانی دەربێنێ تابتوانێ خۆی لەسـەر لاقان ڕابگرێ، هەموو خەمێکیان ئەوە بـوو فریـای تیمـاری بخـەن. لەولاشـەوە ئاخییـەکان لاشـەکەی (تلیبولیمـوس)یـان لـە شـەڕەگەکە دوور خسـتەوە، بـەڵام ئودیسیوس کە (تلیبولیموس)ی بەو حاڵەوە بینی دڵی هاتە جۆش و بیری لە شـەڕ کردەوە. دوو دڵ بـوو لـەوەی کـە دووی کوڕەکـەی زیـوس بکـەوێ یـان قەسـابخانەیەك بـۆ لیسـیان و ڕابـەرانیان دابنێ. دیارە لە چارەی ئودیسیوس نەنووسرا بوو کە کوڕەکەی زیـوس بکـوژێ، بۆیـە ئـەتینا لـە دڵـی نـا کـە پـەلاماری سـوپای سـەرەکی لیسـییەکان بـدات. ئـەوەبوو کورانـوس و ئالاسـتور و کرومیـوس و ئالکاندروس و هالیوس و نومـون و بریتانیس)ی لێکـۆشتن. خـۆ ئەگـەر هیکتـۆری مـەزنی نەبینایـە کـە بـەجلی جـەنگ و مـەتاڵ و سـوپەر و زرێـوە بـەرەو ڕیزەکـانی پێشـەوەی شـەڕ دەهات و ترسی دەخستە دڵی داناییەکانەوە، دەیتوانی زۆری دیکە لە لیسییەکان بکوژێت.

بەڵام ساربیدون کە ئەوی بینی نزیك دەبێتەوە زۆر دڵی خۆش بـوو، و لەبـەری پاڕایـەوە و گـوتی: "ئەی کوڕی بریام، لێرە بەجێم مەهێڵە و با نەکەومە بەردەستی داناییەکان. فریـام بکـەوە، لێـرە دوورم بخـەوە، ئەگـەر قـەدەر وای هـانی نەگەڕێمـەوە بـۆ مـاڵی خـۆم، بـۆ وڵاتـی خـۆم و دڵـی ژنـە ئازیزەکەم و کوڕە ساواکەم خۆش بکەم، با لە شارەکەی تۆدا ڕوحم دەربچێ."

(٦٨٩) هیکتـۆر هـیچ وەڵامێکـی نەدایـەوە، بـەڵکو زیـاتر تاویـدا بـۆ پێشـەوە تـا ڕاسـتەوخۆ خـۆی بەئاخییەکانـدا بـدات و زۆرتـرین ژمارەیـان لێ بکوژێـت. هـەنگێ هاوڕێکـانی (سـاربیدون)یـان

دوورخستەوە و لەژێر دار بەڕوویەکدا، دارە بەرز و جوانەکەی زیوس دا دایاننا. (بیلاگون)ی دۆست و هاوڕێی نێزەکەی لە ڕانی دەرهێنا، لێ ساربیدون دوا هەناسەی دا، و تەمومژی مەرگ نیشتە سەر چاوی.بەڵام جارێکی دی ژیایەوە، چونکە کە سروەی شەماڵ لە لەشی دا، سەرلەنوێ ژیانی وەبەر خستەوەو وەهۆش هاتەوە. (٦٩٩) جا لەو دەمانەدا ئارگۆسییەکان لەژێر گوشاری ئەریس وهیکتۆردا نە بەرەو کەشتییەکانیان پاشەکشەیەیان دەکرد،و نە پەلاماری تەروادەییەکانیان دەدا، بەڵام کە زانیان (ئەریس)ی خواوەندی جەنگ لەگەڵ تەروادەییەکاندایە، ڕوو لە دژمن و پاشە و پاش کەوتنە کشانەوە. مابزانرێ کێ بوون یەکەمین و دوایەمین کوژراوانی دەستی ئەریس و هیکتۆر؟ بریتی بوون لە(تیوتراس)ی ئازا،(ئوررستیس)ی عارەبانچی بەناوبانگ،(تریخوس)ی جەنگاوەری ئیتولی، ئونومارس و هیلینسونی کوڕی ئونوبس و ئورسبیوسی خودان کەمەربەندی بریقەدار، کە خاوەنی سەروەت و سامانێکی فرە بوو، و لە نزیکی دەریاچەی سیفیزدا ئاکنجی بوو و دراوسێی بوتیاناییەکانی نزیکی خۆی بوو، کە زەوی و زارێکی فرە و بەپیت و بەرەکەتیان هەبوو.

(٧١١) کاتێ هیرا بینی ئارگوسییەکان بەو شێوەیە دەکەون و دەگلێن بەئەتینای گوت: "هاوار بەمالّم، ئەی کیژی زیوسی سوپەر بەکۆڵ، زیوسی هەمیشە تازە نەفەس، ئێمە بەڵێنمان بەمینیلاوس دا کە تا شاری ئیلیون (تەروادە) وێران نەکات ناگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر کار وا بڕوات و ئیریس)ی خواوەندی جەنگ بەم شێوەیە کەرب و کینی خۆی بڕێژێ، ئەوا بەڵێنەکەمان نایەتەدی. با ئێمەش ڕاستەوخۆ بچینە ناو ئەم جەنگەوە."

(٧١٩) ئەتینا سەرپێچی نەکرد. هەنگێ هیرای کیژی کرونوس کەوتە ئامادەکردنی ئەسپە مل بەزێڕەکانی. (هیبی)ش خێرا تەگەرە خڕە برونزیەکانی خستنە ژێر عەرەبانەکە. چێوەی تەگەرەکان زێڕی ئاوێتە بوو، کە چوارچێوەیەکی برونزی سەیری بەسەردا درابوو. تەوەری تەگەرەکان لەزیو بوو، لە هەموو لایەکەوە بەدەوری ئەکسلێکدا دەسوڕایەوە. عەرەبانەکە بەخۆی لە زێڕ و زیوی ئاوێتە دروست کرابوو، زرێیەکی بەرزی دوو لۆی بەدەورا درابوو. مژانێکی زێڕ لە عەرەبانەکە هاتبووە دەرێ و هیبی نیرێکی زێڕی بەسەرییەوە بەست، هەوسار و قایش و قروشی زێڕین و جوانی لێوە ڕەت کرد. ئەنجام هیرای تامەزرۆی پەلامار و نەعرەتەی جەنگ ئەسپە ڕەهوانەکانی خستنە ژێر نیر

(٧٢٣) (ئەتینا)ش لەو ماوەیەدا جبە بەنەخش و نیگارەکەی، کە بەدەستی خۆی نەخشاندبووی و درووبووی، لە ژورەکەی بابی داکەند، و ئەوجا زرێکەی زیوسی بابی لەبەرکرد و بۆ شەڕ تەیار بوو. ئەوسا سوپەرە ریشوداره سامناکەکەی دا بەشانیا، سوپەرەکە یەکپارچە بەشتی سامناك نەخشێنرابوو، وەکو خواوەندانی هەڤرکبازی، شەڕەنگێزی، ئازایەتی و ڕەدوونانی ئەوتۆ کە خوێنی لە دەماری پیاو دەماسان، ئەمە جگە لەسەرە سامناکەکەی میدوزای گورگون، کە هەر کەسێك سەیری بکات، ترس و لەرز دایدەگرێت، ئەمە ئەو سەرە بوو کە نابووی بەسپەرەکەی (زیوس)ی بابییەوە. ئەتینا کلاوخودێکی دوو شاخی لەسەرنا کە چوار ڕیشوی بەپشتا پێدا شۆڕ بوو بووەوە– کە وێنەی جەنگاوەرانی سەد شاری لەسەر نەخشێنرا بوو، ئەوجا سەرکەوتە

سەر عارەبانەکە کە گڕی لێهەڵدەستا، ڕمە قورس و بتەوەکەی گرت بەدەستییەوە، لەهەر لەشکرێك ڕازی نەبوایە بەو ڕمە سەرکوتی دەکرد. هیرا بەپەلە ئەسپەکانی بەر قامچی دا. دەروازەکانی ئاسمان خۆبەخۆ کرانەوە، ئەو دەروازانەی کە خواوەندانی کات پاسەوانیان دەکردن. ئەو خواوەندانە لەلایەن ئاسمانی مەزن و ئۆڵەمپەوە دانرابوون کە ئەم دەرگایانە لە هەورێن گەوالّ گەوالّ بکەنەوە و دابخەن، بەو جۆرە خەڵکی بۆ ئۆڵەمپ و ئاسمانی پان و بەرین بنێرن، یان لەوێندەرەوە وەدەریان بنەن.جا جووتە خواوەند، هیرا و ئەتینا بەئەسپە ڕامەکانیانەوە لەم دەروازەیەوە وە ژوور کەوتن، دیتیان کوڕی کرونوس، بە تاقی تەنێ لەسەر بەرزترین لوتکەی ئۆڵەمپ دانیشتووە.

هیرا لەوێدا ئەسپەکانی ڕاگرت و ڕووی کردە زیوسی کوڕی کرونوس، سەرداری عالەم و گوتی: "بابە زیوس تۆ لە ئەریس تورە نیت، لەسەر ئەم هەموو کارە توند و تیژەی. حەیف و مەخابن بۆ سوپای ئاخییەکان، کە بەو شێوەیە و بێ هیچ پاساوێکی ماقوڵ قڕ بکرێن. زۆرم لە بەرگرانە، کەچی ئەفرۆدێتی کوبرسی و ئەتینا کەیفیان بەدیتنی کارەکانی ئەم خواوەندە شێتە، ئەریس دێت و بۆ ئەم کارە خراپانەی هاندەدەن. بابە زیوس تورە نابێت ئەگەر من لە ئەریس بدەم و لە شەڕگەکەی دوور بخەمەوە.؟"

(٧٦٤) زیوس وەڵامی دایەوە: "ئەتینای بکە بەگژدا، چونکە زۆر جار لەسەرکاری دیکەش سزای داوە."

(٧٦٧) هیرا بەقسەی کرد. ئەوجا قامچییەکی لە ئەسپەکان دا، ئەسپەکان بێ ئەوەی چ شتێك خۆی لە ڕێگەیاندا بگرێ دەڕەڕین، و ڕێگەی بەینی زەوی و ئاسمانی پڕستێرانیان دەبڕی. مرۆڤ کە لە لوتکەیەکی بەرزەوە دەڕوانێتە دەریایەك چەندی پێ دەچێت، ئەسپە خواییەکانیش بەدەم حیلاندنەوە بەهەمان ماوە ڕێگەکەیان بڕی. و کاتێ گەییند تەروادە، هیرا لەو شوێنەی کە هەردوو ڕوباری سیمویس و سکاماندروس یەکانگیر دەبن لایدا و ئەسپەکانی لە عەرەبانەکە کردەوە. لە هەورێکی تونديیەوە هاڵاندن، ڕوباری (سیمویس)ش پاوەنێکی خوایی بۆ ئامادەکردن تا لێی بلەوەڕن. هەنگێ هەردوو خواوەندەکە وەکو جووتێ قومری بەتاسەوە لە شەقەی باڵیان دا. تا بچنە هیمدادی ئارگوسییەکان.

کە گەییشتنە ئەو شوێنەی گەلێك لە جەنگاوەرە دلێرەکان لە دەوری (دیومیدس)ی پاڵەوان خڕ بووبوونەوە، جەنگاوەرەکان لە شێرانی دڕندە یان لەو بەرازە کێویانە دەچوون کە ماندوو بوون نازانن، هیرا لەوێندەر وەستا، لە شێوەی (ستینتور)ی جارچیدا، کە بانگ و هاواری هاوتای بانگ و هاواری پەنجا پیاو بوو، ڕووی کردە ئارگوسییەکان و هاواریکرد: "ئەی ئارگوسییەکان، ئەوە شەرم لە ترسنۆکی خۆتان ناکەن، تومەز هەر بەڕواڵەت ئازان، تا ئەو کاتانەی (ئەخیل)تان لەگەڵ بوو، نێزەکەی سامی دەخستە دڵانەوە، تەروادەییەکان نەیاندەوێرا پێ لە دەرگاکانی داردانی بێننە دەرێ، کەچی ئێستا لە دەرێ و لە دووری شارەکەیاندا هێرش دەکەن و لەلای کەشتیەکانتانا دەجەنگن."

(٧٩٢) بەو قسانە وڕەی بەرزکردنەوە و وزاتی وەبەرخستن، ئەتیناش بەپەلەچوو بۆلای کوڕەکەی تیدیوس، لە نزیکی عەرەبانە و ئەسپەکانیا بینی خەریکی تیماری ئەو زامە بوو کە باندراوس لێی کردبوو. ئارەقەی ژێر ئەو قایشە پانەی کە زرێکەی پێ بەستبوو ناڕەحەتی دەکرد. دەستی ماندوو بوو، قایشەکەی بەرز دەکردەوە و خوێنە ڕەشەکەی دەسڕی. ئەتینا دەستی خستە سەر نیری هەردووک ئەسپەکەی و گوتی: "کوڕی تیدیوس لە بابی ناچێت. ڕاستە تیدیوس پیاوێکی وردیلە بوو، بەڵام جەنگاوەرێکی دلێر بوو. بێباکانە بەرەو پیری شەڕ دەچوو. تەنانەت جارێکیان کە وەکو قاسید بەتەنێ بۆ شاری تیبە، بۆ ناو کادوموسیەکان هات، ئەمرم پێکرد کە وەکو میوانێکی ئارام و هێمن لەسەر خوانیان دانیشێت، بەڵام ئەوی هەمیشە بێباک و مەیدانخواز لاوانی کادوموسیانی هێنایە گیروگاز

(٨٠٢) و یەکسەر بۆڕیدان و بەسەریاندا سەرکەوت، چونکە من یارمەتیمدا. جا من تای تۆش دەگرم و کۆمەکت دەکەم. ئەمرت پێدەکەم یەکسەر بچۆرە شەڕی تەروادەییەکان؛ جا وادیارە یان شەکەتی، یان لە ترسا دڵت پێ نەماوە، جا ئەگەر وابێ ئەوا تۆ لە (تیدیوس)ی کوڕی ئونیوس نیت."

(٨١٤) دیومیدس وەڵامی دایەوە: "خواوەندا دەتناسمەوە، ئەی ئەو کەسەی زرێکەی بابی هەڵگرتووە، چی بێ لە تۆ نهێنێ. ئەوەی زاتی لەبەر بڕیوم نەترسە، و نە گومان و دوودڵی، من ئامۆژگارییەکانی تۆم لە بیرماوە. تۆ بەخۆت ئاگادارت کردمەوە کە شەڕی هیچ خواوەندێکی موبارەک نەکەم. بەڵام ڕێگەت پێدام کە ئەگەر کیژەکەی زیوس، ئەفرۆدێت هاتە مەیدانی شەڕ، بەنێزەکەم زامداری بکەم. بۆیە ئێستا دەستم لەشەڕ هەڵگرتووە و فەرمانم بەئارگۆسییەکان داوە هەموو لێرە خڕببنەوە، چونکە دەزانم ئێستاکە ئەریس پێشەنگ و ڕابەری شەڕەکەیە." ئەتینا وەڵامی دایەوە: "ئەی دیومیدس، ئەی کوڕی تیدیوس، نە لە ئەریس و نەلە هیچ خواوەندێکی دیکە مەترسە، چونکە من پشتت دەگرم. یەکسەر بەرەو ئەریس تاو بدە، بەگژیا بچۆ، لەم شڕشێتە توڕەیە، لەم کۆگەی کەرب و کینە مەترسە، جارێك لەم دیوەوە و جارێك لەو دیوەوە پەلاماری بدە. ئا ئێستا زیوس قسەی بۆ هیرا و بۆ من دەکرد و دەیگوت یارمەتی ئارگوسییەکان دەدات و پەلاماری تەروادەییەکان دەدات، دەنا پشتی تەروادەییەکان دەگرێت و ئارگوسییەکان لەبیر دەکات."

(٨٣٥) ئەو قسەیەی کرد و بەدەستی خۆی (ستینیلوس)ی گرت و لە چاو تروکانێکدا دایناید سەر زەوی، بەخۆشی سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە و لە تەنیشی (دیومیدس)ەوە وەستا. ئەکسلی عەرەبانەکە کە لە دار بەڕوو چێکرا بوو لەژێر قورسایی خواوەندی سامناك و (دیومیدس)ی نەڕە قارەماندا کەوتبووە جیڕە جیڕێکی بەرز، ئەتینا بالاس هەوسارەکانی گرت و کەوتە قامچی وەشاندن و ڕاستە و ڕاست بەرەو ئەریس چوو. ئەریس خەریك بوو زرێکەی لە (تیریفاس)ی کوڕی ئوخیسیوس، کە دلاوەرترین جەنگاوەری ناو ئیتولیان بوو، دادەماڵی. بەڵێ (ئەریس)ی خوێنڕێژ چەك و ئەسلەحەکەی لێ دەداماڵی. ئەتینا بۆ ئەوەی ئەریس نەیبینێ. کلاوخودەکەی هادیسی لەسەرناو لە چاوی ئەریس ون بوو. ئیدی ئەریس، دیومیدسی بینی، فیریفاس"ی

بێگیان و ڕوحی لەو گوڕە بەجێهێشت و یەکڕاست ڕووی کردە دیومیدس. کە لە یەکدی نزیک بوونەوە ئەریس ڕمەکەی سڕەواندە نیر و هەوساری ئەسپەکان

(٨٥٢) پێی وابوو بەو نێزەیە گیان لەبەر دیومیدس دەبڕێ، بەڵام ئەتینا بەدەست نێزەکەی گرت و کارێکی وای کرد بەسەلامەتی بەسەر عەرەبانەکەدا تێپەڕی. ئەوجا دیومیدس نێزەی خۆی هاویشتێ، ئەتینا باڵاس ڕمەکەی ئاڕاستەی سکی ئەریس کرد، ڕێک بەر ئەو شوێنە کەوت کە کەمەربەندی لێ بەستبوو. دیومیدس زامداری کرد، و گۆشتە جوانەکەی جنی و ئەوجا نێزەکەی لێ دەرهێنایەوە. ئەریس زیڕاندی و هاواری لێ بەرزبووەوە،هاوارێکی ئەوتۆ لە تۆ وایە هاواری نۆ تا دە هەزار جەنگاوەری مەیدانی شەڕە. ئاخیایی و تەروادەییەکانی دڵیان داخورپا، هاوارەکە زۆر ترسناک بوو.

(٨٦٤) وەکو چۆن پەڵە هەورێکی تاریک دوای شەپۆلە گەرمایەک بایەکی توند ڕایدەماڵێ و لە هەورەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بەو ئاوایە ئەریس بەبەرچاوی (دیومیدس)ەوە بەرەو ئاسمانی بەرین بەرزبووەوە. زۆر بەپەلە گەییە وڵاتی خواوەندان، گەییە ئۆڵەمپی هەڵەموت، بەئازارەوە لای (زیوس)ی کوڕی کرونوس ڕۆنیشت، زامەکەی نیشانی زیوس دا کە چۆن خوێنی نەمری لەبەر دەڕۆیی، کەوتە پاڕانەوە و گوتی: "بابە زیوس، تۆ لەم کارانە تووڕە نیت؟ ئێمەی خواوەندان هەمیشە زاڵمانە دژی یەکدی دەوەستین، کەچی بەقازانجی بەشەران کار دەکەین، ئێمە هەموومان لە تۆ زویرین چونکە تۆ ئەو کیژە سەرشێتە، زماندرێژە شڕندەیەت خستوەتەوە کە هۆش و بیری هەر لە لای ئەم جۆرە بەدکاریانەیە. هەموو خواوەندەکان لە ئەمر و ڕای تۆدان، تەنیا ئەم نەبێ کە نە گازاندەی لێدەکرێ و نە سزا دەدرێت، تۆ دەست بەپشتیا دەدەیت، جڵەوی بۆ شل دەکەیت چونکە ئەم خەلقەندە سەر شێتە کچتە. بڕوانە چۆن (دیومیدس)ی لەخۆبایی هاندەدات، و بەگژ خواوەندانی نەمریدا دەکات. هەوەڵجار پەلاماری کوبرسی دا و مەچەکی زامدار کرد، ئێستاش ئەوەتا وەکو ئەوەی خوا بێ پەلاماری منی داوە. خۆ ئەگەر لە دەستی هەڵنەهاتبام دەبوا تائێستاش لەناو خەرمانی لاشەیێن بۆگەندا، لە مەیدانی شەڕەکەدا بکەوتبام، یان لەژێر زەبری نێزەدا شنگ و توانام لێ ببڕایە."

(٨٨٨) زیوس بەتووڕەییەوە لێی ڕوانی و گوتی: "لاکەوە لای منەوە، نامەوێ گوێم لە گریان و زاریت بێ، جەنابی دوو ڕوو. زۆر لێت بێزارم، ئەوەندەی لەتۆ بێزارم لە هیچ خواوەندێکی ئۆڵەمپ ئەوەندە بێزار نیم، چونکە تۆ هەمیشە هەر سەرقاڵی شەڕ و شەڕەنگێزیت، تۆ گیانی لاساری و بزێویت، و دڵڕەقیت لە (هیرا)ی دایکتەوە بۆ ماوەتەوە: کە هەرچیم کرد و کۆشا بۆم کۆنترۆڵ نەکرا. پێم وایە ئەم دەرد و ئازارەی تۆ ئێستا دەیچەژی زادەی قسە و ڕێنوێنییەکانی ئەوە.

(٨٩٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم ئەم دەرد و ئازارەت تەحەمول بکەم، چونکە تۆ توخمی منی، دایکت تۆی لەمن بووە، ئەگەر کوڕی هەر خواوەندێکی دیکە بای، و خودانی ئەم تەبیعەتە شەڕانییە بای، ئێستا لەژێرزەمینێکی قوڵتر لەژێرزەمینی تیتانە زەبەلاحەکاندا زندانی دەبووییت."

(٨٩٩) ئەوجا فەرمانی بەبایون دا کە تیماری بکات، بایون هەندێ داو و دەرمانی ئازارشکێنی لە برینەکە ناو چاك بووەوە، چونکە وەکو برینی بەشەران نەبوو. وەکو چۆن شیلەی درەختی هەنجیر چڕی شیر زیاد دەکات و بەجۆلانێك دەماسێ، بەهەمان شێوە و خێرایی بایون زامەکەی (ئەریس)ی سەرشێتی تیمار کرد. ئەوجا هیبی شۆردی و جلوبەرگی جوان و لایەقی لەبەرکرد، و لەلای زیوسی بابییەوە کە پرشنگی شکۆمەندی دەدا، داینیشاند.

(٩٠٧) ئەوجا هیرای ئارگوسی و ئەتینای ئالالکومینی، دوای ئەوەی سنورێکیان بۆ کاری خوێنڕێژی ئەریس دانا، بەدوو قۆڵی بۆ بارەگاکەی زیوس گەڕانەوە.

سروودی شەشەم

هیکتۆر دوعاخوازی لە ئەندرۆماك دەکات

حیکایەتەکە:

گریکەکان جۆش و خرۆشیان تێکەوت و چەند هێرشێکی توندیان کردە سەر تەروادەییەکان و دەیان کەسیان لێکوشتن. لەنێو ئاخییەکاندا قارەمانێك هەڵدەکەوێ و دەردەکەوێ بەناوی دیومیدس کە قارەمانان دەکوژێت و ترس و لەرز دەخاتە دڵانەوە. تەروادەییەکان ناچار دەبن لەژێر گوشاری گەورەی شەڕدا سووکە پاشەکشەیەك بکەن.هیلینوس، هێکتۆری بۆ و جەنگاوەر ئینیاس دەبینێ. داوا لە هیکتۆر دەکات بگەڕێتەوە بۆ تەروادە و تکا لە هیکوبای دایکی بکات کە ژنانی تەروادە کۆبکاتەوە و بەنرختری جلکی خۆی لەبەر پێی خواوەند ئەتینا بالاس، لە پەرستگەکەیدا دابنێت، و لێی بپارێتەوە کە ئەگەر بەڵای ئاخییانیان لە کۆڵ بکاتەوە و تەروادە و ژنان و منداڵانی تەروادە بپارێزێ ئەوا سەد گوێرەکەی یەك سااڵی بۆ دەکات بەقوربانی. لە مەیدانی شەڕدا دیومیدس قارەمانێکی تەروادەیی (گلوکوس) دەبینێ. دەترسێ لەوەی لە ڕەچەڵەکی خواوەندن بێ، لێی دەپرسێت کە ئاخۆ بەشەرە یان خواوەندە، چونکە دەترسێت شەڕی خواوەندان بکات. کاتێ گلوکوس ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆی بۆ کەشف دەکات، دەردەکەوێ کە بنەماڵەکانیان دۆستی یەکتر بوون، ئیدی هەردوك قارەمان پەیمان دەدەن کە شەڕی یەکتر نەکەن، و جا بۆ ئەوەی یەکتر بناسنەوە، مەتاڵەکانیان گۆڕییەوە، گلوکوس ئەوەی بیردەچێت کە سوپەرەکەی ئەو زێڕ بوو و ئەوەکەی دیومیدس برونز بوو. هیکتۆر بۆ تەروادە دەگەڕێتەوە و تکا لە دایکی دەکات ئەوە بکات کە براکەی داوای کردبوو، سەرە ژنانی تەروادەیی کۆدەکاتەوە و دەچێت بۆ پەرستگەی ئەتینا، و جلێکی جوان کە باریسی کوڕی لەو سەفەرەیدا کە هیلینی لەگەڵ خۆدا هێنابوو، بۆی هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەوجا دەچێت بۆ ماڵی باریسی برای، دەبینێ خەریکی کەوانەکەیەتی و هیلینیشی لەگەڵە، سەرزەنشتی دەکات و پێی ڕادەگەیەنێ کە نابێ لە شەڕەکە دوابکەوێ تا تەروادەیی و هاوپەیمانەکانیان لێی تووڕە نەبن. باریس وەزع و حاڵی خۆی بۆ باسدەکات و بەڵێنی دەداتێ کە بەرلەوەی ئەو بگاتە مەیدانی شەڕەکە ئەمیش بەدوویا دێت. ئەوجا دەچێت بۆ ماڵی خۆی و ئەندروماکی ژنی نابینێ، کارەکەرەکان پێی ڕادەگەیەنن کە لەگەڵ دایەنەکەی و کوڕە چکۆلەکەیا چووە بۆ بورجی شار. هیکتۆر دەچێ بۆلای، دەکەونە قسان، ئەندروماك داوای لێدەکات کە ئاگای لە خۆی بێ و دڵی خەبەری داوەتێ

که نایبینێتەوە بۆیە دەبێ فەرمان بەسوپا بدات بۆ لای دار هەنجیرەکە پاشەکشە بکات، چونکە ئەوێ خاڵی لاوازی شورەکەیە، و ئاخییەکان چەندین جار پەلاماریان داوە. وەڵامی دەداتەوە کە ئەمەیان لە بیرە و حسابیان بۆ کردوە، ئەم دەبێ ئاگای لە خۆی و کاروباری ماڵەکەی بێ. ئەوجا دەڕوانێتە منداڵەکەی کە بەباوەشی دایەنەکەوە دەبێ، دەست دردێژ دەکات لە باوەشی بگرێ، منداڵەکە کە پیشوی کلاوخودەکەی دەبینێ دەترسێت و دەگری. هیکتۆر پێدەکەنێ و ئەندروماك بەدەم فرمێسکەوە بزەیەك دەکات. ئەوسا کلاوخودەکە دادەکەنێ و لە ئەرزەکەی دادەنێ و منداڵەکەی لە هەمێز دەگرێت و جۆلانەی پێدەکات، ئەوجا دەیداتەوە بەدایەنەکە، و خەمەکانی خۆی بۆ ژنەکەی دەردەبڕێ، و پێی ڕادەگەیەنێ کە دەزانێت خواوەندان چارەنووسی مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونیەوە دیاری دەکەن، بۆیە زۆر بیر لە مردنی باب و داك و برا و خوشکەکانی ناکاتەوە، و بیر لە وێرانبوونی تەروادەش ناکاتەوە، بەڵکو بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ئەو (ئەندروماك) بەدیلی دەبرێ و فەرمانی خانمەکەی جێبەجێ دەکات، و چارەنووسی کوڕەکەی چۆن دەبێت. ئەوجا لە زیوس دەپاڕێتەوە کە کوڕەکەی بکات بەقارەمانێکی ئەوتۆ کە خەڵکی دیتیان بڵێن ئەم کوڕە لە بابی باشترە. ئەوجا باوەش بەژنەکەیدا دەکات و دوعاخوازی لێدەکات و بەرەو دەشتەکە، بۆ مەیدانی شەڕەکە دەڕوات، ئەریس خۆی دەگەیەنێتێ و بەجووتە دەچنە مەیدانی شەڕەکە.

کات:

بەشێکی ڕۆژی بیست و سێیەمینە، پاشماوەی سروودی پێشووە.

شوێن: ڕووداوەکان لەو دەشتەدان کە شەڕەکەی لە بەینی ڕووباری گەورەی سیمیوس و ئیکسانتوس دا تیادەکرێ، ئەوجا دیمەنەکە دەگوازرێتەوە بۆ کۆشکەکەی بریام لە تەروادەدا.

(١) شەڕ لەنێوان تەروادەیی و ئاخییاندا هەڵگیرساو تەواو گەرم بوو، لێرە و لەوێ، لە پێدەشتەکەدا و لەنێوان هەردوو ڕوباری سیمیوس و ئیکسانتوسدا پەرەی دەسەند و جەنگاوەران دەست بەنێزە و ڕمان هەڵیاندەکوتایە سەر یەکدی.

(٥) هەوەڵجار (ئاجاکس)ی کوڕی تیلامون، قەڵای هێزی ئاخیاییەکان، شەبەقێکی خستە ڕیزی جەنگاوەرانی تەروادەییەکان، و بەمە کلاوڕۆژنەیەکی هومێدی لە هاوڕێکانی کردەوە، چونکە ئاکامسی کوڕی یوسوروسی کوشت کە گەورەی تراقیەکان بوو، پیاوێکی ئازای کەتەو بەقەد و باڵا بوو. یەکەمجار ئاجاکس جەزرەبەیەکی بەترۆپکی کلاوخودەکەیدا کێشا: نووکە برونزییەکەی ڕمەکە کلاوخودەکەی بڕی و نێوچەوانی شەق کرد و گەییە مێشکی، ئیدی تاریکی باڵی بەسەر چاوەکانیا کێشا.

(١١) ئەوجا دیومیدس، (ئەکسیلوس)ی کوڕی(تیوترانوس)ی کوشت، ئەمە پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، لە شاری ئەریسبەی مکومدا دەژیا، خۆشەویستی هەمووان بوو، ماڵەکەی لەسەرە ڕێگا بوو، و بۆ هەموو میوانێك کراوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێك لەو میوانانە بەهانایەوە نەهات تا ژیانی بپارێزێ، ئیدی دیومیدس خۆی و(کالیسیوس)ی خولامی کوشت کە لەو کاتەدا ئەسپەکانی بۆ داژۆت، و هەردوکیان لەسەر عەرەبانەکەوە کەوتنە سەر عاردەکە.

(٢٠) هەروەها یوریالوس، هەردوك دبیسوس و ئوفیلیتوسی كوشت، ئەوجا كەوتە تاقیبی هەردوك ئیسیبوس و بیداسوس، كە زادەی جووتبوونی پەری دەریایی ئاباربارە و بوكلیون بوون.بوكولیون، كوڕی گەورەی لاومیدون بوو، بەڵام كوڕی ناشەرعی بوو. كاتێ بۆكولیون كەشتییەكەی ئامادە دەكات، لەگەڵ پەریدا قسان دەكات، و..ئیدی سكی پڕ دەبێت و ئەو جمكانەیەی لێ دەبێت، كە ئێستا كوڕی میكیستوس كوشتنی و سوپەر و ئەسلەحەكانی لێ دامااڵین.

(٢٨) ئەوجا بولیبویتیس، ئەستیالوسی كوشت. ئودیسیوس، بیدوتیس خەڵكی بیركوتیی كوشت. و تیوسیر ئەریتاونی كوشت. ئەبلیروس بەنێزەی ئەنتیلوخوسی كوڕی نەستور كوژرا. شا ئاگامەمنون، ئیلاتوسی كوشت كە خەڵكی تیداسوسی نزیكی ڕووباری ستانیوس بوو. لیتوس، فیلانكوسی لەو دەمەدا كوشت كە دەڕەڤی. یوریبیلوس، میلانتوسی كوشت. ئەوجا مینیلاوس نەڕەشێری مەیدان، ئەدراستوسی بەزندویەتی گرت، چونكە ئەسپەكانی بەدەم ڕاكردنەوە عەرەبانەكەیان كێشابوو بەدار گەزێكدا، ئیدی عەرەبانەكە شكابوو، و هەردوو ئەسپەكە بەر بوون بوون و لەگەڵ هەسپانی هەڵاتوی دیدا بەرەو شار ڕۆییشتن، بەڵام ئەدراستوس وەرگەڕا و بەدەما گال و لە نزیكی تەگەری عەرەبانەكەیدا كەوتەوە، مینیلاوس نێزە بەدەست بەرەو ڕووی هات، بەڵام ئەدراستوس باوەشی بەئەژنۆكانیا كرد و لێی پاڕایەوە كە نەیكوژێ. گوتی: "ئەی كوڕی ئەتریوس مەمكوژە، لەجیاتی من سەربەهایەكی مۆڵ بۆ خۆت وەربگرە: بابم دەوڵەمەندە، گەنجینەی پڕ لە زێڕ و بڕۆنزی هەن، ئاسنێكی زۆری دەستكردی وەستاو هونەرمەندان لە ماڵەكەیدا كەوتووە. خۆ ئەگەر بزانێ من زندووم و لە كەشتی ئاخییەكاندام، سەربەهایەكی مۆڵت لەو گەنجینانە دەداتێ."

(٥١) بەو جۆرە لێی پاڕایەوە، مینیلاوس دڵی پێی سوتاو دایە دەستی خوڵامەكەی خۆی تا بیبات بۆاڵی كەشتی ئاخییەكان، بەڵام ئاگامەمنون بەپەلە هات بۆاڵی، كەوتە سەرزەنشت كردنی، و گوتی: "ئەی مینیلاوسی دلۆقان، ئێستا وەختی بەخشین نییە. ئەگەر كەسێكی تۆ بكەوتایەتە دەستی تەروادەییەكان، ئایا هەمان كاریان لەگەڵ دەكرد كە تۆ لەگەڵ ئەمەی دەكەیت؟ كەسیان مەبوێرە– تەنانەت منااڵی ناو سكی دایكانیش مەبوێرە، هەر هەمویان مەحو بكەوە، با ئیلیون (تەروادە) وێران بێ و ناو و ناوبانگی كوێر ببێتەوە."

(٦١) ئاوای گوت ئاگامەمنون، براكەی پێی قاییل بوو، چونكە قسەكانی دۆغری بوون، بۆیە (ئەدراستوس)ی لەخۆی دوورخستەوە، ئاگامەمنون نێزەیەكی كرد بەقەبرغەیدا و كەوت: "ئەوجا كوڕی ئەتریوس پێی خستە سەر سینەی تا نێزەكەی لە الشەكە دەربێنێتەوە.

(٦٦) لەوالوە نەستور هاواری لە ئارگۆسییەكان كرد و گوتی: "برادەرانی من، ئەی جەنگاوەرانی دانایی، یارانی ئەریس، كەس دوانەكەوێ و دەستكەوت بچنێتەوە و بۆاڵی كەشتییەكانی بەرێ، باجارێ تا دەتوانین لێیان بكوژین، پاشان كە دەستمان بەتاڵ بوو بەشێنەیی بگەڕێنەوە سەر مەیتەكان و ئەسلەحەكانیان لێ دامااڵن و بیبەن.

(٧٢) بەو قسانە وڕەو زاتی خستنەوە بەر. پێدەچوو تەروادەییەکان بیانەوێ پاشەکشە بکەن و بۆ ئیلیون (تەروادە) بگەڕێنەوە، بەڵام هیلینوس چاترین ڕازگۆ و پەنهان بین و فاڵبین، هیلینوسی کوڕی بریام خۆی گەیاندە هیکتۆر و ئینیاس و گوتی: هیکتۆر، ئینیاس، چونکە ڕابەریکردنی تەروادەیی و لیسیان بەر لەهەر کەسێك لە ئەستۆی ئێوەیە، ئێوە چ لە شەڕ و چ لە تەگبیر و ڕاوێژاندا لە پێش هەمووانەوەن، جا سوپاکە لێرە ڕاگرن، لەبەر دەروازەکان، دەنا هەموو دەڕۆن و خۆ لە باوەشی ژنەکانیان دەنێن، و دژمنمان پێ خۆشدەکەن. کە لەشکرەکانتان هاندا و وڕەتان خستنەبەر هەنگێ لێرەدا دەچەقین و بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە شەڕی دانایەکان، چەند دڕ و بەهێزش بن، دەکەین، لەمەی زیاتر هیچ چارێکی دیکەمان نییە. ئەوسا هیکتۆر تۆ بچۆ بۆ شار و لەگەڵ دایکماندا قسان بکە، پێی بڵێ کۆمەڵێك لەسەرە ژنان لە پەرستگەکەی ئەتینا لە ئەکروبولیس خڕ بکاتەوە، ئەوجا پێی بڵێ کلیلەکەی بەرێ و دەرگاکانی پەرستگە پیرۆزەکە بکاتەوە و لەوێ، جوانترین جلی خۆی– جلێك کە لە هەموو جلەکانی تری زیاتر هەڵیگرتووە و تاقەتی کردووە، لەبەر پێی ئەتینادا دابنێ، و پێی بڵێ نەزرێك قەرار بدات و قەولی بداتێ کە ئەگەر ڕوحم بەشارەکەدا بکات و ژنانی تەروادەیی و منالەکانیان بپارێزێت و شەڕی کوڕی تیدیوس لە ئیلیونی شکۆمەند دووربخاتەوە، ئەوا لە پەرستگەکەی خۆیدا دوانزە سەر گوێرەکەی ناسکی یەکسالەی بۆ بکاتە قوربانی، کوڕی تیدیوس، ئەو قێزەوەرە دڕندە مەزەب و دڵڕەق و سامناکەی کە پێم وایە سەلماندویەتی کە لە هەموو ئاخییەکان بەترەفترە. ئێمە بەم ڕادەیە لە کەس نەترساوین، تەنانەت لە ئەخیلی سەرکردەش کە دەڵێن دایکی خواوەندە. ئەم (دیومیدس)ە بەڵایە، پشم و غەزەبی بێ سنورە، و کەس نییە لە شەڕ و کوشتار و ئازایەتیدا شان لە شانی بدات."

(١٠٢) هیکتۆر بەگوێی براکەی کرد. بەهەموو تەدارەکی شەڕەوە خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خوارێ، کەوتە گەڕان بەسەر لەشکرەکەدا، بەدەم نێزە بادانەوە کەوتە هاندانی جەنگاوەرەکان بۆ شەڕ، بەدەنگێکی سامناك دەنگیدان، خڕبوونەوە و ڕووبەڕووی ئاخییەکان وەستان.

(١٠٨) ئارگۆسییەکان دەستیان لە کوشتار هەڵگرت و گەڕانەوە، چونکە پێیان وابوو یەکێك لە خواوەندان لە ئاسمانێ ڕا دابەزیوە و هاتۆتە هیمداد و هانای تەروادەییەکانەوە، بۆیە تەروادەییەکان بەو شێوەیە ورەیان هاتەوە بەر. ئەوجا هیکتۆر بەدەنگی بەرز ڕووی کردە ئاپورای تەروادەییەکان و گوتی: "ئەی تەروادەییان، ئەی هاوپەیمانان، ئەی یاران، پیاوانە شەڕ بکەن تا من دەچم بۆ ئیلیون (تەروادە)و بەردێن سپییانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و هەروەها بەژنەکانمان دەڵێم کە نوێژ بۆ خواوەندان بکەن و لەبەریان بپارێنەوە و پەیمانی سەد قوربانیان بدەنێ."

(١١٦) ئەو قسانەی کرد و کەوتەڕێ، بەدەم ڕێوە قەراخی چەرمینی سوپەرەکەی بەر ملی و هەردوو پاژنەی پێی دەکەوت.

(١١٩) ئەوسا (گلوکوس)ی کوڕی هیبولوخوس، و کوڕەکەی تیدیوس چوونە مەیدانە کراوەکەی نێوان هەردوو لەشکرەکە تا ڕووبەڕووی یەکتر کە تەواو لە یەکتر نزیك بوونەوە و ڕووبەڕووی

یەکتر ببنەوە. کە تەواو لە یەکتر نزیکبوونەوە ڕوو بە ڕووی یەکتر وەستان، (دیومیدس)ی جەنگبازی دەنگ دلێر یەکەمجار هاتە قسە و گوتی: "تۆ کێی ئەی پیاوی باش، تۆ لە تۆخم و تۆوی بەشەری؟ تا ئێستا تۆم لە مەیدانی شەڕاندا نەدیوە، کەچی وا بۆڕی هەمووانت داوە و بێباکانە هاتووی ڕووبەڕووی نێزەی من بوەستی. وای بەحاڵی ئەو باوکانەی کە کوڕەکانیان دێنە مەیدانی من و جەبەروتی من، چونکە ئەوانە لەسەر کوشتەی منااڵەکانیان دەگرین. خۆ ئەگەر یەک لە خواوەندانی و لە ئاسمانەوە هاتووی ئەوا من شەڕی تۆ ناکەم، چونکە تەنانەت (لیکورگوس)ی کوڕی (ریاس)ش کە شەڕی خواوەندانی کرد زۆر نەژیا. لیکۆرگوس دایەنەکانی (دیونیسوس)ە شێتی لە چیای پیرۆزی "نیسا" وەدەرنان، و کە لیکورگوس بەقامچی تێیان کەوتبوو، دارەکانیان توڕدابووە سەر ئەرز، (دیونیسوس)ش لە ترسا پێی وەغارێوە نابوو خۆی بەدەریادا کردبوو، و لەوێ تیتس لە باوەشی دەکات و دڵخۆشی دابووەوە، چونکە زۆر لە هەڕەشەکانی ئەو پیاوە ترسابوو. ئیدی خواوەندان کە لە ئاسودەییدا دەژیان، لە لیکورگوس پڕبووبوون و کوڕەکەی کرونوس دووچاری کوێری کردبوو، و کاتێ کە هەستی کردبوو هەموو خواوەندە نەمرەکان دەیبوغزێنن، دوای ماوەیەکی کەم دەمرێت!.. بۆیە من شەڕی خواوەندانی موبارەک ناکەم، بەاڵم ئەگەر لە تیرەی بەشەری و لەوانەی کە بەروبومی کێڵگە و مەزاریان دەخۆن، وەرە پێشەوە تا بەزووترین کات بادەی مەرگی خۆت بنۆشیت!"

(١٤٤) کوڕەکەی هیبولوخوس وەاڵمی دایەوە و گوتی: "ئەی کوڕی تیدیوس، بۆچی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکم دەپرسیت؟ نەوە و نەژادی گەاڵی درەختان و نەژادی ئادەمیزادان یەکسانە. گەاڵی دار لە خەزانا بەدەم باوە دەڕژێ و دەکەوێتە سەر زەوی، بەاڵم کە وەرزی بەهار دێ درەختەکە گەاڵی تازە دەردەکاتەوە.

(١٤٩) چارەنووسی بنیادەمانیش بەو جۆرەیە، نەوەی تازە لە دایك دەبێت و نەوەی کۆن دەبڕێتەوە و لەناو دەچێت. جاوێڕای ئەوەش ئەگەر حەز دەکەی ئەوا گوێ بگرە تا ڕەگ و ڕەچەڵەکی من باشتر بزانیت، هەرچەندە زۆر کەس دەیزانن: شارێك لەناوجەرگەی ئارگوسدا هەیە، یەکپارچە پاوەنی هەسپانە، پێی دەگوترێ ئیفیرا، سیزیف کە زیرەکترین و پڕ نێرەنگترین بەشەر بوو لەوێندەر دەژیا.

سیزیف کە کوڕی ئیولوس بوو، کوڕێکی هەبوو (کلوکوس)ی پێدەگوترا، ئەم گلوکۆسە بابی بیلیرفون بوو، کە ئاسمان (زیوس) قۆزی و جوانییەکی وەهای دابوێی کە بەکەسی نەدابوو. بەاڵم برویتوس،توشی بەدبەختی کرد، چونکە لەو بەتواناتر بوو، لە قەڵەمڕەوی ئارگۆسییەکان وەدەری نا، ئەو قەڵەمڕەوەی زیوس ئەوی کردبوو بە حوکمڕان و فەرمانڕەوای. جا (ئەنتیا)ی ژنی برویتوس کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە بەدزییەوە لەگەڵیا بخەوێ، بەاڵم چونکە ئەو پیاوێکی سەاڵر و سەنگین و پیاوانە بوو ڕەفزی کرد و لەگەڵی نەکرد، ئەنتیا چوو لەای بروتیوس بوختانی بۆ هەڵبەست. گوتی: "یا دەبێ بیلیروفون بکوژی، یان من دەمرم، چونکە ویستویەتی بە تۆبزی لەگەڵ منذا بخەوێ." پاشا تووڕە بوو، بەاڵم لە ترسی خواوەندەکان نەیکوشت، هەندێ ئاماژە و نیگارەی شوم و مەرگ ئامێزی دایێ و بۆ (لیسیا)ی نارد، پاشا

تابلۆیەکی دایێ کە ڕاسپاردەی کوشتنی هەڵگرەکەی تیابوو، و داوای لێکرد کە ئەو تابلۆیە بگەیەنێتە خەزوری، کە داوای لێکردبوو بیلیروفون لەناوبەرێ؛ بیلیروفون بەرەو لیسیا وەڕێکەوت، و تا گەییە ئەوێ خواوەندان ڕێنوێنیان کرد.

(١٧٢) کە گەییە ڕوباری ئیکسانتوس لە لیسیا، پاشا زۆر بەگەرمی پێشوازی کرد، و نۆ دانە ڕۆژ میوانی ئەو بوو، و لەبەرخاتری ئەو نۆ گوێرەکەی سەربڕی، بەڵام لەگەڵ هەڵاتنی سپێدەی ڕۆژی دەیەمدا پاشا کەوتە پرسیار کردن لێی ویستی ئەو نیشانە و نیگارانەی کە (بروتیوس)ی زاوای بۆی نووسیوە، بدینێ. کە نیشانە و نیگارە شوومەکانی وەرگرت، ئەمری بە بیلیروفون کرد کە شەڕی (خیمیرا)ی ترسناك بکات، ئەم دێوە لە تیرەی بەشەران نەبوو، بەڵکو لە نەژادی پیر و پیرۆزان بوو، سەر و ملی هی شێر، کلکی هی ئەژدیها و بەدەنی هی بزن بوو، هەناسە ترسناکەکەی تین و تاوی گڕ و ئاگری هەبوو، بەڵام بیلیروفون چونکە متمانەی بەنیشانەکانی خواوەندان هەبوو، کوشتی. جاری دووەم خۆی لە شەڕی تیرەی سولیمیدا کە بەدڕی و دڕندەیی بەناوبانگ بوو، تاقی کردەوە، و بەخۆی دانی بەوەدانا کە ئەمە قورستڕین شەڕی ژیانی بووە.

(١٨٦) جاری سێیەم شەڕی ژنانی ئامازونی کرد و کوشتنی، ئەمانە ژنانێك بوون، وەکو پیاوان ڕەفتاریان دەکرد. بەڵام لە گەڕانەوەدا پاشا پیلانێکی دیکەی بۆ دانا کە پێی وابوو لێی دەرباز نابێت، ئازاترین جەنگاوەرانی هەموو قەڵەمڕەوی لیسیای هەڵبژارد و داوای لێکردن بیخەنە بۆسەوە، بەڵام شتاقیان نەگەڕانەوە، چونکە بیلیروفون پاکی کوشتن. ئەوساکە پاشا زانی میوانەکەی دەبێ نەوە و نەتیرەی خواوەندێکی زۆر دلێر بێ، لە لیسیا هێشتییەوە و کیژەکەی خۆی دایێ، و نیوەی قەڵەمڕەوەکەی خۆی پێ بەخشی، ئیدی لیسیاییەکان گەورەترین پارچە زەویان دایێ، زەوییەك پڕ بوو لە ڕەز و باخ ،کێڵگە و مەزرا، تا بۆ خۆی ڕەنێوی بێنێ.

(١٩٦) جا کیژەکەی پاشا سێ منداڵی لە بیلیروفون بوو، بریتی بوون لە: ئیساندروس، و هیبولوخوس و لاودامیا. زیوس، سەروەری ئەنجومەنی خواوەندان، لەگەڵ لاودامیادا خەوت، و ساربیدونی شکۆمەندی لێ بوو، بەڵام کە خواوەندان ڕوویان لە بیلیروفون وەرگێڕاو بوغزاندیان، هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ سەری خۆی هەڵگرێ و بەتاقی تەنیا و سەرگەردان، دڵ پڕ لە خەم و ژان، دوور لە بەشەران بەناو دەشتی ئەلینی بکەوێ. (ئەریس)ی خواوەندی جەنگ هەر بەهەوەس شەڕێکی نایەوە و (ئیساندروس)ی کوڕی لەو دەمەدا کە شەڕی تیرەی سولیمی دەکرد کوشت، هەروەها (ئەرتیمس)ی خواوەندی شکار و لێڕەواران، خودانی ئەسپانی زێڕین هەوسار. لە دەمێکی توڕەییدا (لاودامیا)ی کیژی کوشت، (هیبولوخوس)ش ئەوە بابی منە، کە بۆ تەروادەیی ناردم، چەندین جار ئامۆژگاری کردم کە لە ڕیزی پێشەوە بجەنگم و هەڤڕکی جەنگاوەرانی هاوتای خۆم بکەم و عەیبە بەسەر خوێنی باب و باپیرانمدا نەهێنم، ئەو باب و باپیرانەی سەلماندویانە کە ئازاترین پیاو و جەنگاوەرن چ لە ئیفیرا و چ لە هەموو قەڵەمڕەوی لیسیادا. ئا ئەمە ئەو ماڵبات و ڕەگ و ڕەچەڵەکەیە کە من دەچمەوە سەری."

(٢١٢) ئاوای گوت. دیومیدس لە دڵی خۆیدا خۆشحاڵ بوو. نێزەکەی لە عاردی چەقاند و بەڕوویەکی خۆشەوە دواندی و گوتی: "کەواتە تۆ دۆستی دێرینەی ماڵباتی بابمی. (ئونیوس)ی

مەزن جارێکیان بۆ ماوەی بیست دانە ڕۆژ میوانداری بیلیروفون)ی کرد، هەردوکیان دیاری و سەوقاتیان بەیەکتردا. ئونیوس کەمەربەندێکی درەخشانی ئەرخەوانی دا بەبیلیروفون، بیلیروفون)ش جووتێ پەرداخی زێڕینی دابوویێ، کە هاتم بۆ ئێرە (تەروادە) لە ماڵەوە بەجێمهێشتن. بەڵام(تیدیوس)م لەبیر نایەت، چونکە من هێشتا منداڵ بووم کە ئەو کۆچی کرد، ئەو سەردەمەی کە سوپای ئارخییەکان لەبەردەم تیبەدا تێکشکا.

(٢٢٤) کەواتە من لە ئارگوسدا میوانی تۆ دەبم، و تۆش لە لیسیادا ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ ئەوێندەر گەڕامەوە، میوانی من دەبیت، جا با ئێمە، تەنانەت لە گەرمەی شەڕیشدا، لە نێزەی یەکدی حەرام بین، چونکە ئەگەر من لە کوشتن بم تەروادەیی وهاوپەیمانانی ناوداری تەروادەیی زۆرن چ لەوانەی بەگیریان دێنم و چ لەوانەی خواوەندان دەینێرنە بەردەستم، تا بیانکوژم، هەروەها سەبارەت بەتۆش هەر ئاخییان زۆرن گەر بتوانی بیانکوژیت، کەواتە با تەدارەك و مەتاڵەکانمان بگۆڕینەوە و هەر یەکەمان ئەو دۆستایەتییە دێرینەمان لەبیر بێ کە تا ئێستا بەردەوامە."

(٢٣٢) دوای ئەو قسانە هەردوکیان لە عەرەبانەکانیان دابەزین، و دەستی یەکتریان گوشی و سوێندی وەفاداریان بۆ یەکدی خوارد، بەڵام لەم دەمەدا زیوسی کوڕی کرۆنۆس ئەقڵی گلوکۆسی بەجۆرێ شێوان کە مەتاڵە زێڕەکەی خۆی بەمەتاڵێکی برونزی گۆڕییەوە، لە کاتێکا سوپەرەکەی خۆی بایی سەد سەر گا دەبوو، و هینەکەی دیومیدس تەنیا بایی نۆ سەر گا بوو.

(٢٣٧) لەو کاتەدا هیکتۆر گەییە دەروازەکانی قەڵای شار و بەر دار بەڕووەکە، ژنان و کیژانی تەروادەیی بەپەلە هاتنە پێشوازی و لە حاڵی کوڕ و برا و خزم و مێردەکانیان پرسی. داوای لێکردن کە نوێژ بۆ خواوەندەکان بکەن و لەبەرقاپی هەر خواوەندێك بپارێنەوە، کە گوێیان لەو قسانە بوو، خەم زۆربەیانی داگرت.

(٢٤٢) هیکتۆر بەپەلە خۆی گەیاندە کۆشکەکەی شا بریام، ئەم کۆشکە لەسەر چەندین پایەی جەلایی کراو ڕۆنرا بوو. پەنجا ژووری نووستنی تیابوو- هەموو ژوورەکان لەبەردی جەلایی کراو بوو. ژوور لە تەنیشت ژوور دروست کرابوو، هەر ژوورێك کوڕێك و بووکێکی بریامی تیا دەنووست، بەرامبەر بەم ژوورانە و بەدەستی ئەوبەری دالانەکەوە، دوانزە ژووری جەلایی کراوی دیکە هەبوو، بەتەنیشتی یەکەوە دروست کرابوون، لەهەر ژوورێکدا کچێك و زاوایەکی بریام دەنووستن. کە هیکتۆر گەییە ئەوێ هیکۆبای دایکی و کیژە هەرە جوانەکەی، واتە لاودیلی بەپیرییەوە هاتن. هیکۆبای دەستی هیکتۆری لەنێو دەستی خۆی ناو گوتی: "کوڕی خۆم، بۆچی شەڕەکەت بەجێهێشتووە و بۆ ئێرە هاتوویت؟ ئایا ئاخییەکان -خوایە دوایان بڕێ- لەژێر گوشارا بەرەو شار پاشەکشەتان پێدەکەن، کە وات بە چاك زانی بێیت و لێرە، لە قەڵاوە دەست بەرزبکەیتەوە و لە زیوس بپارێیتەوە؟ بوەستە با من بچم بادەیەکی لە هەنگوین خۆشترت بۆ بێنم، تا هەوەڵجار بەخۆشی زیوس و خواوەندەکانی دی بەسەر خاکیا بپرژێنی، و ئەوجا بەخۆتیش لێی بخۆیتەوە و ماندویەتیت دەربچێ. بادە و شەراب، گوڕ و تینی تازە وەبەر مرۆڤی ماندوو دەخاتەوە، ماندوو وەکو تۆ کە لە جیاتی کەسوکارت دەجەنگی."

(٢٦٣) هیکتۆر وەڵامی دایەوە: "ئەی دایکی شکۆمەندم، شەراب و بادە مەیەنە، دەنا پیاوەتیم تیا ناهێڵێ و هێزم لەبەر دەبڕێ. من زات ناکەم بەدەستی نەشۆراوەوە بادە بەخۆشی زیوس بپرژێنم و هەڵدەم. خەڵکی لەوتاو لە خوێن و خوڕدا نوێژ بۆ کوڕی کرونوس ناکات. تۆ سەرە ژنانی تەروادە خڕبکەوە، بڕۆن و قوربانی پێشکەش بە بەپەرستگەکەی ئەتینای ڕابەری تاڵانی و وێرانی بکەن، جا لەوێ بەنرختڕین و شایستەترین سەرپۆشی خۆت، سەرپۆشێك کە لە هەموو سەرپۆشەکانی تر زیاترت هەڵگرتووە و لە دڵتدا شیرینتر و شایستە تر بووە، بدە بەسەر ئەژنۆکانی ئەتینادا وەعد و بەڵێنی بدەیێ کە ئەگەر بەزەیی بەشارەکەدا بێتەوە، و ڕوحم بەژنانی تەروادەیی و منالّە ساواکانیاندا بکات، و شەڕی کوڕی تیدیوس کە شێتانە شەڕ دەکات و ترس و خۆف دەخاتە دڵی پیاوانەوە، بەتەواوەتی لە شاری ئیلیون دووربخاتەوە، ئەوا لە پەرستگەکەی خۆیدا دوانزە گوێرەکەی یەکساڵەی، کە نەقیزەیان بەرنەکەوتبێ، بۆ دەکەی بەقوربانی. دەی ئێوە بڕۆن بۆ پەرستگەکەی ئەتینا، منیش دەچم باریس دەدۆزمەوە و ئەگەر بەقسەم بکات هەندێ ئامۆژگاری دەکەم. هێڤیخازم زەوی بقلّەشێ و قووتی بدات، زیوس بۆی پەروەردەی کردووە تا ببێ بەبەڵای تەروادەییەکان و بریام و کوڕانی بریام، خۆزی دەچووە دۆزەخ و هەنگێ دڵم ئیسراحەتی دەکرد."

(٢٨٦) دایکی چووە ماڵەوە و بانگی لە کارەکەرەکانی کرد کە بەناو شار بکەون و سەرە ژنان لە هەر چوار نکالی شارەوە خڕ بکەنەوە، بەخۆیشی دابەزییە خوارەوە بۆ ژوورە بۆنداڕەکەی خۆی، کە لە قاتی خوارەوەی قەسرەکەدا بوو، کە لەوێ سەرپۆشی گوڵدۆزی و گوڵاڤدونی دەستکردی ژنانی سیدونی هەڵگرتبوو، کە ئەلکساندەر لەو سەفەرە دەریاییەیدا کە هیلینی هەڵگرتبوو، بۆی هێنابوو. هیکۆبا یەکێك لە جوانترین ئەو سەرپۆشە بەنەخش و نیگارانەی هەڵبژارد تا بیکاتە دیاریی دەستی بۆ ئەتینا، سەرپۆشەکە وەکو ئەستێرە دەدرەوشایەوە، و کەوتبووە ژێر سەرپۆشەکانی دیکەی ناو سەندوقەکەوە. بەو سەرپۆشەوە هیکۆبا کەوتە ڕێ و ژمارەیەکی زۆر لەسەرە ژنان بە پەلە کەوتنە شوێنی.

(٢٩٧) کە گەییشتە پەرستگەکەی ئەتینا، تیانۆی جوان، کیژی کیسیوس و ژنی ئەنتینور، دەرگاکانی بۆ کردنەوە، چونکە تەروادەییەکان بەراهیبەی پەرستگەکەیان دانابوو. ئیدی ژنەکان هەموو پێکەوە و بەدەنگی بەرز دەستیان بۆ خواوەند بەرزکردەوە. (تیانو)ش سەرپۆشەکەی برد و دای بە ئەژنۆکانی ئەتینادا، و کڕنۆشی بۆ کیژەکەی زیوسی شکۆمەند برد و لەبەری پاڕایەوە.

(٣٠٥) هاواری کرد: ئەی ئەتینای موبارەك، ئەی پاسەوان و پارێزەری شارەکەمان، ئەی خواوەندە بەتواناکە، نێزەکەی دیومیدس بشکێنە، کارێکی وا بکە بەخۆی لەبەر دەروازەکانی سکاینی دا بکوژرێ. ئەگەر تۆ بەزەییت بەشارەکەدا بێتەوە و ڕوحم بەژنانی تەروادەیی و منالّە ساواکانیاندا بکەی، دوانزە گوێرەکەی یەك ساڵەت، کە نەقیزەیان بەرنەکەوتبێ، لە پەرستگەکەی خۆتدا بۆ دەکەم بەنەزر و قوربانی." بەو جۆرە نوێژی کرد و پاڕایەوە. بەڵام ئەتینا نوێژەکەی قەبوڵ نەکرد.

(٣١٢) لەو دەمەدا ئەوان خەریکی نوێژ و پاڕانەوە بوون لە کێژی زیوس، هیکتۆر بەرەو کۆشکە بەردینە جوانەکەی ئەلکساندەر (باریس) وەڕێکەوت، ئەو کۆشکەی ئەلکساندەر بەخۆی بەکۆمەکی باشترین بەناکارانی تەروادەیی ئەو زەمانە دروستی کردبوو. جا ئەوانە هۆڵێك، ماڵێك، حەوشەیەکیان لە نزیکی کۆشکەکەی بریام و هیکتۆردا، کە کەوتبووە سەرووی شارەوە بۆ دروست کردبوو. هیکتۆر بەخۆ و نێزە یازدە گەزییەکەیەوە وەژوور کەوت، و نووکی نێزەکەی لە پێشیەوە دەبریقایەوە، ئەڵقەیەکی زێڕ بەدەسکەکەیەوە بوو. سەیری کرد ئەلکساندەر (باریس) لە ژوورەوەیە و خەریکی سوپەر و زرێکەیەتی، کەوانە چەماوەکەی چاك دەکات. (هیلین)ی ئارگوسیش لەوێ بوو ئەمری بەکارەکەر و قەرەواشەکانی دەکرد.

کە هیکتۆر، ئەلکساندەری بینی بەسەرزەنشتەوە پێی گوت: "ئەی نەگبەتی چارەڕەش، تۆ هیچ باش ناکەی کە ئەم ڕقە لە دڵی خۆدا پەروەردە دەکەیت. قەومەکەت لە دەوری شار و قەڵا بەرزەکانیا سەرگەرم و ماندووی شەڕ و هەنگامەن، بەهۆی تۆوە ئاگری شەڕ لە چواردەوری شار هەڵگیرساوە، هەقی ئەوەت نییە گەر بەڕێکەوت کەسێك بدینی ڕەخاوەتی لەم شەڕە دزێوە بکات، لێی توڕە بیت. تازووە فریاکەوە، دەنا شارەکە دەبێ بەخۆراکی ئاگر."

(٣٣٢) ئەلکساندەر (باریس) وەڵامی دایەوە: "ئەی هیکتۆر تۆ گلەییم لێدەکەی، ڕەنگە هەقی خۆت بێ، بەڵام گوێ بگرە و باوەڕم پێ بکە، دڵنیابە من لە ڕقی تەروادەییەکان خۆم نەخزاندوەتە ماڵەوە، من غەرقی خەمی خۆمم. تۆزێ لەمە پێش ژنەکەم بەقسەی خۆش هێوری دەکردمەوە و دەیگوت کە بچم بۆ شەڕ، پێم گوت باشترواید بڕۆم بۆ شەڕ، بەمە وڕەی دۆستان و یاران بەرز دەبێتەوە. جا چاوەڕوانم بکە با زرێکەم لەبەر بکەم، یان حەزەکەی تۆ بڕۆ و منیش بەدواتا دێم، دڵنیابە کە دێم."

(٣٤٢) هیکتۆر هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. هیلین ویستی دڵخۆشی بداتەوە. گوتی: ئەی برا، ئەی شووبرای لەدڵدا ئازیزم، لە دڵی منی هەڵەکاری بێزەوەر و بێزراو، کاشکێ ئەو ڕۆژەی کە دایکم منی بوو، باهۆز و گێژەڵوکەیەك هەڵیدەکرد و بۆ سەر چیایەکی دەبردم یان

(٣٤٨) دەیدامە دەم شەپۆلی خرۆشاوی دەریایەکەوە و شەپۆلان بۆ دووری دووریان بردبام و نەبوومایەتە مایەی ئەم هەموو ئازار و مەینەتیانە. یان وەکو خواوەندان ئەم هەموو ئازار و مەینەتی و هەڵە و پەڵەیەیان لە چارەنووسیم، بریا ژنی پیاوێکی باشتر دەبووم، پیاوێ کە لۆمە و گازاندە و توڕەبوونی پیاوان کاری تێبکردایە. ئەم پیاوە متمانەی بەخۆی نییە، و هەرگیزیش متمانەی بەخۆی نابێ، بێگومان بەری ئەم خەمساردی و بێ موبالاتیەی خۆی دەدرووێتەوە. ئەی شووبراکەم با لەم قسانە گەڕێین و وەرە تۆزێ لەسەر ئەم کورسییە ڕۆنیشە، و پشوویەك بدە، چونکە هەر تۆی کە باجی هەرزەکارییەکانی منی بێ ئابڕو و حەماقەتەکانی ئەلکساندەر دەدەیت و ئازار و خەم دەچێژیت–زیوس سەرەنجام و چارەنوسێکی خەمناك و گریە ئەنگێزی ئەوتۆی لە چارەنووسیون، کە ببین بەداستانی سەر زاری نەوەکانی ئایندە و بەگۆرانی بەسەرهاتمان بگێڕنەوە.

(٣٥٩) هیکتۆر وەڵامی دایەوە: "ئەی هیلین داوای دانیشتن لە من مەکە، هەرچەند من لە دڵسۆزی تۆ دڵنیام، بەڵام دەرفەتی دانیشتنم نییە، من دڵم لای تەروادەییەکانە، چونکە من لەوێ نەبم زۆر نیگەران و پەرێشان دەبن. بەڵام تۆ گوشار لە مێردەکەت بکە، تا پەلە بکات و بەرلەوەی لەشار دەربچم بمگاتێ. دەبێ سەرێکی ماڵی خۆم بدەم و ژنەکەم و کوڕە ساواکەم بدینم، چونکە نازانم کە ئاخۆ جارێکی دی دەگەڕێمەوە بۆلایان، یان خواوەندان دەمکەن بەنێچیری دەستی ئاخییان."

(٣٦٩) هیکتۆر ئەوی بەجێهێشت و بەرەو ماڵی خۆی بەڕێکەوت. (ئەندروماك)ی لە ماڵەوە نەبینی، چونکە لەگەڵ کوڕە چکۆلەکەی و یەکێك لە کارەکەرەکانیا چوو بوو بۆ سەر بورجی شار، و لەوێ بەکوڵ دەگریا. کە هیکتۆر بینی لە ماڵەوە نییە، لە ئەستانەی حەرامسەراکەدا وەستاو گوتی: "ئەرێ ژنان، راستم پێ بڵێن کە ئەندروماك لە ماڵ وەدەرکەوت کێوە چوو؟ ئایا بۆ ماڵی خوشکەکانم یان بۆلای براژنەکانم چووە؟ یان چووە بۆ پەرستگەکەی ئەتینا و لەگەڵ ژنانی دیکەدا لە خواوەندی ترسناك دەپاڕێنەوە تا سۆزی ببزوێ و دڵەی ڕەقی نەرم بکەن؟"

(٣٨١) کارەکەرباشی ماڵەکە کە ژنێکی چەڵەنگ و کارزان بوو وەڵامی دایەوە: "ئەی هیکتۆر، تۆ کە داوام لێدەکەی ڕاستیت پێ بڵێم، ئەوا بزانە کە نە بۆلای خوشکەکانت چووە و نە بۆلای براژنەکانت، و نە بۆ پەرستگەی ئەتینا، تا لەگەڵ سەرەژنانی تەروادەییدا لە خواوەندی ترسناك بپارێتەوە و دڵی نەرم بکات، چووە بۆ سەر بورجە بەرزەکەی ئیلیون (تەروادە)، کە بیستی تەروادەییەکان لە حاڵی شکست و پاشەکشەدان، و ئاخییەکان لە هەڕەتی و ڕەبەرزی و هێرشدان، ئیدی خۆی پێنەگیرا و بەپەلە چوو بۆ سەر بورجەکە و دایەنەکەش منداڵەکەی بۆ هەڵگرت و بەدووی کەوت.

(٣٩٠) دوای ئەوەی کارەکەرباشیەکە لە قسەکانی بووەوە، هیکتۆر بەپەلە لە ماڵ وەدەرکەوت، بەهەمان ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە، کە بەناو شارا ڕەت بوو و گەییە ئەو دەروازانەی کە بەسەر دەشتەکەدا دەکرانەوە، ئەندروماکی خێزانی بەڕاکردن بەرەو پیری هات، ئەندروماك کیژی (ئیتون)ی شکۆمەند بوو، ئەو ئیتونەی کە لە بناری چیای بلاکوس)ی چڕە دارستان و بێشەدا حوکمڕانی تیبەی دەکرد و پاشا و فەرمانڕەوای کیلیکیەکان بوو. کیژەکەی شووی بەهیکتۆر کرد، جا ئێستا ئەو کیژە دەگەڵ دایەنەکەیدا کە منداڵە ساواکەی بۆ هەڵگرتبوو، بەپەلە بەرەو پیری هیکتۆری مێردی دەهات. دایەنەکە منداڵەکەی بۆ هەڵگرتبوو، منداڵە خۆشەویستەکەی هیکتۆر کە وەکو ئەستێرە دەدرەوشایەوە. هیکتۆر پێی دەگوت سکاماندریوس، بەڵام خەڵکی پێیان دەگوت ئەستیاناکس، واتە پاسەوانی شار، چونکە هیکتۆر بەتەنیا پاسەوانی تەروادەی دەکرد. هیکتۆر بەدەم زەردەخەنەیەکی کەپ و بێدەنگەوە ڕوانییە منداڵەکەی. ئەندروماك بەگریانەوە لێی نزیك بووەوە، دەستی گرت. گوتی: "ئەم جورئەت و ئازایەتییە بەرەو مەرگت دەبات، بیر لە منداڵە ساواکەت، لە منی بەدبەخت بکەوە کە بەو زووانە بێوەژن دەکەوم–چونکە ئاخییەکان کە زۆرت لێ پڕن، دەستبەردارت نابن و دەتکوژن.جا من بەر لە تۆ بمرم باشترە، چونکە لەدوای تۆ هیچم بۆ نامێنێتەوە خەم و پەژارە نەبێ. خۆ داك و بابم نەماون. بابم، لەلایەن ئەخیلەوە کاتێ کە پەلاماری تیبەی شارە جوانەکەی کلیلیەکانی داو وێرانی کرد، کوژرا. ڕاستە

ئیتونی کوشت، بەلام تەدارەك و تاقمەکەی لێ دانەمالّی، واتە تەوهینی نەکرد، بەتەدارەك و تاقمەکەیەوە سوتاندی و لە خۆلّەمێشەکەی خۆیدا گۆڕی نا، و پەرییانی کۆسارانیش، کیژانی زیوسی قەلّغاندار، دارستانێکیان لە سپیدار لەسەر گۆڕەکەی چاند. حەوت برایەکەشم، لە هەمان ڕۆژدا هەواڵەی ئەو دنیا، کران، ئەخیل بەدیار مەڕ و مالاّتەکانیانەوە کوشتنی. دایکیشم کە شازنی هەموو خەڵکی قەڵەمڕەوی بناری چیای بلاکوس بوو، ئەویشی لەگەڵ دەستکەوتەکانی دیدا بۆ ئێرە هێنا، و بەسەربەهایەکی مۆڵ و فرە ئازادی کرد. کەچی "ئارتیمیس"ی کەواندار، لە ماڵەکەی بابیا کوشتی. جا هیکتۆر ئێستا تۆ بۆ من لە جێی باب، داك، و برایت، و مێردی بوێر و جەنگاوەری منی. کەواتە بەزەییت پێمدا بێتەوە،

(٤٢٩) لێرە و لەسەر بورجەکە وەمێنە، تا کوڕەکەت بێ باب و ژنەکەت بێ مێرد نەمێننەوە. سوپاکەت لە دەوروبەری بنە هەنجیرە کێوییەکە مۆڵ بدە، چونکە ئەوێ خاڵی لاوازی شارە و بورجەکە لەو قۆڵەوە پەلامار دەدرێ، ئەوێ قایم بگرن. ئازاترین جەنگاوەرانی ئاخیایی سێ جاران لەو شوێنەوە هێرشیان هێنا، بەسەرپەرشتی هەردوو قارەمان "ئیاس" و ئیدومینوسی شکۆمەند و کوڕانی ئەتریوس، و کوڕە ئازاکەی تیدویوس هێرشیان هێنا، جا یا بەخۆیان هەستیان بەلاوازی ئەو قۆڵە کردبوو، یان فاڵبین و ڕازگۆیان ڕێنوێنییان کردبوون."

(٤٤٠) هیکتۆر وەڵامی دایەوە: "هاوسەرە ئازیزەکەم، بیرم لەهەر هەموو ئەمانە کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر وەکو ترسنۆکێکی خوێڕی خۆ لەشەڕ بدزمەوە بە چ ڕوویەکەوە تەماشای تەروادەییان، پیاوان و ژنانی تەروادەیی بکەم؟ غیرەتم ئەوە قەبوڵ ناکات، چونکە من فێری ئەوەم کە هەمیشە و بێ ترس لە سەنگەری پێشەوەی تەروادەییەکاندا شەڕ بکەم و تا ناو ناوبانگی باوانم و خۆیشم بپارێزم. من زۆر چاك لام عەیانە و دەزانم ڕۆژێ دێت تەروادە وێران دەکرێ و بەسەر بریام و گەلی بریامدا دەڕوخێنرێ، بەڵام من خەمی کەسم نییە، نە خەمی هیکوبامە و نە بریام شاو نە برا زۆر و ئازاکانم کە بەبەرچاوی دژمنەکانیانەوە دەکوژرێن– نا من خەمی هیچ یەکێك لەوانەم نییە، بەڵکو خەم و پەژارەی تۆمە، خەمی ئەو ڕۆژەمە کە یەکێك لە ئاخییەکان دیلت دەکات، بۆ هەتا هەتایە ئازادیت لێ دەستێنێ و بەدەم گریانەوە دەتبات، بۆ دووری دوورت دەبات. بۆ(ئارگوس)ت دەبات، لەوێندەر بەفەرمانی خانمەکەت بەسەر خەڕەکانەوە دابنەویتەوە، یان ئاوت لە کانی و سەرچاوەکانی میسیس و فیبیریاوە پێ بێنن و لەلایەن ئاغاکەتەوە مامەڵەیەکی خراپت لەگەڵ بکرێ، هەنگێ ئەوانەی کە دەت بینن فرمێسك دەبارێنی دەڵێن: "ئەوە ژنەکەی هیکتۆرە، ئەو هیکتۆرەی لە شەڕی قەڵاکانی تەروادەدا لە هەر هەموو تەروادەییەکان ئازاتر بوو." کە گوێت لەو قسەیە دەبێ هەنگێ فرمێسکت تازە دەبێتەوە و خەفەت بۆ پیاوێکی وەکو من دەخۆیت کە لە ژیانا نیم تا فریات بکەوم لە دیلی و یەخسیریت ڕزگار بکەم. بۆیە هێڤیخازم بمرم و لە گۆڕ بنێرم، بەر لەوەی تۆ بەئەسیری ببەن و گوێم لە فریاد و هاوارت بێ."

(٤٦٦) هەنگێ باوەشی بۆ منالّەکەی گرتەوە، بەڵام منالّەکە گریا و خۆی بەباوەشی دایەنەکەیەوە قرساند، لە دیمەنی بابی و سپەرەکەی ترسا، لەو ڕیشوانە ترسا کە بەکلاّوخودەکەیەوە

شۆڕبووبوونەوە. بابی پێکەنی و دایکی بەدەم ڕوندك ڕشتنەوە بزەیەکی کرد، هیکتۆر کلاوخودە بریقەدارەکەی داکەند و لە عاردی دانا. ئەوسا منالّە ئازیزەکەی لە باوەش گرت،

(٤٧٤) ماچی کرد و لە باوەشیا ڕایژەند و ڕووی کردە دەرگای زیوس و خواوەندەکانی دیکە و بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: "ئەی زیوس، ئەی گەلی خواوەندان، کارێکی وەها بکەن کە ئەم کوڕەی من وەکو خۆم دەربچێت، لەنێو هەموو تەروادەییەکاندا بدرەوشێتەوە، ببێ بەسەردار و سەرئامەد هەمان هێز و توانای منی هەبێ، تاوەکو خواوەندان، بەشایستەی خۆی فەرمانڕەوایی ئیلیون (تەروادە) بکات، بەو ڕادەیەی کە هەر کەسێك بینی لەشەڕ دەگەڕێتەوە بڵێ "ئەم کوڕە گەلەك لە بابی هەژی تڕە." کارێکی وەها بکەن کە لە شەڕ دەگەڕێتەوە تەدارەك و تاقمی خوێناوی ئەو کەسانەی کە لە شەڕدا کوشتوونی لەگەڵ خۆدا بێنێتەوە و دڵی دایکی تەژی شادی و خۆشی بکات."

(٤٨٢) ئەوەی گوت و منداڵەکەی خستە باوەشی دایکییەوە، کە لە هەمێزە گەرمەکەی گرت و بزەیەکی گریان ئامێزی بۆ کرد. کە مێردی بەو ئاوایەی بینی دڵی بۆی سوتاو بەدەستی نەوازشی کرد و گوتی: "ئەی هاوسەرەکەم، تکایە دڵی خۆت زۆر تەنگ مەکە، تا ئەجەلم نەیەت کوڕ نییە بتوانێ بمکوژێت، بەڵام مرۆڤ کە ئەجەلی هات، ئازا بێ یان ترسنۆك، هەر دەبێ بمرێ و لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە ئەمەی لە چارە دەنووسرێت. بچۆوە بۆ ماڵێ، و خەریکی کاری ڕۆژانە و خەڕەك وتەشی خۆت بەو کارەکەرەکانت ئاڕاستە بکە و هەڵیانسوڕێنە، شەڕ و جەنگ ئیشی پیاوانە، ئەرك و ئیشی منە بەر لەهەر تەروادەییەکی لە دایك بووی ئیلیون (تەروادە)."

(٤٩٤) کلاوخودە ڕیشودارەکەی لە عاردی هەڵگرت، ژنەکەی بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەدەم ڕێوە ناوەناوە ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە و بەکوڵ دەگریا. کە گەییشتەوە ماڵێ، کارەکەرەکان هەموو لەوێندەر بوون، داوای لێکردن لەگەڵی بگرین، بەزندوویەتی شین و شەپۆڕیان بۆ هیکتۆر لە ماڵەکەی خۆیدا گەرم کرد. چونکە پێیان وابوو جارێکی دی نای بیننەوە و لە دەستی ئاخییە دڕندەکان دەرباز نابێ و بەسەلامەتی لەشەڕ ناگەڕێتەوە.

(٥٠٤) باریس زۆر لە ماڵەوە ماتەڵ نەبوو. زرێکەی لەبەرکرد و بەپەلە بەناو شارکەوت. وەکو ئەسپێکی بەستراوەی تێر ئاڵف، کە بەربێ و بەڕەوتە بکەوێتە دەشت و خۆی بۆ ڕوبارێکی سازگار بکوتێ کە مەلەی تیا بکات و خۆی فێنك بکاتەوە –گەردنی هەڵبڕێ و یاڵەکەی بەسەر شان و ملیا سەما بکات و بەهێز و شنگی خۆیەوە بنازێ و وەکو با بەڕەو پاوەنی ماینان بفڕێت–

(٥١٢) باریسی کوڕی (بریام)ش بەو ئاوایە لە چیا بەرزەکەی برگاموسەوە داگەڕا، سپەر و تەدارەکەکەی لەژێر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە. بەپەلە ڕێی دەکرد و شادمانی و پێکەنینی لێدەباری. دوای تۆزێك گەییە هیکتۆری برای کە لەو شوێنە دوور دەکەوتەوە کە قسەی لەگەڵ ژنەکەیدا کرد. ئەلکساندەر (باریس) لە پێشا قسەی کرد، و گوتی: "دەترسم بەخاوە خاوی خۆم ماتەڵم کردبی، و زۆرت چاوەڕوان کردبم، تۆ پەلەتە و منیش لە مەوعیدەکەی تۆدا هاتم."

(٥٢٠) هیکتۆر وەڵامی دایەوە: "ئەی برا باشەکەم، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە مەردانە شەڕت کرد، بەڵام تۆ کەسێکی خەمسارد و کەمتەرخەمی. زۆرم پێ ناخۆشە کە گوێم لە تەروادەییەکانە زەمی تۆ دەکەن، ئەو تەروادەییانەی کە ئەم هەموو دەرد و مەینەتییە لە ڕای تۆدا دەکێشن. با جارێ بڕۆین، دوایی ئەم شتانە چاك دەکەین، ئەگەر زیوس بەقسمەتی کردین، و ئاخییەکانمان لە تەروادە وەدەرنا لە ماڵەکانی خۆمانا، و بەخۆشی خواوەندانی ئاسمان بادەی ڕزگاری هەڵدەین و ڕێزیان لێ بگرین و ستایشیان بکەین.

سروودی حەوتەم

دوئێلی نێوان ئەجاکس و هیکتۆر

حیکایەتەکە:

هیکتۆر و باریسی بڕای لە شار وەدەردەکەون و باس و تەگبیری شەڕەکە دەکەن. چی وای نەمابوو شەڕەکە هەڵگیرسێت، کە ئەتینا هەستی بەمەترسی تەروادەییەکان لەسەر ئاخییەکان کرد، بۆیە لەگەڵ ئەپولۆی برایدا ڕێکدەکەون کە شەڕەکە و هەڵبەتە ڕوخانی تەروادەش بۆ کاتێکی دی دوابخرێ، چونکە وا نەبێ ئاخییەکان وێران دەبن. ئیدی ئیلهام دەدەنە (هیلینوس)ی فاڵبین کە گوایە خواوەندان حەز دەکەن هیکتۆر گەلەکەی لەم شەڕە دژوارە دوور بخاتەوە و داوای دوئێلی دوو قولی لەگەڵ بەهێزترین قارەمانی یۆنانیدا بکات. ئەوە بوو چووە پێشێ و داوای کرد قارەمانێك بێتە مەیدانی دوئێل لەگەڵیا، ئەگەر سەرکەوت ئەوا جەنازەکە دەداتەوە بەجماعەتی کوژراوەکە و دەبێ یۆنان دەستبەرداری تەروادە ببێ، خۆ ئەگەر دۆڕاش ئەوا جەنازەکەی بدرێتەوە بەخەڵکی تەروادە و یۆنان هیلین و سەروەت و سامانە زۆرەکەی لەگەڵ خۆدا ببنەوە و بڕۆن. کاتێ جارچی جارِ دەدا و داوا دەکات ئاخییەکان جەنگاوەرێکی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکەن، هەموو بێدەنگ دەبن و کەس ناچێتە پێشێ. مینیلاوس هەڵدەستێ و سەرزەنیشتیان دەکات و دەڵێت بەخۆی دەچێتە دوئێلی هیکتۆر. شا ئاگامەمنونی برای خێرا دەچێ بۆلای و داوای لێدەکات بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، چونکە کەس قەوەتی هیکتۆری نییە، تەنانەت (ئەخیل)ش. ئیدی نۆ پاڵەوانی یۆنانی ڕادەبن، و داوەر هەڵدەستێ و تیروپشکیان لەنێواندا دەکات و پشکەکە بەر ئەجاکس (ئەیاس) دەکەوێ، کە ئەمە تەمەنای هاوڕێکانیشی بوو. دوئێلێکی سەخت لەنێوان هەردووک قارەماندا ڕوودەدات و بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێك شەویان بەسەدا دێت و لێکیان جیادەکەنەوە، لێرەدا هیکتۆر دان بەپاڵەوانێتی ئەجاکس دا دەنێت و وەکو عادەتی سوارچاك و پاڵەوانان دیارییەکی پێشکەش دەکات، هەروەها (ئەجاکس)ش دیارییەك بەو پێشکەش دەکات. نەستور پێشنیاز دەکات کە شەڕ بوەستێ تا هەردوولا کوژراوەکانیان دەنێژن. ئەنیتۆر لەبەرەی تەروادەییەکان پێشنیاز دەکات کە هیلین بەخۆ و سەروەت و سامانەکەیەوە تەسلیم بکرێتەوە تا ئەم شەڕە بڕێتەوە، پاریس بەتەسلیم کردنەوەی هیلین ڕازی نابێت، بەڵام بەتەسلیم کردنەوەی سەروەت و سامانەکەی قایل دەبێت و بگرە بەڵێن دەدا کە لە سەروەت و سامانی تایبەتی خۆیشی بخاتە سەر. قاسیدێك بەفەرمانی بریام دەڕوات و گریکەکان لە پێشنیازەکەی باریس ئاگادار دەکاتەوە

و داواشیان لێدەکات کە ماوەیەک شەڕ ڕابگیرێ تا مردووەکان بنێژرێن و ڕێوڕەسمی پیرۆزیان بۆ ئەنجامبدرێ. چی وای نەمابوو ئەنجومەنی بالای گریکەکان بەپێشنیازەکەی باریس ڕازی بێ، بەڵام مینیلاوس ڕەفزی کرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ (هیلین)ی ژنی لەگەڵ سەروەت و سامانەکەیدا بێ. بەڵام پێشنیازی هودنەکە، ئەنجومەن لەسەری ڕازی دەبێت، بەڵام سەبارەت بەڕێکەوتنی ئاشتی دیومیدس ڕەفزی دەکات و دەڵێت تەرواده لە ڕوخاندایە، پێویست بەوە ناکات دوای ئەم هەموو ساڵە دوور و درێژە بێ دەستکەوت بگەڕێینەوە. پێشنیازێکی دیکەش کە هی گریکەکان بوو لە ئارادا بوو کە گردولکەیەک بۆ ناشتنی مردووەکان دروست بکرێ و شورەیەکی بەدەورا بکێشن تا لە هەموو پەلامارێکی تەروادەییەکان بەدوور بن و دەروازانی هەبێ بۆ دەرهێنانی عەرەبانەکان، و هەروەها خەنەکێک لە دیوی دەرەوەدا بەدەوری شورەکەدا لێ بدرێ. و شەو بەخواردن و خواردنەوەوە بەسەر بەرن، بەڵام لە کۆڕی خواوەندانداا بوسیدون، زیوس ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوانە بەبێ ناوهێنانی خواوەندان بادە دەنۆشن، ئەویش سەرکۆنەیان دەکات، خێرا قوربانی پێشکەش دەکەن و لێی دەخەون.

زەمەن:

دوئێلی نێوان هیکتۆر و ئەجاکس (ئەیاس) لە کۆتایی ڕۆژی بیست و سێیەمدا ڕووەدات، و لە ڕۆژی بیست و چوارەمدا هودنە دەبەسترێ، و لە ڕۆژی بیست و پێنجەمدا مردووەکان دەنێژن و لە ڕۆژی بیست و شەشەمدا شورە و حەسار دروست دەکەن و خەنەک لێدەدەن.

شوێن:

دوای دەرچوونی هیکتۆر لە شار، واریقاتی ئەم سروودە لە دەشتەکەی نێوان کەشتیگەلی گریکەکان و شاری تەروادەدا ڕووەدا.

(١) هیکتۆر بەدەم ئەو قسانەوە لە دەروازەی شار وەدەرکەوت، ئەلکساندەری براشی بەگەڵی کەوت، هەردوکیان تامەزرۆی شەڕ بوون. وەکو چۆن ئاسمان شنە بایەکی خۆش بۆ کۆمەڵێک دەریاوانی چاو لەڕێی ئەو بایە، نائومێد و ماندووی دەستی سەوڵ لێدان، دەنێرێ و دەبوژێنەوە، تەروادەییەکانیش بەو ئاوایە بەردەکەوتنی ئەو جووتە قارەمانە کە چاویان لە ڕێیان بوو، شادی و ئومێدیان تێکەوت.

(٨) ئەوە بوو ئەلکساندەر ،(مینیستیوس)ی کوڕی ئەرتیوسی کوشت، مینیستیوس لە ئەرنی دەژیا، ئەمە کوڕی ئەریتوسی هەڵگری گۆچانی فەرمانڕەوایی بوو لە فیلومیدوسا. هیکتۆریش نێزەکەی هاویشت و ڕێک بەر ملی ئیونیوس لەژێر قەراخی کلاوخودە بڕۆنزییەکەوە کەوت و کوشتی. هەروەها گلوکوسی کوڕی(هیبولوخوس)ی ڕابەری لیسیان–ش لە نزیکەوە لەگەڵ ئەفینوسی کوڕی دیکسیوس دا بەشەڕ هات و لەو دەمەدا کە دوای ئەسپە خۆشپەزەکانی کەوتبوو و خۆی هەڵدەدایە سەر عەرەبانەکەی، نێزەیەکی خێواندێ و شانی دیوا و دەرکرد، و لە عەرەبانەکە کەوتە خوارەوە و خاو بووەوە و گیانی دەرچوو.

(١٧) بەڵام کە ئەتینا سەیری کرد ئەو پیاوانە ئارگۆسییەکانیان شپرزە کردوە، لە لوتکە بەرزەکانی ئۆڵەمپەوە بەرەو ئیلیون داگەڕا، ئەپولۆ کە لە چیای برگاموسەوە چاودێری دەکرد و

حەزی بەسەرکەوتنی تەروادەییەکان هەبوو، بەرەو پیری هات. لەنك دار بەڕووەکە یەکیان گرت، ئەپولۆی کوڕی زیوس لە پێشا قسەی کرد، گوتی: "ئەی کیژی زیوسی شکۆمەند، خێرە بەم پەلەپەلە لە ئۆڵەمپەوە هاتوی، ڕوحی لەخۆباییت بۆچی ناردوی؟ بۆ ئەوەی تای تەرازووی سەرکەوتن بەلای ئاخییەکاندا قورس بکەی، هیچ بەزەییەکت بەتەروادەییەکاندا نایەتەوە؟ ئەگەر بەقسەی من دەکەی وا باشترە ئەمڕۆ شەڕەکە ڕابگرین، و دوایی شەڕەکەیان لێ تازە بکەوە تا دانایەکان تەروادە وێران دەکەن، مادامێکی ئێوەی خواوەندانی نەمر پێتان خۆشە ئەم شارە وێران ببێ!"

(٣٣) ئەتینا وەڵامی دایەوە: "با قسەی تۆ بێ، ئەی نێزە ئەندازی دوورهاوێژ، منیش هەر بەو مەبەستە لە ئۆڵەمپەوە هاتمە خوارێ بۆ ناو تەروادەیی و ئاخییەکان، بەڵام پێم بڵێ بزانم چۆن ئێستا ئەم شەڕە گەرمە ڕادەگریت؟"

(٣٧) ئەپولۆی کوڕی زیوس وەڵامی دایەوە: "با هیکتۆری مەزن دندە بدەین و داوا بکات یەکێك لە دانایەکان بێتە مەیدان و دوئێلی دوو قۆڵی بکەن، ئەوسا ئاخییەکان لە ڕوو دادەمێنن و جەنگاوەرێکی ڕووبەڕوو دەکەنەوە."

(٤٣) ئەتینا سەرکەوتەوە بۆ ئۆڵەمپ. هیلینوسی کوڕی بریام نەخشە و پلانی خواوەندەکانی زانی، بۆیە چوو بۆلای هیکتۆر و گوتی: "ئەی هیکتۆری کوڕی بریام، ئەی ئەو کەسەی لە زانایی و هۆش و ئاقڵدا هاوتای زیوسی، من برات با قسەت بۆ بکەم.داوا لە تەروادەیی و ئاخییەکان بکە هەموو لە جێی خۆ دانیشن، و بەخۆت داوا بکە کە ئازاترین پیاوی ئاخییایی بێتە مەیدانت و شەڕی تەن بەتەنی لەگەڵ بکە. برایەکەم من بەخۆم گوێم لە دەنگی خواوەندە نەمرەکان بوو، هێشتا ئەجەلت نەهاتووە."

(٥٤) هیکتۆر کە ئەم قسەیەی ژنەوت خۆشحاڵ بوو، چووە بەردەم تەروادەییەکان و نێزەکەی لە ناوەندەوە گرت و تەروادەییەکانی دایە دواوە، کشانەوە و لە جێی خۆ دانیشتن. هەروەها ئاگامەمنونیش ئەمری بەئاخییەکان کرد کە دانیشن. ئەتینا و ئەپولۆ)ش لە شێوەی دوو داڵدا لەسەر دار بەڕووە ئازیزەکەی زیوسی بابیان هەڵنیشتن، بەدیمەنی جەنگاوەرەکان خۆشحاڵ بوون، جەنگاوەرەکان زۆر بەنزیکی بەرانبەر بەیەك دانیشتبوون، و هەموو لە سپەر و کلاوخود و نێزە و ڕماندا دەبریسکانەوە، وەکو چۆن شەپۆلە بای دەبور هەڵدەکاو لەڕووی دەریا دەدا و ئاوەکەی تاریك و مەنگ دەنوێنێ، سوپای تەروادەیی و ئاخییانیش بەو ئاوایە لە دەشتەکەدا دانیشتن. هیکتۆر ڕووی کردە هەردوو سوپاکە و گوتی:

(٦٧) گوێ بگرن ئەی تەروادەیی و ئاخییەکان، من قسەی کانگەی دڵی خۆمتان بۆ دەکەم. وادیارە زیوس لە عەرشی بالای خۆیەوە نەزر و نیازەکانی قەبوڵ نەکردوین، و ئیدی نەگبەتی هەردوولای گرتووین، و گەییشتوینەتە حاڵێك یان دەبێ قەڵاکانی تەروادە وێران بکەین، یان دەبێ لەلای کەشتییەکانتانا شکست بێنن و ببەزن. جا ئێوە لەناو خۆتاندا جەنگاوەرانێکتان هەن کە لە هەر هەمووتان ئازاترن،

(٧٣) جا با یەکێك لەو ئازایانە، ئەوەی لە خۆی ڕادەبینێ، بێتە مەیدان و وەکو قارەمانی ئێوە ڕووبەڕووی هیکتۆری شکۆمەند ببێتەوە.. ئەمە پێشنیازی منە و با زیوس"مان لە بەینا بێ: ئەگەر قارەمانەکەی ئێوە منی کوشت، با تەدارەك و سپەرەکەم لێ داماڵێ و ببا بۆ کەشتییەکانتان، بەڵام با جەنازەکەم بداتەوە بەوڵاتەکەم تا تەرواەییەکان و ژنانی تەروادەیی بەئەرکی خۆ هەستن و لە مردنمدا ئاگرێکی وەهام بۆ بکەنەوە کە شایستەی من بێ.بەڵام ئەگەر ئەپولۆ دەستی دام و من قارەمانەکەی ئێوەم کوشت، ئەوا تەدارەکەکەی لێ دادەماڵم و بۆ شاری ئیلیونی دەبەمەوە، لەوێ لە پەرستگەکەی ئەپولۆدا هەڵیدەواسم، بەڵام جەنازەکەیتان دەدەمەوە تا ئاخییەکان ببینەوە بۆ لای کەشتییەکانیان و لەوێ بینێژن و لە نزیکی ئاوی هیلیسبونتدا گۆڕێکی بۆ هەڵبەستن. تا ئەگەر یەکێك بەکەشتییەکەی بەوێدا، بەدەریای تاریکی هاوڕەنگی خڵتەی شەرابدا تێپەڕی بڵێ: "ئەمە گۆڕی پیاوێکە لە مێژە مردووە.. ڕۆژێ لە ڕۆژان، کە لە هەڕەتی ئازایەتی و جەنگاوەرێدا بوو، هیکتۆری شکۆمەند کوشتی." ڕۆژێ دێ یەکێك وا دەڵێت، و بەو جۆرە ناوبانگ و شکۆی من هەرگیز لە بەین ناچێت."

(٩٢) هیکتۆر بەو جۆرە قسەکانی کرد، بێدەنگی و خامۆشی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا، لە ملنەدان شەرمەزار بوون و لە قەبوڵکردنیش دەترسان. سەرەنجام مینیلاوس هەستایە سەر پێیان، و کەوتە سەرزەنشت کردنیان، بەتوڕەبوونەوە هاواریکرد: "مەخابن، ئەی فشەکەرانی بەلاف و گەزاف، ئێوە ژنن نەك پیاو، بەڕاستی ئەگەر یەکێك لە داناییەکان هەر ئێستا ڕانەبێ و ڕووبەڕووی هیکتۆر نەبێتەوە دووچاری شەرمەزاری و نەنگییەکی گەورە دەبین. ئەی کاشکێ هەمووتان لە جێی خۆتانا، لەو شوێنەدا کە بەشەرمەزاری دانیشتوون، ڕوحتان لەبەر دەبڕاو دەبوون بەگڵ و بەئاو. فایدەی نییە بەخۆم دەردەچم و شەڕی تەن بەتەنی ئەم پیاوە دەکەم، و من دەزانم ئەنجام و ئاقیبەتی ئەم شەڕە بەدەستی خواوەندانی نەمرە."

(١٠٣) ئەو قسانەی کرد و جل و تەدارەکی جەنگی لەبەرکرد، بەڵام ئەی مینیلاوس، کاری تۆ بەدەستی هیکتۆر تەاو بوو بوو ئەگەر پاشای ئاخیان هەڵنەستابا و نەیگرتبای. شا ئاگامەمنون دەستی ڕاستی گرت و گوتی: "تۆ شێتی مینیلاوس! ئەم گەوجێتییە لەتۆ ناوەشێتەوە. تۆزێ سەبرت بێ و هەڵمەچۆ، بیر لە شەڕی پیاوێکی لەخۆت بەهێزتر مەکەوە، بیر لە شەڕی هیکتۆری کوڕی بریام مەکەوە، کە زۆربەی جەنگاوەران وەکو تۆ لەبەری دەلەرزن.

(١١٤) تەنانەت(ئەخیل)ش کە لە تۆ بەجەرگتر، دەترسێت بچێتە شەڕی ئەوەوە. بگەڕێوە و لەنێو جەنگاوەرەکانی خۆتدا ڕۆنیشە، ئاخییەکان پاڵەوانێکی دیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی هیکتۆر هەڵدەبژێرن، پێم وایە چەند نەترس و بێباك بێ، چەند تینووی شەڕ و کوشتار بێ، زیاتر بەوە خۆشحاڵ دەبێت کە بحەسێتەوە، ئەگەر لەم شەڕە پڕ کەرب و کین و کوشتارە سامناکە بەسەلامەتی دەربازبێ."

(١٢٠) بەو قسانە قەناعەتی بە براکەی کرد، دەست و پێوەندەکەی کە بەگەڕانەوەی خۆشحاڵ بوون، زرێکەیان لە شانی داکەند. ئەوجا نەستور لەنێو ئارگوسییەکانەوە هەستا و گوتی: "سەد حەیف و مەخابن وادیارە خەمێکی گەورە باڵی بەسەر ولاتی ئاخییاندا کێشاوە. ئێستا ئەگەر

ئەو سوارچاکە پیرە، (بیلیوس)ی شیرەتکار و غەیبگۆی (مەرمیدون)ەکان، لە کونێکەوە چاوی لێدەبوو، یان دەیبیست کە ئارگۆسییەکان چۆن لە هیکتۆر دەترسن؟ ئاخۆ چ شینێکی بۆ خۆی دەگێڕا. ئەو بیلیوسەی جارێکیان لە ماڵەکەی خۆیدا پرسیاری ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئارگوسییەکانی لێکردم، چەند خۆشحاڵ بوو بەزانینی ماڵبات و ڕەگ و ڕەچەڵەك و تۆخم و تۆوی هەر هەموویان.بەڵێ ئێستا ئەگەر بژنەوێ کە نەوە و پاشینەکانی بەو ئاوایە لە بەرانبەر هیکتۆردا ورەیان بەرداوە، بێگومان دەست لە خواوەندان پاندەکاتەوە کە گیانی دەربچێ و بڕوات بۆ هادیس. ئاە! ئەی بابەزیوس! ئەی ئەتینا! ئەی ئەپولۆ! بریا وەکو ئەو کەونە ڕۆژگارانە گەنج دەبووم! ئەو ڕۆژگارانەی کە بیلیان و ئەرکادیان بەڕم و نێزان لە نزیکی ڕوبارە بەخوڕەکەی کیلادون، و لە بن دیوارەکانی فیا و، نزیکی کەنارەکانی ڕوباری ئیاردانوس دا شەڕی یەکتریان دەکرد.. (ئیریوتالیون)ی باڵابەرزی خواوەند ئاسا، پێش ئارکادیەکان کەوتبوو، و سپەرەکەی شا ئەرتیوس–ی دابوو بەشانیا– ئەو ئەریتوس)ەی پیاوان و ژنان حەزیان دەکرد پێی بڵێن "گورزەوان" چونکە نە بەکەوان و نە بەڕمان شەڕی نەدەکرد، بەڵکو بەگورزێکی ئاسنین دەکەوتە سەر لەشکری دژمن، ئەم پیاوە لیکورگوس بەتەڕن کوشتی نەك بەهێزی بازوو، بەفێڵ ڕایکێشایە ناو ڕاڕەوێکی تەنگەبەری ئەوتۆوە کە گورزە ئاسنینەکەی بەکەڵکی هیچی نەدەهات، ئیدی لوکورگوس لە ناغافڵدا پڕی دایێ و ڕمێکی کرد بەنێو قەدیا، و بەپشتا کەوتە سەر زەوی، ئەوسا لوکورگوس تەدارەکی جەنگ و سپەرەکەی کە ئەریسی خواوەندی جەنگ دابوێ– لێ دامالّی و لەوە بەدواوە لە هەموو شەڕێکی قورسدا لەبەری دەکرد، بەڵام کە پیر بوو و کونجی ماڵەوەی گرت، ئیدی دای بەخولّامە دڵسۆزەکەی، دای بەئیریوتالیوس، کە بەو سپەرەوە لەڕووی ئازاترین کەسماندا دەوەستاو تەحەدای دەکرد. کەسێك غیرەت و باشاری ئەوەی نەبوو لە ڕوویا بوەستێ. بەڵام من هەرچەندە لە هەموان بچووکتر بووم کە دیتم کەس خۆی لە قەرەی نادات، غیرەتم جوڵاو چوومە مەیدانی.

(١٥٤) بەڵام کە چوومە مەیدانی، ئەتینا فریام کەوت و سەکەوتم. من ئەو زەلامە زل و زەبەلاح و بەهێزەم کوشت، کە گلاو کەوتە سەر زەوی لایەك لە عاردەکەی داگیرکرد. ئەگەر وەکو ئەو زەمانە گەنج و بەهێز دەبووم، هەنگێ هیکتۆر دەیزانی حەریفی کێیە، کەچی ئێوە، کە خۆتان بەئازاو سەرداری سوپاییان دەزانن، کەستان غیرەتی ئەوەتان نییە بچنە مەیدان و شەڕی هیکتۆر."

(١٦١) ئا بەو جۆرە پیرە پیاو سەرزەنشتی کردن و بەرتانە و تەشەرانی دان، ئیدی یەکسەر نۆ دانە جەنگاوەر هەستانە سەر پێیان. یەکەم کەسیان شا ئاگامەمنون بوو، ئەوجا پاڵەوانی بوێر و جوامێر دیومیدسی کوڕی تیدیوس. لەدووانی ئەوان جووتە ئەجاکس هەستان کە دلێری و ئازایەتی کاڵایەك بوو و بەباڵایان بڕابوو، ئەوجا ئیدومینیوس و میریونیسی هاوڕێی هەستان دوای ئەوانە یوریبیلوسی کوڕی ئیومون و تاوسی کوڕی ئەندریمون هەستان و (ئودیسیوس)ش هەستا. هەر هەموو ئەمانە ئامادەی دوئیلی هیکتۆر بوون، ئەوسا نەستوری سوارچاکی جیرینایی جارێکی دی هاتە قسان و گوتی: "لە بەینی خۆتاندا تیروپشك بکەن، بزانن تیروپشکەکە بەر کێ دەکەوێ، و کێ ئەم شەڕە بەناوی ئاخییان و لەجیاتی ئاخییان دەکات. خۆ

ئەگەر بەسەلامەتی لەم شەڕە دەرباز بێ و بگەڕێتەوە، ئەوا خزمەتێکی باشی خۆی و ئاخییەکان دەکات."

(١٧٥) ئەو قسانەی کرد و ئیدی هەر کەسە و پشکێکی هەڵگرت و نیشانەیەکی خۆی لەسەر دانا و خستییە ناو کلاوخودەکەی ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوسەوە، ئیدی هەموو سوپا دەستەو دوعا دەستیان بۆ خواوەندان هەڵبڕی و چاویان بڕییە ئاسمان و دەیانگوت: "ئەی بابە زیوس، زیۆسا، کارێکی وەها بکە کە پشکەکەی ئەجاکس، یان کوڕی تیدیوس، یان خودی ئاگامەمنون دەربچێ."

(١٨١) لەو دەمەدا کە ئەوان دەپاڕانەوە نەستوری سوارچاکی جرینیایی کلاوخودەکەی باداو ئەو پشکەی لێ کەوتە خوارەوە کە خەڵکەکە تەمەنایان دەکرد –پشکەکە بەر ئەجاکس کەوت. پشکەکەی هەڵگرت و جارچی پشکەکەی هەڵگرت و لە چەپەوە بۆ ڕاست بەسەر سوپاکەیدا گێڕا و پیشانی هەموو سەرانی ئاخیایی دا، کەسیان نەیاننا سییەوە و خۆیان نەکرد بەخاوەنی. تا جارچیەکە گەییە ئاست ئەو پیاوەی کە نیشانەی خۆی پێوە نابوو و خستبوویە کلاوخودەکەوە، گەییە ئاستی ئەجاکس "ئەیاس"ی شکۆمەند، ئەجاکس دەستی دریژکرد و جارچییەکە نزیک بووەوە و پشکەکەی خستە دەستییەوە، ئەجاکس یەکسەر نیشانەکەی خۆی ناسییەوە و لەدڵی خۆیدا خۆشحاڵ بوو. ئەوجا پشکەکەی فڕێدایە بەر پێی خۆی و گوتی: "برادەران، گومان لەوەدا نییە کە ئەم پشکە، پشکەکەی منەو، و من خۆشحاڵم. چونکە من دڵنیام کە هیکتۆری کەڵە پیاو دەکوژم. جا تا من زرێکەم لەبەردەکەم،

(١٩٤) ئێوە لەبەر خۆتانەوە و بەبێدەنگی نوێژ بۆ شا زیوس بکەن، تا تەروادەییەکان ئاگایان لێ نەبێ –یان قەیدی نییە بەدەنگی بەرز بپارێنەوە چونکە ئێمە بەهیچ شێوەیەك ترس و باکمان لە کەس نییە، و کەس نییە بتوانێ بەهێز یان بەکارامەیی و لێهاتوویی بۆڕم پێ بدا و لە مەیدان وەدەرم بنێ، هیچ هێز و کارامەییەك بارتەقای ئەوە ناکاتەوە کە من لە سالامیس لە دایك بووم و گەورە بووم، ئەوەندەش دەست و پێ سپی نیم."

(٢٠٠) ئەو قسانەی کرد، هەموو خەڵکەکە ڕوو لە دەرگای زیوس پاشای کوڕی کرونوس کەوتنە نزا و پاڕانەوە، هەریەکەیان ڕوو لە قوبییەی ئاسمان دەیگوت: "ئەی زیوس، ئەی بابی هەموومان، ئەی ئەوەی لە لوتکەی ئیداوە حوکمدەکەی و ئاگاداری خەڵکیت، ئەی شکۆمەند و ئەی گەورە و بەتواناو هێزمەند، سەرکەوتن بەنسیبی ئەجاکس بکە، کارێکی وەها بکە سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست بێنێ: بەڵام ئەگەر هیکتۆریشت خۆشدەوێ و لە خەمی ئەویش دایت، ئەوا هێز و توانایەکی یەکسان بەهەردوکیان بدە." ئەوان بەو جۆرە لە زیوس دەپاڕانەوە و، ئەجاکس تەدارەکی جەنگی لەبەر دەکرد، کاتێ کە بەتەواوەتی خۆی ئامادەکرد، وەکو ئەریس،ی خواوەندی زەبەلاح و بێ ڕەزای جەنگ، کاتێ بەشداری شەڕێك دەکات کە زیوس لەنێوان دوو کەسدا هەڵیگیرساندبێ –بەو ئاوایە ئەجاکسی بێ ڕەزا، قەڵا و قەڵغانی ئاخییەکان بەدەم بزەیەکی تەڵخەوە و بەدەم نێزە بادانەوە بەرەو پێشەوەهەڵیکوتا. کە ئارگوسییەکان بینیان گەشانەوە، بەڵام تەروادەییەکان دڵیان داخورپا، هەروەها دڵی هیکتۆریش کەوتە پەلەپەل، بەڵام

نەیدەتوانی پاشەکشێ بکات و بگەڕێتەوە ناو ڕیزەکانی پشتییەوە، چونکە ئەو داوای ئەو شەڕەی کردبوو.
ئەجاکس بەمەتاڵەکەیەوە کە لە بورج و قەڵای شارێك دەچوو هاتە بەرەوە، ئەم مەتاڵە وەستا (توخیوس) کە بەناوبانگترین مەتاڵسازی خەڵکی هیلی بوو، بۆی دروست کردبوو، حەوت چینە چەرمی گای قەڵەوی لەسەر یەك دانابوو، و چینی هەشتەمی کردبوو بەبرونز. بەڵێ ئەجاکسی کوڕی فیلامون ئەم قەڵغانەی بەسینگییەوە گرتبوو و دەچووە پێشێ، لە نزیکی هیکتۆردا وەستاو کەوتە هەڕ و گیڤ: "ئەی هیکتۆر، تۆ ئێستا لە شەڕی تەن بەتەندا بەتەواوەتی بۆت دەردەکەوێ کە دانایی‌یەکان چتۆ قارەمانانێکیان تێدایە! تەنانەت دوای تۆرانی (ئەخیل)ش، ئەخیلی دژمن بەزێن، و دڵشێر، کە ئێستا لە ڕقی ئاگامەمنونی سەرداری جەنگاوەران لەنێو دەریادا کونجی کەشتییەکانی گرتووە و هەقی هیچی نییە، بەڵێ تەنانەت بەو حاڵەشەوە زۆر کەسمان هەن کە دەتوانن ڕووبەڕووی تۆ ببنەوە، کەواتە ئەوە عەرز و ئەوە گەز، شەڕ شەڕ."
(٢٣٣) هیکتۆر وەڵامی دایەوە: "ئەجاکس، ئەی زیوس زادە، ئەی کوڕی تیلامون، ڕابەر و سەرداری جەنگاوەران، هەوڵ مەدە وەك ئەوەی منانێکی بێدەسەڵات یان ژنێکی بێ ئاگا لە فەند و فێڵی شەڕ و جەنگان، بخەیتە ترسەوە.
(٢٣٦) من زۆر شەڕی خوێناوی و کوشتارم جەڕباندووە. من دەتوانم سپەرە چەرمییەکەم بەڕاست و بەچەپا وەربگێڕم، و پێم وایە ئەمە کاری سەرەکییە لەشەڕدا. دەتوانم پەلاماری جەرگەی ئەو عەرەبانانە بدەم کە ماینانی خۆشبەز و ڕەهوان ڕایاندەکێشن، دەتوانم لە شەڕی تەن بەتەندا دڵی ئەریسی خواوەندی جەنگ خۆش بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەمانیم لە ناغافلاً جەزرەبە لە کەسێکی وەکو تۆ بدەم –ئەگەر بۆم بکرێ بەئاشکرا و بەبێ تەڕن شەڕی تۆ دەکەم.
(٢٤٤) بەدەم ئەو قسانەوە نێزەکەی لە دەستیا هەڵسەنگاند، نێزە دەرپەڕی سپەرە حەوت چینەکەی بڕی، لە چینە دەرەکییەکەوە –واتە لە چینی هەشتەمەوە کە لە بڕونز چێکرابوو– وە ژوور کەوت و شەش چینی دیکەی سمی بەڵام لە چینی حەوتەمدا وەستا. ئەوجا نۆرە هاتە سەر ئەجاکس (ئەیاس)، نێزەکەی بەر سپەرە بازنەییەکەی کوڕی بریام کەوت.نووکی نێزەکە سپەرە درەخشانەکەی بڕی و لە ناوەوە زرێکەی کە هونەرمەندانە و وەستایانە دروستکرابوو، بڕی، نێزەکە ڕێك لای قەبرغەیەوە زرێکەی دڕی، بەڵام هیکتۆر خۆی لاداو ژیانی خۆی ڕزگار کرد. دوای ئەوە هەردووکیان و لەیەك کاتدا. نێزەکانیان لە سپەرەکانیان دەرهێنا، ئەوسا وەکو جووتێ شێری دڕندە یان دوو بەرازی کێوی بەهێز پەلاماری یەکتریاندا: کوڕی بریام نێزەیەکی کێشا بەناوەندی سپەرەکەی ئەجاکسدا، لێ برونزەکەی نەشکا، و نووکی نێزەکە خوار بووەوە. ئەوجا ئەجاکس ڕاپەڕی و نێزەیەکی کێشا بە سپەرەکەی هیکتۆردا، سپەرەکەی دیوا و دەرکرد، هیکتۆر لارەلاری پێکەوت و ملی بڕیندار بوو، و خوێنێکی تۆخ لە بڕینەکەوە فوارەی کرد، بەڵام هیکتۆر بەو حاڵەشەوە دەست بەرداری شەڕ نەبوو، دانەوییەوە و بەدەستە بەهێزەکانی بەردێکی گەورە و زبری لە عاردەکە هەڵگرت و کێشای بەگۆی سپەرەکەی ئەجاکسدا، ڕێك بەر ناوەندی

سپەرەکە کەوت، برونزەکە هەمدیس زرینگایەوە.(ئەجاکس)ش بەردێکی گەورەتری هەڵگرت کە بە ئەندازەی بەرداشێك دەبوو، بایداو بایدا و تا هێزی تیا بوو کێشای بەسپەرەکەی هیکتۆردا، بەپشتا کەوت و لەژێر سپەرەکەیدا گرمۆڵە بوو.

(٢٧٢) بەڵام ئەپولۆ یەکسەر هەڵیساندەوە، هەردووك جەنگاوەر خەریك بوو بەشمشێران بەردەبوونە وێزەی یەکتری، ئەگەر پەیاماوەرانی زیوس و بەشەران فریا نەکەوتبان، ئەوەبوو تالتیبیوس و ئیدایوس کە هەردوکیان پیاوی باش و دووربین و سەنگین ڕەفتار بوون، هاتن، یەکێکیان چووە لای تەروادەییەکان و یەکێکیان چوە لای ئاخییەکان و بەدارعەساکانیان هەردوو جەنگاوەرەکەیان لێکدی دوورخستنەوە، (ئیدایوس)ی دووربین پێی گوتن: "کوڕە ئازیزەکانم، ئیدی شەڕ بەسە، دەست هەڵگرن، چونکە هەردوکتان، جوامێرن و لای زیوس ئازیز و بەڕێزن، بەڕاستی نێزەوانن، ئێمە هەموومان ئەمە دەزانین، ئەوە ئیتر شەوە، شەویش حوکمی خۆی هەیە، باشتر وایە مل بۆ حوکمی شەو بدەن."

(٢٨٣) ئەجاکسی کوڕی تیلامون وەڵامی دایەوە: "ئیدایوس، داوا لە هیکتۆر بکە ئەو قسانەی تۆ بکات، چونکە ئەو جارێ شەڕی تەن بەتەنی دلێرترین جەنگاوەری ئێمەی داوە. دەبێ ئەو قسە بکات و من ئامادەم بەگوێی بکەم."

(٢٨٧) ئەوسا هیکتۆر بەرشقی دایەوە و گوتی: "ئەی ئەجاکس، ئاسمان قەد و باڵای کەڵەگەت و هێز و ژیریت بپارێزێ، ئەی باشترین نێزەوانی ناو هەموو ئاخیان با شەڕ ودوئێلی ئەمڕۆ بەس بێ، پاشان ئەم شەڕە دەست پێدەکەینەوە تا خواوەندێك داوەریمان لەنێواندا دەکات و سەرکەوتن بەنسیبی لایەکمان دەکات، ئەوە شەومان بەسەرا هات، شەویش حوکمی خۆی هەیە، وا چاکە مل بۆ حوکمی شەو بدەین، بەو جۆرە تۆ دەڕۆیت، تا هەموو ئەو ئاخییانەی لای کەشتییەکانیان مۆڵیان داوە، بەتایبەتی دۆستان و هاوشارییانی خۆت دڵخۆش و شادمان بکەی، منیش دەڕۆم بۆ شارە گەورەکەی بریام، تا هەموو پیاوان و ژنانی تەروادەیی کە کێ بڕکێیانە لەسەر نوێژ و نزا لە پێناوی منداً، دڵخۆش و شادمان بکەم. جا با دیاری پێشکەش بەیەکتر بکەین تا لەنێو ئاخییایی و تەروادەییەکاندا بگوترێ بەڕاستی شەڕیان شەڕ بوو نەك گاڵتە، بەڵام کە ئاشتیش بوونەوە، دۆستانە لێکدی جیابوونەوە."

(٣٠٣) هەر کە لە قسەکەی بووەوە. شمشێرە زیو نیشانەکەی خۆی بەکیف و حەمایلە چەرمەکەیەوە کە هونەرمەندانە و وەستایانە دروست کرابوو، پێشکەش کرد، (ئەجاکس)ش کەمەربەندە بریقەدارە ئەرخەوانییەکەی خۆیی پێشکەش کرد. بەو جۆرە لێکدی جیابوونەوە: یەکێکیان بەرەو لەشکری ئاخییان وەڕێکەوت و ئەویتریان بەرەو ئاپورای تەروادەییان، کە زۆر شادمان بوون بەوەی قارەمانەکەیان زندووە و بەسەلامەتی لە دەستانی بەهێزی ئەجاکس دەرباز بووە. بەجۆرێ بەرەو شاریان برد وەکو ئەوەی باوەڕ بەخۆ نەکەن کە ڕزگاری بووە! لەولاشەوە ئاخییەکان کە مەستی سەرکەوتنی قارەمانەکەیان بوون، ئەجاکسیان بۆلای ئاگامەمنون برد.

(٣١٣) کاتێ گەییەنە خەرگەکەی ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس، ئاگامەمنون جوانەگایەکی پێنج ساڵەی لەبەر دەرگای زیوسی کوڕی کرونوس دا بۆ کردن بەقوربانی. گایەکەیان کەولکرد،

گۆشتەکەیان جنی، لە شیشیان دا، برژاندیان و لە شیشەکانیان دامالّی، کە هەموو ئەو کارانەیان ئەنجامدا و دەعوەتەکەیان ئامادە کرد، هەموو بەشی خۆیان بەزیادەوە خوارد و تێربوون، شا ئاگامەمنون ڕێزی لە ئەجاکس ناو چەند پارچە پشتە مەغزەیەکی دایێ، دوای ئەوەی تێریان خوارد و خواردەوە، پیرە نەستوری دنیا دیدەی دووربینی، خاوەنی باشترین ڕاوتەگبیران هەستایە سەرپێیان. بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵپاکی کەوتە قسان و گوتی:

(٣٢٧) ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی فەرماندە و سەرانی لەشکرانی ئاخیا، سەد حەیف و مەخابن چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئاخییان مردون. ئەریسی خواوەندی جەنگ خوێنی گەشیانی لە ڕۆخێن سکاماندروس بەڕشتن داوە و گیانی هەواڵەی هادیسی خانەی مردووان کردوون، بۆیە وای بەباش دەزانم لەگەڵ هەڵاتنی سپێدەدا شەڕ ڕابگرن. دەبێ مردووەکانمان بەئەسپ و عەرەبانان بگوازینەوە و لە شوێنێکی هەندێ نزیک لە کەشتییەکانمان بیانسوتێنین، تا لە گەڕانەوەدا بۆ وڵات بتوانین ئێسک و پروسکی هاوڕێکانمان لەگەڵ خۆدا بەرینەوە و بیاندەینەوە بەماڵ و منداڵەکانیان. لە نزیکی شەوتنگەکەدا ئارامگەیەکی بەرز بۆ هەموویان چێدەکەین، و شورە و دیوارێکی بەرزی بەدەوردا دەکێشین تا خۆمان و کەشتییەکانمان بپارێزێ، و چەند دەروازەیەکی مکومیشی بۆ دەکەین بۆ هاتوچۆی عەرەبانەکانمان، لە دیوی دەرەوەو بەپاڵ دیوارەکەدا خەندەکێکی قوڵ لێدەدەین، کە لە هێرش و پەلاماری عەرەبانە سواران و پیادان بمانپارێزێ، نەوەك تەروادەییانی سەرکێش لە ناکاودا هێرشمان بکەنە سەر."

(٣٤٤) بەو جۆرە قسەی کرد و هەموو سەرداڕەکان ئامۆژگاری و قسەکانیان پەسند کرد. لەولاشەوە تەروادەییەکان لە بورجی تەروادەدا، لە نزیکی دەروازەکانی کۆشکی شا بریامدا کۆبوونەوەیەکی لە بابەتی کۆبوونەوەکەی ئەوانیان گرێدا، کە یەکپارچە ناکۆکی و ئاژاوە و دووبەرەکی بوو. ئەنتینۆری ردێن سپی و دانا هەستاو بەمجۆرە کەوتە قسان: "ئەی تەروادەیی و دەردانیان و هاوپەیمانان گوێتان لەمن بێ، من قسەی دڵی خۆماتان بۆ دەکەم، چیم لە دڵایە ئەوەتان پێ دەڵێم. وەرن با هیلینی ئەرگۆسی و هەموو سەروەت و سامانەکەی بدەینەوە بەکوڕانی ئەتریوس و بیبەن و بڕۆن. ئێمە پەیمان و سۆزی خۆمان نەشکاندووە و ئەم شەڕەمان شەڕێکی ناڕەوایە، ئەگەر بەگوێم نەکەن، باوەڕ ناکەم هیچ بەهیچ بکەین!"

(٣٥٤) ئەنتینور ئەو قسانەی کرد و دانیشتەوە. ئەوسا باریسی مێردی هیلینی خشکۆك هەستاو گوتی: "ئەنیتنۆر من ئەم قسانەتم بەدڵ نییە، تۆ دەتوانی قسانی لەمە باشتر بکەی. خۆ ئەگەر ئەو قسانەت بەراستی بووبێ وادیارە خواوەندان هۆش و ئەقڵیان لێ سەندویتەوە و تووشی ڕەشبینی و سەرگەردانییان کردویت. ئێستا نۆرەی منە قسان بکەم، جا تەروادەییەکان من بێ پەردە و بەڕوونی پێتانی ڕادەگەیەنم کە من ئەم ژنە نادەمەوە، بەڵام سەبارەت بەو سەروەت و سامانەی لە ئەرگۆسەوە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، ئامادەم هەر هەمووی بگێڕمەوە و بگرە لە سەروەت و سامانی تایبەتی خۆمیشی بخەمە سەر."

(٣٦٥) باریس ئەو قسانەی کرد و لەجێی خۆی دانیشتەوە. ئەوسا بریامی داردانوس زادە، پیری دووربین و ئەقڵمەند چوون خواوەندان هەستایە سەر پێیان و بەدڵێکی ساف و بێگەردەوە،

بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە ڕووی تێکردن و گوتی: "ئەی تەروادەیی و داردانیان و هاوپەیمانان گوێتان لەمن بێ با قسەی دڵی خۆمتان بۆ بکەم. ئێستا وەکو جاران لەسەر خوانی ئێواربێ دانیشن و نانی خۆ بخۆن، بەڵام بیرتان نەچێ دیدەوان و پاسەوانان لە هەموو شوێنێکی شار دابنەن و بەخۆشتان هوشیار و بێدار بن. با لەگەڵ سپێدەی بەیانیدا ئیدایوس بچێ بۆلای گەلەکەشتییەکان و ئاگامەمنون و مینیلاوس، کوڕانی ئوتریوس لەم نیاز و مەبەستەی پاریس، ئاگادار بکاتەوە، ئەو باریسەی ئەم قەرقەشە و کوشت و کوشتارەی بۆ ناینەوە، هەروەها ڕای بسپێرن کە داوایان لێبکات شەڕ ڕاگرن تا مردووەکانمان دەنێژین، دوای ئەوە ئیدی دەست بەشەڕ دەکەینەوە تا خواوەندێك دێتە بەینەوە و لایەك بەسەر ئەویتردا سەر دەخات."

(٣٧٩) ئەو قسانەی کرد، تەروادەییەکان بەگوێیان کرد، لەشکر و سوپا هەر دەستەیەك لە ڕیزی خۆ لەسەر خوان دانیشتن و شیویان خوارد. لەگەڵ سپێدەی بەیانیدا ئیدایوس بەرەو کەشتییەکان ملی ڕێگەی گرت. داناییەکانی بینی، ئەو هاوڕێ و خولامانەی ئەریسی بینی کە لە بەردەم کەشتییەکەی ئاگامەمنوندا کۆبووبوونەوە و، خۆی بەناویانا کرد، ڕاوەستاو بەدەنگی بەرز گوتی: "ئەی کوڕانی ئەتریوس، ئەی فەرماندە و سەرانی سوپای ئاخیا، بریام و تەروادەییە نەجیبەکانی دیکە منیان نادرووە ئەگەر ئێوە پێتان باش بێ تا پێشنیازی ئەلکساندەرتان پێ ڕابگەیەنم، ئەو ئەلکساندەری کە ئاگری ئەم شەڕەی هەڵگیرساندووە، ئامادەیە هەموو ئەو سەروەت و سامانەی بۆ تەروادەی هێناوە –بریا دەمرد و بەوەڕانەدەگەیی– بگەڕێنێتەوە و هەموو سەروەت و سامانی تایبەتی خۆیشی بخاتە سەر، بەڵام ژنەکەی مینیلاوس ناگێڕێتەوە، ئەگەرچی تەروادەییەکان حەزیان دەکرد لەکەری شەیتان بێتە خوارێ و ئەویش تەسلیم بکاتەوە. هەروەها بریام ڕای سپاردم کە داواتان لێبکەم کە شەڕ ڕاگرن تا مردووەکانمان بنێژین؛

(٣٩٦) دوای ئەوە دەست بەشەڕ دەکەینەوە، تا ئەو ڕۆژەی یەکێك لە خواوەندەکان بێت و لایەکمان بەسەر لایەکەی تردا سەر بخات."

(٣٩٨) بەو ئاوایە قسەی بۆ کردن. هەموو مات و خامۆش لە جێی خۆ کڕبوون، لێ دیومیدسی دەنگ دلێری مەیدانی شەڕ هەڵیدایێ و گوتی: "نە گفتوگۆ و نەسەروەت و سامان و نەهیلین–مان ناوێ. چونکە منالێکی بچووکیش دەزانی کە تەروادەییەکان کۆتاییانە و

(٤٠٣) کوڕانی ئاخیایی بەیەك دەنگ هاواریان کرد و پشتیوانیان لە قسەکانی دیومیدس کرد، شا ئاگامەمنون بە(ئیدایوس)ی گوت: خۆ بەگوێی خۆت وەڵامی ئاخییەکانت ژنەوت. وەڵامی وان وەڵامی منیشە. بەڵام سەبارەت بەمردووەکان، من ڕێگە لە تەروادەییەکان ناگرم کە بیان سوتێنن، چونکە کە کەسێك مرد نابێ سرووتی شەوتاندنی لێ قەدەغە بکرێ. با زیوسی مێردی هیرا شایەتی ئەم پەیمانەمان بێ."

(٤١٢) هەر کە ئەو قسانەی کرد گۆچانەکەی لەبەردەم هەموو خواوەندەکاندا بەرزکردەوە، ئیدایوس بەرەو شارە پیرۆزەکەی ئیلیون ملی ڕێی گرت. تەروادەیی و داردانییەکان کۆبووبوونەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەویان دەکرد، کە گەییە جێ لە ناوەڕاستیانا وەستاو

پەیامەکەی پێ ڕاگەیاندن. کە گوێیان لە پەیامەکە بوو خێرا بەخۆ کەوتن، هەندێکیان کەوتنە کۆکردنەوەی جەنازەکان و هەندێکیان کەوتنە دارهێنان. لەولاشەوە ئارگۆسییەکان لە کەشتییەکانیان وەدەرکەوتن، هەندێکیان جەنازە و بڕێکیان دار و چێویان کۆدەکردەوە.

(٤٢١) کە هەردوو سوپا یەکیان بینی گزنگی هەتاو تازە دەیدا لە کێڵگە و مەزراکان و لە شەپۆلە ئارامەکانی ئۆقیانوسی قوڵەوە بەرەو قوبییەی ئاسمان پرشنگی دەهاویشت، زۆر بەزەحمەت مردووەکانیان لێکدی جیادەکردەوە، خوێنی قەتماغە بەستووی سەر زامەکانیان بەئاو شتن، و فرمێسکیان بەدیارەوە ڕشتن و لە عەرەبانەکانیان بارکردن. بریام نەیهێشت تەروادەییەکان بەدەنگی بەرز بگرین، بۆیە بەماتی و خەمینی مردووەکانیان خستنە سەر لێژنە دارەکان، دوای ئەوەی سوتاندیانن بۆ شاری ئیلیون (تەروادە) گەڕانەوە. لەولاشەوە ئاخییەکان بەهەمان شێوە، مات و خەمین مردووەکانیان لەسەر لێژنەدارەکە کەڵەکە کرد، پاش ئەوەی سوتانیانن بەرەو لای کەشتییەکانیان گەڕانەوە.

(٤٣٣) هێشتا بەتەواوەتی بەیانی نەدابوو کە دەستەیەکی هەڵبژاردە لە ئاخییەکان لە دەوری شەوتنگەکە (محرقە) کۆبوونەوە و کەوتنە کارکردن. گڵیان لە دەشتەکەوە هێناو گردۆلکەیەکیان دروستکرد، کردیان بەئارامگەیەکی گشتی بۆ هەموو مردووەکانیان، ئەوجا شورەیەکی بڵندیان بەدەوریدا کێشا تا خۆیان و کەشتییەکانیان بپارێزێ، چەند دەروازەیەکی مکومیان بۆ هاتوچۆی عەرەبانەکانیان لێ دروست کرد، لە دیوی دەرەوە و خەندەکێکی قوڵ و پانیان بەدەوریا هەڵکەند سنگی دنیایان لە ناویا چەقاند.

(٤٤٤) ئاخییەکان بەو جۆرە کاریان دەکرد، بەڵام خواوەندەکان، ئەوانەی لە دەوری زیوسی خودان چەخماخە دانیشتبوون بەسەرسامی دەیانڕوانییە کارە مەزنەکەی وان. پۆسیدونی خودانی دەریا و بوومەلەرزە هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی باوکە، ئەی زیوس، چ بەشەرێکی فانیی سەر ڕووی زەمین جارێکی دی دێت و ڕاز و بیر و نیازی خۆی دەخاتە بەر دەستی نەمران؟ بڕوانە ئاخییەکان چۆن شورەیەکیان بەدەوری کەشتییەکانیانا کێشاوە و خەندەکێکیان بەدەوریا هەڵکەندووە بێ ئەوەی قوربانی گەورە (سەد سەر گا) بۆ خواوەندان بکەن؟ شۆرەت و ناوبانگی ئەم شورەیە تا بنی دنیا، تا ئەو شوێنەی هەتاوی لێ هەڵدێ دەڕوات، ئیدی بنیادەمان ئەو شورەیە لەبیر دەکەن کە ئەپولۆ و من بەهێزی بازوو ئارەقی نێوچەوان بۆ (لاومیدون)ی جەنگاوەرمان دروست کرد."

(٤٥٥) زیوس زۆر بێتاقەت بوو و گوتی: "ئەی خودان بوومەلەرزە، ئەی خاوەن دەسەلات، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئەگەر خواوەندێکی لەتۆ کەم دەسەلات تڕە لەم کارە بترسێت هەر نەیسە، بەڵام تۆ! ناو و شۆرەتی تۆ، دەگاتە هەر شوێنێ هەتاوی لێ هەڵبێ. بێگومان گاڤێ ئاخییەکان بەخۆ و کەشتییەکانیانەوە بۆ ولاتی خۆ دەگەڕێنەوە، دەتوانی ئەم دیوارە تێک و پێک بدەی و تووڕی بدەیتە دەریاوە، دەتوانی جارێکی دی کەنارەکە بکەیتەوە بەلمەڵان و هەنگێ ئەم شورە مەزنە بەتەواوەتی لەبەرچاو وون دەبێت."

(٤٦٤) بەو جۆرە قسانیان دەگەڵ یەکدیدا کرد. لەگەڵ خۆرئاوادا ئاخییەکان لەکاربوونەوە، گایان لە هەموو خێوەت و خەرگاکانیاندا سەربڕی، دانیشتنە سەر خوانی شیوێ. چەندین کەشتی پڕ لە شەراب لە (لیموس)ەوە هاتبوون. ئەم کەشتیانە ئیونیوسی کوڕی جاسون ناردبوونی ئیونیوسی کوڕی جاسون لە هیپسبیلی بوو. جا ئەم کوڕەی جاسون دە هەزار پەیمانە شەرابی تایبەتی بۆ کوڕانی ئوتریوس؛ ئاگامەمنون و مینیلاوس ناردبوو، ئاخییەکان لەو کەشتیانە شەرابیان بۆ خۆ کڕی بوو، هەندێکیان بەبرونز، و هەندێکیان بەئاسن، و هەندێکیان بەچەرم و پێستە و هەندێکیان بە گوێرەکە و هەندێکیان بەدیل و کۆیلە شەرابیان کڕی بوو و نرخەکەیان دابوو. بەو جۆرە هەموو شەوەکەیان بەئاهەنگ و بەزم و شادمانی ڕابوارد، هەروەها تەروادەییەکان و هاوپەیمانەکانیشیان لە شاردا هەمان بەزمیان بۆ خۆ گێڕا.

(٤٧٧) بەڵام زیوس لە بیری ئەوەدا بوو لێیان تێکبدات، هەوەرە بروسکەیەکی گەورە و سامناکی نارد، هەموو لە ترسا زەرد هەڵگەڕان، هەموو پێکەکانیان ڕژایە سەر عاردەکە، کەسیان نەیانوێرا تاقە چۆڕێك بخۆنەوە تا هەر کەسە و پێکێکی بەناوی زیوسی توانای کوڕی کرونوسەوە نەپرژاندە سەر زەوی. ئەوسا هەموو پاڵکەوتن و چوونە باوەشی خەوی شیرینەوە.

سرودی هەشتەم

شەڕی حەساران

حیکایەتەکە:

زیوس لە ئۆڵەمپدا کۆبوونەوەیەکی بەست و لەو کۆبوونەوەیەدا خواوەندەکانی ئاگادارکردەوە کە نەخەڵەتابن بەتەنیا و خۆسەرانە بەشداری شەڕ بکەن، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەر کەسێك ئەو کارە بکات ئەوا هەواڵەی چاڵە بێ بنەکەی دۆزەخ، واتە(تارتاروس)ی دەکات و دەگەڵ کرونوسی بابی و یاخییەکانی دیدا حەپسی دەکات. هیرا و ئەتینا بەمە سەخڵەت بوون. هیرا نەیوێرا قسان بکات، لێ ئەتینا داوای لە زیوس کرد ڕێگەی ئەم و هیرا بدات تەنیا بۆ ئامۆژگاری و نسحەتان تای گریکەکان بگرن، ئەویش ڕێگەی دان هەر واش بوو کەوتە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری ئاخییەکان. شەڕ گەرم دەبێت، یەکێك لە ئەسپەکانی نەستور بەتیری باریس دەنگێوریێ، عەرەبانەکەی پەکی دەکەوێ، ئەگەر دیومیدس فریای نەکەوتبا و ئەمری نەکردبا ئەسپەکە لە عەرەبانەکە بکەنەوە و نەستوری نەخستبایە عەرەبانەکەی خۆیەوە، لەوەبوو نەستور بمرێ. هاواری لە ئودیسیوس کرد کە بێتە کۆمەکی، بەڵام ئودیسیوس گوێی ناداتێ و ڕێگەی خۆی بەرنادا. نەستور ڕمەکەی سرەواندە هیکتۆر بەڵام بەر مەیتەرەکەی کەوت، ئیدی هیکتۆر سوێی بۆ خوارد و داوای لە براکەی کرد کە عەرەبانەکە باژوێ و لەسەر هێرشی خۆی بەردەوام بوو. ئەتینا و هیرا بێهودە هەوڵیان دەدا جڵەوی خۆ بگرن، کەوتنە هەوڵی ئەوەی بەسواری گالیسکەکانیانبۆ زەوی دابەزن و کۆمەکی ئارگوسییەکان بکەن، زیوس دیتنی و ئەریسی نارد کە گوێیان بابدا، ئیدی ترسان و لە گالیسکەکانیان دابەزین و ڕێ و ڕێ گەڕانەوە، ئەوە بوو زیوس لە چیای ئیداوە بۆ ئۆڵەمپ هات و کۆبوونەوەیەکی کرد و هەڕەشەی لەو جووتە ئیزەد خانمە کرد کە ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی بکەن بەر چەخماخەیان دەدا، ئیدی کڕ و کپ بوون.

شەڕ لەسەر زەوی بەردەوام بوو، ئارگوسییەکان توانیان هەندێ دەست لە تەروادەییەکان بوەشێنن، بەڵام هیچ پێشڕەوییەکیان پێ نەکرا، بەڵکو پاشەکشەیان دەکرد، ئیدی شەڕی گەورە لە دەوری حەسارەکە هەڵگیرسا، ئەو حەسارەی گریکەکان دروستیان کردبوو و خەنەکیان بەدەوریا لێدابوو، تەروادەییەکان خەڵکێکی زۆریان لێکوشتن. کە شەو داهات، ئەو شەوەی تەروادەییەکان حەزیان نەدەکرد بێ، و گریکەکان سێ جاران نوێژیان کرد و پاڕانەوە کە شەو زوو بەسەرا بێت و شەڕ بوەستێ، تەروادەییەکان گەڕانەوە و پاشەکشەیان کرد، هیکتۆر قسەی بۆ کردن، ئەسپەکانیان لە گالیسکەکان کردەوە، قاسیدیان بۆ شار نارد تا ئاگری چاودێری لە بورجەکانی شاردا بکەنەوە و خواردن بۆ خۆ و ئالیك بۆ ئەسپەکان بێنن، لە دەشتەکەی نێوان کەشتییەکان و ڕوباری(ئیکسانتوس)دا گریکەکانیش ئاگری چاودێریان هەڵایساند و بێدار و وریا کەوتنە نانخواردن و ئالیکدانی ئەسپەکانیان، دەشتەکە بەئاگری چاودێری و ئاگری ئۆردوەکان بووبوو بەچراخان و ئاسمانیش لە تریفەی مانگ و جریوەی ستێراندا دەبریقایەوە. هەموو بێ ئۆقرە چاوەڕوانی سپێدەیان دەکرد.

زەمەن: کات لە بەیانی ڕۆژی بیست و حەوتەوە تا ئێوارێ دەخایەنێ.

شوێن:

دوو شوێن هەیە. شوێنی شەڕەکە لە دەشتەکەی نێوان تەروادەیی و کەشتییەکانی گریکەکان، و شوێنی کۆبوونەوەی خواوەندان لە ئۆڵەمپ، جگە لە لوتکەی ئیدای بارەگا و عەرشی زیوس کە لەوێندەرەوە چاودێری هەموو شتێك دەکات، هەر لەوێشەوە بینی چۆن ئەتینا و هیرا دەیانویست دزەبکەن بۆ سەر زەوی، و گرتنی و گەڕاندنیەوە.

(١) سپێدە بەخۆ و سەرپۆشی زافەرانییەوە دای لە زەوی و ڕوناکی کردەوە، زیوس هەموو خواوەندەکانی بانگ کرد و لە بەرزترین لوتکەی ئۆڵەمپدا کۆبوونەوەی پێکردن، و پێی گوتن: "ئەی خواوەندان و یەزدانخانمان، گوێ بگرن با قسەی دڵی خۆمتان پێ بڵێم. هیچ خواوەندێك چ نێر و چ مێ بۆی نییە قسە لە قسەم بکات، بەڵکو دەبێ هەر هەمووتان بەگوێم بکەن تا من ئەم کارە دەگەیەنمە ئاکام و ئەنجامی خۆی. هەر کەسێکتان ببینم خۆسەرانە لە گەڵی خواوەندان تاك بکەوێتەوە و کۆمەك بەتەروادەیی یان داناییەکان بکات، ئەوا بەرلەوەی جارێکی دی بۆ ئۆڵەمپ بگەڕێتەوە تڕۆ دەکرێت و لە کەوشەنی سیستەمی گەردونی وەدەردەنرێت، یان توڕی دەدەمە ناو بیری بێ بنی تاریك و نوتەکی(تارتاروس)ەوە تا هەر یەکێکتان بزانێت و دڵنیابێ کە من لە هەر هەمووان، لە هەموو خواوەندانی نێر و مێ بەهێزترم. بەهەر هەموتان هەرچی هێز و تواناتان هەیە بیخەنە کار ناتوانن زیوسی دانا، خودانی ڕاوێژ و تەگبیران لە ئاسمانێ ڕابێننە سەر زەوی، بەڵام من بەتاقی تەنیا دەتوانم ئێوە هەموتان بەزەوی و دەریاوە بۆ ئاسمان هەڵکێشم و بەزنجیران بەلوتکەیەك لە لوتکەکانی ئۆڵەمپەوەتان ببەستمەوە و لە ناوەندی قوببەی ئاسماندا هەڵتانواسم. تا بزانن کە من لە هەموو خواوەندان و بەشەران بالاتر و تواناترم.

(٢٨) هەر هەموو ترسان و کڕ و کپ بوون، چونکە دەنگی لە تێری و دلێرییەوە دەهات، لێ ئەتینا سەرەنجام هەڵیدایێ: "خواوەندا، ئەی زیوسی کوڕی کرونوس، ئەی شاهنشاها،

هەموومان دەزانین تۆ لەوە بەتواناتری بەربەرەکانی بکرێی، بەڵام ئێمەش دڵمان بەجەنگاوەرانی دانایی دەسوتێ، کە کار وابڕوات هەموو دەکوژرێن و قڕیان تێدەکەوێ. جا ئێمە لەسەر فەرمانی تۆ خۆ لە قەرەی شەڕی پراکتیکی نادەین، بەڵام دەخوازین هەندێ پێشنیاز و تەگبیری باش بۆ ئارگۆسییەکان بکەین تا بەیەکجارەکی غەوری پشم و غەزەبی تۆ نەبن و دوایان نەبڕێتەوە."

(٣٨) زیوس بزەیەکی بۆ کرد و گوتی: "دڵنیابە کچۆڵەکەم، کە عەزمم جەزمە، بەڵام لەگەڵ تۆدا نەرم دەبم."

(٤١) ئەو قسەیەی کرد و ئەسپە خۆشبەزە سمبرونزین و یاڵ زێڕینەکانی زین کردن و لە گالیسکەکەی بەستن. و نیتاقێکی زێڕی لە کەمەری بەست، قامچییە زێڕەکەی بەدەستەوە گرت و لەسەر گالیسکەکەی دانیشت. قامچییەکی لە ئەسپەکان دا، ئەسپەکان وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوون و ڕێگەی بەینی ئەرز و ئاسمانی پڕ ئەستێرانیان گرتەبەر. دوای چاو تروکانێك گەییە ئیدای فرەکانیاوان، و مەڵبەندی دڕندان، و لوتکەی گارگاروس کە پەرستگە و کوشتارگە بە بۆن و بەرامەکەی لەوێندەر بوو.بابی خواوەندان و بەشەران لەوێ ئەسپەکانی ڕاگرت و لە گالیسکەکەی کردنەوە و لە چڕە هەورێکیەوە پێچان، و ئەوجا بەوپەڕی شکۆوە لەسەر بەرزترین لوتکە دانیشت و لەوێوە چاوانی بڕییە شاری تەروادە و کەشتیانی ئاخییەکان.

(٥٣) ئاخییەکان بەپەلە و لەناو کەشتییەکانیاندا ناشتایان خوارد. و ئەوجا جل و تەدارەکی جەنگیان لەبەرکرد، لەولاشەوە تەروادەییەکان لە سەرانسەری شاردا چەکیان لەخۆدا، ژمارەیان کەمتر بوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا زەڕو زیانێك بەژن و منداڵەکانیان بگات، زۆر سور بوون لەسەر شەڕ. دەروازەکانی شار خرانە سەر گازی پشت، لەشکر بەسواره و پیادەوە کەوتە خۆ و، هەراو زەنایەکی سەیر هەستا.

(٦٠) هەر کە هەردوو لا گەییەنە یەکدی، ئیدی هەر قەڵغان بوو و بەر یەك دەکەوت، هەر نێزە بوو و بەنێزەی دەگوت بەولاوە. ئیدی جەنگاوەران تێك ڕژان، هەر کە قەڵغانێك بەر قەڵغانێك دەکەوت دەنگ و سەدای بەرز دەبووەوە، دەنگ و هاواری مەرگ و سەرکەوتن بەرز بووەوە، زەوی لە خوێنا سوور بوو،

(٦٦) هێشتا هەر چێشتان بوو، شەڕ گەرم بوو، و هەر خەڵك بوو ودەکوژرا، لێ کە هەتاو بەرەو ناوەندی ئاسمان هەڵکشا، خودای خواوەندان تەرازووە زێڕینەکەی هێنا و سەنگی مەرگی هەردوو لایەنەکەی لە دوو تاکی تەرازووەکە ناو: تاکێکیان بۆ تەروادەییەکان و تاکەکەی تری بۆ ئاخییەکان، تەرازووەکەی لە ناوەڕاستەوە گرت، کە بەرزی کردەوە تاکی ئاخییەکان داکەوت و نیشتە سەر زەوی، بەڵام تاکی تەروادەییەکان بەرز بووەوە بۆ ئاسمان. هەنگێ خواوەندی مەزن لە ئێداوە گرماندی و چەخماخەیەکی سرەواندە ناو ئاخییەکان، کاتی ئاخییەکان ئەمەیان بینی ترس و سامیان لێ نیشت.

(٧٨) ئیدی نە ئیدومینویوس، و نە ئاگامەمنون و نە جووتە ئاجاکسی کوڕانی ئەریسی خواوەندی جەنگ، نەوێران خۆ بگرن. تەنیا نەستوری جریناني نەبێ کە بەتەنیا وەکو قەڵغان و قەڵای ئاخییەکان لە جێی خۆی وەستا بوو، ئەویش بەحەزی خۆی نەوەستا بوو، بەڵکو یەکێك لە

ئەسپەکانی پێکرابوو. ئەلکساندەری مێردی هیلینە. شۆڕێ تیرێکی بەترۆپکی سەریا، ڕێك بەو شوێنەدا کە یاڵی لێ دەڕوێ و بەتەوێڵیا دێتە خوارەوە دابوو، ئەو شوێنە شوێنێکی یەجگار پڕ مەترسییە. ئەسپەکە کە تیرەکەی پێکەوت هەستی بەئازارێکی زۆر کرد، و ئەسپەکانی دیکەشی شڕزە کرد. پیرەمێرد هەڵیکێشایە شیر و ویستی هەوسار و نیرەکە بڕێ، لێ ئەسپە خۆشبەزەکانی هیکتۆر، بەسایەقە کارامەکەیانەوە هاتنە ناوجەرگەی هەراو هەنگامەی شەڕەکە. خۆ ئەگەر دیومیدس بەنیگا تیژەکانی نەیدیبا و بەدەنگە دلێرەکەی ئودیسیوسی ئاگادار نەکردباوە کە فریای نەستور بکەوێ، ئەوا هیکتۆر بەخۆی هەر لەوێدا دەیکوشت.

(٩٤) هاواری کرد: "ئودیسیوس، ئەی خانەدان، ئەی کوڕی لایرتس، بۆ کوێ وەکو ترسنۆکان هەڵدێی و پشت دەکەیتە شەڕ؟ وریابە جەنگاوەرێکت لێ پەیدا نەبێ و نێزەیەکت بەناوشاندا بکات. ڕاوەستە و یارمەتیم بدە با نەستور لە هێرشی هیکتۆری سامناك، هیکتۆری دڕندە مەزەب دەرباز بکەین."

(٩٧) ئودیسیوس گوێی لێنەگرت، و بەپڕتاو بەرەو کەشتییەلی ئاخییەکان دەڕۆیی. تیدیوس خۆی لە مەیدانی شەڕدا بەتاقی تەنیا ببینیەوە، لەبەردەم ئەسپەکانی کوڕی نیلیوسدا وەستا. گوتی: ئەزبەنی ئەو جەنگاوەرە گەنجانە تەنگیان پێ هەڵچنیویت و شنگ و هێزت نەماوە،

(١٠٤) پیریش باری سەرشانی قورس کردویت، خولامەکەت بێدەسەلاتە و ئەسپەکانت خاو و تەمەڵن. دەیسا وەرە سواری گالیسکەکەی من بە، تا بزانی ئەسپانی تیروس چتۆ ئەسپێکن و چۆن دەردەپەڕن، چەند لێهاتوانە و بەلەز بەم دەشتە بەرینەدا چ لە هێرش و پەلارمادا و چ لە گەڕانەوەدا دێن و دەچن. من ئەم ئەسپانەم لە ئینیاسی قارەمان گرتوون. ئەسپەکانی خۆت بەخولامەکانمان بسپێرە، وەرە باخۆمان یەکسەر پەلاماری تەروادەییەکان بدەین، تا هیکتۆر بزانێت کە نێزەکەی منیش لە دەستما ناهێورێ."

(١١٢) نەستوری سوارچاك، نەستوری جیرینی گوێی لە قسەکانی گرت. ئیدی هەردوو خولامەکە (ستینیلوس)ی شێرە پیاو و (یوریمیدون)ی دڵپاك ئەسپەکانی نەستوریان وەرگرت. نەستور لەگەڵ دیومیدسدا سەرکەوت. نەستور جڵەوی ئەسپەکانی گرت و بەر قامچی دان، بەپەلە لە هیکتۆر نزیك کەوتەوە، ئەوسا کوڕی تیدیوس بەدەم هێرشەوە نێزەیەکی خێواندێ، بەڵام نێزەکە بەر هیکتۆر نەکەوت، بەر ئیوبیوسی کوڕی تیبایوسی سایەق و یاوەری هیکتۆر کەوت، لە کاتێکا ئیوبیوس جڵەوی ئەسپەکانی بەدەستەوە بوو نێزەکە بەر سینگی لە ئاستی مەمکیا کەوت، بەسەر عەرەبانەکەوە دوا هەناسەی داو کەوتە خوارەوە، ئەسپەکان لاتریسکەیان بەست. هیکتۆر بەمەرگی سایەقەکەی زۆر خەمین بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە وازی لێهێنا کە بکەوێتە خوارەوە، کەوتە گەڕان بەدووی گالیسکە ڕانێکی دلێردا. چونکە ئەسپەکانی بەبێ سایەق جوان ڕێیان نەدەکرد، زۆری نەبرد کە ئەخیبتولیموسی کوڕی ئیفیتوسی پەیدا کرد، سەری خست و جڵەوی ئەسپەکانی دایە دەستی.

(١٣٠) هەموو شتێك ڕوو لە نەمان بوو، ئەگەر سەرداری خواوەندان و بەشەران ئەو حاڵەی نەدیبا، ئەوا وەکو پەز لە ئیلیوندا ئابڵوقە دەدران، ئەوەبوو سەرداری خواوەندان و بەشەران

فریاکەوت و بەڵەز چەخماخەیەکی نارد و ڕێك لەبەردەم ئەسپەکانی دیومیدسدا کەوتەوە، وەکو گۆگرد گڕی گرت و هەڵایسا. ئەسپەکان ڕەوینەوە و جڵەوەکە لە دەستی نەستور بەربوو.ترسا و بەدیومیدسی گوت: "ئەی کوڕی تیدیوس، ئەسپەکانت بگێڕەوە و هەڵێ، نابینی کە دەستی زیوس لەگەڵ تۆدا نییە؟ ئەمڕۆ لەگەڵ هیتکۆردایە و سەرکەوتنی ئەوی دەوێ، سبەینێ نۆرەی ئێمەیە ئەگەر حەز بکا. هیچ کەسێکی فانی چەندیش بوێر و ئازابێ، ناتوانێ لەبەردەم ویستی زیوس دا بوەستێ، چونکە زیوس لەهەر هەموان بەهێز وتواناترە."

(١٤٥) دیومیدس وەڵامی دایەوە: "ڕاست دەکەی، هەموو قسەکانت تەواون، بەڵام من ئەو دەردەم لە دڵدایە کە ڕۆژێ دێ هیکتۆر قسە بۆ تەروادەییەکان دەکات و دەڵێت: "کوڕەکەی تیدیوس لەبەرم هەڵات و ڕایکرد بۆ لای کەشتییەکان." من دەزانم بەمەوە دەفشێ، جا ئەو ڕۆژە زەوی شەق بەرێ و قوتم بدات زۆر خۆشترە لەوەی بژیم."

(١٥١) نەستور وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی تیدیوس، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ خۆ ئەگەر هیکتۆر بەتۆ بڵێ زەبون و ترسنۆك نەتەروادەییەکان و نە داردانییەکان باوەڕی پێناکەن، تەنانەت ژنانی ئەو جەنگاوەرە ئازایانەش کە تۆ کوشتوتن باوەڕ ناکەن."

(١٥٧) ئەو قسانەی کرد و سەری ئەسپەکانی وەرگێڕا و تا بەناو هەراو هەنگامەی شەڕەکەدا هەڵێ. بەڵام تەروادەییەکان و هیکتۆر بەدەم هەرا وهەڵایەکی سەیرەوە کەوتنە تیر باران کردنیان هیکتۆر هاواری لێکردن و گوتی: "ئەی کوڕی تیدیوس دانایەکان تاکو ئێستا ڕێزیان دەگرتی و لەسەرووی خوانانەوە دایان دەنایت، و گۆشتیان دەخستە بەردەمت و پێکیان بۆ تەژی دەکردیت. بەڵام لە ئێستا بەدواوە قێزت لێدەکەنەوە، چونکە سەلماندت کە لە ژن کەمتری. بڕۆ هەی بوکەڵەی ترسنۆك، تۆ هەرگیز بەو ئاواتە ناگەی کە بورجەکانمان بلەقێنی، یان ژنەکانمان بەکەشتییەکانت بەری، چونکە قەدەر و چارەنووس بەم دەستانەی من کۆتایی بەژیانت دێنێ."

(١٦٧) هیکتۆر بەو ئاوایە پەیڤی. کوڕی تیدیوس دوودڵ بوو لەوەی کە ئایا هەڵێ یان بگەڕێتەوە و ڕووبەڕوو شەڕی هیکتۆر بکات. سێ جار پڕ بەدڵ ویستی بگەڕێتەوە، هەر سێ جارەکە زیوس لە چیاکانی ئیداوە گرماندی و ئاماژە و هێمای سەرکەوتنی بەتەروادەییەکان دا. هیکتۆر ڕووی کردە تەروادەییەکان و بەدەنگی بەرز گوتی: "ئەی تەروادەییان، لیسیان و داردانیان. ئەی جەنگاوەرانی شەڕی دەستە و یەخە، ئەی دۆستان پیاو بن و پیاوانە بجەنگن، بیر لە قارەمانێتی و سەرکەوتن بکەنەوە. وای بۆ دەچم کە زیوس نیازی پاکە و مژدەی سەرکەوتن و سەربەرزییەکی گەورەم دەداتێ، و بەشی دانایەکانیش شکست و ماڵوێرانی دەبێ. چ گەوجێتییەکیان کرد کە ئەم حەسارە سستەیان بەخۆڕایی دروستکرد، ئەمە خۆی لەبەر هێزەکانی ئێمەدا ناگرێ، ئەسپەکانمان بەسەر خەندەکەکەیاندا بەئاسانی باز دەدەن، جا کاتێ دەگەمە ناوەڕاستی کەشتییەکانیان ئاگرتان لەبیر نەچێت و تا ئاگر لە کەشتییەکانیان بەر بدەم و ئەوجا بکەومە کوشتنی ئەو ئەرگۆسیانەی بەحەپەساوی دەکەونە ژێر تەپو دووکەڵی ئاگرەوە."

(١٨٤) ئەوجا ئەسپەکانی دەنگدان: "ئیکسانتوس، بودارگروس، ئێوەش ئەی ئیتون و لامبوس، ئێستا چاکە و قەرزەکەم بدەنەوە، (ئەندروماك) کیژی ئیتیونی شێردڵ، خۆشترین ئالیکی

دەدانێ، بادە و ئاوی بۆ لەبادیە دەکردن تا هەر کاتێ دڵتان ویستی چەندی دەتوانن لێی بخۆنەوە، ئەمە قەرزی منە بەسەر ئێوەوە، چونکە بەر لە من کە شووی ئەوم، خزمەتی ئێوەی دەکرد. کەواتە بجمێن، لەزێکەن، بەڵکو دەست بەسەر سپەرەکەی نەستوردا بگرین، سپەرەکەی لەزێڕی خالیسەیە، دەسکەکانیشی زێڕن، ئەو سپەرەی ناوبانگی گەییوەتە ئاسمان. بجمێن، لە زێکەن بەڵکو قەڵغان و زرێکەی دیومیندس بگرین، ئەو زرێیەی کە هیفایستوسی خواوەند بەتایبەتی بۆی دروستکردووە. ئەگەر ئێمە ئەم شتانە بگرین، پێم وایە ئاخییەکان ناچار دەبن هەر ئەمشەو بەکەشتییە خێراکانیان هەڵێن و بڕۆن.

(١٩٨) ئا بەوجۆرە کەوتە خۆ هەڵنان، هیرای شکۆمەند تووڕە بوو، خۆی لەسەر عەرشەکەی بادا، ئۆڵەمپی بەرز کەوتە جوڵە. ئەو جا رووی کردە خواوەندی گەورە، پۆسیدونی خودانی دەریا و گوتی: "ها خواوەندی بوومەلەرزە؟ ئەی دەسەڵاتدار تا ئێستا سۆزت بۆ ئەو داناییانەی کە دەکوژرێن نەجوڵاوە؟ خۆ چ لە هیلیکی و چ لە ئیجە قوربانیانی زۆریان بۆ کردویت؟ کەواتە فریایان بکەوە..خۆ ئەگەر هەموومان، لایەنگرانی داناییەکان، بڕیار بدەین تەروادەییەکان ڕاوبنەین و گوێ بەهەڕەشەی زیوس نەدەین، ئەوا هەر خۆی و خۆی لە لوتکەی ئیدادا دەمێنێتەوە و جگە لەوەی لێمان بڕەنجێ و بێتاقەت بێ هیچ کارێکی دیکەی پێناکرێ."

(٢٠٨) شا بوسیدون زۆر شڵەژاو وەڵامی دایەوە: "هیرا، ئەی زماندرێژ، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئێمەی خواوەندان نابێ دژایەتی زیوس بکەین، چونکە لەهەر هەموومان بەتواناترە."

(٢١٢) بەو ئاوایە قسانیان دەگەڵ یەکدی کرد، بەڵام هەموو ئەو مەیدانەی کە کەوتبووە نێوان کەشتییەکان و حەسارەکە و خەندەکی بەدەورا لێدرابوو، پڕ بوو لە ئەسپ و گالیسکە و جەنگاوەران، هەموو لە گەمارۆی هیکتۆری کوڕی بریامدا بوون، چونکە زیوسی لەگەڵدا بوو. خۆ ئەگەر هیرای مەزن فریا نەکەوتبا و ئاگامەنونی دنە نەدابا کە بەپەلە ئاخییەکان خڕبکاتەوە و تەیار بکات، ئەوا لەوە بوو هیکتۆر هەموو کەشتییە جوانەکانیان بسووتێنێ. ئەوەبوو ئاگامەنون بەخۆ و عەبا ئەرخەوانییەکەیەوە کەوتە ناو کەشتی و ئۆردوی ئاخییەکان، لە نزیکی کەشتییە ڕەشە گەورەکەی ئودیسیوسدا کە لە ناوەڕاستی هەموو کەشتییەکاندا بوو، وەستا، لەوێوە بەدەنگێکی بەرز و ڕەسا کە هەم بگاتە خەرگەکەی ئەجاکسی کوڕی تیلامون، و هەم بگاتە خێوەتەکانی ئەخیل هاواری کرد

(٢٢٥) چونکە ئەم دوو سەرداڕە، کە لە توانا و دلاوەرییان دڵنیابوو، کەشتییەکانیان بردبووە پاشی ڕیزەکەوە. جا لەم شوێنەوە و بەدەنگێك کە بگاتە دوورترین شوێن، هاواری لە داناییەکان کرد و گوتی: "ئەی ئارگۆسییان، ئەی حەیاچوو خۆتان، ئەی بوونەوەرانی بودەڵە و ترسنۆك، ئێوە هەر بەڕواڵەت ئازان، ئەو فشانەمان کێوە چوو کە پڕ بەزار دەمانگوت ئێمە ئازاترین خەڵکانین؟ ئەو فشانەی لە لیمنوس و بەدەم خواردی گۆشتی بەرژاوی قەڵەوی قوربانیان و خواردنەوەی بادەی لێوانلێوەوە لە قەراخی کەشتییەکەدا دەمانکرد؟ خۆتان هەڵدەناو سوێندتان دەخوارد کە هەر یەکێکتان هاوتای سەد جەنگاوەری تەروادەیین، کەچی ئەوەتا ئێستا ناتوانین ڕووبەڕوی یەك کەس بوەستین، بەهەمووان خۆ لەبەر هیکتۆر ناگرین، ئەگەر کار وا بڕوات زۆری

پێناچێ کە کەشتییەکانمان ئاگردەدا! ئاە ئەی بابا، ئەی زیوس، ئایا پێشتر هیچ شایەکی گەورەت بەم ڕادەیە کەساس و داماوو بێناز کردووە؟.. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام لەم سەفەرە شومەدا بۆ ئێرە، کەشتیەکەم بەلای هەر قوربانگە و میحرابێکی تۆدا تێپەڕی بێ، چەوری و ڕانی گام بۆ سوتاندوی، قوربانیم بۆ کردویت، بەو ئومێدەی بورجە مکومەکانی تەروادە تێك و پێك دەدەم. کەواتە ئەی سەرداری خواوەندان ئەم نوێژ و نزا و دوعایەم لێ قەبوڵ بکە –فریامان بکەوە و بەلای کەمەوە دەرفەتی هەڵاتن و ڕزگاریمان بۆ بڕەخسێنە، و ڕێ مەدە ئاخییەکان بەمجۆرە لەسەر دەستی تەروادەییەکان بەیەکجاری تیا بچن،

(٢٤٥) بەو جۆرە پاڕایەوە ولاڵیەوە، زیوس بەزەیی بەفرمێسکەکانیا هاتەوە و بەڵێنی دایێ کە گەلەکەی لە فەوتان ڕزگار بکات، و دەم و دەست شەهێنێکی بۆ ناردن کە لە هەر باڵندەیەکی دیکەی پێ هەژتر بوو، ئەم شەهێنە کارمامزێکی بەچنگاڵەکانی هەڵگرتبوو، گەییە ئاستی ئەو میحرابەی کە ئاخییەکان قوربانیان بۆ زیوس تیا دەکرد، کارمامزەکەی خستە خوارەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مژدەیەك بوو، کە خەڵکەکە باڵندەکەیان بینی لای زیوسەوە هاتووە، یەکسەر ورەیان بەرز بووەوە وبەجورئەتەوە پەلاماری تەروادەییەکانیان دا.

(٢٥٣) هەرچەند داناییەکان ژمارەیان فرەبوو، بەڵام تاقە جەنگاوەرێکیان تیانەبوو بەخۆی بفشێ و بتوانێ بڵێ بەر لە کوڕی تیدیوس بەخۆ و عەرەبانەکەیەوە لە خەنەکەکە پەڕیوەتەوە و چووەتە شەڕ، کوڕی تیدیوس بەر لەهەر کەسێکی دی توانی جەنگاوەرێکی چەکداری تەروادەییەکان بکوژێ، جەنگاوەرەکە ئیجلاوسی کوڕی فرادمون بوو. ئەمە سەری ئەسپەکانی وەرگێڕا بوو تا هەڵێ. بەڵام هێشتا بەتەواوی پێچی نەکردبووەوە، کە دیومیدس نێزەیەکی لەنێوان هەردوو شانییەوە بەپشتیا کرد و لەسینگی چەقاند، ئیدی لەسەر عەرەبانەکەوە بەپێشا ڕما و تاقم و ئەسەلەحەکەی بەتەق و هوڕ بەسەریا کەوت.

(٢٦١) ئەوجا کوڕانی ئەتریوس– ئاگامەمنون و مینیلاوس– هاتن، ئەوجا جووتە ئەجاکس کە دلێرییان بەباڵادا بڕابوو هاتن... لەدوای ئەوانەوە ئیدومینیوس و هاوڕێکەی– میریونیس، کە هاوتای ئەریسی سامناك بوو، هاتن. ئەوسا یوریبیلوسی کوڕی ئیویمونی شێرە پیاو هات، و نۆیەمیان تیوسیر بوو کە خۆی دەدایە پاڵ سپەرەکەی ئەجاکسی کوڕی تیلامون. هەر کە ئەجاکس سپەرەکەی دەجوڵاند، تیوسیر دەیڕوانییە دەروبەر، تیرێکی دەسرەواندە ئاپورای جەنگاوەرەکان، هەر کە جەنگاوەرێکی دەنگاوت، دەکەوت و دەمرد، خێرا دەگەڕایەوە و وەکو منداڵێك پەنا بەڕێتە بەر باوەشی دایکی، بۆلای ئەجاکس دەهاتەوە و خۆی دەدایە پەنای سپەرەکەی ئەو.

(٢٧٣) یەکەمین تەروادەیی کێ بوو کە بەدەستی تیوسیر کوژرا؟ یەکەمین کەس ئورسیلوخوس بوو، ئەوجا ئورمینوس، ئوفیلیستیس و دیاتور و کرومیوس و ئەموباونی کوڕی بولیامون و لیکوفونتیسی نیمچە خواوەند و میلانیبوس بوون. هەر هەموو ئەمانە بەدەستی تیوسیر و تیری ئەو گلان و کوژران.گاڤێ ئاگامەمنون –سەرداری بەشەران– ئاوای بینی زۆری کەیف هات کە بەخۆ و پیرەکەوانەکەیەوە تەروادەییەکانی بەو ئاوایە شپرزە و پەرێشان کردووە. چووە لایەوە

و گوتی: "تیوسیر، ئەی خۆشەویست، ئەی فەرماندەی ئەم سوپایە، بەو جۆرە تیری خۆت بهاوێژە، تا ببیە تروسکەی هیوا بۆ داناییەکان و بۆ تیلامونی بابت، ئەو بابەی کە بەساوایی هەرچەندە بەحەرامی خستبووتیەوە، بەخێو و پەروەردەی کردیت، هەرچەندە زۆر لێرەوە دوورە بەلام سەربەزر و شەرەفمەندی بکە، ڕووسووری بکە. بەلام سەبارەت بەتۆ وەعد و بەڵێنی پیاوت دەدەمێ کە ئەگەر زیوس و ئەتینا دەستیان دام و توانیم شاری ئیلیون بگرم، ئەوا دووەمین گەورەترین خەڵات و دەسکەوت، لەدوای من بۆ تۆ دەبێ ئیدی ئەم خەڵاتە سێ ئەسپ بێ یا دوو ئەسپ و عەرەبانەیەك بێ، یان ژنێ بێ و لەگەڵتا بخەوێ."

(٢٩٢) تیوسیر وەڵامی دایەوە: "ئەی مەزنی مەزنان، ئەی مەزنترین کوڕی ئوتریوس، من پێویستم بەهاندان نییە. لەو ساوە کە پاشەکشەمان بەتەروادەییەکان کردووە، تیرەکانم چاو لەڕێی تەروادەییەکانە تا بیانکوژم، تا ئیستا هەشت تیرم هاویشتووە و هەشت جەنگاوەرم لە تەروادەییەکان خستووە، بەلام ئەم سەگە هارەم پێ ناپێکرێ."

(٣٠٠) بەدەم ئەو قسانەوە تیرێکی دیکەی گرتە هیکتۆر، بەلام هیکتۆر خۆی لادا و تیرەکەی پێ نەکەوت، تیرەکە بەر سینگی گورجیتیونی کوڕی بریام کەوت.

(٣٠٥) ئەم کوڕە، لە کاستیانیرا بوو، کاستیانیرا لە جوانی و بەژن و بالادا شانی لە شانی یەزدان خانمان دەدا، بریام لەشاری ئیسیمی خواستبووی. ئێستا ئەم کوڕە وەکو گوڵی خەشخاشی پڕ بەری ناو باخی تەژی گوڵان چۆن تاوە بارانێکی بەهاری لێی دەدا و مل لار دەکاتەوە، بەو ئاوایە سەری لەژێر کلاوخودە قورسەکەیدا لار بووەوە.

(٣١٠) جارێکی دیکەش تیرێکی ئاڕاستەی هیکتۆر کرد، پڕ بەدڵ حەزی دکرد بیکوژێ، ئەمجارەش نەیگرت و ئەپولۆ فریای کەوت، بەلام تیرەکە بەر گالیسکەڕانە بێباك و شەڕکەرەکەی هیکتۆر کەوت، واتە بەر ئەرخیسبتولیموس کەوت، بەر سینگی، لە ئاستی مەمکییەوە کەوت. کە ئەو لە عەرەبانەکە کەوتە خوارێ و دوا هەناسەی دا، ئەسپەکان ڕەوینەوە. هیکتۆر بەکوژرانی سایەقەکەی زۆر خەمبار بوو، بەلام بەهۆی ئەو هەموو تیرەی لەسەری بوو، لەوێ بەجێهێشت و دەستوری بەکیبریونیسی برای کە لەلایەوە بوو، دا کە جڵەوی ئەسپەکان بگرێتە دەست. کیبریونیس بەگوێی کرد. هیکتۆر نەڕاندی و خۆی لە عەرەبانەکەوە هەڵدایە خوارێ، پڕی دایە بەردێك و بەقەستی کوشت گرتییە تیوسیر. تیوسیر لەم کاتەدا خەریك بوو تیرێکی لە تیردانەکەی دەردێنا و دەیخستە سەر کەوانەکەی، لەو کاتەدا کە ژێیەکەی ڕادەکێشا تا تیرەکە بهاوێ، هیکتۆری نەبەرد، بەردەکەی خێواندێ و ڕێك بەر کەڵەمە ڕەقەکەی نێوان گەردن و سینگی کەوت، ئەمە شوێنێکی زۆر خەتەرناکە، دەست و بازووی تیوسیر سست بوو و کەوانەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و بەخۆیشی بەچۆکا هات. کە ئاجاکس بینی براکەی کەوت، بەغاردان بەرەولای چوو، بەدەوریا سوڕایەوە بەسپەرەکەی داپۆشی. ئەوسا دوو دۆستە دڵسۆزەکەی، میکسیتوسی کوڕی ئیخوس، و ئالاستوری مەزن، بەپەلە خۆیان گەیاندێ و هەڵیانگرت و بەدەم ناڵەناڵی پڕ ئازارییەوە بەرەو کەشتییەکانیان برد.

(٣٣٥) لەم کاتەدا زیوسی خودانی ئۆڵەمپ جارێکی دی وڕەی خستەوە بەر تەروادەییەکان، ئیدی چەشە بوون و ئاخییەکانیان بەرەو خەنەکە قوڵەکەیان ڕاونا. هیکتۆر کە یەکپارچە جۆش و خرۆش و هێز و وڕە بوو، لە ڕیزی پێشەوە ڕێی دەکرد، وەکو چۆن سەگێك دەکەوێتە سەر بەرازە کێوییەك یان شێرێك و لە دواوە قەپ بەکەفەڵ و لاتەڕافیا دەکات و بەدەوریا دەسوڕێتەوە، هیکتۆریش بەو ئاوایە ئاخییەکانی ڕاودەنا، هەر کەسێکیان دواکەوتبا دەیکوشت. وەختێ بەدەم هەڵاتنەوە لە سنگەکان و خەنەکەکە دەپەڕینەوە خەڵکێکی زۆریان لەلایەن تەروادەییەکانەوە لێ کوژرا،

(٣٤٤) ئەوانی دیکەیان بەپەرێشانی گەیینە لای کەشتییەکانیان و یەکتریان بانگ دەکرد،. هەموو بەجارێ دەستیان بۆ هەموو خواوەندەکان بەرزدەکردەوە، و هەر کەسە و لەناخی دڵەوە لێیان دەپاڕایەوە، بەڵام هیکتۆر بەپرتاو ئەسپەکانی بەم لاو بەولادا تاو دەدا. و چاوەکانی وەکو چاوانی گورگون یان چاوانی ئەریسە سامناکی خواوەندی شەڕ دەگێڕا.

(٣٥٠) وەختێ خیرا ئەو حاڵەی بینی دڵی بەئارگوسییەکان سوتا. ڕوویکردە ئەتینا و بەڕاشکاوی پێی گوت: "ئەیەڕۆ، ئەی کیژەکەی زیوسی سپەر هەڵگر، ئەرێ شتێ لە پێناوی ئەم داناییانەدا نەکەین، کەوا بڕبڕ دەکوژرێن؟.. ئەگەر تەنیا بۆ ئەمجارەش بێ؟.. تۆ بڕوانە چۆن دەمڕن و لەبەردەم یەك پیاودا هەڵدێن و دوایان دەبڕێتەوە. هیکتۆری کوڕی بریام غەرقی غەزەبێکی توند بووە، و ڕۆژ و ڕۆژگاری ڕەش کردوون".

(٣٥٧) ئەتینا وەڵامی دایەوە: "ئای کە حەزم دەکرد ئەم پیاوە لە وڵاتی خۆیدا و بەدەستی ئارگۆسییەکان بکوژرایە. بەڵام زیوسی بابم زۆر توڕەیە، بەناهەق هەموو ئاوات و خۆزگەکانی جڵەو کردووم. هەرگیز ئەوە وەبیر خۆی نایەنێتەوە کە چەندین جار کوڕەکەیم –هیرکول– ماندوو و مردوو بەدەست کارە قورسەکانی یوریستیوسەوە، ڕزگار کردوە. هیرکول هێند بەکوڵ دەگریا هاوار و فریادی دەگەییە ئاسمان، زیوس دەینارەدم بۆ سەر زەوی تا کۆمەکی بکەم. ئەگەر ئەوسا پێشبینی ئەمەم دەکرد و دەمزانی –کاتێ یوریستیوس بۆ هادیس– خانەی مردووان–ی نارد تا سەگەکەی دۆزەخی لە (ئیریبوس)ەوە بۆ بێنێ، هەرگیز نەمدەهێشت بەزندوویەتی لە ئاوە قوڵەکەی ڕوباری ستیکس دەرباز بێ. کەچی سەرباری ئەوەش من دەبوغزێنێ، و تیتیس دەلاوێنێ و ڕێگەی دەدات بێ بۆلای، لاقی ماچ بکات و دەست بەردێنیدا بێنێ، لێی بپاڕێتە وە کە دەست بەباڵی ئەخیلەوە بگرێ و شکۆ و بەرزی پێ ببەخشێت. باوابێ، هەر ڕۆژێ دێ بەکیژە ئازیزە چاو جوانەکەی بانگم بکات. ئەوسا خۆم دەزانم دەبێ چ بکەم. جارێ تۆ هەڕە ئەسپە سم تیژە ڕەهەوانەکان بۆ هەردوکمان ئامادە بکە. تا من بچم لە کۆشکەکەی زیوسدا جلی جەنگ لەبەر بکەم و خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەم، جا با بزانم هیکتۆری کوڕی بریام لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە یان وەکو پیاوێکی تەروادەیی بێ ناو ونیشان لە نزیکی کەشتی ئاخییەکاندا دەکەوێ و دەبێ بەخۆراکی سەگ و قەل و دالآن."

(٣٨١) ئەتینا بەو ئاوایە قسەی کرد، هیرای قۆڵ و بازوو سپی، کیژی کرونوسی مەزن بەگوێی کرد، هەستاو چوو ئەسپەکانی، کە سەر کەللەی زێڕیان هەبوو، ئامادەکرد، ئەتینای کیژی زیوسی سپەرداریش.

(٣٨٥) کراسە جوانە دەستچنەکەی خۆی لەبەر دەرکەی کۆشکەکەی بابیا داکەند و کراسەکەی زیوسی لەبەرکرد و تەیار بوو بۆ شەڕ. ئەوجا سواری عەرەبانە پرشنگدارەکەی بوو، ئەوجا دلێرانە و توند ڕمەکەی گرت، ئەو ڕمەی دەبووە بەڵای گیانی ئەو جەنگاوەرانەی لێیان تووڕە دەبوو، هیرا ئەسپەکانی بەرقامچی دا، دەروازەکان خۆ بەخۆ و بەجێ و هۆڕ کرانەوە، ئەو دەروازانەی کە خواوەندانی سەعاتان پاسەوانیان دەکرد، و ئەمانە کاریان ئەوە بوو هاتوچۆی خەڵکی لەنێوان ئاسمانی مەزن و ئۆڵەمپدا ڕێکبخەن، بۆیان هەبوو دڕ بەهەوران بدەن یان چڕتری بکەن. ئەسپە گوێڕایەڵەکانی جووتە یەزدانخانم لەو دەروازانەوە وەدەرکەوتن

(٣٩٧) لێ کە بابەزیوس لە ئیداوە بینینی زۆر تووڕە بوو، یەکسەر ئیریسی زێڕینبااڵی بەپەیامێکەوە بۆ لا ناردن: "هەڕە ئیریس خێرا بڕۆ و بیانگێڕەوە و مەیەڵە بێنە نك من، چونکە ئەگەر بێن، لێمان دەبێت بەشەڕێکی خراپ و شێتانە. ئەوەی دەیڵێم ئەنجامی دەدەم. ئەسپەکانیان شەل دەکەم، هەردوکیان لە گالیسکەکەوە فڕێ دەدەمە خوارێ، و گالیسکەکەیان پارچە پارچە دەکەم. بروسکەیەکیان لێدەدەم کە تا دە ساڵ زامەکانیان خۆش نەبێتەوە، هەنگێ کیژە چاو کەسکەکەم دەزانێ شەڕی باب چ دەگەیەنێ. بەاڵم زۆر لە هیرا تووڕە نیم، چونکە فێرە هەمیشە دژایەتیم بکات."

(٤٠٩) زیوس قسەی خۆی کرد. ئیریس لە لوتکە بەرزەکانی ئیداوە بەرەو بەرزترین لوتکەی ئۆڵەمپ بۆی دەرچوو، وەکو با ڕێگەی دەبڕی. لەبەر دەروازەی دەرەوەی ئۆڵەمپی هەزاربە هەزارا پێیان گەیی و پەیامەکەی پێڕاگەیاندن. گوتی: ئەوە کێوە دەچن؟ شێت بوون؟ کوڕی کرونوس ڕازی نابێ بچنە هیمدادی ئارگۆسییەکان. هەروا هەڕەشە دەکات و هەڕەشەکەشی جێبەجێ دەکات: ئەسپەکانتان شەل دەکات، لە عەرەبانەکەتانەوە تووڕتان دەدات و گالیسکەتان پارچە پارچە دەکات. بروسکەیەکتان لێدەدا کە تا دەساڵ برینەکانتان ساڕێژ نەبێتەوە، هەنگێ دەزانی ئەی یەزدانخانمی چاو کەسك شەڕی باوك چ دەگەنێ. بەاڵم سەبارەت بەهیرا زۆر لێی پەست نییە، چونکە فێرە هەمیشە دژایەتی هەموو بڕیارەکانی بکات. بەاڵم تۆ ئەی بێ شەرمی بێ حەیا و ناموس، بەچ چاو و ڕوویەکەوە شیر لە ڕووی زیوسی بابتدا هەڵدەکێشیت؟

(٤٢٥) ئیریس ئەو قسانەی کرد و بەپەلە گەڕایەوە. هیرا بەئەتینای گوت: "ئەی کیژی زیوسی سپەردار، بەڕاستی من ئامادەنیم چیتر لە پێناوی بەشەری فانیدا دژایەتی زیوس بکەین، وازیان لێ بێنە، دەژین دەمرن، هەر کەسەو چارەنووسی خۆی، (با زیوس)ش بەدڵی خۆی قەراری خۆی لەمەڕ تەروادەیی و داناییەکان بدات."

(٤٣٢) هیرا ئەو قسانەی کرد، و سەری ئەسپەکانی وەرگێڕا. یەکسەر پاسەوانەکان –نیگابانی سەعاتان– ئەسپەکانیان لە عەرەبانەکان کردنەوە و لەسەر ئاخورەکانیان بەستنەوە و

عەرەبانەکەیان نا بەدوا دیواری حەوشەکەوە ئەوسا هەردوو یەزدانخانم لەنێو خواوەندەکانی دیدا، بەتوڕەیی و دڵی پڕ خەم و پەژارەوە، لەسەر عەرشە زێڕینەکانیان دانیشتن.

(٤٣٨) ئەوسا زیوس بەعەرەبانەکەی لە ئیداوە بەرەو ئۆڵەمپ وەڕێکەوت و گەیشتە ئەنجومەنی خواوەندان. (بوسیدون)ی خواوەندی بوومەلەرزە ئەسپەکانی لە عەرەبانەکە کردنەوە و عەرەبانەکەی لە شوێنی خۆی دانا و پەردەیەکی پێدادا. ئەوجا زیوس هات و لەسەر عەرشە زێڕینەکەی ڕۆنیشت، ئۆڵەمپ لەژێریا لەرزی، ئەتینا و هیرا، بەتەنیا و دوور لە زیوس لە سوچێکەوە دانیشتبوون، نەقسەیان دەکرد و نەپرسیاریان هەبوو، زیوس لە مەبەستیان حاڵی بوو، گوتی: "ها ئەتینا و هیرا، بۆچی زویر و تووڕەن؟ پێناچێ ماندوو و شەکەتی کوشتاری تەروادەییان بن، چونکە ئێوە زۆرتان ڕق لێیانە؟ با وابێ، چ دەبێ با ببێ، مادامێکی هێز و توانایەکی بێ هاوتام هەیە، بەهەموو ئەو خواوەندانەی کە لە ئۆڵەمپیدان ناتوانن ساردم بکەنەوە و ڕێگەم لێبگرن. بەڵام ئێوە بەرلەوەی شەڕ و ئاکامە ترسناکەکانی شەڕ بدینن لەرزتان لێدێت. بۆیە پێتان دەڵێم کە ئەگەر بروسکەیەکم لێی دابان، هەرگیز نەتان دەتوانی جارێکی دی بەعەرەبانەکەتان بۆ ئۆڵەمپ، بارەگای نەمران بگەڕێنەوە."

(٤٥٧) ئەتینا و هیرا کە بەلای یەکەوە دانیشتبوون، هەر پیشیان دەخواردەوە ولەناخی خۆدا ڕقی زیاتریان لە تەروادەییەکان هەڵدەگرت. ئەتینا کڕ و کپ، ورتەی نەدەکرد، چونکە زۆر زۆر لە باری پڕبوو، لێ هیرا خۆی پێنەگیرا و گوتی: "ئەی کوڕی کرونۆسی بەسام، ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ ئێمە هێز و توانای بێ وێنەی تۆ دەزانین، ئێمە تەنیا جۆرە هاوسۆزییەك دەگەڵ ئەو جەنگاوەرە داناییانەدا دەکەین کە تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە بوون و بەرەو لەناوچوون دەچن.

(٤٦٥) جا ئێمە مادامێکی ئەمری تۆ وایە، دەستبەرداری جەنگ دەبین و بەشداری پراکتیکی لەشەڕدا ناکەین، بەڵام هەندێ ئامۆژگاری و پێشنیازان پێشکەش بەئارگۆسییەکان دەکەین تا هەموویان بەهۆی پشم و غەزەبی تۆوە نەمرن."

(٤٦٩) زیوس وەڵامی دایەوە: "ئەی هیرا، ئەگەر دەتەوێ کاری وابکەی، ئەوا سبەی بەیانی بەچاوی خۆت دەبینی کە کوڕە هەرە بەهێزەکەی کرونوس، چۆن زۆرترین ژمارەی ئارگوسییان لەنێو دەبات، چونکە هیکتۆری فیلەتەن دەست لە شەڕ و کوشتار هەڵناگرێت تا ئەخیلی کوڕی بیلیوس ڕانەپەڕێت و شەڕ نەکەوێتە بەر تەنگە شومەکانی بەرایی کەشتییەکان و لەسەر تەرمەکەی بتروکلوس هەڵنەگیرسێت. ئیدی ئەمە ئەو فرمانەیە کە دراوە. ئیدی بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر بۆ بنی عەرز و دەریات ڕەوانە بکەم، کە ئیابیتوس و کرونوس لەوێ، لە تارتاروسدا بەبێ تیشکی هەتاو و بێ هیچ شنە بایەك لێی کەوتوون.. وادیارە داناسەکنێن تا بۆ ئەوێتان تووڕ نەدەم، من گوێ بەخوتە و بۆڵەی ئێوە نادەم، چونکە گەورەترین ئازاوەچین."

(٤٨٤) هیرا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، لەم کاتەدا تیشکی دڕەخشانی خۆری شکۆمەند خۆی بەئۆقیانوسدا کرد و شەو باڵی بەسەر زەویدا کێشا. تەروادەییەکان هاتنی شەویان پێناخۆش بوو، بەڵام ئاخییەکان سێ جاران لە خودا پاڕابوونەوە کە شەویان بەسەردا بێ.

(٤٨٩) هیکتـۆر پـێش تەروادەییـەکان کـەوت و لـە کەشـتییەکانی دوورخسـتنەوە، و لـە تەختانییەکی کراوەی نزیکی ڕوبارێکدا، کە لە جەنازان خاڵی بوو کۆبوونەوەیەکی پێکردن. لەوێندەر هەموو لە گالیسکەکانیان دابەزین، لەسەر ئەرزەکە دانیشتن و گوێیان بۆ وتەکانی شل کرد. ڕمێکی بەدەستەوە بوو یازدە گەز درێژ بوو، نووکی ڕمەکەی لەلای پێشەوە دەبریسکایەوە، ئەڵقەیەکی زێڕ بەدەوری ڕمەکەوە بوو، ئەڵقەکەی گرت و کەوتە قسان: "ئەی تەروادەییان و داردانیان و هاوپەیمانان گوێتان لەمن بێ. من پێم وابوو ئەمڕۆکە هەر هەموو کەشتی ئاخییەکان و سەرنشینەکانیان تێك و پێك دەدەم بەرلەوەی بۆ ئیلیون بگەڕێمەوە، بەڵام زۆر زوو شەو داهات و ئەمە فریایان کەوت، خۆیان و کەشتییەکانی سەر کەنارەکانی ڕزگار کرن. بۆیە دەبێ هەنوکە مل بۆ حوکمی شەو بدەین و خوانی ئێوارێ ئامادە بکەین، ئەسپەکان لە گالیسکەکان بکەنەوە و ئالیکیان بدەنێ. ئەوجا بەلەز بچنە شار و گاو پەزان بێنن،

(٥٠٦) بـادە و شـەراب ئامـادە بکـەن، داریکـی زۆر خڕبکەنـەوە، چـونکە تـاکو بـەیانی ئـاگری دیـدەوانی و چـاودێری دەکەینـەوە، ئـاگرێکی وەهـا بڵێسـەی بگاتـە ئاسمـان. چـونکە لەوەیـە ئاخییەکان بیانەوێ بە شەو لە دەریاوە هەڵێن، جا نابـێ بێڵێن ئـەم کارە بەئاسانی بکـەن، دەبـێ هەر جەنگاوەرێکیان مۆرێکی بەپشتەوە بنرێ و لە ماڵی خۆیدا تیماری بکات، ئیدی دەبـێ کاتـێ خۆ وەنا و کەشتیەکانیان داوێن، هەریەکەیان تیرێ، سەرەنێزەیەکی بەربکـەوێ، تا ببنـە عیبرەت بۆ خەڵکانی دی و بزانن جەنگ چییە و لـە تـەروادەییانی ڕامکـەرێن ئەسپان بترسن. ئەوجا بـا جارچییان بەناو شار بکەون و جار بدەن کە گـەورە و بچووك لەسـەر بورجـەکان کۆببنـەوە. باهـەر ژنێك ئاگرێکی گەورە لە ماڵی خۆیدا بکاتەوە و بەوردی چاودێری بکەن، نەبا کەمینێکی دژمن لە ناخافڵدا و لەو دەمەدا لەشکر لە دەرێی حەسارە، خۆ بەشاردا بکات. ئەی تەروادەییان تەمەشای مـن بکـەن، بـا ئەمـە جـارێ وەکـو پـێم گـوتن وابـێ، و ئامۆژگاریـەکانم لـە گـوێ بگـرن، بـەیانی تەعلیماتی زیاترتان دەدەمێ. لە زیوس و لە هەموو خواوەندەکان دەپاڕێمەوە کە دەستمان بدەن تا ئەو سەگانە لە وڵاتەکەمان وەدەربنەین، کە قەدەر و چارەنووس وای هانی بەدەست خۆیـان و کەشتییەکانیانەوە ماندوو ببین. جا با ئەم شەو خۆمان پاس بکەین، بەڵام سپێدە زوو دەبێ ڕابین و چەك و تەدارەکی جەنگ لەخۆ بدەین و هێرشێکی بێڕەزا بکەینە سەر کەشتی ئاخییەکان. هەنگێ دەزانم کە ئاخۆ دیومیدسی بەتوانا، کوڕی تیدیوس دەمبـەزێنێ و لـەلای کەشتییەکانەوە بـەرەو حەسـارەکەم ڕاودەنـێ، یـان مـن ئـەو دەکـوژم و دەسـت بەسـەر کەلوپـەل و تەدارەکـە خۆیناوییەکەیدا دەگرم. سبەینێ ئازایەتی خۆی بۆ دەردەکەوێ و دەزانێ کە ئاخۆ بەرگەی ڕم و نێزەی من دەگرێت یان نا. پێم وایە سبەینێ زوو ئەو لە ڕیزی یەکەمی ئەو کەسانەدا دەبـێ کە دەکوژرێن، و هاوڕێکانی لە دەوری خڕ دەبنەوە، ئاه بریا نـەمر دەبووم و هـەرگیز پیر نـەدەبووم. خۆزگە وەکو ئەتینا و ئەپولۆ سەرفراز و خۆشەویست دەبووم. بەهیوام ئەمڕۆ ڕۆژی بەدبەختی و نەگبەتی ئارگۆسییەکان بێ."

(٥٤٢) هیکتۆر ئەو قسانەی کرد و تەروادەییەکان لە خۆشیا کەوتنە چەپڵە لێدان. ئەسپەکانیان، کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوون، لەژێر نیران هێنایە دەرێ و هەر کەسەو ئەسپی خۆی بەعەرەبانـەی

خۆیەوە بەستەوە. بەپەلە بۆ شار چوون و گاو پەزانیان هێنا، بادەو نانیشیان لە ماڵی خۆ هێنا و داریٚکی زۆریان کۆکردەوە.

(٥٤٩) ئەوجا قوربانییەکی سەد سەرییان پێشکەش بەخواوەندان کرد، بۆن وبەرامەی گۆشتی برژاو دەگەییە ئاسمان –بەڵام خواوەندان قوربانییەکەیان قەبوڵنەکرد، چونکە حەزیان لە چارەی تەروادەو بریام وگەڵی تەروادە نەدەکرد. بەو جۆرە بەدرێژایی شەو، دڵ پڕ لە هیوا، لە نزیکی سەنگەرەکانەوە بەبێداری دانیشتن و ئاگرێکی زۆریان کردەوە. وەکو چۆن ستێران لە شەوێکی کپ و بێ سروەدا بەدەوری مانگی مانگدا دەدرەوشێنەوە و هەموو هەوراز و نشێو و پەنا و پەسێرێکی سەر زەوی پروناك دەکەنەوە و چ شتێك ئارامی و هێمنی ئاسمان ناشێوێنێ، و هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان دەردەکەون و دڵی شوان پێیان خۆش دەبێ –بەو ئاوایە ئاگرێن چاودێری لەبەردەم ئیلیوندا، لە ناوەندی کەشتییەکان و پرۆباری ئیکسانتوسدا، دەبریسکانەوە و هەزار ئاگری پاسەوانی و چاودێری لە دەشتەکەدا دەچوو بەئاسماندا و هەر ئاگرێك پەنجا جەنگاوەری بەدەورەوە بوو و ئەسپەکان لە پاڵ عەرەبانەکاندا دەلەوڕین و چاوەنۆڕی هەڵاتنی سپێدە بوون.

سروودی نۆیەم

شاندی ئاشتەوایی (ئاشتێتی)

حیکایەتەکە:

تەروادەییەکان دوای ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێنا، سوربوون لەسەر ئێشك گرتنی ورد، لەولاشەوە ئاخییەکان ترسیان لێی نیشتبوو و تیامابوون چۆن بەیانی بەرەنگاری هێرشی تەروادەییەکان ببنەوە، ئاگامەمنون دەیویست بار و بنەیان وەپێچن و کەشتییەکانیان بخەنەوە ئاوێ و بۆ ولاتی خۆ بزڤرنەوە. لێ دیومیدس پرایەکی دیکەی هەبوو، پرای وابوو کە وەمێنن و مقاوەمەت بکەن. لێرەدا نەستور پرابوو و پێشنیازی کرد کە شاندێك بچن بۆلای ئەخیل، چونکە ئەگەر توپە بوون و تۆرانی ئەو نەبایە ئاخییەکان ئەمەیان بەسەر نەدەهات. ئاگامەمنون قاییل بوو، و پرازی بوو بەوەی کە ئەو ئافرەتە دیلەی لێی داگیر کردبوو بۆ بنێرێتەوە، و سوێندی خوارد کە نە ئیلاقەی کردووە و نە لەگەڵیا خەوتووە. زێدەباری ئەمەش کە چوونەوە بۆ ولات حەوت کیژی جوانی بداتێ لەگەڵ زەوی و زارێکی بەپیت و بڕشتدا، هەروەها دەیکات بەزاوای خۆی و یەکێك لە سێ کیژەکەی خۆی دەداتێ، و کە تەروادەش گیرا ئەوا کەشتییەکەی بۆ تەژی دەکات لە زێڕ و مس و برونز و ئاسن.. ئیدی شاندێك بەسەرۆکایەتی ئودیسیوس، ئامادەکرا، کە فینیکسی پەروەردەکاری (ئەخیل)یشی تیابوو. شاندەکە بەرێگە کەنارییەکەدا پرۆیی، گەییە ئۆردوگای مەرمیدونەکان و خۆیان بەسەراپەردەکەی ئەخیلدا کرد، کە خەریکی گیتار ژەنین بوو، پێشوازییەکی گەرمی کردن و (پتروکلوس)ی هاوڕێی پاسپارد کە ئەرکی میوانداری وەستۆ بگرێ. شاندەکە دڵی خۆیان بۆ کردەوە و ئەو دیاریانەیان ژمارد کە ئاگامەمنون لێیرابوو بیانداتێ، ئەخیل پەفزی کرد و داوای لە پەروەردەکارەکەی کرد کە شەو لە جەم وی وەمێنێ و بەیانی لەگەڵ ئەودا بۆ ولات بگەڕێتەوە. ئیدی باسی چارەنووسی خۆی کرد، کە ئەگەر لە

تەروادەدا وەمێنێ و شەڕ بکات ئەوا تەمەنێکی کورت، بەڵام ناوبانگێکی زندووی بەدرێژایی ڕۆژگار دەبێت، بەڵام ئەگەر بۆ وڵات بگەڕێتەوە ئەوا ژیانێکی خۆش و تەمەنێکی درێژی دەبێت، ئەوسا فینیکس هەڵیدایێ و بیری خستەوە کە چۆن بەخێوی کردوە و لە باوەشی گرتووە، و چۆن بابی ڕووی لێناوە بێ بۆ تەروادە تا ئاگای لێ بێ و ڕێنوێنی بکات. چیرۆك و سەربهوردی قارەمانانی کۆنی بۆ گێڕایەوە کە چۆن خەڵکانی دڵگەورە و لێبوردە بوون. داوای لێکرد کە نوێژ و نزا بکات تا تورەییەکەی بڕەوێتەوە. ڕاستە خەتا و هەڵە پێش نوێژ و نزا دەکەوێ بەڵام نوێژ و نزا کێژانی خواوەند زیوسن. شەل و شیت و ناشیرینن، بەڵام زیوس زۆر گوێیان لێدەگرێت. ئامۆژگاری دەکات کە نوێژ بکات تا تورەییەکەی بڕەوێتەوە و مگێزی بێتەوە جێ و بەرگری لە ئاخییەکان بکات، چونکە تەروادەییەکان سۆزی کەشتییەکانیان دەسوتێنن. ئەخیل ڕەفزی کرد، ئەجاکس هەستا و قسەی کرد، شاندەکە بەسەرۆکایەتی ئودیسیوس بۆلای ئاخییەکان گەڕایەوە، و فینیکس لە جەم ئەخیل مایەوە. (ئاگامەمنون)یان لە واریقاتەکە ئاگادار کردەوە. (دیومیدس ڕابوو و گوتی پێویست بەئەخیل ناکات، ئاگامەمنون دەتوانێ لەشکرەکە کۆبکاتەوە و بەخۆی فەرماندەییان بکات و نایەڵن تەروادەییەکان کەشتییەکانیان بسوتێنن. ئاگامەمنون دەعوەتێکی کردن، هەموو تێر و پڕیان خوارد و خواردەوە و ئەوسا هەر کەسەو چووە خێوەتی خۆیەوە و لێی خەوت.

زەمەن:

ڕووداوەکان لە شەوی کۆتایی ڕۆژی بیست و حەوتەمدا ڕوو دەدەن.

شوێن:

شوێن کەناری دەریایە، بەردەم کەشتییەکان، دیمەنەکان بریتییە لە بارەگای ئاگامەمنون، سەرا پەردەکەی ئەخیل، ئەوجا گەڕانەوەی شاندەکە بۆ ئۆردوگای ئاخییەکان.

(١) تەروادەییەکان زۆر بەتوندی ئێشکیان دەگرت. بەڵام ترس، هاوڕێی ڕێگە، باڵی بەسەر ئاخییەکاندا کێشا و فەرماندە و ڕابەرەکانیان نائومێد بوون. وەکو چۆن بای باکور و ڕۆژاوایی لە تراکیاوە هەڵدەکەن و دەریا دەهوڕوژێنن، یەك دەگرن و شەپۆلی زەلام و تاریك سەر بەرز دەکەنەوە و هەرچی جەگەن و ئاوماڵکە هەیە بەهەموو لایەکیا تۆڕ دەدەن– دڵی ئاخییەکانیش بەو ئاوایە لە سینەیاندا ترساو و پەرێشان بوو.

(٩) بەترسێکی زۆرەوە کوڕی ئەتریوس فەرمانی بەقاسید و جارچیەکان دا کە بەبێدەنگی هەموو جەنگاوەرەکان ئاگادار بکەنەوە بێن بۆ کۆبوونەوە، دوای ئەوەی هەموو هاتن و لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئامادەبوون، ئاگامەمنون بەدەم گریانەوە هەستاو فرمێسك وەك جۆگەیەك یان تاڤگەیەکی هەزار بەهەزار لە چاوانییەوە دەڕژا. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، ڕووی کردە ئاخییەکان و گوتی: "دۆستان، ئەی فەرماندە و شیرەتکارانی ئارگوسی، وادیارە زیوس لە هەموو ئارگوسییەك پتر منی خستووەتە داوی کوێردڵی و تەسکبینییەوە، ئەو خواوەندە دڵڕەقە مژدە و بەڵێنی دابوومێ، کە من تا شاری تەروادە نەگرم بۆ وڵاتی خۆ ناگەڕێمەوە، بەڵام وادیارە پێی ڕابواردووم، ئەوەتا ئێستاکێ ئەمرم پێدەکات، بەم حاڵە نالەبارەوە، بەم سەر شۆڕییەوە،

دوای ئەوەی ئەو هەموو جەنگاوەرەم لە مەیدانی شەڕدا لە دەست داوە، بۆ ئارگوس بگەڕێمەوە. وادیارە ئەمە خواستی زیوسە، ئەو زیوسەی کە بەر لە ئێستا زۆر شاری لەگەڵ ئەرزا تەخت کردووە و زۆر شاری دیکەش تەخت دەکات، چونکە هێز و توانای ئەو لەسەرووی هەموو هێز و توانایەکەوەیە. جا با ئەم قسانە بخەینە لاوە، وەرن هەموو بەگوێم بکەن: با سواری کەشییەکانمان ببین و بۆ ولاتی خۆ بگەڕێینەوە، چونکە تەروادەمان پێ ناگیرێ."

(٢٩) ئاگامەمنون ئەو قسانەی کرد، ئاخییەکان ماوەیەکی زۆر مات و خەمبار لەجێی خۆ دانیشتن، هەر هەموویان لە ناخا ئاشتیان دەویست و حەزیان دەکرد بەسەلامەتی بگەڕێنەوە، تا لە ئەنجاما (دیومیدس)ی نەڕەشێری مەیدان هاتە قسان و گوتی:

(٣٢) ئەی کوڕی ئەتریوس، من بەم حەماقەتە قاییل نیم، ببورە کە بەو شێوەیە لە ڕووت دەوەستم، چونکە ئەمە کۆبوونەوەیەو کاری وا لە کۆبوونەوەدا ڕەوایە. تۆ هەوەڵجار لەبەردەم هەموو داناییەکاندا منت شکاندەوە، پێت گوتم کە من ترسنۆکم و جەنگاوەر نیم، هەموو ئارگۆسییەکان، لاو و پیر شایەتن و دەزانن تۆ ئەم کارەت کردووە. بەڵام کوڕی کرونوس، خودانی پلانی ڕاز ئامێز، هەر ئەو بەش و بەهرەیەی پێ داوی کە کردوتی بەگەورەی ئێمە، بەڵام جورئەتی پێ نەداویت کە لە هەق و هێز بالاترە. جەناب، ئایا پێت وایە ڕۆڵەی ئاخییان بەڕاستی ترسنۆک و زەبوونن؟ ئەگەر بەنیازی بۆ ولات بگەڕێیتەوە، بگەڕێوە، ڕێگە کراوەیە، کەشتییەکانیش لەکەناری دەریا وەستاون و چاوەڕێی تۆن، ئەو کەشتییە زۆرانەی لە مسیناوە دووی تۆ کەوتن. بەڵام کەشتییەکانی دی لێرە دەمێننەوە تا تەروادە دەگرین و تەختی دەکەین. یان ئەگەر ئەوانیش دڵیان پێوەیە با بەکەشتییەکانیان بگەڕێنەوە، بەڵام ئێمە ستینیلوس و من دەمێنینەوە و شەڕ دەکەین تا بەئاوات دەگەین و هەرەسی ئیلیون دەبینین، چونکە ئێمە کە هاتین ئاسمانمان لە پشت بوو."

(٥٠) هەر کە دیومیدس ئەو قسانەی کرد. هەموو بەدەنگی بەرز ئافەرین و دەمخۆشیان لێکرد. ئەوسا نەستوری سوارچاك هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی کوڕی تیودیوس تۆ لەشەڕا لە هەمووان بەهێزتری، کەس گومانی لە دلاوەریت نییە، لە تەگبیر و ڕاوێژاندا لە هەموو هاوتەمەنانی خۆت بالاتری، هیچ ئاخیاییەك گلەیی لە قسەکانت نییە. بەڵام قسەکانت تەواو نەکردووە. تۆ هێشتا منالّی –ڕەنگە لە منالّترین منالّی من منالّتربی– بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ پێچ و پەنا ئامۆژگاری و نەسحەتی پاشا و سەرداری ئاخییەکانت کرد، چونکە لەسەر هەقی. بەهەرحاڵ من لە تۆ گەورەترم و دەمەوێ هەموو شتێکت تێبگەیەنم، بۆیە نامەوێ هیچ جەنگاوەرێك و تەنانەت شا (ئاگامەمنون)ش گاڵتە بەئامۆژگاری و پێشنیازەکانم بکات. هەر کەسێك حەز بە دووربەرەکی ناوخۆ بکات، کەسێکە دژمن بەگەل و قەومی خۆی، کەسێکە بێ ئەسڵ و فەسڵ، نە یاسا دەناسێت و نە بنەماڵە و کوانگی هەیە.

(٦٥) جا با ئێستا خۆ بەشەو بسپێرین و نانەکەمان بخۆین، پاسەوان و ئێشکچی بەدرێژایی خەندەکی دەوری شورەکە دابنەن، من ئەم ئەرکە بەجەنگاوەرە گەنجەکان دەسپێرم.. تۆش ئەی

کوڕی ئوتریوس. که پاشا و سەرداری هەموومانی، فەرمان بدە، دەعوەتێك بۆ ردێن سپییان و شیرەتکارەکانت ساز بکرێ، چونکە ئەم کارە هەر قابیلی تۆیە و لەتۆ دەوەشێتەوە.

(٧١) خێوەتەکانت پڕن لە بادە و شەراب، ئەو بادە و شەرابەی کە کەشتیانی ئاخیاییان پۆژانە لە ڕێگەی دەریاوە بۆتی دەهێنن. تۆ هەموو کەرەستەیەکی میواندارێت هەیە، زۆر شتت هەیە. کە خەڵکەکە خڕبوونەوە، بەگوێی ئەو کەسە بکە کە باشترین ڕێنوێنی و تەگبیرت بۆ دەکات –چونکە دژمن لە نزیکی کەشتییەکانی ئێمەدا ئاگرێکی زۆری چاودێریان کردۆتەوە، بۆیە ئێمە هەموو ئاخییەکان پێوستمان بەکۆبونەوەیەکی بوێرانەی ئاقلانە هەیە، کێ لە ئێمە لە حاڵی ترسدا نییە؟ ئەم شەو شەوێکە یا لە شکرەکەمان تیا دەچێ یان ڕزگار دەبێ.

(٧٩) بەو ئاوایە قسەی کرد، هەموو بەگوێیان کرد. پاسەوانەکان خێرا تەدارەکی جەنگیان لەخۆدا و بەفەرماندەیی هەر یەکێك لە تراسیمیدسی کوڕی نەستور، سکالافوس، ئیالمینوس، میریونیس، ئەفاریوس، دیبیروس، و لیکومیدسی مەزنی کوڕی کریون کەوتنە ڕێ. فەرماندەکان حەوت کەس بوون، هەریەکە و سەد جەنگاوەری ڕم درێژی لەگەڵ بوو. لەنێوان خەنەکەکە و شورەکەدا شوێنی خۆیان گرت، ئەوجا ئاگریان کردەوە و هەر کەسەو کەوتە ئامادەکردنی شیوی خۆی.

(٨٩) ئەوجا کوڕی ئوتریوس ژمارەیەکی زۆری لە ردێن سپی و شیرەتکارانی ئاخیایی بۆ بارەگاکەی دەعوەت کرد و نان و خوانێکی شایستەی بۆ چێکردن. و هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە دەستی بۆ خۆراکە بەلەزەتەکانی بەردەمی درێژ کرد، پاش ئەوەی تێر و پڕیان خوارد و خواردەوە، پیری ناودار، نەستوری دنیادیدە، کە هەر لەکۆنەوە بەڕاو تەگبیری دروست و ڕاست بەناوبانگ بوو، یەکەم کەس بوو هەستاو بەوپەڕی نیازپاکی و ژیری ڕای خۆی خستە ڕوو،

(٩٦) گوتی: "ئەی شکۆدارەکەی کوڕی ئوتریوس، ئەی پاشای بەشەران، ئاگامەمنون، من قسەکانم بەتۆ دەست پێدەکەم و بەتۆ کۆتایی پێدێنم، چونکە تۆ پاشای هەموو گەلیت، زیوس گۆچانی فەرمانڕەوایی داوەتە دەستی تۆ، تا سەرپەرشتی کار و کردەوەیان بکەی و بیر لە چاکەیان بکەیتەوە. بۆیە پێویستە تۆ بەر لە خەڵکی دی هەم قسە بکەی و هەم گوێ بگری، بەڵکو لەسەرتە گوێ لە ڕاوێژ و پێشنیازی دروست و ژیرانەی خەڵکیش بگریت. جا با بێینەوە سەر تۆ و فرمانەکانی تۆ، من شتێك دەڵێم کە لە جەم خۆم باشترین شتە. لەوساوە کە تۆ ئەی پاشای مەزن (ئەخیل)ت تۆراند و پیاوت ناردە سەری و (بریسیس)ت بەتۆبزی و بەپێچەوانەی ئامۆژگاریی منەوە لە خێوەتەکەی دەرهێنا و لێت داگیرکرد، چ کەسێك ڕای لەڕای من باشتری نەبووە.

(١٠٨) من زۆرم هەوڵدا کە تۆ ئەو کارە نەکەی، بەڵام تۆ تەسلیم بەروحزلی خۆت بوویت، قارەمانێکت شکاند کە خواوەندان بەخواوەندی خۆیان گەورە و ڕێزداریان کردبوو، کەچی تۆ شکانتەوە، (بریسیس)ت لێ داگیر کرد، بریسیس دەسکەوتی ئازایەتی خۆی بوو، تۆ تا ئێستاش هەر لای خۆت گلت داوەتەوە.بەهەرحاڵ ئێستاش نەچووە بچێ، دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەدیاریی جوان، و زمانی شیرین ئاشتی بکەینەوە."

(١١٥) ئاگامەمنون شا بەرسقی دایەوە: "ئەی پیرەمێرد، تۆ ڕاست دەکەی. من گەوجێتیم کرد. بەتەمانیم نکۆڵی و حاشا لە گەوجێتی خۆم بکەم. پیاوێك کە ئاسمان بیحوبێنێ، سوپایەك دێنێ، هاوتای سوپایەکە بۆ خۆی. ئەو کارەساتەی زیوس بەسەر سوپای ئاخییانی هێناوە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو پیاوە دەحوبێنێ و بەو جۆرە ڕێزی لێدەنێ. من دوای سۆز کەوتم ڕیشی خۆم دایە دەست ئەقڵی خاومەوە، بۆیە لێبڕاوم بەخۆدا بچمەوە و هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە. ئامادەم لەبری ئەو هەڵەیەی دەرهەق بەو کردوومە دیاری و پێشکەشیەکی فرە و زۆری بدەمێ. و یەك بەیەك لەبەردەم ئێوەدا بۆی بژمێرم. سێ سێکوچکەی دەدەمێ کە هێشتا لەسەر ئاگر نەنرابن، دە تالان زێڕ، بیست مەنجەڵی ئاسن، دە دوازدە ئەسپی ڕەهوان، کە هەر هەموویان لە پێشبڕکێدا دەرچوون و خەڵاتیان بردووەتەوە، هەر پیاوێك ببێ بەخاوەنی ئەم خەڵاتانەی کە ئەم ئەسپانەی من بردوویانەتەوە دەبێ بە خاوەن و زەوی و زێڕێکی زۆر، دەوڵەمەندی دەوڵەمەند دەبێت. حەوت ژنی کارامە و دەستڕەنگینی دەدەمێ، ژنانی لیسبوسی، لەو ژنانەی کە بەخۆم لە ڕۆژگاری گرتنی لیسبوسدا هەڵمبژاردون، هەموویان زۆر جوانن، هەموو ئەمانەی وێدەدەم، و هەروەها کیژەکەی (بریسیوس)شی دەدەمەوە، ئەو کیژەی کە لێم داگیر کرد. سوێندی گەورەی بۆ دەخۆم کە نە لەگەڵی چوومەتە جێگەوە و نە لەگەڵیا جووت بووم، ئەگەرچی ئەمە مافی هەموو بەشەرێکە، چ پیاو و چ ژن.

(١٣٥) هەر هەموو ئەمانەی دەدەمێ، و خۆ ئەگەر خواوەندان دەستیان دام و شارەکەی بریامم گرت و وێرانم کرد، ئەوا لەو کاتەدا کە ئێمەی ئاخییایی دەکەوینە دابەشکردنی دەستکەوت و تاڵانی، بانگی دەکەم بێت و بەکەیفی دڵی خۆی کەشتییەکەی لە زێڕ و برونز بار بکات، و زێدەباری ئەمەش جگە لە هیلین جوانترین بیست ژنی تەروادەیی بۆ خۆی ببات، پاشان کە چوویندە بۆ ئارگۆسی ئاخیا، بۆ دەوڵەمەندترین وڵات، ئەوا دەیکەم بەزاوای خۆم وەکو (ئریستیس)ی کوڕم کە لەناز و نیعمەتدا دەژی تەمەشای دەکەم. من سێ کیژم هەن: کریسوتیمیس، لاودیکی و ئیفیاناسا، هەر کامیانی بەدڵ بوو بەپێشکەشی و بێ ئەوەی شیربایی بدات یا جیازی بۆ بکات، دەیدەمێ بابیگوازێتەوە بۆ ماڵی بیلیوس،

(١٤٧) جگە لەمانە جیازی و دیاریەکی هێندە زۆریشی لەگەڵدا دەنێرم کە تا ئێستا هیچ بابێك لەگەڵ کیژەکەیدا بۆ زاوای نەناردبێ. هەروەها حەوت شاری ئاوەدانیشی دەدەمێ کە ئەمانەن: کاردامیلی و ئینوبی و هیری سەرسەوز. فیرای پیرۆز و ئەتینای پڕ مێرگوزاران، و ئیبای جوان، و (بیداسوس)ی مەڵبەندی ڕەزان، هەر هەموو ئەمانە لە نزیکی دەریان و لە تخوبی بیلوسی لمەڵان دان. دانیشتوانی ئەوێندەر هەموو دەوڵەمەند و خودان پەز و ماڵاتن، هێندەی دیاری بۆ دەبەن وەکو ئەوەی خوابێ، و دێنە ژێر گۆچانەکەی –گۆچانی فەرمانڕەوایی– و هەر ئەمرێکیان پێ بکات جێبەجێی دەکەن. هەر هەموو ئەمانەی بۆ دەکەم ئەگەر دەستبەرداری پشم و غەزەبەکەی ببێ، کارێکی وەها بکەن قایل بێ و دڵی نەرم بکەن، وەك بزانم تەنیا هادیس، بەزەیی لە دڵدا نییە و هیچ شتێك قەبوڵ ناکات –بۆیە تیرەی بەشەر، بەشەری فانی لەناو هەموو

خواوەندەکاندا ڕقی زۆریان هەر لەوە. ئەمە زێدەباری ئەوەی کە من لە ڕووی تەمەنەوە لە ئەخیل گەورەترم و لەباری پاشایەتییەوە لەو کۆنتر و ڕەسەنترم، بۆیە هەقە بەگوێم بکات."

(١٦٣) نەستور هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی مەزنترین کوڕی ئوتریوس شکۆمەند، ئەی پاشای جەنگاوەران، ئاگامەمنون، ئەم دیاریانەی تۆ بەڕاستی دیارین نەک گاڵتە، کەواتە با شاندێك هەڵبژێرین بەپەلە بچن بۆ خەرگەکەی ئەخیلی کوڕی بیلیوس. با ئەوانەی من هەڵیاندەبژێرم بێنە دەرێ، یەکەم فینیکسی خۆشەویستی زیوس، کە لە ڕێگەدا ڕابەرییان بکات، ئەوجا ئەجاکس و ئودیسیوس.. لە قاسید و جارچییەکانیش با ئودیوس و یوریباتیس لەگەڵیان بڕۆن. جا ئێستا با ئاو بێنن دەستمان بشۆین و فەرمانبدە هەموو بچنە خەڵوەت و خامۆشییەکی ئاینییەوە، تا لەبەر زیوس بپارێینەوە و نوێژ و نزای بۆ بکەین، بەڵکو ڕوحمێکمان پێدا بکات."

(١٧٣) نەستور ئەو قسانەی کرد، هەر هەموو قسەکانیان پێ خۆش بوو، خزمەتکاران ئاویان بەدەستی میوانەکاندا کرد، خولاّمان بادیەکانیان پڕ لە بادە و ئاو کرد، و بەسەر هەموو ئامادەبووانیاندا گێڕا، ئەوجا بەناوی قوربانییەوە سەرو چۆڕیان پرژاندە عاردی، هەر کەسەو بەشی خۆی خواردەوە، شاندەکە لە سەراپەردەکەی ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس هاتنە دەرێ. نەستوری سوارچاك فرمانی تەواوەتی دانێ، نیگای یەك بەیەکیانی کرد، بەتایبەتی ئودیسیوس کە هەموو توانایەکیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کوڕەکەی بیلیوس بێننە ڕەداو دڵی نەرم بکەن.

(١٨٢) هەموو لە کەناری دەریای خرۆشاودا کەوتنە ڕێ، لەبەرخۆوە لە بوسیدونی خواوەندی زەوی و بومەلەرزە دەپاڕانەوە کە ڕوحی ئیاکۆسی باپیری ئەخیلیان بەگەڵ بخات و کۆمەکیان بکات کە بتوانن بەئاسانی دڵی ئەخیل نەرم بکەن. کە گەییشتە کەشتی و ئۆردوگای مەرمیدونەکان،

(١٨٦) سەیریانکرد ئەخیل بەدەم گیتار لێدانەوە خەمی دڵی خۆی بەبا دەدات. گیتارێکی جوان، خۆش ساخت، و پایە زیوین. لەو دەسکەوت و تاڵانیانە بوو کە لە کاتی گرتن و تاڵانکردنی شاری ئیتوندا دڵی گرتبووی و هێنابووی. ئەخیل بەدەم لێدانی ئەم گیتارەوە بەکار و کردەوەی مەزنی قارەمانانیا هەڵدەگوت. (پاتروکلوس)ی هاوڕێی بەتاقی تەنیا، کەپ و بێدەنگ لە بەرانبەری دانیشتبوو و چاوەڕوان بوو لە گۆرانییەکەی ببێتەوە، لەم کاتەدا ئودیسیوس و ئەجاکس –ئودیسیوس لە پێشەوە بوو– وە ژوور کەوتن و لەبەردەمیا وەستان. ئەخیل بەسەرسامی هەستایە سەر پێیان و گیتارەکەشی هەر بەدەستیەوە بوو، هەروەها (پاتروکلوس)ش کە ئەوانی بینی هەستایە سەرپێ. ئەوجا ئەخیل سلاّوی لێکردن و گوتی: "سلاّو، بەخێرهاتن ئایا بەسەردانی دۆستانە هاتوون، یان پێویستییەکی گەورە ناچاری کردوون بێن؟ بەهەرحاڵ ئێوە هەمیشە، و تەنانەت لە هەڕەتی توڕەییشمدا، لە چاوی منا ئازیزترین و بەڕێزترین ئاخیایین."

(١٩٩) ئەمەی گوت و بردنییە پێشتر‌ەوە و لەسەر ئەو باڵیفانەی کە فەرشی ئەرخەوانیان پێدا درا بوو داینان. ئەوجا بە پاتروکلوسی، کە لەنزیکیەوە وەستا بوو، گوت: "ئەی کوڕی مینوتیوس،

گەورەترین بادیە لەسەر مێزەکە دابنێ، و بادەیەکی خەست بگرەوە، ئاوی کەم تێ بکە، هەریەکە و جامێکی بدەیێ، چونکە ئەمانە دۆستی ئازیزی منن، هاتوونەتە ماڵەکەم."

(٢٠٥) پاتروکلوس، فەرمانەکانی هاوڕێکەی جێبەجێکرد، ئەوسا ئەخیل لەبەر ڕوناکی ئاگرەکەدا، مێزێکی گەورەی ڕاکێشا تا گۆشتەکانی لەسەر چاك بکەن، پشتە مەغزەی مەڕێك و بزنێکی قەڵەو و بڕبڕەی پشتی بەرازێکی قەڵەوی لەسەر دانا، ئوتومیدون گۆشتەکەی دەگرت و ئەخیل وردی دەکرد و دەیجنی و لە شیشی دەدا، و کوڕەکەی (مینوتیوس)ش ئاگری خۆش دەکرد، کە گڕی ئاگرەکە دامرکایەوە، پشکۆ زوغاڵەکانی تەخت کرد و شیشە گۆشتەکانی لەسەر ڕیزکردن، ئەوجا هەڵیگرتن و خوێی پێداکردن. کە گۆشتەکان برژان خستنییە سەر قاپ، و نانی لە سەبەتەی جوان جواندا لە دەوری خوانەکە ڕیزکرد، و ئەوجا ئەخیل گۆشت و کەبابەکەی دابەش کرد و هەر کەسەو بەشی خۆی بۆ دانا. ئەوسا ئەخیل لە بەرانبەر ئودیسیوس دانیشت، پاتروکلۆسی هاوڕێی گاز کرد و داوای لێکرد کە قوربانی پێشکەش بەخواوەندان بکات، یانی خواوەندان لە بیر نەکات، ئیدی پاترۆکلۆس بەشی خواوەندانی نایە سەر ئاگرەکە و میوانەکان دەستیان بۆ ئەو زیافەتەی لەبەردەمیان ڕیزکرابوو، درێژ کرد. پاش ئەوەی هەموو تێر و پڕیان خوارد و خواردەوە، ئەجاکس ئاماژەیەکی بۆ فینیکس کرد، ئودیسیوس حاڵی بوو، جامێکی لە بادە پڕکرد، هەڵیبڕی تا بەخۆشی و سەلامەتی ئەخیل هەڵیدا.

(٢٢٥) گوتی: بەخۆشی و سەلامەتی تۆ ئەی ئەخیل، ئێمە نە لە خێوەت و خەرگەکەی ئاگامەمنون، و نە لە سەراپەردەکەی تۆ لە خوانی ئاواو ئاوەدانمان کەم نەبووە، خواردن و خواردنەوە زۆرە، بەڵام ئێمە لە خەم و بیری ئەم شتانەدا نین، ئەی لە توخم و تۆوی زیوس، ئێمە گیرۆدەی کارەساتێکی گەورەین، و نازانین ئاخۆ بەبێ کۆمەکی تۆ دکارین کەشتییەکانمان ڕزگار بکەین، یان لە دەستیان دەدەین. تەروادەیی و هاوپەیمانەکانیان لە نزیکی کەشتییەکانی ئێمە و لەلای حەسارەکە ئۆردوگایان هەڵداوە، و لە هەموو لایەکەوە ئاگری چاودێریان هەڵایساندوەو پێم وایە هێز نییە ڕێگەیان لێ بگرێ و نەیەڵێت بدەن بەسەر کەشتییەکانماندا. (زیوس)ش لەلای دەستە ڕاستەوە چەخماخە لەسەر چەخماخە دەنێرێ و ئەمە بەمژدەی خێر دەزانن، (هیکتۆر)ش بەدەم تووڕە بوون و هەڵچوونێکی شێتانەوە، بەو باوەڕەوە کە زیوسی لە پشتە، نە باکی بەخواوەندانە و نە بە مرۆڤان، هێندەی دی هاڕۆژاوە، هەموو نوێژ و وێردێکی هاتووەتە سەر ئەوەی کە زوو بەیان بدات و ڕۆژ ببێتەوە. سوێندی خواردووە کە لوتەی کەشتییەکانمان تێك و پێك بدات و ئاگر لە بۆدیەکانیان بەربدات، و ئاخییەکان وێڵ و سەرگەردان تەفر و تونا بکات. من زۆر دەترسم ئاسمان پشتیوانی بکەن و لە تەروادە و دوور لە ولاتی خۆمان، دوور لە ئارگۆس تیابچین، کەواتە، هەرچەندە درەنگە، ڕابە و فریای ڕۆڵەکانی ئاخیا کە بەدەستی تەروادەییەکانەوە پەڕێشان بوون، بکەوە و ڕزگاریان بکە. دەنا پەشیمان دەبییەوە لەوەی کە ئەم فرسەتەت لە دەستدا، کە زەرەر ڕوویدا، ئیدی چارەسەر بێ فایدەیە، تا کار لە کار نەترازاوە باش بیربکەوە و، داناییەکان لەم بەڵایە ڕزگار بکە.

(٢٥٢) ئەی دۆستی ئازیز کە بیلیوسی بابت لە بتیاوە بۆلای ئاگامەمنونی ناردیت بەمجۆرەی ئامۆژگاری نەکردیت کە: "کوڕەکەم، ئەتینا و هیرا گەر بیانەوێ هێز و توانات دەدەنێ، بەڵام تۆ جڵەو بۆ سۆزەکانت شل مەکە، چونکە هیچ شتێك لە میانڕەوی و میهرەبانی و دلۆڤانی باشتر نیە. خۆت لەهەر هەڤرکییەکی بێهودە دوور بگرە. بەمە پیر و گەنجی ئاخییان قەدرت دەگرن." ئەمە ئامۆژگارییەکانی ئەو بووە بەڵام تۆ لەبیرت کردوون. ئێستاش بەهومێدم خۆت هێور بکەیەوە و ئەم تووڕەییە وەلاوەبنەی. ئاگامەمنون ئامادەیە ئەگەر لێی ببوری، دیاری و پێشکەشیەکی زۆرت بداتێ، جا باپێت بڵێم چی بۆ داناویت و بەتەمایە چیت بداتێ. حەوت سێکوچکەی تازە کە ئاگریان بەخۆوە نەدیبێ، دە تالان زێڕ، و بیست مەنجەڵی ئاسن، دوانزە ئەسپی ڕەهوان کە لە پێشبڕکێدا خەڵاتیان بردووەتەوە.

(٢٦٦) جا هەر کەسێك ببێ بەخودانی ئەم ئەسپ و خەڵاتانە زۆر دەوڵەمەند دەبێ زەوی و زار و زێڕێکی زۆری دەبێ، چونکە ئەم ئەسپانە دەسکەوتی زۆریان بۆ ئاگامەمنون بەدەست هێناوە. ئەمە جگە لەوەی کە حەوت ژنی کارزان و دەست ڕەنگینی (لیسبوسی)ت دەداتێ، لەو ژنە جوانانەی کە لەکاتی گرتنی لیسبوس دا بەخۆی هەڵی بژاردبوون هەر هەموو ئەو ژنانەت دەداتێ و کیژەکەی (بریسیس)شت، کە لێی داگیرکردبووی بۆ دەنێرێتەوە، سوێندی گەورەش دەخوات کە نەچووەتە لای و نەئیلاقەی کردووە، هەرچەندە ئەمە مافێکی ئاسایی هەر پیاو و ژنێکە. هەر هەموو ئەم شتانە حازر و ئامادەن دەتوانی هەر ئێستا وەریان بگری. خۆ ئەگەر پاشان خواوەندان دەستیان داو توانی دەست بەسەر شاری تەروادەدا بگرێت، و ئاخییان کەوتنە دابەشکردنی تالانی و دەسکەوتان، دەتوانی بێی و بەئارەزووی دڵی خۆت کەشتییەکەت لە زێڕ و برونز بار بکەی، دەتوانی جگە لە هیلین جوانترین بیست ژنی تەروادەیی بۆ خۆت هەڵبژێری. ئەوسا کە گەڕاینەوە بۆ شاری ئارگوسی دەبی بەدەوڵەمەندترین خودان زەوی و زار، چونکە دەبی بەزاوای ئاگامەمنون و وەکو کوڕە ئازیزەکەی خۆی(ئوریستیس) کە لەناز و نیعمەتا دەژی، تەماشات دەکات. ئاگامەمنون سێ کیژی هەن، کریسوتیمیس و لاودیکی و ئیفاناسا، دەتوانی یەکێك لەوانە هەڵبژێری و بەبێ هیچ شیرباییی و جیازییەك، بەکراسی بەری خۆیەوە بۆ ماڵی بیلیوسی بگوازیتەوە. دیاریی و جیازییەکی وەهاش لەگەڵ کیژەکەیدا دەنێرێت کە هیچ کەسێك ئەمەی بۆ کیژی خۆی نەکردبێت، هەروەها حەوت شاری ئاواو ئاوەدانت دەداتێ کە بریتین لە: کاردامیلی و ئینوبی و هیری سەر سەوز، فیرای پیرۆز و ئەتینای پڕ مێرگ و پاوەنان، هەروەها ئیبیا، و بیداسۆسی باوەشی باخ وەزان، هەموو ئەمانە نزیکی دەریان و لە تخوب و ئاقاری بیلوسی لمەڵان دان. خەڵکانی ئەو دەڤەرانە هەموو دەوڵەمەند و خاوەن وڵسات و پەزی زۆرن، و بەقەد خواوەندێك پڕێزت دەگرن و لە دیاری و پێشکەشیاندا غەرقت دەکەن و ملکەچ و گوێڕایەڵی فرمانەکانت دەبن. هەر هەموو ئەمانەت دەداتێ ئەگەر دەستبەرداری ئەم تۆران و تووڕەبوونە ببی، خۆ ئەگەر لە کانگەی دڵەوە ڕقت لە خۆی و دیارییەکانیەتی، ئەوا بەڵای کەمەوە بەزەییت بەئاخییەکانی دیکەدا بێتەوە کە هەموو لەشکرەکەیان لەبەر هەڕەشەی مەرگدایە.جا ئەمانە وەکو خوایەك ڕێزت دەگرن، چونکە ئەو سەربەزییەی تۆ بەدەستی دێنی لەبەرچاویاندا

زۆر گەورە دەبێت. تەنانەت دەتوانی هیکتۆریش بکوژیت، چونکە پشم و غەزەبێکی ئەهریمەنی جڵەوی لە دەست سەندووە و بێگومان داوا لە تۆ دەکات بچیتە مەیدانی، چونکە پێی وایە لەناو ئەو ئاخییانەدا کە بەکەشتی گەییونەتە ئێرە، کەس نییە هاوتای بکاتەوە و بتوانێ ڕووبەڕووی بوەستێ.

(٣٠٧) ئەخیل وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی لایرتیس، توخم و تۆوی زیوس، ئەی ئودیسیوسی هۆشمەند و ژیر و نێرەنگباز.. ئەلهەقی دەمەوێ نیازی خۆمت پێ بڵێم و ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە کە بەتەمای چیم، تا لە بەردەممدا دانەنیشت و بکەویتە دووڕویی و ڕیابازی چونکە من زۆرم ڕق لە کەسێکە کە قسەی دڵ و زمانی یەک نەبێ، چەندم ڕق لە دەروازەکانی هادیسە ئەوەندەش ڕقم لەو کەسانەیە. بۆیە من ئێستا قسەی دڵی خۆمت پێ دەڵێم، پێم وایە من ئەو کەسە نیم کە ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس یان هەر دانایییەکی دیکە بتوانن دڵی ڕازی بکەن، چونکە ئەو هەموو شەڕەم کرد کەسێکم نەبینی پێ بزانێ و سوپاسم بکات. ئەوەی شەڕ بکات و ئەوەی نەیکات وەکو یەکن، ترسنۆک و قارەمان لەمەدا یەکسانن، مەرگیش بەم پێوانەیە مامەڵە دەکات، تەمەڵ و چالاک بۆ خۆی دەباتەوە. من وێڕای ئەوەهموو ڕەنجەی داومە هیچم دەست نەکەوتووە –هەموو ژیانم لە خەتەر و مەترسیدا بووە، وەکو چۆلەکەیەک چۆن خواردن بۆ بێچووەکانی دەبات، بەبێ هیچ سوپاس و پاداشتێك یان کرێیەك، بەو ئاوایە شەوانی دوور و درێژم بەشەونخونی ڕۆژ کردوەتەوە، بەڕۆژەوە دەیان شەڕم وێڕای ئەو جەنگاوەرانە کردووە کە لە پێناوی ژنەکانیاندا جەنگیون.دوانزە شارم بەکەشتییەکانم لە دەریادا گرت، و یازدەم لە وشکاییدا، لە دەشتە بەپیت و بڕشتەکانی تەروادەدا گرت، زۆر دەسکەوتم لەو شارانەدا بەدەست هێنا، هەموو جاری گشت ئەو دەسکەوتانەم دێنا و دەمدان بەم ئاگامەمنونەی کوڕی ئوتریوسە، بەڵام ئەم قارەمانە کە هەمیشە لە دواوەو لای کەشتییەکانی دەمایەوە، کە ئەو تاڵانی و دەسکەوتانەی لێوەردەگرتم، بەشێکی کەمی لێدەدا بەمن و بەشە هەرە زۆرەکەی بۆ خۆی هەڵدەگرت،

(٣٣٤) هەندێ لەو شتانەی بەدیاری بۆ فەرماندە و پاشایان دەنارد، و دەستکەوتەکانی خۆیشیان هەر بۆ خۆیان (فەرماندە و پاشاکان) دەبوو. لەناو هەموو ئاخییاندا، تەنیا ئەو ژنەی برد کە بەر من کەوتبوو، دەبا هەر بۆ ئەو بێ و بچێ لەگەڵیا بخەوێ و ڕابوێرێ. ئاخر پێم ناڵێی بۆچی دەبێ ئاخیەکان شەڕی تەروادەییەکان بکەن؟ کوڕی ئوتریوس بۆچی ئەم سوپایەی خڕکردۆتەوە و بۆ ئێرەی هێناوە؟ هەموو ئەمە لە پێناوی هیلین دا نەکراوە؟ چما لەم دنیایەدا تەنیا کوڕانی ئوتریوس ژنی خۆیان خۆشدەوێ؟ نەخێر، هەر پیاوێکی ئاقڵ و ژیر ژنی خۆی خۆشدەوێ و پێیڕا دەگات ودەیپارێزێ، منیش بەهەمان شێوە ئەو ژنەم لەناخی دڵەوە خۆش دەویست، هەرچەندە دیل بوو، و بەزەبری نێزە بەدەستم هێنا بوو، بەڵام ئاگامەمنون لە دەستی دەرهێنام و هەڵی خەڵەتاندم، با تەماحم نەخاتە بەر ولەخشتەم نەبات چونکە زۆر باشی دەناسم، و ناتوانێ دڵم نەرم بکات. ئەی ئودیسیوس پێی بڵێ با بۆ ڕزگار کردنی کەشتییەکانی لە ئاگر ڕاوێژ بەتۆ و فەرماندەکانی دیکە بکات.

(٣٤٧) پێشتر زۆر شتی بەبێ کۆمەکی من کردووە، شورەیەکی دروست کرد، خەنەکێکی قوڵی بەدەوریا هەڵکەند، سنگی تیژی تیادا چەقاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بەری هێرشی هیکتۆر، ئەو پاڵەوانە پیاوکوژە بگرێ. لە کاتێکا تا ئەو کاتەی کە من لەڕیزی ئاخییەکاندا دەجەنگیم هیکتۆر نەیدەویرا زۆر لە شورەکانی شار دووربکەوێتەوە، هەندێ جار تا دەروازەکانی سکای و دار بەڕووەکە دەهات بەڵام هێوەتر نەدەڕۆیی.جارێکیان لەوێ بەتەنیا چاوەنواڕم کرد، بەهەزار حاڵ توانی لە دەستم دەربازبێ. جا ئێستاکێ، کە بەنیاز نیم شەڕی هیکتۆری مەزن بکەم، سبەینێ قوربانییەك لە ڕای زیوس و خواوەندەکانی دی دەکەم. دەسکەوت و تاڵانییەکان لە کەشتییەکانم بار دەکەم و بەناو دەریایان دەخەم و،بە چاوی خۆت –ئەگەر مەبەستت بێ– دەبینی کە بەیانی زوو کەشتییەکانم بەڕووباری هیلیسبونت دا دەکشێن و دەریاوانانی کارامە و چەلەنگ بەڕێوەیان دەبەن، ئەگەر خواوەندی دەریا یاربێ و سەفەرمان سەلامەت بێ، لە زەرفی سێ ڕۆژدا دەگەمەوە خاکی بیتیا. کە هاتم بۆ ئێرە، مۆڵك و ماڵێکی زۆرم لەوێندەر بەجێهێشت. هەرچیم لە زێڕ و مسی سور و ژنانی بەژن زراڤ و ئاسن وەدەستکەوتووە باری دەکەم و بۆ ئەوێندەری دەبەمەوە، ئەمە بەش و هەقی خۆمە، هەر هەموو ئەمانە دەبەم، لە هیچیان کەم نییە، تەنیا ئەو ژنە نەبێ کە ئاگامەمنون بەتۆبزی لێی زەوت کردم. ئەم قسانەی منی وەکو خۆی بۆ بگێڕەوە، بۆ هەمووانی بگێڕەوە تا ئەگەر ئەم کەرپیاوە، ئەم بێ شەرم و حەیایە، هاتە سەر ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دانایییەکی دی فریوبدات، لێی ڕاپەڕن.

(٣٧٢) بەڵای منەوە لە سەگیش کەمترە، و ناتوانێ ڕووبەڕوو تەماشام بکات. من نە کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکەم و نەڕاوێژ و تەگبیر، هیچ کارێکی هاوبەشی لەگەڵدا ناکەم. چونکە غەڵەتی بەرانبەر کردم، فریوی دام. چیتر بەقسە لوسەکانی ناخەڵەتێم، لێگەڕێ با بەرەو نابووتی خۆی بڕوات، زیوس ئەقڵ و هۆشی لەلا نەهێشتووە. دیاریییەکانی لای من پەشمن، بەخۆیشی بایەخی داوە مووێەکی نییە. ئەگەر دە هێندە و بیست هێندەی تریشم بداتێ، هەرچی سەروەتی ئەم جیهانەی هەیە، و هەرچیشی لەمەودا دەستدەکەوێ، و بگرە هەموو سەروەت و سامانی ئورخومینوس یان تیبەی میسرم بداتێ کە هەموو گەنجینەکانی پڕی پڕن –ئەو تیبەیەی کە سەد دەروازەی هەیە و هەر دەروازەیەکی سەد جەنگاوەری لەسەرەو بەیەك کەڕەت بەعەرەبانە و ئەسپەکانیانەوە دێن و دەچن..

(٣٨٥) ئەگەر بەقەد چەوولمی دەریایان و گڵ و خۆڵی دەشت و دەران دیاری و پێشکەشیانم بداتێ، تا باجی ئەو نەنگ وڕیسواییەی کە بووە مایەی ئازاری ئەم دڵەم، نەدات، ناتوانێ، دڵم نەرم بکات. سەبارەت بەکیژەکەی ئاگامەمنون، ئەگەر بەقەد ئەفرۆدێتیش جوان بێ، بەقەد ئەتینا هونەرمەند و دەست ڕەنگین بێ.. هەر نامەوێ و نایخوازم. با لەناو ئاخییەکاندا کەسێکی دیکەی بۆ هەڵبژێرێ، کەسێك لەمن پایەدارتر و شکۆدارتر بێ چونکە ئەگەر خواوەندان یاربن و بەسەلامەتی گەیشتمەوە ولاتی خۆ، ئەوا پێم وایە بیلیوس خۆبەخۆ بەدوای ژندا دەگەڕێ و ژنم بۆ دەدۆزێتەوە. چی زۆرە کیژە ئاخییان زۆرن لە دەڤەری هیلاس و فتیا، کیژە میر و سەروەران، دەست بخەمە سەر هەریەکێکیان دەتوانم بیکەم بەهاوسەری ئازیز و هەڵبژاردەی خۆم. بەرەو

ئەوێ دڵەی ڕەندم، بێ هیچ پەروایەك ڕامدەکێشێت، تا ژنێکی شایستە و ڕێك و پێك بێنم بەمۆڵك و ماڵە زۆر و زەبەنەکەی بیلیوسی پیرەبابم بژیم و ڕابوێرم. ئەوی ڕاستی بێ هیچ شتێك لای من بەئەندازەی ژیان گرینگ نییە، نە ئەو سەروەت وداراییانەی کە خەڵکی دەڵێن ئیلیون، لە کۆنا، لە ڕۆژانی ئارامی و ئاشتیدا، بەر لە هاتنی ئاخییەکان، هەیبووە و سوودی لێوەرگرتووە، ژیان دێنێ و نە ئەو گەنجانەی لە ئاستانەی مەڕمەڕینی پەرستگەکەی ئەپولۆدا لە بوتو، لەژێر تاوێرە بەردان دانراون ژیان دێنێ. دەشێت گاو گوێتاڵ و مەڕ وپەزان بەتاڵانی ولەڕێگەی تاڵانییەوە بەدەست بهێنرێ، پیاو ئەگەر پێویستی ببێ دەتوانێ سێکوچکە و ئەسپان بکڕێ، بەڵام ژیان کە ڕۆیی هەرگیز ناگەڕێتەوە، کە ڕوحی پیاو یەکجار لە زار هاتە دەرێ ئیدی نە بەتاڵان و بڕۆ و نە بەکڕین بەدەست نایەتەوە.

(٤١٠) (تیتیس)ی دایکم ڕاستییەکەی نایە قوڵی مستم و پێی گوتم کە دووچارەنوس بەرەو کۆتایی ژیانم بکێش دەکەن. ئەگەر لێرە بمێنمەوەو شەڕی تەروادە بکەم، ئەوا سەلامەت نابم و بۆ وڵات ناگەڕێمەوە، بەڵام ناوبانگێکی هەمیشەیی پەیدا دەکەم. خۆ ئەگەر بۆ وڵاتە ئازیزەکەم بگەڕێمەوە، ئەوا هیچ ناو وشۆرەتێکم نابێ، بەڵام تەمەنم درێژ دەبێت.. بەڵام وێڕای ئەمەش حەز دەکەم بەهەموو ئاخییەکانی دیکەش بڵێم کە بۆ وڵات بگەڕێنەوە، چونکە تەروادە بەئێوە ناگیرێت، چونکە زیوسی دووربین و دانا، باڵی بەسەرا گرتووە و دەیپارێزێ، جەنگاوەرانی تەروادەیی ورەیان زۆر بەرزە و پارچەیەکن لە ئازایەتی. جا بەپەلە بڕۆن وئەم پەیامەی من بەردێن سپی و سەرانی ئاخیایی بگەیەنن، تا بیر لە نەخشەیەکی لەمە باشتر بکەنەوە، نەخشەیەك کە بتوانن کەشتییەکانیان دەرباز بکەن، هەروەها لەشکری ئاخیاییەکانیش کە لە کەناری کەشتییەکان دۆش داماون، ڕزگار بکەن.

چونکە ئەم نەخشەیەی ئێستایان، مادامێکی من لەسەر تورەبوونی خۆم سوورم، سەناگرێت. سەبارەت بە "فینیکس"ش باڵێرە بمێنێتەوە و شەوێ لای ئێمە بنوێت، تا سبەینێ لەگەڵ منداسواری کەشتی ببێ و بۆ وڵاتە ئازیزەکەمان بگەڕێتەوە، هەڵبەتە ئەگەر بەخۆی گەرەکی بێ، دەنا من بەتۆبزی نایبەم."

(٤٣٠) ئەو قسانەی کرد. بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان، بیریان لە قسەکانی دەکردەوە. داواکەی ڕەتکردنەوە. لە ئەنجامدا سوارچاکی پیر فینیکس هەستاو ڕووی کردە هەمووان و لە هۆڕژنی گریانی دا، چونکە زۆر لە خەمی کەشتی ئاخییەکاندا بوو. گوتی: "ئەی ئەخیلی بەناوبانگ، ئەی وەجاخزادە، ئەگەر تۆ بەڕاستی بیر لە گەڕانەوە دەکەیتەوەو بەنیاز نیت چ شتێك بۆ خەلەساندنی کەشتییەکان لە سوتان بکەی، چونکە پشم و غەزەب دڵی گرتووی، من چۆنی بەبێ تۆ لێرە بمێنمەوە؟ وەختێ بابت، بیلیوس لە بیتیاوە بۆلای ئاگامەمنونی ناردی ڕایسپاردم لەگەڵتا بێم، چونکە هێشتا هەرزەکار بووی هیچت لەمەڕ جەنگ وئەو کۆڕ ومەجلیسانەی پیاوانی تیا دەردەکەون نەدەزانی، لەگەڵ تۆی ناردم تا هەموو ئەو شتانەت فێر بکەم، هەم لە دەم ودوو وهەم لە کردار وهەڵوێستدا کارامە وبەتوانابی. جا بۆیە من قاییل نابم بەبێ تۆ وبەتەنێ لێرە بمێنمەوە –نەخێر نامێنمەوە تەنانەت ئەگەر یەکێك لە خواوەندەکانیش بەڵێنم بداتێ کە پیریم لە کۆڵ

بکاتەوە وگەنجم بکاتەوە وبمباتەوە ئەو توغیانی لاوییەی. کە یەکەمجار (هیلاس)ی ولاّت و مەلّبەندی ژنانی جوانم تیا بەجێهێشت نامێنمەوە. ئەو کاتە بابم ئەمینتوری کوڕی ئورمینوس لەسەر کەنیزەکێك ڕقی لێ هەلّگرتبووم، ئەو کەنیزەکەی خۆشدەویست و نازی هەلّدەگرت، و لەسەر ئەو، ژنەکەی خۆی، دایکمی سەرکۆنە دەکرد، بۆیە دایکم بەردەوام دەستە و داوێنم دەکەوت کە لەگەلّ ئەو ژنەدا بخەوم، تا پیرە پیاوەکەی (بابم) لەبەرچاو بکەوێ. ئیدی بەرە بەرە هاتمە ڕەداو بەگوێم کرد. بەلاّم بابم یەکسەر پێی زانی و بەتوندی سەرکۆنەی کردم، لە خواوەندانی ئیرینوس پاڕایەوە کە هەرگیز منداڵی خۆم بەباوەشەوە نەگرم- ئەوەبوو زیوسی خواوەندی جیهان و یەزدانخانمی ترسناك بیرسیفونی دوعاکەیان گیرا کرد و تووك و نەفرینەکەی هاتەدی. هەنگێ هاتمە سەر ئەوەی کە بەزەبری شمشێری بڕندە بیکوژم، بەلاّم یەکێك لە خواوەندەکان هێوری کردمەوە وبیری خستمەوە کە لۆمەی خەلّکیم لەبیر بێ تا لەنێو ئاخییەکاندا بە بابکوژ ناو نەبرێم. بەلاّم دلّم ڕێی نەدەدام لە یەك مالاّ و لەگەلّ بابە تورەکەمدا بمێنمەوە.. ئیدی دۆست و برادەر و خزم و خوێشان لێم خڕبوونەوە و تکایان لێکردم لەوێ لە کۆشکەکەی بابم بمێنمەوە، مەڕ وگایەکی زۆر وبەرازگەلێکی قەلّەو وچەوریان بۆ سەر بڕیم، و چاکیان کرد و لەسەر ئاگرێن (هیفایستوس) برژاندیان، گەلێك لە کوپە شەرابەکانی ئەو پیرەمێردە هاتە هەلّچڕین وخواردنەوە، بەدرێژایی نۆ شەوان بەدیار منەوە مانەوە و بەنۆرە ئێشکیان دەگرت، ئەو نۆ شەوە ئاگر نەکوژایەوە، ئاگرێك لەژێر بانێژەی هۆلّەکە و یەکێك لە ڕاڕەوەکەی بەر ژوورەکەی منداِ.

(٤٧٤) بەلاّم کە لە شەوی دەیەمدا دنیا تاریکی کرد، دەرگای ژوورەکەمم کە زۆر بەمەحکەمی داخرابوو، کردەوە، زۆر بەئاسانی، بێ ئەوەی پاسەوانەکان یان کارەکەرەکان بم بینن، بەدیواری حەوشەکەدا هەلّزنام. ئیدی بەدەشتی پان و بەرینی هیلاسدا هەلاّتم تا گەییمە بیتیای بەفەڕ و بەرەکەت، مەلّبەندی پەز ومالاّت، هانام بۆ شا ییلیوس برد، زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم، وەکو چۆن باوکێك نازی تاقانەیەکی خۆی،کە دەبێ بەمیراتگری هەموو سەروەت وسامانە زۆرەکەی، بەو ئاوایە نازی هەلّگرتم.دەولّەمەندی کردم، خەلّکێکی زۆری خستە بەردەستم و لە مەرزەکانی بیتیادا دەژیام و بوو بووم بەفەرمانڕەوای دولوبییەکان.

(٤٨٥) جا ئەی ئەخیلی هاوتای خواوەندان، من ئەو کەسەم کە کردمیت بەم ئەخیلە، لە ناخی دلّەوە خۆشم دەویستی، چونکە تۆ قاییل نەدەبووی جگە لە من لەگەلّ کەسی دیدا بچیتە سەر خوان وسفرە، یان لە کۆشکەکەتدا گۆشت بخۆی، تا من نەتگرمە باوەش، دەبوایە لە باوەشت بگرم وگۆشتە برژاوەکەت بۆ ئامادە بکەم ولە زارتی بنەم تا تێر و پڕ بخۆیت، هەروەها دەبوایە شەرابم بەدەمەوە کردبای، کە هێشتا هەوەلّی منداِلّیت بوو، چەندین جاران شەرابەکەی دەمت دەتفاندەوە وکراسەکەی بەرمت پیس دەکرد.. من ڕەنجێکی زۆرم بەتۆوە کێشاوە، پێتەوە ماندوو بووم، چونکە خواوەندان پێیان ڕەوا نەبینیم منداِلّێکم بدەنێ و منداِلّی خۆم بەخێو بکەم، جا ئەخیل، ئەی هاوتای خواوەندان، من تۆم کردبوو بەکوڕی خۆم، تا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان پێویستم پێت بوو بەهانامەوە بێی، فریام بکەوی. بۆیە پێت دەلّێم ئاخۆ ناکرێ دەستبەرداری

ئەم تۆرەبوونەت ببی، هەق نییە ئەوەندە دڵڕەق ونادڵۆقان بی، تەنانەت خواوەندانیش بەهەموو تۆرەیی و سام و شکۆ و دەسەڵاتێکیانەوە کە زۆر لە ئێمە باڵاترن، دەکرێ ڕازی بکرێن و دڵیان نەرم بکرێ. ئەگەر مرۆڤێك خەتایەك بکات ئەوا نوێژ بۆ خواوەندان دەکات و لێیان دەپاڕێتەوە و بخوردیان بۆ دادەگیرسێنێ وقوربانی ونەزریان بۆ دەکات ولێی خۆش دەبن. چونکە نوێژی تۆبە، کێژانی زیوسی مەزنن، ئەمانە شەل و شێت و لەنگن، چارە گرژ و پڕچرچ ولۆچن، خێڵ و قیچن. هەمیشە بەدوای هەڵە و خەتاوەن، ڕاستە خەتاو هەڵە بەهێز ولەزۆن، بەفەرسەخان پێش هەموو نوێژان دەکەون، و بەرلە نوێژ هەر چوارنکالی زەوی تەی دەکەن، بەشەران دەخەنە هەڵدێری تاوان و خەتاوە.. نوێژ دوایان دەکەون کە زەرەرو زیانەکان چارەسەر بکەن. جا ئەوەی ڕێزی کێژەکانی زیوس بگرێ –کاتێ لێی نزیك دەبنەوە– بەهانایەوە دەچن، کە نوێژ و نزا بکات، نزاکەی قبوڵ دەکەن، بەڵام ئەگەر ڕەفزیان بکات و گوێیان لێنەگرێ، ئەوا دەچن بۆڵای زیوسی کوڕی کرونوس و لێی دەپاڕێنەوە کە ئەو کەسە دووچاری هەڵە وسەرگەردانی بکات تا باجی تەواوەتی هەڵەکانی بدات.

(٥١٣) دەیسا تۆش ئەی ئەخیل، ڕێزی کێژەکانی زیوس بگرە، با دڵت نەرم بێ. ئەگەر کوڕەکەی ئوتریوس ئامادە نەبوایە ئەم دیاری و پێشکەشیانەت پێشکەش بکات، ودیارییەکانی ئایندەی کە بەتەمایە بتداتێ، نەژماردایە، واتە ئەگەر لەسەر کەللەڕەقی وقینی خۆی بەردەوام بوایە، من داوام لێنەدەکردی کە دەستبەرداری تۆڕەیی خۆت ببی و فریای ئارگۆسییەکان بکەوێ هەرچەندە زۆریان پێویست بەکۆمەکی تۆیە. بەڵام ئێستاکێ دیاریەکی زۆرت پێشکەش دەکات، ولە ئایندەشدا زیاترت دەداتێ. کۆمەڵێك قارەمانی ناردووە تا لێت بپاڕێنەوە، ئەمانە هەڵبژاردەترین کەسانی ناو هەموو لەشکری ئاخییانن، ئەمانە بەڕێزترین و ئازیزترین ئارگۆسیانی دڵی تۆن، کەواتە قسەیان مەشکێنە، ڕێزی هاتنەکەیان بۆ ئێرە بگرە. هەرچەندە تا ئێستا کەس تۆڕە بوونەکەت بەناڕەوا نازانێ، و نەهەقت ناگرێ، بەڵام ئێمە لە بەسەرهاتنامەی قارەمانان و جەنگاوەرانی کۆندا بیستومانە ئەگەر لە یەکترش تۆڕە بووبن، ئەوا بەدیاری و قسەی خۆش وزمانی شیرین ئاشتبوونەتەوە

(٥٢٧) جا من لێرەدا چیرۆکێکی کۆنی زەمانی ڕابردوو –نەك تازە–تان بۆ دەگێڕمەوە، بۆیە بۆتانی دەگێڕمەوە چونکە هەمووتان دۆستی منن، جارێکیان کورتیسەکان و ئیتولیەکان لەسەر کالیدون لێیان دەبێ بەشەڕ، ئیتولیەکان بەرگرییان لە شارە جوانەکەی کالودون دەکرد و کورتیسەکان هەوڵیاندەدا بەتەواوەتی وێرانی بکەن، یەکەمجار (ئارتیمیس)ی خواوەندی ڕاوو شکار، خاوەنی بارەگا وعەرشی زێڕین، ئەم بەدبەختی و بەڵایەی بۆ ناردبوون، لەوە تۆڕە بووبوو کە (ئوینیوس) لە نۆبەرەی باخ و ڕەزەکانیا هەموو خواوەندەکانی بەسەرکردبووەوە تەنیا ئەو نەبێ، هەموو خواوەندەکان قوربانی ونۆبەرانیان بەرکەوتبوو، تەنیا کێژی زیوسی مەزن بێ دیاری ونۆبەرانە مابووەوە.. بەهەرحاڵ ئەمە زادەی بیرچوونێکی ڕێکەوتەکی بووبێ یان سەهو و نەزانی، ئوینیوس هەڵەو تاوانێکی گەورەی کرد. بۆیە خواوەندی تیرئەنداز، کێژی زیوس، زۆر تۆڕە بوو، بەرازێکی کێوی دڕ و درندەی شفرە سپی بۆ نارد. ئەم بەرازە زەرەر وزیانێکی

گەورەی لێدا، ڕەزەکانی تێکدا، زۆرداری بەرداری لە ڕەگ وڕیشەوە دەرکێشا و تەختی ئەرزەکەی کردن.. بەڵام (میلیاگر)ی کوڕی (ئوینیوس) لە چەندین شارەوە ڕاوچی و تاژیانی خڕکردەوە و بەرازەکەی کوشت، بۆیە ئەو خەڵکە زۆرەی کۆکردەوە چونکە زۆر زەبەلاح بوو و بەچەند کەسێکی کەم نەدەکوژرا وتەنانەت پێشتر چەند کەسێکیشی کوشتبوو. بەڵام ئارتیمیس لەسەر ئەم بەرازە، لەسەر سەروکەلله وپێستە زبرەکەی، شەڕ وئاژاوەیەکی گەورەی لە بەینی کورتیەکان و ئیتولیەکاندا نایەوە. تا (میلیاگر)ی –خۆشەویستی ئیریس لە مەیدانی شەڕەکەدا بوو، بەخت یاری کورتیەکان نەبوو، هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوو بەڵام نەیاندەتوانی لە دیوارەکانی دەوری شار هێوەتر بڕۆن. بەڵام کاتێ کە تووڕەبوون بەسەر دڵی (میلیاگر)دا زاڵ بوو، ئەو تووڕەبوونەی هەندێ جار بەسەر خەڵکانی ژێر و ئەقڵمەندیشدا دێت،

(٥٥٥) میلیاگر لەگەڵ (ئالتیا)ی دایکیدا بەشەڕ هات ودڵی لێی تۆڕا، ئیدی لە پاڵ ژنەکەیدا، لە پاڵکیلوپاترای نازدارا کونجی ماڵەوەی دەگرت وبۆ ئوردوگا نەدەچوو. کلیوپاترا لە مارپیسای پاژنە جوانی کیژی ئیڤینوس و (ئیداس)ی بەهێزترین پیاوی سەرزەمینی ئەو دەورو زەمانە بوو، واتە کیژی مارپیسا و ئیداس بوو. هەمان ئەو (ئیداس)ەی کە لەسەر کیژی پاژنە جوان، لەسەر مارپیسا، چوو بەگژ ئەپولۆی سەروەردا و تیر وکەوانی لێ ڕاکێشا. لەو سەردەمەدا بابی و دایکە نەجیبەکەی، لە کۆشکەکەی خۆیاندا (ئالسیون)یان پێ دەگوت. چونکە دایکەکە لە مەینەتیەکی هاوشێوەی مەینەتی باڵندەی (ئالسیون)ی فرەخەمدا دەگریا ودەینالاند، ئەمە ئەو کاتانە بوو کە ئەپولۆ ڕفاندبووی.. ئیدی میلیاگر لە ماڵەوە ولەگەڵ کیلیوپاترادا دەمایەوە و تووڕەیی خۆی هێور دەکردەوە، بەهۆی تووک ونەفرینی داکییەوە بەر غەزەب کەوتبوو. کە میلیاگر خاڵەکانی خۆی کوشتبوو، دایکی زۆر خەفەتی خوارد بوو ویەکسەر لە خواوەندان پاڕابووەوە و دەستەکانی دابوون بەعاردیدا و داوای لە هادیس و برسیفونی ترسناک کردبوو، بۆیان بەچۆکدا هاتبوو، بەدەم گریان وفرمێسکەوە لێیان پاڕابووەوە کە کوڕەکەی بکوژن –ئیدی (ئیرینوس)ی شەوڕۆی دڵڕەق و بێ بەزەیی لە (ئیریبوس)ەوە گوێی لێ دەبێت

(٥٧٣) ئیدی زوو بەزوو هەرا وهەنگامەی شەڕ لەبەر دەرگاکانی کالیدون بەرز دەبێتەوەو کورتیەکان هێرش بۆ قەڵا و شورەکانیان دێنن، تەنگیان پێ هەڵدەچنن، ئیدی ردێن سپی و دێرینە پیاوانی ئیتولی دەستی نیاز و پێویستی بۆ میلیاگر درێژ کرد، گەورە کاهێنانی خۆیانی بۆلا نارد وتا بێتە دەرێ و یارمەتیان بدات. بەڵێنیان دایێ کە پاداشتی بدەنێ. داوایان لێکرد پەنجا پارچە زەوی لە باشترین و بەپیتترین زەوی دەشتی کالیدون هەڵبژێرێت، نیوەی ڕەز و باخ بێ و نیوەی زەوی کێڵراو بێ. پیرە "ئوینیوس"ی جەنگاوەری دێرین هاتە بەردەرگاکەی و تکای لێکرد یارمەتیان بدات. خوشکەکانی ودایکی لێی پاڕانەوە، بەڵام گوێی نەدانێ، وسورتر بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی هەروەها هاوڕێ گیانی بەگیانی وئازیزەکانی تکایان لێکرد، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی کاری تێبکەن ودڵی نەرم بکەن، تا شەڕ گەییە بەردەرکەی ژوورەکەی و کورتییەکان کەوتنە ئەوەی بەدیوارەکاندا هەڵگەڕێن و ئاگر لە شار بەربدەن، هەنگێ ژنە جوانەکەی بەدەم گریانەوە هانای بۆ (میلیاگر) برد و هەموو ئەو مەینەتیانەی بۆ گێڕایەوە کە

داگیرکەرانی شارەکەیان بەسەر خەڵکەکەیاندا هێناوە و گوتی: پیاوان دەکوژرێن، شار بووە بەخۆراکی ئاگر، بێگانە منداڵەکانیان و ژنە پشتێن شۆڕەکانیان بەدیلی دەبەن

(٥٩٥) کە گوێی لەو بەسەرهاتە پڕسوێیە بوو، دڵی هاتە ژان، جلکی شەڕی لەبەرکرد، مەتاڵەکەی هەڵگرت وبۆی دەرچوو. بەوجۆرە بەدەنگی گازی ڕوحی خۆیەوە چوو، وشاری ئیتولیەکانی لە مەینەتی ڕزگار کرد. بەڵام خەڵاتەکانی پێشتریان نەدایێ، هەرچەند شارەکەی ڕزگار کرد، بەڵام چ شتێکی لەبری ئەو کارەی وەرنەگرت. جا کوڕی خۆم تۆش وەکو ئەو بیرمەکەوە، لەکەری شەیتان وەرە خوارێ وئەو ڕێگەیە مەگرەبەر. کە کەشتییەکان گڕیان گرت هەنگێ ڕزگارکردنیان دژوارتر دەبێت. کەواتە دیارییەکان وەربگرە و بڕۆ، چونکە هەنگێ ئاخییەکان بەئەندازەی خوایەك ڕێزت دەگرن، بەڵام ئەگەر بەبێ وەرگرتنی دیارییەکان بجەنگی، ڕەنگە تای تەرازووی شەڕەکە لە دۆڕانەوە بگۆڕی بۆ سەرکەوتن، بەڵام ئەو شکۆ وسەرفرازی و ڕێزەت نابێ."

(٦٠٦) ئەخیل وەڵامی دایەوە: "فینیکس، ئەی پیرە باب و پەروەردەکاری دڵسۆز، ئەی زادەی زیوس، من پێوستم بەو ڕێز وشکۆمەندیە نییە. ڕێز وشکۆی من –پێم وایە– لە خودی زیوسەوەیە. جا ئەم شکۆیە تا من هەبم و کەشتیم هەبێ، تا هەناسەم تیابێ و هێز لە ئەژنۆمدا هەبێ، هەردەمێنێ. جا حەز دەکەم قسەیەکت پێ بڵێم کە قسەی ناخی دڵمە، بەم گریانو پاڕانەوەیە بۆ کوڕی ئوتریوس ڕوحم ئازار مەدە. نەخەڵەتابی خۆشت بوێ، دەنا خۆشەویستی من، کە زۆرم خۆشدەوێی، لە دەست دەدەی. هەقە ئەو کەسە ببوغزێنی کە من دەبوغزێنێ. وەرە وەکو من پاشا بە، نیوەی شکۆ وگەورەیی من بۆ خۆت ببە، ئەمانی دی پەیامەکەم دەبەنەوە، تۆ لێرە بمێنەوە لەسەر نوێنێکی نەرم و شل بنووە، تا ڕۆژ دەبێتەوە، هەنگێ تەگبیر دەکەین کە بۆ ولاتی خۆ بڕۆینەوە یان لێرە بمێنینەوە."

(٦٢٠) ئەوجا بەبێدەنگی چاوێکی لە پاتروکلوس داگرت کە جێگەیەکی نەرم و ئەستور بۆ فینیکس ڕابخات، و تا ئەوانی دی بکەونە خۆ کە بەزووترین کات لە بارەگاکەی بڕۆن. بەڵام ئەجاکسی کوڕی تیلامون –هاوتای خواوەند– هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی کوڕی لایرتیس، زادەی خواوەندان، ئەی ئودیسیوسی دانای پڕ تەگبیر، با بکەوینە ڕێ، پێم وایە هاتنەکەمان بێهودە بوو، باشتر وایە ئەم پەیامە هەرچەندە پەیامێکی خۆش نییە، بەزووترین کات بگەیەنینە دانایەکان، بگەیەنینە ئەو دانایانەی کە پێم وایە ئێستا دانیشتوون و چاوەڕوانی ئێمە دەکەن. فایدەی نییە، ئەخیل دڵە خۆ پەسندەکەی تەسلیم بەڕق وکینە کردووە، تەحاکە پیاوێکی دڵڕەقە!.. هیچ حیسابێك بۆ خۆشەویستی و دۆستایەتی هاوڕێکانی ناکات، کە لە هەر دانایەکی ناو ئەم کەشتییانە، ناو ئەم لەشکرە پتر ڕێز و حورمەتی دەگرین.. تەحا کە پیاوێکی پێنەزانە. بەڕاستی بوغزلەزگە –پیاو کە برای یان کوڕی دەکوژرێ، ئامادەیە سوڵح بکات و خوێنبەهاکەی وەربگرێ. کە بکوژ خوێنی دا هەنگێ بەسەلامەتی لە شوێن و واری خۆی دەژی، خاوەن هەقیش کە خوێنی وەرگرت دڵی پاك دەبێتەوە. بەڵام تۆ ئەی ئەخیل، زۆر سەیرە، خواوەندان دڵێکی ڕەقی بەرد ئاسایان خستوەتە قوڵایی سینەتەوە، لە کەرب وکین پاك نابێتەوە، هەر هەموو ئەمەش لەبەر تاقە کیژێك، لە کاتێکا ئێمە ئێستا حەوت جوانترین کیژی دنیات

دەخەینە بەردەست، زێدەباری چەندین دیاری دیکە. دەیسا لێبوردنت هەبێ، حورمەتی ماڵەکەت بگرە، ئاخر ئێمە، لەجیاتی هەموو داناییەکان میوانی تۆین. ئاخر بەناوە ئێمە لەهەر هەموو ئاخییەکان لەتۆ نزیکترین!"

(٦٤٤) ئەخیل وەڵامی دایەوە: "ئەی ئەجاکس، ئەی زیوس زادە، ئەی کوڕی تیلامون، و ئەی سەرداری سوپا!.. هەست دەکەم تۆ هەمان قسەی ناو مێشك و زەینی من دەکەی، بەڵام هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە کە کوڕی ئوتریوس چۆن لەناو ئارگۆسییەکاندا وەکو غەوارەیەکی دەربەدەر سوکایەتی پێکردم و شکاندمیەوە، دڵم هێندەی دی دێتە جۆش، کەواتە بڕۆ و پەیامی منی پێ بگەیەنە، چونکە من بەتەمانیم خۆ لە قەرەی ئەو جەنگە خوێناوییە بدەم، جا با هیکتۆری مەزن، کوڕی بریامی خانەدان بەدەم کوشت و بڕی ئارگۆسییەکان وسوتاندنی کەشتییەکانیانەوە تا ئۆردوگاکانیان بێتە پێشەوە.

کەی هیکتۆر گەییە نزیکی خەرگە وکەشتییە ڕەشباوەکەی من، پێم وایە چەند تووندوتیژیش بێ، ناچار بیر لەوە دەکاتەوە کە لە شەڕ بوەستێ.

(٦٥٦) ئەو قسانەی کرد. ئەوجا ئەندامانی شاندەکە هەریەکە و جامێکی دوو قوڵفیان هەڵگرت و هەندێ شەرابیان بەناوی خواوەندانەوە بەعاردیدا پرژاند، بەپاڵ ڕیزە کەشتییەکاندا لە خەرگەکەی ئەخیل گەڕانەوە، ئودیسیوس لە پێشی هەموویانەوە دەڕۆیی. لەم لاشەوە پاتروکلوس هاوڕێکانی و کارەکەرەکانی ڕاسپارد کە جێگەیەکی نەرم و ئەستور بۆ فینیکس ڕابخەن. بەگوێرەی فەرمانەکەی ئەو جێگەیەکیان لە فەروی مەڕ وکەتانی نەرم بۆ ئامادە کرد. پیرەمێرد لەسەر ئەو جێگەیە و بەدەم چاوەڕوانی سپێدەوە خەوت، ئەخیل لە بنەبانی سەراپەردەکەی خۆی کە زۆر بەمەحکەمی داکوترا بوو، خەوت، ژنێکی لە پاڵدا بوو کە لە لسبوس بەدیلی گرتبووی و لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، ئەم ژنە دیومیدی گوڵڕوخساری کیژی فورباس بوو. (پارتوکلوس)ش ڕێك لە بەرانبەر ئەخیلدا خەوت، ژنێکی ناوقەد زراڤی لە پاڵدا بوو، ئەم ژنە ناوی (ئیفیس) بوو، ئەخیل لەکاتی گرتنی سکوروسی شارەکەی ئینویوسدا گرتبووی و پێشکەش بەپاتروکلوسی کردبوو.

(٦٦٩) کاتێ شاندەکە گەییشتەوە خێوەتەکانی کوڕی ئوتریوس، ئاخییەکان یەك یەك هەستان و بەجامی زێڕینەوە پێشوازییان کردن، هەر هەموویان کەوتنە پرسیار، ئاگامەمنون، گەورەی جەنگاوەرەکان، لە پێش هەموویانەوە کەوتە پرسیار و گوتی: "مژدەم بدەیێ ئەی ئودیسیوس، ئاخۆ بەنیازە کەشتییەکان لە سوتان ڕزگار بکات، یان ڕەفزی کرد، و هێشتاش هەر توڕەیە؟

(٦٧٧) ئودیسیوس وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕە سەرفرازەکەی ئوتریوس ،سەرداری جەنگاوەران، ئاگامەمنون، ئەخیل هێور نەبووەتەوە، بگرە لە جاران تووڕەتر، خۆت و دیارییەکانت ڕەفز دەکات، نەسحەتت دەکات کە لەگەڵ ئارگۆسییەکاندا ڕاوێژ بکەی تا چارەیەك بۆ ڕزگارکردنی کەشتییەکان و لەشکری ئاخییەکان بدۆزنەوە.

(٦٨١) سەبارەت بەخۆیشی، گوتی سبەی بەیانی کەشتییەکانی دەخاتە ئاوێ. هەروەها دەڵێ هەموو ئەوانی دیکەش هاندەدا کە ڕێگەی دەریا بگرنە بەر و بۆ وڵاتی خۆ بگەڕێنەوە، چونکە تۆ

هەرگیز بەو ئاواتە ناگەی کە تەروادە بگری، چونکە زیوسی دووربین باڵی بەسەردا گرتووە و دەیپارێزێ، و خەڵکەکەش سوورن لەسەر پاراستنی." ئەخیل وای گوت، ئەوانەی کە لەگەڵما بوون، ئەجاکس و دوو جارچییەکە شایەتی ڕاستی قسەکانمن، هەردووکیان جێگەی متمانە و باوەڕن. سەبارەت بە پیرە(فینیکس)ش لەوێ مایەوە تا سبەینێ ئەگەر خۆی ویستی، لەگەڵ ئەخیلدا و بەکەشتییەکانی ئەو بۆ ولاتی ئازیز بگەڕێتەوە، ئەخیل بەتۆبزی لەگەڵ خۆیی ناباتە." (٦٩٢) بێدەنگی باڵی بەسەر هەموویاندا کێشا، تاماوەیەکی زۆر بەغەمگینی دانیشتن، واقیان لەم سەرسەختییەی ئەخیل وڕمابوو. لێ دیومیدسی نەڕەشێری مەیدان هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی ئوتریوس زادەی سەربەرز، سەردار و مەزنی جەنگاوەران، ئاگامەمنون، بریا لە ئەخیلی بێ نەزیر نەدەپاڕایتەوە، خۆزیا ئەو هەموو دیاری و پێشکەشیانەت نەدەدایێ.. زۆر لەخۆی باییە، بەم کارەی تۆ هێندەی دیکە لەخۆی بایی بوو.با بەو دەقەوە وازی لێ بێنین، کەیفی خۆیەتی دەمێنێ بابمێنێ، دەڕوات بابڕوات، پاشان کە دڵی چابوو، یان یەکێك لە خواوەندان هاڕوژاندی شەڕێك دەکات ئەوسەری دیار نەبێ. جا باواز لەم قسانە بێنین، و هەمووتان بەگوێی من بکەن، هەموو تێر وپڕمان خواردووە وخواردووەتەوە، با بڕۆین ئیسراحەت بکەین، چونکە ئیسراحەت هێز و توانا بەپیاو دەبەخشێت، بەڵام هەر کە سپێدەی جوان، بەقامکە گوڵڕەنگەکانییەوە دەرکەوت، بەڵەز سوپاییەکان وگالیسکەکان لەبەردەم کەشتییەکاندا خڕ بکەرەوە وبۆ شەڕیان هانبدەو، بەخۆت لە ڕیزی پێشەوەی هەموویانەوە بجەنگە."
(٧١٠) ئەو قسانەی کرد، هەموو فەرماندەکان دەم خۆشی قسەکانیان لێ کرد، ئەوجا هەر کەسە و پێکێکی بەناوی خواوەندانەوە پرژاندە سەر زەوی و بەرەو خێوەتەکەی خۆی ڕۆیی و پاڵکەوتن و لێی خەوتن.

سروودی دەیەم

هەواڵدزییەکی شەوانە

حیکایەتەکە

ئاگامەمنون نەیتوانی بنوێ، لەوە دەترسا تەروادەییەکان کەشتییەکانیان بسوتێنن، تەدارەکی لەخۆدا، زرێکەی لەبەرکرد و ڕم و قەڵغانەکەی هەڵگرت و بەو شەوە بەرەو لای مینیلاوسی برای وەڕێکەوت، پێی سەیر بوو کە بینی ئەویش وەکو ئەم بێدارە. داوای لە قاسید و جارچییەکان کرد بچن بۆ لای فەرماندە و شیرەتکارەکان، و کۆڕێکیان بەست و باسی ئەو وەزع و حاڵە مەترسیدارەیان کرد کە هەڕەشەی لە گریکەکان دەکرد. نەستور پێشنیازی کرد کە کەسێك بنێرن تا جاسوسی بەسەر تەروادەییەکانەوە بکات. هەموو بێدەنگ بوون، بەڵام دوای ماوەیەك دیومیدس ئامادەیی خۆی بۆ ئەم کارە دەربڕی. لێ داوای لە ئاگامەمنون کرد هاوڕێیەکی دیکەی لەگەڵدا ڤرێبکات، دوو کەس باشترە، ئەگەر یەکێکیان شتێك نەبینێ ئەوی تریان دەیبینێ. ئاگامەمنون داوای لێکرد بەخۆی سەرپشك بێ و ئەو کەسە هەڵبژێرێ، بەڵام ترسا مینیلاوسی برای هەڵبژێرێ، ئاموژگاری کرد کە یەکێك هەڵبژێری کردەبێ، نەك یەکێك هەڵبژێرێ لە ماڵباتی پاشا بێ و لە عۆیەی کارەکە نەبات، چونکە لەم کارەدا مەسەلەی ڕەچەڵەك و ماڵبات لە ئارادا

نییە. زۆر بەشێنەیی ئودیسیوس هەڵدەبژێرێ و بەجووتە بۆی دەردەچن تا جاسوسی بەسەر تەروادەییەکانەوە بکەن. لەولاشەوە هیکتۆر جاسوسێکی بەناوی (دولون) دەرکرد، تا بزانێ گریکەکان بەخۆ و کەشتییەکانیانەوە هەڵدێن یان خۆ بۆ شەڕ تەیار دەکەن. ئەم جاسوسەی هیکتۆر دەکەوێتە دەستی دیومیدس و ئودیسیوس، هەموو زانیارییەکی پێویستی لێ دەردێنن و دەیکوژن. ئەوسا توانیان بچنە ناو ئۆردوی تەروادەییەکانەوە و چەند کەسێك لە تراقییەکان، کە تازە لەڕێوە هاتبوونە هیمدادی تەروادەییەکان، بکوژن کە یەکێك لەوانە پاشاکەیان بوو، و دەست بەسەر هەندێ تاڵانی دا بگرن، ولەڕێگەی خۆیانەوە ئەو دەستکەوتانەش هەڵگرن کە بەر لە کوشتنی دولون لێیان سەندبوو و شاردبوویانەوە. توانی بوویان بۆ ئۆردوەکەی خۆیان بگەڕێنەوە و بەسەرهاتی جاسوسیەکەی خۆیان بگێڕنەوە. لە ئاوی دەریا خۆیان لە خوێن و خوڕ پاك بکەنەوە وبشۆن و قوربانی بەیەزدانخانم ئەتینا پێشکەش بکەن، قوربانییەکە بریتی بوو لە بادەی ناو بادیە، کە سوپاسگوزاری بوو بۆ ئەو خواوەندەی پاراستبوونی و یارمەتی دابوون بەو شەوە بگەنە ئۆردوی تەروادەییەکان.

شوێن:

بویەرەکان هەوەڵجار لە ئۆردوی ئاخییەکان، ئەوجا لەو دەشتەی نێوان هەردوو ئۆردوی تەروادەیی و گریکییەکان، ڕوو دەدەن، ئەوجا جووتە جاسووسەکەی یۆنانەکان دەگەنە ئۆردوی گریك، لەو قۆڵەوە کە تراقییە ماندووەکان تازەگەیی بوونە جێ بۆ یارمەتیدانی تەروادەییەکان، و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئۆردوەکەی خۆیان.

زەمەن:

دوا بەتڵی شەوی بیست و حەوتە، بەپێی گێڕانەوەی هۆمەر لە داستانەکەیدا.

(١) هەموو فەرماندە ئاخییەکان بەدرێژایی شەو بەدیار کەشتییەکانیانەوە خەوتن، بەڵام ئاگامەنونی کوڕی ئۆتریوس، سەرداری لەشکر و سوپا، خەو نەچووە چاوی، مێشکی جەنجاڵ و مژوڵی زۆر شت بوو. وەکو چۆن کاتێ زیوسی مێردی (هیرا)ی کەزییە شۆڕ، بیەوێ بارانێکی زۆر ببارێنێ یان تۆف و بۆران هەستێنێ یان بەفرێکی ئەستور بخات، یان شەختە و زوقم کێڵگە و مەزرایان بگرێ، یان هێمای شەڕێکی دژوار بنوێنێ دەیکات بەبروسك و هەور و چەخماخەدانێکی ترسناك و خەڵکی هەناسە لە سینەیاندا دەتاسێ.. ئاگامەمنونیش بەو ئاوایە لە ناخی ناخییەوە هەناسەی هەڵدەکێشا، دڵی لە ناخیا دەلەرزی، هەرچەند دەیڕوانییە دەشتی تەروادە وئەو هەموو ئاگرەی بەردەم ئیلیونی دەبینی و گوێی لە دەنگی زوڕناونەی، و هەرا و زەنای پیاوان دەبوو سەری سوڕ دەما. کە دەیڕوانییە کەشتی و لەشکری ئاخییەکان، قژی خۆی دەڕنییەوە وهاواری بۆ زیوسی بەرز و باڵا دەبرد و لە ناخ و کانگای دڵییەوە دەینااند. ئەوەبوو لەپڕ بیرێکی، بەلای خۆیەوە، باشی بەمێشکدا هات، ئەویش ئەوەبوو یەکسەر بچێ بۆلای نەستوری کوڕی نیلیوس. بەڵکو تەگبیرێکی ژیرانەی لەگەڵدا بکات و لەشکری ئاخییەکان لە فەوتان ڕزگار بکەن. ئیدی جلی لەبەرکرد، پێڵاوی لەپێکرد، فەروەیەکی پێستی شێری قاوەیی دا بەشانیا، فەروەیەك کە دەگەییە پێییەکانی، و ئەوجا نێزەکەی هەڵگرت.

(٢٥) هـەروەها خـەو نەچـووە چـاوانی مینـیلاوس، چـونکە لـەوە دەترسـا کـە ئارگۆسـییەکان شتێکیان بەسەرا بێت، ئەو ئارگۆسیانەی کە ئەو هەموو دەریایەیان لەبەرخاتری ئەو بڕی بوو تا شـەڕی تەروادەییـەکان بکـەن. پۆسـتینێکی کەولّـە پلّینگـی بەلّـەکی دا بەشـانیا، کلاّوخـودێکی برونزی نایەسەری، ڕمێکی بەدەستە بەهێزەکانییەوە گرت. ئەوسا ملی ڕێی گرت تا بچێ براکەی لە خەو هەستێنێ، کە فەرمانڕەوا وپاشای بێ چەند و چونی هەموو ئارگۆسییەکان بوو، گـەل وەکـو خواوەنـدێك ڕێزیـان دەگـرت. سـەیری کـرد تـەدارەکی جـەنگی لـەخۆ داوە ولـەلای پێشـی کەشتییەکەیەوە وەستاوە. زۆری کەیف بەهاتنی براکەی هات و پێشوازییەکی گەرمی کرد

(٣٤) (مینـیلاوس)ی نەڕەشـێری مەیـدان گـوتی: "بۆچـی تـەدارەکی جـەنگت پۆشـیوە ئـەی بـرای بەڕێز؟ بەنیازی یەکێك لە هاوڕێکانمان بنێری تا جاسوسی بەسەر تەروادەییەکانەوە بکات؟ باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك بەتەنێ بڕوات و ئەم کارە بۆ تۆ ئەنجام بدات، بـەم تاریکـە شـەوە جاسوسـی بەسەر دژمنەوە بکات!.. ئەم کارە پیاوێکی زۆر بەجەرگی دەوێ."

(٤٢) شا ئاگامەمنون وەلاّمی دایەوە: "ئێمە، من و تۆ ئـەی مینـیلاوس پێویستمان بەکۆڕێکـە کـە تەگبیر وڕاوێژێك بکـەین تـا بتـوانین ئارگوسـییەکان وکەشتییەکانیان ڕزگـار بکـەین. وادیـارە دڵـی زیوس زیاتر بەقوربانییەکانی هیکتۆردا چووە تا قوربانییەکانی ئێمە. من هەرگیز نەخۆم دیتومە و نـە لـە زمـانی کەسـم ژنـەوتووە، کـە پیاوێـك بـەتاقی تـەنیا، لەیـەك ڕۆژا، ئـەو هـەموو کوشـتارە سامناکەی لە خەڵکانێك کردبێ، وەکو هیکتۆر –خۆشەویستەکەی زیوس– دژی کوڕانی ئاخیایی کردوویەتی، بەمەرجێ نە کوڕی یـەزدانخانمێك بـێ و نـەزادەی خواوەندێك. کـاری وەهـای کـردووە پێمواییـە دەبێتـە داخێکـی دڕێژخایـەن لـە دڵـی ئارگوسـییەکاندا بۆیـە هـەر ئێسـتا بەپەلـە بـەپاڵ کەشتییەکاندا بڕۆ و ئەجاکس و ئیدومینیوس گـاز بکـە بـۆ ئێـرە .منـیش دەچـم بـۆلای نەسـتوری دانا وداوای لێدەکـەم لە خەو هەسـتێ بـەڵکو ئەگـەر ڕازی بـوو بچـێ بـۆلای پاسـەوانە پیرۆزەکـان و قسـەیەکیان لەگەڵدا بکات وقەناعەتیان پێ بکات، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر بەگوێی ئەو دەکـەن چونکە کوڕەکەی ئەو و (میریونیس)ی هاوڕێی ئیدومینیوس فەرماندەی پاسەوانەکانن، جا ئێمە ئەم ئەرکە بەو دووانە دەسپێرین."

(٦٠) مینیلاوسی نەڕەشێری مەیدانی شەڕ وەلاّمی دایەوە و گوتی: "جا چ ئەمرێك بەمن دەکـەی؟ ئایـا لەوێنـدەر، لای ئـەوان وەمێـنم و چـاوەڕوانی هـاتنی تـۆ بکـەم یـان هـەر کـە دەسـتور و ئامۆژگارییـەکانی تـۆم مـوو بـەموو پـێ ڕاگەیانـدن بێمـەوە بـۆ ئێـرە بـۆلای تـۆ؟ شـا ئاگامـەمنون وەلاّمیدایەوە و گوتی: "لەوێندەر وەمێنە نەبا لێکدی وون بین چونکە ئۆردوگاکە پـڕە لـە ڕێگـە و ڕچـەڕێیان. بەهـەر شـوێنێکدا ڕۆیشـتی دەنـگ هـەڵبڕە وداوا لـە خەڵکەکـە بکـە بـا هەسـتن. هـەر هـەموویان بـەناوی خـۆ و بـاب و تیرەیانـەوە بـانگ بکـە. ڕێـزی شایسـتەی هـەر یـەکێکیان بگـرە. نەخەڵەتابی خۆت بەگەورە بزانی، دەبـێ ئێمـەش لـەم کارەدا بەشداری بکـەین پێمواییـە زیـوس لـە ڕۆژی لە دایکبوونمانەوە ئەم بارە گرانەی لەسەر شان ناوین.

(٧٢) ئیدی بـەو ڕاسپاردانەوە براکـەی نـارد، بەخۆیشـی بـەرەو لای نەسـتور –سـەردار و شـوانی لەشکرییان– وەرێکـەوت. سـەیری کـرد لـە خێوەتەکـەی خۆیـدا، لـە نزیکـی کەشـتییە ڕەشـەکەی،

لەسەر جێگایەکی نەرم و نیان خەوتووە. تاقم و تەدارەکەکەشی بەتەنیشتەوە بوو: زرێ جوانەکەی، قەڵغان وجووتە نێزەکەی و کڵاوخودە بریقەدارەکەی، نیتاقە بریقەدارەکەشی بەتەنیشتەوە بوو، ئەو نیتاقەی کە ئەم پیرەمێرە هەر کاتێ شەڕێکی دژوار و بەشەرکوژ هاتبا پێشێ و پێویستبا ڕابەرایەتی قەومەکەی بکات، لە پشتی دەکرد. ئەم پیاوە هیچ حیسابێکی بۆ پیری و تەمەن نەدەکرد. سەری هەڵپڕی و خۆی بەسەر ئانیشکیا داو ڕوویکردە کوڕی ئوتریوس و لێی پرسی: "تۆ کێی وا بەم تاریکەشەوە بەتاقی تەنێ بەناو ئۆردوگاکەدا و بەکەناری کەشتییەکاندا دەڕۆیی، لە کاتێکا هەموو بەشەرە فانییەکانی دی لە غوڕابی خەودان؟ تۆ لە یەکێ لە هێسترەکانت دەگەڕێی یان عەودالّی یەکێك لە هاوڕێکانتی؟ قسە بکە، بەبێدەنگی بەرەو من مەیە. چیت گەرەکە؟

(٨٧) ئەوسا ئاگامەمنون –پاشا وسەرداری جەنگاوەران– وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی نەستور، ئەی کوڕی نیلیوس، ئەی مایەی شانازی و شکۆمەندی ئاخییان.. تۆ ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس دەناسیت، و دەزانیت زیوس، لەناو هەموو کەسێکا، ئەوی لە خەم و پەژارەی بەردەوام بارکردووە، تا هەناسە لە سینەمدا مابێ و هێز لە ئەژنۆکانما مابێ، بەو ئاوایە دەخولێمەوە. ئێستاش بۆیە دەرچووم چونکە خەو لە چاوانم تۆراوە، دڵم لای شەڕەکەیە و لە خەم و پەژارەی ئاخییەکاندام. زۆر نیگەرانی دانایییەکانم، ئەقڵم بەهیچ کوێڕا ناگات، بێتاقەت و ناڕەحەتم، دڵم لە سینەمدا ناهێوڕێ، لاقە بەهێزەکانم، باری لەشم ناتوانن. جا ئەگەر حەز دەکەی شتێك بکەی، مادام تۆش خەوت زڕاوە، وەرە با بچین سەرێکی پاسەوانەکان بدەین، تەماشایەك بکەین، نەبادا لە ماندویەتیدا خەوتبن، و پاسەوانییەکەیان هەر لە بیرش نەمابێ. دژمن لە دەوروبەر ونزیکی ئێمە هەڵیداوە، کێ دەڵێ شەبەیخونێکمان ناکەنە سەر."

(١٠٢) نەستوری جرنیایی، سوارچاك و ڕامکەری ئەسپان، وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی شکۆمەند، ئەی ئاگامەمنون، سەردار و پاشای جەنگاوەران.. بێگومان زیوسی دانا هەموو ئاواتەکانی هیکتۆر نایەنێتە دی، هەموو خەون و خەیاڵەکانی ئێستاشی نایەنەدی. من پێم وایە ئەگەر ئەخیل دەستبەرداری ئەم توڕەبوونەی ببێ، ئەوا هیکتۆر زۆر لە ئێمە خراپتری بەسەر دێت. لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لێیە لەگەڵتا بێم. بەڵام وەرە باخەڵکانی دیکەش هەستێنین. با ئەمانە هەستێنین: کوڕەکەی تیودیوس –کە ڕمەوانێکی بەناوبانگە– و ئودیسیوس و ئەجاکسی خۆشڕۆ، و کوڕە بەغیرەتەکەی فولیوس. بریا یەکێك چوو با کە ئەجاکسی –خودا ئاسا– و ئیدومینیوسی مەزنیشی بۆ ئێرە بانگ کردبا، چونکە کەشتییەکانیان زۆر دوورن. بەڵام من هەرچەندە (مینیلاوس)م خۆش گەرەکە و بەڕێزە لەلام، زۆرم گلەیی لێی هەیە–

(١١٥) لێم زویر مەبە، لێتی ناشارمەوە، وبەئاشکرا گلەیی لێدەکەم چونکە ئێستا ئەو لە پرخەی خەودایە، و هەموو کارە قورسەکانی داوە بەشانی تۆدا. دەبوایە ئێستا بەناو فەرماندەکان کەوتبا و لێیان پاڕاباوە کە هیمەتێ بکەن، چونکە ئێمە لەوپەڕی مەترسی و تەنگانەداین."

(۱۱۹) ئاگامەمنونی پاشای جەنگاوەران وەلامی دایەوە و گوتی: "ئەزبەنی تۆ گلەیی ئەوەی لێدەکەی کە تەمەڵ و خەمساردە –جا ئەمەی نە لە تەمەڵییە و نە لە بێ ئەقڵی، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە هەمیشە پشتی بەمن قایمە وچاوەڕوانی ڕابەرایەتی منە. بەڵام ئەمجارەیان بەر لە من هەستابوو. هات بۆلام و ناردم بەدوای ئەوانەدا کە تۆ ناوت بردن. دەی سا با ئێمەش بڕۆین چونکە ئێستا لەبەر دەرگاکاندا، لەناو دیدەوانەکاندا چاوەڕوانمان دەکەن، چونکە پێم گوتون لەوێندەر کۆببنەوە.

(۱۲۷) نەستوری جرنیایی، ڕامکەری ئەسپان، گوتی: "ئەگەر وابێ ئارگوسییەکان نە لۆمەی دەکەن و نە لە قسە و ئەمری دەردەچن ئەگەر هەر کەسێکیان بۆ شەڕ هان بدات."

(۱۳۱) بەدەم قسەوە ئیلەکێکی لەبەرکرد، سەندەڵە جوانەکانی لەپێیە بریقەدارەکانی بەست، بالاپۆشێکی ئەرخەوانی دووبەری دەڵبی فەروداری لەخۆیەوە پێچاو، ئەوجا جوامێرانە ڕمە سەر بروزنزە تیژەکەی بەدەستەوە گرت، بەپاڵ کەشتییەکانا و بەناو ئارگۆسییانی بورونز پۆشدا بەڕێکەوت. نەستوری جیرنیایی، ڕامکەر و ڕابەری ئەسپان، شۆڕەسوار، بەدەنگی بەرز و یەکەمجار بانگی لە ئودیسیوس –هاوتای زیوس لە دانایی و تەگبیران– کرد. هەر کە دەنگەکەی بەر گوێ کەوت، لە خێوەتەکەیەوە هات و گوتی: "خێرە وا بەم تاریکە شەوە بەتاقی تەنیا بەپاڵ کەشتییەکاندا دەڕۆیت و بەناو ئۆردوەکە کەوتووی؟ عەودالّی چیت، چ قەوماوە؟." نەستوری جیرنیایی، سوارچاک، وەلامی دایەوە و گوتی: "ئودیسیوس، ئەی کوڕی ئیرتیس، زادەی زیوس، ئەی ئودیسیوسی بەڕاوتەگبیر، زویرمەبە، چونکە خەم و پەژارەیەکی گەورە ئاخییەکانی لە زەواق ناوە. خێرا دوامان بکەوە با هەندێ کەسی دیکەش لە خەو هەستێنین، هەندێك لەوانەی کە پێویستە ڕاوێژیان دەگەڵ بکەین، تا بزانین تەگبیریان چییە. هەڵێین یان بجەنگین!"

(۱٤۸) ئودیسیوسی هۆشمەند و بەڕاوتەگبیران، خۆی بەخێوەتەکەیدا کردەوە و سپەرێکی جەواهێرنیشانی نایابی لە شان کرد و دوایان کەوت. هەوەڵجار چوون بۆلای دیومیدسی کوڕی تیودیوس سەیریان کرد هەر بەجلی شەڕەوە لە دەرێی خێوەتەکەیدا نووستوە و هەموو هاوڕێکانی بەدەوریا خەوتوون و قەڵغان و سوپەرەکانیان کردووە بەسەرین،

(۱۵۳) بەڵام نێزەکانیان ڕاست و نووك لە حەوا لە عاردی چەقێنراون، و نووکە بڕونزیەکانیان لە دوورەوە وەکو ئەوەی چەخماخەی بابا زیوس بن، دەبریسکانەوە، بەڵام دیومیدسی جەنگاوەری قارەمان لەسەر کەوڵە گاجووتێك خەوتبوو، و فەرشێکی بەڕەونەقیشی قەد و نوشت کردبوو و نابوویە ژێر سەری، نەستوری جیرنیایی، سوارچاك و ڕامکەری ئەسپان، لێی نزیك بووەوە و، پاژنەی پێی گرت و ڕایکێشا و خەبەری کردەوە، بەسەر زەنشتەوە داوای لێکرد لەزێ بکات. هاواریکرد: "ڕابە کوڕی تیدیوس هەلو. ئەم هەموو خەوە، بەم شەوە درێژە بوو بەچی؟ چما نابینی تەروادەییەکان لەو هەردوباسکەی نزیکی کەشتییەکانمان هەڵیان داوە و، هەر بەرداوێژێك لێمانەوە دوورن؟"

(١٦٢) دیومیدس یەکسەر وبەدەم ئەم قسانەوە لە خەو ڕابوو: "ئەی پیرەمێری سەرسەخت، تۆ نەماندوو دەبی و نەبێزار. چما لەنێو گەلی ئاخییاندا لەتۆ بچوکتر نینە، بەناو ئۆردوەکەدا بگەڕێن و هەموو فەرماندەکان لە خەو هەستێنن؟ بەڵام تۆ ناحەوێیتەوە.

(١٦٨) نەستوری جرنیایی، سوارچاك و ڕامکەری ئەسپان، وەڵامی دایەوە وگوتی: "بەڵێ، ئەوەی تۆ گوتت دروستەو وایە. کوڕانی بێ وێنەم هەیە. و خەڵکێکی زۆرم هەن کە هەر یەکێکیان دەتوانێ بڕوات و فەرماندەکان بێدار بکەنەوە، بەڵام ئاخیەکان کەوتونەتە تەنگانەوە، وەکو ئەوەیە لەسەر دەمی تیغێك دانیشبن، و مەرگ و ژیانیان بەندە بەم دەمەوە. جا تۆ کە لە من بچووکتری و مادامێکی بەزەییت پێما دێتەوە، خێرا هەڕە ئەجاکسی خۆشڕۆ و، ئەجاکسی کوڕی بیلیوس بێدار بکەرەوە."

(١٧٧) دوای ئەو قسانە، دیومیدس، کەوڵە شێرێکی قاوەیی درێژی دا بەشانیا، فەروەکەی دەگەییە سەر پێیەکانی. ئەوجا نێزەکەی هەڵگرت. کەوتە ڕێ، هەردوو قارەمانی نێو براوی بێدار کردنەوەو لەگەڵ خۆیدا هێنانی. ئەسا ڕۆیشتن بەسەر پاسەوانەکاندا گەڕان، بینیان فەرماندەکان هەموو لە شوێنی خۆیانن و شتاقیان نەخەوتووە، بەڵکو هەموو بێدارن و بەدیار چەکەکانیانەوە حازر وئامادەن –وەکو چۆن سەگان پاسی پەزانی ناو ئاغەڵان دەکەن، کاتێ گوێیان لە دەنگی درندەیەکی بێ ڕەزا دەبێ کە لە بێشە شاخاوییەکانەوە دادەگەڕێ و.. هەراو زەنای خەڵکان و حەپەی گسۆکان تێکەڵ دەبێ و خەو لە چاوان دەفڕێ –بەو ئاوایە خەو لە چاوی پاسەوانەکان، فڕی بوو، چونکە هەمیشە چاویان لە دەشتەکە بوو تا بزانن ئاخۆ تەروادەییەکان هێرشیان بۆ دەکەن یان نا. کە پیرەمێر بەبێدار دیتنی زۆر خۆشحاڵ بوو، ئافەرینی کردن و ڕووی تێکردن و گوتی: "ڕۆڵە ئازیزەکانم، وریابن، خەو زەفەرتان پێ نەبات، با نەبین بەگەپجاڕی دژمن."

(١٩٤) بەدەم ئەو قسانەوە لە خەنەکەکە پەڕییەوە، هەر هەموو ئەو سەردار وفەرماندە ئارگۆسیانەی بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکە گاز کرا بوون دووی کەوتن. میریونیس و کوڕە دلاوەرەکەی لەگەڵیان چوون، چونکە ئەوانیش بۆ کۆبوونەوەکە دەعوەت کرابوون. بەو ئاوایە لە خەنەکەکە پەڕینەوە، لە شوێنێکی تەختانی کە لە تەرمی کوژراوان خاڵی بوو دانیشتن، ئێرە ئەو شوێنە بوو کە هیکتۆری ترسناك، دوای کوشتاری ئارگۆسییان، شەوی بەسەرا هاتبوو و گەڕابووەوە. بەڵێ لەوێدا کۆڕیان بەست، تا تەگبیر و ڕاوێژان بکەن

(٢٠٣) هەنگێ نەستور بەر لە هەمووان ڕابوو و بەمجۆرە ڕووی دەمی تێکردن: "دۆستانی ئازیز، ئاخۆ کەسێك لەنێو ئێوەدا هەیە کە خۆی بەبێباکی و سەرکێشی خۆی بسپێرێت و بەپارێزەوە خۆی بەناو تەروادەییەکاندا بکات، یەکێك لە دژمن کە لە لەشکرەکەی خۆیان دابڕابێ بڕفێنێ، یان گفتوگۆ و مقۆمقۆی ناو ئۆردوگاکەیان بژنەوێ و بزانێ بیر و نیازیان چییە: ئایا بەتەمان لێرە، لە دەوری کەشتییەکانی ئێمە، دوور لە ماڵ و حاڵی خۆیان بمێننەوە، یان بەنیازن کە ئێستا بەسەر ئاخییەکاندا زاڵ بوون، بگەڕێنەوە بۆ پشت شورەکان؟ ئەگەر بتوانێ هەموو ئەمە بکات و بەسەلامەتی بۆ ئێرە بگەڕێتەوە، ئەوا ناوبانگی بەهەموو دنیادا بڵاودەبێتەوە ودەگاتە بنی ئاسمان، خەڵات و پاداشتێکی باشیش وەردەگرێت، چونکە هەر هەموو فەرماندانی

کەشتییەکانمان سەرو سەرمەڕی ڕەشی بەبەرخە کۆرپەکەیەوە دەدەنێ –کە ئەمە خەڵاتە نەک گاڵتە– ئەمە جگە لەوەی دەبێ بەمیوانی هەمیشەیی هەر دەعوەت و جەژن و بەزمێکی خواردنەوەمان."

(٢١٨) هەموو کڕ وکپ بوون، بەڵام دیومیدسی نەعرەتە بەرزی مەیدان وشەڕگە هەستاو گوتی: "ئەی نەستور، پڕ بەدڵ حەز دەکەم خۆ بەئۆردوگای دژمندا بکەم، ئۆردوگای تەروادەییەکان کە لەمەوە نزیکە. بەڵام ئەگەر کەسێکی دیکەم لەگەڵدا بێ، دڵنیاتر و ئاسودەتر کارەکە ئەنجام دەدەم. چونکە ئەگەر دوو کەس پێکەوە کارێك لە ئەستۆ بگرن، باشترە، دوو ئەقڵ لە ئەقڵێك باشترە، بەڵام کەسی تەنیا چەند زیرەك و ژیریش بێ، بیری زۆر بڕ ناکات."

(٢٢٧) ئەو قسانەی کرد. زۆر کەس حەزبان دەکرد لەگەڵ دیومیدسدا بچن. جووتە قارەمان (ئەجاکس) ئامادەبوون. میریونیس حەزی دەکرد لەگەڵی بڕوات. هەروەها کوڕەکەی نەستور، و مینیلاوسی ڕم وەشێنی کوڕی ئوتریوس، هەروەها (ئۆدیسیوس)ش حەزی دەکرد دزە بکاتە ناو ئۆردوگای تەروادەییەکانەوە و بەڕوح حەزی لەو سەرکێشیانە دەکرد. هەنگێ ئاگامەمنون هەستاو هەڵیدایێ: "ئەی دیومیدس، ئەی کوڕی تودیوسی ئازیزی دڵەکەم، تۆ بەئارەزووی خۆت یەکێك لەم داوخوازانە هەڵبژێرە تا ببێ بەهاوڕێت. زۆر کەس حەز بەهاوڕێیەتیت دەکەن، بەڵام ئاگادارببە دوای سۆز نەکەوی لە جیاتی باشترینیان هەڵبژێری، بەبیانوی ڕێز وحورمەتی نەژادو پایەداریەوە خراترین هاوڕێ هەڵبژێری.

(٢٤٠) بۆیە ئەو قسەیەی کرد، چونکە دەترسا مینیلاوسی قژ زێڕین هەڵبژێرێ. ئ دیومیدسی نەعرەتە بەرزی مەیدانی شەڕ، ڕابوو و گوتی: "تۆ کە ئەمر دەکەی هاوڕێی دڵخوازی خۆم هەڵبژێرم، چۆن دەتوانم ئودیسیوسی خواوەند ئاسا ژیربکەم. چونکە کەس بەئەندازەی ئەو پیاوی تەنگانە و کارێن خەتەر نییە، هەروەها ئەتینای خواوەند خۆشی گەرەکە، ئەگە ئەو لەگەڵما بێ، بۆ ناو ئاگریش بچین، بەسەلامەتی لەگەڵیا دەگەڕێمەوە، چونکە لە هەمووان ژێرتر و حەکیم ترە."

(٢٤٨) هەنگێ ئودیسیوسی مەزن، بەسەبر وتەحەمول، گوتی: "زۆر لەسەر ستایش یان لۆمەی من مەڕۆ، ئارگۆسییەکان هەموو ئەو شتانە دەزانن کە تۆ دەیڵێی. بابڕۆین، چونکە شەو درەنگە و بەیان لە ئەنگاوتندایە، مەخابن ستێران زۆر خێرا جمان، دوو سێیەکی شەو بوری، تەنیا یەك سێیەکی شەو بەدەستەوە ماوە.

(٢٥٤) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، خێرا جلی جەنگیان لەبەرکردن، تراسومیدیسی شێرە پیاوی مەیدان، شێرێکی دوو دەم وسپەرێکی دایێ، چونکە ئەوانەی خۆی لە کەشتییەکەیدا بەجێهێشتبوون. کلاوخودێکی لە چەرمەگا دروستکراوی بێ شاخ و یاڵی لەسەری کرد، واتە تەنیا کلاوێك بوو بۆ پاراستنی سەر. هەروەها (میریونیس)ش تیروکەوانێك و تیردانێك و شێرێکی دایە ئودیسیوس، کلاوخودێکی چەرمی دایێ کە لە ناوەوە بەمکومی بەسیرمە تەنرابوو، لە دەریشەوە بەددانی سپی بەرازە کێوییەکی کەڵبە بریقەدار –کە زۆر بەقایمی وەستایانە بەدەوری کلاوەکەدا دروا بوو– هەروەها لە ناوەوە بەرێکی کولاڤی (لباد) پێوەنرا بوو.

(ئوتولوکس) ئەم کلاوەی لە ئیلیون، وەختێ خۆی دابوو بەماڵە قایمەکەی (ئەمینتوری کوڕی ئورمینوس)دا دزی بوو. ئەوسا دابووی بەئمفیداماسی سیتیرانی، تا بیبا بۆ سکاندیا، ئیدی ئەمفیداماس وەکو دیاری میوانداری دابووی بەمولوس، کە ئەمیش دابووی بە (میریونیس)ی کوڕی، ئێستاش ئەوەتا بەسەری (ئودیسیوس)ەوە.

(٢٧٢) کە جووتە قارەمان جەنگیان لەبەرکرد، فەرماندەکانیان لەوێ بەجێهێشت و بەڕێکەوتن. خواوەند ئەتینا، قورینگێکی بەدەستی ڕاستیدا، نزیک لە ڕێگەکەی وان، بۆ ناردن، هەرچەند لە بەر تاریکی قورینگەکەیان نەبینی، بەڵام گوێیان لە دەنگی بوو. ئودیسیوس کە گوێی لە دەنگی ئەو باڵندەیە بوو خۆشحاڵ بوو بەمجۆرە کەوتە نزا و پاڕانەوە لە ئەتینا

(٢٧٧) ئەی کیژی زیوس، ئەی سپەروەر، ئەی ئەو کەسەی هەمیشە یارمەتیدەرم بووی، و لە هیچ کارێکم بێ خەبەرنیت، گوێم لێبگرە، وەکو جاری جاران فریام بکەوە، کارێکی وەها بکە کە بەسەربەرزی بۆ لەشکرگاکەی خۆمان بگەڕێینەوە، کارێکی وەها بکە ناوبانگێکی باش بەدەست بێنین، کارێکی گەورەی ئەوتۆ ئەنجامبدەین کە بۆ ئێمە سەربەرزی بێ و بۆ تەروادەییەکان مایە و سەرچاوەی خەم و پەژارە بێ، و بەسەلامەتی بۆلای کەشتیەکانمان بگەڕێینەوە.

(٢٨٣) دوای ئەو (دیومیدس)ی دلاوەری دەنگ دلێری مەیدانی شەڕ کەوتە نزا و پاڕانەوە و گوتی: "گوێ لە نزای منیش بگرە ئەی کیژی زیوس، ئەی ئەو کەسەی لە شکست نایەی، پشتیوانیم بکە وەکو چۆن پشتیوانی بابە مەزنەکەم (تیدیوس) بووی کاتێ کە ئاخییەکان وەکو پەیك وپەیامبەری ئاشتی بۆ تیبەیان نارد، ئەوە بوو ئاخییەکانی لە نزیکی ڕەخی ڕوباری ئیسوبوس بەجێهێشت و چوو بۆ شار و پەیامی ئاشتی بۆ کادیموسەکان برد، بەڵام لەڕێگەی گەڕانەوەدا بەکۆمەك و پشتوانی تۆ چەندین کاری مەزنی کردبوو. جا ئێستا بەهەمان شێوە پشتیوانی لە منیش بکە، بمپارێزە. شەرت بێ منیش گوێرەکە میچکەیەکی یەك ساڵەی، تەوێڵ پان، ساغ و سەلیم، کە کەس نەی خستبێتە ژێر نیر. بۆ تۆ و لە پێناوی تۆدا سەر بڕم و قۆچەکانی لە زێڕاو بگرم!"

(٢٩٥) بەو جۆرە نوێژ و نزای خۆیان کرد، ئەتیناش دوعا و نوێژەکەی قبوڵ کردن، ئەوسا وەکو دوو شێر لەژێر باڵی شەوی تاریکدا بەناو لاشەی کوژراواندا، بەناو سپەر وجەنگەوزاران و خوێنی ڕەشدا، ملی ڕێگەیان گرت.

(٢٩٩) لەولاشەوە هیکتۆر نەیهێشت تەروادەییەکان بخەون، هەرچی شازادە و سەرکردە و ڕاوێژکاری ناو سوپاکەی هەبوو، کۆی کردنەوە و پێی گوتن: "من نەخشەیەکم بەدەستەوەیە، کێ بەڵێنم دەداتێ جێبەجێی بکات، بەرانبەر بەپاداشتێکی گەورە و گران؟.. پاداشتێك کە ئەوە ڕەنجەبێنێ. عەرەبانەیەك و دوو ئەسپی گەردن درێژی دەدەمێ، دوو ئەسپی سینەپان، جوانترین ئەسپانی تیژڕەوی ناو کەشتی ئاخییەکان... دەیانکەمە دیاری بۆ ئەو پیاوەی بوێرێ – سەربەرزییەکیش بۆ خۆی بەدەست دێنێ– و بچێت بۆ ناو کەشتی ئاخییەکان، و بکەوێتە سوسە و بزانێ کە ئاخۆ وەکو جاران پاسەوانی کەشتییەکانیان دەکەن، یان ئەو ئاخیانەی کە

ماندویەتی بێ تاقەتی کردوون و زۆری بازوی ئێمە لە پەلوپۆی خستوون، لە بیری هەڵاتندان و وازیان لە ئێشك گرتن هێناوە؟!"

(٣١٣) ئەو قسانەی کرد، هەموو مات و بێدەنگ بوون، لەنێو تەروادەییەکاندا جەنگاوەرێك هەبوو بەنێوی دلون، کوڕی یومیدیسی، پەیاماوەری ئاسمانی بوو. پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، زێڕ و برۆنزێکی زۆری هەبوو. ڕواڵەتی دزێو وناشرین بوو، بەڵام لە ڕاکردندا سوك بوو. تاقە برای پێنج خوشکان بوو. هەستا ڕوویکردە تەروادەییەکان و هیکتۆر و گوتی: "ئەی هیکتۆر من دڵی ئەم کارەم هەیە، دڵم تەژی دلاوەری و بێباکییە، من دەچمە نزیکی کەشتییەکان و هەموو هەواڵێکی دژمن دێنم: بەڵام تۆ چۆگانەکەت، چۆگانی فەرمانڕەواییەکەت هەڵبڕە و سوێند بخۆ کە ئەسپەکان و عەرەبانە برونزییە بەنەخش و نیگارەکەم دەدەیتێ، ئەوەی کە لەژێر کوڕە بێ نەزیرەکەی بیلیوس دایە. هەنگێ منیش بۆتی دەسەلمێنم کە بەخۆڕایی ناڕۆم و هەواڵدزێکی بێ کەڵك نابم و ئەوەی تۆ بەتەمایت بۆتی بەدی دێنم، چونکە من یەکڕێ خۆم بەئۆردوگای دژمندا دەکەم، ناوەستمەوە تا دەگەمە سەراپەردەکەی ئاگامەمنون کە پێم وایە حاڵی حازر خەریکی کۆبوونەوەیە لەگەڵ شازادە و سەران و ڕاوێژکارانی ئاخیاییدا تا قەراری خۆ بدەن کە هەڵێن یان شەڕ بکەن."

(٣٢٨) دوای ئەو قسەیە هیکتۆر گۆچانەکەی هەڵبڕی، سوێندی خوارد، گوتی: "ئەی زیوس، تۆ بەخۆت شایەدبە بەسەرمەوە، ئەی مێردی هیرا، خودان چەخماخە و بروسکەی بەگرم و هوڕ.. تۆ بەشایەد دەگرم کە لەنێو خەڵکی تەروادەدا هیچ کەسێك سواری ئەم ئەسپانە نابێ جگە لە تۆ ئەی دولون، وا من ڕایدەگەیەنم کە تۆ دەبی بەخاوەنی سەرفرازیان و هەمیشە شانازیان پێوە دەکەیت.

(٣٣٢) هەرچەند ئەو سوێندێکی بێهودەی خوارد، بەڵام دڵگەرمییەکی زۆر بوو بۆ (دولون). تیروکەوانەکەی لە شان کرد، کەوڵە گورگێکی بۆری لەبەرکرد، کڵاوێکی پێستە پشیلەی کێوی لەسەرنا، نێزەیەکی تیژی هەڵگرت، بەرەو کەشتییەکان ملی ڕێگەی گرت. بەڵام چارەنووس وای نەنووسی بوو جارێکی دی بگەڕێتەوە و هەواڵان بۆ هیکتۆر بێنێتەوە، هەر کە لە ئاپورای ئەسپ و جەنگاوەرەکان دوورکەوتەوە، بەسەرێکی پڕ جۆشەوە، ملی ڕێگەی خۆی گرت. ئودیسیوسی زیوس زادە هەستی کرد کەسێك دێتە پێشەوە، بەهاورێکەی گوت: "بڕوانە دیومیدیس، ئەوە یەکێکە لە ئۆردوگای دژمنەوە دێ، جا نازانم دەیەوێ هەواڵدزی بەسەر کەشتییەکانمانەوە بکات، یان بەنیازە جەنازەی مردوویەك ڕووت بکاتەوە. باوازی لێ بێنین بەبەردەماندا ڕەت بێ و ماوەیەکی کەم بەدەشتەکەدا بڕوات، ئەوجا دوای بکەوین و بەپەلە بیگرین، ئەگەر زانیت هەڵدێ و نایگەینێ، ئەوا بەزەبری نێزە بەرەو کەشتییەکانی بەرەو لە ئۆردوگاکەی خۆیانی دوور بخەرەوە تا بەهیچ جۆرێ دەرفەتی ئەوەی نەبێ بۆ شار هەڵێت."!

(٣٤٩) دوای ئەم قسەیە، خۆیان لە بەینی جەنازەی مردووەکاندا مەڵاسدا. دولون هەستی بەهیچ نەکرد، بێ پەروا و گەوجانە، بەلەز بەبەردەمیاندا ڕەت بوو. هەر کە مەیدانە هێستڕێك لێیان دوورکەوتەوە (مەیدانە هێستر لە جووتدا درێژترە لە هی گاجووت) بەغار دوای کەوتن، کە گوێی

لە دەنگ بوو بەبێدەنگی وەستا، لە دڵی خۆیدا وای مەزەندە کرد کە دوو دۆستن و لەلای تەروادەییەکانەوە وبەفەرمانی هیکتۆر هاتوون تا بگەڕێتەوە. بەڵام کە بەئەندازەی تیراوێژێك یان کەمتر لێی نزیك بوونەوە، زانی ئەمانە دژمنن، تا هێز لەلاقیدا بوو پێی وەغارێوە نا. بەڵام دوای کەوتن، وەکو چۆن جووتێ تاژی کەڵبەتیژ، مەعلان و کارامە، لە بێشەڵانێکی چڕدا پەلاماری کارمامزێك یان کەرووێشکە کێوییەك دەدەن، و نێچیرەکە بەدەم غاردانەوە دەقیژێنێ.. بەو ئاوایە کوڕەکەی تیودیوس و ئودیسیوس (دولون)یان دایە بەر ولە ئۆردوگاکەی خۆیان دابڕی. کاتێ خەریك بوو بەدەم غاردانەوە بەرەو کەشتییەکان دەگەییە ناوەندی پاسەوانەکان، ئەتینا هێزێکی زیاتری وەبەر کوڕەکەی تیودیوس نا، تا هیچ ئاخیاییەکی برونز پۆش نەتوانێ بەوە بنازێ کە ئەو یەکەم جەزرەبەی لەو جەنگاوەرە (دولون) وەشاندووە و پێش دیومیدس کەوتووە. ئەوە بوو دیومیدیس بەڕمەکەیەوە پەلاماری داو تێی خوڕی: "بوەستە، دەنا بەر ڕمت دەدەم، چونکە پێم وانییە بتوانی لە چنگی من دەربچیت ولە مەرگی خۆت هەڵێی!"

(٣٧٢) دیومیدس ئەوەی گوت و ڕمەکەی خێواندێ. بەڵام بەئانقەست و بەخواستی خۆی نەیپێکا. ڕمەکە بەسەرشانی ڕاستیدا ڕەت بوو. نووکەکەی لە عاردی چەقی. دولون ڕەق ڕاوەستا. لە ترساندا کەوتە لەرزین، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، کەوتە دانەچۆقە. جووتە قارەمان بەهانکە هانك خۆیان گەیاندێ، باسکیان گرت، بەدەم گریانەوە کەوتە پاڕانەوە و گوتی: "مەمکوژن، دەست بەسەرم بکەن. من خۆمتان لێدەکڕمەوە، چونکە برونز و زێڕ و ئاسنێکی زۆرم لە ماڵەوە هەیە، و زۆر وەستایانە و هونەرمەندانە دروستکراون. جا ئەگەر بابم ببیستێتەوە کە من هێشتا زندووم و لای ئاخییەکانم، ئامادەیە لەو سەروەت و سامانە سەربەهایەکی مۆڵتان بداتێ.

(٣٨٢) ئودیسیوسی بەردەبار وەڵامی دایەوە و گوتی: "مەترسە، بیری مەرگ لەخۆ دوور بخەوە. وەرەو ڕاستیم پێ بڵێ: چ شتێك وای لێکردویت بەتاقی تەنیا لە سوپاکەی خۆت دووربکەویتەوە و بەرەو کەشتییەکانی ئێمە بێی، لە کاتێکا عالەم گشت خەفتەن؟ ئایا هاتووی ئەم جەنازە یان ئەو جەنازە ڕووت بکەیەوە؟ یان هیکتۆر ناردووتی کە جاسوسیمان بەسەرەوە بکەی؟.. یان تەنیا سەرکێشی و چاو قایمی ئەمەی پێکردویت؟"

(٣٩٢) دولون، بەدەم لنگە لەرزێوە وەڵامی دایەوە: "هیکتۆر بەوەعد و بەڵێنانی شیرین خەڵەتاندمی، بەڵێنی عەرەبانە برونز نیشان و جووتە ئەسپە ڕەهوانەکەی کوڕی بیلیوسی دامێ.. فەرمانی دامێ کە شەوێ بێ خشپە خۆم بەئۆردوگای دژمندا بکەم، تا بزانم ئاخۆ وەکو جاران ئێشکی کەشتییە تیژڕۆکانیان دەگرن، یان گورزی ئێمە لە پەلوپۆی خستوون و لە بیری هەڵاتندان و لە شەکەتی خۆیاندا بەنیازی دیدەوانی شەوانە نین؟!".

(٤٠٠) ئودیسیوس بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: "ئەلهەقی تۆ لە دڵی خۆتا بەتەمای خەڵاتی زۆر گەورە بوویت، ئەسپەکانی کوڕی ئیکۆس! بەڵام زەحمەتە هیچ بەنی بەشەرێك جگە لە خودی ئەخیل، کە دایکی لە نەمرانە، بتوانێ ئەو ئەسپانە بەرزەفت بکات و لێیان بخوڕێ.. بەهەرحاڵ باواز لەمە بێنین وەرە ڕاستیم پێ بڵێ وەختێ کە بۆ ئێرە هاتیت، هیکتۆرت –شوانی

سوپا– لە کوێ بەجێهێشت؟..چەك وئەسەلەحەکەی لە کوێیە، ئەسپەکانی لە کوێن؟ تەروادەییەکان لە کوێ ئێشك دەگرن؟ شوێنی کەمین و بۆسەکانیان لە کوێیە؟ تەروادەییەکان چۆن کاتی ئێشك و خەوی خۆیان ڕێکدەخەن؟.. چ نەخشە وپلانێکیان لەژێر سەردایە؟ ئایا هەر لە نزیکی کەشتیەکانی ئێمە و دوور لە ماڵی خۆیان دەمێننەوە، یان دوای ئەوەی شکستیان بەئاخییەکان هێناوە، بەتەمان بۆ ناو شاری خۆ بگەڕێنەوە؟

(٤١٢) دولونی کوڕی یومیدیس وەڵامی دایەوە و گوتی: "هەموو ڕاستییەکت پێ دەڵێم، هیچ شتێکت لێ ناشارمەوە: هیکتۆر ئێستا لە گوێی قەبرەکەی ئیلیوس، دوور لە هەرا و زەنا، کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی شیرەتکاری خۆیدا دەکات. سەبارەت بەشوێنی ئێشکچییەکان، هیچ ئێشکچییەکی تایبەتی و دیاریکراو نییە کە پاسەوانی لەشکر بکات. هەموو ئەوانەی کە بەدەوری ئاگرەکانەوە دانیشتوون، بێدارن و یەکتر بۆ پاسەوانی ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام ئەو هاوپەیمانانەی لە ولاتانی ترەوە هێنراون، دەخەون و کاری پاسەوانی بەتەروادەییەکان دەسپێرن. چونکە ژن و منالەکانیان لێرە نین و دوورن!"

(٤٢٣) ئودیسیویس گوتی: "باشە پێم بڵێ، ئایا لەناو جەنگاوەرە تەروادەییەکاندا دەنوون، یان بەجیا دەنوون. ئەمەم بۆ شەرح بکە تا باش تێبگەم."

(٤٢٦) دولون وەڵامی دایەوە: "ئەمەشت پێ دەڵێم، کارییانەکان و تیر هاوێژەکان کە بریتیین لە پیونیان، لیلیجەکان، کوکونانەکان و بیلاسجیونی دلاوەر، لە ڕەخی دەریادا دەنوون. بەڵام لیسییەکان، میسییە شکۆمەندەکان،

(٤٣١) لەگەڵ فیریژیەکان و میونییەکاندا بەخۆ و عەرەبانەکانیانەوە لە بەرانبەر تیمبەر هەڵیانداوە. بەڵام تۆ بۆچی لەهەر هەموو ئەم شتانە دەپرسیت؟.. ئەگەر دەتەوێ بگەیتە ئاپورای تەروادەییەکان، ئەوە تراکییەکانە کە تازە گەییونەتە جێ و لە هەموو هێزەکانی ترەوە دوورن، و پاشەکەشیان (ریسیوس کوڕی ئیونیوس) لەگەڵە. ئەسپەکانی جوانترین ئەسپن کە لە ژیانمدا دیتومن، ئەسپی زەلام زەلام، لە بەفر سپی ترن، دەڵێی بان لە تیژیدا دەستێکی ڕەنگین گالیسکەکەی بەزێڕ وزیو ڕازاندوەتەوە، چەك وتەدارەکێکی زێڕی لەگەڵ خودا هێناوە، هەر حەز دەکەی تەماشای بکەی، هونەروسەنعەتی وا هەر نەبووەتەوە، ئەوەندە جوانە زیاتر بۆ ئەوە دەشێت خواوەندان لەبەری بکەن نەك بەشەرانی فانی. جا ئێستا یان بمبە بۆ لای کەشتییەکانتان، یان بەکۆت وزنجیران بمبەستەوەو لێرەم بەجێبهێڵە، تا دەچیت و دەگەڕێیتەوە و دڵنیا دەبیت لە دروستی و نادروستی قسەکانم."

(٤٤٧) دیومیدس نیگایەکی توڕەی کرد و گوتی: "ئەی دولون هەرچەندە زانیاری باشت داینێ، بەڵام دڵی خۆت بەوە خۆش مەکە کە لە چنگی ئێمە دەرباز ببی، ئەگەر ئازادت بکەین و ڕێگەت بدەین بڕۆیت، بێگومان جارێکی دیکە دێیتەوە سەر کەشتییەکانمان جا چ بەجاسوسی بێ چ بەهێرشی جەنگاوەرانە، بەڵام ئەگەر بتکوژم و ژیانت لەبەر ببڕم، چیتر نابی بەبەڵای گیانی ئارگۆسییەکان.

(٤٥٤) ئەو قسانەی کرد، دولون دەستی بۆ ردێنی برد تا زیاتر لێی بپارێتەوە، لێ دیومیدس شێرێکی لە ناوەندی گەردنی داو هەردوو دەمارەکەی گەردنی بڕی، سەری بەسەر عاردەکەدا غل بووەوە وهێشتا هەر قسەی دەکرد. ئەوجا کلاوەکەی و کەولّە گورگەکە و تیروکەوان و ڕمە درێژەکەیان برد. ئودیسیوس ئەو شتانەی وەکو ڕێز بۆ ئەتینا خواوەندی تالانی و دەستکەوتان، بۆ ئاسمان هەڵبڕی و بەدەم نوێژ ونزاوە گوتی: "خواوەندا ئەم دیاریانە قەبوڵ بکە، دڵخۆش بە، ئێمە پێشکەش بەتۆی دەکەین. بەر لە هەموو خواوەندانی ئۆڵەمپ لەتۆ دەپارێینەوە، سا تۆش بەرەو ئەسپان و شوێنی نووستنی تراکیەکان ڕابەر وڕێنوێنمان بە."

(٤٦٥) بەدەم ئەو پەیڤانەوە دەستکەوتەکانیان برد و لەسەر گزیچارێکیان دانا، نیشانەیەکی دیاریان دانا، هەندێ نەیجەیان هەڵکەند و لق وپۆی گزیچارەکەیان شکاندەوە ووەکو نیشانە دایان نا، تا لە تاریکی شەودا و لە گەڕانەوەدا لێیان ون نەبێت. ئەوجا بەجووتە بەناو زرێ و ئەسلەحە و خوێنی مەییودا بەڕێکەوتن، زۆر زوو گەییند ناو ئاپورای جەنگاوەرە تراکییەکان. هەموو خەوتبوون، ماندووی ڕێگە بوون، بەسێ ڕیزی ڕێك و پێك خەوتبوون و هەر کەسەو چەك و تفاقی خۆی لە تەنیشت خۆیەوە لە عاردی دانابوو. هەر جەنگاوەرێکیش جووتێ ئەسپی بەتەنیشتەوە بوو. "ریسوس" لە ناوەڕاستیاندا نووستبوو، ئەسپەکانیشی بەتەنیشتییەوە بوون و بەڕەشمەکانیان بە قەراخی گالیسکەکەیەوە بەسترابوونەوە. هەوەڵجار ئودیسیوس بینی، پیشانی (دیومیدیس)ی داو گوتی: "دیومیدیس، ئەمە ئەو پیاوەیە، هۆ وەش ئەو ئەسپانەیە کە دولون، ئەوەی کوشتمان، بۆی باسکردین، هێز و توانای خۆت بنوێنە، چەك بۆ ڕۆژێکی وانەبێ بۆچی باشە. خێراکە مەوەستە یان ئەسپەکان بکەوە، یان ئەگەر بەباشی دەزانی تۆ ئەم جەنگاوەرانە بکوژە و من خەمی ئەسپەکان دەخۆم."

(٤٨٢) ئەوسا ئەتینا هێندەی دی دڵ و دەرونی دیومیدسی جۆشدا. بەڕاست وبەچەپی خۆیدا کەوتە کوشتار. هەر کەسێك کە شمشێرەکەی ئەوی دەگەییشتێ نالّەیەکی ترسناکی لێ بەرز دەبووەوە، زەوی لە خوێنا سوور بوو. وەکو چۆن شێر بەناو مێگەلە پەز و بزنانی بێ شوان دەکەوێ و دڕندانە لاکان دەخات، بەو ئاوایە کوڕی (تیدیوس)ش بەناو جەنگاوەرانی تراکی کەوت ودوانزە مێری لێکوشتن. ئودیسیوسی بەردەباریش، لەدوای کوڕی (تیدیوس)ەوە هەردوو لاقی کوژراوەکانی دەگرت و دەیخستنە لاوە، بۆیە ئەمەی دەکرد، تا ئەسپە یاڵ جوانەکان بەئاسانی بتوانن ڕێبکەن،و وەختێ بەسەر لاشەکاندا دەپەڕنەوە نەڕەوێنەوە، چونکە تازە بوون و بەو دیمەنانە ڕانەهاتبوون، کاتێ کوڕی تیدیوس هاتە سەر پاشا ئەویشی کوشت. ئەم پاشایە سیانزەمین کەس بوو کە گیانی شیرینی چوون هەنگوینی لێ سەند، لەو دەمەدا بەسەختی هەناسەی دەدا، چونکە کوڕی ئوینوس لەو شەوەدا و بەپێی نەخشەیەکی ئەتینا، وەکو مۆتەکەیەکی شوم بەدیار سەرییەوە وەستا بوو. لەو ماوەیەدا ئودیسیوسی بەجەرگ و بەردەبار، ئەسپەرەهوانەکانی کردەوە و هەوسارەکانیانی پێکەوە بەست و بەنێو ئاپورای نووستوەکاندا، بەر کەوانەکەی دان و دووری خستنەوە، لەبیری چوو بوو قامچییە درەخشانەکەی نێو گالیسکە

گەوهەر نیشانەکەی پاشا لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئەوسا فیکەیەکی نزمی کێشا تا دیومیدس ئاگادار بکاتەوە.

(٥٠٣) بەڵام دیومیدس لە جێی خۆی نەجوڵا، بیری لەوە دەکردەوە کارێکی سەرکێشانە و بێباکانەی تر ئەنجام بدات، دوودڵ بوو لەنێوان ئەوەی گالیسکەکەی پاشا، کە چەک وتفاقە نایاب و گەوهەر نیشانەکانی تیابوو، بەهەردوو مژانەکەی بگرێ و ڕایکێشێت و بیبات یان زرێکەی بکاتەوە و هەڵیگرێت، یان باشتر وایە زۆرترین ژمارەی تراکیان بکوژێ ؟ لە کاتێکا لە دڵی خۆیدا بیری لە هەموو ئەمانە دەکردەوە، ئەتینا لێی هاتە پێشێ و گوتی: "ئەی کوڕی تیودیوسی مەزن ئێستا بیر لەوە بکەوە بۆڵای کەشتییەکان بگەڕێیتەوە، دەنا ناچار دەبی بەهەڵاتن بۆ ئەوێ بگەڕێیتەوە، هەڵاتن ئەمما هەڵاتن!.. چونکە لەگینە خواوەندێکی دیکە بێت و تەروادەییەکان بێدار بکاتەوە."

(٥١٢) دیومیدس، دەنگی خواوەندی ناسییەوە، یەکسەر خۆی هەڵدایە سەرپشتی یەکێك لە ئەسپەکان. ئودیسیوس کەوانێکی پێدا کێشا و بەپڕتاو بەرەو کەشتییە خێراکانی ئاخییان بۆی دەرچوو.

(٥١٥) بەڵام ئەپولۆی زیوین کەوان، کە ئەتینای لەگەڵ کوڕەکەی تیودیوس دا بینی، زۆر تووڕە بوو، خۆی بەئۆردوی تەروادەییەکاندا کرد و (هیبوکون)ی ڕاوێژکاری تراکییەکان و خزمی (ریسوس)ی لە خەو هەستاند، هیبوکون ڕابوو، سەیری کرد ئەسپەکان لە جێی خۆ نەماون، و جەنگاوەرەکان لە خوێنی خۆدا بەدەم دوا گیانەڵلاوە دەگەوزن، بەدەنگی بەرز ناڵاندی و بانگی هاوڕێ ئازیزەکەی خۆی (ریسوس)ی کرد. هەرا و هەنگامەیەکی بێ وێنە لەناو تەروادەییەکاندا بەرپا بوو، هەموو بەپەلە هاتن، وبەترس و سەرسامی دەیانڕواندییە ئەو کوشتارە ترسناکەی کە ئەم دوو جەنگاوەرە لە تەروادەییەکانیان کردبوو، و بەرەو کەشتییەکانی خۆیان گەڕابوونەوە.

(٥٢٦) کاتێ گەییشتنەوە ئەو شوێنەی کە جاسوسەکەی (هیکتۆر)یان تیا کوشتبوو، ئودیسیوس ئەسپەکانی ڕاگرت، کوڕی تیدیوس خۆی هەڵدایە خوارێ، دەسکەوتە خوێناوییەکانی دایە دەست ئودیسیوس و ئەوجا سواری ئەسپەکەی بووەوە: ئەسپەکانی بەرشەلاق دا، جووتە ئەسپ وەك ئەوەی بەخواستی خۆ بڕۆن، بەرەو کەشتییەکان دەڕپەڕین. نەستور بەر لە هەر کەسێك گوێی لە دەنگی جوارناڵەی ئەسپەکان بوو، گوتی: "دۆستان، ئەی فەرماندە وشیرەتکارانی ئارگوسییان، شتێك هەیە، نازانم ڕاستە یان درۆ؟ بەڵام دڵم ئەمرم پێدەکات بیڵێم، دەنگێك دێتە گوێم لە دەنگی چوارناڵەی ئەسپان دەچێت. ئومێدەوارم دیومیدس و ئودیسیوس بن، کە بەم ئەسپە سەرکێشانەوە لە ئۆردوگای تەروادەییەکانەوە گەڕابنەوە، بەڵام لەناخی دڵمەوە لەوە دەترسم کە نەبادا ئازاترین ئاخییان تووشی بەڵایەك بووبن، چونکە هەراو زەنای تەروادەییەکانیش دێتەگوێ."

(٥٤٠) هێشتا بەتەواوەتی لە قسەکانی نەبوو بووەوە کە جووتە قارەمان گەییەنە جێ و لە ئەسپەکان دابەزین.. هاوڕێکانیان هەموو شاد و خۆشحاڵ بەدەست گوشین و ئافەرین و ستایش پێشوازیان کردن. نەستوری جیرنیایی، سوارچاك وڕامکەری ئەسپان، بەر لە هەمووان کەوتە

پرسیاران: "ئەی ئودیسیوس! ئەی ناودار، ئەی فەڕ وشکۆی مەزنی ئاخییان.. پێم بڵێ چۆن ئەم ئەسپانەت وەدەست هێنا؟ ئایا لەنێو ئاپورای تەروادەییەکانەوە دەرت هێناون؟ یان خواوەندێك ئەم دیاریەی پێداوی؟ کە وەکو تیشکی هەتاو دەبریسکێنەوە. من هەمیشە لە مەیدانی جەنگدا بووم و تەروادەییەکان باش دەناسم، هەرچەندە جەنگاوەرێکی دێرینە سالّم و کەس ناتوانێ لۆمەم بکات گەر لە کۆتایی لەشکردا، لە نزیکی کەشتییەکان مابمەوە، بەڵام هەرگیز ئەسپانی واهیم نەدیوە و بەخەیاڵما نەهاتووە، بۆیە پێم وایە خواوەندێکتان تووش بووە و ئەم ئەسپانەی داونەتێ. چونکە هەردوکتان لەلای زیوسی هەورەوان و ئەتینای کیژی، ئەتینای سپەروان، ئەتینای چاوکەسك ئازیزن.

(٥٥٤) ئودیسیوسی بەردەبار وەڵامی دایەوە: "ئەی نەستور، ئەی کوڕەکەی نیلیوس، ئەی فەڕو شکۆی ئاخییان، ئەگەر خواوەندان بیانەوێ، دەتوانن ئەسپانی لەمانە چاکترمان بدەنێ، چونکە توانای خواوەندان بێ سنورە. بەهەرحاڵ ئەی پیری گەورەم، ئەم ئەسپانەی کە تۆ لێیان دەپرسیت، تازە لە تراکیاوە هاتوون، دیومیدسی دلاوەر پاشاکەیان و دوانزە کەسی ناودارو ئازای لێکۆشتن. بەڵام چواردەمینیان جاسوسێك بوو کە لە نزیکی کەشتییەکان کوشتمان، هیکتۆر و تەروادەییەکان ناردبوویان تا جاسوسی بەسەر ئۆردوگاکەمانەوە بکات."

(٥٦٤) ئەوەی گوت و بەدەم پێکەنینەوە ئەسپەکانی لە خەنەکەکە پەڕاندەوە، ئاخییەکانی دیکەش بەخۆشی و شادی بەگەڵی کەوتن. هەر کە گەیینە خەرگە مکوم و قایمەکەی کوڕی تیودیوس، بەهەوساری قایش ئەسپەکانیان لەسەر ئاخوڕێك بەستەوە کە لەوەپێش ئەسپەکانی (دیومیدس)ی لێی بەسترابوونەوە وخۆشترین گەنمیان دەخوارد. ئەوجا ئودیسیوس میراتییە خوێناوییەکانی (دولون)ی بەپێشی کەشتییەکەیەوە هەڵواسی، تا قوربانییەکی پیرۆز بۆ ئەتینا بەرپا بکرێ، بەڵام ئەوان بەدوو قۆڵی خۆیان بەدەریادا کرد و ئارەقەکەی جەستە و گەردن و ڕانیان شت. کە ئاوی دەریا هەموو ئارەقەکەی لەشی پاك کردنەوە و دڵیان فێنك بووەوە و بۆژانەوە، خۆیان بەگەرماوانی درەخشاندا کرد و خۆیان شت. کە خۆیان بە ئاو شت. لەشی خۆیان بەزەیت چەور کرد، لەسەر خوان دانیشتن. لە بادیەیەکی پڕ لە شەرابی کوکتێل، جامیان لە شەرابی بەلەزەتی چوون هەنگوین پڕ کرد وبەناوی قوربانی وبەخۆشی ئەتینا چەند دڵۆپێکیان پرژاندە سەر زەوی.

سرودی یازدەیەم

ئەخیل چاودێری شەڕەکە دەکات

حیکایەتەکە:

لەگەڵ سپێدەدا، زیوسی خودای خواوەندان، ویستی هەردوو ئۆردوەکە بهاڕوژێنێ و بەیەکیاندا بدات تا تەروادەییەکان گوشار بخەنە سەر ئاخییەکان و ئەخیل ڕوحمی بتلیسێتەوە و توڕەییەکەی بڕەوێتەوە، ئەوەبوو پاش ئەوەی بینی هێمنی بالّی بەسەر هەردووك ئۆردوگاکەدا کێشاوە، بەتایبەتی ئاخییەکان کە لە جەنگ بێزار بوو بوون و دەیانویست بۆ وڵاتی خۆ بگەڕێنەوە، ئەوەبوو خواوەندی دووبەرەکی و ئاژاوەی بۆ ناردن. خواوەندی ئاژاوە دابەزی، لە

بەینی خێوەتەکانی ئەخیل و خێوەتەکانی ئودیسیوسدا کە بەرانبەر بەیەک هەڵدرابوون، وەستا، کەوتە گێڕەشێوێنی و ئاژاوە نانەوە، کارێکی وای کرد جۆش و خرۆشی شەڕیان تێگەڕا و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ولاتیان فەرامۆش کرد. ئاگامەمنون و دیومیدس و ئودیسیوس و نەستور کەوتنە هاندان و وڕە بەرزکردنەوەی ئاخییەکان، وسازدانیان بۆ شەڕ. لەولاشەوە تەروادەییەکان چاودێری هەموو جموجۆڵێکیان دەکرد وڕیزەکانی خۆیان ڕێکدەخست بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی کوتوپڕ. شەڕێکی قورس و توند بەرپا دەبێت و هەندێ سەرکردە و فەرماندەی تەروادەییەکان دەکوژرێن. لەنێو جەنگاوەرەکاندا شا ئاگامەمنون و دیومیدس و نەستور و دکتۆر ماکاون دەردەکەون. زیوس کە بینی ئاخییەکان خەریکە سەردەکەون و زاڵ دەبن، ئیریسی قاسید و پەیامبەری خواوەندانی نارد تا بەهیکتۆری قارەمانی تەروادەییەکان بڵێ کە نەچێتە ڕیزەکانی پێشەوە، تا شا ئاگامەمنون بریندار دەبێت و لەشەڕ دەکشێتەوە. هیکتۆر چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو دەکات، ئیدی ئاگامەمنون بریندار دەبێت، هاوڕێکانی فریای دەکەون، لە عارەبانەکەی دایدەگرن و بەعارەبانەیەکی خێرا بۆلای کەشتییەکان دەگەڕێتەوە تازامەکەی تیمار بکەن. تای تەرازووی شەڕەکە بەرە بەرە دەگۆڕێت و بەلای تەروادەییەکاندا قورس دەبێت، هیکتۆر وپاریس لەناویاندا دەردەکەون، دیومیدس ونەستور دەپێکرێن، لە شەڕەکە دەکشێنەوە و زامە سەختەکانیان تیمار دەکەن. لەم ماوەیەدا ئەخیل چاودێری ڕەوت وئاڕاستەی شەڕەکەی دەکرد، نەستور دەبینێ بەگالیسکەکەی دەگەڕێتەوە و دکتۆرە زامدارەکەشی لەگەڵە، هاوڕێ دڵسۆزەکەی خۆی، واتە پتروکلوس دەنێرێ تابزانی ئەو بریندارەی ناو گالیسکەکەی نەستور کێیە. پتروکلوس بەڕێگە کەنارییەکەی بەردەم کەشتییەکاندا دەڕوات، دەگاتە ئەو شوێنەی نەستور و بریندارەکەی لێ دابەزین، دەکەونە قسە، نەستوری پیری پڕ ئەزموون و بەدەم و زمان ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن کاتێ وەکو ئەخیل گەنج بووە شەڕی دەکرد، و بەزمانی لوس قەناعەت بەپتروکلوسی لاو دەکات کە پێویستە ئەخیل بەشداری شەڕ بکات، تا لەشکرەکەیان نەشکێت و تا تەروادەییەکان کەشتی گریکەکان نەسوتێنن. پێی گوت ئەگەر ئەخیل نەیویست بەخۆی بەشداری بکات، باڕێگە بەتۆ بدات ئەی پتروکلوس داخڵی شەڕ ببی، بەمەرجێ زرێکەی خۆیت بداتێ، چونکە کە تەروادەییەکان بەو زرێیەوە بتبینن دەترسن و وا دەزانن تۆ ئەخیلی، بەو کارە ئاخییەکان لە کارەساتێکی گەورە دەرباز دەکەیت، و کەشتییەکان لە سووتان دەپارێزی.

زەمەن:

بەپێی تەقویمی هۆمەر لە ئیلیادەدا، ڕووداوەکان لە ڕۆژی بیست و هەشتەمدا ڕوودەدەن.

شوێن:

شوێن بریتییە لە دەشتەکەی نێوان تەروادە و ڕەخی دەریا، جگە لە دیمەنی یەکەم کە زیوس فەرمان بەپەروەردگاری ئاژاوە و دووبەرەکی دەدات، ئاژاوە بنێتەوە تا شەڕ هەڵگیرسێت.

(١)ئێستا کاتێ (ئیبوس)ی پەروەردگاری سپێدە لە جێگە و لە پاڵ (تیتونوس)ی مێردی هاتەدەرێ، تا ڕوناکی بەسەر خواوەندان و بەشەراندا پەخش بکاتەوە، زیوس، خواوەندی دووبەرەکی بەبەیداخی شەڕەوە بۆلای کەشتی ئاخییەکان نارد. خواوەندی گۆڕین لە نزیکی

کەشتییە ڕەشەکەی ئودیسیوس دا، کە لەناوەڕاستی کەشتییەکاندا بوو، وەستا، تا دەنگی لە هەر لایەکەوە ببیستێ، چ لەلای خێوەتەکانی ئەجاکسی کۆڕی (تیلامون)ەوە و چ لەلای خێوەتەکانی (ئەخیل)ەوە، ئەم دوو قارەمانە کە بەهێز و توانای خۆیان دەنازین، کەشتییەکانیان لەمپەڕ و لەوپەڕی کەشتیەکان ڕاگرتبوو. خواوەندی دووبەرەکی و ئاژاوە لەوێدا وەستا، بەدەنگێکی بەرز و بەشێوەیەکی سامناک هاواڕێکی کرد و دڵی ئاخییەکانی پڕکرد لە زات و جورئەت، بەجۆرێ جۆش و خرۆشیان تێگەڕاو ورەیان بەرز بووەوە کە شەڕو کوشتاریان پێ خۆشتر بوو لەوەی بەکەشتییەکانیان بۆ ولاتی ئازیزیان بگەڕێنەوە.

(١٥) کۆڕی ئوتریوس بەدەنگی بەرز فەرمانی بەئارگۆسییەکان دا کە تەدارەکی جەنگ لەخۆ بدەن وبۆ شەڕ ئامادەبن .بەخۆیشی زرێکەی لەبەرکرد. هەوەڵجار لاقبەندە جوانەکانی لە لاقان بەست و لەلای پاژنەیەوە بەئاغزونەی زیوین دایخست، و ئەوجا ئەو سینەبەندەی پۆشی کە سینیراس وەکو نیشانەی میوان پەروەری بەدیاری دابوویێ. سینیراس، بەڕاستی لە قوبرسدا بەو دوورییە، هەواڵی ئەوەی ژنەوتبوو کە ئاخییەکان بەتەمای هێرشن بۆ سەر تەروادەییەکان، ئەم هەواڵە لە هەموو شوێنێکدا بلاوبوو بووەوە،

(٢٢) بۆیە ئەم سینەبەندەی بەپاشا بەخشی بوو. ئەم سینەبەندە بەجۆرەها نەخش و نیگار ڕازابووەوە، بە دە داوی لاجوەرد، دوازدە هێڵی زێڕ، بیست هێڵی قوڕقوشم، کۆمەڵێك ماری لاجوەردی ملخوار، سێ لەم لاو سێ لەولاوە ڕازابووەوە، ڕێك وەکو ئەو ڕەنگینکەوانەی کۆڕی کرونوس لە هەوراندا وەکو ئامازەیەك بۆ بەشەڕان داینابوو. ئەوجا شمشێرە زێڕنیشانەکەی لە شان کرد، کێڵانە زیوەکەی بەزنجیری زێڕ هەڵدەواسرا. ئەوجا زرێ گەورەکەی هەڵگرت، ئەو زرێیەی کە هەموو بەدەنی لەشەڕا دادەپۆشی. زرێیەکی جوان بوو، دەبازنەی برونزی لە هەموو لایەکەوە پێوە بوو، هەروەها بیست کەوانەی قورقوشمی بریقەداری پێوە بوو، بازنەیەکی لاجوەردی تۆخیشی بەناوەندە بوو. گۆرگۆنێکی دزیوی نیگا شومی لەسەر نەخش کرابوو، پەروەردگارانی ترس و ئاژاوە دەوری ئەو نەخشەیان دابوو. حەمایلێکی زیوین بەزرێکەدا شۆڕ بوو بووەوە، ئەژدیهایەکی پێچاو پێچی سێ سەری لەسەر نەخشێنرابوو، هەر سێ سەرەکەی لەیەك گەردنەوە هاتبوونە دەرێ و هەریەکەیان ڕوو لەلایەك بوو. ئەوجا ئاگامەمنون کلاوخودەکەی لەسەرنا کە بەچوار قوبە ویاڵی ئەسپ ڕازبووەوە. ئەوجا دوو ڕمی نوك برونزینی بڕندەی هەڵگرت، نووکە برونزییەکان تا دووری دوور دەبریسکانەوەو پرتەویان دەگەییە ئاسمان، لەم کاتەدا هیرا وئەتینا بەهەورە بروسکەیەکی قایم پیرۆزباییان لە شای (میسین)ی دەوڵەمەند کرد.

(٤٧) ئیدی هەر جەنگاوەرێك ئەمری بەمیرئاخۆڕی خۆی کرد کە گالیسکەکان بەیەك ڕیز و لە کەناری خەندەکەکە ڕابگرن. ئەوجا جەنگاوەرانی سەراپا چەکوزرێ کەوتنە جموجوڵ و چوونە بێشەوە. بەر لە سپێدە هاوار وهەنگامەیەکی سامناکی بێ بڕانەوە هەستا. جەنگاوەرەکان زۆر پێش گالیسکەڕانەکان بەڕیز گەییند خەندەکەکە. زیوس کردی بەچەخماخە و هەورە

بروسکەیەکی سامناك، لە ئاسمانەوە ئاونگی خوێناوی باراند، ئەمە ئاگادارییەك بوو کە بەو زووانە ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە ئازاکان هەواڵەی هادیس دەکات.
(٥٦) لەولاشەوە تەروادەییەکان بەقەدیاڵێکەوە، لە دەوری هیکتۆری مەزن، پولیداماسی بێ وێنە، ئایناس کە تەروادەییەکان بەقەد خواوەندێك ڕێزیان دەگرت، سێ کوڕەکەی ئەنیتنور: (بولوبوس) و ئەجینوری مەزن و ئاکامسی لاوی جوان میناکی خواوەند خڕبوونەوە.
(٦٠) هیکتۆر لەنێو جەنگاوەرەکانا و لەڕیزی پێشەوە سپەر بەدەست وەستا بوو. وەکو چۆن ئەستێرەیەکی شوم لە بن هەورانەوە دەردەکەوێ، وخێراو جارێکی دی دەکەوێتەوە بن هەوران و لەچاو ون دەبێت، هیکتۆریش بەو ئاوایە جارێ لە ناوەندی جەنگاوەرانی ڕیزەکانی پێشەوەو گاڤێ لە ناو جەنگاوەرانی ڕیزەکانی دواوە دەردەکەوت و فەرمانی بە جەنگاوەرەکان دەدا، سەراپای لە برونزدا بوو، وەکو بروسکەی بابازیوسی سپەروەر بریسکە بریسکی بوو.
(٦٧) خەڵکی تەروادە وخەڵکی ئاخیایی پەلاماری یەکتریان دەدا و لێکدیان دەکوشت، ڕێك وەکو چۆن دوو دەستە دروێنەوان لە کێڵگەی جووتیارێکی دەوڵەمەندا، ڕووبەڕووی یەکدی دەڕۆن و بەداسە تیژەکانیان گەنم وجۆ دەدورنەوە و سواڵەی گەورە گەورە فڕێ دەدەن، هیچ لایەك لەم دوو لەشکرە لەبیری هەڵاتن نەبوو، هەر جەنگاوەرێك بەرانبەری لە جەنگاوەرێك گرتبوو، وەکو گورگی توڕە پەلاماری یەکیان دەدا. خواوەندی دووبەرەکی وتەفرەقە، گوێی لە ئاە و نااڵە دەبوو، و چاوانی خۆی بەم دیمەنە زاخاو دەدا: تاقە خواوەندێك بوو کە شایەتی ئەم شەڕە پڕ سوێیە بوو.
خواوەندەکانی دی ئارام و هێمن لەجێی خۆیان، لەسەر لوتکەی ئۆڵەمپ دانیشتبوون، کە لەوێدا هەریەکەیان کۆشکێکی بەشکۆی قوت کردوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا خوتە و بۆڵەی ئەوەیان بوو کە زیوس پشتیوانی خەڵکی تەروادەیی دەکرد. بەڵام خواوەندی گەورە، دەربەستی ئەم خوتە و بۆڵەیەیان نەبوو، دوور لەوان ولە گۆشەیەکدا دانیشتبوو،و بەهەموو شکۆ و سامێکی خۆیەوە دەیڕوانییە خوارێ، تەمەشای شاری تەروادە،و کەشتی ئاخییەکان، و بریسك و هوڕی برونز، و بکوژان و کوژراوانی دەکرد.
(٨٤) تا دنیا ڕوناکتر دەبووەوەو ڕۆژی پیرۆز بەرزتر دەبووەوە، تیرو ڕمی هەردوو لەشکر زیاتر بەسەر زیاتر بەسەر یەکتردا دادەباری. جەنگاوەرانی هەردوولا کۆمەڵ کۆمەڵ دەکەوتنو لە خوێنی خۆدا دەگەوزین، بەڵام لە چێشتەنگاودا، لەو دەمانەدا کە دارکەر لە بێشەیەکدا، دوای ئەوەی بازووەکانی لە بڕینی داری زەلام ماندوو دەبێ، ولەکار بێتاقەت دەبێت، وبرسێتی بڕستی لێدەبڕێ ولە پەنا شاخێکدا دەکەوێتە ئامادەکردنی خۆراکی خۆی، ئا لەو دەمانەدا، دانایەکان گوڕیان بەستەوەو بەدەم هاواری هاندانی یەکترەوە هێرشیان برد وڕیزەکانی جەنگاوەرانی تەروادەییان تێکشکاند. ئاگامەمنون پێشیان کەوت و خۆی بەناوجەرگەی دژمندا کرد و بەر لە هەمووان گەییە سەر (بینور)ی فەرماندەی سوپا و کوشتی، ئەوجا (ئولیوس)ی هاوڕێ و میر ئاخوڕی بینور لە گالیسکەکەی دابەزی وبەرەنگاری ئاگامەمنون بووەوە. ئاگامەمنون پەلاماری دا

و ڕمێکی له تەوێڵیدا، ڕمەکە نەچەمی و کڵاوخودەکەی بڕی و مێشکی پژانە ناو کڵاوخودەکەی و دەم و دەست گیانی سپارد.

(٩٩) ئاگامەمنون، جل وکەلوپەلە جەنگییەکانی لەو دوو مردووە دامالّی، بەسینگی سپی درەوشاوەوە لەو گۆڕەی بەجێهێشتن. ئەوجا چوو بۆ گیانی ئیسوس و ئەنتیفۆس، کوڕانی پریام کە یەکێکیان زادەی حەرام و ئەویتریان فەرزەندی ڕاستەقینە و حەڵاڵزادەی بوو. هەردوکیان لەیەک گالیسکەدا بوون –بیژەکەیان دەیهاژۆت و ئەنیتفۆسی دلاوەریش لە پاڵیا شەڕی دەکرد. ئەم جووتە کاتی خۆی کە لە مێرگەکانی بناری چیای ئیدادا پەزەکانی بابیان دەلەوەڕاند ئەخیل بەدیلی گرتبوونی وبەشوڵی تەڕ کەلەپچەی کردبوون، بەڵام پاشان بە سەربەها(فدیە) ئازادی کردبوون. ئێستاش ئاگامەمنون کە شێلگیرتر بوو بوو، بەنێزە سینگی ئیسوسی لەسەرووی مەمکییەوە شەق کرد و شمشێرێکی خێواندە بناگوێی ئەنتیفوس و لە گالیسکەکەوە خستییە خوارەوە. کە بەپەلە هەڵیکوتایە سەریان تا چەک و ئەسلەحە باشەکانیان لێ دامالّێ، یەکسەر ناسینییەوە، چونکە پێشتر، کاتێ (ئەخیل)ی خۆشڕۆ لە ئیداوە بەدیلی بۆلای کەشتییەکانی هێنابوون، دیتبوونی.جا وەکو چۆن کاتێ شێرێك دەدا بەسەر لانەی ئاسکێکدا و بەقەپاڵ بەردەبێتە بێچووەکانی و دەیانخوات و حەیاتیان لەبەر دەبڕێ، دایکەکەیان (ئاسکەکە) ئەگەر لەو نزیکانەش بێ، ناتوانێ هیچ شتێك بکات، و لە ترسی گیانی خۆی، لە پەلاماری ئەو دڕندە بەهێزە هەڵدێ و تا هێز لە لاقیا بێ پێ وەغاریوە دەنێ وخۆی بەچڕە دارستانێکا دەکات، بەهەمان شێوە هیچ جەنگاوەرێکی تەروادەیی نەیتوانی فریای جووتە کوڕەکەی پریام بکەوێ و ڕزگاریان بکات، چونکە هەموو تەروادەییەکان لەبەر ئارگۆسییەکان هەڵدەهاتن.

(١٢٢) ئەوجا نۆرە هاتە سەر پیساندر و هیبولوخوسی کوڕانی ئەنتیماخۆسی بەردەبار، هەمان ئەو ئەنتیماخۆسەی کە پاریس بەزەبری بەرتیل و دیاری وای لێکردبوو لە هەمووان پتر دژی گێڕانەوەی هێلین بوو بۆ مینیلاوسی قژ زەرد. شا ئاگامەمنون پەلاماری جووتە کوڕانی ئەم پیاوەی دا، هەردوکیان لە یەك گالیسکەدا بوون و هەوڵیاندەدا ئەسپەرەهوانەکانیان هێور بکەنەوە، چونکە جڵەوەکانیان لەدەست بەربوو بوو و ئەسپەکان ڕەویابوونەوە و هەر تاویان دەدا. کوڕەکەی ئوتریوس میناکی شێر پێشی لێگرتن. هەردوکیان لەسەر گالیسکەکەوە کەوتنە پاڕانەوەو گوتیان: "ئەی کوڕی ئوتریوس مەمانکوژە، سەربەهایەکی فرەی ئازادی ئێمە وەردەگریت. کۆشکەکەی ئەنتیماخۆسی بابمان پڕە لە گەنجی زۆر وزەبەندی برونز و زێڕ و ئاسنی هونەرمەندانە سیقاڵکراو.بابمان سەربەهایەکی بێ شومارتان دەداتێ گەر بزانێ ئێمە بەزیندویی لای ئاخییەکانین."

(١٣٦) ئا بەو جۆرە جووتە برا بەدەم گریان و پاڕانەوەوە دەیانویست دڵی پاشا نەرم بکەن، کە لە پڕ وەڵامێکی ڕەقی دانەوە و گوتی: "مادامێکی کوڕی ئەنتیماخۆسی بەردەبارن، ئەو ئەنتیماخۆسەی کە کاتی خۆی، وەختێ مینیلاوس لەگەڵ ئودیسیوسی مەزندا بەنوێنەرایەتی ئێمە بۆ تەروادە هاتبوو، لە ئەنجومەنی تەروادەییەکان دا پێشنیازی کردبوو کە هەر لەوێ

بیکوژن و ڕێگەی نەدەن جارێکی دی بۆلای ئاخییەکان بگەڕێتەوە،. مادامێکی کوڕی ئەو پیاوەن دەبێ ئێستا بەڕاستی سزای ئەو ڕەفتارە گەوجانەیەی باوکتان بدەن

(١٤٣) ئەوەی گوت و بەنێزەکەی سینگی پیساندروسی شەق کرد و لە عەرەبانەکە بەربووەوە و بەدەما کەوتە سەر زەوی. هیپولوخۆس لە گالیسکەکە خۆی هەڵدایە خوارێ تا هەڵێ، بەڵام ئاگامەمنون خۆی گەیاندێ بەشمشێر هەردوو باسك و سەری پەڕاند و سەری وەکو گۆ بەناو ئاپوراکەدا غلبووەوە. ئەو دووانەی لەوێندەر بەجێهێشت، و ئاخییەکانی دووی خۆی خست و بەرەو جەرگەی شەڕەکە پێشڕەوی کرد. پیادەکانیان، ئەو پیادانەیان دەکوشت کە لەژێر گوشاردا هەڵدەهاتن و دەڕەڤین، سوارەکانیان، سوارەی دژمنیان دەکوشت و ڕاودەنا. تەپوتۆزی ژێر پێی ئەسپان بەری ئاسمانی گرتبوو، ئاگامەمنون بەئامان و زەمان نەدەوەستا و بەدەم هاندانی ئاخییەکانەوە هێرشی دەبرد. وەکو چۆن ئاگرێکی بەترەف بەردەبێتە دارستانێکی چڕ و بەدەم باوە بەهەموو لایەکدا دەڕوات و درەختان خۆ لەبەری ناگرن و بڕ بڕ دەکەونە سەر زەوی، بەو ئاوایە سەری تەروادەییە هەڵاتوەکانیش بەدەم پەلامار و شمشێری ئاگامەمنونەوە دەکەوتنە سەر زەوی و غل دەبوونەوە. گەلێك لە جووتە ئەسپی ڕەسەنیش گالیسکەی خاڵییان بەمەیدانی شەڕەکەدا ڕادەکێشا، و بەعەزرەتی سایەقەکانیانەوە بوون کە کوژرا بوون و بووبوونە کەسەر بۆ هاوسەرەکانیان و سیسارکە کەچەڵان دەوروخونیان دەدان.

(١٦٣) بەڵام زیوس، هیکتۆری لە مەودای ڕم و تیر، لە کوشتار و هەراو هەنگامەی خوێن ڕشتن دوورخستەوە و پەنای دا. بەڵام کوڕی ئوتریوس هەر پێشڕەوی دەکرد. هاواری لە داناییەکان دەکرد و بۆ شەڕی هاندەدان. گوڕیان بەستەوە بەرەو گۆڕەکەی ئیلیوسە پیر، ئیلوسی کوڕی داردانوس، کە لە ناوەڕاستی دەشتەکەدا بوو، پێشڕەویان کرد، لە دار هەنجیرە کێوییەکە بەرەو شار ڕەت بوون –کوڕی ئوتریوس، بەدەستانی خوێنایییەوە دوای تەروادەییەکان کەوتبوو و نەعرەتەی دەکێشا، بەڵام کاتێ گەییشتە دەروازەکانی سکای و دار بەڕووەکە، لەوێندەر وەستان و چاوەڕوانی گەییشتنی جەنگاوەرەکانی دیکەیان کرد.

(١٧١) هێشتا هەندێك لە تەروادەییەکان لە ناوجەرگەی دەشتەکەدا هەر هەڵدەهاتن. وەکو چۆن شێرێك لە شەوێکی تاریکدا پەلاماری گاگەلێك دەدات و گاگەلەکە لە ترسا دەڕەوێتەوە و هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵدێ، بەڵام یەکێکیان بەردەکەوێ و شێرەکە هەوەڵجار ملی دەشکێنێ و ئەوجا خوێنەکەی دەلێسێتەوە و جەرگ و هەناوەکەی دەخوات، بەو ئاوایە ئاگامەمنون لە نزیکەوە نیشتە سەر تەروادەییەکان و هەر کەسێکیان بەدەم هەڵاتنەوە دوا بکەوتبایە دەیکوشت، زۆر کەس بەزەبری ڕم و شیری کوڕەکەی ئوتریوس لە عەرەبانەکانیانەوە سەرەنگون کران و بەدەما یان بەپشتا کەوتنە خوارەوە.

(١٨١) بەڵام گاڤێ گەییە نزیکی حەسارە بەرزەکە و شار، خواوەندی بابی بەشەران و خواوەندان لە ئاسمان هاتەخوارێ و لەسەر لوتکەی چیای ئیدای فرەکانیاوان دانیشت و چەخماخەیەکی بەدەستەوە بوو. ئیریسی زێڕین باڵی بەپەلە نارد تا پەیامێکی بۆ بگەیەنێ. و گوتی: "ئەی ئیریس بەپەلە بکەوەڕێ و ئەم قسانە بەهیکتۆر بگەیەنە، پێی بڵێ تا ئەو کاتەی ئاگامەمنون

دەبینێ لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکانییەوە هێرش دێنێ و قڕدەخاتە تەرواەییان خۆی بخاتە لاوە و پاشماوەی لەشکرەکەی هان بدات کە بەرەنگاری دژمن ببنەوە و بەڕەڤانی بکەن، بەڵام ئەو کاتەی کە ئاگامەمنون بەنێزەیەک یا تیرێک دەپێکرێ و بۆ ناو گالیسکەکەی دەبڕێ، هەنگێ من هێزێکی ئەوتۆی دەدەمێ کە بەدەم کوشت و کوشتاری دژمنەوە بڕوات تا دەگاتە لای کەشتییە مکومەکانیان و ڕۆژئاوا دەبێ و تاریکی پیرۆز باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت.

(١٩٥) ئەو فەرمانەی دا. ئیریسی گوێڕایەڵ بەقسەی کرد. هەر لاقێکی کرد بەدووان و لە لوتکەکانی ئیداوە بەرەو تەرواەی پیرۆز داگەڕا، هیکتۆری بینی کە لەسەر گالیسکەکەی خۆی وەستابوو. ئەو خواوەندە چاپوکڕەفتارە لە هیکتۆر نزیك بووەوە و پێی گوت: ئەی کوڕی پریام، ئەی هیکتۆر، ئەی بەردەباری هاوتای خودایان، بابە زیوس ناردومی تا پەیامی ئەوت پێ ڕابگەیەنم –تا ئەو کاتەی ئاگامەمنون دەبینی لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکانیا هێرش دێنێ و قڕدەخاتە تەرواەییان، دەبێ خۆت دوور بگری و فەرمان بەلەشکرەکەت بدەی کە خۆ ڕابگرن و بەرەنگاری دژمن ببنەوە. بەڵام هەر کە ئاگامەمنون بەنێزەیەک یان تیرێک پێکراو بۆ ناو گالیسکەکەی برا، هەنگێ زیوس دەستت دەدات و هێزێکی وات دەداتێ کە بەدەم کوشت و کوشتاری ئاخیانەوە بگەیتە لای کەشتییەکان وتا ڕۆژئاوا، کاتێ تاریکی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت هەر لێیان بکوژی و بڕی."

(٢١٠) ئیریس)ی تیژڕەو ئەو قسانەی کرد وڕۆیی. هیکتۆر بەتەواوی جلکی جەنگەوە خۆی لە گالیسکەکەی هەڵدایە خوارێ، هەردوو ڕمەکەی بادەدا و لێرە و لەوێ بەناو لەشکرەکەیدا دەگەڕا و هانی دەدان کە خۆ بگرن و بەرەنگاری دژمن ببنەوە، و ئاگری شەڕێکی قورسی خۆشکرد. بەو جۆرە تەرواەییەکان ورەیان هاتەوە بەر وهاوسەنگی خۆیان بەدەست هێنایەوەو لە هەنبەر ئاخییەکان وەستان، لەولاشەوە ئاخییەکان زیاتر گوشاریان بۆ هێنان، بەمجۆرە شەڕەکە بەڵانسی خۆی وەرگرت و کەوتنە بەرانبەری یەك. ئاگامەمنون لەو ناوەندەدا دەیویست لەپێش هەمووانەوە هێرشبەرێ و پەلامار بدات.

(٢١٨) ئێستا ئەی خواوەندانی شیعر، ئەی ئاکنجیانی کۆشکانی سەر چیای ئۆڵەمپ، پێم بڵێن، کێ لە تەرواەییەکان، یا لە هاوپەیمانانی تەرواەیی، یەکەم کەس بوو کە ڕوبەڕووی ئاگامەمنون بووەوە؟.. یەکەم کەس (ئەفیداماسی کوڕی ئەنتینور) بوو کە هەم بەهێز و توانا و هەم بەکەڵەگەتی بەناوبانگ بوو، لە دەڤەری تراکیای بەپیت و بەرەکەت، مەڵبەندی ڕانوپەزان گەورە بوو بوو. کییسی باپیری، کیسیسی بابی دایکی هەر بەمنااڵی لای خۆی بەخێوی کردبوو. کیسیس بابی تیانوی نەشمیلانە بوو.. کاتێ (ئەفیداماس) بالق بوو، باپیری ویستی هەر لەوێ گلی بداتەوەو کیژەکەی خۆی دایێ. بەڵام کە دەنگ و باسی هێرشی ئاخییەکان بۆ سەر تەرواەد بڵاو بووەوە، بەو تازەزاواییە بووکەکەی بەجێهێشت و بەدوازدە کەشتی نووك باریکەوە بەرەو تەرواەد وەڕێکەوت. کەشتیەکانی لە برکوت بەجێهێشت، بەپێیان کەوتە ڕێ تا گەییە تەرواەد. کەشتی نووك باریکەوە بەرەو تەرواەد وەڕێکەوت. کەشتیەکانی لە برکوت بەجێهێشت، بەپێیان کەوتەڕێ تا گەییە تەرواەد. ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو کە بەرەنگاری ئاگامەمنون بووەوە. بەڵام

کاتێ ئەم جووتە بەرەو ڕووی یەکترچوون و لەیەکدی نزیك بوونەوە، کۆڕی ئوتریوس دەستی کردەوە، ڕمەکەی سەری کرد و بەر ئەفیداماس نەکەوت. ئەفیداماس بەهەموو هێزێکییەوە ڕمێکی سرەواندە ناوقەدی، بەرپشتێنەکەی کەوت لەژێر زرێکەیەوە، بەڵام پشتێنەکەی نەبڕی، سەری نێزەکە بەر بەشە زیوینەکەی پشتێنەکە کەوت ، وەکو قوڕقوشم خواربووەوە. ئاگامەمنون گرتی بەڕمەکەدا و وەکو شێری تووڕە لە دەستی ئەفیداماسی دەرهێنا، ئەوجا هەڵیکێشایە شمشێر و سەری پەڕاند. بەو جۆرە ئەو لاوە خێر لەخۆ نەدیوە لەوێدا وەکو پەیکەرێکی برونز کەوت، لە پێناوی بەرگری لە هاوولاتیانی خۆی، دوور لە ژنەکەی کوژرا، دوور لەو ژنەی کە پێی شاد نەبوو، هەرچەندە پێشەکی سەد چێڵی دابوویێ، و بەڵێنی دابوویێ دوایی هەزار سەر مەڕ یان بزنیشی لە ڕانوپەزە بێ شومارەکانی خۆی بداتێ.

هەنگێ ئاگامەمنون جەنگامێرەکانی ڵێ داماڵی و بەکەشو فشەوە بۆ ناو ئاخییەکان گەڕایەوە.

(٢٤٨)کە کوونی کوڕە گەورەی ئەنیتنور، جەنگاوەری دیاری ناو جەنگاوەران، کوژرانی براکەی بینی،لە خەفەتو حەژمەتا بەرچاوانی تاریك بوو. بەڕمەکەیەوە بەجۆرێ خۆی دایە پەنا کە ئاگامەمنون نەیبینی، ئەوجا بەپەلە نێزەیەکی سرەواندێ و بەر باسکی کەوت و لە خوار ئانیشکییەوە دیواودەر شەقی کرد، ئاگامەمنونی شای بەشەران ڕاچڵەکی، بەڵام دەستی لە شەڕ و کوشتار هەڵنەگرت، بەخۆ ڕمەکەیەوە وەکو با پەلاماری (کوون)ی دا. کوون هەردوو لاقی (ئەفیداماس)ی برای –کە لە باوکی بوو– بەکەسەرەوە ڕادەکێشا و هاواری لە جەنگاوەرە دلێرەکانی قەومی خۆی دەکرد کە فریای بکەون.. لەو کاتەدا ئەو براکەی بەناو ئاپورای خەڵکەکەدا ڕادەکێشا، ئاگامەمنون بەڕمە دارینە برونز نیشانەکەی جەزرەبەیەکی گەیاندێ، و بەدەم ڕاکێشانی براکەیەوە کوشتی، ئەوجا لێی نزیك بووەوو ملی پەڕاند، بەو جۆرە جووتە کوڕی ئەنتینور، بەدەستی شا ئاگامەمنوونی کوڕی ئوتریوس هەواڵەی هادیس کران.

(٢٦٤) ئاگامەمنون تا ئەو دەمەی خوێن لە برینەکەی دەڕۆیی، بەڕم وشیر وبەردان پەلاماری تەروادەییەکانی دەدا، بەڵام کە خوێنەکەی وەستایەوە وبرینەکەی وشك بوو، ئازار و ژانەکەی زیادی کرد. وەکو ئەو تیرە تیژ و تاڵەی ژانی منالبوون، هەناوی ژنێك شەق دەکات، ئەو تیرەی کە کیژانی هیرا، ئیلیتیانی دڵڕەق دەیهاون و ناخۆشترین ژان بەو ژنە ڕەوا دەبینن، ئاگامەمنون خۆی گەیاندە سەر گالیسکەکەی و فەرمانی بەمیرئاخوڕەکەی دا کە ئەسپەکان بەرەو کەشتییەکان تاو بدات، هەرچەندە گیرۆدەی ئازارێکی کوشندە بوو، بەڵام بەدەنگی بەرز هاوڕێکانی هانداو گوتی: "ئەی دۆستان، ئەی شازادە وسەرانی لەشکر، ئێستا لەسەر ئێوەیە بەرگری لە کەشتییەکان بکەن، چونکە زیوسی بەردەبار، چاوی بەرایی نادات تا ئێواریێ شەڕی تەروادەییەکان بکەم."

(٢٨٠) ئەو قسانەی کرد. گالیسکەڕانەکە ڕووی ئەسپەکانی بەرەو کەشتییەکان وەرگێڕاو قامچییەکی لێدان و وەکو با بۆی دەرچوون. لەو دەمەدا کە بەو خێراییە پاشای زامداریان لە مەیدانی شەڕەکە دوور دەخستەوە، سینگیان لە کەفی لالغاوەیاندا سپی هەڵگەڕا و لاتەنگەیان یەکپارچە بوو بەگەرد و تۆز

(٢٨٤) کاتێ هیکتۆر بینی ئاگامەمنون لە مەیدانی شەڕەکە دوور دەکەوێتەوە، بەدەنگی بەرز هاواری لە تەروادەیی و لیسییەکان کرد و گوتی: "ئەی تەروادەییان، لیسییان و جەنگاوەرانی داردانی، پیاوبن و ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە، ئەوا سەرکردەی ئاخییەکان، کە لەهەر هەموویان ترسناکتر بوو، لە مەیدان کشایەوە، زیوس دەرفەتێکی گەورەی پێ بەخشیوم. دەی خێرا ئەسپە بەجۆش و خرۆشەکانتان بەڕیزەکانی دژمندا بدەن تا سەرکەوتنێکی شکۆدار بەدەست بێنن."

(٢٩١) بەو قسانە وڕەی تەروادەییەکانی بەرزکردەوە، وەکو چۆن ڕاوچییەك تانجییە کەڵبە سپییەکانی بەردەداتە شێرێك یان بەرازە کێوییەك، بەو ئاوایە هیکتۆری هاوتای ئیریسی (بەشەرکوژ)ش تەروادەییەکانی بەردایە گیانی ئاخییەکان و بەخۆیشی بەدڵی پڕ هومێدەوە خۆی گەیاندە ڕیزی پێشەوەو بەجۆرێ کەوتە شەڕ وکوشتار لەتوایە گەرداوێکی سەرکێشە و بەتوڕەییەوە خۆی لە دەریا دەداو لە بنی بنەوە ئاوەکەی دەهەژێنێ.

(٢٩٩) وەختێ زیوس دەستی هیکتۆری دا و شکۆمەندی پێ بەخشی کێ بوون ئەوانەی یەکەمجار بەدەستی وی کوژران، کێ بوون ئەوانەی کە لە ئەخیرا بەدەستی ئەو کوژران؟ هەوەڵجار ئەسایوس و ئوتونوس و ئوبیتس، دلوبسی کوڕی کلیتیوس و ئوفیلتیوس و ئەجیلاوس و ئەسیمنوس و ئوروس و سەرەنجام هیبونوسی شێری مەیدان بەدەستی وی کوژران. ئەمانە ئەو فەرماندانە بوون کە هیکتۆر کوشتنی و ئەوجا هێرشی بردە سەر ئاپورای لەشکرەکەیان، وەکو چۆن بای ڕۆژاوا هەورانی سپی باشور ڕادەماڵی وبەتوڕەیی خۆی پێدا دەدا و خێزاو و شەپۆلی دەریا بەرز دەکاتەوە وبەدەم غەزەوی بای شێتەوە بەهەموو لایەکدا پەرش و بڵاودەبێتەوە، بەو ئاوایە کوڕی پریام خۆی بەئاپورای لەشکری ئاخییاندا دەدا و سەرێکی زۆری لێ دەپەڕاندن و لە خاکی دەگەوزاندن.

(٣١٠) لەو کاتەدا هەموو شتێك ئاوەژوو بووەوە، هیچ هیوایەك نەما، ئاخییەکان سەرگەردان و شپرزە بەرەو کەشتییەکانیان هەڵدەهاتن. ئەوەبوو ئودیسیوس هاواری بۆ دیومیدس برد: "ئەی کوڕی تیودیوس ئەوە چمان لێ قەوماوە، بۆچی بەمجۆرە وڕەمان بەرداوە؟ پیاوی باش وەرە پشتی من بگرە، هەر حەیامان دەچێ گەر هیکتۆر دەست بەسەر کەشتییەکاندا بگرێ."

(٣١٦) دیومیدس پەرسقی دایەوە و گوتی: "هەرچییەك دەبێ با ببێ، من بەرگری دەکەم، بەڵام هەموو هەوڵێکی ئێمە بێهودە دەبێت، چونکە زیوس لێبڕاوە ئەمڕۆکە سەرکەوتن بەنسیبی تەروادەییەکان بکات نەك ئێمە."

(٣٢٠) ئەمەی گوت و نێزەیەکی لە تیمبرایوس داو لە گالیسکەکەی خستییە خوارەوە، (ئودیسیوس)ش (مولیون)ی میرئاخوڕی ئەو فەرماندەیەی کوشت. هەردوکیان لەو گۆڕە کەوتن. جووتە قارەمان ئەوانیان لەوێ بەجێهێشت و خۆیان بەڕیزەکانی دژمندا، وەکو چۆن دوو بەرازە کێوی ئازایەتی خۆیان بیر دەکەوێتەوە و لەپڕ لەو تاژیانەی کە بەدوویانەوەن هەڵدەگەڕێنەوە و پەلاماریان دەدەن و لەت و پەتیان دەکەن، ئەو جووتەش بەو شێوەیە لە تەروادەییەکان هەڵگەڕانەوەو کەوتنە کوشتنیان. ئاخییەکان زۆر مەمنونی ئەم کارەیان بوون، چونکە کەمێك لە هێرش وپەلاماری هیکتۆر حەوانەوە.

(٣٢٨) ئەوسا عەرەبانەیەك و دوو مێری دیكەیان، دوو مێری زۆر عەگید، كوڕانی (میروپس)ی بیركوتی كە باشترین نەهێنبین بوو، وكوڕەكانی ئاگادار كردبووەوە كە نەچنە جەنگ، جەنگی بەشەركۆڕ، بەڵام بەگوێیان نەكردبوو وقەدەر و چارەنووس بەرەو مەرگی ڕەشی برد بوون. دیومیدسی كوڕی تیدیوس هەردووكیانی كوشت و سپەرەكانی لێداماڵین، هەروەها لە هەمان كاتدا (ئودیسیوس)ش هیبوداماس و (هیبیروخوس)ی كوشت.

(٣٣٦) لەم كاتەدا كە كوڕەكەی كرۆنوس لە لوتكەی ئیداوە دەیڕوانییە خوارەوە، لێبڕا كە هیچ لایەك بەسەر لایەكەی تردا زاڵ نەبێ، هەردووتاكی تەرازووی شەڕەكەی بەرانبەر كرد. جەنگاوەران خەریكی كوشتنی یەكتر بوون. كوڕەكەی تیودیوس بەڕمەكەی سمتی (ئاگاستروفوس)ی كوڕی (بیون)ی پێكا. لەو كاتەدا عەرەبانەكەشی لەلاوە نەبوو تا هەڵێ، لەوپەڕی غەفڵەتا بوو، چونكە بەئەمری خۆی میرئاخوڕەكەی ئەسپەكانی لە سوچێكا ڕاگرتبوو و ئەمیش بەپێیان بەرەو ڕیزەكانی پێشەوە دەڕۆیی تا لە پڕ كوژرا! هیكتۆر كە دیومیدس و ئودیسیوسی بینی چ حەشرێك دەكەن! لە نەعرەتەی داو هێرشی بۆ بردن و تەروادەییەكان دوای كەوتن. كە دیومیدس بینینی دڵی داخورپا، ڕوویكردە ئودیسیوس كە بەلایەوە وەستا بوو، گوتی: "ئەم بەڵای گیانە، هیكتۆری مەزن و ترسناك هێرش بۆ ئێمە دێنێ، وەرە با لە جێی خۆ بوەستین و بەرەنگاری ببینەوە وپاشەكشەی پێ بكەین.

(٣٤٩) بەدەم ئەو قسەیەوە نیشانی گرتەوەو ڕمەكەی هاویشت، پیرە ڕم نیشانەی پێكا، ڕێك بەر قوبەی كلاوخودەكەی هیكتۆر كەوت، بەڵام نووكی برونزینی نێزەكە، كلاوخودە برونزینەكەی نەبڕی و نەگەییە گۆشت. ئەم كلاوخودە سێ چینولۆیە كە دیاری خواوەند ئەپولۆ بوو پاراستی. هیكتۆر پاشە و پاش گەڕایەوە و تێكەڵی قەرەبالّغییەكە بوو، كەوتە سەر چۆكان و

(٣٥٥) بەدەستە بەهێزەكانی خۆی گرتەوە، دنیا لەبەرچاوی تاریك بوو. كوڕەكەی تیودیوس لەگەڵ هاویشتنی ڕمەكەیدا بەرەو جەنگاوەرانی ڕیزی پێشەوە هێرشی برد، ڕێك بەرەو ئەو شوێنەی كە ڕمەكەی لە عاردی چەقی، لەو دەمەدا هیكتۆر وەئاگاهاتەوە، سواری گالیسكەكەی بوو و خۆی بەناو ئاپۆرەی تەروادەییەكاندا كرد و لە مەرگ ڕزگار بوو. بەڵام دیومیدس ڕم بەدەست دوای كەوت و گوتی: "ئەی سەگ، ئەوا جارێكی دیكەش لەمردن ڕزگارت بوو، هەرچەندە ژیانت لە غەرغەرەدا بوو. جارێكی دیكەش ئەپولۆ، كە بەر لە چوونە شەڕ لێی دەپاڕێیتەوە فریات كەوت، بەهەرحاڵ من لە ڕووبەڕووبوونەوەیەكی دیكەدا، ئەگەر خواوەندێك دەستم بدا دەتكوژم. بەڵام ئێستا بادوای ئەوانی دی بكەوم و هەر كێم بەردەست كەوت بیكوژم."

(٣٦٨) بەدەم ئەم قسانەوە، ڕۆیی تا (كوڕەكەی بیون) لە چەكەمەنییەكانی ڕووت بكاتەوە. لێ پاریسی قژ جوانی مێردی هیلین، كە لە پشت پایەیەكی مەزارەكەی ئیلوسی كوڕی داردانوس، كە گەورە پیاوێكی زەمانی كۆنی تەروادەییەكان بوو، و هەر ئەوان ئەم مەزارەیان بۆ دروست كردبوو، لەو كاتەدا كە دیومیدس سینەبەندەكەی لە بەرۆكی ئاگاستروفس دادەماڵی، كلاوخودە قورسەكەی لەسەری دادەكەند، و سپەرەكەی لە شانی دەكردەوە، پاریس ڕێك لەو كاتەدا نیشانی لێگرتەوە، تیرێكی هاویشتێ، سەری پێی ڕاستی شەق كرد و لە عاردەكە چەقی. پاریس

بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە حەشارگەکەی هاتە دەرێ و بەتەوسەوە گوتی: "بریندار بوویت، تیرەکەم بەفیڕۆنەچوو، بریا تیرەکەم ئاڕاستەی سکت کردبا و بم کوشتبای، هەنگێ تەروادەییەکان، کە وەکو چوون بزن لەبەردەم شێردا دەلەرزن، لێت دەترسن، لەشەڕت دەخەلەسین."

(٣٨٤) دیومیدس بێباکانە وەلامی دایەوە: "ئەی کەواندارى خوێڕی، ئەی فشەکەر، ئەی ژنانی.. پیاو ئەو پیاوەیە بەرانبەر پیاو بگرێ، بریا وەکو پیاو بەچەکەمەنییەکانتەوە دەهاتییە بەرانبەرم. هەنگێ نەتیر و کەوانەکەت و نەتیرە خێراکانت دادیان نەدەدای. تۆ بەخۆڕایی بەخۆت دەفشی، چونکە تۆ تەنیا سەری یەك پێت ڕوشاندوم. وا دەزانم ئەمە تیری کچێکە یان هی منالێکی لاسار و گەوج! زامی تیری ترسنۆك و نێرەموکان هیچ نییە. بەلام تیرێك من بیهاوم لە نێزە قورستر دەبێت، بەر هەر کەسێك بکەوێ یەکسەر دەیکوژێ،

(٣٩٢) هەنگێ ژنەکەی ڕوومەتی بۆ دەڕنێ، منالەکانی هەتیو دەکەون، بەخۆیشی لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ، جەنازەکەی بۆگەن دەکات، لەجیاتی ژنان لەسەر کوشتەی بکەن شین، سەرگەڕان تێی دەوڕوکێن."

(٣٩٦) ئەو قسانەی کرد و ئودیسیوسی ڕمباز خۆی گەیاندە سەری، وەکو قەڵغان لەبەردەمیا وەستا و خۆی کردە سپەری، (دیومیدس) لە پشت ئەوەوە دانەوییەوەو تیرە تیژەکەی لە پێی دەرهێنا، ئازارێکی تیژ بەگیانیا هات، ئەوجا خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکەی و فەرمانی بەمیرئاخوڕەکەی دا، کە بەپەلە بۆلای کەشتیەکانی بەرێ، چونکە هەستی بەئازارێکی زۆر دەکرد.

(٤٠١) ئودیسیوس لەوە بەدواوە بەتاقی تەنێ مایەوە، هەموو ئارگوسییەکان لە ترسا هەڵاتبوون و بەجێیان هێشتبوو. لە توڕەییدا دەلەرزی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چ بەدبەختیەکە، چ شتێك چاوەڕوانم دەکات؟.. چ قەباحەتێکە گەر لەبەر ئەم غەوارانە هەڵێم، ئەگەر بەتەنیاش بمێنمەوەو بگیرێم ئەوا عوزر لە قەباحەت خراتر، چونکە کوڕەکەی کرونوس دانایییەکانی دیکەی تۆقاندوون و هەموو هەڵاتوون... بەلام بۆچی دڵ بەم شێوەیە دەمدوێنێ؟ چونکە من دڵنیام کە هەر ترسنۆك وبووەلان مەیدان چۆڵ دەکەن، قارەمانی بێباك هەرگیز سەنگەر چۆڵ ناکات، یا دەکوژێ یان دەکوژرێ

(٤١١) لە کاتێکا لە دڵی خۆیدا بەو شێوەیە بیری دەکردەوە، ئاپۆرەی تەروادەییانی سپەرلەبەر لێی هاتنە پێشێ و دایانە ناو و بەمەش خۆیان گیرۆدەی شەڕ و مەرگ کرد. وەکو چۆن کۆمەڵێك تاژی و لاوی سەرەڕۆ، بەرازێکی کێوی هەڵدەستێنن و دەوری دەگرن و بەرازە لەنێو بێشەیەکی تەنگ و چڕوە دەردەپەڕێ و کەڵبە سپییەکانی لە بەینی شەویلاگە کووڕەکانییەوە گڕدەکاتەوە، بەلام تاژییەکان دەوری دەگرن و تەنگی پێ هەڵدەچنن، و دەنگی لێك سوونی ددانەکانی بەرز دەبێتەوەو چەند ترسناکیش بێ هەر دەوری بەرنادەن، تەروادەییەکانیش بەو ئاوایە پەلاماری (ئودیسیوس)یاندا. لێ ئودیسیوس لێیان هاتە دەست بەڕمەکەی کەوتە گیانیان یەکەمجار لە (دیوبیتیس)ی داو شانی دیوادەرکرد، ئەوجا تون و ئینوموس)ی کوشت. پاشان کاتێ (خیرسیداماس) لە گالیسکەکەیەوە خۆی هەڵدایە خوارێ، ئودیسیوس ڕمێکی کرد بەژێر

زرێکەیدا و قەبرغەی کون کرد، کەوتە خوارەوەو لەتاو ئازار چنگی بەئەزەکەدا دەکرد و لەوێندەر گیانی دەرچوو.. ئەوسا وازی لەوانە هێنا و بەربووە (خاروبسی کوڕی هیباسوس) و برای (سوکوس)ی خانەدان. (سوکوس)ی خواوەند ئاسا بەپەلە چووە هانای براکەیەوە، و لە ئودیسیوس نزیك بووە و گوتی: "ئەی ئودیسیوس، ئەی مەزن و ناودار، ئەی ئەو سەرکردەیەی کە هەم لە فێڵ و تەڵەکەدا وەستایت و لەشەڕ و کوشتار تێرنابی، ئەمڕۆ کە یا شانازی بەوەوە دەکەی کە کوڕانی (هیباسوس)ت کوشت و چەك وتەدارەکەکانیانت برد، یان بەسەرەنێزەی من لەناو دەچیت."

(٤٣٤) بەدەم ئەو قسانەوە ڕمێکی سرەواندە سپەرەکەی ئودیسیوس –ڕمەکە ،سپەرەکەی بڕی و بەسینە بەندە مکومەکەیدا ڕەت بوو، لەلاوە گۆشتەکەی هەڵدڕی. لێ خواوەند ئەتینا نەیویست هەناوی ئودیسیوس ببڕێ. ئودیسیوس کە زانی زامەکەی کاری و کوشندە نییە، کشایەوەو ڕوو لە سوکوس گوتی: "هەی خوێڕی، بێگومان ئەجەلت هاتووە. تۆ منت لە شەڕ و کوشتاری تەروادەییەکان خست، بەڵام دڵنیام ئەمڕۆکە ولێرەدا بەدەست و نێزەی من دەکوژرێی و سەربەرزی بۆ خۆ وەدەست دێنم و ڕوحت هەواڵەی هادیسی خواوەندی ئەسپانی ڕەسەن دەکەم.

(٤٤٦) سوکوس وەرچەرخا تا هەڵێ، بەڵام فریانەکەوت، چونکە لەگەڵ وەرچەرخاندا، نێزەکەی ئودیسیوس لە پشتی ولە بەینی هەردووك شانی چەقی وتا قوڵایی سینەی ڕۆیی، کەوتە سەر زەوی و ڕمبەی هات. ئودیسیوس زۆری کەیف بەم کارەی خۆی هات و گوتی: "سوکوس، ئەی کوڕی هیباسوسی ڕامکەری ئەسپان. مەرگ زوو گەییە سەرت و لێی دەرباز نابی: ئەی کڵۆڵی نەگبەت، تەنانەت لە مردنیشدا داك و بابت ناتوانن چاوانت بنوقێنن، سیسارکە کەچەڵان بەسەر لاشەکەتدا باڵ لێك دەدەن و پارچە پارچەت دەکەن و ئەو جووتە چاوەت دەردێنن. بەڵام من ئەگەر ئەجە لم بێ، ئەوا ئاخییان بەڕێزەوە دەمنێژن و پرسەم بۆ دەگرن."

(٤٥٦) بەدەم ئەو گوتانەوە، نێزە قورس و سامناکەکەی سۆکۆسی لە لەشی خۆی و سپەرە مکومەکەی دەرکێشا، کە نێزەکەی دەرهێنا خوێن لە زامەکەیەوە فیچقەی کرد و ترسی لێنیشت، بەڵام کە تەروادەییە بەهیمەتەکان بینیان ئودیسیوس خوێنی لەبەر دەڕوات، بەیەك دەنگ هاواریان کرد و پێکڤە هێرشیان بۆ برد. کشایەوەوتا هێز لە گەرویدا بوو سێ جار هاواری بۆ هاوڕێکانی کرد، هەر سێ جارەکە مینیلاوسی فیلەتەن، خۆشەویستی ئیریس، گوێی لە هاوارەکەی بوو، بۆیە ئاوڕی لە ئاجاکس کە لە نزیکییەوە وەستابوو، دایەوە و پێی گوت: "ئەی ئەجاکس، ئەی زیوس زادە، ئەی کوڕی تیلامون، ئەی سەرداری گەلی خۆت، هاواری ئودیسیوسی بێباك، ورەبەرز لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، لەوە دەچێ تەروادەییەکان لە هاوڕێکانی دایان بڕی بێ و بەتاقی تەنیا بەگیریان هێنابێ. وەرە با خۆ بە ئاپۆرەی لەشکرەکەدا بدەین و بەهانایەوە بچین، دەترسم وێڕای ئازایەتی و بێباکییەکەی، تەروادەیەکان بێکەس کوژی بکەن و ببێ بەداخ و کەسەری هەتاهەتایی دانایییەکان.

(٤٧٢) ئەو قسانەی کرد و کەوتەڕێ. ئەجاکسی بەهەیبەت بەگەڵی کەوت. (ئودیسیوس)یان بینی کە تەروادەییەکان دەوریان گرتبوو و هێرشیان بۆ دەبرد، وەکو چۆن کۆمەڵە هاسێك دووی

کەڵە کێوییەکی تازە پێکراو بەتیری کابرایەک دەکەون و کەڵە کێوییەکە تازامەکەی گەرمە بەهەموو هێزێکییەوە غار دەدات، بەڵام کە تیرەکە کاری تێدەکات و برینەکەی سار دەبێتەوە، هاسەکان لە کوێستانێکی چڕە دارستانی سێبەردا، بەگیری دێنن و سەری تێ دەژنن، بەڵام لە پڕێکا یەکێك لە خواوەندەکان، بۆ نەگبەتی، شێرێکی درندە لەو ناوە قوت بکاتەوە، هاسەکان هەریەکە بەلایەکدا هەڵێت و بڵاوەی لێبکەن، و شێرەکە بە تەنیا بکەوێتە خواردنی نێچیرەکە: تەروادەییەکانیش بەو ئاوایە لە هەر قۆڵێکەوە پەلاماری (ئودیسیوس) ی هۆشمەندو بەردەباریان دەدا، لێ ئەم قارەمانە بە نێزەکەی بەرگری دەکرد و ئەجەلی لە خۆی دوور دەخستەوە. ئەوجا ئەجاکس بە خۆو سپەرەکەیەوە کە لە قەڵادەچوو، بەرەو قارەمان چوو و لە بەردەمیا وەستا. تەروادەییەکان پەرت و بڵاو بوونەوە و هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵات. هەنگی مینیلاوس دەستی (ئودیسیوس) ی گرت و لەو تەنگانەیەی دەرهێنا، تا میرئاخورەکەی ئەسپ و عارەبانەکەی بۆ هێنان. بەڵام ئەجاکس شێلگیرانە کەوتە پەلاماردانی تەروادەییەکان، (دوریکلوس) ی کوشت،دوریکلوس کوڕی ناشەرعی پریام بوو، ئەوجا باندوکوس و لوساندر و یوراسوس و بولارتیسی بریندار کرد، وەکو چۆن روباریٚك بە بارانی زیوس هەستابێ و لە لوتکەی هەرەبەرزی چیاوە بەرەو دەشت بە گوڕبێتە خوارێ و هەر دار بە ڕوو وسنوبەرێکی بێتە ڕێ رایماڵێت و هەرچی قوڕاو هەیە لەگەڵ خۆیدا بەرەو دەریا رای بدات، (ئەجاکس) ی فیلەتەنیش بەو ئاوایەو درندانە دوژمنانی بەو دەشتەدا رادەماڵی و هەر جەنگاوەر و ئەسپێکی هاتبا ڕێ دەیکوشت.

(٤٩٧) هیکتۆر هێشتا ئاگای لەم شکستە نەبوو کە ئەجاکس بە سەری هێنابوون، چونکە لەو پەڕی قۆڵی چەپی شەڕگەکەداو لە نزیکی کەنارەکانی سکاماندروس دا دەجەنگی. و شەڕ شەڕ نەبوو، بەڵکو قەسابخانە یەك بوو لەو گۆڕە. هەر سەری جەنگاوەر بوو دەپەڕی و دەکەوتە سەر زەوی. نەستورو (ئیدومینوس) ی دلێر نەعرەتەی شەڕیان لێدەدا. هیکتۆر لە ناو جەرگەی شەڕەکەدا بوو، لەو کاتەدا کە جەنگاوەران تێك ڕژابوون، ئەو بەزەبری نێزەکەی و بالادەستی و کارامەیی لە سوار چاکیدا کاری یەجگار سەیری ئەنجام دەداو بڕبڕ جەنگاوەرانی لاوی دروێنە دەکرد. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر پاریسی مێردی هیلینی قژ چڕو جوان. نەهاتبایە دەست و بە تیرێکی سێ سوچ شانی راستی ماکایونی دلاوەری سەرداری جەنگاوەرانی نە پێکابوایە و لە قارەمانێتی نەخستبایە، ئاخییەکان پاشەکشەیان نەدەکرد، هەنگێ ئاخییەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە شەڕەکە بە زیانی ئەوان بگۆڕێت و تەروادەییەکان ماکایون بکوژن. بۆیە ئیدومینیوس دەم ودەست، رووبکردە نەستورو گوتی:

(٥٠٩) ئەی نەستوری کوڕی نیلیوس، ئەی مایەی شکۆو سەرفرازی ئاخییان، خێرا سواری گالیسکەکەت بەو(ماکایون)ش لە گەڵ خۆتا سوار بکەو ئەسپە بە هێزەکانت بەوپەڕی خێرایی بەرەو کەشتیەکان تاو بدە. دکتۆرێك بەتەنیا لە پۆلە جەنگاوەرێك باشترە، چونکە دەتوانێ تیرو نێزان لە زامان دەربێنێ و بەگژوگیایان زامان چارەسەر بکات."

(٥١٥) نەستوری جیرنیایی، رامکەرو ڕابەری ئەسپان، بەگوێی ئیدومینیوسی کرد، یەکسەر سواری گالیسکەکەی بوو. ماکایونی کوڕی دکتۆری بەناوبانگ (ئاسکلیپوس)شی لەگەڵ خۆیدا

هەڵگرت، هەنگێ قامچییەکی لە ئەسپەکان داو جووتە ئەسپ، بەرەو کەشتییەکان بۆی دەرپەرین، چونکە بە دڵ تامەزرۆی ئەوە بوون بگەنە ئەوێ.

(٥٢١) ئەوجا کە (سبریون)ی میرئاخۆڕی هیکتۆر تەروادەییەکانی لەو پەشێویەدا بینی، پێی گوت:"ئەی هیکتۆر ئێمە کە ئێستا چنگ لەسەر شان ئەم دانایانە ڕاودەنەین و شەڕێکی سامناک دەکەین، کەچی تەروادەییەکانی دیکە، بەخۆو بە ئەسپەکانیانەوە. لە قۆڵەکانی تەوە شپرزەو پەشێو ڕاو دەنرێن. ئەجاکسی کوڕی تیلامون ڕاویان دەنێت. بە گەورەیی و پانی سپەرەکانیا دەیناسمەوە: با ئێمەش بە عەرەبانەو ئەسپەکانەوە بۆ ئەوێ بچین، شەڕ لەوێ گەرمەو پیادەو سواڕە تێك رژاون و یەکدی دەکوژن و هەراو بەزمی شەڕ دنیای پڕ کردووە."

(٥٣١) ئەوەی گوت و قامچی یەکی شڵپ بە ئەسپە یاڵ جوانەکان دا کێشا، کە هەستیان بە قامچییەکە کرد، گالیسکەکە بە خێرایی بە بەینی تەروادەیی و ئاخیەکاندا، و بەسەر کوژڕاوەکان و سپەرو قەڵغانەکانیاندا دەرپەڕی، تەوەری گالیسکەکە لە خوێن دا هەڵکیشا، هەروەها ئەو خوێنەی لە ژێر گوشاری سمی ئەسپەکانەوە دەپرژا، تەگەر و قەراخی گالیسکەکەی سورکرد. هیکتۆر شێڵگرانە خۆی بە ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکاناداو خۆی بە ناوجەرگەی شەڕەکەدا کرد. هەرکە هات شێرازەی دانایەکانی پچڕاندو پەرێشان و پەشێوی کردن، چونکە نێزەکەی بۆ دەمێکیش نەدەهێوری، بەڵێ، بەشیرو تیرو نێزەو خڕکە بەردانەوە خۆی بە ئاپۆڕەی دانایەکانا دا، و کەسی نەبوارد.جگە لە ئاجاکسی کوڕی (تیلامون). چونکە ئەگەر شەڕی کەسێکی لە خۆی باشتری بکردایە. زیوس توڕە دەبوو.

(٥٤٤) هەنگێ زیوس لەسەر عەرشە بەرزەکەیەوە کەوتە هاندانی ئەجاکس کە هەڵێت. ئەجاکس زۆر سەری سوڕما. سپەرە حەوت تووێکەی دا بە شانیاو نیگایەکی حەسرەتباری ئاپۆڕەی دژمنی کرد. پشتی تێکردن و وەکو گیان لەبەرێکی درندە بەدەم پاشەکشەوە ئاوڕی دەدایەوەو بە ئەسپایی دەکشایەوە.

(٥٤٨) وەکو چۆن جوتیاران و سەگەکانیان شێرێکی لاواز لە ئاغەڵی چێڵان پاس دەکەن بە درێژایی شەوێ ئێشکان دەگرن و نایەڵن قەڵەوترین چێڵی نێو گاگەلەکە برفێنێ، بەڵام لە برسیتی دا خۆی بە ئاغەڵەکەدا دەکات و هیچ شتێکی پێ نابڕێت، چونکە دەستانی بەهێز لە هەموو لایەکەوە تیری بەسەرا دادەبارێنن و شولەی ئاگری هەڵایساو، چەند برسی و تووڕەش بێ دەیترسێنێ و سڵی پێ دەکاتەوە، و لەگەڵ سپێدەدا بەئومیدی و دڵ خەمینی لەسوچێکەوە خۆی دەرباز دەکات. (ئەجاکس)ش وەکو ئەو شێرە بەخەمینی و نە بەدڵی لەبەر تەروادەییەکان هەڵدەهات، چونکە زۆر خەمی کەشتی ئاخییەکانی بوو. یان وەکو چۆن کەرێك بەناو کێڵگە گەنمێك دەکەوێ و منااڵن تێی بەردەبن و چەندین داری تیا دەشکێنن، بەڵام ئەو لەسەر لەوەڕی خۆی بەردەوام دەبێ و گوێ بەمنااڵەکان نادات،چونکە دەست و بازویان بێ هێزە و ئازارێکی کەمی پێ دەگەیەنن، بەهەرحاڵ منااڵەکان زۆر بەزەحمەت کەرەکە دەردەکەن، بەڵام دوای ئەوەی تێر و پڕ دەخوات. بەو ئاوایە تەروادەییەکان و هاوپەیمانەکانیان کە لە هەموو لایەکەوە بەهانای تەروادەوە هاتبوون، ئاجاکسی دلاوەری کوڕی (تیلامون)یان دابووە ناو و لێکدا لێکدا نێزەیان

بەناوەندی سپەرەکەیدا دەکێشا و ڕاویان دەنا و تەنگیان پێ هەڵدەچنی. بەڵام ئەجاکس جار جارێ دلاوەری و ئازایەتی خۆی وەیاد دەهاتەوە، ئاوڕی دەدایەوە و ڕووبەڕووی جەنگاوەرانی تەروادەیی، ڕامکەری ئەسپان دەوەستایەوە، و هەندێ جار هەڵدەهات، بەڵام ڕێی پێگرتن و نەیهێشت بگەنە کەشتییە تیژڕۆیەکان، چونکە بەتاقی تەنیا لەنێوان تەروادەیی و ئاخیەکاندا وەستاو بەجۆش و خرۆشەوە شەڕی دەکرد. ئەو نێزانەی کە بەدەستانی بەهێز تێی دەگیران هەندێکیان بەر سپەرە گەورەکەی دەکەوتن و زۆریشیان لە ناوەندی هەردوو لەشکرەکەدا، وێڕای ئەوەی تینوی گۆشت و خوێنی ئەو بوون، بەرلەوەی بیگەنێ و بڕینداری بکەن، دەکەوتنە سەر زەوی.

(٥٧٥) کاتێ (یوربیلوس) کوڕە ئازاو ناوداڕەکەی (ئویمون)، ئەجاکسی بینی کەوتوەتە ژێر ڕەحمەتی بارانی تیران، خۆی گەیاندێ، نێزەکەی هاویشت، (ئەبیساون)ی کوڕی (فوسیوس)ی فەرماندەی جەنگاوەرانی پێکا، نێزەکە ڕێک بەر جگەری کەوت و یەکسەر بەچۆکا هات. یوریبیلوس هەڵیکوتایە سەری و چەک و تەداڕەکەکەی لێ داماڵی، بەڵام کە پاریسی قۆز، قۆز وەکو خواوەند، بینی یوریبیلوس چەک و تەداڕەکەکەی (ئەبیساون) دادەماڵێ، یەکسەر کەوانەکەی لێ ڕاکێشا و تیرەکەی ڕانی ڕاستی سمی، قەدی تیرەکە شکا، بەڵام سەری تیرەکە هەر لە ڕانیا مایەوە، هەنگێ بەژێر باڵی هاوڕێکانیا گەڕایەوە تا خۆی لە دێوی مەرگ بپارێزێ. ئەوجا بەدەنگێکی بەرز هاواری لە داناییەکان کرد و گوتی: "ئەی دۆستان، ئەی شازادە و سەرانی ئارگوسیان، خێراکەن، فریای ئەجاکس بکەون، زۆر لە تەنگانەدایە، باوەڕ ناکەم بەسەلامەتی لەم شەڕە دەربازبێ، خێرا فریا بکەون و قارەمانی مەزن، ئەجاکسی کوڕی تیلامون ڕزگار بکەن.

(٥٩٢) (یوریبیلوس)ی بڕیندار، بەو شێوەیە قسانی کرد. ئارگوسییەکان بەهانایەوە چوون، سپەر بەشان و نێزە بەدەست دەوریاندا، ئەجاکس بەرەو ئەمان دەهات، کە گەییە ناویان ئاوڕی دایەوەو بەبێباکی بەرانبەری لە دژمن گرت.

(٥٩٦) ئاگری شەڕ خۆش بوو. لەم کاتەدا ئەسپەکانی نیلیوس کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوون، نەستوریان بەسواری عەرەبانەکەی لە مەیدانی شەڕگەکە دەبردە دەرێ، (ماکایون)ی فەرماندەی سوپای لەگەڵدا بوو. ئەخیل کە چاودێری شەڕەکەی دەکرد بینیانی، ئەخیل لەبەردەم کەشتییە گەورەکەیدا وەستابوو و دەیڕوانییە ئەو هەراو هەڵڵا و کوشت و کوشتارە قورسە. هەر لە جێی خۆیەوە بانگی لە (باتروکلوس)ی هاوڕێی کرد.

باتروکلوس هەر کە گوێی لە دەنگی بوو ڕێک لە شێوە و هەیئەتی ئەریسی خواوەندی جەنگدا بەدەنگییەوە هات، کە لە ڕاستیا ئەمە سەرەتای ئەو نەگبەتییە بوو کە گرتی، گوتی: "ها ئەخیل بۆچی گازم دەکەی؟ چیت لە من دەوێ؟ ئەخیلی تیژڕۆ وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی کوڕە پاکزادەکەی (مینیوتیوس)ی مەزن، ئەی ئازیزەکەی دڵم، پێم وایە هەر ئێستا ئاخییەکان دێن و بەسەر دەست و پێی منداد دەکەون و لێم دەپارێنەوە، چونکە کەوتوونەتە تەنگانەیەکی وەهاوە کە تەحەمول ناکرێ، جا پاتروکلۆس، ئەی نازپەروەردەی زیوس، هەر ئێستا بەڕاکردن بڕۆ و لە

نەستور بپرسە کە ئەو بریندارەی لە شەڕەکەی هێناوەتەوە کێیە. لە پشتەوە لە ماکایونی کوڕی ئاسکیلپیوس دەچێت، بەڵام ناتوانم ڕووی بدینم، چونکە ئەسپەکان زۆر بەخێرایی غار دەدەن.
(٦١٦) پاتروکلوس، بەگوێی هاوڕێ ئازیزەکەی کرد، و بەقەراخ سەراپەردە و بەردەم کەشتی ئاخییەکاندا بەغار بۆی دەرچوو.
(٦١٨) کاتێ نەستور و ماکایون گەییشتنە بەردەم سەراپەردەکانی نەستور، لە گالیسکەکە دابەزین (یوریمیدون)ی میرئاخوڕی نەستور ئەسپەکانی لە گالیسکەکە کردنەوە. ئەوجا نەستور و ماکایون لە قەراخی دەریاکەدا، خۆیان دایە بەر شنەی بایەکە، تا جلە لە ئارەقە هەڵکشاوەکانیان هیشک بکەنەوە، کە ئارەقەکەیان وشک بووەوە وەژوور کەوتن و دانیشتن. هیکامیدی، کە قژێکی لول و جوانی هەبوو، شەرابێکی خۆش و بەلەزەتی بۆ ئامادە دەکردن. ئەمە کیژی (ئەرسینوس)ی جەنگاوەری دلێر و خانەدان بوو، کاتێ ئەخیل شاری (تینیدوس)ی گرتبوو و تالانی کردبوو، نەستور ئەم کیژەی لەوێندەر بەدیلی هێنابوو. ئاخییەکان بۆیە ئەم کیژەیان بەنەستور دابوو، چونکە لە هەموویان ژیرتر و بردەبارتربوو. هیکامیدی هەوەڵجار مێزێکی جوانی لەبەردەمدا دانان، مێزێک کە پایەکانی لەلاجیوەردی شین بوو و یەجگار هونەرمەندانە و وەستایانە دروست کرابوو،
(٦٢٩) ئەوجا سەبەتەیەکی برونزی لەسەردانا، لەگەڵ پیازێکدا تا بیکەن بەمەزەی شەرابەکەیان، هەندێ هەنگوینی زەردی ڕوون و هەندێ ئاردەسپەندی لە سەبەتەکەدا دانا. لە پاڵ ئەوانەشدا، جامێکی زۆر جوانی، لەسەر مێزەکە دانا کە پیرەمێر لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، ئەم جامە بەنەخش و نیگاری زێڕین نەخشێنرا بوو، چوار دەسکی هەبوو، جووتێ کۆتری زێڕین بەسەر هەر دەسکێکییەوە هەبوو کە دانیان دەخوارد، دوو پایەش لەژێر جامەکەدا بوو. ئەم جامە ئەگەر لە شەراب تەژی بووایە، جگە لە نەستور زۆر زەحمەت بوو هەر پیرەمێرێکی دیکە لەسەر مێزەکە.بەرزی بکاتەوە..بەڵام نەستوری پیرەمێر زۆر بەئاسانی هەڵیدەبڕی. هیکامید کە لە یەزدانخانم دەچوو، بادەیەکی شیرین و خەستی کردە جامەکەوە. ڕەندەیەکی برونزی هێنا و پەنیری بزنی لە ڕەندە داو تێییکرد، و ئاردێکی سپی بەسەردا پرژاند، هەر کە شەرابەکە ساز بوو، خوڵکی کردن تا تینوێتیانی پێ بشکێنن. دوای ئەوەی دەستیان بەخواردنەوە کرد و تینوێتی خۆیان شکاند، بەدوو قوڵی کەوتنە قسە و باسان، لەم دەمەدا پاتروکلوسی هاوتای خودایان، لەبەر سەراپەردەکەدا پەیدا بوو.
(٦٤٥) نەستوری بەناوبانگ کە ئەوی بینی خێرا هەستا، دەستی پاتروکلوسی گرت و هێنایە ناو خێوەتەکەوەو داوای لێکرد دانیشێت، بەڵام پاتروکلوس دانەنیشت و گوتی: "ئەزبەنی ئەی نازپەروەردەی زیوس، وەختی دانیشتن نییە، زۆرم لێ مەکە، ئەو پیاوەی کە ناردومی تا لێت بپرسم ئەو جەنگاوەرە زامدارە کێ بوو کە هێناتەوە بۆ ئۆردوگاکە، پاڵەوانێکی گەورە و دڵناسکە، زوو تۆڕە دەبێ. بەڵام قەیدی نییە، من خۆم جەنگاوەرە زامدارەکە دەناسم، ماکایونی ڕابەری جەنگاوەرانە، بەیارمەتیت ئێستا ڕێم بدە با وەکو تەتەرێک هەواڵەکە بۆ (ئەخیل) بەرمەوە.

تۆ بەخۆت ئەی پیر، ئەی زیوس زادە، باشی دەناسیت و دەزانی چ مالێکە، و هەمیشە لەسەر پێیە بۆ لۆمەکردن، تەنانەت لۆمەکردنی ئەوانەش کە لۆمە هەڵناگرن!"

(٦٥٥) نەستوری جیرنیایی، وەڵامی دایەوە: "ئەخیل لە کەیەوە ڕوحمی تلیساوەتەوە و، وا بەمجۆرە کەوتۆتە خەمی ڕۆڵەکانی ئاخیایی؟ زۆریان پێکراون. نازانێ چ خەم و پەژارەیەک باڵی بەسەر هەموو نکالانی لەشکرگەدا کێشاوە، زۆربەی فەرماندە نەبەزەکانمان، یان لە دووڕەوە بەتیر پێکراون یان بەنێزە بریندار بوون و لەناو کەشتییەکاندا لە جێدا کەوتوون. دیومیدسی پاڵەوانی کوڕی تیدیوس بریندارە، هەروەها ئودیسیوس و ئاگامەمنونیش بریندارن، و (یوریبیلوس)ش بریندارە و تیرێک بەر ڕانی کەوتووە، منیش تۆزێ لەمەوپێش ئەم پیاوەم لە شەڕگەکە هێنایەوە، ئەویش بریندارە و تیری بەرکەوتووە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەخیل بەهەموو ئازایەتی و دلاوەرییەکیەوە جگە لە خۆی گوێ بەدانایییەکان نادات و بەزەیی پێیاندا نایەتەوە. ئاخۆ چاوەڕوانی ئەوەیە کە کەشتییەکان بەسەر ئاخییەکاندا بسوتێن و ئێمەش یەک لەدوای یەک ببین بەتوێشوی تیغی شەڕ؟

(٦٦٨) سەبارەت بەمنیش، ئەو هێز و شنگەی جارانم نەماوە، ئاە، بریا دەمتوانی جارێکی دی گەنج ببمەوە، هەمان ئەو هێز و توانایەم بەدەست دێناوە کە لە شەڕی ئیلیسدا هەم بوو، ئەوان پەز وماڵاتەکەی ئێمەیان تاڵانکرد و من (ئوتومونیوس)ی دلاوەری کوڕی (هوبایروخوس)م کە لە ئیلیس دەژیا بەقەستی خوێندارێ و تۆڵەسێنی کوشت. لەو دەمەدا کە من تاڵانی و دەسکەوتەکانم ڕادەدا، ئەو لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شوانانەی کە کۆی کردبوونەوە، پێگیری دەکرد و پەز و ڕانەکانی خۆی پاس دەکرد، ڕمێکم خێواندێ و ناوەڕاستی نێوچەوانی گرت و کەوت و گیانی دەرچوو، ئەو قەوم و قیلەیەی لە دەوری بوون هەموو ترسان و هەڵهاتن.. بەڵام تاڵانیەکی بێ شومارمان لە دەشتەوە هێنابوو: پەنجا سەرچێڵ و ڕانە مەڕێکی فرە، پەنجا سەر بەراز و گەلە بزنێکی زۆر. سەد و پەنجا ماینی جوانو لەبەر.. هەموو ئەمانەمان شەوێ کرد بەبیلوسدا، بەشارەکەی نیلیوسدا، نیلیوس کە بینی من بەو لاوییە، و بۆ یەکەمجار چوو بوومە شەڕەوە و بەو هەموو دەسکەوت و تاڵانییەوە گەڕابوومەوە، زۆر شادمان بوو. لەگەڵ سپێدەی بەیانیدا، جارچییان بانگەوازیان کرد کە هەر کەسێک هەق و داوایەکی لەسەر ئیلیس هەیە لێرە خڕببنەوە، هەنگێ ڕابەرانی پیلیان کۆبوونەوە تا ئەم دەستکەوتانە دابەش بکەن. بەڕاستی ژمارەی ئەوانەی کە دەبوایە (ئیپیان)ەکان قەرەبوویان بکەنەوە زۆر بوون، واتە ئیپیانەکان قەرزاربارى زۆر کەس بوون، ئێمە لەبەر کەمی ژمارەمان لە بیلوسدا، زۆر چەوساوە بووین، کاتی خۆی هیراکلیسی بەزەبر و زەنگ هات و بەتەواوەتی لە زەواقی ناین، ئازاترین پیاوانی کوشتین. ئێمەی کوڕانی (نیلیوس)ی بێ هاوتا دوانزە کەس بووین، جگە لە من هەموو ئەوانی دی کوژران. لەوە بەدواوە ئیپیانانی سەراپا برونز و مەستی ئەم سەرکەوتنانە، سوکایەتیان پێدەکردین و پیلان و نەخشەی بێ مانایان بۆ چەوساندنەوە و ئازاردانمان دەنایەوە. ئەوە بوو نیلیوسی پیر، گاگەلێک و ڕانەمەڕێکی گەورەی بەشوانەکانیانەوە بۆ خۆی هەڵبژارد، بەهەمووی سێ سەد سەر دەبوو. چونکە هەقێکی فرەی لەسەر ئیلیسییەکان هەبوو، چوار ئەسپی ڕەسەنی

بەعارەبانەکانیانەوە ناردبوو تا لە ئیلیس بەشداری جریدبازی بکەن، خەڵاتەکە سێ پایەیەک بوو. بەڵام (ئوجیاس)ی پاشای ئەوێندەر، دەستی بەسەر ئەو ئەسپانەدا گرت و میرئاخورەکانیانی بەخەمینی و دڵتەنگی ناردبووەوە. جا پیرەمێرد کە لەو ڕەفتار و گوفتارانە پەست و تووڕە بوو، بەشێکی زۆری لەم تاڵانی و دەستکەوتانە بۆ خۆی هەڵگرت، و پاشماوەکەی دا بەخەڵکەکەی خۆی تا بەیەکسانی بەسەر خۆیاندا دابەشی بکەن.

(٧٠٦) بەو جۆرە هەموو کاروبارەکانمان ڕێکخست، لە هەموو لایەکی شاردا قوربانیمان پێشکەشی خواوەندان کرد، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا ئیپیانییەکان بەقۆشەنێکی بێ شومارەوە، بەگالیسکەیەکی فرەوە و هەموو خۆیان پڕ چەک کردبوو، برایانی (مولیون)ش کە چەکیان لە خۆ دابوو، لەگەڵیاندا هاتبوون ئەم برایانە هێشتا لە فەند و فێڵی شەڕو شۆڕ و قارەمانبازی بێ خەبەر بوون. ئەمانە هاتن و لە دەوری شاری تریویس هەڵیاندا، ئەم شارە لەسەر گردێکی کەناری ڕوباری (ئەلفیوس)ی مەرزی بیلیوسی لمەڵان دامەزرا بوو، ئەوانە بەتەمابوون ئەم شارە تەخت بکەن، و لە دەوری شار هەواریان خستبوو. بەڵام کە بەدەشت و باسکەکاندا بڵاوبوونەوە، شەوێ ئەتینا بەپەلە لە ئولیومبسەوە هات بۆ لامان و ئەمری پێکردین کە خۆ بۆ جەنگ تەیار بکەین.. ئەو جەماوەرەی لە بیلیوس خڕبووبوونەوە بەئاسانی بەدەنگییەوە هاتن، چونکە خەڵکانێکی تامەزرۆ و تینوی شەڕ بوون. بەڵام نیلیوس قاییل نەبوو من چەک هەڵگرم، ئەسپەکانی لێ شاردمەوە، چونکە وای مەزەندە دەکرد من هێشتا باڕم، و هیچ لە فەند و فێڵی شەڕ نازانم. لەگەڵ ئەمەشا، من هەرچەندە بەپیادەیی دەجەنگیم توانیم لەنێو سوارەکاندا ناوێ دەربکەم، ئەتینا بەو شێوەیە منی بەرەو ڕووی دژمن برد. لە کاتێکا جەنگاوەرانی ئێمە لەسەر ڕوباری مینوویوس، کە لە نزیکی ئەرینداە دەڕژایە دەریاوە چاوەڕوانی هەڵاتنی سپێدەمان دەکرد، دەستە دەستە لەشکریانی پیادە پەیوەندیان پێوە دەکردین. لەوێندەرەوە، هەموو چەکدار و پڕ چەک وەڕێکەوتین و بۆ نیوەڕۆ گەییشتینە کەناری ڕوباری (ئەلفایوس)ی پیرۆز. لەوێ قوربانی گەورەمان بۆ زیوسی مەزن کوشتەوە، گایەکمان بۆ ئەلفایوس و گایەکی ترمان بۆ بوسایدون کوشتەوە. بەڵام بۆ ئەتینای چاوکەوە گوێرەکەیەکی ناسکمان سەربڕی. هەنگێ لەشکر هەموو پێکەوە شیوی ئێوارەمان خوارد، هەر بەچەکەکانمانەوە لە کەناری ڕوبارەکەدا پاڵ کەوتین.

(٧٣٢) ئیپیانییەکان ئابڵوقەی شاریان دابوو و سووربوون لەسەر ئەوەی لەگەڵ زەویدا تەختی بکەن، کە لە ناکاو بانگی (ئیریس)یان گەییە گوێ، هەر کە هەتاو گزنگیدا، ناوی زیوس و ئەتینامان لێهێنا و دەستمان بەشەڕ کرد. کە بەزمی شەڕ لەنێوان پیلوسیان و ئیپیاندا گەرم بوو، من یەکەم جەنگاوەر بووم کە ڕەقیبەکەی خۆم کوشت و دەستم بەسەر ئەسپەکانیاگرت، ڕەقیبەکەم (مولیوس)ی دلاوەری ڕمباز، زاوای ئوجیاس و میردی ئاگامیدی زێڕین پرچ بوو، کە سوود و قازانجی هەموو گژو گیایانی سەر ڕووی زەوی دەزانی. لەو کاتەدا ئەم جەنگاوەرە دەهاتە پێشێ، نێزەیەکم تێ سڕەواند

(٧٤٢) وەختێ کەوت ولە عاردی گەوزا، خۆم هەڵدایە سەر گالیسکەکەی و لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا گیرسامەوە، کە ئیپیانییەکان بینیان سەرداری سوارەکانیان (ئەو جەنگاوەرەی

که سەرامەدی ئەوانی دی بوو، لە خاك و خوێندا گەوزا، هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵاتن، منیش وەکو باوبۆران بەسەریاندا دابارێم و پەنجا گالیسکەم لێگرتن و کە هەریەکەیان دوو جەنگاوەری بەسەروە بوو و بەزەبری نێزەی من لە خاك و خوێندا گەوزان. بێگومان دەمتوانی کوڕانی (ئاکتۆر) واتە برایانی (مولیون)ش بکوژم ئەگەر بابە پاستەقینەکەیان، بوسیدونی خواوەندی بوومەلەرزە فریایان نەکەوتبا و لە تەمومژێکی ئەستوری نەپێچابانەوە ولە شەڕگەکەی دوور نەخستبوانەوە. ئەوجا زیوس سەرکەوتنێکی گەورەی بەنسیبی پیلیوسیان کرد، چونکە ئێمە بەدرێژایی دەشتەکە دوای دژمنانمان کەوتین، جەنگاوەرانمان کردە تێشوی تیغ و کوشتمانن، جلوبەرگی شەڕمان لێداماڵین تا بە ئەسپەکانمانەوە گەییشتینە گەنمەجارەکانی بوپراسیونی نزیکی تاوێری ئولینی و هەردەوباسکی ئەلیسیون، لەوێدا ئەتینا گەڕاندینییەوە، هەروەها لەوێدا بوو کە من دوا جەنگاوەری دژمنم کوشت و بەجێم هێشت، ئەوسا ئاخییەکان بەسواری ئەسپەکانیان و بەچوار نالّە لە(بوپراسیون)ەوە بۆ بیلیوس گەڕانەوەو لە ناو خواوەندانـدا سوپاسی (زیوس)یان کرد و لەنێو بنیادەماندا سوپاسی نەستوریان کرد.

(٧٦٢) ئەگەر من بەپاڵەوان بژمێردرێم و، رۆژێ لە رۆژان شتێك بووبم شایستەی یادکردنەوە، من لەناو جەنگاوەرەکانـدا، و هەمیشە هەر وابووم. بەڵام ئازایەتی و دلاوەری ئەخیل تەنیا بۆ خۆیەتی و هەر خۆی پێی شادمانە، پێم وایە ئەو رۆژەی کە لەشکرەکەمان نابوت دەبێت زۆر خراپ پەشیمان دەبێتەوە. ئاە، ئەی دۆستی ئازیز، لە بیرتە ئەو رۆژەی مینیویتیوس لە (بیتیا)وە بۆلای ئاگامەمنونی ناردی چ ئەمرێکی پێکردی؟ من و (ئودیسیوس) لەوێ بووین، لەناو ماڵەکەوە گوێمان لە هەموو شتێك بوو، گوێمان لێ بوو کە چی پێدەگوتی، چی پێدەفەرمووی، بۆیە هاتبووین بۆ ماڵە ئاوەدان و پڕ خەڵکەکەی بلیوس تا لە خاکی بەپیت و بەرەکەتی ئاخیادا لەشکرێك خڕبکەینەوە و ڕێك بخەن. کە هاتینە ژوورەوە مینویتیوس و تۆ و ئەخیل)مان لەوێدا بینی. پیری ڕامکەری ئەسپان، لە حەوشی سەراکەیدا دوو ڕانی قەڵەوی گای بۆ زیوسی چەخماخەوەشان دەبرژاند، و جامێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو و بادەیەکی ئاگرینی بەسەر ئەو قوربانیانەدا دەپرژاند کە لەسەر ئاگرەکە بوون. ئێوە هەردووکتان خەریکی چاککردن و برژانی گۆشت بوون، ئێمەش بەدوو قوڵی لەبەر دەرگاکە وەستابووین. ئەخیل بەپەلە هات، دەستی گرتین و بردینییە ژوورەوە و خوڵکی کردین دانیشین و بەڕووخۆشی و پیاوانە، بەپێی داب و نەریتی میوانداری پێشوازی کردین و ڕێزی گرتین.

(٧٨٠) کە تێر و پڕمان لە گۆشت و شەراب خوارد و خواردەوە، من یەکەم کەس قسەم کرد. داوام لێکردن کە بێنە ڕیزی ئێمەوەو لەگەڵمانابن. ئێوە هەردوکتان پێتان خۆش بوو لەگەڵماندا بن و بابتان زۆریان ڕێنوێنی و ئاموژگاری کردن. (بیلیوس)ی پیر، (ئەخیل)ی کوڕی ئاموچیاری دەکرد کە هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوە بجەنگێ و دایمە پێشەنگ و سەرامەدی هاوڕێکانی بێ. (مینویتیوس)ی کوڕی ئاکتورش ئاوای بەتۆ گوت: "کوڕی خۆم،ئەخیل لە ڕووی ڕەسەن و ڕەچەڵەکەوە لە تۆ زیاترە، بەڵام لە ڕووی تەمەنەوە تۆ لەو زیاتری. ئەو زۆر لە تۆ بەهێز و تواناترە، لەسەر تۆیە ئاموچیاری و ڕێنوێنی بکەی، ئەگەر بەباشی قسەی بۆ بکەی بێگومان

بەرفرمانت دەبێ و لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەگوێت دەکات." ئەوها بوو ئامۆژگارییەکانی پیرەمێر، بەڵام تۆ لە بیرت کردووە. بۆچی ئێستا ئەم قسانە بەئەخیل نالێی، لەوەیە گوێت لێبگرێ؟.. کێ دەزانێ، لەوەیە خواوەندێك یارمەتیت بدات و بتوانی بەقسەکانت دڵی نەرم بکەی و بیهێنێتە ڕەدا، جێی خۆیەتی مرۆڤ بەقسەی دۆستی خۆی بکات. ئامۆژگاری کردنی دۆست کارێکی پەسەندە. بەرهەحاڵ ئەگەر لە دڵی خۆیدا لە پێشبینییەك دەترسێت، یان دایکە گرانقەدرەکەی شتێکی لەمەڕ زیوس و نیازی زیوس پێ گوتووە، با تۆ لە جیاتی خۆی بنێرێت و لەشکری مەرمیدونەکان دوای تۆ بکەون، بەڵکو بەختت یار بێ و کلاوڕۆژنەیەکی ئومێد و ڕزگاری لە داناییەکان بکەیتەوە. با ئەخیل چەکەمەنییەکانی خۆیت بداتێ و بەسپەر و چەکەکانی ئەوەوە بچیتە مەیدانی شەڕ، چونکە تەروادەییەکان وادەزانن ئەویت و لە شەڕ هەڵدێن، و ئاخییەکان نەفەسێ تازە دەکەنەوە، چونکە جەنگی بێ ئامان تەنگی پێ هەڵچنیوون و حەوانەوەی لێ هەڵگرتوون، جا تۆ وەکو لاوێك دەتوانی بەئاسانی دژمنی ماندوو بەرەو شاری خۆیان ڕاوبنەیت و لە کەشتی و خێوەتەکانمان دووریان بخەیتەوە.

(٨٠٤) بەو قسانە هەستی پاتروکلۆسی لە ناخەوە جوڵاند، پاتروکلۆس بەبەر ڕیزی کەشتییەکاندا کەوتە غار بۆلای ئەخیلی کوڕی ئیاکوس. پاتروکلوس، کاتێ گەییە ئاستی کەشتییەکانی ئودیسیوس، ئەو مەیدانەی کۆبوونەوەیان تیا دەکرد یا قوربانیانی واجبیان بۆ خواوەندان تیا دەکرد، لەوێدا تووشی یوریبیلوسی کوڕی ئیومون بوو کە تیرێك بەر ڕانی کەوتبوو و بەشەلە شەل لە ئۆردوگاکەوە دەهاتەوە. ئارەقە لەسەری و ناو شانیەوە دەچۆڕا، خوێنێکی خەست لە زامە کارییەکەیەوە فیچقەی دەکرد، بەڵام وڕەی بەر نەدابوو، و ئەقڵی لە جێی خۆدا بوو. کاتێ کوڕی مینویتیوس بەو حاڵەوە بینی دڵی پێی سووتا و گریان ئەوکی گرت و بەسۆز وگودازێکی ڕاستەقینەوە دواندی و گوتی:

(٨١٦) ئەی سەران و دەم سپیانی کلۆڵ وبەدبەختی داناییان، ئایا لە چارەتان نووسرا بوو، بەو شێوەیە، دوور لە دۆستان و خاکی نیشتمان بین بەخۆڕاکی سەگانی تەروادە؟ ئەی (یوریبیلوس)ی خانەدان و دلێر، ئەی قارەمانی نازپەروەردەی زیوس تۆ پێم بڵێ ئایا ئاخییەکان دەتوانن بەرەنگاری هیکتۆری سامناك ببنەوەو لە پێشڕەوی ڕایگرن، یان لە حاڵی نابوتیان؟".

(٨٢٣) یوریبیلوسی زامدار وەڵامی دایەوە: "ئەی پاتروکلوس! ئەی زیوس زادە! ئاخییەکان لە ئێستا بەدواوە هیچ چارێکیان نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە لای کەشتییەکانیان بمرن. چونکە ئەوانەی لەمەوپێش دلێرترین جەنگاوەر بوونو فەرماندەمان بوون، ئێستا لە ناو کەشتییەکاندا کەوتوون و بەدەستی تەروادەییەکان، کە هێز و توانایان سات بەسات ڕوو لە زیادیە، بریندار بوون. بەڵام تۆ وەرە فریام کەوەو بمبە بۆ ناو کەشتییە ڕەشەکەم و ئەم تیرە لە ڕانم دەربێنە و بەئاوی گەرم ئەم خوێنە ڕەشە خەستەی لێ بشۆ، و هەتوانێکی باش لە برینەکەم بنێ، هەتوانێکی کاریگەر، کە دەڵێن تۆ لە (ئەخیل)ەوە فێری چۆنیەتی گرتنەوەی بووی و ئەویش لە (خایرون)ەوە (دادپەروەرترین ئەسپە مرۆڤ) فێری بووە. چونکە جووتە پزیشکەکەی ئێمە، بودالیروس و ماکایون، وەکو بیستوومە یەکێکیان زامدارە و لە سەراپەردەکەی خۆیدا کەوتووە

و خۆی پێویستی بەدکتۆرودەوا ودەرمانە، وئەوی تریشیان لە دەشتەکەدایە و لەشەڕی بەرگریدا ڕووبەڕووی تەروادەییەکان وەستاوە.

(٨٣٧) کوڕی دلاوەری مینویتیوس وەڵامی دایەوە: "باشە چۆن دەبێ ئەم شتانە ڕوو بدەن؟ ئەدی تەگبیرمان چییە ئەی یوریبیلوسی قارەمان؟ من بەڕێوەم بۆ لای ئەخیل، و پەیامێکی نەستوری جیرینایی، قەڵا و سەنگەر، یارویاوەری ئاخییانم پێیە بۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بەم حاڵە خەتەرەوە بەجێت ناهێڵم.

(٨٤٢) ئەو قسەیەی کرد و ناو قەدی گرت و بەرەو سەراپەردەکەی برد. کە خوڵامەکەی بینینی بەپەلە کەوڵەگایەکی بۆ ڕاخست، تا لەسەری پاڵ بکەوێ. پاتروکلوس، یوریبیلوسی لەسەر پاڵخست. بەچەقۆیەکی تیژ ڕانی شەق کرد و تیرە تیژەکەی کە کەسیرە و بێتاقەتی کردبوو، لێ دەرهێنا، بەئاوی شیرتێن ئەو خوێنە ڕەشەی لە برینەکەی دەڕۆیی، شت، ئەوجا ڕەگی گیایەکی تاڵی ئازار شکێنی بەدەستی خۆی کوتی و نایە سەر برینەکەی، ئەم دەرمانە ئازارەکەی نەهێشت.زامەکەی وشك بوو وخوێنەکەی وەستایەوە.

سرودی دوانزەیەم

هیکتۆر پەلاماری دیوارەکە دەدا

حیکایەتەکە:

شەڕ لەنێوان تەروادەیی و ئاخییەکاندا گەرم بوو. هیکتۆر توانی ئاخییەکان ببەزێنێ و لە دیوارەکە ئاودیویان بکات. بولیداماس پێشنیازی بۆ هیکتۆر کرد کە بەپیادە پەلاماری دژمن بدەن، گوتی ئەگەر پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە کەس نابێ بگاتە شار و هەواڵ و باسان بەرێ. بۆیە دەبێ بەبێ عارەبانە و ئەسپان پێشڕەوی بکەن. بولیداماس بەو جۆرە قسەی کرد و هیکتۆر زۆری کەیف بەقسەکانی هات، بەهەموو تاقم و ئەسلەحەکەیەوە خۆی هەڵدایە سەر زەوی، کە تەروادەییەکانی دیکە ئەویان بەو ئاوایە بینی ئەوانیش چاویان لەوکرد. هەر کەسە و گالیسکەکەی خۆی دایە دەست میرئاخوڕەکەی تا ڕێکی بخات و بەڕیز ڕایبگرن و ئامادە بێ. ئیدی هێرشیان برد و دلێرییەکی زۆریان نواند. بەڵام دانێکیان بینی کە بەچنگ مارێکی هەڵگرتبوو، مارەپێچی کردەوە وبەرەودوا هەڵگەڕایەوە و پێوەی دا، دانەکە مارەکەی بەردایەوە و لەنێو ئاپۆڕەی تەروادەییەکاندا کەوتەوە، بولیداماس ترسا و بەهیکتۆری گوت، هەرچەندە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا، بەهەق و بەناهەق سەرزەنشتی دەکات، هەرچەندە هەق نییە قسە لە قسەی ئەودا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەم قسەی دڵی خۆی دەکات، بولیداماس پێی وابوو ئەم ڕووداوە نیشانەیەکی زیوسە و بۆ ئەوانی ناردووە تا پاشەکشە بکەن. بەڵام هیکتۆر وەڵامی دایەوەو گوتی: "تۆ داوام لێدەکەی لە ڕێگەی باڵندەیەکی کێوییەوە حوکم بدە. چ دەبێ ئەگەر ئەم تەیرە بەیانی بفڕێ یان ئێوارە، ئەگەر بەلای چەپما بڕوات یان بەلای ڕاستما؟ با بە گوێی ئاموچیاری زیوسی مەزن، سەرداری بەشەر و خواوەندان بکەین و متمانە بەو بکەین. تەنیا یەك نیشانە هەیە و بەس، ئەویش ئەوەیە پیاو لە پێناوی وڵاتی خۆیدا بخەبتێ. تۆ بۆچی ئەوەندە دەترسیت؟ ئەگەر هەر هەموومان لای کەشتی ئاخیەکان بکوژڕێین، ئەوا تۆی تیانیت، تۆ

ناکوژرێیت، چونکه نه پابەندی و نەئازایت. ئەگەر حەز دەکەی شەڕ مەکە، بەڵام ئەگەر ئەوانی دی بۆ شەڕ نەکردن هان بدەیت و ساردیان بکەیتەوە، دڵنیابە لەڕمی من ناخەڵەسیت." شەڕ بەردەوام بوو، خەڵکانێکی ئازا و قارەمان دەرکەوتن و ناویان دەرکرد لە گریکەکان برایانی ئاجاکس (ئەجاکس و برایەکی لەبابی تیوسیر) دەرکەوتن، لە تەروادەییەکانیش ساربیدون و گلوکوس دەرکەوتن. گلوکوس زامدار بوو و پاشەکشەی کرد و ساربیدون مایەوە. لێرەدا هیکتۆر بەشێوەیەکی قارەمانانەی بێ وێنە پڕیدایە قفڵی دەروازەکان، دەروازەیەکی لەباری هەڵبژارد، بەردێکی هەڵگرت کە بەدوو گەنج هەڵنەدەگیرا، توانی دەرگاکەی پێ لەق بکات، پاشان بەبەردێکی گەورە و قوورس قفڵەکانی شکاند، کەلێنێکی تەنگی بۆ وەژوور کەوتنی تەروادەییەکان کردەوە. بەدرێژایی ئەم پشتێنەیە شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا کرا. بەڵام تای تەرازووی سەرکەوتن بەلای تەروادەییەکاندا قورس بوو، چونکە ویستی زیوس وابوو.پاشەکشەی گریکەکان بۆلای کەشتییەکانیان لە سەرەتادا خاو بوو، هەر کەسێکیان کە دەسوڕایەوە و پشتی دەکەوتە دژمن یەکسەر دەپێکرا و دەکەوت، هەنگێ خۆیان گورج کردەوە تا پەنا وەبەر کەشتییەکانیان بەرن و خۆیان قوتار بکەن.

زەمەن:

ڕووداوەکان، بەگوێرەی تەقویمی هۆمەر لە ڕیزبەندی داستانەکەیدا، لە ڕۆژی بیست و هەشتەمین ڕوودەدەن.

شوێن:

ڕووداوەکان لەبەردەم حەسارەکەدا (دیوار) ڕوو دەدەن، جەنگاوەرەکان لە عەرەبانەکانیان دادەبەزن، هیکتۆری مەزن کەلێنێکیان بۆ دەکاتەوە، لێوەی دەچنە ژوورەوەو ئاخییەکان بەرەو کەشتییەکانیان ڕاو دەنەن.

(١) لەو کاتەدا کە کوڕە دلاوەرەکەی مینویتیوس، یوریبیلوسی زامداری لە خێوەتەکەیدا دەرمان و تیمار دەکرد، ئارگوس و تەروادەییەکان بەربووبوونە یەکدی و شەڕیان دەکرد. نە خەندەکو نە دیوارە بەرزەکەی داناییەکان، ڕێگەیان لە هێرشی تەروادەییەکان نەدەگرت. ئەم دیوارەیان بۆیە دروست کردبوو تا کەشتییەکانیان بپارێزێ، و خەندەکەشیان بۆیە لە دەوری هەڵکەند بوو تا هەم کەشتییەکانیان و هەم تالآنی و دەسکەوتی سەر کەشتییەکانیان بپارێزێ. بەڵام کە ئەم کارەیان کردبوو قوربانی گەورەیان (قوربانی سەد سەر) بۆ خواوەندان نەکردبوو. بەم پێیە بەبێ ڕەزامەندی خواوەندان دروست کرابوو، بۆیە مەحاڵ بوو ئەو دیوارە تاماوەیەکی زۆر خۆی بەپێوە بگرێ. تا ئەو زەمانەی کە هیکتۆر زندوو بوو، و تا ئەو زەمانەی ئەخیل توڕە و تۆراو بوو، و شارەکەی شا پریام لە شوێنی خۆی بوو و وێران نەکرابوو، دیوارە مەزنەکەی ئاخییەکانیش پایەدار بوو. بەڵام کاتێ کە هەموو جەنگاوەرە دلێرەکانی تەروادە کوژران، گەلێك لە ئارگوسییەکان بەدەستی دژمن کوژران و هەندێکیان ڕزگاربوون، شاری تەروادە لە ئاخر و ئۆخری سالّی دەیەمدا تالآن و وێران کرا، ئارگۆسییەکان جارێکی دی سواری کەشتییەکانیان بوون و بەرەو ولاتی ئازیزی خۆ زڤڕینەوە.. هەنگینێ پوسیدون و ئەپولۆ هاتنە سەر ئەوەی

ڕووی هەموو ڕووبارە خوڕەکان بکەنە ئەو دیوارە و وێرانی بکەن، هەموو ئەو ڕووبارانەی لە کۆجارەکانی ئیداوە بەرەو دەریا دەکشێن؛ واتە ڕوبارانی: ریسوس، هیپاتابوروس، کاریسوس، رودیوس، و گرینیکوس و ئیسوپوس و سکاماندروس و سیمویس، ئەو ڕوبارانەی کە گەلەك قەڵغانی چەرمین، کلاوخودی فرەو جەنگاوەرانی بێ شوماری بەڕەچەڵەك نیمچە خواوەندان، لە کەناریاندا کەوتبوونە سەر زەوی وژێر گڵ، ئەپولۆ بۆ ماوەی نۆ ڕۆژان ئاوەڕۆی هەر هەموو ئەو ڕوبارە خوڕانەی ئاڕاستەی ئەو دیوارە کرد. (زیوس)ش هاوکات بارانی لە پەستاوی دەبارند تا هەرچی زووترە ئەو دیوارە بڕوخێنێ و بەرەو دەریا ڕایماڵێت. پوسیدون بەخۆیشی، سێ لقەیەکی بەدەستەوە گرتبوو، و کەوتبووە وێزەی دیوارەکە و هەر هەموو ئەو دار و بەردەی ئاخییەکان پێوەی ماندوو بوو بوون و کردبوویان بەو دیوارە، هەر هەمووی بەرەو دەریا ڕاماڵی.

(٢٩) هەر شتێك لە کەناری ڕوباری بەخوڕی هیلیسبونت بوو هەر هەمووی پاك کردەوە و لەگەڵ زەویدا تەخت و هەمواری کرد. دیوارەکە لە بەین چوو، کەناری ڕوبارەکە پڕ لە لم و خیز بوو، ئەوجا ڕوبارەکانی بۆ ئاوەڕۆکانی خۆیان گەڕاندەوە.

(٣٤) ئەمە بڕیار و نەخشەی ئایندەی پوسیدون و ئەپۆلۆ بوو. بەڵام ئێستا ئاگری شەڕو هەرا و زەنای جەنگ لە دەوری ئەم دیوارە مکومەدا بڵێسەی دەسەند و پشتیوانەی دیوارەکە لەژێر ئەو جەزرەبانەدا کە پێی دەکەوت دەنگی دەدایەوە.

ئارگوسییەکان، کە قامچی زیوس زراوی بردبوون، لە ترسی هیکتۆر خزابوونە ناو کەشتییەکانیان، ئەو هیکتۆرەی کە وەکو جاران، بەوپەڕی هێزەوە دەجەنگی ولە تۆ وایە زریان و باهۆزێکی هاڕۆژاوە. وەکو چۆن شێرێك یان بەرازە کێوییەك لەنێو ئاپۆڕەی کۆمەڵێك ڕاوچی و تاژیدا ڕقی هەڵدەستێ و لێیان دەگەڕێتەوە، و ڕاوچییەکان وەکو دیوار لەبەردەمیا ڕیز دەبەستن و پەیتا پەیتا نێزەی دەهاوێ، بەڵام دڵی ترس نەناسی ئەو درندەیە نەدەترسێت ونەبیر لە هەڵاتن دەکاتەوە، بەڵام دەزانێ چارەنووسی هەر مەرگە. بۆیە هەندێ جار دەگەڕێتەوە و هەوڵدەدات بەتۆبزی ڕیزی شکارچییەکان بشکێنێ، و پەلامارياں دەدات و لەگەڵ هەر پەلامارێکیا ڕاوچییەکان پاشەکشەیەك دەکەن، بەڵێ هیکتۆریش بەو ئاوایە خۆی پەلاماری دەدا و داوای لە جەنگاوەرەکانی دەکرد کە لە خەنەکەکە بپەڕنەوە.

(٥٠) بەڵام ئەسپەکان نەدەوێران بپەڕنەوە وبەدیار خەرەندەکەوە دەوەستان و بەدەنگی بەرز دەیانحیلاند، چونکە خەرەندەکە زۆر پان بوو، و بازدان بەسەریا کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەم بەرو ئەوبەری و سەرانسەری هەوراز و هەڵدێربوو، و سنگێکی زۆر و چڕیان لەم بەر و لەوبەری خەرەندەکە داکوتا بوو، ئاخییەکان ئەم سنگانەیان بۆ بەرگری لەخۆ داکوتبا، بۆیە ئەسپ بەعەرەبانەوە نەیدەتوانی بپەڕێتەوە. بەڵام پیادەکان هەوڵیان دەدا بپەڕنەوە. هەنگێ بولیداماس چوو بۆلای هیکتۆر و گوتی: "ئەی هیکتۆر، ئەی فەرماندەکانی دیکەی تەروادەییان و هاوپەیمانان! ئەوپەڕی شێتییە ئێمە هەوڵبدەین ئەسپەکانمان بەعەرەبانەکانەوە لەم خەرەندە بپەڕێنینەوە، پەڕینەوە دژوارە، چونکە ئەمبەر و ئەبەری یەکپارچە سینگی تیژە پشتەوەی دیوارە، بۆیە ناکرێت بەعارەبانەوە لێی بپەڕینەوە، ئەمە کارێکی نەکردە نییە، ئەمە جگە لەوەی

کە شۆڕنەکە زۆر تەنگە و پێم وایە بەخۆرایی خۆمان ئەزیەت دەدەین و خۆمان دەخەینە تالوکەوە. ئەگەر زیوس، زیوسی دەنگ بەرز چوون هەورە بروسکە، سوورە لەسەر لەناوبردنی دژمنەکانمان و بەنیازە کۆمەکی تەروادەییەکان بکات،

(٦٩) ئەوا لە هەموان زیاترم پێ خۆشە بەزووترین کات ئەم خواستەی خۆی بەدی بێنێ، زۆر شادمان دەبم بەچاوی خۆم ئاخییەکان بدینم هەر ئێستا ودوور لە ولاتی ئارگۆس بەبێ ناوونیشان مەحو ببنەوە. بەلام ئەگەر هەڵگەڕانەوە وڵێمان هاتنە دەست ولە کەشتییەکانیان دوورخستینەوە، وکەوتینە داوی ئەو خەرەندەوە، پێم وایە تاقە زەلامێکمان لێ دەرناچێت کە بتوانێ ئەم هەواڵە بۆ شار بەرێتەوە. وەرن بەگوێی من بکەن و با هاوڕێ ومیرئاخوڕەکانمان ئەسپەکان لە قەراخی خەرەندەکە ڕابگرن و ئێمەش هەموو سەراپا چەکدار، تێکڕا بەپای پیادە شوێنی هیکتۆر بکەوین، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە ئەمڕۆ ڕۆژی کۆتایی ئاخییەکانە، ئەوا خۆیان لەبەرمان ناگرن و بەرەنگارمان نابنەوە."

(٨٠) پولیداماس قسەی خۆی کرد. هیکتۆر بەتەگبیرەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو. یەکسەر بەتاقم و تەدارەکی جەنگەوە خۆی لە عەرەبانەکەی هەڵدایە خوارەوە. تەروادەییەکانی دیکەش کە ئەویان بینی، چاویان لێکرد و لە عەرەبانەکانیان دابەزین. هەموویان عەرەبانەکانیان بەمیرئاخوڕەکانیان سپارد وداوایان لێکردن عەرەبانەکان بەڕێك و پێکی و بەڕیز لە ڕەخی خەرەندەکە ڕابگرن و چاوەڕوانیان بکەن. ئەوجا جەنگاوەرەکان بەسەر پێنج هێزدا دابەش بوون،و ڕیزیان بەست و هەر هێزێك تۆزێ دوورتر لە هێزەکانی دی دوای فەرماندەکانیان کەوتن. ئەوانەی لە ژێر فەرماندەیی هیکتۆر و (پولیداماس)ی بێ وێنەدا بوون هەم ژمارەیان زۆرتر بوو هەم ئازاترین جەنگاوەرانی لەشکرەکە بوون، خوا خوایان بوو لە دیوارەکە تێبپەڕن وشەڕ ببەنە بەردەم کەشتییەکان، سیبریون وەکو فەرماندەی سێیەم بەگەڵیان کەوت، چونکە هیکتۆر عارەبانەکەی بەجەنگاوەرێکی کەم جورئەت تر لە سیبریون سپاردبوو. هێزی دووەم بەفەرماندەیی پاریس، ئالکانوس و ئاجینور بوو، هێزی سێیەم بەڕابەرایەتی هیلینوس و دیفوبوس، کوڕانی پریام بوو، وئەم جووتە برایە فەرماندەیەکی دیکەشیان لەگەڵدا بوو، ئەویش ئاسیوسی قارەمان بوو، ئاسیوس کوڕی هیرتاکوس بوو، کە بەئەسپە ڕەشە ڕەسەنەکانی کە لە کەناری ڕووباری سیلیسدا پەروەردە بوو بوون لە (ئەریسبی)یەوە بۆ مەیدانی شەڕ هاتبوو. ئینیاسی کوڕی ئەنخیس، لەگەڵ ئارخیلوخوس و ئاکاماس)ی کوڕانی ئەنتینور، کە هەردووکیان زۆر شارەزای فەند و فێڵی جەنگ بوون، ڕابەرایەتی هێزی چوارەمی دەکرد. (سارپیدون)ش ڕابەرایەتی هێزی هاوپەیمانە دلێرەکانی دەکرد و دوو هاوڕێشی بۆ خۆی هەڵبژارد کە پێی وابو دوای خۆی ئازاترین جەنگاوەری هێزەکەن، ئەوانیش گلاوکوس و ئەستیروپایوس)ی دلاوەر بوو. دوای ئەوەی هەموو خۆیان دایە پەنا قەڵغانەکانیان کە لە چەرمی گا دروست کرابوون، دەستیان بەهێرش بۆ سەر دانایەکان کرد، پێیان وابوو کە دژمن خۆی ڕاناگرێت و هەر ئێستا تەفر و تونایان دەکەن و لە کەناری کەشتییەکانیاندا تیا دەچێت.

(١٠٨) بەڵێ، هەموو تەروادەییەکان و هاوپەیمانەکانیان کە لە دووڕەوە هاتبوون، یەکسەر بەگوێی (پولیداماس)یان کرد، تەنیا ئاسیوسی کوڕی هیرتاکۆس نەبێ، کە نەیویست عارەبانە و ئەسپەکانی ومیرئاخوڕەکەی لەوێ بەجێبهێڵێ. بەڵکو بەوانەوە بەرەو کەشتییەکان پێشڕەوی کرد –چەند گەوج بوو!– غافڵ بوو لەوەی کە جارێکی دیکە لە تالوکە دەرباز نابێ و ناتوانێ بەکەش وفشەوە بەسواری عەرەبانە و ئەسپەوە بۆ تەروادە بگەڕێتەوە. بەڵێ وادیارە بەر لەوەی فریای گەڕانەوە بکەوێ، قەدەری شووم پێشوەختە ئەوەی لە چارەنووسی بوو کە بەنێزەی (ئیدومینیوس)ی کوڕی دیوکالیون بکوژرێ، ئەوە بوو ڕووی کردە لای چەپی کەشتییەکان، واتە ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە ئاخییەکان بەخۆ و بەعەرەبانەکانیانەوە بەپەلە پڕوزێ لە دەشتەکەوە دەگەڕانەوە بۆلای کەشتییەکانیان، عەرەبانە و ئەسپەکانی بەرەو ئەوێندەر هاژۆت، تا گەییە دەروازەکان، سەیری کرد لەسە گازی پشتن و کێڵون نەدراون، بەڵکو دەرگاوانەکان خستبوویانە سەر پشت، بەڵکو بتوانن جەنگاوەرەکانی هاوڕێیان، ئەوانەی لە شەڕەگەکەوە بەرەو کەشتییەکان هەڵدەهاتن ڕزگار بکەن، بەڵێ ئاسیوس کە گیرۆدەی جۆش و خرۆشی خۆی بوو بوو، بەرەو ئەوێندەر ئەسپەکانی تاودا، جەنگاوەرەکانیشی بەهەمان جۆش و خرۆشەوە دووی کەوتبوون و بەدەنگی بەز لە نەعرەتەیان دەدا، چونکە ئەو خەیاڵ خاوانە لە دڵی خۆدا دەیانگوت کە ئاخییەکان لەبەریان ناوەستن و لەنێو کەشتیەکانیاندا تیا دەچن. نەیاندەزانی کە لە بەر دەروازەکاندا ڕووبەڕووی ئازاترین جووتە جەنگاوەری لاپیتیانی شەڕکەری ڕمباز دەبنەوە، کە یەکێکیان پولیپوتیسی کوڕی بیرتیوس بوو، و ئەوی تریان (لیونتیوس)ی هاوتای ئیریسی خواوەندی جەنگ و بەڵای گیانی بەشەری فانی بوو. ئەم جووتە لەبەردەم دەروازەکاندا وەستان، وەکو چۆن دوو دار بەڕووی بەرزی پڕ لق و پۆپی سەرکۆجاران ڕۆژ بەڕۆژ وسااڵ بەسااڵ زیاتر خۆڵە بەر باو بۆران ڕادەگرن، چونکە ڕەگیان بەقوڵی لە خاکدا داکوتاوە، ئەو جووتەش بەهەمان شێوە، پشت بەهێز و بازووی خۆیان چاوەڕوانی هێرشی ئاسیوس بوون و لە جێی خۆ نەدەبزوان. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، تەروادەییەکان سپەرە چەرمینەکانیان بەرز کردبووەوە و یەکڕاست بەرەو دیوارە مکومەکە دەڕۆیشتن و پێشڕەوییان دەکرد. لەدەوری پاشایان (فەرماندە) ئاسیوس، ئیدامینوس و ئوریستیس و ئەداماسی کوڕی ئاسیوس، تویون، ئوینوماس خڕ بوونەوە و هورایان دەکێشا و نەعرەتەیان لێدەدا. بەاڵم ئەو دوو جەنگاوەرەی الپیت تا ماوەیەکی زۆر لەودیو دیوارەکەدا مانەوە و ئاخییەکانیان هاندەدا کە بەرگری لە کەشتییەکانیان بکەن. بەاڵم کاتێ کە دیتیان تەروادەییەکان بەرەو دیوارەکە هێرش دێنن و داناییەکان هەڵدێن و هاوار دەکەن، هەردووکیان لە دەروازەکەوە وەدەرکەوتن و ڕووبەڕووی تەروادەییەکان وەستان و کەوتنە شەڕ، وەکو چۆن دوو بەرازە کێوی کە لە ناوەندی بێشە و کۆجارێکدا لەلایەن کۆمەڵێك ڕاوچی و تاژییەوە دەورە بدرێن، و خۆ بەدار و بەردا دەدەن و دار و درەختەکەی دەوروبەریان تێکدەشکێنن و درەختەکان لە ڕەگو ڕیشەوە دەردێنن،

(١٤٩) جیرەجیرێ کەڵبە و ددانە تیژەکانیان سەعاتە ڕێیەك دەڕوات، وتا ڕاوچییەك فرسەتیان لێ دێنێ و بەجەزرەبەیەك گیانیان دەستێنێ، بەو ئاوایە دەنگێکی تیژ لە سینەبەندە برونزییەکانی

ئەم دوو جەنگاوەرەوە کە ڕووبەڕوی‌و دژمن وەستا بوون و سینگیان دەدایە بەر جەزرەبەی وان، هەڵدەستا. ئەم جووتە ،دلاوەرانە و پشت بەو جەنگاوەرانەی سەردیوارەکە و پشت بەهێزی بازووی خۆیان دەجەنگین. جەنگاوەرانی ئاخیایی لەسەر دیوار و بورجە قایمەکانەوە، بۆ ئەوەی هەم بەرگری لەخۆ بکەن و هەم خێوەت و کەشتییە خۆشبەزەکانیان پاس بکەن،بەردیان داویشت. وەکو چۆن زریان و باهۆزێکی تووش چڕە هەوران ڕاماڵێ و بەئاسماندا پەرتی بکات و ببێ بەتەرزە و بەلەز بەسەر عاردیدا دابارێ، بەو ئاوایە بەرد و تیر و نێزان، هەم لەدەستی تەروادەییان و هەم لە دەستی ئاخییەکانەوە دادەباری. وەختێ گابەردان بەر کلاوخود وسپەرە قۆقزەکانی هەردوولا دەکەوت، دەبوو بەتەق و هوڕێکی ترسناکی ئەوتۆ ئەوسەری دیار نەبوو. هەنگینێ ئاسیوسی کوڕی هیرتاکوس نالاندی و دای بەڕان و ئەژنۆی خۆیدا، و بەبێزارییەوە هاواری کرد: "ئەی باب، ئەی زیوس، بێگومان تۆش ئەهلی درۆیت، پێم وانەبوو کە قارەمانانی ئاخیایی بتوانن خۆ لەبەر هێز و بازووی لەشکان نەهاتووی ئێمە بگرن، کەچی ئەوەتا وەکو زەرگەتانی ناو قەد باریك، یان پورە هەنگێك کە بەقەد پاڵێکی تووشەوە و لەکەناری ڕێگەیەکدا شاریان کرد بێ، شارەکەی خۆیان بەجێ نەهێڵن و بەرگری لە بێچووەکانیان بکەن و دژی ئەو کەسانە بوەستن کە پەلاماریان دەدەن، بەو ئاوایە ئەوانیش، هەرچەندە تەنیا دوو کەسن سوورن لەسەر ئەوەی بەردەروازەکە بەرنەدەن، تا دەکوژرێن هەر بکوژن."

(١٧٢) ئەو قسانەی کرد، بەڵام ئەو قسانە ئەقڵی زیوسی نەبزواند، چونکە زیوس لای خۆیەوە لێبڕا بوو کە سەرکەوتن وسەربەرزی هی هیکتۆر بێ! بەهەرحاڵ شەڕ گەرم بوو، هەر کۆمەڵە جەنگاوەرێك لە دەوری دەروازەکەیەوە خەریکی شەڕ بوون، خۆزیا دەمتوانی وەکو خوایەك هەموو ئەو دیمەنانە بگێڕمەوە. ئاگری شەڕ لەهەر چواردەوری دیوارە بەردینەکەوە بڵێسەی دەسەند، ئاگرێك کە خواوەندان هەڵیانگیرساند بوو.. ئارگۆسییەکان بەهەموو خەم و پەژارەیەکیانەوە، خۆیان بەناچار دەزانی بەرگری لە کەشتییەکانیان بکەن. هەموو ئەو خواوەندانەی کە لەناخەوە تەرەفداری ئارگوسییەکانیان دەکرد، خەمبار بوو بوون، بەڵام جووتە لاپیتیانی مەردانە شەڕی خۆیان دەکرد.

(١٨٢) هەنگێ پولیبوتیس، کوڕەی دلاوەرەکەی پیریتوس، نێزەیەکی لە کلاوخودەکەی داماسوس دا، ئەو کلاوخودەی کە گۆناپۆشیشی پێوە بوو، کلاوخودەکە بەرگەی نەگرت، سەرە نێزەکە کونی کرد، ئێسکی سەری بڕی، میشکی لەناو کلاوخودەکەدا پژا و داماسوس لە هەڕەتی دلاوەریدا، بەدەم شەڕەوە کوژرا. ئەوجا بیلون و ئورمینوسی کوشت. لینیوسی ئیریس زادە، هیبوماخوسی کوڕی ئەنتیماخۆسی بەسەرە نێزەیەك کوشت، سەرەنێزەیەکی بەکەمەریا کێشا و کوشتی. ئەوجا هەڵیکێشایە شمشێرەکەی و هەڵیکوتایە سەر ئەنتیفاتیس و شمشێرێکی لێدا و بەدەما تەختی سەر زەوی کرد، ئەوجا پڕی دایە مینون و ئیامینوس و ئوریستیس و یەك لەدوای یەك کوشتنی و تەختی سەر عاردی بوون.

(١٩٥) بەڵێ لەو دەمانەدا کە ئەو جووتە لاپیتیانییە، خەریکی داماڵینی چەك و تفاقی ئەو قارەمانانە بوون. ئەو جەنگاوەرە لاوانەی کە دوای پولیداماس و هیکتۆر کەوتبوون هێشتا

بەدوو دڵی و ڕاڕایی ولە قەراغی خەرەندەکە وەستا بوون، ئەوانە زۆرترین و دلاوەرترین جەنگاوەرنی تەروادەیی بوون کە بەپەرۆشەوە بوون لە دیوارەکە تێپەڕن و کەشتییەکان ئاگر بدەن، ئەمانە لە نزیکی خەرەندەکە وەستابوون ونەیاندەزانی چ بکەن، چونکە لەو دەمەدا کە دەیانویست لە خەرەندەکە بپەڕنەوە هێمایەکی ئاسمانیان بینی بوو –دالێکیان لە دوورەوە بینی بوو کە بەرەو ئەوان هاتبوو. ئەم دالە بەلای چەپی سوپاکەیاندا فڕی بوو و بەسەر سوپاکەدا تێپەڕی بوو. ئەم دالە ماڕێکی ئەستوری سوری وەک خوێنی بەچنگ هەڵگرتبوو، ماڕەکە هێشتا ڕوحی تیا مابوو و لە جموجوڵدا بوو، خۆی هەڵدەسوڕاند تا وەزن بکات، لەم هەوڵ و تەقەلایەدا بوو کە لە پشتەوە پێچێکی کردەوە ودووجاری بەدالەکەوە دا، جارێک بەملییەوە و جارێک بەسینگییەوە، دالەکە لەتاو ئازاری خۆی ماڕەکەی بەردایەوە وکەوتە ناوەڕاستی ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکان. دالەکە قیژەیەکی تیژی کرد وخۆی دایە دەم باوە، تەروادەییەکان بەدیتنی ئەو ماڕە خۆش خەت وخاڵە، بەو ئافەریدە سەیرەی زیوسی خواوەندی سپەروەر، کە لە ناوەڕاستیاندا کەوتبووەوە، ترسیان لێنیشت. پولیداماس چوو بۆلای هیکتۆری بێ پەروا و بێباک وگوتی: "ئەی هیکتۆر، نازانم بۆچی هەمیشە لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریدا، یا لە ئەنجومەنی جەنگیدا، ئەگەر ڕاوبۆچوونی دڵسۆزانەو دروستیش دەربڕم هەر پێت ناخۆشە و سەرزەنشتم دەکەی؟ چونکە پێت وایە هیچ کەسێک چ لە ئەنجومەن و چ لە مەیدانی شەڕدا بۆی نییە قسە لەقسەی تۆدا بکات، بەڵکو دەبێ هەمیشە پشتیوانی تۆ بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من ئەمڕۆ بەمەسڵەحەتی دەزانم و قسەی خۆمت پێ دەڵێم؛ با نەچینە سەر کەشتییەکان ولەوێ شەڕی داناییەکان نەکەین. چونکە پێم وایە ئەنجامی شەڕەکە بەمجۆرە دەبێت، لە کاتێکا تەروادەییەکان پەرۆشی ئەوە بوون لە خەرەندەکە بپەڕنەوە، ئەو دالە بەسەر سەریانەوە دەرکەوت، دالێکی بەرزە فڕ، لەلای چەپەوە بەسەر سوپاکەدا تێپەڕی. ماڕێکی ئەستور چوون خوێنی هێشتا زندووی بەچنگ هەڵگرتبوو، بەڵام دالەکە بەر لەوەی بگاتەوە هێلانەکەی، ماڕەکەی بەناچاری بەرداوەتەوە و بەو ئاواتە نەگەییوە کە بیبات و بیدات بەبێچووەکانی– ئێمەش هەمان شتمان بەسەر دێت.

(٢٢٤) ئەگەرچی دەتوانین بەزەبری هێز و بازوو دەروازەکان بشکێنین، دیواری ئاخییەکان بڕوخێنین، ئاخییەکان ناچار بکەین پاشەکشە بکەن، بەڵام ناتوانین بەڕێک و پێکی بەهەمان ڕێگەدا بگەڕێینەوە، بەڵکو زۆر تەروادەیی لەدوای خۆ بەجێدێڵن کە ئاخییەکان بەزەبری نێزەی برونزی دەیانکوژن، ئەو ئاخیانەی بەرگری لە کەشتییەکانیان دەکەن. هەر پێشگۆیەک شارەزای لێکدانەوەی ڕازە ئاسمانییەکان بێ، واهی شرۆڤەی ئەم ڕووداوە دەکات و خەڵکیش متمانەی پێدەکەن.

(٢٣٠) هیکتۆر مۆڕەیەکی لێکرد و گوتی: "بولیداماس، ئەم تێڕوانینەی تۆم. بەدڵ نییە، ئەگەر بتەوێ تێڕوانین و خوێندنەوەی لەمە باشتر هەیە. خۆ ئەگەر ئەم قسەیەت بەڕاستی و بەجددی بێ مانای وایە خواوەندان ئەقڵیان تێکداوی، چونکە من وای دەبینم کە تۆ داوام لێدەکەی ئامۆژگاری وبەڵێنەکانی زیوسی خواوەندی بروسکە و چەخماخە وهەنگامە ئەنگێز، ئەو بەڵێنەی بەخۆی دایمێ و سەری ڕەزامەندی بۆ جێبەجێکردنی لەقاند، لەبیر بکەم. تۆ داوام

لێدەکەی باوەڕ بەداڵشانی باڵ درێژ بکەم، کە نەدەمەوێ بیریان لێبکەمەوە، نەکەمترین نیگەرانی و ترسم لێیان هەبێ، بەڵامەوە یەکسانە بەلای ڕاستا بەرەو سپێدە و هەتاو بفڕێ یان بەلای چەپدا و بەرەو تاریکی و خۆرئاوا بفڕێت. ئێمە دەبێ پابەندی گوێڕایەڵی ئامۆژگاری و بەڵێنەکانی زیوسی مەزن، سەرداری هەموو بەشەرێن فانی و هەموو نەمران بین. باشترین فاڵ و تێڕوانی ئەوەیە مرۆڤ لە پێناوی ولاتی خۆیدا بخەبتێ. نازانم بۆچی تۆ لەشەڕ و کوشتار دەترسیت؟... تەنانەت گەر قەرار وابێ هەر هەموومان لە دەوروبەری کەشتی ئاخییەکان بکوژرێین، ئەوا تۆی تیانیت، چونکە تۆ پیاوی کوشت و کوشتار نیت و زاتی شەڕت نییە و تا هەڵاتن وەستا بێ... ئەگەر حەزدەکەیت شەڕ مەکە، بەڵام ئەگەر هەر جەنگاوەرێکی دی لەشەڕ سارد بکەیەوە، ئەوا ڕاستە و ڕاست پێت دەڵێم کە دەبی بەتێشوی نێزەی من و لە مردن ناخەلەسی."

(٢٥١) هیکتۆر ئەو قسانەی کرد وکەوتە پێشڕەوی، تەروادەییەکان بەدەم هورا وهەرایەکی سەیرەوە دوای کەوتن. زیوسی بروسکە بەدەست، لە لوتکەکانی ئیداوە باهۆزێکی هەڵکرد مەپرسە، تۆز و بایەکی چڕ سەری کەشتییەکانی گرت، بەم کارەی دڵی ئاخییەکانی سارد کردەوەو لە جۆش و خرۆشی خستن. سەرفرازی وشکۆ و سەرکەوتنی بەهیکتۆر و تەروادەییەکان بەخشی، ئیدی تەروادەییەکان بەپشتیوانی هێما ئاینی و سەیرەکانی زیوس و بەپشتیوانی هێز و بازووی خۆ کەوتنە هەوڵ وتەقەللای ئەوەی کە دیوارە مەزنەکەی ئاخییان بشکێنن وبڕوخێنن. سنگەکانیان دەرهێنا، کۆڵەکەکانی بورجەکەیان لەقاند، ئەو کۆڵەکانەی کە ئاخییەکان کردبوویان بەپشتیوانەی دیوارەکە. تەروادەییەکان ئەم کۆڵەکانەیان بەرەو لای خۆ ڕادەکێشا بەو ئومێدەی بەم شێوەیە بورجەکە دەڕوخێت. بەڵام دانایەکان بەم حاڵەشەوە هەر دەست بەردار نەدەبوون، بەسپەرە چەرمینەکانیانەوە سەنگەریان گرت، و کە تەروادەییەکان بە بن دیوارەکەدا دەهاتنە پێشێ، بارانی تیر و نێزەیان بەسەردا دەباراندن.

(٢٦٥) برایانی ئەجاکس بەدرێژایی دیوارەکەدا دەهاتن و دەچوون، خۆیان بەهەموو شوێنێکدا دەکرد، جەنگاوەرەکانیان هاندەدا و وڕەی ئاخییەکانیان بەرز دەکردەوە. بەقسەی خۆش و ستایش دڵی جەنگاوەرەکانیان بەدەست دێنا و ئەگەر یەکێکیان بدیبوایە کە دەیەوێ خۆی بدزێتەوە وشەڕ نەکات، دەکەوتنە سەرزەنشتی ودەیانگوت: "ئەی دۆستانی گریکی، ئەمڕۆ بۆ هەمووان ڕۆژی کار و هیمەتە، بۆ ناوداران و دلاوەرانی ئارگۆسی، هەروەها بۆ ئەوانەی لەڕیزی دووەما دێن، و تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لەو دوو پلەیە کەمترن، چونکە بەخۆتان دەزانن پیاوان لە جەنگدا، لەیەک ئاست و توانادا نین. کەواتە هیچ کەسێک، لە نەعرەتەی ترس ئەنگێز و سامناکی جەنگاوەرانی تەروادەیی نەترسێت و پاشەکشە نەکات و بۆلای کەشتییەکان نەگەڕێتەوە، هەموو پێکەوە، یەک دەست و یەک دەنگ، یەکتر هانبدەن و بەرەو پێش هێرش بەرن، بەو ئومێدەی زیوسی ئۆڵەمپی، خواوەندی بروسکە بەدەست، بەهاناتانەوە بێت، و هێز و توانای ئەوەمان بداتێ بەرپەرچی دژمن بدەینەوەو بەرەو شاریان بکەینەوە."

(۲۷۷) ئا بەو جۆرە برایانی ئەجاکس بەبانگ و هاوار ئاگری شەڕی ئاخییەکانیان خۆش کرد، وەکو چۆن لە ڕۆژێکی زستاندا گلێرە وتەرزە بەباوە دەباڕێ، کاتێ کە زیوسی بەردەبار، دەیەوێ تیری خۆی بۆ بەشەران بنوێنێ –جڵەوی بایان بەر دەدات، بەبەردەوامی تەرزە و گلێران دا دەکات، تا لوتکە بەرزەکانی کۆجاڕان و هەردە و باسکان، دەشتی سەوزەزاری بەپیت و بەرەکەتی داچێنراوی دەستی بەشەران دادەپۆشێت، ئەوجا بایەکەی دەخات و بەفر لە بەندەران و کەناری دەریا دەکەوێ، شەپۆل خۆی پێدا دەکێشێت و بۆ دووری ڕادەدات و هەموو شتەکانی دەوروبەر بە باسریشك پڕ دەبێتەوە، ئابەو ئاوایە هەردوولا، تەروادەیی و ئاخییان کەوتبوونە بەردەفڕکێ وبەردیان بەسەریەکدیدا دادەباراند و هەراوزەنایەکی سامناك لە دەوری دیوارەکە بەرپا بوو بوو.

(۲۹۰) لەگەڵ ئەوەشدا نە تەروادەییەکان و نە هیکتۆری مەزن تا ئەو کاتە نەیانتوانی دەروازەکان بشکێنن و کەلێن بخەنە دیوارەکە، چونکە هێشتا زیوسی بەردەبار، ساربیدونی کوڕی نەناردبوو، وەکو چۆن شێرێك بەردەبێتە گاگەلێکی سلۆك، بەو ئاوایە بەربێتە گیانی ئارگوسییەکان، بەڵام ساربیدون هەر کە ئیزنی وەرگرت یەکسەر سپەرەخڕەکەی دایە بەردەم خۆی، ئەو سپەرە جوان و پونزییەی کە بەچەکوش کوترابووەوە و هەموار کرابوو، ئەو ئاسنگەرەی کە کوتابوویەوە، ناوەکەی بەچەندین توێی چەرمەگا ئاخنی بوو، بەبزماری زێڕ ئەڵقا و ئەڵق دای کوتابوو.

(۲۹۸) ئەو سپەرەی لە بەردەم خۆیەوە بەرز کردەوەو جووتێ ڕمی بەدەستەوە گرتو کەوتە ڕاوەشاندنیان و ئەوجا ساڕپیدون وەکو شێرێکی پەروەردەی کۆجاڕان کە دەمێ بێ بەعەزرەتی گۆشت وڕاوەوە بێ ملی ڕێگەی گرت، و نەفسی تەمەحکاری هانیدا خۆی بەئاغەڵێکی مکومی پەزاندا بدات وپەلاماری ڕانەکە بدات، با شوانان بەسەگ و نێزەشەوە لە پاسەوانی ڕان و ئاغەڵەکەدا بن، ئەو هەر نەگەڕێتەوە یا خۆی بەڕانەکەدا دەدات و بەرخێك دەفڕێنێ، یان وەکو قارەمانێکی سەرامەد وپێشەنگ بەڕمی دەستێکی مەعلان دەپێکرێ. بەو ئاوایە ڕوحی ساڕپیدۆنی نیمچە خواوەند هانی دەدا کە پەلاماری دیوارەکە بدات و سەنگەرەکان تێك بشکێنێ. ئەوجا ڕووی دەمی کردە (گلوکوس)ی کوڕی هیبولوخوس و گوتی: "ئەی گلوکوس، بۆچی لە لیسیادا لە هەموو کەس زیاتر ڕێزی من و تۆ دەگیرێت، باشترین شوێنی خوان بۆ ئێمە دادەنرێ، باشترین خواردن و پڕترین جام لەبەردەم ئێمەدا دادەنەن؟ بۆچی هەموو خەڵکی وەکو خواوەند سەیری ئێمە دەکەن؟ وێڕای هەموو ئەمەش دەڤەرێکی بەرین و پان و پۆڕمان لە کەناڕێن ڕوباری ئیکسانتوس هەیە، کە هەر هەمووی ڕەز وبێستان و کێڵگەی گەنمە ،هەر هەمووی هی ئێمەیە، بۆیە دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی لیسیاییەکانەوە بجەنگین، تا بەیەکدی بڵێین: "ڕاستە سەرانی ئێمە لە لیسیادا بەرخی قەڵەو دەخۆن، باشترین بادە دەخۆنەوە، بادەی بەلەزەت وەکو هەنگوین، بەڵام لە شەڕو جەنگاوەریشدا دیارو لەبەر چاون، و لە ڕیزی پێشەوەی لیسیاییەکاندا دەجەنگن." ئاە ئەی دۆستی بەڕێز، ئەگەر بە خۆدزینەوە لەم شەڕە، بمان توانیبا لە پیری ومەرگ بخەلەسێین، من هەرگیز لە ڕیزەکانی پێشەوەدا نەدەجەنگیم و ناچار نەدەبووم تۆش بۆ مەیدانی شەڕ بنێرم تا سەرفرازی بدەست بێنی. بەڵام لەبەر ئەوەی مەرگ بەهەزار هەزار

شێوە بەسەر سەرمانەوە دەسوڕێتەوە، و هیچ بنیادەمێك نییە بتوانێ خۆی لێیان بدزێتەوە و هەڵێت، کەواتە با بەپێی خۆمان بەرەو پێشەوە بڕۆین، یا پاڵەوانێك بگەیەنینە شۆڕەت و سەرفرازی، یان ئێمە ئەو بکوژین و پێی بگەینە شۆڕەت و سەرفرازی."

(٣٣٩) ئەو قسانەی کرد و گلوکوس ملی دا، ئەوجا بەجووتە کەوتنە پێشی لەشکرێکی قەوغای لیسیان، مینلستیوسی کوڕی بیتیوس کە چاوی پێیان کەوت هەترەشی چوو، چونکە ئەو جووتە پەیامەرەی وێرانی و بەدبەختی، ڕاستە و ڕاست بەرەو ئەو بەشەی دیوارەکە، کە ئەو پاسەوانی دەکرد، دەهاتن. بەنیگەرانییەوە ڕوانییە سەرانسەری دیواری ئاخییەکان، ئێ بەڵکو یەکێك لە فەرماندەکان بدینێ و هاوڕێکانی لە تالوکە دەرباز بکات. برایانی ئاجاکسی بینی، ئەو جووتەی کە لە کوشت و کوشتار نە تێر دەبوون و نە ماندوو، هەروەها (توسیر)ش کە تۆزێ لەوەپێش لە سەراپەردەکەیەوە بۆ مەیدانی شەڕ هاتبوو، لە نزیکیانەوە وەستا بوو. بەڵام هەراو زەنایەکی وەهابوو ئەگەر بەهەمو هێزی خۆیشییەوە بانگی کردبان، دەنگی نەیاندەگەییشتێ.تەقو هوڕی پێکادانی سپەر وکلاوخود ونێزە وتیر، دەگەییە کەشکەشانی فەلەك. هەروەها تەق و هوڕی ئەو دەروازانەی کە داخرا بوون وتەروادەییەکان لە بەردەمیا وەستا بوون وهەوڵیان دەدا بیانشکێنن و بەتۆبزی کەلێنێکی تێ بخەن و وەژوور بکەون. بۆیە یەکسەر (توتیس)ی تەتەری بۆلای ئەجاکس نارد و گوتی: "ئەی توتیس–ی مەزن، خێرا بڕۆ ئەجاکس بانگ بکە، ئەگەر بتوانی هەردوکیان بانگ بکەی باشترە، پێیان بڵێ فریامان بکەون دەنا هەموو شتێك لێرە هەرەس دێنێ. سەرانی لیسیایی تەواو تەنگیان پێ هەڵچنیوین، ئەمانە لە کۆنەوە بەشەڕکەری وشەڕڤانی بەناوبانگن. خۆ ئەگەر لەوێش شەڕ گەرمە، بەلای کەمەوە، با ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون بەتەنیا بێتە هیمدادمان، با (تیوسیر)ی کەواندار ی زەبەردەستیش لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

(٣٥١) قسەکانی ئەوی هەڵگرت و بەڕاکردن بەپەنای دیواری ئاخییەکاندا بۆی دەرچوو. کە گەییە نك جووتە ئاجاکس وەستاو خێرا پێی گوتن: ئەی سەروەرانی لیسیان، کوڕەکەی پیتیوس داواتان لێدەکات کە بچن بۆلای ئەو تا ماوەیەك یارمەتی بدەن. ئەگەر دەتوانن هەردوکتان بڕۆن باشترە، دەنا کار لەکار دەترازێ و بەو زووانە هەموو شتێك کۆتایی دێت، سەرانی لیسیایی تەواو تەنگیان پێ هەڵچنیوین، ئەوانە هەر لە کۆنەوە شەڕڤان و پیاوی مەیدان بوون، خۆ ئەگەر بەخۆیشتان گیرۆدەی شەڕ وشۆڕن، هەرچۆنێك بووە با ئەجاکسی کوڕی تیلامون بێت، با (تیوسیر)ی کەواندار ی زەبەردەستیش لەگەڵیا بێت."

(٣٦٤) ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون یەکسەر پەیامەکەی وەرگرت و دەست بەجێ ڕوویکردە کوڕی ئولیوس و گوتی: "تۆ و لیکومیدیسی شێرە پیاو لێرە بمێننەوەو کارێکی وەها بکەن دانایییەکان شەڕ بکەن ئەمما شەڕ. من دەچم بۆ ئەوێ و شەڕی لیسیان دەکەم، هەر کە لەشکرەکەمان لە خەتەر خەلەسی و پێویستیان بەیارەدەی من نەما بەپەلە بۆ ئێرە دەگەڕێمەوە."

(٣٧٠) ئەجاکسی کوڕی تیلامون ئەوەی گوت و بۆی دەرچوو، تیوسیری باوك براشی لەگەڵیا چوو. (پاندیون)ش لەگەڵیاندا چوو و کەوانە کەمەییەکەی تیوسیری هەڵگرت. بەپەنا دیوارەکەدا

ڕۆیشتن و گەییشتنە ئەو شوێنەی کە مینیتیوس بەرگری لێدەکرد، هێزەکەی مینیتیوس شەکەت و ماندوو بوو. سەران و شێرەتکارانی لیسیان وەکو گێژەڵوکەیەکی ڕەش خۆیان بەسەنگەرەکاندا دەدا، لێرەدا تووشی یەکدی بوون و شەڕێکی توند دەستی پێکرد و نەعرەتەی جەنگ بەرز بووەوە

(٣٧٨) ئەجاکسی کوڕی تیلامون، هەوەڵجار ئیپیکلیسی، جەنگاوەرە ئازاکەی دۆستی سارپیدۆنی کوشت، بەگاشە بەردێکی ناقۆڵای ئەوتۆ، کە پیاوانی ئەم ڕۆژگارە، تەنانەت لە تافی لاوییشدا، بەئاسانی ناتوانن هەڵیگرن. کوشتی. ئەجاکس ئەو بەردەی لە سەنگەرەکانی سەر دیوار و بورجەکانەوە هەڵگرت و تێی سرەواند. و کلاوخودە چوار قوببەییەکەی ئیپیکلیسی ورد و خاش کرد ومێشکی ئەو جەنگاوەرەی پرژاندو وەکو مەلەوانێك خۆی هەڵداتە ئاوەوە، لەو سەرەوە کەوتە خوارەوە و گیانی دەرچوو. بەڵام تیوسیر، کەبینی گلوکۆسی دلاوەری کوڕی هیبولوخوس بێ باکانە هێرشیان بۆ دێنێ،و سەیری کرد بازووی ڕوتەو هیچ زرێیەکی پێوەنییە، نیشانەی لێگر تەوەو بریندارى کردو بەمە لە شەڕەکەی دوور خستەوە، گلاوکوس بە دزییەوە خۆی لە دیوارەکەوە هەڵدایە خوارێ، تا نەوەك یەکێك لە ئاخییەکان بە بریندارى بیدینێ و بییەوێ بیکوژێ و شانازی و سەرفرازییەك لەسەر حەساوی ئەو بۆ خۆی بەدەست بێنێ. بەڵام ساربیدون هەر کە بینی گلاوکوس لە دیوارەکە خۆی هەڵدایە خوارێ و مەیدانی چۆڵ کرد، زۆر خەمناك بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا وەی بەرنەداو دەستی لەشەڕ هەڵنەگرت، نێزەیەکی سرەواندە ئەلکماوونی کوڕی نەستور و نێزەکەی پێدا چەقی و ئەوجا نێزەکەی ڕاکێشاو ئەلکماوون بەدەم ڕاکێشانی نێزەکەوە هات و بەسەرسەرا کەوت و تەق وهوڕ لە چەکەمەنییە برونزییەکانی بەرز بووەوە.ئەوسا سارپیدون بەهەردووك دەست لە یەکێك لە سەنگەرەکانی سەر دیوارەکە نەوی، سەنگەرەکە لەژێرەوە هەڵکەندرا، و سەر دیوارەکە هیچی پێوە نەماو کەلێنێك لەبەردەم ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکاندا کرایەوە.

(٤٠٠) ئەجاکس و تیوسیر هاوزەمان هێرشیان بۆ سارپیدون برد. تیوسیر تیرێکی هاویشتێ بەر بەندی درەخشانی سینەبەندەکەی کەوت. بەڵام زیوس دێوانی مەرگی لە کوڕەکەی دوورخستنەوە، تا لەبەر کەشتییەکاندا نەکوژرێ. هەنگێ ئەجاکس پەلاماری دایێ و نێزەیەکی بەسپەرەکەیدا کێشا، بەڵام سەری نێزەکە سپەرەکەی نەبڕی و نەچووە ژوورەوە، ڵێ لە هێرش و پەلاماری خست. سارپیدون کەمێك لە سەنگەرەکە دوورکەوتەوە، ئەگەرچی بەتەواوەتی چۆڵی نەکرد، چونکە لە کانگەی دڵەوە بەهومێدی وەدەست هێنانی شکۆ و سەرفرازی بوو. ئەوجا ئاوڕی دایەوەو هاواری لە لیسییەکان کرد و گوتی: "ئەی لیسیان بۆچی ساردبوونەتەوە، کوا دلاوەری و ئازایەتییەکەتان؟ من کەلێنێکم خستووەتە دیوارەکەوە، جا چەند بەهێز و توانابم زەحمەتە بتوانم بەتەنیا ڕێگەتان تالای کەشتییەکان بۆ بکەمەوە. وەرن باپێکەوە هێرش بەرین، تا زیاتر بین، کارەکە ئاسانتر دەبێت."

(٤١٣) لیسییەکان لە سەرزەنشتەکانی پاشاکەیان شەرمەزار بوون و بەتین و تاوێکی زیاترەوە لە دەوری خواوەندو ڕابەرەکەیان خڕبوونەوەو کەوتنە شەڕ. ئارگۆسییەکانیش لەودیوی

دیوارەکەوە جەنگاوەرەکانی خۆیان تەیار دەکرد وسەنگەرەکانیان قایم دەکرد. کاری هەردوولایان قورس ودژوار بوو. لیسیان، ئەو جەنگاوەرە بە زەبرانە، دوای ئەوەی کەلێنێکیان خستە دیوارەکە، نەیاندەتوانی ڕێگە بۆلای کەشتییەکان بکەنەوە، نێزەوانانی دانایییش نەیاندەتوانی لیسییەکان لەم دیوارە، کە تەواو لێی نزیك بوو بوونەوە، دوور بخەنەوە و بیان ڕەتێنن. بەڵام وەکو چۆن دوو پیاوی ئەندازە بەدەست لەسەر زناك و بەردی نیشانەی بەینی دوو کێڵگەی هاوبەش بەشەڕ دێن و کەسیان دەستبەرداری هەقی خۆیان نابێ و شەڕەکەیان لەسەر بستۆکەیەك زەوییە، ئا بەو جۆرە تەنیا پەنامگەیەك دوو لەشکرەکەی لێکدی جیادەکردەوە. لەسەر ئەم سەنگەر و پەنامگایەوە تیر و نێزەیان بە سپەرێن سەنگین وسینەبەندی یەکتردا دەدا، زۆربوون ئەوانەی کە برونزی دڵڕەق چوو بوو بەجەستەیاندا وبرینداری کردبوون. هەندێ لە جەنگاوەرەکان کە بەدەم شەڕەوە وەرچەرخابوون، لە پشتەوە لێدرابوون و بریندار بووبوون، هەندێکی دیکەش کە ژمارەیان زۆر زیاتر بوو، بەو تیر و نێزانەی کە سپەرەکانی بڕی بوون و لەشی سمی بوون، ئاسیویان پێ گەیی بوو، پەنامگاکە وسەنگەرەکان لە هەموو لایەکەوە خڵتانی خوێن بوون و خوێنیان لێ دەچکا، خوێنی بەشەر، خوێنی جەنگاوەرانی هەردوو لەشکرەکە، تەروادەیی و ئاخییەکان. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، تەروادەییەکان هەرچیان دەکرد ودەکۆشا، نەیاندەتوانی ئاخییەکان بتارێنن و ڕاوبنەن. هەردوو لایان بەرانبەر بەیەکتر وەستا بوون. وەکو چۆن ژنێکی ئیشکەری تەشی ڕێسی ئابڕومەندی بەئینسافی ڕاستی پەروەری دروستکار تەرازوویەك بەدەستەوە دەگرێت و ئەو خوریەی کە گوزەرانی لە سەرێتی دەکێشێ وسەنگەکە دەخاتە تایەکی و خورییەکە دەخاتە تایەکەی تری و دەیەوێ هاوسەنگی بکات، تا پارەیەکی کەم بۆ منالّەکانی بەدەست بێنێ، بەو ئاوایە شەڕەکەیان هاوتاو هاوسەنگ بوو، هەردوو تاکی تەرازووی شەڕەکەیان بێ کەم و بێ زیاد بەرانبەر بوو، تا زیوس، تای تەرازووی شکۆ و سەرکەوتنی بەلای هیکتۆری کوڕی پریام دا قورس کرد و یەکەم کەس بوو لە دیواری ئاخییەکانەوە ئاودیو بوو و لە نەعرەتەی داو تەروادەییەکانی بانگ کرد: "ئەی تەروادەییان، ئەی سوارچاکان، ڕامکەری ئەسپان. هەڕنە پێش، دیواری ئاخییەکان بڕوخێنن، کەشتییەکانیان بسوتێنن."

(٤٤٢) بەو شێوەیە هاواری لێکردن و جۆشیدان، هەموو گوێڕایەڵ و یەکپارچە بەرەو دیوارەکە هێرشیان برد، وەدەست بەڕم و نێزە پەلاماری مەتەرێزەکانیان دا. هیکتۆر پڕیدایە گاشە بەردێك کە لەبەر دەروازەکەدا کەوتبوو، هەڵیگرت. گاشەکە لەژێرەوە پان و لەسەروە تیژ بوو، ئەم بەردە هێندە گەورە بوو بەئاسانی بەدوو زەلامی هەرە بەهێزی وەکو زەلامانی ئەم ڕۆژگارە هەڵنەدەگیرا تا لە عەرەبانەیەك باری بکەن. بەڵام هیکتۆر بەتاقی تەنیاو بەئاسانی هەڵیگرت، چونکە زیوسی بەردەباری فرە ڕاوتەگبیر، بۆی سووك کردبوو، وەکو چۆن شوانێك بەدەستێك خوری بەرانێك دەگرێت، و هەڵیدەگرێت و بەباریکی قورسی نازانێ، بەو ئاوایە هیکتۆر ئەو گاشە بەردەی بەئاسانی هەڵگرت بەرەودەروازە بەرزەکە هات،

(٤٥٥) تا ئەو دەروازە دەرەکییەی کە دەرگاکانی ناوەوەی دەپاراست پێ بشکێنێ، ئەم دەرگایانە دەرگای دووتاکی بەرز و مکوم بوون و لەناوەوە بەدوو کێلون و قفڵێك داخرابوون. هیکتۆر بەردەکەی هێناو لە نزیکی ئەم دەروازەیە وەستا، لاقی لێ بڵاوکردەوە، ئەژنۆکانی ڕاست کردەوە، ئەوپەڕی هێزی دایە خۆ، ڕێك کێشای بەناوەڕاستی دەرگاکەدا، دوو شیش و قفڵەکە شکان، بەردەکە بەهەموو قورسییەکی خۆیەوە لە دەرگاکە وەژوورکەوت و تەق و هوڕ لە دەرگاکە هەستا، شیشەکان بەرگەیان نەگرت، دەرگاکان لە گرێژنە دەرچوون و هەر لەتێکی بەلایەکدا پەڕی. هەنگێ هیکتۆری دلاوەر وەکو شەوێکی تاریك و ناگەهانی خۆی بەژووردا کرد، سەراپای لە برونزا دەبریقایەوە ودوو نێزەی بەدەستەوە بوو، کە خۆی هەڵدایە ئەودیوی دەروازەکانەوە هیچ کەسێك، جگە لە خواوەندان، نەیدەتوانی ڕووبەڕووی بوەستێ و نەیەڵێ پێشڕەوی بکات! لەو کاتەدا کە بەتاو لە دەروازەکە تێدەپەڕی ئاگرێکی سامناك لە چاوانی دەباری، ئاوڕێکی لە ئاپۆڕەی تەروادەییەکان دایەوە و فەرمانی دانێ کە لە دیوارەکەوە سەرکەون. یەکسەر فرمانەکەیان جێبەجێکرد. یەکسەر جماعەتێك بەدیوارەکەدا سەرکەوتن و هەندێکی دی لە دەروازە مکومەکەوە وەژوورکەوتن. هەنگێ دانایەکان بەشەپرێوی و ترسێکی زۆرەوە و بەرەو کەشتییەکانیان هەڵاتن و هەراو زەناو پەشێوییەکی زۆر لە هەموو لایەکەوە هەستا.

سرودی سیانزەیەم

شەڕی بەردەم کەشتییەکان

حیکایەتەکە:

زیوس پێی وابوو هیکتۆری گەیاندوەتە پێگەیەك دەتوانێ سەرکەوتن بەسەر ئاخییەکاندا بەدەست بێنێ. بۆیە دڵنیابوو کە هیچ یەکێك لە خواوەندەکان خۆ لەو شەڕە هەڵناقورتێنن. لێ پوسیدون، خواوەندی بومەلەرزە، بالادەستی تەروادەییەکانی پێ قووت نەچوو، لە ڕەفتاری زیوس پەست بوو، لە کۆشکەکەی کە لەژێر دەریادا بوو، هاتەدەرێ و گالیسکەکەی ئامادەکرد و بەپەلە ڕۆیی تا تای تەرازووەکە، بەرلەوەی هیکتۆر. ئاخییەکان لەناو بەرێ و کەشتییەکانیان بسوتێنێ، هاوسەنگ بکاتەوە. ئیدی هەموو زندەوەرانی دەریا بەدەم ستڕین و ڕەقسینەوە بەگەڵ خواوەندەکەیان کە بەگالیسکە دەریای دەبڕی، کەوتن.پوسیدون خۆی خستە هەیئەتی کالخاسی تێڕوانەوە و کەوتە جۆشدانی ئاخییەکان و بەرزکردنەوەی ورەیان. ئیدی ئاخییەکان دوای ئەوە پشوویەکیان وەبەر هاتەوە و توانیان ڕێگەی پێشڕەوی زیاتر لە تەروادەییەکان بگرن. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ جووتە ئاجاکس (ئەجاکسی کوڕی تیلامون و ئەجاکسی کوڕی ئویلیوس) کە زانیان پوسیدون بەدەنگی کالخاسی تێڕوان (غەیبزان) قسان دەکات. بەقسەکانی وی هێزیان تێگەڕاو بەهەموو توانایانەوە چوونە شەڕەکەوە، پوسیدون کە ئەمفیماخۆسی کوڕی دەکوژرێ زۆر بێزار دەبێت، بۆیە ڕووی دەمی کردە ئاخییەکان و بەدەنگی (تاوس)ی کوڕی ئەندریمون دواندنی و هانیدان، بەڵکو هەندێ شێوازی فێرکردن کە چۆن زیان بەتەروادەییەکان بگەیەنن، شەڕ گەرم بوو و گەلێك لە تەروادەییەکان کوژران، بەڵام وێڕای ئەمەش پاشەکشەیان نەکرد، ئەگەرچی پێشڕەویشیان نەکرد.دیفوپوس هانا بۆ ئینیاس دەبا کە (ئەلکاتوس)ی زاوای لە

شەڕگەکە دوور بخاتەوە، کوشتارێکی توند لەو دەڤەرەدا دەکرێت و ئینیاس دکارێت ئاخییەکان بداتە داوە. بەڵام بارودۆخەکە خراپ و خراپتر بوو، پولیداماس ناچار بوو واقیعە نالەبارەکە بۆ تەروادەییەکان باس بکات، و ئەوە نیشان بدات کە چۆن هیکتۆر کەوتۆتە ناوجەرگەی شەڕێکەوە و وەکو ئەوەیە بازنەیەکی ئاگر دەوری دابێ. جا مادامێکی تەروادەییەکان ئێستا دەتوانن پاشەکشە بکەن، با بەرلەوەی ڕێگەی پاشەکشەیان لێ بگیرێ و کۆتاییان بێت، پاشەکشە بکەن. داوای لە هیکتۆر کرد کە فەرماندەکان لەبەرەکانی دواوە خڕ بکاتەوە و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات. هیکتۆر قەناعەت بەم بۆچوونە بەجێیە دەکات، بەسەر ڕیزەکانی پێشەوەدا دەگەڕێ و ئەلکساندەر (پاریس)ی بۆ دەبینێ و سەرزەنشتی دەکات، بەڵام پاریس بەرگری لەخۆی دەکات و دەڵێت ڕەنگە لە ڕۆژێکی غەیری ئەم ڕۆژەدا نەچووبایە شەڕەوە، بەڵام لەم ڕۆژەدا بۆیە شەڕ دەکات چونکە خەتەری بارودۆخەکە دەزانێ. گفتوگۆیەك دەکەوێتە نێوان ئەجاکسی کوڕی تیلامون و هیکتۆرەوە و هەردوکیان هەڕو گەڤ لێکدی دەکەن: ئەجاکس هەڕەشەی وێرانکردنی تەروادە دەکات و هیکتۆر هەڕەشەی سوتاندنی کەشتییەکان و لەنێو بردنی ئاخییەکان دەکات. لەو دەمانەدا تەیرێك لەقۆڵی ڕاستەوە دەفڕێ و هەموو ئاخییەکان ئەمە بەمژدەی خۆشی دەزانن و پێی کەیف خۆش دەبن، وا مەزەندە دەکەن کە زیوس ئێستا بڕیاری داوە سەرکەوتنیان بەنسیب بکات، بەڵام زیوس بڕیاری وای نەدابوو. لایەنگری تەروادەییەکان بوو.

زەمەن:

ڕۆژی بیست و هەشتەمی گێڕانەوە هۆمەرییەکەیە.

شوێن:

ڕووداوەکان لەنێوان دیوارەکە و کەشتی گریکەکاندا ڕوودەدەن، تەنیا دەرچوونی پوسیدون بەگالیسکەکەی لە دەریاوە، نەبێ.

(١) زیوس، کاتێ کە هیکتۆر و تەروادەییەکانی گەیاندنە نزیکی کەشتییەکان، دەست بەرداریان بوو تامزۆلی شەڕی لە پەستاو بێ بڕانەوەی خۆیان بن، ئەوجا چاوە پرشنگدارەکانی لەوان گواستەوە، تا لە دوورەوە بڕوانێتە ولاتی تراسیانی سوارچاك، ولاتی میسیانی ئەهلی دوئێلان، ولاتی هیپوملگانی ناودار کە خواردنیان شیری ماینان بوو، و ولاتی ئابییان کە ڕاستترین و دادوەرترین خەڵکانی ڕووی زەوی بوون. چیتر بەچاوە پرشنگدارەکانی نەیدەڕوانییە تەروادە، چونکە وای زەن دەکرد کە لەوە بەدواوە هیچ خواوەندێك ناچێتە هیمدادی تەروادەییەکان یان دانایەکان.

(١٠) لێ پوسیدونی خواوەندی بوومەلەرزە. هەر چاوی لە شەڕگەکە و کوشت و کوشتارەکە بوو، لەسەر بەرزترین لوتکەی ساموس، ساموس تراس، کە کۆجاڕێکی چڕە دارستان و بێشەلان بوو، دانیشتبوو و دەیڕوانیە شەڕەکە، لەوێندەرەوە هەر هەموو ئیدا و شاری پڕیام و کەشتی ئاخییەکانی دەبینێ. بەڵێ لە دەریا هاتبووە دەرێ و لەوێ ڕۆنیشتبوو. دڵی بەو ئاخییانەی کە لەبەر تەروادەییەکان شکابوون دەسووتا، زۆر لە زیوس توڕە بوو.

(١٧) یەکسەر لە لوتکەی کۆسارە هەزار بە هەزارەکەوە داگەڕا، زۆر بەلەز هەنگاوی دەناو دەچووە پێشێ، چیایە بەرز و لێڕەواڕە چڕەکان لەژێر هەنگاوە خواوەندانەکەیدا هاتنە لەرزین. سێ هەنگاوی هەڕاوی نا. لە چوارەمین هەنگاودا گەییە جێی مەبەست: گەییە ئیگ، کە لەوێدا لە قوڵایی دەریادا، کۆشکێکی بەشکۆی زێڕینی بەبریق و باقی جاویدانی بۆ خۆی دروست کردبوو. کە گەییە ئەوێندەر جووتە ئەسپە برونزینەسم و ڕەهوان و زێڕین یاڵەکانی لە عەرەبانەکە بەست.

(٢٥) بەخۆیشی جلێکی سەراپا زێڕی لەبەرکرد. قامچییەکی زێڕینی، کە زۆر هونەرمەندانە دروست کرابوو، گرتە دەست، سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە، بەسەر شەپۆلەکاندا و بەچوار نالّە کەوتە ڕێ. لە ڕێگەیدا هەرچی گیانەوەرانی دەریایی هەبوو لە هەموو لایەکەوە دەرپەڕین و لە قوڵایی دەریاوە هاتنە دەرێ، چونکە هەموویان پاشا وسەرداری خۆیان دەناسییەوە. دەریا بەخۆشحاڵییەوە لەبەردەمیا کرایەوە، ئا بەو جۆرە ئەسپەکان وەکو با بۆی دەرچوون، هێندە خێرا دەڕۆیین کە چێوەی برونزینی تەگەرەکانی تەڕ نەدەبوو. بەو چەشنە ئەسپە بەشکۆکان خاوەنەکەیان بەرەو کەشتی ئاخییەکان دەبرد.

(٣٢) لە قوڵایی دەریادا و لەنیوەی ڕێگەدا، لەنێوان تینیدوس و ئیمبروسدا، ئەشکەوتێکی گەورە هەبوو. پوسیدونی خواوەندی بوومەلەرزە، لەوێ ئەسپەکانی ڕاگرت، لە گالیسکەکەی کردنەوە، ئاڵفێکی خوایی کردە بەریان تا بلەوەڕن، پێوەندی زێڕینی لە شکان نەهاتوو و لە کرانەوە نەهاتووی خستە پێیان، تا بێ هیچ جوڵەیەک لەوێ، لەو شوێنەدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی خاوەند پوسیدونی خاوەنیان بکەن. دوای ئەوە بەخۆیشی بەرەو لەشکری ئاخییەکان چوو.

(٣٩) تەروادەییەکان کە هەموو خڕ بووبوونەوە و میناکی گڕو بڵێسەی مەشخەڵان یان تۆف و زریان دوای هیکتۆر کەوتبوون، بەجۆش و خرۆشەوە دەجەنگین و نەعرەتەیان دەکێشا، پێیان وابوو دەست بەسەر کەشتی ئاخییەکاندا دەگرن و هەموو قارەمان و سەرکردەکانیان لەوێدا، لە نزیکی کەشتییەکاندا دەکوژن. بەڵام پوسیدون، ئەو خواوەندەی کە زەوی لە باوەش دەگرێ و دەی لەرزێنێ، ئارگۆسییەکانی بۆ شەڕ دندە دەدا، تازە لە قوڵایی دەریاوە هاتبووە دەرێ و ڕەنگ و دەنگی کالخاسی تێڕوانی گرتبووە خۆ تا بەرەنگ و دەنگی ئەو ئاخییەکان بدوێنێ.

(٤٦) هەوەڵجار ڕووی کردە جووتە ئاجاکس، کە بەخۆیان تاسەمەندو تامەزرۆی شەڕ و بەرگری بوون و گوتی: "ئەی جووتە ئاجاکس، ئەگەر ئێوە بیر لە دلاوەری و قارەمانێتی بکەنەوە، نەک هەڵاتنی خەتەرناک، دەتوانن لەشکری ئاخییان لە فەوتان ڕزگار بکەن. من ترسی ئەوەم نییە تەروادەییەکان کە بەزۆر هاتونەتە سەر دیوارەکە، لە هیچ شوێنێکی دیکە سەربکەون، چونکە ئاخییانی ئازا ڕووبەڕوویان دەبنەوە و ڕێگەی پێشڕەویان لێدەگرن، بەڵام من لێرە دەترسم، دەترسم بەڵایەکمان بەسەردا بێ، چونکە ئەم کابرا سەرشێتە کە دەڵێی مەشخەڵانی ئاگرە، لەم قۆڵەوە ڕابەرایەتی تەروادەییەکان دەکات و فەرمانی هێرشی داوە، مەبەستم هیکتۆری مەزنە کە خۆی هەڵدەنێ و لافی ئەوە لێدەدا کە کوڕی زیوسی هەرە بەتوانایە. بەڵام دوورنییە خواوەندێك دەرفەت بێنێ و دندەتان بدات کە دلێرانە پایەداری بکەن و فرمان بەجەنگاوەرەکانی دیکەش

بدات چاو لە ئێوە بکەن، جا لەم حاڵەدا دەتوانن هیکتۆر بەهەموو هێز و توانا و جۆش و خرۆش و ئازایەتییەکیەوە لە کەشتییەکان دوور بخەنەوە.. تەنانەت ئەگەر ئولومپی (زیوس) بەخۆی جۆشی بدات و هێزی پێ ببەخشێت."

(٥٩) خواوەندی بوومەلەرزە ئەو قسانەی کرد و گۆچانی فەرمانڕەواییەکەی بەهەردوو قارەمانا کێشا، دڵی پڕکردن لە جۆش و خرۆش و تین و تاوی شەڕ. ئەوجا سووکی و گورجی بەدەست و پێو لاق وجەستەیان بەخشی. ئەوسا وەکو چۆن بازێکی تیژ باڵ بەسەر چیایەکی بەرز بەرزەوە بەهەردوو باڵ هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێ و لەنگەر دەگرێ، ئەوجا بەوپەڕی خێرایی بەدوی تەیرێکی دیکەدا بەرەو دەشتایی دادەگەڕێ، بەو ئاوایە بۆی دەرچوو و لە چاوان وون بوو. هەوەڵجار ئەجاکسی تیژڕەو، ئەجاکسی کوڕی ئولیوس، ئەوی ناسییەوە. یەکسەر بەئەجاکسی کوڕی تیلامونی گوت: "ئەجاکس ئەوەی داوای لێدەکردین بەرگری لە کەشتییەکانمان بکەین، یەکێك بوو لە خواوەندەکانی ئۆڵەمپ، کالخاسی تێڕوان و پێشگۆ نەبوو، کاتێ کە ڕۆیی لە پشتەوە ناسیمەوە، خواوەندان بەرەفتاری خودایانەی لاق و پێیان دا بەئاسانی دەناسرێنەوە. سەیرە دڵم لە جاران زیاتر ئارەزوومەندی شەڕ وکوشتارە، لاقەکانم لە خوارەوە و دەستەکانم لەسەرەوە تامەزرۆی شەڕن."

(٧٦) ئەجاکسی کوڕی تیلامون پەرسڤی دایەوە: "منیش هەستدەکەم دەستەکانم لە جاران زیاتر تامەزرۆی گرتنی نێزەکەمن، هەستدەکەم لە جاران بەهێزتر بووم. لاقەکانم بەرەو شەڕ بکێشم دەکەن.تەنانەت تاسەمەندی ئەوەم بەتاقی تەنێ ڕووبەڕووی هیکتۆری کوڕی پریام ببمەوە، هیکتۆری هەمیشە پڕ جۆش و خرۆش، ببمەوە و شەڕی تەن بەتەنی لەگەڵ بکەم."

(٨١) ئەو جووتە جەنگاوەرەی کە خواوەند دڵی پڕ لە تین و تاوی شەڕ کردبوون بەو ئاوایە یەکتریان دەدواند. لەم کاتەدا خواوەندی پاریزەری زەوی، چوو بۆلای ئەو ئارگۆسییانەی لەبەرەی دواوە و لای کەشتییەکان ماندویەتیان دەردەکرد، کەوتە هاندانیان. ئەو ئارگۆسییانەی کە لە شەکەتیدا چوارپەلیان سست بوو بوو، و بەدیتنی تەروادەییەکان کە بەکۆمەڵ لە دیوارە مەزنەکە پەڕی بوونەوە، دڵیان پڕ لە خەم و پەژارە بووبوو، کە دەیانڕوانییە ئەو تەروادەییانە و ئومێدی ئەوەیان نەبوو لە بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشی ڕزگار ببن، خوڕ خوڕ فرمێسك بەچاویاندا دەهاتە خوارێ. بەڵام خودانی بوومەلەرزان بەپەلە بەناویان کەوت و گروپە بەهێزەکانی بۆ جەنگ و بەرگری و هێرش هاندەدان.

(٩١) هەوەڵجار چوو بۆ لای تیوسیر و لیتوس و، بینیلوسی قارەمان، تواس و دیبیروس و میریونیس و ئەنتیلوخوسی نەعرەتە کێشانی جەنگان، بەم قسە ڕوون و ڕەوانانە کەوتە جۆشدان و دنەدانیان: "ئەی لاوانی ئاخیایی شەرم بتانگرێ! من دڵنیام کە ئەگەر بجەنگن، کەشتییەکانمان ڕزگار دەبن،

(٩٧) بەڵام ئەگەر خۆ لەشەڕ بدزنەوە و سستی بنوێنن، ئەوا ئەمڕۆ دەبێ بەڕۆژی تەروادەییەکان و گاڵەمان پێدەکەن! ئاە، خودایا من چی دەبینم، دیاردەیەکی فرە ترسناك دەبینم، هەرگیز تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم حاڵە ڕووبدات: تەروادەییەکان گەییونەتە نزیکی

کەشتییەکانمان! ئەو تەروادەییانەی کە جاران لەو ڕەوە ئاسکە سلۆکانە دەچوون، لە بێشە و لێڕەواراندا، دەبوون بەنێچیر و تێشووی خۆراکی تۆڕی و پڵنگ و گورگان، و ئەو ئاسکانەی بۆ ئەوە لە دایك بوون تا سەرگەردان و بێ ئامانج ڕوو بکەنە هەر لایەك، بەدوور لە ئازایەتی و بێ بەهرە لە شادی بژین، شادیی جۆش و خرۆشی جەنگ. تەروادەییەکان بەو ئاوایە و بەهەمان شێوە، بەلای کەمەوە تا ئێستا، نەیاندەتوانی لە هەنبەر هێزی بازووی ئاخییان و بەزم و ڕەزمی شەڕی ئەواندا، تەنانەت بۆ دەمێکیش بوەستن و پایەداری بکەن. کەچی ئێستاکێ لە دووری شارەکەی خۆیاندا و لە نزیکی کەشتییەکانی ئێمەدا دەجەنگن! دیارە بێ ئەزمونی سەردار و تەمەڵی و خەمساردی جەنگاوەرانی ئاخیایی کە لە سەردارەکەیان پەستن و لە ڕقی ئەو خۆ لەشەڕ دەدزنەوە و مل نادەن بەرگری لە کەشتیە تیژڕۆکان بکەن، تەروادەییەکانی بەسەرا دلێر و ئازا کردوین، و ئاخییەکان خۆیان داوەتە پاڵ کەشتییەکان تا ببنە تۆپشوی تیغی تەروادەییەکان. بەڵام ئەگەر ئاگامەمنونیش لە سنوری خۆی دەرچووبێ و ئەخیلوسی مەزنی کوڕی بیلیوسی ڕەنجاندبێ و سوکایەتی پێ کردبێ و سەرچاوەی ئەم کارەساتەمان بێ، ئەوا ئێمە هەقی ئەوەمان نییە دەستبەرداری جەنگ بین. با تا زووە ئەم دەردە لە خۆماندا تیمار بکەین، دڵی دلێران زوو ساڕێژ دەبێ. هەڵبەتە سستی و خۆ دزینەوە بۆ ئێوە نەهاتووە و شەرم و نەنگێکی گەورەیە، چونکە ئێوە ئازاترین خەڵکانی ناو لەشکرەکەن! من گازاندە لە کەسێکی ترسنۆك و تەمەڵ کە خۆی لە شەڕ بدزێتەوە ناکەم و لێی زویر نابم، چونکە یەکجار ترسنۆك و زەبوونە و تەواو، بەڵام سەبارەت بەئێوە، من لە کانگەی دڵمەوە لێتان تووڕەم ئەی خەمساردانی تەمەڵ. ئێوە بەم خەمساردییە هێندەی دی بارمان گران دەکەن! بیر بکەنەوە، با هەر کەسە و لەلای خۆیەوە بیر لەو نەنگ و شەرمەزراییە بکاتەوە کە بەسەرمان دێت، شەڕێکی قورس لە ئارادایە و دەستی پێکردووە. هیکتۆری فیلەتەن، ئەو جەنگاوەرە دلێرە، ئەو نەعرەتە کێشەی مەیدانی شەڕ، شەڕی هێناوەتە نزیکی کەشتییەکانی ئێمە، دەروازە و دەرگاکانی شکاندوە و

(١٢٥) پوسیدون بەو جۆرە قسەی بۆ ئاخییەکان کرد و بۆ شەڕ و پێشڕەوی هاندان. ئازاترین جەنگاوەران لە دەوری جووتە ئاجاکس خڕبوونەوە و ڕیز ئارایی و ئامادەگیان هێندە ڕێك و پێك و بێ کەموکوڕی بوو نەئیریسی خواوەندی شەڕ و نە ئەتینای ڕێکخەری لەشکران نەیاندەتوانی ڕەخنەو ئیرادیان لێ بگرن. بەڵێ، هەڵبژاردەی ئەو جەنگاوەرانەی کە ئێستا چاوەڕوانی هێرشی هیکتۆر و تەروادەیەکانیان دەکرد، دیوارێکە بەشەرییان دروستکرد، نێزە لە پاڵ نێزە، سپەر لە پاڵ سپەر، سینەبەند لە پاڵ سینەبەند، کڵاوخود بەپاڵ کڵاوخودەوە، جەنگاوەر لە پاڵ جەنگاوەر هەموو پاڵیان دابوو بەیەکەوە، هێندە بەپاڵ یەکەوە بوون ئەگەر دابنەوینایەتەوە گۆڵینك ویالّی سەر کڵاوخودەکانیان لێکدی دەخشی. بەو جۆرە بەڕیز وەستان و بەجۆش و خرۆشەوە نێزەکانیان بادەدا و تینوو تامەزرۆی شەڕ بوون و دڵیان بۆ هێرش و پەلامار لێی دەدا

(١٣٦) ئەوجا ئاپۆڕەی تەروادەییەکان پێکەوە کەوتنە پێشڕەوی، هیکتۆر کەوتبووە پێشیان و ڕاستە و ڕاست ملی دەنا، وەکو چۆن تاوێرێك بەقەدپاڵێکا غل دەبێتەوە، بارانی بەخوڕی زستان لە لوتکەی چیایەکەوە هەڵی کەندبێ و بەگوڕ و بەتەپەتەپ بەناو بێشەیەکدا بێتە خوارەوە و

هەرچـییەکی بێتـە ڕێگـە ڕایماڵـێ، تـا دەگاتـە دەشـتێکی ڕاسـتانی و وێـڕای هـەموو گـوڕ بەستنەوەیەکی لـە تـل بوونـەوە دەوەستێ..هیکتـۆرش بـەو ئاوایـە بـۆ دەمێك ترسـی خسـتە دل ئاخییەکانەوە کـە بـێ هیچ کۆسـپ و بەربەستێك بـەدەم کوشتارەوە بـەنێو سـەراپەردە و کەشتی ئاخییەکانـەوە تێدەپـەڕێت و تـا دەگاتـە دەریـا ناوەستێتەوە. بـەڵام کـە ڕووبـەڕووی ڕیـزی بتـەوی جەنگاوەران بووەوە، زۆر بەتوندی ئامبازی بوونـەوو لەجێی خۆیدا وەستاندیان. چونکە کوڕانی ئاخیـایی بەشیر و نێـزەی دوفلیقانـە بـەرەنگاری بوونـەوە و دووریـان خسـتەوە. هیکتـۆر گەڕایـە دواوە وهەستی کرد وڕە بەرزییەکەی لە دەست دەدات، پڕ بەزار هـاواری لـە تەروادەییەکان کـرد: "ئەی تەروادەییان و لێسیان، ئەی دردانیان، ئەی جەنگاوەرانی دلێر و لەزەبر، لە شوێنی خۆتان مەجوڵێن، پایەداری بکەن! ئاخییەکان ناتوانن تاماوەیەکی زۆر پاشەکشـەم پـێ بکـەن، ئەگەرچی وەکو قەڵایـەکی بەشـەری لـە بەرانبـەرم وەسـتاون. نـەخێر، وا دەزانم خـۆ لەبـەر زەبری نێـزەی من نـاگرن و پاشەکشـە دەکـەن، ئەگـەر ڕاسـت بـێ کـە بـەهێزترین خواوەنـدان، مێـردە بروسـکە ئەنگێزەکەی هیرا پشتیوانم بێ، ئەوا ئەم نێزەیە تاروماریان دەکات.

(١٥٥) بەو قسانە هـەر هـەموویانی جۆشدا. دیفوبوسی کـوڕی پریام کە ئارەزووی سـەرفرازی و شکۆمەندی دەکرد، بـەخۆ و سپەرەکەیەوە لـە ڕیـز هاتـە دەرێ، خـۆی دابووە پـەنا سپەرەکەی و بەلـەز دەچـووە پێشـێ. میریـونیس بەنێزەکـەی نیشانەی لێگـرت، نێـزە درەخشانەکەی قـەراخی سپەرەکەی دیفۆبوسی گـرت کـە لـە چـەرمی گـا دروسـت کرابـوو، نێزەکـە سپەرەکەی نـەسمی.. چـونکە نێزەکـە پێشـتر لـە دەسـکەکەیەوە شـکابوو، دیفوبـوس کـە لـە نێـزەی ئـەو جـەنگاوەرە بەنموودە ترسا بوو، کە دیتبووی بەرەو ڕووی دێت، سپەرە چـەرمینەکەی لەخۆی دوور گرتبـوو و بـاش خـۆی دابـووە پـەنای. بـەڵام میریونیسـی قارەمـان بـەناو ئـاپۆڕەی لەشـکرەکەی خۆیانـدا گەڕایەوە، تـوڕە بوو لەوەی کە هـەم سەرفرازی و سەرکەوتنەکەی لە دەست چوو و هـەم نێزەکـەی. بەپـەنا کەشتییەکاندا وبەغاردان چوو بۆ خێوەتەکەی خۆی تا ئەو نێزە درێـژە بێنـێ کـە لەوێندەر داینا بوو.

(١٦٩) ئـەوانی دی لەسـەر شـەڕی خـۆ بـەردەوام بـوون، هـەراو هەنگامـەی شـەڕ دەگەییـە تـاقی ئاسمان و دانـە دەمرکایـەوە.(تیوسیری کـوڕی تیلامـون) یەکـەم کـەس بـوو کـە ڕەقیبەکـەی خـۆی کوشـت، ڕەقیبەکـەی (ئیمبریوسـی کـوڕی مینتـور) بـوو کـە ڕەوە ئەسـپی فـرەی هـەبوو، ئـەم جـەنگاوەرە بـەر لـە هـاتنی کـوڕانی ئاخیـایی لـە بیـدایوم دادەنیشت و (میدیسیکاسـتی) کیـژی ناشەرعی پریامی خواستبوو.. بەڵام کە کەشتی و لەشکرێن داناییەکان هاتن، ئەویش جارێکی دی بۆ ئیلیون (تەروادە) گەڕایەوە، لەناو تەروادەییەکان بەناوبانگ بوو، هەر لـە مانّەکـەی پریامدا دەژیا، و پریام وەکو کوڕەکانی خۆی مامەڵەی لەتەکدا دەکرد.. ئەوە بـوو کـە کوڕەکـەی تیلامـون نێزەکەی کردبوو بەبناگوێیدا و کە نێزەکەی ڕاکێشابووەوە، ئیمیریوس درێژا ودرێژ کـەوت وەکـو چۆن درەختێکی دەرداری زەلام بەبیورێکی برونزی بڕێتەوە و لـە لوتکـەی شاخێکەوە بەربێتـەوە و لە دوورەوە ببینرێ کە بەهەموو لق و پۆپ و گەڵا و گۆڵەکەیەوە بکەوێتە سەر زەوی.. ئەویش بـەو ئاوایـە کـەوت و تـەق و هـوڕی تەدارەکـە جەنگییەکـەی بـەرز بووەوە. تیوسیر پـڕی دایـێ کـە

چەکەمەنیەکەی لێ داماڵێ و بیبات، بەڵام لەو کاتەدا کە خەریکی ئەو کارە بوو، هیکتۆر پەلاماری دا، ڕمێکی تێ سڕەواند، بەڵام تیوسیر بینی و خۆی لەبەر ڕمەکە لادا، ڕمەکەی هیکتۆر ڕێك بەر سینگی ئەمفیماخۆسی کوڕی کتیتوسی کوڕی ئەکتۆر، کەوت، کە لەو دەمەدا بەرەو شەڕەکە دەهات، بەدەم تەق و هوڕی قەڵغانەکەیەوە کەوتە سەر زەوی. هیکتۆر بەپەلە هەڵیکوتایە سەری تا کلاوخودەکەی لاجانگەکانی داپۆشی بوو لێ داماڵێ، ئەجاکس یەکسەر بەنێزە درەخشانەکەی نیشانەی لێگرتەوە، بەڵام بریندار نەکرد، چونکە هیچ شوێنێکی لەژێر سینەبەند و سپەرە سامناکەکەیەوە دیارنەبوو. بەڵام ڕمەکە ڕێك بەر ناوەندی سپەرەکەی کەوت و بۆ دواوەی گەڕاندەوە و لە هەردوو جەنازەکە دوورکەوتەوە و ئاخییەکان ڕایانکێشان و دووریان خستنەوە. ئەوجا ستیخیوس و مینیستیوس، جووتە فەرماندەی ئەتینا، جەنازەکەی ئەمفیماخوس)یان بۆ پشت لەشکرەکە گواستەوە. بەڵام (ئیمبریوس) لەلایەن هەردوو ئەجاکسی فیلەتەنەوە گوێزرایەوە، وەکو چۆن دوو شێر ئاسکێك لە تاژیان دەسەننەوە و بەقەپاڵ و بەناو بێشەیەکی بەرزی چڕدا هەڵیدەگرن و دەیبەن، بەو ئاوایە جووتە ئەجاکسی جەنگاوەر، جەنازەی ئیمپریوسی جەنگاوەریان هەڵگرت و دووریان خستەوە و سینەبەند و سپەرەکەیان لێ داماڵی. ئەوجا کوڕەکەی ئولیوس، لە تۆڵەی (ئەمفیماخوس)دا سەرەکەیان بڕی و وەکو گۆ بەسەر خەڵکەکەدا هەڵیدا و لەبەرپێی هیکتۆردا کەوتەوە.

(٢٠٦) خواوەندی دەریایان ئێستا زۆر توڕە بوو، چونکە ئەمفیماخۆسی نەوەی کوژرابوو. بەپەلە کەوتە ناو ئۆردوگا و کەشتی ئاخییەکان تا بۆ شەڕ هانیان بدات و داوی بەڵایەکی گەورە بۆ تەروادەییەکان بنێتەوە. لە ڕێگەدا ڕێکەوتی (ئیدومینیوس)ی کرد، کە لەلای برادەرێکیەوە کە تازە لە مەیدانی شەڕەوە هێنرابووەوە و زرانی بریندار بوو بوو، هاوڕێ جەنگاوەرەکانی هێنابوویانەوە، دەگەڕایەوە. ئیدومینیوس دوای ئەوەی پزیشکەکانی ڕاسپارد کە ئاگایان لە تیمارکردنی بێ، بۆ سەراپەردەکەی خۆی دەگەڕایەوە، چونکە تامەزرۆی ئەوە بوو کە جارێکی دیکە بەپەلە بۆ شەڕگەکە بڕوات و ڕووبەڕووی تەروادەییەکان ببێتەوە. پۆسیدون خۆی خستە هەیئەتی تواسی کوڕی ئەندریمون)ەوە و تا بەرەنگ و دەنگی ئەو قسەی لەگەڵدا بکات. ئەو (تواس)ەی کە لە سەرانسەری پلورون و کالیدونی شاخاویدا حوکمڕانی دەکرد و لە دەڤەرەکەی خۆیدا خەڵکەکە ڕێزی خواوەندێکیان لێدەنا. پێی گوت: "ئەی ئیدومینیوس، ئەی دەمڕاستی کریتیان، کوا ئەو هەڕ و گیڤەی کوڕانی ئاخیایی لە تەروادەییەکانیان دەکرد، چی بەسەرهات؟)

(٢٢١) ئیدومینیوسی سەرداری کریتییەکان وەڵامی دایەوە: "ئەی تواس، پێم وایە هیچ کەسێك درێغی نەکردووە، هیچ جەنگاوەرێك شایستەی گلەیی نییە، چونکە ئێمە هەموومان دەتوانین شەڕ بکەین و پیاوی مەیدانین. کەس نییە لە ترسا بگەڕێتەوە یان خۆی بدزێتەوە. بەڵام پێم وایە ئەمە ویستی زیوسی بەتوانایە و زۆری پێ خۆشە ئاخییەکان بەگومناوی لێرەدا و دوور لە ئارگۆس تیابچن و نەمێنن. بەڵام تۆش ئەی تواس جاران شەڕقانێکی بێ وێنە بوویت، هەر بەخۆتەوە نەدەوەستایت، بەڵکو ئەوانەشت هاندەدا کە ڕەخاوەتیان دەکرد، ورەت بەرز دەکردنەوە، ئێستاش دەست بەرداری ئەم کارە مەبە، وڕاکە و یەکە بەیەکە ورەیان بەرزبکەوە.

(٢٣١) پۆسیدونی زەوی لەزرێن وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی ئیدومینیوس، بریا ئەوەی لەم ڕۆژەدا سستی دەنوێنێ و خۆی لەشەڕ دەدزێتەوە، هەرگیز بەسەلامەتی لە ولاتی تەروادە نەگەڕێتەوە و لێرەدا ببێ بەتوێشو و خۆراکی کسۆکان. باواز لەم قسانە بێنین، هەڕە سپەرەکەت هەڵگرە و وەرەوە بۆ ئێرە و دوام بکەوە، هەقی خۆیەتی کارێکی وەها بکەین و ئەگەر هیمەتمان یەک بخەین ڕەنگە بتوانین یارمەتییەك پێشکەش بکەین، ئەگەرچی ئێمە تەنیا دوو کەسین. بەڵام ترسنۆکانیش بەیەکێتی ئازا دەبن، و دەشێت ڕووبەڕووی ئازایان ببنەوە.

(٢٤٠) ئەوسا خواوەند گەڕایەوە بۆ ناوجەرگەی شەڕەکە. کە ئیدومینیوس گەییە سەراپەردەکەی خۆی، جلی جەنگی پۆشی و دوو ڕمی هەڵگرت و بەغاردان وەردەکەوت، وەکو ئەو چەخماخەیەی کە کوڕی کرونوس دەیگرێتە دەست و لە بەرزایی ئۆڵەمپی درەخشانەوە دەیهاوێ تا بەهۆیەوە هێما و نیشانەیەك بەبەشەران بدات و لە دووری دوورەوە دەبریقێتەوە.

(٢٤٥) بەو ئاوایە جلە جەنگییەکانی ئیدومینیوس بەدەم غاردانەوە دەبریقایەوە. ئیدومینیوس هێشتا زۆر لە سەراپەردەکەی دوور نەکەوتبووەوە کە تووشی میریونیسی یارو یاوەری بوو کە هاتبوو بۆنێزە، ئیدومینیوس گوتی:

(٢٤٩) "میریونیس، ئەی کوڕی مولوس، ئەی تیژڕەو، ئەی ئازیزترین هاوڕێم، بۆچی هاتوویت و بۆ مەیدانی شەڕ و نەبەردت چۆڵ کردووە، ئایا بریندار بوویت؟ یان بەدوای منداا هاتوویت و پەیامێکت پێیە بۆم؟.. بەڵام من پێویستم بەوە نییە کەس بێ بەدواما، من حەزم لەوە نییە لە خێوەتەکاندا بمێنمەوە، بەڵکو ئارەزووم مەیدان و مێرخازییە."

(٢٥٤) میریونیسی حەکیم بەرسڤی دایەوە: "ئەی ئیدومینیوس، ئەی سەرداری کریتیانی سەراپا برونز، دەچم ڕمێك دێنم، ئەگەر لەسەراپەردەکانتا ڕم مابێ، چونکە نێزەکەی خۆمم لە سپەرەکەی دیفوبوسی لەخۆباییدا شکاند.

(٢٥٩) ئیدومینیوسی سەرداری کریتییەکان بەرسڤی دایەوە و گوتی: "بڕۆ، لەسەراپەردەکەی منداا لە جیاتی نێزەیەك بیست نێزە. دەبینی، بەڕیز و بەرانبەر دەرگاکە هەڵپەسێردراون، ئەم نێزانە هی ئەو جەنگاوەرە تەروادەییانەیە کە کوشتومن و چەکم کردون، چونکە من هەرگیز لە دووڕەوە شەڕی دژمن ناکەم، بەڵکو هەمیشە لە نزیکەوە شەڕی دژمن دەکەم، بۆیە وێڕای ئەم نێزانە گەلەك سپەری قۆقز و کلاوخود و زرێی پرشنگاوێژم هەن.

(٢٦٦) میریونیسی دوورئەنێش وەڵامی دایەوە: "منیش لە خێوەتەکەم و لە کەشتییە ئامال ڕەشەکەمدا، پاشماگەی چەکەمەنی تەروادەییەکانم هەیە، بەڵام لەبەردەستا نین و خێوەتەکەم زۆر لە شەڕگەکەوە دوورە کە بتوانم بەئاسانی بگەمە ئەوێندەر و ڕم بێنم. منیش لە ئازایەتی غافڵ نیم، هەمیشە لەشەڕدا کە شایستەیی ودلاوەری وناوداری تیا دەردەکەوێ، لە ناوەندی جەنگاوەرانی ڕیزی پێشەوەدا بووم، خۆ ئەگەر ئاخییانی برونز پۆشی دیکە بەمە نەزانن، ئەوا تۆ بەچاوی خۆت منت لە جەرگەی شەڕدا دیتوە.

(٢٧٤) ئیدومینیوس بەرسڤی دایەوە: "من تۆ دەناسم، ئاگاداری شایستەیی و دلاوەری تۆ هەم، بۆچی ئەم قسانە بۆ من دەکەی؟ ئێستا ئەگەر ئازاترین کەسانی دەوروبەری کەشتییەکانمان لە

کەمین یان بۆسەیەکدا تاقی بکرێنەوە کە، لەوێدا ئازایەتی و ترسنۆکی دەردەکەوێ، چونکە پیاوی ترسنۆك بەردەوام ڕەنگی دەگۆڕێ، ئۆقرە ناگرێ، ڕوحی لە سینەیدا ئارام ناگرێ، ئەژنۆکانی دەلەرزن، هەر ئەم پێ و ئەو پێ دەکات، دڵی لە سینەیدا بەتوندی لێدەدا و بیر لە مردن دەکاتەوە و کار دەگاتە ئەوەی دانەچۆقەی پێ بکەوێ. بەڵام ئازا ڕەنگی خۆی ناگۆڕێ، ترسی لێ نانیشێت، کە لەگەڵ جەنگاوەراندا بۆ دژمن دەچێتە بۆسەوە، ناپەشۆکێ، بەڵکو خواخوایەتی بۆ ئەو کارە هەڵبژێردرێ.

(٢٨٦) تەنانەت ئەگەر ئازاترین جەنگاوەرانیش بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرێن، کەس نییە بتوانێ گاڵتە بەئازایەتی و هێزی تۆ بکات. چونکە ئەگەر لە هەڕەتی شەڕدا لە دوورەوە تیرێکت پێ بکەوێ، یان لە نزیکەوە و لەشەڕی تەن بەتەندا بپێکرێی، ئەوا نە لە دواوە و نە لەڕێشتەوە ناپێکرێی، بەڵکو لەو کاتەدا کە بۆ ڕیزەکانی پێشەوە تاو دەدەی ڕمەکە بەسکتا دەچێت یان سینگت شەق دەکات. بەڵام باواز لەم قسانە بێنین و لەوەی پتر وەکو منااڵن خۆ بەقسەوە مژۆل نەکەین، نەوەك گلەییمان لێبکرێ! ڕاکە بۆ خێوەتەکەی من و نێزەیەکی ئەستور و قایم بۆ خۆت بێنە."

(٢٩٥) دوای ئەمە میریونیسی هاوتای ئیریسی تیژڕەو بەپەلە ڕۆیی، ڕمێکی برونزی لە سەراپەردەکە هەڵگرت و بەورەیەکی بەرزەوە دوای ئیدومینیوس کەوت. وەکو چۆن ئیریسی قڕکەر و بەڵای گیانی بەشەران بەرەو مەیدانی شەڕ دەچێت و (ترسی) چاو نەترس و سەرکێشی کوڕی بەگەڵی دەکەوێ و ترس دەخاتە دڵی ئازاترین قارەمانەوە، وەکو چۆن ئەم دوانە لە تراسیاوە، دێن تا بچنە پاڵ ئیفیریان یا ئیفیلجیانی دلاوەر، و گوێ بەداوا و پاڕانەوەی هیچ لایەنێکی دوو سوپا شەڕکەرەکە نادەن، و بەڵکو سەرکەوتن و سەرفرازی بەنسیبی یەك لایان دەکەن. میریونیس و ئیدومینیوس، ی –فەرماندە جەنگاوەرانیش– بەو ئاوایە و بەو شێوەیە بەجلی برونزینی درەخشانی شەرەوە بەرەو مەیدانی شەڕ چوون. میریونیس هەوەڵجار ڕووی کردە ئیدومینیوس و گوتی: "ئەی کوڕی دیوکالیون، لە کوێوە دەست بەشەڕ بکەین؟ لە قۆڵی ڕاستەوە، لە ناوەڕاستەوە، یان لە قۆڵی چەپەوە؟ چونکە پێم وانییە کە ئاخییانی پۆڕشۆر لە هیچ قۆڵێکەوە لە جەنگاوەریان کەم بێ.

(٣١١) ئیدومینیوس –فەرماندەی کریتییەکان– بەرسڤی دایەوە و گوتی: "لە ناوەڕاستەوە خەڵکانێکی دیکە هەن کە پیاوانە بەرگری دەکەن– هەردوو ئەجاکس و تیوسیر کە باشترین کەواندازی ئاخیانە، ئەمە جگە لەوەی کە شەڕڤانێکی باشیشە. هیکتۆری کوڕی پریام، چەند ئازا بێ، چەند بەهێزیش بێ، چەند بێ ئامان بێ، زۆر زەحمەتە دەرەقەتی ئەوانە بێت و بەرهەقیان بکات و ئاگر لە کەشتییەکان بەربدات، ئەگەر کوڕەکەی کرونوس بەخۆی بروسکەی خێرای گرێدار لە کەشتییەکان نەدات. ئەجاکسی زادەی تیلامون، دەرفەتی سەرکەوتن و سەرفرازی بەهیچ بنیادەمێکی دیمیترخۆر، کە بشێت بەبرونز یان بەگاشە بێتە کوشتن نادات. تەنانەت لەشەڕی تەن بەتەن دا لە هەنبەر ئەخیلی سەفدڕیش دا ناگەڕێتەوە، بەڵام لە گرێوی ڕاکردندا، هەڤڕکی

لەگەڵ ئەخیلدا ناکرێ. کەواتە بابچین بۆ قۆڵی چەپ تا بزانین دەبینە مایەی سەربەرزی کەسێك، یان کەسێك دەبێتە مایەی سەربەرزی ئێمە، تا بزانین دەکوژرێین یان دەکوژین.

(٣٢٨) دوای ئەو قسانە، میریونیسی مینـاکی ئیریسی تیـژڕەو پێشکەوت، تـا گەییشـتنە ئـەو شوێنەی لەشکرەکە، کە ئیدومینیوس دیاری کردبوو.

(٣٣٠) کاتێ تەروادەییەکان ئیـدومینیوس) کـە وەکـو مەشـخەڵی ئـاگر دەهاتـە پێشـێ و لەگـەڵ یاوەرەکەیـدا باشـترین زرێیـان پۆشـی بـوو، کەوتنـە هوراکێشـان و هـەر هـەموویان بـەرەو پـیری چوون، شەڕێکی قورس و سامناك لە بەرایی کەشتییەکاندا هەڵگیرسا.وەکو چۆن گێژەڵوکەی با، لە ڕۆژێکا کە گەردو تۆزێکی زۆر دەنیشێتە سەر ڕێگە و بان، بـەلورە لـور لێی دەدات و مینـاکی هەورێکی چڕ دەیبا بەحەلحەلەی ئاسماندا.. بەو ئاوایە شەرلنێوانیاناهەڵگیرسا، هـەموو تامـەزرۆ و تاسـەمەندی ئـەوە بـوون بـەبرونزی تیـژ لەشـەڕگەکەدا یەکـدی بکـوژن. شـەڕی قڕکـەر و بـەڵای گیانی بەشەران گەرم بوو، هەردوو لەشکر بەڕم و شیرەوە پەلاماری یەکتریان دەدا، مەیدانی گیان ئەستێنێ جەنگ پڕ بوو لە ڕمی درێژی ئامادە و لەسـەر پـێ بـۆ سمینـی سینگی یـەکتر.. بریـق و هـوڕی کلاوخـود، پرشـنگی زرێ و سـینەبەندی تـازە سـیقاڵکراو، درەوشـانەوەی سـپەری ئـەو جەنگاوەرانەی بەربووبوونە یەکدی چاوی دەخستە ڕێشکە و پێشکە و کەس نەبوو بەدیتنی ئـەم شەڕە کوشندەیە شادمان بێ، یان خەمبار نەبێ، مەگەر یەکێکی زۆر دڵڕەق.

(٣٤٥) ئا بەو جۆرە دوو کوڕە بەتواناکەی کرونوس (زیوس و پۆسیدون) بەئانقەست ئـەو هـەموو بـەڵا و مسـیبەتەیان بەسـەر ئـەو قارەمانانـەدا دێنـا. لەلایەکـەوە زیـوس خوازیـاری سـەرکەوتنی تەروادەییەکان و هیکتۆر بوو، نـەك بـەو نیازەی کـە بیـەوێ هـەموو خـەڵکی ئاخیایی لـە بەرانبـەر ئیلیوندا لەناوبەرێ، بەڵکو بەو مەبەستەی کە جۆرە سـەربەرزی و سـەرفرازییەك بـەتیتس و کـوڕە هێژاکەی (ئەخیل) ببەخشێت. لەلایەکی دیکەوە پوسیدون کـە بەپەنامـەکی لـە بنـی دەریـای کـەف ئـالودەوە هـاتبووە دەرێ، خـۆی بـەناو ئارگوسـییەکاندا کـرد و هـانی دەدان، چـونکە زۆری لاناخۆش بوو کـە دەیبینـی بەدەستی تەروادەییەکان دەشکێن و دەبـەزن، زۆریـش لـە سـەروەری خواوەندان (زیـوس) تـوڕە و بێـزار بـوو.زیـوس و پوسـیدون) هـەردووکیان لەیـەك تـوخم و تـۆ و لەیەك ڕەگ و ڕەچەڵەك بوون، بەڵام زیوس بەر لە پوسیدون لە دایك بوو بوو، بۆیە لەو زاناتر بوو، لەبەرئـەوە پۆسـیدون زاتـی ئـەوەی نـەبوو بەئاشـکرا یارمـەتی ئاخییـەکان بـدات، بۆیـە هەمیشـە دەچووە پێستی یەکێك لـە ئادەمیانـەوە وبـەناو سـوپای ئاخیـان دەکـەوت و بـۆ شـەڕی دنـەدەدان. بـەو جـۆرە ئـەم دووانـە سـەرو گرێیـان لـەم سـەر و لەوسـەری پـەتی کێشمانەکێشـی ئـەم شـەڕە سامناك و هاوسەنگە دابوو، و هەریەکەیان بەهـەواداری لـە یـەکێك لـەم دوو لەشـکرە ڕەقیبـە، ئـەم پەتـەیان ڕادەکێشـا و گـرێ کوێرەکـەیان تونـدتر و گـەورەتر دەکـرد، و ئـەم گرێیانـە ئـەژنۆی زۆر جەنگاوەریان شکاند و کوژران.

(٣٦١) لـەم کاتـەدا ئیـدومینیوس، ئەگەرچـی داوی سـپی کەوتبوونـە سـەری کەوتـە هانـدنی داناییـەکان و پـەلاماردان و ڕاونـانی تەروادەییـەکان، خـۆی بـەئاپۆڕەی تەروادەییەکانـدا کـرد، (ئوتریونیوس)ی کوشت. ئوترونیوس ئاکنجی کابیسوس بوو، کەڵکەڵـەی سـەرفرازی و نـاوداری

تازه بەرەو شەڕگە و مەیدانی بکێش کرد بوو. ئەم پیاوە داخوازی کاساندرای کیژی پریامی کردبوو کە جوانترین کیژی بوو. بەڵام هیچ دیاری و مارە بڕانەیەکی بەکیژێ نەدابوو، بەڵام بەڵێنی دابوو کە کارێکی شایستە و گەورە ئەنجام بدات: بەڵێنی دابوو کوڕانی ئاخییایی، بەتۆبزی لە خاکی تەروادە وەدەربنێ. پریامی پیریش بەڵێنی دابوێ کە کاساندری دەداتێ و سوێندی بۆ خواردبوو، بۆیە ئوترینوس بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە بەئومێدی ئەو بەڵێنانەی بابی دەجەنگی. بەڵام ئیدومینیوس، لەو دەمەدا کە ئەو بەرەو ڕووی دەهات، ڕمێکی درەخشانی خێواندێ و ئەو زرێیەی لەبەری کرد بوو دادی نەداو سەرەنێزەکە ڕێك چوو بەسکیا و هەڵیدڕی و بەتەق و هوڕی جلوبەرگی جەنگەوە کەوتە سەر زەوی، ئیدومینیوس کە بەمەرگی ئەو شاد و سەرمەست بوو، هاواریکرد: "ئەی ئوترینوس، من لە هەموو پیاوانی دنیام بەزیاتر دەزانیت، گەر بهاتبا هەموو ئەو بەڵێنانەی بەپریامی زادەی (داردانوس)ت دابوون هێنابانە دی، ئەو پریامەی کە بەڵێنی دابوو کیژەکەیت بداتێ. ئێمەش دەتوانین بەڵێنی واهیت بدەینێ، جوانترین کیژانی کوڕی (ئوتریوس)ت بدەینێ، لە ئارگۆسەوە بۆتی بێنین، ئەگەر تۆ لەگەڵ ئێمەدا بی و شاری ئاوەدان و مکوم و فرە خەڵکی ئیلیون وێران بکەی. جاوەرە لەگەڵ ئێمەدا، با لەناو کەشتییەکانماندا لەسەر ئەم خزمایەتی و ئیزدیواجە ڕێك بکەوین، تا بەخۆت دڵنیا بیت کە ئێمەش ماڵە خەزورانی بەخشندەین و داوای شتی زۆرت لێناکەین!"

(٣٨٣) ئیدومینیوس، دوای ئەو قسانە، لاقێکی گرت و بەناوجەرگەی شەڕە سەختەکەدا ڕایکێشا و بردی، بەڵام (ئاسیوس) هاتە بەرەوە تا تۆڵەی هاوڕێکەی (ئۆترینوس) بسەنێ، بەپێیان لە پێشی جووتە ئەسپەکەیەوە دەڕۆیی، کە میرئاخوڕەکەی ڕاستەوخۆ لە پشتییەوە دەیهاژۆتن و هەناسەیان بەر شانی دەکەوت. هەموو هێڤییەکی ئاسیوس ئەوە بوو، جەزرەبەیەك لە ئیدومینیوس بدات، بەڵام ئیدیومینیوس لەو چابوکتر بوو، نێزەکەی، لەژێر چەناگەیەوە بەگەڕویدا کرد، نێزەکە گەروی دیواو دەرکرد، وەکو چۆن دار بەڕوبەکی زەلام یان سپیداریك یان سنۆبەرێك کە کەشتی سازان بەبیوری تازە دەمەزەردکراو بۆ دروست کردنی کەشتی دەیبڕنەوە و شڵپ دەکەوێتە سەر زەوی، (ئاسیوس)ش بەو شێوەیە لەبەردەم عەرەبانە و ئەسپەکانیا تەختی زەوی بوو، بەدەم ئاە و نااڵەوە دەتلایەوە و چنگی لە خوێن و خۆڵەکەی ژێری گیر دەکرد. میرئاخوڕەکەی کە ترسا بوو، زاتی نەکرد سەری ئەسپەکان وەرگێڕ و هەڵێ و خۆی لە دەستی دژمن ڕزگار بکات: ئیدی ئەنتیلوخوسی دلاوەر خێرا نێزەیەکی کێشا بەناو قەدیا و ئەو زرێ برونزییەی کە لەبەریا بوو، دادی نەدا و نێزەکە لەسکیا ختم بوو. بەدەم ئاوزینگدانەوە لە گالیسکە مکومەکەیەوە کەوتە خوارەوە، ئەنیلوخوسی جەنگاوەری بەباشار، کوڕی نەستور ئەسپەکانی لەبەری تەروادەییەکانەوە بۆ ناو ئاخیاییە پڕ چەکەکان برد.

(٤٠٢) ئەوجا دیفوبوس کە یەجگار خەمباری مەرگی ئاسیوس بوو، لە ئیدومینیوس نزیك بووەوە و ڕمە پرشنگدارەکەی سرەواندێ، بەڵام ئیدومینیوس کە زۆر بەوردی چاودێری دەکرد، خۆی لەبەر ڕمە برونزییەکەی لادا، خۆی دایە پشت سپەرە کەمەییەکەی. سپەرەکەی بەچەرمی گا و برونزی بریقەدار پۆشرا بوو و هەمیشە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرت. بەدوو میل بەهەردووك

باڵیەوە بەسترابوو.. خۆی لە پشت ئەم سپەرەوە دانەواندەوەو نێزە بروزنییەکە لە سپەرەکە خشی و دەنگێکی تیژی لێوە هات و بەتیژی تێپەڕی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمەکە بەخۆرایی و بەبێهودە لە دەستی قورسی دیفوبوس دەرنەچوو، بەڵکو بەر هوپسینوری کوڕی هیپانوس – سەرداری جەنگاوەران– کەوت، جگەری لەژێر پەڕەی دڵییەوە هەڵدڕی و دەم و دەست کەوتە سەر چۆك. دیفوبوس، زۆری کەیف بەمە هات و شاد و سەرمەست دەستی بەهاوار کرد: "بێگومان، ئاسیوس بەخۆڕایی نەمرد، تۆڵەی کرایەوە، پێم وایە بەدڵێکی خۆشەوە بەرەو هادیس، پاسەوانی دەڕوازە مکومەکان دەچێت، چونکە من یاوەرو هاوڕێیەکەم لەگەڵی ناردوە!"
(٤١٧) ئارگۆسییەکان ئەو قسانەیان پێ ناخۆش بوو. ئەنتیلوخۆس، ئەو جەنگاوەرە مەزنە لە هەمووان پەست تر و تووڕەتر بوو. بەڵام وێڕای ئەو خەم و پەژارەیەش، هاوڕێ ئازیزەکەی فەرامۆش نەکرد، بەڵکو بەغاردان خۆی گەیاندە دیاری و لە هەموو لایەکەوە بەسپەرەکەی دایپۆشی. دوای ئەوە دوو کەس لە ئەمەکدارترین هاوڕێیانی، واتە (میکیستیوسی کوڕی ئاخیوس) و (ئالاستور)ی پاکزاد، هەڵیانگرت و بەدەم نالە نالێ بەرزەوە بەرەو کەشتییەکانیان برد. بەڵام تووڕەیی ئیدومینیوس هەر دانەمرکایەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە یان جەنگاوەرێکی تەروادەیی لە شەوی تاریکی مەرگدا بنێژێ، یان خۆی بەکوشت بدات و ڕۆژ ڕەشی و نەگبەتی لە ئارگوسییەکان دوور بخاتەوە. لەم کاتەدا (ئەلکاتوس)ی کوڕی ئازیزی ئیستیس، و نازپەروەردەی زیوس دەرکەوت. ئەلکاتوس زاوای ئەنخیسیس بوو، مێردی (هیپودامیا)ی کیژە گەورەی ئەو بوو، هیپودامیا، لە ماڵی بابیا خۆشەویستی داك و بابی بوو. لە هەموو کیژانی هاوسونخی خۆی زیرەکتر و جوانتر و دەست ڕەنگین تر بوو. لەبەرئەوە (ئیسیتس)ی ناودارترین جەنگاوەری سەر زەمینی پان و بەرینی تەروادە، ئەوی خواستبوو. ئەو جەنگاوەرەی کە ئەو ڕۆژە پۆسیدون، بەدەستی ئیدومینیوس کوشتی، بەرچاوانی تاریك بوو، لاقە بەهێزەکانی وشك بوون، نە توانی بگەڕێتەوە و پاشەکشە بکات و نە توانی خۆی لە نێزەکەی ئیدومینیوس لابدات، بەڵکو ڕەق وەکو ستونێك یان درەختێکی زەلام لە جێی خۆی وەستاو ئیدومینیوس نێزەیەکی سرەواندە ناوقەدی و
(٤٣٩) زرێکەی بەری، کە تا ئێستا جەستەی دەپاراست، شەق کرد و تەق و هوڕی لێ هەستاو خاوەنەکەی ڕمبەی لێ هەستاو کەوتە سەر زەوی، نێزەکە لە دڵی چەقی، کە هێشتا هەر لێی دەدا، دەسکی ڕمەکەی دەلەرزان، تا ئیریسی ترسناك حەیاتی لەبەربڕی. ئیدومینیوس بەفشینێکی زۆرەوە، شاد و سەرمەست، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "ئەی دیفوبوس، تۆ کە بەخۆت دەفشیت، ئایا ئێمە بۆمان نییە ئێستا هاوار بکەین کە سێ پیاومان لە تۆڵەی ئەو پیاوەدا کوشت کە تۆ کوشتت؟ نەخێر، قوربان، ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە بەرانبەرم، هەنگێ دەزانی ئەم زیوس زادەیەی کە بۆت هاتۆتە مەیدان کێیە. زیوس هەوەڵجار مینیوسی هێنایە دنیا، مینیوسی سەرداری کریت، مینیوس (دیوکالیون)ی بێ وێنەی خستەوە، (دیوکالیون)ش منی خستەوە تا لە دەڤەری کریتدا ببمە گەورە و سەرداری خەڵکانێکی زۆر.ئێستاش کەشتییەکانم بۆ ئەم دەڤەرەیان هێناوم تا ببمە بەڵای گیانی تۆ و بابت و تەروادەییەکان."

(٤٥٥) ئەو قسانەی کرد. دیفوبوس دوو دڵ بوو لەوەی چ قەرارێك بدات، ئایا بگەڕێتەوە و لەنێو تەروادەییە ئازاکاندا هاوڕێ و یاریدەدەرێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، یان بەتاقی تەنێ ڕووبەڕووی ئیدومینیوس ببێتەوە؟.. کە باش بیری کردەوە، وای بەچاکتر زانی کە بچێ ئینیاس بدۆزێتەوە، کە دۆزییەوە سەیری کرد لە ڕیزی دواوەو لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکە وەستاوە، ئینیاس هێشتا هەر لە پریام پڕ بوو، چونکە ئەم پاشایە، وێڕای ئازایەتی و دلێری ئینیاس وەکو پێویست ڕێزی لێ نەدەنا، دانی بەئازایەتییەکەیدا نەدەنا. دیفوبوس لێی نزیك بووەوە و ڕێك و ڕەوان پێی گوت: "ئەی ئینیاس، ئەی سالار و ڕاوێژکاری تەروادەییان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یارمەتی مێردی خوشکەکەت بدەی، ئەگەر ڕاست دەکەی خەمی خزمانت دەخۆیت و لە بیری ئەواندای.. خێرا دوام بکەوە، با جەنازەکەی (ئەلکاتوس)ی مێردی خوشکەکەت ڕزگار بکەین، ئەو (ئەلکاتوس)ەی کە تۆی بەمنداڵی لە ماڵەکەی خۆیدا بەخێو کرد.. ئیدومینیوسی ڕمبازی بەناوبانگ کوشتویەتی."

(٤٦٨) بەو قسانە دڵی (ئینیاس)ی جۆشدا، ڕۆیی و بەگیانی پڕ جۆشی شەڕەوە کەوتە تاقیبی ئیدومینیوس. بەڵام ئیدیومینیوس بەهیچ جۆرێ وەکو منداڵێکی لاوازی بێ توانا نەترسا و لەجێی خۆی وەستا، وەکو چۆن بەرازێك لە ئەشکەوتێکی دوورە دەستی چیایەکدا، گوێی لە هەراو هەنگامەی هاتنی کۆمەڵێك ڕاوچی دەبێ، و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە دەکات، مووی ڕەپ دەکات، گڕ لە چاوانی دەبارێ، ددانەکانی جیڕ دەکاتەوو دەکەوێتە بەرگری لەخۆی

(٤٧٦) بەو شێوەیە ئیدومینیوسی ڕمبازی ناودار هەستایە سەرپێ و بێ ئەوەی تاقە هەنگاوێك پاشەکشە بکات، دەیڕوانییە هێرشی ئینیاسی جەنگاوەری بەزەبر، بەڵام ئاوڕی لە ئەسکالافوس، ئەفاریوس، دیبیروس و میریونیس و ئەنتیلوخۆس کە هەموویان جەنگاوەری ئازابوون، دایەوە و داوای کۆمەکی لێکردن، گوتی: "گەلی برادەرینە، فریام بکەون، من بەتەنیام، وا ئینیاسی تیژڕەو هێرشم بۆ دێنێ، من لە توانای ئەو دەترسم، و جەنگاوەرێکی بەترەفی مەیدانی شەڕە، ئەمە جگە لەوەی کە لە هەڕەتی لاویدایە و، لاوییش لوتکەی هێزی مرۆڤە. ئەگەر من بەم ئەقڵەی ئێستامەوە لە تەمەنی ئەودا دەبووم، هەنگێ هەر زوو یا ئەو سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دێنا یان من!"

(٤٨٧) دوای ئەو قسانە، هەموو بەیەك دڵ وگیان وەکو یەك جەنگاوەر، سپەر لە شان لە پاڵیا وەستان. لەولاشەوە ئینیاس هانای بۆ هاوڕێکانی، بۆ دایفوبوس و پاریس و ئەجینور)ی ڕابەرانی تەروادەییان برد کە پشتیوانی لێبکەن. ئیدی یەکسەر وەکو چۆن پەزان لە لەوەڕگەوە بەرەو ئاو خواردنەوە دوای بەران دەکەون و شوانەکەیان زۆر دڵخۆش دەبێت.. بەو شێوەیە (ئینیاس)ش کە بینی جەنگاوەرەکان دوای کەوتوون، دڵی خۆش بوو.

(٤٩٦) ئیدی شەڕێکی توند لە دەوری جەنازەکەی ئەلکاتوس دەستی پێکرد، هەر ڕم بوو و بەڕمی دەگوت بەولاوە، بەڕمان بەربوونە گیانی یەکدی، سینەبەندەکانیان کە ڕمیان بەردەکەوت دەزرنگانەوە. ئەو دوو قارەمانەی کە لەوانی دی بێباك تر بوون، واتە ئینیاس و ئیدومینیوس، کە هەردوکیان لە ئیریس دەچوون و هاوتای ئەو بوون، لە پشتی هەمووانەوە مانەوەو لە هەوڵی

ئەوەدا بوون بەبرونزی دڵڕەق و بێ بەزەیی یەکدی شەق و پەق بکەن.هەوەڵجار ئینیاس نیشانەی لە ئیدومینیوس گرتەوە، بەڵام ئیدومینیوس کە ئەوی بینی بەرەو ڕووی دەهات خۆی لە سەرەنێزەکەی لادا، نێزەکەی ئینیاس سەری کرد و بەگڤە گڤ تێپەڕی و بەسەرا لە عاردی چەقی. ئەوجا ئیدیومینیوس نێزەی خۆی هاویشت و ڕێك ناوقەدی (ئوینوماوس)ی گرت و زرێکەی شکاند و ورگ و ڕیخۆڵەی رژایە ئەو گۆڕە و کەوتە سەر ئەرزەکە و بەهەردوو دەست چنگی لەخاك و خۆڵەکەی ژیری گیر دەکرد. ئیدومینیوس نێزەکەی لە جەستەی ڕاکێشایەوە، بەڵام نەیتوانی چەکەمەنییە جوان و چاکەکانی دی لە شانی دامااڵێ، چونکە لە هەموو لایەکەوە تیری بەسەردا دادەباری و بەرە بەرە هێز وشنگی لەبەر دەبڕا و توانای شەڕی نەدەما،

(٥١٣) نەدەیتوانی خۆی لەسەر پێیان ڕابگرێ و هێرش بەرێ و خۆی بەرزێ و سپەر و چەکەمەنییەکانی داپۆشێت و نە خۆی لە بەر خەڵکی لابدات. هەرچەندە هەوڵی دەدا بەرگری لەخۆی بکات و ئەجەڵی بێڕوحم و بەزەیی لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام لاقە سست و قورسەکانی نەیاندەتوانی بەپەلە لە مەیدانی شەڕەکەی دوور بخەنەوە. لە کاتێکا کە هێدی هێدی پاشەکشەی دەکرد، دیفوبوس، کە ڕقی زۆری لێی بوو، بەنێزە درەخشانەکەی نیشانەی لێگرت، بەڵام ئەمجارەش نێزەکەی سەرچوو، و بەر (ئەسکالافوس)ی کوڕی ئیریش کەوت، نێزە قورس و گرانەکە ناوشانی دیواودەرکرد، ئەسکالافوس تەپاو تل کەوتە سەر زەوی و چنگی لە خاك و خۆڵەکەی ژێری گیر کرد.

(٥٢١) لەگەڵ ئەمەشدا ئیرسی ترسناکی دەنگ گەورە، هێشتا نەیدەزانی کە کوڕەکەی لە جەرگەی شەڕدا، کوژراوە. چونکە بەفەرمانی زیوس لە لوتکەکانی ئۆڵەمپدا و لەژێر هەورانی زێڕیندا دانیشتبوو، لە هەمان ئەو شوێنەی کە خواوەندەکانی دیکەش دوور لە گیروگازی جەنگ لێی دانیشتبوون.. لەم کاتەدا، شەڕڤانان لە دەوری جەنازەکەی ئەسکالافوس سەرقاڵی شەڕی ڕووبەڕوو و تەن بەتەن بوون. دیفوبوس کلاوخودە پرشنگدارەکەی لەسەری دامااڵی. بەڵام میریونیسی هاوتای ئیریس پڕی دایێ و نێزەیەکی بەبازوویدا کێشا و کلاوخودەکە بەتەق و هوڕ لە دەستی کەوتە خوارەوە. ئەوجا میریونیس وەکو دااڵش جارێکی دی پەلاماری دایەوە و ڕمەکەی لە بازووە بریندارەکەی دەرهێنا و بۆ ناو ئاپۆڕەی هاوڕێکانی گەڕایەوە. بەڵام (پولیتیس)ی برای دیفویوس، باسکی لەناوقەدی هاڵاند و لە هەراو هەنگامەی شەڕەکەی دوور خستەوە، تا گەیاندییە میرئاخوڕەکەی کە لە پشتی شەڕەکەوە بەعەرەبانە مکوم و ئەسپە خۆشبەزەکانییەوە چاوەڕوانی دەکرد، لەوێوە بەدەم نااڵەنااڵی پڕ ئازار و چۆڕە چۆڕی خوێنی بریندی تازەیەوە بۆ شاریان بردەوە.

(٥٤٠) جەنگاوەرەکانی دی لەسەر شەڕی خۆ بەردەوام بوون، هات و هاواری بەردەوامی شەڕ دەگەییە ئاسمان. لەم کاتەدا ئینیاس، پڕیدایە ئەفاریوسی کوڕی کالیتور، کە دەسوڕایەوە تا شەڕی ئەو بکات، پڕیدایێ و بەنێزە تیژەکەی قوڕگی هەڵدڕی، سەری بەلادا خواربووەوەو سپەر و کلاوخودەکەی بەسەریا کەوتن ومەرگی دژمنی ژیان تێی ئااڵ. ئەوسا ئەنتیلوخوس فرسەتی هێنا، هەرکە تووں وەرسوڕاو پشتی کەوتە ئەو پەلاماری داو نێزەیەکی لێداو شادەماری پشتی

پچڕی، و تـوون بەپشـتا کەوتـە سـەر زەوی و دەسـتەکانی بـۆ ئاسمـان بەرزکردنـەوەو داوای لـە هاوڕێکانی دەکرد ڕزگاری بکەن.

(٥٥٠) بـەڵام ئـەنتیلوخۆس هەڵیکوتایـە سـەری تـا زرێ وسپەروچـەکەمەنییەکانی دی لـێ دادەمالێت، وزۆر بەسـلۆکی و وریاییـەوە ئـەم کـارەی دەکـرد. چـونکە تەروادەییـەکان لـە هـەموو لایەکەوە دەوریان داو لە هەموو قۆڵێکەوە سپەرە پانو درەخشانەکەیان دایـە بـەر نێزە و ڕمان، بەڵام نەیانتوانی سپەرەکەی بسمن و جەستەی نەرم و ناسکی ئەنتیلوخوس بە بڕونزی دڵڕەق و بێ بەزەیی هەڵبدڕن، چونکە پوسیدونی، هەژێنـەری زەوی، بەوریاییـەوە، کوڕەکـەی نەستوری لە تیر و نێزان دەپاراست.. جا ئەنتیلوخوس هـەرگیز خـۆی لـە دژمـن و ڕەقیب نەدەدزییـەوە، بـەڵکو ڕووبەڕوویان دەبووەوەو شەڕی دەکردن و هەمیشە لەناوجەرگەی شەڕدا بوو. ڕمەکـەی وەستانی بۆ نەبوو، هەمیشە حازر و ئامادە بوو،و بەهەر چوارنکالدا بای دەدا، هەمیشـە تاسـەمەندی ئـەوە بـوو لـە دووڕەوە بیگرێتـە جـەنگاوەرێکی دژمـن و بیپێکـێ یـان لـە نزیکـەوە هەڵکوتێتـە سـەری و هەڵیدڕێت.

(٥٦٠) لەو کاتەدا کە ئەنتیلوخۆس بەو جۆش و خرۆشەوە، و لەناوجەرگـەی شەڕەوە نیشانەی لـە دژمـن دەگرتـەوە، ئەداماسـی کـوڕی ئەسـیوس بـەدی کـرد، پـەلاماری دا و نێزەیـەکی برونـزی تیـژی خێواندێ و بـەر ناوەڕاسـتی سـپەرەکەی کـەوت، بـەڵام پۆسـیدونی کـەوەگیس کـە ژیـانی ئەنتیلوخۆسـی بـەلاوە گـرنگ بـوو، کاریگـەری نێزەکـەی بـەتاڵ کـردەوە. نیـوەی نێزەکـەی لـە سـپەرەکەی ئەنتیلوخۆسـدا، وەکـو مێخزنجیرێـک لـە ئـاگردا دەمـەزەرد کرابـێ و زاخـاو درابـێ، مایەوە. نیوەکەی تری کەوتە سەر زەوی، ئەوجا ئەداماس بەماتە مات بەرەو ناو جـەنگاوەرەکانی خۆی هەڵات تا خۆی لە دێوی مـەرگ ڕزگار بکات و بدزێتـەوە، بـەڵام میریـونیس دوای کـەوت و ڕمێکی خێواندێ و ڕێک چوو بەبەینی ناوکی و ناوگەڵیدا، شـەبەقی زامێکـی پـڕ سـوێی تێخست. واتـە نێزەکـەی کـرد بەناوگـەڵیا، ئـەداماس کـەوت بەسـەر ئـەو پەیکانـەدا کـە پیکـای، و کەوتـە لەقـەفرتێ مینـاکی ئـەو جوانەگایـەی کـە گاوانـان لـە چیادا بەپـەتێک دەیبەسـتنەوە و بەهـەموو هێزێکیانـەوە بـەرەو خۆیـان ڕایدەکێشـن و لەقـەفرتێ دەکات، بـەو ئاوایـە جـەنگاوەری زامدار بـۆ چەند دەمێک لەقـەفرتێی کرد، بـەڵام زۆری نەخایاند، کـە (میریـونیس)ی قارەمان گەییـە سـەری و نێزەکەی لە لەشی دەرهێنا و تاریکی مەرگ باڵی بەسەر چاوانی ئەداماس دا کێشا.

(٥٧٦) ئـەوجا هیلینـوس بەشمشـێرە درێژەکـەی کـە لـە تراکیـا زاخـاو درابـوو، هەڵیکوتایـە سـەر (دیـبیرۆس) لـە نزیکـەوە کێشـای بـەلاجانگیا و کلاوخودەکـەی لەسـەری پەڕانـد و کەوتـە سـەر ئەرزەکـە و لـەو کاتـەدا کـە بـەژێر دەسـت و پێـی جـەنگاوەرەکانا غـل دەبـووەوە، یـەکێک لـە ئاخییەکان هەڵیگرتەوە، بەڵام تاریکی مەرگ چاوانی (دیبیروس)ی داخست.

(٥٨١) بـەڵام مینیلاوسـی دلاوەری نەعرەتەکێشی مەیدانی جـەنگ و شـەڕان، بەمـە زۆر دڵگـران و ناڕەحەت بوو، ئەو قارەمان و پاشایە نێزە تیژەکـەی هـەڵگرت و بـەدەم هەڕەشـە و نێزە بادانـەوە بەپەلـە بـەرەو ڕووی هیلینـوس چـوو، (هیلینـوس)ش لای خۆیـەوە تیروکـەوانی ڕاکێشـا، هاوکـات هێرشیان بۆ یەکتری برد، یەکێکیان بەنێزەکەی و ئەویتریان بەتیروکەوانەکەی

(٥٨٦) بەو جۆرە کوڕی پریام تیرێکی هاویشت، بەر سینەبەندەکەی مینیلاوس کەوت، بەڵام تیرەکە گەڕایەوەو ڕۆیی. وەکو چۆن پاقلە ڕەشە یان نۆك لە خەرماندا و لەبەر بایەکی توند و بەدەستی جوتیارێکی بەهێز لەسەرەند دەدرێ و لە سەرەندەکە دەکەوێتە خوارەوە، بەو ئاوایە تیرەکە بەسپەرەکەی مینیلاوس کەوت و گەڕایەوەو دوورکەوتەوە. بەڵام مینیلاوسی کوڕی ئوتریوس، نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕ، نێزەیەکی گرتە ئەو دەستەی کە کەوانەکەی گرتبوو، ئەو کەوانەی زۆر بەچاکی و وەستایانە سیقال کرابوو و ڕەونەقی هەڵهێنا بوو. نێزەی برونزین لەکەوانەکە تێپەڕی و بەر دەستەکە کەوت، هیلینوس بۆ ناو هەڤاڵەکانی خۆی هەڵهات تا لە دێوی مەرگ بخەلەسێ. لەو کاتەدا دەستی بەلاقەد یا شۆڕ بوو بووەوە و نێزە دەرداری (جۆرە درەختێکە)یەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. بەڵام ئەجینوری هەژی نێزەکەی لە دەستە زامدارەکەی دەرهێنا، و زامەکەی بەو قۆچەقانییە خورییە بەست کە بەهاوڕێ و میرئاخورەکەی بوو.

(٦٠١) ئەوجا پیساندر ڕاست و بەپەلە بەرەوڕووی مینیلاوسی سەرفراز چوو، بەڵام چارەنووسی شووم بەرەو مەرگی دەبرد چونکە دەبوایە لە جەرگەی شەڕدا بەدەستی تۆ بکوژرێ ئەی مینیلاوس. کە ئەو جووتە لێکدی چوونە پێشێ و کەوتنە شەڕەوە نێزەکەی کوڕی ئوتریوس نیشانەی نەپێکاو سەرچوو.پیساندر سپەرەکەی مینیلاوسی هەژی پێکا، بەڵام نەیتوانی سپەرەکە شەق بکات و دیواودەر کونی بکات، سپەرەکە وەکو خۆی مایەوە و نێزەکە لە دەسکەکەیەوە شکا. پیساندر لە دڵی خۆیدا شادمان بوو و ئومێدی بەسەرکەوتن پەیدا کرد.

لێ کوڕی ئوتریوس هەڵیکێشایە شمشێرە زیونیشانەکەی و پەلاماری پیساندری دا. (پیساندر)ش تەورزینێکی برونزی لە پشت سپەرەکەیەوە دەرهێنا، دەسکێکی دڕێژی لەدار زەیتونی مشت و ماڵ دراوی پێوە بوو، هەردوو جەنگاوەر لە یەك کاتدا پەلاماری یەکتریان دا. ئەلهەقی پیساندر قوبەی کلاوخودەکەی مینیلاوسی پێکا –کە بەیاڵی ئەسپ گولینگی بۆ کرابوو، ڕێك ژێر یاڵەکەی پێکا– بەڵام مینیلاوس لەوکاتەدا کە پیساندر بەرەو ڕووی دەهات، نیشانی لێگرتەوە و ڕێك ناوچەوانی، سەرووی کەپووی پێکا، ئێسکەکەی شکاند و هەردوو چاوە خوێناوییەکەی دەرپەڕین و کەوتنە سەر خۆڵەکەی بەر پێی. بەخۆیشی بەپشتا کەوتە سەر زەوی، مینیلاوس پێی خستە سەر سینگی و زرێ و چەکەمەنییەکانی لێ داماڵی و بەغروری سەرکەوتنەوە هاواریکرد: "ئەی تەروادەییانی لەخۆ ڕازی، ئەی ئەوانەی لە جەنگ و شەڕ تێر نابن، بەو شێوە دەبێ بەسواری ئەسپەرەهوانەکانتان کەشتی داناییەکان بەجێ بهێڵن. ئێوە کە نەنگ و شەرمەزاریتان بەسەر هێنام، ئەی سەگانی چەپەڵ، ئێوە کە ئەو هەموو نەهەقی و بەدکرداریەتان دەربارەی من کرد، هیچ لە غەزەبی زیوسی بروسکەوان، زیوسی میواندۆست، خواوەندی میوانو خانەخوێ ،نەترسان،

(٦٢٥) ئەو (زیوس)ەی ڕۆژێ لە ڕۆژان شارە شکۆدارەکەتان وێران دەکات.. ئێوە ئەوەن بێ هیچ هۆ و بیانوویەك، کە لەسەرای خێزانەکەمدا بەگەرمی پێشوازی کران، میواندارێتان لێکرا، کەچی هەستان خۆی و سەروەت و سامانەکەیتان لە کەشتی ناو بەدەریادا ڕفاندتان.. ئێستاش

گەرەکتانە کەشتییەکانمان لە دەریادا بسووتێنن، دەتانەوێ قارەمانانی ئاخیایی بکوژن. نەخێر بەو ئاواتە ناگەن، ڕۆژێ دێ ناچاربن دەست لەشەڕ هەڵگرن!.. ئەی بابە زیوس، خەڵکی دەڵێن تۆ لە دانایی و ئەقڵمەندیدا لەسەرووی هەمووانی، لەسەرووی خواوەندان و بەشەرانی، کەچی هەر تۆ سەرچاوەی ئەم هەموو بەدبەختی و کوێرەوەرییانەی، تا ئەو کاتەی تۆ ئەم خەڵکە شەڕخوازانەت خۆش بوێ، پشتیوانیان لێبکەی، دەست بەرداری شەڕ نابن و لە کوشت و کوشتار تێرنابن!.. بنیادەمان لە هەموو شتێك تێر و بێزار دەبن، لە خەو، لە ڤیان و ئەڤین، لە ستران ولاوژەی دڵگیر، لە ڕەقسین و شایی.. کە هەر هەموو ئەمانە زۆر لەشەڕ خۆشترن و مایەی کامەرانی بەشەرن، کەچی تەروادەییەکان هەمیشە هەر تینوی شەڕن،

(٦٤٠) مینیلاوسی بێ وێنە ئەو قسانەی کرد و سپەڕ وزرێ خوێناوییەکەی لە لەشی پیساندروس دامالّی و دانی بەهاوڕێکانی و بەخۆی گەڕایەوە بۆ ناو جەنگاوەرەکانی ڕیزی پێشەوەی شەڕەکە.

(٦٤٣) لەم کاتەدا (هارپالیون)ی کوڕی شا پیلایمنس، کە لەگەڵ بابە ئازیزەکەیدا بۆ شەڕی تەروادە هاتبوو، و چارەنووسی ئەوە بوو کە جارێکی دی بۆ خاکی نیشتمان نەگەڕێتەوە. بەڵێ هارپالیون هێرشی بۆ برد، لە نزیکەوە نێزەکەی گرتە سپەرەکەی کوڕی ئوتریوس (مینیلاوس)، بەڵام نەیتوانی سپەرەکە بسمێ و ببڕێ، جا بۆ ئەوەی لە مردن بخەلەسێ بەلەز بۆ ناو ئاپۆڕەی هاوڕێکانی گەڕایەوە، بەدەم پاشەکشەوە ئاوڕی هەموو لایەکی دەدایەوە نەوەك یەکێك دەرفەتی لێ بێنێ و بەبرونز بریندار بکات.کەچی هێشتا بەتەواوەتی پاشەکشەی نەکردبوو، کە میریونیس تیرێکی نوك برونزی سرەواندێ و بەر سمتی ڕاستی کەوت و ئێسکەکەی بڕی و گەییە میزەڵدانی. هارپالیون هەر لە جێوە کەوت و بەباوەشی هاوڕێ ئازیزەکانییەوە گیانی دەرچوو، وەکو کرمێك کەوتە سەر زەوی و خوێنێکی ڕەشی لەبەر دەڕۆیی و زەوییەکەی تەڕ کرد. بافلاگونییە دلێر و وەرە بەرزەکان دەوریاندا و لە گالیسکەکەیان بار کرد و بەخەم و پەژارەوە بۆ تەروادەی پیرۆزیان برد، باوکیشی بەدەم گریان و فرمێسك ڕشتنەوە لەگەڵیاندا ڕۆیی و هیچ سەربەهاو هێزێك نەبوو کوڕە مردووەکەی بۆ بژێنێتەوە!

(٦٦٠) پاریس بەمردنی هارپالیون زۆر خەمبار و تووڕە بوو، چونکە کاتی خۆی لەنێو هەموو بافلاگونیەکاندا میوانی ئەو بوو، پاریس لە حەژمەتاو لە داخی دڵی خۆی تیرێکی نوك برونزی بەئاسماندا هاویشت.. جا پیاوێك هەبوو بەناوی یوخینور، ئەم پیاوە کوڕی پولیدوسی غەیبزان و نجومگەر بوو، کە پیاوێکی دەوڵەمەند و خانەدان و ئازابوو، کە کۆشك و ماڵەکەی لە کورینت بوو، ئەم پیاوە (یوخینور) وەختێ کە بەسواری کەشتی بەرەو تەروادە دەچوو، دەیزانی بەرەو پیری مەرگ دەچێت، چونکە بابە پیرەکەی، پولیدوس زۆرجار پێی گوتبوو کە یا بەدەم نەخۆشی و دەرد و ئازارێکی سەختەوە لە ماڵەوە دەمرێ، یان لە ناوەندی کەشتی ئاخییەکاندا، بەدەستی تەروادەییەکان دەکوژرێت. بۆیە هەوڵی دەدا هەم لە ئازاری لۆمەی ئاخییەکان بخەلەسێ و هەم لە نەخۆشی و ئازاری نەخۆشی.. جا تیرەکەی پاریس بەر ئەم پیاوە کەوت، ڕێك لەپڕ گوێچکەیەوە بەر شەویلاگەی کەوت، یەکسەر گیانی دەرچوو، و تاریکی مەرگ باڵی بەسەر چاوەکانیا کێشا.

(٦٧٣) ئا بەو جۆرە وەکو ئاگری هەڵایساوی نێڵە نێڵ بەگژ یەکدی دا دەچوون و شەڕی یەکتریان دەکرد. بەڵام هیکتۆری خۆشەویست و نازپەروەردەی زیوس، نەی بیستبوو، و نەیزانی بوو کە ئارغیفییەکان (ئارگۆسییەکان) لە قۆڵی چەپی شەڕگەکەوە هێرشیان هێناوەتە سەر جەنگاوەرەکانی و ئەگەر کار وا بڕوات بەو زووانە سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ خۆ وەدەست دێنن، چونکە پوسیدونی خواوەندی پارێزەر وهەژێنەری زەوی ئارگۆسییەکانی بۆ شەڕ هاندەدا و بەهێزی بازووی خۆیشی یارمەتی دەدان. بەڵام هیکتۆر ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە هەوەڵجار لێوەی وەژوور کەوت، ڕوویکردە دەروازە و دیوارەکان، ڕوویکردە ئەو شوێنەی کە دڕی بەدانایی سپەردارا، ئەو شوێنەی کە کەشتییەکانی ئەجاکس و پوتیسیلاوس هاتبوونە کەنار و لەنگەریان گرتبوو، کە حەسارەکە لەو ئاستەدا زۆر نزم بوو. ئا لەوێدا، لەو شوێنەدا شەڕی پیادە و گالیسکە زۆر گەرم بوو. لەوێدا، بیوتیان، یونیان –کە جلی دەڵب و شۆڕیان لەبەر بوو– لوکریان، پیتیان و ئیپیانی جەربەزە و بەناوبانگ دەبوایە هەموو هێز و توانای خۆیان بخەنە کار تا هێرشی هیکتۆری دلێر بۆ سەر کەشتییەکان ڕابگرن. بەڵام هەرچیان دەکرد و دەکۆشا نەیاندەتوانی هیکتۆری مەزن کە لە مەشخەڵی ئاگر دەچوو لە کەشتییەکان دوور بخەنەوە. ناودارانی ئاتینی هەڵبژێردرابوون کە لەبەرەی پێشەوە بجەنگن، ئەمانە مینستیوسی کوڕی بیتیوس، بەیاریدەی فیداس و ستیکیوس و بیاسی نەبەز ڕابەرایەتی دەکردن. میگیسی کوڕی فیلیوس و ئەمفیون و دراکیوس ڕابەرایەتی ئیپیانییەکانیان دەکرد. میدون وبودارکیسی شێرە پیاو سەرداری بیتیان بوون. هەڵبەتە میدون کوڕی ناشەرعی ئولیوس و بڕای ئەجاکس بوو، ئەمە لە فیلاکیدا و دوور لە خاکی نیشتمانی خۆی دەژیا، چونکە برایەکی (ئیریوبیسی) زۆرداپکی خۆی، واتە ژنی ئویلیوسی کوشتبوو، (بودراکیس)ش کوڕی ئیفیکلوسی کوڕی فیلاکوس بوو، ئەم دووانە وەکو سەرکردەی پیتیان، سەراپا چەك شانبەشانی بوتیەکان وەستان و جەنگاوەرانە و جوامێرانە بەرگرییان لە کەشتییەکان دەکرد.

(٧٠١) ئەجاکسی کوڕی گوربزی ئولیوس، بۆ دەمێکیش لە ئەجاکسی کوڕی تیلامون دوور نەدەکەوتەوە. وەکو چۆن دوو جوانەگای سورخن پێکەوە و لەژێر یەك نیردا گاسن و هەوجارێکی قورس ڕادەکێشن و کێڵگەیەکی فراوان دەکێڵن و لە بنی شاخەکانیانەوە تا سەری سمەکانیان لە ئارەقەدا هەڵدەکشێت، و تەنیا نیرەکە تا کۆتایی کێڵانی کێڵگەکە لێکدیان جیادەکاتەوە، بەو ئاوایە جووتە ئەجاکس شانبەشانی یەکدی و نزیك بەیەکتر ڕێیان دەکرد. کۆمەڵە جەنگاوەرێکی شایستە بەدووی کوڕەکەی تیلامونەوە بوون، کە هەر کاتێ ماندوو بوایە و ئارەقەی بکردبوایەوە، سپەرەکەیان لێ دەستاند و بۆیان هەڵدەگرت. بەڵام (لوکریان)ەکان دوای کوڕەکەی ئولیوس کە جەنگاوەرێکی یەجگار ئازا بوو، نەکەوتن، چونکە ئەوانە ئەزموونی شەڕی دەستەویەخەیان نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە نە کلاوخودی برونزیان لەسەر بوو نەسپەری بازنەیی و نە نێزەی لە درەختی بناو دروست کراویان هەبوو. بەڵکو بەپشتیوانی تیروکەوان و قۆچەقانییە لە بەن دروستکراوەکانیان دوای ئەجاکس کەوتبوون و بۆ شەڕی تەروادە هاتبوون، جا بەو تیر و بەردانەی کە بەو جەنگەوزارانە دەیان هاویشت هێزی جەنگاوەری

تەروادەییەکانیان تێك دەشکاند. لەو کاتەدا کە ئەوانەی لە پێشەوە بوون و سپەر و زرێ لەبەر و نێزە بەدەست شەڕی تەروادەییەکان و هێکتۆری برونزپۆشیان دەکرد و ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، ئەوان لە پشتەوە و لە حەشارگەکانی خۆیانەوە تیر و بەردیان بەسەریاندا دەبارانند. بەو جۆرە تەروادەییەکان بەرە بەرە وردیان بەردەدا، چونکە ئەو تیرو بەردانە تەواو شپرزەی دەکردن.

(٧٢٣) دوای ئەوەی تەروادەییەکان چی وای نەمابوو دەستبەرداری کەشتی و خێوەتەکان بن و بەرەو تەروادەی بەردەم ڕەشەبا پاشەکشە بکەن، ئەگەر پولیداماس فریا نەکەوتبا و جارێکی دی بەهێکتۆری نەگوتبا:"ئەی هێکتۆر لێك حاڵی بوون لەگەڵ تۆدا یەجگار ئەستەمە، تۆ گوێ لە ڕاوێژ و ئامۆژگاری کەس ناگریت.چونکە خواوەند لەواری جەنگ و نەبەردا بەسەری کردویتەوە و بەهرەو توانایەکی فرەی داویتێ، لە خەڵکانی دیکە باڵا دەست تری، دەتەوێ لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و بەردەباریشدا لە خەڵکانی دیکە زاناتر و هوشیار تر بی. بەڵام تۆ ناتوانی لەیەك کاتدا و لە هەموو بوارەکاندا هەر بەهرەدارتر و باڵادەست تر بی.ئەوە بەشی خواییە. زیوس بەهرەی شەڕ و شەڕقانی بەهەندێك دەدات، بەهرەی سەما و ڕەقسین بەهەندێکی دی، و بەهرەی سێتارژەنی و گۆرانی بەهەندێکی دی دەدا، جا زیویسی دوورئەنێش و دوور بین ئەقڵ و زیرەکییەکی سوودمەند بەیەکێکی دی دەدات کە خەڵکێکی زۆر سوودی لێ دەبینن، ئەم ئەقڵمەندە زانایە بەکۆمەکی ئەقڵی خۆی، زۆر کەس لە خەتەر و تالوکە و فەوتان ڕزگار دەکات، و ئەو کەسە هەر خۆی قەدر وکارایی ئەو بەهرەیە دەزانێ. جا بۆیە من ئەوەی بەئەقڵمدا هاتووە و بەباشترین ڕێنوێنی دەزانم بەتۆی دەڵێم: ئەوی ڕاستی بێ ئاگری شەڕ دەورا و دەوری گرتویت و،

(٧٣٦) تەروادەییەکان، تەروادەییە دلێرەکان کە ئێستا لە بورج و دیوارەکە تێپەڕیوون، هەندێکیان بەتەنێ و بەچەکی تەواوەوە لە دوورەوە وەستاون، هەندێکی دیکە کە ژمارەیان کەمترە، بەپەڕاگەندەیی لە بەینی کەشتییەکاندا شەڕی دژمن، دژمنێکی فرە ژمارە دەکەن. کەواتە خێراکە بۆ بەرەی پاشەوە بگەڕێوەو هەموو فەرماندە ئازاکانت بۆ ئێرە بانگ بکە، تا پێکەوە تەگبیرێك بکەین و بزانین ئاخۆ هێرش بەرینە سەر کەشتییەکان بەو ئومێدەی کە خوا سەرکەوتنمان وە نسیب بکات، یان تا کار لەکار نەترازاوە بەسەلامەتی پاشەکشە بکەین. من بۆ خۆم لەوە دەترسم ئاخییەکان تۆڵەی تەواوەتی دوێنێمان لێ بکەنەوە، چونکە لەوێ، لەلای کەشتییەکانیان پیاوێکی پشوو درێژ هەیە کە هەرگیز لەشەڕ وەڕز نابێ و چاوەڕوانە، پیاوێك کە پێم وانییە تا ماوەیەکی زۆر هەر دووەو پەرێز دەبێ.

(٧٤٨) هیکتۆر زۆری کەیف بەڕاوتەگبیرە بەجێیەکەی پولیداماس هات، و یەکسەر بەهەموو چەك و تاقمەکەیەوە، خۆی لە عەرەبانەکەی هەڵدایە خوارێ و ڕوویکردە پولیداماس و گوتی: "پولیداماس تۆ هەموو فەرماندە ئازاکان لێرە خڕبکەوە و منیش دەچم بۆ ئەوێندەر، بۆ شەڕەکە و هەر کە دەستوری تەواوم دانێ بەلەز دەگەڕێمەوە."

(٧٥٤) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، بۆی دەرچوو، لە تۆ وایە چیایەکی سەر بەبەفر و بەستەڵەکە، و نەعرەتەیەکی بەرزی کێشا و لەناو هەموو تەروادەیی و هاوپەیمانەکانیانا دەنگی دایەوە. هەر کە گوێیان لە دەنگی بوو هەموویان لە دەوری پولیداماسی کۆرە شکۆدارەکەی پانتوس خڕبوونەوە، بەڵام هیکتۆر لە ڕیزەکانی پێشەوەدا بوو و چاوی بۆ دیفوبوس، هیلینۆسی شازادەی مەرد وڕەند، بۆ ئەداماسی کوڕی ئەسیوس و ئەسیوسی کوڕی هیرتاکۆس دەگێڕا، بەڵام بێهودە بەتەمای دیتنیان بوو، چونکە هەندێکیان لای کەشتی ئاخییەکان کەوتبوون و گیانیان دەرچوو بوو، بەدەستی ئارگۆسییەکان کوژرا بوون.هەندێکی دیکەیان بریندار بووبوون دوور و نزیک پەنایان بردبووە بە بورج و حەسارەکانی شار. بەڵام لە قۆڵی چەپی شەڕە تووشەکەوە پاریسی مەزن، پاریسی مێردی هیلینی شۆخ و شەنگی بینی کە جەنگاوەرەکانی بۆ شەڕ دنەدەدا، لێی چووە پێشێ و گوتی: "پاریس، ئەی شوم، ئەی شملّی شەڕ، ئەی جوانخاس، ئەی شەیدای مێبازی، ئەی خاپینۆک.. درۆزن، پێم ناڵێی کوا دیفوبوس و شا هیلینوس؟ کوا داماسی کوڕی ئەسیوس و ئەسیوسی کوڕی هیرتاکۆس؟ ئەی ئوتریونیوس لە کوێیە؟.. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە "ئیلیون" لە بەرزییەوە دەکەوێتە خوارێ و وێران دەبێ، و ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە لە فەوتان ناخەلەسیت.

(٧٧٤) ئەلکساندەری جوانخاس، قۆز میناکی خواوەندان وەڵامی دایەوە و گوتی: "تۆ ئەمڕۆکە بەناهەق من سەرزەنشت دەکەی، هەر ڕۆژێك دڕێغیم لە شەڕ کردبێ، ئەمڕۆکە دڕێغیم نەکردووە، چونکە دایکم بەترسنۆکی منی نەهێناوەتە دنیا، لەو ڕۆژەوە کە تۆ شەڕت هێناوەتە نزیکی کەشتییەکان، و ئێمە دوات کەوتوین، لێرەدا و لە یەکبینە شەڕی داناییەکان دەکەین. بەڵام سەبارەت بەو هاوڕێیانەی کە لێیان دەپرسیت، هەر هەموویان مردون جگە لە دیفوبوس و میری بەجەرگ هیلینوس، کە زیوس لە مەرگ ڕزگاری کردن، هەردوکیان بەبازووی بریندارەوە، کە بەڕمی درێژ بریندار بوون، بۆ ئیلیون گەڕاونەتەوە. جا ئێستاش بەکەیفی دڵی خۆت بکە و بۆ ئەو شوێنەمان ببە کە دڵ و ڕۆحت گەرەکیەتی، بەدڵ و گیان دوات دەکەوین.تا هێز و تواناممان تیا بێ درێغی ناکەین، جا پیاو چەند ئازا بێ و چەند تامەزرۆی شەڕ بێ، هەر ناتوانێ لە توانای خۆی زیاتر بجەنگێ.

(٧٨٨) بەو قسانە دڵی براکەی نەرم کرد، بەدوو قۆڵی بەرەو ئەو شوێنە چوون کە شەڕ گەرم بوو، پولیداماس، سپریون، فالیس، ئورتیوس، پولفیتوس، پالمیس، ئەسکانیوس و موریسی کوڕانی هیپوتیون.. کە دوێنێ بەیانی لە (ئەسکانیا)ی بەپیت و بەرەکەتەوە بۆ یارمەتی پریام هاتبوون، هەموو لەوێندەر خڕ بوونەوە و دەوریان گرتن، زیوس هەموو ئەمانەی جۆشدا و بەرەو شەڕی کێشان. وەك چۆن لە ئەنجامی هەورە بروسکەیەکی زیوسەوە، گێژەڵوکەیەکی سەرشێت بەسەر عاردیدا هەڵبکا و بەگڤ و هۆڕێکی سامناك خۆی بەدەریادا بکات و شەپۆلانی گەورە و کەف چەڕینی یەك لەدوای یەك بەرەو کەناری دەریا دوای یەکتر دەکەون، بەو ئاوایە تەروادەییەکان ڕیز لەدوای ڕیز بەخۆ و سپەرە پرشنگدارەکانیانەوە دوای فەرماندەکانیان کەوتن، هیکتۆری هاوتای ئیریسی قڕکەری بەشەران ڕابەرایەتی هەموویانی دەکرد. هیکتۆر

سپەرە بازنەییەکەی لە پێش خۆیەوە گرتبوو، ئەو سپەرەی کە لە چەند چینە چەرمێکی ئەستور دروست کرا بوو، و لۆیەکی برونزینشی لێنرا بوو. کلاوخودێکی پرشنگدارشی لەسەربوو کە تا لاجانگ و گۆناکانی داپۆشی بوو. هیکتۆر لە سایەی ئەم سپەرەدا ڕابەرایەتی جەنگاوەرەکانی دەکرد و ئاوڕی ئەم لاو ئەولای دەدایەوە تا بزانێ کە ئاخۆ بەدوایەوەن یان نا. بەڵام وێڕای ئەمەش نەیتوانی دڵی ئاخییەکان بلەرزێنێ، ئەجاکس یەکەم کەس بوو لێی هاتە پێشێ و ڕووبەڕووی وەستا و پێی گوت: "ئەی جەنگاوەری دلێر، وەرە پێشترەوە، بۆچی لە هەوڵی ئەوەدای بەبێهودە جەنگاوەرەکانی ئێمە بترسێنێ؟ ئێمەش جەنگاوەری کارامە و بەئەزمونین، بەڵام وا غەزەبی زیوسی دڵڕەق گرتووینی، بێگومان پڕبەدڵ بەهومێدی ئەوەی کەشتییەکانمان بسوتێنێ و بەتاڵانیان بەری

(٨١٣) بەڵام ئێمەش بازووەان هەیە، بەهێزی بازوو بەرگرییان لێدەکەین. بەرلەوەی تۆ کەشتییەکانمان وێران بکەی، ئێمە شارە ئاوەدان و قەرەباڵغەکەتان بەدەستی خۆمان وێران دەکەین. جا من پێت دەڵێم کە ئەو ڕۆژە نزیك بووەتەوە.. کە بەناچاری هەڵێیت و لە زیوس و خواوەند نەمرەکانی دیکە بپارێیتەوە، کە ئەسپە یاڵ شۆڕەکانت، کە بەناو گەرد و تۆزی دەشتا بەرەو تەروادەت دەڕفێنن لە تەیری تیژ باڵ، لەواشە تیژ ترین لەژێرتا.

(٨٢١) لەو دەمەدا کە ئەو بەو شێوەیە قسەی دەکرد، تەیرێك بەلای دەستە ڕاستا بەئاسماندا فڕی، جەنگاوەرانی ئاخیایی بەم نیشانە و مژدە خواییە خۆشحاڵ بوون، وەریان بەرز بووەوە و بەشادییەوە هورایان کێشا.لێ هیکتۆری ناودار بەرسڤی دایەوە و گوتی: "ئەجاکس، ئەی درۆزنی خاپینۆك! ئەی فشەکەری لەخۆبایی، ئەی پاڵەوانە درۆینە، ئەم هەڕەشانە چییە؟ من وەکو چۆن دڵنیام کە هەمیشە فەرزەندی زیوسی سپەردار و هیرای ژنی ئەوم، وەکو چۆن دڵنیام ئەتینا و ئەپولۆ ڕێزم دەگرن، لەوەش دڵنیام کە ئەمڕۆ ڕۆژی بەدبەختی و نەگبەتی ئارگۆسییەکان دەبێت، و تۆش ئەگەر جورئەتی ئەوەت هەبێ چاوەڕوانی نێزە دڕێژەکەی من بکەی، ئەوا لە زومرەی مردوەکان دەبیت، ئەو نێزەیەی کە جەستەی سپی و ناسکی زەمەق ئاسات ئەنجن ئەنجن دەکات، هەنگێ کە لەبەردەم کەشتی ئاخییەکاندا دەکەویت، بەگۆشت و غەز و بەزی لەشت کسۆك‌ودااڵێن تەروادەییەکان خەنی دەکەیت.

(٨٣٣) ئەو قسانەی کرد و لە پێشی جەنگاوەرەکانییەوە کەوتە ڕێ، جەنگاوەرەکانیش بەدەم هاواری بەرزەوە دوای کەوتن و هەموو سوپا لە دوایەوە لە نەعرەتەیاندا. ئارگۆسییەکانیش بەهاوار و نەعرەتەکێشان وەاڵمیان دایەوە، بەبێ ئەوەی وەرە بەر بدەن یان بترسن، ڕووبەڕووی هێرشی ئازاترین تەروادەییان وەستانەوە، هاوار و نەعرەتەی هەردوو سوپاکە ئاسمانی شەق کرد و گەییە عەرشی عەزیمی نوربەخشی زیوس.

سروودی چواردەیەم

هیرا، زیوس تەفرە دەدات

حیکایەتەکە:

نەستور لە خێوەتەکەی خۆیدا بوو، گوێی لە هەرا و زەنایەکی بەرز بوو، وەدەرکەوت و چاوی بەفەرماندە یۆنانییەکان و بەئاگامەنون کەوت کە چاودێری شەڕەکەی دەکرد سەیری کرد تەروادەییەکان لە سەرکەوتنێکی گەورەدان، بۆیە ترسی ئەوەی لێ نیشت ئارغیفییەکان (ئارگۆسییان) قڕیان تێبکەوێت، پێشنیازی کرد گریکەکان بەرەو کەشتییەکان پاشەکشە بکەن، چاوەڕوانی ئەوە بکەن زیوس دەستبەرداری تەروادەییەکان ببێ و ئاوڕێکی بەخێر لە ئارگوسییەکان بداتەوە لێ ئودیسیوس هەستی بەمەترسی ئەم پێشنیازە کرد و ڕەتی کردەوە و داوای کرد شەڕ بەردەوام بێ ،چونکە پاشەکشە بۆلای کەشتییەکان دەیکردە وێرانی و سوتانی کەشتییەکان و مردن لە غەریبی و دوورە وڵاتی. ئەو ڕایەش کە بریندار نابێ شەڕ بکات هەر ڕایەکی هەڵەیە بریندار دەتوانێ لەبەرەی پاشەوە جەنگاوەران هانبدات، ئەگەر جاری دووەم بریندار بووەوە با بۆلای کەشتییەکان پاشەکشە بکات. پوسیدون لە بارەگاکەی خۆیەوە لەژێر دەریا وەدەرکەوت و کەوتە دنەدانی ئاخییەکان بۆ شەڕ و خۆڕاگری و پێی ڕادەگەیاندن کە دەست بەسەر تەروادەدا دەگرن. کاتێ هیرا بینی ئاخییەکان لە مەترسیدان ناردی بەشوێن ئەفرۆدێتی خواوەندی جوانی و ڤینانداا داوای لێکرد هەندێ لەو شتانەی بەئەمانەت بداتێ کە ئەقڵی بەشەر و خواوەند دەبات، ئیدی کەمەربەنێکی دایێ کە هەموو شتێکی تیا بوو بۆ فریودان و ڕاکێشانی خواوەندان و بەشەران. ئەوسا پەنای بۆ خواوەندی (خەو) برد و داوای لێکرد یارمەتی بدات ،بەڵام ڕەفزی کرد چونکە جارێك یارمەتی دابوو، زیوس لێی توڕە بوو بوو و ئەگەر خۆی لە جەرگەی تاریکی شەودا نەشاردبوایەوە لەوەبوو بیکوژێت. ئیدی بەڵێنی دەداتێ کە بچووکترین یەزدانخانمی جوانی و ناز و نیعمەتی کە زۆری حەز لێبوو بۆ بکات بەبووك و بیداتێ. دوای ئەوەی پۆسیدون بەئاوی ڕوباری ستیکس سوێندی بۆ خوارد، ئەم سوێندەی کە خواوەندانش ناتوانن لێی ژێوان ببنەوە و نەیبەنە سەر، ئەویش (خواوەندی خەو) قاییل بوو و لەگەڵیا ڕۆیی. هیرا چوو بۆلای زیوس و بەکەمەربەنەکەی ئافرۆدێت هەستیارترین ئارەزووی بزواند و فریوی دا و چووە ناو نوێنەکەیەوە، لەوێدا دوای ڕاموسانێکی قوڵ و دەست لە ملانێ و هاوباخەڵی، خەوی لێکەوت. هیرا داوای لە (خەو) کرد پوسیدون ئاگاداربکاتەوە کە زیوس نووستووە و دەتوانێ بەئارەزووی خۆی یارمەتی ئاخییەکان بدات، هەنگێ پوسیدون بێ خەم کەوتە هاندانی جەنگاوەرەکان، داوای لێکردن کە هەر جەنگاوەرێکی بەهێز زرێ و سپەری گەورە و چاك هەڵگرێ و زرێ و سپەرە بچوك و خراپەکەی خۆی بدات بەجەنگاوەری لاواز، ئیدی ئاخییەکان خۆیان ڕێکخست و توانیان بەکەڤرێکی گەورە هیکتۆر بپێکن و بۆ ماوەیەك وەکو (خەو) بەپۆسیدونی ڕاگەیاند تەروادەییەکان لە کەشتییەکانیان دوور بخەنەوە.

زەمەن:

هومەر، هێشتا لە ڕۆژی بیست و هەشتەمی گێڕانەوەکەیدایە.

شوێن:

شۆڕنی بوپەر و ڕووداوەکان هەمە جۆرە: ئۆڵەمپ و ئیدا و کەناری دەریا کە شەڕ لەوێدا گەرمبوو. شۆڕنێکی دیکەش هەیە،کە هیکتۆریان بۆ گواستەوە ئەویش ڕوباری (ئیکسانتوس) بوو.

(١) نەستور لە خێوەتەکەی خۆیدا دانیشتبوو و مەی دەخواردەوە، بەڵام هەرا و زەنای جەنگ گەییە گوێی، ڕوویکردە کوڕەکەی ئەسکیلیبیوس و گوتی: "ئەی ماکایونی پاکزاد، ئەی خانەدان ئەمە چییە؟ هەراو زەنای جەنگاوەران لە نزیکی کەشتییەکانی ئێمەوە دێت، و تادێ زیاتر دەبێ تۆ لێرە دانیشە و بادەی خۆت بخۆرەوە، تا هیکامیدی زڵف شۆڕ حەمامت بۆ گەرم بکات و خوێنی وشکەوە بووی سەر زامەکەت بشویت. منیش دەچمە دەرێ تا بزانم لە مەیدانی شەڕ چ باسە.

(٩) ئەو قسەیەی کرد و سپەرەکەی (تراسیمیدسی) کوڕی تراسیمیدسی ڕامکەری ئەسپان، کە لە خێوەتەکەی ئەودا دانرا بوو، ئەو سپەرە مکومەی لە برونزدا دەبریقایەوە، هەڵگرت. چونکە تراسیمیدس سپەرەکەی بابی بردبوو.. ئەوسا نەستور نێزەیەکی مکومی نوك تیژی برونزینی هەڵگرت و هەر کە لە خێوەتەکە هاتەدەرێ هەڵوەستەیەکی کرد ،دیمەنێکی ناجۆری بینی سەیری کرد ئاخییەکان خراپ شکاون، هەموو سەرگەردان و پەرێشان، حەسارەکەیان ڕوخاوە و هەریەکە و بەلایەکدا لەبەر تەروادەییەکان هەڵدێن. جا وەکو چۆن دەریایەکی گەورەی بەشەپۆلان ئاوس، چاوەڕوانی هەڵکردنی بایەکی توند و سەرکێش دەکات ،مات و مەنگ و سەرگەردان بەهیچ لایەکدا ناڕوات، تاوەکو بایەك لەلای زیوسەوە دێ و ئاڕاستەی دەکات. نەستوری پیرەمێردیش بەو شێوەیە تیامابوو نەیدەزانی وەگەڵ هێزی شەڕڤانانی ئاخیایی بکەوێ یان بڕوات و منەی ئاگامەمنون بکات. لە ئەنجامدا بڕیاریدا کە واچاکترە بڕوات بۆلای کوڕەکەی ئوتریوس، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگاوەرەکان لە گەرمەی شەڕدا بوون و یەکتریان دەکوشت ،و تەق و هۆڕی زرێ و قەڵغانە برونزییەکانیان، لەژێر زەبری نێزە و شیر و تیری یەکدیدا دەنگی دەدایەوە.

(٢٧) نەستوری پیر، ڕێکەوتی سەران و پاشایانی دەست پەروەردەی زیوسی کرد، واتە ڕێکەوتی کوڕی تیودیوس و ئودیسیوس و ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوسی کرد کە لە کەشتییەکانیانەوە دەهاتن و هیلاك و ماندوو لەگەڵ ئەو فەرماندە ناودارانەدا بوون کە بریندار بوو بوون، کەشتییەکانیان لە مەیدانی شەڕەکە دوور خرابوونەوە، چونکە یەکەم کەشتیانی کەنارەکە بوون، حەسارەکەش لە پشتی سەنگەرەکانەوە ڕۆنرابوو، ئیدی شۆڕنەکە تەنگ بوو بوو و کەنارەکە بەهەموو بەرینییەکی خۆیەوە جێی هەموو کەشتییەکانی لێ نەدەبووەوە، ئەمەش شۆڕنی جەنگاوەرەکانی تەنگ کردبوو، ئیدی کەشتییەکانیان لابردبوو و بەڕیز و لەدوای یەك ڕایانگرتبوون و کەنداوەکەیان پڕ کردبوو. ئەم سەرکردانە، نێزە بەدەست و خەمبار و دڵتەنگ دەهاتن تا شەڕەکە بدینن، کە تووشی نەستوری پیر بوون دڵیان داخورپا و ترسیان لێنیشت، هەنگێ ئاگامەمنون بەدەنگی بەرز پێی گوت: "ئەی نەستور، ئەی کوڕی نیلیوس، ئەی مایەی شکۆ و سەرفرازی ئاخییان: بۆچی دەستبەرداری ئەم شەڕە بەشەرکوژە بوویت و بۆ ئێرە

هاتوویت؟ لەوە دەترسم هیکتۆری لەشکرشکێن قسە و هەڕەشەکەی خۆی هێنابێتە دی. چونکە رۆژێك لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا بەتەروادەییەکان دەڵێت کە تا کەشتی ئاخاییەکان نەسوتێنێ و نەمانکوژێت بۆ ئیلیون (تەروادە) ناگەڕێتەوە. کەچی وا هەست دەکەم هەموو ئەو هەڕ و گیڤانەی دێنە دی. هاوار بەمالّم! وادیارە ئاخییەکانی دیکەش وەکو ئەخیل لەدڵی خۆیاندا لێم پڕن و تەنانەت ئامادەنین بەرگری لە کەشتییەکانی خۆیانیش بکەن!

(٥٢) ئەوجا نەستوری جیرنیایی، سوارچاك و ڕامکەری ئەسپان بەرسڤی دایەوە و گوتی: "بەڵێ، ئەو شتانە لەم کاتەدا خەریکە دێنەدی، قسەکانت دروستن و تەنانەت زیوسی بروسکە دەنگیش ناتوانێ و نایەوێ نەخشەیەکی دیکە دانێ و گۆڕان لەم حاڵە بکات! سەیرە ئەو حەسارەی کە پشتمان پێی قایم بوو و واماندەزانی پەناگەیەکی لەشکان نەهاتووە بۆ کەشتییەکانمان و بۆ خۆمان هەرەسی هێناوە. تەروادەییەکان شەڕێکی تۆند و بێ ئامان لە نزیکی کەشتییە خێراکانمان دەکەن و بڕ بڕ جەنگاوەرەکانمان دەکوژن ،و هورا و نەعرەتەی شەڕ دەگاتە ئاسمان. جا ئەگەر بیرکردنەوە سودێکی هەبێ، ئێستا ئەوەمان لەسەرە تەگبیرێکی خۆمان بکەین و بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن بتوانین ئەم کارە بگەیەنینە ئەنجام .بەڵام سەبارەت بەجەنگ من نالّێم بەخۆمان بچینە جەنگەوە. چونکە پیاوی شەکەت و زامدار ناتوانێ شەڕ بکات."

(٦٤) ئاگامەمنونی پاشای بەشەران وەڵامی دایەوە: "ئەی نەستور، ئەوا تەروادەییەکان شەڕیان هێناوەتە کەنار کەشتییەکانمان، نە حەسارە مکومەکە و نە ئەو خەندەکەی کە داناییەکان زۆری پێوە ماندوو بوون ،و لە دڵی خۆیاندا بەهیوا بوون کە ببێتە لەمپەر و سەنگەر و خۆیان و کەشتییەکانیان دەپارێزن، نەمان و فریامان ناکەون. جا من پێموایە ئەمە ویستی زیوسی بەتوانایە کە ئاخییەکان لێرە و دوور لە ئارگوس، غەریب و گۆڕ غەریب و بێ ناوونیشان بکوژرێن. من ئەوسا ئەمەم بۆ دەرکەوت کە زیوس پڕ بەدڵ و ڕاستگۆیانە یارمەتی داناییەکانی دەدا .بەڵام ئەمڕۆکە بایداوەتەوە بەلای دژمنەکانماندا و پایە و سەرفرازی خواوەندانی نەمریان پێ دەبەخشێت، لە ڕادەبەدەر مدارایان دەکات و هێزی لەبەر ئێمە بڕیوە و دەستی بەستوینەتەوە. جا وەرن بەقسەی من بکەن با هەموو کەشتییەکانی کەنارەکە بۆ ناو دەریاکە دوور بخەینەوە و لەوێ لەنگەر بگرین تا شەو دادێ. جا ئەگەر شەو و تاریکی شەو تەروادەییەکانی لەشەڕ خست ،ئەوا دەتوانین هەموو کەشتییەکانمان بکێشینەوە بۆ ناو دەریا چونکە هەڵاتن لە کارەسات و ڕۆژ ڕەشی، با بەشەویش بێ، نەنگ نییە .مرۆڤ ئەگەر لە کارەسات و مەرگ هەڵێ باشترە لەوەی ڕووبەڕووی ببێتەوە و ببێ بەقوربانی."

(٨٢) هەنگێ ئودیسیوس برۆکانی وێك هێنانەوە. نیگایەکی توڕەی کرد و گوتی: "ئەی کوڕی ئۆتریوس، ئەم قسەیە چی بوو کە لە زارت دەرهات! ئەی بێنەوا! بریا فەرماندە و پاشای سوپایەکی دی دەبووی. سوپایەکی ترسنۆك و دوور لە هەر سەرفرازییەك نەك پاشا و فەرماندەی ئێمە. ئێمەیەك کە زیوس لە چارەی نووسیوین هەر لە منالّییەوە تا پیری لەناو ئاگری شەڕی بەڵای گیانی بەشەراندا بژین تا ئەو کاتەی دوا بەیەکمان لەناودەچین و دەفەوتێین! ئەوە تۆ بەڕاستی دەتەوێ شاری تەروادەی فرە ڕێگاوبان، ئەو شارەی کە ئێمە ئەو هەموو ڕەنجەمان لە

پێناویدا داوە، هەروا بەئاسانی بەجێ بهێڵی؟ تا زووە زارت لێکبنە نەبادا ئاخییەکانی دی ئەم قسە نابەجێیە لەزاری کەسێکەوە بژنەون کە حەکیمانە قسە دەکات و دارعەسای پاشایەتی لە دەستدایە و حوکمڕانی ئەم هەمو لەشکرە گوێڕایەڵە دەکات. من ئەم تەگبیر و ڕایەی تۆ بەنابەجێ دەزانم و قەبوڵم نییە: تۆ دەتەوێ لە کاتێکا شەڕ لەوپەڕی گەرمیدایە کەشتییەکانمان بۆ ناو دەریا بکێشینەوە تا تەروادەییەکان کە ئێستا لە حاڵی هێرشدان و مەستی سەرکەوتنن بەئاواتی خۆ بگەن و بەتەواوەتی لەناومان بەرن. جا ئەگەر ئاخییەکان ببینن کەشتییەکان بۆ ناو دەریا کێشراونەتەوە ،سارد دەبنەوە و هێرش ناکەن. پاشەکشە دەکەن و هەر چاویان لە هەڵاتن و خۆدزینەوە دەبێت. هەنگێ ڕاو تەگبیرەکەی تۆ ئەی سەرداری لەشکرکێش، سەری هەموومان دەخۆات."

(١٠٣) ئاگامەمنونی پاشای جەنگاوەران وەڵامی دایەوە: "ئەی ئودیسیوس، ئەلهەقی بەم ئیرادە تونـدەت ژانـت بـردە دڵمـەوە. بـەڵام خـۆ مـن فـەرمانم بەئاخییـەکان نـەداوە کـە هـەر دەبـێ کەشـتییەکانیان بـۆ نـاو دەریـا بکێشـنەوە. خـۆ ئەگـەر کەسـێك هـەبێ –گـەنج بـێ یـان پـیر– ڕاوتەگبیرێکی لەمەی من باشتری پێ بێ، زۆر خۆشحاڵ دەبم."

(١٠٩) هەنگێ (دیومیدس)ی قارەمان و نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕ، لە ناوەندیانەوە هەستا و گوتی: "ئەو پیاوە تەگبیرکەرەی تۆ دەڵێیی نزیکە، ئەگەر بتانەوێ گوێ لە من بگرن و کەستان لەبەرئەوەی بەتەمەن لە هەمووتان بچووکترم گاڵتەم پێ نەکەن، ئەوا زووبەزوو دەیدۆزینەوە. من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە باوکێکی ڕەسەن و خانەدان بووم، ئەویش (تیودیوس)ە کە لە خاکی تـبس دا (تیبـە) نێـژراوە. بورتیـوس سـێ کـوڕی بـێ وێنـەی دەبـن. دوانیـان ئـاگریوس و میلاس لە پلیورون و کالودونی سەختدا دەژیان ،سێیەمیان ئونیوسی سوارچاك، کە باپیرەی من بـوو و لـەوانی دی ئـازاتر و پیاوانـەتر بـوو، لـە زاگـە و زێـدی خـۆی مایـەوە. بـەڵام بـابم پـاش سەرگەردانییەکی زۆر لە ئارگۆس دا گیرسایەوە. هەڵبەتە زیـوس و خواوەندەکانی دی ئیرادەیـان لەسـەری بـووە، یـەکێك لـە کیـژەکانی مـاڵبـاتی (ئەدراسـتوس)ی خواسـت و مـاڵێکی ئـاوەدان و پۆشتە و پەرداخ و دەوڵەمەندی پێکەوەنا، زەوی و زار گەنمەجارێکی زۆری هەبوو، ڕەز و باخ و بێستانێکی گەورە و خۆشی هەبوو و پەز و مەڕ و مااڵتێکی فرەی هەبوو، لەنێو ئارگوسییەکاندا دیار و لە ڕمبازیدا بەناوودەنگ بوو .بێگومان ئێوە بەخۆتان ئەمانەتان ژنەوتووە و ئاگادارن، بۆیە ئەوەی من لێرەدا دەیڵێم ڕاست و دروستە .بۆیە ئێوە ناتوانن پێم بڵێن کەسێکی ناڕەسەن و ڕەچـەڵەك بـزرە و ئـەو قسـە و تەگبیرانـەی کـە ئێسـتا ڕێکـوڕەوان پێتـانی دەڵـێم بەفشـە بـزانن و بەهەندی نەگرن. من دەڵێم هەرچەندە شەکەت و زامدارین ،بەڵام مادامێکی پێویستە، دەبێ بچینە شـەڕەوە جـا بـا لـەوێ خـۆ لـە هەتـەر و مـەودای ڕمـان دوور بگـرین، نـەبا جـارێکی دیکـە بریـندار ببینـەوە. خۆ هیچ نـەبێ دەتـوانین ئـەوانی دی دندە بـدەین و بـۆ شـەڕیان بنێـرین. ئەوانـەی کـە تـا ئێستا بەهۆی تۆڕەییانەوە کەناریان گرتووە و بەهیچ جۆرێ شەڕ ناکەن.

(١٣٣) ئـەو قسـانەی کـرد و هـەموو فەرمانـدەکان قسـەکەیان پەسـەند کـرد و بەڕابەرایـەتی ئاگامەمنونی پاشای جەنگاوەران وەڕێکەوتن.

(١٣٥) پۆسیدونی خواوەندی زەوی هەژێن کە پەی بەڕاوتەگبیرەکەیان برد، خێرا خۆی لێگۆڕین و لە شێوە و هەیئەتی جەنگاوەرێکی پیردا بەگەڵیان کەوت. دەستی ڕاستی ئاگامەمنونی گرت و بەزمانێکی ڕوون و ڕەوان پێی گوت: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئێستا باوەڕی تەواوم وایە کە دڵی ڕقنی ئاخیل ،بەدیتنی کوشتار و شکست و هەڵاتنی ئاخییەکان یەجگار شادمان دەبێت، تووڕەیی وغەزەب هەموو ئەقڵێکی لێ سەندۆتەوەو چاك و خراپ لێکدی جیاناکاتەوە. بریا ئەو ڕقە دەیکوشت و یەکێك لە خواوەندەکان بەڵایەکی بەسەردا دێنا! بەڵام سەبارەت بەتۆ خواوەندانی پیرۆز ،بەهیچ جۆرێ تووڕە نین.. نا نا لێت تووڕە نین. من پێموایە سەران و ردێن سپیانی تەروادەیی بەو زووانە بەسواری ئەسپەکانیان تۆز لەو دەشتە هەڵدەستێنن و بەپەلەپرووزێ کەشتی و خێوەتەکانی ئێوە بەجێدێڵنو بەرەو شارەکەی خۆیان هەڵدێن و تۆش بەچاوی خۆت ئەم بەزینەیان دەبینی."

(١٤٧) بەدەم ئەو قسانەوە ڕوویکردە دەشتەکە و بەدەنگێکی بەرز لە نەعرەتەی دا. ئەو دەنگەی لە ناخی خواوەندی زەوی هەژێنەوە دەرچوو دەتگوت دەنگی نۆ، دە هەزار جەنگاوەرە کە لە گەرمەی شەڕدا نەعرەتە دەکێشن. ئەو دەنگە جۆش و خرۆشێکی وەهای خستە جەرگی ئاخییەکانەوە کە یەکسەر ڕووبەڕووی سەختترین شەڕ و نەبەرد بوەستنەوە.

(١٥٣) هیرای زێڕین عەرش، لە لوتکەی ئۆڵەمپەوە ڕوانییە خوارەوە، کە بینی ئەو کەسەی جاران هەم برای بوو و هەم شوبرای، بەپەلە بەمەیدانی شەڕەکەدا دێ و دەچێت، زۆر حۆشخاڵ بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاوڕیدایەوە و سەیری کرد زیوس لەسەر لوتکەی چیای فرە کانیاو و سەرچاوەی ئیدادا دانیشتووە، دیتنی زیوس زۆری پەست و بێزار کرد. هەنگێ هیرای گرانقەدر، کەچاوانی لە چاوی ئاسکان دەچوو، دانیشت و لە فکران ڕاچوو کە ڕێگەیەك بدۆزێتەوە، تا زیوسی سپەروانی پێ لە خشتە بەرێ و بیخافڵێنێ و بیری لەلای شەڕەکە نەهێڵێ. لە ئەنجاما وای بەباشزانی کە بەجوانترین شێوە خۆ بڕازێنێتەوە و جوانترین و باشترین جل لەبەر بکات و بچێت بۆ ئیدا، بەڵکو زیوس ئارەزووی ببزوێ و لەگەڵیا جووت بێ و هەمبێزی بێ و سەرەنجام خاو ببێتەوە و نەرمە خەوێکی لێ بکەوێ و ئاگای لە شەڕگەکە و جەنگەکە نەمێنێ.

(١٦٦) هەنگێ هیرا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی. ئەو ژوورەی کە هیفایستوسی کوڕی بۆی دروست کردبوو و دەرگاکانی بەکلیل و کێلونێکی نهێنی دادەخران و جگە لە خۆی (هیرا) بەهیچ خواوەندێکی دیکە نەدەکرانەوە. خۆی بەو ژوورەدا کرد. دەرگا پرشنگدارەکانی لە خۆی داخست. هەوەڵجار زەیتێکی خوایی هێنا و لەشی ئارەزوو بزوێنی خۆی پێ پاك کردەوە. ئەوسا عەترێکی خوایی و زەیتێکی بۆن خۆشی ئەوتۆی بەخۆیدا کرد، کە هەر پێی نابایە کۆشکە برونزین ئاسمانەکەی زیوسەوە بۆنی هەموو ئەرز و ئاسمانی پڕ دەکرد. پاش ئەوەی ئەو عەتر و زەیتەی لە بەدەنی نەرم شل و جوانی دا، ئەوجا بەدەستی خۆی قژی شانە کرد و پرچە درەخشانەکەی هۆنییەوە و لە ترۆپکی سەرە یەزدانییەکەیەوە بەرەوخوار ڕژابوو. ئەوجا جلێکی بۆنداری لەبەرکرد کە ئەتینا بەتایبەتی بۆی دروستکردبوو و هەموو هونەر و دەستڕەنگینی خۆی تیا بەکارهێنا بوو و بەهەزاران تەرز ڕازاندبوویەوە .هیرا ئەم جلەی بەدەرزیلەی زێڕین لە

دەوری سینگ ومەمکی قایم کرد..ئەوجا پشتێنێکی سەد ڕیشویی لە کەمەری بەست. ئەوجا هەر یەکێك لە گوێچکەکانی کە زۆر وەستایانە سمرابوون، بەگوارەیەکی سێ نقێمی شۆڕی بریقەداری یەجگار جوان ڕازاندەوە.

(١٨٣) ئەوجا شابانۆی ئاسمان سەرپۆشێکی جوانی بەسەرا دا ،کە لە سپێتیدا وەکو هەتاو پرشنگی دەهاویشت. جووتێ تەقتەقیلەی جوانی لەپێیە درەخشانەکانی کرد. دوای ئەوەی بەو هەموو شتانە خۆی ڕازاندەوە، لە ژوورەکەی وەدەرکەوت.. ئافرۆدێتی گاز کرد و لە خواوەندەکانی دیکەی دوورخستەوە و پێی گوت: "ئەی کیژی ئازیزم من داوایەکم لە تۆ هەیە نازانم بۆمی جێبەجێ دەکەی یان ڕەفزی دەکەی؟ چونکە من هەواداری ئاخییەکانم و تۆ لایەنگری تەروادەییەکانی.

(١٩٣) ئافرۆدێتی کیژ زیوس وەلامی دایەوە و گوتی: "ئەی هیرا، ئەی یەزادنخانمی هەژی و پایەبەرز، ئەی کیژی کرونۆسی مەزن.. ڕاز و خواستی دڵت بڵێ، دڵم دەڵێت ئەگەر لە توانامدا بێت و کارێکی کردەنی بێ بۆتی ئەنجام بدەم."

(١٩٧) هەنگێ هیرا، خواوەندی هەژی، ڕاستی لێشاردەوە و گوتی: "دەمەوێ ئەو ڤیان و ئارەزووەی کە تۆ خواوەندان و بەشەرانی پێ ڕام دەکەی و دەیانخەینە ژێر ڕکێفی فرمانی خۆتەوە، بەئەمانەت بمدەیتێ. بەتەمام بۆ ئەوپەڕی سنوری زەوی بەپیت و بەرەکەت بچم و سەردانی (ئوقیانوس)ی بابی خواوەندان و (تیتیس)ی دایکیان بکەم. چونکە کاتی خۆی وەختێ زیوسی دەنگ بروسکە، بابی خۆی ،کرونۆسی مەزنی لەژێر عاردی و بنی دەریادا لە قولاێی تارتاردا حەپس کرد. ئەوان منیان لە دەستی "ریا" سەند و گرتیانمە خۆ و بەمیهر و سۆزێکی فرەوە بەخێو و پەروەردەیان کردم. هەقیان بەسەرمەوە هەیە و دەمەوێ بچمە دیدەنی وان و ئاشتیان بکەمەوە. چونکە زۆر دەمێکە لە یەکدی تۆراون و چوون بەقینا و تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا ناخەون و.. جا ئەگەر من بکارم بەقسە دڵیان نەرم بکەم وجێگە تێکەڵ بکەنەوە و ببنەوە بەهاوجێ و لەگەڵ یەکدیدا بخەون، بۆ هەتاهەتایە لە دڵیاندا ئازیز و لە چاویاندا هەژی دەبم."

(٢١١) ئەفرۆدێتی دەم بەپێکەنین وەلامی دایەوە و گوتی: "ناتوانم داواکەت ڕەت بکەمەوە هەر ماقولیش نییە چونکە تۆ هاو باخەڵی زیۆسی سالار و سەروەری خواوەندانی."

(٢١٤) بەدەم ئەو قسانەوە کەمەربەندە زەڕکفتەکەی لە پشتی کردەوە کە بەشێوەیەکی یەجگار سەیر دروستکرابوو. وێنە و دیمەنی هەموو جۆرە ئارەزووبزوێنیەکی لەسەر نەخشێنرابوو: وێنەی ڤیان، وێنەی دڵداری و ئاشقێنی، وێنەی ئارەزوو و ئارەزووکاری، وێنەی دەست لە ملانێ و ئامبازبوون. وێنەی ئیلاقە و گان کە ئەقڵ و هۆشی ئەقڵمەندترین ئاوەزداری دەبرد. بەڵێ کەمەربەندەکەی لە پشتی کردەوە و نایە ناو دەستی هیرا و گوتی: "ئەم کەمەربەندە زەڕکفتە کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر دروستکراوە و وێنەی هەر هەموو جۆرە ئارەزوو بزوێنییەکی لەسەر نەخشێنراوە ،ببە و لە پشتی خۆتی بکە، من دڵنیام کە هەموو ئاواتێکی دڵت دێتەدی و بەنائومێدی ناگەڕێیتەوە."

(٢٢٢) هیرای هەژی، چاو کەژاڵ، بەدەم زەردەخەنەوە کەمەربەندەکەی وەرگرت و بەپێکەنینەوە لە پشتی کرد.

(٢٢٤) ئەوسا ئەفرۆدێتی کیژی زیوس بۆ ماڵەکەی خۆی نرقڕییەوە. بەڵام هیرا وەکو تیر لە لوتکەی ئۆڵەمپەوە داگەڕا. بەسەر پیری و ئیماتی دڵگیردا تێپەڕی. ئەوجا بەسەر لوتکەی کۆجارە بەفر گرتووەکەی مەڵبەندی تراسیاندا، تراسیانی سوارچاکدا تێپەڕی بەبێ ئەوەی پێی بەعاردی بکەوێ. ئەوسا کێوی ئوتوسی بڕی و بەسەر شەپۆلی دەریادا خۆی گەیاندە (لیمنبوس) شارەکەی (تواس)ی ناودار. ئیدی لەوێدا چاوی بەخواوەندی (خەو)ی برای (مەرگ) کەوت. دەستی گرت و ڕاست و ڕاست پێی گوت: "ئەی خەو، ئەی فەرمانڕەوای هەموو خواوەندان و بەشەران ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێت لێگرتووم، ئەوا ئێستاش هاتووم و ئەمجارەش گوێم لێبگرە و ئەم داوایەم بۆ جێبەجێ بکە ،تا ماوم منەتبار و سەناگۆت دەبم:وەختێ من چوومە جێگاکەی زیوسەوەو لە گەڵیا جووت بووم ،تۆ چاوانی درەخشانی ویم لەبن برژانگەکانییەوە بۆ لێکبنێ و بیخەرە خەو. من لە جیاتی ئەوە کورسییەکی زێڕی خاڵیسەت بەدیاری دەدەمێ ،کە هەرگیز نەسوێ و نەپوێ ،کوڕە شەلەکەم (هیفایستوس)ی بازوو ئەستور بۆتی دروست دەکات و لەژێریدا جێ پێیەکت بۆ دادەنێ کە دەتوانی هەر کاتێ بۆ شەراب خواردنەوە لەسەر کورسییەکە دانیشتیت پێیە جوانەکانتی لەسەر دابنەیت!"

(٢٤٢) خواوەندی (خەو) وەڵامی دایەوە: "ئەی هیرا، ئەی خواوەندی هەژی ،کیژی کرونۆسی مەزن.. من دەتوانم خەو لەهەر خواوەندێکی دیکە بخەم. تەنانەت شەپۆلە سەرکێشەکانی (ئوقیانوس)ش کە باوکی هەمووانە ،بخەوێنم. بەڵام زیوسی کوڕی کرونۆس ،ناتوانم لێی نزیك ببمەوە. ئەگەر خۆی داوام لێنەکات چاویت بۆ لێك نانێم، من ئەزموونی پێشترم لەگەڵ تۆدا هەیە و بۆم بووە بەدەرس و پەند. ئەو ڕۆژەی کە هیراکلیسی شێردڵی کوڕی زیوس تەروادەی وێران کردبوو، لە ڕێگەی دەریاوە دەگەڕایەوە، من لەو ڕۆژەدا هەموو هێزی لەشکان نەهاتووی خۆم خستە کار و گیانی زیوسی سپەروانم خەواند. تۆ لە دڵی خۆتا دژمنایەتی کوڕەکەی ئەوت دەکرد. ڕووی گێژەنگ و باهۆزێکی دژوارت کردە دەریا و دەریا هەستاو "هیراکلیس"ت هەواڵەی کوس کرد و لە خزم و کەسوکاری خۆیت دوور دوورخستەوە. کە زیوس ڕابوو زۆر توڕە بوو. کەوتە گەڕان بەناو هەموو خواوەندەکاندا ،بەتایبەتی لە من دەگەڕا. ئەگەر بیدیبام و بەردەستی کەوتبام لەوەبوو لە ئاسمانەوە توڕم بداتە دەریاوە و لەناوم بەرێ. باش بوو شەو، ئەو شەوەی کە خواوەندان و بەشەران لەژێر فەرمانیدان، فریام کەوت. ئەوە بوو لە شەو پاڕامەوە و لاڵمەوە زیوس وێڕای توڕەیی و غەزەب ،گەڕایەوە و ئارام بووەوە .چونکە دەترسا شتێك بکات شەو توڕەبێ.. کەچی تۆ هەمدیس هاتووی کارێکت بۆ بکەم کە لە توانامدا نییە!"

(٢٦٣) هیرای هەژی، هیرای چاوکەژاڵ وەڵامیدایەوە: "ئەی خەو بۆچی بیر لەم شتانە دەکەیەوە؟ چما پێتوایە زیوسی بروسکەدەنگ بەهەمان گەرمیی کە لەسەر هیراکلیسی کوڕی توڕە بوو لەسەر تەروادەییەکانیش دێتە جواب؟ نەخێر.. خێراکە من یەکێك لە جوانترین کیژانی

(شاریت)ت دەدەمێ تا بیکەی بەژنی خۆت و ببێ بەهاوسەرت و لە سەرانسەری ژیاندا هەر دڵدارت بێ. (پاسیتا)ت دەدەمێ، ئەو پاسیتایەی کە زۆر دەمێکە شەیدایت و حەزت لێیەتی!"

(٢٦٩) خواوەندی (خەو) بەدڵی پڕ لە خۆشییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "کەواتە وەرە بەشەپۆلی ڕوباری ستیکسی پیرۆز سوێندم بۆ بخۆ. دەستێکت بخە سەر زەوی پڕ فەڕ و بەرەکەت و ئەوی تریان بخە سەر ڕوباری درەخشان تا هەردوکیان شایەت بن، تا هەموو خواوەندانی تارتار ئەوانەی دەوری "کرونوس"یان داوە شایەت بن کە تۆ بەڕاستی جوانترین کیژی شاریت واتە پاسیتای یەزدانی نەژاد دەدەی بەمن و دەبێ بەهاوسەر ودڵداری سەرانسەری ژیانم. ئەو پاسیتایەی لەمێژە بەعەزرەتیەوەم.

(٢٧٨) هیرای زیوین بازوو ،بێ چەند و چون داواکەی جێبەجێکرد. بەو جۆرەی کە (خەو) دەیویست ،هەموو خواوەندەکانی ژێر زەوی (تارتارۆس) کە (تیتان)یان پێدەگوترێ، بەشایەت گرت و سوێندی خوارد. دوای تەواوکردنی سوێند خواردنەکە، هەردووکیان خۆیان لە تەمومژێکی چڕەوە پێچا و شارانی لیمنوس و ئەمبروس)یان بەجێهێشت و بەپەلە کەوتنە ڕێ. لە لیکتوم دا لە دەریا هاتنە دەرێ و گەییشتە لوتکەی ئیدا، ئیدای کۆجاڕی فرە سەرچاوە و مەڵبەندی دڕندە و هۆڤیان. ئەوجا هاتنە سەر زەوی و کەوتنە ڕێگە. ترۆپکی دار و درەختانی بێشەکە لەژێر پێیاندا کەوتنە لەرزین. خواوەندی (خەو) لەوێدا وەستا. تا زیوس نەیبینێ، بەدار کاژێکی فرە بەرزدا هەڵزنا، بەرزترین دارکاژی ئیدا بوو .تا چاو بڕ دەکات چوو بوو بەئاسماندا. لەوێدا و لە شێوەی مەلێکی کێوی خۆشخواندا کە خواوەندان (کالخیس) ،و خەڵکی (کیمیندس)ی پێ دەڵێن، خۆی لەنێو لق و پۆپەکانیا حەشاردا. ئەوجا هیرا بەپەلە چوو بۆ (گارگاروس)ی بەرزترین لوتکەی ئیدا، زیوسی جڵەوداری هەورانی گەواڵ گەواڵی بینی، کە بەو ڕازاوەییە بینی هەمان ئەو سۆز و ئارەزووە بەسەریا زاڵ بوو کە یەکەمین جار بەدوو قۆڵی و بەدوور لە چاوی داك و بابە ئازیزەکانیان بەشەیدایی تێکەڵاوی یەکدی بوون و جووت بوون.

(٢٩٦) زیوس لەبەردەمیا وەستا و گوتی: هیرا بەچ نیازێك لە ئولمبسەوە بەبێ ئەسپ و عەرەبانە بۆ ئێرە هاتوویت؟

(٣٠١) هیرا یەکسەر چیرۆکێکی هەڵبەست و گوتی: "دەمەوێ بۆ ئەوپەڕی مەرزی زەوی سەرچاوەی فەڕ و بەرەکەت بچم، تا دیدەنی (ئۆقیانوس و تیتس)ی باب و داکی هەموو خواوەندان بکەم. ئەوانەی کە لە ماڵی خۆیاندا منیان بەمیهر و سۆز و نازێکی فرەوە بەخوادن و پەروەردە کرد. دەمەوێ سەردانیان بکەم و ئەگەر بتوانم ئاشتیان بکەمەوە. دەمێکە شەڕیانە و لێکدی جودان و لەگەڵ یەکتردا ناخەون. ڕق، سەر و دڵی گرتوون. بەڵام ئەسپەکانم لە بناری ئیدای فرە سەرچاوەدا ڕاگرتوون و لەسەر پێن کە بەزەوی و بەدەریادا بمبەن. جا ئێستاش لەبەر تۆ لە ئۆڵەمپەوە بۆ ئێرە هاتووم. هاتووم پرست پێببکەم چونکە دەترسام ئەگەر بەبێ پرسی تۆ بۆ ماڵی ئوقیانوسی بێ بن بچم تووڕە ببی."

(٣١٢) هەنگێ زیوسی جڵەوداری هەوران گوتی: "هیرا تۆ دەتوانی کاتێکی دی بچیتە دیدەنی ئۆقیانوس. ئێستا وەرە با لە نوێنی ڤیاندا بەکامی لەزەت پێکەوە بخەوین. هەرگیز بەم ڕادەیە

حەز و ئارەزووم نەچووەتە سەر هیچ یەزدانخانم و هیچ ژنێکی بەشەری. تەنانەت ئەو کاتەش کە کەوتبوومە داوی ئەڤینی ژنەکەی ئیکسونەوە و بەبیرتونی بەردەبار وەکو خواوەند ئاوسم کرد.. یان ئەوکاتەی کە ئاشقی (دانای) پاژنە ناسك و جوانی کیژی ئاکریسیوس بوو بووم و (پیرسیوس)ی قارەمانی قارەمانانی هێنایە دنیاوە.یان ئەو کاتەی کە ئاشقی کیژە هەرە بەناوبانگەکەی (فینیکس) بووم و هەردووك (مینوس و ڕادامانت)م لێی بوو. یان ئەو زەمانەی لە تبس (تیبە) شەیدای سیمیلی یان ئەلکیمینی بوو بووم، کە لە ئەلکیمنی، هیراکلیسی سەرکێش و چاونەترسم بوو و لە سیمیلی (دیونیسوس)ی دڵڕفێنی بەشەران یان ئەو ڕۆژگارەی کە ئاشقی (دیمتر)ی دۆتمیری جوانی، زێڕین قژی، چین لەسەر چین بووم .یان ئەو کاتەی (لیتو)ی جوانکیلە دڵی بردبووم. تەنانەت سەبارەت بەتۆش ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو ئەمڕۆکە بۆت نەجوڵاوم، ئێستا ئارەزوویەکی سەیرم چووەتە سەرت!"

(٣٢٩) هیرای هەژی زیرەکانە کەوتە قسان و گوتی: "ئەی بەسامترین کوڕی کرونوس، ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟.. دەتەوێ لە لوتکەی ئیدادا کە لە هەموو لایەکەوە دیارە، لەگەڵ یەکدیدا بخەوین و جووت بین؟ ئەدی ئەگەر یەکێك لە خواوەندەکان بمانبینێ و بچێت بۆ هەموو خواوەندەکانی بگێڕێتەوە؟ خۆ ئەوسا حەیام دەچێت و ناتوانم جارێکی دیکە بێمە ماڵەکەی تۆ. بەڵام ئەگەر هەر سووری لەسەر ئەمە و زۆرت حەز لێیە، ئەوا (هیفیایستوس)ی کوڕی ئازیزت ژووڕێکی یەجگار مکومی بۆ دروست کردویت، دەرگاکانی کێلونی قایمیان هەیە، هەستە بابچین بۆ ئەوێندەر مادامێکی ئەوەندەت حەز لە جوتبوونە!".

(٣٤١) زیوسی هەورەوان بەرسڤی دایەوە و گوتی: "هیرا پێویست ناکات لەوە بترسیت خواوەندێك یان بنیادەمێك بمانبینێ، چونکە لە پەڵە هەورێکی چڕ و توندی زێڕینی وەهات دەپێچمەوە کە تەنانەت هەتاویش کە تیشکەکانی هەوران دەبڕێت نەتوانێ بماندینێ."

(٣٤٦) کوڕەکەی کرونۆس بەدەم ئەو قسانەوە هاوسەرەکەی لە هەمێز گرت. زەوییەکەی ژێریان بوو بەمیرگوزارێکی خۆش، پڕ لە نیلۆفەری گەش و پاراو ،گوڵێن زەعفەران و سنبلی چوون دانەی ئاونگ، لە ئەرزەکەی بەرزکردنەوە. لەوێندەر لەنێو تەمومژێکی جوانی زێڕین، کە ئاونگ و خوناوی پرشنگداری لێ دەتکا دەست لە ملان بوون.

(٣٥٢) بەو جۆرە خواوەندی ئاسمانان لە لوتکەی گارگاردا هاوسەرەکەی لە هەمێز گرتبوو ،و ڤیان و خواوەندی خەو بەسەریا زاڵ بوو بوون. لەو کاتەدا خەوی شیرین، بەپەلە بەرەو کەشتی ئاخییەکان غاریدا تا ئەم هەواڵە بگەیەنێتە پوسیدونی هەژێنەری زەوی. ئیدی خۆی گەیاندە پوسیدون و بەڕاشکاوی ئەم قسانەی پێگوت: "ئەی پوسیدون، ئەی هەژێنەری زەوی، فرسەتە فریاکەوەو یارمەتی داناییەکان بدە. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە، سەرکەوتن و سەرفرازیان بەنسیب بکە، چونکە من خەوێکی شیرین و خۆشم لێخستووە و هیراش بەجوانی خۆی فریویداوەولەگەڵی خەوتووە.

(٣٦١) خواوەندی خەو دوای ئەم قسانە بەرەو ناو تیرەی بەشەران بەڕێکەوت. بەمەش دەرفەتێکی پتر بۆ پۆسیدون ڕەخسا کە یارمەتی داناییەکان بدات.. خواوەندی خەو خۆی

گەیاندە ڕیزەکانی پێشەوەی هێزی داناییان و کەوتە دندەدانیان بۆ شەڕ و گوتی: "ئەی ئارگۆسیان ،ئایا جارێکی دیکەش کارێکی وەها بکەین هیکتۆری کوڕی پریام سەربکەوێ .دەست بەسەر کەشتییەکانماندا بگرێ و سەرفرازی لەسەر حەساوی ئێمە بەدەست بێنێ؟ ئەو بەئاشکرا ئەو مژدەیە بەخۆی دەدات، چونکە ئەخیل هێشتا تووڕەیە و سورە لەسەر ئەوەی لە سەراپەردەکەی خۆی نەیەتە دەرێ. بەڵام ئێمە ئەگەر پشتی یەکدی بگرین و دلێرانە بجەنگین، نەبوونی (ئاخیل)مان زۆر پێوە دیار نابێ. جا ئێوە هەموو وەرن و من چیتان پێ دەڵێم باوا بکەین. با هەموومان چاکترین و گەورەترین سپەری لەشکرەکە هەڵگرین. هەموو کلاوخودە بریقەدارەکان لەسەر بکەین. درێژترین ڕمان بەدەستەوە بگرین، و بەو شێوەیە پێشڕەوی بکەین. من بەخۆم پێشتان دەکەوم. مژدەتان دەدەمێ کە هیکتۆری کوڕی پریام بەهەموو دلێری و شەڕقانییەکیەوە ماوەیەکی زۆر خۆی لەبەرمان ڕاناگرێت. جا با جەنگاوەرە ئازاکان ،ئەوانەی سپەرەکانیان بچووکە، سپەرەکانیان بدەن بەو جەنگاوەرانەی کە لەوان کەمتر ئازان و سپەری گەورەتر بۆ خۆیان هەڵگرن.

(٣٧٨) ئەو قسانەی کرد، ئارگوسییەکان بەگوێیان کرد و ملکەچی فەرمانەکەی بوون. خودی پاشاکانیش (فەرماندە) هەرچەندە شەکەت و بریندار بوون ،کەوتنە کاری سازدانی جەنگاوەرەکان بۆ شەڕ. کوڕی تیدیوس و ئودیسیوس و ئاگامەمنون کەوتنە گەڕان بەسەر لەشکرەکەدا و کەوتنە گۆڕین و گۆڕینەوەی تفاقی شەڕ. ئازایان و جەنگاوەرانی ڕێزی پێشەوە مکومترین و باشترین چەکەمەنیان پۆشی و ئەوانەی دی هەر کەسە و بەگوێرەی توانای خۆی چەکەمەنی پۆشی. دوای ئەوەی ساز و تەیار بوون، کەوتنە پێشڕەوی و پۆسیدون سەرئامەدیان بوو. شمشێرێکی سامناکی تیژی وەکو ئەڵماسی بەدەستە بەهێزەکەی هەڵگرتبوو. کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد لێی نزیك ببێتەوە.

(٣٨٩) لەولاشەوە هیکتۆری مەزن هێزەکانی خۆی سازدا و ئەوجا پۆسیدونی قژکەوەیی و هیکتۆری شکۆدار ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند: یەکێکیان پشتیوانی تەروادەییەکان بوو و ئەویتریان پشتیوانی ئارگوسییەکان. سامناکترین شەڕ لەنێوان هەردوو هێزی هێرشبەردا هەڵگیرسا، دەریا هەستا شەپۆل و پێلان لە کەنارەکانەوە گەییە ئۆردوگا و هۆبە و کەشتییەکان، هەراو هەنگامەی شەڕ بەڕادەیەك بەرزبوو نە هاڕەو هاژەی شەپۆلی دەریای بەر بای بوریاس، نە نێلە نێلی ئەو ئاگرەی لە بێشەیەکی تروپکی چیا بەردەبێ و با پتر نێلی دەدا، نەدەگەییە هاوار و نەعرەتەی شەڕکەرانی تەروادەیی و ئاخاییان کە پەلاماری یەکیان دەدا.

(٤٠٢) هەر کە ئەجاکس ڕووەو هیکتۆر وەرسوڕایەوە و هێرشی برد، هیکتۆری مەزن ڕمەکەی ئاڕاستە کرد و ئەنگاوتی، ڕمەکە بەر ئەو دوو حەمایلەی سەر سینگی کەوت ،حەمایلێکیان هی سپەرەکەی بوو و ئەویتریان هی شمشێرە زیوکفتەکەی بوو. ئەم دوو حەمایلە لە ئاسیویان خەڵەساند .هیکتۆر زۆر تووڕەبوو لەوەی کە ڕمە تیژەکەی بەبێهودە لە دەستی دەرچوو بوو. بەپەلە و بۆ وەی لە مردن بخەڵەسێ بەناو ئاپۆڕەی هاوڕێکانیا گەڕایەوە. لەو کاتەدا کە دەگەڕایەوە، ئەجاکسی کوڕی تیلامون گاشەیەکی خێواندێ .بەردێکی زۆر لەژێر دەست و پێی

شەڕڤانەکان کەوتبوو. کە هێنابوویان تا لەکاتی لەنگەرگرتنی کەشتییەکان لە کەناری دەریادا بیانبە بەر ئەملاو ئەولای کەشتییەکان و ڕایانبگرن. یەکێک لەو گاشانەی هەڵبڕی و کێشای بەسەر سینگی هیکتۆرا ،ڕێک لە نزیکی ملیا بەر قەراخی سپەرەکەی کەوت. جەزرەبەکە هێندە بەهێزبوو هیکتۆر وەکو گێژەڵوکە بەدەوری خۆیدا خولایەوە و خولایەوە.. وەکو چۆن دار بەڕوویەک بەر بروسکەی بابە زیوس دەکەوێ و لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەنرێ و دەکەوێتە سەر زەوی و چەڕە دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە، هەر کەسێک لە تەنیشی بێ زراوی لە بروسکەکەی زیوسی مەزن دەتۆقێ. بەو ئاوایە هیکتۆری فیلەتەن کەوت و لە عاردی گەوزا و ڕمەکەی لە دەست پەڕی .بەڵام زرێ و کڵاوخودەکەی و جلوبەرگە جەنگییەکەی بەتەق و هوڕ بەسەریا کەوتن.

(٤٢١) هەنگێ کوڕانی ئاخیایی بەدەم نەعرەتە کێشانەوە هێرشیان بۆ برد. بەو ئومێدەی کە بەرەولای خۆیان بکێشی بکەن. بەدەم هێرش و پەلامارەوە تەروادەییەکان تیر باران دەکرد. بەڵام هیچ یەکێکیان نەیانتوانی سەروەری جەنگاوەران لە دوور یان لە نزیک بریندار بکات، چونکە پێشتر ئازاترین جەنگاوەرانی تەروادەیی دەوری هیکتۆریان گرتبوو: پولیداماس، ئینـاس، و ئاجینۆری مەزن و سارپیدۆنی ڕابەری لیسیان و گلوکۆسی بێ وێنە. هەر هەموو ئەوانی دیکەش لە خەمی هیکتۆردا بوون و سپەرە بازنەییەکانیان بۆ کردبوو بەقەڵغان و مەتاڵ. ئەوجا هاوڕێکانی خستیانە سەر دەستیان و لە جەرگەی شەڕەکەیان دوورخستەوە و بردیان بۆ ئەو شوێنەی کە ئەسپەڕەهوانەکانی لە دەرێی مەیدانی شەڕەکە، لەگەڵ میرئاخوڕەکەی و گالیسکە گەوهەر نیشانەکەیدا لە چاوەڕوانی ئەودا بوون. ئیدی جەنگاوەری زامداریان بەدەم ئازار و ناڵەناڵەوە بۆ شار برد. کاتێ گەییـنە بواری ڕوباری ئیکسانتوس، ئەو ڕوبارەی زیوسی نەمر هێنابوویە ئاراوە، هیکۆتریان لە گالیسکەکەی داگرت و لە عاردەکەیان دانا. ئاویان بەسەروچاویا پرژاند، بوژایەوە و چاوانی هەڵێنا. ئەوجا هەستایە سەر چۆکان و خوێنێکی ڕەشی هەڵهێنا. بەڵام لەپڕ بەپشتا کەوتە سەر زەوییەکە و پەردەیەکی تاریک چاوانی داپۆشی. زامەکەی هێشتا زۆر بەئازار و سوێ بوو.

(٤٤٠) ئارگۆسییەکان کە بینیان هیکتۆر لە مەیدانی شەڕەکە دوورخرایەوە، هێندەی دی چەشە بوون و زۆر بەتوندی هێرشیان بردە سەر تەروادەییەکان. لەم دەمەدا ئەجاکس، کوڕە چاپوکەکەی ئویلیوس هەڵیکوتایە سەر (ستانیوس)ی کوڕی ئیفوس و بەنێزەکەی بریندار کرد.

(٤٤٥) ستانیوس، کوڕی پەری دەریایی (نیـیس) بوو. نیـیس پەرییەکی یەجگار جوان بوو. (ئینوپس)ی شوانی پەزان لە نزیکی کەنارەکانی ساتنیون لەگەڵیا جووت بوو بوو. ستانیوسی لێ بوو بوو. جا کوڕەکەی ئویلیوس هەڵیکوتایە سەری و نێزەیەکی کرد بەقەبرغەیا و ستانیوس بەپشتا کەوت و مرد. تەروادەیی و داناییەکان شەڕێکی قورسیان لە دەوری جەنازەکەی دەستپێکرد. ئەوسا پولیداماسی کوڕی پانتوس هەڵیکێشایە نێزە و بەغاردان چوو بۆلای تا بەرگری لێبکات و تۆڵەی بسەنێ. نێزەیەکی خێواندە (پروتیونور)ی کوڕی ئەریلیکوس و شانی

ڕاستی دیـواودەرکرد و ئـەم جـەنگاوەرە زامداره کەوتـە سـەر زەوی و لـە خـوێنی خۆیـدا گـەوزا و چـنگی بەخاکەکـەی ژێـری خۆیـدا کـرد. هـەنگێ پولیـداماس شـاد و سـەرمەسـت بـەدەنگی بـەرز بەدیاریـیـەوە هـاواری کـرد: "ئـەو نێزەیـەی کـە ئێستا لـە دەسـتی کـوڕە جوامێرەکـەی پـانتوس هاتـەدەرێ، بـەفڕۆ نـەچـوو. بـەڵکو ئەرغیفییـەك بەجەستەی خۆی گرتییـەوە و پێمواید کاتـێ کـە دەچێت بۆ هادیس وەکو دارعەسایەك بەدەستییەوە دەگرێت و خۆی بەسـەریا دەدات."

(٤٥٨) بەو جۆرە کەوتە خۆهەڵکێشان و بەخۆ فشین، ئەرگۆسییەکان بەمـە زۆر خـەمین و دڵتـەنگ بوون. بەتایبـەتی ئەجاکسـی کـوڕی تیلامون چونکە پروتونیـور لەبـەر پێـی ئـەودا کـەوتبوو. بۆیـە کاتـێ کـە پولیـداماس دەگـەڕایـەوە، پـەیکانێکی خێواندێ، لێ پولیـداماس خـۆی لەبـەری لادا و لـە دێوی مـەرگ خـەڵەسی. پـەیکانەکە بـەر ئـەرخیلوخۆسی کـوڕی ئـەنتینور کـەوت. چـونکە خـواوەندان مـەرگیان لە چارەی نووسی بوو، پـەیکانەکە ڕێك بـەر دوا مۆرەغـەی نێـوان مل و سـەری کـەوتبوو، هـەردوو دەمارەکـەی بڕی بوو. سـەر و زار و دفنی بـەر لـەلاق و ئـەژنۆکانی گـەیینـە سـەر زەوی. لـەو دەمـەدا (ئـەجاکس)ش ڕوویکـردە (بولیـداماس)ی بـێ وێنـە و تـا زاری گـرتی هـاواری کـرد: "ئـەی پولیـداماس، تـەماشا بکـە و ڕاستیـم پـێ بڵـێ، ئایا ئـەم جـەنگاوەرە شایستەی ئـەوە نـەبوو لـە تۆڵـەی پـروتوینـور بکـوژرێ؟ پێـدەچێت لـە بنـەماڵەیـەکی ڕەسـەن و خانـەدان بـێ. ئـەگـەر بـرای ئـەنتینوری سوارچاك نـەبێ، بێگـومان کـوڕیـەتی، چونکە زۆر لـەو دەچێت."

(٤٧٥) هـەرچـەند ئـەو قسـانەی کـرد، بـەڵام زۆر چـاك دەیـزانـی کێـی کـوشـتوە .تـەروادەییـەکان زۆر دڵتـەنگ و خـەمبار بـوون. لـەم کاتـەدا ئاکاماس کـە هاتبووە دیـار جـەنازەی برایـەکـەی ،بـرۆماخـوسـی بیـوتی بـەڕمـەکـەی بریـندار کـرد. چـونکە بـرومـاخـۆس لـەلاقی بـراکـەی وی نـەوی بـوو و ڕایـدەکێشـا و دەیـویسـت بیبـات. ئیـدی ئاکاماس شـاد و سـەرمـەسـت، بـەدەنگێکی پـڕ لـە خـۆ پـەسـەندی و بـەرز هـاواری کـرد: "ئـەی ئـارگـوسیـان، ئـەی تیـرەنـدازانـی کـارامـە، ئـەی ئـەوانـەی لـە هـەڕ و گـیـڤ نـاکـەون مـاڵوێـرانـی و مـەینـەتی هـەر بـۆ ئێـمـە نـییـە. ئێـوەش ڕۆژێ لـە ڕۆژان وەکـو ئێـمـە دەکـوژرێـن. تـەمـاشـا بکـەن چـۆن (بـرومـاخـۆس)هکـەتـان بـووە بـەتێشـوی نێـزەی مـن و لـەو گـۆڕە کـەوتـووە! بـۆیـەم کـوشـت تـا تـۆڵـەی خـوێـنـی بـراکـەم کـۆن نـەبێ.. بـۆیـە هـەقـە هـەمـووکـەسـێك خـۆزیـا بـخـوازێ کـە لـە شـەڕا خـزم و کـەسـێکـی لـەگـەڵـدا بـێ، تـا ئـەگـەر کـوژرا تـۆڵـەی بسـتێـنـێ!"

(٤٨٦) ئـارگـۆسـییـەکـان بـەتـەوس و تـوانـجـەکـانـی قـەڵـس بـوون .بـەتـایـبـەتـی پـینـیـلـیـوس لـەوانـی دی تـوڕەتـر بـوو. هـێـرشـی بـردە سـەر ئـاکـامـاس بـەڵـام ئـاکـامـاس.ێ ئـاکـامـس لـە شـوێـنـی خـۆی نـەوەسـتـا. بـەڵـام پـینـیـلـیـوس، (ئـەلـیـونـیـوس)ی کـوڕی (فـوربـاس)ی پـێـکـا. فـوربـاس دەوڵـەمـەنـد بـوو. خـودانـی مـەڕ و مـاڵـات و پـەزێـکـی زۆر بـوو. کـە هـرمـس لـەنـێـو هـەمـوو تـەروادەییـەکـانـا ئـەوی زیـاتـر چـوو بـووە دڵـەوە و سـامـانـێـکـی زۆری دابـوویـێ .دایـکـی ئـەلـیـونـیـوس تـەنـیـا ئـەو کـوڕەی لـە فـوربـاس بـوو بـوو. پـینـیـلـیـوس ڕمـێـکـی خـێـواند بـوویـێ کـە ڕێـك بـەرچـاوی کـەوتـبـوو. گـلـێـنـەی چـاوی دەڕپـەڕی بـوو. ڕمـەکـە چـوو بـوو بـەچـاویـا و لـە پـشـتـی ملـییـەوە دەرچـوو بـوو.ئـەلـیـونـیـوس کـەوتـبـوو و بـاسـکـەکـانـی بـلاوکـردبـوونـەوە. ێ پـینـیـلـیـوس هـەڵـیـکـێـشـایـە شـمـشـێـرە تـیـژەکـەی و لـە مـلـی دا، سـەری بـەکـلاوخـودەکـەیـەوە پـەڕیـیـە سـەر زەوی. ڕمـەکـە هـەر لـە چـاویـا چـەقـی بـوو. پـینـیـلـیـوس وەکـوسـەری

کۆکنـار سـەرەکەی بەرمەکـەوە بـەرزکردەوە و نیشـانی تەرواەییـەکانی داو بەخۆپەسـەندییەوە هـاواریکرد: "ئـەی تـەرواەییان، ئۆبـاڵم بەگـەردنتان ،بـڕۆن و لـە زمـانی منـەوە بـەداك و بـابی (ئەلیونیوس)ی جەنگاوەری ناودار بڵێن کە لە ماڵی خۆیاندا پرسـەی بۆ بگێڕن. چونکە ژنەکـەی (پروماخوس)ی کوڕی (ئـەلجینور)ش کاتێ ئێمـەی لاوانـی ئاخیایی بەکەشتییەکانمان لـە خاکی تەرواەوە دەگەڕێینـەوە بەدیداری مێردەکەی شاد نابێت!"

(٥٠٦) کـە ئـەو قسـانەی کـرد هـەموو ترسـیان لێ نیشـت و هـەر کەسـە و دەیڕوانیـە دەوروبـەر تـا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە و خۆی لە مەرگ ڕزگار بکات.

(٥٠٨) جا ئەی یەزدانخانمانی هونەر، ئەی دانیشتوانی ئۆڵـەمپ، ئێستا پێم بڵێن: کـێ یەکـەمین ئاخیایی بوو، وەختێ هەژێنـەری زەوی ڕەوتـی شـەڕەکەی گـۆڕی ،دەسـکەوت و تـاڵانی خوێناوی هەڵگرتەوە؟ ئەجاکسی کوڕی تیلامون یەکـەم کـەس بـوو .ئـەوە بـوو هیرتیوسـی کـوڕی گیرتیوسـی فەرمانـدەی میسـینییە دلاوەرەکـانی کوشـت.. ئـەنتیلوخوس دەسـتی بەسـەر میراتـی هـەردوك فالسـیس و میرمـیرودا گـرت. هـەروەها میریـونیس هـەردوك مـوریس و هیبوتیـونی کوشـت. (تیوسیر)ش بروتـون و پیریفتسـی کوشت. هـەروەها مینیلاوسـی کـوڕی ئوتریـوس، هوپیرینـوری سەروەری گەلەکەی خۆی ،لـە قەبرغـەوە بریندار کـرد. سـەری نێـزە برونزییەکـە ورگ و ڕیخۆڵـەی دڕی و ڕوحـی لـە شـەبەقی زامەکەیـەوە دەرچـوو و تـاریکی بـاڵی بەسـەر چاوەکانیا کێشا. بـەڵام ئەجاکسـی کـوڕی ئویلیـوس لـە هـەموان زیـاتری کوشـت، چـونکە کـەس نـەبوو لـە خێرایـی و ڕاونانی دژمندا، کاتێ کە زیوس ترسی خستبوونە دڵەوە و هەڵدەهاتن! بگات بەودا!

سرودی پانزەیەم

زیوس بێدار دەبێتەوە

حیکایەتەکە:

دوای ئەوەی هیرا لەگەڵ خواوەندی خەودا پیلانێکیان لە زیوس کرد و خەوێکی قوڵیان لێخست، زیوس کە ڕابـوو سـەیری کـرد تـای تـەرازووی شـەڕەکە بـەلای ئاخییەکاندا قورس بـووە. یەکسـەر زانی هیرا دەستی لەم فێڵەدایـە. لـەو ماوەیـەدا پوسـیدون ئازاد و سـەربەسـت دەکەوێتـە هاندان و جۆشدانی ئاخییەکان، بەرادەیەك خەریك بوو هێزی تەرواەییەکان ڕاماڵن. زیوس پەی بە هـەموو شـتێك بـرد.نـاردی بـە شـوێن هیرادا،کـە یەکسـەر پـەی بـەوە بـرد کـە چـی دەوێـت. وێسـتی بـەر قامچیانی بدات. ئەو پیلانەی بیرخستەوە کە چۆن دژی ئەمی گێڕا بـوو. ئـەوە بـوو لێیـدا بـوو، و بەقژ هەڵیواسی بوو و دوو تۆپەڵە ئاسنی بەلاقییەوە بەستبوو تا قـەدری عافیـت بزانـێ و فێـر بـێ چۆن گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ... ئیدی کەوتە سوێند خواردن کە نیـازی خـراپ نـەبووە و ئەگـەر پیلانـی مەبەسـت بوایـە لەگـەڵ پۆسـیدوندا ڕێـك دەکـەوت، پوسـیدون لـە خۆیـەوە ئـەو ڕەفتـارەی کردووە. کاتێ کە سوێندی گەورەی خوارد (سوێندە بـەئاوی ڕوبـاری ستیکس، کـە ڕوبارێکـە لـە جیهانی ژێرینـدا –هادیس–) زیوس بزەیەکی بۆ کـرد و یەکسـەر نـاردی بـەدوای ئیریسـی پـەیکی خواوەندان و ئەپولۆی خواوەندی ڕوناکی و هونەران. ئیریسی نارد بۆ لای پوسیدون کە شـەڕم لە خۆی بکات و بەپەلە بۆ ماڵەکەی خۆی، لەژێر ئۆقیانوسدا، بگەڕێتەوە، چونکە بەسـەرپێچی کردن

لە فەرمانەکانی زیوسی مەزن، خۆی بەزندانی کردن دەدات، بەزیندانیکردن لەگەڵ تیتانەکانی قوڵایی تارتاروسدا، کە بیرێکی قوڵە لە هادیسدا، لەژێر دەریا و زەویدا. ئەپولۆشی نارد بۆلای هیکتۆر کە بەگاشەکەی ئەجاکس پێکرا بوو و خوێنی هەڵێنابوو و چی وای نەمابوو بمرێت.ئەپولۆ دەڕوات و هیکتۆر تیمار دەکات و چاك دەبێتەوە و وەکو جاران بەگوڕ و تینەوە دەچێتە شەڕی ئاخییەیەکان و زیانێکی گیانی گەورەیان پێدەگەیەنێ. وەختێ زیوس دەبروسکێنێ، هیکتۆری زاڵ و باڵا دەست ئەمە بەڕەمز و مژدە دەزانێ کە گوایە زیوس لە پشتییەتی. ئەجاکسی بەزیوش ئەمە بەڕەمزی غەزەب و سوربوونی زیوس لەسەر شکستی ئاخییەکان لێکدەداتەوە، هەرچەند ئەجاکس دەزانێ کە ئەم شکستە کاتییە. تەروادەییەکان تەنگ بەئاخییەکان هەڵدەچنن و دەگەنە نزیکی کەشتییەکانیان و هیچی وایان نامێنێ ئاگر لە کەشتییەکانیان بەر بدەن، ئەگەر خۆڕاگری و قارەمانێتی ئەجاکس نەبوایە کە کەوتبووە هاندانی قەومەکەی و داوای لێکردبوون ورەیان بەرز بێ و پشت بەخۆ ببەستن، چونکە نەحەسارێك مابوو بیانپارێزێ و نەشارێك هەبوو، جەنگاوەری تازە نەفەس بنێرێتە هیمدادیان و فریایان بکەوێ و تای تەرازووەکە بەلای ئەواندا قورس بکات، دەنا گۆڕ غەریب و دوور لە نیشتمان دەمرن. هیکتۆر گەییە سەر یەکێك لە کەشتیەکان، داوای لە تەروادەییەکان کرد کە ئاگری بۆ بێنن، بەڵام ئەجاکس بەرگری دەکرد و ڕێگەی لەهەر کەسێك کە ئاگری هێنابا دەگرت، و بەمەش کەشتییەکانی لە چنگی ئاگر ڕزگار کرد.

زەمەن:

هەموو بویەرەکان لە ڕۆژی بیست و هەشتەمینی گێڕانەوە هۆمەرییەکەدا ڕووەدەن.

شوێن:

جگە لە ئیدا و ئۆڵەمپ کە زیوس لەوێندەر فەرمان بەئەپولۆ و ئیریس دەدات، هەموو بویەرەکان لە کەناری دەریادا و لەبەردەم کەشتی و خێوەتەکاندا ڕووەدەن.

(١) کاتێ تەروادەییەکان، بەدەم هەڵاتنەوە لە خەندەکە سنگرێژەکە پەڕینەوە و ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن دانایەکانەوە لێ کوژرا، هەموو سەراسیمە و سەرگەردان و ترساو و پەشۆکا و لەبەردەم گالیسکەکانیاندا وەستان. زیوس لەسەر لوتکەی ئیدا و لە پاڵ هیرای زێڕینعەرش لە خەو ڕابوو. هەر کە هەستایە سەر پێیان، چاوی بەتەروادەیی و ئاخییەکان کەوت. تەروادەییەکان شپرزەوپەشۆکاو هەڵدەهاتن، و ئاخییەکانیش، کە پوسیدون پاشا لە ناوەڕاستیاندا دیار بوو، چنگ لەسەر شان دوایان کەوتبوون و ڕاویان دەنان. هیکتۆری بینی لە دەشتەکەدا کەوتووە و هاوڕێکانی لە دەوری دانیشتوون. بەحاڵ هەناسەی پێدەدرا و ئازار شپرزەی کرد بوو، بیری ڕۆیی بوو و خوێنی هەڵدەهێنا، چونکە ئەوەی لێی دابوو لاوازترین و بێ هێزترین ئاخییان نەبوو، بەڵکو بەهێزترینیان بوو.

(١٢) سەروەری خواوەندان و بەشەران کە بەو حاڵەوە بینی زۆری بەزەیی پێدا هاتەوە، نیگایەکی سامناکی هیرای کرد و گوتی: "ئەی هیرا، ئەی ئەو خواوەندەی هەڵکردن لەگەڵتا زەحمەتە، بۆ بەفەند و فێڵان هیکتۆری پاکزادت لە مەیدانی شەڕ وەدەرناوە و لەشکر و قۆشە نەکەیت

دووچاری شکست و هەڵاتن کردووە. وام دێ بەخەیاڵدا کە بەر قامچیانت بدەم و بەمەش ببی بەیەکەم کەس کە باجی ئەم فیتنەگێڕییە بدات. ئایا ئەو ڕۆژەت بیرچووەوە کە بەئاسمانەوە هەڵواسرابووی، دوو سندانم بەهەردوو لاقتەوە بەستبوو، کەلەپچەیەکی زێڕینم لە دەستانت کردبوو کە هێز نەبوو بتوانێ بیان پچڕێ؟ تۆ ئەو دەمانە لە ئاسماندا و لەنێو هەوراندا هەڵواسرا بووی، و خواوەندان لە ئۆڵەمپی سەربەرزەوە توڕە بوو بوون، بەڵام نەیانتوانی لێت نزیك ببنەوە یان ڕزگارت بکەن.. من هەر کەسێك بهاتبایە هاناتەوە دەم گرت و لە ئاستانەی دەروازەی ئۆڵەمپەوە بەرەو زەوی تووڕم دەدا و هێز و توانای لێدەبڕا. وێڕای هەموو ئەمەش، ئەم سزا سامناکە نەیدەتوانی ئەو هەموو دەرد و ئازارەی سەبارەت بەچارەنووسی هیراکلیسی کوڕم لە دڵمدا کەڵەکە بوو بوو، دابمرکێنێتەوە، کە تۆ بەکۆمەکی بای (بوریاس) هەڵتخەڵەتاند و ڕەهەنەی دەریات کرد و ئەوجا هەواڵەی (کوس)ی ئاوا و ئاوەدانت کرد. بەڵام من فریای کەوتم، و گەڕاندمەوە بۆ (ئارگوس)ی مەڵبەند و پاوانی ئەسپان، ئەگەرچی زەحمەتێکی زۆری کێشا بوو. من بۆیە ئەم شتانەت بیردەخەمەوە، تا دەستبەرداری حیلەبازییەکانت ببی، و تا بزانی کە ئەم ئەشقبازییەی کە تۆی لەلای خواوەندەکانەوە بۆ ئێرە کێشاوە، تا لەگەڵ منداڵ بخەوی و جووت ببی و ئەوجا هەڵم بخەڵەتێنی دادت نادا."

(٣٤) هیرای هەژی، چاوکەژاڵ، کە گوێی لەو قسانە بوو ڕاجفری و بەڕاشکاوی گوتی: "بەزەوی، بەئاسمانی پان و بەرین، بەئاوی ستیکس، کە ئەمە گەورەترین سوێندی خواوەندانە، سوێند دەخۆم، و هەروەها بەسەری موبارەکی خوایانەی تۆ و بەنوێنی ژن و مێردایەتیمان کە نامەوێ بەسوێندی درۆ و بۆ هیچ شتێك بیلەوتێنم، سوێند دەخۆم کە (پوسیدون)ی زەوی هەژێن، بەفیتی من و بەحەزی من تەروادەییەکان و هیکتۆری نەخستوەتە تەنگانەوە و یارمەتی دانایەکان نادات، نەخێر، ئەمە بەحەزی دڵی خۆی دەکات و بۆیەش دەیکات چونکە کاتێ ئاخییەکانی بینی شکستیان هێناوە و لە پەنا کەشتییەکانیاندا چاوەڕوانی مەرگن، زۆری بەزەیی پێیاندا هاتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم، ئەی خواوەندی هەورەوان، ئامادەم پوسیدون ئامۆژگاری بکەم کە بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە تۆ دەفەرموویت.

(٤٧) دوای ئەو قسانە، سەروەری خواوەندان و بەشەران بزەیەکی شیرینی بۆ کرد و بەڕاشکاوی پێی گوت: "ئەی هیرای هەژی، ئەی چاوکەژاڵ. ئەگەر تۆ لە ئێستا بەدواوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی خواوەندانی نەمردا هاوئاهەنگی دەگەڵ منداد بکەی و هزر و بیری خۆت دەگەڵ هزرینی منداد یەك بخەی، ئەوا پوسیدون ناچار دەبێ بیری خۆی بگۆڕێت، و بەدڵی تۆ و من بکات. جا تۆ بۆ ئەوەی دروستی ئەم قسانەت بسەلمێنی ئێستا بڕۆ بۆ ناو خێڵی خواوەندان، ئیریس و ئەپولۆی تیرەندازی بەناوبانگ، ئاگادار بکەوە کە بێن بۆ ئێرە، تا ئیریس بچێ بۆلای قۆشەنی ئاخییان، بۆلای ئەو زرێپۆشانە و بەپوسیدون پاشا بڵێ کە دەست لە شەڕ هەڵگرێ و بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە، ئەپولۆش جارێکی دی هیکتۆر بۆ شەڕ ساز بداتەوە و ئەو دەرد و ڕەنجەی ئازاری دەدەن لە بیر ببات‌ەوە و جارێکی دیکە ئاخییەکان ڕاوبنێ و ترس و لەرز بخاتە دڵیانەوە و بەرەو کەشتییەکانی ئەخیلی کوڕی بیلیوس هەڵێن. هەنگێ ئەخیل (پاتروکلوس)ی هاوڕێی بۆ شەڕەکە

دەنێرێ، و هیکتۆری مەزن لە بەرانبەر ئیلیوندا بەنێزەکەی خۆی دەیکوژێت.دوای ئەوەی ئەو (پاتروکلوس) گەلێك لە جەنگاوەرەکان دەکوژێت، کە سارپیدونی کوڕی من یەکێك دەبێت لەوان. هەنگێ ئەخیل بەمەرگی پاتروکلوس زۆر توڕە دەبێت و لە تۆڵەی ئەودا هیکتۆر دەکوژێت. ئیدی لەوە بەدواوە کارێکی وەها دەکەم ئاخییەکان، تەروادەییەکان ڕاوبنەن تا ئامۆژگارییەکانی ئەتینا دێنەدی و ئاخییەکان دەست بەسەر تەروادەی عاسیدا دەگرن. بەڵام من تا ئەو کاتەش لە ئاخییەکان نابورم و ڕێگە بەهیچ خواوەندێك نادەم یارمەتی داناییەکان بدات تا خۆزی ئاواتەکەی کوڕی بیلیوس نەیەنمەدی، وەکو چۆن لە هەوەڵەوە بەڵێنمدا و سەرم بۆ (تیتیس)ی دایکی لەقاند کاتێ دەستی لە ئەژنۆم وەرینا و تکای لێکردم کە سەرفرازی بەکوڕەکەی (ئەخیل)ی وێرانکەری شاران ببەخشم."

(٧٨) دوای ئەو قسانە، یەزدانخاخم، هیرای زیوین بازوو، باسك چەرمووی بازوو ناسك، قسەکانی هەڵگرت و بەپەلە لە کۆساری ئیداوە بۆ ئولەمبوسی سەربەرز کەوتەڕێ. وەکو چۆن کەسێك بەباڵی خەیاڵ بەسەر ولاتانی پان و پۆڕدا دەڕوات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت کە ئێستا دەگەمە ئێرە یان ئەوێ و خۆزیا خەیاڵیەکانی بەپەلە دێنەدی.. هیرای هەژی–ش بەو ئاوایە بۆی دەرچوو، تا گەییە ئولیمبوسی هەزار بەهەزار، سەیری کرد هەموو خواوەندەکان لە ماڵی زیوسدا گردبوونەتەوە، هەر کە ئەویان بینی بەرزە پێ لەبەری هەستان و بەپیرییەوە چوون، بەڕێزەوە جامە بادەکانیان پێشکەش کرد. بەڵام هیرا هەموو جامەکانی ڕەت کردەوە، تەنیا جامەکەی تیمیس، یەزدانخانمی جوان و قەشەنگی وەرگرت، کە بەر لە هەمووان گەیی بووە پێشوازی و لێی پرسی بوو: "بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە هیرا؟ پەرێشان دیاری، پێدەچێت زیوسی کوڕی کرونوس، مێردەکەت، ترساندبیتی!"

(٩٣) هیرای زیوین بازوو وەڵامی دایەوە و گوتی: "تیمیس ئەوە لە من مەپرسە، بەخۆت دەزانی کە مێردەکەم چەند تونده تەبیعەت و کەڵەمەڕەق وسەر سەختە. تۆ هەموو خواوەندەکانی ناو کەم کۆشکە بێ جیاوازی لەسەر خوانەکە خڕبکەوە و دەعوەتیان بکە، هەنگێ لەگەڵ هەموویاندا گوێت لێ دەبێ کە زیوس چ کارێکی شومی بەدەستەوەیە و چی دەوێت. من دڵنیام هیچ خەلقەندەیەك، نە بنیادەم و نەخواوەند، دڵی بەو فەرمانانە خۆش نابێت!"

(١٠٠) هەنگێ هیرای هەژی لە جێی خۆی دانیشت. هەرچی خواوەند لە کۆشکەکەی زیوسدا هەبوو، پەست و بێتاقەت بوون. هیرا بزەیەکی کاڵی بۆ کرد، بەڵام گرژی نێوچەوانی و وێکهاتنەوەی بروکانی بەسەر برژانگە کەوەییەکانییەوە نەڕەوییەوە. ئەوجا ڕویکردە هەموویان و بەتوڕەییەوە گوتی: "ئێمە گەوجین، ئێمە شێتین کە دژایەتی زیوس دەکەین!.. ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین لێی نزیك ببینەوە تا بەخوایشت بێ یان بەتۆبزی لە ویستی خۆی ژێوانی بکەینەوە، بەڵام ئەو بێ خەم و خەیاڵ دوور لە ئێمە لێی دانیشتووە و باکی بەکەسمان نییە، چونکە پێی وایە بێ هیچ چەند و چون و گەنگەشەیەك لەهەر هەموو خواوەندە نەمرەکان بەتواناتر و بەهێزترە. بۆیە بتانەوێ و نەتانەوێ دەبێ بەهەموو بڕیارە هەڵەکانی قاییل بن و بەهەر بەڵایەك کە بەسەرتانێ دێنێ ڕازی بن.ئەوەتا بۆ نموونە ئیریسی دوچاری ڕەنج و ڕۆژ ڕەشییەکی

کوشندە کردووە، (ئەسکالافوس)ی کوڕی لەشەڕدا کوژراوە. ئەو پیاوەی کە ئیریس لە هەموو کەسێکی خۆشتر دەویست و دەیگوت لە خوێنی ئەوە."

(١١٣) کاتێ ئیریس گوێی لەو قسانە بوو، هەردوو دەستی کێشان بەڕانە قەوی و بەهێزەکانیا و بەدەم نالێنەوە گوتی: "ئەی ئەوانەی لە ئۆلەمپدا دەژین، کەستان گلەییم لێ مەکەن، ئەگەر پەیوەندیم بەهێزی ئاخییەکانەوە کرد و چوومە لای کەشتییەکانی وان و تۆڵەی مەرگی کوڕەکەم بکەمەوە، ئەگەر زیوس بەر بروسکەی داوم و کوشتومی و لە خاك و خوێنی گەوزاندووم، هەر دەچم!".

(١١٩) دوای ئەو قسانە فەرمانی بە (ترس) و (ئاژاوە)دا کە عەرەبانەی بۆ لە ئەسپەکانی ببەستن، بەخۆیشی جلکی درەخشانی جەنگی لەبەرکرد. لەوە بوو شەڕێکی تووش بکەوێتە نێوان زیوس و خواوەندەکانی دییەوە، ئەگەر ئەتینا، کە بەخەمی هەموو خواوەندەکانەوە بوو، فریا نەکەوتبا و لەسەر عەرشەکەی هەڵنەستابا و لەدەرکە وەردەنەکەوتبا، و کلاوخودەکەی لەسەر ئیریس دانەکەندبا و سپەرەکەی لە شانی نەکردباوە و ڕمە برونزییەکەی لە دەستە بەهێزەکەی دەرنەهێنابا و لەلایەکەوە دای نەنابایە. ئەوجا کەوتە سەرزەنشتی ئیریس و گوتی: "ئەی سەرشێت، ئەوە تۆ هۆش و ئەقڵت نییە، بێگومان تیا دەچیت!.. ڕاستە دوو گوێت هەن، بەڵام وادیارە نابیستن، گوێت لە هیرا نەبوو چی دەگوت، خۆ تۆزێ لەمەوپێش لەلای زیوسی ئولەمپاییەوە هات؟.. یان دەتەوێ دوای ئەوەی خۆت دوچاری گەورەترین بەدبەختی بوویت، بەناچاری و نائومێدی بۆ ئولیمپوس بگەڕێیتەوە و دەرگای گەورەترین بەدبەختی و نەگبەتی لە خواوەندەکانی دیکە بکەیتەوە؟ واز بێنە دەنا زیوس دەستبەرداری تەروادەیی و ئاخییاییە ئازاکان دەبێ و بەخۆی دێت بۆ ئولیمپوس تا سزامان بدات. هەر هەموومان، تاوانبار و بێ تاوانمان دەگرێت. بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم دەستبەرداری ئەم توڕەبوونەت ببە، توڕەبوون لە ڕای مەرگی کوڕەکەت، چونکە تا ئێستا و لەمەودواش زۆر کەسی هاوترازی ئەو و بەهێزترییش کوژراون و دەکوژرێن، بەڕاستی زۆر زەحمەتە هەموو تیرەی بەشەر لە مردن دەرباز بکرێن."

(١٤٢) ئەو قسانە (ئەریس)ی سارد کردەوە و کارێکی وەهای کرد کە بێتەوە لەسەر عەرشەکەی خۆی دانیشێتەوە. بەڵام هیرا ئەپولۆ و ئیریس –پەیکی خواوندان–ی گازکردنە دەرێی کۆشکەکە و بەڕاشکاوی پێی گوتن کە: "زیوس ئەمری کردووە بەزووترین کات بچن بۆلای لە لوتکەی ئیدا. کاتێ گەییشتنە ئەوێندەر و چوونە بەردەستی، هەرچییەکی ویست و هەر ئەمرێکی کرد دەبێ بۆی ئەنجامبدەن."

(١٤٩) هیرا هەژی ئەو قسانەی پێگوتن و دووبارە گەڕایەوە و لەسەر عەرشەکەی دانیشتەوە.. ئەپولۆ و ئایرینس بەپەلە و تا هێز لە لاقیاندا بوو بەرەو ئیدای مەڵبەندی فرە سەرچاوە، مەڵبەندی گیانەوەرانی هۆڤی وەڕێکەوتن. زیوسی بروسکە دەنگیان بینی لەسەر لوتکەی گارگاروس دانیشتووە و هەورێکی بۆن خۆش، تاج ئاسا دەوری سەری داوە. هەنگێ بەدوو قۆڵی لەبەردەم زیوسی هەورەواندا بەڕێزەوە وەستان. کوڕی کرونوس بەدیتنیان نەتوڕە بوو و نەناڕەحەت، چونکە زۆر بەزوویی فەرمانی ژنەکەیان جێبەجێ کرد بوو.

(١٥٧) هەوەڵجار ڕوویکردە ئایریس و بەڕوونی و ڕاشکاوی پێی گوت: "ئەی ئایریسی تیژڕۆ! بڕۆ و ئەم فەرمانانەی من بەپوسیدون پاشا بگەیەنە، چیت پێ دەڵێم وەکو خۆی بۆی بگێڕەوە، ئەمری پێ بکە کە دەستبەرداری جەنگ و کوشتار بێ، یان پەیوەندی بەخێڵی خواوەندانەوە بکات، یان بڕوات بۆ بنی دەریا. خۆ ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانەکانی من کرد و نەیویست بەهەندیان بگرێ و ئەنجامیان بدات، با باش بیر لەوە بکاتەوە کە ئاخۆ هێز و توانای ئەوەی هەیە لە ڕووی من و هێزی منا بوەستێ، چونکە من بەئاشکرا ڕایدەگەیەنم کە زۆر لەو بەهێزترم، زۆر لەو گەورەترم.. کەچی ئەو لە دڵی خۆیدا، بێ سڵکردنەوە خۆی بەهاوتای من دەزانێ.. منێك کە هەموو خواوەندەکانی دی لێم دەترسن!"

(١٦٨) دوای ئەو قسانە، (ئایریس)ی تیژڕۆ، گوێڕایەڵانە، وەکو چۆن پروشە بەفر یان تەرزە بەدەم گێژەڵوکەی (بوریاس)ەوە لە ئاسمانەوە بەخێرایی دێتە خوارێ، بەو ئاوایە لە لوتکەکانی ئیداوە بەرەو دەشتی تەروادەی پیرۆز داگەڕاو لەبەردەم خواوەندی بەرزی زەمینەوان و هەژێنەری زەویدا وەستاو گوتی: "ئەی زەمینەوان. ئەی پارێزەری زەوی، ئەی قژ ڕەش، من پەیامی (زیوس)م بۆ هێناویت، زیوسی سپەروان، ئەمڕت پێدەکات کە دەستبەرداری شەڕ و کوشتار بیت و یا بچیتەوە ناو خێڵی خواوەندان، یا بچیتەوە بنی دەریای درەخشان. خۆ ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانیت کرد، و بەهەندت نەگرتن، بەخۆی دێت بۆ ئێرە و شەڕت لەگەڵدا دەکات.. و ئەمری بەوەیە خۆتی لێ بپارێزیت، چونکە بەئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە لە تۆ بەهێزتر و گەورەترە، کەچی ویڕای ئەوەش لەوە ناترسیت لە دڵی خۆتا، خۆت بەهاوکوف و هاوتای کەسێك دەزانی کە هەموو خوداوەندەکان لێی دەترسن!"

(١٨٤) خواوەندی ناودار و هەژێنەری زەوی، زۆر تووڕە بوو و بەرسڤی دایەوە: "ئەم قسانە چییە! من توانای ئەو دەزانم، بەڵام ئەگەر پێی وایە دەتوانێ بەبێ ویستی خۆم ناچارم بکات سەری بۆ دانەوێنم، ئەوا خەیاڵی خاوە، چونکە من لە ئەسڵ و فەسڵدا هاوترازی ئەوم. ئێمە سێ براین، هەرسێکمان لە (کرونوس و ریا)ین: زیوس، و من، و هادیسی پاشای مردوان لە جیهانی ژێرین. هەموو شتەکان دابەش کران بەسەر سێ بەشی یەکسانەوە، و هەر کەسە و بەشی خۆی وەرگرتووە. کاتێ کە قورعەمان ڕاکێشا دەریای کەفچەڕین بەر من کەوت، بوو بەنیشتمانی هەتا هەتاییم... هادیس تاریکی بەتەمتومانی پێ بڕا. (زیوس)ش ئاسمانی بەرینی سەر هەوا و هەورانی پێ بڕا. بەڵام زەوی و ئولیمبوسی سەربەرز تاوەکو ئێستا شەریکییە لەنێوان هەموواندا.

(١٩٣) لەبەر ئەمە، مل بۆ زیوس نادەم، چەند بەهێزیش بێ ملکەچی ویستی ئەو نابم، با لە سێیەکە بەشەکەی خۆیدا دانیشێت، و هەڕەشەی هێز و بازووم لێ نەکات، وەکو ئەوەی من خوێڕیلەیەکی ترسنۆك بم. با ئەو هەڕەشانە بۆ کچ و کوڕەکانی خۆی بنێرێت، ئەوانەی لە پشتی ئەو بوون. ئەوانەی کە ملکەچ و گوێڕایەڵی هەر فرمانێکی دەبن!"

(٢٠٠) ئایریسی تیژڕۆ بەرسڤی دایەوە و گوتی: "ئەی زەوی پارێز، ئەی قژ ڕەش، ئایا بەڕاستی دەتەوێ ئەم پەیامە درشت و زبر و ناشرینە بۆ زیوس ببەمەوە؟ یان دڵ دەگۆڕیت و نەرم

دەبیت؟ ئاقڵمەندان هەمیشە بەهێمنی بیردەکەنەوە.. تۆ بەخۆت دەزانی کە خواوەندانی تۆڵە (ئیرینوس)ەکان هەمیشە لەژێر خەرمانی کوڕی گەورەدا (زیوس)ن.

(٢٠٥) پوسیدون، دیسان وەڵامی دایەوە: "ئەی یەزدانخانم، ئەی ئایریس، تۆ ڕاست دەکەی، چەند خۆشە پەیام ئاوەر وریا و زیرەك بێ!.. بەڵام من داخ و کەسەری ئەوەم لە دڵدایە کە کەسێکی هاوتای خۆت، کە قەدەر و چارەنووس کردبێتی بەهاوتەراز و هاوتای، بێت هەڕەشەت لێ بکات.. بەهەرحاڵ من هەرچەندە زۆر تووڕە و ناڕازیم بەڵام ملی بۆ دەدەم. جا قسەیەکی دیکەشم هەیە دەمەوێ بەتۆی بڵێم، ئەم قسەیە لەناخی دڵمەوە دەردەچێ، بەڵام هەر بەینی خۆمان بێ. ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بەنیازە بەپێچەوانەی ئارەزوو و مەبەستی من و ئەتینای کۆکەرەوەی دەستکەوت و تاڵانی جەنگی، و هیرا و هیرمیس، و شاهیفایستوس ڕەفتار بکات، ئیلیونی سەربەرز و هەزار بەهەزار لە وێڕانی بپارێزێ، و خۆی لەسەر خستنی ئاشکرای ئاخییەکان دووربگرێ، با چاك بزانێ کە ڕق و کینەی ئێمە لەبن نایەت و وشك ناکات."

(٢١٨) پوسیدۆنی زەوی لەرزێن، ئەو قسانەی کرد و لەشکر و قۆشەنی ئاخییاییەکانی بەجێهێشت و چوو خۆی بەبنی دەریادا کرد. جەنگاوەرانی ئاخیایی بێ پشت و پشتیوان مانەوە! ئەوجا زیوسی هەورەوان، ڕویکردە ئەپولۆ و گوتی: "ئەی ئەپولۆی ئازیز و هەژی، ئێستا تۆ بڕۆ بۆلای هیکتۆری برونزپۆش، چونکە پۆسیدونی زەوی پارێز ڕۆیشتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، بۆ بنی دەریا و باشیکرد کە خۆی لە پشم و غەزەبی من دوورگرت، چونکە ئەگەر وای نەکردبا، تەنانەت خواوەندەکانی دیکەش، ئەوانەی لە تارتاردا، دەوری (کرونوس)یان داوە هەراوزەنا و هەنگامەی ئەم شەڕەیان دەژنەوت. جا ئەمە بۆ هەردوولامان، چ بۆ من و چ بۆ ئەو، باشترە. قازانجی ئەو لەوەدا بوو، وێڕای تووڕەییەکەی، مل بۆ من بدات، دەنا ئەم ناکۆکییە بەئاسانی کۆتایی نەدەهات. جا ئێستا تۆ سپەرە بەگێز و گولینگەکەی من هەڵگرە و بەهەموو هێزی خۆتەوە بای بدە، تا قارەمانانی ئاخییایی بترسێنێ و بتارێنێ. جا ئەی ئەپولۆ، ئەی تیرەندازی دوور هاوێژ، بەخۆت هیکتۆری مەزن تیمار بکە.. و لەو ماوەیەدا کەرب و کینێکی وەهای بخە دڵەوە کە ئاخییەکان خۆ لەبەر هێرش و پەلاماری نەگرن و بەپەلە پرۆزێ بۆلای کەشتییەکانیان هەڵێن و تا کەنداوی هیلسبونت نەوەستنەوە، هەنگێ بەخۆم بیر لەوە دەکەمەوە کە چ بڵێم و چ بکەم تا ئاخییەکانیش بتوانن پشوویەك بدەن و بینێك تازە بکەنەوە و بڕێك بحەوێنەوە.

(٢٣٦) ئەپولۆ–ی گوێڕایەڵ قسەکانی بابی وەرگرت و مینەکی واشەیەکی تیژبااڵی دژمنی کۆتران، کە بەڕاستی لە هەموو فڕندەیەك تیژ تر، لە بەرزاییەکانی ئێداوە داگەڕا. سەیری کرد هیکتۆری مەزن، کۆڕی پریامی پاکزاد، پاڵ نەکەوتووە، بەڵکو دانیشتووە. تازە بەهۆش هاتبووەوە و کەوتبووە ئەوەی هاوڕێکانی دەوری بناسێتەوە، لە ئارەقەکردنەوەو هەناسەبڕکێ کەوتبوو، بەئیرادەی زیوسی سپەروان ژیابووەوە. ئەپولۆ هاتە دیاری و گوتی: "ئەی هیکتۆر، ئەی کۆڕی پریام! بۆچی وا سست و بێ تاقەتی، بۆچی دوور لە جەنگاوەرەکانی دیکە، لێرە دانیشتوویت؟ چ دەردێك پەریشانی کردویت؟."

(٢٤٦) هیکترۆ بەکلاوخودە درەخشانەکەیەوە وبەدەنگێکی کز وەلامی دایەوە: "ئەی میرەبان، تۆ کیهە خواوەندی کە وا ڕووبەڕوو لە من دەپرسیت؟ چما نازانی کە ئەجاکسی دلێر، لەو کاتەدا کە من لای کەشتی ئاخییەکان، هاوڕێکانیم دەکوشت، گاشە بەردێکی بەسەر سینگمدا کێشا و کۆڵەواری کردم و ناچاری کردم لە مەیدانی شەڕ وەدەربکەوم؟.. لە دڵەوە بەخۆم دەگوت ئەمڕۆ دیدار بەقیامەت دەبم و دەچمە دیدەنی مردووەکان و سەرای هادیس، چونکە گیانم گەیی بووە کونەلوتم."

(٢٥٣) دیسان ئەپولۆی تیرەندازی دوور هاوێژ، گوتی: "وەت بەرز بێ، چونکە ئەو پاسدارەی کۆڕی کرونوس لە کۆساری ئیداوە ناردویەتی تا یارمەتیت بدات، پاسدارێکی بەهێزە: شا ئەپولۆیە، منم، منی شمشێر زێڕین، هەمان ئەو خواوەندەی لە کۆنەوە تا ئێستا لە ئازار و ئاسیوانی پاراستوویت، نەك هەر خۆت، بەڵکو بەرگری لە شارە بەرزەکەشت کردووە. جا ئێستا ئەمر بەسواڕە زۆر و زەبەندەکانت بکە بەخۆ و بەعەرەبانەکانیانەوە بەرەو کەشتییە ناو بەتاڵەکان هێرش بەرن، منیش وا لە پێشەوە دەڕۆم و ڕێگەتان بۆ خۆش دەکەم و قارەمانانی ئاخییایی ناچار دەکەم بگەڕێنەوە و هەڵێن."

(٢٦٢) ئەپولۆ، بەو قسانە وڕەی سەرداری جەنگاوەرانی بەرز کردەوە و تین و تاوی شەڕی لە گیانیا بوژاندەوە. وەکو چۆن ئەسپێکی تێر ئالیك، فێرە خۆشتن و مەلە، پێوەنەکەی دەپچڕێ و بەناز و نێسکە دەکەوێتە دەشت و خۆی بەڕوبارێکی مەنگ و جواندا دەکات، سەری بەرز دەگرێت و یاڵەکەی بەسەرشان و ملیا شەپۆل دەدا.. ئەوجا غرووڕ وئارەزوو، شاد و سەرمەستی دەکات و لاقەکانی بەرەو پاوانی ماین و ئەسپانی دەبەن.. هیکتۆرش کاتێ کە گوێی لە قسەکانی ئەپولۆ بوو، بەو ئاوایە و تا هێز لەلاقیا بوو پێی وەغارێوە نا تا سوارەکان و میرئاخوڕەکان ڕێکبخات و وڕەیان بەرز بکاتەوە و بۆ شەڕیان هانبدات.

(٢٧٠) جا وەکو چۆن دەشتەکیان بەخۆ و بەتاژییەکانیانەوە دەکەونە سەر کەڵە ئاسکێك یان بزنە کێوییەك و لەپڕ نێچیرەکە خۆی دەداتە پەنا تاوێرێکی بەرز و ئەستونی یان خۆی بەبێشەیەکی چڕ و پڕدا دەکات و لێیان ون دەبێ، و ناچار دەکەونە هەرا و هەڵا و لەجیاتی نێچیرەکە بدۆزنەوە، شێرێکی بەیاڵ و باڵ لە بانگ و فریادی نێچیرڤانەکان هەڵدەستێ و دێتە ڕێگەیان، و هەموو سارد دەبنەوە و ناچار ڕێگەی هەڵاتن دەگرنە بەر، بەو ئاوایە هێزی ئاخییەکان بەشمشێران و نێزەی دووفلیقانە دژمنیان ڕاو دەنا، کە لەپڕ هیکتۆریان بینی پێشی جەنگاوەرەکانی کەوتووە، هەموو ترسیان لێ نیشت و دڵیان داخورپا و هەموو ئازایەتییەکیان هاتە سەر لاقیان.

(٢٨١) ئەوجا تۆواسی کوڕی ئاندرومون، کە دلێرترین ئیتولیان بوو، لە ڕمبازیدا باڵادەست بوو، لە شەڕدا خۆڕاگر و بێ باك بوو، و کەلە کۆڕ و کۆبوونەواندا وەختێ کە لاوان دەکەوتنە گەنگەشە و باسان کەم کەس لە ئاخییەکان هاوتای دەکردەوە. بەڵێ تۆواس بەمتمانەیەکی زۆرەوە هەستایە سەر پێیان و ڕوبکردە ئاپۆڕەی خەڵکەکە و گوتی: "کوڕینە گوێ بگرن.. ئەوەی چاوانی من دەیبینێ بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە، من نازانم هیکتۆر چۆن

هەستاوەتەوە وجارێکی دی لە مەرگی مسۆگەر خەلەسیوە؟.. ئەلهەقی هەر یەکێك لە ئێمە لەدڵی خۆیدا دڵنیابوو کە بەدەستی ئەجاکسی کوڕی تیلامون کوژرا.. وا دیارە یەکێك لە خواوەندەکان جارەکی دی زیندووی کردووەتەوە، ئەو هیکتۆرەی پێشتر زۆری لە ئێمەی دانایيان کوشت، وا جارێکی دی تێمان کەوتوەتەوە، دیارە دەبێ دەستی زیوسی لە پشت بێ، دەنا هەرگیز زاتی نەدەکرد جارێکی دیکە بەم شێوەیە پێش لەشکرەکەی بکەوێ و بجەنگێ.. بۆیە وەرن بە قسەم بکەن و چیتان پێ دەڵێم وا بکەن، باهێزی سەرەکی قۆشەنەکەمان کۆبکەینەوە و بەرەو کەشتییەکان پاشەکشە بکەن، بەڵام خۆمان، ئەوانەی خۆمان بە هەڵبژاردەی قۆشەنەکە دەزانین، لە شوێنی خۆمان دەمێنینەوە و نێزە بەدەست هەوڵدەدەین ڕووبەڕوی ببینەوە و پێشی لێ بگرین، پێم وایە هەنگێ، بەهەموو جۆش و خرۆشێکییەوە، لەوە دەپرینگێتەوە کە خۆی بەئاپۆڕەی دانایيەکاندا بدات."

(٣٠٠) بەو ئاوایە قسەی کرد، هەموو بەدڵ گوێیان لێگرت و فەرمانەکەیان پەسەند کرد. هەر هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەجاکس و شا تیدومینیوس، و تیوسیر و میریونیس و میگیس"ی هاوتای ئیریس دا بوون، باشترین جەنگاوەری خۆیان خڕ کردەوەو ڕووبەڕووی هیکتۆر و تەروادەییەکان کەوتنە شەڕ، بەڵام هێزی سەرەکی قۆشەنەکە لە پشتیانەوە بەرەو کەشتییەکان پاشەکشەیان کرد.

(٣٠٦) تەروادەییەکان بەکۆمەڵ و بەڕابەرایەتی هیکتۆر کەوتنە هێرش و پێشڕەوی. ئەپولۆ خۆی لە پەڵە هەورێکەوە پێچا بوو و پێشی هیکتۆر کەوتبوو. ئەو سپەرە بەگێز و گوڵینك و ڕیشوداره ساماناکە پرشنگدارەی هەڵگرتبوو، کە (هیفایستوس)ی ئاسنگەر بۆ زیوسی دروستکردبوو تا هەڵیگرێت و ترس و لەرز بخاتە ناو جەنگاوەرانەوە. ئەپولۆ ئەو سپەرەی هەڵگرتبوو و بەرەو پێش ڕابەرایەتی تەروادەییەکانی دەکرد.

(٣١٢) ئارگۆسییەکانیش ڕیزەکانی خۆیان یەك خستبوو چاوەڕوانی هاتنی ئەوانیان دەکرد. بانگ و نەعرەتەی شەڕ لە هەردووك لا بەرز بووەوە، هەر تیر بوو و لە کەوانان دەردەپەڕی و هەر نێزە بوو بەدەستانی بەهێز دەهاوێژران، هەندێکیان لە جەستەی جەنگاوەراندا ختم دەبوون، هەندێکیان ئەگەرچی تامەزرۆی گۆشتی سپی و ناسك بوون، لە نیوەی ڕێگەدا و بەرلەوەی بەئاوات بگەن، دەکەوتنەوە ولە عاردی دەچەقین! تا ئەو کاتەی سپەرەکە بەبێ جوڵە لە دەستی ئەپولۆدا بوو، تیری هەردوو لەشکرەکە، ئامانجی خۆیان دەپێکاو گیانی جەنگاوەرانیان دەکێشا، بەڵام کاتێ کە بەتەواوەتی بۆ داناییەکان دەرکەوت و سپەرەکەی ڕاوەشاند و بەدەنگی بەرز لە نەعرەتەی شەڕی دا، هەموو نەتەرەیان بەردا و ئازایەتی و دلێریان لە بیرچووەوە. وەکو چۆن دوو درندە لە تاریکە شەوێکدا پەلاماری گاگەلێك یان ڕانە پەزێکی بێ شوان دەدەن و هەراسان و پەراگەندەیان دەکەن.. بەو ئاوایە ترس و لەرز کەوتە دڵ و دەروونی ئاخییەکان و ڕێگەی هەڵاتنیان گرتەبەر، چونکە ئەپولۆ ترسی خستبووە دڵی ئەوان و سەرکەوتن و سەرفرازی بەتەروادەییەکان و بەهیکتۆر بەخشی بوو.

(٣٢٨) هـەنگێ ئیـدی هـەر کەسـە و پـەلاماری یـەکێکی تـری دا، شـەڕ لـە نێـو ئـەم دەسـتە پەڕاگەندانـەدا دەسـتی پێکـرد. هیکتـۆر هـەردووك (سـتیخیوس) و (ئەرکیسـلاوس)ی کوشـت، ستیخیوس ڕابـەری (بیویتـان)ەکان بـوو و ئەرکیسلاوس دۆستی گیـانی بـەگیانی مینیستیوس بـوو. ئینیـاس هـەردووك "میـدون" و"ئیاسـوس"ی کوشـت. میـدون کـوڕی حـەرامزادەی (ئویلیـوس)ی نیمچـە خـوا بـوو، بـرای ئاجـاکس بـوو، لـە فـولاکی و دوور لـە ولاتـی خـۆی دەژیـا، چونکە پیـاوێکی خزمـی باوەژنەکـەی خـۆی، واتـە (ئـەریوبیس)ی کوشـتبوو کـە ئویلیـوس مـارەی کردبـووەوە. بـەلاّم ئیاسـوس، ڕابـەری ئاتنیـان بـوو، و کـوڕی (سیفلوسـی کـوڕی بوکولـوس) بـوو. بەلاّم پولیداماس، میکیستیوس)ی کوشت. (پـولیتیس)ش، (ئـەخیوس)ی کوشت کـە دەسـتی لـە زیان شت بوو و هاتبووە ڕیزی پێشـەوەی چـەند جـەنگاوەرێکـەوە. هـەروەها کلونیـوس بـەدەسـتی ئەجینوری مـەزن کوژرا..(پاریس)ش (دایوخوس)ی کوشت. لـەو کاتـەدا کـە لـە ڕیزەکـانی پێشـەوە هـەڵدەهات، پاریس لـە پشـتەوە نیشـانی لێگرتـەوە و ڕێـك دەفـەی شـانی پێکـاو ڕمـەکـە دیـواودەری کرد.

(٣٤٣) لـەو کاتـەدا کـە تـەروادەییـەکان خـەریکی ڕوتکردنـەوە و داماڵینـی چـەکـەمـەنی کوژراوەکـان بـوون، ئـاخییـەکان بـەسـەر خـەنـەکـە سـنگ ڕێژەکـەدا بازیـان دەدا و شـپرزە و سـەرگەردان بـەهـەر لایـەکدا هـەڵدەهـاتن و پـەنایان بۆ ناو حـەسـارەکـە دەبـرد. ئـەوجـا هیکتـۆر تـا هێـز لـە گـەرووێـدا بـوو هـاواری لـە تـەروادەییـەکان کـرد: "هـەڕنـە پێـش بۆ سـەر کـەشتییـەکان، واز لـەم تـالاّنـی و دەسـکـەوتـە خوێناویـانـە بێـنن. هـەر کـەسـێك بـدینم بـۆ ئـەودیـو حـەسـارەکـە بگـەڕێتـەوە و لـە کـەشتییـەکـان دوور بێ، بـەدەسـتی خـۆم دەیکـوژم. خـوشك و بـراکـانیشـی جـەنـازەکـەی بـەدەسـت نـاهێنن تـا ڕێـوڕەسـمـی شـەوتـنگـەی بـۆ ئـەنجـام بـدەن، بـەڵکـو کسـۆکـان لـەبـەردەم شـارەکـەمـانـدا ونجـڕ ونجـڕی دەکـەن.

(٣٥٢) دوای ئـەو قسـانـە، ئـەسـپـەکـانی بـەر قـامچـی دان و بـانگی لـە تـەروادەییـەکـان کـرد کـە یـەکـڕیز هێـرش بـەرن، هـەمـوو بـەیـەك دەنگ لـە نـەعـرەتـەیـان داو شـان بـەشـانی ئـەو، کـەوتنـە تـاودانـی ئـەسـپ و عـەرەبـانـەکـانیـان و بـوو بـەهـەڕاو هـەنگـامـەیـەك ئـەوسـەری دیـار نـەبـوو. ئـەپـولۆ لـە پێشـیـانـەوە و بـەپێیـەکـانی خـۆی هـەردوو ڕەخـی خـەنـەکـەکـەی دەڕوخـاند و دەیخسـتـە نـاوەنـدی خـەنـەکـە قـوڵـەکـەوە و بـەمـەش ڕاڕەوێکـی پـانـی بـۆ جـەنـگـاوەرەکـان دروسـتـکـرد کـە پـانییـەکـەی بـەئـەنـدازەی ڕمـهاوێـژێك دەبـوو، کـە پیـاوێکـی بـەهێز بـۆ تـاقیکردنـەوەی هێـزی بـازووی خـۆی بیهـاوێـژێ. هێـزی تـەروادەییـەکـان، سـەف لـەدوای سـەف بـەو ڕاڕەوەدا پـەڕینـەوە، ئـەپـولۆ بـەخـۆ و سـپـەرە سـامـنـاکـەیـەوە کـەوتبـووە پێشـیـان. حـەسـاری ئـاخییـەکـان زۆر بـەئـاسـانـی هـەڕەسـی هێـنـا، وەکـو چـۆن مـنـاڵێك لـە ڕەخـی دەڕیـا بـەلم مـاڵێك دروسـت دەکـات و پـاشـان بـەنـووکـە شـەقێك خـاپـوری دەکـات، تـۆش ئـەی تیرەنـداز (ئـەی ئـەپـولۆ) بـەهـەمـان شـێوە ڕەنـج و مـانـدووبـوونـی ئـاخییـەکـانـت بـەفیڕۆ داوتـرس ولـەرز و پـەشـێویت خسـتـە نـاویـانـەوە.

(٣٦٧) بـەو جـۆرە ئـاخییـەکـان لـە دەوری کـەشـتییـەکـانیـان خڕبـوونـەوە، کـەوتنـە هـانـدان و وڕە بـەرزکردنـەوەی یـەکـدی، دەسـتـە و دوعـا لـەبـەر هـەمـوو خـواوەنـدەکـان دەپـاڕانـەوە. بـەتـایبـەتـی نـەسـتـوری جـیرنیـایی، قـەڵا و مـەتـرێزی ئـاخیـان دەسـتـەودوعـا ڕوو لـە ئـاسـمـانـی پـڕ ئـەسـتێرە،

دەپارایەوە و دەیگوت: "ئەی بابە زیوس، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، یەکێك لە ئێمە لە ئارگۆسدا، ئارگۆسی پڕ لە گەنمەجاڕی بەپیت و بەرەکەتدا، ڕانێکی چەوری گوێڕەکە یان مەڕی لە پێناوی تۆدا بڕژاندووە و لێت پاڕاوەتەوە کە بەسەلامەتی بیگێڕیتەوە بۆماڵ و تۆش سەری ڕەزامەندیت بۆی لەقاندووە و دوعاکەیت گیرا کردووە، ئەوا ئێستا ئەوە بەڵێنانە وەبیر خۆت بێنەوە، ئەی خواوەندی ئولیمبی لە ڕۆژی ڕەش بەدوورمان بکە، مەیەڵە تەروادەییەکان لەناومان بەرن.

(٣٧٧) نەستور بەو جۆرە پاڕایەوە: زیوس دوعا و نزاکەی گیرا کرد، بەهەورە بروسکەیەکی توند و قایم وەڵامی پیرەمێردی کوڕی (نیلیوس)ی دایەوە. بەڵام تەروادەییەکان کاتێ گوێیان لە هەورە تریشقەکە بوو، بەتین وتاوێکی زیاترەوە کەوتنە پەلاماردانی ئارگوسییەکان، وەکو چۆن شەپۆلی گەورەی دەریای بەرین، بەدەم بای بوریاسەوە بەلوورە لوور دێت و بەسەر بۆدی کەشتییەکدا سەردەکەوێ و دەیەوێ نقومی بکات، بەو ئاوایە جەنگاوەرانی تەروادەیی بەدەم هورا و نەعرەتەی بەرزەوە هەڵیانکوتایە سەر حەسارەکە و شکاندیان و عەرەبانە و ئەسپەکانیان بردە ژوورەوە و پەیکان بەدەست شەڕەکەیان گەیاندە نزیکی کەشتییەکان. تەروادەییەکان لەسەر گالیسکەکانیانەوە شەڕیان دەکرد و ئارگۆسییەکان لە بەرزییەوە و لەسەر کەشتییە بۆرەکانیان دانیشتبوون، و بەقایمترین گورزی دار بەڕوو، چەکی دەریاوانان، کە سەرەکەی لە برونز گیرا بوو، بەرگرییان لەخۆ دەکرد.

(٣٩٠) کاتێ کە ئاخیایی و تەروادەییەکان لە دەوروبەری حەسارەکە و دوور لەکەشتییەکان شەڕیان دەکرد، پاتروکلوس لە خێوەتەکەی (یورپولوس)ی دلێر و جوامێردا دادەنیشت، بەقسەی خۆش سەرگەرمی دەکرد، و هەتوانی گیایی لە برینەکەی دەنا تا ئازاری بشکێ و ساڕێژ ببێتەوە. بەڵام هەر کە بینی تەروادەییەکان هێرش بۆ حەسارەکە دێنن و داناییەکان لە ترسا هاواریان لێ بەرزبووەتەوە و شپرزەو پەشۆکاو لەبەریان هەڵدێن، ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو بەدەم خەم و کەسەرەوە گوتی: "ئەی یورپولوس، هەرچەند دەزانم تۆ پێویستت بەهاوکارییە، بەڵام بەهیچ جۆرێ ناتوانم لەلای تۆ بمێنم، چونکە بەڕاستی شەڕێکی قورسە. با یەکێك لە هاوڕێکانت یا خولامەکانت بێن تیمار و پەرستاریت بکەن! من دەبی هەر ئێستا و بەپەلە بچمە دەف ئەخیل و ئەگەر بتوانم بۆ شەڕی هانبدەم، کێ دەزانێ، لەوەیە بەپشتیوانی خواوەندێك، بتوانم قەناعەتی پێ بکەم، هەندێ جار قسەی دۆست زۆر کاریگەرە."

(٤٠٥) دوای ئەو قسەیە لە خێوەتەکە وەدەرکەوت و بەهەشتاو چوو بۆلای ئەخیل. ئاخییەکان خۆیان لەبەر هێرشی تەروادەییەکان ڕاگرتبوو، ئەگەرچی تەروادەییەکان بەژمارە کەمتر بوون، بەڵام ئارگوسییەکان نەیانتوانی لە کەشتییەکان دووریان بخەنەوە. هەروەها تەروادەییەکانیش نەیانتوانی ڕیزی ئاخییەکان تێك بشکێنن و ڕێگە بۆ ناو خێوەت و کەشتییەکانیان بکەنەوە. وەکو چۆن دارتاشێکی وەستاو شارەزا لە هەموو ڕاز و ڕەمزێکی هونەرەکەی و پشت ئەستور و بەهرەدار بەئاموژگارییەکانی ئەتینا، کە دەیەوێ کەشتییەك دروست بکات، هەموو تەختەکان بەیەك پێوانە وسەنگ وئەندازە ڕێك وراست و لەجێی خۆیان دەدانێ، شەڕەکەش بەو ئاوایە لەنێوان هەردوولادا یەکسان و لەیەك ئاستدا بوو.

(٤١٥) هیکتۆر ڕاستەوخۆ بەرەو ئەجاکسی مەزن ملی نا، شەڕی هەردووکیان لەسەر کەشتییەك بوو، نە هیکتۆر توانی پاشەکشە بەئەجاکس بکات و کەشتییەکە بسوتێنێ، و نەئەجاکس توانی هیکتۆر کە خواوەندێك ڕێنوێنی دەکرد، لە کەشتییەکە دوور بخاتەوە.

(٤١٩) لەم کاتەدا ئەجاکسی بەجەوهەر، نیشانەی لە کالیتوری کوڕی کلیتیوس،گرتەوە کە مەشخەڵێکی بەدەستەوە بوو بەرەو کەشتییەکە دەهات، ڕێك ناوەندی سینگی پێکاو کەوتە سەر زەوی و مەشخەڵەکەی لەدەست بەربووەوە.هیکتۆر هەر کە بینی ئامۆزاکەی لەبەردەم کەشتییە بۆرەکەدا کەوت و لە خاك و خوێن گەوزا، بەدەنگی بەرز هاواری لە تەروادەیی و لیسییەکان کرد و گوتی: "ئەی تەروادەییان، لیسیان، و داردانیان پەلامار بدەن، هێرش بەرن و نەکەن بەبستیش بگەڕێنەوە، خێرا کوڕەکەی کلیتیوس دەرباز بکەن، دەنا ئاخییەکان ئەسڵەحەکەی دەبەن، لە بەینی کەشتییەکاندا کەوتووە، خێرا کەن.

(٤٣٠) دوای ئەو قسانە پەیکانێکی سرەواندە ئەجاکس، پەیکانەکەی هەتەری کرد، بەڵام لەجیاتی ئەو (لوکوفرون–ی کوڕی ماستور) و خوڵامی ئەجاکسی پێکا. هەرچەند لوکوفرون خەڵکی سیتیرا بوو، بەڵام لای ئەجاکس دەژیا، چونکە پیاوێکی لە ستیرای پیرۆز کوشتبوو. ڕمە برونزییە تیژەکەی هیکتۆر سەری ئەوی لەسەروو گوێیەوە، لەو کاتەدا کە لە پاڵ ئەجاکسدا وەستا بوو، دیوا ودەرکرد و لەسەر کەشتییەکەوە بەسەرا بەر بووەوە و لە خاك و خوێنا گەوزا و چوار پەلی سست بوو. ئەجاکس لە حەژمەتا لەرزی و ڕوویکردە براکەی و گوتی: "ئەی تیوسیری ئازیز، ئەی مرۆڤە میهرەبانەکە، دۆستە دڵسۆزەکەی هەردووکمان کوژرا، کوڕەکەی ماستور، کە لە ستیراوە پەنای بۆ ئێمە هێنابوو، و لە کۆشکەکەی خۆمانا وەکو کەسێکی نزیکی خۆمان ڕێزمان دەگرت، وەك داك و بابی خۆمان ڕێزمان دەگرت، کوژرا، لە دەستمان چوو. ئا ئێستا هیکتۆری هەژی کوشتی، کوا تیرە کوشندەکانت، کوا ئەو کەوانەی کە ئەپولۆ دایتێ، بۆ کەیتە؟

(٤٤٢) تیوسیر گوێی لێ بوو،بە هەشتاو خۆی گەیاندە دەف وی، کەوان و تیردانەکەی بەدەستەوە بوو. هەر زوو کەوتە تیرەندازی بەرەو تەروادەییەکان. تیرێکی لە کلیتوسی کوڕی بیسینور، هاوڕێی پولیداماس، کوڕی پانتوس دا وکوشتی. کلیتوس هەوساری ئەسپەکانی گرتبوو و بەدژواری دەیتوانی بەرهەقیان بکات، دەیویست بەمە خزمەتێکی تەروادەییەکان و هیکتۆر بکات، بەڵام ئەسپەکانی بۆ شوێنێ تاودابوون کە شەڕ زۆر گەرم بوو. لەو کاتەدا بەڵای بۆ نازڵ بوو، کەسیش نەیتوانی ئەم بەڵایەی لێ دوور بخاتەوە، چونکە تیرەکە پشتە ملی دیوا ودەرکرد، لە گالیسکەکەی کەوتە خوارەوە. ئەسپەکان جڵەویان بەر بوو و عەرەبانە بەتاڵەکەیان بەتەق و هوڕ ڕادەکێشا، لە تۆ وایە دەیانەوێ بیخەنە لایەکەوە.پولیداماس هەر کە ئەم ڕووداوەی بینی، بەهەشتاو خۆی گەیاندە بەردەم ئەسپەکان. بە (ئەستونوسی کوڕی بروتیاون)ی سپاردن، و لێی دووپات کردەوە کە لە شوێنێکی نزیکە دەست ڕایان بگرێت. ئەوجا گەڕایەوە بۆ ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕەکە.

(٤٥٨) ئەوجا تیوسیر، تیرێکی دیکەی دەرهێنا تا بیگرێتە هیکتۆری سەراپا برونزینە پۆش، ئەگەر ئەم تیرە لەو کاتەدا کە هیکتۆر خۆی دەنواند، بیپێکایە، هەڵبەتە ژیانی لەبەر دەبڕی و شەڕی دەوروبەری کەشتییەکان یەکلایی دەبووەوە. بەڵام زیوسی دانا کە چاوێکی هەر لەسەر هیکتۆر بوو، لەم خەتەرە غافڵ نەبوو، ئەم شکۆ و سەرفرازییەی بەتیوسیری کوڕی تیلامون ڕەوا نەبینی، لەو دەمەدا کە ئەو کەوانەکەی ڕادەکێشا، ژێیەکەی پچڕاند و، تیرەکە هەتەری کرد و کەوانەکە لە دەستی بەربووەوە. هەنگێ تیوسیر توڕەبوو و ڕوویکردە براکەی و گوتی: "بەداخەوە، تۆ بڕوانە، وادیارە یەکێك لە خواوەندەکان بەر بەرەکانیمان دەکات و هەموو ڕیسەکەمان لێدەکاتەوە بەخوری. کەوانەکەی لە دەستم خست و ژێیەکەی پچڕاندم، ئەو ژێیەی کە تازە بادراوە و ئەم بەیانییە بەتازەیی خستوومەتە سەری و ئەزموومە تا دڵنیابم تیرێکی زۆری پێ دەهاوێژرێ و پەکم ناخات."

(٤٧٢) هەنگێ ئەجاکسی تیلامونی مەزن وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەی دۆست، واز لە تیروکەوانەکەت بێنە، چونکە خواوەندێك هەیە ئێرەیی بەسەرفرازی ئاخییەکان دەبات، بۆیە لە دەستی تۆی سەندووە. هەڕە نێزەکەت هەڵگرە، سپەرێك بدە بەشانتا و بکەوە شەڕی تەروادەییەکان.. جەنگاوەرەکانی دیکەش دنەبدە بۆ شەڕ، تا دژمنان، چەند لە ئێمەش بەهێزترین، بەبێ شەڕ و کوشتار، و بەئاسانی نەتوانن دەست بەسەر کەشتییە مکومەکانماندا بگرن. دەی سا دەست لە دەست و.. بەرەو شەڕ.". ئەوجا تیوسیر تیروکەوانەکەی برد و لە خێوەتەکەی خۆیدا داینا. سپەرێکی چوارلۆی لە شان کرد، کلاوخودێکی یەجگار نایابی لەسەرنا کە بەگێز و گوڵینگ و یاڵی ئەسپ ڕازابووەوە. نێزەیەکی قورسی نووك برونزی هەڵگرت و خێرا پەیوەندی بەئەجاکسەوە کرد.

(٤٨٤) هیکتۆر گاڤێ کە بینی کەوانەکەی تیوسیر لەکار کەوت، بەدەنگی بەرز هاواری لە تەروادەییان و لیسیان کرد: "ئەی تەروادەییان، لیسیان و داردانیانی جەرگەی شەڕ، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی پیاوانە، مەردایەتی خۆ بنوێنن و لێرەدا و لەلای ئەم کەشتیانە دلێری خۆتان بسەلمێنن. بەچاوی خۆم بینیم کە چۆن زیوس کاریگەری تیری تیرەندازێکی ژێهاتی ئەوانی بەتاڵ کردەوە. مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ ئەوە بخوێنێتەوە کە زیوس کەنگێ پشتیوانی لە بەشەران و جەنگاوەران دەکات و کەنگێ پشتیان تێدەکات، وەکو چۆن ئێستاکێ لەگەڵ ئێمەدایە و دژی ئارگۆسییەکانە. دەیسا پۆل پۆل بەرەو کەشتییەکان هەڕنە پێش و پەلامار بدەن، شەڕ بکەن، جا ئەگەر کەسێکتان بەتیر یا نێزەی دژمن کوژرا، با بەدڵنیاییەوە چاو لێك بنێ. چونکە سەربەزرییە پیاو لە پێناوی نیشتمان و زێدی خۆیدا بمرێت، بێگومان ژن و منداڵ و ماڵەکەی لەدوای ئەو، سەربەرز و سەلامەت و دوور لەهەر ئاسیو و وەیەك دەبن، بەتایبەتی وەختێ ئاخییەکان بەخۆ و کەشتییەکانیانەوە بۆ نیشتمانی ئازیز یان بگەڕێنەوە."

(٥٠٠) بەو قسانە یەك بەیەکی تەروادەییەکانی جۆشدا، (ئەجاکس)ش لەولاوە کەوتە دنەدانی جەنگاوەرەکانی و گوتی: "ئەی ئارگوسیان شەرم لەخۆ بکەن، هیچ چارێکمان نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە بەرگری لە کەشتییەکانمان بکەین و دژمن دوور بخەینەوە، دەنا هەر هەموومان

دەکـوژرێین و تیـا دەچـین. پێتـان وایـە ئەگـەر هیکتـۆری خودەدرەخشـان دەسـت بەسـەر کەشتییەکاندا بگرێ دەتوانن بەپێیان بۆ خاکی وەتەن بگەڕێنەوە؟ گوێتان لێ نییە هیکتۆر چۆن یەك بەیەکی هێزەکەی جۆش دەدا تا کەشتییەکانمان بسوتێنن؟ ئەمریان پێدەکات کە لە بیریان بێ کە بۆ شەڕ هاتوون نەك شایی و هەڵپەڕکێ. باشترین نەخشە و پلان ئەوەیە کە هێز و بازووی خۆمان بخەینە کار و شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵدا بکەین، ئیدی ئەمە یەك جارە و دەبڕێتەوە، یان دەمرین یان دەژین، زۆر باشترە لەوە ماوەیەکی زۆر شەڕێکی بێهودە بکەین و نەتوانین تۆڵەی خۆمان لە خەڵکانێك بکەینەوە کە بەهیچیان نازانین و زۆر لە ئێمە کەمترن!"

(٥١٤) بەو قسانە بوژاندنییەوە و وڕەی بەرزکردنەوە. لەم کاتەدا هیکتۆر، "سکیدیوس"ی کوڕی پیریمیدس، سەرداری فوسیدیانی کوشت. (ئەجاکس)ش لایوداماسی فەرماندەی جەنگاوەرانی پیادە، کوڕی ئەنیتنوری ناوداری کوشت. پولیداماس، (ئوتوس)ی سیلینی هاوڕێی کوڕی فیلیوس و سەرداری (ئیپیان)ی کوشت. کە میگیس ئەمەی بینی ڕمێکی سڕەواندە پولیداماس، بەڵام پولیداماس خۆی دانەواندەوە وڕزگاری بوو، چونکە ئەپولۆ ویستی لەسەر نەبوو کە کوڕی پانتوس لەم شەڕەدا بکوژرێت، بەڵام ڕمەکە لە دوڕ سینەی کرویسموس چەپی و شەقی کرد، خێرا گلاو کەوتە سەر زەوی، میگیس کەوتە دامالێینی چەك و ئەسلەحەکەی، لەم کاتەدا دولوبسی کوڕی لامبوس لێی هاتە دەست. لامبوس کوڕی لاومیدون بوو، جا دولوبسی کوڕی شارەزای هەموو جۆرە شەڕێك بوو. بەڵێ لێی هاتە دەست و ڕمەکەی هاویشتە سپەری کوڕەکەی فیلیوس و لە نزیکەوە هێرشی بردبووە سەری. بەڵام زرێ نایابەکەی کوڕی فیلیوس فریای کەوت و لە مردن پاراستی. فیلیوس ئەم زرێیەی لە ئیفرای کەنارەکانی ڕوباری سیلیس هێنابوو، شا ئیوفیتیسی خانەخوێی دابوێ، تا لە شەڕا لەبەربکات و خۆی پێ بپارێزێ. هەمان ئەو زرێیە بوو کە ئێستا کوڕەکەی لە مردن ڕزگار کرد.

(٥٣٦) ئەوجا (میگیس)ش ڕمی خۆی هاویشت و ترۆپکی کلاوخودە برونزییەکەی (دولوپس)ی پێکا، گولێنگی کلاوخودەکەی کە لە یاڵی ئەسپ دروستکرابوو برد بەئاسمانا و کەوتە سەر زەوی. لە کاتێکا میگیس بەگژ "ولوپس"دا دەچوو، و هێشتا هەر بەهێڤی سەرکەوتن بوو، مینیلاوسی دلێر هاتە هیمدادی، دەست بەڕم لە پەنایەکی پێوارەوە وەستا. لە پشتەوە نێزەیەکی خێواندە شانی دولوپس، پەیکانەکە لە سینگییەوە دەرچوو، دلۆپس بەدەما تەختی زەوی بوو. بەدوو قۆڵی پڕیان دایێ تا چەك و ئەسلەحە برونزییەکەی لێداماڵن.. بەڵام هیکتۆر هەموو خزمەکانی گاز کرد.. لە هەمووان زیاتر کەوتە لۆمەی کوڕەکەی هیکیتاون، میلانیپۆسی دلاوەری کرد، کە تا دژمن هێشتا دوور بوو، لە بیرکوتی خەریکی بەخێوکردنی گاوگۆتاڵ بوو، بەڵام کاتێ کە کەشتی ئاخییەکان هاتن –ئەویش جارێکی دی بۆ تەروادە گەڕایەوە و لەنێو تەروادەییەکاندا بوو بەسەرامەد و ناوی دەرکرد و لەپاڵ پریامدا کە وەکو یەکێك لە کوڕەکانی خۆی مامەڵەی لەتەکدا دەکرد، دەژیا. جا هیکتۆر هەوەڵجار لەو توڕە بوو و بەناو.، ناوی ئەوی هێناو گوتی: "ئەمە ڕاستە ئەی میلانیپوس، ئێمە ئاوها سست و خەمسارد بین؟ باشە دڵت بۆ خزمە کوژراوەکەت نایەشێت؟ نابینی بکوژانی دولۆپس چۆن لە چەك و ئەسلەحەکەی وڕوکاون تا

بیبەن؟ دوام کەوە، وەختی دووەم شەڕ بەسەرچوو، تەنیا ئەوەمان بۆ ماوەتەوە لە نزیکەوە شەڕی ئارگۆسییەکان بکەین، جا یا بیانکوژین، یا هەموو تەرواەی سەربەرز و بەبرج و حەساران بگرن و خەڵکەکەی بکوژن."

(٥٥٩) دوای ئەو قسانە کەوتەڕێ، (میلانییوس)ی قارەمان وەکو نیمچە خواوەندێك هەنگاو بەهەنگاو شوێنی کەوت. لەولاشەوە ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون کەوتە هاندانی ئارگوسییەکان: "دۆستان، ئەمڕۆ ڕۆژی هیمەتە، پیاوانە دەست بکەنەوە. ئاگادار بن، ئەمە شەڕە شەڕ، کەس سستی نەنوێنێ و گلەیی هاوڕێکەی نەهێنێتە سەر خۆی و بۆ هەتا هەتایە خۆی شەرمەزار نەکات. ئەوانەی شەرمیان بەخۆیەو مەیدانی شەڕ بەجێ ناهێڵن، سەربەرزن، ئەگەری ڕزگار بوونیان زیاترە.. ئاکامی هەڵاتن ڕیسوایی و سەرشۆڕییە!"

(٥٦٥) بەو ئاوایە جەنگاوەرەکانی هاندا، ئیدی ئەوانیش خۆبەخۆ ورەیان بەرز بووەوە و ئارەزووی بەرەنگاربوونەوەی دژمنیان لە دڵا وروژا، وەکو دیوارێکی برونزی دەوری کەشتییەکانیان دا، (زیوس)ش لەولاوە تەرواەییەکانی لێ هاندەدان. مینیلاوسی دلێر و نەعرەتەکێشی جەنگ کەوتە دنەدانی ئەنتیلوخوس، گوتی: "ئەی ئەنتیلوخۆس، تۆ لە هەموو ئاخییەکان گەنجتری، نە لە تۆ گورج و گۆڵتر و سوکەڵەتریان تیایە، نە لە تۆ بێباکتر و ئازاتریان تیایە لە شەڕدا. پەلامارێك بدە و یەکێك لە تەرواەییەکان بکوژە.".

(٥٧٢) مینیلاوس، ئەو قسانەی کرد و ڕۆیی، بەڵام ئەنتیلوخۆسی پڕ کردبوو، ئەوە بوو خێرا لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەنگاوەرەکانەوە بۆی دەرچوو، دوای ئەوەی بەپارێزەوە ئاوڕێکی دەوروبەری دایەوە، نێزە پرشنگدارەکەی هاویشت، هەر کە ڕمەکەی هاویشت تەرواەییەکان لەبەردەمیا گەڕانەوە! ڕمەکەی بەهەتەر نەچوو بەڵکو میلانییوسی ناودار و دلێری کوڕی هیکیتاونی پێکا، ڕێك سینگی، لە نزیکی مەمکییەوە، لەو کاتەدا کە بەرەو شەڕکە دەهات، شەق کرد. بەدەم تەق و هوڕی ئەسلەحەکەیەوە کەوتە سەر زەوی و تاریکی باڵی بەسەر چاوەکانیدا کێشا. هەنگێ ئەنتیلوخۆس وەکو چۆن تاژییەك هەڵدەکوتێتە سەر کارامزێك کە لە کاتی لە لان دەرچووندا، ڕاوچییەك بریندارى دەکات و چوارپەلی سست دەبێ... بەو ئاوایە ئەنتیلوخۆسی دلێر و شەڕڤان، هەڵیکوتایە سەرت ئەی میلانییوس تا چەك و ئەسلەحەکەت لێ داماڵێ و بەتاڵانی بەرێ. بەڵام هیکتۆری ناودار بینی، لە گەرمەی شەڕدا بەرەو ڕووی چوو. بەڵام ئەنتیلوخوس، هەرچەندە جەنگاوەرێکی لەزەبر بوو، بەڵام زاتی نەکرد لە جێی خۆی وەمێنێ، بەڵکو وەکو دڕندەیەك کەتنێکی کردبێ، سەگێکی کوشتبێ یان گاوانێکی لە پەنا گاگەلەکەیدا کوشتبێ، و بەرلەوەی خەڵکی لێ ئاگادار بێتەوە هەڵێت!.. بەو شێوەیە کوڕەکەی نەستور لەژێر هەرا و هەنگامەی سامناکی تیر بارانی تەرواەییەکان و هیکتۆردا هەڵهات و تا نەگەییە ناو هێزی لەشکرەکەی خۆیان نەوەستاو نە ئاوڕی دایەوە.

(٥٩٢) بەڵام تەرواەییەکان میناکی شێری دڕندە و چاوبرسی گۆشتی کاڵ بەرەو کەشتییەکان هێرشیان دەبرد و ویستی (زیوس)یان جێبەجێ دەکرد کە لە پەستاو بێ پسانەوە جۆشی دەدان و ورەی دەخستنە بەر ئەوان، و باشاری لەبەر ئارگوسییەکان دەبڕی و سەرفرازی و سەرکەوتنی

پێ ڕەوا نەدەبینین و تەروادەییەکانی بەسەردا زاڵ دەکردن. لەدڵی خۆیدا لێبڕا بوو کە شکۆ و سەرفرازی بەهیکتۆری کوڕی پریام ببەخشێت. تا بتوانێ ئاگرێکی لە دامرکانەوە نەهاتوو لە کەشتییە نووک تیژەکان بەربدات، و بەمە دوعا و نوێژ و نزاکەی (تیتیس) بەبێ منەتی گیرا بکات. ئیدی زیوس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بەچاوی خۆی بڵێسەی کەشتیەکی گرگرتوو بدینێ، چونکە لەسەری بوو لەو ساتەوە، کارێکی وەها بکات کە تەروادەییەکان پاشەکشە بکەن و لەلای کەشتییەکان بگەڕێنەوە و لەبەر ئارگوسییەکان هەڵێن و سەرفرازی و سەرکەوتن بە ئارگوسییەکان ببەخشێت..بەم مەبەست و نیازەوە هیکتۆری کوڕی پریامی هاندەدا کە پەلاماری کەشتیەکان بدات. جا هیکتۆر بەخۆیشی زۆر تاسەمەندی ئەو کارە بوو و سەری پێوە نەبوو بۆ ئەنجامدانی، ئەم پاڵەوانە سەراپای ڕق و تووڕەیی بوو، میناکی ئەریس نێزەکەی بادەدا، یان وەکو چۆن ئاگرێک لە کۆساریکدا بەردەبێتە بێشە و لێڕێکی چڕە دارستان و نێڵە نێڵ دەیسوتێنێ، بەو ئاوایە دەمی کەفی کردبوو و چاوەکانی لەژێر بڕۆ سامناکەکانیەوە گڕیان لێ دەبووەوە و بەدەم شەڕ و پەلامارەوە کلاوخودەکەی بەشێوەیەکی ترسناک بەسەر سەر و لاجانگەکانیەوە دەلەرییەوە.

(٦١٠) زیوس لە ئاسمانەوە ئاگاداری دەکرد. هەرچەند بەتەنیا شەڕی ژمارەیەک جەنگاوەری دەکرد، بەڵام زیوس سەرفرازی و سەرکەوتنی پێ ڕەوا بینی بوو، چونکە تەمەنی کورت بوو و ئەجەلی نزیک بوو، و (ئەتینا پالاس)ش زۆری پەلەی ئەو ڕۆژەی بوو کە بەدەستی کوڕەکەی بیلیوس بکوژرێ. لەم کاتەدا، هیکتۆر کە خولیای تێکشکانی ڕیزی هێزەکانی دژمن بوو، لەهەر شوێنێکدا قەرەباڵغی جەنگاوەران زیاتر باو پڕ چەک تر بان خۆی بەوێدا دەدا. بەڵام بەو هەموو جۆش و خرۆش و تین و تاوەوە کە هەیبوو، نەیدەتوانی کەلێنیان تێبخات و تێکیان بشکێنێ، چونکە ئاخییەکان یەکڕیز وەکو دیوار لە بەردەمیا دەوەستان، یان وەکو چۆن تاوێرێکی زەلام لە کەناری دەریایەکی کەف چەڕیندا، سەربەرز و خۆڕاگر لەبەردەم باو باهۆزی سەرشێت و شەپۆلانی بێ ڕەزای ڕوبارەکەدا دەوەستێ و ناجوڵێ، داناییەکانیش بەهەمان شێوە ورە بەرز و خۆڕاگر لەبەردەم تەروادەییەکاندا دەوەستان و هەڵنەدەهاتن. بەڵام لە ئەنجامدا هیکتۆر کە گڕی قینی لێ دەبووەوە، وەکو مەشخەڵی ئاگر خۆی بەناویانا کرد، وەکو چۆن شەپۆلێکی توڕە و بێ ئامان لە ئەنجامی هەور و هەڵا و باهۆزێکی سامناکەوە هەڵدەکات و شەپۆلی با دەیداتە پێش و دەیکێشێت بەکەشتییەکی بچکۆلەدا و کەشتییەکە بەجارێ لە کەفاودا ون دەبێ و بایەکە لورە لور لە بایەوانەکەی هەڵدەستێنێ و زراوی کەشتیوانەکان دەتۆقێنێ و بەفەلاکەت لە مردن دەرباز دەبن.. ئاخییەکانیش بەهەمان شێوە زەنەقیان لە هیکتۆر چوو بوو. بەڵام هیکتۆر وەکو چۆن شێرێکی دڕندە پەلاماری گاگەلێکی بێ شومار، کە لە سەوزەزارێکی بژونی دەوری گوڵاوێکی بەرینا دەلەوەڕن، دەدات، و گاوانێکی ناشیان بەدیارەوەیە و هێشتا ناتوانێ شەڕی دڕندەیەکی وادڕ بکات کە بەتەمایە مانگایەکی شاخ پێچاو پێچی لێ بسەنێ، سەیردەکەی جارێ خۆی دەگەیەنێتە پێشی گاگەلەکە و جارێ دێتە دواوە، بەڵام شێرەکە لە ناوەڕاستەوە خۆی بەگاگەلەکەدا دەدات و مانگایەک دەخات و هەڵیدەدڕێ و دەیکات بەتێشوو،مانگاکانی دی

هەموو تۆقیو و هەراسان پەڕاگەندە دەبن و دەکەونە هەڵاتن. بەو ئاوایە هەموو ئاخییەکان، بەترس و لەرزەوە لەبەر هیکتۆر و بابە زیوس هەڵدەهاتن. بەهەرحاڵ هیکتۆر تەنیا (پیرفیتیس)ی میسینی کوڕی (کوبریوس)ی کوشت، کە جاران فەرمانی (شا یوریستیوس)ی بۆ هیراکلیسی پاڵەوان دەبرد. هەرچەندە بابی ئەم کوڕە کەسێکی ناو بزر و خوێڕیلە بوو، بەڵام کوڕەکەی، لەهەموو بوارێکی گورج و گۆڵی و شەڕ و شەڕقانییەوە لەسەرووی هاوتەمەنانی خۆیەوە بوو، لە زیرەکی و ئاقڵیدا لە ڕیزی پێشەوەی پاڵەوانانی میسینیدا بوو.. ئەو بووە مایەی سەرکەوتن و سەرفرازی هیکتۆر. کەکاتێ دەگەڕێتەوە، پێی لە داوێنی سپەرەکەی، کە بەخۆی هەڵیگرتبوو، تاسەر پێیەکانی شۆڕ بوو تا لە نێزە و ڕمان بیپارێزێ، هەڵنووتا بوو. بەپشتا کەوتبوو، لەکاتی کەوتنا تەق و هوڕێك لە کلاوخودەکەی هەستا بوو، هیکتۆر خێرا هەستی پێکرد. بەهەشتاو خۆی گەیاندە سەری، بەدیاریەوە وەستا، ڕمەکەی لە سینگی چەقاند، لە نزیکی هاوڕێ ئازیزەکانیا کوشتی، ئەو هاوڕێیانەی هەرچەند زۆر بۆی بەداخ بوون، نەیانتوانی فریای بکەون، چونکە بەخویانیش زراویان لە هیکتۆر تۆقی بوو.

(٦٥٣) خۆیان گەیاندەوە لای کەشتییەکانیان، خۆیان دایە پەنای یەکەمین ڕیزی کەشتییەکان، کەشتییەکانی ڕیزی پێشەوەی قەراخ دەریاکە. بەڵام تەروادەییەکان هێرشیان بۆ هێنان، ئارگۆسیەکان بەناچاری لەوێش پاشەکشەیان کرد، بەڵام ئەمجارە لە نزیکی خێوەتەکانیاندا گردبوونەوە، دەستە دەستە وەستان و بەناو ئوردوگاکەدا پەراگەندە نەبوون، شەرم و ترس ڕای گرتبوون، لە پەستاو بێ پسانەوە، تا زاریان دەیگرت یەکتریان بانگ دەکرد و وەری یەکیان بەرز دەکردەوە، بەتایبەتی نەستوری جیرنیایی، قەڵا و پشت و پشتیوانی ئاخییان، یەك یەك بەناوی خۆیانەوە گازی دەکردن و تکا و ڕجای لێدەکردن و دەیگوت: "گەلی دۆستان، براینۆ، یەك بگرن، خۆ لە نەنگی و شەرمەزاری دوور بگرن، ژن و منداڵەکانتان وەبیر بێننەوە، مووڵك و ماڵەکانتان وە بیربێننەوە، داك و بابتان، ئەوانەی مردوون یا زندوون وەبیر بێننەوە. من بەناوی هەموو ئەوانەوە، لێرەدا داوا لە ئێوە دەکەم کە دلێرانە خۆ بگرن، پشت مەکەنە دژمن، ڕێگەی هەڵاتن مەگرن، من بەناوی ئەوانەوە قسان لەگەڵ ئێوەدا دەکەم، چونکە ئەوان ئێستا لێرە نین.

(٦٦٧) بەو قسانە زات و غرەتی وەبەرنانەوە. ئەتینا پەردەی تاریکی لەسەر چاویان لابرد، بەچاوی خۆیان و بەوپەڕی ڕوونی هەردوو بەری کەشتییەکان و بەری مەیدانی شەڕەکەیان بینی.بەچاوی خۆیان هیکتۆری نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕ و هاوڕێکانیان بینی، هەم ئەوانەی پاشەوە کە بەشداری شەڕیان نەدەکرد و هەم ئەوانەی کە لە نزیکی کەشتییەکاندا شەڕیان دەکرد.

(٦٧٤) ئیدی (ئەجاکس)ی پاڵەوان نەیتوانی لەوەی پتر وەکو ئاخییەکانی دی هەر لە دوورەوە بوەستێ، بەهەشتاو بەسەر کەشتییەکاندا، لەم کەشتییەوە بۆ سەر ئەو کەشتی پازی دەدا، ڕمێکی درێژی بەدەستەوە بوو.. ڕمی شەڕی دەریایی، کە بەئەڵقە لێك دەدرا، نزیکەی بیست و دوو گەز درێژ بوو. وەکو چۆن شۆڕەسوارێکی ئەسپناس، چوار دانە ئەسپ لەنێو گەلە ئەسپێکدا هەڵبژێرێ و جەلەیان بکات و بەپەلە لە دەشتەوە و بەشارێیەکی قەرەباڵغدا بەرەو شارێکی

مەزنیان تاو دەدات و پیاوان و ژنان دەستە دەستە تەماشای دەکەن، ئەویش دڵنیاو ئاسودە لە هەڕەتی چوارناڵەی ئەسپەکاندا، لەسەر ئەسپێکەوە خۆی هەڵدەداتە سەر ئەسپێکی دی و دەڕواتە پێشێ.. (ئەجاکس)ش بەهەمان شێوە و بەهەشتاو لە کەشتییەکەوە خۆی هەڵدەدایە سەر کەشتییەکی دیکە و دەنگی دەگەییە ئاسمان و لە پەستا و بێ پسانەوە، بەهاواری سامناك دانایەکانی بۆ بەرگری لە کەشتی و خێوەتەکانی خۆ هاندەدا.

(٦٨٨) هیکتۆرش هەر بەو دەقەوە لەناو ئاپۆڕەی تەروادە زرێپۆشەکاندا نەمایەوە، بەڵکو وەکو چۆن هەڵۆیەکی تیژ باڵ، کە پۆلە باڵدارێکی وەکو قازە کێوی یان قورینگ یان قووانی ملدرێژ دەبینێ لە ڕەخی ڕووبارێکدا چینە دەکەن، خۆی پێیاندا دەدا.. هیکتۆرش بەهەمان شێوە هەڵیکوتایە سەر کەشتییەکی شینباوی پێشی پێشەوە، زیوس بەدەستە بەتواناکانی خۆی بەرەو پێشەوەی پاڵدا و جەنگاوەرانی تەروادەیی هاڕوژاند کە دوای بکەون.

(٦٩٦) دیسان، شەڕێکی توند لە نزیکی کەشتییەکان هەڵگیرسایەوە. هێندە بەجۆش و خرۆش شەڕی یەکتریان دەکرد، لە تۆ وایە ئەمە یەکەم شەڕیانە و هەرگیز ماندوو نین. جەنگاوەرانی هەردوو هێزەکە بەمجۆرە بیریان دەکردەوە: ئاخییەکان قەناعەتیان وابوو کە نابێ خۆ بدزنەوە و هەڵێن و دەبێ هەموویان لەوێدا بمرن. هەموو تەروادەییەکیش لە دڵی خۆیدا بەتەما بوو ئاگر لە کەشتییەکان بەربدات و هەموو پاڵەوانانی ئاخیایی بکوژێ.

(٧٠٣) بەو بیروباوەڕەوە هەردوو هێزەکە بەرانبەریان لێکدی گرتبوو، شەڕی یەکتریان دەکرد. لەم بەینەدا هیکتۆر دەستی گەیاندە پێشی کەشتییەکی زۆر جوان، تیژڕۆ لە ئاوی دەریادا، ئەو کەشتییەی کە "پروتیسیلاوس"ی هێنابوو بۆ تەروادە و جارەکی دی بۆ ولاتەکەی خۆیی نەبردەوە.لە دەوری کەشتییەکەی ئەودا ئاخییەکان و تەروادەییەکان لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا کەوتنە کوشت و بڕی یەکدی، وا تێکەڵی یەکتر بوو بوون تیروکەوان و نێزەی درێژ بەکار نەدەهات، بەتەوری تیژ و، گورزی گران، شیری قورس و قەمە و سونگی دوو شاخە!.. یەکتریان هەڵدەدڕی، ژمارەیەکی زۆر لە شمشێرانی گران و جوان، بەحەمایڵی ڕەش و دەسکی جەواهیر نیشان، دەکەوتنە سەر زەوی، هەندێکیان لە دەست و هەندێکیان لە شانی جەنگاوەران بەدەم شەڕەوە دەکەوتنە سەر زەوی... زەوی لە خوێندا ڕەش هەڵدەگەڕا! بەڵام هیکتۆر کە دەستی بەسەر کەشتییەکەدا گرت، ئیدی نەگەڕایەوە، بەڵکو لە پێشەکەیدا وەستا و هاواری لە تەروادەییەکان کرد و گوتی: "ئاگر بێنن و هەموو بەیەکدەنگ لە نەعرەتەی شەڕ بدەن. زیوس ئەمڕۆی بەئێمە بەخشیوە، ڕۆژێکە لەسەرووی هەموو ڕۆژەکانەوە.. لەم ڕۆژەدا ئەو کەشتیانە وێران دەکەین کە بەپێچەوانەی ویستی ئاسمانەوە بۆ ئێرە هاتوون و بەبار ئازار و بەڵایان بەهۆی ترسنۆکی ردێن سپیەکانمانەوە بۆ هێناوین، ئەو ردێن سپیانەی کە کاتێ من دەمویست لە دەوری کەشتییەکاندا بجەنگم،ڕێیان نەدەدام و نەیاندەهێشت لەشکرەکە شوێنم بکەوێ. جا ئەگەر زیوسی دووربین، ئەوسا هەندێ ئەقڵی ئێمەی گومڕا کردبوو، ئەمڕۆکە بەخۆی هانمان دەدات و ڕێنوێنیمان دەکات."

(٧٢٦) ئەو قسانەی کرد و شێلگیرانە تر پەلاماری ئارگۆسییەکانی دا، بەڵام ئەجاکس ماوەیەکی زۆر لە جێیەکەی خۆی نەمایەوە. چونکە تیر وەکو باران بەسەریا دادەباری. چونکە هەمیشە سڵی لە مردن دەکردەوە، هەندێك پاشەکشەی کرد، لەسەر کەشتییەکە دوور کەوتەوە، خۆی کرد بەشوێنی سەوڵەوانەکاندا، کە حەوت پێیان بەرز بوو، لەوێدا خۆی لە بۆسەنا، لەوێوە دەیڕوانییە دژمن، هەر هەموو ئەو کەسانەی بەمەشخەڵەوە دەچوونە پێشێ، بەپەیکانەکەی دووری دەخستنەوە، هەروەها لە پەستاو بێ پسانەوە، هاواری دەکرد و داناییەکانی هاندەدا و دەیگوت: "برایۆ، ئەی جەنگاوەرانی دانیایی، ئەی خزمەتگوزارانی ئیریسی خواوەندی جەنگ، مەردی مەیدان بن یاران! عەزمتان جەزم بکەن. ئایا لاتان وایە کە هێزێن پشتیوانتان لە پشت بێ، یان دیوارێکی لەمە قایمتر جەنگاوەرەکانتان بپارێزێ؟... نە شارێکی بەبورج و قەڵامان لێوە نزیکە کە پەنای بۆ بەرین تا لەوێندەرەوە هێزێکی تازە بێنین، کە تای تەرازووی شەڕەکەمان بۆ قورس بکات... ئێمە واین لە دەشتێکا، پێشمان تەروادەییانی سەراپا چەکدار و زرێپۆشە و پشتمان دەریایە، و دوورین لە ولاتی خۆمان، ڕزگاری و سەلامەتیمان لەشەڕدایە، نەك لە سستی و خۆ دزینەوە."

(٧٤٢) ئەو قسانەی کرد و دەست بەنێزە حازر و ئامادە.. هەر تەروادەییەك کە بەمەشخەڵی ئاگرەوە بەرەو کەشتییەکان دەهات، تا دڵی هیکتۆر خۆش بکات، ئەجاکس بەڕمەکەیەوە لێی دەهاتە دەست و یا ڕاوی دەنا یان بریندار دەکرد. بەو جۆرە دوانزە کەسی لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا، لە بەردەم کەشتییەکاندا بریندار کرد!.

سرودی شانزەیەم

کوژرانی پتروکلوس

حیکایەتەکە:

تەروادەییەکان توانیان گریکەکان بشکێنن. شەڕ گەییە بەر کەشتییەکەی پاتروکلۆس. پاتروکلۆس کە ئەمەی بینی بەهەڵەداوان چوو بۆلای ئەخیل و بویەرەکەی بۆ گێڕایەوە. بۆی ڕوونکردەوە کە چۆن کەشتییەکان لەبەر هەرەشەی ئاگردان، هەموومان لێرە گۆڕ غەریب و دوور لە ولاتی خۆ دەمرین. داوای لە ئەخیل کرد کە سپەر وکلاوخودو هەموو ئەسلەحەکەی خۆی بداتێ، تا ئەگەر تەروادەییەکان دیتیان وابزانن ئەخیلە و بترسن و هەڵێن.ئەخیل بەپێشنیازی هاوڕێکەی قاییل دەبێت. نوێژە بادانە بۆ خواوەندەکان دەکات. بەجامێك کە لە باوڵەکەی خۆیدا شاردبوویەوە و جگە لە ئەخیل خۆی کەسی دی نەدەستی تێوەدابوو و نەپێی خواردبووەوە. دوای ئەوەی نوێژەکەی کرد جامەکەی خستەوە جێی خۆی. پاتروکلۆس خۆی بەمەیدانی شەڕەکەدا دەکات و تاڵا و بەتەروادەییەکان دەنۆشێت. ئەو تەروادەییانەی خەریك بوو کەشتییەکان بسوتێنن، تەنانەت کەشتییەکیانیش سووتاند.ئەگەر پاتروکلۆس نەبوایە کارەسات ڕوویدەدا. ئەو پاتروکلۆسەی کە بەڕاست و بەچەپا کوژراو و بریندارە لە تەروادەییەکان دەخست و ئوتومیدونی میرئاخوڕی لەگەڵ بوو، ئوتومیدون سایەقی عەرەبانە و ئەسپە خۆشبەزە تایبەتییەکانی ئەخیل بوو. بەڵام پاڵەوانێکی تەروادەیی دێتە مەیدانی پاتروکلۆس،

ئەو پاڵەوانە ناوی گلوکوس بوو و کوڕی زیوس بوو. زیوس دەیەوێ خۆی تێکەڵ بکات و کوڕەکەی ڕزگار بکات. بەڵام هیرا لە ئاکامی مەترسییەکانی ئەم کارەی ئاگادار دەکاتەوە. چونکە ئەمە پێچەوانەی ئەو قەدەر و چارەنووسەیە کە مەرگی لە چارەی کوڕەکەی نووسیوە. جا لەم حاڵەدا نەدەتوانێ ئەو چارەنووسە ڕەت بکاتەوە و نەدەتوانێ ڕێ لە خواوەندەکانی دیکەش بگرێ کە کوڕەکانیان لەشەڕ بپارێزن و بخەلەسێنن، چونکە چاو لەو دەکەن. ئیدی دەستبەرداری ئەو کارە بوو و هەر لەوەندەیا وەستا کە ئەپولۆی نارد تا لەدوای مردن جەنازەی کوڕەکەی بۆ ولات و زێدی خۆی بەرێتەوە. برا و کەسوکار و هاوڕێکانی بیدێنن و ڕێوڕەسمی پرسەی بۆ ئەنجامبدەن. ئیدی پاتروکلۆس لەسەر کوشتاری بێ وێنەی خۆی بەردەوام دەبێت. تەروداییەکان لە کەشتییەکانەوە بەرەو دەشتەکە ڕاودەنێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئامۆژگارییەکەی ئەخیلەوە، لەوێوە ناگەڕێتەوە، هەر دەڕوات، ئەگەر ئەپولۆ ڕێی لێنەگرتبا لەوە بوو لە حەساری تەروادەش ئاودیوبێ. ئیدی لێرەوە پاتروکلۆس ساردەبێتەوە، تا دەکوژرێ. بەر لەدوا هەناسە بە هیکتۆر دەڵێت کە بەمردنی ئەم شاد نەبێت. چونکە بەخۆیشی لەلای حەسارەکانی تەروادە و بەدەستی ئەخیل دەکوژرێ. ئەخیل زۆر خەمین دەبێت و گلەیی لە پاتروکلۆس دەکات کە پێشبینییەکەی پێ گوتووە و دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە لەوەیە ئەخیل یەکەمجار جەنزەبەی هیکتۆر بخوات و بەمەش بەر لە هەمووان بچێ بۆ جیهانی ژێرین. (هادیس).

زەمەن:

ڕۆژی بیست و هەشتەمینی گێڕانەوە هۆمەرییەکەیە.

شوێن:

ئەم سروودە سێ شوێنی تیایە، ئیدای کۆسار، کەناری دەریا کە شەڕەکە لەوێندەرە و لە دەوروبەری کەشتییەکانە، شوێنێکی دیکەش کە سەر حەسارەکەیە و ئەپولۆ لەوێ دەوەستێ.

(١) بەو جۆرە لە دەوری ئەو کەشتییە مکومەدا جەنگاوەران شەڕیان دەکرد. پاتروکلۆس بەدەم گریان و فرمێسک ڕشتنەوە چووە نک ئەخیلی سەرداری جەنگاوەران. فرمێسک بەجۆرێ لە چاوانی دەڕژا، لە تۆ وایە کانییەکی لێڵە و لە تاشە بەردێکی بەرز و دیوار ئاساوە دەڕژێتە خوارێ. کە ئەخیلی گورج و گۆڵ بەو شێوەیەی بینی دڵی پێی سووتا و بەپەرۆشەوە پێی گوت: "ئەی پاترۆکلۆس بۆچی دەگریت، دەڵێی کچێکی منداڵیت و بەدووی دایکیا غار دەدات و دەیەوێت لە باوەشی بگرێت و چنگ لە داوێنی گیر دەکات و لە ڕۆییەنی دەکات و بەدوو چاوی بەفرمێسکەوە بۆی دەڕوانێ تا لە هەمێزی بگرێت. تۆ وەکو ئەو کیژە ڕوندک دەڕێژی ئەی پاتروکلوس... هیچ خەبەرێکت پێیە بە(مورمیدون)ەکانی بڵێی یان بەمنی بڵێی؟ ئایا هەواڵێکی (پتیا)ت لایە کە هەر تۆ بیزانی؟.. ئەوەی من بیزانم مینوتیوسی کوڕی ئەکتور هێشتا زندووە، بیلیوسی کوڕی ئەیاکوس زرک و زندوو لەنێو مورمیدونەکاندا دەسوڕێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو دووانە مردبان، زۆرمان خەفەت بۆ دەخواردن. یان تۆ خەمباری ئارگوسییەکانی کە چۆن لە پاڵ کەشتییە ناو بەتاڵەکانیاندا بەهۆی بێ شەرت و پەیمانی خۆیانەوە دەکوژرین؟.. ڕاستیم پێ بڵێ و هیچم لێ مەشارەوە، تا هەردووکمان ئاگاداری وەزع و حاڵەکان بین".

(٢٠) پاتروکلۆسی سوارچاك هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە: "ئەی ئەخیل، ئەی کوڕی بیلیوس، ئەی سەرکردەی هەرە دیاری ئاخییان، لێم تورە مەبە، نەگبەتی ئاخییان نەگبەتییە نەك گاڵتە، هەر هەموو ئەوانەی قارەمان بوون، ئێستا لەناو کەشتییەکاندا کەوتوون و برینداڕن، هەیانە لە دوورەوە ئەنگێوراون، هەیانە لە نزیکەوە. دیومیدسی کوڕی تیدیوس بەپەیکان بریندار بووە، ئودیسیوسی ناودار بەڕمبازی و ئاگامەمنون بەشمشێر بریندار بوون.

(٢٧) هەروەها (یوریبیلوس) ڕانی بریندارە و تیری پێکەوتووە. هەموو دکتۆر و حەکیمە شارەزاکان لە دەوریان خڕبوونەتەوە و سەرگەرمی تیمارکردنیانن و هەتوان لە زامەکانیان دەنەن. کەچی تۆ، ئەی ئاخیل هەر مێشیش میوانت نییە و بەخەیاڵتدا نایەت. ئومێدەوارم هەرگیز دووچاری ئەم ڕق و کینەیە نەبم کە لە دڵی تۆدایە، جا ئەگەر تۆ ئەمڕۆکە فریای ئارگۆسییەکان نەکەوی و لەم بەڵایەیان ڕزگار نەکەی، کێ دەتوانێ بەخۆی بنازێ و داوای یارمەتیت لێ بکات؟ نەوەکانی داهاتوو چۆنت باس بکەن؟ ئەی دڵڕەق، نا، نە بیلیوسی شۆڕەسوار بابتە و نە تیتیس داکتە، ئوقیانوسی تاریك و تاوێرانی سەخت تۆیان هێناوەتە دنیا! بۆیە ئەوەندە دڵڕەقیت و ژێوان بوونەوە نازانی. جا ئەگەر خۆت لە پێشبینییەکی تایبەتی دەدزییەوە، یان ئەگەر دایکە هێژاکەت لەزاری (زیوس)ەوە پێشگویی یان ڕازێکی پێ گوتووویت، بەڵای کەمەوە لەشکری (مرمیدون)ەکانم بەگەڵ بخە، با بچم بۆ شەڕەکە، بەڵکو ئەمە ڕێکەوتە بتوانم ببم بەمەشخەڵی ڕزگاری داناییەکان. هەروەها ڕێگەم بدە کە سپەر و چەك و ئەسلەحەکەی تۆ لەبەر بکەم، بەڵکو تەروادەییەکان بەتۆم بزانن و بترسن و پاشەکشە بکەن و کوڕانی ئاخیایی ئاهێکیان تێبگەڕێ و هەناسەیەك بدەن. چونکە ئێستا ماندوون و شەڕ بڕستی لێ بڕیون. جا هەنگێ ئێمەی تازە نەفەس، دەتوانین بەهاسانی بەگژیاندا، بەگژ جەنگاوەرە ماندووە تەروادەییەکاندا بچین و بەشەڕ لە کەشتی و خێوەتەکانمان دووریان بخەینەوە و بەرەو شار ڕاویان بنەین".

(٤٦) پاتروکلۆس بەو شێوەیە لەبەر ئەخیل پاڕایەوە. غافڵ بوو لەوەی بۆ مەرگی خۆی دەپاڕایەوە و دێوی مەرگ بەرەو خۆی بکێشی دەکرد. ئەخیلی گورج و گۆڵ لەناخی خۆیدا هەژا، وەڵامی دایەوە و گوتی: "مەخابن! ئەی پاتروکلۆس، ئەی نەوە و نەتیرەی زیوس، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ من باکم بەهیچ پێشگۆییەك نییە، دایکیشم لە زاری زیوسەوە هیچ ڕازێکی پێ نەگوتوم. بەڵام من خەمبار و پەستی ئەوەم کە لەناو لەشکرەکەی خۆمدا، کەسێك بێت خەڵاتەکەم لێ زەوت بکات، چونکە لەمن بەهێزترە، ئەمە زۆرم ئەزیەت دەدات، مەگەر هەر خۆم بزانم لەناخی دڵمدا چەند بەمەوە تلاومەتەوە. ئەو کێژەی ئاخییەکان وەکو پاداشت بۆیان هەڵبژاردم.. ئەو کێژەی من دوای وێران کردنی شارێکی مکوم و قایم و پڕ جەنگاوەر، بەزەبری نێزەکەی خۆم بەدەستم خستبوو، شا ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوسی بەتوانا، سووك و باریك لە دەستی دەرهێنام وەکو ئەوەی لە غولامێکی زەبوون و غەوارەی زەوت بکات. بەهەرحاڵ ئەوەی چوو چوو، ڕق و کینەش هەتا سەر لە دڵی مرۆڤدا نامێنێ. هەرچەندە من گوتومە تا شەڕ و نەعرەتەی شەڕ و کوشتار یەخەم پێ نەگرێ و نەگاتە سەر کەشتییەکانی خۆم دڵم چاك نابێتەوە. بەڵام

قەیدی نییە تۆ وەرە چەك و ئەسلەحەكانی من لە شان بكە و ڕابەڕایەتی مرمیدونە تامەزرۆكانی شەڕ بكە. ئەگەر ڕاستە و هەوری ڕەشی ئاپۆڕەی تەروادەییەكان دەوری كەشتیەكانیان داوین، (٦٧) و ئارگۆسییەكان بۆ كەناری دەریا پاشەكشەیان كردووە و تەنیا تیلماسكە زەوییەكیان بەدەستەوە ماوە. هەموو شاری تەروادەیان لێ هاوڕوژاوە و هاتۆتە دەست.. ئەوا لەبەرئەوەیە كە لە نزیكەوە پرشنگی كلاوخودەكەی من نابینن!.. ئەگەر شا ئاگامەمنون قەدری منی گرتبا و دووربینانە مامەڵەی لە تەكما كردبا، كارێكم دەكرد تەروادەییەكان چنگ لەسەر شان هەڵێن و دۆڵ و جوێبارەكان پڕ بوایەن لە لاشەی كوژراوەكانیان. بەڵام ئێستا كە شێری مەیدان و سەروەری شەرگەن، و دەوری هێزەكەی ئێمەیان گرتووە، لەبەرئەوەیە كە نێزە لە دەستی (دیومیدسی كوڕی تیودیوس)دا هەڵناسوڕی تا بەرگری لە ئاخییەكان بكات، من تا ئێستا گوێم لێ نەبووە، تاقە هورا و نەعرەتەیەكی شەڕ لە زاری ناپەسندی كوڕی ئوتریوسەوە بێتە دەرێ!.. ئەوەی لە دەوروبەری منذا دەنگ دەداتەوە، تەنیا هورا و نەعرەتەی هیكتۆری كوشتۆخە كە فەرمان بەتەروادەییەكان دەدات و ئەوانیش بەیەك دەنگ نەعرەتەكەی بۆ دەسەننەوە، دەشت و دەریان پڕكردوە و دوای ئاخییان دەبڕنەوە. وێڕای ئەمەش ئەی پاتروكلۆس، مەردانە هەڵمەت بەرە، پەلامار بدە و كەشتییەكان ڕزگار بكە، دەنا تەروادەییەكان دەیان سوتێنن و ڕێگەی گەڕانەوەی دڵخواز لە ئارگوسییەكان دەبڕن. جا گوێ بگرە بادوا ئامۆژگاری خۆمت بخەمە میشكەوە، ئەگەر دەتەوێ سەرفرازی و سەركەوتنێكی گەورە بۆ هەموو خەڵكی ئاخیایی بەدەست بێنم و ئەو نازدارەم لەگەڵ كۆمەڵێك پاداشت و دیاریی زیادەدا بۆ بگەڕێننەوە، هەر كە تەروادەییەكانت لە كەشتییەكان دوورخستەوە، یەكسەر بگەڕێوە. ئەگەر میردە بروسكە دەنگەكەی هیراش پشتیوانی كردیت، بەبێ من و لە دووی من شەڕی تەروادەییانی شەڕقان بكەی، چونكە بەمە زیان بەفەڕ و شكۆی من دەگەیەنی، نەخەڵەتابی بەدەم نەشئەی شەڕ و كوشتار و سەربڕینی تەروادەییانەوە بەرەو تەروادە بچی، چونكە دوور نییە یەكێك لە خواوەندانی نەمر لە لوتكەی ئولیمبوسەوە بۆت دابەزێ –بەتایبەتی ئەپولۆ كە تەروادەییەكانی زۆر خۆشدەوێ. بەڵكو هەر كە كەشتییەكانت ڕزگار كرد ئیدی لەوێندەرەوە بگەڕێوە و شەڕەكە بۆ هەردوو لەشكرەكە بەجێ بێڵە با لەو دەشتەدا دوای یەكتر بڕنەوە. ئاە، ئەی زیوس، ئەتینا، ئەپولۆ، ئومێدم بەقاپی ئێوەیە كە تاقە كەسێك لە تەروادەییەكانی ئەوێ بەسەلامەتی دەرنەچێ.. قڕ بكەوێتە ئارگۆسییەكان، تەنیا ئێمە هەردووكمان ڕزگار بین و بتوانین تارای پیرۆزی سەر سەری تەواردە لابەرین!

(١٠١) ئەو قسانەیان لەگەڵ یەكتردا كرد. بەڵام ئەجاكس زۆری بۆ هاتبوو، لە هەموو لایەكەوە تیری بۆ دەهات.. ویستی زیوس بەسەریا زاڵ بوو. تەروادەییەكانیش كە لەسەركەوتنا بوون تەنگەتاویان كردبوو. هەر نێزە بوو تەقەی لە كلاوخودە بریقەدارەكەی هەڵدەستان و دەنگی دەدایەوە. شانی چەپی لەژێر باری قورسی سپەرە بریقەدارەكەیدا، كە بەردەوام دەیجولاند، شل و كول بوو. وێڕای ئەمەش تەروادەییەكان بەهەموو گوشارێكیانەوە، نەیاندەتوانی بەباراندنی تیر

بەسەریا، بۆڕێ پێ بدەن و.. ئیدی شەکەت و ماندوو بەحاڵ هەناسەی بۆ دەدرا، ئازای لەشی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، هەموو دەلیڤەیەکی لێ گیرا بوو، و ژیانی لە خەتەرێکی گەورەدا بوو.

(١١٢) ئێستا، ئەی یەزادنخانمانی هونەر، خواوەندانی شیعر، ئەی ئەوانەی ماڵتان لەسەر ئولیمبوسە، پێم بێژن چۆن ئاگر بەربووە کەشتی ئاخییەکان.. هیکتۆر خۆی گەیاندە نزیکی ئەجاکس و بەشمشێرە گەورەکەی، دانەیەکی کێشا بەنێزە بناوییەکەی ئەجاکسدا و ڕێك سەرەکەی پەڕاند و هەنگێ ئەجاکس بەبێهودە نێزەکەی بادەدا، چونکە پەیکانە برونزییەکەی پەڕی بوو و بەتەق و هوڕ لەو ناوە غل دەبووەوە. هەنگێ ئەجاکس راجفری و لە دڵی خۆیدا زانی کە زیوس دەستی بەرداری بووە و هیچی بەدەستەوە نەهێشت کە بەرگری لەخۆی پێبکات، و لێبڕاوە سەرکەوتن و سەرفرازی بەتەروادەییەکان ببەخشێت. بۆیە پاشەکشەی کرد و خۆی لە هەتەری نێزان دوورخستەوە. هەنگێ تەروادەییەکان ئاگریان لە کەشتییەکە بەردا و گڕ و بڵێسەیەکی وای لێ هەستا کە لە دامرکانەوە نەدەهات.

(١٢٤) ئەخیل کە بڵێسەی ئاگری بینی کێشای بەڕانی خۆیدا و بەپاتروکلۆسی گوت: "ڕابە ئەی شۆڕەسواری پاکزاد، ڕابە ئەی نەوە و نەتیرەی زیوس، سەیرە من گڕی ئاگرێکی بێ ئامان لەلای کەشتییەکانەوە دەبینم.. هەر خوا بکا دەست بەسەر کەشتییەکانماندا نەگرن، دەنا هیچمان نابێ پێی بگەڕێینەوە! بەپەلە چەك و ئەسلەحەکەی من لە خۆت بدە تا من لەشکری (مرمیدون)انت بۆ خڕ دەکەمەوە."

(١٣١) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، جلکی برۆنزی بریقەداری پۆشی، هەوەڵجار لاقبەندە جوانەکانی لە لاق کرد و بەئاوزوونەی زیوین لە پاژنەیەوە بەستنی. ئەوجا زرێیە بریقەدارە بەنەخش و نیگار و گران بەها و پڕ ئەسێرەکەی نەوەی ئیکۆسی لەبەرکرد. ئەوجا شمشێرە بونزییە زیوکفتەکەی لە شان کرد، سپەرە پان و گەورەکەی هەڵگرت، کلاوخودەکەی لەسەرنا، کلاوخودەکەی یەجگار وەستایانە دروستکرا بوو، بەیاڵی ئەسپ ڕازێنرابووەوە، یاڵە ئەسپەکە لە دوورەوە بەشێوەیەکی ترسناك دەجوڵا. جووتێ ڕمی خۆشدەستی هەڵگرت، بەڵام نێزە گران و درێژ و قایمەکەی ئەخیلی هەڵنەگرت،

(١٤١) چونکە لەناو ئاخییەکان کەس نەیدەتوانی بەکاری بێنێ، جگە لە ئەخیل کە زۆر جوانی بەکاردێنا. ئەم نێزەیە لە داری بناو بوو، خیرون لە لوتکەیەکی چیای بیلیون بڕی بووی و دابووی بەبیلیوس تا لە ئایندەدا ناودارترین جەنگاوەران لەناوبەرێ. پاتروکلۆس، فەرمانی بەئوتومیدون کرد کە بەپەلە نیر لە ئەسپەکان بکات و لە عەرەبانەکەیان ببەستێ.ئوتومیدون، جەنگاوەرێك بوو کە پاتروکلوس لەدوای ئەخیلی سەفدڕ لە گشت کەسێکی خۆشتر دەویست‌و لە شەڕدا لە هەموو کەس پتر وەفاداری پاتروکلوس بوو، لە هەموو کەس زووتر فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرد و بەدەنگییەوە دەچوو. ئوتومیدون هەردوو ئەسپەکەی، (ئیکسانتوس و پالیوس)ی خستنە ژێر نیر، ئەم ئەسپانە لە ڕۆییشتندا وەکو با وابوون، ئەم ئەسپانە زادەی جووت بوونی پودارج و خواوەندی بای ڕۆژئاوا بوون، لەو دەمەدا کە پودارج لە میرگوزارێکدا لە کەناری ئۆقیانوسدا دەلەوەڕا، لەگەڵ بای ڕۆژئاوادا (زفیر) جووت دەبێ و بەو ئەسپانە ئاوس

دەبێت. ئوتومیدون (پیداسوس)ی بەناوبانگیشی زین کرد و لە عەرەبانەکەی بەست، ئەم ئەسپە ئەخیلی کە شاری ئیتونی وێران و تالآن کرد بوو لەوێوە لەگەڵ خۆی هێنابووی، هەرچەند ئەم ئەسپە، ئەسپێکی دنیایی ئاسایی بوو، بەڵام هاوتای ئەسپانی ئاسمانی نەژاد و خوایی دەکردەوە!

(١٥٥) بەهەرحاڵ ئەخیل بەخۆی بەناو خێوەتەکان کەوت، و فەرمانی بەهێزی مەرمیدونەکان دا کە جلکی شەڕ لەبەر بکەن و بۆ جەنگ تەیار بن. ئەوانیش وەکو چۆن گەلەگورگێکی درندە، لە چیایەکدا کەڵە کێوییەکی شاخ گەورە ڕاو دەکەن و هەڵیدەدڕن و سەری تێ دەژنن و، دەمیان لە خوێنا سور دەبێت، ئەوجا بەکۆمەڵ و بەدەم لستنەوەی زمانە درێژەکانیانەوە بەرەو سەرچاوەو کانییەکی مەنگ دادەگەڕێن، زاریان لە ئاوەکە وەردەدەن و بەدەم قڕقێنەی خوێنەوە تێر و بێ باك، دەمیان پاك دەکەنەوە. بەو ئاوایە ڕابەران و دەم سپیان و ڕاوێژکارانی مورمیدون، بەپەلە لەدەوری یاوەرە ئازاکەی ئەخیلی گورج و گۆڵ و زادەی ئیکوس خڕ دەبوونەوە. ئەخیلی نەبەزیش لە ناوەندیاندا وەستا بوو و هەم ئەسپەکان و هەم جەنگاوەرە سپەر بەدەستەکانی هاندەدا.

(١٦٨) ئەخیلی خۆشەویستی زیوس بەخۆ و هێزێکی پەنجا کەشتییەوە بەرەو تەروادە هاتبوو. هەر کەشتییەك پەنجا جەنگاوەری بەسەرەوە بوو، پێنج فەرماندەش، لەوانەی کە ئەخیل متمانەی تەواوی پێیان هەبوو و پشتی پێیان ئەستور بوو دانران کە ڕابەرایەتیان بکەن. بەخۆیشی کە لە هەموان بەهێز و تواناتر بوو سەرپەرشتی و سەرکردایەتی هەموانی دەکرد. دەستەی یەکەم لەژێر فەرماندەی (مینیستیوس)ی زڕێ درەخشاندا بوو، ئەمە کوڕی سپیرکیوس بوو، کە ڕوبارێك بوو لە ئاسمانەوە هەڵدەقوڵا.. پولیدورای نازەنین، کیژی بیلیوس، لەگەڵ سپیرکوسدا کە ڕوبارێکی زادەی زیوس بوو، جووت بوو بوو، و ئەم کوڕەی بوو بوو. واتە پولیدورا لەگەڵ خواوەندێکدا جووت بوو بوو. بەڵام پیاوێك بەناوی (بوروس)ی کوڕی (پیریریس) هات و بەزەبری سەروەت و سامانی زۆر دایکی خواست و ئیدی سپیرکیوس وەکو کوڕی (بوروس) ناسرا.

(١٧٨) (یودوروس)ی قارەمان ڕابەری دەستەی دووەم بوو. ئەمە کوڕی کیژێکی بێ شوو بوو، کوڕی (پولیمل)ی کچی فیلاس بوو، پولیمل ئافرەتێکی زۆر خەرامان و سەماکارێکی داهێنەر بوو، هرمسی بەتوانا و ناودار بەچاوی خۆی لەو ئاهەنگەدا کە کوڕی ژنانی گۆرانیبێژ لەسەر شەرەفی یەزدانخانم ئارتەمیس–ی شکارچی ئازا و زێڕین کەوان دەیان گێڕا، دیتبووی و دڵبەندی بوو بوو. ئیدی هیرمیسی چاکەکار، خۆی بەنهۆمی سەرەوەدا، بەنهۆمی ژنانداکردبوو، و بەدزییەوە لەگەڵی جووت بوو بوو و بە (یودوروس) ئاوسی کردبوو. هەمان ئەم (یودوروس)ە کە لە گورج و گۆڵیدا بێ وێنە و لەشەڕدا دلێر و ئازا بوو. کاتێ کە (ئیلیتیا)ی خواوەندی مامانی ژنان، (یودوروس)ی زایاندبوو و هێنابوویە دنیای ڕۆشنەوەو ساوای تاین تیشکی هەتاوی بینی، ئەخیلیکسی کوڕی ئەکتوری دلاوەر دایکی خواست واتە (پولیمل)ی خواست. هەڵبەتە دوای ئەوەی دیاریی و مارەییەکی بێ شوماری دایە. بەڵام باوکی پولیمل، واتە فیلاسی

پیر (یودوروس)ی گرتە ژێر باڵی خۆی، وەکو کوڕێکی ڕاستەقینەی خۆی پەروەردەی دەکرد و خۆشی دەویست. پیساندروس)ی کوڕی میمالوس، باشترین ڕمبازی نێو مرمیدونەکان، لەدوای پاتروکلوسی دۆستی گیانی بەگیانی ئەخیل، سەرکردە و فەرماندەی دەستەی سێیەم بوو. (پیرە فینیکس)ی شۆڕەسوار فەرماندەی دەستەی چوارەم بوو. و ئەلکیمیدون)ی کوڕی لیرسیوس فەرماندەی دەستەی پێنجەم بوو.

(١٩٨) ئەخیل پاش ئەوەی هەموو جەنگاوەرەکانی تەیار کرد و ڕابەر و سەرکردەی بۆ هەر دەستەیەك دیاریی کرد و دەستەکانی دەست نیشان کرد، هەنگێ هەموویانی کۆکردەوە و ڕووی تێکردن و گوتی: "ئەی (میرمیدون)ەکان من ئەمرتان پێدەکەم، ئەوەتان لەبیر نەچێت بەدرێژایی تورەبوونەکەی من، چۆن لەناو کەشتییەکانەوە هەڕەشەتان لە تەروادەییەکان دەکرد، هەموو هەر گازاندەتان لەمن دەکرد، دەتانگوت، ئەی زاڵم خۆت کوڕی بیلیوس، بێگومان دایکت بەڕق و کینە پەروەردەی کردویت، بۆیە هێندە دڵڕەقی، تۆ هاوڕێکانت بەتۆبزی و بێ ویستی خۆیان لەناو ئەم کەشتییانەدا بەستوەتەوە. تۆ کە ئەوەندە دڵڕەق و کینە لەدڵ بی، وەکو لە کەشتییەکانماندا دانیشتووین خۆ بۆ ولاتی خۆمان بگەڕێینەوە باشترە.. هەمیشە کە خڕدەبوونەوە بەو شێوەیە لۆمەتان دەکردم. جا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، خۆ بنوێنن، شەڕێکی گەورەتان لەبەردەمە، شەڕێك کە تا ئێستا بەعەزرەتییەوە بوون و تامەزرۆی بوون، جا کێ پیاوی مەیدانە با مەردانە شەڕی تەروادەییەکان بکات، ئەوە عەرز و ئەوە گەز".

(٢١٠) هەر کە ئەو قسانەی کرد، هەموو جەنگاوەرەکان جۆش و خرۆشیان تێکەوت. کە گوێیان لە دەنگی پاشاکەیان بوون دەستەکان زیاتر یەکیان گرت و دایانە پاڵ یەکدی. وەکو چۆن بەنایەك وەستایانە چینە بەرد لە پاڵ یەکتردا لەسەر یەك دادەنێ و دیوارێکی بەرز بۆ ماڵێك دروست دەکات تا لە بای بپارێزێ، بەو ئاوایە سپەر و کلاوخودی مرمیدونەکان یەکیان گرت، سپەر لە سپەر دەخشی و کلاوخود لە کلاوخود و جەنگاوەر لە جەنگاوەر، گولێنگەی سەر کلاوخودە بریقەدارەکانیان کە سەریان دەجولاند، لە یەکتری دەدا.

(٢١٨) بەو شێوەیە هەموو تەیار و ئامادەبوون، پاتروکلوس و ئوتومیدون لە پێشی هەمووانەوە، چەك و ئەسلەحەیان لە خۆ دەدا و لێبڕابوون ڕابەرایەتی مرمیدونەکان بکەن. لێ ئەخیل چوو بۆ ناو خێوەتەکەی خۆی، سەری باولێکی یەجگار جوانی بەنەخش و نیگار و جەواهێرنیشانی هەڵدایەوە، کە (تیتیس) زیوین لاق دوای ئەوەی پڕی کردبوو لە جلوبەرگ و شانێلان و نوێنی ئەستوری نایاب تا لەسەرمای بپارێزێ، دابویە. ئەم باولە جامێکی تیابوو یەجگار جوان بوو، ئەم جامە کەس بادەی ئاگرینی ڕەونەقداری پێ نەخواردبووەوە، ئەویش ئامادە نەبوو لەم جامەدا بادە پێشکەش بەهیچ کەس و تەنانەت هیچ خواوەندێکیش بکات تەنیا زیوسی بابی نەبێ. جامەکەی لەم باولە دەرهێنا، هەوەڵجار بەگۆگرد پاکی کردەوە و ئەوجا بەئاوی پاك شۆردی، دوای ئەوەی دەستەکانی شت پڕی کرد لە بادەی ئاگرین ڕەنگ. ئەوجا هاتە ناوەندی هۆڵەکە و کەوتە نزاکردن و پاڕانەوە، ئەوجا بادەکەی بەڕەسمی ئاینی پرژاندە سەر زەوی و ڕوانیە ئاسمان، پاڕانەوە و بادە پرژێنییەکەی لە چاوانی زیوسی بروسکەوان پەنهان نەبوو،

ئەوجا گوتی: "ئەی شا زیوس، ئەی سەروەری دودونا، خواوەندی بیلاسیجی، ئەی ئەو کەسەی لە دووری دوور دەژیت، ئەی ئەو کەسەی لە دودونی سەهۆڵبەندانا دەتپەرستن، و لەوێوە ئیلهام بەلێزانە (سیلییەکانت) دەبەخشێت، ئەوانەی کە پێیان ناشۆن و لەسەر زەوی دەنوون. جاران کە لەبەرت دەپاڕامەوە و نزام دەکرد، دوعات گیرا دەکردم، ئەوە بوو تۆڵەت سەندمەوە و کارەساتت بەسەر هێزی ئاخییەکان هێنا، ئێستاش لەبەرت دەپاڕێمەوە، ئەم نوێژ و نزایەم لێ قەبوڵ بکە. من بەخۆم لەناو ئاپۆڕەی کەشتییەکان دەمێنمەوە، بەڵام هاوڕێکەم بەرابەرایەتی هێزی زۆر و زەبەندی مرمیدونەکان بۆ شەڕ و کوشتار دەنێرم: ئەی زیوس، ئەی ئەو کەسەی هەموو شتێك دەبینی ،سەرکەوتنی بەنسیب بکە. زات و جەسارەت بخە دڵییەوە، تا هیکتۆر بزانێ کە ئاخۆ میرئاخوڕ و هاوڕێکەم بەبێ من و بەتەنیا دەتوانێ شەڕ بکات، یان دەستەکانی تەنیا کاتێ دەکەونە کار کە من لە مەیدانی شەڕدا بم.. ئەوا دوای ئەوەی شەڕ و هەرای لە کەشتییەکان دوورخستەوە، بەسەلامەتی، بەخۆی و هەموو ئەسلەحەکانییەوە، لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیا، ئەوانەی شەڕی دەستەو یەخە دەکەن، بیگەڕێنەوە بۆ ئێرە."

(٢٤٩) بەو ئاوایە پاڕایەوە، زیوسی بەردەبار و عەلیم بەهەموو شتان، گوێی لێ بوو، بەشێك لە دوعاکانی گیرا کرد، و بەشێکی ڕەفز کرد. ڕازی بووکە پاتروکلوس شەڕەکە لە کەشتییەکان دووربخاتەوە، بەڵام ڕازی نەبوو بەسەلامەتی لەشەڕی بگەڕێنێتەوە.

(٢٥٢) کە ئەخیل لە نوێژی بادە پرژێنی بۆ زیوس بووەوە، خۆی بەخێوەتەکەیدا کرد و جامەکەی خستەوە ناو باوڵەکەی.

(٢٥٥) بەڵام خێرا لە ژوور وەدەرکەوتەوە، چونکە حەزی دەکرد ئەو شەڕە سەختەی نێوان تەروادەیی و ئاخییەکان بدینێ.

(٢٥٧) لەو کاتەدا هێزەکەی پاتروکلۆس بەرەو مەیدان وەڕێکەوت بەو ئومێدەی تەروادەییەکان ببەزێنن. وەکو چۆن منالان شارە زەردەوالّەیەکی قەراخ شاڕێیەك دەهاروژێنن و هەر کەسێك بەو ناوەدا بڕوات پێوەی بدەن، یان ڕێبوارێك بەڕێکەوت توڕەیان بکات، ئیدی هەر زەردەوالّەیەك بەمەبەستی بەرگری لە بێچووەکانی پەلاماری بدەن.. مرمیدونەکانیش بەهەمان شێوە، توڕە و تامەزرو لە کەشتییەکانەوە بۆی دەرچوون و بانگەواز و نەعرەتەی شەڕیان دەگەییە ئاسمان.ئەوجا پاتروکلۆس بەدەنگی بەرز هاواریکرد: "ئەی مرمیدونەکان، ئەی یاوەرانی ئەخیلی کوڕی بیلیوس، مەردی مەیدان بن، بەهەموو هێز و تواناوە شەڕ بکەن، بەڵکو دەتوانین سەرفرازی بۆ کوڕەکەی بیلیوس، بۆ ڕەشیدترین و دلێرترین پیاوی ناو ئارگوسییەکان، بۆ خۆی و بۆ جەنگاوەرەکانی بەدەست بێنین.. تا ئاگامەمنونی لەخۆی ڕازی، کوڕی ئوتریوس بزانێ چ غەڵەتێکی کردووە کە ڕێزی دلێرترین و ڕەشیدترین ئاخیایی نەگرتووە."

(٢٧٥) هەر کە ئەو قسانەی کرد، هێزەکەی هاوڕۆا و هەموو پێکەوە هێرشیان بۆ تەروادەییەکان برد. بانگەواز و هورا و نەعرەتەی ئاخییەکان بەشێوەیەکی سەیر لەناو کەشتییەکاندا دەنگی دایەوە. لێ تەروادەییەکان کوڕە دلاوەرەکەی مینویتوس و میرئاخوڕەکەیان بینی کە سەراپا لە چەك و ئەسلەحەدا دەبریقانەوە، دڵیان داخورپا و هێزەکانیان شپرزە بوون، چونکە وایان

هەستکرد کە کوڕە جەربەزەکەی بیلیوس دەستبەرداری پشم و غەزەبەکەی بووە و لەگەڵ ئاگامەنوندا ئاشتبووەتەوە، بۆیە هەر جەنگاوەر بوو ئاوڕی ئەم لاو ئەولای دەدایەوە تا ڕێگەیەك بۆ هەڵاتن بدۆزێتەوە و خۆی لە مەرگی مسۆگەر دەرباز بکات.

(٢٨٤) باتروکلوس یەکەم کەس بوو کە نێزە درەخشانەکەی خێواندە ناوجەرگەی ئاپۆڕەی تەروادەییەکان، کە لە نزیکی کەشتییەکەی پروتیسیلاوسی دلاوەردا تێکچڕژا بوون. (بیریخمیس)ی ڕابەی شۆڕەسوارانی (بیونیان)ی پێکا، کە بیونیانەکانی لە دەڤەری ئەمیدونی کەنارەکانی ڕوباری بەرینی (ئەکسیوس)ەوە هێنابوو، نێزەکەی پاتروکلۆس شانی ڕاستی پێکا و دیواودەری کرد و هاواڕێکی بەرزی لێ بەرزبووەوە و بەپشتا کەوتە سەر زەوییەکە، ئیدی پەشێوی کەوتە نێو هاوڕی بیونیانەکانی دەوروبەری، چونکە پاتروکلوس بەکوشتنی فەرماندەکەیان کە لە شەڕقانیدا سەرتۆپیان بوو، ترس و پەشێوی خستبووە دڵی هەموویانەوە. بەو جۆرە پاتروکلۆس لە کەشتییەکە دووری خستنەوە و توانی ئەو ئاگرەی گەیی بووە نیوەی کەشتییەکە، دامرکێنێتەوە. تەروادەییەکان بەدەم هەرا و زەنایەکی سەیرەوە پاشەکشەیان کرد، دانایەکان لەنێو کەشتییەکانەوە بەدەم نەعرەتە و هوراکێشانی بەردەوامەوە بۆیان دەرچوون. وەکو چۆن زیوسی هەورەوان و خێوی بروسکان، گەواڵە هەورێکی چڕ و توند لە لوتکەی چیایەکی بەرز ڕادەماڵێ و دەیبا بۆ دوور، یەکسەر هەموو چیاکان و بەندەن و دۆڵەکان دەردەکەون و ئاسمان ڕوناك دەبێتەوە.. ئاخییەکانیش بەهەمان شێوە کاتێ کە ئاگری وێرانکەریان لە کەشتییەکان دوورخستەوە کەمێك ڕوناکی کەوتە دڵیان و ئاسودە بوون. بەڵام تین و تاوی شەڕ هێشتا هەر لە ئارادا بوو، چونکە تەروادەییەکان بەتەواوەتی مەیدانیان چۆڵ نەکردبوو و گوشاری ئاخییەکان بەتەواوەتی لە کەشتییەکانی دوور نەخستبوونەوە. هەر پگیرییان دەکرد و مەگەر بەزەبری شەڕ و کوشتار لە کەشتییەکان دوور بخرابانەوە.

(٣٠٦) ئیدی شەڕ تەشەنەی کرد، هەر فەرماندە بوو لە دووی دەرفەت دەگەڕا و جەنگاوەر و فەرماندەیەکی دەکوشت. هەوەڵجار کوڕە دلێرەکەی مینویتیوس، (ئەریلیکۆس)ی بەدی کرد کە دەسوڕایەوە تا هەڵبێت، ڕێك لەو کاتەدا نێزەیەکی سرەواندێ و ئەستورایی ڕانی پێکا و ئێسکەکەی شکا و بەدەما کەوتە سەر زەوی. مینیلاوسی نەبەز، کەلێنێکی بچوکی لە زرێکەی (تواس)دا بەدی کرد و نێزەیەکی خێواندێ و یەکسەر کوشتی. لە کاتێکا کوڕەکەی فولیوس چاودێری ئەمفیکلوسی دەکرد، کە پەلاماری ئەوی دەدا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە لە خەنیمەکەی تەڕ دەست تڕە، نێزەیەکی سرەواندە ئەستورایی ڕانی، نووکی نێزەکە هەر هەموو دەمار و ماسولکەکانی جنی و پەردەی تاریکی بەسەر چاوەکانیا دادرایەوە.

(٣١٦) بەڵام کوڕانی نەستور! کە یەکێکیان ئەنتیلوخۆس بوو، پەلاماری ئەتیمنیوسی دا، بەنێزە تیژ و بڕندەکەی ورگ و ڕیخۆڵەی هەڵدڕی و بەدەما کەوت. بەڵام ماریس، کە لەو نزیکانە بوو، ویستی تۆڵەی براکەی بکاتەوە، بەڕمەکەیەوە هێرشی بردە سەر ئەنتیلوخۆس، و بەدیار جەنازەی براکەیەوە وەستا، بەڵام تراسییمیدسی خواوەند ئاسا، زۆر لەو تەڕدەست تر بوو. یەکسەر و بەرلەوەی دەست لە ئەنتیلوخوس بکاتەوە، جەزرەبەیەکی گەیاندە سەرووی شانی،

نووکی تیژی ڕمەکە کۆتایی باڵی هەڵدڕی و ماسولکەکانی جنی و گەییە سەر ئێسکەکەی، بەدەم هاوارەوە کەوتە سەر زەوی و چاوانی سپی بوون. بەمجۆرە ئەم جووتە هاوڕێیەی سارپیدون بەدەستی کوڕانی نەستور کوژران و هەواڵەی (ئیریبوس)ی جیهانی ژێرین کران. ئەمانە هەردووکیان کوڕانی ئەمیسودوروس بوون، ئەو (ئەمیسودوروس)ەی کە خیمیرای ترسناکی پەروەردەکرد بوو، خیمیرا ئەو دێوە بوو کە بوو بووە مایە مەینەتی و نەگبەتی خەڵکانێکی یەجگار زۆر. ئەوجا ئەجاکسی کوڕی ئویلیوس، هەڵیکوتایە سەر کلیوبولوس و لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بەزندوویەتی گرتی. هەر لەوێدا بەشمشێرێکی بڕندە لە ملی دا، سەرانسەری شمشێرەکەی خڵتانی خوێن بوو، ئیدی ڕۆژی تەواو بوو و تاریکی مەرگ چاوانی داخست.

(٣٣٥) ئەوسا بینیلوس و لوکون لەیەك کاتدا و بەنێزەکانیان پەلاماری یەکتریاندا. بەڵام نێزەکانیان سەرچوون، بۆیە سەرلەنوێ و لەیەك کاتدا بەشمشێر کەوتنە پەلاماری یەکتری. لوکون، تا توانی شمشێرەکەی کێشا بەتڕۆپکی کلاوخودی خەنیمەکەیدا، شمشێرەکە گردەبڕ لە دەسکەکەیەوە شکا، بەڵام بینیلیوس ڕێك لە ملی خەنیمەکەی و لەژێر گوێیدا، ملی تەواو بڕی، تەنیا بەپارچە چەرمێکەوە بەسەرییەوە مایەوە و گیانی لەبەر بڕی. میریونیس بەپێیان دوای ئەکاماس کەوت، ڕێك لەو کاتەدا کە دەیویست سەر بکەوێتە سەر عارەبانەکەی، نێزەیەکی خێواندە شانی ڕاستی و یەکسەر لە عەرەبانەکە بەربووەوە و ژیان لە چاوانی ئاوا بوو. ئەوجا ئیدومینیوس بەنێزە دەمی (ئیریماس)ی دیواو دەرکرد، نێزەکە تا ژێر میشکی ڕۆییشت و ئێسکە سپییەکانی ورد و خاش کرد، ددانەکانی لەق بوون و خوێن لەهەردوو چاوییەوە فیچقەی کرد، و دەم و لوتی پڕ بوو بوون لە خوێن و تەمومژی مەرگ لە چاوانی ئالاّ.

(٣٥١) بەو جۆرە هەر فەرماندەیەکی دانایی خەنیمێکی خۆی کوشت. وەکو چۆن کۆمەڵە بەرخ و کاریلەیەك بەهۆی خەمساردی شوانەوە، لە چیا و چۆڵاندالە میگەل دادەبڕێن ولەپڕ گەلە گورگێکی دڕندە چاویان پێیان دەکەوێ و تێیان دەکەون و چونکە ناتوانن بەرگری لەخۆ بکەن بێ ترس و بیم پەلاماریان دەدەن، دانایەکانیش بەهەمان شێوە کەوتنە سەر تەروادەییەکان، کە بەجۆرێ نەترەیان بەردا بوو و ئازایەتیان بیر چوو بووەوە کە تەنیا لاقیان لە بیر مابوو.

(٣٥٨) ئەجاکسی مەزن، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کلاوخودەکەی هیکتۆر بەر نێزە برونزییەکەی بدات، بەڵام هیکتۆر وەکو جەنگاوەرێکی چەلەنگ و ئەزموونداری مەیدانی شەڕ، شانە پانەکانی بەزرێیەکی چەرمەگا داپۆشی بوو، و خشەی تیرە بلەزەکان و گڤەی سەرە نێزەکانی ئاگا لێ بوو. بەتەواوەتی ئەوەی لا ڕوون بوو کە دەرفەتی سەرکەوتن ڕوو لە کزییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگیری دەکرد و دەیویست هاوڕێ دڵسۆزەکانی لە فەوتان ڕزگار بکات.

(٣٦٤) وەکو چۆن کاتێ زیوس بایەکی توند هەڵدەکات و هەورێکی توند لەسەر لوتکەی ئولیمیوسەوە بەرەو ئاسمان ڕادەماڵێ و پەراگەندەی دەکات و دنیا ڕوناك دەبێتەوە، بەو ئاوایە تەروادەییەکانیش بەدەم هەرا و زەنا و پەشێوییەکی فرەوە لە کەشتییەکان دوور دەکەوتنەوە و هەڵدەهاتن. جارێکی دیکە، بەڵام بەسەرگەردانی و بێ سەر و بەری لە خەنەکەکە دەپەرینەوە. بەڵام هیکتۆر کە سەراپای لە چەك و ئەسلەحەدا بوو، بەسواری عەرەبانە و ئەسپەرەهوانەکانی لە

مەیدانی کوشتار دوورخرایەوە، بەناچاری لەشکری تەروادەییەکانی، کە لەبەردەم خەنەکەکەدا گیرۆدە بوو بوو، بەجێهێشت. گەلێك لە ئەسپانی ژێر گالیسکەکان لە چاڵەکەدا مژانی گالیسکەکەیان دەشکا و عەرەبانە و خێوی عەرەبانەکان بەجێ دەمان و ئەسپەکان هەڵدەهاتن. پاتروکلوس دوای تەروادەییەکان کەوتبوو و هاواری لە دانایەکان دەکرد و هانی دەدان و تەنیا بیری لەنەهێشتنی تەروادەییەکان دەکردەوە. تەروادەییەکان پەراگەندە بوو بوون و هەموو ڕێگا و بانەکان پڕبوو بوو لە هات و هاواری ئەوان، تەپوتۆزی ژێر پێیان گەیی بووە بنی هەوران و دنیای تاریك کردبوو، ئەسپانی خۆشبەز و سمخڕ تا هێز لە لاقیاندا بوو غاریان دەدا و لە کەشتی و ئۆردوگاکە دوور دەکەوتنەوە بەرەو شاری ئیلیون (تەروادە) تاویان دەدا.

(٣٧٧) بەڵام پاتروکلوس بەدەم هورا و نەعرەتەکێشانەوە، کوێ قەوغابوایە و پڕ بوایە لە هەڵاتووان گالیسکەکەی بۆ ئەوێندەر تاو دەدا. هەر جەنگاوەری تەروادەیی بوون لە گالیسکەکانیانەوە بەسەرا بەردەبوونەوە و دەکەوتنە ژێر تەگەری گالیسکەکانەوە و گالیسکەکان بەتەق و هوڕ سەرنگون دەبوون. بەڵام ئەو ئەسپە ڕەسەن و ئاسمانی نەژادانەی کە خواوەندان بەدیاریی بە (بیلیوس)یان بەخشی بوو، بەسەر خەنەکەکەدا بازیان دا و لە پێشڕەوی خۆ نەکەوتن. دڵی پاتروکلۆس هانی دەدا کە دوای هیکتۆر بکەوێ و زاماری بکات. بەڵام ئەسپەڕەهوانەکانی هیکتۆر بەچوار نالە دووریان خستبووەوە. وەکو چۆن لە ڕۆژێکی خەزانیدا، زەوی ڕەشبا و دەکەوێتە ژێر گوشاری بۆران و باوە، کاتێ کە زیوس لەو بەشەرانە دەچێ بەقینا کە لە ئاپۆڕەی شارا، بەتۆبزی حوکمی چەوت وهەڵە دەدەن و لە هەموو دادوەرییەك دوور دەکەونەوە و گوێ بەتۆڵەی خواوەندان نادەن، بارانێکی سێلاو ئاسا دادەکات، هەموو ڕوبارەکان هەڵدەستن، لافاو بەبەینی گردەکاندا ڕێگەی خۆی دەکاتەوە و هەموو شتێك ڕادەماڵێ و لە چیاکانەوە بەگوڕ دەڕژێتە دەریاکانەوە و هەموو کێڵگە و دەستکەوت و ڕەنجی خەڵکی وێران دەبێ و بەفیڕۆ دەچێت.. بەو ئاوایە ئەسپانی تەروادەییەکان لەژێر گوشاردا دەیانحیلاند و هەڵدەهاتن.

(٣٩٤) پاتروکلوس، پاش ئەوەی دەستەکانی یەکەمی دانە بەر هێرش و پەلامار و تاراندنی و پەڕاگەندەی کردن، جارێکی دی بەرەو کەشتییەکانی ڕاپێچ کردنەوە و نەیهێشت بەکامی دڵ بگەنەوە شاری تەروادە، لە بەینی کەشتییەکان و ڕوبارەکە و حەسارە بەرزەکەدا بەگیری هێنان و بەئارەزووی خۆی کوشتاری لێدەکردن و تۆڵەی هاوڕێ زۆرە کوژراوەکانی خۆی لێ دەستاندنەوە. هەوەڵجار بەڕمە ڕەخشانەکەی یەکێکی بەسەر سنگی (پرونوس)دا، کە بەئاستەم لە سوچێکی زرێکەوە دیار بوو، کێشا، چوار پەلی سست بوو، بەسەر زەویدا ڕما و ڕمبەی لێوە هات. ئەوجا هەڵیکوتایە سەر تیستوری کوڕی ئینوپس، کە بەچیچکانەوە لەنێو گالیسکەکەی، لە ترسا خەیاڵی ڕۆیی بوو، جڵەوەکان لە دەستی بەربوون،پاتروکلوس پڕیدایە وڕمەکەی لە کاجێڕەی ڕاستی چەقاند و وەکو چۆن ماسیگرێك لەسەر تاوێرە کەڤرێکی قەراخ دەریا دانیشتبێ، ماسییەکی گەورە بەداو وقولاپە ڕەخشانەکەیەوە ببێ، و بەهەموو هێزی خۆیەوە ڕایبکێشێت و بیکوتێت بەزەویدا، پاتروکلوس بەهەمان شێوە، بەنێزە ڕەخشانەکەی خۆی،

تیستوری بەزاری بەشەوە لەسەر عەرەبانەکەیەوە ڕاکێشا و کوتای بەعاردیدا و بەدەما کەوت و یەکسەر ڕوحی دەرچوو.. لەو کاتەدا ئیریلاوس بەرەو ڕووی چوو. گاشەیەکی بەتەپڵی سەریدا کێشا و مێشکی پژاندە ناو کلاوخودە قورسەکەی، و کەوتە سەر زەوی و مەرگ لە هەمێزی گرت. ئەوجا ڕیزی لەمانە گرت و یەك یەك کوشتنی و لە خاك و خوێنی گەوزاندن: ئیریماس و ئەمفوتیروس و ئیبالتیس و تلیبولیموس و ئیخوسی کوڕی داماستور و پیریس و ئیفوس و ئیبوس و بولیمیلوس)ی کوڕی ئەرجیاس.

(٤١٩) وەختێ سارپیدون هاوڕێکانی بینی کە بەجلی دەڵبی بێ پشتێنەوە بەدەستی پاتروکلۆسی کوڕی مینوتیوس دەکوژرێن، بەدەنگی بەرز کەوتە سەرزەنشتی لیسیانی هاوتایانی خواوەندان و گوتی: "ئەی لیسیان شەرم لەخۆ بکەن، بۆ کوێ هەڵدێن؟ خۆ بگرن، بەرگری بکەن، من بەخۆم ڕووبەڕووی ئەم پیاوە دەبمەوە تابزانم ئەم پیاوە زاڵ و سەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆری لە جەنگاوەرانی دلێرمان کوشتووە و ئەو حەشرەی بەسەر تەروادەییەکاندا هێناوە کێیە!

(٤٢٦) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، یەکسەر بەچەك و ئەسلەحەکەیەوە خۆی لە عەرەبانەکەیەوە هەڵدایە خوارەوە. کە پاتروکلۆس لە بەرانبەرەوە بینی، ئەویش لە عەرەبانەکەیەوە خۆی هەڵدایە خوارێ. وەکو چۆن داڵ بەچنگ و دەنووك، بەقاوقیژ بەردەبنە یەکدی، ئەو دووانەش بەهەمان شێوە بەربوونە یەکتری.

(٤٣١) وەختێ کوڕی کرونۆس، زانا بەهەموشتان، لە ئاسمانەوە دیتنی، بەزەیی پێیاندا هاتەوە، ڕوویکردە هیرای خوشك و ژنی و گوتی: "مەخابن، قەدەر وای لە چارەی سارپیدۆنی هەرە ئازیزی دڵی من نووسیوە کە بەدەستی پاتروکلۆسی کوڕی مینویتیوس بکوژرێ! دوو دڵم لەوەی کە ئایا تا زندووە لەم شەڕەی دەرباز بکەم و بۆ لیسیای بەپیت و بەرەکەتی بنێرم، یان وازی لێ بێنم بەدەستی کوڕی مینویتیوس بکوژرێ.

(٤٣٩) هیرای هەژی وەڵامی دایەوە: "ئەی کرونۆس زادەی سامناك ئەوە چ دەڵێی؟ ئەمە یەکێکە لە بەشەران، ئەجەل و تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، بەتەمای لە مەرگ ڕزگاری بکەی؟.. تۆ بەکەیفی خۆت بکە، بەڵام ئێمە، خواوەندەکانی دی بەمە قاییل نابین. بەڵام من شتێکی دیکەت پێ دەڵێم و قسەکەم بخە قوڵایی دڵتەوە، تۆ ئەگەر سارپیدون بەسەلامەتی بۆ ماڵی خۆی بنێریتەوە، ئەوەت لە بیر بێ کە ڕەنگە خواوەندێکی دیکەش هەبێ بخوازێ کوڕە ئازیزەکەی لەم شەڕە قووسە دەرباز بکات.چونکە گەلێك لە کوڕانی خواوەندان لە دەوروبەری شاری تەروادەدا خەریکی شەڕن، تۆ بەم کارەت ڕقی گەلێك لە خواوەندەکان هەڵدەستێنی. جا تۆ ئەگەر ئەم جەنگاوەرەت لە دڵا شیرین و ئازیزە، دڵت بۆی دەیەشێت، وازی لێ بێنە بابکوژرێ، با لەم شەڕە سەختەدا و بەدەستی پاتروکلۆسی کوڕی مینویتیوس بکوژرێ، هەر کە ڕوحی دەرچوو هەنگێ هەردوو پەروەردەکاری مەرگ و خەونی شیرین بنێرە با بیبەنەوە بۆ ولاتی بەرینی لیسیا، لەوێ براو کەسوکار و خزمانی پرسەی بۆ دەگرن و ڕێوڕەسمی کفن و دفنی بۆ ئەنجامدەدەن و گۆڕی بۆ هەڵدەبەستن و پەیکەری بۆ دەتاشن، ڕێز و حورمەتی مردووانیش هەر ئەمەیە."

(٤٥٨) سەرداری خواوەندان و بەشەران بەقسەی کرد. بەڵام وەکو ڕێز بۆ کوڕەکەی، بۆ کوڕە ئازیزەکەی کە پاتروکلۆس تۆزێکی دی لە خاکی تەروادەی بەپیت و بەرەکەتدا و دوور لە ولاتی خۆی دەیکوشت، ڕێژنە بارانێکی خوێنی بەسەر زەویدا باراند.

(٤٦٢) کاتێ ئەو جووتە بەلەز بەرەو ڕووی یەکتر دەچوون، پاتروکلوس نێزەیەکی لە تراسیدیموسی دلێر، لە خوڵام و میرئاخوڕە ڕەشیدەکەی سارپیدون شا داو، وڕگ و ڕیخۆڵەی دڕی، سلی سارکردەوە. هەنگێ سارپیدۆن نێزەیەکی سرەواندە پاتروکلۆس، کە سەرچیغ چوو، ڕمەکە بەر شانی ڕاستی ئەو ئەسپە کەوت کە (پیداسوس)ی نابوو، ئەسپەکە بەدەم گیانەڵلاوە حیلەیەکی بەرزی کرد و کەوتە سەر ئەرزەکە و بەدەم ناڵیینەوە گیانی دەرچوو. جووتە ئەسپەکەی دیکەش شپرزە بوون، نیرەکەی سەر ملیان جیڕە جیڕێکی وشکی لێوەهات، و هەوسار و لغاوەکانیان تێك ئاڵا، چونکە ئەسپەکەی دیکە لە عاردی کەوتبوو. بەڵام ئوتومیدون کە بەڕمبازی بەناوبانگ بوو، توانی ئەو گرفتە چارەسەر بکات، شمشێرە تیژەکەی هەڵکێشا و هەوساری ئەسپە کوژراوەکەی بڕی. ئەسپەکانی دیکە هەستانەوە و جڵەوەکانیان لێ بەسترایەوە و بەرەو مەیدانەکە... جووتە جەنگاوەر کەوتنەوە گیانی یەکدی.

(٤٧٧) سارپیدون نیشانەی لەشانی چەپی پاتروکلوس گرتەوە، لێ نێزەکە سەری کرد و نەیپێکا. ئەوجا نۆرەی پاتروکلۆس هات، نێزەیەکی خێواندێ و ڕێك پەردەی دڵی پێکا. وەکو چۆن کەشتی سازان، لە کۆساریکدا بەتەور و بیوری تیژ دار بەڕوویەك یان دار چناریك یان دار سنۆبەریکی بەرز دەبڕنەوە تا کەشتی لێ دروست بکەن، وەکو چۆن ئەو دارانە بەدەم بیورانەوە ڕمبەیان دێ و دەکەونە سەر زەوی. ئەویش بەو جۆرە ڕمبەی هات و لەبەردەم عەرەبانە و ئەسپەکانیا تەخت بوو. بەدەم ئاه و ناڵەوە لە خاك و خوێندا دەتلایەوە. وەکو چۆن شێریك دزە دەکاتە نێو گاگەلێکی تەپۆ و گایەکی بێ باك و خەنەیی دەگرێت و گایەکە بەدەم گابۆڕەوە لەژێر چنگی شێرەکەدا گیان بەدەر نابات، بەو شێوەیە فەرماندەی جەنگاوەرانی لیسیان لەژێر چنگی پاتروکلۆسدا بەربەرەکانی مەرگی دەکرد، هاواری لە هاوڕێ دڵسۆزەکەی دەکرد و دەیگوت: "ئەی گلاوکوس، ئەی قارەمانان، ئێستا ئەو ڕۆژەیە کە بیسەلمێنی ڕمباز و جەنگاوەرێکی نەبەزی. ئەو ڕۆژەیە کە تەنیا بیر لە شەڕ و شەڕقانی بکەیەوە، ئەگەر ڕاست دەکەیت و پیاوێکی بەهێزی، خۆت بگەیەنە فەرماندانی لیسیان و هانیان بدە کە لە تۆڵەی سارپیدوندا بجەنگن، نەیەڵن خوێنی سارپیدۆن بەفیڕۆ بچێت. ئەوجا بەخۆت وەرە بەرگریم لێ بکە با قەڵغانەکەم بەتاڵان نەبرێ، چونکە ئەگەر ئاخییەکان چەك و ئەسلەحەکەم لێ دامااڵن، ئەوا من و ناوی من دەبنە مایەی شەرمەزاریت و لێت نابنەوە، بەدرێژایی تەمەنت لێت نابنەوە. من ئێستا لە بەینی کەشتی ئاخییەکاندا کەوتووم، هەوڵی خۆت بدە و هەموو هێزەکەمان جۆش بدە و بخە گەڕ."

(٥٠٣) بەدەم ئەو قسانەوە گیانی دەرچوو.. مەرگ باڵی بەسەر هەردوو چاو و کونە کەپویدا کێشا. پاتروکلۆس پێی خستە سەر سینگی، نێزەکەی لە لەشی دەرکێشا، ماسولکەی پەردەی دڵی لەگەڵ نێزکەدا دەرهات، نووکی نێزەکە و گیانی سارپیدون لەیەك کاتدا دەرچوون.

مەرمیدونەکان فریا کەوتن ئەسپەکان ڕابگرن، ئەو ئەسپانەی کە بەدەم حیلاندنەوەو بەبێ خێو لە حاڵی هەڵاتندا بوون. کاتێ گلاوکوس گوێی لە قسەکانی سارپیدون بوو زۆر خەمین و دڵتەنگ بوو، چونکە نەیدەتوانی فریای بکەوێ و یارمەتی بدات. بەدەست بازووی خۆی گرت و توند گوشی چونکە زامەکەی دەیەشا.. لەو کاتەدا کە بەرگری لە هاوڕێکانی دەکرد و بەرەو حەسارە بەرزەکە هێرشی دەبرد، تیوسیر لە دوورەوە تیرێکی تێ سرەواند بوو و زامداری کردبوو. ئەوجا کەوتە پاڕانەوە لە ئەپولۆی دوور ئەنگێوە و گوتی: "خواوەند گارا! ئەی شاها، لەهەر شوێنێ هەی، لە ولاتی بەپیت و بەرەکەتی لیسی یان لە تەروادە، یان لەهەر شوێنێکی دیکەی کە دەتوانی نالە و پاڕانەوەی پیاوێکی خەمبار و کەسەرداری میناکی من بژنەوی.. من ئێستا لێم قەوماوە، ئەم زامە ترسناکەم پێوەیە، ئازار لە هەردوو دیوەوە بازووی گەمارۆ داوم، خوێنەکەی ناوەستێتەوە.. نە دەتوانم شمشێر بگرم و نەدەتوانم شەڕی دژمن بکەم. ئەمە جگە لەوەی کە سارپیدونی فەرماندەمان، کوڕی زیوس، ئازاترین جەنگاوەر، کوژراو زیوس لەسەر کوڕەکەی نەهاتە جواب. جا شاها لێت دەپاڕێمەوە کە ئەم زامە ترسناکەم سارێژ بکە، ئازارەکەم بشکێنی و هێزم وەبەر بخەیەوە، تا بتوانم یارانی لیسی خۆم خڕ بکەمەوە و لەگەڵ ئەواندا لەسەر کوشتەی ئەم پیاوە شەڕ بکەم."

(٥٢٧) گلاوکوس بەو جۆرە پاڕایەوە، ئەپولۆ دوعاکەی گیرا کرد، یەکسەر ئازارەکەی سووک کرد، ئەو خوێنە تۆخەی لەبەر برینە خەتەرناکەکەی دەڕۆیی وەستاندەوە، هێز و تین و تاوی پێ بەخشییەوە، گلاوکۆس لە دڵەوە هەستی بەمە کرد، سوپاسی خواوەندی بەتوانای کرد کەوا زووبەزوو دوعاکەی گیرا کرد. ئەوجا کەوتە ناو تەروادەییەکان و هانیدەدان کە لە پێناوی سارپیدوندا بجەنگن، ئەوجا بەهەشتا و بەبینی تەروادەییەکاندا ڕۆیی بۆلای بولیداماسی کوڕی پانتوس، و بۆلای ئەجینوری مەزن، ئەوجا چوو ئینیاس و هیکتۆری کلاوبرونزی دۆزییەوە و ڕێك و ڕەوان پێی گوت: "ئەی هیکتۆر تۆ بەتەواوەتی ئەو هاوپەیمانانەت فەرامۆش کردوون کە دوور لە ولات و کەسوکاری خۆ لە پێناوی تۆدا ژیانی خۆبەخت دەکەن، کەچی تۆ هیچ یارمەتییەکت نەداون

(٥٤٠) ئەوەتا سارپیدۆنی رابەری لیسیان، لیسیانی جەنگاوەر لەو گۆڕە کەوتووە، ئەو سەردارەی کە بەدادگەری و لێهاتویی خۆی لیسییەکانی لە چەپاڵەی ڕۆژگار دەپاراست، ئیریسی برونزین، بەدەستی پاتروکلۆس، بەنێزەی پاتروکلۆس بەکوشتی داوە. براینۆ فریای بکەون، دڵتان تەژی تۆڵە بکەن و مەیەڵن مەرمیدونەکان چەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵن و جەنازەکەی بشێوێنن و تۆڵەی هەموو ئەو داناییانەی لێ بکەنەوە کە لە پاڵ کەشتییە لەزەکانیاندا کردمانن بەتێشوی نێزەکانمان."

(٥٤٨) کە ئەو قسانەی کرد، خەمێکی کوشندە باڵی بەسەر هەموو تەروادەییەکاندا کێشا. هەرچەندە سارپیدون غەوارە بوو و لە دوورەوە هاتبوو، بەڵام قەوم و قیلەیەکی زۆری لەگەڵ هاتبوون... و پیاوی شەڕ و مەیدان بوو، بۆیە هەمیشە کۆڵەکە و پشتیوانی تەروادەییەکان و شارەکەیان بوو. کە تەروادەییەکان گوێیان لەو قسانە بوو بەجارێ خرۆشان و ڕاستەوخۆ

بەڕابەرایەتی هیکتۆر کە زۆر بەداخ بوو بۆ سارپیدون، بەرەو داناییەکان هێرشیان برد. بەڵام پاتروکلۆسی سینگ تۆکن، کوڕی مینویتیوس کەوتە هاندانی ئاخییەکان و یەکەمجار ڕووی کردە هەردوو ئەجاکس، کە بۆ خۆیان هەمیشە ئامادەی شەڕ بوون و لەسەر پێیان بوون، گوتی: "ئەی جووتە ئەجاکس، بتان بینم چۆن بەرەنگاری دژمن دەبنەوە، بەهەمان هیمەت و شەهامەتی جارانەوە، بگرە بەهیمەتێکی پتڕەوە بەرەنگاری دژمن ببنەوە، مژدەتان لێ بێ، یەکەم پیاو کە لە حەساری ئاخییەکان ئامدیو بوو، کە سارپیدۆن بوو، ئەوەتا کوژراوە و لەو گۆڕە کەوتووە. هەوڵبدەن لاشەکەی بەدەست بێنن و چەک و ئەسلەحەکەی لێ داماڵین و جەنازەکەی هەر بۆ ئەتک بشێوینین، بەزەبری نێزەی برونزین هەر یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە دەیانەوێ جەنازەکەی دەرباز بکەن بکوژین."

(٥٦٢) برایانی ئەجاکس خوا خوای ئەو قسانە بوون، و خۆبەخۆ تامەزرۆی هێرش و پەلامار و ڕاونانی دژمن بوون. دوای ئەوەی هەردوو لەشکر خۆیان ئامادەکرد، تەرواددەییان و لیسیان لەلایەک و مەرمیدونان و ئاخییان لەلایەکی دی، لە دەوروبەری جەنازەکەی سارپیدون تێک بەربوون، هورا و نەعرەتەیان دەگەییە ئاسمان، دەنگ و تەق و هوڕی قەڵغان و چەک و ئەسلەحە زراوی پیاوی دەتۆقان. زیوس دنیای تاری کرد و شەوێکی ئەنگوستە چاو باڵی بەسەر ئەم مەیدانە سامناکەدا کێشا، تا ژمارەیەکی زۆرتری جەنگاوەران لەسەر کوشتەی کوڕەکەی بکوژرێن.

(٥٦٩) تەرواددەییەکان، هەوەڵجار توانیان پاشەکشە بەئاخییە چاو تیژەکان بکەن. ئەوە بوو ئیبیجۆسی جوامێری کوڕی ئاگاکلیسی مێرخاس و خانەدانیان کوشت. ئیبیجۆس پێشتر میر و پاشای شارە جوان و ئاوەدانەکەی بودیون بوو. بەڵام پاش ئەوەی شۆڕەسوارێکی مێرخازی خزمی خۆی کوشتبوو، پەناوی وەبەر بیلیوس و (تیتیس)ی لاق زیوین هێنابوو، ئەوانیش ناردبوویان بەگەڵ ئەخیلی سەفدڕ بکەوێ و بچێ بۆ تەروادەی مەڵبەندی ئەسپانی ڕەسەن و شەڕی تەرواددەییەکان بکات. لەو کاتەدا کە خەریک بوو لاشەکەی سارپیدونی هەڵدەگرت، هیکتۆری پاکزاد، گاشەیەکی بەتەپڵی سەریدا داو لەناو کلاوخودە قورسەکەیدا شەقی کرد، یەکسەر بەدەما ڕمایە سەر جەنازەکەی سارپیدون و مرد.

(٥٧٨) پاتروکلۆس بەمەرگی هاوڕێکەی زۆر خەمبار و تووڕە بوو. وەکو چۆن واشەیەک دوای قەلەڕەش و ڕیشۆڵان دەکەوێ و لەبەری هەڵدێن، تۆش ئەی شۆڕەسواری مێرخاس، ئەی پاتروکلۆس بەو ئاوایە لە تۆڵەی هاوڕێکەتدا، بەدڵی پڕ لە قینەوە هەڵتکوتایە سەر لیسی و تەرواددەییەکان. گاشەیەکی کێشا بەملی ستینیلاوسی خۆشەویستدا، ستینیلاوسی کوڕی ئیتایمینیس، و هەرچی دەمار و ئێسکی هەبوو هاڕی بەسەریەکدا. ئیدی جەنگاوەرەکانی ڕیزی پێشەوە و هیکتۆری بەشکۆ، پاشەکشەیان کرد. بەئەندازەی ڕم هاوێژێک، کە یەکێک لە پێشبڕکێیەکدا بۆ تاقیکردنەوەی هێزی بازووی خۆی و بردنەوەی خەڵات بیهاوێ، یان لەشەڕدا و لەژێر گوشاری دژمنێکی کوشتۆخدا بیهاوێ، تەرواددەییەکان بەو ئەندازەیە پاشەکشەیان کرد و دوورکەوتنەوە .گلاوکۆس، رابەری لیسیانی سپەروانان یەکەم کەس بوو کە ئاوڕی دایەوە و

(باتوکلیس)ی نەفسبەرزی کوشت، باتوکلیس کوڕی ئازیزی خالکون بوو، و لە هیلاسدا دەژیا، لەڕووی دەوڵەمەندی و دڵاواییەوە لەنێو مەرمیدونەکاندا بەناویانگ و سەرامەد بوو. گلاوکوس ڕمێکی کرد بەسنگیا، گلاوکۆس کاتێ لەنکاو ئاوڕدەداتەوە دەبینێ (پاتوکلیس) ها وەدوایەوە و خەریکە دەیگرێت، بۆیە سەر نێزەیەك دەکات بەسەر سینگدا و دەیکوژێت. مردنی ئەم جەنگاوەرە خەمێکی گەورەی خستە دڵی ئاخییەکانەوە. چونکە یەکێك بوو لە شەڕقانە هەرە چەلەنگەکان، بەڵام تەروادەییەکان زۆر شادمان بوون و بەکۆمەڵ دەوری جەنازەکەیاندا. هەڵبەتە ئاخییەکانیش ورەیان بەرنەدا و بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە هێرشیان بۆ بردن.

(٦٠٣) هەنگێ میریونیس جەنگاوەرێکی تەروادەیی پڕ چەکی کوشت، ئەم جەنگاوەرە لایوگونوسی کوڕی ئونیتۆر بوو کە لێزانی زیوس بوو لە کێوی ئیدا، لەنێو قەوم و قیلەی خۆیدا بەئەندازەی خوایەك ڕێز و حورمەتی هەبوو. میریونیس یەکێکی کێشا بەبن شەویلاگە و گوێیدا و دەم و دەست ژیانی لەبەر بڕی و چاوانی سپی بوون. ئینیاس نیشانی لە میریونیس گرتەوە و بەهێڤی بوو کاتێ کە بەقەڵغانەکەیەوە دەهاتە پێشێ، لە کونێکەوە بیپێکێ، لێ میریونیس ئەوی دەبینی، بۆیە خۆی بۆ پێشەوە دانەواندەوە و نێزەکە بەسەریا تێپەڕی و لەودیوییەوە لە زەوی چەقی و هەر دەلەرییەوە تا ئیریس لەوێندەر هێزی تیا نەهێشت. بەو جۆرە ڕمەکەی ئینیاس بەهەتەر چوو. ئیدی ئینیاس زۆر تووڕە بوو و ڕووی تێکرد و گوتی: "ئەی میریونیس، هەرچەندە لە سەما و هەڵپەڕکێی جەنگیدا چالاك بی، ئەکەر نێزەکەم دەیگرتی بۆ هەمیشە لە جوڵە دەخستی!"

(٦١٩) میریونیس کە بەڕمبازی بەناوبانگ بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئینیاس چەند ئازا و بوێر بی، زۆر زەحمەتە بتوانی کۆتایی بەژیانی هەر کەسێك بێنی کە بەمەبەستی بەرگری لە خۆی ڕووبەڕووی تۆ ببێتەوە. چونکە تۆش بەشەرێکی فانیت وەکو من. بەهەموو ئەو باوەڕ و متمانەیەوە بەدلاوەری و هێزی بازووی خۆتت هەیە، ئەگەر بەر نێزەی من بکەوی، بێگومان دەبیتە مایەی سەرفرازی من و گیانت بەرەو هادیسی خێوی ئەسپانی ڕەسەن دەفڕێت."

(٦٢٧) ئەو قسانەی کرد. کوڕە دلاوەرەکەی مینویتیوس قسەکانی ئەوی لە گیان خۆش نەبوو، بەسەرزەنشتەوە پێی گوت: "ئەی میریونیس، بۆچی بەو شێوەیە قسە دەکەی؟ تۆ کەسێکی میرخازی جەنگاوەری، تەروادەییەکان بەقسەی تونڊ و تاڵ وجنێوان پاشەکشە ناکەن و دەستبەرداری جەنازەکە نابن، بەڵکو دەبێ زۆریان لە بکوژرێ و بخرێنە چاڵەوە، ئەنجامی جەنگ لە هێزی بازووایە،.بەڵام ئەنجامی گەنگەشە و قسان لە وشەدایە و جێی وشە مەجلیس و کۆڕە. بۆیە دەبێ دەستبەرداری قسان بین و بایەخ بەشەڕ و کوشتار بدەین."

(٦٣٢) بەدەم ئەو قسانەوە کەوتە پێشڕەوی و میریونیسی فانی و هاوتای خواوەندان کەوتە دووی. وەکو چۆن ڕمبەی تەوری دارکەران لە بێشەیەکی چیاییدا، لە دوورەوە دێ و دەنگ دەداتەوە، هەرا وزەنای جەنگاوەرەکانیش لەو دەشتە بەرینەدا و، تەق و هۆڕی برونزان و قەڵغانانی مکوم و نایاب، کە بەر تیر و نێزەی دووسەری یەکتر دەکەوتن لە مەیدانەکە دەنگی دەدایەوە و ڕمب و هۆڕێك بوو ئەوسەری دیار نەبوو. کەس نەبوو ساربیدۆن بناسێتەوە –

هەرچەندە شوێنەکەیان دەزانی– چونکە لە تروۆپکی سەرییەوە تا بنی پێییەکانی جێ ڕم و خوێن و خۆڵ بوو. شەڕ لە دەوری لاشەکەی ئەو گەرم بوو، وەکو چۆن مێش و مەگەسان لە وەرزی بەهارا و لە مەرزایەکدا لە دۆلکە شیرێکی لێو ڕێژ دەوڕوکێن و خڕ دەبنەوە، بەو ئاوایە جەنگاوەرەکانیش لە دەوری جەنازەکە خڕبوو بوونەوە و کەوتبوونە گیانی یەکدی. زیوس چاوە پرشنگدارەکانی لە هەرا و هەنگامەی ئەو شەڕە سەختە لانەدەبرد، بەبەردەوامی چاودێری جەنگاوەرەکانی دەکرد و دوو دڵ و وازواز بیری لە کوشتن و مەرگی پاتروکلۆس دەکردەوە: ئایا بەنێزەی هیکتۆری مەزن، لەشەڕی سەر جەنازەکەی سارپیدون بکوژرێ و هیکتۆر چەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵێت؟.. یان جارێ وازی لێ بێنێ تا ژمارەیەکی دیکەی جەنگاوەران بکوژێت و بفەوتێنێ؟.. بەدەم ئەم بیرانەوە وای بەباش زانی کە جڵەو بۆ هاوڕێ و میرئاخوڕ و خولامە ئازاکەی (ئەخیل)ی کوڕی بیلیوس شل بکات تا تەروادەییەکان و هیکتۆری کلاو برونزی بەرەو شاری تەروادە ڕاوبنێ و ژمارەیەکی دیکەیان لێ بکوژێت. ئەوە بوو هیکتۆر ترسی لێ نیشت و بەلەز سواری گالیسکەکەی بوو و ڕێگەی هەڵاتنی گرتە بەر و فەرمانی بەتەروادەییەکانی دیکەش دا کە وەکو ئەو هەڵێن

(٦٥٨) چونکە هەستی کردبوو کە زیوس ڕای خۆی گۆڕیوە و ئێستا دژی ئەوە. هەروەها لیسیانی دلاوەریش کە دیتیان پاشاکەیان کوژراوە و جەنازەکەی لەنێو کوشتەی کوژراوەکانی دیکەدا کەوتووە و زۆر جەنگاوەری دیکەش بەسەریا کوژراون، وریان بەردا و ئازاوەیان تێکەوت. هەنگێ مورمیدونەکان سپەرە درەخشانەکەی سارپیدون و چەك و ئەسلەحەکەیان لێ داماڵی کوڕە ئازاکەی مینویتیوس دانی بەهاوڕێکانی تا بۆ ناو کەشتییەکانی ببەن. هەنگینێ (زیوس)ی هەورەوان و خێوی هەورە تریشقان بەئەپولۆی گوت: "ئەپولۆی ئازیز، نهو هەڕە، سارپیدون لە تیر ڕەسی جەنگاوەران دوور بخەوە، ئەو خوێنە ڕەشەی لێ پاك بکەوە، ئەوجا بیبە و لە ئاوی زوڵاڵی ڕوبارێك بیشۆ و، بەعەنبەری بەهەشتی چەوری بکە، و جلکی خوایی لەبەر بکە، ئەوجا بیدە دەستی دوو حەماڵی چەلەنگ و گورج و گۆڵ، تا بیبەن بۆ جووتە برای جمکانە (خەو و مەرگ) تا بەلەز بۆ لیسیای بەپیت و فەڕی بەرنەوە، و لەوێ براکانی و کەسوکاری پرسەی بۆ دابنەن و لەسەر گردێکی بنێژن و کۆتەڵی بۆ هەڵبەستن، چونکە ئەمە هەقی مردوانە!"

(٦٧٦) دوای ئەو قسانە، ئەپولۆ فەرمانی بابی بەجێهێنا، لە لوتکەکانی ئیداوە بەرەو ناوجەرگەی شەڕەکە داگەڕا. یەکسەر سارپیدۆنی مەزنی لە هەتەری ڕمان دوور خستەوە، لە ڕوباردا شۆردی، بەئەمبرۆز چەوری کرد و جلکی خوایی لەبەرکرد و بەدوو حەماڵی زۆر گورج و گۆڵی سپارد، تا بیبەن بۆ جووتە برای جمك (خەو و مەرگ) کە لەچاو تروکانێکدا گەیاندیانەوە دەڤەری بەپیت و بەرەکەتی لیسیا.

(٦٨٤) ئەوجا پاتروکلۆس بەدەم هاندانی ئوتومیدون و ئەسپەکانیەوە، کەوتە دووی تەروادەیی و لیسییەکان، ئەمەشی لەبەر غروور و گەوجێتی بوو. دەنا ئەگەر فەرمانی کوڕەکەی (بیلیوس)ی لە عەرزی نەدابا، بێگومان لە مردن دەخەلەسی و لەهەر وەی و ئاسیوێك بەدوور دەبوو. لێ ئەندێشە و نیازی زیوس هەمیشە لە ئەندێشە و نیازی بەشەرێن فانی بەهێزترە. زۆرجار پیاوی

ئازا و ڕەشید بەهەڵاتن دەدات و بەمەش بەئاسانی سەرفرازی و سەرکەوتنی لە کیس دەدات، یان خێرا بادەداتەوە و پیاو بۆ شەڕ هاندەدا وەکو چۆن ئێستا دلێری و بێباکی دەخستە دڵی پاتروکلۆسەوە

(٦٩٢) ئەی پاتروکلۆس. کاتێ خواوەندان بەرەو پیری مەرگی خۆتیان دەبرد، هەوەڵین و دوایەمین جەنگاوەرانێ کە بەدەستی تۆ کوژران کێ بوون؟.. هەوەڵینیان ئەدراستوس، ئوتونوس، ئیخیلوس، پیریموس–ی کوڕی میجاس و ئەبیستور و میلانیپوس بوون و دواییانیان ئاسوس، مولیوس، و بولارتیس بوون.. ئەوانە بەدەستی تۆ کوژران، ئەوانی دی بۆ خۆ هەڵاتن و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون!

(٦٩٨) کوڕانی ئاخیایی خەریک بوو بەڕابەرایەتی پاتروکلۆس، کە ڕمەکەی بەهەر چوارنکاڵدا هەڵدەسوڕاند و بادەدا دەست بەسەر تەروادەدا بگرن. ئەگەر ئەپولۆ خۆی نەگەیاندبایە سەر حەسار و بورجە مکومەکە و بیری لە فەوتانی نەکردباوە و پشتیوانی لە تەروادەییەکان نەکردبا. پاتروکلۆس سێ جاران پێی نایە سەر سوچێکی حەسارە بەرزەکە.. ئەپولۆ سێ جاران دایە دواوە و پاشەکشەی پێکرد، بەدەستە نەمر و پیرۆزەکانی خۆی لە سپەرەکەیدا. بەڵام کە جاری چوارەم وەکو خواوەندێك هێرشی برد، ئەپولۆ بەدەنگێکی سامناك هاواری لێکرد و ڕێك و ڕەوان پێی گوت: "ئەی پاتروکلۆس، ئەی نەوە ونەتیرەی زیوس بگەڕێوە، چونکە تەقدیر وای لە قەڵەم نەداوە کە شاری تەروادەییانی دلاوەر بەزەبری نێزەی تۆ بگیرێت، تەنانەت بەدەستی (ئەخیل)ش کە لە هەموو ڕوبەکەوە زۆر لە تۆ زیاترە.

پاتروکلۆس دوای ئەو قسانە، ماوەیەکی زۆر دوور کەوتەوە تا خۆی لە پشم و غەزەبی ئەپولۆی دوور ئەنگێوە بپارێزێت.

(٧١٢) هیکتۆر لەم کاتەدا بەخۆ و ئەسپە خورتەکانیەوە لەبەر دەروازەکانی سکابیدا وەستابوو. دوو دڵ بوو لەوەی کە ئایا هەمدیس بچێتەوە ناو شەڕەکە و دەست پێبکاتەوە، یان فەرمان بەهێز و لەشکرەکەی بدات کە پاشەکشە بکەن و خۆ بدەنە پەنا حەسار و بورجەکان؟.. لە کاتێکا ئەو لەم بیرانەدا بوو کە ئەپولۆ لە شێوە و هەیئەتی (ئاسیوس)ی لاوی جوامێر و بەهێزدا، کە خاڵی هیکتۆری شۆڕەسوار و برای هیکوبا و کوڕی دوماس بوو کە لە فریجیای نزیکی ڕوباری سانگاریوسدا ئاکنجی بوو، بەڵێ لە شێوەی ئاسیوسدا لە هیکتۆری شۆڕەسوار نزیك بووەوە و پێی گوت: "ئەی هیکتۆر بۆچی دەست لەشەڕ هەڵگرتووە؟ ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە. ئاە، ئەگەر من لە تۆ بەهێزتر دەبووم، هەنگێ دەمزانی چۆن پەشیمانم دەکرییەوە لەوەی کە دەستبەرداری شەڕ بووین. ئێستاش نەچووە بچێ، بەخۆ و بەئەسپەکانتەوە پەرماری پاتروکلۆس بدە. ڕەنگە بتوانی بیکوژیت و ئەپولو سەرکەوتن و سەرفرازیت پێ ببەخشێت!

(٧٢٦) ئەپولۆ دوای ئەو قسانە خۆی کرد بەشەریکی شەڕەکە، هیکتۆری مەزن فەرمانی بەسیبریونی ئەقڵمەند دا کە ئەسپەکان بەرەو مەیدانی شەڕ باژوێ. بەڵام ئەپولۆ، بەڕێی خۆیدا ڕۆیی، خۆی بەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا کرد، ترسێکی زۆری خستە دڵی ئارگۆسییەکانەوە. سەرکەوتن و سەرفرازی بەتەروادەییەکان و هیکتۆر بەخشی. هیکتۆر چاوپۆشی لە هەموو

داناییەکانی دی کرد و هەوڵی کوشتنی نەدان، بەڵکو ئەسپە بەهێز و ڕەهوانەکانی بەرەو پاتروکلۆس تاودا. هەنگێ پاتروکلۆس خۆی لە گالیسکەکەی هەڵدایە خوارێ

(٧٣٤) بەدەستی چەپی ڕمێکی هەڵگرتبوو و بەدەستەکەی دیکەی بەردێکی تیژ و ناهەموار و پڕ بەدەستی هەڵگرتبوو. ئەوجا گوڕی بەستەوە و بێ ئەوەی لە خەنیمەکەی بترسێت بەردەکەی هاویشت، بەردەکە ڕێك بەر تەوێڵی سیبریونی گالیسکەڕان و میرئاخوڕەکەی هیکتۆر، و کوڕە ناشەرعییەکەی پریامی خانەدان کەوت کە جڵەوی ئەسپەکانی بەدەستەوە بوو. ئێسکی ناوچەوانی شکا، هەردوو برۆی چوونە ناوەوە، هەردوو چاوی دەرپەڕین و لەبەر پێییدا کەوتنە سەر زەوی. هەنگێ وەکو چۆن مەلەوانێك بەسەرا خۆی هەڵدەداتە ئاوەوە، بەو ئاوایە لە عەرەبانە نایابەکەیەوە کەوتە خوارەوە و حەیاتی لەبەر بڕا. تۆش ئەی پاتروکلۆسی سوارچاك، بەریش خەنەوە ڕووت تێکرد و گوتت: "تۆ بڕوانە ئەم پیاوە ڕۆح سوك و گورجە، چەند بە مەعلانی مەلە دەکات! ئەگەر کەسێك بیدینێ چۆن لە گالیسکەکەیەوە خۆی هەڵدەدا، وا دەزانێ لە کەشتییەکەوە خۆی هەڵدەداتە ناو شەپۆلانی دەریایەکی پڕ ماسی تا مەیگۆیان بگرێ، و تەنانەت لە ئاوی لێڵیشدا دەیانگرێت. چونکە من بەچاوی خۆم بینیم چەند بەسوکی و گورجی لە عەرەبانەکەیەوە خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکە. پێدەچێت تەروادەییەکان مەلەوانانی زۆریان تیابێ."

(٧٥١) بەدەم ئەو قسانەوە بەرەو سیبریون چوو، لە شێرێك دەچوو کە بەدەم پەلامارداني ئاغەڵێکەوە، لە سینگی درابێ و بریندار کرابێ، و دڕی و ئازایەتییەکەی بووبێ بەبەڵای گیانی. ئەی پاتروکلۆس تۆش بەمیناکی ئەو شێرە، دڕ و دڕندە هەڵت کوتایە سەر سیبریون! لەولاشەوە هیکتۆر لە گالیسکەکەی خۆی هەڵدایە خوارێ. لەسەر کوشتەکەی سیبریون کەوتنە شەڕ، وەکو چۆن دوو شێری برسی لە ترۆپکی چیایەکدا لەسەر کەلاکی کەڵەکێوییەك دڕندانە بەگژ یەکدیدا دەچن، ئەم دوو قارەمانەش، کە هەردوکیان لە نەعرەتە کێشانی شەڕ بوون، پاتروکلۆسی کوڕی مینویتیوس و هیکتۆری درەخشان لەسەر کوشتەی سیبریون دەچوون بەگژ یەکدیدا و هەر یەکێکیان قەستی سەری ئەوی تریانی دەکرد و دەیویست بەبرونزی دڵڕەق جەستەی هەڵدڕێ، لە کاتێکا هیکتۆر سەری لاشەکەی گرتبوو و بەئامان و زەمان بەری نەدەدا و (پاتروکلۆس)ش لاقی گرتبوو و تا هێزی تیابوو ڕایدەکێشا و ئەوانی دیکەش، تەروادەییەکان و ئارگۆسییەکان بەچوار دەوریاندا لە شەڕێکی سەختدا بوون. وەکو چۆن بای ڕۆژهەڵات و بای ڕۆژئاوا لە دۆڵێکی تەنگی کۆساریکدا بەسەر بێشەیەکی چڕە دارستانی گەزیچار و بناو و بەڕووانی پڕ لق و پۆپدا هەڵدەکەن و لق و پۆپی دارەکان دەهەژێنن و بەناو یەکدا دەچن و قرچ و هوڕی شکانی لقەکان دنیا پڕ دەکات... بەو ئاوایە

(٧٧٠) تەروادەیی و ئاخییەکان بەربوو بوونە گیانی یەکدی و قڕیان دەخستە یەکدی بێ ئەوەی هیچ لایەکیان بیر لە پاشەکشە و هەڵاتن بکەنەوە. چەند ڕمێکی تیژ لە دەوروبەری سیبریون کەوتنەوە و زۆر تیری باڵدار هاوێژران و گەلێك خرکە کەڤران بەر زریێیان دەکەوتن و هێزەکان

هەر سەرگەرمی شەڕی خۆ بوون لە دەوری سیبریون، کە لە عاردەکە کەوتبوو و بۆ هەمیشە جڵەوی ئەسپەکانی بەردا بوو.

(٧٧٧) ڕم و نێزەی هەردوولا تاوەکو بوليٚلّی ئێواریٚ هەر بەردەوام بوو، هەر جەنگاوەر بوو و دەکوژرا. بەڵام کاتێ ڕۆژ بەرەو خۆرنشین داکشا و نیران لە ملی گاجووتان کرانەوە، دەرکەوت کە ئاخییەکان زۆر لە تەروادەییەکان بەهێزتر و باڵادەست تر بوون. جەنازەکەی سیبریونی قارەمانیان دوور خستەوە و لە تیر ڕەس و هەڕا و هەنگامەی تەروادەییەکانیان دەرباز کرد و چەک و ئەسلەحەکەیان لێ دامالّی. ئەوجا پاتروکلۆس، وەکو ئیریسی زەرۆپ، بەدەم نەعرەتە کێشانێکی سامناکەوە سێ جاران هێرشی بردە سەر تەروادەییەکان و بە هەر سێ هێرشەکە سێ میٚری لێخستن. بەڵام ئەی پاتروکلۆس کاتێ بۆ جاری چوارەم میناکی خواوەند هێرشت برد، ئەجەلت نزیك دەبووەوە، چونکە ئەپولۆ هاتە ناو شەڕەکەوە تا وەکو جەنگاوەرێکی سامناك ڕووبەڕووت ببێتەوە. کاتێ کە بەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا دەڕۆیی، پاتروکلۆس نەی بینی، چونکە خۆی لە پەڵە تەمێکی چڕەوە پێچا بوو، بەرەو ڕووی پاتروکلۆس دەڕۆیی. ئەپولۆ لە پشتییەوە وەستاو بەناولەپ یەکێکی کێشا بەپشتیا و بەنێو شانە پانەکانیدا، چاوانی پاتروکلۆس تاریك بوون و سەرە گێژکەی پێکەوت. ئەپولۆ کلاوخودەکەی لەسەری پەڕاند و بەتەق و هوڕ کەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپانەوە و گوڵینکەکانی کە لە یاڵی ئەسپ دروست کرابوون، لە خوێن و خۆڵدا لەوتان. تا ئەو کاتە قەرار نەبوو کە ئەو کلاوخودە بکەوێتە سەر زەوی و بلەوتێ، چونکە ئەو کلاوخودە سەری پیاوێکی نیمچە خواوەندی میناکی ئەخیلی دەپۆشی و سەرو تەوێلّی شیرینی ئەوی لە ئاسیوان دەپاراست. بەڵام ئێستا زیوس، توڕی دا تا هیکتۆر لە کاتێکا کە ئەجەلی نزیك دەبووەوە لەسەری بکات.نێزەکەی پاتروکلۆس، هەرچەندە نێزەیەکی قورس و بتەو وسەرەکەی برونز بوو، لە دەستیا شکاو کەڵکی بڕا. ئەوجا حەمایلی سپەرکەی کە سەراپای دادەپۆشی پچڕا، سپەرەکە لەبەری کەوتە خوارەوە، ئەپولۆی کوڕی زیوس زرێکەشی لێ دامالّی.

(٨٠٥) لێرەدا، هەست و هۆشی پاتروکلۆس ئاڵۆزکا، چوارپەلی خاو بووەوە، بەواقی وڕەوە لەجێی خۆی وەستا. لەم کاتەدا جەنگاوەرێکی داردانی، بەنێزە بڕندەکەی و لە پشتەوە و لە بەینی هەردوو شانیا یەکێکی پێدا کێشا. ئەم جەنگاوەرە یوفوربوسی کوڕی پانتوس بوو، کە لە ڕمبازی و سوارچاکی و گورج و گۆڵی و زەرۆپیدا لەهەر هەموو هەڤڕك و هاوتەمەنانی خۆی زەبەردەستتر بوو. سەیر ئەوەیە کە یەکەمجار سواری گالیسکە بوو، بیست دانە جەنگاوەری لەسەر گالیسکەکانیانەوە هەڵدێرا بوو! ئەمە یەکەم دەرسی بوو لەواری شەڕ و کوشتاراندا! ئەی پاتروکلۆس، ئەی شۆڕەسوار، ئەم جەنگاوەرە یەکەم کەس بوو وبەکەم ڕمی سرەواندە تۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیخستیت، بەڵکو دوای ئەوەی ڕمەکەی لە جەستەت دەرکێشایەوە، بەپەلە پاشەکشەی کرد و خۆی بەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا کرد و خۆی ونکرد. لەمەیدانی شەڕەکەدا جاوەنۆڕی پاتروکلۆسی نەکرد، هەرچەندە پاترۆکلۆس بێ چەك و ئەسلەحە بوو. بەڵام پاتروکلۆس کە جەزرەبەکەی خواوەند و ڕمەکە کەسیرەی کردبوو، لە ترسی ژیانی خۆی بۆ ناو

ئاپۆرەی لەشکرەکەی خۆی پاشەکشەی کرد. هەنگێ هیکتۆر کە بینی پاتروکلۆسی مێرخاس و وەبەرز بەنێزەی بڕندە پێکراوە و پاشەکشە دەکات، بەنێو ئاپۆرەی هێزەکاندا بۆی کشا، خۆی لێ نزیك کردەوە و تاهێزی تیابوو نێزەیەکی کرد بە بەرورگیدا ودیواودەری کرد، پاتروکلۆس ڕمبەی لێ هەستاو لە عاردی گەوزا، لەشکر و هێزی ئاخییەکان زۆریان پێ ناخۆش و لەبەر گران بوو. وەکو چۆن شێرێك وبەرازە کێوییەکی پشوو درێژ، لە کانگای دڵی پڕ جورئەتیانەوە لە لوتکەی چیایەکدا، لەسەر کانیاوێکی چکۆلە، کە هەردوکیان دەخوازن ئاوی لێ بخۆنەوە، دەبێ بەشەڕیان و لە ئەنجامدا بەرازە کێوییەکە هانکە هانکی پێ دەکەوێ و شێرەکە بەزەبری هێز و توانای خۆی بەسەریا زاڵ دەبێت.. بەهەمان شێوە کوڕە مێرخازەکەی مینویتیوس دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری لە تەروادەییەکان کوشت. هیکتۆری کوڕی پریام، حەیاتی لەبەر بڕی. لە نزیکەوە ڕمێکی لێدا و بەکەش و فشەوە بەدیارییەوە وەستاو ئەم قسانەی دا بەگوێیدا: "ئەی پاتروکلۆس تۆ، وا بزانم، پێت وابوو کە دەتوانی شارەکەمان وێران و تاڵان بکەی، ژنانی تەروادە لە ئازادی مەحروم بکەیت و لە کەشتیان باربکەیت و بۆ خاکی وڵاتە ئازیزەکەتیان بەری، ئای لە خۆت نەفامێ، هیکتۆر و ئەسپە ڕەهوانەکانی هیکتۆر بۆ بەرگری لەوان هاتوونەتە مەیدانی شەڕ، من لەنێو خەڵکێن شەڕڤان و جەنگاوەری تەروادەدا بەڕمباز بەناوبانگم و بەزەبری نێزەکەم نیری کۆیلەیتیان لێ دوور دەخەمەوە، بەڵام تۆ لێرەدا دەبیت بەخۆراکی قەل و داڵان. هەی نەگبەت تەنانەت (ئەخیل)ش بەهەموو دلاوەری و جوامێرییەکیەوە فریات نەکەوت، کە پێم وایە کاتێ بەڕێی کردی فرمانی پێدایت و ڕای سپاردیت کە: "ئەی سەروەری سواران، ئەی پاتروکلۆس، تا زرێ خوێناوییەکەی هیکتۆری کوشتۆخ، مەردم کوژ، لەبەریا نەدڕیت بۆلای من و کەشتییە ناو بەتاڵەکان مەگەڕێوە!" هەڵبەتە وای ڕاسپاردویت و تۆی ساویلکەی خەڵەتاندووە و بۆ شەڕی ناردوویت."

(٨٤٣) ئەی شۆڕەسوار، ئەی پاتروکلۆس، بەوپەڕی بێ هێزییەوە بەرسڤت دایەوە: "ئەی هیکتۆر ئەمجارەیان هەقی خۆتە بەخۆ بفشی، چونکە زیوسی کوڕی کرونوس، و ئەپولۆ سەرکەوتنیان پێ بەخشیت. ئەوان بەم ئاسانییە سندمیان کردم، هەر ئەوان چەکیان کردم، چەك و ئەسلەحەکەیان لێ داماڵیم، دەنا بیست پیاوی وەکو تۆ هێرشیان بۆ هێنابام، هەر هەموویانم دەکرد بەتێشووی ڕمەکەم. قەدەر و ئەپولۆی کوڕی لیتو، لە تیرەی خواوەندان، کوشتیانم. لە تیرەی بەشەرانیش یوفوربوس لێی دام. تۆش بکوژی سێیەمی منی. جا من قسەیەکی دیکەشت پێ دەڵێم و قسەکەم لە دڵی خۆتدا هەڵگرە: "تۆ زۆر ناژیت، مەرگ و چارەنووس لە بۆ سەدان بوێت، تۆ بەدەستی ئەخیلی بێ هاوتا دەکوژرێیت. هەر کە ئەو قسانەی کرد، ئیدی مەرگ باڵی بەسەردا کێشا، و دوا هەناسەی جەستەی بەجێهێشت و بەپەلە بەرەو هادیس چوو و چارەنووسی ئەو بەدەم شین و گرینەوە مااڵوایی لە هەرزەکاری و تافی پیاوەتی پاتروکلۆس کرد. هەرچەند ئەو مردبوو بەڵام هیکتۆر هەر قسەی لەگەڵدا دەکرد: "ئەی پاتروکلۆس بۆچی پێشبینی مەرگی مسۆگەری من دەکەی؟ کێ دەزانێ، لەوەیە ئەخیلی کوڕی (تیتیس)ی پۆڕ جوان، لە پێشدا بەر نێزەی من بکەوێ، و گیانی لە دەست بدات؟"

(٨٦٢) ئەو قسانەی کرد و ئەوجا پێی نایە سەر لاشەکە و نێزە بڕندەکەی لە زامەکە، کە هێشتا تازە بوو دەرکێشا. بەدەم دەرهێنانی نێزەکەیەوە، جەنازەکەی بەپشتدا خست. ئەوسا بەلەز و نێزە بەدەست بەرەو ئوتومیدونی خواوەند ئاسا، خولاّم و میرئاخوڕی زەرۆپی کوڕی ئیکۆس چوو، بەڕاستی تامەزرۆی کوشتنی بوو، لێ ئەسپە جاویدانەکان، ئەو ئەسپانەی کە خواوەندان وەکو دیاری بە (بیلیوس)یان بەخشی بوو، بەلەز لە شەڕگەکەیان دوورخستەوە.

سرودی هەڤدەیەم

شەڕ لەسەر جەنازەکەی پاتروکلۆس

حیکایەتەکە:

مینیلاوس کە جەنازەکەی پاتروکلۆس دەبینێ زۆر دڵتەنگ و خەمین دەبێت. دەچێتە پێشێ تا جەنازەکە، کە لەو دەشتە و لە نزیکی حەساری تەروادەییەکان کەوتووە، بپارێزێت. یوفورپوس هەوڵدەدات مینیلاوس لە پتروکلۆس دوور بخاتەوە تا دەستکەوتەکان و میراتییەکانی بۆ خۆی بەرێ، بەتایبەتی کە جەنازەی برایەکەی یوفورپوس لەنك گریکەکان ماوەتەوە، بەڵکو بێگۆڕێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو جەنازە تەروادەییانەی لەلای گریکەکانن. هەموو تەروادەییەکانیش ڕادەی دۆستایەتی نێوان ئەخیل و پاتروکلۆس دەزانن و دڵنیان کە ئەخیل هەر سەربەهایەك(فدیە) کە تەروادەییەکان داوای بکەن، لە پێناوی پاتروکلۆسدا دەیدات. ئیدی مینیلاوس، یوفورپوس دەکوژێت. ئەپولۆ زۆر لە چۆنیەتی دامالّینی چەك و ئەسلەحەکەی لەلایەن (مینیلاوس)ەوە پەست دەبێت. شێوازێکی دزێو و ناشرینە و خواوەندان پێی قاییل نابن، بۆیە چوو بۆ لای هیکتۆر و زات و غیرەتی نایەبەر، هێرشی بردە سەر مینیلاوس، مینیلاوس پاشەکشەی کرد و کەوتە سۆراغی ئەجاکس تا هیکتۆر جەنازەکەی پاتروکلۆس نەبات. لێ هیکتۆر زرێ و ئەسلەحەکەی پاتروکلۆسی دامالّی و ڕایکێشایە لایەکەوە، تاسەری ببڕێت و لاشەکەی فڕێ بداتە بەر کسۆکانی تەروادە. لەم ماوەیەدا مینیلاوس لەگەڵ ئەجاکسدا دەگەڕێتەوە، هیکتۆر دوور دەکەوێتەوە وفریا ناکەوێ سەری پاتروکلۆس ببڕێت. میرئاخوڕ و گالیسکەڕانەکەی پاتروکلۆس زۆر خەمین دەبێت، هەروەها ئەسپە ئاسمانی نەژادەکانیشی دڵتەنگ دەبن و بۆی دەگرین، زیوس دڵی پێیان دەسوتێ و سێبوریان دەداتەوە. شەڕ لەنێوان گریك و تەروادەییەکان هەڵدەگیرسێت و زۆر کەس بەسەر جەنازەکەی پاتروکلۆسەوە دەکوژرێن. مینیلاوس تەتەرێك دەنێرێ هەواڵ بگەیەنێتە ئەخیل کە هاوڕێ ئازیزەکەی کوژراوە و لە بن حەساری تەروادەییەکاندا کەوتووە، بەو مەبەستەی کە گوایە هەر کە ئەخیل هەواڵەکە بژنەوێ یەکسەر دێتە مەیدان. بەڵام لەوە غافڵ بوو کە ئەخیل تەنیا بەزرێ و سپەر و ئەسلەحە تایبەتییەکەی خۆیەوە دێتە مەیدان. جا کە هیکتۆر دەستی بەسەر ئەو چەکەدا گرتبوو، بۆیە هاتنە مەیدانی ئەخیل نەدەچووە ئەقڵەوە. لە ئەنجامدا گریکەکان دکارن جەنازەکە هەڵگرنەوە و لەو گالیسکەیەی بار بکەن کە جووتێك ئەسپی ئاسمانی نەژادیلەژێردا بوو. بەپەلە بۆ دەف کەشتییەکانی دەبەنو گریکەکان پاشەکشە دەکەن و تەروادەییەکان تا ئەودیوی حەسارەکە ڕاویان دەنەن و زیانێکی گیانی زۆریان لێ دەدەن.

زەمەن:

بویەرەکانی ئەم سروودە بەگوێرەی گێڕانەوە هۆمەرییەکە لە ڕۆژی بیست و هەشتەمدا، دوای خۆرئاوا و بەرلەوەی تاریکی بەتەواوەتی باڵ بەسەر شەڕقانەکاندا بکێشێت، ڕوودەدەن.

شوێن:

دەشتەکەی نێوان تەروادە و کەنارەکەیە، واتە دەوروبەری خەنەکەکە و حەسارەکە و کەشتییەکان.

(١)مینیلاوسی کوڕی ئوتریوس، خۆشەویستی ئیریس کە بینی پاتروکلۆس لە مەیدانی شەڕدا و بەدەستی تەروادەییەکان کوژراوە، لەنێو جەنگاوەرانی ڕیزی پێشەوە وەدەرکەوت، بەبریسکە بریسکی سپەر و ئەسلەحەکەیەوە بەرەو لای پاتروکلۆس چوو، لاقی بەسەر جەنازەکەیدا بلاوکردنەوە، وەکو چۆن نۆنگینێ بەدەوری نۆبەرەکەیدا دەسوڕێتەوە و هیچ پێشینەیەکی دایکایەتی نییە، و بەدەم ژانەوە دەبۆڕێنێ.. (مینیلاوس)ی پۆڕزەردیش بەو ئاوایە نێزە بەدەست و سپەرلەبەر هەردوو لاقی بەسەر جەنازەکەی پاتروکلۆسدا بلاوکردەوە و ئامادەبوو هەر کەسێك کە بخوازێ جەنازەکەی ببات بیکوژێت. لێ کوڕەکەی (پانتوس)ش کە نێزەیەکی بتەوی گەزیچاری بەدەستەوە بوو، لە مەرگی پاتروکلۆسی بێ وێنە غافڵ نەبوو، هاتە نزیکەوە و ڕوویکردە (مینیلاوس)ی خۆشەویستی ئیریس و گوتی: (ئەی مینیلاوس)ی کوڕی ئوتریوس، ئەی نەوە و نەتیرەی زیوس، ئەی ڕابەری قۆشەنان.. واز لەم جەنازەیە بێنە. دەستبەرداری چەك و ئەسلەحە خوێناوییەکەی ببە. هیچ کەسێك لەتەروادەییەکان و هاوپەیمانە بەناوبانگەکانیان، لە شەڕاو بەر لە من پاتروکلۆسی بریندار نەکردووە. جا وازبێتە با ناوێکی باش لە ناو تەروادەییەکاندا دەربکەم، دەنا دەتکوژم و لە ژیانی شیرینت، شیرین وەکو هەنگوین، دەکەم."

(١٨) هەنگی مینیلاوسی پۆڕزەرد، کەللەیی بوو و هاواری کرد: "ئەی زیوسی بەتوانا، بەخۆت دەزانی غرور و بەخۆ نازین کارێکی شایستە نییە، نە پڵنگ، نە شێر، و نەبەرازە کێوی کە ڕقێکی هۆڤیان لە دڵدایە، بەئەندازەی کوڕانی پانتوس، کوڕانی نێزە بەدەست و ڕمباز بەهێز و توانای خۆ ناخوڕن و نانازن. تەنانەت (هیپرنور)ی براتیش بەو کەللە ڕەقییە تیاچوو و خێری لە جوانی خۆی نەبینی، کاتێ بەدەم جوێن و قسەی سوکەوە هێرشی بۆ هێنام وایدەزانی بودەڵەترین جەنگاوەری ناو داناییەکانم. بۆیە فریا نەکەوت بەپێی خۆی بۆ ولاّت بگەڕێتەوە و خۆشی بخاتە دڵی ژنەکەی و داك و بابە مەزنەکەیەوە. پێموایە ئەگەر تۆش لەڕووم بوەستی بەهەمان دەردت دەبەم و دەتکوژم. جا بۆ ئەوەی توش نەبی، و بەرلەوەی کار لەکار بترازێ ژیربە و بگەڕێوە بۆ ناو جەماعەتی خۆت.

(٣٤) یوفروبۆس گوێی بەقسەکانی نەدا و گوتی: "بەڕاستی مینیلاوس، ئەی زیوسزادە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تۆڵەی خوێنی براکەم بدەی. کە زۆرت شانازی بەکوشتنییەوە کرد، ڕاستە ژنەکەیت بەتازە بووکی بێوەژن کرد، خەمێکی لە ڕادەبەدەرت خستە دڵی داك و بابیەوە، من کارێکی وەها دەکەم کە ببێتە سێبوری دڵی ئەو نەگبەتانە، ئەگەر بەخت یار و یاوەرم بێ و سەری تۆ وچەك و ئەسلەحەکەت بەرم و بیخەمە بەردەستی (پانتوس و فرۆنتیس)ی هەژی.

جا وەختی ئەوە هاتووە، ئەم حیسابە پاك بكەینەوە و شەڕێكی لەسەر بكەین، ئیدی خوا یا بەمنی دەدا یان بە تۆ!"

(٤٣) هەر كە ئەو قسانەی كرد، ڕمێكی كێشا بەسپەرە بتەوەكەی مینیلاوسدا، لێ نێزە برونزییەكە سپەرەكەی نەبڕی و نوكەكەی چەمییەوە. هەنگێ مینیلاوسی كوڕی ئۆتریوس بەدەم ویرد و نزاوە بۆ زیوسی بابی، بەنێزەكەیەوە پڕیدایە یوفورپوس، لەو كاتەدا كە دەگەڕایەوە، مینیلاوس نێزەیەكی بە ئەوكیدا كرد. بەهەموو هێزییەوە پاڵی بەنێزەكەوەنا، نێزە بڕندەكە، گەرووە ناسكەكەی دیواودەركرد، بەدەم تەق و هوڕی زرێ و چەك و ئەسلەحەكەیەوە كەوتە سەر زەوی. قژی كە وەكو پۆڕی خواوەندانێكی شاد وابوو، و بەتەوقە و قردێلەی زێڕ و زیو بەسترابوو، خڵتانی خاك و خوێن بوو. وەكو چۆن دار زەیتونێكی جوان، نەمامێكی ناسك، كە پیاوێك لە شوێنێكی دوورە دەستی چۆڵ و فرە ئاودا ڕواندبێتی و لق و پۆپەكەی بۆ خۆ پاراستن بەدەم هەموو بایەكەوە بێ و بچێت و لەو كاتەدا كە سەراپا لە شكۆفەدا سپی بچێتەوە، لەپڕ گێژەڵوكە و باهۆزێكی سەركێش بێت و ڕیشەكێشی بكات و تەختی زەوی بكات. (مینیلاوس)ش بەو ئاوایە یوفروبوسی ڕمبازی بەناوبانگی كوشت و لە چەك و ئەسلەحەكەی ڕووتی كردەوە. یان وەكو چۆن شێرێكی كێوی پشت قایم بەهێز و توانای خۆی، پەلاماری باشترین گوێرەكەی ناو گاگەلێك دەدات، لە پێشا ملی دەشكێنێ و ئەوجا خوێنەكەی دەمژێ و هەموو جەرگ و هەناوەكەی دەخوات و گاوان و كسۆكان بەهەرا و زەنا و حەپە حەپ دوورا و دوور دەوری دەگرن، لێ ناوێرن پەلاماری بدەن، و ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕێ، بەو ئاوایە هیچ تەروادەییەك زاتی نەدەكرد بچێ ڕووبەڕووی مینیلاوس ببێتەوە: خۆ ئەگەر كوڕەكەی ئوتریوس بەشێوەیەكی ئاسایی زرێكەی كوڕی پانتوسی دامالّی بوایە، هەرگیز ئەپولۆی تووڕە نەدەكرد و نەدەچوو هیكتۆری لێ هانبدات تا پەلاماری بدات. ئەوە بوو خۆی خستە پێستی (مینتیس)ی سەرداری كیكونیان و چوو بۆ لای هیكتۆر و پێی گوت: "ئەی هیكتۆر تۆ بەخۆڕایی دوای شتێك كەوتووی كە نایگەیتێ، تۆ لە دووی ئەسپەكانی كوڕی (ئیكوس)ی بەردەباری، ئەمە خەیاڵە، چونكە هیچ بەشەرێكی فانی ناتوانێ ڕامیان بكات تەنیا ئەخیل نەبێ، ئەویش لەبەرئەوەی دایكی یەزدانخانمە. جا ئەوەتا مینیلاوسی كوڕی ئوتریوس، پارێزگاری لە جەنازەكەی پاتوركلۆس دەكات، یوفورپوسی كوڕی بانتوس، شامێری تەروادەییانی كوشتووە."

(٨٢) دوای ئەو قسانە، خواوەند خۆی بەشەڕگەكەدا كردەوە. بەڵام هەور وتەمی خەمێكی بەسوێ لە ڕوحی هیكتۆر ئاڵا بوو. ڕوانییە ڕیزی جەنگاوەرەكان، سەیری كرد یوفورپوس لە عاردی كەوتووە وهێشتا خوێنی لەبەر دەڕوات و مینیلاوس زرێ و ئەسلەحەكەی لێ دادەماڵێت. هیكتۆر كە سەراپای لە چەك و ئەسلەحەدا دەبریقایەوە، لە نەعرەتەی داو بەهەشتا و دڕی بەڕیزەكانی پێشەوە داو لە تۆ وایە مەشخەڵی هیفایستوسە و كەس ناتوانێ بەری پێ بگرێت و دایمركێنێتەوە. كوڕەكەی ئوتریوس گوێی لە نەعرەتەكەی بوو، زۆر شڵەژا و ترسی لێنیشتو لە دڵی خۆیدا گوتی: "جا چ بكەم؟ ئەگەر من ئەم چەكە مەزنانە و پاتروكلۆس، كە لە پێناوی كەرامەت و سەربەرزی منداكوژراوە لەو گۆڕەدا بەجێبێڵم، ئەوا دەترسم داناییەكان بمدینن و

لێم بچن بەقینا و بڵێن داوەشێی پیاو!، ئەگەر بەتەنێ و لە پێناوی کەرامەتدا شەڕی هیکتۆر و تەروادەییەکان بکەم، دەترسم لە هەموو لایەکەوە گەمارۆم بدەن، ئەوان زۆر و من تەنیا بان، چونکە هیکتۆری خودەرەخشان هەموو تەروادەییەکان بەرەو ئێرە دێنێ، نازانم بۆچی دوودڵم؟ هەر جەنگاوەرێك دژی ویستی خوا بوەستێ و شەڕی جەنگاوەرێك کە خواوەندێك پشتیوانی لێ بکات، ئەوا بەڵایەکی گەورەی بەسەردا دێت و ژێوان دەبێتەوە. بۆیە هیچ یەکێك لە دانایییەکان لۆمەم ناکات ئەگەر بدینێ لە بەرانبەر هیکتۆر هەڵهاتووم. چونکە خواوەندان یار و یاوەرین. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر بتوانم ئەجاکسی نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕان وەدۆزم، ئەوسا بەدوو قۆڵی دەگەڕێینەوەو نەك شەڕی هیکتۆر، شەڕی خواش دەکەین تا جەنازەکەی پاتروکلۆس ڕزگار بکەین و بیدەینەوە بەکوڕەکەی بیلیوسو ئەمە لە هەموو مەترسییەکانی دیکە ئەهوەنترە."

(١٠٦) ئەو لەم بیرانەدا بوو کە هێزی تەروادەییەکان بەڕابەرایەتی هیکتۆر هێرشیان هێنا. مینیلاوس ناچار پاشەکشەی کرد و جەنازەکەی بەجێهێشت. وەکو چۆن پیرە شێرێکی تووکن کە کسۆکان و شوانان لە ئاغەڵێك بەزەبری نێزە و هەرا و زەنا وەدەری دەنەن، بەداخ و کەسەرەوە و بەدەم هەڵاتنی ناچارییەوە جار جارە ئاوڕێك دەداتەوە، مینیلاوسی کوڕی (ئوتریوس)ش بەهەمان شێوە هەڵات و لاشەکەی پاتروکلۆسی بەجێهێشت. کاتێ گەییشتەوە ناو ئاپۆرەی هێزەکانی خۆیان کەوتە نۆڕین و ملەقوتێ بەدوای ئەجاکسی جوامێری کوڕی تیلاموندا. زوو بەزوو لە قۆڵی چەپی شەڕگەکەدا بەدی کرد، کە شەڕی دەکرد و هاوڕێکانی بۆ شەڕ و خۆراگری جۆشدەدا، چونکە ئەپولۆ ترسێکی زۆری تیا بڵاوکردبوونەوە.

(١١٨) بەهەشتاو چوو بۆلای و گوتی: "ئەجاکس، ئەی هاوڕێی دڵسۆز.. خێرا وەرە لەگەڵم بافریای جەنازەکەی پاتروکلۆس بکەوین، بەڵکو بتوانین جەنازەکەی هەڵگرینەوە و بۆ ئەخیلی بەرینەوە، هەرچەندە هیکتۆری کلاوڕەخشان، چەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵیوە و بردویەتی."

(١٢٢) ئەجاکس بەو قسانە جۆشی سەند و خێرا لە ڕیزی جەنگاوەرەکانی پێشەوە هاتەدەرێ و لەگەڵ مینیلاوسی پۆڕزەردا وەڕێکەوتن. هیکتۆر، کە چەکەمەنی و ئەسلەحەکەی لە جەنازەکە داماڵی بوو، خەریك بوو جەنازەکەی ڕادەکێشا کە دووری بخاتەوە تا بەبرونزی بڕندە سەری لەلاشەکەی جیابکاتەوە و لاشەکەی فڕێ بداتە بەر سەگانی تەروادە. بەڵام ئەجاکس، بەخۆ و قەڵغانەکەیەوە کە دەتگوت شورەو حەساری شارە، هاتە بەرەوە. هیکتۆر پاشەکشەی کرد و بۆ ناو ئاپۆرەی هاوڕێکانی گەڕایەوە. خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکەی، چەك و ئەسلەحە نایابە تالاّنییەکەی دایە دەست تەروادەییەکان تا وەکو نیشانەی شانازییەکی گەورە بۆ شاری بەرنەوە. ئەجاکس بەدیار کوڕەکەی (مینویتیوس)ەوە وەستاو بەقەڵغانەکەی خۆی داپێوشی، وەکو چۆن شێرێك، کۆمەڵە ڕاوچییەك لە بێشەیەکدا تووشی دەبن، و بەدیار شەپاڵەکانییەوە، دەوەستێ و بەهێز و توانای خۆیەوە دەنازێ، و بڕۆکانی وێك دێنێتەوە و چاوەکانی دادەپۆشێت. بەو شێوەیە ئەجاکس بەرگری لە پاتروکلۆسی جەنگاوەر کرد و خۆی بەسەر جەستەکەیدا دابوو و مینیلاوسی کوڕی (ئوتریوس)ش لەلایەوە بەدڵێکی پڕ لە پەژارە و کەسەرەوە وەستا بوو.

(١٤٠) ئەوجا گلوکوسی کوڕی هیپولوخۆس، ڕابەری لیسیان، بەتوڕەییەوە مۆڕەیەکی لە هیکتۆر کرد و ئەم قسە توند و ناخۆشانەی پێ گوت: "هیکتۆر تۆ بە ڕواڵەت هیچت نەهێشتووەتەوە و شامێری مەیدانی، بەڵام لەشەڕا هیچ نیت.. تۆ بەخۆڕایی ئەم هەموو ناوەت دەرکردووە، تۆ بابایەکی ترسنۆکی بودەڵەی، جا ئێستا بیر لەوە بکەوە کە چۆن بەخۆت، بەبێ ئەوەی بەتەمای خەڵکانی دەریێ تەروادەبی، شارەکەت، نیشتمانەکەت ڕزگار بکەی. چونکە چیتر لیسیان لە پێناوی شاردا ناچنەوە شەڕی داناییان، چونکە وادیارە شەڕی بەردەوامی ئێمە دژی دژمنانی ئێوە بێهودەیە، ئاخر هەی بێ نەوا، تۆ چۆن دەتەوێ بەهەر نرخێ بووە کەسێکی ناوبزر، کەم پایەتر لە سارپیدون لەگەرمەی ئاگربارانی شەڕدا دەرباز بکەیت، لە کاتێکا دەست بەرداری سارپیدۆنی میوان و هاوسەنگەرت بوویت، کە ببێ بەقوربانی و نێچیری دەستی داناییەکان؟.. دەستبەرداری کەسێك بوویت، کە تا ئەو کاتەی ژیا، بۆ ئێوە، بۆ شار و بۆ تۆ، یار و یاوەرێکی بەرجەستە و دیار بوو.. ئەوەندەت غیرەت و شەهامەت نەبوو کە لە چنگی کسۆکانی دەربێنی!جا ئەگەر لیسیان بەگوێی من بکەن لە ئێستاوە بۆ ولاتی خۆ دەگەڕێینەوە و تەروادەش دەدەینە دەست چارەنووسی خۆیەوە و باوێران بێ. بەڕاستی ئەگەر تەروادەییەکان شەهامەت و بوێری ئەو کەسانەیان هەبووایە کە لە پێناوی ولاتی خۆدا دەخەبتن و بەگژی دژمندا دەچن،

(١٥٧) ئێستا حەوت زەمان بوو (پاتروکلۆس)مان بردبووە ناو شاری ئیلیون (تەروادە)وە، ئەگەر بمان توانیبا ئەو پیاوە، واتە جەنازەکەی ئەو پیاوە بۆ شارەکەی شا پریامی مەزن بێنین و لە شەڕەکەی دوور بخەینەوە، هەڵبەتە ئارگوسییەکان یەکسەر چەك و ئەسلەحە و جەنازەکەی (سارپیدون)یان بۆ دەگێڕاینەوە. چونکە یار و خولامی جەنگاوەرێکی کوشتووە کە لە دلاوەری و میرخاسیدا لەهەر هەموو ئەو ئاخیانەی کە کەشتییەکانیان سەرانسەری کەنارەکەی داگیرکردووە، زیاترە. کەچی تۆ نەوێرای لە شەڕێکدا کە لەسەر تۆ و لە پێناوی تۆدا دەکرێ، بەگژ ئەجاکسی گەرنۆسدا بچی، هەر تەماشای چاویشی بکەی، چونکە زۆر لە تۆ ئازاترە!"

(١٦٩) هیکتۆر توڕە بوو، بڕۆکانی وێك هێنانەوەو گوتی: "ئەی گلاوکۆس، تۆ پیاوێکی مەزنی، من بەتەمای ئەم قسە ڕەقانە نەبووم لەتۆ، بۆچی بەو غرورەوە قسان دەکەی؟ دۆستی ئازیز، من لە دڵی خۆمدا دەمگوت تۆ لەهەر هەموو دانیشتوانی لیسیای ئاوەدان و پڕ فەڕ و بەرەکەت بەئاوەزتر وبەردەبارتری، لێ ئێستا، دوای ئەوەی گوتت کە من لە ئەجاکس دەترسم، گومانم لە بەردەباریت پەیداکرد.. من هەرگیز لە شەڕ و لە هەرا و هەنگامەی گالیسکان نەترساوم. بەڵام ویست و ئیرادەی زیوس لە هەموان بەهێزترە، زیوس زۆرجار پیاوی ئازاو بوێرترین جەنگاوەر دووچاری هەڵاتن دەکات تا سوك و ئاسان سەرکەوتن و سەرفرازی لە دەست بدات.. کەچی هەر خۆی جارێکی دی بۆ شەڕ و کوشتاری هاندەداتەوە.. جا برادەری ئازیز وەرە لای منەوەو تەماشا بکە تا بزانی کە من بەدرێژایی ئەم ڕۆژە وەکو تۆ دەڵێی ترسنۆك بووم، یان ئازاترین جەنگاوەری دانایی لە بەرانبەر منذا ناتوانێ پاسی جەنازەکەی پاتروکلۆس بکات."

(١٨٣) دوای ئەو قسانە بەدەنگی بەرز تەروادەییەکانی بۆ شەڕ دەنگدا وگوتی: "ئەی تەروادەییان، لیسیان، داردانیان، ئەی کوڕانی تەنگانە و شەڕی دەستە ویەخە، پیاوبن و بیر لە

تۆڵە بکەنەوە، مەردانە شەڕ بکەن تا من چەك و ئەسلەحەکەی ئەخیلی بێ وێنە بپۆشم.. ئەو چەك و ئەسلەحە جوانەی کە لە پاتروکلۆسی گەڕناسم گرت، دوای ئەوەی کە کوشتم."

(١٨٨) هیکتۆری کلاوڕەخشان، دوای ئەو قسانە لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتەوە، بەغاردان دوای ئەو هاوڕێیانەی کەوت کە زرێکەی ئەخیلیان بۆ تەرواده دەبردەوە. زۆر دوور نەکەوتبوونەوە. لە دووری شەڕەکە، لە دووری ئەو سەرچاوەی فرمێسك و ئاه و ناڵەیە وەستا، چەك و ئەسلەحەکەی خۆی کردەوە و دای بەشەڕڤانانی تەروادەیی، تا بۆ تەروادەی پیرۆزی بەرنەوە، بەخۆیشی چەك و ئەسلەحەکەی ئەخیلی کوڕی بیلیوسی پۆشی.. ئەو چەك و ئەسلەحەیەی کە خواوەندان بەدیاری دابوویان بە بیلیوس. ئەویش کە پیر بوو بوو دابووی بەکوڕەکەی (ئەخیل). جا کوڕەکەی هەرچەندە هەمان جلوبەرگی جەنگی پۆشی، بەڵام نەگەییە تەمەنی پیری!

(١٩٨) کاتێ زیوسی هەورەوان و خێوی گێژەڵوکان لە دوورەوە هیکتۆری بینی چەك و ئەسلەحەکەی ئەخیلی نیمچە خواوەند دەپۆشێت، سەرێکی بۆ لەقاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئاه، ئەی کڵۆڵی نەگبەت!.. هەرگیز بیر لە مەرگی خۆت ناکەیتەوە، کەسات بەسات لێت نزیکتر دەبێتەوە، بیر لە مەرگی خۆت ناکەیەوە و چەك وئەسلەحەی خودایانەی پیاوێك دەپۆشیت کە هەموو جەنگاوەران لەبەری دەلەرزن. تۆ یاوەرە میهرەبان و دلێرەکەیت کوشت، بەشێوەیەکی ناشایستە چەك و ئەسلەحەکەت لەسەر وشانی دامالّی، بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەك هێز و توانایەکی گەورەت پێ دەبەخشم، ئەمەشم لەبری ئەوەیە کە هەرگیز لە شەڕ ناگەڕێیتەوە و ئەندروماك چەك و ئەسلەحەکەی کوڕی (بیلیوس)ت لە دەست وەرناگرێت."

(٢٠٩) کوڕی کرۆنۆس ئەو قسانەی کرد و برۆ چڕ و پڕەکانی وێك هێنانەوە. هیکتۆر زرێ و ئەسلەحەکەی ئەخیلی پۆشی و ڕێك لەبەریا وەستا، ئەوجا ئیریسی خواوەندی شەڕڤانی و سامناکی ،خۆی وەبن پەڕەی ڕوحیا کرد. سەراپای بوو بەهێز و جۆش و خرۆش و ئازایەتی. ئەوجا بەرەو لای هاوپەیمانە بەناوبانگەکانی کەوتەڕێ بەچەك و ئەسلەحە ڕەخشانەکەیەوە دەتگوت کوڕە جوامێرەکەی (بیلیوس)ە، هیکتۆر بەسەر جەنگاوەرەکانا دەگەڕا و قسەی لەگەڵ یەك بەیەکیاندا دەکرد و هانی دەدان: میستلیس، گلاوکۆس، میدون، تیرسیلوخوس، ستیروپایوس، دیسینور، هیپوتوس، فورکیس، کرومیوس، و ئینوموسی لێزان و پێشگۆ هەر هەموو ئەوانەی بەم قسە گەرمانە جۆشدا وگوتی: "گوێ بگرن ئەی دراوسێیان، ئەی ئەوانەی بەهەزاران لە دەڤەرەکانی دەوروبەرەوە هاتوون، من هەر بۆ کەیف و هەوەس لێرەم خڕ نەکردونەتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەم بانگ کردوون، کە بەخواستی دڵ، هاوڕێ لەگەڵ منداڵ ژنان و منالّانی تەروادە، لە چەپۆك و ئاسیوی ئاخییایی شەڕانی بپارێزن.. جا بەو نیاز و مەبەستە من هەموو شتێکم لە دەمی خەڵکی ولّاتەکەم گرتووەتەوە تا ئێوە پۆشتە و پەرداخ و تێر و پڕ بن، خاوەنی دیاریی و سامان بن، وەرە بەرز و دلێر و ئازابن.. دەیسا با هەر کەسە و لەلای خۆیەوە پەلاماری دژمن بدات، ئیدی یا دەمرێ یا دەژێ، ئەمە سونەتی گەمەی شەڕە، نهێنی لەزەتی شەڕ لەمەدایە. هەر کەسێك جەنازەکەی پاتروکلۆس بێنێ و بیگەیەنێتە ناو تەروادەییانی سوارچاك،

و ئەجاکس ببەزێنێ، من دەسکەوت و تالأنییە جەنگییەکانی برا بەش لەگەڵدا بەش دەکەم.. ئەمە جگە لەوەی کە لە شکۆ و سەربەرزیشدا دەبێ هاوتراز و هاوتای من."

(٢٣٣) هەر کە ئەو قسانەی کرد، هەموو دەستبەجێ، نێزە بەدەست کەوتنە هێرش بۆ سەر داناییەکان، هەر کەسە و لەدڵی خۆیدا لێبڕا بوو کە ئەم تالأنییە گەورەیە لە دەستی کوڕەکەی تیلامۆن دەربێنێ. لێ ئەمە خەیاڵ پلاوێکی گەوجانە بوو، چونکە ئەجاکس هەر وا بەئاسانی دەستبەردار نەدەبوو، و خەڵکێکی زۆری لێ دەکوشتن و دەبوو ژیانی خۆ لەسەر ئەو جەنازەیە دابنەن! ئەوجا ئەجاکس ڕوویکردە مینیلاوسی گەڕناس و گوتی: "ئەی مینیلاوس، ئەی هاوڕێی دڵسۆز، ئەی نازپەروەردەی زیوس.. پێم وانییە ئێمە، هەردووکمان بەسەلامەتی لەم شەڕە دەرباز بین و بۆ ولاتی خۆ بزڤڕینەوە.

(٢٤٠) من خەمی جەنازەکەی (پاتروکلۆس)م نییە کە بەو زووانە دەبێ بەتێشووی سیسارکە کەچەڵە و کسۆکانی تەرواده، بەڵکو خەمی تۆ و خەمی خۆممە. هیکتۆر و هێزەکەی سەرانسەری دەشتەکەیان داگیر کردووە و مینەاکی باهۆز هەموو لایەکیان لێ تەنیوین و لەوە دەچێت فەوتان و لەنێوچوونمان مسۆگەر بێت، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەگەر دەنگت بڕ دەکات، بانگی ئازاترین جەنگاوەرانی دانایی بکە با فریامان بکەون."

(٢٤٦) ئەو قسانەی کرد. مینیلاوسی شێرە پیاوی مەیدان، بەگوێی کرد و بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "ئەی دۆستان، ئەی ئاقڵمەندان و پیاو ماقوڵانی ئارگوسی، ئەی هاو بەزمان و هاو سفرە و هاوخوانانی کوڕانی ئوتریوس، ئەی ئەوانەی لەسەر خەزێنەی گشتی لەگەڵ ئاگامەمنون و مینیلاوسدا بادەتان دەنۆشی، ئەی سەردارانی هێز و لەشکرە بەڕێزەکانتان، ئەی ئەوانەی کە زیوس سەرفرازی و شکۆی پێ بەخشیون! زۆر زەحمەتە بتوانم یەک بەیەک بتان ناسمەوە و بانگتان بکەم، چونکە شەڕێکی زۆر گەرم لە چوار دەورمە، بەڵام بەخۆتان بیر لەوە بکەنەوە، کە چەند شەرمەزاریە دەستبەرداری جەنازەکەی پاتروکلۆس ببین و ببێ بەخۆراکی سەگانی تەروادەییان."

(٢٥٦) دوای ئەو قسانە، ئەجاکسی زەرۆپ، کوڕی ئیلیوس، یەکەم کەس بوو، گوێی لە هاوارەکەی بوو، بەر لە هەموان و بەناوجەرگەی شەڕ و کوشتارەکەدا خۆی گەیاندێ. لەدوای ئەو ئیدومینیوس و میریونیسی یاوەری، میریونیسی هاوتای ئیریسی قڕکەری بەشەران بەدەنگییەوە چوون، ئیدی لەدوای ئەوانەوە کۆمەڵە جەنگاوەرێکی دیکە بەپەلە بەدەم هاوارەکەوە چوون و بەشداری شەڕەکەیان کرد، ئەوەندە زۆربوون، کێ دەتوانێ یەک یەک ناویان بەرێت؟

(٢٦٢) دوای ئەوە تەروادەییەکان، بەرابەرایەتی هیکتۆر هەموو بەجارێ هێرشیان برد. وەکو چۆن شەپۆلێکی گەورە لەڕێژگەی ڕوبارێکی خواییەوە هەڵدەستێ و بەهاژە هاژ سەری خۆی دەکێشێت بەتاوێرانی هەردوو بەری ڕوبارەکەدا و دەنگدەداتەوە. تەروادەییەکانیش بەهەمان شێوە و بەدەم هاتوهاوارەوە دەستیان بەهێرش کرد. لێ ئاخییەکان بەیەک دڵ و بەیەک گیان دەوری جەنازەکەی کوڕی (مینویتوس)یان گرت و قەڵغانە برونزییەکانیان بۆی کردە چەپەر. هەروەها زیوسی کوڕی کرونوس، کلاوخودە ڕەخشانەکانیانی بەپەڵە هەورێکی تاریک داپۆشی،

چونکه کاتێ که کوڕەکەی مینویتیوس لە ژیانا بووو خولام و یاوەری کوڕەکەی ئیکۆس بوو، زیوس ڕقی لێی نەبوو، بۆیە پێی ڕەوانەبوو ئێستا پشتی تێ بکات و ببێ بەنێچیر و خۆراکی کسۆکانی نەیارە تەروادەییەکانی، بۆیە هاوڕێکانی هاندا تا بەرگری لێبکەن!

(٢٧٤) لەسەرەتادا تەروادەییەکان، پاشەکشەیان بەئاخییە چاوتیژەکان کرد، و بەترس و لەرزەوە جەنازەکەیان بەجێهێشت. بەلام تەروادەییەکانیش نە توانیان هیچ کەسێك لە ئاخییەکان بکوژن و نە جەنازەکەش ببەن. بەلام ئاخیاییەکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم بەو حاڵەوە مانەوە، چونکە ئەجاکس، ئەو ئەجاکسەی جگە لە کوڕەکەی بیلیوس، لەڕووی چەلەنگی و ئازایەتییەوە سەرتۆپی هەموو داناییەکان بوو، هەر زوو گەڕاندنیەوە،

(٢٨٠) و یەکسەر پەلاماری دژمنی داو دڕی بەهێزەکانی پێشەوەیان دا، وەکو چۆن بەرازە کێوییەك لە چیاو چۆڵاندا، لە بێشەیەکدا، پەلاماری ئەو ڕاوچی و سەگانە دەدا کە دێنە ڕێگەی و هەریەکەیان بەلایەکدا ڕاودەنێت، بەڵێ بەو ئاوایە ئەجاکسی ڕەسەن، کوڕی شا تیلامون بەئاسانی پەلاماری هێزی تەروادەییەکانی داو زۆر زوو دڕی پێدان و بەلاوەی پێکردن، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە دەوری (پاتروکلۆس)یان دابووو بەتەمای ئەوە بوون جەنازەکەی بدزن و بۆ شارەکەی خۆیانی بەرنەوە تا خۆیانی پێوە بابدەن و هەڵنێن.لەو کاتەدا هیپوتوسی ناودار، کوڕی پیلاسیجی، لە گەرمەی شەڕەکەدا، حەمایلی شمشێرەکەی لە هەردوو لاقی جەنازەکە بەستبوو ڕایدەکێشا، تا بەمە دڵی هیکتۆر و تەروادەییەکان ڕازی بکات. بەلام لەپڕ هەمان بەڵا و کارەساتی بەسەرهات کە پێشتر بەسەر ئەوانە هاتبوو کە دەیانویست جەنازەکە بڕفێنن. چونکە کوڕەکەی تیلامون دڕی بە جەنگاوەرەکان داو لە نزیکەوە نێزەیەکی کێشا بەکلاوخودە برونزییە ڕوپۆشدارەکەیدا، کلاوخودەکە بەرگەی ڕمە مکوم و درێژەکەی نەگرت و لە ئاستی نووکی نێزەکەوە دیواودەربوو، مێشکی پژا و لەگەڵ نووکی خوێناوی نێزەکەدا هاتەدەرێ.هەنگێ چوارپەلی سست بوو، دەستی لەلاقی پاتروکلۆسی گەرنۆس بەربوو. بەخۆیشی کەوت بەسەر جەنازەکەی پاتروکلۆسدا. بەو جۆرە دوور لە خاکی لاریسای ئاوا و ئاوەدان، مەڵبەندی فەڕ و بەرەکەت مرد و فریای ئەوە نەکەوت چاکەی داك و بابی، کە بەخودانیان کردبوو بداتەوە، چونکە تەمەنی کورت بوو و ئەجەلی بەدەستی ئەجاکسی فیلەتەن هات. ئەوسا هیکتۆر هاتە دەست، نێزە ڕەخشانەکەی خێواندە ئەجاکس. بەلام ئەجاکس فریای خۆی کەوت، خۆی لەبەر ڕمەکە لادا، ڕمەکە ڕێك بەبناگوێیدا تێپەڕی و ڕمە ڕۆیی و بەر سخیدوسی کوڕی ئیفیتوس، سەرداری فوسیدیان کەوت، کە لە دەڤەری پانوپیوسی بەناوبانگ دەژیا و حوکمی ژمارەیەکی یەجگار زۆری خەڵکی دەکرد. ڕمەکە ڕێك بەر ئێسکی ملی کەوت، لە دەفەی شانییەوە دەرچوو، بەدەم تەق و هوڕی زرێ و سپەرەکەیەوە ڕمبەی لێوەات و کەوت.(ئەجاکس)ش لای خۆیەوە هاتە دەست و نیشانەی لە فورکۆسی کوڕی (فینوپس) گرتەوە، کە بەرگری لە جەنازەکەی هیپوتوس دەکرد. ڕمەکە تەختی زرێکەی دڕی و ورگ و ڕێخۆڵەی کەوتە ئەو گۆڕە و فۆرکوس کەوتە سەر زەوی و چنگە کڕێی لە عاردەکە دەکرد. هەنگێ هیکتۆری ڕەخشان و هێزەکانی پێشەوە کەوتنە

پاشەکشـــە و ئەرگۆســـییەکان کەوتنـــە هوراکێشـــان و هـــەردوو جەنازەکـــەی فورکـــوس و هیپوتوس)یان برد و جەنگەوزارەکانیان لە شانیان داماڵی.

(٣١٩) دەبوایـە تەروادەییـەکان، بـەهۆی ترسـنۆکی خۆیانـەوە جـارێکی دی لەبـەر ئاخییـانی خۆشەویستی ئیریس بۆ تـەروادە هـەڵێن، ئارگۆسییەکان، وێڕای ناقاییلی زیـوس، خـەریك بـوو بـەزەبری هێـز و وڕەبـەرزی خۆیـان سـەرفرازی و سـەرکەوتن بەدەسـت بێـنن، گـەر ئـەپولۆ فریـا نەکـەوتبا و بـەخۆی (ئینـاس)ی هـان نـەدابا، ئـەپولۆ خـۆی دەگـۆڕێ و لـە شـێوەی (پیریفـاس)ی کـوڕی (ئوبوتـوس)دا کـە هـەموو تەمـەنی وەکـو هەواڵچـی و خـوڵام لـە خزمـەتی بـابی ئیناسـدا بەدڵسـۆزی بەسـەر بردبـوو. دەچـێتە لای ئینـاس و دەڵێـت: "ئینـاس، ئایـا نـاتوانی، هەرچـەند ئاسمـانیش دژمـان بێـت، کـارێکی وەهـا بکـەیت ئیلیـون (تـەروادە) ڕزگـار بکـەی؟ مـن خـەڵکانێك دەناسـم، چـونکە متمانـەیان بـەتوانای خـۆ هـەبووە، لـە ئازایـەتی خۆیـان و گـەل و سـوپایان دڵنیابوون، وێڕای ناقاییلی زیوس، تەحـەدایان کردووە و وڵاتـی خۆیـان پاراستووە.. هەرچـەندە زیـوس پـتر خوازیـاری سـەرکەوتنی ئێوەیـە تـا داناییـەکان، کەچـی بـەخۆڕایی وڕەتـان بـەرداوە و لەبەر دژمن هەڵدێن و ناجەنگن!"

(٣٣٤) ئینیاس کە چاوی بڕی بووە خاوەنی ئەو قسانە، یەکسـەر ئـەپولۆی ناسییەوە. بـانگی لـە هیکتۆر کرد: "هیکتۆر، ئەی سەرانی تەروادەیی و هاوپەیمانان، بەڕاستی شەرمەزارییە بۆ ئێمـە، لەبـەر ئاخییـانی، خۆشەویسـتێن ئیریـس، ترسـنۆکانە بـڕەڤێن و بـەرەو تـەروادە ببینـەوە. یـەکێك لەخواوەندەکان، کـە ئێستا لـەلاما وەستاوە، پێـی ڕاگەیاندم کـە زیوسـی سـەرداری خواوەندان و بەشـەران هێشـتاش لەشـەڕدا پشـت و پشـتیوانی ئێمەیـە، جـا باڕاسـتە و ڕاسـت پـەلاماری داناییـەکان بـدەین و نەیـەڵین جەنازەکـەی پـاتروکلوس هەڵگرنـەوەو بەئاسـانی بـۆ لای کەشتییەکانیانی بەرنەوە."

(٣٤٢) دوای ئـەو قسـانە، بەپەلـە خـۆی گەیانـدە ڕیـزی پێشـەوەی جـەنگاوەرەکان، کـە هـەموو گەڕانەوە و ڕووبەڕووی ئاخییـەکان بوونـەوە. ئینیـاس ڕمێکـی سـرەواندە (لیوکریتـوس)ی کـوڕی (ئەریسباس)ی خوڵام و یاوەری (لیکومیدوس)ی جوامێر، لکومیدوسی دۆستی ئیریس کـە بینـی کـەوت زۆری بـەزەیی پێداهاتـەوە، بۆیـە خـۆی گەیانـدێ، بەڕمـە ڕەخشانەکەی ئەبیسارۆنی سـەر لەشکری کوڕی (هیباسوس)ی لەناو قەدەوە و لەژێر ناوکیا پێکا. یەکسـەر قەڵەمی ئـەژنۆی شکـا. ئەپیسارون لە بونیای مەڵبەندی پیت و بەرەکەتـەوە هاتبوو، جگـە لـە ئەستیروپایوس لـە هـەموو ئەوانی تر شەڕقانتر و ئازاتر بوو. هـەنگێ ئەستیروپایوس، تـەکانی دا کـە تۆڵـەی بکاتـەوە، بـەڵام بێ سوود بوو

(٣٥٥) بـەڵام فایـدەی نـەبوو، چـونکە ئەوانـەی دەوری جەنازەکـەی (پـاتروکلوس)یـان گرتبـوو، بەسـپەرەکانیان قەڵایـەکیان لـە دەوری دروسـت کردبـوو و هـەموو نێـزە بەدەسـت بـەرگرییان لێدەکرد. ئـەجاکس، نـەترس و بێباك لـەلای ئـەم جـەنگاوەرەوە دەچـوو بـۆلای ئـەو جـەنگاوەر و پـەیتا پـەیتا داوای لێدەکردن کـە پاشەکشـە نەکـەن، لـە هاوڕێکانیـان دانـەبڕێن و کـەس لـەپێش کەسـەوە هـەر بـۆ خۆنواندن پـەلاماری دژمـن نـەدات. بـەڵکو دەبـێ یـەك ڕیـز لـە دەوری جەنازەکـە

وەمێنن و شەڕی دەستە و یەخە بکەن. بەو جۆرە بوو فەرمانی ئەم قارەمانە زەلامە. خوێن وەکو جوێبارێکی ئەرخەوانی عاردی گرت. جەنازەی کوژراوانی هەردوولا لەسەر یەکدی کەڵەکە بوو. چونکە داناییەکانیش شەڕێکی خوێناویان دەکرد، ئەگەرچی ژمارەی کوژراوانی ئەمان زۆر لە هی دژمنەکانیان کەمتر بوو. چونکە ئەمان یەکڕیز تر بوون و لە خەمی ئەوەدا بوون بەرگری لە یەکتر بکەن و مەرگ لەیەکتری پاس بکەن.

(٣٦٦) بەو جۆرە وەکو ئاگرێکی هەڵیساوی بەنێڵە نێڵ، تووڕە و تڕۆ پەلاماری یەکتریان دەدا، گەرد و تۆزی شەڕ بەجۆرێ بەری ئاسمانی گرتبوو، نەتدەزانی شەوە یان ڕۆژ. چونکە نە هەتاو دیار بوو نە هەیڤ. هەموو فەرماندە و جەنگاوەرە مێرخاسەکان لەو بستۆکەیەدا شەڕیان دەکرد کە جەنازەکەی کوڕی (مینوتیوس)ی لێکەوتبوو.ئ تەروادەیی و ئاخییەکانی دی، کە سەراپا چەکدار بوون، زۆر بەشێنەیی و کاوەخۆ لە هەوای ئازادا و لەبەر تیشکی هەتاودا شەڕیان دەکرد. ئاسمان ساف و سایەقە، نە لە دەر و دەشتانەوە و نە لە کێوسارانەوە پەڵە هەورێك نەدەبینرا. ئەوانە ناو بەناو ئیسراحەتێکیان دەکرد و ئەوجا دەستیان بەشەڕ دەکردەوە و خۆیان لە ڕم و پەیکانی یەکدی دەپاراست.. و لە یەکترەوە دوورببوون.واتە دوورە شەڕیان دەکرد. بەڵام ئەوانەی لە ناوجەرگەی شەڕەکەدا بوون کە تاریکی و مەرگ لەیەك کاتدا دەوری گرتبوون، زۆر پەریشان بوونو برونزی دڵڕەق سینگی بێ باکترین فەرماندە و جەنگاوەری هەڵدەدڕی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دووان لە جەنگاوەرە هەرە بەناوبانگەکان، تراسومیدیس و ئەنتیلوخوس، هێشتا نەیاندەزانی کە پاتروکلۆسی کەڵەمێر کوژراوە، بەڵکو وایاندەزانی هێشتا زندووە و لەڕیزی پێشەوەی هێزەکانیانەوە شەڕی تەروادەییان دەکات. ئەو دووانە لە شوێنێکی دوور شەڕیان دەکردو خەمی گەورەیان ئەوە بوو هاوڕێکانیان لە مەرگ بپارێزن و بەگوێرەی فرمانی نەستور کە ناردبوونی بۆ شەڕ، تا شەڕ لە کەشتییەکان دوور بخەنەوە.

(٣٨٤) بەدرێژایی ئەو ڕۆژە شەڕێکی بێ ئامان کرا. لاق و ئەژنۆ و پێی جەنگاوەرەکان لە ئارەقەدا هەڵکشابوو..هەروەها دەست و بازوو وچاوانیان لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، و هەردوو لەشکر لەسەر کوشتەی پاتروکلۆسی مەزن، خولام و یاوەری ئەخیل، شەڕیان دەکرد و لە خوێن و خۆڵ و ئارەقەدا غەرق بوو بوون. وەکو چۆن کۆمەڵە زەلامێکی بەهێز، بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، کەوڵێکی تەڕ و فرە چەوری جوانەگایەکی زەلام، لەهەر چوار دەورەوە، و هەر کەس بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت تا ڕایبخەن و ئاوەچك ببێ و چەورییەکەی ببێ بەهەڵم و کەوڵەکە بەهەموو لایەکدا پان ببێتەوە.

(٣٩٣) بەهەمان شێوە هەردوو هێزە هەڤڕکەکە، لە شوێنێکی زۆر تەنگدا کێشمانەکێش لاشەکەی پاتروکلۆسیان ڕادەکێشا، تەروادەییەکان بەئومێدی ئەوەبوون بۆ ئیلیونی ببەن و ئاخییەکان بەهیڤی ئەوە بوون بیگەیەننە لای کەشتییەکانیان. ئیدی شەڕێکی دڕندانەی ئەوتۆ لەسەر ئەو لاشەیە بەڕپا بوو بوو کە نە بەئیریسی خواوەندی شەڕ و نە بەئەتینا، وێڕای ئەوەی زۆر لەو وەزعە تووڕە بوون. نەدەکوژایەوە!

(٤٠٠) زیوس، ئەو ڕۆژە، لە تۆڵەی پاتروکلۆسدا ئەو شەڕە بێ ئامان و قورسەی بەسەر پیاوان و ئەسپاندا داسەپاند. ئەخیلوس هێشتا لە مردنی دۆستەکەی ئاگادار نەبوو، چونکە شەڕەکە لە دووری کەشتییەکان و لە بناری حەساری تەروادەییەکان بوو. بۆیە هەرگیز بەخەیاڵیش ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو کە پاتروکلۆس مردبێ. بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو کە بگاتە دەروازەکان، ئیدی لەسەر فەرمانی ئەو، دەگەڕێتەوە و بەسەلامەتی دێتەوە. ئەوی ڕاستی بێ ئەخیل بەهیچ جۆرێ تەسەوری نەدەکرد کە پاتروکلۆس بەبێ ئەو یان تەنانەت لەگەڵ ئەویشدا بتوانێ ئەو شارە بگرێ و وێرانی بکات. چونکە دایکی کە جار جارێ بەتەنێ لەگەڵیا دادەنیشت ئەمەی پێ گوتبوو و لە نیاز و مەبەست و حیکمەتەکانی زیوسی مەزنی ئاگادار کردبووەوە. بەڵام دایکی تا ئێستا هیچ شتێکی لەمەڕ ئەم کارەساتە گەورەیە پێ نەگوتبوو. پێی نەگوتبوو یاوەرە هەرە ئازیز و خۆشەویستەکەی کوڕاوە!

(٤١٢) ئەوانی دی لە دەوری لاشەکە، بەنێزەی بڕندە بەربوو بوونە یەکدی. کوڕ ئەو کوڕە بوو بەرانبەرەکەی بکوژێت. ئاخییایە برونز پۆشەکان بەیەکتریان دەگوت: برایئۆ، بەڕاستی مایەی نەنگ و شەرمەزارییە جارێکی دی بەرەو کەشتییەکان پاشەکشە بکەین، باشتر وایە ئەم ئەرزە لێرە شەق بەرێ و قووتمان بدات، نەک کارێکی وەها بکەین، تەروادەییەکان، ڕامکەرانی ئەسپان، جەنازەکەی پاتروکلۆس بگرن و بۆ شارەکەی خۆیانی بەرن و خۆیانی پێوە بنوێنن!!

(٤٢٠) لەولاشەوە، جەنگاوەرانی دلێری تەروادەیی دەیانگوت: "دۆستان، ئەگەر قەراربێ هەر هەموومان بەدیار ئەم جەنازەیەوە بکوژرێین، نابێ شتاقمان پاشەکشە بکەین!" ئەو قسە و باسانە لە هەردوولا دەکرا و بەو جۆرە یەکتریان بۆ شەڕ هاندەدا. ئیدی شەڕ بوو ئەمما شەڕ، دەنگ و تەق و هوڕی ئاسن و برونز دەگەییە ئاسمانی مسین. جووتە ئەسپەکەی کوڕی ئیکۆس، لەشەڕ دوورکەوتنەوە، کاتێ کە دیتیان گالیسکە ڕانەکەیان بەدەستی هیکتۆری کوشتۆخ کوژراوە دەستیان بەگریان کرد.

(٤٢٨) ئەگەرچی ئوتومیدونی جوامێری کوڕی دیوریس، هەندێ جار بەتوندی بەر قامچی دەدان، هەندێ جار بەنەرمی و بەقسەی خۆش دەیدواندن، زۆرجاریش هەڕەشەی لێدەکردن، بەڵام شتاقیان بەتەما نەبوون بۆلای کەشتییەکان.. بوهیلیسپونتی پان و بەرین، تەنانەت بۆ مەیدانی شەڕەکە و بۆلای ئاخییەکان بگەڕێنەوە. وەکو کێلی قەبری پیاوێك یان خانمێك، هەردوو ئەسپەکە بێ جوڵە و ڕەق لە شوێنی خۆدا چەقی بوون و دەیانڕوانییە گالیسکە شکۆدارەکە و سەریان دادەخست و فرمێسکی گەرم لە چاوانیانەوە دەباریە سەر ئەرزەکە و شینی خاوەنەکەیان بوو. یالۆ بژیان کە لەژێر نیرەکەوە هاتبووە دەرێ، بێ ڕەونەق و تۆزاوی بووبوو.

(٤٤١) کە زیوسی کوڕی کرونوس بەو حاڵەوە بینینی زۆر دڵی پێ سووتان. سەری دانەواند و لە بن لێوانەوە گوتی: "بێ نەوایان، بڵێ بۆچی دامن بەشا بیلیوس کە بنیادەمێکی فانییە، لە کاتێکا ئێوە نەمرن و پیر نابن؟ ئایا ئەمە قەدەری خۆتان بوو کە بکەونە ناو بەشەرانی کلۆڵ و بن بەشەریکی خەم و پەژارەیان؟.. چونکە لەناو هەر هەموو زیندەوەرانی سەر ڕووی زەویدا، لە بەشەر کلۆڵتر و بەدبەخت تر نییە، لەهەر گیانلەبەرێك زیاتر شایستەی بەزەییە. بەڵام لەگەڵ

هەموو ئەمەشدا هەرگیز هیکتۆری کوڕی پریام سواری خۆتان و عەرەبانە نایابەکەتان نابێت. من ئەمەی پێ ڕەوا نابینم. ئایا ئەوەندەی بەس نییە کە چەك و ئەسلەحەکەی ئەخیلی بەدەست هێناوە وبەخۆڕایی پێوەی دەفشێ و خۆی دەنوێنێ؟ جا من هێز و تین و تاو دەخەمە بەر دڵ و لاقتان، تا ئوتومیدون بەسەلامەتی لە مەیدانی شەڕەکەوە بەرەو کەشتییەکان بەرنەوە، چونکە هێشتا بەنیازم سەرفرازی سەکەوتن بەتەروادەییەکان ببەخشم تا دەگەنە کەناری کەشتییە مکومەکان، تا ڕۆژئاوا دەبێت و دنیا تاریك دەبێت."

(٤٥٦) هەر کە ئەو قسانەی کرد ئەسپەکان هێز و توانایەکی زۆریان وەبەر هاتەوە. یاڵوبژیان لە تەپوتۆز تەکاند، بەلەز خۆیان وەناوجەرگەی شەڕ و کوشتاری نێوان تەروادەیی و ئاخییەکاندا کرد. ئوتومیدون، کە زۆر پەرێشانی کوژرانی هاوڕێکەی بوو، وەکو داڵشێك خۆی بەپۆلە قازێکی بێ دەسەلاتدا بدات، بەلەز بەخۆ و گالیسکەکەیەوە خۆی بەئاپۆڕەی هێزی تەروادەییەکاندا دا، بەڵام چونکە زۆر خەمین و تووڕە بوو، هەرچەند بەجددی دوای تەروادەییەکان کەوتبوو، نەیتوانی تاقە کەسێکیان لێ بکوژێت، هەڵبەتە ئەم کارەی بۆ نەدەکرا، چونکە بەتەنێ لە گالیسکە پیرۆزەکەدا بوو، نەیدەتوانی بە دەم هێرشبردنەوە هەم ڕمەکەی بەکاربێنێ و ڕمبازی بکات، و هەم جڵەوی ئەسپە ڕەهوانەکان بگرێت. لە ئەنجامدا هاوڕێیەکی، ئەلکیمیدونی کوڕی (لایرکیس)ی کوڕی هیمون بینی، بەغار دوای عەرەبانەکەی کەوت و پێی گوت: "ئەی ئوتومیدون، چ خواوەندێك ئەم گەوجێتییەی لەدڵ ناوێت، و هۆش و ئەقڵی لێ ئەستاندویەوە، و بەتاقی تەنیا و بەدەسێکەوە لە ڕیزی پێشەوە شەڕی تەروادەییەکان دەکەیت؟ هاوڕێکەت کوژراوە و هیکتۆر جلوبەرگە جەنگییەکەی کوڕی ئیکۆسی پۆشیوە و خۆی پێوە دەنوێنێ."

(٤٧٤) ئوتومیدونی کوڕی دیوریس وەڵامی دایەوە: "ئەلکیمیدون ئەی ئازیز، لەدوای پاتروکلۆس، لەنێو ئاخییەکاندا کێ لە تۆ باشتر دەتوانێ سەرکێشی ئەم ئەسپە خواییانە ڕام بکات؟ ئەو پاتروکلۆسەی تا لە ژیانا بوو بەئەندازەی خواوەندێك بەردەبار بوو، ئەوەتا ئێستا مەرگ و چارەنووس لەسەری نیشتوونەتەوە. کەواتە تۆ وەرە قامچی و جڵەوە ڕەخشانەکان بگرە، با من دابەزم و بەشداری شەڕ بکەم."

(٤٨١) ئەلکیمیدون بەپەلە خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە، خێرا قامچی و جڵەوەکانی گرتە دەست. ئوتومیدون لە گالیسکەکە دابەزی. هیکتۆری مێرخاس بینی. یەکسەر ڕوویکردە ئینیاس کە لە نزیکییەوە بوو، و گوتی: "ئەی ئینیاس، ئەی شیرەتکاری تەروادەییانی برونزپۆش، من ئەسپە ڕەهوانەکانی کوڕی ئیکوس دەبینم، بەجووتێ گالسیکەڕانی لاوازەوە بەرەو مەیدانی شەڕەکە دێن. ئومێدەوارم ئەگەر تۆ بەپەسندی بزانی و یارمەتیم بدەی، دەست بەسەر ئەو ئەسپانەدا بگرم، چونکە ئەگەر بەدوو قۆڵی هێرشیان بۆ بەرین، ئەوانە، ئەو جووتە پیاوە خۆیان لەبەرمان ناگرن، ئینیاسی کوڕی (ئەنخیسیس)ش لەسەر هەمان باوەڕ و قەناعەت بوو، بەدوو قۆڵی، ڕاستەوخۆ هێرشیان بۆ گالیسکەکە برد، هەردوکیان سپەرەکانیان کە لە چەرمی وشکی گا دروست کرابوون و لۆیەکی برونزیان بەسەردا درابوو، لەشان کرد بوو. هەروەها کرومیوس و (ئەریتوس)ش کە لە جوانیدا دەتگوت خوایە، لەگەڵیاندا چوون، پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد، ئەو

جووتە پیاوە بکوژن و ئەسپە مل بەرزەکان بگرن. لێ خەیاڵیان خاو بوو. چونکە قەدەر وای لە چارە نەنووسی بوون کە بەسەلامەتی لای ئوتومیدون بگەڕێنەوە. ئوتومیدون کە لە سەرداری خواوەندان، لە زیوس پارایەوە، هێز و شەهامەتێکی بێ وێنە لە دڵ و دەروونی گەڕا، ئیدی ڕویکردە ئەلکیمیدونی هاوڕێی وەفاداری و گوتی: "ئەلکیمیدون ئەسپەکان لە من دوور مەخەوە، با بەدوامەوە بن، ئەوەندە نزیک بن هەناسەیان بەر پشتم بکەوێ. چونکە پێم وایە هیکتۆری کوڕی پریام دەستبەردار نابێ، تا ئێمە هەردوکمان نەکوژێت و جڵەوی ئەسپەکانی ئەخیل، ئەسپە یاڵوبژ جوانەکان، نەگرێتە دەست و ئارگوسییەکان نەتارێنێ یان بەخۆی لە جەرگەی شەڕدا و لە ڕیزی پێشەوەدا نەکوژرێ!"

(٥٠٧) دوای ئەو قسانە، هاواری لە هەردووک ئەجاکس و مینیلاوس کرد: "ئەی برایانی ئەجاکس، ئەی سەرانی ئارگۆسی، ئەی مینیلاوس.. ئەم جەنازەیە بەئازاترین جەنگاوەران بسپێرن، تا پاسی بکەن و هێزەکانی دژمنی لێ دوور بخەنەوە، بەخۆتان فریای ئێمە بکەون، تا ماوین، مەرگمان لێ دوور بخەنەوە. چونکە هیکتۆر و ئینیاس، کە ئازاترین جەنگاوەری تەروادەیین، قورسایی شەڕەکەیان بۆ ئێرە هێناوە و گوشارێکی زۆریان خستوینەتە سەر، هەڵبەتە سەرکەوتن بەدەستی خودایانە، جا منیش نێزەی خۆم داوێم و بەتەمای زیوس."

(٥١٤) بەدەم ئەو قسانەوە، نێزە درێژەکەی ڕێک گرت و هاویشتی، نێزەکە بەر سپەرە مکوم و هاوسەنگەکەی ئەریتوس کەوت. سپەرەکە بەرگەی نێزەکەی نەگرت، سەرە برونزییەکەی سپەرەکەی بڕی. لەخوار پشتێنەوە چوو بەورگی ئەریتوسدا. وەکو چۆن پیاوێکی گەنجی بەهێز تەورێکی تیژ و بڕندە بەدەستەوە دەگرێت و لە پشتەوە دەیکێشێت بەشاخی گاجوتێکدا و یەکسەر دەمارەکانی دەبڕێ و گایەکە بەپێشا ڕەت دەبات و دەکەوێت، بەو ئاوایە ئەریتوس ڕەتی برد و ئەوجا بە پشتا کەوت، ڕمە بڕندەکە، کە لە هەناوی چەقی بوو، هەر چوارپەلی شکاند و مرد. هیکتۆرش، نێزە ڕەخشانەکەی سرەواندە ئوتومیدون، بەڵام ئوتومیدون کە ڕمەکەی بەدی کرد خۆی لەبەری لادا، ڕمە تێپەڕی و لە عاردەکە چەقی، دەسکی ڕمەکە هەر دەلەرییەوە تا ئیریس دایمرکاندەوەو لە جوڵەی خست. خۆ ئەگەر لەو کاتەدا برایانی ئەجاکس کە بەهانای ئوتومیدونەوە هاتبوون، و یەکپارچە ڕق وپشم وغەزەب بوون، نەگەییشتبانە جێ و لێکیان نەکردبانەوە، لەوە بوو ئەم جووتە پاڵەوانە لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا و بەشمشێران بەربوونایەتە گیانی یەکدی. ئیدی هیکتۆر و ئینیاس و کرومیوسی نیمچە خوا پاشەکشەیان کرد و (ئەریتوس)یان بەدەم گیانەڵلاوە بەجێهێشت. هەنگێ ئوتومیدونی هاوتای ئیریسی زەروپ خۆی گەیاندێ و چەک و ئەسلەحەکەی لێداماڵی و بەلاف و گەزافەوە گوتی: "ئۆخەی کە بەمە کەمێک داخی مەرگی (پاتروکلۆس)م هەڵرشت، هەرچەندە ئەوەی من کوشتوومە هاوشان و هاوتای ئەو نییە.

(٥٤٠) بەدەم ئەو قسانەوە دەسکەوتە خوێناوییەکانی خستە سەر عەرەبانەکەی، ئەوجا بەدەست و پێی خوێناوییەوە، وەکو شێرێک تۆزێک بەر لە ئێستا گایەکی کوشتبێ و خواردبێ، خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە.

(٥٤٣) لـەم ماوەیـەدا، سـەرلەنوێ شـەڕێکی سـامناك و خوێنـاوی، لـە دەوری جەنازەکـەی پاتروکلۆس هەڵگیرسا، ئەتینا لە ئاسمانەوە و لەسەر داوای زیوس هاتبووە خوارێ کە ئاگری شەڕەکە خۆش بکات، چونکە زیوسی دوورئەنێش پای خۆی گۆڕی بوو و ئەوی نارد بوو کە دانایـیـەکان هانبـدات و بـۆ شـەڕیان جـۆش بـدات. وەکـو چـۆن زیـوس لـە قـوڵایی ئاسمانـەوە، پەلکەزێڕینەیـەکی ئەرخـەوانی دەخاتـە بەرچـاوی بەشـەرانی فـانی، تـا لایـان مـەعلوم بـێ کـە یـا شـەڕێك دەقـەومێ، یـان تۆفانێکی سـارد و بـەترەف هەڵدەسـتێ و خـەڵکی لـە کـار و جووتکـاری دەخات و ماڵات و پەزان پەرێشان دەکات،

(٥٥٠) ئەتیناش بەو شێوەیە کە خـۆی لـە هـەورێکی ئەرخەوانییـەوە پێچـا بـوو، بەهەشـتاو خـۆی گەیاندە ناو ئاپۆرەی هێزی ئاخییەکان و کەوتە هاندانی یەك بەیەکی جەنگاوەرەکان، هەوەڵجار لە مینیلاوسی مێرخاسی کوڕی ئۆتریوسـەوە، کـە لێـوەی نزیـك بـوو، دەسـتی پێکـرد، خـۆی خسـتە پێستی (فونیکس)ەوە، بەشێوە و دەنگـی ئـەو ڕوێکـردە مینـیلاوس و گـوتی: "ئـەی مینـیلاوس، ئەگـەر کسـۆکان، جـەنازەکـەی (پـاتروکلۆس)ی یـاوەری ئەمەکـداری ئـەخیل، بەرنـە بـن حـەسـاری تەروادەییەکان و بیخۆن دەبی بەگـەپجاڕی ڕۆژگـار، کـەواتـە خـۆت بنوێنـە، و هـەموو لەشکرەکەت بۆ شەڕ هانبدە."

(٥٦١) (مینـیلاوس)ی نەعرەتەکێشـی مەیـدانی جـەنگ، بەرسـڤی دایـەوە: "ئـەی فـونیکس، ئـەی بابەکەم، ئەی پیرەمێردی ئازیز، ئـەی هـاوڕێی دێرینـەم، خۆزیـا ئـەتینا پشـتی دەگـرتم و لـە تیـر و نێزان دەیپاراستم، من بەدڵ دەخـوازم فریای پاتروکلۆس بکەوم و بەرگری لێبکەم، چونکە مەرگی ئەو تا ناخی سمیوم. بەڵام هیکتۆر، ئەو ئاگرەی لە ناخیا هەڵایساوە بۆ هـەموو شـوێنێکی دەبات و نێزە بەدەست بۆ ساتێك لـە کوشتن ناپرینگێتـەوە چـونکە زیـوس سـەرکەوتن و سـەرفرازی پـێ بەخشیوە."

(٥٦٧) "ئەتینا"ی چاو کەژاڵ زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە بـەر لـە هـەموو خواونـدەکان هانای بـۆ ئەو هێنا و لەو پاڕایەوە. بۆیە هێز و گوڕی وەبەر هەردووك شان و ئەژنۆی نا، و لاسـاری مێشـی لە دڵ و دەرونی گێڕا، ئـەو مێشـەی کـە هـەمیشـە دوور دەخـرێتـەوە و جـارێکی دی دەگـەڕێتـەوە و لەسـەر پێستی بەشـەر دەنیشێتـەوە و دەیگـەزێت. چونکە خـوێنی بەشـەری پـێ خـۆشـە.. ئەتینا بـەو شێوەیە دڵی ڕەشی مینیلاوسی پڕ کرد لە جورئەت و بێباکی، بەدیار جەنازەکەی پاتروکلۆسـەوە وەستاو ڕمە ڕەخشانەکەی هاویشت، لـەنێو تەروادەییەکاندا پیاوێکی دەوڵەمەندی دلێـر هـەبوو بەناوی (بودیس)ی کوڕی ئیتیون، هیکتۆر لە دەڤەرەکەدا لـە هـەموان پتـر ڕێـزی دەگـرت، چـونکە دۆست و هاوخوانی ئەو بـوو. مینیلاوسـی پـۆڕزەرد، لـە کاتێکـا کـە دەیویسـت هـەڵێ ،نیشـانەی لێگرتەوە و نێزەیـەکی لـەناو قـەدی داو دیـواودەری کـرد و شـڵپەی لێ هەستاند و بـەدەما کـەوت. ئیدی (مینیلاوس)ی کوڕی ئوتریوس لاشەکەی ڕاکێشا و بۆ ناو هاوڕێکانی خۆی برد.

(٥٨٢) ئـەوجا ئـەپولۆ هاتـە لای هیکتـۆرەوە و بـۆ شـەڕی هانـدا. ئـەپولۆ خـۆی خسـتە شـێوە و سـیمای فینوپسـی کـوڕی ئاسیوسـەوە، کـە خـەڵکی ئـەبودوس بـوو، و ئـازیزترین و بـەڕێزترین میوانی هیکتۆر بوو. ئەپولۆی دوورئەنگێوە لە هەیئەتی ئەودا ڕوویکردە هیکتۆر و گـوتی: "ئـەی

هیکتۆر، لە ئێستا بەدواوە دەبێ کیهان ئاخییایی لە تۆ بترسێت، کە تۆ بەمجۆرە لەبەر مینیلاوس، کە تا ئەمڕۆ جەنگاوەرێکی لاواز پتر نەبووە، هەڵێی، و بەبەرچاوی خۆتەوە و بەتەنیا جەنازەی ئەو جەنگاوەرەی کە ئێستا کوشتی، جەنازەی (پودس)ی دۆستی دلاوەری تۆ، لەنێو تەروادەییەکاندا بڕفێنێ و بیبات؟

(٥٩١) هیکتۆر کە گوێی لەو قسانە بوو، تەمێکی ڕەشی خەمینی باڵی بەسەردا کێشا، بەچەک و ئەسلەحەی تەواوەوە بەرەو ڕیزەکانی پێشەوە وەڕێکەوت. هەنگێ زیوسی کوڕی کرونوس سپەرە پرشنگدارەکەی خۆی هەڵگرت، چیای ئیدای بەهەوری تاریک داپۆشی، چەخماخە و هەورە تریشقەی سامناک دەستی پێکرد و ئاسمان خرۆشا. سپەرەکەی جوڵاند و سەرکەوتنی بەتەروادەییەکان بەخشی و ترس و لەرزی خستە ناو ئاخییەکان و تاراندنی.

(٥٩٧) (پینیلیوس)ی سەرداری بیوتی، کە تا ئەو کاتە ڕووبەڕووی دژمن بوو، بەر لە هەموان ڕێگەی هەڵاتنی گرتەبەر. نێزەیەک سەرووی شانی گرت، بەسووکی بریندار کرد، سەری نێزەکەی پولیداماس ئێسکەکەی ڕوشاند بوو. ئەو دەمەی کە لە پولیداماس نزیک بوو بووەوە، پولیداماس لە نزیکەوە لێی دابوو. هیکتۆرش لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا شەبەقی زامێکی کردبووە قۆڵ و مەچەکی لیتوسی جوامێری کوڕی ئەلیکترون و پەکی خستبوو و ناچاری کردبوو دەست لە شەڕ هەڵگرێت: بەنیگەرانییەوە ڕوانیە دەوروبەر. بەرەو پاش کشایەوە، ئومێدی ئەوەی لە دڵدا نەما کە جارێکی دی بتوانێ ڕم هەڵگرێ و بچێتە شەڕی تەروادەییان. لەو کاتەدا هیکتۆر پەلاماری لیتوس دەدا، ئیدومینیوس نیشانەی لە دوڕ سینگی و لە نزیکی مەمکی هیکتۆر گرتەوە و ڕمێکی کێشا بەزرێکەیدا، نووکی نێزەکە لەسەر زرێکە شکا، تەروادەییەکان دەستیان بەهاواری شادی کرد. ئەوجا هیکتۆر نیشانەی لە ئیدومینیوسی کوڕی دیوکالیون، کە بەسەر عارەبانەکەیەوە وەستا بوو، گرتەوە. نێزەکە بەبناگوێیدا ڕەت بوو و (کویرانوس)ی یاوەر و میرئاخوڕی میریونیسی پێکا، کە لە (لوکتوس)ەوە لەگەڵیدا هاتبوو. کاتێ کە ئیدومینیوس لەلای کەشتییەکانەوە بەپێیان هاتبوو، ئەگەر (کویرانوس) فریای نەکەوتبا و ئەسپەڕەهوانەکانی پێ نەگەیاندبوایە، بێگومان تەروادەییەکان دەیانکوشت و سەرکەوتنێکی گەورەی پێ دەبەخشین. هاتنی ئەو، بۆ ئیدومینیوس تروسکەی ڕزگاری بوو و مەرگی دڵڕەقی لێ دوور خستەوە. بەلام کویرانوس، بەخۆی بەدەستی هیکتۆری کوشتۆخ و سامناک کوژراو، هیکتۆر نێزەیەکی لە ژێر گوێچکەیەوە بەشەویلاگەیداکێشابوو و سەری نێزەکە ددانەکانی لە بێخەوە هەڵکەند بوو و زمانی لە ناوەڕاستەوە لەت کرد بوو. لە عەرەبانەکەوە کەوتبوو و جڵەوەکانی لە دەست کەوتبووە زەوی. ئەوجا میریونیس دانەوییەوە و بەدەستی خۆی جڵەوەکانی لە عاردی هەڵگرتەوە و ڕویکردە ئیدومینیوس و گوتی: "ئەسپەکان بەر قامچی بدە و باژۆ تادەگەیە کەشتییە لەزەکان. بەخۆت دەزانی ئەمڕۆکە ڕۆژی ئاخییەکان نییە.

(٦٢٤) ئیدومینیوس ئەسپە یاڵوبژ جوانەکانی بەر قامچی دان و بەرەو کەشتییەکانی تاودان و ترس باڵی بەسەر ڕوحیا کێشابوو.

(٦٢٦) ئەجاکسی جوامێر و مینیلاوس لەوە بێ ئاگا نەبوون کە زیوس سەرکەوتن بەرتەوادەییەکان دەبەخشێ تا ڕەوتی شەڕەکە بگۆڕێ. ئیدی ئەجاکسی کوڕی تیلامون یەکەم کەس ڕویکردە هاوڕێکانی و گوتی: "بەداخەوە، منالێیش هەست دەکات کە بابە زیوس لێبڕاوە یارمەتی تەروادەییەکان بدات. تیر ونێزەیان بەخەسار ناچێ، چ ترسنۆك بیان هاوێ و چ بوێر و ئازا، ڕێك نیشانە دەپێکن. چونکە زیوس هەر چۆنێ بووە ئاڕاستەیان دەکات و نیشانان دەنگێون. بەڵام تیر و نێزەکانی ئێمە بێهودە دەکەونە سەر زەوی. جا وەرن با بیرێك بکەینەوە و باشترین چارە بدۆزینەوە، کە بتوانین جەنازەکەی پاتروکلۆس ڕزگار بکەینو لە گەڕانەوەدا دڵی هاوڕێکانمان خۆش بکەین، ئەو هاوڕێیانەی کە سەیرمان بکەن، بێگومان خەم دایان دەگرێت، چونکە دڵنیا دەبن کە جۆش و خرۆشی هیکتۆری جوامێر و مێرخاس لە دامرکانەوە نایەت و هێز نییە بەری بگرێ و سنوری بۆ دابنێت و هاکا هێرشی هێنا و گەییە سەر کەشتییە ڕەشباوەکانمان. خۆزگە یەکێك لە هاوڕێیانمان بەپەلە دەچوو بۆلای کوڕەکەی بیلیوس و لە حاڵ و وەزعەکەی ئاگادار دەکردەوە! پێم وانییە هێشتا لەم هەواڵە دڵتەزێنە ئاگاداربی. هێشتا نازانێ کە هاوڕێ ئازیزەکەی کوژراوە. بەهەرحاڵ من هیچ ئاخیاییەك نابینم کە بۆ ئەم کارەی بنێرم، چونکە تەم و تاریکی باڵی بەسەر خۆیان و ئەسپەکانیاندا کێشاوە. خواوەندا، ئەی زیوسی باب، کوڕانی ئاخیایی لەم تاریکیە دەربێنە، ئاسمان ڕوناك بکەوە، کارێکی وەها بکە بتوانین بەردەمی خۆ بدینین.. ئەگەر خوازیاری فەوتانی ئێمەی، لە ڕوناکیدا بمانکوژە!"

(٦٤٨) بابە زیوس کە گوێی لە گریانی ئەجاکس بوو بەزەیی پێداهاتەوە. دەستبەجێ دڕی بەتاریکییەکەدا و هەورەکانی ڕەواندەوە، ڕۆژ بەسەر سەریانەوە هەڵهات، هەموو شەڕگە و شەڕقانەکان بەدیار کەوتن .ئەجاکس ڕویکردە مینیلاوسی مێرخاس و گوتی: "مینیلاوس، ئەی زیوس زادە، بڕوانە بزانە کە ئاخۆ (ئەنتیلوخوس)ی کەڵەمێر و کوڕی نەستور ماوە! ئەگەر ماوە بەپەلە بەڕێی بکە تا ئەخیلی قارەمان، لە کوژرانی دۆستە هەرە ئازیزەکەی ئاگادار بکات."

(٦٥٦) دوای ئەو قسانە، مینیلاوسی دلاوەری نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕ، قسەکەی لە عاردی نەدا وکەوتەڕێ. وەکو چۆن شێرێك تەماح دەکاتە پەزێك و شوانان و کسۆکەکانیان ڕێگەی نادەن مەڕێکی قەڵە و بڕفێنێ و بەدرێژایی شەوکێشکی ئاغەڵەکەیان دەگرن و شێرەکە لەتاو برسێتی و تامەزرۆیی بۆ گۆشت، هەر دەچێتە پێشێ، بەڵام هیچی چنگ ناکەوێ، و بەر تیران دەدرێ و مەشخەڵی هەڵایساوی تێ دەسرەوێنرێ و لە ئەنجاما ماندوو دەبێ و لەبەرە بەیاندا بەنائومێدی پایدۆسی لێدەکات.. (مینیلاوس)ش بەهەمان شێوە، بەخەمینی و نیگەرانییەوە جەنازەکەی پاتروکلۆسی بەجێهێشت. چونکە زۆر دەترسا ئاخییەکان نەترە بەر بدەن و بشکێن و جەنازەکەی پاتروکلۆس بەجێ بێڵن و بکەوێتە دەستی دژمن! بۆیە ڕوویکردە میریونیس و برایانی ئەجاکسو ڕایسپاردن کە: "برایانی ئەجاکس، ئەی سەرانی ئارگوسییان، تۆش ئەی میریونیس ئاگاتان لە پاتروکلۆس بێ، ئەوەتان لەبیر بێ کە تا لەژیاندا بوو چەند کەسێکی میهرەبان و باش بوو، هاوڕێی هەموان بوو، بەڵام ئەمێستا مەرگ و چارەنووس لە هەمێزیان گرتووە."

(٦٧٣) مینیلاوس بەدەم ئەو قسانەوە وبەڕێوە، بەوریاییەوە نیگای بەهەموو لایەکدا هەڵدا. وەکو چۆن هەڵۆیەک کە دەڵێن لە ناو فڕندەێن ژێر قوببەی ئاسماندا، لە هەمووان چاو تیژ تر، بەو ڕادەیەی کە چەند بەبەرزییەوە بێ، هەرکە کەرۆشکێک بەپەلە خۆی بەبێشەیەکدا یان دەوەنە جارێکدا بکات و خۆی وەشێرێ، لە نیگای پیرە هەڵۆ ون نابێ. لەپڕ بۆی دادەکشێت و دەیگرێت و حەیاتی لەبەر دەبڕێت. بەهەمان شێوە، ئەی مینیلاوسی زادەی زیوس، چاوانی پرشنگداری تۆ بەسەر ئاپۆڕەی هاوڕێکانتدا گەڕان، تابزانی کە ئاخۆ لە شوێنێکدا ئەنتیلوخۆسی کوڕی نەستور بەزندوویی دەدۆزییەوە. مینیلاوس زۆر زوو لە قۆڵی چەپی شەڕگەکەدا بەدی کرد کە هاوڕێکانی بۆ شەڕی مان و نەمان لەگەڵ دژمندا هاندەدا. مینیلاوسی پۆڕزەرد لە تەکیا وەستاو گوتی: "ئەنتیلوخۆس، ئەی زیوس زادە، زەحمەت بکێشە و تا ئێرە وەرە، هەواڵی ڕووداوێکی دڵتەزێن بژنەوە، کە هەرگیز نەدەبوایە ڕووبدات.. پێم وایە تۆ بەخۆت هەستدەکەیت و دەبینی کە خواوەندێک ڕۆژ ڕەشی و بەڵا بەسەر ئاخییەکاندا دەدات و سەرکەوتن بۆ تەروادەییەکانە. ئەوەتا ئازاترین جەنگاوەری ئاخاییان، پاتروکلۆس کوژراوە. کۆستی ئاخاییان زۆر گەورە و گرانە. جا خێرا بڕۆ بۆلای ئەخیل و ئەم هەواڵەی پێ بگەیەنە، بەڵکو تا زووە فریا بکەوێ و جەنازەکەی، کە بەروت و قوتی لەو گۆڕە کەوتووە، ڕزگار بکات و بۆلای کەشتییەکانی بەرێتەوە.. هیکتۆری کلاوڕەخشان، دەستی بەسەر چەک و ئەسلەحەکەیدا گرتووە!"

(٦٩٥) ئەنتیلوخۆس کە گوێی لەم قسەیە بوو، سام گرتی، تا ماوەیەک بێدەنگ بوو، چاوانی تەژی روندک بوون، قسە لە ئەوکی گیرا. بەڵام فەرمانەکەی مینیلاوسی لە عاردی نەدا، چەک و ئەسلەحەکەی دایە یاوەرە بێ وێنەکەی، دایە لاودوکوس کە لە نزیکی ئەوەوە گالیسکەکەی دەڕانی. ئەوجا بەلەز وەڕێکەوت،

(٧٠٠) بەدەم گریانەوە، و بەڕاکردن شەڕگەکەی بەجێهێشت تا ئەم هەواڵە شومە بگەیەنێتە ئەخیل. جا تۆ ئەی مینیلاوس پێت وابوو بەمە یارمەتی هاوڕی ماندووەکانیت داوە. یارمەتی ئەو (پیلیان)انەی کە بەڕۆییشتنی ئەنتیلوخۆس زۆر پەرێشان بوون. ئەوە بوو مینیلاوس، تراسیمیدوسی مەزنی بۆلا ناردن، و بەخۆی بۆلای پاتروکلۆسی قارەمان گەڕایەوە و بەهەشتاو خۆی گەیاندە برایانی ئەجاکس و ڕووی تێکردن و گوتی: (ئەنتیلوخۆس)م نارد بۆلای کەشتییەکان، تا هەواڵەکە بەئەخیلی قۆچاغ بگەیەنێ. بەڵام باوەڕ ناکەم ئەخیل چەندیش لە هیکتۆر پڕ بێ وا زوو بەزوو بێت. چونکە ناتوانێ بەبێ چەک و ئەسلەحەکەی خۆی شەڕی تەروادەییەکان بکات. جا چارەمان هەر ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە چۆن جەنازەکە دەرباز بکەین، و چۆن خۆمان لە شەڕی بێ ئامانی تەروادەییەکان بدزینەوە و لە مەرگ و ئەجەل بخەلەسین."

(٧١٥) ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون بەرسڤی دایەوە: "قسەکەت بەجێیە ئەی مینیلاوسی خاوەن شکۆ، تۆ و میریونیس لاشەکە هەڵگرن و بیدەن بەسەر شانتاناو لە شەڕەکەی دوور بخەنەوە، ئێمەش لەدوای ئێوەوە شەڕی تەروادەییەکان و هیکتۆری مەزن دەکەین و پشتتان چۆڵ ناکەین، ئەوجا ئێمە هەردووکمان، کە یەک گیان و یەک ناومان هەیە، لە ئازایەتیدا چوون یەکین، بەپشتیوانی یەکدی ڕووبەڕووی هیکتۆر و هێزەکەی دەبینەوە!"

(٧٢٢) هەر کە ئەو قسانەی کرد. هەردوو جەنگاوەر لاشەکەی (پاتروکلۆس)یان لە عاردی هەڵگرت و بەڕێزەوە خستیانە سەر شانیان. کە تەروادەییەکان دیتیان ئاخیاییەکان جەنازەکەیان هەڵگرت و دووری دەخەنەوە، لە دواوە لێیان کردن بەهەڵڵا و کەوتنە هێرش و پەلامار. وەکو چۆن کۆمەڵە ڕاوچییەکی گەنج، تاقمە کسۆکێك بەر دەدەنە بەرازە کێوییەکی بریندار تا بیکوژن، بەڵام هەر کە بەتوڕەیی لێیان دەگەڕێتەوە و شاڵاویان بۆ دەبات، هەموو دەترسن و هەریەکە بەلایەکدا پەڕاگەندە دەبێت، تەروادەییەکانیش بەهەمان شێوە، کە بەکۆمەڵ هێرشیان دەبرد، بەزەبری شمشێرانی گران و نێزەی دوو سەر، ئارگۆسییەکانیان تەنگەتاو دەکرد. بەڵام هەر کە جووتە ئەجاکس لێیان هەڵدەگەڕانەوە و ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، هەموو ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا و شتاقیان نەدەوێرا توخنی جەنازەکەی پاتروکلۆس بکەوێ!

(٧٣٥) بەو جۆرە جووتە جەنگاوەر، سەرختانە و دلێرانە، جەنازەکەیان لە مەیدانی شەڕەکەوە بەرەو کەشتییەکان دەبرد. لێ شەڕەکە لە دوایانەوە سات بەسات گەرمتر دەبوو، وەکو چۆن ئاگرێکی سەرکێش، بەتوڕەیی بڵێسە دەسەنێ و تەشەنە دەکات و شارێکی ئاوا و ئاوەدان دەگرێتەوە، و باو باهۆز زیاتر دەیگەشێنێتەوە و ماڵەکان یەك یەك بەدەم گڕ و کڵپەوە هەرەس دێنێ و دەڕوخێت، بەو ئاوایە هورای نێزە گوزاران و زەڵە و ژاوەژاوی عەرەبانە و دەنگی سمی ئەسپان بەبەردەوامی بەدوای ئەو جووتە جەنگاوەرەوە بوو، کە بەپەلە بوون جەنازەکەی پاتروکلۆس بگەیەننەوە کەشتییەکان. یان ئەو دووە وەکو ئەو هێستراندی بەهەموو هێز و قوەتی خۆیانەوە، کۆمەڵە داریك، یان قەدی زەلامی درەختێك کە کەشتی لێ دروست بکەن، لە ڕێگەیەکی پێچا و پێچ و سەختی سەر چیایەکی بەرزەوە ڕادەکێشن و هێسترەکان لەژێر باری گرانی خۆیاندا ئارەقەیەکی زۆر دەکەنەوە و هانکە هانکیان پێدەکەوێ، (مینیلاوس و میریونیس)ش بەهەمان شێوە سەرسەختانە و مکوڕ، ماندوو و ئارەقە کردو جەنازەکەی (پاتروکلۆس)یان دەبرد و دەڕۆیشتن. هەردوو ئەجاکس لە پشتیانەوە بوون و بەهەموو هێز و توانایانەوە هێرشی تەروادەییەکانیان دەدایە دواوە. وەکو چۆن لەمپەر و بارستایی بێشەیەك لە دەشتێکی بەرینداڕێ لە لافاوی ڕوبارێکی سەر هەڵگرتوو، کە لە بەستێنی خۆ دەربچێ، دەگرێت و لە ئەنجامدا ئاوەکە بەهەمان تین و تاو، بێ ئەوەی بتوانێ لەمپەر و بارستاییەکە ڕامااڵێ، بەرەو بەستێنی خۆی دەگێڕیتەوە.

(٧٥١) جووتە (ئەجاکس)ش بەهەمان شێوە تەروادەییەکانیان دەدایە دواوە. بەڵام ئەوان هەر ڕاویان دەنان، بەتایبەتی ئینیاسی کوڕی ئەنخیسیس و هیکتۆری ڕەخشان و مێرخاس. جا وەکو چۆن ڕەوە ڕیشۆڵە و هەوێردان واشەیەکی دژمنی باڵندانی بچووك دەبینن لە ئاسمانەوە بۆیان دادەکشێت، بەدەم هاواری نائومێدی و بێ دەسەاڵتیەوە هەڵدێن، بەهەمان شێوە لاوانی ئاخیایی بەدەم هاواری نائومێدییەوە لەبەر ئینیاس و هیکتۆر هەڵدەهاتن و باشاری بەرگریان لەدەستدا بوو. بەدەم هەاڵتنی دانایەکانەوە زۆر ئەسلەحە و چەکی نایاب لێرە و لەوێ لەدەوری خەنەکەکە لە دەستی جەنگاوەرانی دانایی کەوت.. شەڕەکەش لە کۆتایی نەدەهات و هەر بەردەوام بوو.

سرودی هەژدەیەم

زریٚ تازەکەی ئەخیل

حیکایەتەکە:

کوڕەکەی نەستور، هەواڵی کوژرانی پاتروکلۆس بۆ ئەخیل دەبات. ئەخیل زۆر پەرێشان و خەمبار دەبێت، چونکە ئازیزترین هاوڕێ و یاوەری بوو، هەڵبەتە پاشەکشەی ئاخیاییەکان لە دەشتی تەروادە بەو خێرایی و پەشێویە جۆرە گومانێکی لا دروست کردبوو. ئەوەی زیاتر ئازاری دەدا و خەمباری دەکرد، ئەوە بوو گاڤێ ئەم هاوڕێیەی لەگەڵ خۆدا هێنابوو، بەڵێنی بەبابی دابوو کە بەسەلامەتی دەیگەڕێنێتەوە، چونکە ڕێی نادات لە نزیکی حەساری تەروادەدا بەشداری شەڕبکات، تا هیکتۆری میٚرخاس ڕاوی نەکات. لێ پاتروکلۆس فەرمانی ئەخیلی لە عاردیدا و کوژرا. گاڤێ ئەخیل هەواڵەکە دەژنەوێ بەدەما دەکەوێتە سەر زەوی و لە خۆی دەدات و دەگری و قوڕ بەسەری خۆیدا دەکات و شوێنەواری قوڕ پێوانەکە بەجلەکانیەوە دەردەکەوێ و تەنانەت کوڕەکەی نەستور لەوە دەترسێت خۆی بکوژێت و بەسەریا دادەنەوێتەوە، ئەو کیژانەی کە لە شارانی تەروادەدا بەدیلیگرتبوونی، دەکەونە شین و ڕۆڕۆ ئەوجا تا زاری دەگرێ هاوارێکی پڕژان دەکات، تیتیسی دایکی لە بنکی دەریاوە، کە لەگەڵ بابە پیرەکەیدا لە شکە فتەکەی خۆیدا دەبێ، هاوارەکەی دەژنەوێ و دەزانێ کە بەڵایەکی بەسەرهاتووە، ئەویش فیزاحێکی کرد، پەریانی دەریایی لە دەوری خڕبوونەوە و بەدەنگی بەرز کەوتنە شیوەن، ئەوجا بەلەز خۆی گەیاندە کوڕەکەی کە بویەرەکەی بۆ گێڕایەوە و پێی ڕاگەیاند بەنیازە بۆ مەیدانی شەڕ بگەڕێتەوە و تۆڵەی هاوڕێ ئازیزەکەی بکاتەوە. لێ دایکی ئاگاداری دەکاتەوە کە ناتوانێ بچێتە شەڕەوە، چونکە زرێکەی بەهیکتۆرە و ئەو ناتوانێ بەهیچ زرێیەکی دیکەوە شەڕ بکات. ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر هیکتۆر بکوژێ، بەخۆیشی یەکسەر دوای ئەو (هیکتۆر) دەکوژرێ. بەمەش ئەو پشگۆییە دێتە دی کە ئەگەر سەربەرز بژی، کەم دەژی، ئەگەر ژینێکی ئاسایی بژی تەمەنی درێژ دەبێت. لێ کە بینی مکوڕە لەسەر شەڕ، بەڵێنی دایە کە لەلای ئاسنگەری خواوەندان، لای وەستا (هیفایستوس)ی دەست ڕەنگین زرێیەکی دیکەی بۆ بەکرد بدات و سبەینێ لەگەڵ بەرەبەیاندا ئامادە دەبێ و بۆی دێنێ. هەنگێ دەڕوات بۆ ئۆڵەمپ و دەچێتە ئەو کۆشکە گەورەیەوە کە هیفایستوس بەدەستی خۆی دروستی کردووە و ئەوپەڕی هونەری تیا بەکارهێناوە. ژنەکەی پێشوازی دەکات، چونکە بەخۆی سەرقاڵی دروستکردنی مەنجەڵێکی سێ پایە بوو کە لەکاتی پێویستدا بەخۆی دەچوو بۆ نك خوداوەندان و بەخۆی دەگەڕایەوە، هەروەها هەندێ کارەکەرانی لە شێوەی بنیادەماندا دروست کردبوو کە کاری خۆیان زۆر بەوردی ئەنجام دەدا و لە هەموو کارەکانیا یارمەتیان دەدا. کە لە کارەکەی بووەوە گوێی لێگرت. وەلامی دایەوە کە داواکەی ئاسانە و زرێیەکی بێ وێنەی بۆ چێدەکات. چونکە کاتێ کە دایکی لەبەر ناشرینی لە ئاسمانەوە فڕێی دابوو، ئەم (تیتیس) هەڵی گرتبووەوە و بەخودانی کردبوو. ماوەیەکی لە دەف ئەو بەسەر بردبوو و خۆی بەزۆر شتانەوە خەریك کردبووو پاشان بوو بەوەستا و هونەر کارێکی مەزن لەواری ئاسنگەری و هەموو هونەرەکانی دیکەدا. بەڵێنی دەداتێ کە زرێکە لەبەرە

بەیاندا ئامادە دەبێت، بەهەموو کەرەستە و تفاقێکی پێویستی هەر شەڕگانێك. کە سپەرەکەش دروست دەکات بەزێڕ و زیوان دیمەنێن ئەفسوناوی لەسەر دەنەخشێنێ ،وەکو کێڵگەی گەنم، جووت و جووتکاری، ڕەز و باخ و شەڕی نێوان دوو هێزی هەڤدژ... کاتێ کە لە دروستکردنی هەموو کەرەستە جەنگییەکان بووەوە، زرێ و سپەر و کڵاوخود و سینەبەند و هەموو شتەکانی لەبەردەم تیتیسدا دانان، کە بەو هونەرە جوان و بەرزە سەرسام بووو بەپەلە بۆ کوڕەکەیی برد.

زەمەن:

کات ئێوارەی ڕۆژی بیست و نۆیەم و شەوی سییەمی گێڕانەوەکەیە.

شوێن:

بویەرەکان لە خێوەتەکەی ئەخیل و پاشان لەلای پەروەردگاری لەنگ هیفایستوس، خواوەندی سنعەت و ئاسنگەری ڕوودەدەن.

(١) وەکو چۆن ئاگر سات بەسات بڵێسە دەسەنێت، بەو جۆرە شەڕی یەکتریان دەکرد. (ئەنتیلوخۆس)ی قۆچاغ ڕۆیی تا هەواڵەکە بگەیەنێتە ئەخیل. سەیری کرد لەلای کەشتییە دڕێژەکانیا وەستاوە ولە فکران ڕاچووە. کە ئەنتیلوخۆسی بینی دڵی خەبەری دا کە شتێك قەوماوە. ئەو قارەمانە هێڕا و دلێرە بەدڵێکی خەمینەوە بەخۆی گوت: "هاوار بەمانم! ئاخۆ ئاخاییانی پۆڕشۆڕ بۆچی بەو پەشێوییە، سەرگەردان و سەراسیمە کەوتونەتە ئەو دەشتە و بەرە و کەشتییەکان پاشەکشە دەکەن؟ ئومێدەوارم خواوەند ئەو خەمەم نەداتێ کە دایکم بۆی باسکردوم. جارێك پێی گوتم: "تا من لە ژیاندا بم، ئازاترین (مورمیدون) بەدەستی تەروادەییان دەکوژرێت و دنیای ڕوناك بەجێدێڵێ! وادیارە ئەو کوڕە جوامێرەی مینویتیوس کوژراوە. نەگبەت خۆت، خۆ من ئاگادارم کردبووەوە هەر کە ئاگری شەڕەکەی دوورخستەوە، بۆلای کەشتییەکان بگەڕێتەوە وشەڕی هیکتۆری نەکات!"

(١٥) لە کاتێکا لە مێشك و دڵی خۆیدا بەو ئاوایە بیری دەکردەوە، کوڕەکەی نەستور، بەدەم کوڵی گریان و ڕشتنی فرمێسکی گەرمەوە لێی هاتە پێشێ و هەواڵە خەمناکەکەی دایە و گوتی: "مەخابن، ئەی بیلیوس زادەی مێرخاس، هەواڵێکی دڵتەزێنم بۆ هێناویت، هەواڵی ڕوداوێك کە خۆزیام دەخواست ڕاست نەبوایە! پاتروکلۆس کوژراوە. شەڕ لەسەر جەنازە بێ چەکەکەی گەرمە، چونکە هیکتۆری کڵاوڕەخشان دەستی بەسەر چەك و ئەسلەحەکەیدا گرتووە."

(٢٢) تەمی خەمێکی ڕەش نیشتە سەر دڵ و دەرونی ئەخیل. چنگێ خۆڵەمێشی هەڵگرت و بەهەردووك دەست کردی بەسەری خۆیدا. سیمای جوانی خۆی لەوتاند. خۆڵەمێشەکە ڕژا بەسەر جلکە ئاسمانییەکەیدا، تیلاوتیل خۆی بەعاردیدا دا. بەهەردووك دەستان کەوتە ڕنینەوەی قژی خۆی.

(٢٨) ئەو کارەکەرانەی کە ئەخیل و پاتروکلۆس بەدیلی گرتبوویانن، بەدڵێکی پڕ خەمینەوە لە دەوری ئەخیلی مێرخاس خڕبوونەوە و کەوتنە شیوەن و سینگ کوتان و قەڵەمی دەست و پێیان شکا. ئەنتیلوخۆس بەدەم گریان و فرمێسك ڕشتنەوە دەچێت و هەڵیدەستێنێتەوە و دەستی دەگرێت نەبادا پڕ بداتە شمشێر و خۆی بکوژێت. ئەوجا ئەخیل تازاری گرتی هاواری

کرد. دایکه هێڕاکەی، کە لە بنکی دەریادا و لەنك بابە پیرەکەی دانیشتبوو گوێی لە هاوارەکەی بوو. ئەویش لای خۆیەوە فیزاحێکی توندی کرد، هەموو یەزدانخانمان و پەریانی دەریایی واتە کیژانی نیریوس، کە لە بنکی دەریادا دەژیان، لە دەوری خڕبوونەوە، لەوانە: گلاوکی، تالیا، کومودوکی، نیسایا، سبایو، تـوی، هالی چاوکەژاڵ، کوموتـوی، ئەکتایا، لینوریا، میلیتـی، و ئەیارا، ئەمفیتوی، ئەجافی، دوتو، بروتو، فیروسا، دونامینی، و ئەمفینومی، کالیانیرا، دوریس، بانوبی، گالاتیای بەناوبانگ، نیمیرتیس، ئەبسیودیس و کالیاناسا.. هەروەها ئەمانەش هاتن: کلومینی، ئیانیرا، ئیاناسا، مایرا، ئوریتوا، ئەماتیای کەزی شۆڕ، هەروەها زۆر پەری دەریایی دیکەش لەوێ خڕبوونەوە. شکەفتە بریقەدارەکە پڕبوو لەوان، پێکڤە کەوتنە ڕۆ ڕۆ و سینگ کوتان، تیتیس بەشیوەن و گریانەوە سەردولکەی بۆ دادەدان و دەیگوت:

(٥٢) خوشکانم، کیژانی بیریوس، گوێ بگرن، تا دوای ژنەوتنی قسەکانم بزانن کە دڵم چەند پڕ دەرد و خەمە، چەند بەژان و کول و کۆڤانە، من بەچەند بەدبەختم! من دایکی چاو بەگریانی جەنگاوەرێکی دلێرم، من کوڕێکم بوو کە مایەی سەرفرازی زاگەی خۆی بوو، گەورەترین پاڵەوان بوو. وەکو دەوەنێك چەکەرەی کرد، ئەم کوڕەم میناکی نەمامێك لە باخێکی جواندا پەروەردە کرد، دوای ئەوەی گەورە بوو و پێگەیی، بەخۆ و کەشتییەکانیەوە بۆ تەروادەم نارد تا شەڕی تەروادەییان بکات. لێ جارێکی دیکە نای بینمەوە و دەبێ بەعەزرەتی دڵم کە بۆ ولات و بۆ ماڵی بیلیوس بگەڕێتەوە و پێشوازی بکەم. جا تا ئەو لە ژیاندا بێ و لە دنیای ڕوشندا بێ، هەر بەشی ڕەنج و خەم دەبێت و من ئەگەر بشچم بۆلای ناتوانم هیچ یارمەتییەکی بدەم. بەڵام وێڕای ئەمەش هـەر دەڕۆم، تـا کـوڕە ئازیزەکـەم بـدینم و بـزانم لـەم ماوەیـەدا کـە لەشـەڕ دوور بـووە، چ دەرد و بەڵایەکی بەسەر هاتووە."

(٦٥) هەر کە ئەو قسانەی کرد یەکسەر لەشکەفتەکەی وەدەرکەوت. هەموو حوری و پەرییەکان بەشین و گریانەوە دووی کەوتن. شەپۆلان و دەریا ڕێیان بۆ کردەوە، گاڤێ گەییشتنە دەشتی بەپیت و بەرەکەتی تەروادە، یەك لەدوای یەك دابەزینە سەر کەنارەکە، کە کەشتی مورمیدونەکان بەڕیز و لە نزیکی ئەخیل لە وشکاییدا ڕاگیرا بوون. لە کاتێکا ئەخیل دەینالاند، دایکە هێڕاکەی لێی نزیك بووەوە و بەدەم فیزاحەوە سەری کوڕەکەی گرت و بەدەم گریە و زاریەوە پێی گوت: "کوڕە ئازیزەکەم بۆچی بەم شێوەیە دەگریت؟ چ دەرد و خەمێك ئازاری ڕوحت دەدا؟.. ڕێك و ڕەوان پـێم بڵـێ و هـیچ شـتێکم لێ مەشـارەوە. تـۆ کـە دەسـتەونزا ڕوو لـە ئاسمـان لـە زیـوس پاڕایتەوە، هەرچیت داوا کرد بۆی بەئەنجام گەیاندویت: تۆ داوات دەکرد هەموو کوڕانی ئاخایی ڕاوبنرێن و بەبێ تۆ دووچاری تاڵترین شکستی ڕۆژگا بن!"

(٧٨) ئەخیلی قۆچاغ، بەدەم ئاە و ناڵەوە بەرسڤی دایـەوە: "دایکە، ڕاستە کە زیـوس هـەموو نزاکانی گیرا کردوم، لێ فایدەی بەچی کە یاوەرە هەرە ئازیزەکەم، پاتروکلۆس کە لە هەموو یاوەر و دۆسـتەکانم خۆشـتر دەویسـت مـردووە. لـە دەسـتم چـوو.. هیکتـۆر کوشـتویەتی و تـاقم و ئەسـلەحەکەی بـەتاڵان بـردووە. ئـەو زرێ و ئەسـلەحەیەی کـە ئـاوی چـاوی دەبـرد و بینـەری دەحەپەساند، هەمان ئەو زرێ و ئەسلەحەیەیە کە خواوەندان، لەو ڕۆژەدا تۆیان بەبووکی خستە

باخەڵی بەشەرێکی فانیەوە، وەکو دیارییەکی بەشکۆ پێشکەشی (بیلیوس)یان کردبوو. بریا هەر بەپاکیزەیی وەکو هەر پەرییەکی پاکیزەی دەریایی دەمایتەوە و بریا (بیلیوس)ش بووکێکی لەتیرەی بەشەری بۆ ماڵە خۆی دەگواستەوە. چونکە ئێستا قەدەری تۆ وایە و ناچاری خەمێکی گەورە و بێ سنور بدەی بەکۆڵتا، خەمی ئەوەی کە کوڕەکەت دەمرێت و تۆ هەرگیز جارێکی دی لە ماڵەوە پێشوازی ناکەیت، چونکە دڵم بەرەو مەرگم بانگ دەکات و لەمەودوا تێکەڵی بەشەران نابم تا هیکتۆر نەکوژم و حەیاتی لەبەر نەبڕم، مەگەر تەنیا بەمە باجی ئەو سەرکێشی و پڕکێشییەی کە پاتروکلۆسی کوڕی (مینویتیوس)ی کوشت، بدات."

(٩٤) هەنگێ تیتیس، فرمێسک ڕێژان بەرسڤی دایەوە: "بەم پێیە ئەجەلت نزیکە کوڕی من، چونکە یەکسەر دوای مردنی هیکتۆر، سەرە دەگاتە سەر تۆش."

(٩٧) هەنگێ ئەخیلی زەرۆپ بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گوتی: "خۆزیا هەر ئێستا دەمردم، منێ کە لە مردنا فریای دۆستەکەم نەکەوتم! لە دوورە ولاتیدا مرد، بێ ئەوەی من فریای بکەوم و بییارێزم، ئیدی من بۆچی بۆ ولات بگەڕێمەوە، یان لێرە بەکەڵکی چی دێم، نەفریای پاتروکلۆس کەوتم و نەفریای ئەو هەموو برادەرەی دی کە هیکتۆر کوشتنی، ئیدی من لێرە، لەناو کەشتییەکانم دانیشتوم و بووم بەبارێکی قورس بەسەر زەوییەوە، منێک کە سەر تۆپی جەنگاوەرانی ئاخیاییم، ئەگەرچی خەڵکانی لەمن بەئاوەزتر و بەردەبارتریان تێدایە.

(١٠٧) ئاە، کاشکێ ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان خواوەندان و مەردماندا نەدەما و تەواو دەبوو. بریا توڕەیی و پشم و غەزەب باری دەکرد، ئەو توڕەبوونەی کە ئاقڵترین بنیادەم تێکدەدات و وەکو دوکەڵ دەخزێتە بن پەڕەی ڕوحییەوە و تامی هەنگوینی ساغی پێدەبەخشێت.. ئەو پشم و غەزەبەی کە ئاگامەمنونی، شای جەنگاوەران تووشی کردم بەهەمان شێوە بوو. بەهەرحاڵ دەبێ چاوپۆشی لەم شتانە بکەین. چونکە ئازارەکانمان زۆرە. دەبێ جڵەوی دڵمان بگرین.. من هەر ئێستا دەڕۆم و ڕووبەڕووی هیکتۆر دەبمەوە، ڕووبەڕووی بکوژەکەی پاتروکلۆس، ئازیزترین دۆستم، دەبمەوە. خۆ ئەگەر زیوس و خواوەندە نەمرەکانی دیکە ئیرادەیان لەسەر مردنم بێ، ئەوا بەدڵێکی ئاسودەوە قەبوڵی دەکەم. جا هەرکوڵی فیلەتەن لە مردن نەخەلەسی، وێڕای ئەوەی کە لەلای زیوسی کوڕی کرونوس یەجگار ئازیز و خۆشەویست بوو، کاتێ قەدەر و غەزەبی هیرا دایان بەعاردیدا، نەیتوانی لە چنگ مەرگی دەربێنێ.منیش، ئەگەر قەدەر هەمان شتی لە چارە نووسیبم، بەهەمان شێوە لە عاردی دەکەوم. لێ ئێستا وازم لێ بێنە با شۆرەت و ناوێکی گەورە پەیدا بکەم، کارێکی وەها بکەم ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی تەروادەیی و دەردانی سینگ قوت، بەهەردووک دەستان بەدەم شیوەن و زارییەوە روندکی سەر گۆنا ناسکەکانیان بسڕن.. تاکو باش بزانن کە من ماوەیەکی زۆر خۆم لەم شەڕە نەدا. کەواتە دەست مەیەنە ڕێگەم، چونکە ، چارەنووسم هەرچیەک بێ! ناتوانی ژێوانم بکەیەوە"

(١٢٧) هەنگێ یەزدانخانمی زیوین پا، تیتیس وەڵامی دایەوە و گوتی: "هەق بەتۆیە کوڕەکەم، چوونە هیمدادی هاوڕێ ماندووەکانت، کە شەڕ و مەرگ تەنگی پێ هەڵچنیون، کارێکی هەژییە. بەڵام چەک و ئەسلەحەکەت لای تەروادەییەکانە، چەک و ئەسلەحە برونزییە ڕەخشانەکانت،

هیکتۆری کلاو ڕەخشان لەخۆی داوە و خۆی پێوە دەنوێنێ. بەڵام ئەم خۆنواندنەی زۆر دەوام ناکات، چونکە ئەجەڵی نزیکە. بەڵام تۆ جارێ خۆت مەخە ناو گێژەنگ و ئاژاوەی شەڕەوە، چاوەڕوان بکە تا دێمەوە بۆلات، سبەینێ لەگەڵ گزنگی هەتاودا لێرە ئامادە دەبم، چەك و تفاقێکی جەنگی نایابی دەستکردی (هیفایستوس)ت بۆ دێنم."

(١٣٨) یەزدانخانم دوای ئەو قسانە کوڕە ئازاکەی بەجێهێشت، ڕوێکردە خوشکەکانی، پەریانی دەریایی و گوتی: "ئێوە ئێستا خۆتان بەدەریادا بکەن و بچنە دیداری پیری دەریا و کۆشکەکەی بابم، و لە هەموو ڕووداوەکانی ئاگادار بکەنەوە. منیش دەچم بۆ ئۆڵەمپی سەربەرز، بۆ لای هیفایستوس. ئاسنگەرە بەناوبانگەکە، بەڵکو بتوانم کارێکی وەها بکەم کە زرێ و ئەسلەحەیەکی نایاب وڕەخشان بۆ کوڕەکەم دروست بکات."

(١٤٥) دوای ئەو قسانە، پەریانی دەریایی خۆیان وەبن شەپۆلانی دەریادا کرد و، یەزدانخانم، (تیتیس)ی زیوین پا، بەرەو ئۆڵەمپ ملی ڕێی گرت تا زرێ و ئەسلەحەیەکی نایاب بۆ کوڕە ئازیزەکەی بێنێ.

(١٤٨) بەڵێ، لەو دەمەدا کە ئەو بەپێیان بۆ ئۆڵەمپ دەڕۆیی. ئاخیەکان، پەشێو و پەشۆکاو، بەدەم هاواری ترسەوە لەبەر هیکتۆری مێرخاس، هیکتۆری مەردم کوژا، چنگ لەسەر شان هەڵدەهاتن و تا کەشتییەکان و نزیکی هیلیسپونت نەوەستانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئاخیانی برونزینە پۆش، نەیانتوانی لەژێر بارانی تیر و نێزەی هیکتۆر و تەروادەییاندا، جەنازەکەی پاتروکلۆسی یاوەر و میرئاخوڕی ئەخیل دەرباز بکەن؛ چونکە لەشکر و ئەسپان و گالیسکە و هیکتۆری کوڕی پریام، کە لە جۆش و خرۆش و ئازایەتیدا دەتگوت ئاگرن، گەیی بوونە سەری. هیکتۆر سێ جاران لەلاقی نەوی بوو و بەدەنگی بەرز هاواری لە تەروادەییەکان کردبوو کە بچنە هیمدادی و جەنازەکە بەرن.. برایانی (ئەجاکس)ش کە یەکپارچە غیرەت و بوێری بوون لە لاشەکەیان دوور خستبووەوە. بەڵام هیکتۆر، پشت بەهێز و ئازایەتی خۆی جارێ هێرشی دەکرد و جارێ دەوەستا و بەدەنگی بەرز بانگی لە تەروادەییەکان دەکرد. بەڵام بەئەندازەی سەری قامکێك پاشەکشەی نەدەکرد. وەکو چۆن شوانانێك شەوانە لە لەوەرەگاکاندا پاسەوانی دەکەن، ناتوانن شێرێکی سورخنی گیرۆدەی برسێتیەکی کوشندە لەلاشەی پەزێکی ناو مێگەلەکەیان دوور بخەنەوە، بەو ئاوایە جووتە ئەجاکسی دلێر و شەڕقانیش نەیانتوانی هیکتۆری کوڕی پریام بترسێنن و لە جەنازەکەی پاتروکلۆسی دوور بخەنەوە.

(١٦٥) خۆ ئەگەر ئایریسی قۆچاغ فریا نەکەوتبا، لەوە بوو بتوانێ جەنازەکە بڕفێنێ و شانازییەکی گەورە بەدەست بێنێ. ئایریس بەپەلە لە ئولیمبوسەوە، بەبێ ئاگاداری زیوس و خواوەندەکانی دیکە پەیامێکی بۆ کوڕی بیلیوس (ئەخیل) هێنابوو کە خۆی بۆ شەڕ ساز بدات، هیرا بەدزییەوە ناردبووی، لێی نزیك بووەوە و بەڕوونی و ڕەوانی پێی گوت: "ڕابە ئەی کوڕی بیلیوس، ئەی سەرتۆپی جەنگاوەرانی بەهێز، ڕابە! فریای پاتروکلۆس بکەوە، کە لە نزیکی کەشتییەکان شەڕێکی ترسناکە لەسەر کوشتەکەی. جەنگاوەران دوای یەکدی دەبڕنەوە، دانایيەکان بەرگری لە جەنازەکەی دەکەن و پاسی دەکەن، تەروادەییەکان هەوڵدەدەن جەنازەکەی

بفرێنن و بۆ تەروادەی بادرزی بەرن، بەتایبەتی هیکتۆری گەرنۆس کە لە هەموویان پەرۆشترە جەنازەکە دوور بخاتەوە و سەری لێ بکاتەوە و بەپەرژین و سینگی حەساری تەروادەیدا هەڵواسێ. ڕابە و لەوەی پتر لێرە دامەنیشە! فریاکەوە دەنا پاتروکلۆس دەبێ بەخۆراکی کسۆکانی تەروادە. ئەگەر فریانەکەوی و لاشەکە بشێوێنن شەرمەزاری دنیا بۆ تۆ دەمێنێتەوە. هەموو خەڵکی ئاخیایی ئەو نەنگ و شەرمەزاریە دەخەنە ئەستۆی تۆ!

(١٨١) ئەخیلی گورج و گۆڵ گوتی: "ئەی یەزدانخانم، ئەی ئایریس، کام خواوەند بەتۆی فەرموە کە ئەم فەرمانە بەمن بدەی؟

(١٨٣) ئایریسی قۆچاغ وەڵامی دایەوە: "هیرا، هیرای هاوڕێ و هاوسەری بەناز و شکۆی زیوس منی ناردووە. بەڵام نە کوڕەکەی کرونوس، خودانی عەرشی عەزیم ئاگادارە و نەهیچ یەکێك لە خواوەندە نەمرەکانی، ئاکنجی لوتکە بەبەفرەکانی ئولیمبوس ئاگادارن."

(١٨٧) (ئەخیل)ی زەرۆپ وەڵامی دایەوە: "ئاخر من چۆن بچمە شەڕەوە؟ دەستیان بەسەر زرێ و ئەسلەحەکەمدا گرتووە، دایکم ڕای سپاردووم کە تا ئەو نەیەتەوە نەچمە شەڕەوە، چونکە بەڵێنی داومەتێ چەك و ئەسلەحەیەکی نایابم لەلای هیفایستوسەوە بۆ بێنێ. جگە لە زرێیەکی ئاجاکسی کوڕی تیلامون هیچ زرێیەکی دیکە بەبەرم ناکات، هەڵبەتە ئەویش نهو لە ریزی پێشەوەی جەنگاوەراندایە و بەزەبری ڕمەکەی ،دژمنان دەکوژێت و جەنازەکەی (پاتروکلۆس)یان لێ پاس دەکات."

(١٩٦) ئایریسی قۆچاغ، کە لە ڕوییشتنا بای پێدا نەدەگەیی، گوتی: "ئێمەش دەزانین، دەستیان بەسەر زرێ و چەکەمەنیەکەتدا گرتووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ هەر بەم حاڵەوە بچی بۆ خەنەکەکە و خۆت پیشانی جەنگاوەرانی تەروادەیی بدەیت و هەر کە بت بینن ترسیان لێ بنیشێت و دەستبەرداری جەنگ بن. هەنگێ کوڕانی شەڕقانی ئاخایی، کە شەڕەکە ماندووی کردوون، هەناسەیەك دەدەن و ئاهێکیان وەبەر دێتەوە، چونکە پشووی شەڕ مایەوەکی زۆری ناوێ."

(٢٠٢) ئایریسی زەرۆپ دوای ئەو قسانە، ڕۆیی. ئەخیلی خۆشەویستی زیوس ڕابوو. ئەتینا سپەرە عەنتیکە و بەنەخش و نیگارەکەی خۆی کردە شانە بەهێزەکانی ئەو. ئەوسا پەڵە هەورێکی زێڕینی میناکی تاجی لەسەرنا کە تیشکێکی وەهای دەدایەوە چاوانی دەخستە ڕێشکە و پێشکە. وەکو چۆن دووکەڵێك لە شارێکی دوورە دەستەوە، لە دوڕگەیەکەوە کە دژمن ئابڵوقەی دابێ هەڵدەستێ و دەچێت بەئاسماندا، خەڵکی ئەو شارە، بەدرێژایی ڕۆژ، لە دەرێی حەساری شاردا، خڕدەبنەوە، تا مل بۆ داوەری ئایریسی بەهێز و ترسناك بدەن، بەڵام تاشەو دادێ و هەتاو دەنیشێت، ئاگر، چڕ و تێك ڕژاو، هەر بڵێسە دەسەنێ و کلپە دەکات و بڵێسەی توندی ئاشکرا دەبێ و دەگاتە بنی ئاسمان، تا دەر ودراوسێیان ببینن و هاوڵاتیان بزانن کە ئایا، سەرنشینانی کەشتیان، بەهانایانەوە دێن تا لە فەوتان ڕزگاریان بکەن یان نا. بەڵێ بەهەمان شێوە ڕوناکییەکی ڕوونـاك لەسەری ئەخیلەوە هەڵدەستاو دەچوو بەئاسماندا. ئەخیل لە حەسارەکە ڕەت بوو و لە کەناری خەنەکەکە وەستا. بەڵام پەیوەندی بەئاخاییەکانەوە نەکرد، چونکە نەیدەویست ئامۆژگاری و فەرمانەکەی دایکی لە عاردی بدات.

(٢١٧) لەوێندەر وەستا و تا زاری گرتی هاواریکرد.. ئەتیناش هاوارەکەی گەیاندە دوور، ترسێکی سەیر لەنێو تەروادەییەکان بلاوبووەوە. وەکو چۆن کاتێ دژمنان شارێك ئابڵوقە دەدەن و پەلاماری دەدەن و تەنیا بیر لە خوێنڕێژی و وێرانی دەکەنەوە، دەنگی شوم و سامناکی شەیپوری جەنگ بەرز دەبێتەوە، دەنگی بەرزی (ئەخیل)ش بەهەمان شێوە سامناك و ترسێنەر بوو. تەروادەییەکان گاڤێ دەنگی برونزینی ئەخیلی کوڕی (ئیلیوس)یان ژنەفت، هەموو دڵیان داخورپا وترسیان لێ نیشت. ئەسپەکان بەیاڵوبژی جوانیانەوە بەعەرەبانەکانەوە بەرەو پاش دەگەڕانەوە، چونکە لە ناخی دڵەوە هەستیان بەنزیکی کارەسات و ماڵوێرانی دەکرد. میرئاخوڕ و گالیسکەڕانەکان کە دیتیان گرێکی لە دامرکانەوە نەهاتوو، ترسناك لەسەر سەری کوڕە دلاوەرەکەی (بیلیوس)ەوە بەرز دەبێتەوە، تەواو ترسیان لێ نیشت. ئەتینای چاوگەش بوو کە ئەو ئاگرەی هەلایساند بوو.

(٢٢٩) ئەخیلی مەزن، سێ جاران، بەدەنگی بەرز و لەسەر خەنەکەکە هاواریکرد. سێ جاران تەروادەییەکان و هاوپەیمانە بەناوبانگەکانیان هەراسان بوون.. بەجۆرێ شڵەژان کە دوازدە جەنگاوەری هەرە ئازا و بژاردەیان کەوتنە ژێر عەرەبانەکانیانەوە و هەر بەنێزە و ڕمی خۆیانەوە بوون و مردن. ئاخاییەکان زۆر کەیف خۆش بوون و (پاتروکلۆس)یان لە تیرەسی دژمن دوور خستەوە و خستیانە سەر دەسەبەرەیەك. یاوەرە دڵسۆزەکانی بەگریانەوە لێی خڕبوونەوە، یەکێك لەوانە ئەخیل بوو کە بەکوڵ و دڵ فرمێسکی گەرمی دەڕشت و چاوی بەرایی نەدەدا هاوڕێ هەرە دڵسۆزەکەی بەمردوویی بەسەر دارە مەیت و دەستەبەرەوە بدینێ. سەرە نێزان جەستەی ئەنجن ئەنجن کردبێ. ڕاستە ئەو بەعەرەبانە و ئەسپەکانیەوە بۆ شەڕی بەڕێ کردبوو، بەڵام نەیتوانی لەگەڕانەوەدا پێشوازی بکات.

(٢٣٩) ئەوجا هیرا، شابانۆی چاوکەژاڵ، هەتاوی بەرەو ئۆقیانوس نارد، هەتاو بەبێ ویستی خۆی، بەنا بەدڵی ئاوا بوو، ئاخاییانی جوامێر لەشەڕ وهەرا وهەنگامەی جەنگ وەستان.

(٢٤٣) تەروادەییەکان پاش ئەوەی لە مەیدانی شەڕ کشانەوە، بەرلەوەی بیر لە خواردنی شیڤ بکەنەوە، کۆبوونەوەیەکیان کرد، بەدرێژایی کۆمبینەکە هەر بەپێوە بوون، هەموو لە دەرکەوتنی کوت و پڕی ئەخیل ترسا بوون، ئەگەرچی دەمێ بوو لە شەڕ و شەڕگە دوور بوو. (بولیداماس)ی حەکیم و بەئاوەز، کوڕی بانیوس، بەر لە هەمووان کەوتە قسان، ئەم پیاوە لە هەمووان باشتر هۆکار و ئەنجامی کارەکانی لێکدەدایەوە. هاوڕێی هیکتۆر بوو، بەیەك شەو لە دایك بوو بوون. یەکێکیان لە قسە و زمانپاراویدا لە پێش بوو و ئەویتریان لە ڕمبازیدا. بەنیازێکی پاکەوە ڕوویکردە ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکان و گوتی:

(٢٥٤) "دۆستان، باش بیربکەنەوەو هەموو شتەکان بەچاکی هەڵسەنگێنن. من بەش بەحاڵی خۆم ئامۆژگاریتان دەکەم کە هەر ئێستا بەرەو شار بگەڕێنەوە و چاوەڕوانی ئەوە مەکەن لەم دەشتە و لە نزیکی کەشتییەکان ڕۆژتان لێ هەڵبێ، چونکە ئێمە زۆر لە حەسار و بورجەکان دوورین. تا ئەو دەمەی ئەم پیاوە لە ئاگامەنون غەنزری بوو شەڕی ئاخاییەکان ئاسان بوو. من ئەو کاتە خۆشحاڵ دەبووم کە لە نزیکی کەشتییە تیژڕۆکانیان هەڵماندا بووایە، بەئومێدی ئەوەی دەست

بەسەر کەشتییەکانیانا بگرین. بەڵام ئێستا من زۆر لەکۆڕی بیلیوس، دەترسم. کەرب و کینی بەڕادەیەکە کە بەوەوە ناوەستێ لەم دەشتەدا، کە تەروادەییان و ئاخاییان لە گەرمەی شەڕدان، شەڕ و کوشتار بکات. ئەو شەڕ بۆ گرتنی شارەکەمان دەکات، بۆ هەڵگرتن و دیل کردنی ژنەکانمان شەڕ دەکات.

(٢٦٥) جا بەگوێی من بکەن‌و وەرن بۆ شار بگەڕێینەوە. چونکە ڕووداوەکان بەمجۆرە دەبێت، کۆڕی بیلیوس بەم شەوە هیچ ناکات، بەڵام کە سبەینێ بەهەموو تەدارەکی جەنگەوە بێتە مەیدان و هەر لێرەدا پەلامارمان بدات، ئەوجا بەچاوی خۆ دەبینین کە چمان بەسەر دێت، هەنگێ بەختەوەر ئەو کەسە دەبێت کە لەبەری هەڵێ و بگاتەوە تەروادە، ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە تەروادەییان دەبن بەخۆراکی کسۆك و دالاشان.. خودایە نەگەم ئەو چیرۆکانە بژنەوم!.. لێ ئەگەر بەقسەی من بکەن، هەرچەند ئەو قسەیەمان لەبەر گرانە، ئەوا دەتوانین سوود لە شەوەکە بدینین و لە کۆبوونەوەیەکدا خۆمان ڕێك بخەینەوە و خۆ ساز بدەینەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بورجە بەرزەکان ودەروازە گەورەکان، کە پشتکۆڵی مکومیان هەیە، شار دەپارێزن. سپێدەش، هەموو بەچەك و تفاقی جەنگەوە، لەسەر بورجەکانی خۆمانەوە دەردەکەوین، هەنگێ زۆر زەحمەتە ئەو پاڵەوانە هێرشمان بکاتە سەر، ڕەنگە کەرب و کین هەڵیبگرێ و لە کەشتییەکان دوور بکەوێتەوە و بییەوێ شەڕی ئێمە بکات و حەسارەکەمان و بورجەکانمان بگرێت. بەڵام دوای ئەوەی جڵە و بۆ ئەسپە مل بەرزەکانی شل دەکات و لێرەوە بۆ ئەوێ و لەوێوە بۆ ئێرەیان تاو دەدات و بێهودە لە بناری شاردا پەلامار دەدات ئەسپەکانی ماندوو دەبن. هەنگێ زاتی ئەوە ناکات خۆی بەناو شاردا بکات و وێرانی بکات، بەرلەوەی فریای ئەمە بکەوێ کسۆکانی دڕ هەڵیدەدڕن."

(٢٨٤) هەنگێ هیکتۆری کلاوڕەخشان، بەتوڕەیی بڕۆی وێك هێنانەوە و ڕووی تێکرد و گوتی: "ئەی بولیداماس، من ئەم قسانەی تۆم بەدڵ نین، تۆ داوا دەکەی بۆ شار بگەڕێینەوە و خۆمان لەوێندەر زندانی بکەین، لە شار و ناو چواردیواری شار تێرنەبوون؟!.. خەڵکی لە کۆنی کۆنەوە هەر باسی شارەکەی (پریام)یان کردووە، و بەزێڕ و برونزی سەرسام بوون. بەڵام ئێستا لەوەتای زیوسی مەزن لێمان چووە بەقینا، ئەو گەنجینانە لە ماڵەکاندا نەمان، زۆربەی کەلوپەلەکانمان لە فریجیا و میونیای جواندا فرۆشران.. ئێستاش کە کۆڕی کرونوسی بردەبار، دەرفەرتی ئەوەی داومەتێ کە لە کەناری کەشتییەکاندا سەرکەوم و سەرفرازی بەدەست بێنم و ئاخاییان بەرەو دەریا ڕاوبنەم و پاشەکشەیان پێبکەم، ئەم گەوجە گەرجە بۆ خەڵکەکە مەکە، کەس بەگوێت ناکات و من ڕێگەی نادەم. ئێستا هەموو وەرن بەگوێی من بکەن: هەموو پێکەوە و لە ئۆردوگاکەدا، شیڤ بخۆن، ڕیزەکانی خۆتان تێکمەدەن، بەوریایی ئێشکی خۆ بگرن. جا ئەگەر هەر تەروادەییەك لە مولّك و ماڵی خۆی دەترسێت، بچێ کۆی بکاتەوە و بەسەر سوپاییەکانیا دابەش بکات، چونکە بۆ سوپاییەکانی خۆمان بێ، زۆر باشترە ئاخاییەکان دەستی بەسەرا بگرن و بیبەن. جا سپێدە زوو، هەموو ڕادەبین، تەدارەکی شەڕ لەخۆ دەدەین و لەلای کەشتیەکان شەڕێکی گەرم هەڵدەگیرسێنین. خۆ ئەگەر ئەخیل بیەوێ لەلای کەشتییەکان ڕابێ، ئەوا تیا دەچێت. هەنگێ من بەلای کەمەوە لەبەری هەڵنایەم، و ڕووبەڕووی دەبمەوە، چ ئەو سەربکەوێ و

چ من. خواوەندی جەنگ بۆ هەموان هەریەکە، هەر کەسێك بکوژرێت، مانای وایە ئەجەلی هاتووە.

(٣١٠) هیکتۆر بەو ئاوایە قسەی بۆ ئاپۆڕەکە کرد، تەروادەییەکان بەدەنگی بەرز کەوتنە هوراکێشان. کە گەوج و کەودەن بوون! ئەتینا ئاوەزی شێواندبوون، هەموو قسە نابەجێیەکانی هیکتۆریان پەسند کرد. کەچی کەس ئامۆژگارییەکانی (پولیداماس)ی، کە مایەی پزگاری بوو، بەهەند وەرنەگرت. ئیدی بەتەدارەك و تفاقی جەنگەوە و هەر لە ئۆردوگاکەدا کەوتنە شیڤ خوارن.. ئاخاییەکان بەدرێژایی شەوەکە بەدیار جەنازەکەی پاتروکلۆسەوە نالاندیان و گریان، کوپەکەی بیلیوس یەکەم کەس بوو لەناویاندا، کە دەستە کوشتۆخەکانی نانە سەر سینگی یاوەر و هاوڕێکەی و بەکوڵ کەوتە گڕیە و زاری. وەکو چۆن شەپاڵێکی پیر، کە ڕاوچییەك لە بێشە و لێڕەوارێکی چڕە دارستاندا ڕێی دەکەوێتە سەر لانەکەی و بێچووەکانی دەبات، و کاتێ پیرە شێر شەوێ دەگەڕێتەوە لانەکەی و دەبینێ بێچووەکانی نەماون، خەم دایدەگرێت، و زووبەزوو توڕە دەبێت، و دۆڵا و دۆڵ دەڕوات و دەکەوێتە تاقیبی ئەو ڕاوچییە، بەهەمان شێوە (ئەخیلوس)ش بەدەم ئاە و نالە و فیغانەوە، ڕوو لە مەرمیدونەکان دەیگوت: "مەخابن، ئەو ڕۆژەی وەعد و بەڵێنم بەمینویتیوس دا، لە ماڵەکەی خۆیدا بەڵێنم دایێ کە دوای ئەوەی تەروادەم گرت، کوڕە دلێرەکەی بۆ ئوبوس، بەدیاریی و دەسکەوتەوە، بەسەلامەتی بۆ دەبەمەوە. لێ ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لەلای زیوس بەتاڵە، زیوس هەموو ئاواتەکانی بەشەر نایەنێتەدی، ئێمە هەردووکمان لە چارەمان نووسراوە بەخوێنی خۆمان، خاکی ئێرە، خاکی تەروادە سوور بکەین –چونکە منیش جارەکی دی ناگەڕێمەوە تا بیلیوسی شۆڕەسواری پیر لە کۆشکەکەی خۆیدا پێشوازیم بکات، هەروەها تیتیسی دایکیشم جارەکی دی نامبینێتەوە، خاکی ئێرە دەبێت بەگۆڕم. جا ئەی پاتروکلۆس، مادامێکی دوای تۆ مەنزلم ژێر زەوییە، بەڵێن بێ تا چەك و ئەسلەحەکەی تۆ و سەری هیکتۆر، ئەو جەنگاوەرە دلاوەرەی کە تۆی کوشت، بۆ ئێرە نەهێنمەوە، بەخاکت ناسپێرم. بەڵێن بێ دوانزە کوڕی ناوداری تەروادەیی، لە بەرانبەر ئەو شەوتنگەیەی کە جەنازەکەتی لەسەر دێتە سوتاندن، سەر ببڕم. چونکە مەرگی تۆ، بەڕاستی توڕە و کەسەرداری کردم. تا ئەو کاتە با جەنازەکەت لە پاڵ کەشتییەکاندا بەم شێوەیە بمێنێ. شەو و ڕۆژ ئەو خانمە تەروادەیی و دەردانییە مەمك قوتانەی کە پێکەوە بەڕەنجی خۆمان و بەزەبری هێزی نێزە درێژەکانمان، کاتێ شارە ئاوەدانەکانیانمان گرت، بەدیلی هێنامانن، بەدیارتەوە دەگرین. شینت بۆ دەگێڕن.

(٣٤٣) دوای ئەو قسانە ئەخیل فەرمانی بەهاوڕێکانی دا کە مەنجەلێکی گەورەی سێ پایە بخەنە سەر ئاگر، ئاو گەرم بکەن، تا بەپەلە خوێنە وشکەوە بووەکەی سەر جەستەی پاتروکلۆس بشۆن. مەنجەلەکەیان نایە سەر ئاگرێکی گڕ، پڕیان کرد لە ئاو، داری باشیان لەژێر نا، ئاگرەکە هەر چواردەوری مەنجەلەکەی گرت، ئاوەکە هاتە کوڵ. ئەوجا جەنازەکەیان شت، بەزەیت چەوریان کرد. برینەکانیان بەهەتوانێکی نۆ ساڵە پڕ کردەوە، ئەوجا (پاتروکلۆس)یان لەسەر دارەمەیتێك ڕاکێشا، بەپارچە کەتانێکی نەرم سەراپایان داپۆشی و لەسەر ئەمەوە پارچەیەکی

سپی جوانیان تێوەپێچا. بەو جۆرە مەرمیدونەکان لە دەوری ئەخیل خڕبوونەوە و بەدیار پاتروکلۆسەوە هەموو شەوەکەیان بەگریە و زاری گوزەراند.
(٣٥٦) ئەوجا زیوس ڕوویکردە هیرای ژن و خوشکی و گوتی: "ئاخری ئاواتەکەی خۆت هێنایەدی ئەی هیرای چاوکەژاڵ، ئەی هیرای هەژی. ئاقیبەت ئەخیلی قۆچاغت هاڕوژاند.. هێندە بەدڵ و گیان پشتیوانی لە ئاخاییان دەکەی لەتۆ وایە لە گۆشت و خوێنی تۆن!"
(٣٦٠) هیرای هەژی، چاوکەژاڵ، وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی کرونۆسی سامناك، ئەم قسەیە چییە! سەیرە! ئەوەندەی من بزانم تەنانەت بەشەڕیش، چەندی بتوانێ یارمەتی برای بەشەری خۆی دەدات، هەرچەند لە هیچ ڕوویەکەوە هاوتای ئێمەی خواوەندان نییە. جا من کە لە دوو سەرەوە مەزنترین یەزدانخانمم پێ دەگوترێ: یەکەم وەکو ڕەسەن لە هەموو یەزدانخانمەکان گەورەترم، دووەم هاوسەری تۆم، تۆی سەرداری گشت خواوەندەکان، بەڵێ، من کە لە تەروادەییەکان توڕەم، چۆن دەتوانم دژایەتیان نەکەم؟"
(٣٦٨) بەو شێوەیە یەکتریان دواند، بەڵام تیتیسی زیوین پا، گەییە ماڵی هیفایستوسی نەمر، ماڵەکەی کۆشکێکی ڕازاوەی ئەستێرە ئاسایی درەخشان بوو، لەنێو کۆشکی خواوەندەکانی دیکەدا دیار و بەرجەستە بوو، ئەم کۆشکە یەکپارچە لە برونز دروست کرابوو، ئەو خواوەندە لەنگە بەدەستی خۆی بۆ خۆی دروست کردبوو. تیتیس سەیری کرد، زۆر سەرقاڵە، شەکەت و ماندوو لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، بەدەوری مۆشەدەمە وکورە و ئاگرەکەیدا دێ و دەچێت، سەرقاڵی دروستکردنی بیست دانە مەنجەڵی سێ پایەدار بوو کە بەپاڵ دیواری سالۆنی کۆشکەکەیدا ڕیز دەکران، لەژێر هەر یەکێکیاندا پێچکەی زێڕینی دروست کردبوو، بەجۆرێ کە بتوانن خۆبەخۆ بچنە کۆڕی خواوەندان و دووبارە بگەڕێنەوە ببنە مایەی ستایش و ئافەرینی هەمووان. هێشتا بەتەواوەتی لە دروست کردنیان نەبووبووەوە، قولفەکانیان مابوو کە وەستایەتیەکی وردی دەویست. خەریکی ئامادەکردنیان بوو، و بزمارەکانی دادەکوتین. لەو دەمەدا کە ئەو بەوپەڕی وەستایەتی و لێهاتوییەوە سەرقاڵی کار بوو، تیتیسی زیوین پا گەییە نک وی. کاریسی نەشیمل، کە سەرپۆشێکی جوانی بەسەرا دابوو، هەمان ئەو کاریسەی کە خواوەندی لەنگی دەست و بازوو بەهێز خواستبووی، چووە پێشوازی تیتیس و دەستی گرت و گوتی: "ئەی یەزدانخانمی هەژی و بەڕێز، خێرە ڕووت کردۆتە ماڵی ئێمە؟ یاخوا وەخێرهاتی خێر وەپاتەوە، چونکە تۆ کەمتر سەردانمان دەکەی؟ فەرموو ژوورێ یا لە خزمەتا بم
(٣٨٨) یەزدانخانم بەدەم ئەو قسانەوە، تیتیسی پێش خۆی خست، ئەوجا لەسەر کورسییەکی زیوکفت، کورسییەکی جوان کە زۆر وەستایانە دروست کرابوو، دای نیشاند. چوار پایەیەکیش، کە پێی لەسەر دادەنرا لەبەردەم کورسییەکدا هەبوو. ئەوجا کاریس بەپەلە چوو مێردەکەی خۆی گاز بکات، گوتی: "هیفایستوس خێرا وەرە تیتیس کاری بەتۆ هەیە." خواوەندی ناوداری بەبازوو بەرسڤی دایەوە: "من لە ماڵەکەی خۆمدا پێشوازی یەزدانخانمێك دەکەم کە لە هەر کەسێك پتر شایستەی پێشوازی و مایەی ڕێزی منە. ئەو یەزدانخانمە هێژایەی کە منی لە چەپۆکی ڕۆژگار خەلەساند. لەو دەمەدا کە من لێم قەوما و دایکە بێ ئینسافەکەم، دایکە بێ

ویژدانەکەم بەخوایشتی خۆی منی لە لوتکەی ئۆڵەمپەوە تووڕدا، چونکە من لەنگ بووم و لە لەنگی من شەرمەزار بوو، دەیویست من لە چاوی هەموان وەشێڕێ و پەنهام بکات .تیادەچووم ئەگەر ئورینومی کیژی ئوقیانوس، کە لە هەڵقوڵین ناکەوێ، و تیتیس نەیانگرتبامە خۆ. نۆ دانە ساڵ لەلای ئەوان مامەوە. لەشکە فتە گەورەکەی ئەواندا زۆر کاری دەستی جوانم ئەنجامدا، وەک: ئاوزونە، موچەوانەی پێچ پێچ، دوگمە و گوڵە یەخە، گەردەنبەند.. ئوقیانوسی کەف چەڕنیش بەسەر شکەفتەکەدا و بە هەر چوار دەورمدا، شەپۆلی دەدا و هاڕە و هاژەیەکی وای دەنایەوە لە وەسف کرن نایەت.هیچ کەسێک نە لە خواوەندان و نە لە بەشەران بەمەی نەدەزانی. تەنیا ئورینومی و تیتیس نەبێ، ئەوان ڕزگاریان کردم. جا ئەمڕۆکە کە گەورەی کردوم و تەشریفی هێناوەتە ماڵەکەم، ئەرکی منە کە چاکەی ئەو، چاکەی تیتیسی زۆف هوول بدەمەوە، چونکە ئەو منی لە مەینەتی و ئاسیوان ڕزگار کرد. جا تۆ بڕۆ، پێشوازی بکە و باشترین شتی بۆ دابنێ، تا من کەرەستە و تفاقەکانم کۆبکەمەوە و بێم.

(٤١٠) دوای ئەو قسانە، ئەم خواوەندە زەلامە ناشرین و دێو ئاسایە، بەهانکە هانک لەسەر سندانەکەی هەستا، لەسەر لاقە سست و لاوازەکانی وەستا، موشەدەمەکانی لە ئاگرەکە دوورخستەوە.هەموو ئەو کەرەستە و تفاقانەی کە لە کارەکەیدا بەکاری دەهێنان، لە سندوقێکی زیویندا کۆکردەوە. بەپارچە ئیسفەنجێک دەموچاو و هەردووک دەست و ملە ئەستورەکەی و سینگە توکنەکەی خاوێن کردەوە. جلێکی لەبەرکرد، داردەستێکی زەلامی بەدەستەوە گرت و بەشەلە شەل وەدەرکەوت. کۆمەڵێک کارەکەری لە زێڕ دروستکراو لەشێوەی ئافرەتی زندوودا کەوتنە دەوروخونی.. ئەم کارەکەرانە لە پاکیزانی زندوو دەچوون، هەستیان هەبوو، هێز و توانای قسەکردنیان هەبوو، زۆر کاری دەستیان دەزانی کە خواوەندان ئەو بەهرانەیان پێ بەخشی بوون.. ئەو پاکیزانە دەوری ئاغاکەیان دابوو کە لە ڕێکردنا یارمەتی بدەن. هیفایستوس بەزەحمەت بەرەو لای تیتیس چوو، لەسەر کورسیەکی ڕەخشان ڕۆنیشت، ئەوجا دەستی گرت، ڕووی تێکرد و گوتی: "ئەی تیتیسی هەژی و بەڕێز، بۆچی هاتووی بۆ ماڵەکەی ئێمە، تانهو زۆر بۆ ئێرە نەدەهاتی؟ دڵی خۆتم بۆ بکەوە، هەرچیەکت بوێ، بەس لە توانای منذا بێ، بکرێ و مەحاڵ نەبێ، دریغیت بۆ ناکەم!"

(٤٢٨) تیتیس بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە لە وەڵامیا گوتی: "هیفایستوس ئایا لەنێو هەموو یەزدانخانمانی ئۆلیمبوسدا کەسیان ئەو خەم و پەژارەیەیان هەیە کە زیوسی کوڕی کرونوس لەمنی بارکردووە؟هەستا لەناو هەموو خواوەندانی دەریاییدا، بەتۆبزی منی کرد بەهاوسەری بەشەرێکی فانی، بەهاوسەری بیلیوسی کوڕی ئیکوس، بەناچاری هاوسەری و هاوجێیی ئادەمیزادێکم قەبوڵ کرد کە ئێستا پیری کەلەلای کردووە و لە بنەبانی کۆشکەکەیدا ڕۆژگار بەڕێدەکات. جا بریا خەم و نیگەرانی یەکەم هەر ئەوەندە دەبوو و لێرەدا دەبڕایەوە.. کوڕێکم لێی بوو، وەرە بەدڵ و گیان بەخودان و پەروەردەی بکە، بوو بەسەرتۆپی قارەمانان، من ئەم کوڕەم وەکو نەونەمامێک لە باشترین و بەپیت ترین شوێنی کێڵگەیەکدا بنێژرێ و پەروەردە بکرێ، بەو شێوەیە پەروەردەم کرد و بەخۆ وکەشتییەکانییەوە بۆ (ئیلیون)م نارد تا شەڕی

تەروادەییەکان بکات. جا من جارێکی دی بەچاوانی خۆم نایبینم کە بۆ ولاتی خۆ و بۆ کۆشکەکەی بیلیوس بگەڕێتەوە. بەڵام کە هێشتا زندووە و تیشکی هەتاو دەبینێ، دووچاری خەم و پەژارەیەکی فرە بووەو هەرچەندە من چووم بۆلای، بەڵام بەهیچ جۆرێ ناتوانم یارمەتی بدەم. ئەو کیژەی کە ئاخاییەکان وەکو دیاریی بۆ ئەویان دانابوو، ئاگامەنونی بەتوانا لێی زەوت کردووە، جا لەبەرئەوە یەجگار پەرێشان و خەمبارە.. بەهەرحاڵ تەروادەییەکان، ئاخاییەکانیان لە پاڵ کەشتییەکانیاندا بەگیر هێناوە و ڕێگەیان نادەن لەوێندەر دەربچن، ئیدی ردێن سپیان و پیاو ماقوڵانی ئارگۆسی تکایان لێکردووە کە فریایان بکەوێ و بەڵێنی دیاری و دەسکەوتێکی زۆریان داوەتێ. هەرچەندە ڕەفزی کردووە کە بەخۆی بچێتە شەڕەوە و لەو مەینەتیە ڕزگاریان بکات، لێ زرێ و چەك و ئەسلەحەکەی خۆی داوە بەپاتروکلۆس و بۆ شەڕەکەی ناردووە و لەشکرێکی زۆری بەگەڵ خستووە. ئەم هێزە بەدرێژایی ڕۆژێك لە نزیکی دەروازەکاندا جەنگیون، دەشیا لەم ڕۆژەدا شار بگرن و تاڵانی بکەن، ئەگەر ئەپولۆ کوڕە دلاوەرەکەی منویتیوسی، کە پێشتریش گاڵەی بەتەروادەییەکان کردبوو، لە ڕیزی پێشەوە نەکوشتبوایە و سەرفرازی و ناڤ و دەنگی بەهیکتۆر نەدابوایە. لەبەرئەوەیە کە دەبینی ئەمڕۆ هاتوومەتە دەف تۆ، تا دەستە و دامێنت بکەوم و داوات لێبکەم کە زرێ و قەڵغان و کڵاوخودێك و جووتێ لاقبەندی بەرەزوانەدار و سینەبەندێك)م بۆ کوڕەکەم بدەیتێ، ئەو کوڕەی زۆری لەم دنیایەدا نەماوە. چونکە چەك و ئەسلەحەکەی خۆی دابوو بەیاوەرە وەفادارەکەی، کە کوژراوە و هیکتۆر بەتاڵانی بردویەتی و کوڕەکەم ئەوەتا خۆی داوە بەعاردیدا و بەدەم داخ و کەسەرەوە دەتلێتەوە."

(٤٦٢) ئیدی، خواوەندی لەنگی ناودار لە وەڵامیا گوتی: "خەمت نەبێ، دڵ لە دڵ مەدە، ئەگەر من نەتوانم بەئاسانی تیری مەرگ لە کوڕەکەت دوور بخەمەوەو کە ئەجەل هات گەڕانەوەی نییە، ئەوا دەتوانم چەك و ئەسلەحە و زرێ و قەڵغانێکی هێندە نایابی بۆ دروست بکەم، کە هەر کەسێك بیدینی واقی وڕبمێنێ."

(٤٦٨) هیفایستوس ئەو قسانەی کرد و تیتیسی لەوێندەر بەجێهێشت، چوو بەلای کورە و موشەدەمەکانییەوە، ڕووی کردنە ئاگرەکە و ئەمری پێکردن کە کار بکەن.. ژمارەی موشە دەمەکان بیست دانە بوون، و بەگڕی جیاواز ئاگری سەر بۆتەکانیان دەگەشانەوە، مس و تەنەکە و زیوو زێڕی نایە سەر ئاگرەکە، سندانە زەلامەکەی نایە سەر پایەیەك، و بەدەستێکی چەکوشەکەی گرت و بەدەستەکەی دیکە مقاشەکانی گرت.

(٤٧٨) هیفایستوس یەکەمجار قەڵغانێکی گەورەی بتەوی دروست کرد، لە هەموو لایەکەوە ڕازاندیەوە ئەمما ڕازانەوە، چوارچێوەیەکی پرشنگداری سێ تویی لە دەوری چەسپاند، بەحەمایڵی زیو پێکەوەی بەستن، قەڵغانەکەی پێنج تووێ بوو، بەوپەڕی هونەرمەندی و وەستاییەوە نەخشاندی.

(٤٨٣) نەخشی زەوی، ئاسمان، دەریا، ڕۆژی پرشنگدار و مانگی چواردە و ستێرانی ئاسمانی لەسەر کێشا بوو: بلیادس و هیادیس و ئوریون و حەوتەوانە کە بەشەران دوو براشی پێ دەڵێن

کە بەبەردەوامی بەدەوری یەکتردا دەسوڕێنەوە و دەڕوانن ئوریون، ئەو ئوریونەی کە تاقە ئەستێرەیەك بوو لە شەپۆلی ئوقیانوسدا نقوم نەبوو. هەر هەموو ئەمانەی لەسەر نەخشاندبوو..

(٤٩٠) هەروەها دووشاری زۆر جوانی بەشەرانی لەسەر ئەم قەڵغانە نەخشاندبوو: لە یەکێکیاندا شایی و زەماوەند و داوەت و دەعوەتان بوو، ئاهەنگ گێڕان لەبەر تیشك و ڕوناکی مەشخەڵاندا بووك و زاوایان لە ماڵەوە دێنایە دەرێ و بەدەم گۆرانی و ستراندوە بەکوچە و کۆڵانانی شاریاندا دەگێڕن، ئاهەنگگێڕانی لاو لەسەر نەزمی چەنگ و زوڕنا هەڵدەپەڕن و دەرەقسن.. هەر ژن بوو لەبەر دەرگاوە بەسەرسامی دەیانڕوانییە ئەم دیمەنە.

(٤٩٧) هەر لە هەمان شاردا، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی زۆر گردبوو بوونەوە، شەڕێك قەوما بوو دوو پیاو لەسەر خوێنی زەلامێکی کوژراو مشت و مڕیان بوو، یەکەمیان بەخەڵکەکەی ڕادەگەیاند کە خوێنی کابرای کوژراوی بەتەواوەتی داوە، بەڵام دووەمیان دەیگوت عەشتەبای وەرنەگرتووە.هەریەکەیان بەڵگە و بیانوی خۆی دێنایەوە. هەردوکیان دەیانویست داوەرێك بکەوێتە بەینەوەو کۆتایی بەکێشە و قەرقەشەکەیان بێنێ، هەر یەکێك لەو دووانە لەناو هاوشارییەکانیاندا لایەنگرانی خۆی هەبوو، ئەمانە ڕیزیان بەستبوو و هەر ڕیزە بەدەنگی بەرز و هەراو زەناوە لایەنگری خۆی بۆ یەکێك لە شەڕکەرەکان دەردەبڕی.

(٥٠٢) جارچییان حەشاماتەکەیان دەدایە دواوە، ردێن سپیانی شار کە بەشێوەی بازنەیی لەسەر بەردان دانیشتبوون، گۆچانی جارچییە دەنگ بەرزەکانیان بەدەستەوە گرتبوو، هەر جارەی یەکێکیان گۆچان بەدەست هەڵدەستان و ڕاوبۆچوونی خۆیان ڕادەگەیاند، بارێ زێڕیش لە ناوەڕاستیاندا لەسەر زەوی دانرا بوو، ئەو زێڕە بەکەسێك دەدرا کە باشترین داوەری دەکرد و دروست ترین ودادوەرانەترین حوکمی دەدا.

(٥٠٩) بەڵام لە شارەکەی دیدا دوو سوپا لە جەنگاوەرانی زرێپۆش و سەراپا چەکدار، کە تەدارەك و ئەسلەحەکانیان دەدرەوشایەوە، لە دەوری شار هەواریان هەڵدابوو، ئەم دوو سوپایە لەسەر ئەوە ناکۆك بوون کە ئایا شارەکە بگرن و تاڵانی بکەن، یان لەگەڵ خەڵکی شاردا، سەروەت و سامانی شارەکە دابەش بکەن و وازبێنن. بەڵام ئابڵوقە دراوانی شار بەمە قایيل نابن و بەنهێنی بۆسەیان بۆ دەنەنەوە. لەو کاتەدا کە هاوسەرە ئازیزەکانیان و منداڵە بچوکەکانیان لەگەڵ پیرەمێر و بەسالاچووەکاندا لەسەر بورج و قەڵاتەکان خڕبووبوونەوە و ئێشکیان دەگرت، ئەوانی دی بەهەشتاو لە شار وەدەردەکەوتن و بەرابەرایەتی ئەریس و ئەتینا هێرشیان دەبرد. ئەم دووە لە زێڕ دروستکرابوون، جلوبەرگی ڕەخشانیان لەبەربوو. جلوبەرگێك کە شایستەی خواوەندان بوو. بەجوانی و گەورەیی وسپەر وزرێکانیاندا دیاربوون. جەنگاوەرەکان بەجۆرێکی بچوکتر لە جووتە خواوەند نەخشێنرا بوون. جەنگاوەران، کاتێ گەیینە شوێنێکی لەبار بۆ بۆسەدانان لە بەستێنی ڕوبارێکدا، کە دەراوی ئاو خواردنەوەی چارەوێ و پەزان بوو، بەجلوبەرگ و ئەسلەحەی برونزینی ڕەخشانەوە لایان دا. تۆزێ دوورتر، دوو پاسەوان خۆیان دابووە پەنایەك، تا چاودێری هاتنی پەزان و گاگەلان بکەن. مێگەلەکان بەشێنەیی و خێرا نشێو بوونەوە، دوو شوانی سەرمەستی ئاوازی نای خۆ، بەدووی مێگەلەکانەوە بوون. شوانەکان

هەستیان بەم بۆسەیە نەکردبوو، کە بۆسەچییەکان ئەم دیمەنەیان بینی، یەکسەر پەلاماریان دان، کەوتنە سەربڕینی مالاّتەکان وپەزە سپییەکان وهەردوو شوانەکەشیان کوشت. لەو دەمەدا جەنگاوەرەکانی دی کە کۆڕیان بەستبوو، گوێیان لە هەرا و هەنگامە و بۆڕەی چێلاّن دەبێ، بەلەز سواری ئەسپەرەهوانەکانیان دەبن و بەچوار نالّە دەگەنە ئەوێندەر. لەوێ لە کەناری ڕوبارەکە شەڕێکی ڕێکوپێك دەست پێدەکەن، هەردوو سوپا بەنێزەی نوك برونزینەوە دەکەونە گیانی یەکدی.پەروەردگارانی دووبەرەکی و مەرگ و ئازاوەی شوم دەکەونە نێوانیان و لەم ڕیزەوە بەرەو ئەو ڕیز بەهەلّەداوان دێن و دەچن، پەروەردگاری مەرگ، جلێکی لەبەر بوو کە خوێنی بنیادەمی لێدەچۆڕا، ئەمە سێ کەسی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا، یەکێکیان تازە بریندار بوو بوو و یەکێکی تریان بریندار نەبوو، و لەلاقی جەنازەیەك نەوی بوو و لە ناوجەرگەی شەڕەکەوە ڕایدەکێشا.. ئەم خواوەندانە ڕێك وەکو بەشەرانی زندوو شەڕیان دەکرد. لە هەردوو بەرەکەدا جەنازەی مردووەکانیان ڕادەکێشا و دووریان دەخستنەوە.

(٥٤١) هەروەها هیفایستوس، دیمەنی کێلّگەیەکی جوان، بەپیت، پان و بەرین، سێ گاسنەی لەسەر مەتالّەکە نەخشاندبوو. ئەم کێلّگەیە زۆر جووتکاری لەسەر بوون کە بەدەم جوتکردنەوە گاجوتەکانیان بەملاو بەولادا دازۆت. هەر کە دەگەییشتنە سەری خەت، پیاوێکیان لێ دەچووە پێشێ و هەریەکە و پەرداخێ بادەی شیرینی چوون هەنگوینی دەدایە. ئەوجا دەهاتنەوە سەری خەت و خوا خوایان بوو جارەکی دی بگەنەوە ئەوسەر. کێلّگەکە لە دوایانەوە ڕەش دەچووەوە، هەرچەندە کێلّگەکە بەزێڕ نەخشێنرا بوو، بەلاّم لەتۆ وایە بەڕاستی کێلّراوە، هیفایستوس بەڕاستی هونەرێکی زۆر بەرزی نواند بوو.

(٥٥٠) هەروەها تەبارە گەنمێکی گەورەی شاهانەی لەسەر مەتالّەکە نەخشاندبوو، دروێنەوانان بەخۆ و داسی تیژیانەوە خەریکی دروێنە بوون. مەلّۆ بەمەلّۆ، ڕێك و ڕاست لە دوایانەوە دەکەوتە سەر زەوی. مەلّۆکێشان کۆیان دەکردەوە و بەباقەبێن دەیان بەستن. سێ مەلّۆنێڕ لە کێلّگەکەدا دەبینران، چەند منالّێك لەدوای ئەوانەوە بوون و مەلّۆکانیان لە زەوی هەلّدەگرت و بەباوەش دەیانبرد بۆ مەلّۆنێڕەکان. پاشای خاوەن کێلّگە لە نێوانیاندا، گۆچان بەدەست، کپ و بێدەنگ لەناو کێلّگەکەدا وەستا بوو وزۆر دلّخۆش بوو. لەم کاتەدا دەست و پێوەند و جارچیان، دوور لەوانی دی، لەژێڕ دار بەڕوویەکدا، سەرگەرمی ئامادەکردنی نان و خوان بوون، گایەکی گەورەیان کردبووە قوربانی و ئامادەیان دەکرد.. ژنانیش بڕێ جۆی سپیان لەگۆشتەکەوە دەکرد بەلّکو تامی خۆش بێ.

(٥٦١) هەروەها ڕەزێکی جوانی لەسەر سپەرەکە نەخشاندبوو کە لەژێڕ باری هێشواندا داکەوتبوو.. ڕەزێکی جوانی لە زێڕ دروستکراو، هێشووە تڕێی ڕەش، بەلقەکانەوە، کە لەم سەر تا ئەوسەری ڕەزەکە لەسەر قایمەمێوی زیو بەسترابوون، شۆڕ بوو بووەوە. هیفایستوس خەنەکێکی بەڕەنگی شین و پەرژینێکی برونزی لە دەوری ڕەزەکە نەخشاندبوو. تەنیا یەك ڕێگە بۆ ناو ڕەزەکە هەبوو. ئەوانەی کە دەچوونە هەنگورچنی لەو ڕێگەیەوە هاتوچۆیان دەکرد. کیژان و کوڕانی گەنج و سادە و ساکار، بەکەیف و خۆشییەوە بەرچنەیان لەبەری شیرین ،چوون

هەنگوین تەژی دەکرد. کوریژگەیەکیان لەگەڵ بوو کە بەئاوازێکی خۆش و ڕەوان گیتاری بۆ لێدەدان و بەدەنگە منالانە زوڵاڵەکەی گۆرانی بۆ دەگوتن و ئەوانی دی هاوئاهەنگ هەڵدەپەڕین، شاد و بەدەماخ، گۆرانییەکەیان بۆ گیتار ژەنەکە دەسەندەوە.

(٥٧٣) هەروەها گاگەلێکی لەسەر نەخشاندبوو، کە شاخیان ڕاست و درێژ بوو. چێلەکان لە زێڕ و برونز دروست کرابوون، بەدەم بۆڕە بۆڕەوە لە ئاغەڵەکەیان وەدەر دەکەوتن، تا بچنە ئەو مێرگوزارەی کە لە کەناری ڕوبارێکی سەرکێشی بەهارە وهاژەدا بوو، قامیشەڵانێك دەوری دابوو. ئەم گاگەلە چوار گاوانی لەگەڵدا بوو، هەموویان لە زێڕ دروست کرابوون، و لەگەڵ گاگەلەکەدا دەڕۆییشتن و نۆ سەگی چاپوك و دڕیان بەدواوە بوو. دوو شێری ترسناك لە پێشی پێشی گاگەلەکەوە، جوانەگایەکی بزێو وەگیر دێنن، جوانەگا بەدەم گابۆڕەوە دەبەن و.. سەگەکان و گاوانەکان شوێنیان دەکەون تا جوانەگاکە ڕزگار بکەن، بەڵام جووتە شێری دڕندە ورگی جوانەگەکەیان هەڵدڕی بوو و دەمیان تێژەند بوو و خوێنەکەیان دەخواردەوە. گاوانەکان بێهودە دەیانویست شێرەکان بترسێنن و سەگەکانیان تێبەر بدەن، بەڵام سەگەکان لە کەڵبەی تیژی شێرەکان دەترسان، و لە حەپین و وەڕین زیاتریان لە دەست نەهات!

(٥٨٧) هەروەها خواوەندی ناودار و بەبازوو لەوەڕگەیەکی گەورەی لە دۆڵێکی جوانی چیاییدا دروست کردبوو.. لەوەڕگەیەك بۆ پەزێن سپی، لەگەڵ ئاغەڵ و کوخێن سەرگیراودا..

(٥٩٠) هەروەها دیمەنی سەرایەکی شایی و هەڵپەڕکێی لەسە سپەرەکە نەخشاندبوو.وەکو ئەوەی کە کاتی خۆی دیدالۆس، لە کنوسوس بۆ ئاریادنی جوان و نازداری دروست کردبوو.. بەوێنەی کوڕ و کچی لاو ڕازاندبوویەوە، قۆڵیان بەقۆڵی یەکتردا کردبوو و دەڕەقسین. کیژەکان جلی نەرم و ناسکی کەتانیان لەبەربوو. کوڕەکان جۆرە کراسێکی دەست چنی زۆر جوان و نایاب و تۆزێ ئەستورتریان لەبەر بوو. کە تەنکە زەیتێکیان لێدابوو و بریقەی ئۆخژنی دەخستە دڵ و دەروونەوە. کیژەکان تاجی گەڵا وگوڵیان لەسەر نابوو. کوڕەکان خەنجەری زێڕیان بەقەدەوە بوو کە بەحەمایڵی زیو هەڵواسرا بوون. هەندێ جار ئەڵقاوئەڵق دەستیان دەگرت و سووك سووك و هونەرمەندانە لاقیان دەبزواند و دەڕەقسین. وەکو چۆن گۆزەکەرێك بەدیار چەرخەکەیەوە دادەنیشێت و بایەدات تا خێرایی سوڕانەوەکەی تاقی بکاتەوە،.. ئەوانیش بەو جۆرە دەسوڕانەوە.. هەندێ جاریش ڕیزیان دەبەست و لە هەنبەر یەکتر دەڕەقسین و جماعەتی بینەرانیش کە دەوریان دابوون، بەسەرسامی دەیانڕوانیە ئەم شایی و هەڵپەرکێیە. شایەرێکی گەرۆکیش گۆرانی بۆ دەگوتن و گیتاری لێ دەدا، دوو لۆتیش بەدەم ئاوازی شایەرەکەوە سوڕیان دەدا.

(٦٠٧) بەدەوری هەر هەموو ئەم دیمەنانەوە ولە قەراخی سپەرە مکۆمەکەدا جەبەروتی ئۆقیانوسی نەخشاندبوو.

(٦٠٩) کاتێ لە دروستکردنی سپەرە پتەکەوەکە بووەوە، زرێیەکی بۆ دروستکرد لە بڵێسەی ئاگر پرشنگدارتر بوو. ئەوجا کلاوخودێکی قورسی بۆ دروستکرد، کە بەتەواوەتی لەسەری و

لاجانگەکانی دەچەسپی.. کلاوخودێکی جوان بوو، کاکۆڵێکی زێڕینی خستبووە سەری. ئەوجا جووتێ لاقبەندی لە برونزی نەرم بۆ دروست کرد.

(٦١٤) ئەوسا کە شەلەی ناودار، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، چەک و ئەسلەحەکەی دروست کرد، هەڵیگرت و هێنای لەبەر پێی دایکی ئەخیلدا داینا، هەنگێ تیتیس وەکو تەواریٚك لە لوتکەی بەفرگرتووی ئولیمبۆسەوە داگەڕێ، بەو شێوەیە پڕیدایە چەک و ئەسلەحە ڕەخشانەکە و لە ماڵی هیفایستوس وەدەرکەوت.

سروودی نۆزدەیەم

مەسلەت

حیکایەتەکە:

تیتیسی دایکی ئەخیل بەزرێ و چەک و ئەسلەحەوە لەلای خواوەندی لەنگ هیفایستوسەوە گەڕایەوە و دانی بەکوڕەکەی. زۆر پێی خۆشحاڵ بوو، وەدەرکەوت و هاواری لە ئاخاییەکان کرد کە کۆببنەوە. خەڵکانێکی فرەی لە دەور خڕ بووەوە، لەوانە ئودیسیوس و کوڕی تیدیوس و ئاگامەمنون و نەستور. ئەخیل وتارێکی پڕ جۆش و خرۆشی دا ، داوای کرد یەکسەر دەست بەشەڕ بکەن. لێ ئودیسیوس پێی گوت ڕاستە لە هەموو ئاخاییەکان بەهێزترە، بەڵام ئەهلی ڕاوێژ و تەگبیران نییە. جا چونکە لەو بەتەمەنترە و لەویش پڕ ئەزموونترە، پێی وایە دەبێ جەنگاوەرەکان نان بخۆن، چونکە ئەگەر بەدرێژایی ڕۆژەکە برسی بن بەرگەی شەڕ ناگرن، بازوویان سست دەبێ و لاقیان دەلەرزێ، هەروەها دەبێ خەم و خەمینی وەلا بنرێ، چونکە ژمارەی کوژراوانی شەڕ ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکەن. ئیدی تازیە و تازیە باری دڵی جەنگاوەر ماندوو دەکات. دەبێ جۆش و خرۆشی وەدڵ و دەرون بخەین نەك خەم و پەژارە. ناشێت سوپا بەر لە ئاشتبوونەوە و مەسلەت بچێتە شەڕەوە، بەرلەوەی ئاگامەمنون سوێندی گەورە بخوات و خوان و نەزر و قوربانی بۆ خواوەندان ساز بکات. ئەم سروودتانە زەروریە تا جەنگاوەران سەرکەوتن وەدەست بێنن.

لێرەدا ئاگامەمنون لێدەبڕێ قسان بکات، لێ نایەتە ناوەندی کۆبوونەوەکە، بەڵکو لە جێی خۆیەوە قسە دەکات، دەڵێت ئەو لە پریسیس بەرپرس نییە، چونکە ئەو ئیرادەو ویستی خواوەندان بوو. ئەو هێشتا لەسەر قسە و بەڵێنی خۆیەتی کە دیاریی گرانبەها لەگەڵ پریسیسدا پێشکەش بکات، فەرمان بەئودیسیوس دەدات کە دەست و پێوەندان لەگەڵ خۆیدا بەرێ و هەرچی ئەم گوتوویەتی، بهێنێ.ئودیسیوس دەڕوات دیاریییەکان بێنێ. ئاگامەمنون قوربانی خۆی ئەنجام دەدات، بەرازێك سەر دەبڕێت و دەرخواردی ماسیانی دەدات. دوای نزا و نوێژ و پاڕانەوە لە زیوس، داوا لە ئەخیل دەکات بێتە سەر خوان و دەعوەتی ئاشت بوونەوە، لێ ئەخیل سوێند دەخوات کە تا کۆتایی ڕۆژەکە، تا تۆڵەی یاوەرە ئازیزەکەی، پاتروکلۆس، نەسەنێتەوە تامی زاد ناکات. هەرچی دەکەن قەناعەتی پێناکەن. ئودیسیوس بەدیاریییەکانەوە دەگەڕێتەوە. پریسیس لەگەڵ حەوت ژنی شارەزای هەموو هونەران، لە پێشەوە دەڕوات، گاڤێ چاوی بەپاتروکلۆس کەوت،کەوتە گریە و زاری و ژماردنی خەسڵەتە باشەکانی و چۆن کاتێ ئەخیل مێردەکەی و

برایەکانی کوشتووە، پاتروکلۆس دڵی داوەتەوە کە کارێکی وەها دەکات ئەخیل بیخوازێ، ژنەکانیش لەگەڵیا کەوتنە شین و گرین، بەڵام لە ڕاستیدا هەریەکەیان بۆ خۆی و بۆ ئەو نەگبەتیە دەگریا کە بەسەری هاتبوو.

ئەخیل زرێ سەیر و عەنتیکەکەی لەبەرکرد. هەموو بینەران واقیان وڕما. کلاوخودە پرشنگدارەکەی کردە سەری کە پرشنگی دەگەییە قوبەی ئاسمان. ئەوجا ڕوویکردە ئەسپەکانی، ئیکسانتوس و پالیوس، کە جووتێک ئەسپی یەزدانی بوون، لێیان پاڕایەوە کە ئەگەر سایەقەکەیان لەشەڕدا کوژرا بەجێی نەهێڵن وەکو پاتروکلۆسیان بەجێهێشت. ئیکسانتوس کە هیرا توانای قسەکردنی پێ بەخشی بوو بەرسڤی دایەوە و گوتی: کەس بەجێ ناهێڵن ئەگەر ئەجەلی نەیەت، بەڵام کە خواوەندانی قەدەر حوکم بدەن ئەوان سەرپێچی ناکەن. ئەوان ئێستا دەستبەرداری نابن، بەڵام کە ڕۆژی تەواو بێ و ئەجەلی بێ، ناتوانن هیچ شتێک ڕەت بکەنەوە. لێرەدا یەزدانخانمانی ئیرینی هەڵدەدەنێ و بێدەنگی دەکەن. ئەوجا ئەخیل دەنگی ئەسپەکان دەدا بەرەو شەڕگە و مەیدانی شەڕ.

زەمەن:

کات بەیانی ڕۆژی سییەمی گێڕانەوەکەیە.

شوێن:

هەموو بویەرەکان لە ئۆردوگای گریکەکان، لای خێوەت و کەشتییەکانیان ڕوو دەدەن.

(١) لەو دەمەدا کە سپێدە بەجلی زەردی زافەرانیەوە، لەنێو شەپۆلەکانی ئۆقیانوسەوە هەڵدەهات ڕوناکی بۆ نەمران و بەشەران بەدیاری دێنا، تیتیس گەییە کەناری کەشتییەکان و پێشکەشی و دیاریەکانی هیفایستوسی لەگەڵ خۆدا هێنا. سەیری کرد کوڕە ئازیزەکەی پاتروکلۆسی لە ئامێز گرتووە و بەکوڵ دەگرێ ئەمما گریان. گەلێک لە هاوڕێکانیشی دەوریان دابوو و دەگریان. یەزدانخانم خۆی بەناویاندا کرد، دەستی ئەخیلی گرت و بەڕاشکاوی گوتی: "کوڕی من چەند خەمبارین ئەم مردووە زندوو نابێتەوە، چونکە مردوو بەگریان ناژێتەوەو مردنی ئەمیش خواستی خواوەندانی لەسەر بووە و تەواو. ئێستا تۆ ئەم چەک و ئەسلەحە بێ وێنەیە لە خۆت بدە، چەک و ئەسلەحەیەکی زۆر جوانە، تا ئێستا هەرگیز هیچ پیاوێک چەکەمەنی وای بەخۆوە نەدیوە، ئەمە دیاریی (هیفایستوس)ە.

(١٢) تیتیس ئەو قسانەی کرد، زرێ و ئەسلەحەکانی لەبەردەم ئەخیلدا دانا، زرینگەیەکی سامناکیان لێ هەستا. مەرمیدونەکان ترسیان لێ نیشت، کەس نەیویرا ڕاستەوخۆ لە چەکەمەنیەکان بڕوانێ، هەموو بەترسەوە کشانەوە. لێ ئەخیل کە چاوی بەچەک و ئەسلەحەکە کەوت هێندەی دی خرۆشا و جۆشی سەند، گڕێکی سامناکی ئەوتۆ لە چاوەکانی دەبووەوە، لەتۆ وایە بڵێسەی ئاگرە.کە چەکەمەنییەکانی بەدەستەوە گرت، ئەو دیاریە عەنتیکانەی خواوەندێکی وەکو هیفایستوس، لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، بەدیتنی زرێ و تفاقە جەنگییەکەی یەجگار خۆشحاڵ بوو. ڕویکردە دایکی و گوتی: "دایکە، ئەم چەک و ئەسلەحەیەی خواوەند پێشکەشی کردوم، بەڕاستی دەستکردێکی خودایانەیە، هەر لە نەمران

دەوەشێتەوە، هیچ بەنی بەشەڕێك ناتوانێ دروستی بكات. كەواتە هەر ئێستا لەبەریان دەكەم و خۆم بۆ شەڕ ساز دەكەم. بەڵام زۆر دەترسم مێش و مەگەسان لە جەستەی پاتروكلۆسی كوڕە دلێرەكەی مینویتیوس بنیشن و لە شەبەقی زامەكانیەوە، وە ژوور بكەون و بیلەوتێنن و كرم تێی بدات و لاشە بێ گیانەكەی بشێوێ و هەموو گۆشتەكەی بۆگەن بكات."

(٢٨) تیتپسی زیوین پا لە وەڵامیا گوتی: "كوڕی من، لەم بارەیەوە خاترجەم بە. من بەخۆم هەموو ئەو مێش و مەگەزە لاسارانەی لێ دوور دەخەمەوە كە لەسەر جەستەی كوژراوانی مەیدانی شەڕ دەلەوەڕن، ئەگەر یەك ساڵی تەواو بەو دەقەوە بمێننێ، لاشەكەی نەك تێكناچێ و بۆگەن ناكات، بەڵكو لە ئێستا باشتر و جوانتر دەبێت.. بۆیە بچۆ بۆ ئەنجومەنی جەنگاوەرانی ئاخایی و هیچ شتێك لە دڵی خۆتا بەرانبەر بەئاگامەنونی سەروەری سوپا مەهێڵە، دڵت پاك بكەرەوە، بەهەموو هێز و تواناوە دلاوەری خۆت بنوێنە."

بەو قسانە، جۆش و خرۆشی شەڕی خستە دڵی ئەخیلەوە. هەنگێ عەنبەر و نۆشداروی بەجەنازەكەی پاتروكلۆسەوە كرد، تا گۆشتەكەی نەڕزێ و بۆگەن نەكات.

(٤٠) ئەوجا ئەخیلی مەزن، بەپەلە لە كەناری دەریاكەدا كەوتە ڕێ، بەدەنگێكی پڕ سام بانگەوازی كرد، جەنگاوەرانی ئاخایی رابوون، هەموو كۆبوونەوە .تەنانەت دەریاوان و سەوڵ لێدەران و میرەچیانیش، كە ئەوانە بەزۆری بەدیار كەشتییەكانەوە دەمانەوە و نەدەبوو بچنە شەڕەوە، بۆ بارەگای كۆبوونەوە هاتن. چونكە ئەخیل، هەرچەند دەمێك بوو لە شەڕە كارەساتبارەكە دوور بوو، لەوێدا دەركەوت.. دووان لە هاوەڵانی (ئایریس)ش بەشەلەشەل كەوتنەڕێ، یەكێكیان كوڕی گەڕنۆس و نەبەزەكەی تودیوس بوو، و ئەویتریان ئودیسیوسی مەزن بوو، ئەمانە خۆیان دابوو بەسەر ڕمەكانیاندا، چونكە هێشتا زامەكانیان سارێژ نەبووبوو. كە گەییشتنە بارەگای ئەنجومەن لە ڕیزی پێشەوە ڕۆنیشتن. ئاگامەنونی سەرداری سوپا لەدوای هەمووانەوە هات، ئەویش بریندار بوو، چونكە كیونی كوڕی ئەنتینور لەشەڕدا بەڕمە نووك برونزییەكەی بریندار كردبوو.

(٥٤) وەختێ ئاخاییەكان كۆبوونەوە، ئەخیلی زەرۆپ، چووە ناوەندی حەشامەتەكە و گوتی: "ئەی كوڕی ئوتریوس، بێگومان ئەوەی ئەمڕۆ دەیكەین، بۆ هەردووكمان هەم بۆ تۆ و هەم بۆ من باشتر و بەسوودتر دەبوو ئەگەر ئەوسا، لە جەنگەی ڕق و كینەماندا و لەسەر ژنێك شیر و تیرمان لێكدی دەسوو، بمانكردایە. بریا هەر ئەو ڕۆژەی كە شاری (لورنیسوس)م گرت و تالاّنم كرد و ئەو ژنەم بەدیلی هێنا، هەر ئەو ڕۆژە ئەرتیمیس تیرێكی لێدەدا و لە ناوەندی كەشتییەكانمدا دەیكوشت.. هەنگێ گەلێك لەو ئاخاییانەی تیاچوون، لە سۆنگەی پشم و غەزەبی منەوە، ناچار نەدەبوون ببنە تێشووی تیر و نێزەی دژمن و لە خاك و خوێندا بگەوزن. ئەم دووبەرەكییەی ئێمە بەقازانجی هیكتۆر و تەروادەییەكان شكایەوە. پێم وایە ئاخاییان تاماوەیەكی زۆر ئەم دووبەرەكییەی نێوان ئێمەیان لە بیر ناچێتەوە. بەهەرحاڵ با لەدووی چوان نەچین، ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی، كینەی دڵمان لغاو بكەین و بەسەریا زاڵ بین. من ئێستا كینەی خۆمم دامركاندوەتەوە، چونكە ناكرێ هەتا هەتایە هەر توڕەبم. كەواتە لەزێكە، هەرە ئاخاییانی پۆڕدرێژ بۆ شەڕ هانبدە،

تا من پەلاماری تەروادەییەکان بدەم و بزانم ئاخۆ هێشتا بەتەمان لای کەشتییەکانی ئێمە ڕۆژ بکەنەوە یان نا. پێم وایە هەر کەسێک بتوانێ هەڵێ و لە جەزرەبەی ڕمی من بخەلەسێ بەختی هەیە و بەختەوەر دەبێت."

(٧٤) ئاخاییەکان زۆریان کەیف بەوە هات کە دەستبەرداری کەرب و کین بووە. ئاگامەمنونی سەرداری جەنگاوەران، لە دوای ئەو هەستا و هەر لە جێی خۆیەوە و بێ وەی بێتە ناوەندی حەشاماتەکە گوتی: "ئەی دۆستان، جەنگاوەرانی دانایی، هەڤاڵانی ئایریس: جێی خۆیەتی و هەقە گوێ لەو کەسە بگرین کە هەڵدەستێ و قسان دەکات، هەق نییە قسەی پێ بڕین، چونکە ئەمە کارێکی خراپە و چەند بەدەم و زمان بێ دەشڵەژێ و مەبەستی خۆی پێ نایەتە دەربڕین. چۆن لە نێو هەراو زەنای حەشاماتێکدا قسە دەبیسترێ یان دەکرێت؟ وتاربێژی دەنگ بەرزیش لەم حاڵەدا دەپەشۆکێ. جا من لێبڕاوم قسەی دڵی خۆم بۆ کوڕەکەی پیلیوس بکەم، بەڵام تکایە باش گوێم لێ بگرن!.. زۆرجار ئاخاییەکان سەرزەنشتیان کردووم و گلەییان لێکردوم و بەتاوانباریان زانیوم، و بەناشیرینی باسیان کردووم. بەڵام من هیچ خەتایەکم نەبووە، من لەم کارە بەرپرس نەبووم. بەڵکو خواوەندان بەرپرسیارن، زیوس، و مویرا (یەزدانخانمانی قەدەر و چارەنووس) و ئیرینوس (یەزدانخانمی تۆڵە) بوون کە بەشەوان لەژێر باڵی تاریکیدا سەر بەهەموو شوێنێکدا دەکەن، ئەوان بوون لەو ڕۆژەدا کە لێبڕام، بەدەستی خۆم پاداشتەکەی (ئەخیل)م ڕفاند، لە جەنگەی کۆبوونەوەکەدا،ختووکەی سۆز و ئەقڵیان دام، لە خشتەیان بردم، من دەمتوانی چ بکەم؟! هەموو شتەکان بەدەستی زیوس بوو. (ئاتی) کیژە گەورەی زیوس، کە خەڵکان گومڕا دەکات و لە ڕێ دەردەکات. پێیەکانی زۆر نەرم و ناسکن، چونکە هەرگیز بەزەویدا ناڕوات، بەڵکو بەسەر سەری بەشەراندا دەڕوات و ئازاریان دەدات، ئەم و ئەو دەخاتە داوی خۆیەوە و گومڕایان دەکات.

(٩٥) تەنانەت جارێک (زیوس)شی لە خشتە بردووەو گومڕای کردووە، ئەو زیوسەی کە دەڵێن لە هەموو خواوەندان و بەشەران بەهێزتر و بەتواناترە.. بگرە هیراش، بەو ژنییەی خۆیەوە، بەفێڵ و نێرەنگان فریوی دا، لەو ڕۆژەدا فریوی دا کە ئەلکیمنی لە شاری تیبەی جواندا، هیرکولی مەزنی دەبوو. زیوس بەکەش و فشەوە ڕووی کردە خواوەندان و گوتی: "ئەی خواوەندان و یەزدانخانمان گوێ بگرن، گرێی دڵی خۆمتان بۆ بکەمەوە. لەم ڕۆژەدا یەزدانخانمی مامانی، ئیلیتیا، بنیادەمێک دێنێتە سەر دنیا، دەبێ بەگەورە و سەرداری هەموو دەوروبەری خۆی.. ئەمە نەوەی یەکێک لەو پیاوانەیە کە لە خوێنی منە." هیرای هەژی، بەوپەڕی خوایی و هەر بۆ ئەوەی دەمی ئەو تاقی بکاتەوە گوتی: "تۆ دەتەوێ پێمان ڕابوێری و ئەم قسانەی خۆت نابەیە سەر، ئەگەر بەڕاستتە، ئەی ئۆڵەمپی سوێندم بۆ بخۆ، سوێندێکی قورس کە ئەو پیاوەی گوایە لە خوێنی تۆیە و دەبێ ئەمڕۆ لە دایک ببێ و لە داوێنی ژنێک بەربێتەوە، حوکمڕانی هەموو دەوروبەرەکەی خۆی دەکات!"

(١١٢) ئەو قسانەی کرد. زیوس بەهیچ جۆرێ پەی بە بەدنیازیەکەی نەبرد. سوێندێکی قورسی بۆ خوارد کە پابەندی قسەکەی خۆی دەبێت. هیرا بەهەشتاو لە لوتکەی ئولیمبۆسەوە داگەڕا و

خێـرا گەییـە ئارگۆسـی ئاخاییـان، چـونکە دەیزانـی ژنەکـەی ستینیلوسـی کـوڕی پیرسـیوس دووگیانە و سکی حەوت مانگانە. یەزدانخانم، کارێکی وەهای کرد ئەم منالّە بەر لە تەواوبوونی ماوەی باردارى دایکی، بێتە دنیاوە، لەولاشەوە زاینەکەی ئەلکیمینی دواخست، و (ئیلیتا)ی پەروەردگاری زایاندنی منالّی، گێڕایەوە. ئەوجا بەخۆی چوو بۆ لای زیوسی کوڕی کرونوس و هـەوالّی دایـەو گـوتی: "بابـە زیـوس، ئـەی خێـوی بروسکە و هـەورە تریشـقان، هـەوالّێکم پێیـە، گەرەکمە پێتی ڕابگەیەنم، ئەمڕۆ منالّێك لەدایك بوو، کە ناوی یوروستیوس کوڕی ستینیلوس)ی کوڕی پیرسیوسە، لە توخم و تۆوی تۆیە، دەبێ بەگەورە و فەرمانڕەوای ئارگۆسییەکان

(١٢٥) کە گوێی لەو قسانە بوو، ژانێکی تیژ چووە دڵیەوە، یەکسەر چنگی لە قژە رەخشانەکەی ئاتی نا، تورە بوو، سوێندێکی قورسی خوارد، کە ئاتی جارێکی دی بۆ ئولیمبوس و ئاسمانی پڕ ئەستێرە ناگەڕێتەوە، چونکە خەڵکی گومڕا و سەرگەشتە دەکات. ئەو سوێندەی خوارد و ئەوجا قژی بادا و لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەوە تـوڕی دا، ئـاتی لـەناو کێڵگـە داچـێنراوەکانی بەشـەرێن فـانی گیرسـایەوە. زیـوس هـەر کاتـێ کـە دەیبینـی هیرکـولی کـوڕی لـەژێر فـەرمانی یوریستیوسی بێ ئینسافدایە و خەریکە لەژێر باری کاردا دەپسێ، زۆر بێتاقەت و بێزار دەبوو. منیش بەو ئاوایە، کە دەمبینی هیکتۆری مەزن، هیکتۆری کلاوڕەخشان، لە نزیکی کەشتیەکاندا، ئارگۆسیانی دەکوشت و دەبڕی، (ئاتی)م بیردەکەوتەوە کە چۆن کوێری کردبووم و لە خشتەی بردبووم و گومڕای کردبووم. بەهـەرحاڵ منـی هەڵخەڵـەتاو، کـە زیـوس هۆشـی لێ سـەند بوومـەوە، ئێستا لێبڕاوم و ئامادەم هەڵەکانی خۆم ڕاست بکەمەوە و باجێکی زۆری بێ شومار بدەم. کەواتە ڕابە و لەشکرەکە دوای خۆت بخە و هەڕە جەنگ.من لێرەم و ئامادەم هەر هەموو ئەو بەخشش و دیاریانـەی کـە ئودیسیوسـی مـەزن، ئـەو شـەوەی هـاتبووە سـەراپەردەکەت و بـەڵێنی دابوێتـێ، بخەمە بەردەمت.هەرچەندە تۆ تامەزرۆی شەڕیت، بەڵام کەمێك سەبر بکە، دەست و پێوەندەکانم چوون ئەو دیاریانەت لە کەشتییەکانمەوە بۆ بێنن، تا دڵنیابیت ئەوەندەت دیاری دەدەمێ کە پێی ڕازی بیت."

(١٤٥) هەنگێ ئەخیلی گورج و گۆڵ، گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی سەرداری جەنگاوەران، ئـەی ئاگامـەمنونی سـەرفراز، تـۆ سـەرپشك بـە، دەتـوانی دیاریـیەکان پێشکەش بکـەیت، یـان بـۆ خۆتی هەڵبگری؛ ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە. ئێستا گرنگ ئەوەیە خۆ بۆ شەڕ ساز بدەین،

(١٤٩) چونکە ڕەوا نییە ئێمە بەبێهودە لێرە بوەستین و کاتەکەمان بەقسـەوە بـەفیڕۆ بـدەین. کـاری زۆر گـەورە و گرنگمـان لـە پێشـە. جـا وەکـو چـۆن هەریـەك لـە ئێـوە ئـەخیل دەبینـێ و لـە ڕیـزی پێشـەوە ڕێ دەکـات تـا بـەنێزە تیـژ و بڕندەکـەی جـەنگاوەرانی تـەروادەیی داپاچـێت، ئێـوەش، هەیەکە بەهەمان تین و تاو، بەهەمان جۆش و خرۆش بیر لە داپاچینی ڕەقیبەکانتان بکەنەوە!"

(١٥٤) ئودیسیوسـی هۆشمەنـد و زیـرەك وەڵامـی دایـەوە: "نـەخێر، ئـەی ئـەخیلی هاوتـای خواوەندان، تۆ چەند دلێر و بێباکیش بێ، نابێ بەو پەلەپەلە کوڕانی ئاخایی بەڕەو ئیلیون، بۆ شەڕی تـەروادەییان بنێـری. چـونکە ئـەم شـەڕە درێـژە دەکێشـێت، هـەر بـەوە کۆتـایی نایـەت کـە لەشکرەکان ڕووبـەڕووی یـەکتر ببنـەوە و خواوەنـد دەسـت بەپشـتی هـەردوولادا بـدات.. فـەرمان

بەئاخاییەکان بدە کە لە کەشتییەکانیاندا نان و شەرابی خۆ بخۆن و بخۆنەوە، چونکە تێری سەرچاوەی هێز و ئازایەتیە. کەس ناتوانێ لە بەیانیەوە تا خۆرنشین، بەسکی برسی شەڕی دژمن بکات، چونکە چەند ئازاو تامەزرۆی شەڕیش بێ، لەڕ و بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ چوارپەلی سست دەبێ، برسێتی و تینویەتی زۆری بۆ دێنێ و لە پەلوپۆی دەخات. بەڵام ئەو جەنگاوەرەی تێر و پڕی خواردبێ و خواردبێتەوە، تا ئێوارە بەرگە دەگرێت و بەدڵ و بەگیان شەڕ دەکات، و دەست هەڵگیرنابێت مەگەر هەموو هاوەڵەکانی پاشەکشە بکەن. دەیسا لەشکرەکە مەرەخەس بکە و فەرمان بەجەنگاوەرەکان بدە با خوان بڕازێننەوە و نانی خۆ بخۆن. سەبارەت بەدیاریەکانیش، ئاگامەمنونی سەرداری جەنگاوەران بۆ بارەگای ئەنجومەنی دێنێ تا هەموو ئاخاییان بەچاوی خۆیان بیبینن و تۆش دڵت خۆش ببێ. با بەبەرچاوی خەڵکەکەوە سوێندی گەورەت بۆ بخوات کە هەرگیز لەگەڵ پریسیسدا نەخەوتووە وئیلاقەی نەکردووە، وەکو هەر پیاو و ژنێك ئەمە دەکەن. تۆش لەلای خۆتەوە کەرب و کین لەدڵی خۆت دەربکە. جا هەنگێ بۆ ئەوەی هیچ مافێکی تۆ نەخورێ، ئاگامەمنونی سەرکردەمان لە سەراپەردەکەی خۆیدا دەعوەتێکت بۆ ساز دەکات. تۆش ئەی کوڕی ئوتریوس لەمەودوا دەبێ دادپەروەرتر بی، گەورەیی پاشایانە لە وەدایە کە کەسێکی بەناهەق زویر کرد، خێرا ئاشتی بکاتەوە."

(١٨٤) هەنگێ ئاگامەمنون، شای بەشەران، لە وەڵامیا گوتی: "ئەی کوڕی لایرتیس، بەقسەکانت شادمانم. تۆ هەموو شتێکت، بەشایستەیی ئاشکرا کرد و مەسەلەکەت گێڕایەوە. سەبارەت بەسوێندەکە، پڕ بەدڵ ئامادەم و بەشایەتی خواوەندێك سوێند دەخۆم و خۆم درۆزنی بەردەرگای خوا ناکەم. بەڵام بەر لەوە باجاری ئەخیل، هەرچەندە پەلەی شەڕێتی، لێرە بمێنێ، ئێوەش هەموتان بمێنن، تا دەسکەوت و دیاریەکان لە سەراپەردەکەی منەوە دەهێنرێن و بەدەم قوربانیەوە سوێندەکە دەخۆم. بەڵام تکام وایە تۆ سەرپشك بەو هەندێ لە فەرماندە لاوەکانی لەشکری ئاخاییان هەڵبژێرە و هەر هەموو ئەو دەسکەوت و دیاریانەی کە پێشتر بەڵێنمان دابوو بەئەخیلی پێشکەش بکەین، لە کەشتییەکەی منەوە بهێنن، ژنەکانیش بێنن، بە (تالتوبیوس)ش بڵێن کە لە ئۆردوگای ئاخاییاندا بەرازە کێوییەك ئامادە بکات، تا بیکەینە نەزر و قوربانی زیوس و "هەتاو".

(١٩٨) ئەخیلی چاپوك، هەڵیدایە و گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی سەروەر، شای بەشەران، ئاگامەمنون، باشتر وایە ئەم کارانە بۆ کاتێکی دیکە هەڵگری. بۆ کاتێك ماوەی پشوو هەبێ و من لە ئێستا هێورتر بم. ئێستا ئەوانەی کە هیکتۆری کوڕی پریام، کاتێ کە زیوس دەستی داو سەرفرازی پێبەخشی و کوشتنی، هەموو بەشێواوی لەو دەشتە کەوتوون، کەچی ئێوە، بەهەردووکتان خوڵکی نان خواردنمان دەکەن! ئەوەی من دەمەوێ بیکەم ئەوەیە کە کوڕانی ئاخایی بەبێ خواردن و بەناشتا بۆ شەڕ ببەم، ئێواری، کاتێ ڕۆژئاوا بوو، تۆڵەی خۆمان لە تەروادەییەکان سەندەوە، هەنگینێ خوانێکی گەورە دەڕازێنینەوە. تا ئەو زەمانە هیچ خواردن و خواردنەوەیەك بەگەروی منداڕ نایات.. چونکە یاوەر و هاوڕێکەم مردووە و ئازای لەشی شەبەقی برونزی تیژ و نێزەی بڕندەیە، لە سەراپەردەکەی منداڕ بەشێواوی کەوتووە و

هەواڵەکانی دەوریان داوە و بەدیاریییەوە دەگرین. بۆیە دڵم بەم شتانەوە نییە و هۆش و بیرم تەنیا لای کوشتار و خوێن ڕشتن و ئاە و ناڵەی سامناکی شەڕقانانە!"

(٢١٥) ئودیسیوسی بەهۆش و ئاوەز بەرسڤی دایەوە: "ئەی ئەخیلی کوڕی پیلیوس، ئەی ئازاترین شەڕقانی ناو ئاخاییان، تۆ لە من بەهێزتری، لە ڕمبازیدا زۆر لە من باڵادەستتری، بەڵام لە ڕاوێژ و تەگبیراندا ناگەیە من. چونکە من بەتەمەن لە تۆ گەورەتر و داناترم. بۆیە دەبێ سەبرت هەبێ و گوێم لێبگریت! شەڕ مرۆڤ زوو برسی دەکات، وەختێ زیوسی سەرپەرشتیاری جەنگان، ئەنجامی شەڕ هەڵدەسەنگێنێ و دەسکەوت لە زیان کەمتر دەردەچێت، هەنگێ جەنگاوەران زوو لە کوشتار بێ تاقەت دەبن، شەڕ وەکو خەرمانێکە دوای ڕەنجێکی زۆر دەبینی کای لە دانی زۆرترە..بۆیە باشتر وایە بەسکی تێر دەست بدرێتە کاری وا کەم بەرهەم. خۆ ناکرێ ئاخاییان هەر کەسێکیان لێ کوژرا دەم بەقوتەوە بگرن و هیچ نەخۆن و بەمە ماتەمباری خۆیان دەربڕن، شینی مردوو بەبرسی کردنی سك ناکرێ. هەر ڕۆژەی دەستەیەك جەنگاوەر دەکوژرێن، تا شەڕ هەبێ ئەمە بەردەوام دەبێ و ژمارەی کوژراوان ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات، لەم حاڵەدا چارمان چ دەبێ؟ نەخێر، چار هەر ئەوەیە هەر کەسێکمان کوژرا، بەخاکی بسپێرین، دڵ قایم بین و تەنیا یەك ڕۆژ بۆی بگرین. ئەوانەش کە لە شەڕ دەرباز دەبن دەبێ تێر بخۆن و بخۆنەوە تا بتوانین چەکداریان بکەین و بەتین و تاوەوە بەگژ دژمنا بچین. هەنگێ کەس بیانوی نابێ خۆی بدزێتەوە و وای بەحاڵی ئەوەی لای کەشتیەکان دەمێنێتەوە. هەموو پێکەوە، وەکو یەك جەنگاوەر، پەلاماری تەروادەییانی چاپك سواردەدەین و شەڕێکی توند هەڵدەگیرسێنین."

(٢٣٨) دوای ئەو قسانە، کوڕانی نەستور، میگیسی کوڕی نیلیوس، و تواس، میریونیس و لیکومیدویسی کوڕی کریونتیس و میلانیبوسی هەڵبژاردن و دوای خۆی دان و بەرەو سەراپەردەکەی ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس وەڕێکەوتن.. لەوێ هەر کە فەرمانی دا، دەستبەجێ فرمانی جێبەجێکرا. هەوت سێ کوچکە، بیست مەنجەڵی بریقەدار ،دوانزە ئەسپیان لە خێوەتەکەوە هێنا. هەروەها حەوت ژنی دەست ڕەنگینیان لە سەراپەردەکە هێنایە دەرێ، کە بە (پریسیس)ی قشپیلەوە دەیانکردە هەشت ژن.. ئودیسیوس دە تالان (تالان ،پێوانەیەکە بەرانبەر بە ٢٦ کیلۆ) زێڕی کێشا و لە پێشیانەوە کەوتەڕێ، لاوە ئاخاییەکانی دیکەش، بەخۆ و دیاریەکانی دەستیانەوە دوای کەوتن. دیاریەکانیان هێناو لە بارەگای ئەنجومەن دایان نا.

(٢٤٩) لەم کاتەدا ئاگامەمنون هەستایە سەر پێیان، (تالتوبیوس)ش کە دەنگی لە دەنگی خواوەندێك دەچوو، لەلایەوە وەستا، بەرازێکی بەدەستەوە بوو. کوڕی ئوتریوس، هەڵیکێشایە خەنجەر، هەمیشە لە تەنیشت کیفی شمشێرەکەیەوە خەنجەرێکی بەقەدەوە بوو، کەوتە بڕینی چەند مووەیەکی چڕ لە بەرازەکە، بەدەم ئەو کارەوە دەسە و دوعا دەستی بەرزکردەوە. هەموو ئاخاییەکانی دی کپ و بێدەنگ دانیشتن و گوێیان لە نزا و پاڕانەوەکەی شا ئاگامەمنون دەگرت. ئاگامەمنون ڕوو لە ئاسمان کەوتە نزا و پاڕانەوە وگوتی: "ئەی زیوس، ئەی سەروەر و گەورەی هەموو خواوەندان، ئەی زەوی و هەتاو، ئەی ئیرینوسیان، ئەی ئەوانەی لەژێر زەویدان و تۆڵە لەوانە دەسەنن کە بەدرۆ سوێند دەخۆن.. ئێوە بەشایەت دەگرم کە من هەرگیز دەستم بۆ

پریسیس نەبردووە، نە بەمەبەستی ئاشقێنی و هەمامێزی و نە بەهیچ مەبەستێکی دیکە، بەڵکو لە خێوەتەکانمدا، بێ ئەوەی دەستی بۆ ببرێ، ماوەتەوە. جا ئەگەر ئەم سوێندە بەدرۆ بخۆم، با خواوەندان بمگرن و هەمان ئەو بەڵا و ئازارانەم بەسەردا بێنن کە بەسەر سوێندخۆرانی بەدرۆیدا دێنن."

(٢٦٦) دوای ئەو قسانە، خەنجەرەکەی بەملی یەکانەکەدا هێنا. ئەوجا تالتیبیوس، لاکەکەی بەدەوری سەری خۆیدا باداو، توڕەیایە دەریای کەفچەڕینی مەنگ و بێ بنەوە تا ماسیان بیخۆن. ئەوسا ئەخیل لە جێی خۆی هەستا و ڕوویکردە شەڕقانانی ئارگۆسی و گوتی: "ئەی بابە زیوس! تۆ باش سەر لە خەڵکی دەشێوێنی، ئەگەر وا نەبوایە کوڕی ئوتریوس هەرگیز منی بەو شێوەیە نەدەڕەنجان و تووڕەی نەدەکردم، هەرگیز بەتۆبزی ئەو ژنەی لێ زەوت نەدەکردم. بەڵام دیارە ویستی زیوس وەها بووە کە مەرگ گیانی ژمارەیەک لە ئارگوسیان بسەنێ. فەرموو ئێستا بچن نانەکەتان بخۆن، تا بچینە مەیدانی شەڕ."

(٢٧٦) دوای ئەو قسانە، خێرا کۆتایی بەکۆبوونەوەکە هات، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد و هەر کەسە و بۆلای کەشتی خۆ ڕۆییشتن. مورمیدونانی دلاوەریش کەوتنە سەروکاری دیارییەکان و بۆ کەشتیەکانی ئەخیلیان برد و شتەکانیان لە خورگەکەی دانا، ژنەکانیشیان دامەزراند، مەیتەر و میرئاخوڕانیش ئەسپەکانیان بۆ ناو گەلە ئەسپەکانی وەپێش دا.

(٢٨٢) گاڤێ پریسیس، ئەو شۆخەی لە ئەفرۆدێتی زێڕین دەچوو، چاوی بەپاتروکلۆس، کە ئازای لەشی کون کونی پەیکان بوو، کەوت. خۆی دا بەسەریا و بەدەنگی بەرز کەوتە شین و شەپۆڕێکی دڵتەزێن. بەدەست کەوتە سینگ کوتان و ڕنینەوەی گەردنی ناسک و ڕوومەتی جوانی. مینا کی یەزدانخانمێك دەیلاواندەوە ودەیگوت: "ئەی پاتروکلۆس، ئەی ئازیزترین ئازیزی دڵە کلۆڵەکەم.. وەختێ من لێرە، لەم خەرگەیە ڕۆییشتم تۆم بەزندویەتی بەجێهێشت، ئەی سەرداری لەشکرکێش، کەچی لە هاتنەوەمدا بەمردویەتی دەتبینم!.. وادیارە ئەمە بەختی ڕەشی منە کە دەبێ کارەسات بەکارەساتم بسپێڕێت. من بەچاوی خۆم مێردەکەمم، کە باب و داکی بەڕێزم بەویان بەمێرد دابووم، بینی کە لەبەردەم شارەکەماندا بەزەبری نێزە و پەیکان کوژرا، هەروەها هەر سێ براکەشم، برا ئازیزەکانم، لە هەمان ڕۆژدا کوژران.. کەچی تۆ، لەو کاتەدا کە (ئەخیل)ی گورج و گۆڵ شووەکەی کوشتم و شاری (مونیس)ی وێران و تاڵان کرد، لەو تەنگانەیەدا دڵخۆشیت دەدامەوەو نەتدەهێشت بگریم. دەتگوت کارێکی وەها دەکەم ئەخیل بەفەرمی بتخوازێ و لەگەڵ خۆیدا بۆ (پیتیا)ت دەبات و لەوێ لەناو مورمیدونەکاندا، ئاهەنگی زەماوەندم بۆ دەگێڕیت. لەبە ڕئەوە هەقی خۆمە ئێستا لەسەر کوشتەت بکەم شین.

(٣٠١) بەدەم گریانەوە ئەو قسانەی دەکرد. ژنەکانی دیکەش بەگریان و ڕۆڕۆ لە دەوری خڕبوونەوە، لە ڕاستیا بەبیانوی پاتروکلۆسەوە، هەریەکەیان بۆ خۆی و بەدبەختی و نەگبەتی خۆی دەگریا. ردێن سپیانی ئاخایی هەموو لە دەوری ئەخیل خڕبوونەوە، لێی پاڕانەوە کە شتێك بخوات، بەڵام ئەو زاری لە خواردن نەدا و بەدەم گریانەوە دەیگوت: "تکاتان لێدەکەم، ئەگەر

خاتری منتان دەوێ، کەس بۆ نان خواردن ڕووم لێ نەنێ، چونکە دەردێکی گەلەك گرانم لەدڵدایە. تاوەکو ئێواری نان ناخۆم."

(٣٠٩) دوای ئەو قسانە، فەرماندە و ردێن سپیەکانی دی هەموو ڕۆییشتن، تەنیا دوو کوڕەکەی ئوتریوس و ئودیسیوسی جوامێر، و نەستور، ئیدومینیوس، فونیکسی پیر –میرئاخوڕ و عەرەبانچی– مانەوە و کەوتنە هەوڵی ئەوەی دڵخۆشی بدەنەوە و خەمە گەورەکەی دڵی بڕەوێننەوە ودابمرکێننەوە. بەڵام ئەوە نەیدەویست بەرلەوەی بچێتە جەنگی خوێناویەوە دڵی داسەکنێ.

(٣١٥) بەدەم ئەو بیرانەوە ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: "ئەی ئازیزترین هاوڕێم، ئەی بەدبەخت، جاران تۆ، هەر جارێ ئاخاییەکان دەکەوتنە خۆ بۆ شەڕی خوێناوی تەروادەییەکان. تەروادەییانی چاپوك سوار خێرا، خۆشترین خواردنت بۆ ساز دەکردم.. کەچی ئێستا، شێواو و بێ جوڵە لەو گۆڕە کەوتووی. هێندە بۆت پەرۆشم، دڵم لە خواردن و خواردنەوە، هەرچەند لەبەردەستدان، تۆڕاوە. تەنیا خەم دەخۆم. باوەڕ بکە ئەگەر هەواڵی مەرگی بابمیان بۆ هێنابام ئەوەندەم خەم نەدەخوارد. ئەو بابەی پێمواید نهو لە پتیادا فرمێسکی میهر و سۆزی باوکایەتی بۆ کوڕێکی وەکو من، بۆ دووری من دەڕێژێت. منێك کە لەم غەریبایەتیە لە ڕای هیلینێکی قێزەوەردا شەڕی جەنگاوەرانی تەروادەیی دەکەم.. تەنانەت ئەگەر هەواڵی ئەوەیان دابومایە کە تاقە کوڕە ئازیزەکەم، نیوپتولیموس، کە بەقەد خوایەك جوانە، و ئێستا لە سکوروس بۆمی بەخێو و پەروەردە دەکەن، بەزندویەتی ناگەڕێتەوە، ئەوەندە خەمبار نەدەبووم. بەڕاستی من لە ناخی دڵەوە، بەهێڤی ئەوە بووم کە هەر من لە دووری ئارگۆس، مەڵبەندی ئەسپان، لێرە، لە خاکی تەروادەدا بمرم و تۆ بۆ پیتیا بگەڕێیتەوە تا کوڕەکەم بنەیتە سەر کەشتییە چاپوك و ڕەشباوەکەت و لە سکورسەوە بیهێنیەوە و هەموو شتەکانی منی پێ نیشان بدەیت: مووك و ماڵەکەم، نۆکەر ودەست و پێوەندانم، کۆشکە بەرز و باڵاکەم.. چونکە پێمواید پیلیوس، ئێستا، یا مردووە و بڕاوەتەوە، یا ئەگەر مابێ، پیر و کەلەلا بووەو لەژێر باری قورسی دزێوی پیریدا، بەدەم چاوەڕوانی هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی منەوە دەنالێنێ."

(٣٣٧) بەدەم گریانەوە ئەو قسانەی دەکرد، ردێن سپیەکانیش بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە، هەر کەسە و بیری لەو مووك و ماڵ و کەسوکارە دەکردەوە کە لە ولاتی خۆی بەجێی هێشتبوو. زیوسی کوڕی کرونۆس لە ئاسمانەوە تێی ڕوانین، بەزەیی پێیاندا هاتەوە. ڕویکردە ئەتینا و بەڕاشکاوی پێی گوت: "کیژم، تۆ ئەم جەنگاوەرە دلێرەت بەجارێ فەرامۆش کردووە، چیە، ئەخیل تەواو، لە دڵت دەرچوو؟ ئەوەتا لەوێ، لە هەنبەر کەشتییەکانی بەتاقی تەنێ ڕۆنیشتووە و بۆ مەرگی هاوڕێ ئازیزەکەی دەگری، هەرچەند ئەوانی دی چوون بۆ نانخواردن، لێ ئەو وەك ئەوەی بەڕۆژوو بێ خواردن و خواردنەوەی لەخۆی حەرام کردووە."

(٣٤٩) بەو قسانە ئەتینای هاندا، ئەویش بەتاسەیەکی زۆرەوە، وەکو بازێکی تیژ باڵی، دەنگ تیژ، لە قوببەی ئاسمانەوە داکشا. لەو کاتەدا ئاخاییەکان لە سەرانسەری ئۆردوگاکەدا، خۆیان بۆ شەڕ تەیار دەکرد. ئەتینا خۆی گەیاندە ئەخیل و نۆشدارو و عەنبەری خوایی بەگەرووی

ئەخیلدا کرد، تا برسێتی زەفەری پێ نەبات و لاقی لە برساندا نەلەرزێ، ئەوجا بۆ کۆشکە مکوم و بێ وێنەکەی بابە هەرە بەهێز و تواناکەی گەڕایەوە. هەنگێ ئاخاییەکان لە کەشتییە لەزگینەکانیانەوە وەدەرکەوتن. وەکو ئەو کلوە بەفرە چڕانەی کە زیوس دەیبارێنێ و بەدەم بای باکورەوە باڵ دەگرن و سارد و تەزی و سفت دادەبارن، بەڵێ بەو ئاوایە، بەهەمان چڕ و پڕی کلاوخودێن ڕەخشان، سپەرانی قۆقز، زرێ و سینەبەندی قوت و قایم و ڕمێن دارگەز لە کەشتییەکانەوە دەهاتنە دەرێ..بڕیق و هۆڕی چەك و زرێ و ئەسلەحەیان دەگەییە تاقی ئاسمان و زەوی دەوروبەریان لە تیشکی برونزی واندا غەرق بوو بوو. ڕمبەی ڕۆییشتن و هەنگاونانیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیی. ئەخیل لە ناوەڕاستیانا، چەك و تەدارەکی لە خۆ دابوو و ددانی لێکدی دەسوو، چاوەکانی میناکی ئاگر پرشنگیان دەدا، دڵی سەر ڕێژی خەم بوو. بەو جۆرە دانی لە تەروادەییەکان دەکرۆشت و دیارییە خواییەکانی، ئەوانەی کە هیفایستوسی لەنگ ڕەنجێکی زۆری بەدروستکردنیانەوە کێشا بوو، یەك یەك لەبەر دەکرد.

(٣٦٩) هەوەڵجار لاقبەندە جوانەکانی، کە بە ئاوزونەی زیو لە دیوی پاژنەیەوە قایم دەکرا، لەپێ کرد. ئەوجا زرێکەی لەبەرکرد. دوایی شمشێرە برونزییە زیوکفتەکەی لە شان کرد، دوای ئەوە قەڵغانە بتەوە نایابەکەی بەدەستەوە گرت، کە پرشنگی تا هەتەری چاو دەڕۆیی و لە تۆ وایە تریفەی مانگە. وەکو چۆن چەند دەریاوانێك، لە قوڵایی دەریادا گەردا هەڵیان دەگرێت و بڵێسەی ئاگرێکیان لەمەزاریەکی دوورە دەستی تەریکی سەر چیایەکەوە لێ بەدیار دەکەوێ و گەرداوەکە بەتۆبزی دەیانبات و لە هاوڕێکانیان دوور دەخاتەوە.. بەو ئاوایە سپەرە جوان و نایابەکەی ئەخیل پرشنگی دەهاویشت و پرشنگی دەگەییە تاقی ئاسمان.ئەوجا کلاوخودە قورسەکەی هەڵگرت و نایە سەرسەری، لە تۆ وایە ئەستێرەیە و دەدرەوشێتەوە و ئەو ڕیشو و کاکۆڵانەی کە هیفایستوس وەستایانە پێوەی نابوو بەهەموو لایەکدا نەرم و ناسك دەجوڵان و شەپۆلیان دەدا. ئەخیلی مێرخاس هەموو ئەو چەك و ئەسلەحانەی تاقی کردەوە، پڕ بەبەری بوون، چوارپەڵی زۆر بەئاسانی تیایدا دەجوڵا و لەتۆ وایە باڵن و بۆ ئاسمانی هەڵدەگرن.

(٣٨٦) ئەوسا نێزەکەی بابی لە کێلان دەرکێشا، ئەو نێزە قورس و گرانەی کە جگە لە ئەخیل، هیچ ئاخاییەکی دیکە نەیدەتوانی بەکاری بێنێ. ئەم نێزەیە لە دارگەز دروست کرابوو، خایرون لە دارێکی سەر لوتکەی بیلیونی بڕی بووەوە و دابووی بەبابی وی تا قارەمانانی پێ بکوژێت. ئوتومیدون و ئەلکیموس خەرێك بوون ئەسپەکانیان لە گالیسکەکە دەبەست، هەوساری جوانیان کردنە سەریان و لغاویان لە دەمیان کرد و جڵەوەکانیان لە عەرەبانەکە بەست.. ئوتومیدون قامچییە ڕەخشانەکەی بەدەستەوە گرت و خۆی هەڵدایە سەر عارەبانەکە و لە پشت ئەسپەکانەوە دانیشت. هەنگێ ئەخیل بەتەواوی چەك و ئەسلەحەی شەڕەوە سەرکەوت، لە چەك و ئەسلەحەدا بەجۆرێ دەدرەوشایەوە لە تۆ وایە هیپریونی خواوەندی هەتاوە. ئەوجا بەدەنگی بەرز، ئەسپەکانی بابی دەنگ دا و گوتی: "ئەی ئیکسانتوس و پالیوس، ئەی نەوە و نەتیرانی بودارجی بەناڤودەنگ، چاو بکەنەوە و ئاگادار بن، هەر چۆنێ بووە سایەقەتان بەسەلامەتی بۆ

ناو هێز و لەشکری داناییان بگەڕێننەوە. بەمردوویەتی لەو دەشتەدا وەکو پاتروکلۆس بەجێی مەهێڵن."

(٤٠٤) "ئیکسانتوس"ی ڕەهوان، ئەگەرچی لەژێر نیردا بوو، سەری دانەواندەوە و یاڵەکەی لەژێر نیرەکەوە شۆڕ بووەوە و گەییە عاردی. چونکە هیرای باسك چەرموو، توانای قسەکردنی پێ بەخشی بوو، گوتی: "بەڵێ، ئەی ئەخیلی بەتوانا: ئێمە ئەمجارەش تۆ لە مەرگ دەخەلەسێنین. لێ ڕۆژی مەرگی تۆ نزیکە، ئەوەش گوناهی ئێمەی تێدا نییە، چونکە ئەوە قەرار و قەدەری ئاسمانە. جا تەروادەییەکانیش کە چەك و ئەسلەحەکەی پاتروکلۆسیان بەتاڵاند بردووە، ئەمە ئەنجامی تەخسیر و درێغی ئێمە نەبووە. ئەو کەسەی کە ئەوی لەڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا کوشت و سەرفرازی و سەرکەوتنی بەهیکتۆر بەخشی، خواوەندێکی فرە بەتوانا بوو، کوڕەکەی لیتوی ناسك و نازدار بوو. ئێمە هەردووکمان دکارین لە بای ڕۆژئاوا، کە بەقەولی بەشەران، لەزترین بایە، خێراتر غار بدەین و تاو بدەین، بەڵام چارەنووسی تۆ ئەوەیە کە بنیادەمێك بەپشتیوانی خواوەندێك دەتکوژێت و بەسەرتا زاڵ دەبێت."

(٤١٨) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، پەروەردگارانی توڕەیی (ئیرینویس) قسەکەیان لە دەمی بڕی و بێدەنگیان کرد. ئەخیلوس، بەتوڕەیی وەڵامی دایەوە: "ئەی ئیکسانتوس بۆچی هەواڵی مەرگی خۆمم دەدەیە؟ پێوست بەوە ناکات، تۆ ئەو هەواڵەم بدەیتێ. من بەخۆم زۆر چاك دەزانم کە چارەنووسم ئەوەیە لێرە، دوور لە بابی ئازیز و دایکم بمرم. بەڵام وێڕای ئەمەش من دەست لە کوشتار هەڵناگرم، بەر لەوەی ژەهری کوشتار ومەرگ بەتەروادەییەکان بنۆشم."

(٤٢٤) ئەو قسانەی کرد، لە نەعرەتەی داو ئەسپە ڕەهوانەکانی بەناو هێزی جەنگاوەرەکانی پێشەوەدا تاودا.

سروودی بیستەم

بەشداری خواوەندان لە شەڕدا

حیکایەتەکە:

پاش مەرگی پاتروکلۆس، هیفایستوس زرێیەکی عەنتیکەی بۆ ئەخیل دروست کرد. ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئەخیل بڕیاری شەڕی داوەو بڕاوەتەوە. هەڵبەتە دەبێ لە ئەنجامی ئەمەوە ڕووداوەکان بگۆڕێ، زیوس خواوەندەکانی کۆ کردەوە، پێی گوتن دوای ئەوەی پشم و غەزەبی ئەخیل دامردەوەو ئەخیل و ئاگامەمنون ئاشتبوونەوەتەوە و ئەخیلی قارەمان سەرفرازی و شکۆی خۆی بەدەستهێناوەتەوە، خواوەندان بۆیان هەیە بەشداری شەڕ بکەن، یا هەر خواوەندێك پشتیوانی لەو لایەنە بکات کە خۆی گەرەکیەتی، ئەمە بۆ زیوس فەرق ناکات، چونکە کاروبارەکان ڕەوتی خۆیان وەرگرتووە و بەندن بەقەدەری خۆیانەوە.خواوەندەکان چاوەنۆڕیی دەرفەتێکی واهی بوون، هیرا و ئەتینا و پوسیدون و هرمیس و هیفایستوس دایانە پاڵ ئاخاییەکان، ئەپولۆ و ئەفرۆدێت و ئایریس و لیتۆ و ئیکسانتوس چوونە پاڵ تەروادەییەکان.

شەڕ هەڵگیرسایەوە. خواوەندەکان حەزیان نەدەکرد ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکە بکەن، تا شەڕەکە نەبێ بەشەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی خواوەندەکان. بۆیە لە بازنەی

پیلانگێڕی و دەسیسە و ئەو فێڵ و فەندانە دەرنەچوون کە دەیانزانی. شەڕی یەکەم لەنێوان ئەخیل و ئینیاسدا ڕوویدا، ئەپولۆ ئینیاسی قارەمانی هاندا ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە، دوای ئەوەی هەردوو قارمان تێر قسان بەیەکتر دەڵێن، شەڕێکی توند دەست پێدەکات، زۆری نامێنێ ئینیاسی تێدا بکوژرێ، ئەگەر خواوەند پوسیدون نەبوایە. پۆسیدون هەڵیگرت و گەیاندییەوە ئەوسەری بەرەی شەڕەکە. کە هەندێ دەستە و هێز خۆیان بۆ بەشداری لە شەڕەکە ئامادە دەکرد، چەکیان لەخۆ دەدا و عەرەبانە و ئەسپەکانیان لە چەك و تفاقی شەڕ بار دەکرد. هۆیەکەش ئەوە بوو کە هێشتا ئەجەلی نەهاتبوو، بۆیە ئەم خواوەندە، هەرچەند لایەنگری ئاخاییەکان بوو، ڕزگاری کرد.شەڕی گەورەی دووەم لەنێوان ئەخیل و هیکتۆردا ڕوودەدات. ئەپولۆ هیکتۆری ئاگادار کردبووەوە کە بەتەنێ و بەبێ هاوڕێکانی تووخنی ئەخیل نەکەوێ. هیکتۆر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەخیل دوور کەوتەوە.لێ کاتێ کە (پۆلیدرۆس)ی برای بینی کوژراوەو ورگ و ڕیخۆڵەی ڕژاوی لە باوەش گرتووە، خۆی پێنەگیرا، هێرشی بردە سەر ئەخیل وشەڕێکی توند لە نێوان هەردوو قارەماندا هەڵگیرسا. هیکتۆر ڕمێکی خێواندێ، لێ ئەتینا فویەکی کردو ڕمەکەی لە ئەخیل لادا، هەرچەند فوەکە سووك بوو. شەڕەکە تەواو گەرم بوو، ئەپۆلۆ ناچار بوو،چەند جارێك هیکتۆر ڕزگار بکات، ئەخیل هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە بڵێ، خواوەندێك هەیە هەموو ڕۆژ نوێژی بۆ دەکەی و لەبەری دەپارێیەوە، ئەویش ئەپولۆیە کە ئەمڕۆ کەوتۆتە پاراستنت، لێ ئەگەر خواوەندێك پشتیوانی لەمن بکات، بێگومان دەتکوژم.شەڕەکە گەرم بوو. تەروادەییەکان پەڕاگەندە بوون و هەڵاتن، هەندێکیان بەرەو شار هەڵهاتن و هەندێکیان بەرەو ڕوباری ئیکسانتوس.

زەمەن:

گێڕانەوەکە هێشتا لە ڕۆژی سییەمدایە، ئەو ڕۆژەی ئەخیل خۆی بەتەواوەتی بۆ شەڕ تەیار کرد.

شوێن:

دەوروبەری ئۆردوگای ئاخاییەکانە، ئەو دەشتەی نێوان ڕەخی دەریا و شاری تەروادە.

(١) بەو جۆرە، ئەی کوڕی پیلیوس، ئەی تینووی شەڕ، ئاخاییان ئامادە و سەراپا چەکدار، خۆیان بۆ شەڕ تەیار کرد و لە دەورت خڕبوونەوە.. تەروادەییەکانیش لەلای خۆیانەوە، هەموو بەجلی جەنگەوە، هەردەکانی دەشتی تەروادەیان گرت و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون.

(٤) لەو کاتەدا، زیوس، فەرمانی بەتیمیس دا کە هەموو خواوەندەکان بۆ کۆبوونەوە گاز بکات، ئیدی بەلەز بەناو دۆڵە پڕ پێچ و زۆر و زەبەندەکانی ئولیمبۆس کەوت و خواوەندانی ئاگادار دەکردەوە، کە کۆبوونەوەیە و بێن بۆ ماڵەکەی زیوس. تەنیا ئوقیانوس نەبێ، ئیدی هەر هەموو ڕوباران و پەریانی دەریایی، ئەوانەی لە بێشەڵانانی دڵگیر، سەرچاوە و ڕۆخانان و میرگوزارانی سەرسەوزدا دەژین، هەموو هاتن بۆ کۆبوونەوەکە، وەختێ گەییشتنە کۆشکەکەی زیوس، زیوسی هەورەوان، لەو دالانە مەرمەڕیە بریقەدار و ناسکەدا، کە هیفایستوس بەوپەڕی لێهاتوییەوە بۆ بابە زیوسی دروستکردبوو، ڕۆنیشتن.

(١٣) بەو جۆرە خواوەندانی بەردەبار لە مالّی زیوسدا خڕبوونەوە. هەروەها پۆسیدونی خودانی بوومەلەرزەش، فەرمانەکەی یەزدانخانم (تیمیس)ی بەجێهێنابوو و دەریای بەجێهێشتبوو، و هاتبوو، لەوێ لەنێو خواوەندەکاندا ڕۆنیشت و لە مەبەستی زیوسی پرسی و گوتی: "ئەی فەرماندارى هەورە تریشقەی ڕەخشان، بۆچی خواوەندانت کۆکردوەتەوە؟ ئایا لە بیری تەروادەییان و ئاخاییاندای؟.. ئایا شەڕێکی تازە لە ئارادایە ودەتەوێ خواوەندانی لێ ئاگادار بکەی؟

(١٩) زیوسی –خودانی هەوران– بەرسڤی دایەوە و گوتی: "ئەی خێوی بوومەلەرزە، ئەی هەژێنەری زەوی، تۆ نیازی دڵی من دەزانیت و لەوەش بەئاگای کە بۆ چ مەبەستێك لێرەم کۆکردونەتەوە.. من بەئێستاشەوە لە خەمی ئەوانەدام کە ڕوو لە نابووتی دەڕۆن و ملیان بەم شەڕەوە ناوە. جا من حەزم لێیە لێرە، لە لوتکەی ئۆڵەمپدا دانیشم و بەکاوەخۆ بڕوانمە ئەوێندەر و زاخاوی دڵ و دەرونم بدەم. بەڵام ئێوە، ئەی مەحشەری خواوەندان یەکسەر بچن بۆ ناو تەروادەیی و ئاخاییەکان، بەکەیفی خۆتان، لایەنگری لەهەر لایەنێکیان دەکەن، بیکەن. ئەگەر ئەخیل، بەتاقی تەنیاش پەلاماری تەروادەییەکان بدات، ناتوانن خۆیان لەبەر کوڕی پیلیوس ڕابگرن. هەر بەدیتنی قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێت، چ جای ئێستا کە لە داخی کوژڕانی هاوڕێکەی یەکپارچە بووە بەپشم و غەزەب و پشکۆی تۆڵە. من دەترسم ئەمڕۆ پێش فەرمانی چارەنوس بکەوێ و حەساری شار بڕوخێنێ و شارەکەیان بگرێت."

(٣١) کوڕی کرونوس، بەم قسانە جەنگێکی بێ ئامانی ڕاگەیاند. خواوەندان، بەگوێرەی خواست و حەزی خۆیان بوون بەدوو دەستەوە و بەرەو شەڕگە وەڕێکەوتن. هیرا ڕووی کردە حەشاماتی لای کەشتییەکان و ئەتینا، پوسیدۆنی خێوی بوومەلەرزە، هیرمیسی چاکەکار و کوانگی زیرەکی و دانایی"شی بەگەڵ کەوتن. هەروەها (هیفایستوس)ش بەشەلەشەل، لاقە لاوازەکانی وەگەڕ خست و لەگەڵیاندا چوو!. بەڵام ئەریسی کلاوڕەخشانی بەرەو ئاپۆرەی تەروادەییەکان چوو، ئەپولۆی پۆڕدرێژ، ئەرتیمسی تیرەندار، لیتو و ئیکسانتوس و ئەفرۆدێتی ئەهلی خەندە و خۆشی، بەگەڵ کەوتن.

(٤١) تا ئەو کاتەی خواوەندەکان لە شەڕگەکە دوور بوون، ئاخاییەکان زۆر بەکەیف و خۆشحاڵ بوون، چونکە ئەخیل کە ماوەیەکی زۆر دوورەپەرێز و لە مەیدانی شەڕ دوور بوو، هاتبووەوە مەیدان. تەروادەییەکان کە کوڕەکەی (پیلیوس)یان بینی، لە چەك و تفاقی جەنگدا دەبریسکایەوە و هەڤرکی ئیریسی خواوەندی شەڕ و قڕکەری بەشەرانی دەکرد، ترسێکی سەیریان لێ نیشت و قەڵەمی دەست و پێیان شکا... لێ هەر کە خواوەندان هاتنە مەیدان و بەسەر هەردوو هێزی نەیاردا دابەش بوون، خواوەندی دووبەرەکی ئاژاوە و شەڕێکی گەورەی لە بەینی هەردوو سوپادا نایەوە. ئەتینا بەدەنگی بەرز کەوتە بانگ و هاوار.. جارێ لە قەراخ خەندەکەکەی دەرێی حەسارەکە هاواری دەکرد و جارێك لەسەر کەناری بەرز و پڕ هاڕە و هاژەی دەریاوە پڕ بەزاری هاواری دەکرد. لەم لاشەوە ئەریس لەلای خۆیەوە، میناکی هەورە گۆڵەیەکی ڕەش و سامناك، لەسەر بەرزترین لوتکەی بورجی شارەوە هاواری دەکرد و تەروادەییەکانی بۆ

شەڕ هاندەدا، هەندێ جاریش بەکەناری سیمویسدا بەپەلە دەڕۆیی و خۆی دەگەیاندە تەپەی کالیکولونی و لەوێوە هاواری لە تەروادەییەکان دەکرد.

(٥٤) بەو ئاوایە خواوەندانی پیرۆز کەوتنە دنەدانی هەردوو سوپا بۆ شەڕ. ئەوجا بەخۆیان کەوتنە شەڕی یەکدی. هەنگێ زیوسی باب و سەروەری خواوەندان و بەشەران، لە ئاسمانەوە کەوتە گرمەگرم و چەخماخە ناردن بەسەریاندا. (پوسیدون)ش کەوتە هەژاندنی قولاییی زەوی بێ سنور و لوتکە بەرز و دیوارئاساکانی کۆساران لەژێر پێیاندا. هەر هەموو ڕەگ و ڕیشە و لوتکەکانی ئیدای پڕ فوارە و سەرچاوان کەوتە لەرزین. هەروەها شاری تەروادە و کەشتی ئاخاییەکانیش کەوتنە لەرزین. هادیسی خێوی شەبەنگان و سەروەر و خوای جیهانانی ژێرین، ڕاچڵەکی و لەسەر عەرشەکەی ڕابوو و بەدەنگی بەرز هاواری کرد. لەوە دەترسا کە پوسیدونی خێوی بوومەلەرزە، زەوییەکەی سەر ئەو شەق بکات، قەڵەمڕەوە ترسناك و بۆگەنەکەی، کە خواوەندانیش لێی دەترسن، بۆ بەشەران و خواوەندان ئاشکرا بکات. کاتێ خواوەندەکان بەربوونە گیانی یەکدی بوو بەو ڕۆژی حەشرە. ئەپولۆ بەخۆ و تیرە باڵدارەکانیەوە بەرانبەری لە شا پوسیدون گرت.. یەزدانخانم ئەتینای چاوگەش دژی ئەریس وەستا.. ئەرتیمسی شکارچی، زێڕین تیر، و تیرەندازی خوشکی ئەپولۆی دوور ئەنگێوە بەرانبەر بەهیرا وەستا، (هیرمیس)ش ڕووبەڕووی (لیتو) بووەوە. ئەو ڕوبارە قۆڵ و پڕ گێژەنگەی کە خواوەندان ئیکسانتوس، و بەشەران سکاماندری پێی دەڵێن دژی هیفایستوسە لەنگی مەزن وەستا.

(٧٥) بەو جۆرە خواوەندان بەرانبەریان لێکدی گرت. لێ ئەخیل یەجگار تاسەمەندی ڕووبەڕووبوونەوەی هیکتۆری کوڕی پریام بوو.. چونکە دڵی ئەمری پێدەکرد کە بەر لەهەر کەسێك، ئەو جەنگاوەرە سەرسەختە بکوژێت و تینوێتی ئیریسی –جەنگاوەری چەرمین سپەر، بەخوێنی ئەم قارەمانە پاراو بکات. ئەپولۆی ڕێنوێن و هاڕۆژێنەری لەشکران، کەوتە هاندانی ئینیاس بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوڕەکەی پیلیوس و تا توانی زاتی خستەبەری. دەنگی خۆی گۆڕی بەدەنگی لیکایونی کوڕی پریام، و چووە پێستی ئەوەوەو ڕوویکردە ئینیاس و گوتی: "ئەی ئینیاس، ئەی شیرەتکار و بەردەباری تەروادەییان، کوا ئەو قسە و ئازایەتی و هەڕو گیڤەی کە بەدەم خواردنەوەوە بۆ فەرماندەکانی تەروادەت دەکرد و خۆت پێوە بادەدا. ئەدی هەر تۆ نەبووی بەخۆت دەفشی و دەتگوت ڕووبەڕووی ئەخیل دەبمەوە؟

(٨٦) ئینیاس بەرسڤی دایەوە: "ئەی کوڕی پریام بۆچی بەو زمانە هانم دەدەی بەگژ کوڕی بەجەرگی پیلیوسدا بچم، لە کاتێکدا دەزانی کە ئەو خۆراکی من نیە؟ ئەمە یەکەمجارم نیە کە دژی ئەخیلی لەزگین دەوەستم. جارێکی دیکەش بەخۆ و بەڕمەکەیەوە منی لە ئیداوە ڕاوناوە، ئەو کاتە بوو کە گاگەلەکانی بەتاڵان بردین و لیرینسوس و (پیداسوس)ی وێران کرد. ئەگەر زیوس فریام نەکەوتبا ،ئەو غیرەتی نایە بەرم و هێز و توانای بەلاقم بەخشی، بەخۆی و ئەتینا، دەیانکوشتم. ئەتینا پێشی کەوتبوو، لە ئاسیوانی دەپاراست و دنەی دەدا بەڕمە برونزیەکەی بکەوێتە گیانی خەڵکی لیجیسی و تەروادەییان، یاخوا کەس ڕووبەڕووی ئەخیل نەبێتەوە و لەگەڵی بەشەڕ نەیەت، هەمیشە خواوەندێکی لە تەکدایە، کە لە ئاسیو و بەدبەختی دەپارێزێت.

ئەمە جگە لەوەی نێزەکەی ڕاستەوخۆ بەرەو ئامانج دەکشێت و تا بەدەنی بەشەرێك نەپێکێ و نەسمێ ناوەستێتەوە.لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر خواوەندێك هەبێ و ئیمکاناتی شەڕی نێوانمان یەکسان بکات، ناتوانێ بەئاسانی بۆڕم پێ بدات، هەرچەند لاف و گەزافی ئەوەش لێ بدات کە قەڵای پۆڵاینی دژمنان و نەیارانی ئێمەیە.

(١٠٣) ئەپولۆ، کۆڕی زیوس، لەبەرسڤیا گوتی: "نا، ئەی قارەمان، تۆش وەرە، نوێژ بۆ خواوەندان بکە، لە بەریان بپارێوە. تۆش، وەباڵ بەئەستۆی خەڵك، لە ئەفرۆدێتی، ئەفرۆدێت کیژی زیوسە، خۆ پایەی دایکی ئەخیل، لەنێو یەزدانخانماندا لە پایەی دایکی تۆ کەمترە. چونکە دایکی تۆ کچی زیوسە، و دایکی ئەو کیژی پیرەمێردێکی فەرمانڕەوای دەریایە. کەواتە ڕمە برونزیە مکومەکەت بێنە و پڕی دەیە، نەترە بەر مەدە و نە لە تەوس و توانج و نە لە هەڕ و گیڤی مەترسە."

(١١٠) ئەپولۆ، بەو قسانە زاتو غیرەتی نایە بەر سەرداری سوپا، تەدارەکی جەنگی لەخۆدا، سەراپا برونزی ڕەخشان بوو، بەو شێوەیە خۆی گەیاندە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکان. هیرای بازوو چەرمگ، کە کوڕەکەی ئەنخیسیسی بینی بەپەلە بەنێو حەشاماتەکەدا دەڕۆیی تا ڕووبەڕووی کۆڕی پیلیوس ببێتەوە، خواوەندەکانی لە خۆی خڕکردەوە و پێی گوتن: "ئەی پۆسیدۆن و ئەتینا، ئێوە هەردوکتان لە دڵی خۆدا بیربکەنەوە کە ئەنجامی ئەم کارانە چ دەبێ، ئەوەتا ئینیاس بەخۆ و کلاو ڕەخشانەکەیەوە، بەپەلە دەڕوات تا ڕووبەڕووی کوڕەکەی پیلیوس ببێتەوە، ئەپولۆ، دەست بەپشتیا دەدا و دنەی دەدا. جا ئێمە یا دەبێ بیگێڕینەوە، یان یەکێکمان بچینە هیمدادی ئەخیل و هانی بدات و ورەی بەرز بکاتەوە. دەبێ بزانێ کە ئەو خواوەندە نەمرانەی خۆشیان دەوێ و پشتیوانی دەکەن، لە هەموو خواوەندەکانی دیکە پتر جێی باوەڕ و متمانەن، بەڵام ئەوانەی کە تا ئێستا داکۆکیان لە تەروادەییەکان کردووە، فشەن و هیچ نین. ئێمە هەموومان لە ئولیمبوسەوە هاتووین تا لەم شەڕەدا بەشداری بکەین و نەیەڵین ئەخیل ئەمڕۆکە لە ناو تەروادەییەکاندا هیچ ئاسیوێکی بگاتێ. پاشان وازی لێ دێنین ڕووبەڕووی ئەو شتە ببێتەوە کە قەدەر، لە ڕۆژی لە دایکبوونیەوە، لەو ڕۆژەوە کە دایکی ژیانی پێ بەخشیوە، لە چارەی نووسیوە. ئەگەر ئەخیل ئەمە لە زاری یەکێك لە خواوەندەکانەوە نەزانێ، کاتێ لەشەڕدا ڕووبەڕووی خواوەندێك ببێتەوە دەترسێت، چونکە خواوەندان کاتێ دەردەکەون و دێنە بەرچاو یەجگار سامناکن.

(١٣٢) ئەوجا پۆسیدۆنی زەوی لەرزێن، لە وەڵامیان گوتی: "هیرا، بەخۆڕایی خۆت تووڕە مەکە، ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە. من لەگەڵ ئەوەدا نیم خواوەندان شەڕی یەکتر بکەین. باشتر وایە بچین لە پەنایەکەوە دابنیشین و تەمەشا بکەین و شەڕەکە بۆ بەشەران بەجێ بهێڵین، خۆ ئەگەر ئیریس یان ئەپولۆ بچنە شەڕەوە، یان ڕێ لە ئەخیل بگرن و نەیەڵن شەڕ بکات، هەنگێ ئێمەش هەقی خۆمانە بچینە شەڕەوە. پێموایە ئەوسا بەپەلە لە شەڕەکە دوور دەکەونەوەو دەگەڕێنەوە بۆ ئولیمبوس بۆ ناو ئاپۆڕەی خواوەندەکان، چونکە ئەوان باری ئێمە نابەن و دەرەقەتمان نایەن."

(١٤٤) خواوەندی پۆڕەش دوای ئەو قسانە، بردنی بۆ ئەو حەشارگە بەرزەی کە تەروادەییەکان لەگەڵ ئەتینادا بۆ هیروکلیسی ئاسمانی نەژادیان دروست کردبوو، تا بتوانێ پەنای بەرێتێ و خۆی لە چنگی ئەو حەزیا دەریاییە دەربار بکات کە لە کەناری دەریاوە بەرەو دەشتەکەی ڕاودەنا. پۆسیدون وخواوەندەکانی هاوڕێی لەوێندەر ڕۆنیشتن، ئەوجا خۆیان لەژێر پەڵە هەورێکی توندا وەشێرد. لەولاشەوە خواوەندەکانی هاوسۆز و لایەنگری بەرەی بەرانبەر، لەسەر بەرزاییەکانی کالیکولونی، لە دەوری تۆ ئەی ئەپولۆی کەوانکێش و لە دەوری ئیریسی وێرانکەری شاران، بەرانبەر بەدەستە خواوەندەکەی دی دانیشتن.

(١٥٣) بەو جۆرە، خواوەندان، کە بەدوو دەستە دانیشتبوون، تەگبیریان دەکرد، هیچ لایەکیان حەزیان نەدەکرد لە شەڕدا دەست پێشکەری بکەن، زیوس لە ئاسمانەوە، لە عەرشی بەرزی خۆیەوە چاودێری دەکردن.. نیشانەکانی شەڕ دیار بوون، دەشتەکە پڕ بوو لە جەنگاوەر و ئەسپان، سەراپای دەشتەکە لە برونزا دەدرەوشایەوە، زەوی لەژێر پێی ئاپۆڕەی جەنگاوەرانی هەردووڵادا دەلەرییەوە، دوو پیاوی بەشان و باهۆی لە هەمووان بەهەیبەتتر لەنێو هەردوو لەشکرەکەوە هاتنە دەرێ و لە مەیدانەکەی نێوان هەردوو سوپاکەدا بەرەو ڕووی یەکتر چوون، هەردوکیان شەڕیان لێدەباری.. ئەو دووە ئینیاسی کوڕی ئەنخیسیس، و ئەخیلی میٚرخاس بوون.

(١٦) ئینیاس، لە پێشا، بەدەم هەڕ وگیڤەوە هاتبووە مەیدان، کلاوخودە گرانەکەی بەسەر سەرییەوە دەلەرییەوە، سپەرە مکومەکەی بە بەر سینگیەوە گرتبوو، نێزە برونزیەکەی لە دەستیا با هەڵدەدا. لەولاشەوە کوڕەکەی پیلیوس وەکو شێرێکی دڕی دڕندە کە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لێی خڕببنەوەو بیانەوێ پەلاماری بدەن، سەرەتا بێتە پێشێ و هیچ حەساوێکیان بۆ نەکات، و هەر کە لاوێك خێرا ڕمێکی تێ بسرەوێنێ و شێرە بهاڕوژێ و دەمیان لێ داپچڕێ و کەف لە دەم و زاریەوە دەرپەڕێ و کلکی بەملاو بەولادا بابدات و گڕ لە چاوانی دەرپەڕێ، یەکسەر پەلامار بدات و هەوڵبدات یەکێکیان لێ بکوژێت، یان خۆی لەبەردەم ئاپوڕاکەدا بکوژرێ.. (ئەخیل)ش بەهەمان پشم و غەزەب تاوی دایە ئینیاس.

(١٧٦) کاتێ لێکدی نزیکبوونەوە، ئەخیلی جوامێر و لەزگین ڕوویکردە ئینیاس و پێی گوت: "ئەی ئینیاس بۆچی بەم جۆرە لە سوپاییانی خۆت دوورکەوتویتەوە، تا ڕووبەڕووی من ببیتەوە؟ گوایە بەخەیاڵی خۆت، شەڕی من دەکەیت بەو ئومێدەی لەنێو تەروادەییەکاندا ،لەنێو ئەو چاپك سوارانەدا هەمان شوێن و دەسەڵاتی پریام بگریتەوە و پەیدا بکەی؟.. نا، خەیاڵت خاوە، گریمان بشمکوژیت، پریام هەر مەملەکەتەکەی خۆیت ناخاتە بەردەست .چونکە کوڕی فرەن، پیاوێکی بەئاوەز و بەردەبارە.. یان تەروادەییەکان بەڵێنی ئەوەیان داویتێ کە ئەگەر من بکوژیت زەوی و زارێکی زۆر و بەپیت، سەروەت و سامان و دەوڵەت، میٚرگ و مەزراوڕەزو باخان و گەنمە جارێکی فرەت دەدەنێ؟ بەڵام پێم وایە کوشتنی من لە کێشی تۆدا نییە.. هەر تۆ نەبووی جارێکیان بەپەلە پروزێ لە چنگم دەربازبوویت؟ بیرت چووەوە ڕۆژێ کە بەتەنێ لای

گاگەلەکەت بووی، گاگەلەکەم تالآن کردی و بەلوتکە و قەدپالّەکانی ئیدادا چنگ لەسەر شان ڕاوم دەنایت؟.. ئەو ڕۆژە بەجۆرێ قوچانت نەتوێرا بۆ تاقە جارێکیش ئاوڕی پاشەوە بدەیتەوە.
لەوێوە بۆ لورونیسوس هەلآتی، لێ هێرشم هێنایە سەر ئەوێندەرش، و بەکۆمەکی ئەتینا و بابە زیوس دەستم بەسەرا گرت، وێرانم کرد، ژنەکانم بەدیلی برد. بەلآم خوا بەقوربانی زیوس و هەندێ خواوەندی دیکەت بکات کە فریات کەوتن و دەربازیان کردیت. جا تۆ وادەزانی ئەمجارەش دەتپارێزن، نا، پێم وانیە ئەمجارە هەقیان بەسەرتەوە هەبێ. بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم، ئەمرت پێ دەکەم ڕێ و ڕێ بۆ ناو هاوڕێکانت بگەڕێوە، ڕووبەڕووی من مەبەوە، دەنا خراپ دەبینی و ژێوان دەبییەوە.. کەر ئەو کەسەیە پاش باران بیر لە کەپەنك بکاتەوە.
(١٩٩) ئینیاس لە وەلآمیا گوتی: "ئەی کوڕی پیلیوس، مەحالّە بەگالّەی دەم بمتۆقێنی، وەکو ئەوەی من منداڵ بم، منیش گەر بمەوێ دەزانم وەکو تۆ جنێوان بدەم و هەڕوگیڤ بکەم. هەردووکمان ڕەگ و ڕەچەلّەکی یەکتر دەناسین، ناوبانگی باب و داکی یەکترمان لە داستانانی سەرزاری بەشەرانەوە ژنەوتووە و دەیان ناسین. بەلآم نەتۆداك وبابی منت دیتوون نە من هی تۆ..دەلّێن تۆ لە توخم و تۆوی پیلیوسی مێرخاس و جوامێری، دایکت تیتیسی کەزێ شۆڕە، یەکێکە لە پەریانی دەریایی. بەلآم من، ئەنخیسیسی مێرخاس بابمە و دایکم ئەفرۆدێتە.. ئەمڕۆکە باب و داکی من یا هی تۆ، لایەکیان لەسەر کوشتەی ڕۆلّەکەیان دەکەن شین. جا پێم وایە قسەی بۆش و بەتاڵ تینوێتی کەسمان ناشکێنێ، ڕۆژ ڕۆژی شەڕە. بەلآم ئەگەر تۆ دەتەوێ ڕەگ و ڕەچەلّەکی من باشتر بناسیت، کە لای زۆربەی خەلّك ئاشکرایە، گوێ بگرە و بزانە
(٢١٥) یەکەمجار زیوسی خێوی هەوران، داردانۆسی لێ کەوتەوە کە شاری داردانیای دامەزراند، ئەوسا هێشتا ئیلیونی پیرۆز دانەمەزرابوو، تا ببێ بەمەفتەن و مەلّبەندی ئەو بەشەرانەی کە لە دۆلّە پڕ سەرچاوە و کانیاوەکانی ئیدادا دەژیان. ئەوجا داردانۆس کوڕێکی لێکەوتەوە، کە شا ئەریختونیوس بوو، کە بوو بەزەنگینترین بەشەر، سێ هەزار ئەسپ و ماینی هەبوو لە مێرگوزارەکانیا دەلەوەڕین و زۆری دڵ بەمندالّە نازدارەکانی خۆش بوو. بای باکور کە ئەم ماینانە لە لەوەڕەگەدا دەبینێ حەزی دەچێتە سەریان، بۆیە دەچێتە پێستی ئەسپێکی یاڵ ڕەشەوە و لێیان دەپەڕێ، ماینەکان ئاوس بوون و دوانزە جوانویان هێنا. ئەم جوانوانە کاتێ بەگەنمەجارێکدا بڕۆیشتبان، بەجۆرێ بەرز دەبوونەوە دەکەوتنە سەرووی گوڵە گەنمەکانەوە و نەیاندەهێشت تاقە گوڵێك بشکێتەوە .کاتێ بەسەر دەریادا دەڕۆیین. بەسەر بەرزترین شەپۆلانی کێو ئاسای دەریادا دەپەڕینەوە ئیدی ئەریختونیوس (تروس)ی لێکەوتەوە، کە بوو بەپاشای تەروادەییەکان (تروس)ش سێ کوڕی لێکەوتەوە، کوڕ نەگالّتە کە بریتی بوون لە: ئیلوس، ئەساراکوس، و گانیمدیس کە جوانترین پیاوی ناو بەشەران بوو، لە خواوەند دەچوو، بۆیە خواوەندان دڵبەندی بوون و هەلّیانکێشا بۆ ئاسمان تا لەوێ ببێ بەساقی و مەیگێڕی زیوس، و لەگەلّ نەمراندا بژی. ئیلیوس، لاومیدونی بێ وێنەی خستەوە، لاومیدون، تیتونوس و پریام و کلوتیوس و هیکیتایونی ئەریس زادەی بوو. بەلآم ئەسارکوس، کابیسی خستەوە و کابیس بابی ئەنخیسیس بوو، و (ئەنخیسیس)ش بابی منە و هیتکۆری مەزنیش کوڕی پریامە..

(٢٤١) ئەمە ئەو ئەسڵ و فەسڵ و ڕەگ و ڕەچەڵەکەیە کە لێوەی هاتووم. ئەو خوێنەیە کە شانازی پێوە دەکەم. سەبارەت بەئازایەتی و مێرخاسی، بەدەستی زیوسە، بەکەیفی خۆی بەسەر بەشەرانیدا دابەش دەکات. کەمی و زۆری بەدەستی خۆیەتی، چونکە ئەو سەروەر و گەورەی هەمووانە و لە هەمووان بەتواناترە. بەڵام باواز لەم قسانە بێنین، با چیتر وەکو منداڵان لە جەرگەی مەیدانی شەڕدا قسان نەکەین. قسەی سارد و سڕ و جنێوان هێندە زۆرە، کە هەریەکێکمان دەتوانێ ئەوەندە قسەی ناشرین بەوی دی بڵێ کە کەشتیەکی سەد نەفەری نەیگرێ و نەتوانێ هەڵیبگرێ. زمانی بەشەر ئامانی نیە، گۆشتێکی نەرمە و بەهەموو لایەکدا دەگەڕێ، وتەی باش و وتەی بەدی لێ دەوەشێتەوە. تۆ بتوانی هەر شتێك بڵێی، هەمان شت دەبیستیەوەو هەمان شتت پێ دەگوترێتەوە. ئیدی چ پێویست دەکات بکەوینە تانە و تەشەر لێکدی، وەکو ئەو ژنانەی بەشەڕ دێن و تووڕەیی جڵەویان لە دەست دەسێنێ و سەری ڕێگە لێکدی دەگرن و هەزار و یەك جنێوی سەر بەکولّکەی ڕاست و درۆ بەپێی تووڕەییەکەیان بەسەر یەکدیدا دەبارێنن. جا تۆش ناتوانی بەقسە و جنێوان من ببەزێنی و خولیای شەڕم لەسەر دەربێنی .بۆیە باشتر وایە بەڕمان ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە و یەکتری تاقی بکەینەوە!"

(٢٥٩) دوای ئەو قسانە، نێزەیەکی خێواندە سپەرە عەنتیکە و سامناکەکەی ئەخیل، سپەرەکە لە ئاستی نوکی ڕمەکەدا زرنگایەوە و دەنگی دایەوە. کوڕی پیلیوس سپەرەکەی بەدەستە بەهێزەکانی خۆی لەبەردەم خۆی ڕاگرت. ئەوی ڕاستی بێ ترسا، چونکە پێی وابوو ڕمەکەی (ئینیاس)ی جوامێر بەئاسانی سپەرەکەی دەبڕێ. غافڵ بوو لەوەی کە ئەو دیارییە بەشکۆیانەی خواوەندان، بەو ئاسانییە بەبەشەرانی فانی بێنە شکان، ئەوە بوو نێزە قورسەکەی ئینیاسی جوامێر، سپەرەکەی نەبڕی، چونکە ئەو تووێژە زێڕەی کە دیاریی خودابوو، و لە دروستکردنی سپەرەکەدا بەکارهاتبوو نێزەکەی گەڕاندەوە. هەرچەندە نێزەکە دوو لۆی سپەرەکەی بڕی، بەڵام سێ لۆیەکەی دی وەکو خۆیان مانەوە. چونکە خواوەندی لەنگ لە پێنج لۆ دروستی کردبوو، دووانی لە برونز، دوانی زێڕتر لە مس و لۆیەکی ناوەڕاستیان لە زێڕ بوو، جا ڕمە بناویەکە لەم لۆیەیاندا وەستایەوە.

(٢٧٣) هەنگێ ئەخیل، ڕمەکەی خۆی هاویشت. بەر سپەرەکەی ئینیاس کەوت، ڕێك بەر قەراخی دەرەوەی سپەرەکە کەوت کە برونزەکەی زۆر تەنك بوو هەروەها چەرمەکەی زێڕیشی زۆر تەنك بوو ڕمەکە کە لە داربناوی چیای پیلینا دروست کرابوو، بەر قەراخی سپەرەکە کەوت، پیرە سپەر تەقەی لێ هەستاو دەنگی دایەوە. ئینیاس خەریك بوو بکەوێ. سپەرەکەی لە خۆ دوور گرت، ترسی لێنیشت ڕمەکە لە پشتیەوە تێپەڕی و لە عاردی چەقی، هەرچەند دوولۆی قەراخی سپەرەکەی شکاند بوو، بەڵام ئینیاس لە ڕمەکە خەلەسی، زۆر حەپەسا، لەجێی خۆی وەستا، کە بینی نێزەکە لە نزیکی ئەوەوە لە عاردی چەقی ترسێکی زۆری لێنیشت. ئەخیل شمشێرە بڕندەکەی هەڵکێشا و لە نەعرەتەی داو پەلاماریدا، ئینیاس هەڵیگرتە بەردێکی گەورەی ئەوتۆ کە بەدوو زەلامی ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەڵنەدەگیرا، لێ ئینیاس بەتاقی تەنێ و زۆر بەئاسانی هەڵیگرت.

(٢٨٨) لەم کاتەدا ئینیاس دەیتوانی ئەو گابەردە بەکلاوخود یان سپەرەکەی ئەخیلدا بکێشێت، ئەو سپەر و کلاوخودەی کە لە مەرگیان دەپاراست. هەروەها (ئەخیل)ش دەیتوانی بەزەبری شمشێرەکەی ورگی ئینیاس هەڵدڕێ و ڕوحی لەبەر بپڕێ، ئەگەر پوسیدونی زەوی لەرزێنی چاوتیژ نەیدیبان. ئەوەبوو یەکسەر ڕوویکردە خواوەندەکان و گوتی: "ئەی خواوەندان، گوێ لە من بگرن... من زۆر بەخەمی ئینیاسی مێرخاس و دلێرەوەم، کە هەر ئێستا بەدەستی ئەخیل دەکوژرێت و بەتەنێ دەڕوات بۆ هادیس ،خانەی مردووان. چونکە ئەم گەوجە بەگوێی ئەپولۆی دوور ئەنگێوەی کردووە. غافڵە لەوەی کە ئەپولۆ لە مەرگی ناپارێزێ. باشە بۆ دەبێ ئەم جەنگاوەرە بێ تاوانە، بەبێ هیچ هۆیەکی ماقول باجی هەڵەی کەسێکی تر بدات؟ ئەم جەنگاوەرەی هەمیشە نەزر و قوربانی بەخواوەندانی ئاکنجی ئاسمانی بێ کۆتایی، پێشکەش کردووە .جا با ئێمە بەخۆمان فریای بکەوین و نەیەڵین ئەخیل بیکوژێت، چونکە زیوسی کوڕی کرونوس تووڕە دەبێت.. چارەنوسیشی وایە کە نابێ بمرێت، تاوەکو تۆ و توخمی داردانۆس نەبڕێتەوە.. ئەو داردانوسەی کە زیوس لەهەر هەموو ئەو منالانەی کە لە ژنانی بەشەری بوونی خۆشتری گەرەکە. جا کوڕی کرونوس لە نەوەی پریام بێزار بووە و لەمەودوا ئینیاسی مەزن و لەدوای خۆی نەوەکانی فەرمانڕەوایی تەروادەییەکان دەکەن."

(٣٠٩) هەنگێ هیرای هەژی، چاوکەژاڵ لە بەرسڤیا گوتی: "ئەی زەوی لەرزێن ،خێوی بوومەلەرزان! بەخۆت بیر لە مەسەلەی ئینیاس بکەوە، ئەگەر دەتەوێ ئینیاس لە فەوتان ڕزگار بکەی و نەیەڵی بەدەستی ئەخیل بکوژرێ، تۆ خۆت بەوردی بیری لێ بکەوە، چونکە ئێمە، من و ئەتینا چەندین جار لەبەردەم هەموو خواوەندە نەمرەکاندا سوێندمان خواردووە کە هەرگیز لە تەنگانەدا بەهانای تەروادەییەکانەوە نەچین.. تەنانەت ئەگەر هەر هەموو تەروادەش بەدەستی جەنگاوەرانی نەبەزی ئاخایی بێتە سوتاندن."

(٣١٨) کاتێ پۆسیدون، زەوی لەرزێن، گوێی لەو قسانەی هیرا بوو خۆی بەمەیدانی شەڕەکەدا کرد و بەناو هەراو هەنگامەی شەڕەنێزاندا خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە ئینیاس و ئەخیلی لێ بوون. یەکسەر تەمومژێکی خستە سەر چاوانی ئەخیلی کوڕی پیلیوس، و ڕمە بناوییە بەبرونز پۆشراوەکەی لە سپەرەکەی ئینیاسی گەڕنۆس و دلێر دەرکێشا و لەبەر پێی ئەخیلدا داینا. ئەوجا ئینیاسی هەڵگرت، لە زەوی بەرزکردەوە. ئینیاس کە دەستێکی خوایی هەڵیگرتبوو بەسەر سەربازان و ئەسپ و عەرەبانانەدا فڕی تا گەییە ئەوپەڕی مەیدانی شەڕە خوێناوییەکە ،کە کوکونانەکان لەوێندەر خۆیان بۆ شەڕ ئامادە و ساز دەکرد. هەنگێ پوسیدونی زەوی لەرزێن لێی نزیك بووەوە و گوتی: "ئەی ئینیاس، ئەمە کام خودا گەوجی کردوویت تا بچی بەگژ کوڕی پیلیوسدا کە هەم لەتۆ بەهێزترە و هەم خواوەندانیش لەتۆ زیاتریان دەوێ؟ پێویستە هەر کاتی دیتت خۆتی لێ لابدەی، نەبا بەرلەوەی ئەجەلت بێ هەواڵەی هادیس (خانەی مردووان)ت بکات. هەر گاڤێ ئەخیل ئەجەلی هات و مرد دەتوانی بچیتە ڕیزی پێشەوەی شەڕ و دەعوایە، چونکە جگە لەو هیچ ئاخاییەك ناتوانێ تۆ بکوژێت!"

(٣٤٠) ئەو قسانەی کرد و پاش ئەوەی ئینیاسی لە هەموو شتێك ئاگادار کردەوە و ئامۆژگاری تەواوی کرد، لەوێ ڕۆیی. تەمومژەکەی سەر چاوی ئەخیلی ڕەواندەوە. ئەخیل چاوی کرایەوە و بەسەرسامی ڕوانیە دەوروبەری خۆی. بەدڵەی بێباك و نەترسی خۆی گوت: "ئاە، چ موجیزاتێك دەبینم! ڕمەکەم لەو گۆڕە کەوتووە، ئەو پیاوە نابینم کە بەقەستی کوشت خێواندمێ! وادیارە "ئینیاس"ش لەژێر باڵی خواوەندانە و لایان ئازیزە، هەرچەند من پێم وابوو، بەخۆڕایی خۆی هەڵدەنا. بابڕوات جارێکی دیکە زاتی ئەوە ناکات ڕووبەڕووم بێتەوە. بەختی هەبوو کە ئەمجارە لە مەرگ خەلەسی. بەهەرحاڵ با بڕۆم دانایانی ئاشقە شەڕ بەگەڕ بخەم و بەپەلە بچینە شەڕی تەروادەییەکانی دی."

(٣٥٣) دوای ئەو قسانە، بەسەر جەنگاوەرەکاندا گەڕا و بەدەم هاندانیانەوە گوتی: "ئەی ئاخاییان لەمە بەدوا دەست لە تەروادەییان مەپارێزن. هێرشیان بۆ بەرن و هەریەکەتان ڕووبەڕووی یەکێکیان ببێتەوە! سەبارەت بەمن، چەند دلێر و بەهێزش بم زۆر زەحمەتە بەتەنیا ڕووبەڕووی هێز و لەشکرێکی وا گەورە ببمەوە و بەجارێ شەڕی هەر هەموویان بکەم.. بەڵکو نە ئەریس، هەرچەند خواوەندێکی نەمرە، و نە ئەتینا ناتوانن ئەم شەڕە قورسە کۆنترۆڵ بکەن .من ئەوەندەی دەستانم، لاقانم، هێز و توانام ڕێم بدەن دڕێغی ناکەم، بۆ تاقە دەمێکیش کەمتەرخەمی ناکەم. سەفدڕ تێیان دەکەوم و پێمواید هەر تەروادەییەك بێتە هەتەری ڕمی من بێ بەڵا دەرناچێت."

(٣٦٤) هیکتۆری جوامێرش لەلای خۆیەوە هاواری لە تەروادەییەکان کرد و بەدەم هاندانیانەوە ئاگاداری کردنەوە کە دەچێتە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەخیل: "ئەی تەروادەییانی بەڕێز و ئازا، بەهیچ جۆرێ لە کوڕی پیلیوس مەترسن، سڵی لێ مەکەنەوە.. ئەگەر مەسەلەکە هەر بەقسەی ڕووت بوایە، من دەمتوانی نەك شەڕی ئەو، شەڕی خواوەندانی نەمرش بکەم. بەڵام شەڕە نێزە لەگەڵ ئەواندا دژوارە، چونکە ئەوان زۆر لە ئێمە بەهێزترن.. (ئەخیل)ش هەموو قسەکانی نایەنەدی، هەندێکی دێتەدی، و هەندێکی نایەتەدی. جا من دەچمە شەڕی ئەو، ڕووبەڕووی دەبمەوە. ئەگەر دەستانی ئاگرو هێز و توانای پۆڵاش بێ."

(٣٧٤) بەو جۆرە هانیدان، تەروادەییان ڕمەکانیان بەرز کردەوە و بەرەو دژمن چوون. هەردوو لەشکر تێك بەربوون و هەرا و هوریای شەڕ لە هەموو لایەکەوە هەستا. لەم کاتەدا ئەپولۆ لە هیکتۆر نزیك بووەوە و گوتی: "ئەی هیکتۆر لە ئێستا بەدواوە لە ئاپۆڕەی لەشکرەکە دەرمەکەوە تا ڕووبەڕووی ئەخیل ببیتەوە، بەڵکو لەناو خەڵکەکەدا چاوەڕوانی بکە، نەبادا بەر دووڕە ڕمت بدات و بت ئەنگێوێ یان لە نزیکەوە بەشمشێر بریندارت بکات."

(٣٧٩) هیکتۆر کە دەنگی خواوەندی ناسییەوە، ترسا، بۆ ناو ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکانگەڕایەوە.. لێ ئەخیل کە یەکپارچە جۆش و خرۆش بوو، بەدەم نەعرەتەی سامناکەوە هێرشی بردە سەر تەروادەییەکان. هەوەڵجار ئەفیتیونی جوامێری کوڕی ئوترونیتیوسی، کوشت. ئەفیتیون ڕابەر و سەرکردەی لەشکرێکی گەورە بوو. ئوترونیتوسی، شاران گیر لە داوێنی چیای تومولوسی سەر بەبەفرا، لە دەڤەری بەپیت و بەرەکەتی (هیدا)دا لەگەڵ پەرییەکی دەریاییدا جووت بوو بوو و

ئەفیتیونی لێ بوو بوو. ئەم جەنگاوەرە مەزنە حەماس گرتبووی و ڕاستەوخۆ هێرشی بۆ ئەخیل بردبوو. ئەخیل نێزەیەکی بەسەریا دابوو و کردبووی بەدوو لەتەوە. ئیدی ڕمبەی لێ هەستابوو و کەوتبووە سەر زەوی، و لە خاك و خوێن گەوزا بوو. ئەخیل شاد و سەرمەست دەچێتە سەری و دەڵێت: "ئەی کوڕی ئوترونیتوس، ئەی بەسامترین پیاو، ئەمە تۆی لەم گوڕە کەوتوویت و لێرە دەمریت، هەرچەند تۆ لە کەناری دەریاچەی جیجە، کە قەڵەمڕەو ومەڵبەندی باوانتە، لە کەناری هیلوسی فرە ماسی، هیرموسی پڕ گێژاو وگێژەنگ لە دایك بووی!"

(٣٩٣) بەو ئاوایە کەوتە خۆ هەڵنان، تاریکی باڵی بەسەر چاوانی ئەفیتیوندا کێشا و جەنازەکەی لەڕیزی پێشەوە و لەژێر تەگەری گالیسکەی ئاخییەکاندا پارچە پارچە بوو. ئەخیل دوای ئەو (دیمولیون)ی کوڕی ئەنتینوری کوشت. دیمولیون پشت و پەنا وقەڵای جەنگاوەران بوو. ئەخیل نێزەیەکی بەلاجانگیدا دا وڕوومەت پۆشی کلاوخودە برونزیەکەی بڕی و کاسەی سەری شەق کرد ومێشکی پژا و مرد.. ئەوجا ئەخیل بەهەمان تین وتاو نێزەیەکی سەرەواندە ناوقەدی هیپوداماس، لە کاتێکا هیپوداماس خۆی لە عارەبانەکەی هەڵدایە خوارێ و دەیویست لەبەر ئەخیل هەڵێ، ئەخیل نێزەیەکی لەناو قەدی دا بەدەم دواهەناسەوە بۆڕاندی، لەتۆ وایە ئەو گایەیە کە کۆمەڵێك زەلامی گەنج بەزۆر بەرەو هیلیسی دەبەن تا لە قوربانگەکەی پۆسیدوندا بیکوژنەوە وپۆسیدون ڕازی بکەن. چونکە پۆسیدون ئەو جۆرە قوربانیەی لاپەسندە.. ئەو جەنگاوەرەش بەهەمان شێوە گیانی دەرچوو. ئەوجا ئەخیل دەست بەڕم کەوتە دووی بولودوروسی کوڕی پریام، کە دەتگوت خواوەندە. بابی نەیدەهێشت بچێتە شەڕەوە چونکە لەهەر هەموو منالەکانی بچووکتر و ئازیزتر بوو. لە هەموویان لەزگین تر بوو. لەو کاتەدا کە دەیویست وەکو لاوێکی بێ ئەزمون، توانای خۆی لە چەلەنگی و تیژڕەویدا بجەربێنێ، لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا دەستی بەغاردان کرد، تا گیانی شیرینی خۆی لە دەستدا .ئەخیلی مەزن نیشانەی لێگرتەوە، نێزەیەکی لە بڕبڕەی پشتی دا ڕێك لەو شوێنەی دا کە لە ئاستی کەمەربەندەکەیدا بەئاوەزوونەی زێڕ هەردوولای زرێکەی پێکەوە گرێ دەدا، سەری ڕمەکە زرێکەی بڕی و لە ئاستی ناوکیەوە هاتەدەرێ. نالاندی و بەچۆکدا هات. بەرچاوی تاریك بوو. بەدەم کەوتنەوە ورگ و ڕیخۆڵەی لە باوەش گرت.

(٤١٩) کاتێ هیکتۆر بولودوروسی برای بینی، دەستی بەورگ و ریخۆڵەیەوە گرتووە و دەکەوێتە سەر زەوی، هەستی کرد دەمرێت. ئیدی خۆی پێنەگیرا ،بەپەلە وەکو مەشخەڵی ئاگر، بەدەم نێزە بادانەوە بەرەو ڕووی ئەخیل چوو. لێ ئەخیل هەر کە بینی زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: "ئۆخەی، ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە هەموو کەسێك پتر ئازاری ڕوحی داوم و دۆستە هەرە ئازیزەکەی کوشتووم. ئیدی ئەو زەمانە بەسەرچوو بتوانین خۆ لە یەکتر بدزینەوە."

(٤٢٨) دوای ئەو قسانە برۆکانی وێك هێنانەوە و بەپشم و غەزەبەوە ڕوانیە هیکتۆر و گوتی: "وەرە، دەی وەرە پێشێ تا زووتر لەنێو بچیت." هیکتۆری کلاو ڕەخشان بەکاوەخۆ و بێباك وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی پیلیوس، بەتەما مەبە، بەگاڵەی دەم میناکی زاڕۆك بمترسێنی. چونکە منیش گەر بمەوێ دەتوانم وەکو تۆ قسەی نابەجێ بکەم و بەر جنێوانت بدەم. من دەزانم

تۆ کەسێکی ئازای، زۆر لەمن ئازاتری. بەڵام ئەم شتانە هەر لە عیلمی خوادایە کێ دەزانێ، لەوەیە وێڕای بێ تواناییم ،بەرمێك بتکوژم. چونکە ڕمەکەم تا ئێستا سەلماندویەتی کە ئەویش تیژ و بڕندەیە."

(٤٣٨) دوای ئەو قسەیە ڕمەکەی لە دەستیا خۆش کرد و هاویشتی. لێ ئەتینا فویەکی چکۆلەی لێکرد و لە ئەخیلی ئاسمانی نەژادی دوورخستەوە. گەڕایەوە بۆلای هیکتۆری جوامێر و لەبەر پێیدا کەوتەوە. لێ ئەخیل کە گەرم بوو بوو، بەقەستی کوشت پەلاماری داو نەعرەتەیەکی سامناکی کێشا. لێ ئەپولۆ فریاکەوت و زۆر بەئاسانی هیکتۆری، خوایانە ڕفاند و لە تەمومژێکی چڕا شارددیەوە.ئەخیلی لەزگین، سێ جار بەڕمی برونزییەوە پەلاماری دا، سێ جار بێهودە پەڵە تەمومژەکەی بەر ڕمان دا. بەڵام گاقێ کە چوارەمین جار پەلاماری دا تازاری گرتی هاواری کرد گوتی: "ئەی سەگی هار، ئەمجارەش لە مەرگ دەربازبووی. هەرچەندە مەرگ بەبناگوێتا تێپەڕی، بەڵام ئەپولۆ جارێکی دیکەش ڕزگاری کردیت. بۆیە هەر کاتێ چووی بۆ شەڕ دەبێ شوکرانەبژێری ئەپۆلۆ بی. بەڵێ، من لە دیدارێکی دیکەدا، گەر خودایەك دەستم بدات، فەوت و فەنات دەکەم. بەڵام ئێستا دەکەومە سەر تەروادەییەکانی دیکە. هەر کەسێك بێتەڕێم لەت و پەتی دەکەم.

(٤٥٥) دوای ئەو قسانە پەلاماری (دروپس)ی دا، ڕمێکی بەکۆتەڕەی ملیا کێشا و لەبەر پێیدا کەوت، هەر لەوێ بەدەم گیانەڵڵاوە بەجێی هێشت. ئەوجا بەڕەنگاری دیموخوس، کوڕی فیلتور بووەوە. دیموخوس پیاوێکی بالابەرزی زۆر ئازا بوو. ڕمێکی لە هەردووك ئەژنۆیانی دا، ئەوجا بەشمشێرەکەی کوشتی .پاشان هەڵیکوتایە سەر لاوگونوس و درادانوس، کوڕانی بیاس. لە عەرەبانەکەیانەوە خستنیە خوارەوە. یەکەمیانی بەڕمێك خست و دووەمیانی لەشەڕی دەستە و یەخەدا بەشیر کوشت. ئەوسا جەزرەبەیەکی گەیاندە تروسی کوڕی ئالاستور. تروس خۆی دا بەسەر پێی ئەخیلدا، بەو ئومێدەی ئەخیل کە هاوتەمەنی وی بوو، بەزەیی پێدابێتەوە و زینهاری بدات وبەدیلی بیبات و نەیکوژێت. لێ تروس خەیاڵی خاو بوو! نەیدەزانی ئەخیل مەحاڵە گوێ بەپاڕانەوەی کەس بدات، چونکە ئەخیل بەشەڕێکی میهرەبان و دڵنەرم نەبوو، بەڵکو جەنگاوەرێکی زۆر دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو. تروس دەستی لە ئەژنۆی ئەخیل هاڵاندبوو، لێی دەپاڕایەوەو داوای ئەمانی لێدەکرد. ئەخیل شمشێرێکی بە هەناویا کرد. جەرگ و دڵی هێنایە دەرێ. خوێنێکی ڕەش لە زامەکەیەوە فوارەی کردو ڕژایە هەمێزی. لەو کاتەدا کە گیانی دەردەچوو، تاریکی باڵی بەسەر چاوەکانیا کێشا.

(٤٧٢) ئەوجا ئەخیل تاویدایە مولیوس. ڕمێکی لەم گوێی دا لەو گوێیەوە دەرچوو. ئەوجا شمشێرێکی بەسەری ئیخیلوسی کوڕی ئەجینوردا کێشا و پیرە شمشێر خلتانی خوێن بوو. تاریکی مەرگ باڵی بەسەر چاوانیدا کێشا. ئەوجا ئەخیل نێزەیەکی خێواندە دیوکالیون و ڕێك ئانیشکی پێکا و بازووی لەکار کەوت. مەرگی بەچاوی خۆی بینی. ئەخیل هەڵیکێشایە شمشێر و لە ملی دا ،سەری بەکلاوخودەکەوە پەڕان. مۆخی مۆرەغەی پشتی بەو ناوەدا پژا و لە عاردی تەخت بوو. ئەوسا کەوتە دووی ڕیگموسی بێ وێنە، کوڕی پیرسی مێرخاس و خانەدان، کە لە

تراسیاوە هاتبوو.. ڕمێکی لەناوقەدی دا، ڕمە لە سکی چەقی، یەکسەر لە عەرەبانەکەیەوە کەوتە خوارێ، هەروەها ئەخیل ڕمێکی ئاراستەی میرئاخورەکەشی ،ئاریتوس کرد کە خەریك بوو پێچی بەئەسپەکان دەکردەوە تا هەڵێ. ڕێك لەو کاتەدا ڕمێکی بەناوقەدیا دا. یەکسەر لە عەرەبانەکەی بەربووەوە و ئەسپەکان سەرگەردان و پەشێو وترساو وبێ خاوەن لینگیان وەغاڕێوە نا.

(٤٩٠) وەکو چۆن، بێشەیەکی چڕ لە دۆڵێکی قوڵی کێوسانێکی وشکدا، ئاگری تێبەردەبێ و بڵێسەی دەگاتە تاقی ئاسمان و باو گێژەڵوکە ئاگرەکە بەهەموو لایەکدا دەبات، بەو ئاوایە ئەخیل نێزە بەدەست هاوڕوژا بوو و وەکو خواوەندێکی تووڕە بەهەموو لایەکدا هەر هێرشی دەبرد و پەلاماری دەدا و جەنگاوەرانی ڕاودەنا و دەیکوشتن. خوێن بەو دەشتە ڕەشەدا دەڕۆیی. وەکو چۆن جووتیارێك گاجووتانی تەوێڵ پان لەژێر نیردا دادەبەستێ و گێرەی قرشەی جۆ سپیان پێدەکات و دان و کا لەژێر پێی گایەکاندا جیا دەبێتەوە.. بەو ئاوایە ئەسپەکانی ئەخیلی ئاسمانی نەژاد ،ئەسپانی سم تیژ، جەستەی مردوان و زرێ و سپەری مەیدانی شەڕەکەیان گێرە دەکرد و عەرەبانە و تەگەری عەرەبانەکەیان لە خوێنا هەڵکشاندبوو، پرژی خوێن لەژێر سمی ئەسپەکانەوە دەچوو بەئاسمانا و دادەباریيەوە و تەگەر و بۆدی عەرەبانەکەی خوێناوی دەکرد. کوڕی (پیلیوس)ش کە بەهومێدی ئەوە بوو بگاتە سەرکەوتن و سەرفرازی جاویدانی، دەستە بەهێزەکانی خلّتانی خاك و خوێن بوون.

سروودی بیست و یەکەم

ئەخیل و شەڕی ڕوبار

حیکایەتەکە:

ئەخیل کەوتە کوشت و بڕی تەروادەییان، قارەمان نەما بەر جەزرەبەی ڕم یان شمشێری ئەو نەکەوێ، هەموو بەرەو ڕوباری ئیکسانتوس لەبەری هەڵاتن. ئەخیل تا ڕەخی ڕووبارەکە ڕاوی نان، هەر بەوەوە نەوەستا، ڕمەکەی وەکو دارعەسا بەدەستەوە گرت، شمشێرەکەی لەشان کرد، سپەرەکەی بەدەستەوە گرت و ملی بەڕووبارەوە ناو لە کوشت و بڕی تەروادەییان بەردەوام بوو. ئەوە بوو کۆمەڵێك لاوی لە نزیکی ڕووبارەکەدا بینی، ئەسیری کردن و بەزندویەتی بۆڵای کەشتییەکانی ڕەوانەی کردن. بەڵێ لەناو ڕووبارەکەدا هەر لێیان نەبووەوە، تا ئاوی ڕووبارەکە لە خوێنی کوژراواندا سوور هەڵگەڕا، هەروەها لە جەنازە و لاشەی کوژراوانی تەروادەیی پڕ بوو. خواوەندی ڕووبار لەم کردەوەیە پەست بوو. ڕێگەی بڕاو ئاوەکەی لەبەر زۆری جەنازە و کەڵەکەبوونی لاشە پەنگایەوە. زۆری لەگەڵ ئەخیلدا هەوڵدا کە لەوەی پتر بێزاری نەکات ،ئێ بێهودە بوو. هیچ چارێ نەما ئەوە نەبێ لەگەڵ ئەخیلدا بەشەڕبێ و کەوتە شەپۆلدان ئەمما شەپۆلدان، بۆ ئەوەی ئەخیل ناچار بێ بەبێ وچان هەر لە هەوڵ و تەقەلادا بێ.. ئەخیل لەم کارەی خواوەند ئیکسانتۆس بێتاقەت بوو، چیوای نەمابوو لە ئاوا غەرق بێ، هانای بۆ خواوەندان برد. ئەوەبوو پوسیدون وئەتینا بەهانایەوە هاتن و بەرلەوەی ئاو ڕایمالّێ ڕزگاریان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوبارەکە هەر لێی نەدەبووەوە. هیرا ترسا، بۆیە خۆی لە مەسەلەکە کردە ساحێب، داوای لە هیفایستوسی کوڕی، خواوەندی ئاگر و ئاسنگەری کرد، کە بچێتە هانا

و هیمدادی ئەخیل. ئەوەبوو ڕووی ئاگرەکانی کردە ڕوبارەکە .لە پێشا لە کێڵگەکانی دەوروبەر و ڕەخەکانەوە دەستی پێکرد، تەڕو هیشکی پێکڤە سوتاند، هەر بەوەندەوە نەوێستا، بەڵکو گژوگیای کەنارەکەشی سوتاند. ئەوجا لێبڕا کە بەربەرەکانی خودی ڕوبارەکەش بکات، ڕووی ئاگرەکانی تێکرد تا وشکی بکات، ڕوبارەکە هاواری لێهەستا، داوای کۆمەکی کرد. ئەوەبوو هیرا داوای لە کوڕەکەی کرد کە دەستبەرداری شەڕی ڕوبارەکە ببێ. چونکە ناکرێ ئەم هەموو توند و تیژییە لە ڕای بەشەرێکی فانیدا، دژی خواوەندێك بەکاربهرێ. لێ شەڕو ئازاوە تەشەنەی کرد بۆ ناوخودی خواوەندەکانیش. چونکە سەبارەت بەشەڕ و کوشتارەکە لەسەر یەك ڕاو تەگبیر نەگیرسانەوە.. دەست پێشکەرییەکە لە خواوەندی شەڕ، (ئیریس)ەوە بوو. جنێوی بەئەتینا دا چونکە هەر بەقسە خواوەندەکانی دژی ئەو هان دابوو، لێی دا. لێ ئەتینا پێی گوتبوو کە پێی نیشاندەدات کە لەو بەتواناترە و جارێکی دی دەبێ حیساب بۆ توانا و هێزی ئەو بکات. بەردێکی گەورەی لێ هەڵگرت، تێی سرەواند، بەسەر ئەرزەکەدا خل بووەوە، ئەفرۆدێت خێرا فریاکەوت و ڕزگاری کرد. زیوس هەموو ئەو دیمەنانەی دەبینی و پێدەکەنی. ئەوجا پۆسیدۆن بەرەنگاری ئەپولۆ بووەوە و گلەیی لێکرد کە لایەنگری تەروادەییەکان دەکات و ئەوەی بیرچووەتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەلای گەورە و سەردارەکەیان کاریان کردووە و هەقدەستەکەی نەداونەتێ. لێ ئەپولۆ دوای ئەوەی بەپۆسیدونی گوت، پێویست بەوە ناکات لەپێناوی بەشەرانی فانیدا، کە وەکو گەلای دار دەوەرن، بەشەڕ بێن. و خۆی لە شەڕەکە دزییەوە. خوشکەکەی یەزدانخانمی گیانلەبەرانی کێوی و ڕاووشکاران گلەیی لێدەکات. هیرا پڕی دەداتێ و (خواوەندی ڕاووشکاران) هەردوو مەچەکی دەگرێ و بایدەدات، تیر و کەوانەکەی لێ دەستێنێ، تیرەکانی پەرش و بلاودەبنەوە. بەهەشتاو دەچێ بۆ ئولیمبۆس و لای بابی، لای زیوس، کە خاتری دەوێ، شکاتی لێدەکات.بەلام (لیتو)ی دایکی هیرمیس بەگلەییەوە یەخەی دەگرێت. بەلام لیتو وەلام ناداتەوە، تیرەکانی کیژەکەی کۆدەکاتەوە و هەڵدێ. ئیدی هەموو خواوەندەکان بۆ ئولیمبوس دەگەڕێنەوە تەنیا ئەپولۆ نەبێ، کە پێی وابوو ئەخیل بەر لەکاتی خۆی شارەکە دەگرێت .بۆیە بەپەلە غاریدا بۆ ئەوێندەر و لەبەردەم ئەخیلدا وەستا تا لە خشتەی بەرێت و وا بنوێنێ کە ئەو ڕەقیبەکەیەتی، و بەکاوەخۆ لەبەری هەڵێ، تا تەماحی بخاتە بەر کە دەتوانێ تاوی بداتێ و بیگاتێ .ئەخیل دەکەوێتە داوەکەوە. بەو شێوەیە لە تەروادەییەکانی دوور دەخاتەوە. ئەو تەروادەییانەی شپرزە و پەرێشان لە هەموو قۆڵێکەوە بەرەو شار ڕایاندەکرد، کە پریام فەرمانی بەدەرگاوانەکان دابوو، دەرگاکان بخەنە سەر گازی پشت تا هەموو تەروادەییەکان وە ژوور دەکەون، و ئەوجا خێرا دایان بخەنەوە تا ئەخیل و ئاخاییان نەیەنە ژوورەوە. دەرگاوانەکان فرمانی پریام لە ئەرزی نادەن.

زەمەن:

هەموو بویەرەکان لە ڕۆژی سییەمی گێڕانەوەکەدا ڕوودەدەن.

شوێن:

(ئیکسانتوس)ی خواوەند، شوێنی هەرە سەرەکی ئەم سروده پێکدێنێ، چەند دیمەنێکی دیکەی کۆبوونەوە و ناکۆکی خواوەندانیش لە دەشتی تەروادەدا بەدی دەکرێت.

(١) کاتێ کە تەروادەییان گەییەنە بواری ڕووباری (ئیکسانتوس)ی بەگێژوگەرداڤ، زادە و بەرهەمی زیوس. ئەخیل هێزەکەیانی لێکدی دابڕی و بوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیانی بەدەشتەکەدا، بەرەو شار ڕاونا، بەهەمان ڕێگەدا ڕاوی نان کە دوێنێ کاتێ هیکتۆری مێرخاس هاڕوژا بوو، ئاخاییەکانی پێدا ڕاودەنا.. بەڵێ پەرێشان و سەرگەردان بەهەمان ڕێگەدا هەڵدەهاتن. هیرا بەو مەبەستەی کۆسپییان بخاتە ڕێ و لە هەڵاتن دوایان بخات، تەمومژێکی چڕی هەڵکرد چاو چاوی نەدەبینی. بەشەکەی دیکەی هێزەکە، بەدەم هات و هاوار و زەناوە ملیان بەڕووباری زیو ئاسای بەگێژ و گەرداڤەوە نا. تەروادەییەکان بەدەم هەرا و زەناوە خۆیان بەڕووبارەکەدا دا. ڕووباری قوڵ پڕبوو لە هەرا وهوریا ،هاوار و فریاد لە کەنارەکانەوە بەرز دەبووەوە و لەو دەوروبەرە دەنگی دەدایەوە. تەروادەییەکان یەکتریان بانگ دەکرد، لێرەو لەوێ بەنێو گەرداڤ و شەپۆلەکاندا بەمەلە دەڕۆییشتن. وەکو چۆن پۆلە کلۆیەک لەبەر شاڵاوی ئاگرێک هەڵدێ و لەتاو سوتان خۆ بەئاودا دەدەن .بەڵێ بەهەمان شێوە ڕووباری بەپێچ و دەورەی (ئیکسانتوس)ش پڕ بوو لە تەروادەییان و ئەسپ و عەرەبانەکانیان، و کەس بەکەس نەبوو و کەس خۆی لەبەر ئەخیل نەدەگرت.

(١٧) ئەخیل، ڕمەکەی بە بنەگەزێکی کەنار ڕووبارەکەوە هەڵپەسارد، بەشمشێری ڕووتەوە وەکو خواوەندێك بەنیاز و مەبەستی کوشتارێکی بێ ڕوحمانە خۆی بەڕووبارەکەدا دا. شەلم کوێرم، بەدڵی پڕکینەوە ،بەشمشێر بەربووە تەروادەییەکان.. نااڵەی قوربانیانی شمشێرەکەی ئەخیل دەگەییە بنی دنیا .ئاوی ڕووبار لە خوێنا سووربوو. وەکو چۆن ماسییان لەبەر دۆلفینێکی زەلامدا هەڵدێن و لە پەنایەك دەگەڕێن، چونکە هەر شتێکی بەر چنگ بکەوێ لووشی دەکات ،بەڵێ تەروادەییەکان بەهەمان شێوە بەنێو ڕووباری خوڕدا بەرەو ڕەخەکان هەڵدەهاتن. کاتێ دەستانی ئەخیل لە کوشت و کوشتار ماندوو بوون،

(٢٧) دوانزە لاوی هەڵبژارد و بەزندوویەتی لە ڕووبارەکەی دەرهێنان .دەیویست بەکوشتنی ئەوانە تۆڵەی مەرگی پاتروکلۆسی کوڕی مینویتیوس بسەنێ. ئەو لاوانەی، کە دەتگوت کارمامزی ترساون، بردنە سەر ڕەخی ڕووبار. هەر بەپشتێنەکانی خۆیان کە لەسەر جلکە ناسك و جوانەکانیان بەستبوویان، لە پشتەوە دەستی بەستن، بەهاوڕێکانی خۆی سپاردن تا بیانبەن بۆ لای کەشتییە ناو بەتاڵەکانی. ئەوجا بەخۆی جارێکی دی بەناو ڕووبارەکە کەوتەوە و لەجاران پتر تینوی خوێن بوو.

(٣٤) ئەمجارەیان تووشی لیکاونی کوڕی پڕیامی داردانیوسی بوو، کە لە ئاوەکە وەدەرکەوت و دەیویست هەڵێ. ئەخیل، لەوەپێش لە شەبەیخونێکدا لەپڕ بەدیلی گرتبووی و بەزۆر بردبووی. لەوکاتەدا کە لە ڕەزێکی بابیدا خەریك بوو لقی دار هەنجیرێکی کێوی دەبڕییەوە، تا چەمەرەی عەرەبانەی ڵێ چێبکات. ڵێ ئەخیلی جوامێر، میناکی ئەجەڵی لە نکاو گەییە سەری و لە کەشتییەکەی خۆی نا وبەرەو لیمنوس، ئەو دوڕگە مکومەی برد. لەوێ بەکوڕی جاسۆنی فرۆشت. بەاڵم ئیتیونی ئیمبرۆسی کە دۆستێکی میوان بوو، بەپارەیەکی زۆر کڕییەوە و ئازادی

کرد و بۆ ئەریسبی پیرۆزی نارد. لێ لیکاون لەوێوە بەدزییەوە هەڵهات و بۆ ماڵی بابی گەڕایەوە، دوای ئەوەی لە لیمنوس گەڕایەوە، یازدە ڕۆژی بەبەزم و خۆشی لەگەڵ دۆستەکانیدا بەسەربرد. بەڵام تەقدیری یەکێك لە خواوەندەکان وابوو کە لە ڕۆژی دوازدەیەمدا بۆ جاری دووەم بکەوێتەوە بەردەستی ئەخیل. قەدەر وای لە چارەنووسی بوو، بێ ویستی خۆی بەدەستی ئەخیل ڕەوانەی هادیس بکرێ. ئەخیلی ئاسمانی نەژاد و لەزگین، کاتێ ئەوی گرت ،سەیری کرد چەکی پێ نییە نە کلاوخود، نە سپەر و قەڵغان نە نێزەی پێ نییە. چونکە کاتێ کە ویستوویەتی لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە زۆر ماندوو بووە، ئارەقەی کردۆتەوە، هێزی لەبەر بڕاوە، ئەژنۆکانی شل بوون، و ناچار بووە چەك و ئەسلەحەکەی فڕێ بدات و لە کەنار ڕووبارەکەی بەجێ بێڵێ.

(٥٤) کاتێ ئەخیل بەو شێوەیە بینی حەپەسا، لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئاە! چ پەڕجوویەك دەبینم لێرە؟! مادامێکی ئەم پیاوە، پاش ئەوەی لە دوڕگەی لیمنوس فرۆشرا، جارێکی دیکە بەزندویەتی پەیدا بووەوە وادیارە هەر هەموو ئەو تەروادەییە ئازایانەی من کوشتمن و هەواڵەی خانەی مردووانم کردن لەوێوە دەگەڕێنەوە و زندوو دەبنەوە. تەنانەت ئاوی مەنگی دەریاش کە گەلێك لە بەشەرانی فانی لە خۆیدا غەرق کردووە، ڕێی گەڕانەوەی لەو نەگرتووە. کەواتە با ئەمجارە بیکەم بەتێشووی نێزەکەم. تا بزانم، ئاخۆ جارێکی دیکە لەژێر زەوییەوە دێتەوە یان زەوی بۆ هەتا هەتایە گلی دەداتەوە، ئەو زەویەی کە بەهێزترین جەنگاوەرانی شاردۆتەوە!".

(٦٤) بەو جۆرە بەحەپەساوی وەستا، لیکاون، کە پڕ بەدڵ حەزیدەکرد لە مردن بخەلەسێ و بژی، لێی نزیك بووەوە، دەیویست دەستە و دامێنی بکەوێ. ئەخیلی مەزن بەقەستی کوشت نێزەکەی بەرزکردەوە. لێ لیکاون خۆی دانەواندەوە، بەپەلە ڕایکرد تا بەسەر پێیدا بکەوێ، ڕمەکە کە پشتی ڕوشاندبوو هەرچەندە تینووی خوێن بوو، لە زەوی چەقی. لیکاون بەدەستێك ئەژنۆکانی ئەخیلوسی گرت، و دەستەکەی تری خستە سەر ڕمەکەی و توند گرتی.ئەوجا کەوتە پاڕانەوە و لاڵانەوە، گوتی: "ئەی ئەخیل ڕوحمم پێدابکە و مەمکوژە. ئەی نەوەی زیوس بەزەییت پێمدا بێتەوە، من هانام بۆ تۆ هێناوە. ئاخر من نان و نمەکی تۆم کردووە. ها ڕۆژەکە لە ڕەز و باخە جوانەکەی بابمدا بەدیلی گرتمیت، لە باب و کەسوکار و دۆستانت دوور خستمەوە و لە لیمنوسی پیرۆزا فرۆشتمیت، ئەوە بوو خێر و نرخی سەد سەرگات بەبۆنەی منەوە دەستکەوت، واتە خێری نرخی سەد سەرگام بۆ دایتەوە. ئێستاش ئامادەم خۆم بەسێ چەنانەی ئەوسا بکڕمەوە. ئەمڕۆ دوانزەمین ڕۆژمە، دوای سەریەشەیەکی زۆر بۆ تەرواده هاتومەتەوە. ئیدی قەدەری زاڵم وا بۆ جاری دووەم خستیمەوە بەردەستی تۆ. بێگومان بابە زیوس دەمکورهێنێ وا بۆ جاری دووەم خستیمەوە بەردەستی تۆ. دیارە دایکم لاوتوی کیژی ئەلتیسی پیر بەو مەرجە منی بووە کە تەمەنم زۆر کورت بێ، هەمان ئەو ئەلتیسەی حوکمڕانی لیجیسبییە جەنگاوەرەکانی دەکرد و لە (پیداسۆس)ی ڕەخی ڕوباری ستانیوس ئاکنجی بوو. پریام کیژەکەی ئەو و زۆر کیژی دیکەی خواست. دوو کوڕی لەو بوو، وادیارە قەدەر وای لە قەڵەم داوە تۆ هەردووکیان بکوژیت. تۆ پێشتر (پولودوروس)ی هاوتای خواوەندانت لە ڕیزی هێزی پیادەی پێشەوە بەزەبری نێزە بڕندەکەت کوشت. ئەوا منیش کەوتمە بەردەستت و چاوەڕوانی مەرگی

خـۆمم، پێمـوانیـه، مـادامێکی خـواوەنـدێك خسـتومیه بـەر دەسـتت لـه چـنگت ڕزگـار بم. بـەڵام قسەیەکم هەیە و پێتی دەڵێم و باوەڕم پێبکە: "من لە دایکی هیکتۆر، کە یاوەرە جوامێرەکەی کوشتویت، نیم."

(٩٧) بەو جۆرە کوڕەکەی پریامی مێرخاس لە ئەخیل پاڕایەوە، بەڵام وەڵامێکی ترسناکی گوێ ڵێ بوو، گوتی: "زارت لێکنێ، کەودەن!.. باسی سەربەها وئەو شتانە بۆ من مەکە، تا ڕۆژی کوشتنەکەی پاتروکلۆس، حەزم نەدەکرد نەدەکرد تەروادەییەکان بکوژم، زۆرم بەدیلی لێگرتن و لە ڕێگەی دەریاوە بەزندویەتی فرۆشتنم. ڵێ ئێستا هیچ یەکێك لەوانەی کە خواوەند لەبەردەم شاری ئیلیوندا دەیانخاتە بەردەستم، لە چنگم دەرباز نابن..

(١٠٤) نا، نەخێر، ڕوحم بەهیچ تەروادەییەکدا ناکەم، بەتایبەتی کوڕانی پریام.. نا برادەر تۆش دەبێ بمریت!.. بۆچی بەو جۆرە دەگریت؟ دنیا بۆ پاتروکلۆس نەما کە زۆر لە تۆ گرنگتر بوو. تۆ من نابینی چتۆ پیاوێکم، چەند قۆز و بالا بەرزم؟ من کوڕی پیاوێکی خانەدان و جوامێرم، دایکم یەزدانخانمە، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا مەرگ و قەدەری نامیهرەبان بەسەر سەرمەوەیە. جا بێگومان، بەرەبەیانێك، ئێوارەیەك، یان نیوەڕۆیەك جەنگاوەرێکم ڵێ پەیدا دەبێ، لەشەڕدا بەزەبری نێزەکەی یان تیرێك بمکوژێت و ژیانم لەبەر بڕێت!".

(١١٤) ئەو قسانەی کرد.. دڵی لیکاون کەوتە لەرزین، لاقەکانی سست بوون دەستی لەڕمەکەی ئەخیل بەردا.. ئەخیل شمشێرە بڕندەکەی هەڵکێشا، ڕێك دای بەنێوان شان و ملی لیکاوندا، شمشێر تا دەسکەکەی لە لیکاوندا ختم بوو، تیلاوتیل کەوتە سەر زەوی، خوێن فوارەی کرد و ئەرزەکەی داپۆشی. هەنگێ ئەخیل لە هەردووك لینگی نەوی و توڕیدایە ڕوبارەکەوە کە ئاو بیبات، ئەوجا بەدەم خۆ هەڵنانەوە گوتی: "لەوێ بنوو، لەناو ماسیاندا پاڵ داوە تا بێ هیچ ترس و پەروایەك خوێنی زامەکەت بلێسنەوە .ئیدی دایکت ناتوانێ لە تابوتت بنێ و بەدیارتەوە بگری. سکاماندۆرۆسی پڕ گێژاو و گێژەنگان، بەرەو باوەشی بەرینی دەریا ڕاتدەماڵێت. لەوێ زۆر ماسی لەنێو شەپۆلانەوە دێن تا لە گۆشتی سپی لیکاون بخۆن.. بەڵێ بەو جۆرە بمرن، هەڵێن، منیش لەدواوە تاقوبڕتان دەکەم تا دەگەینە شاری تەروادەی پیرۆز. ئەو ڕوبارە مەنگ و زیوین شەپۆلە، هەرچەند پێموایە گەلێك گوێرەکە و گاجوتانتان بۆ کردە قوربانی، زۆر ئەسپی ڕەهوان و سمتیژی زندووتان تێ هاویشت، فریاتان ناکەوێ. هەموتان دەبێ لەناو بچن، وەکو چارەنووسی شەڕ لێتان نابمەوە تا تۆڵەی مەرگی پاتروکلۆس، و هەموو ئەو ئاخاییانەی لە پاڵ کەشتییە لەزگینەکاندا لەکاتی دووڕە پەرێزی من لە مەیدانی شەڕ، کوژران، لە یەکە بەیەکەتان نەکەمەوە."

(١٣٦) دوای ئەو قسانە، ڕوبارەکە لە دڵی خۆیدا زۆر توڕە بوو، لەبەرخۆوە کەوتە بیری ئەوەی چۆن بتوانێ ئەخیلی مەزن بەربەست بکات و تەروادەییەکان لە فەوتان ڕزگار بکات. لەو کاتەدا ئەخیل نێزە بەدەست هەڵیکوتایە سەر ئەستروبایوسی کوڕی کوپری پیلیگۆن، کە زادەی جووتبوونی ڕوباری بەرینی ئاکسیوس و پیریبویای کیژە گەورەی ئیکیسامینوس بوو، ئەخیل هەڵیکوتایە سەری تا بیکوژێ. ئەستیروبایوس لەدەڕێی ڕوبارەکە، بەخۆ ودوو ڕمەوە لە

هەنبەری وەستا. ئیکسانتوس هانی دەدا .چونکە زۆر لە کوشتنی ئەو دوانزە لاوە تورە بوو کە ئەخیل بەوپەڕی دڵڕەقی لە ئاوی ئەودا کوشتنی. کە هەردووکیان لێکدی نزیکبوونەوە، ئەخیلی مێرخاس، لەزگین، ڕوبکردە ئەستیروبایوس، و گوتی: "تۆ کێی، لە چ تیرە و تایفەیەکی، لە کوێوە هاتووی وا بەخۆتا ڕادەپەڕموی بەگژ منـدا بێیتـەوە؟ واوەیـلا بـەحاڵی داك و بـابی ئـەو کەسەی دژی من دەوەستێ!". کوڕی بیلیگون وەڵامی دایەوە: "ئەی کوڕی جوامێری پیلیوس، بۆچی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکم دەپرسیت؟ من لە دەڤەری ئاوا وئاوەدانی (پیونا)وە هاتووم و ڕابەر و سەرداری پیونیانم، ئەمڕۆ یازدە ڕۆژە هاتووم بۆ ئیلیون. من لە تـوخم و تـۆوی ئاکسیوسم کە جوانترین ڕوباری لێ دەبێتەوە و پیلیگۆنی لێ بووە کە بەڕمبازی بەناوبانگە .جا پیلیگۆن، وەباڵ بەئەستۆی خەڵك، بابی منە. لێ واز لەمە بێنە و ئەوە عەرز و ئەوە گەز باشەڕی خۆ بکەین."

(١٦١) بەو ئاوایە کەوتە مەیدانخوازی .ئەخیل ڕمەکەی کە لە دار بنا و دروست کرابوو، هەڵیڕی هـەنگێ ئەستیروپایوس بەیـەکجار هـەردوو ڕمەکـەی تێسـرەواند. یـەکێك بـوو لەوانـەی دەتـوانن هەردوو دەستیان پێکڤە بەکاربێنن. یـەکێك لە ڕمەکان قەڵغانەکەی ئەخیلی پێکا، بەڵام نەیبڕی چونکە لۆیەکی زێڕ بوو، دیاری خواوەند بوو، سەری ڕمەکەی وەستاند. لێ ڕمی دووەم باسکی ڕاستی ئەخیلی پێکا. خوێنێکی ڕەش فیچقەی کرد. لێ سـەری ڕمەکە چیغی کرد، هەرچـەندە تامـەزرۆی گۆشتی کاڵ بوو، بـەلایا ڕۆیـی و لـە عاردەکـە چـەقی. ئـەخیل بەقەسـتی کوشت ڕمـە بناوییە ڕێك و ڕاستەکەی خێواندە ئەستیروپایوس، لێ پیرە ڕم بەهەتەر چوو، لە کەنارە بەرزەکەدا گیرسایەوە و تانیوەی لە ئەرزەکە ڕۆچوو. هەنگێ کوڕی پیلیوس، شمشێرە بڕندەکەی هەڵکێشا، و دڕنـدە ئاسـا پـەلاماری دا. ئەسـتیروپایوس بێهـودە هەوڵیـدا، بەدەسـتە بـەهێزەکانی ڕمەکـە بناوییەکـەی ئـەخیل لـە کەنارەکـە دەربێنـێ، سـێ جـاران هـەوڵی دا ڕمەکـە لـە عـاردی دەربێنـێ، نـەیتوانی. لـە جـاری چـوارەمدا وێسـتی ڕمەکـە بچـەمێنێتەوە و بیشـکێنێ، بـەڵام ئـەخیل وەکـو ئەجـەل گەییـە سـەری و بەشمشـێرەکەی حـەیاتی لەبـەر بـڕی. شمشـێرێکی بـەورگیا کـرد، لـەلای ناوکیـەوە دایـدڕی، ورگ و ڕیخۆڵـەی کەوتـە ئـەرزی .بـەدەم گیانـەڵڵاوە تیلاوتیـل بـەربووەوە و تاریکی باڵی بەسەر چاوانیا کێشا. ئەخیل هەڵیکوتایە سەری. لاقی خستە سەر سینگی. چـەك و ئەسلەحەکەی لێ داماڵی. بەدەم کەش و فشەوە گوتی: "لە جێی خۆت مەبزووە شوێنەکەت باشە، هەرچەندە لە توخم و تـۆوی ڕوباری، بـەڵام زەحمەتـە لەبـەر نـەوەونـەژادی کـوڕی کرونوسـی هـەرە بەتوانا بوەستی!.. تۆ بەوە دەفشیت کە لەتوخم و تۆوی ڕوباری پان بەرینی، جا منیش لە تـوخم و تـۆوی زیوسـی مـەزنم. مـن کـوڕی پیلیوسـی کـوڕی ئیاکۆسـی فـەرمانڕەوای گـەلی فـرە ژمـارەی (مورمیـدون)م جـا ئـەو ئیاکۆسـە کـوڕی زیوسـە .جـا وەکـو چـۆن زیـوس لەهـەر ڕوبـارێکی خـوڕی سـەرهەڵگرتوو بـەرەو دەڕیـا، بـەهێزترە. نەوەکانیشـی لەهـەر ڕوبارێـك، ئـەو ڕوبـارە هەرچـییەك و هەرچۆنێك بێ بەهێزترن.. ئەوەتا ڕوبارێکی گـەورە لەبـەردەمی تۆدایـە، هـەوڵـدە و بزانـە دەتوانـێ یارمەتی تۆ بدات! کەس ناتوانێ شەڕی زیوسی کوڕی کرۆنۆس بکات، یـا بەگژیا بچێتەوە. جـا خوای دەکرد ئەو کەسە ئەخیلوس دەبوو.. نا، نـەخێر تەنانـەت (ئوقیـانوس)ش بەهـەموو هێـز و دەسـەڵاتێکیەوە.. کـە هـەموو ڕوبارەکـان ،هـەموو دەریاکـان، هـەموو سـەرچـاوە و کانیاوەکـان و

هەموو گۆلاوە قولّەکان لەو دەبنەوە، ئەویش لە چەخماخەی زیوسی مەزن و هەورە تریشقەی سامناکی ئەو کە لە ئاسمانێ پا دەنگ دەداتەوە، دەترسێت!"

(٢٠٠) ئەو قسانەی کرد، نێزە برونزییەکەی کە لە کەناری پووبارەکە چەقی بوو، دەرهێنایەوە. ئەستیروپایوسی بەمردووی لەسەر لمەکە و لەدەم پووبارەکە بەجێهێشت، ئاوی پووبارەکە بەسەریا دەڕۆیی. ماسی و مارماسی دەوریان دابوو و سەریان دەژنیە جەستەی و لەلا قەبرغەوە دەیانخوارد. ئەوجا ئەخیل دوای بایونیەکان کەوت، کە بەخۆ و عەرەبانەکانیانەوە، بەڕەخی پووبارە بەگێژەنگەکەدا شێرزە و سەرگەردان هەڵدەهاتن، کە دیتبویان پابەرەکەیان کە ئازاترین جەنگاوەریان بوو ،بەهێزی بازوو و زەبری شمشێری کوڕی پیلیوس کوژرا بوو، بەجارێ شێرزە بوو بوون و نەترەیان بەردابوو. ئەوجا کەوتە کوشتنی تیرسیلوخۆس، مودون، ئەستوپولوس، نیسوس، وتراسیوس، ئینیوس، و ئوفیلیستیس. دیارە ئەخیلی لەزگین دەیتوانی ژمارەیەکی زۆرتری پایونیان بکوژێت، ئەگەر پووبارە قوڵ و بەگێژاوەکە زۆر تووڕە نەبوایە و لەشێوەی پیاوێکدا و لەژێر گێژاوێکی قوڵدا لێی نەهاتبایەتە دەنگ و پێی نەگوتبا: "ئەی ئەخیل، هەرچەندە تۆ لەهەر کەسێك بەهێزتری، بەڵام زۆریش شەڕفرۆش وشەڕەنگێزی، چونکە خواوەندان دەتپارێزن.. جا ئەگەر کوڕی کرونۆس ڕێگەی داوی تەروادەییان قڕ بکەی ،بەلای کەمەوە فڕێیان مەدە ئاوەڕۆی منەوە، بڕۆ لە دەشتی تەروادەدا خۆت بنوێنە و کوشت و بڕی خۆت بکە. ئاوە جوانەکەم پڕ بووە لە جەنازەی کوژراوان، من ناتوانم بەم هەموو جەنازەیەوە بڕژێمە ناو دەریای ڕەخشانەوە. کەچی تۆ هێشتا، بەوپەڕی ڕق و دڵڕەقییەوە هەر خەریکی کوشتاری و دەستبەردار نابی.. بەسە وازبێنە ئەی سەرداری لەشکرکێش، لەوەی پتر پەستم مەکە!"

(٢٢٢) ئەخیلی لەزگین لە وەڵامیا گوتی: "تۆ ڕاست دەکەی ئەی سکاماندرۆس، ئەی توخم و تۆوی زیوس، هەرچی دەڵێی بەسەر سەر، بەڵام من دەستبەرداری کوشتاری تەروادەییانی خۆ پەسند نابم، تا نەیانکەمەوە بەشارەکەیاندا، و ڕووبەڕووی هیکتۆر نەبمەوە، تا بزانم ئەو من دەکوژێت یا من ئەو دەکوژم."

(٢٢٧) هەر کە ئەو قسانەی کرد وەکو خواوەندێکی ترسناك هێرشی بردە سەر تەروادەییەکان. هەنگێ پووبارەکە، ڕووباری بەگێژاو و گێژەنگی قوڵ، ڕویکردە ئەپولۆ و گوتی: "مەخابن، ئەی خواوەندی زیوین کەوان، ئەی کوڕی زیوس.. وا دیارە تۆ فەرمانەکانی کوڕی (کرونۆس)ت فەرامۆش کردووە، کە پێی فەرمووی پشتیوانی لە تەروادەییەکان بکە و یارمەتیان بدە تا درەنگانێکی شەو، تا ئەو کاتەی ڕۆژئاوا دەبێت و تاریکی باڵ بەسەر دەشت و دەرا دەکێشێت."

(٢٣٣) دوای ئەو قسانە، ئەخیلی ناودار بەڕمبازی، ڕابوو. لە کەنارەکەوە خۆی هەڵدایە ناوەندی شەپۆلەکان. ڕووبارەکە هەستا، شەپۆل بوو بەسێلاوێکی خوڕ. هەموو ئەو جەنازانەی کە ئەخیل کوشتبوونی کەوتبوونە بنی ڕووبارەکە، هەر هەموویانی ڕاماڵی و پاڵی دانە سەر ئەرزەکە. بەدەم ئەو کارەوە وەکو گا دەیبۆڕاند.. بەڵام زندووەکانی لەژێر گێژەنگە قوڵەکانی خۆیدا شاردەوە و پاراستنی.. شەپۆلێکی زۆر گەورە، گەلەك بەرز، دەوری ئەخیل دا، شڵپ و هوڕ سەری

بەقەڵغانەکەیدا دەکێشا، ئەخیل نەیتوانی خۆی لەسەر پێیان ڕابگرێ.. دەستی بەداربناوێکی بەرزی پڕ لق و پۆپی جوانەوە گرت، داربناوەکە لەڕیشەوە هەڵکەنرا و کەوت و کەنارە هەڵدێرەکە بەجارێ هەرەسی هێنا و داڕوخا، داربناوەکە تیلاوتیل بەهەموو لق و پۆپە چڕەکەیەوە کەوتە ناو ڕوبارەکە و وەکو جۆرە بەربەستێك بەری ڕوبارەکەی گرت .(ئەخیل)ش تەواو ترسی لێ نیشت. بەپەلە خۆی لە گێژاوی سێلاوەکە دەرباز کرد و خۆی گەیاندە دەشتەکە.

(٢٤٩) لێ خواوەندی مەزن هەر بەوەندە وازی نەهێنا. بەڵکو بەشەپۆلێکی لێڵی بەرزەوە دوای ئەخیل کەوت تا کۆتایی بەکارەکانی ئەم جەنگاوەرە ئاسمانی نەژادە بێنێ و تەروادەییەکان لە فەوتان و نەمان ڕزگار بکات. بەڵام کوپڕی پیلیوس پازێکی داو بەئەندازەی ڕمهاوێژێك لە ڕوبارەکە دوورکەوتەوە. وەکو چۆن هەڵۆیەکی ڕەش کە تیژ باڵترین و بەهێزترین باڵندەی ڕاوییە، پەلامار دەدا ،(ئەخیل)ش بەو ئاوایە بەرەو پێش تاوی دەدا و زرێ برونزییەکەی بەشێوەیەکی ترسناك دەزرنگایەوە.. بەڵێ هەڵدەهات و لە ڕوبارەکە دوور دەکەوتەوە .لێ سێلاو وشەپۆلان لێی نەدەبوونەوەو بەهەراو هەنگامەیەکی سەیرەوە دووی کەوتبوو. وەکو چۆن کابرایەك کاتێ ئاودێری دەکات و دەیەوێ باخ و بێستانەکەی ئاو بدات و لەسەرچاوەیەکی فرە ئاوەوە بەکەنالێکدا ئاوی بۆ بێنێ.

(٢٥٧) بێلێك بەدەستەوە بگرێت و کەناڵەکە جۆماڵ بکات و هەر بەربەستێکی پێش ئاوەکە لابدات، تا بەتوندی لێشاو بێنێ و هەردارو بەردێکی لەبن دابێ، ڕای بمالێت، زۆر بەخوڕ بڕوات، بەهاڕەو هاژە بەرەوخوار داگەڕێ و چاوەڕێی هیچ نەکات و تەنانەت ئاودێرەکەش کە گوایە کۆنترۆڵی دەکات بەجێبێڵێ.. بەو ئاوایە لافاوی ڕوبارەکە چنگ لەسەر شان دوای ئەخیلی لەزگین کەوت بووو دەیگەیشتێ. چونکە خواوەندان زۆر لە بەشەران بەهێزترن. هەر کاتێ ئەخیلی قۆچاغ ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە تا لە هەنبەر ڕوبارەکەدا بوەستێ و بزانێ کە ئاخۆ هەموو خواوەندانی سەروەرانی ئاسمانی بەرین بەدوایەوەن، شەپۆلێکی گەورە دەگەییە سەری و خۆی بەشانیا دەکێشا. ئەخیل بەترسێکی زۆرەوە هێزی دەدایە خۆ و ڕوبارە خوڕەکە،خۆی بەلاق و ئەژنۆکانیدا دەکێشا و زەوییەکەی ژێر پێی ڕادەماڵی.

(٢٧٢) هەنگێ کوپڕی پیلیوس، بەدەنگێکی خەمناك هاواریکرد و نیگای بڕییە ئاسمانی بەرین و گوتی: "ئەی بابە زیوس، ئەرێ هیچ خواوەندێك نیە دڵی بەمن بسوتێ و لە چنگی ئەم ڕوبارە و لەم مەینەتیەم ڕزگار بکات؟. دوای ئەوە هەرچیم بەسەر دێ بابێ، من ڕازیم. ئەوەندەی گلەییم لە دایکی هەژیمە، گلەییم لە هیچ خواوەندێکی دیکە نیە. چونکە ئەو بە زمانی لوس خاپاندمی. پێی ڕاگەیاندم کە لە بناری حەساری تەروادەییانی پڕ چەکدا بەتیری وێڵی ئەپولۆ دەکوژڕێم ئاھ. بڕیا بەدەستی هیکتۆر دەکوژرام، هەر نەبێ پاڵەوانترین جەنگاوەری ناو تەروادەییەکانە. ئەوسا دەگوترا قارەمانێك قارەمانێکی هاوتای خۆی کوشتووە. کەچی ئێستا چارەنووس وای خواستووە بەم کلۆڵیە بمرم، گیرۆدەی چنگی ڕوبارێکی گەورە بووم، دەڵێی بەرازەوانێکی گەنجم دەیەوێ لە جەرگەی زستاندا لە چۆمێك بپەڕێتەوە و شەپۆل و سێلاو بواری نادەن و ڕایدەماڵن."

(٢٨٤) هەر کە ئەو قسانەی کرد، یەکسەر پوسیدون و ئەتینا لە شێوە و هەیئەتی دوو بەشەردا خۆیان دەیاندێ. دەستیان گرت. بەڵێنیان دایە کە ڕزگاری دەکەن. هەوەڵجار پۆسیدونی زەوی لەرزێن کەوتە قسان و گوتی: "ئەی کوڕی پیلیوس، بەو ڕادەیە مەترسە. هیچ خەمت نەبێ ئێمە، من و ئەتینا بەڕەزامەندی زیوس، لە مەڵبەندی خواوەندانەوە بۆ یارمەتی تۆ هاتووین. تۆ لە چارەت نەنووسراوە لەم ڕوبارەدا تیابچی. هەر ئێستا بەچاوی خۆت دەبینی چۆن ئاوی ڕوبارەکە دەنیشێتەوە، جا ئەگەر تۆ بەگوێمان بکەی ئێمە ئامۆژگارییەکی باشت دەکەین. دەست لەشەڕی خوێناوی هەڵمەگرە تا لەشکری تەروادەیی لە حەسارە بەناوبانگەکەی تەروادە نەکەی.ڕەنگە هەندێکیان دەربازبن. ئەوجا هیکتۆر بکوژە و بۆلای کەشتییەکان بگەڕێوە، بزانە چۆن سەرکەوتن و سەرفرازیت پێ دەبەخشین."

(٢٩٨) دوای ئەو قسانە، هەردوکیان بۆ بارەگای نەمران گەڕانەوە. ئەخیل ڕویکردە دەشتەکە، بەڵێن و ئامۆژگاری خواوەندەکان بەتەواوەتی هێنابویانە جۆش و خرۆش. دەشتەکە یەکپارچە ئاوی سێلاو و لافاو بوو، زۆر چەکی جوان و لاشەی لاوانی کوژراوی مەیدانی شەڕ، کەوتبوونە سەر ئاو. ئەخیل لەهەر شوێنێکدا ڕووبەڕووی لافاوەکە دەبووەوە پازێکی بەرزی دەدا، ڕوباری بەرین نەیتوانی بەرهەقی بکات، چونکە ئەتینا هێزێکی گەورەی پێ بەخشی بوو. لێ (سکاماندروس)ش ڕقی دانەدەمرکایەوە، بەڵکو زیاتر لە کوڕی پیلیوس توڕە بوو. شەپۆلەکانی زۆر بەرزکردنەوە، هاواری لە سیمویس کرد: "ئەی برای ئازیز، وەرە با پێکڤە دژی ئەم کابرایە بوەستین، ئەگەر خێرا کۆنترۆڵی نەکەین، زۆری پێناچێت شارەکەی شا پریامی مەزن وێران دەکات، و تەروادەییەکان بەرگەی ناگرن. دەی خێراکە یارمەتیم بدە .ئاوەڕۆکانت پڕ لە ئاو بکە، هەموو شەپۆلەکانت خڕ بکەوە، شەپۆلێکی گەورە هەستێنە. دار و بەردان هەڵکەنە. بیکە بەهەرا و هەنگامەیەك ئەوسەری دیار نەبێ ،تا ئەم پیاوە دڕ و دڕندە تەبیعەتە، کە جارێ سەرکەوتووە، و لافی هاوتایی دەگەڵ خواوەندانا لێدەدات، کۆنترۆڵ بکەین.. من دەزانم نە هێز و بازووی نە جوانی و جەمالی نە سپەرو زرێ وچەك وئەسلەحە جوانەکەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان وەبن ئاو دەکەون و قوڕ وسیان دای دەپۆشن،دادی نادات.. خۆشی لە گڵ و لمدا نوقوم دەکەم، هێندەی چەو و لم بەسەردا دەکەم کە ئاخاییەکان نەزانن کوێی بۆ بگەڕێن تا ئێسك و پروسکەکەی کۆبکەنەوە. لە قولاییەکی ئاوهادا دەیشارمەوە، ئەوێ دەبێ بەگۆڕی و وەختێ ئاخاییەکان ڕێوڕەسمی پرسەی بۆ بگێڕن پێویست بەوە نەکات گۆڕی بۆ دروست بکەن."

(٣٢٤) ئەو قسانەی کرد. ئەوجا کەوتە شەپۆلدان. هەر شەپۆلەی بەقەد باڵا زەلامێك. یەکپارچە کەف و خوێن و لاشە بوو، زۆر بەتوندی پەلاماری ئەخیلی دا، ئاوی ڕوبار سات لەدوای سات بەرز و بەرزتردەبووەوە، چی وای نەمابوو کوڕی پیلیوس نقوم بکات و لەناوی بەرێت، هیرا کە ترسی لێ نیشت شەپۆل ولافاو ئەخیل ڕامالێت، بەدەنگی بەرز هاواری لە ئیفایستوسی کوڕی ئازیزی کرد وگوتی: "ڕابە کوڕی خۆم، ڕابە ئەی شەلە گیان! وادیارە دەبێ بێیتە شەڕی ڕوباری ئیکسانتوس. خێرا فریامان بکەوە. تۆ ئاگرە زۆر و زەبەنەکانت هەڵایسێنە. منیش دەچم لە دەریاوە گێژەڵوکە و زریانی ڕۆژئاوا و باشور هەڵدەکەم.

(٣٣٥) تا ئەم زریانە گڕ و بڵێسەی ئاگرەکە ئاڕاستەی تەروادەییەکان بکات و خۆیان وکلاوخود و زرێ وسپەر وچەکەمەنیەکانیان بسوتێنێ، تۆش لە کەنارەکانی ئیکسانتوسدا، هەرچی دار و درەخت هەیە بیسوتێنە. ئاگادارببە بە بەقسەی نەرم و زمانی لوس یان بەهاشوهوشە هەڵت نەخەڵەتێنێ و دەستبەرداری کارەکەت بی، تا خۆم ئاگادارت نەکەمەوە ئاگرەکەت مەتەمرینە."

(٣٤٢) دوای ئەو قسەیە، هیفایستوس، ئاگرێکی سامناکی خودایانەی هەڵایساند. ئاگرەکە هەوەڵجار دەشتەکەی گرت. هەموو ئەو مردووە زۆر و زەبەندانەی کە ئەخیل کوشتبوونی و لەو دەشتە کەوتبوون سوتاند. دەشتەکە وشك بووەوە، ئاوی بەبریق و باقی لافاوەکە وشکی کرد. وەکو چۆن بای باکور لە پایزدا بەسەر بێستانێکی لافاوگرتوودا هەڵدەکات و لەپڕ ئاوەکە دەنیشێتەوە وخاوەنەکەی دڵخۆش دەبێت، بەو ئاوایە دەشتەکە وشك دەبووەوە و جەستەی هەموو مردوەکان سوتان و لەبەین چوون. ئەوجا هیفایستوس گڕ و بڵێسەی ئاگرەکەی کردە ڕوبارەکە. هەرچی داری بەناف وچنار وبی، و گوڵ و ڕوەکی کێوی لە قەراخی ڕوبارەکە هەبوون سوتاندنی. مارماسی و ماسی ژێر گێژاو وئاوەڕۆی مەنگی ڕوبارەکە هەبوو، کەوتنە هەلەکە سەما و شپرزە و ترسا و لەبەر ئاگرە بێ ئامانەکەی هیفایستوس هەڵدەهاتن و ملیان بەملاو بەولاوە دەنا.. ئاگر گەییە خودی ڕوبارەکەش، بۆیە ڕویکردە هیفایستوس و گوتی: "ئەی هیفایستوس، هیچ خواوەندێك ناتوانێ شەڕی تۆ بکات، منیش ناتوانم بەم ئاگرە بێ ئامانەتەوە شەڕی تۆ بکەم و دڕت بوەستم.. ئەم شەڕە ڕابگرە! جا با ئەخیل هەموو تەروادەییەکان شار بەدەر بکات، بەمن چی چ پێویستم بەوەیە شەڕی ئەوان بکەم یان یارمەتیان بدەم؟!"

(٣٦١) بەدەم ئەو قسانەوە، پیرە ڕوبار دەسوتا و هەموو ئاوەڕۆ و سەرچاوەکانی هاتبوونە کوڵ و جۆش. وەکو چۆن بەزو پیووچەوری بەرازێکی قەڵەوی دابەستە لەناو مەنجەڵێك دادەنرێ و لەژێرییەوە نێڵ دەدرێ و پەیتا پەیتا چیلکە وداری ژێر دەخرێ و چەوریەکە لەناو مەنجەڵەکەدا و لە شوێنی خۆیدا قوڵپ دەدات. بەوئاوایە ئاوەڕۆ زوڵاڵەکانی پیرە دەریا دەسووتا و ئاوەکەی قوڵە قوڵ دەکوڵا.. ئیدی ڕوبارەکە لە پەلوپۆ کەوت. نەیدەتوانی بستێك بچێتە پێشێ. لەجێی خۆی وەستا .چونکە شالاوی گرەکەی هیفایستوس بڕستی لێ بڕی بوو. هەنگێ بەپەلە ڕوویکردە هیرا و کەوتە نوێژ و نزا. لێی پاڕایەوە وگوتی: "ئەی هیرا، بۆچی لەنێو هەموو خواوەندەکاندا هەر کوڕەکەی تۆ ڕووی ڕقی ئاگرەکانی خۆی کردۆتە من. منێ کە لە هەموو خواوەندەکانی دیکەی پشتیوانی تەروادەییان بێ گوناح ترم؟

(٣٧١) بەهەرحاڵ ئەگەر تۆ ئەمر بفەرمووی، من دەستبەردار دەبم. بەمەرجێ دەبێ (هیفایستوس)ش وازبێنێ و دەستبەردارببێ. جا هەنگێ من سوێندت بۆ دەخۆم کە جارێکی دی نەچمە هیمدادی تەروادەییەکان. تەنانەت ئەگەر لەلایەن جەنگاوەرانی ئاخاییەوە بێتە سوتاندیش."

(٣٧٧) گاڤێ هیرای بازوو چەرمگ گوێی لەو نزا و پاڕانەوەیە بوو، یەکسەر ڕویکردە کوڕە ئازیزەکەی، هیفایستوس، گوتی: "هیفایستوس، نهو ئاگرەکەت ڕاگرە. پێویست ناکا لە پێناوی بەشەرانی فانیدا بەو شێوەیە بچین بەگژ خواوەندێکی نەمردا."

(٣٨١) کـه هـیرا ئـەو قسـەیەی کـرد، هیفایسـتوس دەسـت بـەجێ گـڕ و بڵێسـەی ئاگرەکـەی کوژاندەوە، سێڵاوی ڕوبارەکە نیشتەوە و هێدی ئارام گەڕایەوە دۆخی جارانی.
(٣٨٣) هەڵچـوون و تـوڕەیی ئیکسـانتوس داکـوژا، ئیکسـانتوس و هیفایسـتوس، هـەردووکیان دەستیان لەشـەڕ هـەڵگرت. چـونکە هیرا، وێـڕای ئـەوەی هێشـتا هـەر تـوڕە بـوو ،شـەڕەکەی پـێ ڕاگـرتن. بـەڵام شـەڕ و کێشـەیەکی تونـد لـەنێوان خواوەنـدەکانی دیکـەدا هەڵگیرسـا .چـونکە لـە کۆبوونـەوەدا نەگەیینـە یـەک، ئیدی دژی یـەکتر وەسـان و لێیـان بـوو بەدەنگـە دەنـگ و هەرایـەکی گەورە. ئەرز و ئاسمانیان وەزاڵە هێنابوو.. زیوس کە لە ترۆپکی ئولیمبۆس ڕۆنیشتبوو گوێی لە هەرا و زەنایان بـوو، کـە دیتـی خواوەندان خەریکـە تێـک بـەردەبن، لـە کـەیفان پـڕ بـەدڵ پێکـەنی.. ئیدی خواوەندەکان نـەیانتوانی بەسـەر خۆیانـدا زاڵ بـن، ئیریسـی قـەڵغان شـکین بـەر لـە هـەمووان دەستی بەشـەڕ کرد، نێزە ئاسـنینەکەی هـەڵگرت و بـەرەو ئـەتینا غاریـدا و بـەدەم جنێـو و قسـەی زبـرەوە پێـی گـوت: "ئـەی مێشـە سـەگانەی لاسـار، ئـەی مایـە فیتنـەی بـێ بـاك، ئـەی خۆپـەرست بۆچـی بـۆ کـەیفی دڵـی خـۆت خواوەندەکان بەشـەڕ دەدەیـت؟ لـە بیرت چـووەوە چـۆن دیومیدسـی کوڕی (تودیوس)ت لێ هاندام کە بریندارم بکات؟ تـۆ بـەخۆت، بەبـەرچاوی هەمووانـەوە نێزەیـەکی درەخشانت هەڵگرت و ڕێك ئاڕاستەی منت کرد، جەستەی ناسکت بریندار کردم. پێمایـە ئـەمڕۆ سزا و باجی ئەو کردەوە کرێتانەی خۆت بەزیادەوە دەبێ بدەیت!"
(٤٠٠) ئەوەی گوت و یەکێکی بەسـپەرە بـەگێز وگوڵینگەکـەی ئـەتینادا کێشـا.. ئـەو سـپەرەی کـە چەخماخەی (زیوس)ش نەیدەتوانی بیبڕێت. ئیریسی خواوەندی خوێن و مـەرگ، ڕمـە درێژەکـەی کێشا بەو سپەرەدا، ئـەتینا کشـایە دواوە، بەدەسـتە بـەهێزەکانی گـا بـەردێکی ڕەش، ناهـەموار و زبـری لـە دەشـتەکە هـەڵگرت، کـە پێشـینان بـۆ نیشـانەکردنی ئاقـاری کێڵگـەیان دانـابوو. کێشـای بەملی ئیریسدا، لە پەلوپۆی خست. کەوتە سەر زەوی و بەدرێژایی حـەوت فەرسـەخان غل بووەوە قژەکەی خۆڵاوی بوو .دەنگ و دەنگدانەوەی زرێکەی بەری دنیای ڕپکرد.
(٤٠٨) هەنگێ ئەتینا ڕپ بەزار پێکەنی، بەکەش و فشـەوە گوتـی: "کەودەن، چما تا ئێستا نـازانی من لە تۆ بەهێزترم، وا هێزی خۆت بەمن تاقی دەکەیەوە؟ خۆت بۆ پشم و غـەزەبی دایکت ئامادە بکـە، زۆرت لێ قەڵسـە .چـونکە تـۆ پشـتت کردۆتـە ئاخاییـان و یارمـەتی تـەروادەییانی خۆپەسـند دەدەیت."
(٤١٥) دوای ئەو قسانە، چاوە تیژەکانی لە ئیریس گواستەوە، ئەفرۆدێتی کیـژی زیـوس، دەسـتی ئیریسـی گـرت کـە لـە پەسـتاو بـێ پسـانەوە دەیناڵاند، دەیویسـت لـەو نـاوەی دووربخاتـەوە، زۆر بەزەحمەت هەناسەی هاتەوە بەر. لێ هەر کە یـەزدانخانم هیرا، هیرای باسك سپی بینـی ڕویکـردە هیرا و بەڕاشکاوی پێی گوت: "ئاە، ئـەی کیـژی زیوسـی سپەروان، بڕوانـە ئـەم مێشـە سـەگانەیە واجارێکی دی ئیریس، ئیریسـی بـەڵای گیـانی بەشـەرانی فانی، لـە مەیـدانی ئـەم شـەڕ و قەوغایـە دوور دەخاتـەوە، خێرا هەڕە دوای بکەوە."
(٤٢٤) هەڕکـە هیرا ئـەو قسـانەی کـرد، ئـەتینا بەخۆشـحاڵیەوە شـوێنی ئـەفرۆدێت کـەوت. خـۆی گەیاندێ و بەدەسـتە بەهێزەکانی یەکێکی کێشا بەسـەر سینگیدا. ئـەژنۆکانی سسـت بـوون .دڵـی

خاو بووەوە وەردوکیان، ئەفرۆدێت و ئیریس کەوتنە سەر زەوی. هەنگێ ئەتینا بەکەش و فشەوە ڕووی تێکردن وگوتی: "ئەگەر هەموو ئەوانەی یارمەتی تەروادەییەکان دەدەن و دژی ئارگۆسیانی شەڕقان دەوەستن، وەکو ئافرۆدێت بەهێز و ئازابان، وەختێ بەرانبەر بەهێزی من پڕکێشی کرد، هاتبا کۆمەکی ئیریس، دەمێ بوو ئەم شەڕەمان بڕانبووەوەو شارە قایم و ئاواو و ئاوەدانەکەی تەروادەمان گرتبوو."

(٤٣٤) هیرای باسك چەرموو، كه گوێی لەو قسانه بوو پێكەنی. لێ شا پوسیدونی زەوی لەرزێن، ڕووی كرده ئەپولۆ وگوتی: "ئەی فویبوس، تاكەی لێكدی دووربین، بۆ نەكەوینه وێزەی یەكدی؟ ئەمه كارێكی باش نیه، چونكه خواوەندەكانی دی دەستیان بەشەڕی یەكتر كردووه. ئاخر جوان نیه من و تۆ بەبێ شەڕ بگەڕێینەوە بۆ ئولیمبۆس. بۆ ماڵە ئاستانه برونزیەكەی زیوس .جا مادامێكی تۆ بچووكتری، تۆ دەست پێبكه. نابێ من دەست پێبكەم. چونكه لە تۆ گەورەترم ئەزموونم زیاترە.. كەللەپوت، لەبیرت چووەوە كه لەنێو خواوەندەكاندا تەنیا من و تۆ بەئەمری زیوس چووین بۆ تەروادە و چ دەرد و مەینەتیەكمان چەشت؟ كاتێ بەفرمانی زیوس چووین بۆ ئەوێندەر، بۆ ماوەی سااێكی ڕەبەق لە هەنبەر هەقدەستێكی دیاریكراو خزمەتی شا (لاومیدون)مان كرد، ئەو سەركار و فەرماندار بوو، و بەكەیفی خۆی ئەمری پێدەكردین. ئەوەبوو حەسارێكی پانی زۆر جوانم لە دەوری شارەكەیان كێشا، تا ببێ بەقەاّ و شارەكەیان بپارێزێ.. تۆش ئەی فویبوس، گاوگۆتاّە لەڕو لاواز و پەیزەنەكانیانت لە بنار ودۆاّە بژوێن و زەمەندەكانی ئیدادا دەلەوەڕاند.

(٤٤٩) كه كەوتینه شێنەیی، ماوەی كارەكەمان تەواو بوو. وەختی ئەوە هات لاومیدون هەقەكەمان وێدا ،نەك هەر هیچی نەداینێ، بەڵكو هەموو هەقدەستەكەی بەباڕەباڕ خواردین، دەریكردین و هەڕەشەی لێكردین كه دەست و پێمان دەبەستێ و لە دوڕگەیەكی دورە دەست دەمانفرۆشێت. سوێندی لێخواردین گوێی هەردووكمان بەشمشێرە برونزیەكەی دەبڕێت، ئەوەبوو هەردووكمان بەتوڕەیی، بێ ئەوەی هەقدەستەكەمان بداتێ گەڕاینەوە! كەچی تۆ وێڕای ئەو هەموو نەهەقی و زوڵمەی لێی كردین، ئەمڕۆكه یارمەتی قەوم و دەسته وبەستەكەی ئەو دەدەیت و یارمەتی ئێمه نادەیت كه ئەو تەروادەییه خۆپەسەندانه بەخۆ ومااّ ومندااّ و ژنیانەوە بێنینه سەر چۆكان و لەناویان بەرین."

(٤٦٢) ئەپولۆی دوور ئەنگێوە بەرسڤی دایەوە: "ئەی خێوی بومەلەرزان، ئەگەر من لە پێناوی خێڵی بەشەرانی فانیدا شەڕی تۆ بكەم هەقی خۆتە سەرزەنیشتم بكەی و بەگەوج و بێ ئاوەزم بزانی، ئەو بەشەرانەی كه وەكو گەاّی دار ودرەختان، كاتێ چەكەرە دەكەن و دەڕوێن و لە شیلەی زەوی دەخۆن گەش و تەڕ و تازەن، پاشان سیس دەبن و دەژاكێن و دەوڕێن و دەمرن و دەبڕێنەوە، كەواتە تا زووە بادەستبەرداری دووبەرەكی و كێشە ببین و واز لە بەشەران بێنین شەڕی خۆیان بكەن!"

(٤٦٨) ئەو قسانەی كرد و ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیی. پێی شەرم بوو شەڕی برایەكی بابی بكات. بەاّم ئەرتەمیسی خوشكی، شابانۆی جەنگەاّن وهۆڤی ودڕندان، زۆر بەتوندی و توڕەیی كەوتە

جنێودان و سەرزەنشتی وگوتی: "بەڕاستی شەمە بۆ تۆ، ئەی خواوەندی دوور ئەنگێوە! هەڵدێی. مەیدان لەبەر پوسیدون چۆڵ دەکەی. بەخوت‌وخۆڕایی سەرکەوتنی بەنسیب دەکەی؟!. هەی بێ ئاوەز! منداڵ، ئەدی بۆچی ئەو کەوانەت بەبێهودە هەڵگرتووە؟ نەخەڵەتابی، جارەکی دی لەبەرچاوی منداً، لە کۆشکەکەی بابمدا، لەناو خواوەندانداً، وەکو جاران بەخۆ بنازی و بڵێی ڕوبەڕوو شەڕی (پوسیدون)ت کردووە!

(٤٧٨) ئەپولۆی دوور ئەنگێوە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. لێ ژنە هێڕاکەی زیوس زۆر تورە بوو. زۆر بەتوندی کەوتە سەرزەنشتی ئەرتەمیسی تیرئەنداز و بەدەم قسەی ساردوسڕەوە گوتی: "ئەی دێڵە سەگی بێ چاو وڕوو، چۆن زات دەکەی بەم ئاوایە دژی من بوەستی؟.. من ئەو دژمنە نەرمە قوتە نیم کە بەو ئاسانییە بتوانی ڕووبەڕووی ببیتەوە. هەرچەندە کەواندارِبی، هەرچەندە زیوس تۆی کردۆتە دێڵە شێر و بەریداویتە ژنان و ڕێی داوی بەکەیفی خۆت کیهەیانت بوێ بیکوژیت.. جا باشتر وایە تۆ ئەم کارە لە کۆساراندا بکەی و گیانلەبەرانی دڕندەو هۆڤی و بزنە کێویان بەتیر و کەوانەکەت بکوژیت، نەك پەلاماری خەڵکانی لە خۆت بەتواناتر و بەهێزتر بدەی.. خۆ ئەگەر هەر سووری لەسەر شەڕ و دەتەوێ خۆت تاقی بکەیەوە، ئەوا بێگومان پەشیمان دەبیتەوەو چەند بەهێزبی من لەتۆ بەهێزترم."

(٤٨٩) هیرا دوای ئەو قسانە، بەدەستی چەپی هەردوو مەچەکی ئەرتەمیسی گرت .بەدەستی ڕاست کەوانەکەی لەشانی داگرت، بەدەم تەوس و پێکەنینەوە ،بەکەوانەکەی خۆی بەربووە سەر و گوێلاکی. ئەویش (ئەرتەمیس) خۆی لە دەستی ڕادەپسکان و خۆی لەبەر جەزرەبەکانی لادەدا، هەموو تیرەکانی ناو تیردانەکەی کەوتن و بەسەر ئەرزەکەدا پەرش و بلاوبوونەوە. ئەرتەمیس بەدەم گریان و زاریەوە وەکو کۆترێکی ترسا و چۆن فرسەت دێنێ و لەبەر واشەیەك هەڵدێ تا خۆی بگەیەنێتە هێلانەکەی، لە کونە تاوێرێکدا، لە شکەفیتێکدا، خۆی دەرباز بکات.. (ئەرتەمیس)ش بەدەم گریانەوە تا هێزی تێدا بوو پێی وەغارێوەنا،کەوان و تیرەکانی لەوێندەر بەجێهێشت.

(٤٩٧) هەنگێ هیرمیس، بکوژی ئارگۆسیان، ڕویکردە دایکی ئەرتەمیس، واتە لیتۆ و گوتی: "لیتۆ، من شەڕی تۆ ناکەم، چونکە شەڕی هاوسەرانی زیوسی هەورەوان، کارێکی گەلەك خەتەرناکە.. ئەگەر پێت خۆشە هەڕە لەنێو دەستەوبەستەی خودایاندا لاف لێ بدە کە بەسەر منداً سەرکەوتووی.

(٥٠٢) دوای ئەو قسانە، لیتۆ کەوان و تیرەکانی لەناو تەپوتۆزدا خڕکردنەوە. بەپەلە شوێن کیژەکەی کەوت. بەڵێ ئەرتەمیس خۆی گەیاندە ئولیمبۆس و چوو بۆ ماڵە برونزینەکەی زیوس، بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە لە باوەشی بابی دانیشت.جلە عەنبەرینەکەی لەبەریا دەلەرزی. بابی، کوڕەکەی کرونۆس، بۆلای خۆی ڕایکێشا و بەدەم بزەوەو بەمیهرەبانی لێی پرسی: "کیژی ئازیزم، کام خواوەندی ئاسمانی بەو جۆرە و بەناهەق ڕەنجاندوتی و ئازاری داوی، وەك ئەوەی تاوانێکی گەورەت بەبەرچاوی هەموو خەڵکیەوە کردبێ؟ هەنگێ، ئەرتەمیسی ڕاوچی، کە

تاجێکی پرشنگداری بەسەرەوە بوو لە وەڵامیا گوتی: "بابۆ، هاوسەرەکەی تۆ.. هیرای باسک چەرموو لێیدام، هەر ئەویشە ئاژاوە و کێشە دەخاتە نێو خواوەندانەوە و دەیاندات بەگژ یەکدا."
(٥١٤) بەو جۆرە قسەیان بۆ یەکدی کرد. لەو کاتەدا ئەپولۆ خۆی بەتەروادەی پیرۆزدا کردبوو، لەوە ترسابوو کە داناییەکان پەلە بکەن و بەپێچەوانەی ئەو قەدەرەوە کە بۆ تەروادە دانرابوو، هەر ئەو ڕۆژە شورە و حەساری ئەو شارە مکومە وێران بکەن.. خواوەندەکانی دیکە چوونەوە بۆ ئۆلیمبۆس، هەندێکیان تورە و هەندێکیان شادمان لەلای بابیان، پاشا و خێوی هەوران ڕۆنیشتن.. بەڵام ئەخیل هێشتا شەلم کوێرم ،کەس نابوێرێم کەوتبووە گیان تەروادەییەکان و ئەسپەڕەهوان و ڕەخشانەکانیان. وەکو چۆن شارێك ئاگری تێبەر دەبێ و دووکەڵی دەگاتە تاقی ئاسمانی بەرین و خواوەندان تورە دەبن و جڵە و بۆ ئاگرەکە شل دەکەن، و ئاگر زیاتر بڵێسە دەسەنێ و خەڵکانێکی زۆر مالوێران و تازیەبار دەکات.. (ئەخیل)ش بەهەمان شێوە تەروادەییەکانی مالوێران و ماتەمبار دەکرد!
(٥٢٦) پریامی پیر لەسەر حەسار و بورجە پیرۆزەکە وەستابوو. سەیری کرد ئەخیلی درندە هێرش دێنێ ئەمما هێرش، تەروادەییەکان شپرزە و سەرگەردان و بێ سەر و بەر، لەبەری هەڵدێن و بەجارێ نەترەیان بەرداوە. پریام بەدەم کەسەر وداخێکی فرەوە لەسەر بورجەکە هاتەخوارێ، بانگی لە پاسەوانانی ناودار ودلێری دەروازەکان، کە بەدرێژایی حەسارەکە ڕیزیان بەستبوو، کرد: "بەدەستی خۆتان دەروازەکان بخەنە سەر پشت، با هێزە شکاو وهەڵاتوەکەمان بێتە ناو شارەوە. چونکە ئەخیل زۆر لێیان نزیکە. چنگ لەسەر شان ڕاویان دەنێت و شپرزەی کردوون، هاکا بیانگاتێ و لەنێویان بەرێ، چ حەیاچوونێکە! بەڵام وەختێ هێزەکەمان گەییەوە ناو شار و ئاهێکیان وەبەرهاتەوە، هەنگێ دەروازەکان جوان دابخەنەوە، چونکە دەترسم ئەم پیاوە سەر شێت و بەڵایە خۆی بەشاردا بکات!"
(٥٣٧) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، پاسەوانەکان خێرا دەروازەکانیان خستە سەر گازی پشت. بەکردنەوەی دەروازەکان ئومێدێکیان پەیدا کرد. لەگەڵ ئەمەشدا ئەپولۆ خێرا چووە پێشوازیان تا لە فەوتان ڕزگاریان بکات. لێ تەروادەییەکان، لە دەشتەکەوە، تینو وتیفەڕۆ، سەروپۆڕ تەپوتۆزاوی بەهەڵەداوان، ڕاستە و ڕاست بەرەو شار و بورجە بەرزەکەی شار هەڵدەهاتن. (ئەخیل)ش نێزە بەدەست، لێوان لێو لە کەرب و کین، دوایان کەوتبوو. پشم و غەزەبێکی تۆفان ئاسا لە دڵی هەستا بوو وبەخەیاڵی سەرکەوتن و سەرفرازی و شکۆ بوو.
(٥٤٤) لەم کاتەدا کوڕانی ئاخایی دەیانتوانی دەست بەسەر تەروادەی دەروازە بەرزدا بگرن، ئەگەر ئەپولۆ فریا نەکەوتبا و ئەجینوری جوامێر، کوڕی ئەنتینور، ئەو جەنگاوەرە نەبەز و بێ وێنەیەی هان نەدابا کە وەرەی بەرز بێ و بەرگری بکات. ئەپولۆ وەرەی ئەوی بەرزکردەوە و بەخۆیشی لەلایەوە وەستا، تا لە چنگی کوشندەی مەرگی بپارێزێ. پشتی بەدار بەڕوویەکەوە دا خۆی لە پەڵە هەورێکی تونددەوە پێچا. ئەجینور، وەختێ ئەخیلی وێرانکەری شارانی بینی، لەجێی خۆی وەستا، دڵەڕاوکێیەکی زۆری پێکەوت، لە دڵی خۆیدا بیری لە هەزار و یەك ئاکامی خراپ کردەوە کە چاوەڕوانی بوون. نائومێد و پەرێشانبیر، کەوتە دواندنی ڕوحی مەزن و بوێری

خۆی: "واوەیلا بەحاڵم! ئەگەر منیش وەکو ئەوانی دی، لەبەر ئەخیلی جوامێر، بەترس و لەرزەوە هەڵێم، ئەوا دەمگرێت و بەزەبونی و زەلیلی و کەساسی دەمکوژێت!.چۆنە هەقم بەسەر ئەوانەوە نەبێ کە ئەخیل دوایان کەوتووە، من لە پەنا حەسارەکەوە بەرەو شوێنێکی دی هەڵێم، بەرەو دەشتی ئیلیون.

(٥٥٨) تا دەگەمە دۆڵ و زەندۆڵانی ئیداو، لەوێ خۆم بەبێشەیەکی چڕە دارستاندا دەکەم؟.. کە ئێوارە داهات خۆم لە ڕوباردا دەشۆم و ئەو تەپوتۆز و ئارەقەیە لەخۆ دەکەمەوە، ئەوجا بۆ تەروادە دەگەڕێمەوە.بەڵام بۆچی بەم شێوەیە خۆم دەدوێنم؟ لەوەیە کاتێ کە پشت لەشار ڕوودەکەمە دەشت، بمدینێ، هەنگێ دوام دەکەوێ ،دەمگرێت و لە چنگی دەرباز نابم. چونکە لە هەموو بەشەران بەهێزترە. ئەدی چۆنە لەبەردەم شاردا ڕووبەڕووی ببمەوە؟ خۆ بەدەنی پۆڵا نیە، برونزی تیژ دەیڕێ، ئەویش هەر یەك گیانی هەیە .بەشەرێکی فانیە و هیچی دی،با هەر زیوس، (کوڕی کرنوس)ش پشت و پشتیوانی بێ."

(٥٧١) هەر کە ئەو قسانەی کرد ،خۆی ئامادەکرد تا ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە. بەدڵ و بەگیان، بێ ترس و دوودڵی ،لەبیری ئەوەدا بوو بەگژ ئەخیلدا بچێتەوە. وەکو چۆن دێڵە پڵنگێك لە بێشە دێتە دەر، ڕووبەڕووی ڕاوچییەك دەبێتەوە، بێ ترس و بێ پەروا، لە گەفی سەگان ناپرینگێتەوە، تەنانەت ئەگەر شکارچیەکە تەڕدەستی بکات، بەتیر یان بەڕم بریندار بکات، بەو حاڵەشەوە دەستبەردار نابێ، ناگەڕێتەوەو پەلاماری خۆی دەدات و تا نەکوژرێ وازناهێنێ.. بەو ئاوایە ئەجینوری گەڕناس، کوڕی ئەنتینور، لێبڕا کە هەڵنەیەت و ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە. سپەرەکەی لەبەردەم خۆی گرت، ڕووی نێزەکەی کردە ئەخیل و بەدەنگی بەرز تێی خوڕی: "ئەی ئەخیلی ناودار و جوامێر، بێگومان لە کانگەی دڵەوە بەتەمای ئەمڕۆکە شاری سەربەرزی تەروادەییانی جەنگاوەر وێران بکەی.. خەیاڵت خاوە، ئەمەت بەو ئاسانیە بۆ ناچێتە سەر، چونکە شار پڕە لە ئێمەمانان، لە خەڵکانی گەرنۆس ودلێر، هەموو لەبەردەم داك و بابانی ئازیز، و ژن و منداڵەکانمان دەوەستین و بەرگری لە ئیلیون دەکەین. جا چەند جەنگاوەرێکی چەڵەنگ و چالاك وبەهێز وبێباك بی، ئێرە دەکەین بەگۆڕت."

(٥٩٠) ئەو قسانەی کرد و بەدەستە بەهێزەکەی ڕمە تیژەکەی تێ سرەواند. ڕمەکە لەژێر ئەژنۆوە بەر لاقبەندەکەی ئەخیل کەوت. لێ سەرە نێزەکە نەك هەر لاقبەندە مسە تازە دروستکراوەکەی نەبڕی، بەڵکو هەڵگەڕایەوە و دەنگێکی ترسناك لە لاقبەندەکەوە هەستا. بەهەرحاڵ دیاری خواوەندەونایەتە بڕین.. ئەوجا نۆرە هاتە سەر ئەخیلی کوڕی پیلیوس و پەلاماری ئەجینوری خواوەند ئاسای دا.. بەڵام ئەپولۆ فریا کەوت، نەیهێشت ئەخیل بەئاوات بگات و ئەجینور بکوژێت.

(٥٩٦) ئەجینوری ڕفاند، لە پەڵە هەورێکی تووندییەوە پێچاو. بەئارامی لە شەڕگەکەی دوورخستەوە. ئەوجا بەفێڵ و فەند کوڕەکەی پیلیوسی لە لەشکری تەروادەییەکان دوورخستەوە. خۆی خستە پێستی ئەجینورەوە، بەموو لەو جیاواز نەبوو، هەنگێ خواوەندی دوورئەنگێوە، بەو شێوەوتەرحە ڕاوەستا، ئەخیل بەهەشتاو هێرشی بۆ برد. لەکاتێکا ئەخیل

بەگەنمەجاڕی دەشتەکەدا ڕاوی دەنا، ئەو بەرەو ڕوباری قوڵی پڕ گێژاو و گێژەنگی سکاماندروس پێچی کردەوە. ئەپولۆ پێی هەڵگرت، بەڵام پێ هەڵگرتنێکی کەم، چونکە دەیویست ئەخیل بخەڵەتێنێ و ئومێدی ئەوەی بخاتە دڵ کە ئەگەر یەک تۆزێ پێ هەڵگرێ دەیگاتێ. لەو کاتەدا تەروادەییەکان، تێکشکاو وهەڵاتوو، بەکۆمەڵ خۆیان بەناوجەرگەی شاردا دەکرد و زۆر خۆشحاڵ بوون کە توانی بوویان ڕزگار بن. شار پڕبوو لە ئاپۆڕەی جەنگاوەران. کەس زاتی نەکردبوو لە دەرێی شار و حەسارەکە هەڵوەستەیەک بکات و تەمەشایەک بکات بزانێ کێ هەڵاتووە وکێ لە جەرگەی شەڕدا کوژراوە.. کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی بگەیەنێتەوە ناو شار.

سروودی بیست ودووەم

کوژرانی هیکتۆر

حیکایەتەکە:

ئەخیل هەر ئەپولۆی ڕاودەنا، ئەپولۆ دەیویست ئەخیل لە دەروازەکانی شار (تەروادە) دووربخاتەوە، تا لەپڕ ئەپولۆ وەستا، خۆی ئاشکرا کرد کە خواوەندە وئەخیل نەدەتوانێ بەسەریا زاڵ بێ و نەدەتوانێ بیگاتێ. ئەخیل دوای ئەو هەموو ڕاکەڕاك وماندووبوونە دووچاری نائومێدی بوو. ئیدی ئەتینا بەلەز خۆی پێ دەگەیەنێ و شوێنەکەی هیکتۆری پێ دەڵێت. دنەی دەدات، وڕەی بەرز دەکاتەوە، هێز وەبەر بەدەن و لاقی دەخات. لەم کاتەدا پریام لەسەر حەسارەوە دەڕوانێ، داوا لە هیکتۆر دەکات وەژوور بکەوێ و ببێ بەڕابەر و پارێزەری گەلەکەی، هەم خۆی بپارێزێ وهەم گەلەکەی. هەوڵدەدا قەناعەتی پێبکات کە لەگەڵ ئاخاییاندا سەودا بکات. هیلین ونیوەی گەنج و سامانی تەروادەیان بداتێ و بەمە ئەم شەڕە شوومە دەبڕێتەوە. ئ هیکتۆر قاییل نابێ بچێتە ژوورەوە، هەستدەکات ئەگەر وەژوور بکەوێ عەیبدار دەبێ و دەبێ بەگەپجاڕی قارەمانان و جەنگاوەرانی تەروادە. ئەوجا مەسەلەکە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵدەسەنگێنێ، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئاخاییەکان بەنیوەی گەنج و سامانی تەروادە ڕازی نابن و مکوڕن لەسەر وێرانکردن و گرتن و تاڵانکردنی تەواوەتی شار.. تا ئەمانەی لە هزری خۆدا تاوتوێ کرد، ئەخیل گەییە نزیکی. ئەوجا پرسیاری ئەوە لە خۆ دەکات کە ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە یان لەبەری هەڵبێ؟ کە بینی ئەخیل زۆر لێوەی نزیکە، بڕیاری دا لەبەری هەڵبێ، بەدەوری حەسارەکەدا پێ وەغارێوە دەنا و ئەخیل بەدووییدا. جووتە پاڵەوان لە یەکبینە و بێ ماندووبوون سێ جاران بەدەوری حەساردا دەسوڕێنەوە، لەتۆ وایە خواوەندان هێزیان وەبەرناون.. ئەخیل خەریکەبێ لەم گەمەیە وەڕز دەبێ، ئ ئەتینا لێی دێتە پێشێ و پێی دەڵێت دەچێت بۆلای هیکتۆر، قەناعەتی پێ دەکات لەڕووی بوەستێ.. ئەتینا لەڕووی زیوسی بابی دەوەستێ، کە بەزەیی بەهیکتۆردا دێتەوە و دەخوازێ ڕزگاری بکات. بەڵێ لەڕووی دەوەستێ و پێی دەڵێت ڕۆژی تەواو بووە ودەبێ بەچارەنووسی خۆی بگات و ناشێت سەروەری خواوەندان دژی قەدەر بوەستێ.هەروەها (ئەپولۆ)ش دەیەوێ هیکتۆر ڕزگار بکات. بەڵام بەرلەوەی بچێتە هیمدادی، زیوس تەرازووی قەدەر بەدەستەوە دەگرێت، هیکتۆر دەخاتە تایەکیەوە و ئەخیل دەخاتە تایەکەی دیکەوە، تایەکەی هیکتۆر بەرەو هادیس، خانەی مردووان دادەکشێت، ئیدی

ئەپولۆ دەستبەردار دەبێت. ئەوسا ئەتینا دەچێتە پێستی (دیفوبوس)ی برای هیکتۆرەوە و دەچێت بۆلای و بەدەنگی ئەو قسانی دەگەڵ دەکات، پێی دەڵێت کۆمەڵێك ڕمی پێیە، هەر جارێ ڕمێکی هاویشتە ئەخیل ،ئەم ڕمێکی دی دەداتێ، بەو جۆرە بۆ شەڕی هان دەدا لەجێی خۆی دەوەستێ. ئەخیل ڕمێکی تێ دەسرەوێنێ، خۆی لادەبات. ئەم ڕمێك داوێتە ئەخیل و دەیپێکێ. بەڵام کار لە سپەرە عەجیبەکەی ناکات، داوا لە دیفوبوس دەکات ڕمێکی بداتێ، بەڵام براکەی لەوێ نابینێ. ئیدی دەزانێ ئەتینا خەڵەتاندویەتی. داوا لە ئەخیل دەکات کە پابەندی داب و نەریتان بن، هەر کامیان ئەوی تری کوشت جەنازەکەی بداتەوە بەخاوەن و کەسوکاری. ئەخیل قاییل نابێ، جارێکی دی داوای لێدەکات کە ئەگەر جەنازەکەی بداتەوە سەربەهایەکی گەورەی دەست دەکەوێ، لێ ڕەفزی دەکات و دەڵێت جەنازەکەی بۆلای کەشتی ئاخاییەکان دەبات و دەیخاتە بەر کسۆکان.. ئیدی دوای ئەوەی دەیکوژێت، هەردوو پاژنەی کون دەکات، پەتێ تێ دەخات، لە عەرەبانەکەی دەبەستێ تا بەناو هورای ئاخاییان و ئاە و ناڵەی تەروادەییاندا بەرەو کەشتیەکانی ڕابکێشێت .داك وبابی لەسەر حەسارەوە بۆی دەگرین. لەو کاتەدا ئەندروماك کە خەریکی خەڕەکەکەی دەبێ گوێی لەگریان و زاریان دەبێ، یەکسەر دڵی خەبەر دەدا کە شووەکەی مردووە. لەگەڵ دووان لە کارەکەرەکانیا وەدەردەکەوێ، کە چاوی بەدیمەنەکە دەکەوێ لەخۆی دەچێت. کاتێ وەهۆش دێتەوە بۆ بەختی ڕەشی خۆی و نادیاریی ئایندەی کوڕە بێ بابەکەی دەکەوێتە شین وشەپۆڕ وهەموو ژنانی تەروادە لەگەڵی دەگرین.

زەمەن:

هێشتا لە ڕۆژی سییەمی زەمەنی گێڕانەوە هۆمەریەکەداین.

شوێن:

زۆربەی بویەرەکان لەبن حەسارەکانی تەروادەدا ڕووەدەن. هۆمەر هەموو ئەو شوێنانە دەژمێرێ کە هەردووك پاڵەوان بەدەوری حەسارەکەدا پێیدا دەڕۆن. دیمەنێکیش هەیە، زیوس بەزەیی بەهیکتۆردا دێتەوە، ئەتینای کچی داوای لێدەکات یارمەتی هیکتۆر نەدات و دژایەتی قەدەر و چارەنووس نەکات.

(١) تەروادەییەکان، وەکو کارمامزانی هەراسان وشپرزە خۆیان بەشاردا کرد، هەموو لەسەر بانێژە جوانەکانی شارەوە ئارەقەی سەر وچاو ولەشیان دەسڕی وتینویەتی خۆیان دەشکاند. ئاخاییەکانیش هەموو قەڵغان بەشان، لە حەساری شار نزیك دەبوونەوە. لێ قەدەری سەرسەخت هیکتۆری خستە داوەوە ولەشوێنی خۆی لەبەردەم ئیلیون ودەروازەکانی شاردا مایەوە. ئەپولۆ ڕوویکردە کوڕی پیلیوس وگوتی: "ئەی کوڕی پیلیوس، بۆچی دوام دەکەوی، لە کاتێکا تۆ بەشەڕێکی فانیت و من خواوەندێکی نەمر؟ یانی هێشتا نازانی من خواوەندم و تۆ بەبێهودە خۆت ماندوو دەکەی؟ تا تۆ لێرە دەگەڕێیتەوە، تەروادەییانی دژمنی تۆ، بەکۆمەڵ خۆیان لەشار توند دەکەن. کەچی تۆ تا ئێستا وێڵ و سەرگەردان بەخۆڕایی دوای من کەوتووی. بەهەرحاڵ تۆ ناتوانی من بکوژیت، چونکە من مردنم لەسەر نییە!"

(١٤) ئەخیلی لەزگێن زۆر توڕە بوو، وەڵامی دایەوە: "بەڕاستی چاکت خەڵەتاندم ئەی خواوەندی دوورئەنگێوە، ئەی دڵڕەشترین خواوەندن، تۆ بۆ ئێرەت بکێش کردم تا لە حەساری تەروادەم دوور بخەیەوە، دەنا زۆر کەسی ترم، بەرلەوەی بگەنە ناو ئیلیون، لە خوێنا دەگەوزاند و جارێکی دی هەرگیز تەروادەیان بەچاو نەدەبینی.. بەم کارەت سەرفرازی و شکۆیەکی گەورەت لەدەستدام، زۆر بەئاسانی ڕزگارت کردن. چونکە لە قەرزی دواڕۆژ ناترسیت و خەمی تۆڵەت نییە. ئاخ ئەگەر دەمتوانی، دەمزانی چۆن تۆڵەی خۆم لێدەکردیتەوە!"

(٢١) ئەو قسانەی کرد، بەدڵێکی پڕ لە خۆپەسندی، بەهەشتاو بەرەو شاری تەروادە وەڕێکەوت. وەکو چۆن ئەسپێکی براوە، بەخۆی و عەرەبانەکەیەوە، زۆر خێرا مەیدان دەبڕێ و پێش ئەوانی دی دەکەوێ.. (ئەخیل)ش بەهەمان چوست و چالاکی لاقەکانی خستە کار و ڕێگەی دەبڕی. پریامی پیر یەکەم کەس بوو کە لە دوورەوە بینی،

(٣٠) بەپەلە بەدەشتەکەدا دەهات و وەکو چۆن ئەستێرەی یەمانی (دوو خوشك) کە بەشەران (سەگی گەورەی پێ دەڵێن) لەناو لەشکری ستێراندا لە شەوی ئەنگوستە چاودا دەدرەوشێتەوە و لە هەموو ئەستێران بەپرشنگترە، بەڵام لەهەمان کاتدا نیشانەی شەڕ وشوومییە وتاولەرزی کوشندەی بۆ بنیادەمانی کەساس پێیە، (ئەخیل)ش بەو ئاوایە لەژێر برونزاندا دەبریسکایەوە و دەهاتە پێشێ. پریام ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردنەوە و کێشانی بەسەریا و بەدەنگی بەرز کەوتە پاڕانەوە لەکوڕە ئازیزەکەی کە بگەڕێتەوە. بەڵام هیکتۆر لەبەر دەروازەکاندا وەستا بوو و بەتاسەوە چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەخیل بوو. پیرەمێرد بەدەنگێکی خەمناك ڕوویکردە کوڕەکەی و گوتی: "هیکتۆر، ئەی کوڕی ئازیزم.. تکایە بەتەنێ، بەبێ پشتیوانی کەسانی دی ڕووبەڕووی ئەم پیاوە مەبەوە، دەنا بەدەستی کوڕی پیلیون دەکوژرێی .چونکە زۆر لەتۆ بەهێزترە، ئەمە درندەیە درندە. ئاە بریا خواوەندانیش هەر هێندەی منیان خۆش دەویست، هەنگی زووبەزوو لە گوڕە دەکەوت و دەبوو بەخۆراکی کسۆك و سەرگەڕان، دڵی پڕ خەمی منیش ئیسراحەتی دەکرد. گەلێك لە کوڕە ئازاکانی لێ ڕفاندم، هەندێکیانی کوشت. هەندێکیانی لە دوڕگە دوورە دەستەکاندا فرۆشت. ئەوەتا ئەمڕۆکەش، لەنێو ئەو تەروادەییانەدا کە بەکۆمەڵ لەناو شار خڕبوونەتەوە، دووان لە کوڕەکانم نابینم: لیکاون وپولیدوروس، کە هەردووکیان لە(لاوت)ی هاوسەرم بوون، لاوتی ڕەسەن و ئەسڵزادە، سەنگین ترین ژنی ناو ژنان. جا ئەگەر ئەم دووانەم هێشتا زندووبن و لە ئۆردوگای دژمندا بن، ئەوا زێڕ و برونزێکی زۆرمان هەیە و بەزێڕ وبرونزان ژیانیان دەکڕینەوە، چونکە (ئالتیس)ی بەناڤ و دەنگ، کاتی خۆی کەلاوتی کیژیم خواست، زێڕ و برونزێکی فرەی بەجیازی لەگەڵدا ناردبوو. بەڵام ئەگەر مردبن و چووبنە هادیس، خانەی مردوان، ئەوا دەبنە سوێی دڵی من و دایکیان و هەموو ئەوانەی ئێمە خستومانناوە. بەهەرحاڵ داخ و کەسەری ئەوانی تر کەمتر دەبێ، ئەگەر تۆش بەدەستی ئەخیل نەکوژرێی و لەناو نەچیت. کەواتە وەرە ژوورەوە کوڕی خۆم، وەرە ژوورەوە تا پیاوان و ژنانی تەروادەیی ڕزگار بکەیت. تا نەبیتە مایەی سەرکەوتن و سەرفرازی کوڕی پیلیوس، و لەناوچوونی خۆت و لە دەستدانی ژیانی شیرینی خۆت.. هەروەها

دەبێ بەزەیيت بەمندا بێتەوە. بەمنی نەگبەت و بەدبەخت، کە هێشتا هۆش و گۆشم لای خۆمە. منی بێنەوای چارەڕەش کە (زیوس)ی کوڕی کرۆنۆس پاش ئەو هەموو داخ و کەسەرە بێ شوماڕە بەو زووانە، بەم ئاخری پیرییەوە، بەچارەنووسێکی خەمناکەوە لەنێوم دەبات، کە کوژران و مەرگی کوڕەکانم دەبینم، کیژەکانم بەئەسیری و کەنیزەکی دەبرێن. کۆشك و تەلارەکانم وێران دەکرێن،

(٦٤) نەوەکانم لە مەیدانی شەڕدا دەگەوزێنرێن، ئاخاییانی ستەمکار، بووکەکانم بەتۆبزی دەبەن. ئەنجام نۆرە دێتە سەر من، کسۆکان لەبەر ماڵەکەی خۆمدا، دوای ئەوەی یەکێك لە دژمن بەزەبری شمشێر یان نێزە دەمکوژێت، هەڵم دەدڕن.. ئەو کسۆکانەی لەسەر خوانی خۆم خواردنم داونەتێ تا پاسەوانی دەرگاکەم بکەن. بەڵێ، ئەو کسۆکانە دوای ئەوەی بەدڵی پڕ لە کەرب و کینەوە خوێنەکەم دەمژن، دەچن لە ڕاڕەوەکانی سەراکەمدا لێی وەردەکەون.. سەبارەت بەگەنج ئەگەر لەشەڕا بکوژرێ، ئاساییە لەو گۆڕە بکەوێ، هەموو جێیەکی بەدەرەوە بێ تەنانەت لە مردنیشدا هەموو شتێکی لێ جوانە. بەڵام کە پیرێك دەکوژرێ لە دنیادا لەوە ناخۆشتر نییە کە کسۆکان دەم بژننە پۆڕیبۆز وردینی چەرمگیوگەڵوگون و ئەسپابە تایبەتییەکانی بکەوێتە ئەو گۆڕە، تەحا لەو حەیاچوونە!"

(٧٧) پریامی پیر بەو جۆرە قسانی کرد. بەدەست بەربووە ڕنینەوە ودەرهێنانی پۆڕەسپیەکەی، بەڵام نەیتوانی دڵی هیکتۆر نەرم بکا.. دایکیشی لەولاوە بەدەم فرمێسك ڕشتن و گریانەوە بەدەستێك لۆیەکی کراسەکەی لادا وبەدەستەکەی تری مەمکەکانی دەرخست و بەدەم لاڵانەوەوە گوتی: "هیکتۆر کوڕەکەم! بیکە بەخاتری ئەم سینگ و مەمکانەم، حورمەتی ئەم مەمکانەم بگرە و بەزەیيت بەمندا بێتەوە. ئەوەت لەبیر بێ کە چۆن بەم مەمکانە بەخێوم کردویت و هەموو خەم و ئازارێکم ڕەواندویتەوە. کوڕی خۆم وەرە ژووریێ، لێرەوە، لەم دیو حەسارەکەوە ڕووبەڕووی ببەوە لە دەرەوە ڕووبەڕووی مەبەوە. کابرایەکی دڵڕەقە ئەگەر بتکوژێت ناتوانم لە جێگەدا داتبنەم و لەگەڵ ژنەکەتدا ژنە ئەسڵزادەکەتا، ئەی کوڕی شیرینم، بەدیارتەوە بگرین. بەڵکو دوور لە ئێمە، لەکەناری کەشتی ئارگۆسییەکاندا بەبێ گۆڕ، دەکرێی بەخۆڕاکی کسۆکان. بەو جۆرە هەردووکیان بەدەم گریانەوە، لە کوڕە ئازیزەکەیان دەپاڕانەوە. لێ نەیانتوانی دڵی نەرم بکەن. بەڵکو لەجێی خۆی چەقی بوو. چاوەڕوانی ئەخیلی دەکرد. کە بەهەڵەداوان لێی دەهاتە پێشێ. وەکو چۆن ماڕێکی کێوی تێر بەسکی خۆی گیای زەهراوی خواردبێ، زۆر تووڕە بووبێ و لەبەر کونەکەی خۆیدا پەپکەی خواردبێ و چاوەڕوانی ڕێبواڕێك بێ و بەگومان وتووڕەیی لێی بڕوانێ.. هیکتۆری (میرخاس)ش بەهەمان شێوە سەراپای بوو بوو بەئازایەتی و لەجێی خۆی نەدەبزووت و نەدەگەڕایەوە. سپەرە ڕەخشانەکەی لەشانی داگرت و بەدیواری بورجەکەوەی هەڵپەسارد، بێباك ونەترس لەوێ وەستا.

(٩٩) لەدڵی خۆیدا گوتی: "واوەیلا بەحاڵم، ئەگەر لەدەروازەوحەسار وەژوور کەوم، پولیداماس یەکەم کەس دەبێ لۆمەم بکات .چونکە ئەو ئاموژگاری کردم هەر کە ئەخیل هاتە مەیدانی شەڕ لەژێر باڵی تاریکی شەودا پاشەکشە بەلەشکرەکە بکەم و بۆ بورجەکانی خۆمان بگەڕێینەوە،

بەڵام بەقسەم نەکرد. بریا بەقسەم دەکرد. زۆر باشتر دەبوو. من کە بەکەرێتی خۆم لەشکرەکەم پەرێشان وداغان کردووە، ڕووی ئەوەم نیە چاو لەبەر پیاوانی تەروادەیی و ژنانی تەڕپۆشی شار هەڵێنم. زۆر دەترسم ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێکی زۆر بودەڵە بڵێ: "هیکتۆر، لەشکرەکەی کرد بەقوربانی لاف وگەزافی خۆی، زۆر بەتوانا و هێزی خۆی دەفشی!".. باشترین شت ئەوەیە ڕووبەڕووی ئەخیل ببمەوە یان دەیکوژم و دەگەڕێمەوە یا بەسەربەرزی لەبەردەم شاردا دەکوژرێم.. یان چۆنە سپەرە بەنەخش و نیگارەکەم و کلاوخودە قورسەکەم دابنەم و ڕمەکەم بەدیوارەکەوە هەڵپەسێرم، بەخۆم بەبێ چەك بچمە پێشوازی ئەخیل؟ بەڵێنی بدەمێ کە هیلین و هەموو ئەو گەنج و سامانەی کە ئەلکساندەر (پاریس) لە کەشتیانی بارکرد بوو و لەگەڵ هیلیندا هێنابووی بۆ تەروادە کە هۆکاری شەڕی ئێمە و ئەو بوو، بۆ کوڕانی ئۆتریوس دەگێڕینەوە. هەروەها کارێکی وەها دەکەم هەرچی سەروەت وسامان وگەنجینە لە شاردا هەیە، برابەش لەگەڵ ئاخاییەکاندا بەش بکەین و بەشایەتی دەمڕاست و ردێن سپیانی تەروادەش بەڵێن لە تەروادەییان وەردەگرم کە هیچ شتێك نەشارنەوە، هەموو گەنجینە جوانەکانی شار بکەن بەدوو بەشەوە؟. ئەمە چۆن بیرکردنەوەیەکە من هەمە؟ ئەگەر بەو شێوەیە بەرەو پیری بچم، نەڕوحمم پێدەکات و نەڕێزم دەگرێت. منی بێ چەك وەکو ژنێکی بێدەسەلات دەکوژێت. بۆیە ناکرێ وەکو چۆن کوڕان و کیژانی لاو لەسەر تاوێرێك یان لەبن دار بەڕویەکدا دەکەونە ڕاز و نیاز، بەو ئاوایە لەگەڵیا بکەمەوە گفتوگۆ.. بۆیە تازووتر بکەوێنە شەڕی یەکتر باشترە. بابزانین خوا (زیوس) سەرکەوتن بەکێمان دەدا."

(١٣١) هیکتۆر بەدەم ئەو بیرانەوە لە جێی خۆی وەستا بوو. لێ ئەخیل کە کلاوخودەکەی وەکو کلاوخودەکەی ئیریسی خواوەندی جەنگ، بەسەر سەرییەوە دەلەرییەوە دەهاتە پێشێ. نێزە سامناکەکەی کە لە داربناوی دەڤەری پیلیون دروست کرابوو، لەسەرشانی ڕاستییەوە سەرەتاتکێی دەکرد. سەپارای لە برونزدا دەدرەوشایەوە. لە تۆ وایە بڵێسەی ئاگرێکی بێ ئامانە یان گزنگی هەڵاتنی هەتاوە. هیکتۆر کە چاوی پێکەوت، ترسی لێنیشت و زاتی نەکرد لەوەی پتر لەجێی خۆی چاوەڕوانی بکات. بەترسەوە بە بەر دەروازەکاندا کەوتە غاردان .لێ ئەخیل بەپەلە دوای کەوت. وەکو چۆن واشەیەکی تیژ باڵ، لەسەر چیایەکەوە پەلاماری کۆترێکی پەشۆکاو دەدات و کۆترە لەبەری هەڵدێ بەڵام

(١٤١) واشەکە بەدەم قیژەیەکی سامناکەوە، زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە وگوڕ دەداتە خۆ کە نێچیرەکەی بگرێ (ئەخیل)ش بەهەمان شێوە تا هێز لە لاقیا بوو بەرەو هیکتۆر چوو، هیکتۆرش بەهەموو هێزی خۆیەوە بەبن حەساری تەروادەدا کەوتە غاردان.

(١٤٥) بەو جۆرە بەدەم غاردانەوە بەدەوراندەوەری حەساری شاردا دەسوڕانەوە. لە بورجی دیدەوانییەکە ڕەت بوون. لەدار هەنجیرە کێویە تەنیاکە ،کە بەدەم باوە دەشنایەوە ڕەت بوون. بەگالیسکەڕێییەکەدا بەردەوام بوون، گەیینە ئەو جووتە کانییە جوان و ئارامەی کە سەرچاوەی ڕوباری (سکاماندروس)یان پێکدێنا، و یەکێکیان ئاوی گەرمی لێ هەڵدەقوڵا، هەڵمێکی لێ هەڵدەستا لە تۆ وایە دوکەڵی ئاگرە. ئەوی تریان بەهاوین، ئاوێکی تەزی لێ هەڵدەقوڵا، وەکو

ئاوی تەرزە یا بەفر یان شەختەی سەر ئاوان. لە نزیکی ئەم جووتە کانیەدا، چەند جۆرنەیەک هەبوو بۆ کوڵ و شوستوشۆ، زۆر جوان بوون، لەبەرد دروست کرابوون. کە ژنان و کچانی نەشمیلی تەروادەیی لە ڕۆژانی ئاشتی و ئارامیدا، بەر لە هاتنی کۆڕانی ئاخایی، جلە جوانەکانیان لەوێ دەشت.. بەخێرایی لەو جۆرنانەی تێپەڕین. یەکێکیان هەڵدەهات و دووەمیانی ڕاوی دەنا.. لە پێشەوە پیاوێکی دلێر و ئازا هەڵدەهات،

(١٥٨) بەڵام ئەوەی ڕاوی دەنا لەو ئازاتر بوو. ئەم جووتە غاریان دەدا ئەمما غار.. غاردانی وان لەڕای بردنەوەی حەیوانێکی قوربانی یان کەوڵی جوانەگایەک نەبوو، وەکو ئەمە لە پێشبڕکێی غارغارێندا باو بوو.. خەڵاتی ئەم غاردانە ژیانی هیکتۆر بوو. هیکتۆری چاپکسوار و ڕامکەری ئەسپان. وەکو چۆن ئەسپانی خورت و ڕەهوان، سمتیژ، بەهومێدی بردنەوەی خەڵاتێکی بەهادار –مەنجەڵی سێپا بێ یان کەنیزەک– لە ئاهەنگی یادی پاڵەوانێکی مردوودا، بەڕێگەیەکی پڕ پێچاو وپێچدا دەکەونە پێشبڕکێ.. بەو ئاوایە ئەم جووتەش بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە، بەدەوری شارەکەی پریامدا سوڕانەوە. هەموو خواوەندەکانیش تەماشایان دەکردن. ئیدی سەردار وبابی هەموو بەشەران وخواوەندان بەر لە هەموویان هاتە قسان و گوتی:

(١٦٨) "مەخابن، بەچاوی خۆم پیاوێکی ئازیز دەبینم بەدەوری حەساری تەروادەدا ڕاودەنرێت. بەڕاستی بەزەییم بەهیکتۆردا دێتەوە، کە لە لوتکەکانی ئیدای پڕ گەڵونوالاندا لە بورج و قەڵای ئیلیوندا زۆر گاجووتانی لە پێناوی مندا کردۆتە قوربانی و ڕانەکانی لەڕای مندا سوتاندون. ئەخیل دەبینم، ئەخیلی مەزن، چنگ لەسەرشان بەدەوری شارەکەی پریامدا ڕاوی دەنێت.. ئەی خواوەندان باش بیربکەنەوە. لە بەینی خۆتاندا تەگبیر بکەن ئایا ڕزگاری بکەین یا بەهەموو دلێری و ئازایەتییەکیەوە وازی لێ بێنین، ئەخیلی کوڕی پیلیوس بیکوژێت؟"

(١٧٧) ئەتینای چاوگەش وەڵامی دایەوە: "بابۆ، ئەی خێوی هەورە تریشقان، ئەی هەورەوان، ئەم قسەیە چیە کە تۆ دەیکەی؟ دەتەوێ یاسای دێرینەی چارەنوس بگۆڕی؟ ئەم ئادەمیزادە لە دەستی مقەدەری مەرگ ڕزگار بکەی. تۆ بەکەیفی دڵی خۆت بکە. بەڵام دڵنیابە ئێمە ،خواوەندان شتاقامان بەشداریت ناکەین!". زیوسی هەورەوان بەرسڤی دایەوە: "کیژم، دڵ لەدڵ مەدە، خەمت نەبێ من شتەکەم بەجدی نییە، بەڵام دەمەوێ هەندێ بەڕوحم بم لەگەلیا. گوێ مەدەیە هەموو شتێك بەدڵی خۆت دەبێ. بڕۆ چیت پێ خۆشە وا بکە، بێ دڵی خۆت مەکە. لە هیچ مەپرینگێوە."

(١٨٦)ئەتینا کە بەخۆی لەسەرپێ بوو، بەو قسانە هێندەی دی خرۆشاو بە هەشتاو لە لوتکەکانی ئۆلیمبۆسەوە داگەڕا

(١٨٨ ئەخیل سات بەسات پتر تەنگی بەهیکتۆر هەڵدەچنی و لێی نەدەبووەوە. وەکو چۆن تاژییەك لەنێو چیایاندا ئاسکێك لەلانەکەی هەڵدەستێنێ، بەگەڵی و نوالاندا ڕاوی دەنێ ،ئەگەر ئاسکەکە لەپڕ خۆی وەناو بێشەیەکدا بکات و بۆ ماوەیەکی کەم دەرباز ببێ، ئەوا تاژیەکە دەستبەرداری نابێ، بەبۆن دەیدۆزێتەوە و دوای دەکەوێ تا دەگیرێت. هیکتۆرش بەهەمان شێوە نەیدەتوانی لە چنگی ئەخیلی لەزگین دەربازبێ. چەند دەیویست بگاتە دەروازەکانی دەردانیان و

خۆی بداتە پەنا حەسارە مکومەکە و هاوڕێکانی لەسەرەوە بەهانایەوە بێن و لەسەرەوە ئەخیل بەر تیرو کەوانان بدەن، ئەخیل پێشی لێدەگرتەوە و بۆ دەشتەکەی دەگێڕایەوە و ناچار بەدەوری حەسارەکەدا دەسوڕایەوە. وەکو چۆن لە خەوندا یەکێك یەکێك ڕاودەنێ، نە یەکەم دەتوانێ هەڵێ و نەدووەم دەتوانێ بیگاتێ و بیگرێ.. بەو ئاوایە نەئەخیل توانی بگاتە هیکتۆر و نەهیکتۆر توانی هەڵێ!.. هیکتۆر چۆن دەیتوانی لە قەدەری مەرگ دەرباز بێ؟ ئەپولۆ لێی نزیك بووەوە تا ورەی بەرزبکاتەوە. هێز و گوڕ وەلاقانی ببەخشێت. ئەخیلی مەزن ئاماژەیەکی بۆ لەشکری ئاخاییان کرد، بەڵام بەئاماژەی سەر تێی گەیاندن کە کەس تیر ونێزە نەهاوێتە هیکتۆر. لەوە دەترسا یەکێکیان بیپێکن و سەربەرزییەکە بۆ خۆی تۆمار بکات. هەوڵ و خەبتینی ئەم بەفیڕۆ بچێ و ئەو سەنگەی نەبێ. پاش ئەوەی بۆ جاری چوارەم گەییشتنەوە لای دوو کانیەکە، بابە زیوس هەردوو لنگی تەرازووە زێڕینەکەی بەرز کردەوە، دوو قەدەر و چارەنووسی خستنە ناو یەکێکیان هی ئەخیل و ئەویتریان هی هیکتۆری چابك سوار بوو. ئەوجا تەرازووەکەی لە ناوەندەوە گرت وبەرزی کردەوە. لینگەکەی هیکتۆر بۆ هادیس، خانەی مردوان داکەوت. ئیدی ئەپولۆ وازی لێهێنا. هەنگێ ئەتینای چاوگەش چوو بۆلای کوڕەکەی پیلیوس، گوتی: "ئەی ئەخیلی جوامێر، ئەی خۆشەویستی زیوس، بەئومێدم ئێستا ئەو کاتە بێ، کە هەرچەند هیکتۆر هێشتا لە شەڕ و جەنگ تێر نەبووە، تۆ بتوانی بیکوژیت و مژدەی سەرکەوتنێکی گەورە بەئاخاییان بدەیت.. تازە ناتوانێ لە دەستمان دەرباز بێ. تەنانەت ئەپولۆی دوورئەنگێوەش هەرچی بکات و چەند لەبەر زیوس بپارێتەوە وداوای ڕزگاری هیکتۆری لێ بکات، ناتوانێ فریای بکەوێ و ڕزگاری بکات. تۆ لێرە بوەستە. نەفەسێك تازە بکەوە. تا من بەخۆم دەچم بۆلای ئەو پیاوە وقەناعەتی پێدەکەم کە چیتر هەڵنەیەت و کاتی شەڕی دەستەویەخەیە."

(٢٢٤) ئەتینا ئەو قسانەی کرد .ئەخیل بەخۆشحاڵییەوە بگوێی کرد. خۆی دا بەسەر نێزە بناویە نووك برونزیەکەیدا و لەجێی خۆی وەستا. ئەتینا ئەوی بەجێهێشت و ڕۆیی بۆلای هیکتۆری مەزن ،بەهەیئەت و دەنگی دیفوبوس خۆی پیشانی هیکتۆردا، لێی نزیك بووەوە وگوتی: "بۆ ئازیز، بزانم ئەخیلی لەزگین زۆر پەریشانی کردویت و بەدەوری شارەکەی پریامدا ڕاوت دەنێ. وەرە با ڕووبەڕووی بینەوە و لەبەری هەڵنەیەین."

(٢٣٢) هیکتۆری جوامێر، کاڵو ڕەخشان وەڵامی دایەوە: "ئەی دیفوبوس، هەمیشە تۆم لە هەموو براکانم، لە هەموو کوڕانی هیکوبا و پریام پتر لا خۆشەویست بووی. بەڵام ئەمجارەیان لە هەموو کات پتر چوویە دڵمەوە، چونکە تۆ لەبەرخاتری من قیروسیات لەخۆ کردووەو لە حەسار هاتویە دەر وئەوانی دی بۆ خۆیان لە ژوورەوەن."

(٢٣٢) ئەتینای چاوگەش گوتی: "بۆ ئازیزم، باب و داکی هەژیمان، هەموو هاوڕێیانم، لەبەرم پاڕانەوە، زۆریان تکا لێکردم کە لە حەسار وەدەرنەکەوم. چونکە تەواو ترسیان لێ نیشتبوو. بەڵام کە تۆم بەو حاڵەوە بینی زۆر خەمبار بووم. خۆم پێنەگیرا. جا بۆیە وەرە بەدوو قۆڵی پەلاماری بدەین و لێی نەترسین ،ڕم بەدەست سڵی لێنەکەینەوە! بەهیچ جۆرێ خەمی ڕمت نەبێ،

جا بابزانین ئاخۆ ئەو هەردووکمان دەکوژێ و میراتیە خوێناویەکانمان بۆلای کەشتییەکانیان دەبات یان ئەو دەبێت بەتێشووی ڕمی تۆ."

(٢٤٧) ئەتینا بەدەم ئەو قسانەوە پێشکەوت و هیکتۆری هەڵخەڵەتاند. وەختێ لێکدی نزیکبوونەوە ،هیکتۆری مەزن، هیکتۆری کلاوڕەخشان ڕویکردە ئەخیل و گوتی: "ئەی کوڕی پیلیوس چیتر لەبەرت هەڵنایەم، سێ جاران دەوراندەوری حەساری شارەکەی پریامی مەزنت پێکردم، زاتم نەکرد لێت هەڵگەڕێمەوە و شەڕی تۆ بکەم، لێ ئێستا ڕوحم فەرمانم پێدەکات ڕووبەڕووت ببمەوە. جا یا دەتکوژم یا دەمکوژیت. بەڵام با خواوەندان بەشایەد بگرین و لەبەردەمی ئەواندا بەڵێن بدەین: کە ئەگەر زیوس دەستی دام و توانیم بتکوژم بەهیچ جۆرێ جەنازەکەت ناشێوێنم و سوکایەتی پێناکەم. بەڵکو دوای ئەوەی چەك و ئەسلەحەکەم تاڵان کردیت، لاشەکەت بەسەلامەتی و بەحورمەتەوە بۆ ئاخاییەکان دەگێڕمەوە. تۆش سوێندم بۆ بخۆ کەواهی دەکەی!".

(٢٦٠) هەنگێ ئەخیلی لەزگین، بڕۆکانی وێك هێنانەوە وبەڕقەوە گوتی: "ئەی هیکتۆر، ئەی کەر پیاو باسی پەیمان و بەڵێنان بۆ من مەکە، وەکو چۆن سۆز و پەیمان لە نێوان شێر و بەشەردا نییە ،ئاشتی لەنێوان گورگ و بەرخدا نییە، هەردووك ڕقیان لێکدیە، بەهەمان شێوە مەحاڵە من و تۆش پێکەوەمان بکرێ. دۆستی یەکتر بین، واتە هیچ سۆز و پەیمانێکمان لەنێواندا نابێ. دەبێ یەکێکمان بکوژرێ و بەخوێنەکەی تینویەتی ئیریس، ئەو جەنگاوەرە لەزەبرە، کە سپەرەکەی لە پێستی گا دروست کراوە بشکێنێ.. جا ئێستا بیر لە هەموو جۆرە ئازایەتیەك بکەوە. پێویستە بەکردەوە بیسەلمێنی کە ڕمباز و شەڕقانێکی مێرخاسی. هیچ دەرفەتێکی هەڵاتنت نیە، هەر ئێستا ئەتینا دەتکات بەتێشووی نێزەکەی من. دەبێ باجی ئەو هەموو دەرد و خەمە بدەی، کە بەکوشتنی هاوڕێکانم بەمنت نۆشت."

(٢٧٣) ئەو قسانەی کرد، نیشانەی لێگرتەوە و پیرە ڕمی هاویشتێ. هیکتۆر ڕمەکەی بینی خۆی لەبەری لادا، ڕمی برونزی بەسەر سەریا گڤەی کرد و لە عاردی چەقی.لێ ئەتینا، هەڵیگرتەوە و بەبێ ئەوەی هیکتۆر بیدینێ دایەوە بەئەخیل. هیکتۆر بەکوڕی پیلیوسی گوت: "نێزەکەت بەهەتەر چوو. نەت پێکام، وادیارە ئەی ئەخیل، ئەی هاوتای خواوەندان، هێشتا زیوس لە چارەنووسی منی ئاگادار نەکردویت، کەچی تۆ جەختت لەسەر ئەوە کرد کە ئاگاداری کردویت. تۆ کابرایەکی درۆزنی فیشاڵبازی ،دەتەوێ بەگاڵەی دەم بمترسێنی و زاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەدەست بدەم و لەبەرت هەڵیم.. نا ئەو زەمانە بەسەرچوو لەبەرت هەڵیم و لە پشتەوە بەر نێزەم بدەیت، نا دەبێ کاتێ کە پەلامارت دەدەم لە سینگمی بچەقێنی، ئەگەر خواوەندێك ئەم توانایەت پێ ببەخشێت.. ئێستا خۆت لەبەر نێزەی برونزینی من لادە، بەئومێدم لە جەستەتدا ختم ببێ!.. بەمردنی تۆ باری شەڕ لەسەر شانی تەروادەییان سووك دەبێت. چونکە تۆ بەڵای گیانی ئەوانی."

(٢٨٩) بەدەم ئەو قسانەوە نیشانەی لێگرتەوە و نێزەکەی تێسرەواند. نێزە ڕێك بەرناوەندی سپەرەکەی کوڕی پیلیوس کەوت. لێ نێزەکە هەڵگەڕایەوە و چوو لەو دوورە کەوتەوە. هیکتۆر کە

بینی ڕمەکەی بەبێهودە لە دەست ڕۆیی، زۆر تورە وقەڵس بوو حایر وسەرسام وەستا ،چونکە نێزەی دیکەی پێ نەبوو. هەنگێ بەدەنگی بەرز هاواری دیفوبوسی سپەرۆخشانی کرد، داوای نێزەیەکی درێژی لێدەکرد .لێ دیفوبوس لەو ناوە نەبوو. هیکتۆر لە ناخی خۆیدا پەی بەهەموو شتێك برد. لەبەر خۆیەوە گوتی: "حەیفێ، بێگومان خواوەندان بەرەو مەرگی خۆمم بەکێش دەکەن. وامزانی دیفوبوس لە تەکمایە. لێ مەخابن لەودیو حەسارە. ئەتینا هەڵیخەڵەتاندوم .ئیدی ئەوە مەرگە و بەرەوڕووم دێت. ئیدی مەرگ نزیکەوهیچ مەفەڕێکم نییە.پێم وایە هەر لە هەوەڵەوە زیوس وکوڕەکەی زیوس، ئەپولۆی دوورئەنگێوە، ئەمەیان پێ خۆش بوو. ئەوانەی کە پێشتر دڵسۆزانە بەهانامەوە دەهاتن و دەیان پاراستم. وادیارە ئێستا ڕۆژم تەواو بووە .بەڵام ناشمەوێ هەروا بێ هیچ هەوڵ و تەقەلایەك، ناوبزر بمرم، دەبێ کارێکی شایستەی وەها بکەم کە نەوەکانی ئایندە بیگێڕنەوە."

(٣٠٦) هەر کە ئەو قسەیەی کرد، شمشێرە گران وبڕندەکەی کە بەقەدیەوە بوو هەڵکێشا.. خۆی ئامادەکردو وەکو چۆن هەڵۆیەکی بەرزەفڕ، لەتاقی ئاسمانەوە بەناو هەوری توند وچڕا بەرەو دەشتێك داگەڕێ تا پەلاماری بەرخە کۆرپەیەکی ناسك یان کەرۆشکێکی هەڵتروشکاو بدات.. هیکتۆرش بەو شێوەیە بەشمشێری ڕووتەوە هێرشی برد.. ئەخیل بەدڵێکی پڕ کەرب و کینەوە بەرەوڕووی چوو. قەڵغانە جوان و بەنەخشونیگارە نایابەکەی دابووە پێش خۆی. کلاوخودە درەخشان وچوار قوببەییەکەی بەسەر سەریەوە دەلەرییەوە، ئەو یاڵ و ڕیشوە زێڕ و جوانانەی کە هیفایستوس لێی نابوو بەهەموو لایەکدا شەپۆلیان دەدا وبەنەرمی دەلەرینەوە. وەکو چۆن لە تاریکە شەوێکا ،لەناوجەرگەی ئەستێرانەوە، لە قولاێی ئاسمانەوە، ئەستێرەی شەوێ، مینای جوانترین ئەستێرە دەدرەوشێتەوەوپرشنگ داوێ بەو ئاوایە نێزەکەی (ئەخیل)ش کە بەدەستی ڕاستی گرتبووی و مەرگی هیکتۆری لەخۆیدا هەڵگرتبوو دەدرەوشایەوەو پرشنگی دەهاویشت. چاوی بۆ شوێنێکی ڕووتی بەدەنی دەگێڕا، تا ڕمەکەی ئاڕاستە بکات. ئەو زرێ و چەك و ئەسلەحەیەی کە لەدوای کوشتنی پاتروکلۆسی جوامێر دەستی بەسەراگرتبوو، سەراپای داپۆشی بوو. تاقە شوێنێکی کە بەدەرەوە بوو، ئەوکی بوو، ڕێك بەینی شانی و ملی، کە گیانی بەشەڕ لەوێندەرەوە زوو دەردەچێت. ئەخیلی مەزن هێرشی بردە سەر هیکتۆر. ڕێك ئەوێندەری پێکا. گەرووی دیواودەر کون کرد، بەڵام بۆری هەناسەی نەبڕی، چونکە هیکتۆر بەرلەوەی بکەوێ، فریاکەوت چەند قسەیەك بەئەخیل بڵێ.. ئەوجا تیلاوتیل تەختی زەوی بوو.. ئەخیل شاد و سەرمەست چووە دیاری و گوتی: "ئەی هیکتۆر! بێگومان، ئەو کاتەی چەك و ئەسلەحەکەی (پاتروکلۆس)ت تاڵان دەکرد، لە دڵی خۆتا دەتگوت لەشەڕی من دوور دەبیت و بیری ئەوەت نەبوو کە منی دوورە جەنگ کە لەگەڵیا نەبووم، تۆڵەی دەکەمەوە. بێ ئەقڵ خۆت، غافڵ بووی لەوەی کە لەناو کەشتییەکاندا تۆڵە ئەستێنێکی زۆر بەتواناتر لە پاتروکلۆس هەبوو. ئەو تۆڵە ئەستێنە من بووم، کە ئەوەتام لە پەلوپۆم خستیت و تۆ ئیدی دەبیت بەخۆراکی کسۆك و دااڵشان. بەڵام پاتروکلۆس بەڕێز وحورمەتەوە ئاخاییان پرسەی بۆ دەگێڕن و دەینێژن."

(٣٣٨) هەنگێ هیکتۆری کلاوڕەخشان بەدەم دوا هەناسەی گیانەڵلاوە گوتی: "دەستم دامێنت. تۆ گیانی خۆت ،ساقەسەری داك و بابت، ئەوەم لەگەڵدا مەکە کسۆکان لە کەناری کەشتی ئاخاییەکاندا بمخون. تادەتوانی زێڕ و برونزان داوا بکە، باب وداکم درێغی ناکەن، دەتدەنێ، هەر ئەوەندە جەنازەکەمیان وێدەوە، تا بیبەنەوەو لە ولاتی خۆمدا پیاوان و ژنانی تەروادەیی ڕێوڕەسمی پرسەم بۆ ئەنجام بدەن و شەوتنگەم(محرقە) بۆ بەرپا بکەن و بمسوتێنن."

(٣٤٤) هەنگێ ئەخیلی لەزگین، بروکانی وێکهێنایەوە ومۆڕەیەکی پڕ کینەی لێکرد و گوتی: "ئەی سەگ، لێم مەپارێوە، بەگیانی داك و بابم سوێندم مەدە.. ئەگەر لاشەکەت پارچە پارچە بکەم و گۆشتەکەت بەکاڵی بخۆم هێشتا دڵم داناسەکنێ، دەزانی چ داخێکت نا بەجەرگی منەوە. هێز نیە لە دنیادا بتوانێ لە چنگی کسۆکانت دەربێنێ. نا نەخێر، ئەگەر دە قات و بیست قات سەربەهات بدەن و بەڵێنی زیاترش بدەن.. نا نەخێر، تەنانەت ئەگەر پریامی کوڕی داردانوس فەرمان بدات بەقورسایی خۆت ئاڵتونم بدەنێ، دایکە هێژاکەت بەدیار جەنازەی ئەو کەسەوە کە لە داوێنی ئەو کەوتۆتە خوارێ ناگری.. بەڵکو کسۆکان و دالاشان دەتخۆن و حەپەلوشت دەکەن!"

(٣٥٥) هیکتۆر بەدەنگێکی لەرزۆك، بەدەم گیانەڵلاوە گوتی: "بەڕاستی من وەکو پێویستە نەمناسیت، دەبوایە بمزانیبا کە دڵی تۆ نەرم ناکرێت، چونکە دڵێکی ئاسن لە سینەی تۆدایە. جا بۆ خۆت بیرێك بکەوە، ئەوەی تۆ دەیکەی ئاسمان لێت دەرەنجێ. ئەو ڕۆژەی کە پاریس و ئەپولۆ وێرای هەموو ئازایەتیەکت لەبەر دەروازەکانی شاردا دەتکوژن، دێتەوە ڕێت."

(٣٦١) بەدەم ئەو قسانەوە تاریکی مەرگ باڵی بەسەرا کێشا، گیانی لەهەر چوار پەلیەوە دەرچوو. بەرەو هادیس، خانەی مردووان چوو. گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد کە تێری لە قارەمانێتی و لاوی خۆی نەخوارد. لێ ئەخیل ڕویکردە جەنازە بێ گیانەکە و گوتی: "پاڵکەوە بۆ خۆت ،من بەهەر قەدەرێکی زیوس و خواوەندەکانی دی قاییلم."

(٣٦٧) بەدەم ئەو قسانەوە نێزە برونزیەکەی لە جەنازەکە دەرێنا. لەلایەکەوەی دانا. ئەوجا کەوتە داماڵینی زرێ و چەکەمەنیە خوێناوییەکانی دی لە مردووەکە. ئەوسا کوڕانی ئاخاییایی دی لە دەوری کۆبوونەوە. دەیانڕوانیە باڵا وجوانی لە ڕادەبەدەری هیکتۆر. هەر کەسێك دەهاتە دیاری ڕمێکی لێدەدا وزامێکی تری دەخستە جەستەی.. هەر کەسەو بەوەی تەنیشت خۆی دەگوت: "تۆ بڕوانە ئەم هیکتۆرە لە کوێ و ئەوەی بوو بوو بەپارچەیەك ئاگری ڕق و کەشتییەکانی دەسوتانین لە کوێ."

(٣٧٦) کاتێ ئەخیل، لە تاڵانکردنی چەکەمەنییەکانی هیکتۆر بووەوە ،لەنێو ئاخاییەکاندا وەستاو بەزمانێکی ڕەوان پێی گوتن: "دۆستان، ئەی ڕابەران و شیرەتکارانی ئارگۆسی، خواوەندان دەستیان داین ئەم پیاوە بکوژین، کە بەتاقی تەنیا لەهەر هەموو ئەوانی دی پتر دەردی داینێ. باهەوڵ بدەین دەست بەچەك دەوری شار بگرین.

(٣٨١) تا بزانین تەروادەییان بەنیازی چین: ئاخۆ لە دوای کوشتنی ئەم پیاوە ،شارە بەرزەکەیان بەجێدێڵن، یان بەبێ هیکتۆرش، سەرسەختانە بەرگری دەکەن. بەڵام ئەوە چیە، بۆچی دڵ بەو

جۆرەم دەدوێنێ؟.. جەنازەکەی پاتروکلۆس، بێ ئەوەی کەسێك بۆی بگری، هێشتا نەنێژاوە و لەلای کەشتییەکان کەوتووە. جەنازەی ئەو پاتروکلۆسەی کە تا لە ژیاندا بمێنم و هێز لە لاقمدا هەبێ هەرگیز لەبیرم ناچێت. ئەگەرچی خەڵکی ،مردوان کە دەگەنە هادیس لە بیر دەکەن. لێ من تەنانەت لەوێش ئەو دۆستە ئازیزەم لەبیر ناکەم.. دەی سا کوڕانی ئاخایی، با بەدەم سروودی سەرکەوتنەوە بەرەو کەشتییەکانمان بڕۆین و ئەو جەنازەیەش دەگەڵ خۆدا بەرین. ئێمە بەکوشتنی هیکتۆری میرخاس، کە تەروادەییەکان وەکو خوایەك ڕێزیان دەگرت و هانایان بۆ دەبرد، سەرفرازی و سەرکەوتنێکی بەشکۆمان بۆ خۆ وەدەست هێنا."

(٣٩٥) ئیدی کەوتە بیری سوکایەتی کردن بەجەنازەکەی هیکتۆری جوامێر. هەردووك پاژنەی پێی لە پشتەوە تا قولە پێی کون کرد، دوو سیرمەی چەرمی گای لە کونەکان هەڵکێشا. بەعەرەبانەکەیەوە بەستن. سەری هیکتۆر بەعاردیدا دەخشا. ئەوجا سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە. ئەسپابی جەنگەکەی دانا. ئەسپەکانی بەر قامچی دا، ئەسپ وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوون. لە هیچ نەدەگەڕانەوە. تەپوتۆزێکی زۆر سەری جەنازەکەی هیکتۆری گرت، کە بەدووی عەرەبانەکەوە وبەعاردیدا ڕادەکێشرا. قژە ڕەشەکەی بەهەموو لایەکدا پەخش و پەریشان دەبوو. سەرە جوانەکەی یەکپارچە گڵ و خۆڵ بوو. زیوس دابویە دەستی دژمنەکانی تا لە ژێگە ولەسەر خاکی ولاتی خۆیدا سوکایەتی پێبکەن."

(٤٠٥) بەو ئاوایە سەری هیکتۆر لە گڵ و خۆڵدا غەرق، بێ ڕێزییەکی زۆری پێکرا. دایکی کەوتە ڕنینەوەی قژی خۆی. سەرپۆشە ناسك و جوانەکەی توڕدا ،کە کوڕەکەی بەو شێوەیە بینی لەزێڕ ژنی گریانی دا. بابی لەهۆڕ ژنی گریانێکی بەکوڵ و خەمناکی دا. ئیدی شار یەکپارچە بوو بەگریان و شین و ڕۆڕۆ، لەتۆ وایە سەرانسەری تەروادە لە ئاگردایە و نێڵە نێڵ دەسوتێ. پریامی پیر، شێت ئاسا بەرەو دەروازەکانی شار ملی دەنا و دەیویست لە شار وەدەرکەوێ. خەڵکەکە زۆر بەزەحمەت پێشیان بۆ دەگیرا. خۆی لە گڵ و خۆڵ وەردەدا وبەناو لەیەك بەیەکیان دەپارایەوە،

(٤١٦) دەیگوت: "ئەی دۆستانی من ڕێم بەردەن، با بەتەنێ لەشار وەدەربکەوم. با بەتەنێ خۆم بگەیەنمە کەشتی ئاخاییەکان. دەمەوێ دەستەو دامێنی ئەو پیاوە دڵڕەقە ببم. ئێ بەڵکو لەبەردەم هاوڕێکانیا شەرم بیگرێ و بەزەیی بەپیرییەکەمدا بێتەوە .بەخۆیشی بابێکی وەکو منی هەیە ،پیلیوس کە خستیەوە و پەروەردەی کرد تا ببێ بەبەڵای گیانی تەروادەییەکان.. زیاد لە هەمووان ببێ بەبەڵای گیانی من، کە ژمارەیەکی زۆری کوڕەکانی لە هەڕەتی لاویدا کوشتم. بۆ کەسیان هێندەی ئەمیان، هیکتۆر، سووم نەخواردووە ونەگریاوم و دڵنیام بەسووی ئەمەوە دەمرم و دەچمە هادیس. بریا لەبەر دەستی خۆماندا دەمرد، هەر نەبوایە من و دایکە کۆست کەوتەکەی تێر بەدڵی خۆ بۆی دەگریاین."

(٤٢٩) بەو جۆرە و بەدەم گریانەوە قسەی دەکرد. تەروادەییەکانی دیکەش گوێ بەگوێی ئەو کەوتنە گریە و زاری .ئەوجا هیکوبا لەنێو ژنانی تەروادەییدا شین و شەپۆڕێکی نایەوە ئەوسەری دیارنەبێ. بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد: "ئەی کوڕەکەم، هاوار لە من، ماڵوێران خۆم، چۆن لەدوای تۆ هەڵدەکەم ،چۆن بەم هەموو خەم و ئازارەوە دەژیم، نەمایێ، نەمایێ لە

خۆم نەمینم؟ ئەی ئەو کەسەی شەو وڕۆژ لە شارا پێوەت دەنازیم، ئەی قەڵا و پشت و پەنای پیاوان و ژنانی تەروادە، ئەو تەروادەییانەی بەئەندازەی خوایەك ڕێزیان دەگرتی، لە ژیانا مایەی شانازیان بووی، بەڵام ئێستا لەدوای مەرگی تۆ!.

(٤٣٧) بەدەم ئەو قسانەوە دەگریا، ژنەکەی هیکتۆر هێشتا لە مەرگی مێردەکەی خەبەردار نەبوو بوو .چونکە هیچ پەیکێکی ڕاستگۆ نەچوو بوو پێی بڵێ کە مێردەکەی لە دەرێی حەسارە. بۆیە چوو بووە کونی ژوورەوە، پارچەیەکی دووبەری ئەرخەوانی لەسەر خەڕەکەکەی بوو، بەگوڵی هەمەڕەنگ دەینەخشاند. لە هەمان کاتدا کارەکەرەکانی ڕاسپاردبوو کە مەنجەڵێکی گەورەی ئاو بخەنە سەر ئاگر تا هیکتۆر کە لەشەڕ گەڕایەوە خۆی بەئاوی گەرم بشوات. هەر بەبیریشیدا نەدەهات هیکتۆر بەفیتی ئەتینا ،بەدەستی ئەخیل کوژرابێ! گوێی لە دەنگی شیوەن و گریان بوو کە لە حەسارەکەوە دەهات ،دڵی داخورپا و چوارپەڵی کەوتنە لەرزین. خەڕەکەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە. ئاوڕێکی دایەوە و ڕوویکردە کارەکەرەکانی و گوتی: "دوانتان لەگەڵمدا وەرن بابچم بزانم چ باسە. گوێم لە هاواری خەسووە هێژاکەم بوو.

(٤٥١) خەریکە دڵم بەردەبێتەوە. هێز لە ئەژنۆمدا نەما، لەوە دەچێت بەڵایەکی گەورە بەسەر کوڕانی پریامدا هاتبێ. خۆزیا خەبەری ناخۆشم نەدەژنەوت! زۆر دەترسم ئەخیلی جوامێر، مێردە ئازاکەی لە لەشکر دابڕیبم، وڕێی گەڕانەوە بۆ شاری لێ بڕیبێ و لە دەشتەکەدا دوای کەوتبێ وکوشتبێتی. چونکە ئەو هەمیشە لە پێشی پێشەوە دەجەنگی و مەودای کەسی نەدەدا پێشی بکەوێ!"

(٤٦٠) هەر کە ئەو قسانەی کرد، شێت ئاسا بەدڵە کوتەوە لە ماڵ وەدەرکەوت و کارەکەرەکانی دووی کەوتن. کاتێ گەییەنە سەر حەسار و نێو حەشاماتە زۆرەکە وەستاو. لە بورجەکەوە ڕوانی، هیکتۆری بینی کە خراوەتە دووی عەرەبانە ولەبەردەم شارا، بەعاردیدا ڕایدەکێشن. ئەسپەڕەهوانەکان بەشێوەیەکی ناشایستە ڕایاندەکێشا وبەرەو کەشتی ئاخاییەکانیان دەبرد بەرچاوی تاریك بوو بەپشتا کەوت و بورایەوە. خشڵە بەنرخەکانی سەری، قردێلەکانی، ئەو تەوقانەی بەزوڵفییەوە بوون، تاجەکەی سەری، ئاشقبەندەکەی هەر هەموو لەو گۆڕە کەوتن. سەرپۆشە ناسك و گرانبەهاکەی چوو بەئاسماندا، ئەو سەرپۆشەی کە لە ئەفرۆدێتی وەرگرتبوو. ئەو ڕۆژە وەریگرتبوو، کە هیکتۆری دلاوەر لە کۆشکەکەی ئیتونەوە، پاش دانی مارەیی و شیرباییەکی زۆر بۆ کۆشکەکەی خۆی گواستبووەوە. دشەکانی وهێوەرژنەکانی خێرا گەییەنە سەری و هەڵیانگرتەوە. بەستەزمانە لە سوێیاندا گەیی بووە حاڵی مەرگ. لێ کە ئافاقەی بۆ هات، وەهۆش هاتەوە و ڕوحی هاتەوەبەر، لە ناخی ناخەوە ئاهێکی پڕ سوێی هەڵکێشا و بەدەنگی بەرز کەوتە شین و شەپۆڕ ولەناو ژنانی تەروادەییەوە هاواری دەکرد: "ئەی هیکتۆر، لە خۆم ماڵوێرانێ، لە خۆم نەگبەت و بەدبەختێ! وادیارە ئێمە هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونمانەوە یەك چارەنووسمان هەبووە. تۆ لە تەروادەو لە کۆشکەکەی پریامدا لە دایکبووی و من لە تیبە لە بناری چیای پلاکۆسی بەلێرو بێشان، لە کۆشکەکەی ئیتون، کە منی بەساوایی پەروەردە و بەخودان کرد. بابێکی نەگبەت و منااڵێکی نەگبەت تر! بریا سەد بریا منی هەر نەدەبوو! ئەوا تۆ

دەڕۆی بۆ هادیس ،بۆ خانەی مردوان، منی بێوەژن لە ماڵەکەتدا بۆ خەم و کەسەران بەجێدێڵی، هێشتا کوڕەکەم ساوایە، کوڕی دایک و بابێکی کڵۆڵ، کوڕی من و تۆی نەگبەت.. ئەوا تۆ ڕۆیشتی هیکتۆر، تازە تۆ ناتوانی هیچی بۆ بکەی، تازە نەتۆ بۆ ئەو دەبی و نە ئەو بۆ تۆ.

(٤٨٦) ئەگەر لە شەڕی پڕ ژان و سوێی ئاخاییانیش دەرباز بێ، ئەوا بەشی هەر کڵۆڵی و نەگبەتی و خەم و کەسەران دەبێت. چونکە بێگانان و دەستداران دەست بەسەر مووڵک و ماڵ و ولاتەکەیدا دەگرن. ئەو ڕۆژەی منداڵ سێوی دەبێت ،بابی لە دەست دەدات، ئیدی هەموو هاوسااڵ و هاوتەمەن و برادەرەکانی فەرامۆشی دەکەن.خەڵکی هەتیو هەمیشە سەر نەوی و چاو بەگریانە. هەتیو لە بێنەوایی و بێکەسی خۆیدا ،پەنا بۆ کۆنە دۆستانی بابی دەبات، پاڵتۆی ئەم ڕادەکێشێت و چمکی عەبای ئەویان دەگرێت، خۆ ئەگەر یەکێکیان ڕوحمی بجوڵێ و بۆ ماوەیەکی کەم جامێکی بەدیاری بداتێ ئەوا هەر بایی دەم تەڕ کردنێک دەبێ، ناگاتە گەروی و تینویەتی ناشکێنێ. منااڵی بەداک و باب، دەکێشن بەدەستیا و لەسەر نان وخوانی وەدەردەنەن، سەرزەنشتی دەکەن و پێی دەڵێن: "هەڕە هەتیو، بابی تۆ هاوخوان و هاوبەزم و مەجلیسی ئێمە نیە!" هەنگێ منداڵەکە چاو بەگریان و فرمێسکان بۆاڵی دایکە بێوەژنە بێنەواکەی دەگەڕێتەوە. ئەم منداڵە (ئاستیناکس)ی منە. کە بەر لە ئێستا لە باوەشی بابیا، جگە لە مۆخ و گۆشتی ناسکی بەرخ هیچی دی نەدەخوارد! پاشان کە خەو دەیبردەوەو لە قسەی منااڵنە ماندوو دەبوو، لە باوەشی دایەنەکەیدا تێر و پڕ لە خواردنی بەلەزەت ،لەسەر جێگەیەکی نەرم دەنووست. بەاڵم ئێستا ئەم (ئاستیناکس)ە بێ بابە، دەبێ چاوەڕوانی هەموو دەرد و مەینەتیەك بێ! تەروادەییەکانیش ئاستیناکس (واتە پاسەوان)یان پێدەگوت، چونکە ئەی هیکتۆر هەر تۆ بوویت کە دەروازە و بورجەکانیانت پاس دەکرد ودەپاراست. کەچی ئێستا لە دووری باب و دایکت لای کەشتی ئاخاییەکان کەوتوویت و کرم لە جەستەت دەدات و دوای ئەوەی سەگان تێرت لێ دەخۆن، سەر دەژننە لەشی ڕووت و قووتت.. لە کاتێکا جلوربەرگی زۆر جوانی دەستچن و دەستکردی خانمانت بۆ لە ماڵەوە ئامادەکراوە.. بەاڵم هەر ئێستا دەچم، هەموو ئەم جلە جوانانە دەخەمە ئاگرەوە، دەیان سوتێنم چونکە تۆ جارێکی دی لەبەریان ناکەیت.. دەبێ بەیادی سەرفرازی تۆوە لەبەرچاوی پیاوان و ژنانی تەروادەدا بسوتێنرێن.

بەو ئاوایە هیکتۆری دەلاواندەوە و ژنانی تەروادە لەگەڵیا کەوتنە شین و شەپۆر.

سرودی بیست و سێیەم

پرسە و ڕێوڕەسمی ناشتنی پاتروکلۆس

حیکایەتەکە:

دوای ئەوەی ئەخیل جەنازەکەی هیکتۆری بۆاڵی کەشتییەکان برد، بەڕق و کینە و سوکایەتیەوە توڕیدایە ئەو گۆڕە. لێ ئەفرۆدێت بەزەیتی عەنبەر چەوری کرد و لە بۆگەنیی پاراست. داوایان لە ئەخیل کرد کە خوێن و خوڕە مەییوەکەی سەر لەشی بشوات، قاییل نەبوو بەر لە جێبەجێکردنی ڕسوماتی ناشتنی هاوڕێ ئازیزەکەی دڵۆپە ئاوێکی بەگیان بکەوێ. داوایان لێکرد کە ڕێوڕەسمی جەنازە ئەنجام بدرێ، قاییل نەبوو تا خوانی ڕەحمەت چێنەکرێت. ئیدی مەڕ و ماڵاتێکی زۆر

سەربڕدرا. خوانێکی گەورە سازکرا. زۆریان لێکرد نان بخوات، نەیخوارد .ئەوجا کەمێکی خوارد. چونکە شەکەت بوو، خەو دایگرت، نووست. تارمایی هاوڕێکەی هاتە خەونی. لێی هاتە پێشێ و گلەیی لێکرد کە وێڕای ئەوەی خۆشی گەرەکە جەنازەکەی بەخۆڕایی ماتەڵ کردووە و نەی ناشتووە. ئاخر ئەمە لەو دنیا دەبێتە مایەی عەزاب بۆی .چونکە تا ڕێوڕەسمی ناشتنی بۆ نەکرێت، ناتوانێت بچێتە هادیس و هەر وێڵ و سەرگەردان، دەبێ لەبەر دەروازەکانی هادیسدا چاوەنۆڕ بکات تا ڕێوڕەسمی تەواوی بۆ ئەنجام دەدرێت. تکای لێکرد بەزوترین کات ڕێوڕەسمی ناشتنی بۆ بکات. ئەخیل بەڵێنیدایە کە بەتەواوەتی ڕێوڕەسمەکانی جەنازەی بۆ ئەنجام دەدات تا لە خانەی مردواندا، لە هادیسدا ئاسودەبێت. دەستی درێژکرد تا لە ئامێزی بگرێت، چونکە زۆر بەتاسەیەوە بوو، لێ لە هەوا پتری نەهات بەدەستەوە. کە لە خەویش ڕابوو هەروا بوو. بەیانی دەستی بەئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان کرد. ئاخاییەکان چوون بۆ ئیدا و دار و چل و چێویان هێنا، کەڵەکەیان کرد، (پارتوکلۆس)یان خستە سەر لێژنە دارەکە. ئەخیل قژی خۆی بڕی تا لەگەڵ پاتروکلۆسدا بیخاتە ئاگرەکەوە و بسوتێ. هەروەها دوانزە لاوی تەروادەییشی سەربڕی تا جەنازەکانیان لەگەڵ هاوڕێکەی خۆیدا بسووتێنێ. ئەمە جگە لە کۆمەڵە ئەسپێکی زۆر.. ئەوجا ئاگریان بە لێژنە دارەکەوە نا . لێ ئاگرەکە پێ نەبوو .ئەخیل لەبەر خواوەندانی با پارایەوە کە هەڵکاتە با بەسەر شەوتنگەکەدا (محرقە). لێ خواوەندانی با لە ئاهەنگ بوون. ئیدی ئیریس بەهەشتاو چوو بۆلایان و ئاگاداری کردن. ئەوە بوو با هەڵیکرد و لاشەکەی پاتروکلۆس سووتێنرا .خۆڵەمێش وئێسك و پروسکەکەی لە ئینجانەیەکی دوو چین خرا، تاوەکو ئەگەر ئەخیل کوژرا و ڕێوڕەسمی جەنازەی بۆ ئەنجام درا، خۆڵەمێش و ئێسك و پروسکەکەی لەگەڵ هاوڕێکەیدا لەهەمان ئینجانە بکرێ. ڕۆژی دوایی نۆرە هاتە سەر پێشبڕکێ و گەمە وەزشیەکان. ئەخیل بەخۆی خەڵاتی بەسەر براوەکان و دۆڕاوەکانیشدا دابەش کرد. بەڵام هەر کەسە و بەپێی ڕیزی خۆی لە سەرکەوتن و دۆڕاندا . پێشبڕکێییەکانی زۆر گەمەی وەکو کێبەڕکێی گالیسکە و فایتۆن، بۆکسبازی، زۆرەبانی، قورس هەڵدان، و تیرەندازی...و هتد.تیا بوو.

زەمەن:

ڕۆژی سێییەمی گێڕانەوەکە ئێوارێ تەواو دەبێ. لە شەوی سی و یەکەمدا تاپۆ و تارمایی پاتروکلۆس دێتە خەونی ئەخیل. لە ڕۆژی سی و یەکەمدا دار و چڵ و چێو لە ئیدا دێنن، لە ڕۆژی سی و دووەمدا جەنازەکە دەسوتێنن، لە ڕۆژی سی و سێییەمدا دەست بەگەمە و پێشبڕکێ وەرزشیە جۆراوجۆرەکان دەکەن.

شوێن:

گشت بوبەرەکان لە ئۆردوگای گریکەکاندا، لە کەناری دەریا ڕوودەدەن.

(١) بەو جۆرە تەروادەییەکان لە سەرانسەری شاردا، خەریکی گریە و زاری بوون. بەڵام ئاخاییەکان کاتێ گەیینەوە هیلسیپونت، لای کەشتییەکان ،بڵاوەیان لێکرد و هەر کەسە و چوو بۆ کەشتییەکەی خۆی. بەڵام ئەخیل نەیهێشت مورمیدونەکان بڵاوەی لێبکەن و بڕۆن. ڕویکردە هاوڕێ گەرناسەکانی خۆی و گوتی: "ئەی مورمیدونانی سوارچاك، ئەی هاوڕێیانی دڵسۆزم،

ئەسپەکان بەرمەدەن، با بە ئەسپ و فایتۆنەکانەوە بچینە دیار پاتروکلۆس و بۆی بگرین. ئەمە هەقی مردووانە. کە لە گریان بووینەوە، هەنگێ نیرەکان لە ئەسپەکان دەکەینەوە و پێکەوە شیڤ دەخۆین."

(١٢) هەر کە ئەو قسەیەی کرد هەموو دەنگی شین و ڕۆڕۆیان لێ بەرزکردەوە. ئەخیل لە پێش هەموویانەوە بوو. سێ کەڕەت بەئەسپە یاڵوبژ جوانەکانیانەوە، بەدەم گریانەوە بەدەوری جەنازەکەی پاتروکلۆسدا سوڕانەوە. تیتیس هێندەی دی کوڵی گریانی هێنانە جۆش. لەی کەنارەکە و چەك و ئەسلەحەی جەنگاوەرەکان لە فرمێسکدا تەڕبوون، بۆ پیاوێکی فرە مەزن و ڕەشید دەگریان. ئەخیل لە بەراییانەوە بوو. لە هەموویان بەکوڵتر دەگریا. هەردوو دەستە خوێناویەکەی نانە سەر سینگی هاوڕێکەی و گوتی: "بەدوعا پاتروکلۆس، هەرچەند چوویە هادیس بەڵام بێ خەم بە، هەر وادە و بەڵێنێکم پێدابووی، هێناومنە دی: هیکتۆر تا ئێرە بەڕاکێشان هێناوە و دەخرێتە بەر کسۆکان تا پارچە پارچەی بکەن و گۆشەتەکەی بەکاڵی بخۆن. لە تۆڵەی کوشتنی تۆدا ،سەری دوانزە لاوی تەروادەیی دەبڕم و دەیانخەمە ئەو شەوتنگەیەوە کە بۆ سوتاندنی لاشەکەی تۆ ئامادەمان کردووە."

(٢٤) بەدەم ئەو قسانەوە دزێوترین ڕەفتاری دەگەڵ هیکتۆری پاکزادا کرد. تیلاوتیل لەسەر ئەرزەکە و لەبەردەم نەعشەکەی پاتروکلۆسدا فڕێی دا. ئەوسا هەر کەسە و چەك و ئەسلەحەکەی لەخۆ دامالّی، ئەسپەکانیان لە عەرەبانان کردەوە. بەکۆمەڵ لە نزیکی کەشتییەکەی ئەخیلی لەزگین ڕۆنیشتن،

(٢٩) ئەخیل، خوانی ڕەحمەت و پرسەی بۆ هاوڕێکەی ساز کرد. خوان بوو نەگاڵتە. چەندین گا چەندین مەڕ و بزن، چەندین بەرازی قەڵە و چەور سەر بڕدرابوون و خرابوونە سەر ئاگری گەشی هیفایستوس ودەبرژان. لە هەموو لایەکەوە خوێن بەچواردەوری جەنازەکەدا دەڕۆیی.

(٣٥) هەنگێ فەرماندە ئاخاییەکان دوای هەوڵ و ڕجا وتکایەکی زۆر. کوڕە لەزگینەکەی (پیلیوس)یان بۆڵای ئاگامەمنونی مەزن برد، یەجگار خەمباری هاوڕێکەی بوو. کە گەییە لای سەراپەردەکەی، ئاگامەمنون ئەمری کرد، جارچیانی دەنگ بەرز داوایان کرد، کە مەنجەڵێکی گەورەی ئاو بخەنە سەر ئاگر ،بەڵکو بتوانن قەناعەت بەئەخیل بکەن کە خوێنە وشکەوەبووەکەی سەر لەشی بشوات.لێ ئەخیل قسەکەی لە زەویدان، بەدەم سوێند خواردنەوە گوتی: "نا، بەهەقی زیوس، سەروەر و گەورەی هەموو خواوەندان ئاو بێ و بەلەشی من ناکەوێ، تا جەنازەکەی نەخەمە سەر ئاگر و گۆڕێکی بۆ هەڵنەبەستم و قژی خۆمی بۆ نەبڕم –چونکە لە هەمو ژیانما جارێکی دی تووشی خەمی وا نابمەوە. با ئێستا هەرچەندە دڵم پڕ خەمە، لەسەر ئەم خوانی پرسەیە دانیشین. بەڵام تۆش ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی شای جەنگاوەران، فەرمان بدە کە سپێدە زوو لە جەنگەڵەوە دار بێنن، ئاگر بکەنەوە، هەر شتێك بۆ بەڕێکردنی مردوو بۆ هادیس پێویست بێ ئامادە بکرێ، بخرێتە سەر شەوتنگەکە تا ئاگرەکە زووتر پاتروکلۆس و کەلوپەلەکەی بسووتێنێ، لەبەرچاومانی ون بکات و خەڵکەکە بچنەوە سەر کاری خۆیان."

(٥٤) دوای ئەو قسانە، هەموو بەدڵ بەگوێیان کرد. خوان ڕاخرا، شێویان خوارد. خوانەکە بۆ هەموو کەس چوون یەک بوو. هەر کەسەو بەشی خۆی خوارد. ئەوجا هەر کەسەو چوو بۆ خێوەتی خۆی تا ئیسراحەت بکات. کوڕی پیلیوس لە کەناری دەریای بەگێژاو وگێژەنگ، لەسەر لمەکە بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، لە ناوەندی مورمیدونەکاندا، لە شوێنێکی دیار، کە شەپۆلان سەریان بەکەناری دەریاکەدا دەدا، لێی پاڵکەوت .خەو فریای کەوت و باری خەم و پەژارەی لە کۆڵ کردەوە. چونکە ماوەیەکی زۆر بەدەوری تەروادەی باگردا هیکتۆری ڕاونابوو. لاقەکانی ماندوو بوون. هەنگێ ڕوحی خەمینی پاتروکلۆس هاتە دیاری ،لە ژیانیا چۆن بوو بەهەمان شێوە، بەهەمان بەژن و باڵا و چاوانی جوان و دەنگەوە هاتە خەونی، هەمان جلوبەرگەکەی جارانی لەبەربوو. ڕوحەکە بەدیار ئەخیلەوە وەستا، گوتی:

(٦٩) "ئەی ئەخیل! تۆ بۆ خۆت خەوتوویت و منت لە بیر کردووە.. تا زندوو بووم بەهیچ جۆرێ دەست بەردارم نەدەبووی. بەڵام ئێستا کە مردووم لەبیرت کردووم و هیچ خەمی منت نییە! خێراکە، تازووە ڕێوڕەسمی مەرگم بۆ بەڕپا بکە تا لە دەروازەکانی هادیس (خانەی مردووان) دەرباز ببم و ئاودیوبم. ڕۆحەکان کە سایە و سێبەری ئەوانەن کە مردوون و دەرد و ڕەنجیان لەم دنیایە تەواو بووە، لە خۆیانم دوور دەخەنەوە و ڕێگەم نادەن کە لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە و تێکەڵاوی ئەوان ببم. ئەوەتا وێڵ و سەرگەردان، لەبەر دەروازە گەورەکانی هادیسدا بێهودە دەسوڕێمەوە. تکات لێدەکەم فریام کەوە، دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکە، ڕێوڕەسمی شەوتنگەم بۆ ئەنجام بدە تا ئاسودە ببم. چونکە من جارێکی دی لە هادیس نایەمەدەرێ.. لە ئێستا بەدواوە جارێکی دی بەدوو قۆڵی دوور لە هاوڕێ ئازیزەکانمان دانانیشین کە پێکەوە تەگبیر و ڕایان بکەین.. قەدەری زاڵم، ئەو قەدەرەی لە ڕۆژی لە دایکبوونمەوە لە چارەم نووسرا بوو، بۆ خۆی بردمەوە. جا تۆش ئەی ئەخیل ئەی شێوە خوا ،لە چارەت نووسراوە لە بن حەساری تەروادەییانی دەولەمەند و نەجیبدا بمریت.

(٨٢) جا داوایەکی دیکەشم لێت هەیە ،ئەگەر لێمی قەبوڵ بکەی. تکایە ئێسک و پروسکەکەم لە ئێسک و پروسکی خۆت دوور مەخەوە و بەجیا دایمەنێ، با لە یەک شوێندا بن. وەکو چۆن پێکەوە لە ماڵی ئێوەدا گەورە بووین، کاتێ کە مینویتیوس لە (ئوبوس)ەوە بۆ ولاتی ئێوەی هێنام، هەنگێ من منداڵ بووم. بۆیە هێنامی چونکە من منداڵ بووم و بە نەزانستە، بەهۆی هەڵچوونێکی منداڵانەوە لەسەر گەمەی نەدرێن، کوڕەکەی (ئەمفیداماس)م کوشتبوو. پیلیوسی سوارچاک لە ماڵەکەی خۆیدا گلی دامەوە، بەخێوی کردم، کردمی بەئاجودان ومیرئاخوڕی تۆ.. بۆیە با ئێسک و پروسکی هەردووکمان لەیەک کۆپەڵەدا بێ. لەو کوپەڵە زێڕینە دوو قوڵفەیەدا بێ کە دایکی هەژیت بەدیاریی دایتێ."

(٩٣) ئەخیل بەرسڤی دایەوە: "ئەی ئازیزەکەی دڵم، بۆچی هاتووی بۆ ئێرە و ئەم ڕاسپاردانەم پی دەڵێی؟ من بەخۆم بێ چەند و چوون هەر هەموو ئەو شتانە ئەنجام دەدەم، بەدڵی تۆ دەکەم فەرمانت لە زەوی نادەم. بەڵام تکایە وەرە نزیکترەوە، با بۆ دەمێک یەکتر لە ئامێز بگرین، دەردی هاوبەشی دڵمان بەگریە و نااڵین سووک بکەین."

(٩٩) بەدەم ئەو قسانەوە باوەشی گرتەوە، بەڵام هیچ کەسێك نەهاتە باوەشیەوە. ڕوحەکە وەکو هەڵم ڕەوییەوە و بەناڵە نالّ خۆی بەژێر زەمیندا کرد. ئەخیل، حەپەسا و سەرگەشتە وبەواقی وڕەوە لە خەو ڕابوو: "سەیرە، کەواتە ڕوح و تاپۆی پیاو لە (هادیس)شدا هەر دەمێنێ، سێبەر و تاپۆکەی دەمێنێ، با ژیانیشی لەبەر نەمێنێ.

(١٠٥) سەرانسەری ئەم شەوە، ڕوحی پاتروکلۆسی نەگبەت، بەدەم گریە و نالّینەوە بەدەوری منداسوڕاوەتەوە، پێی گوتوم کە چی و چی لە پێناودا بکەم، وەکو خۆی بوو، بەموو نەگۆڕ بوو!."

(١٠٨) ئەخیل بەو جۆرە قسەی کرد. ئارەزووی گریانی لای هەمووان بزواند. لەو کاتەدا کە ئەوان سەرگەرمی گریان بوون، سپێدەی بەیان بەقامکانی چوون گوڵیەوە دەرکەوت. شا ئاگامەمنون ئەمری کرد زەلام بەوڵاخەوە لە ئۆردوگاوە دەرکەون، بچن داربێنن، میریونیسی دلاوەری خزمەتکاری ئیدومینیوسی دڵڕەحم سەپەرشتی دەکردن. خێرا تەور و کندڕیان گرتە دەست و بەرەو دارکردن وەڕێکەوتن.. هێسترانیان وەپێش دا، هەوراز و نشێو، کوێرە ڕێگا و ڕاستە ڕێگا، گەڵی و نولاّنیان بڕی. کاتێ گەییەنە گەلی و نواڵە پڕ کانیاو وسەرچاوەکانی ئیدا بەپەلە بە بیور و تەورێن تیژی برونزین کەوتنە بڕینەوەی داربەڕووانی بەرز و زەلام و چڕە لق و پۆپان، هەر دار بوو بەڕمب و هۆڕ دەکەوتە سەر زەوی. ئەوجا ئاخاییەکان لق و پۆپی درەختەکانیان بڕی و داریان دوو لەت کرد و لە دوو هێسترانیان بەست. هێستران بەنێو بێشە و جەنگەلاّندا بەرەو دەشتەکە نشێو بوونەوە. ئیدی دارکەران بەگوێرەی فەرمانی میریونیسی خزمەتکاری ئیدومینیوسی دڵڕەحم، یەك یەك بارەکانیان لە کەناری دەریادا، لەو شوێنەدا کە ئەخیل دەست نیشانی کردبوو، داگرت. ئەخیل دەیویست لەو شوێنە گۆڕێك بۆ پاتروکلۆس و خۆی دروست بکات.

(١٢٧) کە بارە دارەکانیان خست، لە جێی خۆی بەجێیان هێشت. لەوێ دانیشتن و چاوەنۆڕ بوون. ئەوجا ئەخیل ئەمری بەمۆرمیدونەکان کرد ،کە هەموو چەك تفاق لەخۆ بدەن و ئەسپان لە فایتۆنان ببەستن. هەموو هەستان و چەك و تفاقی جەنگیان بەست. جەنگاوەران و میرئاخوڕان سواری عەرەبانەکان بوون. لەپێشدا عەرەبانە سواران پێشکەوتن، ئەوجا هێزی پیادە بە هەزاران وەکو هەور دوایان کەوتن.هاوڕێیانی پاتروکلۆس، لە ناوەڕاستەوە جەنازەکەی پاتروکلۆسیان خستبووە سەرشان، لاشەکەی بەقژی بڕاوی ئەوان داپۆشرا بوو. هەمو لە خەما قژی خۆیان بڕی بوو و دابوویان بەسەر لاشەکەی پاتروکلۆسدا. ئەوجا ئەخیلی مەزن پەیدا بوو، بەهەردوو دەستان سەری دۆستەکەی گرتبوو، بەدڵێکی پڕ خەم و کەسەرەوە، ئەم دۆست و یاوەرە ئازیزەی بۆ گۆڕ، بۆ هادیس، بۆ خانەی مردووان بەڕێ دەکرد.

(١٣٨) کاتێ گەییەنە ئەو شوێنەی کە ئەخیل پێشتر بۆی دیاریکردبوون، جەنازەکەیان داگرت. بەپەلە داریکی زۆریان کەڵەکە کرد. شەوتنگەکەیان ئامادەکرد. هەنگێ ئەخیلی لەزگین ڕای خۆی گۆڕی. کەمێك لە شەوتنگەکە دوور کەوتەوە. چەپکێك لە قژ زێڕینەکەی، ئازیزترین چەپکە قژی سەری، کە داینا بوو بیکات بەنەزری ڕوباری سبیرخیوس، بڕی. بەوپەڕی خەمباریەوە ڕوانیە

دەریا تاریکەکە وگوتی: "سیبرخیوس، بابم بەخۆڕایی بەڵێنی بەتۆ دابوو کاتێ من بەسەلامەتی بۆ ماڵی خۆم ،بۆ ولاتی ئازیزی خۆم گەڕامەوە، قژم لە پێناوی تۆدا بڕم. بیکەم بەنەزری تۆ، سەد سەر گات بۆ بکەمە قوربانیەکی پیرۆز.. لەوێ لەلای سەرچاوەکانت کە پەرستگە و قوربانگەیەکی بۆنداری تۆی لێیە، پەنجا سەر بەرانت بۆ سەر بڕم و بیکەمە قوربانی. ئەو پیرە مێرە لە نوێژ و نزاکەیدا ئەو بەڵێنەی دابوو. بەڵام تۆ ئارەزووەکەیت نەهێنایەدی. جا مادامێکی من جارێکی دی هەرگیز ماڵی خۆم نابینمەوە، دەمەوێ ئەم قژەم بەپاتروکلۆسی قارەمان ببەخشم تا لەگەڵ خۆیدا بیبات!".

(١٥٢) دوای ئەو قسانە، چەپکە قژەکەی خستە ناو دەستی هاوڕێ ئازیزەکەیەوە. هەموو ئەوانەی لە نزیکی بوون دەستیان بەگریان کرد. خۆر لە ئاوادابووندا بوو. ئەوان هەر دەگریان ئەخیل چووە لای ئاگامەمنونەوەو گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، لەبەرئەوەی هێزی ئاخاییان زیاتر گوێڕایەڵی تۆن، لە هەموو کەس زیاتر بەقسەی تۆ دەکەن.. زۆریش گریان. ئێستا لە شەوتنگەکە دووریان بخەوە، ئەمریان پێ بکە با ئەوان خەریکی نان خواردن بن. ئێمە، ئەوانەی زیاتر لە پاتروکلۆسەوە نزیکین خەمی ناشتنەکەی دەخۆین. ئەم کارە زیاتر لە ئەستۆی ئێمەدایە باتەنیا فەرماندەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەگەڵمان بمێننەوە!".

(١٦١) وەختێ ئاگامەمنونی شای جەنگاوەران گوێی لەو قسانە بوو، بلاوەی بەجەنگاوەرەکان کرد و ناردنی بۆلای کەشتییەکان. نزیکانی مردووەکە لەوێ مانەوە. دارەکانیان کەڵەکەی سەریەك کرد. لێژنەدارێکیان بەپانتایی سەد پێ دروست کرد. ئەوجا بەدڵێکی پڕ لە خەم و خەفەت جەنازەکەیان لەسەر تروپکی لێژنەدارەکە دانا. ژمارەیەکی زۆر بەران، گای قەڵەوی شاخ پێچاوپێچیان لەبەردەم شەوتنگەکە سەربڕی، کەوڵ و ئامادەیان کرد. ئەخیلی مێرخاس چەوریەکەی لێگرتن. سەراپای جەنازەکەی لە بنی پێیەوە تا تەوقی سەری پێ چەور کرد. ئەوجا حەیوانە سەر بڕاوەکانی لە دەوری (پاتروکلۆس) نایە سەر یەك، ئەوجا دوو گۆزەی جووت قوڵفەی تەژی هەنگوین و زەیتی لەسەر نەعشەکە دانا، بەپەلە چوار ئەسپی پەسەنی هەڵدایە سەر شەوتنگەکە و لەناخی ناخەوە ئاهێکی پڕ کەسەری هەڵکێشا. (پاتروکلۆس)ی قارەمان نۆ دانە سەگی هەبوو کە بەرماوەی نان وخوانی ئەویان دەخوارد. ئەخیل دوانیانی سەربڕی و هەڵیدانە سەر شەوتنگەکە. هەروەها دوانزە لاوی ئەسڵزادەی تەروادەیی دلێری سەربڕی و ئەوانەشی هەڵیدایە سەر لێژنەدارەکە، ڕقێکی وەهای لە دڵدا بوو بەهیچ شتێك دانەدەکوژاوە.

(١٧٧) ئەوجا ئاگری بەلێژنەدارەکەوە نا. ئاگر بڵێسەی سەند و هەرچییەکی دەهاتە بەردەم دەیسوتاند. ئەوجا بەدەم هۆڕژنی گریانەوە، بەدەنگی بەرز گازی هاوڕێکەی کرد: "بەدوعا ئەی پاتروکلۆس، لەودنیا لە مەڵبەند وخانەی مردووواندا ئاسودە وشادبە، من وەعد و بەڵێنەکانی خۆم جێبەجێ کردووە. ئەوە دوانزە لاوی ئەسڵزادەی تەروادەییانی مەزن، هاوکات لەگەڵ لاشەکەی تۆدا دەبن بەخۆراکی ئاگر. بەڵام هیکتۆر! من ئەم کوڕەی پریام ناخەمە ئاگرەوە تا بسووتێ بەڵکو دەیخەمە بەر کسۆکان تا پارچە پارچەی بکەن."

(١٨٤) بەو کەش و فشەوە قسەی دەکرد. لێ کسۆکان نەیانتوانی بوو بچنە سەر لاشەکەی هیکتۆر. چونکە ئەفرۆدێتی کیژی زیوس بەدرێژایی شەو و ڕۆژ پاسی کردبوو. لاشەکەی هیکتۆری بەگوڵاوی خوایی، بەزەیتی عەنبەرین گوڵاوپرژێن کردبوو، تا ئەخیل نەتوانێ بەڕاکێشان جەستەکەی عەیبدار و بریندار بکات .(ئەپولۆ)ش هەورێکی تۆندی تاریکی لە ئاسمانەوە ناردبوو بۆ سەر زەوی و سێبەری خستبووە سەر ئەو شوێنەی کە هیکتۆری لێ فرێدرابوو، تا تیشکی هەتاوەکە جەستەی وشک نەکاتەوە.

(١٩٣) بەڵام شەوتنگەکەی پاتروکلۆس گرێ نەگرت. ئەخیلی لەزگین بیری لە شتێکی دیکە کردەوە. لە دووری شەوتنگەکە وەستا. کەوتە نوێژ بۆ هەردووک خواوەندی با: بوریاس و زیفیر (بای باکور و بای ڕۆژاوا) زۆریان لەبەر پاڕایەوە، بەڵێنی قوربانی گەورەو بەنرخی پێدان. ئەوجا جامێکی زێڕینی بەدەستەوە گرت و وەکو ڕێزلێنان لە هەردوو خواوەندی ناوبراو کەوتە بادە پرژاندن بەسەر عاریدا. لێیان پاڕایەوە کە بەپەلە هەڵکەن تا زووترە مردووەکان لە ئاگرەکەدا بسوتێن و شەوتنگەکە بەلەز گڕ بگرێ و بڵێسە بسەنێ. ئایریسی گورج و گۆڵ گوێی لە نزا و نوێژ و پاڕانەوەکانی بوو. بەپەلە کەوتەڕێ تا پەیامەکە بۆ بایەکان ببات. بایەکان لەو کاتەدا لەلای (زفیر) سامناك میوان بوون و ئاهەنگی خۆیان هەبوو.ئایریسی تیژڕۆ لەبەر ئاستانە مەڕمەڕیەکەیان وەستا. بایەکان کە ئەویان بینی بەرزە پێ لەبەری هەستانوخوڵکیان کرد وە ژوور بکەوێ. لێ دانەنیشت و لە وەڵامیاندا گوتی: "ناتوانم دانیشم چونکە دەبێ بڕۆم بۆ دەڤەری حەبەشیان، بۆ کەناری ئۆقیانوس و دەریا، کە لەوێ قوربانیەکی گەورە، سەد سەر گا بۆ خواوەندانی نەمر دەکرێ، بەشی منیشی تێدایە و دەبێ بەشداری بکەم. بەڵام ئەخیل لە بوریاس و زفیری فەرتەنە ساز دەپارێتەوە، کە دەنگی بژنەون و بەهانایەوە بچن: بەڵێنی قوربانی گەروەیان دەداتێ، ئەگەر کارێکی وەها بکەن ئەو کۆمەدارەی پاتروکلۆسی لەسەر پاڵخراوە، کە هەموو ئاخاییەکان بەدیاریەوە شین و شەپۆڕیانە گڕ بگرێ و بڵێسە بسەنێ."

(٢١٢) هەر کە ئەو قسانەی کرد، لێیداو ڕۆیی. جووتە با بەگڤ و هوڕ هەستان، هەورانیان وە پێش دا. خێرا گەیینە دەریا و بەسەر دەریادا هەڵیانکرد. شەپۆلان لەبەردەمیاندا هاڕوژان گەیینە مەزرا وکێڵگە ئاواو ئاوەدانەکانی تەرواده. پڕیاندایە شەوتنگەکە، ئاگر بەقرچە قرچ بڵێسەی سەند و چوو بەئاسماندا. بەدرێژایی شەوەکە لە پەستاو بێ پسانەوە فوویان بەلێژنە دارەکەدا کرد. ئەخیلی لەزگین بەدرێژایی شەوەکە جامێکی زێڕینی جووت قوڵفەی بەدەستەوە بوو، بادەی لە گۆزەیەکی جووت قوڵفەی زێڕین دەردێناو زەویەکەی پێ بادە پرژێن دەکرد و ڕوحی پاتروکلۆسی نەگبەتی گاز دەکردو دەست هەڵگیر نەبوو تا ئەرزەکەی تەواو پاراوکرد. وەکو چۆن کاتێ باوکێك جەستە کوڕە تازە زاواکەی کە بەمەرگی خۆی دایك و بابە نەگبەتەکەی جەرگ سوتاو کردبێ، بەدەم گریانەوە دەسوتێنێ.. (ئەخیل)ش بەهەمان شێوە بەدەم سوتاندنی جەستەی دۆستەکەیەوە دەگریا و بەخەم و پەژارەکی قوڵەوە بەدەوری نەعشەکەیدا دەخولایەوە.

(٢٢٦) کاتێ ئەستێرەی بەیانی هەڵهات تا هەواڵی هەڵهاتنی ڕۆژ ڕابگەیەنێ، ئەوجا سپێدە بەسەرپۆشە زەعفەرانیەکەیەوە هەڵات و بەپرتەوی خۆی ڕووی دەریای زێڕین کرد، ئاگرەکە بەرەبەرە کز بوو تا بەتەواوی دامرکایەوە. ئەوجا جووتە با بەسەر دەریای تراکیەدا، تراکیەی پڕ شەپۆل و بەهارە و هاژەدا، بۆ شوێنی خۆ گەڕانەوە. ئەوسا کوڕەکەی پیلیوس لە شەوتنگەکە دوورکەوتەوە. هیلاك و شەکەت پاڵکەوت، خەوێکی خۆش بردیەوە. بەڵام ئەوانەی لەگەڵ کوڕەکەی ئوتریوسدا بوون، هەموو لە دەوری خڕبوونەوە. هەرا وهەنگامەی وان ئەخیلی بێدار کردەوە. لەخەو ڕاپەڕی و دانیشت، ڕوی تێکردن و گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی سەرانی سوپای ئەخیا، هەوەڵجار لە هەموو لایەکەوە بادە بەشەوتنگەکەدا بکەن تا ئاگرەکە بەتەواوی دەکوژێننەوە .ئەوجا با ئێسك و پروسکەکەی پاتروکلۆسی کوڕی مینویتیوس، بەوردی لە ئێسك و پروسکی ئەوانی دی جیا بکەینەوە و لە شوێنێکی تایبەتدا کۆی بکەینەوە و دای بنەین. ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئاسانە ،چونکە لاشەکەی ئەو لە ناوەندی ئاگرەکەدا دانراوە. لاشەی ئەوانی دی، زەلامەکان و ئەسپەکان ،لە قەراخی ئاگرەکەوە و بەبێ تەرتیب لەسەر یەکدی کەڵەکەکراون. ئێسك و پروسکەکەی لە کوپەڵەیەکی زێڕیندا، لەنێوان دوو چینە چەوریدا هەڵیدەگرین. چینێکیان بۆ من تا ئەو ڕۆژە دێ منیش بەرەو هادیس کۆچ دەکەم. بەهەرحاڵ سەبارەت بەقسنەکەش ،داواتان لێدەکەم خۆتان زۆر ئەزیەت مەدەن و قسنێکی زۆر بەرز دروست مەکەن ،هەر قسنێك بێ هەندێ شایستە بێ و بەس، لەوەودوا ئێوە ئەی ئاخاییان دەتوانن بەرزتر و گەورەتری بکەن، ئێوەی کە دوای من دەمێنن."

(٢٤٩) کوڕی پیلیوس بەو جۆرە قسەی کرد. هەر هەموو بەگوێیان کرد. بادەی سوور و ئاڵیان بەسەر شەوتنگەکەدا ڕشت. ئاگرەکەیان دامراندەوە .بەدەم گریانەوە خۆڵەمێشەکەیان کەڵەکە کرد و بەرزیان کردەوە. ئێسکە سپیەکانی هاوڕێکەیان لە کوپەڵەیەکی زێڕدا خڕکردەوە ،لە تووێی دوو چینە چەوریان نا. ئەوجا کوپەڵەکەیان برد بۆ خێوەتەکەی ئەخیل و بەپارچە کەتانێك دایانپۆشی. ئەوسا دەوری خۆڵەمێشەکەیان نیشانەکرد و لەهەر چوارلاوە هەڵیانکەند، گڵەکەیان بەرزکردەوە. دوای ئەوەی قسنەکەیان تەواو بەزرکردەوە ڕۆییشتن. لێ ئەخیل لە شوێنی خۆیان هێشتنیەوە، بەکۆمەڵ داینان، ئەوجا ناردی خەڵات و پاداشتەکانیان لە کەشتییەکانەوە هێنا: بریتی بوو لە مەنجەڵ و سێپا و ئەسپ و هێستر و نیر و گاجووتانی ڕەسەن، کەنیزەکانی ناوقەد باریك و ئاسنی خۆڵەمێشی.

(٢٦٢) هەوەڵجار لە عارەبانچییەکانەوە دەستی پێکرد و خەڵاتەکانی دانا. خەڵاتی یەکەم بریتی بوو لە کەنیزەکێکی دەست ڕەنگین و هونەرمەند لەکاری دەستیدا، لەگەڵ مەنجەڵێکی قوڵفداردا کە بیست و دوو پەیمانە بگرێت. خەڵاتی دووەم بریتی بوو لە ماینێکی شەش ساڵەی ئاوس بەجوانوویەك. خەڵاتی سێیەم بریتی بوو لە مەنجەڵێکی سپی جوان کە نۆ پەیمانە بگرێت و هێشتا ئاگری نەبینێ بێ. خەڵاتی چوارەم بریتی بوو لە دوو بار زێڕ، خەڵاتی پێنجەم بریتی بوو لە کوپەڵەیەکی جوانی دوو قوڵفە کە هێشتا ئاگری نەبینی بێ. ئەوجا هەستاو ڕویکردە ئارگۆسییەکان و گوتی:

(٢٧٢) "ئەی کوڕی ئوتریوس، شێرە کوڕانی ئاخایی.. ئەم خەڵاتانە بۆ پێشبڕکێی گالیسکەکان دانراون. ئەگەر بهاتبایە و ئەم پێشبڕکێیە بۆ ڕێزلێنانی کەسێکی دیکە ساز بدرایا، بێگومان من براوەی یەکەم دەبووم و خەڵاتەکەم بۆ سەراپەردەکەی خۆم دەبردەوە، چونکە بەخۆتان دەزانن ئەسپەکانی من چەند بەهێز و خۆشبەز و ڕەهوانن، چونکە ئەسپانی نەمر و خواین، پوسیدون دابوونی بەپیلیوسی بابم. ئەویش دانیە من. بەڵام من و ئەسپەکانم بەشداری ناکەین، چونکە میرئاخوڕ و سایەقێکی یەجگار دلێر و دڵڕەحمیان لە دەست داوە، کە زۆرجار پاش ئەوەی بەئاوی زوڵاڵ و ساف دەیشتن، یاڵەکانی زەیت دەکردن تا نەرم و خاو بێ. بڕوانن چۆن وەستاون و لەوێدا دەگرین، یاڵەکانیان شۆڕ بووەتەوە و لە عاردی دەخشێ و خەم خوێناوی جگەریان دەخواتەوە. بەڵام ئێوە ئەی کوڕانی ئاخایی، کێ لەخۆی و لە ئەسپەکانی و لە مکومی گالیسکەکەی ڕادەبینێ با خۆی ئامادە بکات و بەشداری پێشبڕکێیەکە ببێ.

(٢٨٧) کوڕی پیلیوس بەو ئاوایە قسەی کرد. عارەبانچیەکان هەموو خۆیان ئامادەکرد. یەکەم کەس کە هەستا یومیلوس، ڕابەری جەنگاوەران و کوڕی ئادەمیتوسی سوارچاک بوو. دوای ئەو (دیومیدس)ی دلێری کوڕی تیودیوس هەستا، ئەسپە ترۆسیەکانی خستنە ژێر نیر، ئەو ئەسپانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئینیاسی گرتبوون ،ئەو ڕۆژەی کە ئەپولۆ ئینیاسی لە مەرگ ڕزگار کردبوو. دوای ئەو کوڕی ئوتریوس، مینیلاوسی قژ زەرد، زادەی زیوس، هەستا دوو بەرزەی خۆشبەزی خستە ژێر نیر، ئیستی، ماینەکەی ئاگامەمنون و (بوداگروس) ئەسپەکەی خۆی. ئەم ماینە (ئافیبولوس)ی کوڕی ئەنخیسیس بەدیاری دابووی بەئاگامەمنون تا چاوپۆشی لێبکات و لەگەڵ خۆیدا بۆ شەڕی ئیلیون (تەروادە)ی نەبات .بەڵکو لە ولاتی خۆیدا وەمێنێ و بەدیار ئەو هەموو سەروەت و سامانەوە بژی کە زیوس پێی بەخشیبوو. ئەم پیاوە لە (سیکون)ی پان و بەریندا دەژیا.. مینیلاوس، ئەم جووتە بەرزەیەی، کە زۆر تامەزرۆی پێشبڕکێ بوون خستە ژێر نیر.

(٣٠١) ئەنتیلوخۆس، چوارەمین کەس بوو کە هەستاو ئەسپە یاڵوبژ شۆڕ و جوانەکانی لە گالیسکە بەست. ئەنتیلوخۆس کوڕی بێ وێنەی نەستوری بەردەباری کوڕی نیلیوس بوو. ئەسپەکان پەروەردەی ناوچەی پولوس بوون. بابی هەستا ،هەرچەند ئەنتیلوخۆس گەنجێکی زیرەك و بەئاوەز بوو، چەند ئامۆژگارییەکی بەسوودی کرد و گوتی: "ئەی ئەنتیلوخۆس تۆ لە ڕۆژگاری لاویتدا لەلای زیوس و پوسیدون خۆشەویست بووی. هەموو جۆرە هونەرێکی سوارچاکی و گالیسکە ڕانیان فێرکردویت. لەم بارەیەوە پێویستییەکی ئەوتۆت بەئامۆژگاری نییە ،چونکە بەخۆت دەزانی چۆن عەرەبانە و ئەسپان هەڵدەسوڕێنی و نایەڵی لە خەت دەربچن. بەڵام ئەسپەکانت زۆر خاون، هی جریدبازی نین! بۆیە دەترسم ڕەنج بەخەسار دەرچیت و هیچ بەهیچ نەکەیت. ئەسپی ئەوانی دی لە هینەکانی تۆ خێراترن. بەڵام بەخۆیان لە تۆ سوارچاك تر نین .جا کوڕی ئازیزم، باش بیربکەوە، ئەگەر هەموو هۆش و زەبەردەستی خۆت نەخەیە گەڕ، بەتەمای بردنەوەو خەڵات مەبە. هونەر و لێزانی بۆ دارشکێنان پێویست تره تا لە هێزی بازوو. بەزەبری لێهاتوی و شارەزاییە کە دەریاوان، کەشتییە چاپوکەکەی بەنێو گەرداو و گێژەنگانی

دەریادا، دەریای مەنگ و بەسام و تاریکدا داژۆێ و ڕێنوێنی و ڕابەرتی دەکات و دەربازدەبێت.. هەروەها گالیسکەڕانیش، بەلێزانی و شارەزایی دەیسەلمێنێ کە گالیسکەڕانی چاکە و لە خەڵکی تر باشترە.. باشترە لەو کەسەی کە پشت بەئەسپەکانی و عەرەبانەکەی دەبەستێ، بێ هیچ حسابێك بەملاو و بەولادا دەڕوات، ئەسپەکانی لە ڕێگە لادەدەن و ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و بەرەو ئامانج ئاڕاستەیان بکات..

(٣٢٤) بەڵام گالیسکەڕانی لێزان و شارەزا چەند ئەسپەکانیشی خاو و خراپ بن، هەمیشە چاو دەبڕێتە ئامانجی پێشبڕکێیەکە، لە خەت دەرناچێت ،بەنزیکی ئامانجدا دەسوڕێتەوە، هەرگیز ئەوە فەرامۆش ناکات کە ئەرکی گەروەی ئەوەیە بەزەبری جڵەوی چەرمەگایان.ئەسپەکانی کۆنترۆڵ بکات و هەمیشە ئەو جڵەوەی لە دەستدا بێت و چاوی لەو پیاوەبێ کە لە پێشبڕکێیەکەدا کەوتووەتە پێشیەوە.. جا گوێ بگرە با نهێنییەکت پێ بڵێم و لە بیرت نەچێت: قەدی داربڕکی وشکەوە بوو یا دار بەڕووە یان کاژە کە بەئەندازەی باڵا زەلامێك دەبێت لە مەیدانی پێشبڕکێیەکەدایە، هێشتا باران نەبڕزاندووە، دوو کێڵە بەردی سپی لەمبەر و لەوبەریا، بەرانبەر بەیەکدی لە عاردەکە لە فولکەی سوڕانەوەی عەرەبانەکاندا چەقێنراون. مەیدانەکەی دەوریان ئەرزێکی تەخت و ڕاستانیە جا ئەمە یان گۆڕی کەسێکە کە لە زەمانی کۆندا مردووە یان مەیدان و تەوەری پێشبڕکێی گەلانی کۆن و دێرین بووە و ئەخیلی مەزن هاتووە کردویەتی بەتەوەر و فولکەی ئەم پێشبڕکێیە و کردویەتی بەو نیشانەیەی کە دەبێ عەرەبانەکان بەدەوریا بسوڕێنەوە. عەرەبانە و ئەسپەکانت بەنزیکیا لێ بخوڕە. لەسەر عەرەبانە مکومەکەتەوە، خۆت کەمێك بەلای چەپی ئەسپەکاندا دابنەوێنە، ئەسپی دەستەڕاست بەرقامچی بدە، دەنگی بدە و جڵەوەکەی بۆ شل بکە. بەڵام ئەسپی دەستە چەپ با ئەوەندە لە نزیکییەوە (کێڵە بەردەکان) بڕوات پێت وابێ، تەگەرە مکومەکەی لێی دەخشێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئاگات لێ بێ لە کێڵە بەردەکە نەدەی نەبا ئەسپەکانت زامدار بن و گالیسکەکەت تێکبشکێ! جا کوڕی خۆم، بەو جۆرە بیربکەوە و ئاگادارببە، چونکە ئەگەر بەباشی بەدەوری بەردەکەدا پێچت کردەوە ،هیچ کەسێك ئیدی ناتوانێ پێت بگات. یان لێت تێپەڕێ، تەنانەت ئەگەر ئەوەی دواتەوە ئاریونی ئاسمانی نەژادی لەژێردابێ، ئەو ئەسپە ڕەهوانە خوشبەزە ئاسمانی نەژادەی کە بە (ئەدراستورس) بوو. یان ئەسپەکانی لاومیدون کە باشترین ئەسپێن دەڤەرەکەن لە دواتەوە بێن."

(٣٤٩) کاتێ نەستوری کوڕی نیلیوس قسەکانی تەواو کرد، گەڕایەوە و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە .پێنجەمین کەس کە هەستا میریونیس بوو. ئەسپە یاڵوبژ جوانەکانی لە گالیسکەکەی بەست. ئەوجا پێشبڕکێچیەکان هەموو سواری عەرەبانەکانیان بوون. پشکیان خستە کلاوخودێکەوە. ئەخیل کلاوخودی بادا. قورعە کێشرا. یەکەم ناو ئەنتیلوخۆسی کوڕی نەستور دەرچوو. دوای ئەو شایومیلوس ،ئەوجا مینیلاوسی کوڕی ئوتریوس کە بەڕمبازی بەناوبانگ بوو، ئەوسا میریونیس. دواناو ناوی دیومیدیوسی کوڕی تیدیوس بوو، کە لە هەموویان شایستەتر بوو. ئەوسا هەموو بەگوێرەی قورعەکێشییەکە بەعەرەبانەکانیانەوە لەسەر هێلەکە ڕیز بوون. ئەخیل ئەو فولکەیەی نیشاندان کە دەبووا بەدەرویا بسوڕێنەوە. شوێنێکی دوور بوو.

کەوتبووە قولاییی دەشتەکەوە. ئەوسا فینکوسی هاواتای خوداوەندان، کە خزمەتکاری بابی بوو دانا .تا وەکو داوەر سەرپەرشتی پێشبڕکێیەکە بکات و بەڕاستی و دادپەروەرانە گەواهی بدات کە کێ براوە و سەرکەوتووە.

(٣٦١) ئەوجا هەموان لەیەك کاتدا ئەسپەکانیان بەر قامچی دا. جڵەوەکانیان گرتە دەست و بەدەنگی بەرز دەنگیان دان. ئەسپەکان بەهەشتاو بەدەشتەکەدا دەرپەڕین و لە کەشتییەکان دوورکەوتنەوە. گەرد و تۆزێکی وەها لەژێر پێیانەوە هەڵدەستا، لەتۆ وایە هەورە یان گێژەڵوکەیە. یاڵەکانیان بەدەم باوە سەمای دەکرد.عەرەبانەکان جاری وابوو بەزەویدا دەڕۆیشتن و جاری وابوو بەرز دەبوونەوە و لەتۆ وایە دەفڕن. هەر سوارەش بەسەر عەرەبانەی خۆیەوە دڵی لەسەر سەد لێی دەدا و تاسەمەندی بردنەوە بوو. هەر کەسە و دەنگی ئەسپی خۆی دەدا و ئەسپەکان وەکو تەیر بەو دەشتەدا دەڕۆییشتن و گەردەلوڵی تەپوتۆزیان لەدووی خۆ هەڵدەستان.

(٣٧٣) لەو کاتەدا کە ئەسپە خۆشبەزەکان لەڕێگای گەڕانەوەدا دوا قۆناغی پێشبڕکێیەکەیان، بەرەو دەریای زیوین دەبڕی، هەر سوارچاك بوو بەسیمای پڕ هەڵچوونەوە، ئەسپەکانی ناچار دەکرد بەوپەڕی تواناوە تاو بدەن. یەکسەر ئەسپە ڕەهوانەکانی کوڕی فیریس لەچوار نالەیان داو کەوتنە پێشی پێشەوە، لەدوای ئەوانەوە بە مەودایەکی زۆر کەم ئەسپەکانی دیومیدس کە لە ڕەچەڵی تروس بوون، دەهاتن. لەتۆ وایە ئەم جووتە ئەسپە ئێستا نا تۆزێکی دی خۆ هەڵدەدەنە سەر گالیسکەکەی یومیلوس. هەناسەیان دەیدا لە پشت و هەردوو شانە پانەکەی ئەو و هێندەی دی گەرمیان دادەهێنا. ئەم ئەسپانە سەریان نابوو بەعەرەبانەکەی ئەوەوە و ڕێگاکە خۆی لەبەریان نەدەگرت. کوڕی تودیوس خەریك بوو پێشی دەکەوت یان دەگەییە شان بەشانی و ئاکامی پێشبڕکێیەکە بەمۆلەقی وەمێنێ، ئەگەر ئەپولۆ لێی نەغەزریبا و قامچییەکەی لەدەستی بەرنەدابا‌وە.. کوڕی تودیوس لە داخا گریا. کە دەبینێ ئەسپەکانی لە جاران پتر و خێراتر تاو دەدەن و دەڕۆن و ئەسپەکانی ئەو بەسستی و خاوی‌و بێ قامچی ڕێدەکەن. بەڵام ئەتینا کە ئەم فێڵەی ئەپولۆی بینی دەرهەق بەکوڕی تیودیوس، خێرا دوای ڕابەری سوپا کەوت و جارەکی دی قامچییەکەی دایەوە دەستی و هێز و گوڕی وەبەر ئەسپەکانی خست. ئەوجا بەتوڕەیی دوای کوڕەکەی ئەدمیتوس کەوت و نیری ئەسپەکانی شکاند. هەردوو ئەسپەکەی لە خەت دەرچوون و هەریەکەیان لەلایەکدا دەڕۆیی. مژانی عەرەبانەکە کەوتە عاردی. یومیلوس خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خوارێ. هەردوو ئانیشك ودەم و لوتی ڕوشان، نێوچەوانی لەسەرو برۆیەوە شکا. هەردوك چاوی تەژی ڕوندك بوون و دەنگی نوسا. ئیدی کوڕەکەی تیودیوس ئەسپە سم تیژەکانی زیاتر تاودا، پێشی هەموو ئەسپەکانی دی دایەوە. چونکە ئەتینا گوڕ و تینی دابووە ئەسپەکانی و سەرکەوتنی بەو بەخشی.

(٤٠١) مینیلاوسی قژ زێڕین، کوڕی ئوتریوس لەدوای ئەوەوە دەهات. لێ ئەنتیلوخۆس ئەسپەکانی بابی دەنگ دەدا و دەیگوت: "دەی، خێراکەن، تووندتر بڕۆن. من داواتان لێناکەم ئەسپەکانی کوڕی تیودیوس بۆڕ بدەن، چونکە ئەتینا گوڕێکی تازەی پێ بەخشیون و سەرکەوتنی بەڕابەرەکەیان داوە. بەڵام خێرا بگەنە ئەسپەکانی کوڕی ئوترویوس .ئەوان بۆڕ بدەن

دوایـان مەکـەون، ڕەتیـان بـدەن ،دەنـا ئیتـی کـە ماینێکـە بـەو مایناپەتیـەی خۆیـەوە گاڵتـەتان پێدەکات. حەیاتان دەچێت، شەرمەزار دەبن. دەیسا ئەی ئەسپە ئازاکانی من بۆچی دوا دەکەون؟ با ئەوەتان پـێ بڵێم، دڵنیابن ئەگـەر دوابکـەون ،نەستوری ڕابـەری جـەنگاوەران لێتان دەڕەنجـێ، چیتر ڕاتان ناگرێ، تیمارتان ناکات. دەتانکات بەتێشووی شمشێر ،ئەگەر تەمەڵی بکەن و یـەکێك لـە خەڵاتـەکان بـا کـەم بایـەخیش بـێ نەبەینـەوە. کەواتـە هێـز بدەنـە خـۆ، تـا دەتـوانن غـاردەن، خێراکـەن مـن بـەڵێنتان دەدەمـێ ئەگـەر ئێـوە بـەگوێم بکـەن، هـەر کـە گەیینـە ڕێگـا تەنگەکـە خـۆ بەبەینی هەردوکیاندا دەکەین و پێشیان دەدەینەوە و ئەم دەرفەتە لە دەست خۆ نادەین.

(٤١٧) دوای ئەو قسانە، ئەسپەکان لە سەرزەنشتەکانی خاوەنەکەیان ترسان. بۆماوەیەکی کـورت گوڕیان بەستەوە ،لە جاران خێراتر ڕایان دەکرد. ئەنتیلوخۆسی قارەمان خێرا شوێنێکی تـەنگی لەسەر ڕێگا چۆڵەکە بەدی کرد. ئەرزەکە دادڕا بوو. ئاوی باران بەشێکی ڕێگاکەی دڕی بوو. ڕێگە کـە بـوو بـوو بەکەندڕێکی ترسناك. مینـیلاوس بـەو ئومێـدەی هـیچ کەسێکی دی لـە بەشدارانی پێشبڕکێیەکە نەیگەنێ و خۆ لە عەرەبانەکەی نەخشێنن و یەکەم بێ ئەو ڕێگـە خراپـەی گرتەبـەر. بەڵام ئەنتیلوخۆس ئەسپە سم تیژەکانی لە ڕێگەکە لادا ،بۆ ماوەیـەکی کـەم کەوتـە شان بەشانی. کوڕی ئوتریوس ترسا وهاواریکرد: "ئەنتیلوخۆس، شێتانە ئەسپەکانت داژۆی. جڵەویان بگرە.. ڕێگەکە لێرەدا تەنگە، کەمێك سەبر بکە تا ڕێگەکـە پـان دەبـێ، ئەوجا بۆت هەیـە لـە من ڕەت بـی. بـەڵام لێـرەدا ناتوانی لـەمن ڕەت بـی، دەترسـم خـۆت بەعارەبانەکـەی منـدا بـدەیت و هـەردوکمان تیابچین."

(٤٢٩) لێ ئەنتیلوخۆس وەکـو ئـەوەی گـوێی لـە قسـەکانی ئـەو نـەبووبێ قامچـی لـە ئەسـپەکانی خسته کار و زیـاتری تـاودان، بەئەندازەی قـورس هاوێـژێك کـە گـەنجێکی بـاڕ بـۆ تاقیکردنـەوەی هێزی خۆی هەڵیدەدا، شان بەشانی یەك ڕۆییشتن. ئەوسا ئەسپەکانی کـوڕی ئوتریـوس کەوتنـە دوا، مینیلاوس بەئانقەست ئەسپەکانی خاو کردەوە. لـەوە دەترسا نـەبا ئەسپە سم تیژەکان لـە ڕێگە بەیەکدا بدەن و عەرەبانە مکومەکان وەرگەڕێن و هەردوو سوارەکەش ببنە قوربانی هەڵپـەی شێتانەی سەرکەوتن. هەنگێ مینیلاوسی قژ زەرد کەوتە جنێودان و گـوتی: "ئەنتیلوخۆس هـیچ بەشەرێك بەقەد تۆ گلاو و خاپینۆك نییە، بڕۆ خێر نەیەتە ڕێت .ئێمە ،ئاخاییان بەخۆڕایی تۆمان بەئاقلەمەند و دانا دەزانی، بڕۆ بەم هەموو فڕو فێڵەشەوە ناتوانی خەڵاتەکە بەدەست بێنی، مەگەر سوێند و بەڵێنەکەی خۆت پێشێل بکەی!

(٤٤٢) دوای ئەو قسانە ئەسپەکانی دەنگ داو گوتی: "من ئەمرتان پێ دەکەم کە سارد مەبنـەوە، خـەمتان نـەبێ، دڵ لـە دڵ مـەدەن. لاقـی ئـەو ئەسـپانە بـەر لـە ئێـوە ماندوو دەبـن. چـونکە ئـەو گوڕوتینی لاوییەی ئێوەیان نییە."

(٤٤٦) جووتـە ئەسـپ لـە ترسـی سـەرزەنشتی خاوەنەکـەیان گـوڕیـان بەسـتەوە و زۆر زوو گەییـنـە نزیکی هەڤرکەکانیان.

(٤٤٨) ئارگۆسییەکان لـە شـوێنی خۆیـان دانیشـتبوون و دەیانڕوانیـە ئـەو ئەسـپانەی کـە وەکـو باڵـدار بـەناو تـەپوتۆزی ژێـر پێـی خۆیانـدا دەشـتەکەیان دەبـڕی. ئیـدومینیوس، سـەرکردەی

کریتییەکان یەکەم کەس بوو کە ئەسپەکانی بینی، چونکە ئەو لە دەرێی مەیدانەکە، لە شوێنێکی بەرزدا دانیشتبوو. لەو بەرزیەوە مەیدانی غارغارێنەکەی بەباشی دەبینی. هەرچەندە دیومیدوس زۆر لێوەی دوور بوو، گوێی لە دەنگی بوو کە ئەسپەکانی دەنگ دەدا، ناسییەوە. هەروەها ئەو ئەسپەشی ناسییەوە کە لە پێشی پێشەوە تاوی دەدا ،سەراپای خەنەیی بوو، خاڵێکی سپی بازنەیی چوون مانگ بەتەوێڵیەوە بوو. لەجێی خۆی هەستا، ڕوبکردە ئاخاییەکان و گوتی: "برادەران، ڕابەران و دەمڕاستانی ئارگۆسیان! ئایا هەر من ئەسپەکان دەبینم یان ئیوەش دەیان بینن؟ وام دێتە بەرچاو ئەو ئەسپانەی کە لە پێشەوە تاو دەدەن، ئەو جووتە ئەسپە نین کە پێشتر لە پێشەوە بوون.. هەروەها گالیسکەڕانەکەش ئەوەی یەکەمجار نیە. بێگومان جووتە ئەسپەکەی پێشوو لە ڕێگە دەرچوون. دەبێ شتێکیان بەسەر هاتبێ. تا لە فوڵکەکەش سوڕانەوە هەردەم بینین، کەچی ئێستا لە هیچ شوێنێکەوە دیارنین. هەرچەندە هەموو شوێنەکانمان لێوە دیارە، سەرانسەری دەشتی تەرواده دەبینم. تۆ بڵێی جڵەوەکە لە دەستی گالیسکەڕانەکە بەربوو بێ و نەیتوانی بێ لەکاتی سوڕانەوە بەدەوری فولکەکەدا ئەسپەکان کۆنترۆڵ بکات و لەو سوڕانەوەیەدا بەختی یار نەبووبێ؟ پێموایە دەبێ لە گالیسکەکەوە کەوتبێ، گالیسکەکە شکابێ و ئەسپەکان لە ترسا ڕەوی بووبنەوە و لە ڕێگە لایاندابێ .بەهەرحاڵ وەرن بەخۆتان سەیر بکەن وادیارە من بەتەواوەتی بۆم جیاناکرێتەوە. بەڵام پێموایە ئەو کابرایە ئیتولییە، یەکێکە لە فەرماندە ئارگوسییەکان ،دیومیدوسی دلێر و چابك سوار، کوڕی تیدیوسە."

(٤٧٣) ئەجاکسی چاپوك ،کوڕی ئولیوس، بەڕوویا هەڵشاخی و گوتی: "ئیدومینیوس، ئەم چەنە چەییە؟ ماینەکان هێشتا دوورن و بەڕاکردن دەشتەکە دەبڕن. خۆ تۆ گەنج نیت و چاوت لە چاوی خەڵکانی دی تیژتر نین. کەچی تۆ بەردەوام دەبزرکێنی.. و چاوت ئەو حوکمەی نیە.

(٤٧٨) تۆ هەقی ئەم وڕاوە گۆییەت نیە .چونکە خەڵکی دی لێرەن و چاویان لەتۆ تیژترە. ئەو ئەسپانەی لە پێشەوەن هەر هەمان ئەوانەی پێشترن.. ئەسپەکانی (یومیلوس)ن بەخۆیشی لەسەر عەرەبانەکە ،جڵەو بەدەست دانیشتووە و وادێ."

(٤٨٢) سەرداری کریتییەکان زۆر لە قەڵس بوو هەڵیدایە و گوتی: "ئەی ئەجاکس، ئەی جنێو فرۆشی کینە لە دڵ. تۆ هەرگیز ڕایەکی پەسەند و بەجێت نەبووە.. لەبەر کەللە ڕەقی و سەرسەختی خۆت لە هەموو شوێنێکدا قڕەی ئارگۆسییەکان بوویت. ئەگەر ڕاست دەکەیت وەرە من ئامادەم گرەوت لەگەڵدا بکەم، لەسەر سێپایەك یان مەنجەڵێك، بەمەرجێ هەردووکمان ئاگامەمنونی کوڕی ئوتریوس بکەین بەداوەر و ئەو بڕیار و بدات کە کام ئەسپانە لە پێشەوەن هەنگێ دەزانی چۆن دۆڕانێك دەدۆڕێی!"

(٤٨٨) هەر کە ئەو قسانەی کرد، ئەجاکسی چابوك، کوڕی ئەلیوس، بەپشم و غەزەبەوە ڕابوو تا بەقسەی سارد و سوك دەمکوتی بکات .خۆ ئەگەر ئەخیل لێیان هەڵنەستابا و ئەم قسانەی پێ نەگوتبان، بێگومان کێشەکەیان تەشەنەی دەکرد و درێژەی دەکێشا: "واز لە هەرا و ئاژاوە بێنن ئەی ئەجاکس و ئیدومینیوس ،ئەمە کارێکی جوان نیە ،ئەگەر خەڵکی تر ئەم قسانەی کردبا

ئێوە بەخۆتان لۆمەتان دەکرد: لە شوێنی خۆتان دانیشن و تەمەشا بکەن ،ئەسپەکان کە لەڕای سەرکەوتندا ململانێ دەکەن، بەو زووانە دەگەنە ئێرە. هەنگێ هەردووکتان دەزانن کە لە نێو ئەسپانی ئەرگۆسیدا کامەیان زوو گەییوەتە جێ و کامیان درەنگ.."

(٥٠٠) هێشتا لەو قسانەدا بوو کە کوڕەکەی تیودیوس نزیکبووەوە، بەقامچی بەر بوو بووە شانی ئەسپەکانی، بۆی دەرچوون و وەکو باڵدار ڕێگاکەیان دەبڕی. هەر گەرد و تۆز بوو و دەنیشتە سەر شان و ملی سایەقەکە و گالیسکە قورسەکەیان –بەزێڕ و برونز– بەخێرایی بەدووی خۆدا ڕادەکێشا. هێندە خێرا بوو، جێ تەگەرەکانی بەئاستەم لەسەر گڵە نەرمەکە دەردەکەوت .ئەسپەکان چی وایان نەمابوو باڵ بگرن. دیومیدیس لە گالیسکە ڕەخشانەکەیەوە لە ناوجەرگەی حەشامەتەکەدا خۆی هەڵدایە سەر زەوی. قامچییەکەی کرد بەنیری ئەسپەکاندا، ئارەقە لە مل و بەرۆکی هەردوو ئەسپەکەوە زەنگۆڵ زەنگۆڵدەچۆڕایە سەر ئەرزەکە .ستینیلوسی کارامە و دلێر بەهیچ جۆرێ ماتەڵ نەبوو. بەڵکو یەکسەر خەڵاتەکەی وەرگرت و یاوەرە ئازاکانی ڕاسپارد کە کەنیزەکەکە و مەنجەڵە قوڵفدارەکە ببەن، ئەوجا بەخۆی نیرەکەی لە ئەسپەکان کردەوە و لە عەرەبانەکەی بەردان!

(٥١٤) لەدوای ئەو، ئەنتیلوخۆس، زادەی ئیلیوس بەخۆ و جووتە ئەسپەکەیەوە دەهات. هەڵبەتە بەفێڵ و زیرەکی کەوتبووە پێش مینیلاوس نەك لە سۆنگەی چابوکی ئەسپەکانیەوە.بەهەرحاڵ مینیلاوس ڕێك ڕاستەوخۆ لەدوای هەڤرکەکەی خۆیەوە بوو. ڕێك بەو ئەندازەیە کە کاتێ ئەسپ بەهەشتاو غار دەدا و خاوەنەکەی بەسەر عەرەبانەکەوەیە و بەدەشتدا ڕایدەکێشێت، لە تەگەری عەرەبانەکەوە دوورە، سەری کلکی لە عەرەبانەکە دەخشێ (مینیلاوس)ش هەر ئەوەندە لە ئەنتیلوخۆسی جوامێرەوە دوور بوو. مینیلاوس هەوەڵجار بەئەندازەی قورس هاوێژێك لە دواوە بوو. بەڵام ئەنتیلوخۆس زۆر زوو پیاگەیشتەوە، چونکە ماینە یاڵوبژ جوانەکەی ئاگامەنون، ئیتی، سات بەسات پتر تاوی دەدا و ڕێگە خۆی لەبەر نەدەگرت. خۆ ئەگەر ڕێگاکە یەك تۆزی دی دڕێژبوایە ئەوا پێشی دەکەوتەوەو مینیلاوس بێ چەند و چون براوە دەبوو. بەڵام میریونیس، خزمەتکارە ئازاکەی ئیدومینیوس هەر ڕمهاوژێك لەدوای (مینیلاوس)ەوە بوو. ئەسپە یاڵوبژ جوانەکانی لە هەموو ئەسپەکانی دی خاوتر بوون و بەخۆیشی لە هەموو گالیسکەڕانەکانی دی نەشارەزاتر بوو. کوڕەکەی ئەدمیتوس لەدوای هەمووانەوە بەلەقەلەقی ئەسپان و بەتەقەتەقی عارەبانە دەهات. کە ئەخیلی لەزگین بەو حاڵەوە بینی، بەزەیی پێدا هاتەوە. هەستاو لەنێو ئارگۆسیەکانەوە ڕووی تێکرد وگوتی: "باشترین سوارچاك کەوتووەتە دوای هەمووانەوە. بەڵام باخەڵاتێکی شایستەی بدەینێ، خەڵاتی دووەم.. با خەڵاتی یەکەمیش بۆ کوڕی تیودیوس بێ!"

(٥٣٩) هەموو ئاخاییەکان بەپێشنیاز و داوەرییەکەی قایل بوون و ستایشیان کرد. (ئەخیل)ش بەستایشەکەی ئەوان پشت گەرمتر بوو. دەیویست ماینەکە بەم سەرکردەیە ببەخشێت. لێ ئەنتیلوخۆسی مێرخاسی کوڕی نەستور، بەڕەرچی ئەخیلی دایەوەوداوای هەقی خۆی دەکرد: "ئەی ئەخیل، ئەگەر ئەو قسەیە جێبەجێ بکەی زۆر توڕە دەبم .چونکە ئەمە لەسەر حسابی منە، دەتەوێ خەڵاتەکەی من نەدەی، چونکە پێت وایە عەرەبانە و ئەسپەکانی یومیلوس وێڕای

تەردەستی لەکاردا تووشی ڕووداوێکی خراپ بوون. بەڵام ئەو دەبووایە لە خواوەندان بپارێتەوە کە نەبێ بەدوا کەسی پێشبڕکێچییەکان .بەهەرحاڵ ئەگەر تۆ دڵت پێی دەسوتێت و خۆشت گەرەکە خێوەتەکانی تۆ ئەگەر بڕوخێن بەسەر زێڕ و برونز و پەز و کەنیزەکان و هەسپێن چاکدا دەڕوخێن، جا ئەگەر تۆ بەتەمای ئاخاییان ئافەرین و ستایشت بکەن، بڕۆ بەکەیفی دڵی خۆت لەو هەموو سەروەت و سامانەی بدەیە، یان خەڵاتێکی زۆر لەوەی من باشتری بدەیە. بەڵام من دەستبەرداری ماینەکە نابم و ڕازی نیم بەکەسێکی دیکە بدرێ. هەر کەسێك بیەوێ ئەو ماینەم لە دەست دەربێنێ ئامادەم خۆمی لەتەکدا بگۆڕمەوەو بابێتە مەیدان."

(٥٥٥) ئەخیلی مەزن بزەیەکی بۆ کرد .قسەکەی ئەنتیلوخۆسی لەبەرگران نەبوو .چونکە هاوڕێی نزیك و دڵسۆزی بوو، بۆیە ڕووی تێکرد و بەڕاشکاوی گوتی:

(٥٥٨) "ئەی ئەنتیلوخۆس! مادامێکی تۆ داوا دەکەی کە لە سەروەت و سامانی خۆم خەڵاتێکی دی هەڵبژێرم و بەیومیلوسی بدەم، من قسەت لە عەردی نادەم .ئەو زرێیەی کە لە (ئەستیروبایوس)م گرت، کە لە برونزی خالیسەیە و بەقورقوشمی بریقەدار نەخشێنراوە، ئەوەی دەدەمێ کە دیاریێەکی شایستە و گران بەهایە و هەر قابیلی ئەوە."

(٥٦٣) هەر کە لە قسەکەی بووەوە، ئەمری بە ئەوتومیدونی هاوڕێی دڵسۆزی کرد، بچێ لە خێوەتەکەی بیهێنێ. خێرا چوو و هێنای. دای بەیومیلوس. ئەمیش بەخۆشحاڵیەوە وەریگرت.

(٥٦٦) ئەوسا مینیلاوس لەجێی خۆی هەستا. یەجگار قەڵس و ناڕەحەت بوو. لە ئەنتیلوخۆس قەڵس بوو. یەکێك لە خزمەتکارەکانی گۆچانی فەرمانڕەواییەکەی دایە دەستی و ئارگۆسییەکانی بێدەنگ کرد. ئەوجا مینیلاوس خواوەند ئاسا هەڵیدایە و گوتی: "ئەنتیلوخۆس خۆ تۆ جاران پیاوێکی بەئاوەز بووی، ئەم قۆڕیاتە چیە دەستت داوەتێ؟ تۆ سوکایەتیت بەمن کرد، تۆ بەفێڵ پێش ئەسپەکانی منت دایەوە. چونکە ئەسپەکانی تۆ لەگەڵ ئەسپی منـدا دەرنابەن .جا سەران و حەکیمانی ئارگۆسی وەرن ئێوە دادپەروەرانە داوەریمان بکەن. پشتیوانی لە کەسمان مەکەن. تادوایی یەکێك لە جەنگاوەرانی ئاخایی قوت نەبێتەوە و نەڵێت: "مینیلاوس بەفێڵ و دەهۆیان، بەسەر ئەنتیلوخۆسدا سەرکەوت، بەنەهەق ماینەکەی بردەوە. ئەسپەکانی ئەو لە هینەکانی ئەنتیلوخۆس لە پاشتر بوون، بۆیە خەڵاتەکەیان دایە چونکە لەناو ئاخیاندا پلە و پایەی زیاترە" نەخێر من خۆم حەقیقەتەکە ئاشکرا دەکەم و حوکم دەدەم حوکمێکی دادوەرانەی وەها دەدەم کە هیچ داناییەك لۆمەم نەکات.بەهەرحاڵ ئەنتیلوخۆس، زادەی زیوس، هەستە وەرە ئێرە بەگوێرەی ڕێوڕەسم و عادەتی باو لەبەردەم عەرەبانە و ئەسپەکانت بوەستە، ئەو قامچییە باریك و نەرمەی کە ئەسپەکانت پێ داژۆت بەدەستەوە بگرە، سوێند بەپۆسیدونی خێوی زەوی و بومەلەرزە بخۆ کە تۆ بەئانقەست و بەفێڵ و دەهۆ ڕێگەت لە من نەبەستەوەو پێشت نەدامەوە."

(٥٨٦) ئەنتیلوخۆسی دورئەنێش لە وەڵامیدا گوتی: "بمبەخشە ئەی مینیلاوس پاشا، من چ بەسااڵ و چ بەپایە و ئازایەتی زۆر لەتۆ بچووکترم. تۆ بەخۆت دەزانی خەڵکانی گەنج کەم ئەزموون و سەرکێشن. تۆ دڵت گەورە بێ ،سینگت فراوان بێت، ئەو ماینەی کە بردومەتەوە

بەخوایشتی خۆم دەتدەمێ. خۆ ئەگەر لەوەش زیاترت دەوێ لە مالّ و سامانی خۆم چیت بوێ من لە خزمەتت دام. بەدەستی خۆم پێشکەشتی دەکەم. ئەمەم باشترە لەوەی لەبەرچاوی تۆ بکەوم، لە حوزوری خواوەندان درۆزن و تاوانبار دەرچم."

(٥٩٦) کوڕە ئازاکەی نەستور بەو شێوەیە قسانی کرد. ئەوجا ماینەکەی برد و پێشکەشی مینیلاوسی کرد. وەکو چۆن ئاونگ بەسەر تەبارە گەنمدا دەبارێ و گوڵەکانی پارا و دەکات و دەیخەملێنێ ،بەو ئاوایە دڵی مینیلاوس فێنک بووەوە.. ئاوڕی لە ئەنتیلوخۆس دایەوەو بەڕاشکاوی پێی گوت: "ئەی ئەنتیلوخۆس، هەرچەندە زۆرت لێ پەست بووم، بەڵام ئەمڕۆکە لێت دەبورم. چونکە تۆ پێشتر نەپیاوێکی بێ ئەقڵ بووی و نەکەسێکی بێ پەرواو کەللە شەق. هەرچییەك بووە لاوی پێ کردویت! جارەکی دی فێڵ لە کەسانی لە خۆت باشتر مەکە. چاك بزانە هیچ کەسێکی دی نەیدەتوانی بەو ئاسانیە هێورم بکاتەوە. بەڵام تۆ وەکو بابە مەزنەکەت و میناکی براکەت لەشەڕدا بەخەمی منەوە بوون. یارمەتیدەرم بوون. لەوە زیاتر ڕەنجتان داوە کە من نەتوانم چاوپۆشی لە غەنزرینی خۆم بکەم .بۆیە من ماینەکەت، هەرچەندە هەقی من بوو، وێدەدەم. با خەڵکەکە بزانن کە من نەپیاوێکی کینە لە دڵم و نە بوغزن و کەللە ڕەق."

(٦١٢) دوای ئەو قسانە، ماینەکەی دایە دەستی (نویمون)ی میرئاخوڕی ئەنتیلوخۆس تا بیبات. مەنجەڵە بریقەدارەکەی بۆ خۆی هەڵگرت. میریونس کە چوارەمی پێشبڕکێیەکە بوو دوو تالان زێڕی وەرگرت. خەڵاتی پێنجەم مابوو، کە ئینجانە یا کوپەڵەیەکی دوو قوڵفی بوو، بەر کەس نەکەوت. ئەخیل بەخۆی هەڵیگرت و بەناو ئاپۆڕەی ئاخاییاندا ڕۆیی و لەلای نەستورەوە وێستا و گوتی: "ئەی پیرەمێرد بائەمەش بەم بۆنەیەوە، بۆنەی ناشتنی پاتروکلۆسەوە بۆ تۆ بێ. ئەو پاتروکلۆسەی جارێکی دی لەناو ئارگۆسییەکاندا نای بینیتەوە! من ئەم خەڵاتەت دەدەمێ بێ ئەوەی بەشداری پێشبڕکێیەکەت کردبێت. چونکە تۆ ناتوانی لە زۆرەبانی، بۆکسبازی، ڕم ئەندازی و غاردانداً بەشداری بکەیت. پیری دوابڕاو باری قورسی خۆی بەکۆڵدا داویت!"

(٦٢٤) دوای ئەو قسانە، ئینجانەکەی دایە دەستی نەستور. ئەویش بەخۆشحاڵییەوە لێی وەرگرت ووەڵامی دایەوە: "ڕاستە کوڕی خۆم. ئەوەی تۆ گوتت هەمووی ڕاست و دروستە! هەر چوار پەلم، تەنانەت پێیەکانیشم سست بوون. ئەو تین و تاوەی جارانیان نیە. قۆڵ و باسکم وەکو جاران چوست و چالاك ناجوڵێن. بریا ڕۆژگاری لاوی دەگەڕایەوە و وەکو ئەو ڕۆژەم لێدەهاتەوە کە (ئیبیون)ەکان لە بوپراسیوندا (ئامارنیکیوس)ی پاشای خۆیان دەناشت. کوڕەکانی بەو بۆنەیەوەو وەکو ڕێز بۆ بابیان خەڵاتی تایبەتیان تەرخان کرد. لەو ڕۆژەدا بەسەر هەموواندا سەرکەوتم. نە لە ناو ئیبیونان و نە لەناو بیلانیان و نە لەناو ئیتولیاندا کەس نەبوو لەگەڵما دەربەرێ، هەڤرکیم بکات. لە بۆکسازیدا بەسەر کلیتومیدیسی کوڕی ئینویسدا زاڵ بووم لە زۆرەبانیدا (ئەنکایوس)م کە لە (بلیورون)ەوە هاتبوو بەعاردیدا دا، لە غارغارێندا (ئەفیکوس) هەرچەندە ڕاکەرێکی باش بوو،

(٦٣٦) ئەویشم بۆڕدا. لەڕم ئەندازیشدا (فیلیوس و بولودوروس)م بردەوە. تەنیا لە گەرمەی گالیسکەڕانیدا نەبێ، جووتە کوڕەکەی ئاکتور پێشیان دامەوە. چونکە ئەوان دوان بوون،

بەتەماحی بردنەوە پێش من کەوتن. چونکە هێشتا خەڵاتی گەورە مابوون دەبوایە، بۆ بردنەوەی ئەو خەڵاتانە خۆماندوو بکەین. ئەوان لفانە بوون. یەکێکیان جڵەوی ئەسپەکانی گرتبوو و ئەویتریان قامچی دەوەشاند و ئەسپەکانی تاو دەدا .ئەوسا من ئەو کوڕە بووم، بەڵام ئێستا دەبێ ئەم کارانە بۆ لاوەکان بەجێبێڵم و مل بۆ باری دوابڕاوی پیری بدەم. من ئەوسا سەرتۆپی قارەمانان بووم. ئێستا بڕۆ، تۆ بڕۆ باقی پێشبڕکێ و گەمەکان بەبۆنەی ناشتنی هاوڕێکەتەوە ئەنجام بدە: من ئەم ئینجانەیە بەشانازی و خۆشحاڵیەوە قبوڵ دەکەم، بەدڵ شادمانم ئەی هاوڕێم هەمیشە منت لە بیرە. ئەو ڕێز و حورمەتەی کە لە ئاخییەکانم داواو چاوەڕوانە پێ ڕەوا دەبینی. لە خواوەندان دەپارێمەوە بەدڵی خۆت لەگەڵدا بکەن. ڕاوەستاو و بەرخوردارت بکەن. خێر و بەرەکەت بێتە ڕێت."

(٦٥١) کوڕی پیلیوس دوای ئەوەی گوێی لە سوپاسگوزاری و ستایشەکانی نەستور بوو، بەنێو ئاپۆڕەی ئاخاییەکاندا گەڕایەوە. ئەوجا خەڵاتی پێشبڕکێی بۆکسبازی، کە گەمەیەکی زۆر زبر و دژوار بوو، دیاری کرد. هێستڕێکی بەقوەتی هێنا و لە مەیدانەکەی بەستەوە. هێستڕێکی شەش ساڵەی تۆسن و چەموش کە ڕامکردنی ئاسان نەبوو، ئەمە بۆ براوە بوو.. جامێکیشی، جامێکی دوو قوڵفەی بۆ دۆڕاو دانا. ئەوسا هەستا، ڕویکردە ئارگۆسییەکان و گوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئەی ئاخاییانی جەنگاوەر، دوو کەسمان لە باشترین جەنگاوەرانی ئێرە دەوێ کە لە پێناوی ئەم خەڵاتانەدا هەڤڕکی یەکدی بکەن. هەر کێ ئەپولۆ توانای پایەداری دایە و بەبەرچاوی هەموو ئاخاییەکانەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم هێسترە ڕەشە بۆ خۆی بەرێتەوە بۆ خێوەتەکەی خۆی. هەر کەسێکیش دۆڕا ئەم جامە جووت قوڵفەیەی دەردێتێ."

(٦٦٤) هەر کە لە قسەکانی بووەوە، یەکسەر پیاوێکی کەڵەگەتی زەلام، بۆکسبازێکی لێهاتوو، بەتوانا کە ئیبیوسی کوڕی بانوبیوس بوو، هاتە پێشێ. دەستی خستە سەر هێسترەکە و گوتی: "ئەوەی گەرەکیە جامە دوو قوڵفیەکە بەڕێتەوە بابێتە مەیدان. بەڵام سەبارەت بەهێسترەکە، بەئاشکرا دەیڵێم هیچ ئاخاییەك جگە لە من ناتوانێ بەهێزی دەست و بازووی خۆی بیباتەوە. چونکە من حاڵی حازر باشترین بوکسبازی ئێرەم. کەس لەگەڵما دەرنابات. ڕاستە من لەشەڕدا ئەوە نیم، بەڵام لە بۆکسبازیدا پاڵەوانم پاڵەوان.. کەس نیە لە هەموو بوارەکاندا هەر لێهاتوو کارامە بێ.. من ئەم قسانە دەکەم دەشی هێنمە.. دی هەر کەسێك بێتە مەیدانم مارئەنجنی دەکەم، ئێسك و پروسکی دەشکێنم. جا با هاوڕێ و کەسوکاری لێرە چاوەنۆڕ بکەن، تا کە کوشتم جەنازەکەی بەرنەوە."

(٦٧٦) ئەو قسانەی کرد. هەموو مات و بێدەنگ بوون. یوروالوس، خواوەند ئاسا، کوڕی شا میکستیوسی کوڕی تالاوس تاقە کەس بوو هەستا کە بەرەنگاری بێتەوە. ئەو میکیسیتوسەی کە کاتی خۆی جارێك بۆ تیبوس (تیبە) بۆ بەشداری لە پرسە و ڕێوڕەسم و پێشبڕکێیەکانی ئودیپ چوو بوو. لەوێ لە پێشبڕکێیەکاندا بۆڕی بەهەموو کوڕانی کادموس دابوو. کوڕی تیودیوس کە بەڕمبازی بەنێوبانگ بوو، کەوتە هاندانی یورالوسی پسمامی و پڕ بەدڵ ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخواست. هەوەڵجار کەمەربەندێکی لە پشتی بەست، ئەوجا جووتێ دەستکێشی بۆکسبازانی،

کـه زۆر وەسـتایانه لـه چـەرمی گـا دروسـتکرابوون، دایـه. دوای ئـەوەی هـەردووک هـەڤرک کەمەربەندیان لـه پشت بەست، هاتنـه مەیدانگەکـەوە. ڕووبـەڕووی یـەک وەستان. هـەردووکیان لەیـەک کاتـدا دەسـتیان کـردەوە و بەبۆکسـی قورسـەوە بەربوونـە یەکـدی. جیرەجـیڕی ددانیـان سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی. ئارەقە لە سەراپایان دەچۆڕا.ئیپیوس کە لـه هـەلێک دەگـەڕا، هاتـه پێشـێ و بۆکسـێکی خێوانـدە چـەناگەی یوروالـوس. لاقـەکانی سسـت بـوون و چـەمینـەوە، وەکـو چـۆن ماسـییەک بـەدەم بـای بوریاسـەوە هەڵدەبەزێتـەوە و دەکەوێتـە سـەر کـەنار و ئـەوجا شـەپۆلێکی تاریـک دایدەپۆشـێت.. (یوروالـوس)ش بەهـەمان شـێوە لەگـەڵ یەکـەم جەزرەبـەدا هەڵبەزییـەوە و کەوتـە سـەر ئەرزەکـە. بـەڵام ئیپوسـی جـوامێر باوەشـی پێـداکرد و هەڵیسـاندەوە. هـاوڕێ دڵسـۆزەکانی لێـی گردبوونـەوە و لـه مەیدانگەکـەیان بـردە دەرێ. بـەتۆبزی خـۆی بکـێش دەکـرد. خـوێن لـه زاری دەڕۆیـی و ملـی بـەلادا خـوار بووبـووەوە، بردیانـه لایەکـەوە، لـه بـەینی خۆیانـدا دایاننا. ئیدی لەوێ بورایەوە، ئەوسا چوون جامەکەیان بۆ وەرگرت.

(٧٠٠) ئەوجا کوڕی پیلیوس، خەڵاتەکانی سێیەم پێشبڕکێی هێناو پیشانی ئارگوسییەکانی دا. ئەم خەڵاتانە تایبـەت بـوون بەگەمـەی زبری زۆرەبانی. خـەڵاتی یەکـەم بریتـی بـوو لـه مەنجـەڵێکی زۆر مکوم، هەر ئەوەندەی کەم بوو بخرێتە سەر ئاگر،

(٧٠٣) ئاخاییـەکان، نرخـی ئـەم مەنجـەڵـەیان بەبـەهای دوانـزە گـا دەقەبڵانـد. بـۆ دۆڕاوش کـەنیزەکێکی دەسـت ڕەنگینـی دانـا، کـه ئاخاییـەکان لـەنێو خۆیانـدا بـەبایی چـوار گاجووتیـان دەقرسـاند. ئـەخیل هەسـتاو ڕویکـردە ئارگۆسـییەکان و گـوتی: "کـێ دەیـەوێ لـەم پێشـبڕکێیەدا بەشداری بکات باهەستێتە سەرپێ!"

(٧٠٨) هەر کە ئـەو قسـانەی کـرد، یەکسـەر ئەجاکسـی کـوڕی تیلامـون و ئودیسیوسـی زرینـگ و زەبەردەسـتی مەیـدانی ئـەو وەرزشـە ڕابـوون. هـەردوو هـەڤرک کەمەربەنـدیان بەسـت و هاتنـه مەیدانگەکە. بەدەستانی بـەهێز بازوانی یـەکتریان گـرت. وەکـو چـۆن وەسـتایەکی شارەزا سـەری دوو کاریتەی گەورە لە میچی ماڵێکی بەرزدا لێکدەدا و دەگەیەنێتە یەکدی تا بەرگەی تەوژمی با بگـرێ، لـه نزیکـەوە ناوچـەوانی خۆیـان بەیەکـەوە نـابوو. کـه یـەکیان ڕادەکێشـا و دێنـا و دەبـرد خرمە خرم لە بڕبڕەی پشتیانەوە دەهات. ئازای ئەندامیان لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. هەموو شان و مـل و پەراسـو و قەبرغـەیان زامـدار بـوو بـوو. بـەدەم ئارەقـەوە خوێنیـان لێ دەچـۆڕا. بـەڵام بـەو حاڵەشەوە هەردووکیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە یەکتر ببەزێنن و مەنجەڵە مکومەکە ببنـەوە. نـە ئودیسـیوس دەیتـوانی پشـتی ئـەجاکس لـه عـاردی بـدات و نەئـەجاکس دەیتـوانی ئودیسیوسـی پایەدار بدات بەعاردیدا و کۆتایی بەگەمەکە بێنێ. لە ئەنجامدا ئاخاییانی چەکدار خەریک بوو لە تەماشاکردن بێزار دەبوون. هەنگێ ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون، بەئودیسیوسی گوت: "ئـەی زادەی زیوس، ئودیسوسی کوڕی ئیتریسی خانەدان، یا لە عاردیم بەرزبکـەوە یـان ڕێمبـدە مـن تـۆ لە عاردی بەرز بکەمەوە و ئاکامی کاریش دەدەینە دەستی زیوس."

(٧٢٥) بەدەم ئەو قسانەوە بەرزی کردەوە. بەڵام ئودیسیوس دەستبەرداری فێڵ و نیرەنگی خۆی نەبوو. لە پشتەوە تاهێزی تێدا بوو ئەژنۆیەکی بەڕەفیسکی ئەجاکسدا کێشا، لاقی سست بوون،

پاشه و پاش کشایەوەو پانەوپان کەوتە سەر زەوی، ئودیسیوس کەوتە سەر سینگی ئەجاکس. کە حەشاماتەکە ئەم دیمەنەیان بینی زۆریان پێ سەیر بوو. ئەوسا ئودیسیوسی بەسەبر و حەوسەڵە، هەوڵیدا بەرزی بکاتەوە، تۆزێکی لە عاردی جوڵاند، بەڵام نەیتوانی بەرزی بکاتەوە. ئەژنۆی خستە بەینی ئەژنۆکانی (ئەجاکس) هەردووکیان بەپاڵ یەکەوە کەوتنە سەر ئەرزەکە و لە تەپوتۆزا گەوزان. خەریك بوو بۆ گێمی سێیەم هەڵدەستانەوە، کە ئەخیل بەخۆی هەستا و ڕایگرتن گوتی: "بەسە، لەوەی پتر خۆتان ئەزیەت مەدەن. هەردووکتان سەرکەوتوون. هەردووکتان دوو خەڵاتی چوونیەك وەردەگرن و لاکەون، تا ئاخاییەکان لەسەر پێشبڕکێیەکانی دی بەردەوام بن!"

(٧٣٨) دوای ئەو قسانە هەردووکیان بەگوێیان کرد. دوای ئەوەی تەپوتۆزەکەیان لە خۆیان تەکاند، جلەکانیان لەبەرکردەوە.

(٧٣٩) ئەوجا کوڕی پیلیوس یەکسەر خەڵاتی دی بۆ پێشبڕکێی غارغارێن دانا: بریتی بوو لە تاسێکی زیوین کە زۆر وەستایانە و هونەرمەندانە دروست کرابوو. ئەم تاسە شەش پەیمانەی دەگرت و لە جوانیدا بێ وێنە بوو. تاس نەبوو لەم سەر زەمینەدا بیگاتێ.سنعەتکارانی سەیدایی کە لە کاری دەستیدا زۆر مەعلانن، دروستیان کردبوو. فینیقیەکان لە ڕێگەی دەریای بەتەمتومانەوە لەگەڵ خۆدا هێنابوویان و چەند بەندەرێکیان پێکردبوو و ئەوجا وەکو دیاری پێشکەش بە (تواس)یان کردبوو و ئەوسا یونیوسی کوڕی جاسون، لەبری سەربەهای لیکاونی کوڕی پریام، دابووی بەپاتروکلۆسی قارەمان. جا ئەخیل ئەم تاسەی وەکو خەڵات لە بۆنەی ناشتنی هاوڕێ دڵسۆزەکەیدا بۆ براوەی یەکەمی پێشبڕکێی غارغارێن دانا. بۆ دووەم گایەکی زەلامی قەڵەوی یەکپارچە چەوری دانا. بۆ سێیەمیش نیوتالان زێڕی دانا. ئەوسا هەستا و ڕویکردە ئارگۆسییەکان و گوتی: "کێ بەشداری دەکات بابێتە مەیدان!"

(٧٥٤) دوای ئەو قسانە ،یەکسەر ئەجاکسی لەزگین، کوڕی ئویلیوس هاتە بەرەوە، ئودیسیوسی زیرەك و هۆشمەند لەدوای ئەو هەستا. ئەوسا ئەنتیلوخۆسی کوڕی نەستور هاتە پێشەوە کە لە نێو لاوانی هاوتەمەن و هاوسونحی خۆیدا کەس نەبوو لە ڕاکردندا بیگاتێ. شانبەشانی یەك، لەسەر یەك هێڵ وەستان. ئەخیل مەرزی بۆ دەست نیشان کردن، کە نیشانەی سوڕانەوە دیاریکرا، غارغارێن دەستی پێکرد. ئەجاکس لە پێشەوە بوو، ئودیسیوسی مەزن بەماوەیەکی زۆر کەم لە دوایەوە بوو. وەکو چۆن ژنێکی قەد باریك مەکۆکەی خۆی بەدەستانی لەزو وەستایانە هەڵدەسوڕێنێ و داوی پۆیەکە لە نێو کلاڤەوە دەردەکێشێت، لە سینگی خۆی نزیکی دەخاتەوە، (ئودیسیوس)ش بەهەمان ئەندازە لە نزیکی ئەجاکسەوە غاری دەدا.پێش ئەوەی بیلێ تۆز لە جێ پێی هەڤرکەکەی هەستێ پێی لەجێ پێی ئەو دادەنا. هەناسەی گەرمی ئودیسیوسی مەزن، بەدەم غاردانەوە لە پشتی سەری ئەجاکسی دەدا. هەموو ئاخاییەکان هورایان بۆ دەکێشا و هانیان دەدا و داوایان لێدەکرد خێراتر غاربدا. کاتێ لەدوا قۆناغی غارغارینەکە نزیکبوونەوە، ئودیسیوس لە دڵی خۆیدا لە ئەتینای چاوگەش پاڕایەوە، گوتی: "خواوەندا، فریام کەوە ،هێزی لاقم بدە." بەو ئاوایە کەوتە نوێژ و نزا، ئەتیناش نزاکەی قەبوڵ

کرد. دەست و لاقانی سووک کرد. کاتێ کە هەڤرکەکان خەریک بوو دەگەییەنە سەر شار.. و خەلاتەکە ببەنەوە، ئەتینا کارێکی وەهای کرد ئەجاکس لە گەرمەی راکردنا خزی. ئەرزەکە یەکپارچە شیاکە و خوێن و سەخوڕاوی ئەو گایانە بوو کە ئەخیلی لەزگین بۆ پاتروکلۆسی کوشتبوونەوەو کردبوونیە قوربانی. دەم و لوتی ئەجاکس پڕبوون لە شیاکە.

(٧٧٨) بەو جۆرە ئودیسیوسی مەزن، بەسەبر و حەوسەلە، کە لە پێشدا گەییەوە سەر شار، تاسەکەی هەلگرت. ئەجاکسی جوامێر گایەکەی بردەوە. دەستی خستە سەر قۆچێکی و بەدەم تفانەوەی شیاکەوە ڕوویکردە ئەرگۆسییەکان وگوتی:"مەخابن، ئەوەی منی خزاند یەزدانخانمێکە کە هەمیشە لە پشتی ئودیسیوسە و یارمەتی دەدات، دەلێی دایکیەتی!" ئاخاییەکان هەموو شاد و دلخۆش بەقسە قوتەکەی پێکەنین.

(٧٨٥) دوا خەلات بەر ئەنتیلوخۆس کەوت. بەر لە هەمووان بەناکامی خۆی پێکەنی و ڕویکردە تەماشاڤانەکان وگوتی: "دۆستان ئێوە بەشایەد بن کە خواوەندان تەنانەت لێرەشدا، پشتیوانی لە پیرەکان دەکەن و ڕێزیان دەگرن. ئەجاکس، ئەوی ڕاستی بێ کەمێک لەمن گەورەترە. بەلام ئودیسیوس زۆر کۆنە، لە خانەی پیرەکانە. بەلام وەک دەلێن پیرێکی تەڕو بڕو بەگوڕە، لەناو ئاخاییەکاندا مەگەر ئەخیل، دەنا کەس لە ڕاکردندا لەگەلیا دەرنابات!"

(٧٩٣) ئودیسیوس بەو ئاوایە ستایشی کوڕە لەزگینەکەی پیلیوسی کرد. ئەخیل بەرسڤی دایەوەو گوتی: "ئەنتیلوخۆس، نایەلم ئەو ستایشەت بەبێهودە بڕوات. بۆیە نیو تالان زێڕی دیکە دەخەمە سەر خەلاتەکەت." هەر کە لە قسەکەی بۆیەوە، زێڕەکەی دایە و ئەنتیلوخۆس بەخۆشحالییەوە لێی وەرگرت.

(٧٩٨) ئەوسا کوڕی پیلیوس، ڕمێکی درێژ، سپەرێک و کلاوخودێک و زرێییەکی هێنا و لە مەیدانگەکەی دانا. ئەمانە چەک و ئەسلەحە میراتیەکەی سارپیدون بوون کە پاتروکلۆس لێی دامالی بوون. ئەوسا هەستا، ڕویکردە ئارگوسیەکان و گوتی: "داوا دەکەین دوو کەس لە ئازاترین شەرڤانانی ئێرە، بۆ بردنەوەی خەلات بێنە مەیدان. بازرێ لەبەرکەن، تەدارەکی جەنگ لەخۆ بدەن. ڕمی برونزینی تیژ بگرنە دەست. بەبەرچاوی ئەم حەشاماتەوە بەگژ یەکدا بچن. کێ هەوەلجار هەڤرکەکەی زامدار بکات، زرێکەی کون بکات، خوێنی لەبەر بڕوات ،من ئەو شمشێرە زیونیشانەی دەدەمێ. شمشێرە نەک گالتە. دەستکردی تراکیەیە، کاتی خۆی کە (ئەستیروپایوس)م کوشت لەوی دامالی. بەلام چەکەکانی دی بەیەکسانی بەسەر هەردووک هەڤرکدا دابەش دەکرێن. دەعوەت و بەزمێکی گەورەشیان لە خێوەتەکەی خۆمدا بۆ ساز دەکەم."

(٨١١) دوای ئەو قسانە ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون هاتە پێشێ. دیومیدۆسی دلاوەریش، کوڕی تیودیوس دوابەدوای ئەو هەستا. دوای ئەوەی زرێیان پۆشی، لە حەشاماتەکە دوورکەوتنەوە. هاتنە ناوەندی مەیدانگەکە. هەردوو بەدەم چاوەڕوانی دەستپێکی شەڕکەوە بەغەزەبەوە دەیانڕوانیە یەکدی. ئاخاییەکان کە بەو حالەوە دیتیانن ترسیان لێنیشت. لێکدی نزیک بوونەوە.. سێ جار پەلاماری یەکتریان دا، سێ جار بەیەکتردا هەلشاخان.

(٨١٨) ئەجاکس ڕەکەی خێواندە سپەرە مکومە بازنەییەکەی دیومیدوس. لێ ڕەکە نەگەییە گۆشت. زرێکەی ژێرەوە پاراستی. بریندار نەبوو. کوڕی تیودیوس هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەسەروی سپەرەکەوە نووکی ڕمە ڕەخشانەکەی بگەیەنێتە ملی ئەجاکس. ئیدی ئاخاییەکان هەموو ترسیان لێنیشت. خەمی ئەوەیان بوو ئەجاکس بکوژرێ. بۆیە داوایان کرد کۆتایی بەشەڕەکە بهێنرێت و خەڵاتەکان بەیەکسانی بەسەر هەردووکیاندا دابەش بکرێ. شەڕەکە ڕاگیرا. ئەخیلی قارەمان شمشێرە گەورەکەی بەکێلان و حەمایلە جوانەکەیەوە دا بەکوڕەکەی تیودیوس.

(٨٢٦) ئەوجا کوڕەکەی پیلیوس، تۆپەڵە ئاسنێکی خاوی هێنا، کە ئیتون جاران وەک وەرزش بەهەموو هێز و قوەتی خۆیەوە هەڵیدەدا. لێ ئیتون، بەدەستی ئەخیلی لەزگین کوژرا بوو. ئەخیل ئەو تۆپەڵە ئاسنە و کەلوپەل و داراییەکانی دیکەی تاڵان کردبوو و لە کەشتییەکەی خۆی بارکرد بوو. هەستا ڕویکردە ئارگۆسییەکان و گوتی: "کێ گەرەکیە بەشداری ئەم پێشبڕکێیە بکات بابێتە بەرەوە. هەر کەسێك گرێوەکە بباتەوە، ئەم تۆپەڵە ئاسنەی دەدرێتێ کە تێری پێنج ساڵی دەکات. پێویستی بەهیچ ئاسنێکی دی نابێت. خۆ ئەگەر کێڵگەی بەپیت و بەرەکەتی دووڕە شاریشی هەبێ، شوانەکەی یا وەرزێرەکەی ناچار نابن ڕێگەی دوور و درێژی شار ببڕن و ئاسن بکڕن، چونکە ئاسنێکی فرەی لەبەردەستدا دەبێت."

(٨٣٦) دوای قسەکانی ئەخیل، بولوپویتیسی میرخاس، لیونتیوسی خواوەند ئاسا، ئەجاکسی کوڕی تیلامون و ئیبیوسی مەزن هەستان و بەڕیز شان بەشانی یەکتر وەستان. ئیپیوس، تۆپەڵە ئاسنەکەی هەڵگرت و بەهەموو هێزی خۆیەوە هەڵیدا. هەموو ئاخاییەکان لە قاقای پێکەنینیان دا .دوای ئەو لیونیتوسی زادەی ئەریس هەڵیدا. ئەوجا نۆرە هاتە سەر ئەجاکسی مەزن، کوڕی تیلامون و تۆپە ئاسنەکەی هەڵدا. لە دوانەکەی پێش خۆی پتر ڕۆیی و نیشانەکانی بەزاند. بەڵام کە نۆرە هاتە سەر بولیبوتیسی دلاوەر، هەر گرتی بەتۆپە ئاسنەکەدا و وەکو چۆن گاوانێك دار گاڕانەکەی هەڵدەدا و بەسەر گاگەلەکەیدا گڤە دەکات و دەڕوات. بەو ئاوایە تۆپە ئاسنەکەی هەڵدا و هەموو نیشانەکانی پێش خۆی بەزاند. هەر هەمووان کەوتنە هوراکێشان و ئافەرینی. ئەوسا دۆستانی بولوبویتیس هەستان، خەڵاتەکەی سەردارەکەی خۆیان هەڵگرت و بردیان بۆ ناو کەشتیەکەی.

(٨٥٠) ئەوجا ئەخیل، خەڵاتی پێشبڕکێی تیرەندازی دانا. بریتی بوو لە دە تەورزینی دوو دەم و دە تەورزینی یەك دەم. ئەوجا ئەمری کرد کە بورجی یەکێك لە کەشتیەکان، لە دوور، لەناو لمدا بچەقێنن. لاقی کۆترێکی ترساوی بەداوێکی باریك بەست بەبورجەکەوە و فرمانیدا کە کۆترەکە بکەنە نیشانە،

(٨٥٥) گوتی: "هەر کەسێك کۆترەکە بانگێوێ هەموو تەورزینە دوو دەمەکان دەبات بۆ خۆی. ئەوەی تەنیا داوەکە بپێکێ، ئەگەر لە کۆترەکەش نەدات، ئەوا خەڵاتی دۆڕاوی بەردەکەوێ، کە بریتییە لە گشت تەورزینە یەك دەمەکان".

(٨٥٩) دوای ئەو قسانە، شا تیوسیری بەهێز و توانا هەستاو هاتە پێشێ. ئەوجا میریونیسی خزمەتکاری بەجەرگی ئیدومینیوس هاتە پێشێ. قورعەیان خستە ناو کلاوخودێکەوە،

کلاوخودیان بادا، یەکەم ناو تیوسیر دەرچوو. یەکسەر و بێ ئەوەی قەولی ئەوە بەئەپولۆ بدات کە سەد سەر بەرخە کۆرپەی بۆ بکات بەقوربانی، تیری خۆی هاویشت. نەیتوانی کۆترەکە بانگێوێ. چونکە ئەپولۆ نەیهێشت ئەم سەرکەوتنەی پێ ببڕێت. بەلام تیرەکە بەر ئەو داوە باریکە کەوت کە کۆترەکەی پێ بەبورجەکەوە بەسترا بوو. لە نزیکی پێی کۆترەکەوە بەریکەوت و پچڕاندی. کۆترەکە فڕی و چوو بەئاسماندا، داوەکە کەوتە خوارەوە. ئاخاییەکان کردیان بەهەرا وەدەست خۆشیان لێکرد. بەلام میریونیس بەپەلە ڕۆیی و کەوانەکەی لە دەستی تیوسیر دەرهێنا، چونکە دەمێ بوو تیرێکی بەدەستەوە گرتبوو و ئامادەی هاویشتنی بوو. یەکسەر وەعدی بەئەپولۆی دوورئەنگێوە دا کە سەد بەرخە کۆرپەی بۆ بکات بەنەزر و قوربانی. ئەوسا کۆترەکەی بەبەرزییەوە، لەژێر هەورانەوە بەدی کرد. نیشانەی لە ناوەندی باڵەکانی گرتەوە. تیرەکە ڕێك و ڕاست بەدەنی کۆترەکەی دیواو دەرکرد. ئەوجا هاتەوە خوارێ ولەبەر پێی میریونیسدا لە عاردی چەقی. کۆترەکەش بەملا کەوتە سەر بورجەکە، پەڕوپۆی هەڵوەری.. هەر زوو گیانی دەرچوو و لەسەر بورجەکەوە تەپ کەوتە خوارێ. جەنگاوەرەکان بەسەرسامی و ستایشەوە دەیانڕوانییە میریونیس. ئیدی میریونیس هەموو تەورزینە دوو دەمەکانی برد. (تیوسیر)ش تەورزینە یەك دەمەکانی بۆ ناو کەشتییەکانی برد.

(٨٨٤) ئەوجا نۆرە هاتە سەر ڕمبازی. کوڕی پیلیوس، ڕمێکی درێژ و مەنجەڵێکی تازەی هێنا کە هێشتا نەخرابووە سەر ئاگر. یەکپارچە بەگوڵ نەقاشی کرابوو. هاونرخی گایەك بوو. هێنانی و لە مەیدانەکەی دانان. ڕمهاوێژان هاتنە مەیدان. یەك لەوانە ئاگامەمنونی بەدەسەڵات، کوڕی ئوتریوس بوو. دووەمیان میریونیسی دلێر، میرئاخۆڕ و خزمەتکاری ئیدومینیوس بوو. ئەخیل هەستا ،ڕووی تێکردن وگوتی: "ئەی کوڕی ئوتریوس، ئێمە زۆر چاك دەزانین کەس لەگەڵ تۆدا دەرنابات. لە هێزداری و ڕمبازیدا کەس هاوتات ناکاتەوە. مەنجەڵەکە هەڵگرە وبچۆ بۆ ناو کەشتییەکانت .ئەگەر تۆ ڕازی بی با ڕمەکە بدەینە میریونیسی قارەمان، من حەزەکەم!".

(٨٩٥) ئەخیل ئەو قسانەی کرد. پاشای جەنگاوەران ،ئاگامەمنون، قسەکەی لە عاردی نەدا. ئیدی ئەخیل نێزەکەی بەمیریونیس پێشکەش کرد. ئاگامەمنونیش خەڵاتی دووەمی، کە خەڵاتێکی گەورە بوو، دایە تالتیبیوسی میرئاخۆڕ و خزمەتکاری خۆی کە بۆلای کەشتییەکانی بەرێتەوە.

سرودی بیست و چوارەم

پریام و ئەخیل

حیکایەتەکە:

دوای تەواوبوونی کۆڕ و کۆبوونەوەکە و ڕۆیشتنی خەڵکەکە تا بنوون، ئەخیل لە داخ و سوێی پاتروکلۆس خەوی لێنەکەوت. بەیانی هەستا. جەنازەکەی هیکتۆری خستە دووی گالسیسکەکەی. ئەپولۆ خێرا فریاکەوت و جەنازەکەی هەر ئاسیوێك پاراست. ئەخیل سێ جاری بەدەوری قسنی هاوڕێکەیدا گێڕا تا تینویەتی دڵی بشکێنێ.لێ خواوەندان بەم کارەی قایل نەبوون ولەنێو خۆیاندا کەوتنە تەگبیر و ڕاوێژ. هیرا و ئەتینا لەگەڵ ئەم کارەی ئەخیلدا بوون. لێ

زیوس بەم ڕەفتارە قایل نەبوو. هیرا ئیعتراز دەگرێت کە نابێ بەشەرزادەیەک (هیکتۆر) و خواوەند زادەیەک (ئەخیل) بەیەک چاو تەماشا بکرێن. ئ زیوس پێی وادەبێ کارەکەی (ئەخیل)ش ڕەوا نیە ئاخر مرۆڤ چۆن تۆڵە لە قوڕێکی مردوو دەستێنێ؟ خواوەندان ئەمر دەکەن جەنازەکە بپارێزرێ، خاوێن بکرێتەوە و بەزەیت چەور بکرێ، ڕێزگرتنی مردوو یاسایەکی خواییە. زیوس ناردی بەدووی تیتیسدا و قەناعەتی پێکرد کە ئەخیل دەبێ جەنازەکەی هیکتۆر بداتەوە بەخاوەنی. ئەوجا نیشانەیەکی پیشانی پریامدا کە بڕوات جەنازەکە وەربگرێتەوە. هیکوبای ژنی هەوڵدەدا ڕێگەی نەدا بچێ، گوایە دەیگرن و داوای سەربەها دەکەن. بەڵام پاش نیشانە خوایی و ئاسمانیەکە گوێی بەژنەکەی نەدا. لەگەڵ هیرمیسی خواوەندا. بەسەربەهاو دەست و دیارییەکی فرەوە چوو بۆ سەراپەردەکەی ئەخیل. ئەخیل دەبینێ، سەربەهاکەی ل وەردەگرێت و جەنازەکەی وێدەداتەوە. حورمەتی خۆی و خزمەتکارەکەی دەگرێت .دوو جێگەی بۆ ڕادەخات شەوێ هیرمیس دەیخاتە دڵیەوە کە ڕابێ و جەنازەکە بەرێتەوە تا ئاگامەمنون نەیبینیوە و داوای سەربەهایەک گەورەتری لە کوڕە زندوەکانی نەکردووە. پریام هەڵدەستێت جەنازەکە دەباتەوە، کاساندروس یەکەم کەس دەبێ کە ئەسپ و هێستر و جەنازەکەی هیکتۆر دەبینێ، بەشاردا دەگەڕێ و جارێ ئەم هەواڵە شومە دەدات. خەڵکەکە ڕادەبن و لە ماڵ دێنە دەرێ و شار غەرقی خەم وپەژارە دەبێت .پریام ئەمر بەسازبازان دەکات بچنە چیا و داربێنن بۆ سازدانی شەوتنگە. ئەندروماکی ژنی هیکتۆر و هیکوبای دایکی و هیلینی براژنی، ژنی پاریس بەدیار جەنازەکەوە دەکەونە گریە و زاری. شایەران ڕیز دەبەستن، تا سەردولکەی جەنازەکە ڕێکبخەن. هەر هەمووان بەدیار هیکتۆرەوە دەگرین. شەوتنگەکە ساز دەکرێت. ڕێوڕەسمەکە تەواو دەبێت. مەرقەدێک بۆ هیکتۆری شۆڕەسوار دروست دەکرێت.

زەمەن:

گێڕانەوەکە بیست و سێ ڕۆژ دەخایەنێ کە بریتییە لە: دوانزە ڕۆژ ،کە جەنازەکەی هیکتۆر لە نزیکی خێوەتەکەی ئەخیل دەمێنێتەوە. یانزە ڕۆژ کە ڕێوڕەسمی جەنازە و ناشتن و پرسەی تیادا ئەنجامدرا.

شوێن:

ئۆڵەمپە کە خواوەندان سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن دەگەڵ جەنازەکەی هیکتۆردا ڕاوێژ دەکەن. خێوەتەکەی ئەخیل کە پریام بۆ ئەوێ چوو و جەنازەکەی هێنایەوە. ئەجا تەرواده، کە ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسە بەڕێوە چوو.

(١) کۆڕەکە تەواو بوو. جەنگاوەرەکان بلاوەیان لێکرد، هەر کەسە بەرەو کەشتی خۆی ڕۆیی. شیویان ئامادە کرد، نانیان خوارد و لێی خەوتن. بەڵام ئەخیل هاوڕێ دڵسۆزەکەی بیرکەوتەوە و لەسەڵای گریانی دا. خەو کە هەموو گیانلەبەران دەباتەوە، توخنی ئەو نەکەوت و نەکەوت. لەجێی خۆی گینگڵی دەدا، هەر ئەم دیو و ئەودیوی دەکرد. خەفەتی بۆ پیاوەتی و جوامێری و زات و شەهامەتی پاتروکلۆس دەخوارد. بیری لە هەموو ئەو زەحمەتانە دەکردەوە کە پاتروکلۆس لەشەڕی جەنگاوەرانی دلێر و سەفەری پڕخەتەری ناو شەپۆلانی یاخیدا لەتەک

ئەودا کێشابووی.. تا زیاتر بیری لەمانە دەکردەوە، زیاتر گریانی هەڵدەستا و فرمێسک لە دیدەی سەری دەکرد. دەکەوتە گینگڵدان، جارێ دەکەوتە سەر تەنیشت، جارێ دەکەوتە سەر پشت و جارێك بەدەما دەکەوت. زۆرجاریش هەڵدەستایە سەر پێیان، وێڵ و سەرگەردان ،پەرێشانبیر بەسەر لمەڵانی کەناری دەریاکەدا دەکەوتە پیاسە. بەڵام هەرگیز سپێدە، کاتێ لە دەریای دەدا، لە نیگا و ئەندێشەی ئەو دوور نەدەکەوتەوە. هەمیشە هەڵاتنی سپێدەی لە بەرچاو و لە خەیاڵ بوو. لەم کاتەدا ئەسپە ڕەهوانەکانی دەخستنە ژێر نیر و لە عەرەبانەکەی دەبەستن، جەنازەکەی بەپاشی عەرەبانەکەوە دەبەست تا بەدووی خۆیدا ڕایکێشێت. ئەوجا سێ جار جەنازەکەی هیکتۆری بەدەوری قەبرەکەی پاتروکلۆس، کوڕی منویتیوسدا ڕادەکێشا. ئەوجا دەگەڕایەوە بۆ خێوەتەکەی خۆی. لاشەکەی هیکتۆری بەدەما لەو گۆڕە بەجێدەهێشت. بەڵام ئەپولۆ، بەمردویەتیش دڵی بەم قارەمانە دەسوتا. لاشەکەی لەهەر ئاسیو و بۆگەن بوون و ڕزینێك دەپاراست. سەراپای بە قەڵغانە زێڕینەکەی خۆی داپۆشی، تا ئەخیل بەدەم ڕاکێشانیەوە نەتوانێ جەنازەکەی عەیبدار بکات و بیشێوێنێ.

(٢٢) بەو جۆرە ئەخیل پشم و غەزەبی خۆی بەسەر هیکتۆری مەزندا دەڕشت و سوکایەتی بەجەنازەکەی دەکرد. بەڵام خواوەندانی موبارەك کە بەو حاڵەوە بینیان بەزەییان پێداهاتەوە. ئیدی داوایان لە هیرمیسی چاو تیژی چاوگەش کرد کە جەنازەکە بدزێت. هەمووان ئەم تەگبیر و ڕاوێژەیان بەدڵ بوو، تەنیا هیرا ،پوسیدون و ئەتینای چاوکەژاڵ نەبێ،.

(٢٦) کە لە کانگای دڵەوە ئیلیون و پریام و گەلەکەیان دەبوغزاند. چونکە ئەو غەڵەتەیان لە دڵ دەرنەدەچوو کە ئەلکساندەر (پاریس) لە ڕووی نەزانیەوە دەرهەق بەوان کردبووی ، کاتێ لە کوخەکەی خۆی چووبوونە لای بۆ داوەری، ئەوانی فەرامۆش کردبوو و بەلای ئەفرۆدێتی خواوەندی ڤیان و جوانیدا دایشکاند بوو.، چونکە بەڵێنی دابوویە ئارەزووە کوشندەکانی بێنێتەدی.

(٣١) لە ڕۆژی دوازدەیەمدا ئەپولۆ خۆی بەئەنجومەنی خواوەندانداکردو گوتی: "ئەی خواوەندانی ئولیمبوس ئەم دڵڕەقیەتان لەچیە؟ شەرم لە خۆتان بکەن، هیکتۆر کەمی ڕانە گا و بزنی ناسکی بۆ کردنە قوربانی؟ کەچی غیرەتی ئەوەتان نیە تەنانەت جەنازەکەی بەمردویەتی، ڕزگار بکەن، بیدەنەوە بەخاوەنی تا ژنەکەی، دایکی، کوڕەکەی، و پریامی بابی و گەلەکەی بیدینن و شەوتنگەی بۆ ساز بکەن و بیسوتێنن و ڕێوڕەسمی جەنازە و پرسەی بۆ ئەنجامبدەن. یان ئێوەش ئەی خواوەندان لەگەڵ ئەخیلی سەرشێتان.. کە نە ئەقڵی هەیە نە دەزانێ ئینساف چیە و نە تۆزقاڵێك میهر و سۆزی لە دڵدایە. شێرێکی دڕندەیە لەو گۆڕە .وەکو چۆن شێرێکی دڕندە پشت بەهێزی دڕندانەی خۆی، بەدوور لەهەر سۆز و بەزەییەك پەلاماری میگەلانی بەشەر دەدات هەر بۆ ئەوەی سکی تێر بکات.. (ئەخیل)ش بەو جۆرە هیچ ڕوحم و بەزەییەکی لەدڵدا نەماوە. بەتەواوەتی شوڵی لێ هەڵکێشاوە و شەرمی لەبەر هەڵگیراوە. بەڕاستی شەرم بۆ بەشەر شتێکی باشە، قازانجی زیاترە تا زیان.بەڕاستی بێ شەرمیە بەشەر خەڵکی لە پێناوی قازانجی خۆیدا ئازار بدات. زۆر کەس، ئازیزێکی ئازیزتر لە هاوڕێکەی ئەخیل لە دەست دەدات. لەوەیە

کوڕێکی یان برایەکی دایك و باوکی لە دەست بدات. بەڵام ماوەیەك بۆی دەگری و دەینێژێ و دەبرێتەوەو هێور دەبێتەوە. چونکە خەمی گەورە ئینسان دەکوژێت. خواوەندان سەبر و حەوسەلەیان بەبەشەر بەخشیوە. کەچی ئەم پیاوە، ئەخیل لەو ڕۆژەوە کە هیکتۆری مەزن و جوامێری کوشتووە، کردویەتی بەعادەت دەیخاتە دووی عەرەبانەکەی و بەدەوری گۆڕی هاوڕێ ئازیزەکەیدا، پاتروکلۆس ڕایدەکێشێت و دەیگێڕێت. بەڕاستی ئەم کارە کارێکی کرێتە و هیچ قازانجێکی ئەوی تێدانیە. چەند پیاوێکی ئازا و دلێرش بێ، بۆی نیە پشم و غەزەبی چەپەڵی بەسەر تۆپەڵە قوڕێکی بێ هەست و خوست ومردوودا بڕێژێ. با ئاگای لەخۆ بێ کە لێی نەچین بەقینا!"

(٥٥) هیرای بازوو چەرمەڵە، زۆر توڕە بوو، ڕوی تێکرد وگوتی: "ئەی خودان کەوانی زیوین، ئەم قسانە چیە کە تۆ دەیکەی، دەتەوێ خواوەندان هان بدەی کە بەیەك چاو بڕواننە هیکتۆر و ئەخیل! هیکتۆر بەشەرێکی فانییە و مەمکی ژنێکی لەزار نراوە، بەڵام ئەخیل کوڕی یەزدانخانمە یەزدانخانمێك کە بەخۆم بەخودان و پەروەردەم کردووە. بەشووم داوە. داومە بەجەنگاوەری ناودار پیلیوس، کە هەموو خواوەندان زۆریان خۆشدەوێ. هەر هەموتان بەشداری ئاهەنگی زەماوەندەکەیانتان کرد. تۆش ئەی بەد نمەك، ئەی سپڵە و پێنەزان، ئەی یار و یاوەری بەدکاران، بەخۆ و گیتارەکەتەوە هاتییە ئەوێندەر و لەگەڵ ئێمەدا کەوتیە بەزم و شایی گێڕان.

(٦٤) ئەوجا زیوس، خێوی هەوران وەڵامیدایەوە وگوتی: "ئەی هیرا بەخواوەندەکاندا هەڵمەشاخێ، کەس بەیەك چاو ناڕوانێتە ئەو دووانە .چونکە بەڕاستی یەکسان و بەرانبەر نین. هیکتۆرش لەنێو خەڵکانی تەروادەدا لە هەمووان پتر خۆشەویستی خواوەندان بوو. یا بەڵای کەمەوە لە دڵی منداا ئازیز بوو. بەهیچ جۆرێ لە پێشکەشکردنی نەزر و دیاری و قوربانیانی پەسەند و بەجێ قسوری نەدەکرد و هەرگیز میحراب و قوربانگەکەی من لە خۆراك و قوربانی کە بۆ هەمووان چون یەك بوو، لە بادە پرژێنی، لە دوکەڵ و دوو، و برژانی گۆشتی قوربانی و عیبادەتکاری، کە مافێکی ڕەوای ئێمەی خواوەندانە چۆڵ نەبووە. بەڵام دزینەوەی جەنازەکەی هیکتۆری مەزن، زەحمەتە بەبێ ئاگاداری ئەخیل ئەنجامبدرێ ،چونکە دایکی شەو و ڕۆژ ها بەلایەوەو یارمەتی دەدا. جا با یەکێك لە خواوەندەکان بڕوات و (تیتیس)م بۆ بانگ بکات، بەڵکو ئامۆژگاری دەکەم و داوای لێدەکەم کە قەناعەت بەئەخیل بێنێ سەربەها و دیاریەکانی پریام قبوڵ بکات و جەنازەکەی هیکتۆری پێ بداتەوە."

(٧٧) هەر کە قسەکەی لە زار دەرچوو، ئایریس وەکو با بۆی دەرچوو. پەیامەکەی برد و ڕۆیی. لە بەینی (ساموس و ئیمبروس)ی بەردەڵانەوە خۆی بەقوڵایی دەریای تاریك و نوتەکەدا کرد، ئاو بەشڵپ و هوڕ چواردەوری گرت. زۆر بەخێرایی بەرەو قوڵایی داکشا. لە تۆ وایە داوی قوڵابێکە، بەکەڵەشاخێکی پڕ لە قوڕقوشمەوە بەستراوە و بەرەو قوڵایی ڕادەکشێت و مەرگ بۆ ماسیانی گۆشت خۆر دەبات. بەو ئاوایە بەرەو قوڵایی داکشا، سەیری کرد تیتیس لە ئەشکەوتێکی گەورەدا دانیشتووە. پەریانی دەریایی دەوریانداوە.. تیتیس لە ناوەڕاستیاندا دانیتشووە و بۆ چارەنووسی ئەخیل، کوڕە بێ هاوتاکەی دەگری، کە لە غەریبیدا، لە دوورە

ولاتیدا، لە دەشتی بەبڕشتی تەروادەدا دەمرێت. چووە لایەوە وگوتی: "ئەی تیتیس ڕابە زیوسی زانا، دوورئەنێش، ئەمری بەوەیە کە خێرا بچی بۆلای."
(تیتیس)ی لاق چەرمەڵە گوتی: "خواوەندی مەزن منی بۆچیە، بۆ دەخوازێ بمدینێ؟ حەز ناکەم تێکەڵ بەخواوەندان ببم. خەمێکی یەجگار زۆرم لە دڵدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەچم، فەرمانی زیوس هەرچییەك بێ، لە ئەرز نادرێ.
(٩٣) یەزدانخانمی دەریا، سەرپۆشێکی ڕەش ڕەشی پۆشی. ملی ڕێگەی گرت. ئایریس کە لە ڕێکردنا بای نەدەگەیشتێ ،لە پێش ئەوەوە دەڕۆیی و ڕێنوێنی دەکرد. شەپۆلی دەریا لەبەردەمیاندا شەق دەبوون و ڕێیان بۆ دەکردنەوە. تا گەییشە کەناری دەریا. لەوێوە بەهەشتاو بەرەو ئاسمان هەڵکشان، گەییشە مەنزڵ .سەیریان کرد کوڕی کرونۆس، دوربین، دانیشتووە و هەموو خواوەندە موبارەکەکان بەدەوریەوەن. ئەتینا شوێنەکەی خۆی بۆ چۆڵ کرد، لەلای زیوسەوە دانیشت. هیراش جامێکی زێڕینی زۆر جوانی دایە دەست، کەوتە دڵدانەوەی. تیتیس شەربەتەکەی خواردەوە و جامەکەی دایەوە. ئەوجا سەروەری خواوەندان و بەشەران کەوتە قسان و گوتی:
(١٠٤) "ئەی یەزدانخانم تیتیس.. تۆ بەو هەموو خەمباریەوە بۆ ئولیمبوس هاتوویت، تۆ دڵت پڕ لە خەمێکی گەورە، من بەمە دەزانم. بەڵام ئێستا پێت دەڵێم بۆ چیم بەشوێنتا ناردووە. ئەوە نۆ ڕۆژە خواوەندەکان لەسەر جەنازەکەی هیکتۆر و ڕەفتاری ئەخیل، تالانکەر و وێرانکەری شاران، کێشەیانە. خواوەندان دەیانەوێ هیرمیسی بکوژی ئارگوس ڕاسپێرن کە جەنازەکەی هیکتۆر بدزێ. بەڵام من ڕامایە کە تۆ، هەڵبەتە ڕاگرتنی دڵی تۆ و ڕێز و حورمەتی خۆت و کوڕەکەتم بەلاوە مەبەستە، بەپەلە بچی بۆ ناو سوپاکەیان و فەرمانی من بەکوڕەکەت بگەیەنی. پێی بڵێ هەموو خواوەندان لێی تووڕەن و من لە هەموویان زیاتر لێی قەڵسم. چونکە چووە بەقینا و جەنازەکەی هیکتۆری لای کەشتییەکان هێشتووەتەوە و نایداتەوە بەخاوەنی. بڕۆ و پێی بڵێ بەڵکو لێم بترسێت و بێتە ڕەدا و جەنازەکەی هیکتۆر بداتەوە. منیش لای خۆمەوە ئایریس دەنێرم بۆلای پیریامی جوامێر و دڵ گەورە، تا فەرمانی منی پێگەیەنێ کە بچێ بۆلای کەشتی ئاخاییان و کوڕەکەی بکڕێتەوە، ئەوەندە دیاری و سەوقاتی دەگەڵ خۆدا بۆ ئەخیل ببات کە بتوانێ دڵی نەرم بکات!"
(١٢٠) زیوس ئەو قسانەی کرد. تیتیسی پێ زیوین، فەرمانی ئەوی لە ئەرزی نەدا. لە لوتکەکانی ئولیمبوسەوە داگەڕا. گەییە سەراپەردەی کوڕەکەی، سەیری کرد بەردەوام دەگری و دەنالێنێ، هاوڕێ دڵسۆزەکانی بەدەوریا دێن و دەچن. سەرگەرمی ڕازانەوەی خوانی بەیانین. بەرانێکی گەورەی تیسکنیان کوشتبووەوە. دایکە هەژیەکەی لە تەنیشتیا دانیشت. دەستی خستە سەر شانی گوتی: "کوڕی خۆم تۆ بەتەمای تاکەی بەخەم و گریان دڵی خۆت ئازار بدەی، بێ ئەوەی بیر لە خواردن و دەست لەملانی ژنان بکەیەوە؟!وا باشە خوو بدەیە دڵداری و ڕابواردن. چونکە من دەزانم و پێت دەڵێم، زۆرت لە ژیاندا نەماوە، مەرگ و چارەنووس زۆر لێتەوە نزیکن و بەدیار سەرتەوە وەستاون.. جا گوێم لێبگرە، من نوێنەری زیوسم، لای ئەوەوە هاتووم. پەیامی ئەوم

پێیە کە دەڵێت خواوەندان زۆر لێت پەستن، ئەو لە هەموویان زیاتر لێت قەڵسە، چونکە تۆ چووی بەقیناو بەتەمای جەنازەکەی هیکتۆر لێرە، لەلای ئەم کەشتیانە گل بدەیەوە ونەیدەتیەوە بەخاوەنی. جا خێراکە تەسلیمی خاوەنی بکەوەو سەربەهایەکی مۆڵی لەبری وەربگرە."

(١٣٨) ئەخیل وەڵامی دایەوە: "باوابێ، مادامێکی ئەمری زیوس وایە. هەر کێ سەربەهاکەی دێنێ، بابیهێنێ و جەنازەکە بەرێتەوە!"

(١٤١) بەو جۆرە دایك و کوڕ لەنێو ئاپۆرەی کەشتییەکاندا زۆر بەڕوونی و ڕەوانی قسانیان کرد. لە هەمان کاتدا کوڕی کورنوس، ئایریسی بۆ تەروادەی پیرۆز نارد، پێی گوت: "ئەی ئایریسی لەزگین! هەڕە بکەوەرێ، ئولیمبوس بەجێبێڵە و بەهەشتاو بچۆ بۆ تەرداوە، بۆڵای پریامی ڕەشید و جوامێر، خەبەری بدەیە کە بچێ بۆ لای کەشتی ئاخاییەکان و سەربەها بدات و جەنازەی کوڕەکەی بکڕێتەوە. بەدەست و دیاری و سەربەهایەکی ئەوتۆوە بڕوات کە دڵی ئەخیل خۆش و نەرم بکات. بڵێ هەر خۆی بەتەنێ بچێت. هیچ جەنگاوەرێکی تەروادەیی لەگەڵ خۆیدا نەبات.دەتوانێ پیرە پیاوێك لەگەڵ خۆیدا بەرێ ،عەرەبانە و ئەسپەکانی بۆ لێخوڕێ و جەنازەکەی هیکتۆر کە بەدەستی ئەخیل کوژراوە بێنێتەوە بۆ شار. بڵێ بەهیچ جۆرێ لەدڵی خۆیدا نیگەرانی مەرگ نەبێ و لە هیچ شتێك نەترسێت. چونکە ئێمە هیرمیسی بکوژی ئارگۆسی لەگەڵدا دەنێرین تا دەیگەینەنێتە نزیکی خێوەتەکەی ئەخیل. هەر کە وەژوور کەوت ئیدی نەئەخیل دەیکوژێت و نەڕێ بەکەس دی دەدات بیکوژێت. چونکە ئەخیل ئەوەندەش بێ هەست و بێ باوەڕ نیە کە فەرمانی خواوەندان لە ئەرز بدات. حیساب بۆ هەموو ڕەفتارێکی خۆی دەکات هیچ غەڵەتێك ناکات و زۆر بەڕێز و حورمەتەوە ڕێزی پاشایەك دەگرێت کە هانای بۆ بردووە."

(١٥٩) ئایریس، پەیامەکەی وەرگرت. لەجێی خۆی هەستا، وەکو با بۆی دەرچوو. ئایریس گەییە ماڵی پریام. ماڵی چی ،سەراپا شیوەن و گریان بوو. کوڕەکانی لەناو هۆڵی کۆشکەکەدا بەدەوری بابیانەوە ڕۆنیشتبوون و هەموو جلەکانیان لە فرمێسکدا تەڕ بوو بوو. پیرە باب خۆی لە عەبایەکەیەوە پێچابوو، سەر و ملی یەکپارچە قوڕ و سیان بوو کە بۆ مەرگی کوڕەکەی لەسەری نابوو. کیژ و بووکەکانی لە سەرانسەری کۆشکەکەدا بۆ ئەو هەموو جەنگاوەرە ئازایانەی کە لە دەشتی تەروادەدا بەدەستی ئارگۆسییەکان کوژرابوون، دەگریان. نوێنەری زیوس خۆی گەیاندە نزیکی پریام، بەدەنگێکی نزم و هێدی دواندی. دڵی پریام داخورپا.. ئایریس گوتی: "ئەی پریام ئەی زادەی داردانوس ،دڵت هیچ نەکا، لە هیچ مەترسە. هیچ هەواڵێکی خراپ و ناخۆشم بۆ نەهێناوی. من لەلایەن زیوسەوە نێردراوم بۆڵای تۆ. زیوس ئەگەرچی لەتۆوە دوورە، بەڵام تۆی لە بیرە و بەزەیی پێتدا دێتەوە. سەرداری ئولیمبوس ئەمرت پێدەکات کە هیکتۆری جوامێر بکڕییەوە، سەربەهایەکی مۆڵ لەبری جەنازەکەی هیکتۆر بدە. ئەوەندە دیاری و سەوقاتی بۆ ئەخیل بەرە کە خۆشحاڵ ببێ و دڵی نەرم ببێ..

(١٧٦) بەتەنێ خۆت بچۆ. هیچ جەنگاوەرێکی تەروادەیی دەگەڵ خۆ مەبە. دەتوانی پیرە میرئاخوڕ و خزمەتکارێك لەگەڵ خۆدا بەری کە عەرەبانە و ئەسپەکانت بۆ باژوێ، ئەوجا ئەو جەنازەیەی کە بەدەستی ئەخیل کوژراوە بۆ شار بەرێتەوە. نە بیر لە مردن بکەوە و نە لە هیچ

شتێك بترسە. چونکە زیوس هیرمیسی بکوژی (ئارگوس)ت لەگەڵدا دەنێرێ تا دەتگەیەنێتە نزیکی ئەخیل. هەر کە گەیشتیە ناو خێوەتەکەی، نە ئەخیل دەتکوژێت و نە ڕێ بەکەسی دی دەدات بتکوژێ. چونکە حیساب بۆ هەموو ڕەفتارێکی خۆی دەکات، نە ئەوەندە بێ ئەقڵە و نەئەوەندە کوڕت بینە و نەئەوەندە شەڕانییە کەسێك نەپارێزێ کە پەنای بۆ بردووە!"

(١٨٨) ئایریسی لەزگین هەر کە قسەکەی تەواو کرد، ڕێ و ڕێ گەڕایەوە. شاپریام ئەمری بەمنالەکانی کرد کە عەرەبانە و هێستری بەقوەت و خۆشبەزی بۆ ئامادە بکەن و تابوتێکی سورەچنار بخەنە سەر عەرەبانەکە. ئەوجا بۆ خۆی چوو بۆ گەنجینەکەی، ژوورێکی بەرزی بۆن خۆش بوو. دەروازەکەی لەداری کونار دروستکرابوو. هێندەی شتی دەگمەن و توحفە تێدا بوو لە حەساو نەدەهات. هیکۆبای خێزانی بانگکرد وگوتی: "خانم، زیوس پەیامنێرێکی ناردوە فەرمانی وایە کە بچم بۆلای کەشتی ئاخاییەکان و جەنازەی کوڕە ئازیزەکەم بکڕمەوە. ئەوەندە دیاری و سەوقاتی لەگەڵ خۆدا بەرم کە ئەخیل پێی خۆشحاڵ ببێ و دڵی نەرم بێ. نازانم تۆ چ دەڵێی؟ پڕ بەدڵ تاسەمەندم کە بچم بۆ ئەوێندەر، بۆلای کەشتییەکان، بۆ ئۆردوگای پان و بەرینی ئاخاییەکان."

(٢٠٠) ئەو قسانەی کرد. هاوارێکی کرد، گوتی: "ئەیەڕۆ!.. واوەیلا بەحاڵم! خۆ تۆ لە دێرزەمانەوە، لەنێو ئاشناو بێگانەدا بە بەردەبار و داناو دووربین ناسراوی، ئەقڵت کێوە چووە؟ چۆن دەتەوێ بەتەنێ بچی بۆ ئۆردوگای ئاخاییان و ڕووبەڕوو ئەو کابرایە بدینی کە ژمارەیەکی زۆری لە کوڕە قارەمانەکانت کوشتوە؟ بەڕاستی دڵت لە پۆڵایە ،چونکە ئەگەر ڕێت بکەوێتە ئاقاری ئەو، بەچاوانی خۆی بتبینێ، نەڕوحمت پێدەکات و نە ڕێز و حورمەتت دەگرێ. جا وەرە بائێستا لێرە، لە کۆشکەکەی خۆماندا، دوور لە هیکتۆر، بەکوڵ وبەدڵ بۆی بگرین. هەر لەو ڕۆژەوە کە لە دایك بوو ،لە داوێنی من کەوتە خوارەوە، چارەنووس تەقدیری وابوو کە لە غەریبیدا، دوور لە داك و بابی، لە ماڵی ئەو کابرا ستەمکارەدا ببێ بەخۆراکی کسۆکان. ئەو کابرا سامناکەی کە تەمەنا دەکەم دەستم بیگاتێ، جەرگ و هەناوی دەربێنم و بیخۆم، مەگەر تەنیا بەمە تۆڵەی ئەو غەدرە بکەمەوە کە لە کوڕەکەم کراوە.. کوڕەکەم بە ترسنۆکی نەمرد. بەڵکو مەرد و مەردانە بەرانبەری لێگرت. بەرگری لە پیاوان و ژنانی سینگ و بەرۆك پانی تەروادە کرد. بێ ئەوەی بیر لە خۆ شاردنەوە یا هەڵاتن بکاتەوە."

(٢١٧) پریامی پیر کە لە خواوەند دەچوو لە وەڵامیدا گوتی: "ژێوانم مەکەوە. دڵم پێم دەڵێ کە بڕۆم .لێم مەبە بەتەیری شومی ماڵەکەم، دەست مەیەنە ڕێم، هەر دەچم. ئەگەر بەشەرێك بەشەرێکی فانی یان کاهین و تەرکە دنیایەك لە پێناوی نەزر و قوربانیەکدا ئەم پێشنیازەیان بۆ بکردمایە هەقی خۆمان بوو بەداو و درۆی بزانین و بەهەندی نەگرین. بەڵام من بەگوێی خۆم گوێم لە یەزدانخانم بوو. بەچاوی خۆم ڕووبەڕوو بینیم.. هەر ئێستا دەکەومە ڕێ. هیچ ناچار نیە درۆم لەگەڵدا بکات. خۆ ئەگەر چارەنووس وای لە قەڵەمدابێ لەلای کەشتی ئاخاییەکان، ئاخاییانی جەنگاوەر بمرم، دەبا بمرم، بائەخیل بێ منەت بێ و بمکوژێت، بەمەرجێ بەر لە مردن کوڕەکەم لە هەمێز بگرم و بەکامی دڵ بەسەریا بگریم."

(٢٢٨) دوای ئەو قسانە سەری سەندوقە گەورەکانی هەڵدایەوە. دوانزە جبەی زۆر جوان، دوانزە بالاپۆشی یەک بەرۆک، پایەخێکی زۆر، دوانزە سەرجێ و لێفە ،دەرزەنێک جبەی سپی، دەرزەنێک کراس، پاڵتۆ ،هەموو ئەمانەی لە سەندوقەکان دەرهێنا. ئەوجا دە تالان (تالان، پێوانەیەکی باوبووە لە یۆنانی کۆندا، بەرانبەر بەنزیکەی شازدە کیلۆگرامە) زێڕی کێشا، دوو سێپای دەرەخشان، چوار مەنجەڵ و جامێکی یەجگار جوان، کاتی خۆی کە بەوەفد چوو بوو بۆ تراکیە، پیاوانی تراکیایی پێشکەشیان کردبوو، بەڕاستی توحفەیەکی یەجگار بەنرخ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پیرەمێرد نەیویست لە کۆشکەکەیدا بیهێڵێتەوە و نەیبات، چونکە یەجگار پەرۆشی کڕینەوەی کوڕە ئازیزەکەی بوو. پریام هەموو ئەمانەی ئامادەکرد، ئەوجا هەموو تەروادەییەکانی لە دالآنەکە وەدەرنا و زۆر بەتوڕەیی سەرکۆنەی کردن گوتی: "نازانم ئێوەی شملّی شەڕ چ دەکەن لێرە، بەڕاستی مایەی سەرشۆڕی و شەرمەزارین. ئێوە لە کاولی خۆتان هیچ خەمێکتان نیە، وا هاتوونە ئێرە و من پەست دەکەن؟. ئەوە بەس نیە کە کوڕی کورنوس ئەم کۆستەگرانەی داوە بەسەرما و ئازیزترین کوڕم ،مەردی مەردانەکەمی لێ ئەستاندمەوە؟ دەبینن کە مردنی ئەو چۆن کار لە ئێوەش دەکات. ئیدی ئاخاییەکان دەتوانن زۆر بەئاسانی پەلامارتان بدەن و بتانکوژن. بەڵام سەبارەت بەمن، من پڕ بەدڵ حەز دەکەم بەرلەوەی بەچاوی خۆم شارەکەم بەتاڵانکراوی و وێرانی بدینم، بمرم و بچمە هادیس!"

(٢٤٧) دوای ئەو قسانە بەگۆچانی فەرمانڕەواییەکەی، بەسەوڵەجانەکەی هەموو پیاوەکانی وەدەرنا، بەپەلە ڕۆیشتن. ئەوجا کەوتە گازکردنی کوڕەکانی: هیلینوس، پاریس، ئاگاتونی جوامێر، پامون، ئەنتیفونوس، پولیتیسی نەعرەتەکێشی مەیدانی شەڕ، دایفوبوس، هیپوتوس، و دیوسی شکۆدار.. بەدەنگی بەرز ئەو نۆ کوڕەی گاز کرد و ئەمری پێکردن کە: "وەرن ئەی کوڕانی زەبون و خوێڕیلەم.. وەرن ئەی مایەی شەرمەزاری..

(٢٥٤) سەد بریا هەر هەمووتان لەلای کەشتی ئاخاییەکان لە جیاتی هیکتۆر دەکوژران! چ پیاوێکی نەگبەتم من. لەم تەروادە پان و بەرینەدا ئازاترین کوڕم خستەوە و پەروەردە کرد. لێ بەداخەوە دوایان بڕایەوە و هیچیانم بۆ نەمایەوە!.. نەمیستوری خواوەندئاسا، نەترویلوسی جەنگاوەری گالیسکەڕان و نەهیکتۆر کە لە نێو بەشەراندا بەخواوەندیان دەژمارد، لەوە نەدەچوو کوڕی بەشەرێکی فانی بێ، پێدەچوو زادەی خواوەندێک بێ. هەموو ئەوانە ئیریس کوشتنی و لەنێوی بردن. ئەم گەجەر و گوجارانەی بۆ هێشتوومەتەوە کە مایەی شەرمەزارین و هەموو خوێڕێتییەکیان لێدەوەشێتەوە. ئەی دز و درۆزنان، قارەمانانی بەزم و سوڕ و چەقەنە. دزانی بەرخۆلە و کارژۆلانی هاوشارییانی خۆ، بۆ ناجولێن. خێرا ئەو عەرەبانە و هێسترانەم بۆ ئامادە بکەن. هەموو ئەو شتانەی لێ بار بکەن تا لەگەڵ خۆمدا بیبەم و بڕۆم!"

(٢٦٥) کوڕەکان کە گوێیان لە بۆڵە بۆڵی بابیان بوو ترسان. خێرا عەرەبانەی هێسترانیان هێنایەدەر. عەرەبانەیەکی جوان و تازە و نفت و نوێ بوو. تابوتەکەیان لێ قایم کرد. نیرەی هێسترەکانیان کە بەسنگێکەوە هەڵواسرا بوو داگرت. ئەم نیرە لە دار شمشاد دروستکرابوو. چەمەرە و ئەڵقەی تایبەتی پێوە بوو بۆ ئاراستە کردن و هاژوتنی هێسترەکان. ئەوجا

مژانەکەیان، کە نۆ گەز درێژ بوو، لە نیرەکە قایمکرد. بەهەرحاڵ جوان و پوختە عەرەبانە و هێستریان بەست و تەواویان کرد. ئەوجا چوونە ژوورەوە، دیاری و سەربەها مۆڵەکانیان هێناو لەناو عەرەبانەکەیان دانا. هێسترەکان هێستری باری بوون، کاتی خۆی میسیانیەکان وەکو دیاریەکی گەورە بەپریامیان پێشکەش کردبوو. ئەوجا ئەسپە تایبەتییەکانی پریامیان، کە پریام لە تەویلەکەی خۆیدا بەتایبەتی بۆ خۆی بەخودانی کردبوون، هێنا و لە گالیسکە تایبەتیەکەیان بەست.

(٢٨١) بەو جۆرە هەردوکیان، پریام و میرئاخورەکەی لەناو کۆشکە بڵندەکەدا، عەرەبانەکانیان ئامادە دەکرد، هەردوکیان لە بیر و ئەندێشەدا بوون.. لەوکاتەدا هیکوبا بەدڵی پڕ لە خەم و کەسەرەوە ،بەرەولای ئەوان هات. جامێکی زێڕینی پڕ لە بادەی بەدەستی ڕاست هەڵگرتبوو، هیکوبا دەیویست بەرلەوەی بکەونە ڕێ بەناوی نەزر و قوربانیەوە ئەرزەکە بادەپرژێن بکەن. لەبەردەم ئەسپەکاندا وەستاو ڕوبکردە پریام و گوتی: "پریام، هانێ ئەم جامە بگرە، بەناوی باوکە زیوسەوە بەسەر ئەرزەکەیدا بپرژێنە، لێی بپاڕێوە کە بەسەلامەتی لای دژمنەکانتەوە بۆ ماڵ بگەڕێیەوە، مادامێکی سوری لەسەر ئەوەی کە بڕۆیت. هەرچەندە من لەگەڵ ئەم سەفەرەتدا نیم. ئەوجا لە کوڕی کرونوس ،خودانی هەوران کە لەو سەرەوە، لە لوتکەی ئیدای مەڵبەندی خۆیەوە سەرانسەری خاکی تەروادە لەژێر پێی خۆیدا دەبینێ،

(٢٩٢) بپاڕێوە ،داوای لێ بکە، پەیاماوەرێکی تیژ باڵ بەلای ڕاستتا بنێرێ، تەیری بەشارەتت بۆ بنێرێ کە لەلای ئەو ئازیزترین تەیرە و تەیرێکە کە بە بەهێزترین باڵندە دەژمێردرێ، تا تۆ بتوانی بەدیتنی ئەم تەیرە و ناسینەوەی، دڵنیابیت لەژیانی خۆت و بەئاسودەیی بەرەو لەنگەرگەی کەشتی داناییان خودان ئەسپێن ڕەهوان و خۆشبەز بڕۆی. بەڵام ئەگەر زیوس، کە چاوی هەمووان دەبینێ، تەیری بەشارەتی بەنوێنەرایەتی خۆی نەنارد، چەندیش دڵت بەو چوونەوە بێ، من هەرگیز هانت نادەم کە بچی بۆ ئەوێندەر."

(٢٩٩) پریام، ئەو خواوەند ئاسایە وەڵامیدایەوە و گوتی: "ژنەکە من ئەم تەگبیرەی تۆم پێ باشە، بەگوێت دەکەم. جێی خۆیەتی دەستە و دوعا لە زیوس بپاڕێینەوە، چونکە نوێژ و نزا دڵی نەرم دەکات، میهر و بەزەیی دەخاتە دڵ." پیرەمێرد دوای ئەو قسانە داوای لە کارەکەرەکەی ماڵەوە کرد کە ئاوی پاك بێنێ و بیکا بەدەستیا. کارەکەرەکە، خێرا دەس شۆرێك و مەسینەیەك ئاوی هێنا. پریام دەستەکانی شت. جامە بادەکەی لە دەستی ژنەکەی وەرگرت. لە هۆڵەکەدا بەپێوە وەستا، بەدەم نوێژ و نزا و پاڕانەوەوە نواڕیە ئاسمان و بادەکەی بەسەر عاردیدا پرژاند. بەدەنگی بەرز گوتی: "ئەی بابە زیوس، ئەی ئەوکەسەی لە تڕۆپکی ئیداوە ئاگاداریمان دەکەی، ئەی مەزنی مەزنان، ئەی خاوەن دەسەڵات و توانا، کارێکی وەها بکە لەسایەی ڕەحمەتی تۆدا بەسەلامەتی بگەمە خێوەتەکەی ئەخیل و ڕێز و حورمەتم بگرێ. خوادایە تەیری بەشارەت بنێرە، با لای ڕاستمەوە دەربکەوێ، ئەو تەیرەی کە لای تۆ بەهێزترین و ئازیزترین تەیرە. بینێرە با لەلای ڕاستمەوە دەربکەوێ، تا بەچاوانی خۆم ببینم و باوەڕ بێنم کە بەسەلامەتی دەگەمە لای کەشتی دانایانی خودان ئەسپێن ڕەهوان و خۆشبەز."

(٣١٤) بەو جۆرە پارایەوە، زیوسی بردەبار ودانا گوێی لێ بوو ،دوعاکەی گیراکرد. دەستبەجێ هەڵۆیەکی نارد کە تیژبااڵ ترین باڵندەی پاوچیە. بەشەران هەڵۆی پەشی پێدەڵێن، هەردوو باڵی کردنەوە، لەتۆ وایە دەروازەیەی کراوەی کۆشکێکی بەرزە، کۆشکی پیاوێکی دەوڵەمەند.. پانی باڵەکانی پیرە هەڵۆ بەئەندازەی ئەو دەروازەیە دەبوو. هەڵۆ لەلای پاستی شارەوە بەحەواوەوە دەرکەوت، باڵەکانی بەملاو بەولادا کردبووەوە. وەختێ بینیان دڵیان پڕبوو لە خۆشی و ئاسودەیی. پریامی پیر بەپەلە سواری عەرەبانەکەی بوو تا لە دااڵن و پاڕەوە پڕ دەنگەدەنگەکەی بەرێتە دەرێ و بکەوێتە پێ و بڕوات. ئەو گالیسکە چوار تەگەرییەی کە جووتێ هێستری خرابووە ژێر و ئیدایوسی زانا لێی دەخوڕی لەپێش ئەوەوە دەرچوو. لەدوای ئەوەوە ئەسپەکانی پریام دەهاتن، کە پیرەمێر بەخۆ و قامچیەوە بەپەلە بەنێو شارا تاوی دەدان.

(٣٢٧) هەموو دەستە وبەستە وکەسوکارەکەی بەگریانەوە دوای کەوتبوون. دەتگوت بۆ کەسێك دەگرین کە بەرەو مەرگ دەچێ. کاتێ پریام و خزمەتکارەکەی لە شار وەدەرکەوتن و گەییشتە دەشتەکە، کوڕ و زاواکانی پریام کە بەڕێیان کردبوو، بۆ تەروادە گەڕانەوە.

(٣٣١) بەاڵم پریام و میرئاخوڕەکەی، ئیدایوس وەختێ گەییشتە دەشتی تەروادە، زیوسی دووربین و ئاگادار لە هەموو شتان بینینی، بەزەیی بەپریامی پیردا هاتەوە، ڕوبکردە کوڕە خۆشەویستەکەی، هیرمیس و گوتی: "ئەی هیرمیس، چونکە تۆ لە هەمووان زیاتر ڕێنوێنی و هاوڕێیەتی بەشەرانت پێ خۆشە، گوێ لە داواکانیان دەگریت، هەڕە پریام بەرە بۆاڵی کەشتی ئاخاییەکان، مەیەڵە هیچ داناییەك بیدینێ یان هەستی پێبکات، تا دەگاتە الی کوڕەکەی پیلیوس!"

(٣٣٩) زیوس، ئەو قسانەی کرد، هیرمیسی ڕابەر و پەیاماوەر، ڕوح سوك، فەرمانی وی لە ئەرزنەدا. دەستبەجێ سەندەڵە جوانەکانی، سەندەڵە زێڕینە خواییەکانی لەپێ کرد، کە دەیتوانی بەهۆیانەوە بەسەر دەشت و دەر، ڕوبار و دەریایاندا وەکو با بفڕێ و بڕوات. گۆجانە ئەفسوناویەکەی هەڵگرت، کە دەیتوانی بەهۆیەوە هەر کەسێکی بوێ بیخەوێنێ، یان لە خەوی هەستێنێ، ئیدی بەگوێرەی پێویستی و ویستی خۆی.

بەو جۆرە هیرمیسی گۆچان بەدەست، وەکو با بۆی دەرچوو و لە چاو تروکانێکا گەییە تەروادە و هیلیسبونت. دیمەنی لە میرزادەیەکی زۆر گەنج و جوان دەچوو کە تازە خەتی دابێ.

(٣٤٩) کاتێ پریام و میرئاخوڕەکەی لە قسنەکەی ئیلیوسی مەزن ڕەت بوون، هێستر و ئەسپەکانیان ڕاگرت تا لە ڕوبارەکە ئاویان بدەن. تاریکی شەو باڵی بەسەر دەشت و دەردا دەکێشا. ئیدایوسی میرئاخوڕ چاوێکی بەچواردەورا گێڕا، هەستی بەهیرمیس کرد کە زۆر لێیانەوە نزیك بوو. بەپریامی گوت: "ئەی کوڕی داردانوس وریابە، ئەمە ئەو ساتەیە کە پێویستی بەبیری وردە. پیاوێك دەبینم بەرەو ئێرە دێت. پێمواید هاکا بمانگاتێ و پارچە پارچەمان بکات. جا وەرە یا بەعەرەبانەکانمانەوە هەڵێین، یا بەسەر دەست و پێیدا بکەوین و لێی بپارێینەوە کە ڕوحممان پێدا بکات!"

(٣٥٧) وەختێ پیرەمێرد گوێی لەو قسانە بوو دڵی داخورپا. هزر و بیری ئاڵۆزکا. ترسێکی گەورەی لێنیشت. لە شوێنی خۆی مات و حەیران ما، ووی لێ نەدەبزووت. بەڵام ئەو فریارەسە لەخۆیەوە هاتە بەرەوە، دەستی پێرەمێری گرت و لێی پرسی: "بابۆ، بەم شەوە تاریك و نوتەکە لە کاتێکا خەڵکی لە غوڕابی خەودان، تۆ بەم هێستر و ئەسپانەوە کێوە دەچێت؟"

(٣٦٤) ئایا لە ئاخاییانی شەڕقانانی سەرسەخت و خوێن ڕێژ و ئاشقە شەڕ ناترسیت، ئەو دژمنانەی کە بەخوێنی تۆ تینون و لەم دەوروبەرەوە نزیکن؟ ئەگەر یەکێکیان بەم هەموو گەنجینە پڕ بەهایەوە لەم تاریکە شەوەدا بتبینێ چیت لێدەکات، حاڵت چ دەبێ؟ بەتایبەتی تۆ گەنجێك نیت، هاوڕێکەشت پیرە و ناتونێ بەرگریت لێ بکات و لە چەپاڵەی دژمنت بپارێزێ. بەڵام تۆ دڵ مەدە، من نەك هەر ئازارت نادەم، بەڵکو دەبمە ڕێنوێنت و لەهەر دژمنێکت دەپارێزم. چونکە تۆ لە بابم دەچیت."

(٣٧٢) هەنگێ پریامی پیر، ئەو خواوەند ئاسایە وەڵامی دایەوە و گوتی: "قسەی تۆیە ئەی کوڕی ئازیزم. ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە. وادیارە خواوەندێك لە خەمی منداید کە ڕێنوێنێکی وەکو تۆی ناردوە تا هاوڕێیەتیم بکەی. ڕێنوێنێکی جوان خاس، دەم و لەبز شیرین.. ڕوح سووك و ئەقڵ پڕ و میهرەبان دڵ، کە دەبێ لە داك و بابێکی نەجیب و ڕەسەن بیت."

(٣٧٨) ئەوجا هیرمیس، ڕابەر و پەیاماوەر، وەڵامی دایەوە وگوتی: "ئەزبەنی تۆ ڕاست دەکەی، هەرچیەکت گوت دروستە .بەڵام تۆ ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ ئایا تۆ ئەم هەموو گەنجینە جوان و پڕ بەهایانە دەبەی بۆ خەڵکانێکی بێگانە تا بۆتی هەڵگرن و بپارێزن. یان بەناچاری و لە ترسا تەرواەی موبارەك بەجێدێڵی، دوای ئەوەی قارەمانی هەرە گەورە و جوامێر، سەرتۆپی هەمووان، کوڕەکەت کوژرا، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستبەرداری شەڕی ئاخاییان نەبوو و سەری لەبەر دانەنەواندن؟"

(٣٨٦) ئەوسا پریامی پیر، خواوەند ئاسا وەڵامی دایەوە وگوتی: "ئەی جوامێر تۆ کێی، داك و بابت کێن، کە بەو دڵسۆزی و سەنگینییە باسی چارەنووسی کوڕەکەی من دەکەی؟

(٣٨٩) هەنگێ هیرمیس، ڕابەر و پاسەوان، وەڵامی دایەوە: "ئەزبەنی وادیارە دەتەوێ پرسیاری هیکتۆری مەزن لە من بکەی و تاقیم بکەیەوە. زۆرجار بەچاوانی خۆم لەشەڕی ئاخاییاندا دیتومە کە چۆن بەرەو کەشتییەکانیان ڕاوی ناون و بەڕم و شیران تێییان کەوتووە. ئێمە بەسەرسامی لەوێندەر دەوەستاین و سەیرمان لە ئەخیل دەما کە چۆن فەرمانی شەڕمان ناداتێ، لە کوڕی ئوتریوس غەزری بوو. ڕێگەی نەدەداین بچینە شەڕەوە. من هاوڕێ و خزمەتکاری ئەوم هەردووکمان بەیەك کەشتی بۆ ئێرە هاتووین. من بابایەکی (مورمیدونی)م کوڕی (بولوکتور)م پیاوێکی زەنگینە، پیرە پیاوێکە لە تەمەنی تۆدا. شەش کوڕی هەیە. من حەوتەمیانم، کە قورعەمان کێشا بۆ ئێرە بێین، بەر من کەوت. ئەوە بوو بەگەڵ ئەخیل کەوتم .جا من ئێستا لەلای کەشتییەکانەوە هاتووم بۆ ئەم دەشتە، چونکە ئاخاییەکان لێبڕوان لەگەڵ بەرەبەیاندا لە دەوروبەری شاردا شەڕ هەڵگیرسێنن. لە دانیشتن بێتاقەت بوون. سەریان لە شەڕ دەخورێ. سەرانی ئاخایی ناتوانن ڕێگەی شەڕیان لێبگرن!"

(٤٠٥) پریامی پیری خواوەند ئاسا، هەڵیدایێ وگوتی: "ئەگەر بەراستی هاوڕێ و خزمەتکاری ئەخیلی، ڕاستیم پێ بڵێ کە ئاخۆ کوڕەکەم هێشتا لەلای کەشتییەکانە یان ئەخیل پارچە پارچەی کردووەو فڕێی داوەتە بەر کسۆکان؟"

(٤١٠) هیرمیس، ڕابەر و پەیاماوەری درەخشان وەڵامی دایەوە: "نەخێر، هێشتا، نە کسۆکان و نە سیسارکە کەچەڵان نەیانخواردوە، هێشتا لەوێندەر لەنێوان کەشتیەکاندایە، بەدەقی خۆیەوە ماوە. ئەمڕۆ دوانزە ڕۆژە لەوێیە، کەچی جەنازەکەی نە تێکچووە، نە بۆگەنی کردووە و نە کرم تێیداوە کەچی کرم داویەتە جەنازەی جەنگاوەرەکانی دی. ڕاستە ئەخیل هەموو ڕۆژێ بەدەوری گۆڕی هاوڕێکەیدا ڕایدەکشێت و دەیگێڕێت. بەڵام وێڕای ئەوەش بەدەنی نەشێواوە. کاتێ دێی و بەچاوی خۆت دەیبینی، سەرت سوڕدەمێنێ کە چۆن بەو تەڕی و تازەییە ماوە. پەڵە خوێنێکی پێوەنیە، پاك و خاوێن، هەموو زامەکانی ساڕێژ بووەتەوە، ئەگەرچی بەنوکی ڕمان کون کراوە. دیارە خواوەندانی موبارەك و پیرۆز کوڕە دلاوەرەکەی تۆ ،هەرچەند جەنازەیەکی مردووە، تیمار دەکەن و دەیپارێزن. چونکە بەهەموو حاڵ و حیسابێك لە دڵیاندا ئازیز بوو!"

(٤٢٤) پیرە پریام کە بەمەیزانی دڵی خۆش بوو، گوتی: "کوڕی خۆم پێشکەشکردنی نەزر و قوربانیانی پێویست بەخواوەندان کارێکی جوان و چاکە. کوڕەکەی من لە مااڵی خۆماندا بەدرێژایی تەمەنی خۆی، هەرگیز خواوەندانی نیشتەجێی ئولیمبوسی لەیاد نەدەکرد. هەر بۆیە تەنانەت لە مردنەکەشیدا کە قەدەر لە چارەی نوسیوە، پاداشتی دەدەنەوە و دەیپارێزن! کەواتە پیاوی چابە ئەم جامە جوانەم بەدیاریی لێ وەرگرە، بەپشت و پەنای خواوەندان بم پارێزە و ڕێنوێنیم بکە تا دەگەمە خێوەتەکەی کوڕی پیلیوس."

(٤٣٢) هیرمیس وەڵامی دایەوە: "قوربان، تۆی پیری دنیادیدە دەزانی من هێشتا منداڵم، بۆیە دەتەوێ تاقیم بکەیەوە، کە دەتەوێ بەبێ ئاگاداری ئەخیل بەرتیل و دیاری لەتۆ وەربگرم. ئەمە مەحاڵە، ناتوانی ئەم کارەم پێ بکەی! چونکە من هەم دەترسم و هەم شەرم دەکەم ناپاکی و فێڵی لێبکەم، و بەکاری وا بێ ئەدەبانە خۆم عەیبدار بکەم .بەڵام تاوەکو (ئارگوس)ش لەگەڵتا دێم. لە ڕوبار و دەریایان دابێ، یان لە دەشت و دەران، دڵسۆزانە لە خزمەتتدا دەبم و تا منت لەگەڵدا بم، کەس حەدی نیە پەلامارت بدات."

(٤٤٠) هیرمیسی فریارەس، دوای ئەو قسانە خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە و لە پشت ئەسپەکانەوە دانیشت، قامچی و جڵەوەکانی گرتە دەست، گوڕ و تاوێکی تازەی وەبەر ئەسپەکان خست. کاتێ گەیینە خەنەك و دیواری بەردەم کەشتییەکانن پاسەوانەکان مژوڵی ئامادەکردنی شیوبوون. هیرمیس خێرا خەوی لە هەموویان خست. ئەوجا دەروازەکانی کردەوە. پشتکۆڵی دەروازەکەی نایەلاوە، پریام و گەنج و دیارییەکانی کە بەسەر گالیسکەیەکی چوار تەگەرییەوە بوو، وەژوور خست. بەو جۆرە گەیینە بارەگای کوڕی پیلیوس. بارەگایەکی بەرز بوو کە (مورمیدون)ەکان لە قەد و لق و پۆی دارکاژ بۆ خودان و سەروەری خۆیان، ئەخیل دروستیان کردبوو، هەژگ و بژاڵ و چرپی و چاڵیان لە دەشت و مێرگان دوری بووەوە و هێنابوویان

سەرەکەیان پێگرتبوو. بەچواردەوری بارەگاکەدا حەوشێکی گەورەیان دروست کردبوو. کۆڵەکەی گەورە گەورەیان لە نزیکی یەکترەوە لە عاردی چەقاندبوو. تەیمانێکیان دروست کردبوو، زۆر مکوم و قایم. دەرگایەکی هەبوو بەپشتکۆڵێکی زۆر قەبەی دارکاژ قایم دەکرا. دەرگاکە سێ زەلامی ئاخایی دەویست تا بیکەنەوە. سیانیشی دەویست کە پیشتکۆڵەکەی ڕاکێشن. بەڵام ئەخیل بەتاقی تەنێ دایدەخست و دەیکردەوە.. (هیرمیس)ی فریارەس دەرگاکەی بۆ پیرەپریام کردەوە، دەست و دیاری و گەنجەکانیشی لەگەڵدا وەژوور خست، ئەوجا خۆی هەڵدایە سەر عاردی وگوتی: "ئەزبەنی من خواوەندم.. من (هیرمیس)م، بابم ناردمی تا لە ڕێگە ڕێنوێنت بم. بەڵام ئێستا من دەگەڕێمەوە، تا ئەخیل نەمبینێ، چونکە نابێ خواوەندێکی نەمر، بەو ئاشکراییە دۆستایەتی بەشەرانی فانی بکات. بەڵام تۆ وەژوورکەوە، خۆت بخە سەر دەست و پێی ئەخیل، بەناوی دایك و بابیەوە، بەناوی دایکە جوانەکەیەوە، بەناوی کوڕەکەیەوە لێی بپاڕێوە تا سۆزی بجوڵێ و دڵی نەرم ببێ."

(٤٦٨) هیرمیس، دوای ئەو قسانە بەرەو ئولیمبوسی سەربەرز وەڕێکەوت. پریام لە عەرەبانەکەی خۆی هەڵدایە خوارێ. ئیدایوسی لەلای ئەسپ و هێسترەکان بەجێهێشت. ڕێك بەرەو ئەو ژوورە چوو کە نیشتمانی ئەخیلی حەبیبی خواوەندان بوو. ئەخیلی لە ژوورەکەی خۆیدا بینی کە پیاوەکانی دوورا و دوور بەدەوریا دانیشتبوون، تەنیا دووانیان نەبێ، ئوتومیدونی قارەمان و ئەلکیموسی زادەی ئاریس کە لە نزیکەوە سەرگەرمی خزمەتکردنی بوون. تازە لەنان خواردن بوو بووەوە و لەسەر سفرە وخوان هەستا بوو.

(٤٧٥) خوانەکە هێشتا کۆنە کرابووەوە. پریام بێ ئەوەی کەس بیبینێ وەژوور کەوت. هەر کە لە ئەخیل نزیکبووەوە، باوەشی بەهەردوو ئەژنۆیدا کرد، دەستە دزێوەکانی، دەستەخوێن ڕێژ و کوشتۆخەکانی کە ژمارەیەك لە کوڕەکانی ئەوی پێ کوشتبوون ماچ کرد.

(٤٨٠) وەکو چۆن پیاوێك زاڵمانە و بەنەهەق لە وڵاتی خۆیدا کەسێك دەکوژێت، ئەوجا هەڵدێ بۆ وڵاتێکی بێگانە و پەنا وەبەر کەسێکی دەوڵەمەند دەبات و ئەوانەی دەیبینن واقیان وڕدەمێنێ و دەحەپەسێن، (ئەخیل)ش بەهەمان شێوە کە چاوی بە پیرە پریامی خواوەند ئاسا کەوت، بەجارێ ئەبڵەق بوو. دەستەو بەستەکەشی دووچاری سەرسامی بوون و بەواقی وڕەوە دەیانڕوانیە یەکتر. ئەوسا پیرە پریام بەدەم گریانەوە کەوتە تکا و ڕجا لە ئەخیل و گوتی: "ئەخیل، ئەی ئەو کەسەی لە خواوەندان دەچیت، بابی خۆت وەبیربێنەوە، بیکە بەخاتری بابت، ئەو بابەی کە لە تەمەنی منداید و پیری بەر دەرکەی پێگرتووە، ڕەنگە دەوروبەرەکەی خراپەی دەگەڵ بکەن و کەس نەبێ لەسەری بکاتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبیستێ تۆ هێشتا لە ژیاندای، بەو ئومێدە دەژی و دەژێتەوە کە کوڕە ئازیزەکەی لە تەروادەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوەو دەیبینێ. هەر نەبێ ئەو بەو هیوایە دەژی. بەڵام من، منی نەحس ،منی ناموبارەك، ئازاترین کوڕانی خاکی تەروادەم، تەروادەی بەبڕشت و پان و بەرین خستەوە، بەڵام شتاقیانم بۆ نەمایەوە. کاتێ ئاخاییەکان بۆ ئێرە هاتن پەنجا دانە کوڕم هەبوون. نۆزدەیان هی یەك دایك بوون. ئەوانی دی لە کارەکەر و قەرەواشەکانی ناو کۆشك و ماڵەکەم بوون. ئەریسی دڵڕەق لاقی زۆربەیانی کێشایەوە، جگە لە

هیکتۆر کە تەنیا باڵ هەر بەخۆی پاسداری شار و پارێزگاری خەڵکەکەی دەکرد، کەسم بۆ نەمایەوە. ئەویش لە گەرمەی بەرگریدا، بەرگری لە وڵاتەکەی، تۆ کوشتت. جا ئێستا لە پێناوی ئەودا هاتووم بۆ ئێرە. هاتووم جەنازەکەیت لێ بکڕمەوە، سەربەها و دیارییەکی زۆرم لەگەڵ خۆدا بۆ هێناوی. جا ئەخیل، سەرێ هەڵبڕە و خواوەندان بەهەق بناسە، بیر لە بابی خۆت بکەوە، بەزەییت بەمندا بێتەوە ،ئەوەی بەسەر من هاتووە، بەسەر هیچ کەسێکی ئەم سەرزەمینەدا نەهاتووە. من توانیمە کارێ بکەم کە هێشتا هیچ بنیادەمێك نەیکردووە. من دەستی بکوژی کوڕەکەم ماچ دەکەم!

(٥٠٧) پیرە پریام بەو جۆرە پاڕایەوە، ئەخیل بابی بیرکەوتەوە و دڵی پڕبوو لە گریان. دەستی پیرە پریامی گرت و زۆر بەنەرمی و ئارامی لە خۆی دوورخستەوە. ئەوجا هەردووکیان لە کانگای دڵەوە بەکوڵ گریان. پریام کە بەسەر دەست و پێی ئەخیلدا کەوتبوو ،بۆ هیکتۆری جوامێر و شەڕقان دەگریا ،(ئەخیل)ش جارێ بۆ بابی و جارێ بۆ پاتروکلۆسی هاوڕێی دەگریا ئەمما گریان. هۆڕژنی گریانیان سەرانسەری بارەگا و سەراکەی پڕکرد. دوای ئەوەی ئەخیل تێرگریا، کوڵی دڵی دامرکایەوە و هێز وەبەر چوارپەڵی هاتەوە، لە جێگەکەی خۆی هەستا

(٥١٣) دەستی کابرای پیرەمێری گرت. زۆری بەزەیی بەپۆڕ وڕدێنێ چەرموویدا هاتەوە. ئەوجا سەری قسەی دامەزراند و گوتی: "ئاە! ئەی داماوی کڵۆڵ، بەڕاستی دەرد و ئازارێکی زۆرت بەسەر هاتووە .باشە چۆنت وێراوە بەتاقی تەنێ بۆلای کەشتی ئاخاییەکان بێی و خۆت پیشانی من، بکوژی کوڕەکانت بدەی؟ بەڕاستی تۆ دڵت لە ئاسنە! فەرموو لەم جێگەیەی من ڕۆنیشە، ئەگەرچی دەردی دڵمان گرانە، بەڵام دەبێ لەناخی خۆدا بینێژین، گریان هیچی لێ شین نابێ. ئیدی ئەمە چارەنووسێکە و خواوەندان بۆ بەشەرانی فانیان تەنیوە، چار نیە دەبێ بەدەرد و ئازارەوە بژین، کەچی بەخۆیان (خواوەندان) دوورن لەهەر خەم و نیگەرانیەك!.. بێفایدەیە.. لە بارەگا و سەرای زیوسدا دوو گۆزەی پڕ هەن، یەکێکیان پڕە لە خەم و پەژارە و ئەویتریان پڕە لە شادی و کامەرانی، زیوس ئەم گۆزانە دابەش دەکات، جا بەشی هەر کەسێك ئەگەر تێکەڵەیەك بێ لە ناواخنی هەردووك گۆزەکە، جارێ تووشی خەم و پەژارە دەبێت، جارێ تووشی شادی و کامەرانی.بەڵام ئەو کەسەی کە زیوس تەنیا ڕەنج و پەژارەی دەداتێ، ئەوا لەلایەن تیرەی بەشەرەوە دەبێزرێ، ئیدی عەزرەتی نانێکی ئیسراحەت دەبێ. بێتاقەت و سەرگەردان و ئاوارە وەکو سەگی پێ سوتاو بەم دنیایەدا دەسوڕێتەوە، نەخواوەندان ڕێزی دەگرن و نەبەشەران قەدری دەزانن! ئیدی ئینسان هەرچیەك بێ ئیسراحەتی نیە، بۆ نمونە خواوەندان هەمیشە و لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە (پیلیوس)یان بەسەر کردۆتەوە، مووڵك و ماڵێکی فرەیان داوەتێ، لە هەموو کەسێك دەوڵەمەندتر و دەستڕۆتر، پاشای مورمیدونەکان بوو، هەرچەند بەشەر بوو، خواوەندان یەزدانخانمێکیان کرد بەهاوسەری.. کەچی بەو حاڵەشەوە خواوەندان بەدبەختی و نەگبەتیان بەسەر ئەویشدا داوە. هەرگیز لە کۆشك و سەراکەی خۆیدا کوڕێکی نەبینی کە جێی ئەو بگرێتەوە و لەدوای ئەو مەملەکەتەکەی بەڕێوەببات.تاقە کوڕێکی بوو کە تەمەنی زۆر کورت دەبێت.. ئەو کە ئێستا بەسالاچووە و توانای نەماوە، من ناتوانم یارمەتی بدەم .چونکە دوورم لە

ولاتی خۆم. لە تەرواەدا گیرم خواردووە تا ببمە بەلای گیانی تۆ و کوڕەکانت. ئەدی تۆ ئەی پیرەمێر، ئێمە وامانزانیوە کە تۆش پیاوێکی زۆر بەختەوەر و کامەران بووی. دەیانگوت تۆ بەحوکمی زەنگینی و زۆری کوڕەکانت گەورە و فەرمانڕەوای سەرزەمینێ بووید کە سەرانسەری لسبوس، مەملەکەتی ماکار و فروجیا و (هیلیسبونت)ی لەخۆ گرتووە. کەچی خواوەندان ئەم بەلایەیان بۆ ناردیت، شەڕ و خوێن ڕشتن و بەشەرکوژی دەوری شارەکەی داویت و بەردەرکەی پێگرتوویت و لێت نابێتەوە.

(٥٤٩) کەواتە مەگری ئەزبەنی مەنالّە. خەفت خواردن بۆ کوڕە دلێرەکەت دادات نادا، بەگریان ناژێتەوە، دوورنیە تووشی بەلایەکی دیکە ببی!"

(٥٥٢) پیرە پریامی خواوەند ئاسا بەرسڤی دایەوە و گوتی: "ئەی زیوس زادە، مادامێکی هیکتۆر لەنێو خێوەتەکاندا بەبێ ناز لەو گۆڕە کەوتووە، داوای دانیشتن لە من مەکە. نا نەخێر ئەو داوایەم لێ مەکە، لە جیاتی ئەوە خێراکە ئەم دیاری و (سەربەها) مۆڵەم لێوەربگرە و جەنازەکەم وێدەوە تا بەچاوی خۆم ببینم. هیوادارم سوود لەم سەربەها و دیاریانە ببینی و بەسەلامەتی بۆ ولاتی خۆت بگەڕێیەوە، چونکە تۆ منت نەکوشت و هێشتت جارێکی دی تیشکی هەتاو بدینم!"

(٥٥٩) ئەخیل، بروێ وێك هێنانەوە، تورەبوو وگوتی: "لەوەی پتر سەرمەکە سەرم ئەی پیرەمێرد. من بەخۆم لە بیری ئەوەدام کە هیکتۆرت بدەمەوە. چونکە دایکم کە من لە خوێنی ئەوم، کیژی (پیر)ی دەریا، بەنوێنەرایەتی زیوس بۆ ئەو مەبەستە هاتبوو و فەرمانی زیوسی پێڕاگەیاندم. هەر وەها سەبارەت بەتۆش ئەی پریام، هەڵبەتە یەکێك لە خواوەندەکان تۆی گەیاندووەتە لای کەشتی ئاخاییەکان، من هەست بەمە دەکەم و تۆ ناتوانی لێمی بشاریتەوە. چونکە هیچ بەنی بەشەرێك، تەنانەت ئەگەر لە تافی لاوی و بەهێزیشدا بێت، ناتوانێ زاتی ئەوە بکات و بگاتە ئۆردوگای ئێمە و نەیەڵێ پاسەوانەکان پێی بزانن. ناتوانێ بەو ئاسانیە پشتکۆڵی دەروازەکانی ئێمە بکاتەوە و وەژوور بکەوێ..جا لەبەرئەوە لەوەی پتر ئازاری ڕوحم مەدە، نەبادا هەرچەندە بەتکاکاری هاتووی بۆلام، لەنێو خێوەتەکانمدا تۆش بکوژم و فەرمانی زیوس لە زەوی بدەم."

(٥٧١) پیرە پریام کە گوێی لەو قسانە بوو ترسا و بێدەنگ بوو. ئەوسا کوڕی پیلیوس وەکو شێرێك ڕاپەڕی و لەژوور وەدەرکەوت. هەر بەتەنێ نەبوو بەڵکو دووان لە خزمەتکار و میرئاخوڕەکانی لەگەڵیا چوون. ئەوانیش جەنگاوەران ئوتومیدون و ئەلکیموس بوون، کە ئەخیل لە پاش مەرگی پاتروکلۆس لە هەموو کەس پتری خۆشدەویستن و ڕێزی دەگرتن. ئەوانە ئەسپ و هێسترەکانیان لەژێر نیر هێنایە دەرێ. خزمەتکار و میرئاخوڕەکەی (پیرە پریام)یان هێنایە ژوورێ. لە شوێنێکی باشدا دایاننا. دیاریی و سەربەهاکانی هیکتۆر یان لە گالیسکە چوار تەگەرییەکە داگرت. دوو عەبا و کراسێکی جوانیان لەناو عەرەبانەکەدا هێشتەوە، تا ئەخیل لە جەنازەکەی هیکتۆریانەوە وەپێچی و تەسلیمی بابی بکاتەوە، تا بۆ ولاتی خۆی بەرێتەوە. ئەخیل کارەکەڕەکانی گاز کرد، ئەمری پێکردن کە لاشەکەی هیکتۆر پاك بشۆن، سەراپای بەزەیت چەور بکەن. هەڵبەتە پێشوەختە تەگبیری ئەوەشی کردبوو کە لاشەکە ببەنە پەنایەکەوە،

تا پریام نەبینێ. چونکە ئەخیل لەوە دەترسا کە پیرەمێردی خەمبار بەدیتنی جەنازەی کوڕەکەی، نەتوانێ توڕەیی خۆی جڵەو بکات و ئەخیل کەللەیی ببڕێ و فەرمانی زیوس لە ئەرز بدات و بیکوژێت. پاش ئەوەی کارەکەرەکان لەشتن و چەورکردنی جەنازەکە بوونەوە، جلێکی جوانیان لەبەرکرد. ئەخیل بەخۆی هەڵیگرت و خستیە سەر دارە مەیتەکە. ئەوجا هاوڕێکانی دەستباریان داو خستیانە سەر عەرەبانە مکوم و نایابەکە. ئەوجا ئەخیل بەدەنگی بەرز ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و بەناو ناوی هاوڕێکەی هێناو گوتی: "ئەی پاتروکلۆس! هەرچەندە تۆ لە هادیس دای، ئەگەر بیستتەوە من هیکتۆری موبارەکم داوەتەوە بەبابی، لێم زویر مەبە، چونکە سەربەهایەکی یەجگار مۆڵی داومەتێ. هەر شتێکی شایستەی تۆ بێ، بۆ تۆی دادەنێم!"

(٥٩٦) ئەخیلی موبارەك دوای ئەو قسانە بۆ خەرگەکەی خۆی گەڕایەوە. لەسەر کورسییە نەرم و نایابەکەی خۆی کە لە سوچی ڕاستی دیوارەکە و بەرانبەر بەکورسیەکەی پریام بوو دانیشت. ڕووی کردە پریام و گوتی: "ئەی پیرەمێر، ئەوا وەکو چۆن خۆت دەتویست بەو ئاوایە کوڕەکەم دایتەوە. لەسەر دارە مەیتە وسبەینێ لەگەڵ سپێدەدا دەیبینی و لێرەی دەبەی. بەڵام ئێستا کاتی شیوە. دنیا لەدوای کەس تەرك ناکرێ. تەنانەت نیوبی نازدار، کە دوانزە منداڵی لە ماڵەکەی خۆیدا مرد، نان و خوانی پێ تەرك نەکرا: شەش کیژ و شەش کوڕ لە هەڕەت و تافی لاویدا، ئەپولۆ کە لە نیوبی چوو بوو بەقینا، بەتیری کەوانە زیوینەکەی کوشتنی. کیژەکانیش ئەرتەمیسی کەواندار کوشتنی. چونکە نیوبی فەخری بەسەر لیتودا کردبوو کە لیتو تەنیا دوو منداڵی بووە. هەر ئەپولۆ و ئەرتەمیسی بووە. کەچی ئەم دایکێکی پڕ سك و زایە و منداڵی زۆری خستوەتەوە.. بەو جۆرە جووتە خواوەند هەموو منداڵەکانی (نیوبی)یان کشوت. نۆ دانە ڕۆژی ڕەبەق لە خاك و خوێنا مانەوەو کەس نەبوو بیان نێژێ و پرسەیان بۆ دابنێ. چونکە کوڕی کورونۆس دڵی خەڵکەکەی کردبوو بەبەرد. ئەوە بوو ڕۆژی دەیەم کوڕانی ئاسمان، خواوەندان، بەخۆیان ناشتیانن. نیوبی کە لە گریان و فرمێسك ڕشتن ماندو بوو بوو، بیری لە خواردن کردەوە. هەرچەندە باری هەندە گران بوو کە لە کێوی ڕووتەنی (سیبولوس)دا بوو بەتاشە بەردێك، کە پڕە لە دەخمەی پەریانی دەریایی. ئەوانەی بەدەوری ڕوباری ئاخیلوسدا، دەرەقسن. ئێستاش، هەرچەندە بووە بەبەرد کە بەدبەختی و نەگبەتیەکانی خۆی بیردەکەوێتەوە بەکوڵ و بەدڵ دەگری. کەواتە پیرەمێر با بەسەر دەردی خۆماندا زاڵ بین و دەست بەنان خواردن بکەین.. پاشان کە کوڕە ئازیزەکەت بۆ تەروادە بردەوە تا دەتوانی بۆی بگری."

(٦٢١) ئەخیلی لەزگین هەر کە ئەو قسەیەی کرد هەستا. بەرخێکی سپی سەربڕی. خزمەتکارەکانی کەوڵیان کرد و جوان چاکیان کرد. وەستایانە جنیان، لە شیشیان دا، بەجوانی برژاندیان. ئەوجا هەموویان لە شیشەکان دامانڵی، ئەوجا ئوتومیدون نانی هێنا زۆر بەجوانی لەسەر خوانەکە سەفتەی کردن. ئەخیل بەخۆی گۆشتەکەی لەسەر خوانەکە دانا. ئەوجا دەستیان بەنان خواردن کرد. دوای ئەوەی تێر و پڕیان خوارد و خواردەوە، پریامی کوڕی داردانوس زۆر دڵبەندی ئەخیل بوو. چەند جوان بوو. چەند بەسام بوو. لەتۆ وایە خواوەندە. (ئەخیل)ش لەلای خۆیەوە دڵبەندی پیرە پریام بوو. بەدەم گوێگرتنەوە چ سام و هەیبەتێکی هەبوو. پاش ئەوەی

تێر تەماشای یەکتریان کرد، پیرە پریامی خواوەند ئاسا هەڵیدایێ و گوتی: "ئەی زیوس زادە خێرا نوێنەکەم پێ نیشان بدە بەڵکو تا خەوم نەزڕاوە تاوێ دەخەوم. باوەڕ دەکەی لەو ڕۆژەوە کە تۆ کوڕەکەت کوشتوم خەو نەچووەتە چاوانم. هەمیشە هەر خەریکی گریان بووم، بەدەم خەم و داخەوە لە تەویلەکەی خۆمدا تلم داوە. لەوساوە تا ئێستا هەر بەناشتا بووم، ئەمە یەکەمجارە تامی خواردن و خواردنەوەبکەم."

(٦٤٢) ئەخیل فەرمانی بەخزمەتکار و کارەکەرەکانی دا کە لە تارمەکەدا جێگە بۆ میوانەکان چاک بکەن و بەجوانترین سەرجێ دایبپۆشن وجلی خوری ئەستور بۆ پریام و ئیدایوس دابنەن تا لەکاتی نوستندا لەبەری بکەن. یەکسەر کارەکەرەکان مەشخەڵ وەدەست لە هۆڵەکە وەدەر کەوتن، زۆر بەپەلە دوو نوێنیان ڕاخست. هەنگێ ئەخیلی لەزگین بەسوعبەتەوە بەپریامی گوت: "ئەزبەنی، هەر لە دەرەوە بنووە نەبا یەکێك لە ئاخاییەکان، لەو دەمڕاست و ڕاوێژکارانەی کە هەمیشە دێنەلام بۆ ڕاوتەگبیران، ئێستا پەیدا ببێ و لەم تاریکە شەوەدا بتبینێ و بچێ ئاگامەنونی سەرداری لەشکر ئاگادار بکاتەوە و مەسەلەی دانەوەی جەنازەکە دوابکەوێ. جا با واز لەمە بێنین، ڕێك و ڕەوان پێم بڵێ چەند ڕۆژت بەسە بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و ناشتنی هیکتۆری مەزن تا لەو ڕۆژانەدا شەڕ ڕابگرم و نەیەڵم لەشکر هێرش بکات؟

(٦٥٩) پیریامی پیر ،خواوەند ئاسا وەڵامی دایەوە: "ئەگەر تۆ بەڕاستی پێت خۆش بێ من ڕێوڕەسمی پرسە و مەرگ بۆ هیکتۆری جوامێر ئەنجام بدەم، ئەی ئەخیل بەم کارەت منەتبارم دەکەیت. بێگومان بەخۆت دەزانی ئێمە لە چ تەنگانەیەکداین و شارەکەمان چۆن گەمارۆدراوە،

(٦٦٢) و زۆر دوورین لەو چیایەوە کە دار و چڵ و چێوی لێ دەبڕین و دێنین. تەروادەییەکان زۆر دەترسن. ئێمە دەتوانین نۆ ڕۆژ لە ماڵەوە بەدیارییەوە بگرین. ڕۆژی دەیەم دەینێژین و نان و خوانی تازیە بۆ خەڵکەکە ساز دەکەین. لە ڕۆژی یازدەیەمدا گۆڕێك لەسەر خۆڵەمێشەکەی هەڵدەبەستین. لە ڕۆژی دوازدەیەمدا ئەگەر پێویست بکات دەستی بەشەڕ دەکەینەوە." ئەخیلی مەزن بەرسڤی دایەوە، گوتی: "ئەی پریامی بەڕێز، تۆ هەرچییەك دەڵێی ئەمرەو، جێبەجێکردنی لەسەر منە. من شەڕ تا ئەو ڕۆژەی تۆ گەرەکتە ڕادەگرم!"

(٦٧١) بەدەم ئەو قسانەوە دەستی خستە سەر مەچەکی ڕاستی پیرەمێر، تا دڵنیای بکات کە هیچ خەم و ترسێکی نەبێ. ئەوجا پریام و میرئاخوڕ و خزمەتکارەکەی لەبەر دالانی سەراکەی ئەخیلدا بەڕوحی پڕ لە نیگەرانیەوە لێی ڕاکشان. بەڵام ئەخیل لە ژووری سەرا مکوم و قایمەکەیدا، لەگەڵ پریسیسی نازدار و خشکۆکدا نووست.

(٦٧٧) هەموو خواوەندان و بەشەران بەدرێژایی شەو بۆ خۆ لێی خەوتن، تەنیا هیرمیسی فریارەس نەبێت خەو نەچووە چاوانی. بیری لەوە دەکردەوە چۆن شا پریام بگەڕێنێتەوە و لەکەشتی ئاخاییەکان دووری بخاتەوە بێ ئەوەی پاسەوانە بەهێزەکانی دەروازەکان بیاندینن. بەدیار سەریەوە وەستاو گوتی: "پیرەمێر، تۆ لەم دەمەدا، بیر لە هیچ مەترسیەك ناکەیەوە، چونکە ئەخیل نەیکوشتویت، بێ خەم و ترس لەنێو دژمنەکانتدا خەوتووی.. ڕاستە تۆ کوڕەکەت بە سەربەهایەکی مۆڵ کڕیوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئاگامەنون، کوڕی ئوتریوس و

ئاخاییەکانی دی بتناسنەوە و بزانن لێرەی ،کوڕەکانی دیکەت دەبێ لە پێناوی پاراستنی ژیانی تۆدا سەربەهایەکی سێ چەنانە بدەن."

(٦٨٩) پیرە پریام کە گوێی لەو قسانە بوو زۆر ترسا و ڕابوو،خزمەتکارەکەی لەخەو هەستاند. هیرمیس هێستر و ئەسپەکانی لەژێر عەرەبانەکانیاندا بۆ دابەستن. بەخۆی زۆر بەلەز بەنێو ئۆردوگاکەدا، بێ ئەوەی بێڵێ کەس پێیان بچەسێ ئاژوتنی. تا گەییشتنە بواری ڕووباری ئیکسانتۆسی موبارەك، زادەی زیوسی نەمر ،ساف و زوڵاڵ و بەخوڕ، هیرمیس بۆ ئۆلیمبۆسی سەربەرز گەڕایەوە. ئیدی سپێدە بەیانی دا و هەموو گۆی زەوی ڕوناك کردەوە. هەنگێ پریام و میرئاخوڕەکەی بەدەم گریە و زارییەوە عەرەبانەکانیان بەرەو شار ئاژۆت. جەنازەکەی هیکتۆر بەسەر عەرەبانەی هێسترەکانەوە بوو. هیچ کەسێك لە پیاوان و ژنانی قەد باریك پێیان نەحەسی.

(٦٩٩) تەنیا کاساندرا نەبێ کە دەتگوت ئەفرۆدێتی زێڕینە. کاساندرا لەسەر بورجی پرگامۆس وەستابوو. بابە ئازیزەکەی بینی لەنێو عەرەبانەکەیدا وەستاوە. هەروەها میرئاخوڕ و جارچیەکەی شاریشی (ئیدایوس) بینی. ئەوجا هیکتۆری بەسەر دارمەیتێکەوە لەسەر عەرەبانەی دوای هێسترەکان بینی. ئیدی بەسەرانسەری شاردا کەوتە هاوار و شیوەن: "ئەی پیاوان و ژنانی تەروادەیی، وەرنە پێشوازی هیکتۆر، ئەو هیکتۆرەی کە حەزتان دەکرد کاتێ بەزندویەتی لەشەڕ دەگەڕێتەوە بیدینن. جا ئێستا وەرن تەمەشای بکەن. تەماشای ئەو کەسە بکەن کە مایەی سەربەرزی و شادی شارەکە و خەڵکی شارەکەمان بوو."

(٧٠٧) دوای ئەو قسانە تاقە کەسێك نە پیاو نە ژن لە شاردا نەمایەوە. خەم و پەژارەیەکی بێ ئامان باڵی بەسەر هەمووانداکێشا. هەموو بەرەو دەروازەکان، بەرەو پیری پریام کە جەنازەکەی بۆ ولات هێنابووەوە، هڕوژمیان برد. بەر لە هەمووان ژنە ئازیزەکەی هیکتۆر و دایکە هەژیەکەی گەییشتنە سەری .خۆیان دا بەسەر عەرەبانەکەدا، هەردووکیان لەیەك کاتدا باوەشیان بەسەریاکرد و کەوتنە شیوەن و قژ ڕنینەوە. حەشامەتەکە بەگریانەوە دەوریان دابوون. ئەگەر پریامی پیر لەسەر عەرەبانەکەوە هاواری لێ نەکردبان، تاکو ڕۆژئاوا لەوێ بەدیار جەنازەکەوە دەگریان و شیوەنیان دەگێڕا. بەڵام پیرە پریام لەسەر عەرەبانەکەیەوە هاواری لێکردن، گوتی: "ڕێگە بەردەن باهێسترەکان ڕەت بن، دوای ئەوەی جەنازەکەم گەیاندە ماڵەوە تا حەز دەکەن هەر بگرین."

(٧١٨) دوای ئەو قسانە تەروادەییەکان لاکەوتن و ڕێگەیان بۆ گالیسکەکە کردەوە. دوای ئەوەی پریام و دەستە وبەستەکەی لاشەکەی هیکتۆریان گەیاندە ماڵەوە، لەسەر تەختێکی بەشکۆ ڕایان کشاند کۆمەڵێك سەردولکە بێژیان بەدیاریەوە دانا. ئەوان سەردولکەیان دادەدا و کۆڕی ژنانی دەوروبەر، بەڕۆڕۆ بۆیان دەسەندنەوە. ئەندروماکی باسك سپی لە ناوەندیاندا سەری هیکتۆری جوامێر و مێرخاسی لە باوەش گرتبوو. وەکو ڕابەری شین و شەپۆری ژنان دەستی بەڕۆڕۆ و سەردولکە دادان کرد: "ئەی مێردە ئازیزەکەم، سەد حەیف و مەخابن بەگەنجی سەرت نایەوە. منت بێوەژن کرد، بێ کەس و تەنها لە ماڵەکەتدا جێتهێشتم. کوڕەکەت هێشتا زۆر منداڵە!.. ئەو منداڵەی من و تۆی نەگبەت و بێ یەغبالٌ خستمانەوە. زۆر دەترسم، باوەڕ ناکەم بگاتە تەمەنی

لاوی، پێش ئەوەی ئەو پێبگات ئەم شارە وێران و ژێر و ژوور دەکرێت.. چونکە تۆ ڕۆیشتی، تۆ ئەی ئەو کەسەی ئەم شارە و ژنانی وەفادار و منالانی ئەم شارەت دەپاراست، تۆ ڕۆیشتی. پێموایە ئەو ژن و منالانە بەمنیشەوە بەو زوانە بەدیلی دەبرێین و لە کەشتیانی تیژڕۆ بار دەکرێین.. تۆش ئەی کوڕە بێنازەکەم، یا دوای من دەکەوی و دەبرێی بۆ شوێنێك و لە سایەی ڕەحمەتی سەروەرێکی دڵڕەق و ستەمکاری بێگانەدا دەخرێیتە ژێر باری کاری قورس و ناشایستەوە، یان

(٧٣٦) پیاوێکی ئاخایی داخ لە دڵ، کە ڕەنگە هیکتۆر برایەکی یان باوکی یان کوڕێکی کوشتبێ، پیلت دەگرێ و لەسەر بورجەکەوە هەڵت دەداتە خوارێ تا بەمەرگێکی خەمناك لەم دنیایە بڕۆیت. چونکە گەلێك لە ئاخاییەکان کۆست کەوتوی دەستی هیکتۆرن، چونکە بابت بەڕاستی لەشەڕدا ،شەڕی چەپەڵدا یەجگار دڵڕەق بوو.. هەر بۆیە خەڵکی لە سەرانسەری شاردا بۆی بەداخن و بەو جۆرە بۆی دەگرین!.. ئەی هیکتۆر داخ و کەسەرێکی وات خستە دڵی داك و بابتەوە هەرگیز خۆش نابێتەوە. بەڵام داخی من لەهی هەمووان گرانترە. چونکە تۆ لە کاتی مردنتا بەدەم گیانەڵلاوە دەستانت لە ملی من وەرنەینا و قسە و پەندێکی وەهات بەگوێدا نەدام کە هەتاهەتایە، شەو و ڕۆژ بەدەم گریانەوە یادی بکەمەوە!"

(٧٤٦) ئەو بەدەم ئەو سەردولکانەوە بەکوڵ دەگریا و کۆڕی ژنان بۆیان دەسەندەوە. ئەوجا (هیکوبا)ش هەستا و بەسۆز و شیوەن و گریانەوە کەوتە سەردولکە دادان: "ئەی هیکتۆر، ئەی ئازیزترین فەرزەندم، تۆ لە ژیانتا میهر پەروەردەی خواوەندان بووی. ئێستا لەمردنەکەشتا، ئەو مەرگەی قەدەر لە چارەی نووسیویت هەر دەستبەردارت نین، تۆیان هەر لە بیرە. چونکە ئەخیلی لەزگین هەر کوڕێکی دیکەمی بەردەست کەوتبێ، لەودیوی دەریا لە کەنارەکانی ساموس و ئەمبروس و لیمنوس)ی دووەم دەستدا، کە کەشتی نایانگاتێ فرۆشتونی! بەڵام سەبارەت بەتۆ کاتێ کە بەزەبری ڕمان کۆشتتی، بەدەوری گۆڕی پاتروکلۆسی هاوڕێیدا کە تۆ کوشتبووت، ڕایکێشایت .بەڵام پاتروکلۆس بەمکارەی ئەو زندوو نەبووەوە. ئێستاش ئەوەتا لە ماڵەکەمدا ڕاکشاوی، جەنازەکەت نەرم و ناسك، تەڕ و تازە دەڵێی تازە کوژراوی.. لە کەسێك دەچیت کە ئەپولۆی زیوین کەوان، بەبێ ئازارترین تیری خۆی تازە کوشتبێتی!"..

(٧٦٠) بەو ئاوایە بەدەم گریانی بەکوڵەوە سەردولکەی دادەداو کۆڕی شین و شەپۆڕی ژنان جۆشی دەسەند. ئەوجا سێیەمین ژن کە هیلین بوو، هاتە بەڕەوە و سەرەداوی گریان و زاریەکەی گرتە دەست و بەم شێوەیە دەستی پێکرد: "ئەی هیکتۆر، ئەی ئەو کەسەی لە هەموو شوبراکانم ئازیزتربووی لە دڵمدا! لەوساوە کە ئەلکساندەر (پاریس)ی جوانی خواوەند ئاسا منی بۆ تەروادە هێناوە، بریا دەمردم و ڕۆژم بەم ڕۆژە دەگەیی! ئەمە بیستەمین ساڵە من لەوێندەرەوە هاتووم و ولاتی خۆم بەجێهێشتووە. هەرگیز قسەیەکی سارد و زبرم لە تۆ نەژنەوتووە. خۆ ئەگەر کەسێکی دیکەش لە کۆشك و سەراکەدا، یەکێك لە شوبراکانم یان دشەکانم یان خەسووم، لە داخی دڵی خۆی منی سەرزەنشت بکردایە –پریام نا، چونکە هەمیشە میهرەبانترین باوك بوو بۆ من– تۆ بەزیرەکی و زمانە شیرین و ناسکەکەت بەرپەرچت دەدایەوە و

ژێوانت دەکردەوە. بۆیە هەم بۆ تۆ دەگریم و هەم بۆ خۆمی کڵۆڵ. چونکە لە ئێستا بەدواوە کەس نابێ لە تەروادەی پان و بەرینـدا لەگەڵما میهرەبان و نەرم و نیان بێ، هەموو دەم بوغزێنن و ڕووم لێ وەردەگێڕن!"..

(٧٧٦) بەدەم ئەو قسانەوە بەگریە و زاری هەمووانی خستە گریان ئەمما گریان. ئەوجا پیرە پریام ڕابوو، ڕوویکردە خەڵکەکە و گوتی: "ئەی تەروادەییان ئێستا بچنە دار، بەهیچ جۆرێ ترسی کەمین و بۆسەی ئارگۆسیەکانتان نەبێ. چونکە کاتێ ئەخیل بەڕێی کردمەوە بەڵێنی دامێ کە تا سپێدەی ڕۆژی دوازدەیەم هیچ دژمنایەتیەکمان ناکات!"

(٧٨٢) هەر کە ئەو قسانەی کرد خێرا گاجوت و هێسترانیان لە گالیسکان بەست، بەپەلە لەبەردەم شاردا خڕبوونەوە. ئیدی بەدرێژایی نۆ ڕۆژ هەر داریان کێشایەوە و لەسەر یەک کەڵەکەیان کرد. کە ڕۆژی دەیەم بەیانی داو ڕوناکی خۆی بەسەر دنیا و بەشەراندا پەخش کرد، بەدەم گریان و بارانی ڕوندکەوە جەنازەکەی هیکتۆری موبارەک، ئازا و دلێریان هەڵگرت، نایانە سەر خەرمانە دارەکە و نێڵیان دا! ئەوجا کە ڕۆژی یازدەیەم کێژۆڵەی بەیان بەقامکە گوڵڕەنگەکانیەوە دەرکەوت ،خەڵکەکە لە دەوری شەوتنگەکەی (محرقە) هیکتۆری سەربەرز خڕبوونەوە. ئاگرەکەیان کە هێشتا هەر نێڵە نێڵ دەسوتا بە بادە دەکوژانەوە. ئەوجا برا و دۆستەکانی بەدەم گریانەوە کەوتنە کۆکردنەوەی ئێسک و پروسکە سپییەکانی، لە کۆپەڵەیەکی زێڕینیان ناو بەپارچەیەکی ئەرخەوانی ناسکیانەوە پێچاو. ئەوجا لە دەخمەیەکی قوڵیان ناو، سەرەکەیان بەتاوێرانی گەورە گەورە نایەوە.قسنێکیان بۆ دروست کرد و لە هەموو لایەکەوە پاسەوانیان بۆ دانا. لە ترسی ئەوەی نەبادا ئاخاییەکان بەر لە تەواوبوونی وەعدەکە پەلاماریان بدەن. کە لە کاری گۆڕەکە بوونەوە بۆ شار گەڕانەوە. ئیدی خەڵکەکە هەمووان لە کۆشکەکەی پریام پاشای زادەی زیوس خڕبوونەوە. ئەویش بەیادی هیکتۆر نان و خوانێکی شاهانەی بۆ سازکردن.

(٨٠٤) بەو جۆرە سروتی جەنازە و پرسەیان بۆ هیکتۆری سوارچاک و ڕامکەری ئەسپان ئەنجام دا.

تێبینی:

لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٩/١٧) لە شاری سلێمانی لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بوومەوە. کە لەم سەرچاوانەوەی خوارەوە وەرمگێڕاوە. هەموو ئەم سەرچاوانەم پەڕەگراف بەپەڕەگراف لەبەریەک گرتووە، لەهەر شوێنێکدا کامیان لەگەڵ ڕەوتی گشتی دەقەکەدا گونجاوتر هاتبێتە بەر مەزەندە و تێگەییشتنی بەندە، ئەوەیانم کردووە بەبناخە. بەهەرحاڵ کارەکەی من کارێکی بەراوردکارانەیە. بۆیە پەڕەگرافی وام هەیە هەر دەستەواژە و ڕستەیەکی لە یەکێک لەو سەرچاوانەوە وەرگێڕدراوە.. هەڵبەتە ئەو سەرچاوانە ئەگەر لە هێڵە گشتییەکاندا تێکبکەنەوە، ئەوا لە وردەکاری و پاژاندا جیاوازی زۆریان هەیە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زمانی ئەو سەرچاوانەی کارەکەیان لێوە وەرگێڕدراوە لەلایەک و بۆ جیاوازی شێواز و داڕشتن و دەوڵەمەندی و هەژاری فەرهەنگی زمانەوانی هەر یەکێک لە وەرگێڕە بەڕێزەکان. بەهەرحاڵ من

مەبەستم نەبووە خوێنەر فێری عەرەبی یا فارسی بکەم، بۆیە خۆم لە وەرگێڕانی وشە بەوشە دوور گرتووە و ئەم کارەم بەو ئاوایە کردووە، زۆر بەدرەنگەوە وەلامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە: بۆچی تائێستا شاکارێکی وەکو ئیلیادە نەکراوە بەکوردی؟

بەئومێدم لەپێزی وەرگێڕانەکانی دیکەدا جێی بێتەوە ،دەنا ماڵی قەڵب سەری ساحێبی.. چونکە هەر کەسێکی ئەهلی قەڵەم بەتەمای ستایش و ئافەرین و دەستخۆشی بێ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا پاشکەوتووەکاندا کە مەخابن کوردستانی ئێمە لەوەشدا هەر قڕەیە، ئەوا وەرگێڕ نابێ چاوەنواری ئەمە بێ، و ئەگەر سەرزەنشت نەکرێ و بەر تانە و تەشەران نەدرێ دەبێ مەمنونی بەختی خۆی بێ.. بەهەرحاڵ ئەمە سەرچاوەکانی لەمەڕ وەرگێڕانە بەراوردکارییەکەی بەندەیە:

١–الألياذة: هوميروس، ترجمها عن الأصل اليونانى المقارن، امين سلامه.

٢-ايلياد: هومر، ترجمەی مير جلال الدين كزازى، نشر مركز، **چاپ پنجم**، ١٣٨٥,

٣–**الالياده، هوميروس**، ترجمة: حنا عبود، دار الحقائق، ط١ ٢٠٠٧ سوريه، حمص.

٤-ايلياد، هومر، مترجم: سعيد نفسى، تصحيح: دكتر ميترا مهرآبادى، **چاپ سوم**: ١٣٨٥.